تصویر ابو عبد الرحمن الكردي



منتدى إقرا الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

مەسعوود محەممەد

کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ

کەوچکێك شەكر بۆ قاوەی تاڵ

مەسعوود محەمەد

دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی كوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
ھەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

.

مەسعوود محەمەد
کەوچکێك شەکر بۆ قاوەی تاڵ - جۆرموجۆر
کۆکردنەوە و رێکخستنی: بەدران ئەحمەد حەبیب
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٠٠
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٥٩١ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید. ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبڕێری: تریسکە ئەحمەد
رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

پێرست

١- کەیفی جوانڕۆیی ٧
٢- نامەیەک ٢٥
٣- شاکارێکی ئاگرین ٣٣
٤- فۆلکلۆر- بەشی یەکەم ٣٧
٥- فۆلکلۆر- بەشی دووەم ٤٥
٦- ڕوونکردنەوەیەکی وردیلە ٥٤
٧- سڵاوێک لە شیعری نوێیابەتی کوردی ٥٩
٨- تاوانی بەهارنە چاوغەڵەتێنەکان ٧٢
٩- پایەی شیعری کوردی لە ئەدەبی کوردی سەدەی نۆزدەمدا ٨٨
١٠- خۆ دیتنەوە لە دوو ڕەخنەی دۆستانەدا ١٠١
١١- بەسـاتێر ١١٩
١٢- زرمەوێن لە تەمووزمۆ بە دەوری "مەحوی" تۆقەڵێوە ١٤٣
١٣- کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ ١٧٩
١٤- دەستبژێرێک لە کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبان ١٩٤
١٥- بژار و گوڵبژێرێک لە هەندێ نووسراوی کوردی ٢٥٧
١٦- "کۆڕی زانیاری کورد" چۆن ئەم ناوەی وەرگرت؟ ٢٩٩
١٧- گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی ٣١١
١٨- ڕەواندنەوەی دوو ڕەخنە ٣٢٩
١٩- لەگەڵ دەنگسازیی کوردیدا ٣٤٢
٢٠- تیر و پشکێ لە دەنگسازی ٣٧٦
٢١- لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەک - بەشی یەکەم ٤١٨
٢٢- لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەک - بەشی دووەم ٤٤١
٢٣- ڕۆشنبیری پێویستی بەکوردەغیرەتی نییە ٤٥٩
٢٤- ڕەمزی نافیع قوربانییە زلەکەی هەولێر ٤٧٢

٢٥- میرزا هاجی کەریمی ئاسنگر سەربازێکی بێ ناو ٤٨٣
٢٦- مەرگی تاڵ و ژاری ئاوارەیی و شەریەت ٥٠٥
٢٧- قەرز دانەوەیە؟ یان خۆهەڵدانەوەیە؟ ٥١٩
٢٨- شەوی دووەم ڕاوە تارمایی ٥٣٩

کەیفی جوانرۆیی

دەسکاریکردنی مێژوو و ڕووداوەکانی، بۆ هەر ئامانجێك بێ، کارێکی ناڕەوایە. چونکە کە دەرگای دەسکاری کرایەوە ئیتر شتێك نییە پێوەی داتەوە یا لە سنوورێك بیوەستێنێ، وەیا هەمیشە ئەم گۆڕینە بەرەو چاکە ئاراستە بکا. درۆ و هەڵە کە بخرێتە ناو مێژووەوە ئێستاکە و داوارۆژیش بەهەڵە دەبا، خۆ هەر ئێستاکە و داوارۆژن کە سەردەمێك دەبنەوە بەمێژوو. بۆیە خۆگرتن لە "درووغی مەسڵەحەت ئامێز" لە شتی مێژوویی، چ زۆر و چ کەم، پێویستییەکی ئەخلاقی و کۆمەلایەتییە بەسەر شانی نووسەرەوە. گۆیا دەبێ ڕاستی چی خراپەیێکی لێ ڕوو بدا تا بیگۆڕین بەناڕاستی! باوەڕم نییە هیچ جۆرە سوودێك هەبێ لە هەر شتێکی کە لەسەر هەڵە و درۆ هەڵبەسترابێ. ئادەمیزاد زۆر پێویستی بەڕاستی هەیە و، گەلێك قوربانیی داوە لەم ڕێگەیەدا. دەتوانم بڵێم تا ئێستاش لە زۆر مەیداندا بۆ ڕاستی تینووە و، ئەوەندەی چێشتووە لە درۆ و خورافاتی کۆن و نوێ تا کاسەی کەلەڕێژی کردووە.

خوێنەری بەڕێز، بەبووریێ لە نووسینی ئەم پێشەکییە ناچارییە؛ چونکە دەمەوێ لە زووەوە عوزر بێنمەوە بۆ دەربڕین و ڕوونکردنەوەی هەندێ ڕووداوی ناڕەوا کەوا بێ دەسکاری و گۆڕین لە پێشینانم وەرگرتووە، وە بە هەمان چەشن تەسلیمی مێژووی دەکەمەوە. ئاشهرەیی و ئاشیاوییێك کە دێنە بەرچاوان لە بەشێکی ئەو شتانەی نووسیومن مزە و نرخی ڕاستی و دەستخاوێنییە (ئەمانەت). کەیفی و هاوچەرخەکانی ئادەمیزاد بوون، نەك فریشتە و پەری، ئەوانیش وەك خەڵقی ئەو دەمە شتی وایان گوتووە و کردووە کە بەگشتی لە باودا بووە و کۆمەی لێ نەکراوە ئاشێ دوای ساڵەهای ساڵ لە ژیان و مردنیان من بێم کردەوە و گفتاری دەسکردیان بۆ هەڵبەستم یا هی ئاشهرن لە کردەوە و گفتاریان بسڕمەوە تا لاپەڕەی ژیانیان بێگەرد و لەککە نیشان بدرێ. چی زانیومە و بیستوومە و بەڵگەم هەیە بۆ باوەڕ پێکردنی ئەوە دەنووسم، وە ئەوەی بۆم ساغ نەبوویێتەوە وەك هەیە تۆماری دەکەم بۆ سەرنج و لێکدانەوەی خوێنەری کورد.

کەیفی وەك مەعلوومە لای ئەوانەی شارەزای شیعر و ژیانین، ناوی فەتحوڵڵا و

مەشهوورە بە جوانڕۆیی، ناوی باوك و خانەوادەی لای من نەزانراوە و نەمتوانیوە تا ئێستا لێی بکۆڵمەوە. خەریکبوون بۆ وەگیرهێنانی زانینی تەواو لەبارەی سەرەتای ژیانی کەیفی (هەروەها دوارۆژانی پێش مەرگی) خۆتەرخانکردنێکی دەوێ کە بۆ ئێستاکەی من نالوێ، بەڵام لەو باوەڕەدام ئەم پەرسیە لە سەروکاری کەیفی و ژیانی بەندیوارییەکی ئەوتۆی نییە بەشاعیری و هونەرییەوە، ڕەنگە هەر نرخێکی مێژوویی - هەبێ کە نرخێکی کەم نییە - چونکە کەیفی بلیمەتێکی خۆڕسك بووە، ئەمامێك نییە لە درەختێکی گەورەوە هەڵی دابێ ، بەڵکو هەر لەسەر بنجی خۆی ڕواوە، ئیتر کوڕی کێیە و لە چ خێزانێك بووە و چۆن دەستی کردووە بە خوێندن، پرسیاری ئەوتۆن وەرامیان هەرچی بێ سەرچاوەی شاعیریەتیی کەیفی ڕوون ناکەنەوە.

بەڵێ ڕاستە شارەزایی بەهەموو قوژبنێکی ژیانی ئەم بلیمەتە ئاوات و ئامانجی هەموو کەسێکە کە خەریکی ئەو چەشنە لێکۆڵینەوەن، بەڵام دەخڵێکی ئەوتۆی نییە بەسەر پێگەیشتوویی و گەشەکردنی ئەدەبی کەیفییەوە . وەك بزانم بەشێوەیەکی نزیك لە قەناعەت لە زووییەکی زووی سەرەتای خوێندن و فەقێیەتیی وڵات و کەسی بەجێ هشتووە و لە کۆیە جێگیر بووە و دەستی کردووە بە خوێندنی ڕاستەقینە و شاعیریەتیی ڕەوشەن بووەتەوە لەو دەمەدا کە کەیفی هاتووەتە کۆیە، واتە دەوری چەرخێك لەمەوپێش، بەپێی مقیاسی ئەو چەرخە، کۆیە ناوچەیەکی گرینگی خوێندن و شیعر و ئەدەبیات بووە بە نیسبەت هەموو کوردستان. ئێستاکەش دەماودەم باس دەکرێ کە مەجالیسی زانیاری و ئەدەبیی ڕۆژانەی کۆیە چی لە قۆناغی دەوڵەمەند و دەسترۆیشتووەکان و، چی لە مەدرەسە و مزگەوت و تەکیە و خانەقاکاندا دیمەنێکی هەرە دیاری ئەو شارە بووە. ئەدیبی گەورەی وەك قاسید و جەلی و ئەختەر و حاجی قادر و کەیفی و شێخ ڕەزا بەرێکەوت لەو سەردەمەدا نەخزاونەتە ئەو ناوچەیە ئەمانە و زۆری تر لە شوعەرا و مەلا و شێخی ناودار بەرووبەرومی خوێندنپەرستی و گیانی ئەدەبی بوون کە وەك میرات لە پێشینانەوە بۆ کۆیە بەجێ مابوو. لەم کورتە باسەی ئێستاکەماندا ماوە نییە ڕووبەڕەی مێژووی زانیاری و ئەدەبیی کۆیە بخوێنینەوە، ئەوەندە هەیە دەبێ بڵێین شاعیریەتیی کەیفی لەم کارگەی زانستی و ئەدەبییەی ئەو دەمەی کۆیەدا مشتوماڵ کراوە: بۆیە جێی سەیر پێهاتن نییە کە لە کتێبی (کۆیە و شاعیرانی)دا کەیفی بەشاعیرێکی کۆیی دانراوە.

کەیفی کوێندەرییە؟

ئەم پرسیارە شتێکی بەدیهییە و داوای وەرام دەکا، چونکە ئەگەر کەیفی جوانڕۆییە، چۆن دەبێ لە شارەزوور و دێی (کوێرەدێ) هاتبێتە دنیاوە؟ هەموو ئەوانەی باسی کەیفییان نووسیوە ناویان بردووە بە (کەیفیی جوانڕۆیی) و لە هەمان کاتیشدا گوتوویانە لە دێی (کوێرەدێ)ی شارەزوور هاتووەتە دنیا، کەچی جوانڕۆ پارچەیەکی کوردستانی ئێرانە و هەرچەندە هاوسنوورە لەگەڵ کوردستانی عێراق و دراوسێی ناوچەی هەڵەبجەیە، دیسان بەهیچ جۆر ناگونجێ جوانڕۆیی شارەزووری بێ. زانایەکی وەک حاجی قادریش کەوا نزیکترین ئینسان بووە لە کەیفی و دواڕۆژانی ژیانی کەیفی لە ئەستەموول لەگەڵ ژیانی ئەو ڕۆژانەی حاجی قادر وەک دوو ڕووی یەک پەڕە وان کە هەر لە یەکتر جیاواز ناکرێنەوە. ئەویش لەو شینەی کە بۆ مەرگی کەیفیی داناوە و سەرەتاکەی بە (فەلەک بەتیر و کەمانە لە ئێمە چووەتە کەمین) دەست پێ دەکا بە سەراحەت دەڵێ و ڕادەگەیەنێ کە کەیفی شارەزوورییە:

کە چوویتە سەر حەدی بابان و عێلەکەی جافان
بگریە هەر وەکو بارانی مانگی فەروەردین
لە قەبر بنەیشە بڵێ قەوم و قەبیلە هاوارە
ئەسیرە کەیفی لە ڕۆما لە حەبسی ژێری زەمین
لە (کوێرەدێ)یێ کە (کەیفی)ی تیا بێ فیردەوسە
جەهەنەمە کە ئەما (کەیفی) شاری قوستەنتین
حەزین و دەرهەمی ئەم شارە زۆری بێگانەن
لە حەسرەتی عەجەبا (شارەزووری) چۆن ئەگرین

وشەی (عێلەکەی) جافان، وە بەتایبەتی دێڕی دوایی مەرسییەکە گومان ناهێڵێ لەوەدا کەوا حاجی قادر (کەیفی)ی بەشارەزووری ناسیوە.

بەڵام (کوێرەدێ) دەمێنێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە و لێدوان. ئاخۆ (حاجی) مەبەستی لە (کوێرەدێ) هەر مانای وشەکەیەتی کە (دێیەکی وێران) دەگەیەنێ یاخود بەدەم ئەوەوە دەیەوێ ڕابگەیەنێ (کوێرەدێ) دێیەکی شارەزوور و مەفتەنی (کەیفی)یە؟ حاجی زۆر جار لە شیعرەکانیدا، وەک شاعیرێکی بەدەسەڵات، لە تێکهەڵکێشانی وشە ناوی هەندێ

شوێنانی کوردستان بەتێکڕایی و ناوچەی کۆیە بە تایبەتی داتاشیوە. بۆ نموونە چەند دێرە شیعرێکی حاجی لێرەدا دەنووسین.

لەو کاغەزەی کە بەهەڵبەست بۆ حاجی مەلا عەبدوڵا ناردوویەتی لە ئەستەمووڵەوە دەڵێ:

مەلایێکی فەقێیانە ویقارت
بەیانت ئاوەگردە ئەقنیدارت

واتە ویقارت، ویقاری مەلای فەقێ و موستەعیدانە و بەیانت ڕەوانە وەك ئاو و دەسەڵاتیشت وەك گرد وایە لە هەمان کاتا (فەقێیان) و (ئاوەگرد) یەکەمیان دێیەکە لە نزیك کۆیە، وە دووەمیشیان شاخێکە بەهێشت دێی (جەلی)یەوە کە مەغتەنی باپیرە گەورەی حاجی مەلا عەبدوڵایە و لەقەبی (جەلی زادە) لەوەوە وەرگیراوە.

دیسانەوە حاجی قادر لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێ:

لەبی ئازەنین بەخەتتی جەلی
لە ئێرانەوە گرتوویە تاهەرات
عومەر گونبەتی لەزەتی داتەهی
تەکەڵتووی شکا زیتی ئەسپی حەیات

دێری یەکەم مانای وەك مەعلوومە ئەوەیە کە لێوە جوانەکەی بەخەتی ئاشکرا لە ئێرانەوە تا شاری هیراتی (کە لە ئەفغانستانە) داگرتووە. بەدەم ئەم مانایەشەوە ناوی (ئازەنین و جەلی و ئێران- هیران)یشی ئاڕاستە کردووە کەسێ دێن لە ڕیزی یەکتر و بەهاوینەهەواری ناوچەی کۆیە مەعلوومن. مانای دێری دووەمیش زۆر ئاشکرایە پێویست بەدووبارەکردنەوەی ناکا، بەڵام لەگەڵ ئەو مانایەدا ناوی دێی (ئومەر گونبەت) و (تەکەڵتوو)یشی دارشتوون کە هەردووکیان لە دەشتی کۆیەن. دوور نەڕۆین هەر لە بەیتی چوارەمی مەرسییەکەی کە لەسەرەوە نووسیمان بەهەمان وریەکاری و تێکهەڵکێش و تەنینی هونەری ناوی (شارەزوور)یشی داتاشیوە:

حەزین و دەرهەمی ئەم (شارە زۆر)ی بێگانەن

مەبەست لە وشەی (ئەم شارە) ئەستەمووڵە. بەڵام کە وشەی ئەم (شارە) کەوتە تەك وشەی (زۆر) بەپێی دەستووری نووسینی کۆن (شارەزوور) پەیدا دەبێ.

بەراستی زۆر لە گوێنەکە (کوێرەدێ)ش وەك دێیەکانی دیکە وا بێ کە حاجی قادر بەتێکهەڵێنێشی وشە ناوی هێناوەتە نێو شیعرەوە و ئەگەر شوهرەتی جوانڕۆی لە مەیداندا نەبوا گومانێکم لەو ڕووەوە بەزەندا نەدەهات نیتر ئەمە بوو خستمیە سەر فیکری پرسیارکردن لە شارەزایێکی ناوچەی شارەزوور، ئاخۆ دێیەك بەناوی (کوێرەدێ) لەوێندا هەیە یا نییە. بۆ ئەم لێپرسینە حەسەن بەگی جافم دەستنیشان کرد چونکە هەم خەڵقی هەڵەبجە و ناوچەی شارەزوورە و هەم لەگەڵ شیعر و مێژوو لە کۆنەوە خەریکە. لە وەرامدا پێی گوتم دێیەکی بەناوی (کوێرەدێ) ئەناوەدان و ئەوێران لە شارەزووردا نییە. با چی دیکە لەسەر ئەم لاباسە نەڕۆین، ڕاستییەکەی هەرچی بێ، زۆری و کەمییەك ناخاتە نرخی شیعری کەیفییەوە. من لێرەدا باوەڕێکی نیهایی ناتوانم دەربڕم بەڵام سوورکردنەوەی مەوزووعەکەش شتێکی سەخت نییە بۆ هەر کەسێك کەوا ئەختێك لە من زیاتر ماوەی خۆماندووکردنی هەبێ.

کەیفی کەی لەدایك بووە و کەی مردووە؟

بەر لەوە لەبارەی هاتنە دنیای کەیفییەوە بدوێین، بەکورتی لە ساڵی مردنی قسە تەواو دەکەین. حاجی قادر لە مەرسییەکەی کە بۆ مەرگی کەیفیی داناوە مێژووی مردنی بەوشەی (صغیر) دیار داوە کە بەپێی حیسابی ئەبجەد ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی دەگرێتەوە. لە دیوانەکەی حاجی قادر چاپی هەولێری ساڵی ١٩٦٩ وا نیشان دراوە کە وشەی (کبیر) مێژووی مردنی کەیفییە و ١٣٠٠ پێك دێنێ چونکە لەسەر ئەم وشەیە (کبیر) نیشارە دراوە و لە ژێرەوە شەرح کراوە. بەڵام ئەمە سەهوە و ڕاستییەکەی ئەوە بوو گوتمان. نرخی وشەی (کبیر) بەپێی حیسابی ئەبجەد ٢٣٢ دەگرێتەوە کە هیچ شتێك ڕاناگەیەنێ، ڕەنگە لە دەمی چاپکردن بەهەڵە نیشارەتەکە خرابێتە سەر وشەی (کبیر) لە جیاتی (صغیر).

ئەمە لەبارەی مێژووی مردنی، بەڵام بۆ زانینی ساڵی هاتنە دنیای شتێکی قەتعی وەك بەیتەکەی حاجی قادر نییە، یاخود من نایزانم . لە موناقەشە و بەراوردیکردن بێ نیازمان بکا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ڕووداو و مێژووی بێ شوبهە هەن کە لەگەڵ ژیانی کەیفی تێکەڵ و عەلاقەدارن ڕەنگە لەم ڕووەوە بمانگەیێنێ بەسنووری قەناعەت.

کەیفی ژیانی فەقێیەتیی لە کۆیە لای حاجی مەلا عەبدوڵا ڕابواردووە و لای ئەوی خوێندووە. کەواتە نابێ کەیفی لە تەمەندا لە حاجی مەلا عەبدوڵا گەورەتر بووبێ

چونکە عادەتەن سوختە لە مامۆستای خۆی جووکتر دەبێ. بەڵێ هەندێ رێکەوت هەیە بەپێچەوانەی ئەم قاعیدەیە بەلام بلیمەتێکی وەك کەیفی لێی چاوەڕوان ناکرێ لە مەیدانی خوێندن لە هاوتەمەنی خۆی دابمێنێ. بەپێی ئەوە کە لە کتێبی (کۆیە و شاعیرانی)دا لەبارەی مێژووی هاتنە دنیای کەیفییەوە نووسراوە و سەرچاوەی مەعلووماتەکەشی گۆیا (مێژووی ئەدەبی کوردی)یە دەبێ کەیفی لە ساڵی ١٨١٤ی زاینی لەدایك بووبێ. دەسانەوە کە هەمان کتێبی (کۆیە و شاعیرانی) رادەگەیەنێ ساڵی ١٨١٥ی زاینی کە گۆیا ساڵی لەدایکبوونی حاجی قادرە دەوەستێتە بەرامبەر بە ١٢٤٦ی کۆچی. بەم پێیە دەبێ ساڵی ١٨١٤ی زاینی بوەستێتە بەرامبەر ١٢٤٥ی کۆچی واتە کەیفی لە ١٢٤٥ لەدایك بووبێ. لێرەدا دەبێ بڵێم ئەم ساڵەی ١٨١٥ لە راستیدا ناکەوێتە بەرامبەر ١٢٤٦، وە بەپێی جەدوەلێك کە لە کتێبی (إمارة بهدينان العباسية)دا نووسراوە دەبێ بوەستێتە بەرامبەر ١٢٢٩یا ١٢٣٠ی کۆچی چونکە ئەو جەدوەلە ساڵی ١٨٠٩ دەخاتە بەرامبەر ١٢٢٤. جگە لەمەش بەراوردێکی حوسابی زۆر سادە بۆمان دەردەخا کە مادام ساڵی ئێستاکەی کۆچی ١٣٨٩- ١٣٩٠ بکەوێتە بەرامبەر ١٩٦٩- ١٩٧٠ی زاینی دەبێ ساڵی ١٨١٥ بکەوێتە پێش ساڵی ١٢٣٥ نەك دوای. جا لەبەر ئەمە کە ساڵی ١٨١٤ (کە گۆیا ساڵی هاتنە دنیای کەیفییە) تا ئەو رادەیە کەیفی ئەمەندارتر دەکا نیتر بە هیچ جۆرێك مومکین نییە خزمایەتیی هەبێ لەگەڵ هاتنە دنیای کەیفی. من ئەو دوو ساڵەی ١٨١٤و ١٨١٥ی زاینی لە حیسابی خۆمدا دەسڕمەوە و موناقەشەی لەدایکبوونی کەیفی وەك لە کتێبی (کۆیە و شاعیرانی) نووسراوە لەسەر ئەساسی ساڵی ١٢٤٥ی کۆچی دەکەم.

من لەم باوەڕەدا نیم کە ئەمەش راست بێ چونکە حاجی مەلا عەبدولا لە ساڵی ١٢٥٠ی کۆچی هاتۆتە دنیا و گومانێکیش لەمبارەوە پەیدا نابێ. حاجی مەلا عەبدولا هەم خۆی ئەمەی نووسیوە و هەم بە خەتی باوکی واتە حاجی مەلا ئەسعەد لە حاشیەی چەند پەڕێك لە هەندێ کتێبەکانی کتێبخانەی جەلی زادانددا نووسراوە.

بەلای منەوە ناشێ کەیفی پێش ١٢٥٠ هاتبێتە دنیاوە ئەگینا ئەدەبوو بەفەقێ لای حاجی مەلا عەبدولا. لە حاشیەی خوارووی رووپەڕی (٢٧)ی (کۆیە و شاعیرانی)دا نووسراوە کەوا گەلێ کەس دەڵێن ٢٠ ساڵێك دوای ١٨١٤ی زاینی لەدایك بووە. ئەگەر مەبەس لە ١٨١٤ی زاینی هەر ئەوە بێ کە بەپێی لێکدانەوەی لێرە بەپێشەوە دەکەوێتە بەرامبەر ١٢٤٥ی کۆچی، دەبێ کەیفی لە ١٢٦٥ی کۆچیدا هاتبێتە دنیاوە من

بەمەش قەناعەت ناكەم. چونكە بەگوێرەی هەندێ ئاسار كە لای ئێمە (واتە جەلی زادە) هەن كەیفی لە ساڵی ١٢٨٠ی كۆچی شاعیرێكی چەسپاو بووە لە فارسیدا. لەو ساڵەدا خێزانی حاجی مەلا عەبدوڵا لە تاریكیی ژوورێكی بێ پەنجەرە جانەوەرێكی پێوە دەدا و دەیكوژێ. نازانرێ جانەوەرەكە مار بووە یا دووپشك. كەیفی مەرسیەیێك بۆ مەرگی خێزانی مامۆستای خۆی دادەنێ كە تەنها فەرد و نیوێكم لە بیر ماوە. ئەوەی دیكەی كە لە بیرم نین لەگەڵ هەموو شیعر و ئاساری كەیفی كە لای ئێمە هەبوون لە كەین و بەینی ساڵی ١٩٦٣دا سووتێنران. ئێرە جێگەی باسكردنی ئەم سووتاندنەی ئاساری نووسراوی جەلی زادان نییە. هەر بۆیەشم باس كرد كە هۆی ناتەواویی مەرسیەكە روون بكەمەوە. فەرد و نیوەكەی كە لە بیرم ماون ئەمەن و بە دەستووری نووسینی فارسی دەیاننووسم:

یانەهابر بكژدم افتادە یا گرفتار ماری گیسوشد

خوێنەری بەرێز دەبینی كەوا كەیفیش لە شیعرەكەیدا بەوردەكارییەكی شاعیرانەی سۆزناك جانەوەرە ژەهراوییەكە هەر بە نەزانراوی دەهێڵێتەوە. نیوە فەردەكەشی كە دەكەوێتە دواییی مەرسیەكە بەشێك لە مێژووی رووداوەكەی تێدایە بەحیسابی ئەبجەد، بەشەكەی دیكەی وا دەزانم لە نیوەی یەكەمیەتی ئەمی لە بیرم چۆتەوە. ئەمەیە نیوە فەردەكە:

چون یمینو برفت با توشد

ئەم چەند وشەیە ١٢٩٢ تەواو دەكا.

باوەڕ ناهێنم بەوە كە لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا ئەم دەسەڵاتە و رەوانییە و زاڵییە بەسەر شیعر و قافیە و مێژوو دەرهێنان لە فارسیدا بۆ كەیفی مومكین بووبێ. هەڵبەت پێش ئەم ساڵەش شیعری فارسیی داناوە چونكە خۆ نابێ لە چاو قوچێنێكدا هەم فارسی فێر ببێ و هەم شیعری وا بەهێزی بە فارسی دانابێ. بەڵگەیەكی دیكەش هەیە كەوا لێرە بەدواوە درێژە دەدەین بە باس لێكردنی ئەوە دەگەیەنێ كەوا كەیفی نەك هەر مومكین نییە پێش ١٢٥٠ی كۆچی هاتبێتە دنیاوە بەڵكو دەبێ لای ژوورووی ئیحتیمال لە ساڵی ١٢٥٥ تێپەڕ ناكا، بەڵگەكەش ئەمەیە. وەك لە بەشێكی دواییتر لەم نووسینە بۆمان دەردەكەوێ كەیفی تا ساڵی ١٢٨٦ی كۆچی لای حاجی مەلا عەبدوڵا خوێندوویەتی، ناچێتە عەقڵەوە كەیفی بەم هەموو زەكاوەتەوە تا تەمەنێكی ٣٦ ٣٧

ساڵی هەر خوێندبێتی و فەقێیەتیی تەواو نەکردبێ چونکە ئەگەر بڵێین لە ساڵی ١٢٥٠دا هاتۆتە دنیا تەمەنی لە ١٢٨٦دا دەگا بە ٣٦، ٣٧ ساڵ، بەڵام ئەگەر مێژووی لەدایکبوونی بخەینە ساڵانی مەبانی ١٢٥٥- ١٢٦٠ تەمەنی لە ساڵی ١٢٨٦ دەبێتە ٢٧-٣١ ساڵ کە موناسبە بۆ گەیشتن بەپایەی (موستەعیدی) و نزیکبوونەوە لە کۆتاییی خوێندنی مەلایانە، واتە ئیجازەوەرگرتن. خۆ ئەگەر لە بیر نەکەین کەوا حاجی مەلا عەبدوڵا لە ساڵی ١٢٨٦ تەمەنی ٣٦، ٣٧ ساڵی بووە ئیتر بەجارێ نزیک دەبینەوە لەوە بتمانی بێنین بەو مێژووەی کە تەحدیدمان کرد بۆ هاتنە دنیای کەیفی چونکە زۆر لە گوێنە ماموستا ٣٦، ٣٧ ساڵی بێ و فەقێش ٢٧، ٣١ ساڵی، هەرچەند بەجۆرێکی قەتعی مومکین نییە بڵێم ساڵی ڕاستەقینەی هاتنە دنیای کامیانە لەو ساڵانە بەڵام بە تەقریبی مەیلم بۆ ئەوە دەچێ کە بڵێم ساڵی ١٢٥٥ی کۆچی ئەو ساڵەیە.

کەیفی کەی، وە چۆن کۆیەی جێ هێشت؟

هۆی ڕۆیشتنی کەیفی و تورانی لە کۆیە هەروەک لە کتێبی (کۆیە و شاعیرانی) و (دیوانی حاجی قادر- چاپی هەولێر) بەکورتی باس کراوە، ئەو ناکۆکییە و شەڕەچنێوە بووە لە بەینی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و کەیفی کە ئەنجامی گەیشتۆتە ئەمە حاجی مەلا عەبدوڵا بۆ دڵدانەوەی شێخ ڕەزا لە کەیفی بدا و دەری بکا. چۆنیەتیی ئەم ڕووداوە بە ڕوونکراوەیەکی ئەوتۆ دەنووسین کە گرینگیی ڕووداوەکە ئێمان داوا دەکا و بەو نیازەش کە قەناعەتی خوێنەر وەدەست بهێنی.

لەو دەمەدا کە حاجی مەلا عەبدوڵا ماموستای کەیفی بووە، حاجی مەلا عەبدوڵا و حاجی قادر هەردوویان لای حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی زادە، واتە باوکی حاجی مەلا عەبدوڵا بوونە. کەیفی و حاجی قادر هەر چەند تەفاوتێک هەبووە لە مەبانیان لەلایەن تەمەن و پایەی عیلمی چونکە حاجی قادر لە هەردوو ڕووەوە لە ژوورووی کەیفی بووە، دیسانەوە لەبەر هاومەشرەبی و شیعردۆستی و بەیەکەوە ڕابواردنیان تا بڵێی برادەر و خۆشەویستی یەکتر بوون، وە هەردوویان زیاتر لە فەقێکانی ئەو دەمەی کۆیە لای بنەماڵەی جەلی زادە و خەڵقی کۆیە لە پێشتر بوون، وە ڕێزیان لێ گیراوە، ئەمانەت حاجی و کەیفی لە ماڵی حاجی مەلا ئەسعەد بەئیستیلاحی خۆمانی بە(کوری ماڵ) ژمێردراون. پەیوەندیی کەیفی بەو بنەماڵەوە لە زۆر موناسەبە و

ڕووداوی ڕۆژانەی ئەو دەمەیان وەدیار دەدا. بۆ نموونە و ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە لێرەدا شتێکی دیکەش دەنووسم وەك ڕووداوی مەرسییەکە: لە ساڵی ١٢٨٣ حاجی مەلا عەبدوڵا دوای مەرگی ژنی یەکەمی، لە ژنی دووەمی بۆ یەکەم جار کوڕێکی دەبێ، لەوە بەپێشەوە هەر کچی بوون. کوڕەکە ناوی بەهانەدینی لێ دەنێن و لە نێوان خەڵقی کۆیە دوای پێگەیشتنی بە (کاکەباو) شوورەتی سەندووە و زۆریش جوانەمەرگ بووە. کەیفی بەو ناوە کە مامۆستای خۆی کوڕێکی بووە و تازە ئاقانەیە و بنەماڵەی پێ ڕوون بۆتەوە، سەرەڕای پەیوەندیی خۆشەویستیی مەیانی هەردوویان بەدەستی خۆی لێفە بۆ منداڵەکە دەدووریٚ و بەنەقش و شیعرێ کە خۆی هەڵی بەستوون ڕووی لێفەکە دەرازێنێتەوە:

شیعرەکان مابوون تا ئەوانیش لەگەڵ نووسراوەکانی دیکە لە ساڵی ١٩٦٣ی زاینی سووتان. داخم ناچی لەو شیعرانە هیچم لە بیر نەماون.

حاجی قادر کە دەچێ بۆ ئەستەموول کەیفی لە کۆیە دەمێنێتەوە. ئەو شوورەتەی کە لە نێوان خەڵق باوە لەبارەی ئەوە کە حاجی قادر و کەیفی پێکەوە چوون بۆ ئەستەموول کەم و زۆر ڕاستیی تێدا نییە. نەك هەر ئەمە، بەڵکو گەلێ شتی دیکە لەبارەی ژیان و ڕابواردن و خوێندن و سەفەری حاجی قادر بۆ ئەستەموول مالامالن لە هەڵە. یەك لەو غەڵەتە مەشوورانە لێرەدا سوور دەکەینەوە و ڕاستییەکەی دەردەخەین تا لە گوێرەی ئەمیان ئەوانی دیکەشی ڕادەی دوورییان لە ڕاستی بزانرێ. بەپێی ئەوە کە نووسراوە لە دیوانەکەی حاجی قادر (چاپخانەی هەولێر ساڵی ١٩٦٠) گۆیا حاجی و کەیفی لە کەرکووکەوە پێکەوە بەرەو ئەستەمووڵ ڕۆیبون و سەفەرەکەشیان لە ساڵی ١٢٧٠ی کۆچی بووە. کەچی حاجی قادر دەمێك لە دوای ئەو مێژووە دەسخەتی هەیە لەسەر حاشییەی کتێبێکی (سیوطی) چاپی عەجەم، وە لە کۆتایی حاشییەکیان دەنووسێ ئەمەم لە ئاخر مانگی ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی لە دێی بێتووش نووسیوەتەوە، واتە تا شەش ساڵ دوای ١٢٧٠ مانەوەی حاجی قادر لە کوردستانی عێراق شتێکە کە بە شاهێدی حاجی قادر سوور بۆتەوە. ئەم کتێبە لای ئێمەیە و حاشیە و شیعر و ڕوباعی و وردەباسی ئەو دەمەی بەزۆری تێدایە کە حاجی بەخەتی خۆی نووسیونی و تا ئێستا هیچیان بڵاو نەکراونەوە مەگەر دەماودەم ئەویش بەغەڵەت. یەك لەوانە ڕوباعییەکە لە دژی چاپی عەجەم کەوا لە ڕووپەڕەی ٣٦ لە

دیوانەکەی حاجی (چاپی هەولێر) بەهەڵە نووسراوەتەوە و لە ژێری ڕووبەڕەکە شەرح دراوە کە هەر لە شوێنی خۆیدا ڕوباعییەکە وا ناڕێك بووە، وا ئێمە لێرەدا بەڕاست و ڕەوانی و بێ هەڵە و ناڕێکی دەینووسینەوە کە لە شوێنی خۆیدا بەدەستی حاجی لەو کتێبەدا نووسراوەتەوە:

یا ڕەب بەقەدەر حەرفی (سیووطی) یەك یەك
ڕەحمەت لە (مصنف) و لە (قارئ) بێ گەلەك
ئـەمـا عـەجـەم و ئـەو کـەسە چـاپی دانـا
بـیـهـاتـە جـەهـەنـنەم بـەعـەزاب و بـەکـوتـەك

بەموناسەبەتی ئەم ڕوباعییە کە ڕاستکردنەوەی هەندێ هەڵە لەبارەی ژیانی حاجی و کەیفی پێویستی کرد بینووسینەوە، ئەم ڕوباعییەی دیکەش لە دژی چاپی عەجەم کە حاجی لە ڕووپەڕە (٧٥)ی کتێبەکەی (سیووطی) نووسیویەتەوە لێرەدا تۆمار دەکەین ڕەنگە ئەختێك زیاتر تێنووەتیی دۆستانی شیعر و ژیانی کۆنە شاعیرەکانمان بشکێنێ:

شایەت نەبێ بەچاپی عەجەم نەیکڕی ئەمان
گەر پێی بدی بەشا بە دوو شایی خەسارەتە
وەك من ئەگەر بەسەر هەمووی دابێنی لە ئاخری
عیلمی هەموو جەهالەتە نەفعی مەڕارەتە

خوێنەری بەڕێز ئەوە بزانێ کە حاجی شیعرەکانی بەم شێوە نووسینە نەنووسیون بەڵکو بەشێوە و دەستووری ئەوساکەی نووسیون: (گەلەك و کوتەك) لە کتێبەکەدا (کلك و کتك) نووسراون. ئەم درێژەدانەم بەم تەفسیلاتە بۆیە بوو کە دیسانەوە عەرزی خوێنەر بکەم چی دەینووسم لە دوای بەراوردی و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەیە بەپێی دەسەلات و توێکان و لە سنووری توانینم بێباکیم نەکردووە بەرامبەر ڕاستی و مێژوو، سەرەڕای ئەمەش زیانێك نییە لەوەدا بەدەم باسی ژیانی کەیفییەوە بەموناسەبەی هەڵکەوت و جێگا شتێکیش لە ژیانی هاوچەرخە زلەکەی حاجی قادر ڕوون بکەینەوە.

بەهێنێك دوای سەفەری حاجی قادر و مانەوەی کەیفی لە کۆیە شێخ ڕەزای تاڵەبانی دێتە کۆیە و دەرس لای حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی زادە دەخوێنێ، واتە لای باوکی حاجی مەلا عەبدوڵا. هەروەك لێرە لە پێشەوە گوتمان کەیفی فەقێ بووە لای حاجی مەلا عەبدوڵا، ئیتر ڕێکەوت شێخ ڕەزا و کەیفیی لە یەك جێگا کۆ دەکاتەوە و درێژەش

بەمەش قەناعەت ناکەم. چونکە بەگوێرەی هەندێ ناسار کە لای ئێمە (واتە جەلی زادە) هەن کەیفی لە ساڵی ١٢٨٠ی کۆچی شاعیرێکی چەسپاو بووە لە فارسیدا. لەو ساڵەدا خێزانی حاجی مەلا عەبدوڵا لە تاریکیی ژوورێکی بێ پەنجەرە جانەوەرێکی پێوە دەدا و دەیکوژێ، نازاندرێ جانەوەرەکە مار بووە یا دووپشک. کەیفی مەرسییەیێک بۆ مەرگی خێزانی مامۆستای خۆی دادەنێ کە تەنها فەرد و نیوێکم لە بیر ماوە، ئەوەی دیکەی کە لە بیرم نین لەگەڵ هەموو شیعر و ناساری کەیفی کە لای ئێمە هەبوون لە کەین و بەینی ساڵی ١٩٦٣دا سووتێنران. ئێرە جێگەی باسکردنی ئەم سووتاندنەی ناساری نووسراوی جەلی زادان نییە. هەر بۆیەشم باس کرد کە هۆی ناتەواویی مەرسییەکە ڕوون بکەمەوە. فەرد و نیوەکەی کە لە بیرم ماون ئەمەن و بە دەستووری نووسینی فارسی دەیاننووسم:

پانەهایر بکژدم افتادە یا گرفتار ماری گیسوشد

خوێنەری بەڕێز دەبینی کەوا کەیفیش لە شیعرەکەیدا بەوریەکارییەکی شاعیرانەی سۆزناک جانەوەرە ژەهراوییەکە هەر بە نەزانراوی دەهێڵێتەوە. نیوە فەردەکەشی کە دەکەوێتە دوایی مەرسییەکە بەشێک لە مێژووی ڕووداوەکەی تێدایە بەحیسابی ئەبجەد، بەشەکەی دیکەی وا دەزانم لە نیوەی یەکەمیەتی ئەمی لە بیرم چۆتەوە، ئەمەیە نیوە فەردەکە:

چون بمینو برفت با نوشد

ئەم چەند وشەیە ١٢١٢ تەواو دەکا.

باوەڕ ناهێنم بەوە کە لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا ئەم دەسەڵاتە و ڕەوانییە و زاڵییە بەسەر شیعر و قافیە و مێژوو دەرهێنان لە فارسیدا بۆ کەیفی مومکین بووبێ. هەڵبەت پێش ئەم ساڵەش شیعری فارسیی داناوە چونکە خۆ نابێ لە چاو تروکاندنێکدا هەم فارسی فێر بووبێ و هەم شیعری وا بەهێزی بە فارسی دانابێ. بەڵگەیەکی دیکەش هەیە کەوا لێرە بەدواوە درێژە دەدەین بە باس لێکردنی ئەوە دەگەیەنێ کەوا کەیفی نەک هەر مومکین نییە پێش ١٢٥٠ی کۆچی هاتبێتە دنیاوە بەڵکو دەبێ لای ژوورووی ئیحتیمال لە ساڵی ١٢٥٥ تێپەڕ ناکا، بەڵگەکەش ئەمەیە. وەک لە بەشێکی دواییتر لەم نووسینە بۆمان دەردەکەوێ کەیفی تا ساڵی ١٢٨٦ی کۆچی لای حاجی مەلا عەبدوڵا خوێندوویەتی، ناچێتە عەقڵەوە کەیفی بەم هەموو زمکاوەتەوە تا تەمەنێکی ٣٦ ٣٧

ساڵی هەر خوێندبێتی و فەقێیەتیی تەواو نەکردبێ چونکە ئەگەر بڵێین لە ساڵی ١٢٥٠دا هاتۆتە دنیا تەمەنی لە ١٢٨٦دا دەگا بە ٣٦، ٣٧ ساڵ، بەڵام ئەگەر مێژووی لەدایکبوونی بخەینە ساڵانی مەبانی ١٢٥٥- ١٢٦٠ تەمەنی لە ساڵی ١٢٨٦ دەبێتە ٢٧-٣١ ساڵ کە موناسبە بۆ گەیشتن بەپایەی (موستەعیدی) و نزیکبوونەوە لە کۆتاییی خوێندنی مەلایانە، واتە ئیجازەوەرگرتن. خۆ ئەگەر لە بیر نەکەین کەوا حاجی مەلا عەبدوڵا لە ساڵی ١٢٨٦ تەمەنی ٣٦، ٣٧ ساڵی بووە ئیتر بەجارێ نزیک دەبینەوە لەوە بتمانی بێنین بەو مێژووەی کە تەحدیدمان کرد بۆ هاتنە دنیای کەیفی چونکە زۆر لە گوێیە مامۆستا ٣٦، ٣٧ ساڵی بێ و فەقێش ٢٧، ٣١ ساڵی، هەرچەند بەجۆرێکی قەتعی مومکین نییە بڵێم ساڵی ڕاستەقینەی هاتنە دنیای کامیانە لەو ساڵانە بەڵام بە تەقریبی مەیلم بۆ ئەوە دەچێ کە بڵێم ساڵی ١٢٥٥ی کۆچی ئەو ساڵەیە.

کەیفی کەی، وە چۆن کۆیەی جێ هێشت؟

هۆی ڕۆیشتنی کەیفی و تۆرانی لە کۆیە هەروەک لە کتێبی (کۆیە و شاعیرانی) و (دیوانی حاجی قادر- چاپی هەولێر) بەکورتی باس کراوە، ئەو ناکۆکییە و شەڕەجنێوە بووە لە بەینی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و کەیفی کە ئەنجامی گەیشتۆتە ئەمە حاجی مەلا عەبدوڵا بۆ دڵدانەوەی شێخ ڕەزا لە کەیفی بدا و دەری بکا. چۆنیەتیی ئەم ڕووداوە بە ڕوونکراوەیەکی ئەوتۆ دەنووسین کە گرینگیی ڕووداوەکە لێمان داوا دەکا و بەو نیازەش کە قەناعەتی خوێنەر وەدەست بهێنێ.

لەو دەمەدا کە حاجی مەلا عەبدوڵا مامۆستای کەیفی بووە، حاجی مەلا عەبدوڵا و حاجی قادر هەردوویان لای حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی زادە، واتە باوکی حاجی مەلا عەبدوڵا بوونە. کەیفی و حاجی قادر هەر چەند تەفاوتێک هەبووە لە مەیانیان لەلایەن تەمەن و پایەی عیلمی چونکە حاجی قادر لە هەردوو ڕووەوە لە ژووروی کەیفی بووە، دیسانەوە لەبەر هاوەمەشرەبی و شیعردۆستی و بەیەکەوە ڕابواردنیان تا بڵێی برادەر و خۆشەویستی یەکتر بوون، وە هەردوویان زیاتر لە فەقێکانی ئەو دەمەی کۆیە لای بنەماڵەی جەلی زادە و خەڵقی کۆیە لە پێشتر بوون، وە ڕێزیان لێ گیراوە، ئەمانەت حاجی و کەیفی لە ماڵی حاجی مەلا ئەسعەد بەئیستیلاحی خۆمانی بە(کوڕی ماڵ) ژمێردراون. پێوەندیی کەیفی بەو بنەماڵەوە لە زۆر موناسەبە و

ڕووداوی ڕۆژانەی ئەو دەمەیان وەدیار دەدا. بۆ نموونە و ڕوونکردنەوەی ئەو پێوەندییە لێرەدا شتێکی دیکەش دەنووسم وەك ڕووداوی مەرسییەکە: لە ساڵی ١٢٨٣ حاجی مەلا عەبدوڵا دوای مەرگی ژنی یەکەمی، لە ژنی دووەمی بۆ یەکەم جار کوڕێکی دەبێ، لەوە بەپێشەوە هەر کچی بوون. کوڕەکە ناوی بەهانەدینی لێ دەنێن و لە نێوان خەڵقی کۆیە دوای پێگەیشتنی بە (کاکەباو) شوورەتی سەندووە و زووش جوانەمەرگ بووە. کەیفی بەو ناوە کە مامۆستای خۆی کوڕێکی بووە و تازە ئاڤانەیە و بنەماڵەی پێ ڕوون بۆتەوە، سەرەڕای پێوەندیی خۆشەویستیی مەیانی هەردوویان بەدەستی خۆی لێفە بۆ منداڵەکە دەدوورێ و بەنەقش و شیعرێ کە خۆی هەڵی بەستوون ڕووی لێفەکە دەڕازێنێتەوە:

شیعرەکان مابوون تا ئەوانیش لەگەڵ نووسراوەکانی دیکە لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینی سووتان. داخم ناچی لەو شیعرانە هیچم لە بیر نەماون.

حاجی قادر کە دەچێ بۆ ئەستەموول کەیفی لە کۆیە دەمێنێتەوە. ئەو شوورەتەی کە لە نێوان خەڵق باوە لەبارەی ئەوە کە حاجی قادر و کەیفی بەیەکەوە چوون بۆ ئەستەموول کەم و زۆر ڕاستیی تێدا نییە. نەك هەر ئەمە. بەڵکو گەلێ شتی دیکە لەبارەی ژیان و ڕابواردن و خوێندن و سەفەری حاجی قادر بۆ ئەستەموول مالامالن لە هەڵە. یەك لەو غەڵەتە مەشوورانە لێرەدا سوور دەکەینەوە و ڕاستییەکەی دەردەخەین تا لە گوێرەی ئەمیان ئەوانی دیکەشی ڕادەی دوورییان لە ڕاستی بزانرێ. بەپێی ئەوە کە نووسراوە لە دیوانەکەی حاجی قادر (چاپخانەی هەولێر ساڵی ١٩٦٠) گۆیا حاجی و کەیفی لە کەرکووکەوە بەیەکەوە بەرەو ئەستەموول ڕۆیبون و سەفەرەکەشیان لە ساڵی ١٢٧٠ی کۆچی بووە. کەچی حاجی قادر دەمێك لە دوای ئەو مێژووە دەسخەتی هەیە لەسەر حاشیەی کتێبێکی (سیوطی) چاپی عەجەم، وە لە کۆتایی حاشیەکەیان دەنووسێ ئەمەم لە ئاخر مانگی ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی لە دێی بێتووش نووسیوەتەوە، واتە تا شەش ساڵ دوای ١٢٧٠ مانەوەی حاجی قادر لە کوردستانی عێراق شتێکە کە بە شاهێدی حاجی قادر سوور بۆتەوە. ئەم کتێبە لای ئێمەیە و حاشیە و شیعر و ڕوباعی و وردەباسی ئەو دەمەی بەزۆری تێدایە کە حاجی بەخەتی خۆی نووسیونی و تا ئێستا هیچیان بڵاو نەکراونەوە مەگەر دەماودەم ئەویش بەغەڵەت. یەك لەوانە ڕوباعییەکە لە دژی چاپی عەجەم کەوا لە ڕووپەڕەی ٣٦ لە

دیوانەکەی حاجی (چاپی هەولێر) بەهەڵە نووسراوەتەوە و لە ژێری ڕوویەڕەکە شەرح دراوە کە هەر لە شوێنی خۆیدا ڕوباعییەکە وا نارێك بووە، وا ئێمە لێرەدا بەڕاست و ڕەوانی و بێ هەڵە و نارێکی دەینووسینەوە کە لە شوێنی خۆیدا بەخەتی حاجی لەو کتێبەدا نووسراوەتەوە:

یا ڕەب بەقەدەر حەرفی (سیووطی) یەك یەك
ڕەحمەت لە (مصنف) و لە (قارئ) بێ گەلەك
ئەمما عەجەم و ئەو کەسە چاپی دانا
بیهاتە جەهەننەم بەعەزاب و بەکوتەك

بەموناسەبەتی ئەم ڕوباعییە کە ڕاستکردنەوەی هەندێ هەڵە لەبارەی ژیانی حاجی و کەیفی پێویستی کرد بینووسینەوە، ئەم ڕوباعییەی دیکەش لە دژی چاپی عەجەم کە حاجی لە ڕوویەڕە (٧٥)ی کتێبەکەی (سیووطی) نووسیویەتەوە لێرەدا تۆمار دەکەین ڕەنگە نەختێك زیاتر تێنووەتیی دۆستانی شیعر و ژیانی کۆنە شاعیرەکانمان بشکێنێ:

شاییت نەبێ بەچاپی عەجەم نەیکڕی ئەمان
گەر پێی ببی بەشا بە دوو شایی خەسارەتە
وەك من ئەگەر بەسەر هەمووی دابێی لە ئاخری
عیلمی هەموو جەهالەتە نەفعی مەرارەتە

خوێنەری بەڕێز ئەوە بزانێ کە حاجی شیعرەکانی بەم شێوە نووسینە نەنووسیون بەڵکو بەشێوە و دەستووری ئەوساکەی نووسیون: (گەلەك و کوتەك) لە کتێبەکەدا (کلك و کتك) نووسراون. ئەم درێژەدانەم بەم تەفسیلاتە بۆیە بوو کە دیسانەوە عەرزی خوێنەر بکەم چی دەینووسم لە دوای بەراوردی و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەیە بەپێی دەسەڵات و دیمەکان و لە سنووری توانینم بێباکیم نەکردووە بەرامبەر ڕاستی و مێژوو، سەرەڕای ئەمەش زیانێك نییە لەوەدا بەدەم باسی ژیانی کەیفییەوە بەموناسەبەی هەڵکەوت و جێگا شتێکیش لە ژیانی هاوچەرخە زلەکەی حاجی قادر ڕوون بکەینەوە.

بەهێنێك دوای سەفەری حاجی قادر و مانەوەی کەیفی لە کۆیە شێخ ڕەزای تاڵەبانی دێتە کۆیە و دەرس لای حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی زادە دەخوێنێ، واتە لای باوکی حاجی مەلا عەبدوڵا. هەروەك لێرە لە پێشەوە گوتمان کەیفی فەقێ بووە لای حاجی مەلا عەبدوڵا، ئیتر ڕێکەوت شێخ ڕەزا و کەیفیی لە یەك جێگا کۆ دەکاتەوە و درێژەش

دەدا بەکۆبوونەوە و هاوبەشییان لە یەك ژیان و رابواردن. بۆیژیی شێخ رەزا و مەیلی بۆ هەجوو شتێك نییە پێویستی بەباس لێکردن بێ ئەوەندە هەیە دەبێ لە بیر نەکەین کەوا کەیفیش بەرادەی شاعیریتیی شێخ رەزا شاعیر بووە هەروەك چاوەروان دەکرێ بەیەکەوەبوون و ژینی دوو شاعیری وەك شێخ رەزا و کەیفی لە یەك مزگەوت بەناچاری سەرەنجامی دەگا بەشەرەشیعر و نوکتە تێکگرتن. وردەوردە ئەم شەرەشیعرە لە مەیانی هەردوویان شیدەت دەسێنێ تا دەگا بەپلەی لە یەکتر زویربوون و ناکۆکی. لە نموونەی شەرەجنێوی شیعری کە لە مەیانی ئەم دوو کەڵەشاعیرەدا رووی داوە لێرەدا دوان دەنووسم کە بیستوومن و لە بیرم ماون، بێگومان دەیەها جاری دی شەرەجنێوی وایان کردووە، رەنگە لە کۆیەدا شەخسی وا هەبێ هەندێکیان لەو شیعرە لەبەر بێ، ئەگەر شتی وا هەیە وەدەرخستن و بڵاوکردنەوەی خزمەتێکی بەنرخە بۆ روونکردنەوەی قووڵایی و پانایی ئەم شەرەدندووکییە مێژووییەی کە شاعیرێکی وەك کەیفی ئاوارە کرد لە وڵات.

جارێکیان شێخ رەزا لە دەمەتەقەی شەرە شیعریدا بە کەیفی دەڵێ:

شاعر چو تووی لب بلهانت ریدم
وزفـرق سرت تـا بـدهـانت ریـدم

شێخ رەزا شیعرەکانی بەئیرتیجالی دەڵێ، کەیفیش دەستبەجێ لە جەوابدا دەڵێ:

فرقی نەچنان بود میانی سر و کیرم
ای ریـده بـەکـیرم گذری گوت بگیرم

جارێکی دیکەش لە مەجلیسێکی فەقێیانە نزیکی تەواوبوونی دانیشتنەکەیان و دوای خواردنی میوەی مەوسم مەلایەك دێ بۆ مەجلیسەکە زۆر عەلاقەدار دەبێ لەگەڵ کەیفی و خۆشەویستی و دۆستییەکی بەتین دەبێ لە مەیانی هەردووکیان، شێخ رەزا بەم شیعرە بەخێرهاتنی دەکا.

گر نخوردی از فواکه ای...
یك طبق انگور و انجیر از برایت ریدمّ

بەتاڵایی نیوەی یەکەمی دێرە شیعرەکە ناوی ئەو مەلایەیە کە شێخ رەزا بەشیعر جنێوی پێ دەدا، من ئەو ناوەم لە بیر نەماوە تا بینووسم. کەیفی بێ وەستان لە تۆڵەی دۆستەکەی خۆی بەشێخ رەزا دەڵێ:

آنکه ریدستی برایش من بچشمی کیری خود

بــارهــا انــدرتــهــی کــونــی بــلــورت دیــدمأم

شێخ ڕەزا تەحەمولی ئەو جەوابانەی کەیفی ناکا. تا وای لێ دێ نەك بەشیعر و نوکتە بەڵکو هەر جنێوی عادی بە کەیفی دەدا و خۆی لێ تووڕە دەکا. لەم حاڵانەدا کەیفی دەڵێ: «شێخ ڕەزا! ئەگەر مەقامی گەورە و چووکییە تۆ مامۆستا و من فەقێ هەمیشە ئامادەم خزمەتکاریت بکەم، خۆ ئەگەر مەقامی شیعر و نوکتەبازییە بەخوا یەك حەرفت لێ ناسەلمێنم».

شەڕەشیعر لە بەینی کەیفی و شێخ ڕەزا تا دێ زیاد دەکا و دەگاتە ڕادەیەك شێخ ڕەزا چی دی خۆی بۆ ناگیرێ. وابزانم بێ تەحەمولیی شێخ ڕەزا لەبەر دوو هۆی ئەساسی بووە. یەکەمیان ئەوەیە کە شێخ ڕەزا لە پلەی کۆمەلایەتیدا خۆی زۆر لە ژوور کەیفییەوە گرتووە و پێی ئەستەم بووە ڕووتەیەکی وەك کەیفی بەو چەشنە بێ پەروا بێ لەگەڵیا، دووەمیان ئەوەیە کەوا کەیفی هەرگیز دانەماوە لە جەوابدانەوەی شێخ ڕەزا، ئیتر مانەوەی هەردووکیان لە یەك جێگا دەبێتە شتێکی نامومکین. حاجی مەلا عەبدولا، مامۆستای کەیفی، لەبەر ئەو دۆستایەتییە کۆنەی کە لە مەهانی جەلی زادان و تاڵەبانییەکاندا هەبووە، بەتایبەتی لەبەر زێدە خۆشەویستییەکی بەینی حاجی مەلا ئەسعەد و شێخ ئەوڕەحمانی تاڵەبانی، واتە باوکی شێخ ڕەزا سەرەڕای مەقام و دەسەلاتی تاڵەبانییان و بێکەسی و بێ ئەوایی کەیفی ناچار دەبێ، واتە حاجی مەلا عەبدولا، کە ڕوو لە کەیفی گرژ کا و لێی بتۆرێ تا چارێکیان بەلێدان لێشی داوە ئەوەی لە هەموو کردارێك ناڕەواتر و ناشیرینتر بووە ئەوە بوو کەوا بەچەشنێکی زۆر دوور لە هەموو ڕەفتارێکی جەوانمەردی هەندێ لە فەقێکانی ئەو دەمە بۆ لایەنگیریی شێخ ڕەزا و شکاندنی کەیفی وێنەیەك لە دیواری مزگەوت دەکێشن کە پێویست نییە لێرەدا چۆنیەتییەکەی بنووسین و ئەوپەڕی بێ حورمەتی و سووکایەتیی تێدا دەبێ بۆ کەیفی و بوو بەخاتیمەی ڕیسواکردنی شاعیرێکی وا مەزن. بەدوا ئەوەدا حاجی مەلا عەبدولا کەیفیی دەرکردووە لە مزگەوت، ئیتر کەیفی بەو ڕوحی پڕ هەست و هونەرییەوە ڕووی ئەوەی نامێنێ هیچ ماوەیەك لە کۆیە بمێنێ، بەدڵشکاو و بارێك مەینەت و ستەمەوە دەچێتە هەولێر.

نامەوێ بە هیچ جۆرێك لایەنگیری لە نووسینەکەمدا بکەم چونکە لە هەموو شتێك

زیاتر مەبەستم تۆمارکردنی ڕووداوی ڕاستە ئەگینا بۆ من حەدی ئەدەب دەرچوونە بەو شکڵە باسی کارەساتی وا ناڕەوا بکەم کە لە مزگەوتی باپیرم ڕووی داوە. بەڵام بێ ترس و پەروا لەوە کە لە حەقیقەتم لادابێ دەتوانم بڵێم ئەگەر لەبەر زیندەچاری نەبوا باپیرم ڕێی نەدەدا بەکردنی ئەوەی کە لەگەڵ کەیفیدا کرا. هیچ گومان نییە لەوەدا کەوا کەیفی لای حاجی مەلا ئەسعەد وەك کوڕێکی خۆی خۆشەویست بووە و لای حاجی مەلا عەبدوڵا، واتە باپیرم، ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیی بووە. بۆ خۆم لە حاشیەی کتێبێك خوێندوومەتەوە باپیرم بەخەتی خۆی نووسیویەتی کەوا فلان حاجی ئەو میقدارە پارەیەی پێ دام بۆ ئەمە بیدەم بە کەیفی لە بری مانگانەی دەرسگوتنەوەی بۆ کوڕەکەی. هەر لەو نووسینەشدا بۆ یەکەم جار زانیم کەوا کەیفی ناوی فەتحوڵا و جوانڕۆیییە، چونکە باپیرم ناوەکەی بەم چەشنە نوسیوە (مەلا فتح الله جوانرووی متخلص بە کیفی). ئەمە بۆیە باس دەکەم کە پلەی نزیکی و ڕەوابیتی بەینی حاجی مەلا عەبدوڵا و کەیفی ئەختێك زیاتر ڕوون بکاتەوە، چونکە مەعلوومە کابرای حاجی مانگانەکە نادا بە شەخسی سێهەم ئەگەر نەزانێ لەگەڵ خاوەند هەق جیاوازییەکی نییە. لێرە بەدواوەش ئەم ڕاستییە بەدەم گێڕانەوەی سەرگوزەشتی کەیفی زیاتر خۆ وەدەر دەخا.

کەیفی بەدەرکردن و ڕیسواکردن زاهیری پایەی ڕێزی لای خەڵقی کۆیە کەم نەبۆتەوە، وە لە بیریشیان نەچۆتەوە. ماوەیەك دوای ڕۆیشتنی لە کۆیە و مانەوەی لە هەولێر ڕەشید ئاغای حاجی بەکر ئاغای حەویزی (خاڵی باوکم) شاعیر و ئەدیبێکی پایەبەرزی ئەو دەمە بووە و پێوەندیی دۆستایەتی و خۆشەویستیی زۆر بەهێز بووە لەگەڵ کەیفی کاغەزێکی بەشیعر بۆ دەنووسێ و داوای لێ دەکا کە بگەڕێتەوە کۆیە. بڕوام هەیە ئەم کاغەزە بەئاگاداری و لەسەر پەسەندکردنی حاجی مەلا عەبدوڵا بووبێ چونکە جگە لە پێوەندیی خزمایەتیی مەیانی ئەو و ڕەشید ئاغا، هەمڕەوشتی و نزیکییەکی گیانی تەواویش هەبووە. بێگومان ئەو کاغەزنووسین و داخوازییە بۆ گەڕانەوەی کەیفی نابێ لە دژی ئارەزووی حاجی مەلا عەبدوڵا بووبێ. کەیفی لە جەوابدا ئەم برە شیعرەی خوارەوە دەنێرێ بۆ ڕەشید ئاغا:

ئەی نووری نەجاتم لە دەسی چەرخی جەفاکار
وەی ڕووح و سەر و ماڵی منت جوملە بەنیسار
با خاکی بەری پێت بێ دڵی زار و ئەزارم
با فەرشی سەری ڕێت بێ گوڵ و گوڵشەن و گوڵزار

لەوساوە بەندەی خامە غەزەل نووسی چی شیرین
شەککەر شکەنیت کردووە وەك تووتی بە مینقار

ڕەشحەی قەڵەمت مشکی لەسەرنامە فتان کرد
هەم خامە و هەم خامە، هەم ئەشعار و هەم ئیشعار

(في الجملة) کە نووسیوتە لە بۆ ئاپەوە گوێیە
چون بێمەوە ئێستەش کە لەسەرمایە شەڕی یار

ئێستەش وەکو مورغێ کە زەدەی چەنگی هەڵۆ بێ
بێ هۆشم و ئیفتادە پەرێشان و نگونسار

بێ غیرەت و بێ عارم ئەگەر بێمەوە گوێیە
وەك پەیکەری بێ ڕووت و وەکو سەر ڕەشی موختار

ئیمان و دڵم وا بە دەسی دولبەری دابوو
ئەیدابوو وەها حاجی ڕەشك دینی بە دینار

من خەستە تەن و جەستە شکەستەی غەمی ئەو بووم
ئەو بوو بە دەوا و مەرهەمی بێگانە و ئەغیار

خۆت واقیفی ئەسراری کە چۆن ئاخری کاریش
بێ حورمەتی کردم بە قسەی موفسید و بەدکار

چۆن هەیبەتی بردم لە حوزووری حەزەراتی
چۆن هەیئەتی کردم بەسەر و سوورەتی دیوار

هەرچەندە جەفای دام و سەفام لێ نەدی ئەمما
شاهانە دەکەم مەدح و سەنای چاکی بە ئەشعار

دائیم لە خەراباتی حوزووری حەزەراتم
ئەمساوە لەبەر تاعەتی تەن تاقەتی دیدار

هەڵناغەڵەتێ (کەیفی) لەمەولا بە فریبت
یا بەس بێ وەفای ئێوە و یا بەس بێ جەفای یار

خوێنەری بەڕێز سرنجێك بداتە سۆزی ئەم دێرەیان کە دەڵێ:

ئێستەش وەکو مورغێ کە زەدەی چەنگی هەڵۆ بێ
بێ هۆشم و ئیفتادە پەرێشان و نگونسار

من بۆ خۆم ئەوەندە ئەم بەیتە دەخوێنمەوە مووچڕك دەمگرێتەوە دەتوانم بڵێم بۆن

سۆی هەناوێکی هەڵقرچاوی لێ دێ... خاوەن هەست و هونەرمەندێکی وەك کەیفی خاوەن گیانی نازکی شاعیری نەبێ چی چێشتبێ لەوەی کە لەگەڵیدا کراوە و چی چەشنە نیشیمالاتێك سروشت و هۆش و وجوودی داگرتبێ و نەنجن نەنجنی کردبێ' باوەڕم هەیە ئەوەندە بەخۆیدا شکاوەتەوە هەستی خەجاڵەت و ستەمی کردووە کە نەیتوانیوە تاکە یەك ڕۆژیش دوای کارەساتەکە لە کۆیە بمێنێتەوە. دەسەڵات چییە بەسەر ڕووداوێکی کۆن؟ ئاواتمان ئەوەیە شتێکی وا ڕوو نەداتەوە بۆ هیچ هونەرمەندێك بەڵکو هیچ ئادەمیزادێك.

دەرچوونی کەیفی لە کۆیە کەی بووە؟

بۆ وەرامی ئەو پرسیارە بەڵگەیێکی مێژوویی هەیە لە ڕووداوی ئەو ڕۆژانە: حاجی مەلا عەبدوڵا لە ساڵی ۱۲۸۸ی کۆچی لە ڕێی سووریەوە، لە خزمەت باوکیدا دەچێ بۆ حەج، کاتێك دەگەنە حەڵەب کەیفی مامۆستای کوڕانی والیی ئەو شارە بووە. کە دەزانێ ئەمان هاتوون بۆ حەڵەب خۆی پێ ناگیرێ دەچێتە لایان بۆ بەخێرهێنانیان و هەموو ئەو ڕووداوانەی کەلێنی خستبووە خۆشەویستی و پەیوەندیی مەیانیان لە بیر دەچێتەوە. کەیفی هەروەك لە دوا دێڕانی ئەو بڕە شیعرەی لەسەرەوە نووسیمان ئیحترامی، دەربڕیوە بۆ مامۆستای خۆی، دیسان لە شاری حەڵەبیش هەمان ڕێزی کۆن لە مامۆستای خۆی دەگرێ و وەك چوکەیێك ئیشی بۆ دەکا. حاجی مەلا عەبدوڵا دەگێڕێتەوە دەڵێ خەڵقی حەڵەب زۆریان بەلاوە سەیر بوو کە دەیانديت کەیفی، مامۆستای کوڕانی والی، کەلوپەل و شتومەك هەڵدەگرێ و بەدوا کابرایەکی کورد دەکەوێ و خزمەتی دەکا، بەتایبەتی چونکە حاجی مەلا عەبدوڵا لە کیسوەتی خادمی لە خزمەت باوکیدا سەفەر دەکا. شتێکی مەشهوورە لە سەفەرەکەی حاجی مەلا ئەسعەد بۆ حەج کە لە هەر جێگایێك تووشی موجادەلەی عیلمی دێ لەگەڵ مەلاکانی ئەو شارانەی کەوتوونەتە سەر ڕێگای حیجاز دەڵێ بانگی قەتارچییەکەم بۆ بکەن تا جەوابتان بداتەوە. مەبەس لێرەدا هەر ئەوە نییە باسی سەرەنجامی کەیفی و ئاشتبوونەوەی بکەین بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا دەمانەوێ ساڵی ڕۆیشتنی لە کۆیە سوور بکەینەوە چونکە دیارکردنی ئەو ساڵە هەروەك ئێستاکە باسی دەکەین بەستراوە بەو ساڵی (۱۲۸۸)ەی کۆچییە کە باسمان کرد. حاجی مەلا عەبدوڵا زۆر جار گوتوویەتی دوای دوو ساڵ لە ڕۆیشتنی کەیفی، لە حەڵەب چاوم پێی کەوتەوە کەواتە تۆران و

ڕۆیشتنی کەیفی لە کۆیە سالی (١٢٨٦)ی کۆچی بووە. ئەمەی لێرەدا گێڕامەوە لە بابەت ڕۆیشتن و دیتنەوە و ئاشتبوونەوەی کەیفی مەعلووماتێکە بە تەواتور بەمنیە گەییوە و ئەو مێژووانەی کە لەو کورتە نووسینەدا بەیانم کردوون بە خەتی باپیرم حاجی مەلا عەبدوڵا لە موناسەبەی جووناجوون تۆمار کراون. یەك وشەی خۆکردی تێدا نییە.

چەند ساڵێك لەمەوبەر چیرۆکێکی تەمسیلی لە بەشی کوردیی ئیستگەی ڕادیۆی بەغدا بڵاو دەکرایەوە وای ڕادەگەیاند کەوا کەیفی بەزۆری زۆرداران لە کۆیە دەرکرا، ئەمە کەم و زۆر پەیوەندیی بەڕاستییەوە نییە. ئەوەی لەو ڕووبەڕانەی ئەم نووسینەدا گێڕامانەوە هۆی ڕاستەقینەی تۆران و ڕۆیشتنی کەیفی بووە. خاوەن دەسەڵاتەکانی ئەو دەمەی کۆیە ڕێزی زۆریان هەبووە بۆ کەیفی و حاجی و بێ ئەندازە خۆشیان ویستوون. وەك دیمان ڕەشید ئاغای حاجی بەکر ئاغا کە یەك لە دۆستانی کەیفی بووە کاغەزی بۆ نووسیوە و داوای گەڕانەوەی لێ کردووە. جەوابەکەی کەیفیش گومانێك ناهێڵێ لەوەدا کە دەسەڵاتدارەکان سووچێکیان نەبووە لە بەسەرهاتی تۆران و ڕۆیشتنی کەیفی. هەر شیعرەکانی کەیفی ڕێز و خۆشەویستییان لێ دەبارێ بۆ ڕەشید ئاغا کە لە بنەماڵەیەکی بەمێزی ئەو دەمە بووە. دیوانی حاجی قادریش چەند قەسیدەیەکی بە نرخی تێدایە لە ستایشی ئەمین ئاغا و حەمەغا و بەهاریزەری موڵك و میللەتیان دەژمێرێ. مەبەستم لەمەدا شتێك نییە مەگەر خزمەتی مێژوو و ڕاستی.

لێرە بەپێشەوە گوتمان حاجی قادر پێش کەیفی لە کۆیە ڕۆییوە:

بەڵگە بۆ ئەمە دوو شتە یەکەمیان بەڵگەی شایەتی و گێڕانەوەیە کە لە جیلی پێش خۆم بیستووە و وەك مەعلووماتێکی خانەوادەیی ماوەتەوە و موجیبێکیش نییە شوبهەی لێ بکرێ. دووەمیان بەڵگەی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە: لەم هەموو ماجەرای شەڕەشیعر و جنێو بەیەکدانی بەینی کەیفی و شێخ ڕەزا یەك ناوی حاجی قادری تێدا زیکر نەکراوە و هیچ دەورێکی نەبووە. حاجی کە شاعیرێکی وا بە دەسەڵات و نزیکترین برادەر و دۆستی کەیفی بووە نەدەبوا بەدرێژایی ئەو کارەساتە بێدەنگ بێ ئەگەر لە وڵات با، کە بهارێکی وەك ڕەشید ئاغا بەو چەشنەی باسمان کرد بەشداریی کردبێ لەو ڕووداوە بێگومان دەبوا حاجی قادر هەر ببێتە لایەنگیر و یارمەتیدەری بێ پێچ و پەنا بۆ کەیفی. کە ئەمە نەبووە لەبەر مەوجوودنەبوونی حاجی بووە.

کەمێکی کەم ماوە لە ژیانی کەیفی لێرەدا بتوانم باسی لێ بکەم چونکە ئەوەی کە دەیزانم لە ژیانی حەلەب و ئەستەمووڵی شتێکی زۆر کەمە. دەڵێن کەیفی کە دەچێ بۆ ئەستەمووڵ بە زوویی فێری زمانی فەرەنسی دەبێ، وە لە ڕۆژنامەیێکی فەرەنسیدا دەبێتە نووسەر. وەك دەگێڕنەوە گۆیا ڕۆژنامەیێکی پاریس لە بارەی کوردەوە شتی ناڕەوا دەنووسی. کەیفی ئەم نووسینە دەبینێ و دەست دەکا بە جوابدانەوەی هەر لەو ڕۆژنامەیە کە خۆی تێیدا نووسەر بووە، لە ڕێزە مەقالێکی مێژوویی چی عەیب و عاری مێژووی فەرەنسە هەیە دەیهێنێتە ڕووەوەو بە قەڵەمێکی سووتێنەر نووسینەکانی دەڕازێنێتەوە تا وای لێ دێ باڵیۆزی فەرەنسە ئیحتیجاجێك دەدا بە وەزارەتی دەرەوەی عوسمانی، ئیتر فەرمانبەرانی عوسمانی دەکەونە ئاوبژێکردن تا کەیفی واز دێنێ و چی تر لە سەری ناڕوا.. بەلام دەمی شیرن دەکەن ئەوجا؟

بەراوردێکی تایبەتی

لەو ڕووداو و مێژووانەی کە نەمتوانیوە فیکرەیەکی مەیلەو ڕوون و تەحدیدکراوی دەربارە پەیدا بکەم و عەلاقەدارن بەنووسینەکەمان دوانن، یەکەمیان: کەی کەیفی هاتۆتە کۆیە؟ دووەمیان: کەی حاجی قادر لە کۆیە ڕۆییوە بۆ ئەستەمووڵ؟

لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ ڕووداو و مێژووی قەتعی و هەندێکی مەیلەو قەتعی هەن کە ماوەی بەهەڵەچوون تەواوێك تەسك دەکاتەوە وا لە ژێرەوە بە زنجیرە تۆماریان دەکەین.

١- حاجی قادر لە کۆتایی ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی لە دێی بێتووش بووە

٢- کەیفی پێش ١٢٨٠ هاتۆتە کۆیە.

٣- کەیفی لە ١٢٨٦ لە کۆیە ڕۆیووە

ئەم سێ مێژووە هیچ گومانێکیان تێدا نییە.

٤- حاجی ماوەیێك پێش ڕۆیشتنی لە کۆیە لەگەڵ کەیفی ژیاوە و بەیەکەوە لە مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد بوون و پێوەندیی دۆستایەتی و برادەرییان بەهێز بووە.

٥- حاجی لەو ڕۆژانەی کە ناکۆکیی بەینی شێخ ڕەزا و کەیفی پەیدا بووە لە وڵات نەماوە و چووە بۆ ئەستەمووڵ، یاخود دەتوانین بڵێین کە شێخ ڕەزا هاتووە بۆ

خوێندن لای حاجی مەلا ئەسعەد حاجی قادر لە کۆیە نەبووە. جا ئەگەر بزانرایە کەی شێخ ڕەزا هاتووە بۆ کۆیە بەم زانینە ساڵێکمان بۆ دیار دەکرا کە بگوترێ ئەمە کۆنترین ساڵە کەوا مەعلووم کراوە لەوە بەپێشەوە حاجی قادر کۆیەی جێ هێشتووە.

خوێنەری بەڕێز! لە دوای ئاگاداربوون لەو شتانەی کە نووسیومن دەتوانی وەك من لێکدانەوە و بەراوردەیی بکا بۆ دەرهێنان و دەستنیشانکردنی ئەو مێژووانەی کە بە تەواوی مەعلووم نین. خۆ ئەگەر لەگەڵ لێکدانەوەی زەینی پرسیار و تەحقیقاتێکیش بکرێ لەو کەسانەی ئاگاداری ژیان و بەسەرهاتی ئەدیبەکانی کوردن کە چوونەتە ئەستەمووڵ و لەوێ ژیاون، وەك نالی و حاجی و کەیفی و ئیبراهیم حەیدەری و پیاوی دیکەی ئەدیب و ئەفسەر و مەئموری میری ڕەنگە مەعلووماتی نوێ و شیعری نەبیستراو و ڕووداوی زۆری وا کە هیچی لێ نازانین وەدەست بێن و ژیان و هونەر و ئەدەبی ئەوان بلیمەت و هەڵکەوتووانەی کوردەواری بەجۆرێکی فراوانتر و قووڵتر ڕوون بکرێنەوە.

بڵاوکراوەی دەفتەری کوردەواری، بەرگی دووەم، بەغدا، ١٩٧٠

نامەیەك

لە ژمارە (١٦)ی گۆڤاری (بەیان)ی خۆشەویست گوتارێکی ژیکەڵانەی ژیرانەی دڵسۆزانەم خوێندەوە لە ژێر ناونیشانی (رەدووکەوتن) دا.

من لە مەڵکەوتی ئێستامدا دەرفەتی خۆڕوونکردنەوەم نییە لە عاست ناوەرۆکی گوتارەکە خۆی، هەروەها بەهۆی هەمان بێ دەرفەتییەوە ناتوانم لەسەر باسی (رەدووکەوتن) بیروباوەڕێك دەربڕم کە لە گۆشەبینیگای خۆمەوە بۆم بووە بە کولانەی ئێوەڕامان لە رەدووکەوتن و گەلێك ڕواڵەتی تری کۆمەلایەتیمان کەوا ئێکڕایان ڕووبێو (مساحە)یێکی بەرفرەوان لە ژیانی کوردەواری پێك دێنن.

لەم چەند دێرە کورتیلەیەمدا، کە دەمەوێ سەرەڕای ڕاگەیاندنی مەبەستم لە نووسین، پەیامی ڕێز و خۆشەویستیشم ڕاگەیەنێ بۆ خاوەنی گوتار و بۆ گۆڤاری بەیان.

هەر هێندەم بۆ دەکرێ چەند تێبینییەکی قوت و سادە بێنمە ڕوو لەبارەی یەك دوو وشە و تەعبیری ناو گوتارەکە لە ڕووی زانستی زمانەوە و گونجان و نەگونجانیان لەگەڵ ڕاستە دەستوورەکانی ڕێزمانی کوردی و بەس.

بەدەنگهاتنم لەو وشە و تەعبیرانە چ زیانێکی تێدا نییە. ئەگەر نیشانەم پێکا بێ سوودی ئەو پێکانە بۆ سەرجوملەی نووسینی کوردییە خۆ ئەگەر بەسەهووش چووبم لەم سەهووەدا هەر خۆم دەبمە لایەنی تێشکاو.

لە دێری (٩)ی ستوونی یەکەمی لاپەڕە (٢٢) وشەی (پەنێت) دێتە بەرچاو. خوێنەر دەزانێ، چ جایی نووسەر، ئەم وشەیە کاری ئایندە (فعل مضارع)ی وشەی (هێنای)ە کە لە چاوگی (هێنان)ەوە هاتووە.

بەپێی دەستووری داڕشتنی وەیا وەرگرتنی، کاری ئایندە لە ڕابردووەوە، دەبێ بڵێین (دەهێنێ یاخود دەهێنێت) دانیشتوانی هەندێ ناوچەکانی کوردستان کە شاری (سلێمانی) یەکێکە لەوان نیشانەی کاری ئایندە (فعل مضارع) دەنگی (ئە) بەکاردێنن لە جیاتی (دە) و دەڵێن (ئەهێنێت).

زوربەی نووسەرانی کورد بەرەو بەکارهێنانی (دە) دەچن، تەنانەت مامۆستا (تۆفیق وەهبی) لە ژمارە یەکی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا گوتارێکی لەسەر ئەم

(ئە، ئە)یە نووسی و ئەویش لەو باوەڕەدایە (ئە) کوردی ڕەسەنە و دەبێ واز لە (ئە) بهێنرێت.

هەرچەند من لێرەدا ڕێ بەخۆم نادەم بەکارهێنانی (ئە) پاساغ بکەم. دانیش بەوەدا دێنم واز لێهێنانی و نەهێنانی خواهشتێکی نووسەرانە، بەڵام دەتوانم داوا لە نووسەر بکەم لە جیاتی (یەنێت) (نەهێنێت) بنووسێ چونکە قاڵبی (یەنێت) بەکجار ناوچەیی و تەسکییە ئەگەر هات و هەر کەسە خۆی لکاند بە تایبەتی ئاخاوتنی شار و دێ و گەڕەکی خۆیەوە، دووچاری نووسینێك دەبین بە بەریەوە هەبێ هەندێکمان تێی بگەین و هەندێکیشمان نا!

بەزۆری، نووسەرانی شاری سلێمانی، دەنووسن (پیاوێکی کە - دارێکی کە - ناوی کە - بەردی کە) مەبەستیشیان (پیاوێکی دیکە و دارێکی دیکە..)یە وا دەبێ بەکارهێنانی ئەم (کە)یە لە شوێنی وەهادا سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ. بێگومان (کە)ی ئەم جێگایانە کورتکرایەوەی (دیکە)یە کە مافی ئەوەی نییە لەهجەی شار و گەڕەکی خۆی بسەپێنێ بەسەر شێوازی نووسین و ڕێزمانی ئاخاوتنی زمانی میللەتێك. هەرچەند شێوە ئاخاوتنی سلێمانی بەلای باوەڕی منەوە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی زارەکانی کوردیدا دێت، دیسانەوە ناشێ ئەو تایبەتییانەی خۆی کە لە ڕاستە شەقامی کوردییان لاداوە بیانکا بە دەستوور و دەستووره ڕاست و ڕەوانەکانیان پێ کوێر کاتەوە.

نابێ (بچۆرەوەوانێ) بە خۆی و بەم هەموو قورسایی و درێژاییەیەوە نەفەسی (بچۆوە) ببڕێت، هەروەها وشەی (مەند، نەفەندی، دەربەند...) ناشێ بکرێنە (مەنگ، نەفەنگی، دەربەنگ...).

بە نموونە دەڵێم لە فرەنسیدا شێوەی پاریس هەرە پێشکەوتووی ئاخاوتنی میللەتی فرەنسییە، خەڵقی پاریسیش دەنگی (ر) بە (غ) دەخوێننەوە، بەڵام لە نووسینی فرەنسیدا ئەم (ر)ە هەر بە (ر) دەنووسرێت با خەڵقی پاریسیش بە (غ)ی بخوێننەوە..

لە میسر دەنگی (ق) بە (ك) واتە (هەمزەی عەرەبی) دەنگی (ج) بە (گ) دەخوێنرێتەوە، بەڵام ئەوانیش لە نووسینی ئەدەبی و ڕەسمیدا هەر بە (ق، ج) دەیاننووسن تەنانەت بەشێکی زۆری فارس دەنگی (ا) دەکەن بە واو و دەڵێن (تەهروون - لە جیاتی تەهران) بەڵام لە نووسیندا ئەلفەکە هەر ئەلف دەمێنێتەوە.

خەڵقی سلێمانیش ئازادن لەوەدا بەقسەکردن چۆنیان بەلاوە خۆشە وەها وشە و پیتەکان دەربڕن، لە زەرووورەتی شیعریشدا چ گلەییەك نایێتە سەر ئەو کەسە شێوەی ناوچەی خۆی بەکار بهێنێت، بەڵام نابێ ڕێ بەخۆدان لەوەندە تێپەڕ بکات. ئەم گوتەیەشم بەرامبەر هەموو کوردە، بەڕێکەوت پتر پەخەگیری شێوەی سلێمانی دەبێت لەو ڕووەوە لە سەدی هەشتا وەیا زیاتری نووسینی کوردی لە شاری سلێمانی وەیا خەڵقی سلێمانییەوە زەنە دەکات.

با پێشەکی بکەم لە کەسێك بپەوێ لە تۆڵەی ئەو ڕەخنانە ڕەخنەی هێندێم لێ بگرێ کەوا من ناوناوە دەنووسم (دەکا، دەبێ) و ناوناوەیێکیش (دەکات، دەبێت ..). ئەم (ت)ەی کۆتایی فیعلەکانی (دەکات، بکات، دەکەیت، بکەیت) دەمەتەقەیێکی زۆری لەسەر هەیە. ئەوەی ڕاستیش بێ ڕەنگە یەکەم دەمەتەقەی گەورە کە لەسەریان هەڵستابێ لەلایەن منەوە بووبێ، تەنانەت لە گوتارێکی دوور و درێژمدا لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا (بەرگی دووەم) ئەختێك بە درێژی لەسەر ئەم (ت)انە دواوم بەلای منەوە (دەبێ، دەبێت، دەبێتن، ببێ، ببێت، ببێتن) هەروەها (دەکەی، دەکەیت، بکەی، بکەیت) هەموویان ڕاست و دروستن و بەدرێژاییی کات، لە کۆنەوە، بەسەر زار و خامەی میللەتی کورد و نووسەرانی کوردەوە بوون. کەس ڕێی نییە شەقامەڕێی بەرفرەوانی مێژووی ئاخاوتنی کوردی لە خۆوە کوێر کاتەوە .. قسە درێژەی هەیە و دەرفەت تەسك.

با بگەڕێمەوە سەر گوتارەکە خۆی.

لە ستوونی دووەمی لاپەڕە ٢٢ لە دێری شەشەمدا وشەی (هەڵگرتو) هەیە. ڕاستی ئەم وشەیە کە لە سەروبەری ژن هەڵگرتندا بەکار بێ (ژن هەڵگرتو)ە نەك (هەڵگرتو)ی سادە، چونکە بە تەنها چ دەلالەتێك نایگێڕێتەوە بۆ لای ژن، لەوانەیە هەنار هەڵگرتو وەیا بەرد هەڵگرتو بێ. لێرە بەدواوە لەسەر ئەم داڕشتنەی وەك (هەڵگرتو، گرتو، بەرکەوتو، کەوتو، نوستو، کوشتو ...) ئەختێك وردبوونەوە دێتە پێش.

هەر لە هەمان لاپەڕە ٢٢ لە ستوونی سێیەم و دێری هەشتەمدا وشەی (پێ هەڵسەرەکان) بەکار هاتووە بەپێی ناوێ بڵێم ئەم داڕشتنە بۆ دروستکردنی (ناوی کارا – اسم فاعل) بەکار هاتووە لە (کار – فعل)ی (هەڵستا – هەڵستان). ئێمە ڕێمان هەیە لە زۆر ڕووەوە ئەم (پێ هەڵستان)ە هەڵسەنگێنین و بڵێین ئاخۆ دەشێ لە کوردی (قام

بە)ی عەرەبی بۆ هەمان مەبەس وەرگێڕینە سەر (پێ هەڵستا..)؟ کە ئەمەشمان بەکلا کرد ئەوسا بپرسین ئاخۆ دەبێ بڵێین (بە کارەکە هەڵستام؟ کارەکە پێ هەڵستام؟ بە کارەکە پێ هەڵستام؟) ئاخۆ (هەڵستان) کە خۆی فیعلێکی لێکدراوی تێنەپەڕە (واتە لازمە) دەشێ بەهۆی پێشگرێکی وەک (پێ) بکرێتە تێپەڕ؟ چونکە دەزانین کاری (هەڵستان) تێنەپەڕە و کاری (پێ هەڵستان) تێپەڕە؛ لە عەرەبیدا تێپەڕکردنی کار (تعدیة الفعل)ی تێنەپەڕ بەهۆی (حروف الجر)ەوە دەستوورێکی بەرفراوانی زمانەکەیە. تۆ بڵێی لە کوردیدا ئەمە بلوێ و بشێ؟ من لەو هەموو پرسیارانە و هی تریش، واز دێنم بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی تری ئەم قاڵبە دارشتنەی (پێ هەڵسەر).

دارشتنی ناوی کارا (اسم فاعل) لە کوردیدا بە هۆی لکاندنی (ەر) بە کۆتایی فیعلەوە شتێکی تازە داهاتووی نووسینی کوردییە. لە کۆنەوە (نووسەر و خوێنەر و کوژەر) بەکار نەهاتوون. ئەوەی زیهن بەسەمەوو دەبا لەم شوێنەدا ناوی کارا (اسم فاعل)ی لێکدراوی وەک (نانکەر، باریەر» و هی ئەوتۆیە کە لە ڕواڵەتدا ئەمرازی (ەر)یان بە دواوەیە و لەوەڕا مرۆڤ بیری بۆ ئەوە دەچێ کە (نووسەر، خوێنەر)یش وەک ئەوان دارێژێ. باسەکە ئەختێک وردبوونەوەی دەوێ بەنیسبەت زمانزانەوە چ جایی ئەوەی بەزمانەوە خەریک نەبووبێ. من لێرەدا بە کورتی و بەوردی لێی دەدوێم تا بگەمە ڕوونکردنەوەی تێبینییەکی تر. وشەکانی (نانکەر، باریەر» وەک وشەکانی (نانخۆر، جلشۆر، دووربین، سەربڕ) جۆرێکن لە ناوی کارای لێکدراو (اسم فاعل مرکب). لەم تەرزە دارشتن و لێکدانەدا کەرتی دووەمی وشە لێکدراوەکە کە لە فیعلەوە هاتووە سەربەخۆ واتا نادا. سەیری وشەی (پیاوکوژ) بکە. کەرتی (کوژ) لە وشەکەدا کە لە (کوشتن)ەوە هاتووە بە تەنها هیچ واتایێک ڕاناگەیەنێ. هەروەها لە (نانخۆر، جلدرو، سەربڕ)یشدا «خۆر، درو، بڕ» هیچ کامێکیان مەبەستێکی تەواو بەدەستەوە نادەن. لە وشەی وەک (نانکەر، باریەر)یشدا (کەر، بەر) ئەوانیش لەخۆوە واتای تەواویان نییە. ئەم پیتەی (ر) کە لە کۆتایی وشەکاندا هەیە هەر هەمان پیتی ناو فیعلی (کردن ، بردن)ە نەک لەلاوەڕا هاتووە وەک ئەمرازی کارایی (فاعلیة). سەیرکە (نانخۆرم) ئەویش پیتی (ر)ی تێدایە چونکە لە فیعلی (خواردن)دا ئەم (ر)ە بە ئەسڵ هەیە.

لەم شێوە دارشتنەدا ئەوەندەی فکرم کردبێتەوە تەنها لە دوو فیعلی (دان ، نان) پیتێکی (ر) لەلاوە دێ و کەرتە ناتەواوەکە دروست دەکا و دەگوترێ (نانەر، چێشت

لێنەر) بەنیسبەت (نان)ەوە ڕەچاو دەکرێ کە ئەم فیعلە بەبێ پێشگر بەکار نایێت دەگوترێ (هەڵنان، لێنان، تێنان، ڕاونان). تەنها لەگەڵ وشەی (ناو)دا دەشێ بێ پێشگر بەکار بێ وەک کە بڵێی (ناوم نا دارا). بەڵام دەبێ ئەوە بزانین لێرەشدا ئیمکان هەیە پێشگرەکە بێتەوە و بگوترێ (ناوم لێ نا دارا). لەمەش زیاتر دەبێ لەبیر نەکەین کەوا ناوی کارای لێکدراو (اسم فاعل مرکب)ی ئەم فیعلەش بەبێ پێشگر دروست نابێ. تۆ دەتوانی بڵێی (ناو لێنەر) نەک (ناو نەر).

بەهەمەحاڵ ئەم تازە قاڵبەی ناوی کارا (اسم فاعل)ی وەک (کوژەر، نووسەر، بینەر) بووە بەداهاتێکی زمان و ئەدەب نە بەکەس ڕەش دەکرێتەوە نە لە ڕەشکردنەوەی چ سوودێک پەیدا دەبێ. من بۆ خۆم بێ پەروا بەکاریان دێنم. ئەمانە و گەلێک باس و خواسی تر لەسەر ئەم جۆرە داڕشتنە ئەویاوە هەڵدەستێ و لێرەدا جێی هەموویان پەیدا نابێ. ئەوەی ڕاستی بێ سەرلەبەری تێبینییەکان ئەو تێبینییە بنجی و تایبەتییە نییە کەوا ڕاستەوخۆ لە وشەی (بێ هەڵسەرەکان)ەوە هەڵدەقووڵێ. لەم وشەیەدا دەستوورێکی گرنگی داڕشتنی ناوی کارای لێکدراو (اسم فاعل مرکب) لە دوو سەرەوە ژێرپێ خراوە:

لە سەرێکەوە ئەو ڕاستییەی لەبیر کردووە کەوا کەرتی فیعل لە ناوی کارای لێکدراودا کورتەیێکی فیعلەکەیە نەک هەموو فیعلەکە. تۆ دەڵێی (پیاوکوژ، کاغەزنووس) ناڵێی (پیاوکوژەر ، کاغەزنووسەر) کەچی (بێ هەڵسەر) سەرلەبەری فیعلی (هەڵستان)ی تێدایە.

لە سەرێکی ترەوە کە ئەمەیان یەکجار گرنگتریشە فیعلێکی تێنەپەڕ (لازم)ی کردووە بە ناوی کارا (اسم فاعل) لە حاڵێکدا داڕشتنی ناوی کارا بە لێ زیادکردنی (ەر) لە کۆتایی فیعلەوە تەنها بۆ فیعلی تێپەڕ دەست دەدا و ناشێ و ناگرێ فیعلی تێنەپەڕ بکرێ بە بنگەی ئەم داڕشتنە. سەیری وشەکانی (نووسەر ، کوژەر ، بینەر ، نێرەر...) دەبینی هەموویان فیعلی تێپەڕن نە لە کەس بیستراوە و نە بۆ کەس جایەزە بڵێ (نووستەر ، ڕۆیشتەر ، هەڵستەر، کەوتەر) ناوی کارا لە کار (فعل)ی تێنەپەڕ تەنها یەک جۆر داڕشتنی هەیە ئەویش بەزیادکردنی (و) لە کۆتایی کارەکەوە دەڵێی (نوستو، ڕۆیشتو، هەڵستاو، کەوتو، هەلیسکاو، سوتاو...) فیعلی تێنەپەڕ بەرکار (مفعول)ی نییە تاکو داڕشتنی وەک (نانخۆر، دەستشۆر)ی لێ پەیدا بێ. ئەمە دەڵێم لەو ڕووەوە کەوا شتێکی ئاشکرایە لە وشەی وەک (نانخۆر، پیاوکوژ) کەرتی یەکەمی وشەکە

بەرکار (مفعول)ە و پێش کەرتی فیعلەکە کەوتووە، دیارە لە فیعلی تێپەڕیش بەولاوە فیعلی تر پێویستی بە بەرکار نییە.

لەبارەی ئەم قاڵبە داڕشتنەی ناوی کارای لێکدراوەوە دوو تێبینیی تری زندە گرینگ هەیە دڵم نایێ لە خوێنەری بشارمەوە چونکە هەر یەکێك لەوان لایەنێکی مووقلاشی و وریەکاریی زمانی کوردی نیشان دەدات.

تێبینیی یەکەم ئەمەیە: لە داڕشتنی ناوی کارای لێکدراوی وەك (پیاوکوژ، نانخۆر، جێگر، دووربین) واتایێکی وەصفیی بەردەوام پەیدا دەبێ نەك کاتی، کە دەڵێی (ئەم پیاوە پیاوێکی تەلاقخۆرە) مەبەست ئەمەیە کەوا کابرا تەلاق خواردنی لێ بووە بەپیشە. بەلام کە گوتت (کوا کابرای تەلاق خواردو؟) ئەو کەسەت لە خەیاڵدایە کە تەلاقی بەسەر زاردا هاتووە نەك پیشەی تەلاقخواردنە. وا دیارە لەم شێوە داڕشتنەی وەك (نانخۆر، دووربین، پیاوکوژ) کەوا لێکدرانەکەی بووە بە جۆشخواردن لە ڕێی کورتکردنەوەی کەرتی فیعلەکانەوە لە وشەکاندا، زیهن و سەلیقەی کورد هەستی بەمە کردووە کە جۆش خواردنی وشە لەگەڵ بەردەوامبووندا پتر دەگونجێ.

تێبینیی دووەم: ئەمەیە لە وشەی لێکدراوی وەك (گۆشتخواردو- گورگانخواردو- مەڕکوشتو- زەهر کوشتو، ڕۆژووشکاندو - شێرشکاندو)دا کە هەموویان لە فیعلی تێپەڕەوە وەرگیراون ئەم داڕشتنانە جارێکیان دەبن بەناوی کارای لێکدراو (اسم فاعل مرکب) جارێکیشیان دەبن بە ناوی بەرکاری لێکدراو (اسم مفعول مرکب). هەر ساتێك وشەی پێشەوەی داڕشتنەکە لێی وەشایەوە بەرکار (مفعول) بێت واتای هەموو وشەکە دەبێتە ناوی کارا (اسم فاعل) چونکە دیارە بەکار (مفعول) چاوەنۆڕی کارا (فاعل) دەکات بۆیە کەرتی دووەمی وشەکە (خواردو) دەبێتە تەواوکەری واتای کارا (فاعل). بەپێچەوانە کە وشەی یەکەمی لێکدراو کە لێی وەشایەوە کارا (فاعل) بێ بەهۆی ئەوەوە کە کارا داوای بەرکار دەکات تێکڕای واتای لێکدراوەکە دەبێتە ناوی بەرکار.

بەنموونە کە گوتت (گۆشتخواردو) چونکە گۆشتەکە دەخورێ واتای وشەکە دەبێتە ناوی کارا. بەلام کە گوتت (گورگخواردو) چونکە گورگ دەخوا و ناخورێ واتە کارایە نەك بەرکار، واتای سەرلەبەری وشەکە دەبێتە ناوی بەرکار. پوختەی گرتە ئەمەیە کارایی و بەرکاری (فاعلیة و مفعولیة)ی ئەم وشانە پێچەوانەی کەرتی یەکەمی وشە لێکدراوەیەکە. بەلام وا دەبێ یەك وشەی لێکدراو بەپێی داخوازیی جێگە جارێکیان ناوی کارا و جارێکیشیان ناوی بەرکارە بە نموونە کە بڵێی «گورگخنکاندو» لەوانەیە

مەبەستی ئەو بەرخە بێ کە گورگ خنکاندبێتی، لەوانەیشە مەبەستی ئەو سەگە بێ کە گورگی خنکاندبێ.

دەگەڕێینەوە بۆ وشەیێکی تری گوتارەکەی (بەیان) لە هەمان ستوونی چوارەمی لاپەڕە (٢٢) لە دێڕی (٢٥)دا وشەی (گێڕاندنەوە) هەیە. ئەختێك لێ وردبوونەوە دەری دەخا ڕاستیی وشەکە (گێڕانەوە)یە نەك (گێڕاندنەوە) چونکە بەهۆیَ فیعلێکی تێنەپەڕ بەهۆی پاشگری (اندن)ەوە بکەی بە تێپەڕ دەبێ دەست لە تەرکیبی فیعلە تێنەپەڕەکە نەدەیت، هەر ئەوەندەی لەگەڵدا بکەیت کە (اندن)ی بخەینە سەر. لێرەدا فیعلە تێنەپەڕەکە (گەڕانەوە)یە کە ئەویش بۆ خۆی لە (گەڕان)ەوە هاتووە، کەواتە دەبێ دەست لە تەرکیبی نەدەین و یەکسەر بیکەینە (گەڕاندنەوە) وەك (کوژانەوە – کوژاندنەوە ، برژانەوە – برژاندنەوە...).

بەلام ئەم فیعلەی (گەڕان – گەڕانەوە) وەك کۆمەڵێك فیعلی تر دەتوانرێ بێ پاشگری (اندن) بکرێتە تێپەڕ لە ڕێی سیغەیێکی تایبەتییەوە کە دەماودەم و پشتاوپشت هاتووە ئەویش سیغەی (گێڕانەوە)یە. دیارە کە گێڕانەوەمان بەکار هێنا دەخلێکمان بەسەر پاشگری (اندن)ەوە نامێنێ و نابێ بڵێین (گێڕاندیەوە). ئەمە چەند نموونەیێك لە فیعلی وەك (گەڕا – گەڕاندی – گێڕان).

فیعلی تێنەپەڕ	فیعلی تێپەڕ بەهۆی (اندن)ەوە	فیعلی تێپەڕی ڕاستەوخۆ
کەوت	کەوتاندی، کەواندی	خستی
دڕا	دڕاندی	دڕی
گەڕا	گەڕاندی	گێڕای
بڕا	بڕاندی	بڕی

ئەم جۆرە فیعلانە هی تر زۆر هەن لزووم بە گوتنەوەیان ناکا. فیعلی ئەوتۆشی هەیە ڕاستەوخۆ بێ (اندن) دەکرێ بە تێپەڕ وەك:

هات هێنای

هەڵ بوو هەڵی کرد

گیرا گرتی . . هتاد.

دەمەوێ لێرەدا بڵێم ڕێگەت نییە فیعلێکی وەك (کەوت) بکەیتە (خستاندی) یاخود

(گەڕا) بکەیتە (گێڕاندی) واش دەزانم ڕوونکردنەوەی تر پێویست نییە، چاوی کورد بە ئاسانی ئەم وردەبیانە دەبینێ هەر هێندەی پێ دەوێ دەستێکی بۆ ڕابهێڵێ.

خوێنەر بمبەخشێ لە بەکارهێنانی ڕێنووسی هەمەچەشنە چونکە دەستم بەڕێنووسی کۆن ڕاهاتووە و چاویشم گەلێک ڕێنووسی تر دەخوێنێتەوە، تێبینیی هەبوون و نەبوونی پیتی داڕژاوی کوردیش دەکەم لەو چاپخانەیەدا کە گۆڤاری (بەیان)ی لێ چاپ دەکرێت. من لە نووسینەکەمدا تەنها لایەنی زمان و ڕێزمانم بەهەند هەڵگرتووە، لەو پەلەپەلەی کە خۆشی تێدا دەبینم پێم نەکرا چاوێک بە نووسینەکەمدا بخشێنمەوە یاخود پاکنووسی بکەم. کە هەڵەیێک لە چاوان چەقی حەز دەکەم ڕێی ڕاستکردنەوەی لێم نەگیرێ و دەرفەتم پێ بدرێ بۆ دەربڕینی بیروباوەڕی ترم، کە هەمبێ، نەک هەڵەکەم یەکجارەکی لەسەر حیساب بکرێ.

دوور کێشانەوەی نووسینەکەم لێرەدا وەستاندمی لەوە چی تر چینە بکەم لە کێڵگەی گوتارە دڕخدارە خۆشەکەی (ڕەدووکەوتن)، کەواتە چی تر (بەدووی ناکەوین)

بەیان، ژمارە ١٨، ١٩٧٤

شاکارێکی ئاگرین

پێشینان بێ ئەوە خۆ باوێننە ژێر باری زێدەسەختی گەیشتن بەدۆزینەوەی هۆیە نهێنییەکانی هەڵکەوت و ڕووداو، بابی ئەوەی ڕواڵەتی بەسەرهات لێی بومشێنەوە هەندێ کۆمەڵایەتییان لێ وەرگرتووە و بەپاساکانی ئەو پەندانەش ڕازی بوون، یەکێك لەو پەندانەی بڕیاری ڕواڵەتی بەسەرهات سەپاندوویەتی گوتەی یەکجار پەرەسەندووی بێ دەستەقەی بەخت و تالەە. منیش وەك پێشینان لەم گوتارەمدا پەیڕەوی ڕواڵەت دەکەم و دەڵێم بەخت و تالع بۆی هەیە ئەگەر بۆی نەبا چۆن ڕەوای هەقە پێنج خشتەکییە یەکجار نرخدارە پیرۆزە ئاگرینەکەی مەلا حەسەنی (قازیی هەڵەبجە) کە سەردەمێك لە پایەی مارسیلیەزی کوردی بوو بەم شکڵە بنبوور بکرێ و پشتگوێ بخرێ وەك هەر ڕۆژێك لە ڕۆژان لەبەر گوێی گەلی کوردا نەزرینگابێتەوە:

ئەی کوردی ستەمدیدەیی مەزڵوومی سەهەجار
وەی میللەتی مەعسوومەیی بەدبەختی گرفتار
تاکەی لە خەوان ئێوە و دوشمن هەموو بێدار
تاچەن ئەبێ هەر مەست بن و خەڵقی هەموو وشیار
خۆتان نەکەنە مەزحەکەیی مەحرەم و ئەغیار

عالەم هەموو مەشغوولی تەلاش و وەس و بردە
هەر میللەتە بۆ خۆیە هەریەکی زەد و خوردە
هەر کەس لە بۆ خۆی حاکمی خۆیە وەکو مەردە
مەحروومی هەموو حەق و حقووق میللەتی کوردە
ماتەم زەدە و سووك و پەریشان و گرفتار

لەم نەفەسی گەرم و هۆندنەوەی شاعیرانە و هەست و سۆزی کوردایەتییەوە چوارینە برگەی پێنج میسرەعی دەخوێنیتەوە کە هەموویان نموونەی ئەدەبی پێشکەوتووی ئەوسا و ئێستا و هەموو ڕۆژگارێکن، لە هەندێ شوێنیش هێندە بەرز بۆتەوە و سەرەوژوور تێ هەڵکشاوە، تاك تاکە نەبێ، دەستی هونەرکار و ئەدیبی ناگاتێ. هەر لە بیرمە لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییمدا، کە منداڵ بووم و تازەمەتازە گروگاڵی

کوردایەتیم دەکرد لەگەڵ هاوڕێکانی ئەوسام. سەرگەرمی خوێندنەوە و گوتنەوەی نەشید و هەڵبەستی نیشتمانپەروانە بووم و گەلێك جار لە خوێندنەوەیاندا خۆم و هاوڕێکانم جۆش و خرۆشی ساف و بێگەردی کوردایەتی پەیتاپەیتا موچڕکی بە لەشە ساواکانماندا دەهێنا. تا لەو کاتە پڕ جەزبە و عیشقی کورد و کوردستاندا ئەم پێنج خشتەکییە لە نێوان ئاڵقەی جەزبەگرتووانی کوردپەروەردا وەك بۆمبای ئاتۆم تەقییەوە و چەند جار لە تین و تاوی جەزبەی کۆنی حەڵقەکەی زیاد کرد و نەشید و هەڵبەستەکانی لە خۆی بەهێشەوەی خستە نزمایی و تاریکاییەوە. بەڕاستی کورد لەو کاتەدا کە تازە برینی کارەساتی کوردستانی باکور کەوتبووە دڵییەوە پێویستی بە هەڵبەستێکی بورکانی بوو هاوتای بورکانی ئەوە نگبەتە بێ و هێندەی ئەو کەفوکوڵ و هەستی پەرۆش و ڕق خەفەت و بەزەیی هەڵڕێژێ. لەو ماتەمە زلەی میللەتی کورد نووزانەوە و لاوانەوەی نەرمەگریان و سینە کوتانی کلاسیکی گوێچکەی شێوەنگێڕ، کە گەلی کوردە، نەیدەبیست.

دەبوو دەنگێکی وەك قرتەنە و بلەرزە باوکەڕۆ و ڕۆڵەڕۆی کوڕی شەهیدان هەڵگێڕێتەوە بە نرکە و نەعرەتەی کوڵنەدان بۆ بەرگوێچکەی کورد و ئادەمیزاد و مێژوو پێنج خشتەکییەکەی مەلا حەسەن لەو دەمەدا ئەو قرتەنەیە بوو کرۆژنی شێوەن و للفەی غەزەب و چریکەی هاندانی کردە یەك سیمفۆنیی قەومیی پڕ لە هارمۆنیی مێژوویی.

بەس تاڵیی تالانی یەك و کوشتنی یەك بن
بەس جاهیدی بێ دەستی و دەست بەستنی یەك بن
بەس سانیلی فەوتانی یەك و مردنی یەك بن
مەشغوولی برایەیی یەك و یەکخستنی یەك بن
تا کۆمەڵ و یەکدەستە و یەك بن وەکو ئەغیار

هەڵسن لە خەوێ خزمە دەم و چاوێ بشۆرن
چاوێکی هەڵێنن لە چەپ و ڕاستە بنۆڕن
پرسێکی لەیەك کەن لە چ ئەحواڵ و چ شۆڕن
ئەم عالەمە بۆچ عاجز و بێ کەیف و سروورن
بۆچی دەکەن ئەم کوردە فەقیرە هەموو هاوار

ئەم دەنگ و هەرا و نالە و شینە لە چ لایە
ئەم تاهی جگەرسۆز و گریینە لە چ لایە
ئەم گشت جەزەع و کوشت و بڕینە لە چ لایە
سەرچاوەیی ئەم چەشمەیی خوێنە لە چ لایە
چی بێ ئەبێ ئەم شۆڕش و غەوغایە لە ئەقتار

ئەم دەنگە هەموو ناڵەیی کوردانە لە دەست غەیر
ئەم شۆرە سەدای شیوەنی کوردانە لە دەست غەیر
ئەم ترکە هەموو سۆزشی کوردانە لە دەست غەیر
ئەم خوێنە گەشە خوێنی شەهیدانە لە دەست غەیر
ئەم نەعرە هەموو نەعرەیی کوردانە لەسەر دار

لەمانەدا شاعیر هەڵبەستەکەی بەبەر قەلافەتی خوێناویی ئەنجن ئەنجکراوی ئەوسای گەلی کورد بڕیوە. کەپلی هەڵبەستیشی ئوستادانە چین چین هەڵناوە و پێیەیێ بەرەو پۆپەی بەیکەری درامی بردووە تاکو لەگەڵ تەرمی شەهیدانی کورد بەسەردارەوە هاوشانی کردووە.

ئەگەر پەندی کۆنینەی بێ تالع و بەختی، لەم ئاگرستانە بەراست ئەگەڕابێ بۆ ئەمێ ناوێکی ئەبرێ و دەنگێکی ئەبیسترێ و چ زمانێک ئەیڵێتەوە و چ چاوێک ئەیخوێنێتەوە. بەشەرمەوە ئەڵێم ناوناوە نووسەرێکمان زەنگێکی مۆزیە و خۆشیمان بۆ لێ ئەدا و پەڵێنی بڵاوکردنەوەی گەنجینەیەکی ئەدەبیی شاراوەمان پێ ئەدا. واش ئەبێ نووسەرێکی تر گوتار بڵاو ئەکاتەوە وەک ئەم گوتارەی من. شیعر و شاعیرێکی پێ هەڵئەداتەوە کەچی ئەوەی دێتە ناو کەشکۆڵی تەوەقوعمانەوە شتێک ئەربەچێ ئەگەر لەبەر ناچاریی ئەورێشانەمان ئەبێ ئەوە نییە چ کەشکۆڵێک بەخۆیەوە بگرێ. پێی ناوێ من بڵێم هەرچی کێش و قافیەی هەبوو مەرج نییە شیعربێ، هەموو شیعرێکیش هی هەڵدانەوە نییە. تەنانەت کۆبوونەوەی دانا و کێش و قافیەشی نابێتە شیعر ئەگەر مۆسیقاکەی خۆش نەبێ وەیا هێزی بزافتنەوەی گیانی گوێگری نەبێ وەیا دارشتنەکەی هونەرکارانە نەبێ:

تا دوشمن بژی لە نێو ولاتان
هەر ژێردەست ئەبین ناپێ نەجاتان

بەشیرە و نەهیچ ناخۆ چ فەرقێکی دەکرد ئەگەر بگوترابا.

تـا دوشمـن بـژی لـە نێو ولاتمـان
هەر دوشمن دەژی لە نێو ولاتمان

یاخود یەکێك بێ و بڵێ دوێنێ شەو تا بەیانی ڕۆژ هەڵنەهات، وەیا من بڵێم بەدرێژایی نووسینم خەوم لێ کەوتبوو. ژێردەستبوون و نەجاتنەبوون بەیەکەوەبیان هەندێکن و کەرتێکن لە ئەنجامە پان و قووڵەکەی ژیانی دوشمن لە ولاتندا.

پێی ناوێ من یەخەی ئەم بەیتە بەستەزمانە بگرم و بەری نەدەم چونکە گەلێك جـاران هـەڵبـەست و پەخشانی هـاوتـای ئـەم بێیدا هـەڵدەگوترێ و نوقڵی شاباشی بەسەردا هەڵدەدرێ، مەبەستیشم لێرەدا ئەوە نییە دەست لەسەر بەرهەمی ئەم و ئەو دانێم و بیکەمە بەڵگەی گوتەکانم هەرچەند هەندێك لەو بەرهەمانەی مەدح دەکرێن وەك (نان و بەفرەکەی) مەلای مەشوور وایە کە خەڵق پەسندیان نەکرد و ئەویش گوتی ئەوەی ڕاستی بێ بۆ خۆشم ڕام لێی نییە. چونکە گومانم نییە لەوەدا بەرهەمی بێ کەڵك کەسیش لە دژی ئەوەستێ لە خۆوە دەمرێ. کەواتە پێویست نییە نووسینی من یا یەکێکی تر خێرایی بکا لە مردنی.

لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا مرۆڤ پەرۆشیەتی بەرهەمی کز و لاواز لە مافی خۆی زیاتری پێ بدرێ، لەوە هەر گەرێ بەر لەو مافە زیادە لە سەرەتاوە خەڵقێکی زۆری بە خۆیەوە خەریك کردووە و ڕووپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامانی داگیر کردووە و کرێکار و فەنییەکانی چاپخانەی عەوقاندووە و لە ئەنجامدا پەنجەیێکیش دەخاتە گیرفانی خوێنەرەوە و باجی خۆی لێ دەستێنێ.

وەك گوتـم سەرلـەبـەری پێنـج خشتـەکییەکە ١٤ برگەیە واتە جگە لەو شەشەی بەنموونە هاتنە ناو ئەم نووسینەوە هەشتی تری ماوە ئەوانیش لەم ڕێکار و هێز و ئەوزەمەدان، بەلام ئەمویست ڕووپێوی زۆری بێ گرمەوە لە ڕووپەڕەکانی بەیان بۆیە نەمهێنانە ناو نووسینەکەم، لێرەشدا کۆتایی بە گوتار دێنم بە ٣ میسرەعی یەکێك لە برگەکان و دیهانکەم بەسکالای تایبەتی خۆم و گولاوپژانی ڕووی خوێنەران.

وا چاکە هەموو موتەحید و یەك دڵ و چا بین
بۆ یـەك نـەکو وەك دەستەبرا هەمنی برا بین
مەردانە لە بۆ مەقسەدی یەك پشت و پەنا بین

بەیان، ژمارەی ٢١، ١٩٧٥

فۆلكلۆر

بەشی یەكەم

فۆلكلۆر وەهای شۆرەت بەستووە لە نێوان نووسەر و خوێنەراندا كەوا بەو بەرهەمە ئەدەبییە وەیا هونەرییە دەگوترێ خاوەنی ناسراوی نەبێ و بە ماڵی هەموو میللەت لە قەڵەم درابێ.

ئەم ناساندنە و سنوور بە دەورەدا كێشانە گەلێك ڕاستیی گرنگ بە دەوری فۆلكلۆرەوە دەشارێتەوە چ لەلایەن قاڵبەوە بێ و چ لەلایەن ناوەرۆكەوە بێ.

فۆلكلۆر بەر لەوە خاوەنی ناسراوی هەبێ یا نەبێ خۆی لە خۆیدا تایبەتییەكە كە ئەگەر لێی دابڕا لە (فۆلكلۆرایەتی) دەكەوێت و دەبێتە شتێكی تر. فۆلكلۆر خاوەن شێوازێكی سەربەخۆیە وەك شەقڵ (علامة فارقة) پێی دەناسرێتەوە. ئەم شێوازە هەرچەند بەر تەعریفێكی پتەو و مەحكەمیش نەكەوێ، یاخود با بڵێم ئەشتوانین تەعریفێكی ڕێكوپێكی بۆ دانێین كە لە شتی تری هەڵاوێرێ، بەزەوق و سەلیقە و هەستی گشتیی مرۆڤ دەناسرێتەوە و سەهووی تێدا ناكرێت.

فۆلكلۆر چونكە لە دڵ و دەروون و قەناعەت و تەجرەبەی میللەتەوە هەڵدەقووڵێ شێوازەكەشی (میللی) دەبێت، واتا لەو شتانە و لەو گوتانە دەچێت كە تێكڕای میللەت دەیكات و دەیڵێت. پاش هەبوونی ئەم مەرجەی (میللیبوون)ی شێوازی بەرهەمی هونەری وەیا ئەدەبی، ناسران و نەناسرانی خاوەنەكەی دەخلێكی نامێنێ بەسەر (فۆلكلۆربوون)ی بەرهەمەكەوە. ئەو لاوكەی (حەسەن جەزراوی) دەیچڕێ بە فۆلكلۆر حیسابە ئەگەر خۆیشی بەندەكانی هەڵبەستبێ. زۆر جاران شاعیری قسەڕەوان لە كاتی هەڵپەڕكێدا بەستەی شایی هەڵدەبەستێ و كۆڕی هەڵپەڕینی پێ گەرم دادێنێ. ئەم بەستانە فۆلكلۆرن هەر چەند بشزانین كابرای شاعیر خۆی هەڵی بەستوون. بەستەی شایی هەمووی یەك شێوە و شێوازن خاوەنەكەی هەر كێ دەبێ با ببێ.

هەر لەم لێكدانەوەشەوە دەزانین ئەو بەرهەمە ئەدەبییە وەیا هونەرییەی كە شێوازەكەی (میللی) نەبێ بە فۆلكلۆر دانانرێ با خاوەنەكەشی نەناسرێ. گریمان غەزەلێك خاوەنەكەی نەناسراو مایەوە، هەرگیز غەزەلەكە ناچێتە ڕیزی فۆلكلۆرەوە وە

هەروەهاش پارچە مۆسیقایێکی نوێ نابێتە فۆلکلۆر هەرچەند دانەرەکەشی ناوی خۆی بەدەستەوە نەدات.

ئەگەر ئەمەی لێرەدا دەیڵێم ئەسڵمەندیێ بۆ دەرخستنی بابەتی فۆلکلۆری، دەبێ هەموو بەیتەکانی عەلی بەردەشانی لە ڕووپەڕەی فۆلکلۆری کوردی بسڕێنەوە. هەموو ئەو غەزەل و قەسیدانەی خاوەنەکانیشیان نەناسراون بچنە ڕیزی فۆلکلۆرەوە کە ئەمە کارێکی بریتییە لە ماڵ گوێزانەوەی فۆلکلۆر بۆ خانەیێکی تری نائاشنا و تێخزانی بێگانە لە ماڵەکەی فۆلکلۆر.

من ئەمە ناڵێم هەرچەند دەشزانم فۆلکلۆر بە زۆری لەو بابەتانە پێك دێت کە خاوەنی نەناسراوە ئەمە دەڵێم چونکە من بڵێم و نەڵێم (ناسران و نەناسرانی خاوەن) تێکەڵ بە سروشت و ناوەڕۆك و شێوازی فۆلکلۆر نابێت و دەخلێکیشی بەسەریانەوە نییە.

دەزانین بە عادەت پیاوی هەژار بیتاقەی دەرەجە دووی سینەما دەبڕێ و لە ڕیزە ناخۆشەکانی پێشەوە دادەنیشێت. بەڵام هەژار هەر هەژارە ئەگەر لە لۆجیش دانیشێت، دەوڵەمەندیش نابێتە هەژار ئەگەر بە قاچاغیش بچێتە ڕیزەکانی دەرەجە چوار. هەروەك هەژار و دەوڵەمەند بە جێگۆڕکێ خۆگۆڕکێ ناکەن، هەروەهاش فۆلکلۆر و بابەتی تر بە ناسران و نەناسرانی خاوەنیان بەیەکتر ناگۆڕێنەوە.

لەمەدا چ گرفت نییە بەڵام دەبێ وەرامی تێبینییێکی تر بدرێتەوە: دەگوترێ لە فۆلکلۆردا کەسایەتی و شەقڵی (دانەر) کە تاکێکی میللەتە دیار ناکەوێ و ئەوەی تێیدا دیارە گیان و هەست و جووڵەی هەناوی میللەتە وەك ئەوەی کە میللەت خۆی دانەرەکەی بێ.

ئەم تێبینییە زۆر ڕاستە بەڵام دیسانەوە چ دەخلێکی بەسەر ناسران و نەناسرانی دانەرەوە نییە چونکە بابەتی فۆلکلۆری، بەتایبەتی ئەوەی لە زارەوە دەربێت، دەبێ تاکێك دایبنابێت. کە گۆڕانیشی بەسەردا هاتبێت هەر تاك گۆڕیویەتی، خۆ میللەت لە سەرەتای دانانی بەندێك وەیا بەستەیێك نەهاتووە خۆی بکات بە (کۆرەس) و تێکڕای تاکەکانی بەیەکەوە دەنگ هەڵبڕن و قسەکانی بڵێنەوە تاکو بتوانین خۆ بدزینەوە لە دانپێنان بە دەوری تاك لە بەرهەمهێنانی فۆلکلۆردا.

ئەم ڕاستییانە بەولاوە بنێین کە لە ڕادەی بەڵگەنەویستدان، ئەگەر فۆلکلۆرمان لە

(تاك) ستانمەوە و بە گەلمان بەخشی، کە دەزانین ستاندنەوە بەخشینێکی بێ جێ و نارەوایە، چ شەرمەنێکی زیاد بە فۆلکلۆر دەگەیەنین کە پێشتر نەیبوو؟ ئەگەر دانیش بە دەوری تاکدا بێنین لە فۆلکلۆردا، کە دەزانین دان پێداهێنانێکی خوێندەوارانەیە، کام پایە و نرخمان لە فۆلکلۆر داشکاند کە پێشتر هەیبوو؟ دەبێ بزانین (گەلدۆستی) هەرگیز (تاکنەویستی) نییە. گەل بریتییە لە کۆمەڵێك (تاك) و چەندین ڕایەڵی کۆمەلایەتی لە بیروباوەڕ و نەریت و پێوەندی و چاکە و خراپە کە نایەنە ئەژمارەوە لە نێوان ئەم کۆمەلایەتییەدا خۆشی و ناخۆشیی تاکەکان ڕادەگەیەنێ ئایا کۆمەڵ بەختیار ە یاخۆ چارەڕەش؛ کۆمەڵ بۆ خۆی لەش و هەستی تایبەتی نییە تاکو لە خۆشیی و هەبوویی تاکەکان کەم کەینەوە و بەوی ببەخشین و بڵێین گەلمان شاد کرد. کە تاکەکانی ناشادبوون شادی لە نێوان گەلدا پەیدۆست دەکات. خۆ ماندووکردن بەرەشکردنەوەی دەوری تاك لە فۆلکلۆردا ڕاستەوخۆ دەمانکات بە ناحەزی گەل چونکە بەمەدا ستەممان لە تاکێکی هۆشیار (ڕەنگە دڵسۆزیش ڕاست بێ بگوترێ) و هونەرمەندی گەل کردووە و بایبی پوولێکیش سوودمان بە هیچ یەکێك لە تاکەکانی تری گەل نەگەیاندووە.

سڕانەوەی کەسایەتی و شەقڵی تایبەتیی دانەر لە بەرهەمی فۆلکلۆریدا، وەك پێشتر گوتم، مەرجێکی گرنگە لەو مەرجانەی بەرهەم دەیاتە ریزی فۆلکلۆرەوە، بەلام ئەم مەرجە لەلاوە خۆی بەمل فۆلکلۆر و دانەری فۆلکلۆردا نەبڕیوە بەڵکو لە سروشتی بابەتی فۆلکلۆرییەوە زەنەی کردووە وەك کە ناو لە کانی زەنە دەکات و لەلاوە بۆی ناخوازرێتەوە.

ئێمە کە سەلماندمان بابەتی فۆلکلۆری لە دڵ و دەروون و قەناعەت و تەجرەبەی میللەتەوە هەڵدەقوڵێ (وەك لە سەرەتاکانی ئەم گوتارەدا گوتم) بەوەدا شێواز و ڕێباز و دەم و ڕاوێژ و بەشی هەرە گرنگی ناوەرۆکیشمان لە بابەتی فۆلکلۆریدا دەستنیشان کردووە چونکە ئەوەی لە میللەت نەوەشایەوە و لەوانە نەبوو لەو هەڵستێ چ لەلایەن ناوەرۆکەوە بێ چ لەلایەن شێوەوە لە خۆوە بێ تێکەڵبوونی من و تۆ لە دەفتەری فۆلکلۆردا ڕەش دەبێتەوە یاخود با بڵێم ناچێتە دەفتەری فۆلکلۆرەوە چونکە بە خۆیەوە ناگرێ وەك کە مریشك جوجکەی لەگەڵەك بەخۆوە ناگرێ.

خوا لێخۆشبووی مەلا عەبدوڕەحمانی ڕاجی بەلاسایکردنەوەی عەلی بەردەشانی گەلێك بەیتی خۆشکەڵە و نێسك سوکی داناوون. ئەم بەیتانە لەلایەن شێوازەوە

کوتومت وەک هی بەردەشانی بوون، بەڵام ناتوانم بڵێم ناوەرۆکەکەشی بە هی ئەو دەگیران، ئێستا هێندەم بەبیر نەماوە بزانم ئایا چ بابەت و مادەی مەلایانە و خوێندەوارانەیان تێ کەوتبوو کە بیانکا بە ماڵی مەلا و خوێندەوار یاخود لەویشدا سادە ماڵی میللەت و عەوامی لە کار هێنابوو، لە فەرزی ناوەرۆکی ئەو بەیتانە سەر بە بابەتی فۆلکلۆری بن چ دەمەتەقە هەڵناستێ لەوەدا کە پێیان بگوترێ فۆلکلۆر هەرچەند دەمزانین مەلایێکی شاعیر دایناون چونکە ئەوەی کە لە فۆلکلۆر بە مەرجی بنجی بگیرێ تێیاندا پەیدا دەبێ هەر هێندە دەمێنێتەوە کە بەیتەکانم بۆ خوێندیتەوە پێت دەڵێم هی مەلا راجین، کە حاڵیش وابوو دیارە چ بایەخێک بەوە نادرێ ئایا پێم گوتوویی یا پێم نەگوتوویی بەیتەکانیان خاوەنیان هەیە یا نییە؟ ئەوەی بایەخدارە لێرەدا رادەی نزیکبوونەوەی بەیتەکانە لەو شێوە و ناوەرۆکەی کە ئەگەر میللەت بەیتان دابنێ، بەو شێوەیە و لەو ناوەرۆکەیان دادەنێ، ئەویەری داشکانی بەیتەکانیش لەلایەن فۆلکلۆربوونیانەوە ئەوەیە کە بگوترێ ئەو بەیتانە بابەتی فۆلکلۆرین و فڵانە کەس داینا‌ون کە ئەمە چ فەرقێکی نییە لەگەڵ ئەوەدا بڵێین بەیتەکان بابەتی فۆلکلۆرین و خاوەنیان نەناسراوە.

ئەم دەمەتەقەیەی کەم بایەخی، وەیا بێ بایەخی، ناسران و نەناسرانی خاوەنی فۆلکلۆر سەرەتایێکە لەبارەی لایەنێکی تا بڵێی یەکانەی دوورەهاوێژ کە بگیرێ بەو تایبەتی و سرووشت و خاسیەتەی کە لە ناوەرۆک و شێوازی فۆلکلۆردا دەبن بە ماک و پێکهێنەر.

رەنگە خوێنەر هەبێ بڵێ چۆن دەشێ (ناوەرۆک) دابلەنگێ و بخرێتە تای تەرازووی شێوازەوە وەک لەم رستەیەی مندا کە تازە بەکارم هێنا هەردووکیانم لە یەک رێکار (مستوی) داناوە؛ بێگومان ئەگەر ناوەرۆک مەبەس بوو لە بەرهەمدا شێواز ئەو نرخەی نابێ بیگەیەنێتە رەبزی ئەوەوە وەک کە دەبینین موعادەلەیێکی حیساب وەیا زانیارێکی جوغرافی وەیا پرسیارێکی فەلەکی لە هەر قاڵبێکدا بێت نرخی کەم و زیاد ناکات، بەڵام هەموو ئەو بەرهەمانەی کە بریتین لە (ناوەرۆک و شێواز) نرخی شێواز تێیاندا شانبەشانی نرخی ناوەرۆکەوە دێت، تەنانەت لە زۆر بابەتی هونەریدا نرخی شێواز پێش نرخی ناوەرۆک دێت چونکە مەبەستی یەکەم لەوێدا (جوانی، رێکی، جۆری تەعبیر، هارمۆنی و گونجان....) مەبەس دەبێ نەک مادەی بابەتەکە وەک کە یەکێک بە دوا خەتی خۆشدا بگەڕێ یەکەم شتێ مەبەسی دەبێ خەتەکە و شکڵەکەی دەبێ نەک

واتاکەی، تا ئەگەر دیندارێکیش بێ ڕازی نابێ پارە بە (بسم الله الرحمن الرحیم)ی ناخۆش نووسراو بدا بەڵام ڕەنگە ڕوباعییەکی پشت لە دیتی خەیام بە پارەیەکی زۆر بکڕێ بەمەرجێك خەتەکەی خۆش بێت. خولاسە لە گەلێك حاڵدا لایەنی (چۆن) بەسەر لایەنی (چی)دا زاڵ دەبێ، واتە شێواز لە پێش ناوەرۆکەوە دێت. بەداخەوە من لێرەدا دەرفەتی درێژە پێدان و شیکردنەوەی ئەم گوتانەم نییە کەوا بەڕاستی سەرلەبەری بەرهەمی زانستی و ئەدەبی و هونەری دەگرنەوە، بەناچاری ڕووی خامەم وەردەگێڕمەوە سەر تاکە باسی فۆلکلۆر بۆ ئەوە بزانرێ چۆن شێواز لە فۆلکلۆردا تای ناوەرۆك دەکاتەوە و لێی ناپچڕێتەوە. مەودای گوتار یەکجار بەرفرەوانە، من هەوڵ دەدەم بە چەند ڕستە و نموونە کورتە توێژینەوەیەکی تێدا بکەم و لێی بیمەوە بەڵکو نووسینەکەم بە بەر لایەنی تری فۆلکلۆر ڕابگات کە ئەگەر لێی نەدوێم وەك ئەوە دەبم کە هەر لە هیچی نەدوابم.

لە بەرەودوای بەشی دووەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی) چەند بەیتێکی عەلی بەردەشانیم لە کتێبی (ئۆسکارمان)ەوە ڕاگوێستەوە وا لێرەدا بێ دەسکاری دەیاننووسمەوە تاکو بەراوردیان بکەین لەلایەن شێوازەوە لەگەڵ هەڵبەستێکی نوێی حەماسی بۆ دیارخستنی دەوری شێواز لەم بەرهەمە فۆلکلۆرییەدا. عەلی بەردەشانی لە سەرەتاکانی بەیتەکەی کە بۆ عەبدوڕەحمان پاشای بابانی هەڵبەستووە ئەمانە دەڵێ:

ئاکەم خزمەتی وەزیری
ئانێ دەستێنم بە شیری
بە شیری نەبێ قەت پێك نایە
دەوڵەت ئایەتە ڕەدایە
ئاچمە سەفەری لەحسایە
یاغی دەبم لە بەغدایە
یاغی دەبم ئێنشانەلا
خزمەتی ئاکەم وەڵا
ئافەریم یارەکەلا
ئەوەکسکول تەعالەلا
هەی کورە بەهەینە هەلا

سرنج لە دەم و دووی بەیتەکان بگرە و بەراوردی بکە لەگەڵ ئەم تاکە فەردەی سەرەتای ئەشیدێکی نوێدا:

دەمــی ڕاپــەڕیــنــە دەمــی ڕاپــەڕین

هەتا کەی بە سستی و بە پەستی بژین

سەیرێکی وردی هەردوو بابەت بکە: بەرەشانی کە دەڵێ (هەی کورە بەبەینە هەلا) لە شێوازێکی میللیی یەکجار ئاشنا و بەرەسەندوودا هانی ئەوجەوانەکانی بابان دەدات بۆ هەڵمەتبردن وەك کە شاعیری سەردەمی نوێمان بە شێوازی ئەدەبی هانی کورد دەدات و بە داڕشتنێکی خوێندەوارانە دەڵێ:

دەمی ڕاپەڕینە دەمی ڕاپەڕین

شێوازی بەرەشانی هێندە میللی و بەربەست و زانراشنا و کوردانەیە لە بیرت دەباتەوە کەوا بەیتەکان لە پێشەوە وەك مامۆستای شارەزا مەشقی ئازایی یەکوێکر دەکەن و لەگەڵ مەشق پێکردندا ڕێگەی ئیقناعکردنیشیان بۆ هەموار دەکات. لایەنی ئوستادی و پسپۆڕی و زیرەکی و (فەلسەفە) کە پڕاوپڕی بەیتەکانن بەتەواوی و بەجۆرێکی جادووگەرانە لە ناو تەلیسمی شێوازدا سڕاونەوە تۆ سەیری چۆن لە وەزیری پشتڕێ دەبێت و دەست بۆ شیر دەبات و دەیکاتە هۆی هێنانە ڕەدایەی دەولەت، ئەوجا وەك جەزبەی دەروێش و سۆفییان دەکەوێتە نێوان ئەو چەند میسرەعە حاڵگرتووەی کۆتایی قسەکان: یاغی دەمم ئینشائەلا خزمەتی ناکەم وەلا... نافەرم بارەکەلا.. تەوەکول تەعالەلا – لێرەدا کەفوکوڵی مەنجەڵی دڵە جۆش خواردووەکەی سەر دەکا و دەنەڕێنێ: هەی کورە بەبەینە هەلا! لەم بەیتانەدا شێواز کۆڵەگە و ئێرگەی ناوەرۆکە کە ئەگەر ئەو نەبێ ئەم نابێ، بەڕاستی بەسە بۆ شێواز کە ناوەرۆکت لە بیر بباتەوە.

ئەم شێوازە میللییە ڕەوان و بێ فێزە و گرفتەی بەیتی بەرەشانی کە لایەنی مامۆستایی و پەتۆڵی و (فەلسەفە)ی ناوەرۆکی گوتەکانی لە مەناوی خۆیدا شاردۆتەوە لە حاڵێکدا دەزانین گوتەکان و ڕچە بەستنەکەیان پڕە لە زیرەکی و پەتۆڵی و (فەلسەفە)، لە ئەشیدەکەدا چ جێگری نییە هەرچەند هەڵبە و کڵپەی هەردووکیان لە یەك سەرچاوەی سۆز و پەرۆشەوە هەڵدایسێن.

ئەشیدەکە لە ڕێبازێکی یەکسەرەوە (مباشر) بەرەو ئامانجی هەڵبەست ڕۆیوە،

هاندەرێکی (عقلی تێکەڵ بە عاطفی)ش که له میسرەعی دووەمدا بێ پەردە و سەرپۆشی ئاراپشت خستۆتە بەرچاو و دەستی خوێنەر و گوێگرەوە معادلەی (وروژاندن و ئیقناعکردن)ی بێ تەواو کردووە کەوا زۆر بەئاشکرایی (هۆش) بەشداره له شیکردنەوەیدا نەک تەنها (سۆز و عاطفه). ئەوەی ڕاستی بێ سۆز و عاتیفه له بنەڕەتدا لەگەڵ (معادله) و پێکگرتن و بەراوردکرن و بێ سەلماندن بێگانە و نەناسە، منیش که لێرەدا بەیەکەوەیان باس دەکەم لەبەر ئیشکی بەیتەکانی بەرەدشانیدا پێویستیی (مقارنه) ئێکیان دەبەستێ نەک خزمایەتی و بەیەکەوە گونجان. لەم مقارنەیەشدا چ مەبەستم نییە عەیب له ئەشیدەکە بگرم که دیاره ئەشیدێکی ڕێکوپێک و خاوەن زرینگە و زیلێکی دەوڵەمەندە، گەلێک هەڵبەستی تری زۆر ناوداریش وەک ئەم، بگره لەویش زیاتر، تاو و تەئسیری خۆی له لێکدانەوە و ئیقناعکردن هەڵێنجاوە وەک لەو دوو میسرەعەدا دەردەکەوێت:

مەرژی بۆ مردن بەرە بۆ ژیان

چۆن قازانجی دەکەی تا نەکەی زیان

وەها لەم چەند بەیتە عەرەبییەدا بەدی دەکرێت که زووتر خاوەنەکەی هانی خەڵق دەدات بۆ شۆڕش، لێرەشدا (منطق) بەکار دێنێت بۆ ئیقناعکردن:

فأما الى حيث تبدو الحياة

لعينيك مكرمة تغنم

واما الى جدث لم يكن

ليفضله بيتك المظلم

ئەم هەڵبەستە پێشکەوتووانە چییان لێ کەم نابێتەوە بەوەدا کە بکرێن بە بەڵگە بۆ زیندە بلیمەتی و هونەرکاریی بەرەدشانی هەروەک بەیتەکانی بەرەدشانیش چ داناڵەنگێن بەوەدا کە بزانین شێوازیان له تەرازووی نرخی هونەریدا بەسەنگترە له هەموو لایەنێکی تریان، من و تۆ و تێکڕای میللەتیش چ زەرەر ناکەین لەوەدا بۆمان ڕوون بێتەوە شێواز له کاری ئەدەبی و هونەریدا بەشێکی هێندە بنجییە کە ئەگەر کەم بایەخ بوو سەر لەبەری کارەکە کەم بایەخ دەبێ وەها هەر بەجارێ کەڵکی پێوە نامێنێ، تەنانەت وا دەبێ دەگاتە پلەیێک له هونەر و جوانکاریدا کە، وەک جادوو، جوانیی ناوەرۆکیش بۆ خۆی دەدزێتەوە هەر دەڵێی شووشەی بەلووره شەراب و ڕەنگە

ئاڵ و بلەخشییەکەی دەکا بەخەرمانەی ئاورینگ و بریق و باق بە دەوری خۆیەوە.

ڕوونکردنەوە:

ئەم بەیتانە لە کتێبەکەی (نۆسکارمان)دا بەم جۆرە نووسراوە کە من لێرەدا خستمنە بەرچاو. بێگومان (نۆسکارمان) چی بیستووە ئەوەی نووسیوە بەڵام دیسانەوە بێگومان، لە چەند جێگەیەکدا لەنگیی بەیتەکان خەتای ئەو کەسانەیە کە دەماودەم بەیەکتری ڕادەگەیەنن و لێی زیاد و کەم دەکەن دەنا وا دەزانم سەلیقەی بەرەەشانی توانیویەتی لەنگ نەبێ.

بەیان، ژمارە ۳۱، ۱۹۷۵

فۆلکلۆر

بەشی دووەم

لە سروشتی فۆلکلۆردا چەند تایبەتێك و پێکهێنەرێکی بنجی هەیە کە لە (ئەدەب و هونەرە جوانەکان)ی هەڵداوێرێت. هەمووشی لەو ڕاستییەوە سەر هەڵدەدات کە فۆلکلۆر بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیی زادەی بیر و چێژ و قەناعەتی تێکڕای میللەتە نەك هی بەرەیێکی بەرتەسکی میللەت، کە ئەدیب و هونەرکار و زانایە

ئەم ڕاستییە کە لە ڕادەی بەدیهییەدایە ڕاستەوخۆ و پاتەوپات پێمان دەڵێ فۆلکلۆر خەریکی ڕووداو دەبێ نەك (تجرید). بەولای ئەم ڕاستییەوە، وەك لە پێشەوە گوتم، گەلێك تایبەتیی تری فۆلکلۆر هەیە لێی دەبن بە شەقڵی پێناسینەوە کە ئەوانیش پێویستە نرخی خۆیان پێ بدرێت و پێیەپێ و جێبەجێ لێیان بکۆڵرێتەوە، بەلام جارێ لایەنی (ڕوودان و تجرید- مادە و واتا) باس دەکەین بەدوا ئەودا، کە دەرفەت هەبێ، جڵەوی خامە بادەدەمەوە بۆ سەر چەندوچۆنی تایبەتییەکانی تر. سەرهەڵدانی فۆلکلۆر لە (ڕووداو) کە بریتییە لە شتی بەرهەست و بەرچاو و مادی، کاری ناچارییە بەدەست من و تۆ و بەدەست دانەری فۆلکلۆریش نییە. میللەت کە زۆربەی زۆرینەی تاکەکانی نەخوێندەوار بووە و لە ئاست فەلسەفە و فکر و وێنەی خەیاڵی و تێکهەستنی واتا بە واتاوە داماو و بێ دەسەڵات بووە، هەر ڕووداو و شتی بەرهەست و زەق دەمێنێتەوە زیهنکاری و هونەرنارایی تێدا بکات و بری خۆی پێ بشکێنێت. لێرەدا زنجیرەی قسەکانم دەبڕمەوە بۆ ئەوە نموونەیێکی وەها بهێنمەوە کە ئەم لایەنەی (بەسترانەوە بە وێنەی مادی و وێنەی خەیاڵی) لە فۆلکلۆر و ئەدەبدا خێرا بە خێرا ڕوون کاتەوە بەر لەوە لێی دوور بکەومەوە.

گوێم لێ بووە کچە بڵباس لە شەڕەدندووکێی (بالۆرە)دا ئەمەی بە کچەکەی تر گوتووە:

مایێن سەر بێ ڕێشم
لە برای خۆمت کێشم

لەمەدا کچە بڵباس وێنەیێکی بەرهەست و بەرچاوی ڕۆژانەی ناو ڕەوە ولاغی هۆز

و هۆیەکەی خۆی کردووە بە نموونە و مەشقی لەبەردا کردووە، وێنەیەکی خۆشکەلانەی خەیاڵیی تێدا هەبێ. کە ڕەنگە ئەختێکی لە ڕێکەوتەوە هاتبێ. ئەو واتا و وێنەیەیە کە لە وەسفی (سەر بێ ڕێشم)دا بەدی دەکرێت چونکە ماینی بە حورمەت هەمیشە ڕێشمەی بەسەرەوەیە و لەسەر سنگی پاڵ ئاخوڕدا بەستراوەتەوە، کاتێك کە لەگەڵ ئەسپیش جووت دەبێ سەری ڕێشمەکەی بە دەست مەیتەرەکەیەوە دەبێ، نەك وەك ماینی ناو ڕەوە، بێ ڕێشم و بێ جڵەوگرتن و بێ حورمەت لەگەڵ ئەسپ جووت دێت. کە بێین ئەم وێنە فۆلکلۆرییە بگرین بەوێنەیێکی ئەدەبی وەکو خۆی دەزانین خەیاڵی شاعیر چەند هەریك دەبێ وێنەی ناو هەڵبەست لە سادە وێنەی واقیعیی ڕووت دوور بخاتەوە و بەرگی تەجریدی تێ بئاڵێنێ.

لێرە بۆ مەبەستی بەراوردکردن نموونەیێکی یەکجار عادەتی دێنمەوە کەوا ڕەنگە نزیکترین نموونەی ئەدەبی بێت لە شێواز و وێنەی ناو بالۆرەکە:

سالم لە نیوە دێری یەکەمی بەیتێکیدا ئەمەی گوتووە:

ڕەشە تیفی شکەمی کەر بە ڕەشت

دەبینێت چۆن خۆی ماندوو کردووە بە هۆنینەوەی وێنەیێکی هونەراویی تێکهەڵکێش و سەرپۆشکراو لە جیاتی ناوبردنی شتی پاتەوپاتی مادیی بەرهەست، بەتایبەتی کە هاتووە وشەی (شکم- شکەم)ی فارسیشی هێناوە لە جێی (سك، زگ)ی کوردیی داناوە بۆ پتر بەرەو (تەماوییەتی) بردنەوە تاکو تێکڕای واتای میسرەعەکە بەر ئەو دەستوورە گشتییەی عەوامی کوردەواری بخا کە زمان دەگرێ لە گوتنەوەی وشەی ئەوتۆ کە بەلای خۆیەوە دەبێ پەردەی بۆ بگیرێتەوە وەك کە بە ژن دەڵێن (هێزان، منداڵەکان) وەیا خوشك دەکەن بە (هەمشیرە). سالم لەوەش پتر هونەری وشەی بەکار هێناوە کە لە دوو سەری میسرەعەکەوە وشەی (ڕەش)ی داناوە بۆ پارسەنگکردنی مۆسیقای شیعر سەرەڕای خۆلادان لە گفتوگای عادەتی بەنیسبەت وشەی (ڕەش)ی کۆتایی میسرەعەکەوە ئەم وێنەکێشانەی پڕ تەشبیه و تێك هەڵکێشان و سەرپۆشکردنە، بە عادەت، لە جغزی دەسەلاتی فۆلکلۆر بەدەرە و دەشێ بەدەر بێ چونکە خاوەنی فۆلکلۆرەکە تاکێکی نەخوێندووی میللەتە ناتوانێ و نازانێ ئەخشی وشە و واتا بهۆنێتەوە، گریمان توانیشی ئەم هۆنینەوەیە بەکار بێنێت هەر بە کاری نایەنێت چونکە دەزانێ زۆربەی میللەت تێی ناگا لە حاڵێکدا ئەو مامڵەتی

هونەرەکەی لەگەڵ زۆربەی میللەتە نەک لەگەڵ تاکە بەرەی خوێندەوارەکانی میللەت، جگە لەوە کە ئەو بە بابەتێکەوە خەریکە سادە و نزیکەدەست و لە ڕێگەمێکیشەوە بۆی دەڕوات کە ئەویش سادە و هەموارە و چ ڕێگەیەکی تریش شک نابات بۆ تێداڕۆیشتن.

لەم دوو میسالەدا بە ئانقەست نموونەیەکی فۆلکلۆریی بەرز و یەکێکی ئەدەبی عادەتیم هەڵبژارد بۆ ئەوە لە حاڵی پێویستدا بتوانرێ نموونەی ئەوتۆ بخرێتە بەرچاو کە هەموو ئەسڵماندن و بەرهەڵستییەک پێشێل بکات و نوختەی مەبەست باوێژێتە بەر قەناعەتی سەلیقە و چەژی مرۆڤی ئەوە خوێندووشەوە.

نموونەی فۆلکلۆریی بەرزتر و هی ئەدەبی بەرزوورتر بەسەر زاری هەموو خوێندەوارانەوەن، چ پێی ناوێ من لێرەدا جێگایان بۆ پڕ بکەمەوە، هەر هێندە دەڵێم لە بابەتی (ئەدەبی بێ پەردە)ی وەک ئەم باڵۆرەیە و کەرتە بەیتەکەی سالم سەیرێکی (مەستوورە)ی نالی و شەوە مەشوورەکەی (مصباح الدیوان) بکە و سەرنجیان لێ بگرە چۆن واقیعی بەرهەست و وێنەی خوێن و گۆشت لە ئەدەبدا بەرەو (تجرید) دەچێ و لە ناو تەمومژی فەندە پەرداوییەکانی مەجاز و کینایە و تەورییەی تەشبیهدا دەبێتە تارمایی، کە ئەمانە تێکڕایان بێگانە، ناناشنان لە جیهانە سادە و سافیلکە و بێ گەوە و پێچ و پەناکەی فۆلکلۆردا.

لەم زەمینەیەی (سادەیی و بێ پێچ و پەنایی)ی فۆلکلۆر دوو تێبینیی گرنگ هەن یەکێکیان سەر دەکێشێتەوە بۆ سەر زاتی هونەرمەندەکە ئەوی تریان دەگەڕێتەوە بۆ بابەتەکە دوو تێبینییەکەش لەوانەن کە ورده ئیعتیرازێک دێننە بەر ئەو ڕایەی سادە و بێ پێچ و پەنابوونی فۆلکلۆرەوە: تێبینی لەبارەی زاتی بەرهەمهێنی فۆلکلۆر ئەوەیە کەوا هەروەک لە نێوان ئەدیب و هونەرکاردا خوار و ژوور و بەهێز و بێ هێز هەیە، ئەوانەی بە فۆلکلۆریشەوە خەریکن یەک چوون و هاوتا نین دیارە بەرهەمەکانیشیان هاوتا نابن، تەنانەت ئەگەر بابەتەکە لە سادەیی و سەرەتاییدا گەیشتبێتە ئەوپەڕیش شوێن پەنجەی داهێنەرەکەی تایبەتییەکی وای پێ دەدا کە لە هی یەکێکی تری لە خۆی بەرزوورتر وەیا بەرزترتری هەڵاوێرێت و جودای کاتەوە. ئەمەش ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە لە هەموو مەیدانێکی بەرهەمی مرۆڤدا بگرە لە دروستکردنی کۆلیتی مریشک و پینە لێدانی قوندەرەش.

تێبینییەکەی تر کە دەربارەی بابەتی فۆلکلۆرە ئەوەیە بابەتی وا هەیە خۆی لە

خۆیدا زەحمەتە بێ ئەوەی بەرهەمهێنەکەی لە ڕێی ئارایشتدان وەیا سەرپۆشکردنەوە زەحمەتی کردبێ وەك ئەوەی کە لە (مەتەڵ) دێتە بەرچاوەوە مەتەڵ لە مەیدانی ئەدەبدا دەوەستێتەوە بەرانبەر (لُغز و مُعمیٰ) کە ئەوانیش لە بابەتەکانی تری ئەدەب زەحمەتتر و سەختترن.

ئەوەی ڕاستی بێ (مەتەڵ)ی کوردی گەلێکی وەهای تێدایە زۆر تێ هەڵکشاوە بەرەو قەندی واتایی و وشەییەوە، هەر دەڵێی ویستوویەتی خۆی لەگەڵ قەندەکانی ئەدەبدا تاقی بکاتەوە یەکێکیان ئەمەیە: داری شەکراوێ، چوارلکان راداوێ، سێی لەبەر سێبەرێ، دووی لەبەر هەتاوێ (نوێژ مەبەستە) کەوا گوتەیێکی زۆر ورد و مەشووری (تصوف)ت بەبیردا دێنێتەوە:

چوومە سەر کانی ئاو نا
ڕۆژ هـــەڵات هـــەتـــاو نـــا
دەستم شوشت و چاو نا

واتاکەشی ئەمەیە (چوومە سەر کانی حەقیقەت واتە ئەو کانییە نا کە ئاوی تێدایە. دەستم لە دونیا شوشت نەك دەست و چاو شوشتنی عادەتی. ڕۆژی یەقین هەڵات، کە ئەویش ڕۆژی هەتاو نییە.)

من لێرەدا کە ڕا دەنوێنم بابەتە فۆلکلۆرییەکە لاسایی ئەدەبی کردبێتەوە مەبەستم ئەوە نییە بڵێم سەرلەبەری مەتەڵ پێڕەوی لوغز و موعەمما کردووە چونکە پتر بە بڵەوە دەنووسێ، بە پێچەوانە. ئەدەب بە هەموو کەرتەکانییەوە بەرەوژوورچوون و پێشکەوتنی فۆلکلۆر بێت هەروەك گۆرانی نوێیەرا وەیا سەمای باڵێ زادەی گۆرانیی سەرەتایی و هەڵپەرکێی کاڵ و کرچن، کاخی ئاوێنەبەندیش ئەوەی شۆڕەنجی بابەلیاپیری مرۆڤە... بەڵام پاش ئەوەی بەرهەمی ئەدەب وەیا هونەری پێشکەوتوو پەیدا دەبێت جێی باوەڕکردنە فۆلکلۆریش پەندی لێ وەرگرێ و لاسایی بکاتەوە لە پەراوێزی ئەو دەسەڵاتە کەمەی کە بەرهەمهێنی فۆلکلۆر تێیدا دەجمێ. کەواتە دەبێ لە بنەڕەتدا لوغز و موعەمماش زادەی مەتەڵ بن. بەهەمەحاڵ ئێرە جێگەی دەرهێنانی (اقسام شرعی وەیا نظامی)ی فۆلکلۆر و ئەدەب و هونەرە جوانەکان نییە تا بزانین کامیان وەچەی کامیانن هەرچەند بە شێوەیێکی رووکەشیش زۆرە ناوێکی باوك و ئەولادەتیمان لێ نان.

بگەڕێینەوە سەر فۆلکلۆر و رووداو.

ئەم دیاردەیەی پەیوەستبوونی بابەتی فۆلکلۆری بە ڕووداو و شتی مادییەوە کە ڕاستەوخۆ لە پێنەوێرانی میللەت بە (تجرید و واتا و ئارایشت)ەوە سەر هەڵدەدات لە گوتەی پیاوانی فکر و فەلسەفەی لێرە بە پێشەوەشدا تێ خوێندراوەتەوە. یەکێکی هەرە دەستڕۆیشتوو لە مەیدانی بیری کۆمەلایەتیدا کە لە ڕێبازی تەحلیلی مادییەوە بۆ شیکردنەوەی دیاردەکانی کۆمەلایەتی و مێژوویی ڕۆیشتووە، مارکسیستە گەورە مەشوورەکەی رووس (پلیخانۆف)ە: نووسینێکیم دیتوە دەڵێ سەرچاوەی ئیلهامی میللەتە سەرەتاییی و دواکەوتووەکان بۆ بابەتی هونەری، هۆی ژیان و بەرهەمهێنانیانە واتە ئەو کارەی پێی دەژین وەها ئەو هۆیەی شتی پێ بەرهەم دێنن دەبێتەوە بنگەی هونەریان، لێرەشدا چەند میسالان دێنێتەوە یەکێکیان ئەوەیە کە دەڵێ ئافرەتی هۆزە دواکەوتووەکانی کۆنە دانیشتوەکانی ئوستراليا Aboridyeons لە شایی و هەڵپەڕکێدا ئەو جوولانەوە و هەڵسووڕ و داسووڕانە دەکەن کە ڕاستەوخۆ لە کەسایەتیی ڕۆژانەیانەوە وەرگیراوە کە ئەویش هەڵکەندنی ڕەگی گیایە، واتە ئافرەتەکان لە شاییدا وەها دەبزوون هەر دەڵێی ڕەگی گیا هەڵدەکەنن... من کە ئەمەم خوێندەوە (بەر لە ٣٠ ساڵ) قسەیێکی باوکم بیر کەوتەوە کە دەیگوت شایی (سێ پێیی)ی کوردی لە پێمەڕەکارییەوە وەرگیراوە چونکە هەمان جووڵە و قاچ پێش و پاش خستن و هەنگاو بەرەوپێش و بەرەودوا بردنی پێمەڕەکردن بۆتەوە بەهەنگاوە ڕێك هەراوەکانی شایی سێ پێیی. هەرکە ئەمەشم بیر هاتەوە، دوای چەندین ساڵ، لەلای خۆمەوە زەینم بۆ ئەوە ڕۆیشت کە شایی (سێ پێیی) نەك تەنها خۆی بەڵکو ناوەکەشی لە پێمەڕەکارییەوە وەرگیراوە چونکە لە کاتی پێمەڕەکردندا سێ پێ بەیەکەوە گرێدەبێنەوە دوویان هی کابرای پێمەڕەدار یەکێکیشیان پێمەڕەکە خۆی. دیارە میللەت کە هاتووە جموجووڵی پێمەڕەکارییەکەی خستۆتە قاڵبێکی ڕێکوپێکی هونەرەوە ناوەکەشی ئارایشت داوە بەوەدا کە لە (پێ مەڕەیی)یەوە گۆڕیویەتی بە (سێ پێیی) کە ئەمیشیان گۆڕینێکی ئێسك سووکە.

پلیخانۆف لێرەدا، پتر لەوەی من بۆی دەچم، بەشێکی زۆری فۆلکلۆر دەکاتەوە بە وەرگێڕانێکی ئالی (هۆی ژیان) بۆ هونەر. من وا دەزانم هەموو واقیع و ڕووداو و شتی بەرهەست و بەرچاو، نەك تەنها لایەنی ئابووری، دەبن بەسەرچاوەی فۆلکلۆر بەتایبەتی ئەو بابەتە فۆلکلۆرەی کە لە دەمەوە دەردێت وەك پەند و گۆرانی و

سەرگوزەشت و بەند و بالۆرە و هەڵبەست و بەستە و لاوك و... هتاد، كە ئەمە راستییەكە بۆ یەكەم سەرنجی لەسەرمخۆ دەردەكەوێت. بە نموونە لە شاییی سێ پێیدا كە خۆی لە هۆیێكی گوزەرانەوە وەرگەڕاوەتەوە سەر هونەر، هەرچی بەستە و گۆرانی و دەهۆڵ و زورنا و هەموو سەروبەرێكی شاییەكە هەیە لە سەرچاوەی ناتابوورییەوە هەڵدەدەن كە (دڵداری) لە پێش هەموویانەوە دێت... تەنانەت چاوەشی زورنانەنگێو وەیا دەهۆڵ لێدەر وەیا شاباشكەر كە لە نوقتەی ئابوورییەوە دەجمێن و دەجووڵێن، كە دەورە دراون بە ئاڵقەیێكی فرەوانی سەدان كەس كە هەموویان لە شاباشكردندا دژی بەرژەوەندیی ئابووریی خۆیانەوە رەفتار دەكەن بۆ مەبەستی خۆ هەڵدانەوە وەیا راكێشانی نیگای كچێكی جوان وەیا موجامەلەی خاوەن شایی وەیا شكاندنەوەی ناحەزێك كە ئەتوانێ بەریەرەكانیی پارەبەخشین بكات بە پارە. لە نێوان هەموو ئەو كەسانەی كە بە شاییشەوە خەریكن ئەو سێ كەسەی كە پارەی شاباش وەردەگرن (زورنانەنگێو، دەهۆڵ لێدەر، شاباش وەرگر) تەنها سێ كەسی ریز لێ نەگیراون، واتە لایەنی رەچاوكردنی ئابووری لە كەسبەكەیان نەبۆتە هۆی بەرەوپێش چوون و حورمەت، بە پێچەوانە هەرچی پایەیە ئەیهێنشتووە. وەك شایی و هەڵپەركێ كە دیتمان بنچەیێكی مادیی هەبوو، هەرچی فەندی سوارچاكیش هەیە لە بنەرەتدا هەمووی فەندی جەنگ و موبارەزەیە كە لێی سوارە و مشتومالٚ دراوە بۆ ئەوە بشێ ببێتە هۆی خۆشگوزەری و كەیف و گەپ، دیارە جەنگیش رووداوێكی مادیی بەرهەستە، چ خەیاڵبازی و وشەسازیی تێدا نییە. بەشێكی زۆر لە سەمای پەرستگەكان ئەویش لە فكرەی پەرستنی غەیبەوە هاتووە، ئەو غەیبەی كە شیرازەهۆنی رشتە و رابەطی كۆمەلایەتی و دەستوورات و ئەریتی مرۆڤە بەتایبەتی مرۆڤی كۆمەڵگەی سەرەتایی و نەخوێندەوار كە بە جۆرێكی عەفوی هەموو ئەو شتانەی تێیان ناگات (بە راستی لە هەزاری دەی شتانیش ناگات) دەیانگێڕێتەوە بۆ غەیب، هەر بۆیەشە دەبینین ئەم تەرزە مرۆڤە ئەوەندەی ئامادەیە هۆی بەقووربانی دار و بەردی سەرقەدی چاك و پیران وەیا كۆڵەگەی ماڵی شێخ وەیا خانەی پەرستن وەیا یەكێك لە باوەرەكانی ئاین بكات ئامادە نییە بۆ بەرژەوەندیی مادی ئەم فیداكارییە بكات، هەروەك گوێشی دەكاتەوە بۆ ئەفسانە و ورێنەكانی دێو و پەری و جندۆكە وەیا پیرەوی فێڵبازێك دەكات و زەرگ لە سینگ و لاگوێی خۆی دەدات، بە دەیان فەیلەسووف و پیاوی ژیر و رابەری شۆڕش ناتوانن دوو پەری مەعقوول بخەنە مێشكییەوە وەیا دوو درۆی ئەفسانە لە دڵی

بسڕنەوە وەیا ئیقناعی کەن بە ڕاستی و پیرۆزیی ڕێی خەبات. تا ئەم گوتە ڕاست و دروستانە دەچنە مێشکییەوە سەدان ساڵ تێ دەپەڕێت و هەزاران دێو و درنج لە ئەفسیدا زاوزێ دەکەن.

پلیخانۆف بۆ پتەوکردنی باوەڕەکەی خۆی کە هونەری میللەتی سەرەتایی بۆ بنیچەیەکی ئابووری دەباتەوە، دێت و دەڵێت چونکی بۆرجوازییەکان چینی بەرهەمهێن و پەیداکەر نین سەماکانیان لایەنی (دڵداری)ی تێدا ڕەچاو دەکرێت. ئەم ڕایەی کە پەرۆشێکی خۆیەختکردووانە بۆ لایەنگیری چینی هەژار پێکی دێنێت پتر لە ڕایەکانی پێشووتری کردەوەی هونەری دەکاتەوە بە وەرگێڕانێکی ئالیی واقیع بۆ هونەر. من لەم چەند گوتەیەی پەلەدا ناچمە هەڵسەنگاندنی ئەو بیروباوەڕەی کە حەز دەکات هەموو دەورێکی پێشخستن و فراژیکردن و بەرهەمهێنان و سازدان و ڕێکخستن لە بەرەیەکی زۆر فرەوان و زۆر پێشکەوتوو و زۆر چالاکی میللەت بسەنێتەوە کە هەموو داهێنەر و دۆزەرەوە و جیهانگەڕ و شاعیر و فەیلەسووف و هونەرمەندی لێرە بەپێشەوە لەو پەیدا بوون چونکە ئێرە جێی ئەم هەڵسەنگاندنە نییە و پێویستێکیشمان پێی نییە، بەڵام ڕێی ئەوەندەم هەیە بڵێم بەپێی بۆچوونی خۆم وا دەزانم ئەگەر پلیخانۆف تا ئەم ڕۆژگارە مابایە لەم ڕایەی دەکشایەوە چونکە دەوڵەتە سۆشیالیستەکانیش، دوای چەسپانیان، بەردەوام بوون لەسەر داهێنانی سەما و مۆسیقا و بابەتەکانی تری هونەر بەو جۆرەی کە کۆمەڵگەیێکی ناسۆشیالیست داهان دێنێت. بنگەی یەکجار ڕازاوەوە دروست دەکەن بۆ بالێ و تۆپەڕا کە چ پێوەندیی نەبێ بە هۆی ژیان و بەرهەمهێنان و چینایەتی و چەوساندنەوە و ئەو تەرزە سەرچاوانەی کە بەپێی ڕایەکەی پلیخانۆف دەبوایە ئەوان سەرچاوەی هونەر بن لە دەوڵەتێکی سۆشیالیستدا. بە چاوی خۆمان هەموو ڕۆژێك لە تەلەفزیۆندا دەبینین فیلمی کارتۆنیی ڕووسی پتر لە هی دەوڵەتێکی سەرمایەدار خەریکی ئەفسانە و جنۆکە و دێو و ئەمیر و پەری ناین و ئەو شتانەیە کە لەبەر تیشکی ڕایەکەی پلیخانۆفدا دژی هەموو بیروباوەڕێکی سەر بە چینایەتین. بێگومان هونەرکارەکانی سۆڤێت هەنگاوی فرەوانیان بەرەو پێشەوە ناوە بەم خۆ ڕەهاکردنە لە قەپێلکی تەسکی تاکە سەرچاوەی (بەرژەوەند و بەرهەمهێنان)، هەرچەند وا دەزانم پتر لە پێویست دەوری جنۆکە و دێو و سیحر و تەلەسم هەڵدێن وەك بڵێی بەجۆرێکی لاشعووری دەیانەوێ بە جیهان ڕابگەیەنن کە ئەوان پابەندی هیچ نەگایێکی تەسك نین وە یاخود بەرووڕایە

فەلسەفییەکەیان چ ڕێگایان لێ نابەستێت.

ڕاستی لەم مەسەلەیەدا ئەمەیە: ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە دەگاتە دارایی و دەسەڵات هەر ئەوەندەی لێ ڕەچاو ناکرێ کە لە تاکە سەرچاوەی (دارایی و دەسەڵات) چاوەڕوان دەکرێ چونکە دارایی و دەسەڵات هەرچی هۆی زانین و دۆزینەوە و داهێنان و سازدان هەیە بە دەوری خۆیەوە کۆ دەکاتەوە و لە هەموویان ئیلهام وەردەگرێ تەک هەر لە (بێ ئیشی و هەریک نەبوونەوە)، بۆیەیە ڕێی ئەوەمان نییە بڵێین مرۆڤی پارەدار چ کار و کەسبی نییە جگە لە (دڵداری) کە ڕۆژگاری پێوە رابوێرێ وەیا ئیلهامی دانس و گۆرانی و پەیکەرتراشی و نەخش و نیگار و سەرجوملەی هونەری لێ وەربگرێ، هەروەها ڕێی ئەوەشمان نابێ بڵێین هونەرکاریی کۆمەڵگەیێکی سۆشیالیستیش چاری ناچارە دەبێ بە هەموو عومری خەریکی فکرەی چاندن و دروستکردن و قورکاری و دروێنە و خەیاتی چینایەتی بێت. مرۆڤ کە خوێندەواری و تێگەیشتن و بیرکردنەوە و فەلسەفەی بوو لە نۆکەرایەتیی تاکە عامیلی (ئابووری) وەیا تێکڕای عامیلی (دەوروبەری مادی) ڕەها دەبێت و دەچێتە پلەی ئەو ژوورخانەی کە بریتییە لە فکر و وێنەی خەیاڵی و دەستووردانان و تێک هەڵکێشانی واتا و شێوە خستنە سەر شێوە و (تجرید) و هەزاران فەند و فێڵی تر کە لە تەک ئەواندا عامیلی سادە و سافیلکەی (بەرهەمهێنان و بەرهەمنەهێنان) لە مەیدانی هونەردا لەوەندەی پتر بۆ نامێنێتەوە کە ببێتە پاشخانێکی (خلفیة) بێ ڕەنگ و کەم سەنگ هەندێ جارانیش هەر بەجارێ دەسڕێتەوە لە نێوان پەرە ناوڕەنگییەکانی تەجریددا.

لەم ڕۆژگارەدا تێکڕای مرۆڤ توانیویەتی بیری خۆی لە کۆت و بەندی دەوروبەری تەسک ڕزگار بکات و جوانی و ناسکی و هونەر لە پەروازی خەیاڵەوە کۆ بکاتەوە، لەمەشدا چەپ و ڕاست و ناوەند لە پەک ئاسۆدا دەخولێنەوە چونکە خەیاڵ هەر خەیاڵە ئەفسانەش هەر ئەفسانەیە لێ هەڵهێنجانیشی بۆ هەموان، وەک ئاوی بیر، بە دۆلکەی مێشک دەکرێ، لەوە بەولاوە ڕێی تێ دەچێ هەریەکە لەم سێ بەرەیە هەڵێنجانەکە و تەجریدەکە و سەرلەبەری کارەکە بکات بە خزمەتکاری ئەو ئامانجەی حەزی لێ دەکات.

پوختەی قسە ئەمەیە لە نێوان گەلانی پێشکەوتوودا فێرگە و دەزگا و ساختمانی تایبەتی هەیە بۆ دانانی هونەری تازە وەیا وەرگێڕانی دیارەکانی جیهان، بە مرۆڤ و سروشتییەوە، بۆ سەر زمانی هونەر. بە خەیاڵی کەسیشدا نایەت بڵێ دەبێ

دەزگاکانی سۆشیالیست لە هۆی بەرهەمهێنان و گوزەرانکردنەوە ئیلهام وەرگرن لە حاڵێکدا هونەرکارێکی وڵاتی سەرمایەدار هەر خەریکی بەرهەمی دڵدارانە بێت تاکو خاوەن فابریقە و ئاو و بەراو و پارەوپوول تەڕدەماغیی خۆیانی پێوە بکەن

تێ هەڵکشینی مرۆڤ بەرەو پێی فکر و هونەر و ئارایشت و نازکی هەر لەوەندە نەوەستاوە بەرهەمی تازە داهاتوو بگەیەنێتە ڕێکاری ژیانی تازە هەرچی بابەتی فۆلکلۆری کۆن و نوێش هەیە ناخرێتە بەرچاوی تەماشاکەرانەوە ئەگەر بەرگێکی شۆخ و شەنگی ئارایشت و ڕێکخستن و مشتوماڵدان و بەرزکردنەوەی لەبەر نەکرێ. لە سەرانسەری جیهان یەک شانۆی ڕێز لە خۆگرتوو نییە دیمەنێکی سادە و هەژار و سەرەتاییی فۆلکلۆر بکات بە بەرنامەی شەوانەی و هونەرکارەکانی پێوە خەریک کات و خۆی پێوە هەڵداتەوە لە نەزەر تەماشاکەراندا. ئەوەی ڕاستی بێ فۆلکلۆری سادە لە شانۆی پڕ شکۆی ئەم ڕۆژگارەدا نە جێی بەرەکەوێت و نە تەماشاکەریشی دەبێت، لەمەشدا کەس ستەمی لە فۆلکلۆر نەکردووە چونکە دیارە هەروەک فۆلکلۆر خۆی کردووە بە (ژوورخان)ی ڕووداو و بەرگی ئارایشی پۆشیوە، دەزگای هونەری نوێش مافی هەیە فۆلکلۆر بەرز کاتەوە بۆ ڕێکاری خۆی و ئەو بەرگانەی لەبەر کات کە لە کاخی پڕ شکۆ دەوەشێتەوە.

بەیان، ژمارە ۳۵، ۱۹۷٦

ڕوونکردنەوەیەکی وردیلە

لە لاپەڕە (١٧٥)ی کتێبە پڕ سوودە تازە بابەتەکەی دکتۆر کەمال مەزهەر کە تۆژینەوە و پشکنینەوەی تێدا کردووە لەبارەی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)یەوە، دوو بەیتی مستەفا بەگی کوردی نەختێك بە ئاڵۆزی لەلایەن نووسەری کۆنە ڕۆژنامەکەوە، کاتی خۆی، واتایان لێ دراوەتەوە دواتریش کە بەیتەکان لە (دیوانی کوردی)دا چاپ کراون بەهۆی گۆڕینی یەك وشەیان هەر بەجارێ چ پێوەندییەکیان بەو واتا و مەبەستەوە نەماوە کە دڵ و دەروونی مستەفا بەگیان جۆشاندووە.

بەپێی کتێبەکەی دکتۆر کەمال ئەو دوو بەیتە لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا بەم شێوەیە نووسراون:

خەبەرێکم بەدەنێ ئەهلی خەبەر حەشرە مەگەر
ڕۆژی ئەمڕۆ کە لە مەغریب سەری هێناوەتە دەر
نووری مەهدی لە تەرەف مەککەوە زاهیر بووە یا
غەلەبەی ڕۆمە لە بۆ کوشتنی (من کان کفر)

نووسەری (تێگەیشتنی ڕاستی) بۆ ئەوە چووە کە ئەم دوو بەیتە پەنجە ڕادەکێشن بۆ ئەو ڕۆژەی کە تورکەکان سلێمانییان داگیر کردووە و سەربەخۆیی حاکمایەتیی بابانیان لە بن هێناوە.

بۆ ئەوەی واتای بەیتەکان لە تاریکیدا نەمێنێتەوە پێویستە سەرلەبەری قەسیدەکە بخەینە بەرچاو تا ببینین تێکڕایان بەرەو چ ڕێنەیەکمانەوە دەکەنەوە.

لە بەیازێکی شکڵ کەشکۆڵی کە وەختی خۆی لەلایەن خوا لێخۆشبووی (نیهانی – شێخ موحیدینی شێخ کەریمی بەرزنجی کۆیێ) نووسراوەتەوە، دەقی بڕە شیعرەکە ئەمەیە:

خەبەرێکم بدەنێ ئەهلی خەبەر حەشرە مەگەر
ڕۆژ کەوا ئەمڕۆ لە مەغریب سەری هێناوەتە دەر
نووری مەهدی لە تەرەف مەککەوە زاهیر بووە یا
غەلەبەی ڕۆمە لە بۆ کوشتنی من کان کفر

ئەشكی خوێنینە بە چاوما بەگری ڕەستاوە
یا غوباری ئەلەمە باعیسی عومیانی بەسەر
خەوە یا وەسوەسەیە یانە بەرەنەهولعەینە
ئەم عەلاماتە کەوا دێتە ئەبەر مەدی ئەزەر
ڕۆحی شیرینە کە دەردێ لەتەنی مەهجوورم
یا مەهی من نییەتی ڕیحلەتە بۆ عەزمی سەفەر
بۆ سەفەر کردنیی من لایقە گەر بەردی فەلەك
بێتە سەر دەستیی و[١] بۆ ڕەدی عەدوو بێ بە سوپەر
باوجود ئاکە ڕەقیب یاوەری ئەم دلبەرە بێ
هیچ تەفاوت نییە بۆ من لە سەفەر یا لە حەزەر
داثیما دەست بە دوعا لێئەنێم و شایەد زوو زوو
شای سەفەر کردنیی من بێتەوە بێ عەجز و زەرەر
سۆزشی کوردییە یا جۆششی ئەییامی فیراق
ئاتەشی عیشقە مەگەر یا شەرەری ئاری سەقەر

وا بزانم بەیتەکان دەمەتەقە هەڵناگرن لەوەدا کە لە موناسەبەی سەفەرکردن و دوورکەوتنەوەی خۆشەویستێکی (کوردی) بەویەری کزە و سۆز و پەرۆشەوە لە ناخی دڵ و دەروونێکی هەڵقرچاوەوە سەریان کردووە تا دەبینین لە کۆتایی شیعرەکاندا کزە و سۆز سەرزبە (ئاری سەقەر) دەگەیەنن، لەوەش پتر داوا لە شیعر ئاکرێ کە دەستەچیلەی ئازاری دووری و جۆشی عیشق ئاگر بەر بداتە گیان و وجودی شاعیر وەك کە لێرەدا (سۆزی کوردی و جۆشی فیراق و ئاتەشی عیشق و شەرەری سەقەر) خەریکن پارچە شیعرەکە بە خاوەنیەوە بسووتێنن.

وا پێ دەچێ نووسەرەکەی ئەو کۆنە ڕۆژنامەیە (غەلەبەی ڕۆم)ی بەعەمەل زانیوە بۆ ئەوەی دوو نیشان بە یەك تیر بپێکێت، یەکێکیان دزێوکردنی ناوی تورکەکانە کە مەبەستێکی هەرە بنچیی ڕۆژنامەکە بووە لەو سەردەمەدا، ئەوی دیکەشیان بزاوتنی دەماری کوردایەتییە لە دەروونی خوێنەرانی ئەوسای کوردا. وەك دکتۆر کەمال بۆی

(١) ئەم وشەیەم بەم شێوەیە نووسی کە لە بەیتەکەدا دەخوێندرێتەوە.

چووە دەبێ خاوەنی نووسینەکە شوکری فەزلی بوو بێت کە سوارچاکێکی ئەوسای جووتە مەیدانی کوردایەتی و ئەدەب بووە و لەگەڵ مێجەرسۆندا سەرپەرشتیی دەرچوونی ڕۆژنامەکەی کردووە.

ئەوەی بەلای منەوە جێی سەرسوڕمانە شتێکە سەر بەواتای (غەلەبەی ڕۆم)ە کە شوکری فەزلی خۆی لێ دزیوەتەوە وە یا بەجارێ هەر بۆی نەچووە، واش بێ دەچێ بۆنەچوونەکە ڕاست بێ نەك خۆ لێدزینەوە چونکە ئەگەر شەبەنگی ئەو واتایە بە مێشکیدا تێپەڕیبایە ئەوەشیا پشتگوێی بخات چونکە ئەوسا دەیزانی خوێنەری ئەوتۆ زۆرن واتای ڕاستیەی (غەلەبەی ڕۆم) بزانن و خۆ لێبێدەنگکردنی بە ناتەواوی لەسەر حیساب بکەن.

بێگومان ئەم (غەلەبەی ڕۆم)ە هێنانی ئیشکێکی قورئانە بۆ ناو مەبەست کە جارێکیان لە سەرەتاکانی پەیدابوونی ئیسلامەتیدا ڕۆمەکان لە ئاست فارسەکاندا شکست دەهێنن ئیتر کافرەکانی قوڕەیش ئەم شکستەی (ئەهلی کیتاب) بەرانبەر مەجووسییان کرد بە تانە و لە موسڵمانەکانیان گرت کە گۆیا بەپێی چاوەڕوانیکردن لە قورئان و باوەڕی ئیسلام ئەدەبوو ڕۆمی خواپەرست بەدەست فارسی ئاگرپەرستەوە شکستخوردە بێن. قورئانیش لە سوورەی (الروم) بەم شێوەیە وەرامی کافرەکانی دایەوە: «بسم الله الرحمن الرحيم . الم . غلبت الروم. في ادنى الارض وهم من بعد غلبهم سيغلبون...» و موژدەی سەرکەوتنێکی نزیکی ڕۆمەکانی بە خەلق ڕاگەیاند زۆریشی پێ نەچوو سەرکەوتن.

مستەفا بەگی کوردی لە (غەلەبەی ڕۆم) مەبەستی سەرکەوتنەکەیە نەك ژێرکەوتنەکەی (غلبت) چونکە دیارە لە بەیتەکەدا (سيغلبون) لەگەڵ (کوشتنی من كان كفر) دەگونجێت، هەر ئەمەیشە هاوجینسی دەرکەوتنی نووری محەمەدییە لە مەکە.

لێرەدا ڕەنگە گرفتێك بێتە بەر زەینی خوێنەرەوە و بڵێت کە مەبەستی (کوردی) لەو بەیتانەدا سەفەرکردنی خۆشەویستەکەی بێت چۆن دەگونجێ باسی زاهیربوونی نووری محەمەدی و غەلەبەی ڕۆم بکات کە پێچەوانەی دوورکەوتنەوەن. دەبوو پێش ئاوابوون و نوور بزربوون بکات بە ماکی تەشبیهی ئەو دوورکەوتنەوەیە. ئەم گرفتە لە دوو ڕووی نۆد ڕوونەوە وەلام دەدرێتەوە:

ڕووی یەکەم ئەوەیە کە هەموو برە شیعرەکە خەریکی داد و بڕوێنە لە دەست

سەفەرکردنی خۆشەویستی شاعیر، تەنانەت قەسیدەکە دەشێ بکرێ بە نموونەی قەسیدەی خاوەن (وحدە). جا ئەگەر ئێمە بێین لەبەر خاتری بۆرە ئەگەرەیەك دوو بەیتی سەرەتای قەسیدەکە لە لەشی قەسیدەکە دابڕین وەك ئەوەیە کە سەری گیانلەبەرێك ببڕین و یەکێ ژیانی بخەین.

رووی دووەم هێزێکی تەواویش دەداتەوە بە رووی یەکەم بەوەدا کە سەرلەبەری ئەو وێنە پڕ هەڵپە و کڵپانەی کە لە قەسیدەکەدا تەخشەی باری نەفسی و عاتیفیی شاعیر دەکێشن هەموویان، تاك تاك و بەیەکەوە، حالەتێکی جەزبەگرتووانە و خۆ ونکردووانە دەدەنەوە کەوا کەمتر بەوە رادەگات کێشانە و پێوانەی وردی مەنتیقکاری لەگەڵ خۆیدا بکات. ئەم جەزبە و خۆ ونکردنە پتر نووری مەهدی و غەلەبەی ڕۆم و ئەشکی خوێنین و غوباری ئەلەم و خەم و وەسوەسە و... هتد کۆ دەکاتەوە لەوەی کە کارەساتی زۆر ناسازی داگیرکرانی سلێمانی کە لە (غەلەبەری ڕۆم)ەوە دیاری دەدا لەگەڵ هەڵاتنی نووری مەهدی لە مەکە یەکدی بگرنەوە چونکە نووری مەهدی ناشێ ئەو ناڕەوایە بێ کە سفتوسۆی داگیرکرانی وڵاتی پێ بناسرێتەوە.

هەرچەند شوکری فەزلی ویستوویەتی بۆرە تەئویلێك بۆ ئەم لایەنە بهێنێتەوە (کتێبەکەی دکتۆر کەمال بخوێننەوە) بەڵام هیچ تەئویل و گونجاندنێك بایی ئەوە ناکات کە بەبێ بەڵگە دوو بەیتی سەرەتای قەسیدەکە لێی دابڕێت و بۆ لایەنێکی نادیار و نێنەخوێندرایەوە ببرێتەوە.

دوور نابینم سەفەری خۆشەویستەکەی (کوردی) بەرەو ڕۆژئاوا بووبێت و لەوەوە عەلامەتێکی قیامەتی هەڵاتنی ڕۆژە لە ڕۆژئاواوە، وەبال عەلامەتێکی دیکەی قیامەت، کە دەرکەوتنی مەهدییە، دابێت و ڕەوای پرسیارکردنی لەبارەی حەشرەوە دیبێت. لە دوو بەیتەکەی سەرەتای هەڵبەست، کوردی، زێدە شارەزاییی خۆی بە هەواڵی دین و ئاین و بڕوا بەدەستەوە داوە هەرچەند پێشەوە دیار نییە کە دەرخستنی ئەو شارەزاییەی مەبەست بووبێت چونکە ڕەوانیی هەڵبەستەکە و مشتبوونی لە سۆز و کەف و کوڵی عاتیفە ج مەناسەسواریی خۆ هەڵدانەوەی تێدا دەرناکەوێت. زێدە شارەزاییەکەی لە هەردوو بەیتدا بە تێکڕایی و لە (ئەهلی خەبەر) بەتایبەتی دیار دەداتەوە، لەو رووەوە کە ئەوانەی سەرکاریان لەگەڵ خەبەراتی حەشر و قیامەت هەیە پێیان دەڵێن (ئەهلی خەبەر).

لە ئیوە دێڕی یەکەمدا (کوردی) دارشتنێکی فیعلی (دان)ی بەکار هێناوە کە ئێستاکە لە سلێمانی خەریکە بە تەواوی ون دەبێت. گوتوومتی (خەیەرێکم بدەنێ) و ئەم (ێ)یەی بە فیعلەکەوە نووساندووە کە من لە نووسینی خۆمدا پێی دەڵێم (ێ)ی ڕێژەی ئینتیقالی و لەگەڵ کۆمەڵە فعلێکی کوردیدا دێن وەک (دامێ، کردمێ، بوومێ، گەیشتمێ، چوومێ، نۆریمێ... هتد). نالیش ئەم ڕێژەیەی بەکار هێناوە وەک کە دەڵێ:

وای فەرموو کە ماچت ئەدەمێ ڕووڕەشی توو بم

ئەمساڵە بەجێ دێ ئەسەری وەعدەیی پاری

نابێ (تۆ) بنووسرێت چونکە ڕەونەقی شیعرەکە و نوکتەکەی دەدۆڕێت. وشەی (توو) هەم بە واتای (تۆ) و هەم بە واتای (تووک) دێت، دیارە ڕووی یارەکەی دوای ساڵێك (توو، تووك)ی لێ هاتووە پێی ڕەش بووە.

بە هەمە حاڵ ئەم لابازە ئەگەر پێوەندیشی بە ینگەی نووسینەکەمەوە نەبێت زیانێکی تێدا نییە. با بگەڕێینەوە بۆ (حەشرەکە و ئەعلی خەیەرەکە) لە (دیوانی کوردی)دا کە خوا لێخۆشبووی گیوی موکریانی بڵاوی کردۆتەوە. ئەم دوو بەیتە بەم جۆرە نووسراون: (بەیتەکانم لە کتێبەکەی دکتۆر کەمالەوە ڕاگوێست):

خەیەرێکم بدەنێ ئەعلی خەبەر حەشرە مەگەر

ڕۆژ کەوا ئەمڕۆ لە مەغریب سەری هێناوەتە دەر

نووری مەهدی لە تەرەف مەکەوە زاهیر بووە یا

غەڵبەیی کوردە لە بۆ کوشتنی (من کان کفر)

ئیوە دێڕی یەکەم بەیتی شیعرەکان لە (دیوانی کوردی) و کەشکۆڵی ئەسنووسی (بنهانی) وەکو یەکن، هەر دەڵێی گیو لەو کەشکۆڵەوە بەیتەکەی ڕاگوێستبێت، دەمێنێتەوە ئەو جوداوازییەی نێوان وشەی (غەلبەی) کەشکۆڵەکە و (غەڵبەیی) دیوانەکە. کە بگەڕێینەوە بۆ لای کەشکۆڵەکە دەبینین وشەکە (غلبە) نووسراوە لەڕووە دەشێ بڵێین گیوی موکریانی (غەلبەیی) خوێندبێتەوە منیش (غەلبەی).

وا دیارە سۆزی کوردایەتی پاڵی بەرموانشاد گیوەوە نابێت و ئەو غەڵبەیە و کافر کوشتنەی پێ کردبێتە شاباش و بۆ بەرهەمنگاری میللەتەکەی خۆی هەڵدابێت، ئیتر شیعرەکەش واتای دەمێنێ نامێنێ (ملی دەقوتەوە).

ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٧٥، ١٩٧٩

سڵاوێك لە شیعری نوێیابەتی كوردی

تێبینییەكی سەرەتایی هەیە لەبارەی ئەو ئامێرانەی مرۆڤ تەعبیریان پێ لە شتان دەداتـەوە دەشێ ببـێتـە تیشك بـە دەوروبـەری (شیعر – ئـامێری تـەعبیر)دا، ئەختێك چەشمەندازی بینەر ڕوون بكاتەوە:

مرۆڤ بە دوو جۆرە ئامێری ڕاگەیەنەر نیازەكانی خۆی دەردەبڕێ.

یەكەمیان، هونەرە جوانەكان.

ئەوی دیكەیان، ئاخاوتن كە دەشبێتەوە نووسین.

لێرەدا ڕەمز و ئیشارەت و برۆ هەڵتەكاندن و تەلیهاڵی و شتی ئەوتۆیی نایەنە ناو حیسابی ئەم وتووێژە چونكە ئەمەچنە ڕیزی هونەر و ئاخاوتن و ئەمەشگەنە مەیدانی ئەوان هەرچەند بەجۆرێك لە جۆران، تا ماوەیەك، توانای تەعبیریان هەیە. خۆ ئەگەر بایەخ بـەو چـەشنـە هـۆیـانـەی تـەعبیر بدەین دەبێ ئیشاتەكانی هاموشۆی سەر شەقامانیش بهێنینە ڕیزی هونەر و ئاخاوتن، ئینجا فیكەی شوان و دەرگە لێدان و ئحم و نازانم چیش... نەك هەر ئەمانە بگرە وشەی وەك (هەچە، وشە، چفە...)ش هەر نایەنە ناو لیستەی ئامێرەكانی تەعبیر هەرچەند لە شێوەی (دەنگی زمان)یش لە زارەوە دەردێن. قسەم لێرەدا لەگەڵ هونەر و ئاخاوتنە.

بەر لەوەی بچمە قووڵاییی لێكدانەوەوە، تایبەتییەكی زێدە جوداكەرەوەی ئاخاوتن لە هۆیەكانی دیكە تەعبیر دەدەمە بەر نیگای خوێنەر. ئاخاوتن تاكە ئامێرە كە بە مادە و واتایەوە زادەی هەناوی مرۆڤ بن، هونەرەكان هەر لایەنی واتایان بەچكەی مرۆڤە لەوە بەولاوە ڕەنگ و زەیت و بەرد و قوماش و قرچە و پیشە و ژێ و گەچ... و... هەموو ئەو كەرەستانەی كە لە بەرهەمی هونەریدا بەشدارن لە مرۆڤ بێگانەن.

ئاخاوتن لە هەموو ڕوویەكەوە و بە هەموو وجودیەوە زەنەی هەست و هۆشی مرۆڤە تەنانەت مرۆڤ دروستكەر و داهێنەری ئاخاوتنە پتر لەوەی هی منداڵەكەی بێت، بگرە لە گەرمایی لەشیشی لێی نزیكترە چونكە منداڵ و گەرمایی لە مادەی بە پێز و بەرهەستی دەرەوەی وجودی مرۆڤ بەدەر دەدەنەوە كەچی (وشە) لە خودی مرۆڤەكە دەزێتەوە بەڵام زانەوەی مەعنەوی نەك مادی. ڕەنگە بیر بۆ ئەوە بڕوا كە (وشە)ش لە

مادەوە وجود پەیدا دەکات، گۆیا (دەنگ) کە قاڵبی وشەی واتادارە پێوەندیی بە هەواوە هەیە هەواش مادەیە. ئەم بۆچوونە ڕواڵەتی و سەراوییە چونکە مرۆڤ دەتوانێ لە دەروونی خۆیدا وتووێژ بکات بێ ئەوەی بە زمان دەریان ببڕێت. خۆ زۆر کەسی بێ زمان هەیە هەموو شتان تێ دەگات و هەموو شتانیش بە دڵ و مێشکی خۆیدا تێ دەپەڕێنێت و یەک وشەشی لێ دەرناپەڕێت .. هەر نییە با بگەڕێینەوە بۆ سەر ڕێچەی مەبەستی ئەم نووسینە.

هونەر، تێکڕایان، کە لە ڕووی شێوە و جۆری (تێگەیاندن – ڕاگەیاندن)ەوە لەگەڵ ئاخاوتندا بەراورد بکرێن دەچنەوە بۆ لای (تجرید) و هێماکاری، واتە بەر لەوەی هونەرکار بیەوێ هیچ بەرگی ئامۆیی لەبەر هونەرەکەی بکات، هونەر خۆی وەک هەیە بە جۆرێکی تەجریدی واتا دەبەخشێ و فەرهەنگی قەراردادە و نووسراوی نییە واتاکانی لێک بداتەوە وەک کە زمان فەرهەنگی هەیە هەڵبەت بۆیە هونەر پێویستی بە (وەرگێڕان) نییە لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر وەیا ڕاستتر ئەوەیە بڵێین وەرگێڕان هەڵناگرێ وەک کە زمان هەڵی دەگرێ و داخوازیشی دەکات، بە نموونە کە گوتت (تووڕەیی) عەرەبێک تێ ناگا تا بۆی نەکەیتە (غضب) بەڵام کە بە وێنەکێشی تەعبیرت لە (تووڕەیی – غضب – fury ..) داوە هەموو بینەرێک لە واتاکەی دەگات ڕەنگە کوردێک و ژاپۆنییەکیش هەردوویان بە جۆرێکی لە یەکتری نزیک تەعبیر لە (تووڕەیی) بدەنەوە، ئەگەر جوداوازییەکیش لە نێوانیاندا هەبێت لەوانەیە هەر بە قەدەر جوداوازیی نێوان دوو وێنەکێشی کورد وەیا ژاپۆنی بێت. ئەوەی ڕاستییش بێ تەعبیردانەوەی تەجریدی لە واتا بە ناچاری جوداوازی دەخاتە نێوان بەرهەمی هونەرکارانەوە چونکە مومکین نییە خورپەی دڵ و تاسەی دەروون و ڕەنگینیی پەنجەی دوو کەس وەک دوو نوسخەی یەک شت بن، کە ئەم بزوێنەرانەش لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی دیکە گۆڕان هەڵبەت بەرهەمیشیان دەگۆڕێ.

ڕەنگە ڕاست بێ بگوترێ ڕەسم لە پلەی پێشەوە و سەرەتای (تجرید)دا بێت مۆسیقاش لە دوایین پلەدا، واتە ڕەسم لە هونەرەکانی دیکە مەفهوومتر بێ و مۆسیقاش لە هەمووان زاتیتر و دەروونیتر بێ هەر نەبێ لەبەر ئەوەی کە ئامرازی تەعبیر لە هونەری مۆسیقادا، کە دەنگ و ئاوازە، لە خۆوە حزمترە لەگەڵ مەعنا و خەیاڵ و خرولیادا بە ئەرک و بڵیمەتی مۆسیقار نەبێ ناتوانێ وەیا هەڵناگرێ تەعبیر لە شتی ڕەق و زەق و بەرهەستی وەک بەرد و دار ڕەنگ و بۆن و بینراو و بەرهەست و

چیژراوانەیە، ئینجا دەشتوانێ بەهۆی وێنەی گوڵ تەعبیر لە (بێن) بداتەوە وەیا بەهۆی کەمانی ناو باوەشی مرۆڤێك واتای (ئاواز) ببەخشێ...

بە هەرحاڵ ئەم خاسیەتەی بەکارهێنانی (تجرید) و ڕێگە تەعبیری تەماوی و پشت پەردە لە هونەردا، بۆی بووە بە قەڵغان و بەدرێژایی مێژوو لە زۆر بەلای ناگەهانی ئەم جیهانە پڕ کێشمەی پاراستووە سەرەڕای ئەوەی کە (هونەر) لە بنەڕەتدا مەخلوقی نارایشت و جوانکارییە: تا ئێستاکەش هونەردۆستی هەموو جیهان مەرحەبا لە بەرهەمی هونەرێك دەکەن کە لە ڕووی هونەری ڕووتەوە بێ عەیب بێ دواتر سەر لە ناوەرۆکی خوار دەکەنەوە، ڕەنگە هەر گوێشی نەدەنێ. هونەر خۆی لە خۆیدا کەرەستەیەکی مام سەلامەتۆکەی تەعبیرە، زۆر بە دەرەنگەوە خاوەنەکەی دەهاوێژێتە ناڕاحەتییەوە. ئەمە ڕاستییەکە هونەر لە چارچێوەی ڕەوای خۆیدا دادەنێت، لە نرخی کەم ناکاتەوە، وەك ئەوەی کە هەنجیر و هەنگوین و ترێ و گۆزەویش نرخیان بەوەدا نادۆڕێنن کە لە لوولەی تفەنگەوە دەرنایەن.

لە تاقمی ئامێرە زمانییەکان، کە پەخشان و هۆنراوە، پەخشانیش بەسەر بگە زۆر ئەژمارەکانی ئەدەب و زانست، ئینجا گوتار و کتێب، ئینجا چیرۆك و شانۆگەری.. هتد دابەش دەبێ. بێگومان ئامێرە هەرە بەهێز و پێز و بەبڕشت و دەنگ و سەداکەی تەعبیر لە نێوان بەرەی ئاخاوتن و نووسیندا گوتاری سیاسی و نووسینی سەر بەسیاسەت و باوەڕە کە ڕاستەوخۆ و یەکسەر، بێ تەئویل و زمانگرتن و (پێچی دەومنێ) نشتەر لە دوومەڵ دەدات چیرۆك و شانۆگەری، بەعادەت، لەناو هەڵوەست و ڕووداوی ناو سەرگوزشتەکەیان (پەروا) دەردەبڕن و لەوانەیە گوتە هەرە بەجورئەتەکانیان لەسەر (نووسەر، دەرهێنەر) حیساب نەکرێن چونکە بەسەر زمانی غەیری خۆیدا دەریان دەهێرێنێ و ڕێی ئەوەی دەمێنێ پەنا بباتەوە بەر سایەبانە زۆر مەشوورەکەی (ناقل الکفر لیس بکافر).

ئەوەی مەترسی و بەلا بۆ نووسەری چیرۆك و شانۆگەری دەهێنێتەوە، ڕەنگە چیرۆکەکە نەبێت بەڵکو (انتمای) نووسەرەکە بێت، لەوانەیە هەمان قسە و هەڵوەستی ناو چیرۆکەکە لە نووسەرێکی دیکە کە (انتمای) نییە وەیا جودایە بەداوێوە نەکرێ. ناوێك لە مێژوو بەدەوە دەبینی لە وڵاتی مسڵماناندا هەمیشە مسڵمانەتی بۆتە شەفاعەتکاری ئەوانەی قسەی بەجورئەتی پشت لە عەقیدەیان کردووە، نەك لە چیرۆك و بەس، بگرە لە هەموو مەیدانێکدا. هەڵبەت لە نێوان مەسیحییانیشدا هەمان دیاردەی

حاڵبەخشکردنی مرۆڤی مەسیحی لە چاو هی (کافر) باو بووە هەروەهاش لە نێوان باوەڕە جوداجوداکانی دیکەی ئەم جیهانەدا.

کە بێین و لە ڕوانگەی مەترسی و سەلامەتیی تەعبیرەوە سەیری (ناخێوەر، ناخاوتن) بکەین دەبینین لە کۆنەوە شیعر ئامێرێکی سەلامەت و بێ خەتەر بووە لە چاو پەخشان: هەموو ئەو قسە بێ پەروا و بێ پەردانەی کە ئەگەر نووسەر بیانکاتە پەخشان هەرای بۆ دەنێنەوە لە شیعردا بە دریژایی ڕۆژگار چاوی لێ پۆشراوە و بە قسەی جوان و نوقڵ و بابەتی ئارایشت لە قەڵەم دراوە.

سەیری شیعرەکانی نێو ئەلف لەیلە بکە و بزانە چی تێدا گوتراوە [ئەلف لەیلە بە شیعر و پەخشانیەوە ئەم بێ پەردەییەی تێدا بەدی دەکرێ بەڵام شیعرەکانی کە بە نموونە دێنەوە زەقترن لە ڕووی جرونەتی زایەندییەوە «زایەند – جنس – sex»]. ئینجا گوێ بگرە خەیام چۆن ئاوناوە دەگاتە پایەی (ابن الراوندی) و هەر بە خواناس و (حکیم)یش ناوی دەبرێ. لە کۆنی هەرە کۆنەوە (هەڵبەست) بە تێکڕایی یەکجار کەمتر لە قسەی عادەتی، چ جایی نووسین، حیسابی (جدیە)تی بۆ کراوە، ئێستاش هەر وەهایە. نالی کە دەڵێ:

شیقەی فەلەکولئەتلەس و ئەستوونەیی زێڕین
بێ هێکە بە ئارایی سەر و سرکەیی والا

لە جیاتی ئەوەی پێی بڵێین مامە نالی چۆن دەکرێ ئاسمان و پەلکەزێڕینە بدەینە دەمی مەقەس و نووکی دەرزی، هەزار ئافەرین لە خەیاڵە بڵند پەروازەکەی و دارشتنە سیحراوییەکەی دەکەین، جا ئەگەر یەکێکی عادەتی، یاخود نالی خۆی، بچێتە بازاڕی قوماش و جلدرووان و مامەڵەی ئەو تەرزە بابەتە و درووماتە بکات دەبێ چ وەرامێك وەرگرێتەوە! کام نووسەر وێراوەتی لە پەخشاندا شتێکی وەك (هەتیوی بولغار و پەهودی پەچە)ی شێخ ڕەزا و شەوە زۆر مەشوورەکەی ئەحمەد (مصباح الدیوان) بە قەڵەمی خۆیدا تێ بپەڕێنێ؟

مەسەلەی حیساب لەگەڵ نەکردن و لێ پەداوێنەوەکردن پەزیانەوە لە هەڵبەستی فۆلکلۆری سەهاو و دەقگرتوو بووە، واتە شایەر و گۆرانیبێژ و بەیتخوێن و بالۆرەبێژ پتریش لە شاعیر پەرەو تەعبیری بێ پەردە و وێنەی شەرمهێنەوە دەڕۆن بێ ئەوەی کۆ لە جەزا و چاوسوورکردنەوە بکەن چونکە دەزانن کەس لێیان زوێر نابێ. لە زۆر

بەستەی شایی و گۆرانیی میللی، حەزکردن ڕووی لە ئافرەتی شووکردوو دەکات وەک کە هەموو جاران شایەر دەڵێ (مێردە گولەی بمرێ..) وەیا (... ناوێرم بێنم ناوی، لەبەر مێردی گلاوی) وەیا گۆرانیی (لانکۆڵێ) هەمووی هەر خەریکی ژیرکردنەوەی منداڵە بۆ پەیداکردنی دەرفەتی ژوانی دەمەوبەیان. لەوە هەر گەڕێ کە گەلێک جاران لە شایی ڕەشبەڵەکدا باسی لەشی ئافرەت بەو شێوەیە دەکرێ کە لێرەدا نەبێ جایەز نییە.... بە تێکڕایی، شیعر لە چاو فۆلکلۆر، پتر زمان دەگرێ لە ئاست ئەو وشە و تەعبیرانەی بیری بیسەر بۆ لای زایەند دەبەنەوە هەرچەند گەلێک پتر لە پەخشان ڕێی تەعبیری ڕەهای بەرەو زایەند بە خۆی دەدات و لێشی دەسەلمێندرێ.

بەهەرحاڵ، شیعر بە زۆر ناکەوێ لەسەر شاعیر، ئەمەش ڕاستییەکە لە خۆوە ئاشکرایە هەرچەند باسیشی ناکرێت و هیچ حیسابێکیشی لەسەر هەڵنەستاوە. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ منیش لە مامەڵەکردندا هەرگیز ئەو سەلامەتییەی شاعیرم تێ نەخوێندۆتەوە تێنشی ناخوێنمەوە لە نووسینیشمدا ئەوەندەی باسی شاعیری کوردم بە تەقدیسەوە کردووە پەخشاننووسی کوردم باس نەکردووە. لێرەشدا کە ئەم ڕاستییە بە فراوانی دەدەمە بەر لێدوان پێش هەموو شتێک مەبەستم ڕوونکردنەوەیەکی شوێن هەنگاوی شاعیری نوێخوازی کوردە جا ئەگەر بۆچوونەکانم هەڵبگرێ، ڕەنگە بە سوودی خۆی تەواو بێ، خۆ ئەگەر گوێشی نەدامێ چ زەرەرێکی نەکردووە. تەنانەت ئەگەر لە هۆشمی زوێر بکەم دۆستی لە من بەردەوامتر و ڕێز لێنەرتری چەنگ ناکەوێ، بۆیە وا بێ بەروا دەڵێم لە ڕووی خەتەر و سەلامەتییەوە شاعیر دەکەوێتە نێوان هونەرکار و نووسەر. بابی ئەوەی کە شیعر وەک هونەر ئارایشت و مۆسیقا و تەجریدە پشکی سەلامەتیی هونەر وەردەگرێ، بابی ئەوەش کە بە هۆی ئامرازی (وشە) تەعبیری مەفهوومتر لە هونەر بەکار دێنێت بەرەو پەخشان دەبێتەوە لە مەڵبەندی ترس و خەتەردا. لە کۆنەوەش گوتراوە (زمان بەڵای سەرە).

ئەم لایەنەی بێ خەتەری، وەیا کەمخەتەری، کاری نەکردۆتەوە سەر شۆرەتی شاعیر هەروەک کاری نەکردۆتە سەر هونەرکاریش، بە پێچەوانە شاعیر هەمیشە لە نووسەری پەخشان بەناوبانگتر و مەرحەبا لێکراوتر بووە. هەڵبەت دەزانم بەشێکی بەرچاوی ئەم پاداشە مەعنەوییە دەچێتەوە بۆ ئەو لەزەتە عاتیفییەی کە مەردم لە شیعری نازکی وەردەگرێ. لە بری هەستی حەسانەوە و ئارامی گیان و تامەزرۆیی شکان کە لە بیستن و گوتنەوەی شیعری جوانەوە بە مرۆڤ دەگات مرۆڤەکە پاداشێکی خۆشویستن و سۆز

به شاعیرەکە دەداتەوە. ئینجا هۆی دیکەش هەیە پاڵهێشتی لە بڵاوبوونەوە و ناو دەرکردنی شیعر و شاعیر دەکات وەک ئەوەی کە شیعر پتر لەگەڵ دەروونی بیسەردا وتوویژی بەردەوام دەکات و گەلێک درەنگتر خەلق لە گوتنەوەی تێر دەبێ، پتریش لە پەخشان دەست دەدا بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵقەوە لەسەر شانۆ و لە کاتی کۆبوونەوە و نمایشت و چەندین موناسەبەی دیکەدا بگوترێتەوە و بخوێندرێتەوە. باشتریش لەگەڵ جۆشی عاتیفە هاوئاهەنگ دەبێ، ئاسانتریش دەبێتە گۆرانی.. دەڵێ ئەمانە هەمووی پاریدەی شیعر دەدەن تا ئەویش وەک هۆیەکانی دیکەی ناو دەرکردن (گۆرانیبێژی، سینەما، رۆژنامەگەری، پاری، مۆزیمایەتی....) بە خێرایی شاعیر مەشوور دەکات و دەیباتە پلەی عەبدولحەلیم و حەسەن زیرەک لە شۆرەتدا. بێنە قوتابییەکی زانکۆ کە شیعر بڵاو بکاتەوە، لە رووی شۆرەتەوە بەو مامۆستایەی بگرە کە هەرچی زانستی سەخت هەیە بە دەرسی دەڵێتەوە و کتێبیشی لەسەر دادەنێ، دەبینیت قوتابییەکە زۆر لە مامۆستاکەی مەشوورتر دەبێ، ئەمە راستیی بێگومانە کە لە هەردوو دەستە تەرازووی ئەرک و پاداشدا بە سوودی شاعیر لەنگەر دەبەستێ.

بەولای ئەم راستییەوە راستییەکی دیکە هەیە، ئەویش لە سوودی شاعیر زیاد دەکات و لە ئەرکی دادەشکێنێت، هەتا واتای شیعر تەماویتر بێ هەڵوەستی شاعیر سەلامەتتر دەبێ، چونکە نامۆیی تەعبیر وەک ئەو کاڵانەیە کە تیژایی و برندەیی تیغ لە نێو خۆیدا دەشارێتەوە و زۆر بەدرەنگەوە لێی بەدیار دەدا کە دەیەوێ برین بخاتە لەشی ناحەزەکەیەوە. لە سەرێکەوە شیعر بە هۆی شیرینی و روحسووکی و خنجیلەیی خاڵبەخش کراوە، لە سەرێکیشەوە شاعیر بە تەعبیری تەمایی خۆی جەب دەدات لەو ئەرمە خەتەرەی کە شیعری وەک:

ملك ودستور ومجلس امة

كل عن المعنى الصحيح محرف

کاتی خۆی رەنگ بوو بیهێنێتە بەر هەنگاوی (رصافی). ئەوەی راستیش بێ شیعرەکە و هی تریش دووچاری هیچ ناڕاحەتییەکیان نەکرد، ئەوەی پێی سەغڵەت بوو دەم لێدانی شتی سەر بە ئاین بوو کە لە حەقیقەتدا بە گەلێک مەزهەبی رەواش هەر رەوا بوو کەچی کۆمەڵێک مەلای لێ بەخەبەر هێنا، رەنگە هەر ئەو کەسانەش پاریدەی رزگاربوونیان دابێت کە بە هەڵبەست هێرشی دەبردنە سەر. شتە سەر بەئاینەکان بە پەخشان نەک بە شیعر بڵاو بووبوونەوە بۆیە بوو ئەو کارەی کرد، تەخۆ زەماوی بە

شیعر دەری بڕی کە دەبێ (أثیر) خوا بێ چونکە هەموو ئەو سیفەتانەی دەدەنێ کە لە خوادا ڕەچاو دەکرێ و هەر دەمێنێتەوە هۆش و خواز (ارادة)، کە ئەو دوانەشی پێ بدرێ بۆ ئەبێتە خوا؟ ئەمەی گوت [هەڵبەت من دەقی قسەکانی زەهاویم نەهێناوەتەوە] و پێشم شك نایەت کەسی لە خۆی بەدەنگ هێنابێ.

تۆ بێنە لە هەڵبەستدا هەرچی جەهەنەمی دنیا و قیامەت هەیە لە گیانی زۆردار و بەدکار و خوێنمژ و داگیرکەر و (سپخور)ی بەربدە کەس تووڕە ناکەیت چونکە قسەکانت هیچ تاکێکی دیار و پەنجەنیشان ناگرنەوە، شیعریش پەخشی ئەخبار نییە ناوی کەسان و شوێنان و مێژووی ڕووداوان بکاتە لیستە و لە دێڕەکانیدا قەتاریان بکات، بۆیەیە ئەوەی لەبارەی خراپەوە دەیڵێت، زۆر جاران، لەوانەیە بەدکارەکەش بیڵێت. لەمەوە دەمەوێ بە شاعیری کوردی نوێخواز بڵێم هەستکردنی تەمومژی ناو تەعبیر و هەڵنانی پەردەی نامۆیی بە دەوری هەڵبەستەوە حەشارگەی خۆ تێدابواردنە ئینجا نمایشتی ماسوولکەی هونەرە، ئینجا سلێمانی گوتەنی (خەنجەر لە کا)یە بێ ئەرك و مەسرەفەکەیە، ئینجا (بهتاقەی شەرەف) بەخۆیەخشینە بۆ ڕیزی هەرە پێشەوەی قارەمانە ڕاستینەکانی هەرای فکر و باوەری کۆمەڵایەتی و چارەنووسی گەلان. ئاخێوەر هەتا لە تەم و نامۆیی زیاد کات خۆی لە خەبات دەشارێتەوە. بووکەکانی فکری مارەبڕی خۆی ناکات. بگرە دەخزێتە ناو ئەو بورجە عاجینەی کە لە فێرگەیەکی سەرلەبەری فکر و هونەر کراوە بەعەیب. ئینجا ئەگەر جوانی و شکڵی شیعر جارێکیان بەرزیشی سەلامەتی بۆ کێشابێ، ئەو جەنگڵ خواردنەی لە نێو بورجە عاجینەکەدا بە هۆی تەعبیری نامەفهووم لە زۆرەی هەرە زۆری گەلی دادەبڕێت چونکە یەك تاکی جەمهوورەی ئەو خەڵقە لە قسەکانی ناگات. شاعیری کەس تێنەگەیشتوو کە لەلایەن خەڵقەوە پێشوازیی لێ دەکرێت، بەهۆی مەفهوومنەبوونی قسەکانی ئەو پێشوازییەی لێ ناکرێت، بەڵکو لە شێوەی قەرز و خواستنەوەدا پشکی (حورمەت و خۆشەویستی) لە تێکڕای مەفهوومی (شاعیریەتی)، نەك لە مەفهوومنەبوون، بۆی دەبێ بە ماڵ. سەرمایەی شاعیری نامەفهووم لەو شەعبییەتەی کە هەیەتی قەرزی دەست بەسەردا گیراوە.

شیعری زیندە ئەماوی، بەناچاری دەبێتە وتوویژ لەگەڵ خۆدا کردن. ئەویەری لێك کێشرانەوەی جفزی مەفهوومەوونی ئەوەیە بەرەی شاعیران لە ڕێی کوتانەوەی ڕێگای لە یەکدی نزیك و لە یەکدی شارەزا بدۆزنەوە بتوانن لە یەکدی بگەن. یاخود

هەریەکەیان بەپێی بۆچوونی تایبەتی خۆی واتا لە شیعری هاوڕێکەی بداتەوە، کە ئەمەش شێوازێکی نوێی بابەتی لێکدانەوەیە جەریکە لە زۆربەی مەیدانەکانی سەقافەت خۆی دەکاتە ڕوانگەی سەلمێنراوی تێوە ڕامان، تا ئەوەی بەرهەمی کۆنینە دەڕێتە بەر نیگای سەردەم نەک بە نیازی پتر تێدا ڕووچوون و ڕوونترکردنەوە و سەرەژووریتربردنی سەرچاوەی ماکەکانی ئەو بەرهەمانە بەڵکو بە ڕاگوێستنی پاتەوپات و یەکسەری بەرهەم و خاوەنەکەی لە ڕۆژگاری خۆیەوە بۆ ئەم ڕۆژگارە وەک کە کوڕی ئەم ڕۆژە بێت.

سەیر لەوەشدایە کە هەندێ جار دەستەتەقە هەڵدەستی لەسەر نیاز و خوازی هونەرمەندێکی سەردەم و زیندوو لە فلانە بەرهەمیدا. کابراش زەق زەق دەبینێت و تەق تەق دەبیسێت و بەدەنگیش نایە بڵێ هۆ هەڵقینە ئەمەیە مەبەستەکەم، خۆ هەرای هونەرکاران بە دەورپشتی وێنەی سوریالیستەوە کە هەریەکەیان بە جۆرێک واتای لێ دەداتەوە بە تەواوی خاوەن هونەرەکە کپ دەکات.

دەبێ بزانین شیعر لە بنەڕەت و لە یەکەم جووڵەی هەڵتانیەوە جۆرە داپۆشراوییەکی وەک پەردەی تەنک یا دەستووری بەسەرەوەیە لە چاو قسەی عادەتیدا. تا ئەوەی ڕەنگە ڕاست بێ بگوترێ شیعری زێدە سادە و ساکار و مەفهووم بە کاری هونەری لە قەڵەم نادرێت. مەگەر لەوانە بێ کە پێی دەگوترێ (سهل ممتنع).

بە نموونە ئەم دێرە شیعرەی شێخ ڕەزا بەهۆی داڕشتنێکی ئەهتەک ناعادەتییەوە بوو بەو نامەفهوومەی کە هەر ئێستا باسی دەکەم:

کێ بێ لە دلێرانی عەشایر کە نەچووبێ

وەک تیری ئەجەل نووکە ڕمی جافی بەنافا

وەک دەبینێت ئەم دێرە شیعرەکە لە بەشی هەرە ولتا ئاشکرای هۆنراوەیە. کەچی ئیمجە شاعیرێک ئەمەی خوارەوەی لێ خواستەوە و کردی بە دیاری بۆ ئەرمەکی عوسمان پاشای جاف:

(ئــەی ئــەوەی مــیــری بــەنــاف

ناعەلاجم شەو لە داخت لیر ئەکەم)

ئەگەر دێرە شیعرەکەی شێخ ڕەزا هەڵوەشێنینەوە بۆ باری عادەتیی ناخاوتن و بڵێین (کێ بێ لە دلێرانی عەشایر کە نووکە ڕمی جافی بە ناوکدا نەچووبێ وەک تیری

ئەجەل؟) ئیمجە شاعیرەکە چاوی ڕەشکە و پێشکەی ئەدەکرد لە وشەی (بەنافا) و وا تێ بگا لە کۆتاییی شیعرەکەدا سیفەتە بۆ (جاف). ئینجا هەقیشم نییە بەسەر ئەبوونی کێش و واتا لەوەی بە دەوری (بەناف) فەرموویەتی.

شیعری ئێستاکەی کوردی، زۆر بەداخەوە پێیەیێ تێ هەڵکشێوە لە نامەفهوومی تاکو گەلێک جاران دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە لە خاوەنی بەولاوە ڕەنگە کەس تێی نەگات. ئەو نامەفهوومییە و نامۆییە لەوە دەرچووە زادەی عەفەوییەت و وروژان و جۆشان و هەڵڕژان بێت وەک ئەوەی کە دەمەوانەی دەفری داخراو و ئاخناوت هەڵگرت ناوەڕۆکی دەفرەکە هەڵبڕژێت و دەپەڕێت. نامۆیی لە شیعری نوێبابەتی کوردی بووە بە شەقڵ و دەق و نەخش و ڕوخسار، بگرە تا ڕادەیەک بەرەو دەروونی شاعیریش ڕۆیشتووە لەوەدا کە خەریکبوونی شاعیر بە دۆزینەوەی داڕشتنی سەخت و وێنەی کوێری بەرەو خەیاڵ و واتای ورد و تێک هەڵکێش و نامەئلووفی ئەوتۆیەوە دەبات کە (معاناة)ی عادەتی نایانگاتێ. ڕەنگە ئەم وردبینییە و تەنک هەڵبڕینەوە و خەیاڵ باریککردنەوەیەش تەنها سوودێک بێت بە شیعری کوردی بگات لە بری لەدەستچوونی ڕوونی و ساکاری و ئاشکرایی کە سەرچاوەی لێخواردنەوەی ناپۆزەی خەلقە. واتا و خەیاڵی دووردەست بە خۆی و نرخە هونەری مەعنەوییەکەیەوە وەک ئەو گەنج و زێڕ و گەوهەرەیە کە لە خەزنەی دەوڵەمەنددایە و بەر نیگای من و تۆ ناکەوێ. داخیشم ئەو داخەیە کە گەوهەری وەها نایابی کوردی، وەک لە دەست ئێمە چووە، تەرجەمەش ئەکراوە بۆ زمانانی دیکە بە شێوەیەک لە عالەمی ڕابگەیەنێ کە شاعیرە بێ پووڵ و پارەکە بگرە بێ شەعبادەکەی، کورد بە گەوهەری واتا و شێوەی کەسنەبیستوو و کەسنەدیتوو ئەو سامانە مەعنەوییەی بەدەوری ڕووتەڵەیی خۆیەوە هەڵناوە تا ئەو ڕادەیەی بتوانێ بەخشندە بێ و لێی بخوازرێتەوە. هیچ موجامەلە لەوەدا نییە کە دەڵێم شیعری نوێبابەتی کوردی وەهام بیستووە بە قۆناغ پێش زۆربەی، ئەگەر نەڵێم هەموو، شیعری نوێبابەتی جیرانەکانی کورد کەوتۆتەوە. تەنانەت جارێکیان بە یەکێک لەو شاعیرانەم گوت کە تۆ دێیت و لە فڵانە برە شیعرتدا، بەلای خۆتەوە، بەناوهێنانی چەند شاعیری غەیری کورد پووکاری هەڵبەستت بەرز دەکەیتەوە لە ڕاستیدا دەستیان بۆ شۆڕ دەکەیتەوە ئینجا لە بەرزایی هەڵبەستەکەتەوە دەتوانی دەست بگەیەنیە دەستە بەرزکراوەکانیان بەرەو ئاسۆی پەرواز. لە مەشدا یەک تۆسکاڵ موجامەلەم بەکار نەهێنا چونکە بە ڕاستی و سەد جاران بەڕاستی ئەو برە شیعرە کە نموونەی گەلێک

پارچەی دیکەی وەك خۆی بوو تاکە یەك هاوتای نەبوو لە هەموو ئەو شیعرە تاوەرگێڕدراوانەی غەیری کورد کە من لەو چەندین ساڵانەی دواییدا بیستوومن. جوانی و بەرزیی بڕە شیعرەکەش یەکێ لەسەر ئەوە نەکەوتبوو ئایا تێیان دەگەیت یا نەگەیت. وەك فڕۆکەی بەهەواوە هیچیشی تێ ناگەیت و پێشەوە دەحەپەسێنێت.

شیعری نوێخوازی کورد گلەیێك بەولای شیعری سەدەی نۆزدەمی کورد، لە ناموێیی و نامەفهوومی تێپەڕی کردووە، جا ئەگەر گلەیی لە شاعیرێکی بەر لە ۱۰۰ ساڵ بکەین کە شیعری توێکڵداری گونتوون دەمزانین ئەو شاعیرە لە سەردەمێکدا ژیاوە کە وا جاری شیعر تێیدا نەبووبووە فەرمانبەری بیروباوەڕ شاعیریش داوای شەعبییەت و گەلدۆستی نەدەکرد، خۆدیوانەکەشی چاپ نەدەکرا، هیچ بەرەو ئاقمێکی ڕۆشنبیرانیش بۆی نەدەبوونە پڕوپاگاندەچی، نە خۆی بەتامایە و نە کەسیش لێی دەسەلماند ببێتە پاڵەوانی کۆمەلایەتی و قەومایەتی و.. نە.. نە..

ئینجا شیعرەکانیشی لە چاو شیعری سەردەم ساکار و ڕوون بوون ئایا دەبێ چ جۆرە گلەییەك بکرێ لە نامەفهوومیی شاعیر نوێ خوازی نوێخوازیی کورد کە هەموو ئەو (نە.. نە..)یانەی شاعیری کۆن بۆ ئەو (ئەری.. ئەری.. بەدی... بەدی... بەلێ.. بەلێ..)یە؟ ڕێز و خۆشەویستنم بۆ شاعیری سەردەم ئەوەم لە بیر نابانەوە کە دەبێ تێی بگەم دەبێ خۆی لێم ئاشکرا بکا: داوا لە هونەر و توانای دەکەم یا قاڵبی وەها داڕێژێت بە دڵی خۆی و بە فەهمی بیسەر بێ، یاخود پتر ڕووناکی بخاتە نێوان شێوازەی تەنینەوەی داوە باریك و لوولخواردووەکانی ئەو فکر و سۆزەی کە لە پەشێکی بەرچاوی شیعری ئێستاکەیدا بۆ شیعرخوێنی عادەتی و فراژووش گرێیچکە دەکا. من نالێم، لێشی قبووڵ ناکەم، بە دەمووددووی ناخاوتنی عادەتی و پەخشانی سادە لەگەڵمدا سکاڵا بکات، تاوانباریشی دەکەم کە بەنیازی خۆ ڕوونکردنەوە و مەفهوومبوون واز لە وێنە و واتای کنوی و ڕەمکردوو بهێنێ... مۆسیقا بدزێنێ... پەردە و پۆشینەکانی سەر ڕووی بووکە خوولیاوییەکانی بپێچێتەوە، من مامۆستای قوتابییانم لە شاعیر و هونەرکار ناوێ.. واعیز و پەندیاریشم ناوێ.. ڕابەری ئاین و کۆمەلایەتیشم ناوێ. ئەمانە بێ ئەوەی شاعیر بن هەن و لە کاردان.. من شاعیرێکی هەستیاری هونەرکاری دەستڕەنگینی مەناو تەقیوی جەزبەگرتووی شێت و شەیدا و بەلەرز و تا و... مەفهوومم دەوێ، نۆبالی ڕسکان و نەڕسکانی ئەو مەرجانەش دەچێتەوە ئەستۆی بەهرەکەی، نۆبالی لێحاڵێبوونیشی، ئەوسا، دەچێتەوە ئەستۆی خۆم.

ئامۆیی شیعر، یا هەر بابەتێك بێ. كە گەیشتە پلەی پێچرانەوە و لوولخواردنی ئەولای تێگەیشتنەوە چ پێویست بەوە ناهێڵێ لە ناوەرۆكەكەی بكۆڵرێتەوە ئایا رووی قسە و وتوویژی لەگەڵ چەندیەكی میللەت و كام بەرە و چینی میللەتە. پارچە هەڵبەستی وەها هەیە هەر لەبەر شێوازە نوێییوەكەی نەزانری نوێخوازە و كۆنەپەرست نییە. تۆ بڵێی ئەم دارشتنە پشت لە (عروض)ە و ئەم شێوە تەماوییە نامەفهوومە لە كوێوە پەڕییەوە بۆ ناو هەڵبەستی كوردی؟

هەڵبەت ناشێ بڵێین نمای ئاسایی و فراژووربوونی خۆرسك شیعری كوردیی لە عەرووزەوە راگوێست بۆ ئەو حاڵ و بارەی كە هیچ پێوەندیی بە رابردوویەوە نەهێشت، چونكە وەك دەزانین ئەو گۆرانەی كە لە هەڵبەستی كوردیدا گەیشتە رادەی بەرەواژبوون و هەڵگەڕانەوە لە چەند ساڵێكدا رووی دا بەحاڵ بەشی لاساییكردنەوەی دەكرد چ جایی ئەوەی عەرووزی تێدا پیر و گەندەڵ بێت و چرۆی تازە دەركات و ببێتە ئەسامی شیعری نوێی كوردی. ئەوەی پێوەیێ گۆرانی شیعری كوردی بباتەوە بۆ گۆڕانی باری كۆمەڵایەتی و شارستانەتیی كوردستان ئەگەر دەماری پێوەندیی زوورخان بەژێرخانەوە بپچڕێ، دەبێ ئەوە بە یادی خۆیدا بهێنێتەوە كە وا كاتێك شیعری (گۆران) تەتەوری كرد و بەدوای ئەودا زۆربەی شاعیرەكانمان عەرووز و شێوە دارشتن بۆچوونی میراتییان تەلاق دا هێشتا لە هەموو كوردستانی عێراق سێ ناوچەی لیوا و یەك دوو ناوچەی قەزا كارەبای تێدا هەڵكرابوو و جارێ كوردەواری یەك بست بەلای پیشەسازی و جوولەی هونەری و پەرسەندنی خوێندەواری و تازەبوونەوەی ژیانی كۆمەڵایەتی و ئازادیی ئافرەت و رەهابوونی بیروڕا و ئەو جۆرە دیاردە ژیارییانەوە نەچووبوو كە ئیتر ناشێ بڵێین گۆرانی مێژوویی كورد هۆی گۆڕانی شیعری كوردی بوو. كە شیعری كوردی كیفی كۆنی هۆی، وەك ساری دەمەو هاوینان، دلرنی جارێ زۆربەی كوردەواری لە بری (ژنەكەم) دەیگوت (خێزانم، ماڵەوە.. منداڵان..).

بەكورتی دەڵێم ئەوەی بووە بنەمای گۆڕانی شیعری كوردی دوو چشت بوو: یەكەمیان چاو لێكەریی شێوازی دەرەوەی كوردستان، بگرە هی رۆژهەڵاتیش. دووەمیان، كە هەر خۆی پەلەی بەهۆی یەكەم كرد، بڵاوبوونەوەی زۆر خێرای فكری نوێخوازی دوای شەری دووەم بوو بەهەموو دنیا نەك هەر بە كوردستاندا، كە یەكێك لە دامێنانەكانی نێو كورداتی ئەوە بوو وای لە نۆبەرەی رۆشنبیری ئەوسای كورد گەیاند گوێیا شكڵی عەرووزی لە شیعردا پاشماوەی سەردەمە پاشكەوتووەكانی

کۆنەپەرستییە هەروەك لە گەلێك مەیدانی دیکەی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕدا شەڕی بێ ناپەوە دژی ئەوەی پێی دەگوترا کۆنینە. ئەوەی زیاتریش لە نێو شاعیرە ئەوباوەکانی کورددا وای کرد شیعری عەرووزی و شێوازی کۆن قرانی تێ بکەوێ پتر لەوەی لە نێوان فارس و عەرەبدا قرانی بێت هەژارییە بێ سنوورییەکەی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و سەرلەبەری وجوودی مێژوویی کورد بوو کە ئەوەندە سامانەی بۆ کوردی دوای جەنگی دووەم بەجێ نەهێشتبوو خۆی لەبەر شاڵاوی نوێخوازیی بێ سنوور بگرێت. ڕابردووی کورد ئەوەندە هەژار بوو نەیتوانی ڕوخساری جارزی بەرزێ لە ئاست ئەو ورووژمەی کە فکری نوێخواز لە ژیاریی ئەورووپاوە بۆی هێنا، بەپێچەوانەی عەرەب و فارس کە لە بەرانبەر پاڵەپەستۆی فکری نوێخوازی پاش شەڕی دووەمدا سامانی فکری و مادیی میراتی ئەوتۆیان هەبوو زۆرانێ لەگەڵ هێزە هەڵتەکێنەکانیدا بگرێ و بارتەقای ڕاوەستێ. کوردەواری بەر لەوەی لە پلەی بەرەژوورچوونی مادیدا بگاتە میسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشا، هەر لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە وازی لەو شێواز و داڕشتنە هێنا کە ئێستاکەش لە ئاهەرەی ١٩٨٠دا هەر باوە لە پاشماوەی گەشەکردنەکەی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کە درێژەکێشانی ڕسکانە کوتوپڕە سەرکەوتووەکەی ئەدەبی نالی و شاعیرەکانی دیکەی کوردی سەدەی نۆزدەم بوو. چەند شاعیرێك بە تەمەنی کامڵیانەوە لێرە و لەوێ – بە زۆریش لە سلێمانی –، لەگەڵ شێوازی کۆن و شێوەی عەرووزیدا بەسەریان برد تاکو چرای عومریان کوژایەوە، ئیتر جیلی دوای، هەروەك لە بیرکردنەوەی ڕامیاریدا پێوەندییان بە کۆنەوە نەما لە شێواز و ناوەرۆکی شیعریشدا بە تەواوی لێی دابڕان تا ئەو ڕادەیەی کە ڕاستە بگوترێ دیماری ئەسەبیان بە ڕابردووەوە هەڵبڕییەوە. وەك دەزانین ئەم لە قەیێك هاتنەدەر و داڕنینی کیفی کۆن کە ڕۆشنبیری کوردی دوای شەڕی دووەم کردی کێشایەوە سەر دوشمنایەتیی (تراث) و بەمێنێکیش دەوامی کرد. بەڵام پاش ئەوەی کە گەشبینی و بەڵێنە خۆشکەڵەکانی فکری نوێخوازی کورد لەسەر تەختە بەردی ڕەق و تەقی هەژاری و نەداریی کورد ورد و خاش بوون (تراث) نرخێکی پەیدا کردەوە، چونکە وردە وردە بەدەم ئەجرەبەی تاڵەوە زانرا کە چینی لێرە بە پێشەوە و لەوان بە پێشترەوە ئەو گوناهبارە نین کە هەمیاڵە شلکە سافیلکە بێ ئەجرەبەکەی گەنجە نوێخوازەکان لێیان بەهەڵەدا چووبوو. تاوانی دواکەوتنی کوردیش ناچێتەوە ئەستۆی (تراث) و (ڕۆشنبیر)ی کلاسیکیی کورد، مەگەر بابیی

ئەوەی حاڵ و باری نالەباری کوردی سەردەمی ئەو گەنجانە بچێتە دەستۆی گەنجەکانەوە، واتە تێشکان و دەماتنەدیی هەڵێنەکانی باوەڕی نوێخوازیی کوردی دوای شەڕی دووەم پێیەیێ بوو بەهاکانە بۆ ڕابردووی کورد چونکە بە هەست و بە دەستیش زانیبیان ڕەهابوون و بەناواتگەیشتن بۆ میللەتی هەژار و بێ هێز ئەو دەست هەڵێنجە نییە کە لە ڕابەڕینەکەی (وتبە)وە گەنجە نوێخوازەکان لێی بەهیوا بوون. ئێستای بینینی ڕۆشنبیری کورد، وەک مراش، خورمەتگرتنی کەلەپوور و بەردەوامبوونە لەسەر شێواز و نیازی نوێ.

لەبەر تیشکی ئەم ڕوونکردنەوەیەدا، کە من بە ڕاستی دەزانم، مەعلووم دەبێ شێوازی نوێی عەرووزنەویستیی شیعری کوردی لەسەر بنجی مێژوویی خۆی ئەمای نەکردووە، بەرەسەندنیشی هی پێداویستی سەردەمی کوردی نییە بابیی ئەوەی کە وەچەی لێک مارەبڕانی هەژاریی مێژوو کردی کورد و وروووژمی سەقافەتی ڕۆژاوایە، ئینجا کە شاعیرێکی کورد دێت و لە نێو لووزەوە جوداجوداکانی فکر و شێواز و بۆچوون و ڕواڵەت و گەشکەگرتن و بە تێکڕایی (ناوەرۆک و ڕوخسار)ی سەردەمدا تەکان دەدات و مۆدێل دەگۆڕێت و ڕاوی واتای ڕەکردوو دەکات و تەمومژ لە خۆی دەئاڵێنێ بۆ ئەوەی، بە لای خۆیەوە لە کاروانی بزووتنەوەی ئەدەبی جیهانی دانەبڕێ دەبێتە مامڵەتکەری مەڵبەندێکی (شیعرکردی حەماڵکردی لاسایکرد)ی ئەوتۆ ئەگەر لە کوردستانی هەڵکەنێت و بیبەیتە (تەمومژستان) خۆی لە دەوروبەرێکی زۆر ناناشنادا نابینێتەوە چونکە لەوێشدا هەمان مامڵەت و کار و بازاڕ لە گەڕدایە.

تەمومژ و نامۆیی بەبەریەوە هەیە تارمایی مێوان بە هی خانەخۆی بناسرێت...

بەیان، ژمارە ۱۹۸۰

تاوانی دیاردە چاوغەڵەتێنەکان

ئەم جیهانە بێ سەروبنە، بێ سنوور و کۆتاییە کەس تێ بڕنەکردووەی وا لەبەر چاو و هەست و هۆشماندا، بەرواڵەت، هێندە کراوەیە هەر دەڵێی بانگەوازی ئاشکرایی و دەروون شکافیی خۆی بەجەر گوێی بیسەردا بەرز هەڵدەبڕێ، کە لێی ورد دەبیتەوە دەبینیت دەوراندەورتی تەنیوەتەوە بەتەڵەی فیکر و تەپکەی هۆشی ئەوتۆ کە هەر یەکێکی لەوانەیە بەترووکە چاوێک خلیسک بەتپگات ببات بۆ ناو زیندانە داخراوەکانی.

من لێرەدا نامەوێ ڕێی کورت درێژ بکەمەوە بۆ باسە دوورەدەست و پەنامەکی و وردەکانی فەلسەفە و میتافیزیك و ماتماتیك و .. تیك .. و تیك و هەزار و یەك تیك و .. ئیزم (ism)ی زانا و پسپۆڕ بەندیار و ڕابەرە وردبین و تەنکدابڕ و هێماساز و زارقەڵەباڵغی زانستە پەمرگە و دۆلابەکان و هونەرە لوولخواردووەکان و فێڵ و فرە خۆ-داپێچاوەکان، کە لەواندا تەپکەی فیکر بۆ زاناکان نراوەتەوە نەك بۆ زۆربەی خەڵق چونکە زۆربەی خەڵق هەستیان پێ ناکەن تا تێیان بکەون مەگەر لە ڕێگەی بەهەڵەچوون و سەر لێشێواوی زاناکان لەو تەپکانەدا ساکارەکانیش بەدوا ئەواندا پاندی تەپکەکان بین وەك کە قوتابی لە شێوەی تووتی قسەی مامۆستاکانی دەڵێتەوە دیارە زۆربەی خەڵقیش لە تەك ئەو زانایانەدا وەك قوتابی و بەرەژێرتریشن. ئنجا بۆیەیە لێرەدا تەنها دەست بۆ تەپکەی ئاشکرا دەبەم کە هەموو چاوێك دەیبینێت و پێیەوە دەبێت، ناونارەیەك نەبێ، کە بەپێی داخوازی، سەرکێڵێکی هەندێ تەپکەی نابەرچاو دەکەم. بەڵام لە پێشەوە دڵخۆشکەرییەکی مرۆڤی ساکار دەدەمەوە [کە خۆم یەکێکیانم] بەوەدا بەشێکی تەپکە بەرچاوەکان لە کۆنەوە ڕابەرەکانیش وەك ئێمە لێی بەسەهوو دەچوون و تێی دەکەوتن و لێکدانەوەی زانستییانەی ئەوسایان لێ هەڵدێنجا، واتە شەرمی تێوەگلانی ساویلکانە بایی نوشتوویەکی بەهێز بەسەر شانی ئەوانیشدا دەدووورا، هەر لەم نووسینەشدا ئەم لایەنەت بە بەرچاوڕا تێ دەپەڕێ.

مرۆڤ یەکەم تێوە ڕامانی هۆشدارانەی بەرەو شتێکی ڕوون و ئاشکرا و بەرز و پان و خاوێن بووە کە ئەگەر لە ئاستیدا بەسەهوو چووبێت بەزۆر لەسەری کەوتبێت ئەویش (ئاسمان)ە بەخۆی و بەرزی و جوانی و ڕەنگینی و مانگ و ئەستێرە و هەور و برووسکە

و کاکێشان و ... و ... هتد، هەر لە یەکەم نیگاشیەوە لێی بەسەمەوو چوو کە وای زانی شینە [چونکە شین نییە] کە وای زانی گوتبەتە [... گوتبەت نییە]، کە وای زانی سەرقاپە بەسەر زەویدا نخوون بۆتەوە [نە سەرقاپە و نە نخوون بۆتەوە] کە وای زانی بگێڕی بوونەوەرە گەشە ئاسمانییەکانە [نە بگێڕە و نە هیچ...]، دواتریش کە فەلەکناسەکان بەوردبوونەوە لە بزووتنەوەی ئەو بوونەوەرە ئاسمانییانە حەوت هەشت فەلەکی تەبەق لەسەر تەبەقی بۆ تیك و دەرزیان کردە هەڵسووڕێنی چەرخ و دۆلابی هەموو جیهان، خۆیان و زانستی زیندە گرنگی فەلەکیان لەو بەرزاییەوە بردە ناو زیندانێکی فیکری وەها کە دوو هەزار ساڵێکی پێ چوو تاکو لە سەردەمی کۆپەرنیکۆس و گالیلیۆ بەر لە ٤٠٠ ساڵێك دوای ترس و لەرز و قوربانی و زمانبڕین و کافرکردن و سووتاندنی چەندین بێ خەتایان تەبەقەکان پێچرانەوە و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە وەستاوەکان و گەڕۆکەکان لە کاروانی شەوانە و ڕۆژانەی ئەزەلی ڕەها کران و هەریەکەیان بەپێی تێبیرکردنی هۆشی فەلەکناسەکانی ئەو سەردەمە بێشکەی حەسانەوەیان بۆ ساز درا، مانگ و ئەستێرە گەڕۆکەکانیش مانەوە لەسەر تاکە بزووتنەوەی تایبەتی خۆیان کە پێوەندیی بەهەلاتن و ئاوابوونەوە نییە. ئنجا کە ئەمە کرا بەکسەر و بەناچاری (مامە زەوی) کە تاکو ئەو کاتە لە مەرکەزی جیهان پاڵی لێ دابۆوە خرایە گەڕ و کرایە بەرپرسیاری ئەو چاوبەستەکێیە زلەی کە بزووتن و گەڕان و سووڕانی ئاسمان و بوونەوەرە پرشنگدارەکانی لە هۆشی مرۆڤیان دەکرد چونکە دەرکەوت (زەوی) خۆی بوو دەسووڕا و دەبزووت و ئاسمانی لە بەرچاوی سافیلکە و پسپۆڕاندا دەکردە چەرخوفەلەك.

تۆ ئەگەر بیر بکەیتەوە لە چاوبەستەکێکە تا هەڵوەشانەوەی، کە هێشتاکەش پاییی سەربڕێکی لێ ماوەتەوە، ئنجا بگەڕێیت بەدوا ئەو کارە زیندە گرنگ و بەئەرك و ژان و ژوولەی کە کردۆتییە سەر زیهن و باوەڕ و ئاین و زانست و هونەر و ئەفسانە و ... و ... بەدرێژایی مێژووی مرۆڤ سەیرت لەوە دێتەوە کە چۆن مێشك و دڵ و دەروون و ئاخی هەست و ئەستی مرۆڤ هەر لە ڕسکانییەوە مەحکووم بووە بەو دیمەنە بێ ڕەزایە چاوغەڵەتێنە هۆش حەپەسێنە گیان ورووژێنەی پاك و ڕوون و بەرز و هیچ و پووچەش. وەهای تێ ئەگەی تەپکەی (ئاسمان)ە شینی پان هەروا بەسێنایی و بێ سەروسەمەرە و کاریگەریی هۆشی مرۆڤی لە خۆیدا حەشار دا تا ئەو ڕۆژگارەی کە بەرەوپێش چوونی زانست قێڵەکەی بۆ دۆزییەوە ئەویش وەك دیلی حوکم تەواوکردوو

لێی دەرچوو. لە تاو و کاریگەریی دیمەنی ئاسمان بۆ ناو دڵ و دەروونی ئادەمیزاد ئەوەندە بەسە کە بەشی هەرە گەورە و پیرۆزی ئەوەی پێی دەڵێین (ژوورخان-بناء فوقی)ی کۆنینەی ئادەمیزاد ڕاستەوخۆ و بێ مامۆستا و یەکسەر لەو شینە پانەوە بۆی شۆڕ بۆتەوە، تەنانەت بۆ ماوەی دوور و درێژی هەزاران ساڵ بە (خوا) ناسراوە وەیا هەر نەبێ هێندەی خوا هێز و پیرۆزیی پێ بەخشراوە، زۆریش لەو خواپانەی گەلان پەرستوویانن بەچکەی ئەو ئاسمانە بوون. گوێ بگرە لە وتوویژی دیندار و پەندیار و شاعیر و قسەکەر و ڕیش سپی و حیکایەتخوانی گەلانی هەزاران ساڵ لەمەوپەر لێیان دەبیستیت کە چارەنووسی مرۆڤ لە تەگبیری ئەو شینە پانەیە نەک لە گەنم و جۆ و بەرخ و گیسکێکی پێی دەژیت، بەرخ و گەنمەکەشی مەحکوومی ئەو بڕیارەیە کە ئاسمان و هێزە نهێنییەکانی پێی ڕەوا دیتوون تەنانەت گیسکی بۆ هەزاران سەرنەبڕیوە ئەگەر بەنیازی ڕازیکردنی ئاسمان نەبووبێت. چەند سەیرە پەژیبیی مرۆڤ بۆ ئاسمان بەرز بێتەوە ئنجا لەوێوە بەسەر برسی و لێقەوماودا نشێو بێتەوە پیاوەتییەکەش بۆ ئاسمان حیساب بکرێت ئەم (قدرية-Fatalism)ەش تا بەرەو چینی هەژار و زەحمەتکێش و نەخوێندەوار دەبوویەوە پتر ئەستوور و خەست دەبوو تا ئەوەی قسەیەکی مەیلەو ئازادی باباپەکی مێشك کراوە لای ئەو کەڕەوارانە بەکفر لە قەڵەم دەدرا ئێستاش پاشماوەی ئەم حاڵە هەر بەرچاوە.

بەدوادا گەڕانی هەزاران هەزار ئایدیۆلۆجیا و باوەڕ و ئەرکی مادی و پاداشتی مەعنەوی و پەلەفرەی گیان و شاگەشکەبوونی دڵ و شەڕ و ئاشتی و جموجووڵ و جانفیدایی .. و .. و .. کە ئاسمان بەسەر مرۆڤیدا بڕیوە بۆ لێکدانەوەی خوێنەر بەجێ دەهێڵم چونکە کارێك نییە من وەیا یەکێکی دیکە بەنووسین و بەئاخاوتن لێی بەکۆتایی بگات. ئاسمان گەورەترین و کۆنترین و وردترین و قووڵترین فێڵی لە هۆشی سافیلکان کردووە، هەزاران هەزار دنیاپەرستیش بەناو ئەو فێڵەدا بۆ ئومێد و ترسی ئەو سافیلکانە چووە و بۆ خۆی داپڕیوون، پیاوی ئاینیی فیکرڕوونیش بەشێکی هەوڵ و تەقەلای بۆ ڕیسواکردنی ئەو تەرزە تەڵەکەبازییە بووە بەڵام چی بۆ کراوە؟ ئەگەر خوێنەر لێیشم ناسڵەمێنێ، کوردی گوتەنی، ئەمە گەز و ئەمەش ڕابردووی مرۆڤ بڕۆ بپێوە.

مرۆڤ کە نیگای لە ئاسمان پەڕیووە سەر زەوی، دیسانەوە دەکەوێتە ناو تەپکەهای بەگرێوگاڵ و پەپێنەوپەرە کە دەبینێ زەوی وەك ئەستوورکی تانەوا لە پەردەست و دەمیدا!

بەهەموو لایەکدا پان بۆتەوە و بەپەراوێزی ئاسمانەوە نووساوە بێ تەقەڵ و بێ ئیك. لەم ڕوانگەوە بۆ ئەوە چوو کە ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان هەر جارە لە زەوییەوە دەردێن و بەچەرخوفەلەکی ئاسماندا لە ئەنجامی گەشتێکی نیو ئاڵقەییدا دەچنەوە ناو هەناوی ڕۆژئاوای زەوی و دەحەسێنەوە بۆ گەشتێکی نوێی سەرلەبەیانی. هەندێك لەو کەسانەی شەیدای جەبەرووتی هێزی پەنامەکین، تا ئەو ڕادەیەی بەقسەکانیاندا دەسەڵاتیشی بۆ دەخوازنەوە، وەهایان لایەقی دەسەڵاتی ئەزەلی دیت بڵێن لە سەرەتای هەر بەیانییەکدا ڕۆژێکی تازە دروست دەکرێت و لە کۆنە چەرخوفەلەکە تێ دەنیشێت. هەر ئەم قسەیە سەرەڕای خۆشکەڵەیی، پێریش لەگەڵ قودسیەتی ئاسمان و ڕووناکایی و بەرزایی دەگونجێت لەوەی هەر شەوە ڕۆژی نوورانی بچێتە ناو باخەڵی خاکی ساردوسڕ و بەتەپوتۆز و تاریك، خۆ ئەگەر بشێ لە کاتی ڕۆژگیران و مانگگیراندا بەتەنەکە لێدان حووتە قووتەمەرەکە بترسێت و بەقیان بکاتەوە ئەو هەموو تەپەڕ لەسەر تەبەقی خاك و بەردەی کە بەشەو و ڕۆژەکەی تێدا حەشار دەدرێ لەوانە نییە ڕێ بەهیچ گرمە و لرمەیەك بدا بەرەو تاریکستان و غەیبستانی هەناویەوە بڕوات، ئنجا حووتیش لەوێدا نییە بترسێ یا نەترسێ چونکە سەرلەبەری ئەستووکی زەوی، وەك گوتمان، کورسیی ئەعنای ڕۆژی قووت داوە ئیتر چی لەگەڵدا دەکرێ ئەگەر هات و ڕۆژەکەی نەدایەوە! وا چاکە بەخشندەیی غەیب هەموو سبەینەیەك ڕۆژێکی تازە بەمەخلووقات ببەخشێت وەك بەدرێژایی ئەزەل و ئەبەر ژیان و بوونی بەخشیوە و دەیبەخشێت هەرچەند لە دەمێکیشەوە زاناکانی فەلەك بەهەڵقیان ڕاگەیاندبوو زەوی خڕە و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە لە بەرچاوان ناوبەوی ئاسۆی ڕۆژاوا دەبنەوە و قووت نادرێن بەڵکو لە وڵاتێکی دیکە هەڵدێنەوە تا سووڕی تەواو بەدەوری زەویدا دەکەن و لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتەوە سبەینان قوت دەبنەوە لەگەڵ ئەمەشدا لە چەند فەلەکناس و سوختەی زیرەك بەولاوە کەسی سافیلکە بەدوا ئەو تەرزە قسە بەرمواژانە نەکەوت، تەنانەت مەلاکانی خۆمان کە فەلەکی کۆنیان بەدەرس دەخوێند و دەگوتەوە تەواوێك لە دەست حیکایەتی (ئەرز لەسەر پشتی گایە ..) بەتەنگ دەهاتن و لە موناسەبەی دینیی عادەتیدا ناچار بوون وەك خەڵقی دیکە پێشیدا دەهاتنەوە و وتووێژی فەلەکناسانەیان هەر لە ئاڵقەی خۆیاندا دەکرد چونکە چی ئەوان لە زانستی فەلەك باسیان دەکرد شتێك نەبوو بچێتە قاسی نەخوێندەوارانەوە حاڵ گەیشتە ڕادەیەك مەلایەکی مەغریبیی دانی بەکافربوونی (شیخ محمد عبده)دا داهێنا لەبەر ئەو جۆرە

ڕاپانەی کە یەکێکیان بزووتن و خڕبوونی زەوی بوو. بەهەمەحاڵ ئەم شێوە پان و ئەستووکییەی زەوی بوو وای کرد هەندێ بابای پێتۆڵ چیای قاف بەرۆژخاوڕۆژخی ئەستووکەکەدا هەڵنێ ئەوەک کەس سەرمناتکە لە لێوارییەوە بکات وەیا بگاتە پێکدا دووراني ئاسمان و زەوی و دەست لە کاری نارەوا بدات، دێو و عیفریتی پشت چیای قافیش هەر بەرهەمی لابەلایی تەختبوونی ڕووی زەوی بوو چونکە زۆر حەیفە ئەو مەڵبەندە کەس نەیبێتووەی پشت چیای قاف بە بەتاڵی بمێنێتەوە لە کیس خولیای ئاشقەدێو و جنۆکەپەرست بچێت. سەیر لەوەدایە [ڕەنگە سەیریشی تێدا نەبێ] کە مێشکی مرۆڤ ئەفسانەی هەڵمشت و زاخاوەکەی بەخۆیەوە گرت بارتەقای ئەفسانەدۆستیی شەڕ لەگەڵ ڕاستیدا دەکات و بەگژ بیری ڕووناک و پاکدا دێتەوە، تەنانەت کە داهێنانە نوێیەکانی وەک تەلەفۆن و گرامەفۆن و فڕۆک هاتن و سەری ڕێیان بەهۆشی مرۆڤ گرت و تەنگیان بەئەفسانە بابلییەکان هەڵچنی پاسەوانەکانی ئەفسانە بەکاری شەیتانیان دانان و لە خەڵقیان حەرام دەکردن، دواتر نەختێک بەشەرم و تەوازووعەوە دەیانگوت ئەمانە هەموویان (گاورکار)ن و عەقیدە تێک دەدەن، تا ئێستاش مرۆڤی وەها هەیە لە پەروشی بێ فێڵەوە دەسکێک بەڵگە بهێنێتەوە بۆ درۆزنبوونی چوونە ناو مانگ. تاکو جارێکیان یەکێک لەوانەم گوت ئەدی ئەگەر پەلیان گرتبێت و لە ناو کەشتییەکی ئاسمانگەڕیان داناپێت و لەسەر مانگ دایانبەزاندبێت؟ گوتی ئەو دەمەش تەئویلێکی بۆ دەبینمەوە لە ئاسیاوی خۆم کەسی وەهام دیتووە ئۆش دیتوتە کە شەوان کەشتیی ئاسمانگەڕ وەک ئەستێرە بەناو ئەستێراندا دەگەڕا دەیگوت کوڕینە تەماشای مەکەن! بۆ خۆشی چاوی دەبڕییە زەوی .. ئەویش و زۆری دیکەش شادی دای دەگرتن کە گەشتێکی ئاسمانی تێک دەچوو وەیا ئاسمانەوانێک تێ دەچوو، لەمەشدا هەر هێندەی ساوای ئەشام گلەییان دەچێتەوە سەر.

تەرکیبی زەوی سەرلەنوێ فێڵێکی گەورەی لە زانا کۆنەکان کرد کەوا بەڕواڵەتی مەڵخەڵەتان و وایان زانی زەوی لە چوار ماکە مەشوورەکەی (ئاو، ئاگر، خاک، هەوا) پێک هاتووە کەچی ئێستا دەزانین هەر چواریان مادەی ئاوێتەی هەرە گرنگی زەوین.

دۆزینەوەی ئەو چوار ماکەش بەرهەمی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی زاناکان بوو نەک هەڵبەی مەیلی ئەفسانە وەیا ڕوانینی سافیلکە. ئەفسانەپەرست و سافیلکە بەعادەت بەرانبەر دیمەنی نامەفهوومی سروشت یا هەر دەحەپەسێ و یەکسەر بۆ غەیبی دەباتەوە یا لە ئاستیدا بێ باک و بێ وردبوونەوە دەبێت، بەتایبەتی ئەو شتانەی

هەمیشە دەیانبینێت، تا ئەو دەمەی کە خەریکبوونی بەژیان و گوزەرانەوە لە شتانی هەڵدەنەنگوێنێت ئیتر حیسابێکیان بۆ دەکات.

سافیلکە دەزانێ ئاو لە خۆڵ سووکترە، هەست بەهەواش دەکات، دیارە ئاگریشی دیتووە، بەڵام ئەو لێکدانەوە مەیلەو وردە ئاکات کە هەرچی لەسەر زەوی بەرچاو و بەرهەستە یەکێکە لەو چوار شتە، بۆ ئەم ماملەتە ئیمچە (تجریدی)یە لەگەڵ سروشتدا گوێ لە مامۆستاکەی دەگرێ، هەتا ڕاگەیاندنەکانی مامۆستاکەشی سادەتر بێ لێی خۆشتر دێت. دنیا بێ وردکردنەوە مەخلووقی خوا بێ خۆشترە لەوەی ئاو و ئاگر و خاك و هەوا بێ، چواریش بێ لە ئەوەد خۆشترە تۆ لە سافیلکە بگەڕێ، ڕابەرە مرۆڤەسەرەکانی ئەو چوار ماکە چەندین حیسابی زانستیەیان لەسەر جیهانی (چوارماکی) هەڵستاندووە، تەنانەت میزاجی مرۆڤیان بەپێی نزیکبوونی لە خاسیەتی هەر کامێك لەو چوارە بەچوار جۆر دابەش کردووە دەرمانی نەخۆشیشیان بەپێی میزاجی نەخۆشەکە ساز داوە.

دایاردەیەکی هەمیشەییی دیکەی زەوی هەیە هەموو چاوێك دەیبینێت و هەتا سەردەمی (نیووتن)یش بەداخراوی لە شێوەی تەیکەی فیکر مایەوە فێڵی گەورەشی لێ کردین. هەرچی قورسایی هەیە بەرەو نزمایی دەبێتەوە ئەم دیاردە بەرواڵەت بەدیهی و سەرەتاییە وای لە نیگای زانا و نەزان کرد بۆ ئەوە بچێ کە (ژووروو) هەتا سەرووی هەرە سەرەوە هەر بەرز بێت و (خواروو)ش هەتا تەختی بنی دنیا هەر نزم بێت. ئنجا کە ئەمەی لێ بوو بەباوەڕی بنجی، بەڵگەی هەرە گەورەی تەخت و ڕاستبوونی ڕووی زەوی لێ داتاشی بەو گوتەیەی کە ئەگەر زەوی خڕ بێ لە پێشەوە هەرچی ئاو هەیە دەڕژێتە بۆشایی ژێرەوەی زەوی، هەرچی شتی ڕەقیش هەیە لە تەنیشتەکان و دیوی بنەوەی زەوی ئەوانیش بەربدەبنەوە بۆ بۆشایی نزم. چ فەلاتێکە ئەو خراپییەی زەندیقەکان بەمل زەویدا دەبڕن! خڕی چی و ماشێنەی چی! (زاناکانی یۆنان و فەلەکناسەکانی فێرگەی بەتلەمیۆس لەو حیسابە بەدەرن). من سافیلکەی وەهام دیتوە کە دەگوترا زەوی بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە گورج قسەکەی بەدرۆ دەخستەوە بەوەدا کە ئەگەر خولابایەوە دەبوو سبەینان کە لە خەو هەڵدەستا سەری لە جێی پێی بێت و پێشی لە جێی سەری.

چاوبەستەکێی بوونەوەر، ئاوناوە، بۆ ئێوە ڕاماتی عادەتی بەلای سیحر و ئەفسەدا دەچێتەوە وەك کە کاتیاوەکان هاوینان ساردن و زستانانیش هێندەی حەمام

هەڵمیان لێ هەڵدەستێ و خەڵق خۆیانی تێدا دەشۆن. هەر لە پەنا ئەم تەڵەیەدا یەکێکی دیکە هەیە ئەویش بەلای نیگای سادەوە چ تەفسیرێکی ژیربێژانەی نییە کە دەبینێ هەتا پیاو بەرەو بەرزاییی سەررووی شاخەکان تێ هەڵکشێت ساردترە هەرچەند لە ڕۆژیش نیزیکتر دەبێتەوە. ئەم دیاردەیە وای کرد بەر لە چەند سەد ساڵێک (ابن خلدون) بڵێ گەرماییی ڕۆژ دوای گەیشتنی تیشکەکەی بۆ سەر زەوی و عەکسبوونەوەی ئنجا پەیدا دەبێ. بەڕاستی ئەو جۆرە دیاردانە کە لە ڕواڵەتدا دژی بەدیهییەن و بەر هیچ سادە حیسابێکی مەفهووم ناکەون وەک پلانگێڕی بەنانقەست سەرپۆشی پەنامەکیەتی بەسەر هەڵکەوت و بوونەوەردا دادەنەوە. هیچ گۆشەیەکی پەردەکەش دیار نییە پەنجەی هۆشتی لێ گیر بکەیت و هەڵی بدەیتەوە. ئاخر ئەگەر کاری جنۆکە و مێردەزمە نەبێ چۆن زستانان هەڵم لە کانیاوی سارد هەڵدەستێ؟ نزیکبوونەوە لە ڕۆژ سارداییی پەیدا دەکات؟ ئاگر لە ئاوی باران پەر دەبێ؟ ئەم پرسیارانە و سەدانی وەک ئەوان بۆ مرۆڤی نەخوێندووی بەر لە هەزار ساڵ و دوو هەزار ساڵ برای سیحر و جادووکاری بوون و خورجینەی ئەفسانەی میراتییان دەناخنی و ڕێیان بەمرۆڤی فێڵباز دەدا بەناو تاریکاییی هەر یەکێک لەو پرسیارانەدا بۆ دەروون و گیرفانی سافیلکان خشکە بکات.

دیمەن و دیاردەی دیکە زۆرن کە لە هیچ کەلێنێکەوە هۆش و گۆشی مرۆڤی نەخوێندوو تێی بڕ ناکات و بەرانبەری دەحەپەسێ. لەمانە دوو دیاردە زۆر سەیر و نامەفهوومەکەی برووسکە و پەلکەزێڕینەن. ئەگەر لە غەیبەوە هۆیەکی ڕق بزوێن بۆ برووسکە و پەکێکی ئەشپلانە بۆ پەلکەزێڕینە پەیدا نەکرێ ئەو خەڵقە سافیلکە و سادەیە دەبێ هەر دەمەبەشکەی سەرسووڕمانی پێوە بێت. خوێندەواریش لە کۆنی کۆنەوە هۆی ڕاستینەی ئەم دوو دیاردەیەی نەدەزانی، ڕەنگە تا ئێستاکەش بەشێواوی ڕوون نەبووبێتەوە بۆچی هەوری فشەڵۆک دەتوانێ برووسکەی ٢٠ کیلۆمەتری بەرپا بکات کەچی گەورەترین ڕشتەی کارەباسازی ناتوانێ لە چەند مەترێک دووورتر کارەبا بەهەوادا ڕاگوێزێ، واتە برووسکەی مرۆڤکرد هەزارییەکی برووسکەی سروشتکرد دەرناچێ؟ لەمەش بگەڕێ، ئەدی چۆن ئاک گەواڵێک هەور هەر دەڕوات و بەدرێژاییی هەزار کیلۆمەتر لێشاوکەی ڕێژانکەر هەڵدەڕێژێ خۆ ئەگەر هەموو هەورەکە هەڵگوشێت سەدیەکی ئەو ئاوەی لێ پەیدا نابێ؟ لە وەرامی ئەم لایەنە کە جارێ نازانین چییە، بیر لەو دەریایە بکەوە کە لە کۆنەوە خەڵقی نەخوێندەوار وایان دەزانی

بەئاسمانەوەیە و لەسەر شتێکی وەک بێژنگ ڕاوەستاوە کە کونەکانی کراونەوە دڵۆپەکان هەڵدەڕژێن! ئەم خەیاڵەیان دەکرد هەرچەند لە عەقیدەشیاندا، کە قورئانە، باسی باران بەڕوونی کراوە نە بەحر و نە بێژنگیشی تێدایە. پەلکەزێڕینە لە بارانیش سەرنجڕاکێشتر و سەرسوڕێنترە. من تا ئێستاش لە بارەیەوە هەر ئەوەندەم خوێندوەتەوە و خوێندووە کە دڵۆپی باران شێوەی (منشور) ڕەنگەکانی تیشکی ڕۆژ دەشکێنێتەوە لەوە بەولاوە چ تەفسیرێکم بەدەستەوە نییە لەوەدا کە چۆن ڕەنگەکان وەها یان دەبن کە لە دوورەوە بدیترێن چونکە ئەو تەفسیرەی من خوێندوومە هەر ئەوەندەم تێ دەگەیەنێ کە ڕەنگەکانی تاکە یەک زنجیرەی دڵۆپە باران بەر بیلبیلەی چاوم دەکەون. ئەو ڕەنگی لە زنجیرەی سەرووتر وەیا خوارووتر دەشکێتەوە لە بیلبیلەی چاو بەرەژوورتر وەیا بەرەژێرتر دەوەستێ. خۆ ئەگەر وا دابنێین هەر ڕەنگە لە ڕیزە دڵۆپێکەوە عەکس دەبێتەوە ئەوساش حەوت زنجیرەی دڵۆپە باران یەسەرییەکەوە هەر هێندەی هەتێکی باریک خۆ دەنوێنن، وەهاش لە یەکدی نزیک دەبن کە سەرلەنوێ تێکەڵ بەیەکدی بێنەوە و بگەڕێنەوە بۆ شکڵی تیشکی ڕۆژ، کەچی وەها دەبێ، ئاوناوە، پەڵە هەورێک لە دوورایی پازدە کیلۆمەترەوە هەمووی دەبێتە پەلکەزێڕینە. ئنجا ناشزانم بۆچی بەزۆری دوو پەلکەزێڕینە هەڵدێن. یەکێ زۆر گەش لە ژێرەوە یەکێکی کزیش لە سەرەوەتر! هەڵبەت ئەم پرسیارانەم ناکەن بەئەفسانەپەرست چونکە سەرپێچیم لە ئەسڵی تەفسیرەکە نییە کە دەڵێ مەنشوورەکانی دڵۆپە باران ڕەنگەکانی تیشکی ڕۆژ دەدەنەوە، من هەر ئەوەندە دەڵێم کە تەفسیرەکە جارێ، بابێی هەموو دیاردەکە ناکات.
هەرچی ئەفسانەپەرستە لە پێشەوە پەنا بۆ دێو و پەری و قەمچیی فلانە پاڵەوان و کەزیی فلانە فریشتە دەبات. ئەو قسانەشم لەلای خۆمەوە ترنجاندە ناو نووسینەکەم بۆ ئەوەی باشتر دەرکەوێ کە چەند زەحمەتە مرۆڤ لە ڕێی خوێندنیشەوە بەڕاستییە بنجییەکانی دیاردەی سروشت بگات، ئنجا دەبێ حاڵی مام باپیری گوندی (دەوژان)ی بەر لە (٥٠٠) ساڵ چی بووبێت! ئەوەی ڕاستیش بێ زۆری خوێندەوارەکانی ئەم سەردەمەش لەلایەن تەسلیمبوون بەوەی پێی دەڵێن تەفسیری عیلمی هێندەی ئەو مام باپیرە خۆش جڵەون هەر بۆیەیشە لە ئاست گۆڕانی هیچ تەفسیرێکی عیلمی ناکەونە ڕەخنەکارییەوە و بڵێن چۆن دەشێ کە فلانە شت تا دوێنێ بەڕاست دادەندرا ئێستا دەرکەوێ هەڵەی ڕووت بێ؟ بەهەمەحاڵ یادەدەمەوە سەر ڕچەی نووسینەکە.

وەرزێری وڵاتی کوردەواری لە تەجرەبەی خۆیدا هەستی بەوە کردووە کە بای

شەماڵ هەرچەند لە لەشی مرۆڤ خۆش دێت نەخۆشیی شیناوردی وەك شۆکە و دزی پێوەیە، ڕەشەباش، بەپێچەوانە، لە لەش ناخۆش دێت بەڵام نەخۆشیی شیناوردی پێوە نییە بگرە نەخۆشیش دەپەڕێنێ. ئەم دیاردەیە لە هیچ ڕۆشنە و کەلەبەرێکەوە تەفسیر بەدەست وەرزێری سادەی بێ سەوادەوە نادات، ئەویش ناچار هانای بردە بەر ئەرشیفی بیروباوەڕی میراتی و گوتی هەرچی ڕەشەبایە بای بەهەشتە بەسەر جەهەنەمدا تێ دەپەڕێ، شەماڵیش بای جەهەنەمە بەسەر بەهەشتدا دێت. سەیر لەوەدایە کە هێشتا ئەم بنۆسکارییە [تفسیر، تعلیل) خارێنترە لەوەی ئەفەسی ئەژدەها و ورشەی باڵی پەری وەیا هاتوهاتی پشت چیای قاف تێکەڵ بەمەسەلەکە بکرێ چونکە هەر نەبێ بەهەشت و جەهەنەم لە ئاینی بێ فێڵ و بێ ئەتویلدا هەن هەرچەند چ دەخلیشیان بەسەر شۆکە و دزوە نەبێ. خەڵق فێڵێکی بچووکی دیکەش لە خۆیان دەکەن لەوەدا کە هەر جارە لە ئەکاو سەرمایەك دێت و دەبینن بەفر لە شاخان باریوە گورج دەڵێن سەرمایەکە هی بەفرەکە بوو کەچی، بەپێچەوانە بەفرەکە هی سەرمایەکەیە. کاتێك سەرما هی بەفر دەبێ کە بڵێن لە لاوە بەفر بهێنین و بەسەر شاخانیەوە بڵاو بکەینەوە و وڵاتی پێ فێنك بکەین. ئەم سەهووە بچووکە ئەگەر زەرەری نەبێ سوودیشی نییە براستکردنەوەشی زەرەری تێدا نییە، جگە لەوە کە لەوە ڕاهاتنمان بەسەلماندنی سەهووی بچووك لە کاری گرنگیشدا بەلای بنۆسکاریی چەوتماندا دەباتەوە وەیا هەر نەبێ فێری چاوپۆشی دەبین لە هەڵەی گەورەش. ئەوەی ڕاستیش بێ گەلێك باوەڕی چەوتی زێدە گرنگ و بەئەرك لە بنەڕەتدا لەسەر هەڵەیەکی فیکریی بچووك هەڵسناوە، وردە وردە تەنیوەتەوە و ڕەگی داکوتاوە، مرۆڤیش بەتێکڕایی زوو دەسخەڵەت دەدرێ تا ئەوەی مەشوورەکەی (عقلی لە چاویدایە)ی لێ بەڕاست دەگەڕێ لەو ڕووەوە کە ئەوەی چاو دەیبینێت بەڕواڵەت دیمەنی ڕاستەقینەی شتانە وەك کە پێست سەرپۆشی ڕاستەقینەی لەشە، هەر بۆیەشە بەهاری فێڵباز هەمیشە بەجۆری سەرنجڕاکێش و لە باری نائاساییدا خۆی بەخەڵق نیشان دەدات. بڕوا دەکەم ئەگەر ساحیری ئێوان هیندییە سوورەکان هەتی سەوز و شین بەسەر ڕوویاندا ئەکێشن کەسی ئەوتۆیان بەدوا ناکەوێ، وەیا گەورەترین سەرکردەی شەڕ لە حەمامدا بێ تاج و ئەستێرە و قایش و قرووش کەس سڵی لێ ناکاتەوە

گومان لەوەدا نییە کە ئەم جیهانە هەزاران تەپکەی فیکریی ناوەتەوە ئیتر سروشتکرد بێ وەیا مرۆڤکرد، لەوەتەی فیکری ڕوونیش خەباتی دەست پێ کردووە

هەر خەریکی ئاشکرا کردنی ئەو فروفێڵە بووە کە لەو تەپکانەوە درەی بۆ ناو مێشك و دەروونی ئادەمی کردووە و نرخی قورسی لێ ستاندووە. زۆر جاران هۆگۆزیشی بێ کردووە.

بۆ ئەوەی من بڵێم لە هۆوە دیارە ئەرکی رەواندنەوەی تاریکایی تەپلەی فیکر دەچێتە ئەستۆی رۆشنبیر چونکە ئەو ویژای زێدە توانای تێگەیشتن و وردبوونەوە کە بەخوێندن پێی گەیشتووە هەر خۆیشی خۆی بەرابەر و چاوساغ و فوماندان داناوە. بەلای منەوە رابەرایەتی و پێشەوایەتیی رۆشنبیر لە مەیدانی فیکردا سێ مەرجی بنچیی گەورەی پێویستە:

١- لەسەریەتی بەدرێژایی عومری رۆشنبیرایەتیی خۆی خەریکی وەدەستهێنان و پترکردنی زانیار (معرفە) بێت و شانبەشانی قافڵەی بەرەوپێشچووی فیکر و ئەدەب و هونەر و کۆمەڵایەتی هەنگاو هەڵێنێ تاکو هەمیشە چاوی بەهەموو لایەکدا بنۆڕێت و لە رەشکە و پێشکەی تێوە راماتی تاکە فوژێن رەها بێت. لێرەدا دەبێ بڵێم بەرۆش بۆ بیروباوەڕی شەخسی داوا لە رۆشنبیری دەکا کە خۆی بەهەموو چەکێکی فیکری ئاراستە بکا نەك تاکە چەکی باوەڕی خۆی کەوا رەنگە هەر بەقەدەر کولە خەنجەرەکەی باوەڕی ناحەزەکەی برشتی هەبێ. زانست و هونەر و ئەدەب و تەکنیك لەم سەردەمەدا وەها خێرا بووە ئەگەر لێی لە لینگان نەکەیتە دەنگ تۆزیشی ناشکێنیت. کتێبێکی بێ ناوونیشانی ئەورووپا دەخوێنیتەوە سەرت سوڕ دەمێنێ لەو هەموو وردبینیی و قووڵ دلگرتن و بەرفرەوانییەی کە لە باسێکی وەها، بەزاهیر، کەم بایەخدا بەکار هاتووە. من ناڵێم رۆشنبیر مەیدانە تایبەتییەکەی خۆی چۆڵ بکا بۆ گەشتی ناو مەیدانەکانی دیکە من دەڵێم ویژای پسپۆڕبوون لە مەیدانی خۆیدا دەبێ ئاگاداری هاتوباتی مەیدانەکانی دیکەش بێ بەتایبەتی ئەوانەی لە هی خۆی نزیکن هەر ئەبێ بەنیازی ئەوەی خۆی پێبان دەوڵەمەندتر بکا و بشتوانێ لە کاتی پێویستدا لە چاوبەستەکێی حیلەگەری ئەو مەیدانانە رزگار بێ و ریشی خۆی تەسلیم بەغەیر نەکا. من لە تەجرەبەی خۆمدا شتی وەهام دیتووە بمهاوێتە سەر گومانکردن لە بڕیاری پسپۆڕان، بەنموونە لە تەلەفزیۆنی وڵاتێکی ئەورووپا دیتم کێبەرکێ لە نێوان گۆرانیی (١٨) دەوڵەتدا دەکرا، هەر گۆرانییەك لەلایەن تاقمە پسپۆڕی غەیری هاوەن گۆرانییەکەوە نومرەی دەدرایێ، بەزۆری وەها دەبوو گۆرانییەك لەلایەن پسپۆڕێکەوە (١٠٠)

نومرەی بۆ دادەندرا لە لای یەکێکی دیکەشەوە (٠)ی دەدرایێ. ئنجا کە حاڵی پسپۆڕ وەها بێ با بێین کوێر و کەر بکەینە حەکەم وەیا تیرویشکێ و حەتوشیرانێ بەکار بهێنین هۆ هەتا سەعوو بکرێ لە نێوان (سعد و سفر) تێیەر ناکات.

ئەم مەرجەیان لە مەیدانی فیکر [ئەدەب، هونەر، فەلسەفە ..] بەسەنگە مەیدانی زانست و تەکنیک مەگەر فەلسەفەیان لەسەر هەڵنرێ ئەهۆ ڕۆشنبیری فیکر هاتوچۆیان تێدا ناکات.

٢- پێویستە ڕۆشنبیر ئەوە بەچاوی خۆیەوە بگرێ کە مومکینە خۆیشی وەک خەڵقی دیکە بەتەپکەی فیکرەوە بوو بێت. بۆیە لەسەریەتی هەمیشە بەبیێین و باوەڕ و هەڵوەستی خۆیدا بچێتەوە و تاقییان بکاتەوە ئەوەک بەدرزییەوە هەڵەیان تێ خزابێت. ئێمە دەبێ بزانین، مرۆڤ بەعادەت لەگەڵ قەناعەت و بیروڕای خۆیدا دەگونجێت و پێی دەحەسێتەوە. هەرکە لێشی بەگومان کەوت. کوردی گوتەنی، کێچ دەکەوێتە کەوڵییەوە. هەر ئەو حەسانەوەی گونجان لەگەڵ قەناعەتە وای کردووە باوەڕی پووچەڵ بۆ ماوەی هەزار و دوو هەزار ساڵ لەگەڵ کۆمەڵی دواکەوتوودا بژیت چونکە بەهیچ ماموستایەکی فێڵباز و جادووگەر ناکرێ هەزاران هەزار مریدی سادە بهاوێتە سەر ڕێبازێك کە هەمووی زەرەر بێت ئەگەر لێیان خۆش نەیەت. تۆ سەیری ڕابەری دڵسۆز بکە، چ عەزابێك دەخوا بەدەست نیقناعکردنی سافیلکان لەو ڕێنماییەی کە هەمووی پاکی و چاکە و بەرژەوەندە ئنجا بەهەزاری یەکێکیش بەدوا قسەکانی ناکەوێ. لە دەورووبەری خۆمان دڵسۆزێکی وەکو حاجی قادر بەر لە (١١٥) ساڵێك وەختابوو بکوژرێ بەدەستی ئەو مریدانەی بەئەرك و مەسرەفی خۆیان خزمەتی ورێنەکانی شێخی ماوێلییان دەکرد. دواتر، لە ئەستەمبوڵەوە، حاجی بەبیر خەڵقەکەی دەهێنایەوە کە دەیگوت:

لە دەوری کەر ئەبی تا دەوری گای کوێر
لە گوێی گا نوستوون زۆر حەیفە بۆ شێر

بەهەمەحاڵ مرۆڤ کە باوەڕێکی بەدڵدا چوو، با هەڵەی ڕووت و ڕەجاڵیش بێ، وەهای بۆ دێتە جۆش هۆی تێدا لە بیر دەکات، ڕۆشنبیریش مرۆڤە و فریشتە نییە گەلێك جارانیش پتر لە سافیلکان شێتگیرە دەبێ بۆ باوەڕێکی قرپۆك وەیا هەڵوەستێکی پرووچ. جا ئەگەر خۆی ڕانەهێنێ بەوەی ناوەناوە چاو بەهەڵوەست و قەناعەتیدا

بگێڕێتەوە کەڵکی ڕابەرایەتیی پێوە نامێنێ.

مەرجی سێیەم کە تەواوکەری مەرجی دووەمە، ئەوەیە کە پێویستە مەیدانی ڕەخنەگرتنی دڵسۆزانەی بێ نیاز لەبەر فیکر و نووسیندا بەربەرەڵا بێ و ڕۆشنبیری لێ وەتەنگ نەیەت هەرچەند ڕەخنەکە ڕوو لە خۆی و باوەڕیشی بکات. فیکر و ئەدەب و زانست و هونەر و داهێنان و بەرهەمهێنان و گەشتی بۆ دەریا و فڕینی ئاسمانان هەمووی لە پێناو خزمەتی ئادەمیزاددا شەرەف پەیدا دەکەن، کە هات و یەکێک لەمان ڕووبەڕووی مرۆڤ خرا و لێی کرا بەبوت لە خانەی شەرەفی مرۆڤدۆستی لا دەچێت بۆ خانەی مرۆڤنەویستی. لە سەردەمی گەشەی ژیاری عەباسییەکاندا دەوری حەفتا باوەڕی سەر بە تاکە ئاینی ئیسلام وێکڕا دەژیان و هەرچەشە لە هیچیان نەدەکرا، بەسەرنج گرتنیش لەو باوەڕانە و کارێکی کردوویانە دەرەکەوێ بەرژەوەندیی گشتی لێیان زەرەرمەند نەدەبوو. خەڵق لە ڕێی باوەڕەوە یەخەگیری یەکدی نەدەبوون تەنانەت مەسیحی و جوولەکە و زەردەشتی و هی دیکەش لە پەراوێزی باوەڕدا پێکەوەیان هەڵدەکرد. بێگومان گەشەی ژیار (حضارة)ی عەباسییەکان قەرزداری ئازادیی باوەڕە ئەخۆ ئەگەر دەنگی ئەدیب و خاوەن فیکر و زاناکان خەفە کرابایە دەریای کتێبیان کووچە و بازاڕی بەغدا و شارەکانی دیکەی ئەوسای ئیسلامیان پڕ نەدەکرد، ئیسلامەتیش ئەوە نەدەبوو ئێستا مسڵمان و عەرەب شانازیی پێوە بکەن. بەلای منەوە ڕێدان بەرەخنەگرتن جێی سەرێنجی و ئەسەلماندن نییە، ئەوەی دەشێ لەبارەی چەندوچۆنی ڕەخنەگرتنەوە قسەی لێ بکرێ شێوەی ڕەخنەگرتن و دەربڕینی باوەڕە، لێرەدا هاوێنی زمان و دڵ و قەڵەم پێش مافی ڕەخنەگرتن دەکەونەوە چونکە بەهیچ مەزەبان ڕەوا نییە (ماف) ببێتە هەڵی تێچێنکردنی نیازی بەد و وشەی بێ حورمەت. بێگومان جۆری ڕەخنەکاریی نێوان ڕۆشنبیران و شێوەی ڕەخنەگرتن و وەرامدانەوە پێوانەی هەرە ڕاستە بۆ ئەزموونی پلەی پەسەندلیەتی و سوودبەخشایەتیی ئەو هێندە ڕۆشنبیرییەی کە مافی ڕەخنەگرتنی تێدا تاقی دەکرێتەوە. هەتا ڕێکاری (ڕەخنە و وەرام) بەرزتر بێت پتر بەڵگە بەدەستەوە دەدات لەسەر سوودبەخشی و جوامێریی کارەکە و هەموو سەروبەرێکی ڕۆشنبیری و خوێندەواری ڕەخنەگر و وەرامدەرەوەکان.

ئەم نووسینە لەوانە نییە کۆتاییی پێت چونکە هەتا بەدووی بکەوێت شرینە درێژ دەکاتەوە. هەرچی بوونەوەر هەیە بەسروشت و مرۆڤیەوە دەشێ خورد بکرێتەوە بۆ

تەپکەی فیکریی بچووك و گەورە کە هەر یەکێکیان ڕۆژێك لە ڕۆژان فامی مرۆڤی بەهەڵە بردبێ تا ئەو ڕادەیەی تاریکاییی گەیاندبێتە بیروباوەڕ و پێوانەی چاکە و خراپە کە سەیری ڕەوتی مێژووش بکەیت دەبینیت هەموو هەنگاوێکی بەرەوپێشەوەی مرۆڤ بەدوو قاچی ئیعتیباری هەڵنراوە یەکێکیان دۆزینەوەی هەندێك ڕاستی، دووەمیشیان پووچاندنەوەی هەندێك هەڵە ئنجا وەهاش بووە ئەو ڕاستییەی دۆزێنێ چرای کۆمەڵایەتی بووە، بێ ئەوەی باری ئابووری وەیا ڕۆشنبیری گۆڕا بێ، وردەوردە [لەبەر ئەو هۆیانەی کە لێرەدا جێی باسکردنیان نابێتەوە] تاریکاییی داوەتەوە و سەرلەنوێ حەیاتی تازەبابەتی بەمل دڵسۆز و مێشکڕوونەکان دابڕیوە.

ناچارم واز لە شریتەی نووسینەکە دەهێنم تاکو ماوەم بمێنێ بۆ ئەوەی تەپکەیەکی فیکریی زۆر بەناوبانگ بدەمە بەر نیگای خوێنەر و مافی ڕەخنە گرتنی تێدا بەکار بهێنم. ئەم تەپکەیان وەك هەر ئێستا ڕوون دەبێتەوە فێڵی لە زاناکان کردووە لە ڕێی ئەوانیشەوە قوتابییەکانیان پابەندی بوون، منیش کە دێم ڕەخنەی لێ دەگرم هونەرەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە لە سەرەتاوە بیری وەهای کردووە من بەخۆیەوە خەریك بکات.

لە شیکردنەوەی مێژوو کە بەسەر ڕاڕەوی مادیی مێژوویدا دەڕوات عەبدایەتی بەقۆناخی مێژوویی داندراوە وەك دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری. بەپێی بۆچوونی من کە لەبەر تیشکی مادیی مێژوویدا سەیری پرسیارەکە دەکەم عەبدایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە نەك قۆناخی مێژوویی چونکە لەو ئەزمەیەدا ئەوەی سیفەتی (قۆناخ) بەپلیکانەیەکی مێژوو دەبەخشێت لایەنی ئابووری و جۆری (بەرهەمهێنان)ە واتە دەبێ (قۆناخ) زادەی عەمەلیەتی گۆڕانی ئابووری بێت و ڕووداوێکی مێژوویی و ناچاری بەئابوورییەوە بەسترلو بێت وەك کە فەلاح و مڵکدار لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی سەردەمێکدا لە شێوەی حەتمی پەیدا دەبن. هەرچی عەبدایەتییە زادەی عەمەلیەتی بەرهەمهێنان نییە، بەچکەی ڕاستەوخۆ و یەکسەری ئابووریش نییە بەڵکو بەزۆری لە ئاکامی دۆڕاندنی شەڕدا دانیشتوان وەیا عەسکەرەکانی وڵاتە تێشکاوەکە بەدیل گیراون و بوونەتە عەبد، وەیا لەبەر ناگزووری خەڵق منداڵی خۆیان فرۆشتووە، ڕەنگە خۆشیانیان فرۆشتبێ. منداڵ فرۆشتن بەوەندە نابێتە بنچەی پەیدابوونی (قۆناخی بەئابوورییەوە بەستراو) کە فرۆشتنی تێدایە چونکە مەڕ و گیسك و عەلیشیش و کەڵەشێریش دەفرۆشرێن چ قۆناخانیش دروست ناکەن. حاڵ و باری

منداڵفرۆشتن و مەڕفرۆشتن پێوەندیی بەجۆری بەرهەمهێنان و هێزی بەرهەمهێنانەوە نییە، مامڵەتێکە دەشێ شانبەشانی چەندین قۆناخ بەردەوام بێت، ڕەنگ بوو ئەگەر یاسا مرۆڤ فرۆشتنی مەنع نەکردبایە ئێستاش لە هەندێ شوێنی ڕووت و برسی و دواکەوتوودا هەر لە برەو بوایە، لە برەویشدایە. ڕاستییەکەی، لە وڵاتی خۆمان تا ئەو نزیکانەش وەها بووە منداڵ فرۆشراوە بەڵام ئەبیستراوە قانوون نە لە کۆن و نە لە نوێدا سەلماندبێتی.

چی لێرەدا گوتم لەبارەی قۆناخنەبوونی عەبدایەتی بەوەندە هەڵناوەشێتەوە کە لە پایتەخت و شارە گەورەکانی دەوڵەتە زلە کۆنەکاندا لە ئاکامی شەڕی بەردەوام و سەرکەوتوو، هەزاران عەبد و جارییە لە ژێرووی هەموو چینەکانەوە کۆمەڵەیەکی دەستبەسەر و بێ ماف و بێ مزەیان لێ پەیدا بووە و شێوەی (چین)یان وەرگرتوە چونکە قسەمان لەگەڵ (قۆناخ)ە. جا ئەگەر ناوی قۆناخت لەسەر هەڵگرت با لە شێوەی (دیاردە)دا هەر ناوێکی پێ دەدرێ بدرێ. بەهەمەحاڵ ئەو عەبدانەی پارە و پوولیان چنگ کەوتووە خۆیانیان کڕیوەتەوە و ئازاد بوون. لەوانەیشە لە شەڕێکی دیکەدا کۆنە عەبدەکە خاوەنەکەی خۆی بەدیل گرتبێ و کردبێتیە عەبد. هیچ دوور مەبینە یەکێك عەبدی ئازاد کردبێ و دواتر خۆی هەژار بوو بێت و کۆنە عەبدەکەی کڕیبێتی. تۆ ناتوانیت وا بەقسە (فەلاح) ڕەها بکەیت وەك کە بەقسە عەبدێك ئازاد دەکەیت، کرێکاریش بەقسە نابێتە ماڵدار وەیا ئاغا کەچی دەشێ هەر لە شێوەی عەبدایەتیدا عەبد فەلاح بێ وەیا سەرباز بێ وەیا بازرگان بێ واش بووە بۆتە (سلطان)ێکی وەك کافووری ئیخشیدی. عەبدایەتی بەقەدەر (بوتپەرستی) دیاردەیە و هەردوویان بە بەریانەوە هەیە پێکەوە شانبەشانی چەند قۆناخ بەمێژوودا سەرەژێر ببنەوە هەردووشیان (چۆنیەتی)ن و بەبڕیار و بەقسە بەردەوام دەبن یاخود هەڵدەوەشێنەوە.

ئەو بیریارەی دیاردەی عەبدایەتیی بەقۆناخ دانا بەر تەپکەی لێکدانەوە و وردبینیی خۆیەوە بوو کە دیتی لە ڕووپەڕەکانی مێژوودا دیمەنی هەزاران هەزار عەبد لە شکڵی ڕیزە بەردی دیوار چینێکی هەرە ژێرووی قەلافەتی کۆمەڵایەتی پێك دێنێ ئیتر بۆچی پێی نەگوترێ چین؟ کە کڕین و فرۆشتنیشی بەسەرەوە بێ بۆچی قۆناخی مێژوویی نەبێ؟ لە ڕاستیدا عەبد وەك (قوتابی) و (عەسکەر) چەند خەسیەتێك لەوەی دادەبڕێ قۆناخ بێ:

١ – عەبد و قوتابی و عەسکەر هەرسەی هەموو چینەکانن بگرە لە شازادەوە تا هەژاری

ڕووت و برسی.

٢- زالەی یەکسەر و ڕاستەوخۆی بەرهەمهێنان نین بەڵکو پێداویستێکی چاك وەیا بەدی کۆمەڵایەتین. ئەو پێداویستە پێوەندیی بە ئابوورییەوە هەبێ یا نەبێ.

٣- دەشێ هاوعومری زۆربە قۆناخە مێژووییەکان بن هەرچەند لەلایەن سەرەتای پەیدابوونەوە عەبد و عەسکەر کۆنترن لە قوتابی. عەسکەر و قوتابیش پتر دەوام دەکەن، ڕەنگە قوتابیش بەردەوامتر بێ لە عەسکەر.

٤- هەروەك قوتابییەتی و عەسکەری حاڵەتێکی کاتییە بۆ تاکەکانیان دەشێ عەبدایەتیش بۆ تاکە عەبە کاتی بێت بەهۆی ئازادکردن وەیا خۆکڕینەوە وەیا هەڵاتن بۆ جێی دوورەدەست وەیا دەرچوونی یاسای ئازادکردنی عەبد وەیا مردنی خاوەنەکانی ..

هەڵبەت گەلێك دروشمی جوداکەرەوەش هەیە لە نێوان ئەو سێ تاقمەدا وەك ئەوەی کە عەسکەر نابێ بەستوورە، قوتابیش لە چاو عەبد عومری تایبەتی هەیە کەمتریش خێزان پێك دێنێت ...

دەتوانین لە قوتابییەوە بەڵگەیەکی بەهێز وەرگرین بۆ ڕوونترکردنەوەی لایەنی قۆناخنەبوونی عەبدایەتی، قوتابی بەهۆی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی گەیشتە پلەیەك کە ژمارەی بەقەدەر تێکڕای کرێکار و فەلاح بێت. لە زۆر وڵاتی پێشکەوتوودا چواریەکی کۆمەڵ قوتابین، بگرە نیسبەتەکە لەوەش تێپەڕ دەکات چونکە زۆربەی هەرە زۆری هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان شەش ساڵ و بیست ساڵدایە قوتابین. خۆ ئەگەر ئەو ساوایانەی جارێ نەگەیشتوونە تەمەنی خوێندن لە حیسابەکە دەرهاوێژین ژمارەی قوتابییان خۆی لە نیوەی ژمارەی هەموو دەخشێنێت. دەرهاوێشتنی ساوایانیش لەوەوە دێت کە ئەوان جارێ لە ئاڵقەی هیچ بەرپرسیدا نین ئەرکێکی پێوە بێ و ناوێکی لێ بنرێ ئەوە نەبێ کە خۆیان ئەرکن بەسەر شانی غەیرەوە. یەکەم پلەی بەرپرسیشیان قوتابییەتییە جارانیش وا دەبوو دەبوونە شاگرد. بەهەمەحاڵ ڕۆژێك دێت هەرچی بێ لە کۆڕی ژیان بێت بێتە قوتابی لەگەڵ ئەمەشدا کەس ناڵێ قوتابییەتی قۆناخە چونکە بەهێی تێك بەستراتی (قۆناخ) بە (ئابووری و بەرهەمهێنان)ەوە قوتابییەتی سیفەتی قۆناخی نابێت هەرچەند خۆیشی سەرچاوەی ئەو کەسب و کارانە دەبێ کە قۆناخ و چین پێك دێنن. ڕەنگە ئەزمەیە پەیدا ببێ

حیسابێکی تازە بۆ قوتابی بکات و ژووروری چینەکان و قۆناخەکانی بخاتەوە بەلام نێمە قسەمان لەگەڵ ڕازەوی مادیی مێژوویییە کە لەوێدا مەرجەکانی قۆناخ [هی چینیش] لە قوتابیدا نایەنە جێ هەروەك لە عەبدیشدا نایەنە جێ. قوتابییەتی پێوەندیی بەئابووری و گوزەران و بەرهەمهێنانەوە نییە هەرچەند زۆر جاران شوێنپەنجە لە کارەساتی ڕامیاریی زیندە گرنگیش دادەنێ چ جایی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.

لە عەسکەر و قوتابی هەڵکشێین بۆ (موظف) کە دەزانین ١- کار دەکات ٢- مەعاشخۆرە ٣- بەرپرسە ٤- کاریگەرە ٥- ناوی (چین) هەڵدەگرێ. ئنجا پێی ناگوترێ قۆناخ چونکە بەراستی دیاردە و پێداویستی کۆمەڵە نەك قۆناخی مێژوویی. ئەگەر هاتبا (موظف) دوو مەرجی لێ هاتبایە دی مندالێ بێ، بەزۆریش ئێرینەیە ژمارەشی دەبوو بەقۆناخ:

مەرجی یەکەم: پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەبەرهەمهێنان و ئابوورییەوە هەبوایە.

مەرجی دووەم: ئەویش وەك ئەو چینانەی بەدوا یەکدیدا دێن شتێکی دیکەی زادەی مەناوی خۆی بەدوا خۆیدا هێنابایە وەك کە سۆشیالیزم بەدوا سەرمایەداریدا دێت و ئەویش دەکەوێتەوە.

عەبدایەتی بارتەقای سەرباز و قوتابی و موەزەفە کە هیچیان زادەی قۆناخ نین و دایکی قۆناخ نین و خۆشیان قۆناخ نین. لە هەموو حاڵاندا دیاردەی کۆمەڵایەتییە بەلام مێنەدەی قوتابی و موەزەف حەتمی و ناچاری نییە چونکە دەشێ لە کۆمەڵدا عەبد هەر پەیدا نەبێ وەك کە نەبیستراوە لە کوردەواریدا عەبدایەتی مێندە هەبووبێ کە سەرنج ڕاکێشێت وەبا پێی بگوترێ چین.

بەهەمەحاڵ ئەگەر عەبدایەتی دیاردە بێت و بەس کار ناکاتە سەر هیچ سەروبەرێکی ناوەرۆکی ئەزمەرییەکە هەرچەند کەمێك لە چۆنایەتیی ڕوخساری دەگۆڕێ ئەویش هەر بابیی جوداوازیی عینوانی (قۆناخ) لە عینوانی (دیاردە) بەسەر قورنەییەکی ئەزمەرییەکەوە.

ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٨١، ١٩٨٠

پایەی شیعری کوردی لە ئەدەبی کوردی سەدەی نۆزدەمدا

بەر لەوە من بڵێم، لەخۆوە دیارە، شیعری کوردی بڕێتییە لە هەموو ئەدەبی کوردی سەدەی نۆزدەم چونکە بێ لە شیعر هیچ بابەتێکی دیکەی ئەدەب لە نێو کورداندا زمانی کوردیی بۆ بەکار نەهاتووە نە لەو چەرخە و نە لەویش بەپێشتر. بەڕواڵەت سەیر لەوەدایە کەوا پەخشان لە زمانی کوردیدا دوای شیعر کەوت چونکە وا چاوەڕوان دەکرێ مرۆڤ زووتر ئامرازی سادەی تەعبیر بەکار بهێنێ (کە لێرەدا پەخشانە) ئنجا مەیلەو لەسەرەخۆ و بەدرەنگە کاتەوە تێ هەڵکشێ بۆ بەکارهێنانی ئامرازێکی باهەڵداوی، تێك هەڵکێشێ، بەهێوانە و کێشانەی وەك شیعر. بەلام، ڕاستییەکەی، لەو ژیانە زێدە هەژارە – زێدە سەرەتاییە – زێدە سادە – زێدە سەراوەی کە گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو بەسەری بردووە پەخشان کالایەکی بەفیز و ناز و ئەریستۆکرات و دوورەدەست و نایاب بووە کە لە کۆمەڵگەی کورددا بەرای بیرای کڕیاری نەبووە، تەنانەت نامەی عادەتیی نێوان خەڵق بەزمانی بێگانە – بەزۆری فارسی – نووسراوە. زمانی بێ خاوەن و خزمەت تەنها بەسەر زاری ئاخێوەرەوە دەژیت. ئەحکوومەت، ئەتیجارەت، ئەکەسب و کار، ئەمەزهەب و دین هیچیان لە نووسینی ڕەسمی و ئەدەبی و زانستیدا بەلایەوە ناچن. زمانی بێ خاوەن هەروەك نووسەر و داتەری نابێ، لە شکڵی بەدیهییەدا، خوێنەرەوەشی نابێ. ئەگەر بشێ بڵێم لە میللەتی وەك کوردی بێ فێرگە و دەزگای ڕۆشنبیری بەر لە سەدان ساڵ دوەکین بووبێ خوێندەوار هەبووبێ، کە نەبووە، مەبەستیش لە بوون و نەبوونی خوێندەوار لە نوختەنیگای ڕەواجی پەخشانەوە ئەو ژمارە بەهێزەیە کە کڕیو و بازاڕێك بۆ کالا و بابەتەکە پەیدا دەکەن نەك تاك و تەرا. بەهەمەحاڵ حیکایەتی نەبوونی پەخشان لە نێو گەلی بێ کیان و بێ دەسەلات و ساماندا خۆی بەتەنها باسێکی بەرفرەوانە و گەلێك هۆ و ئەنجام تێیدا ئێك دەکەنەوە و دیاردەیەکی زێدە سەلبیی کاریگەر لە کۆمەڵدا پێك دەهێنن کە یەکێك لەوان پەیدانەبوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتووە. بەلام ئێرە جێی لێدوان و شیکردنەوەی ئەم باسەی تێدا نابێتەوە. تەنانەت ئەگەر بەدوا شیکردنەوەی ئاکە دیاردەی سوڕگومبوونی مێژووی میللەتی بێ پەخشان و بێ نووسینی ئەدەبی و بێ زمانی یەکگرتوو بکەوین بەدرەنگەوە لێی دەبینەوە. بۆیە وەها بەخێرایی و سەرکێڵ باسی ئەوەی ئاکە وشەی

(ئەدەب) داوای کرد پێیدا تێ بەڕیم و لێشی دەرچووم بۆ ئەوەی بڵێم: شیعر پتر لە بەخشان دەتوانێ بێ ئەوەی بازاڕی کڕین و فرۆشتن و مامڵەت لەگەڵ کردنی هەبێ بژیت و بەرمش بسێنێت چونکە شیعر بەر لە هەموو شتێك سکالای تاکی هەستیار و هونەرکارە لەگەڵ دەروونی خۆیدا کە ئەمە لە سەرەتاوە پەکی لەسەر کڕیار نەکەوتووە، ئنجا بەهۆی سۆز و جوانی و ئارایشت و هونەرێکی تێیدا هەیە گوێگریشی دەبێ بێ ئەوەی لەو گوێگرتنەدا سوود و زەرەر و پێداویستی مادی چ دەخلێکی هەبێ. تۆ لە شیعر ڕاگوێزە بۆ هەڵبەستی فۆلکلۆری دەبینی لەوێشدا شاعیر و گۆرانیبێژ و بەیتخوێن پەکیان لەسەر پاڵپشت و پاریدەدەر نەکەوتووە، بەدوا کڕیاریشدا ناگەڕێن چونکە ئەوانیش وەك شاعیر، بەڵام سادەتر لەو، هەستی دەروونیان لە کولانەی ئەو بەهرە فیترییەی کە دەسەلاتی هەڵبەستن و چڕینی پێ داون بۆ بەر گوێی ئەبیست و بیسەر وەدەر دەنێن. خۆ ئەگەر کڕیارێك پەیدا بوو لە ڕۆژی شایی و زەماوەند و داوەتدا دەها چاکتر، زێدە پاروونێکە لە خوا و بیسەر بەزیاد بێ.

کە زانرا کورد لە سەدەی نۆزدەمدا تاکە بابەتێکی ئەدەبیی هەبوویێت شیعر بووە ڕێی ئەوە نامێنێت بەدوا لێکۆڵینەوە لە پایەی شیعر لە ئەدەبی کوردی ئەو سەدەیە بکەوین چونکە شیعرەکە خۆی هەموو ئەدەبەکەیە. لەم حاڵەتەدا دەشێ هەوڵ بدەین بۆ دیارخستن و ڕوونکردنەوەی پایەی شیعری کوردی، وەك کە شیعرە، ئەویش لە ڕێی بەراوردکردنی لەگەڵ شیعری دراوسێکانی کەوا، کەم و زۆر، ئەوانیش لەو چەرخەدا مەیدانەکانی ئەوسای شیعری کوردییان کوتاوەتەوە. بەڵام نووسینەکەی من ئەو بەراوردکردنەی نەکردۆتە مەبەسی ئێستاکەی خۆی چونکە نیاز لێرەدا باسی (پایەی شیعری کوردی لە ئەدەبی کوردی)یە، کە شیعرەکەش خۆی ئەدەبەکە بوو دروستتر ئەوەیە بزانین پایەی لە ژیانی کوردەواریدا چی بووە؟ چ دەورێکی دیتووە لە بووژاندنەوەی ژیانی کۆمەلایەتی؟ گیانی قەومایەتی؟ چ کەلێنێکی لە دەروونی مەردمدا پڕ کردۆتەوە؟ چ خزمەتێکی بەزمانی کوردی گەیاندووە؟ چ هەنگاوێکی بەرەوپێشەوەی بەکوردگەل هەڵناوە؟ ئا ئەم تەرزە پرسیارانە و وەرامەکانیان پێوەندیی ڕاستەوخۆ و زیندەڵ لە نێوان شیعری کوردی و کۆمەلایەتی و قەومایەتیی کوردەواری ڕوون دەکەنەوە و پایەی شیعری کوردی لە ئەك پێکهێنەرە مەعنەوییەکانی ژیان و ژیاری کوردی دەستنیشان دەکەن. بەڵام بەر لە هەموو شتێك دەبێ وەرامی پرسیارێکی سەرەتاییی دیکە بدەینەوە کەوا جارێ لەم نووسینەدا ڕووبەڕووی ئەبووین. چۆن وەها

ڕێك كەوت كە كوردستانی خواروو، لەتكاو، لە سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەمدا ملی نایە شیعری كوردی؟ ئەم هەڵبەزینەوە و بازدانە لە چییەوە بوو؟

وەك دەزانین شیعری كوردی بۆ یەكەم جار لە كوردستانی خوارووەدا لەلایەن نالی و سالم و كوردییەوە بەكار هاتووە. ئنجا ئەگەر ژیانی نالی بكەین بەدیارخەری ئەو ڕۆژ و كاتەی كە شیعری كوردیی هەڵێنا، بێ دەمەتەقە، سەرەتای شیعری كوردی لە كوردستانی خوارووەدا دەكەوێتە یەكەم پێنجیەكی سەدەی نۆزدەم. چونكە وەك سەرچاوە نووسراوەكان باسی نالیمان بۆ دەگێڕنەوە نالی لەساڵی ١٧٩٧ هاتۆتە دنیا؛ بەهێی ئەوە كە بەشی هەرەهەرە زۆری شیعرەكانیشی كوردین، تا ئەو ڕادەیەی دەتوانین چاو لەو دوو سێ پارچە هەڵبەستەی بپۆشین كە بەفارسی و توركی و عەرەبی دایناون، دیارە هەر لە سەرەتاوە بەكوردی شیعری هەڵبەستووە. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ یەكێكی وەك نالی گومانی دانانی شیعری عەرەبی و توركیی لە سەرەتاكانی شاعیریەتییەوە هەرگیز لێ ناكرێ چونكە لەو تەمەنە زووەدا هیچ یەكێك لەو دوو زمانەی نەزانیوە، زانینێك كە بەسەر هەڵبەستیدا ڕاشكێنێ. دەمێنێتەوە فارسی كە دەزانین بۆ نالی و هەموو هاوچەرخەكانی لە عەرەبی و توركی ئاشناتر بووە، ئەویش بە سەرنج لێگرتن هەر دەچێتەوە ڕیزی عەرەبی و توركی چونكە مەهارەت پەیداكردن لە زمانی فارسی بابیی ئەوەی كوردێك شیعری پێ هەڵبەستێ لە ئیمكاندا نییە مەگەر دوای خوێندنی فارسی و ئەزبەركردنی دیوانی شاعیرەكانی فارس. دیارە ئەم مەرجانەش لە تەمەنی ١٢ – ١٥ ساڵیدا بۆ نالی و كەسی دیكەی وەك ئەو نایەتە دی. كەواتە گومان لەوەدا نییە كە نالی بژانی هەستی شاعیرییەت و یەكەم دەربڕینی خولیاكانی لە ڕێی هەڵبەستی كوردییەوە بووە. ئنجا تۆ بڵێی چ هۆیەكی مێژوویی وەیا كۆمەڵایەتی وەیا ڕامیاری وەیا هەر هۆیەكی دیكە بێ پاڵی بەنالی و هاوڕێكانییەوە ناوە بەرەو هەڵبەستی كوردی؟

لێرە بەدواوە، لە نووسینی دیكەمدا، وەرامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە، بەر لە وەرامەكەش زۆر زەمینەخۆشی و خەیاڵگێڕیم كردووە بۆ دۆزینەوەی وەرامی پرسیارەكە چونكە لە كەسم نەدەبیست و لە كەسم نەدەخوێندەوە دوور و نزیك خۆی لە پرسیارەكە بدات وەیا لە شێوەی گرێچكەدا بیخاتە بەر نیگای خۆی و خوێنەران و داوای كردنەوەی گرێكە بكات.

وەك بۆم ساغ بۆتەوە، وەیا هەر نەبێ وەك باوەڕم هێناوە، نالی و هاوڕێكانی لە

حوکمڕانی عەبدوڕەحمان پاشای باباندا گەیشتنە تەمەنێک شیعری تێدا بهۆننەوە چونکە بەپێی ڕاگەیاندنی سەرچاوە مێژووییەکان عەبدوڕەحمان پاشا لە (١٢٢٨)ی کۆچی (١٨١٣ ی زایینی) مردووە کە لەو ساڵەدا نالی بەتەمەنی (١٦) ساڵیی گەیشتووە ئەمەش تەمەنێکە بەهرەی شاعیریەتیی تێدا دەکرێتەوە. بگرە زووتریش دەکرێتەوە. تەنانەت لەو سەردەمانەدا مرۆڤ کە بلوغی دەبوو هەستی بەرپرسیاریی خێزان و گوزەرانگێڕانیشی بەخەبەر دەهات و بەزۆری لەو تەمەنەدا ژنیشی دەهێنا. باری ئێستاکەی ژیان و گۆڕانی شێوەی کۆمەلایەتی و قانوونی و جۆری گوزەران و خوێندن و دەوری حکوومەت لە ئەخشەی کۆمەڵ و سەروبەرێکی بەسەربردن و هەڵکردن وای کردووە لەم ڕۆژگارەدا مرۆڤی شازدە ساڵی بەمەڕووت و هەرزەکار لە قەڵەم بدرێ لەمەشدا ئێستاکە و ڕابردوو هێندەی بڵێی لە یەکدی ترازاون چونکە ئەم هەرزەکارە شازدە ساڵییە بەر لە (١٠٠) ساڵ بەپیاو دەخوێندرایەوە بەتایبەتی لە نێوان خێڵ و ئێلەکاندا کە بەفەرمانی پێداویستیی گوزەران، ئەرکی بەرپرسی و پەلەی ژیان خێراتر ئەرینەی دەروەشتی لە منداڵییەوە هەڵدەداشت بۆ ناو جەرگی کامڵی، زووتریش شووی بەکیژان دەکرد.

ئەم ڕاستییەی گەیشتنی نالی و هاوڕێکانی بەتەمەنی شاعیرییەت لە حوکمڕانیی عەبدوڕەحمان پاشادا دەچێتەوە ڕووناکاییی ڕاستییەکی دیکە کەوا لەبەر تیشکی ئەودا دەبینین چۆن لە شێوەی حەتمی هەڵبەستی بەزمانی کوردی لەلایەن شاعیرەکانی بابانەوە دەبێتە بڕیاری مێژوو: عەبدوڕەحمان پاشا یەکەم ئەمیری بابان بوو دەستی دایە کوردایەتی و لێشی بەدیار کەوت. واتە ئەم مرۆڤە لەوە دەرچوو وەک میرێکی عادەتیی حوکمخواز و دنیادۆستی ڕووت بێت چونکە وێڕای نیازی شەخسی لە حوکم و دەسەڵاتدا هەستی نەتەوایەتیش پاڵی پێوە دەنا بەرەو وەدەستهێنانی چارەنووس بۆ میللەتەکەی.

خوێندنەوەی ئەم هەستە پیرۆزەی نەتەوایەتی لای عەبدوڕەحمان پاشا لەوانە نییە چاو و زەینی سەرنجدەر ماندوو بکات چونکە لە زۆر لاپەڕەکانی ژیانی ئەم ئەمیرەدا کردە و گوتەی ئەوتۆ نووسراوە کوردایەتیی بێ فێڵ دەڵێنەوە: یەک لەوان قسە مەشوورەکەیەتی لە ئاست ئەو پێشنیارەی بۆی کرا کە ببێتە والیی بەغدا بەرۆتبەی وەزیری ئەویش هات و گوتی یەک فرە بەخراوی کوردستان بەوە ناگۆڕمەوە. دووەمیان ئەو وەقفنامەیەتی کە بەسەر کتێبی دەستنووسی (صحیح البخاری)یەوە سنووری

قەڵەمڕەوی بابان دەكێشێت و كتێبەكە وەقف دەكا بۆ (العلماء العاملین بناحیة كردستان بین الموصل وبغداد وسنندج..) وەك دەشزانین كتێبی (صحیح البخاری) لای كوردی سوننی لە دوای قورئانەوە دێت كە ئێتر خزمایەتیی بەهەرچیی سەر بەدنیاوە هەیە نایهێنێت، جا ئەگەر هەستێكی زیندە بەهێزی ئازادناسی تێكەڵ بەهەستی خواناسی نەبێ كتێبەكە لە قەبەڵ تەنها عولەمای سەر بەئازادێكەوە ناكرێت...

سێهەمیان قسە ئاگرینەكانی عەلی بەردەشانییە لە بەیتی (عەبدورەحمان پاشا) كە هەمووی دەنگدانەوەی سركە و كوركە و ڕاز و نیاز و وتووێژ و قسە و ڕاوێژی دیوەخانە و بارەگا و سپا و دەستەودایەرەی سەر بەعەبدورەحمان پاشایە كە عەلی بەردەشانی وەها بەپسپۆڕی دەیانكاتە هاندەر و وروژێنەر و باڵ پێوەنەر و تەكاندەر.

وا لێرەدا بەشێكی سەرەتای ئەو بەیتە بەشایەد دەگرم بۆ دروستبوونی ڕایەكەم:

ئەزم عەلی بەردەشانی
دەبەندێم ئەكەی زەمانی
بەیتێ دەڵێم بەدیوانی
مەدحی پاشای كوردستانی
مەدحی پاشای كامیان باشە
شایەد ڕۆم و قزڵباشە
هەر جاری شەڕی دەكێشا
هەمووی دەهاتنە تەماشا
عالەم ئالایە چاوەشە
مەردە عەبدورەحمان پاشا
پاشای بەبان جیهانگیری
تەحا بەڕا و تەگبیری
ڕانابوێری بەرەزیلی
ناكەم خزمەتی وەزیری
نانی دەستێنم بەشیری
بەشیر نەبێ قەت پێك نایێ
دەوڵەت نایەتە ڕەدایێ
ماچمە سەفەری لەحسایێ

یاغی دەبم لە بەغدایێ
یاغی دەبم ئەیمنشانەلا
خزمەتی ناکەم بە وەلا
نافەریم و بارەکەلا
تەوەککول بە تەعالەلا
هەی کورە بەمەیتە هەلا

ئەوەی نەختێك وێنەی ڕووداو و ڕۆژگار و چەندوچۆنی سەردەمی خۆمان و ئەو سەردەمانەی کە لە مێژووەوە بۆمان پارێزراوە لە دڵدا هەڵگرتبێ دەزانێ لەرزوتای نەتەوەپەرستیی ناو ئەو بەیتەی بەر لە (١٦٠) ساڵێك گەلێك گەلێك بەولای هەستی کوردایەتیی دەیان ساڵی سەدەی نۆزدەم و بیستەمی بەشێکی زۆری سەرلەبەری میللەتی کوردەوەیە. بێگومان بۆرگی هەناو و تەلی زمانی عەلی بەربەشانی ئاخناو و تەرجومانی ڕەمزێ و هەورەتریشقەی نیشتمانپەرستیی دەوروبەری خۆیان بوون.

هەستی نەتەوایەتیی عەبدوڕەحمان پاشا کەوا ڕاستییەکی ئەولای گومان و دەمەتەقەیە زادەی سەردەمێکە بە بەرییەوە هەبوو مرۆڤی هەستیار و هۆشیار و بەبەرۆش و دڵئاوەدانی وەك ئەو پیاوەی تێدا بگاتە خۆناسینەوە و شانازی پێوە کردن و هەڵکەوتنەوە کردن.

کە سەرنجێك بدەینە مێژووی کتێبە دەسخەتەکەی بوخاری (١٢١١ی کۆچی) دەبینین ئەو ساڵە دەکەوێتە بەرانبەر (١٧٩٦ – ١٧٩٧)ی زایینی، واتە ٧ – ٨ ساڵێك دوای بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسە. وەك دەشزانین ئەو شۆڕشە ڕووداوە مێژووییە ڕاگەیەنەرەکەی بیری نەتەوایەتی و مافی نەتەوایەتی بوو نەك هەر لە ڕێی پەند و سکالا و ئامۆژگاری و فەلسەفەوە، بەڵکو بەهۆی دەمەچەقۆی ئاگاکەرەوەی کارەساتی پڕ ژان و ژوار و بەسەفتوسۆی تێك هەڵقڕان و ڕەوبردن و لەسەرخۆکردنەوە و تێکدان و بنیاتنان و خوێن و ئاگر و بوومەلەرزەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و زانستییەوە ئەنجا کە مەبەستی ئاسۆفرەوانی تێگەیشتووی بەرژەوەندزانی وەك عەبدوڕەحمان پاشا پەندی بیری نەتەوایەتی لەو ڕووداوە بێ ڕەزایە وەربگرێ و لە کرپە و گوتە و دەوروبەری تا دەگاتە شایەری بەیتبێژی بەسەر بداتەوە جێی خۆیەتی، بەڵکو لە پێداویستەکانە، کە شاعیرەکانی بگەنە پلەی هەڵبەستن بەزمانی دایکزانە.

ئەم گۆڕان و ڕسکانەی ئاووهەوای (شیعری کوردی) بەدوا شۆڕشی فەرەنسە و لە حاکمایەتیی عەبدوڕەحمان پاشادا جارێکی دیکەش لەوەدا خۆ بەدیار دەخات کە شاعیری کورد لە سەرانسەری کوردستانی عێراق و ئێراندا، بێ وەخران، شوێن پێی نالی و کوردی و سالمیان هەڵگرتەوە و کەوتنە سەر ڕاڕەوی هەڵبەستی کوردی هەر دەڵێی، کوردی گوتەنی، بیستانێک بوو بێنی تێ گەڕابوو چاوەنۆڕی شەپۆلێکی گەرما بوو کاڵک و کۆڵک و گوژەڵەکانی تێکڕا بگەن.

ئەم قۆناغە زیندە گرنگەی ژیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیی کورد کە شاعیری کوردی تێیدا گەیشتە پلەی هەڵبەستی کوردی تیشکێک بەرمودواوە دەهاوێژێت و دیمەنێکی پڕ دەلالەت هەستی فیتریی قەومایەتی ڕووناکتر دەکاتەوە. بەر لەوەی شیعری کوردی پەیدا بێ هەر دەڵێی کورد شاعیری نەبووە. ئاوناوەیەکی زۆر کەم نەبێ، تاک و تەرا، لێرە و لەوێ کوردێک قەسیدەیەک و غەزەلێک و دوو بەیت و سێ بەیتی بەفارسی وەیا عەرەبی دانابێت لەوە بەولاوە چی ئەوتۆمای لە بەرهەمی شاعیری کوردستانی خوارووی سەدەی نۆزدەم و پێشووتر پێ نەگەیشتووە (دیوان) پێک بێنێ. ئەگەر مەلا عەبدوڵلای بێتوشی و شێخی نۆدەهی (لە شیعری عەرەبی - کە بەزۆری هی موناسەبە و هی دینن) و مەولانا خالید (لە فارسی و عەرەبی کەمێکی کوردی بەلەهجەی هەورامی) و حاجی بەکر ئاغای کۆیێ لە حیسابیان دەراوێژین تەنها دەمێنێتەوە ئەو چەند بەیتەی کە مێژووی مەرگێک وەیا مندالبوونێک وەیا خانووبەروستکردنێکیان بەحیسابی ئەبجەد بێ دەرهاتووە، ئەویش ئاغڵەب بەفارسی. کەمتاکورتێکیش وەها بووە ئامەی برایەرانە هەڵبەستی فارسی لە نێواندا هاتوچۆیەکی کردووە. خولاسە دەتوانین بڵێین لە کوردستانی خوارووا بەر لە پەیدابوونی هەڵبەستی کوردی شیعرێکی ئەوتۆ بەغەیری کوردی نەبووە تێ بخوێندرێتەوە هەرچەند لەو سەردەمانەدا مەلایەتی و شێخایەتی، کە بنەمای خوێندەواریی ئەوسا و جێ مەزەندەی شاعیری بوون، لەوپەڕی گەشەدا بوون. وا دیارە شیعر کە پێوەندیی سەرەکیی بەهەست و سۆزی دەروونەوە هەیە پتر لەگەڵ زمانی دایکزادا ئاشنایەیە لە زوونکەوە بەرژێ. ئەوەی بەتەما بێ لە ڕێی زمانی بێگانەوە وتووێژی دەروونی دەربڕێت سەرەدەمی گەنجایەتی و گوڕی عاتیفەی لە دەست دەچێ ئنجا دەتوانێ هێندە مەهارەتە پەیدا بکات کە لەو زمانەدا شیعر هەڵبەستێ، ئەوساش بەخۆهێنان و بردنێکی ئەرکدار چەند بەیتێکی ساردوسڕی موناسەبە کەلالە بکات.

هەر ئەم هۆیەی ئەقینەوەی بەهرەی شاعیرییەت بەزمانی دایکزا وای کرد شاعیری کورد بتوانێ پتر لە جاران بەزمانی بێگانە، فارسی بەتایبەتی، شیعر دابنێت چونکە دەمەزەنکردنەوەی هەمیشەیی بەهرەکەی بەزمانی دایکزا کە لە سەرەتای عومری شاعیریەتییەوە گەشابۆوە دەبووە مانیعی کوێربوونەوەی تواناکەی بۆ بەکارهێنانی ئەو بەهرەیە لە هەر زمانێك بێت کە تێیدا بەڵەدە، هەرچی جاران بوو تا دەهات فێری زمانی بێگانە بێ لە تەمەنی پڕ هەیەجانی عاتیفەی گەنجایەتی دەترازا بەرەو تەمەنێك کە وەك گۆمی بەر پێژگەی قەڵبەز رادەوەستێت و کەفوکوڵی هەڵڕژانی دەبووچێنەوە. هەر لەم کولانەوە، بەقیاس، تێ دەگەین چۆن مەلای دانەر و پەراوێزهۆن (موەلف و محشی) هەلی تەئلیف و حاشیەنووسی بەزمانی عەرەبی لە دەست نەدەچوو چونکە حاشیە و تەئلیف بەرهەمی پێگەیشتن و تێگەیشتن کە هیچ پێوەندییان بەگەنجایەتی و عاتیفە و بەهرەی شاعیرییەتەوە نییە بەپێچەوانە لەگەڵ تەمەنی کامڵیدا گونجاو و خزم و دراوسێ و یاران.

نەبوونی هەڵبەست بەزمانی بێگانە لەلایەن خوێندەواری کوردەوە دیمەنێکی دیکەی قەومایەتی – کۆمەلایەتی لە خۆی بەرفرەوانتر دەکاتەوە بۆ بەر چاو و زیهنی سەرنجدەر. کە خوێندەوارەکە نەیتوانیبێ وەیا نەیویستبێ بەزمانی دەرەکی شیعر هەڵبەستێ نەخوێندەوارەکە هەرگیز نەیتوانیوە، بگرە بەبیریشیدا نەهاتووە، شیعری بێگانە لەبەر بکات و بیڵێتەوە چونکە دیارە شتی نامەفهووم لەبەر ناکرێ، کە بەزۆرەملێ و نیوەچڵ لەبەریش کرا گوتنەوەی بەشێوەیەکی شکستەی ناقۆلا و ناحەز دەبێتە خەیاڵشکێن نەك دڵبزوێن، ئەوسا لە کۆدوولەی ئەوێشدا گوێگری نابێ بەڵکو دەشێ گوێگران شیعرخوێنی ئەوتۆیی دەمکوت بکەن ئەگەر لێی نەدەن...!

لەم بۆچوونەوە دەردەکەوێ کەوا بەر لە پەیدابوونی شیعری کوردی کۆڕی بەزم و ئاهەنگ و کۆبوونەوەی خۆشی و شایی و مەجلیسی ئیجازەی مەلایان و دانیشتنی شەوانەی دیوەخانان، بەدەگمەن نەبێ، شیعری تێدا نەگوتراوە، ئەوەی گوترابێ بابەتی فۆلکلۆری کوردی بووە وەك بەیت و لاوك و حەیرانە و گۆرانییە ڕەسەن و میراتییەکانی ئەلاوەیسی و هاوکەر و تێك هەڵکێش و ئایای و نیوەشەو و ئەو ئەرزە دەنگ و ئاوازانە. هەروەك لەم ڕۆژانەی خۆمان تێیدا ژیاوین خۆشکەرەوەی بەزم و ئاهەنگ شیعر و هەڵبەستی کوردی بووە، بەقیاسی ئەولا ئەریق، گۆرانیچڕ و گوێگری کوردی بەر لە سەدەی نۆزدەم هەنگامەی کەیف و شادیی خۆی بەئاواز و هەڵبەستی دایکزا

تەنیوەتەوە نەوەك دەنگ و وشەی نامەئلووف و نامەفهووم تەڕەدەماغییەکەی لێ بشوێنێ. ڕاستییەکەی، نەفسی ئادەمیزاد لە دەمی خۆبەردان بۆ شادی و خوزن، وەك ساوا، گڕوگاڵ و لاواندنەوە بەتاکە زمانی دایکزا و شیرمژ هەڵدەڕێژێ چونکە تەقینەوەی عاتیفەی گەلێك خێراتر و کەلەڕێژترە لەوەی گیر بخواتەوە بەدەست تەرجەمە و ڕێکخستن و سازاندن و وەبیرهاتنەوەی لەسەرمخۆ و بەکێشانە و پێوانەی ماموّستایانە. بەهەمەحاڵ قسەی ئێمە لێرەدا لەگەڵ ئاپۆرەی خەڵقە نەك تاك و تەرایەکی بۆی ڕێك کەوتبێ کە مێندە لە نێو بێگانانندا ژیابێ زمانەکەیان و هەموو ئاداب و داب و دەستوور و بۆچوون و هەست و نەستیانی لێ بووبێتە هاوتای سروشتی زگماك.

ئەم خۆدانەوە بەزمانی دایکزا، نەك هەر لەدەمی خۆشی و ماتەمدا، بگرە لە هەموو هەڵومەستێکی ئەوتۆدا کە مرۆڤ موحتاجی قسەی گورچ و گۆڵ و لەسەرێەك و نیشانەنەنگێو و دابڕ و دازڕ بێ هاناهێردنێکی ئاسایی و سروشتییە بۆ بەر چەکە هەرە بڕندەکەی لەسەرخۆکردنەوە و هەڵمەتبردن وەك ئەوەی کە لە کاتی هەرای شەڕە چەپەڵۆك و تێك هەڵقژان و شەڕە جنێو و یاری و گەپدا کەس بەبیریدا نایەت خەیاڵ لە قسەی ناو کتێبان بکاتەوە وەیا قسەی دەماودەمی بێگانە بەبیری خۆیدا تێ پەڕێنێت، تەنانەت زمانە ئەدەبییەکەی خۆشی لەو دەمەدا فەرامۆش دەکات و یەك ڕستەی لێ بەکار ناهێنێت. ئەم ڕاستییە پتریش ڕوون دەبێتەوە بەوەدا کە تا ئێستا لەو تەرزە حاڵ و بارانەدا شیعری نوێبابەتی ڕەها بەکار نایەت. تاکە یەك گۆرانی لە دەمی کەس دەرنەهاتووە شیعری بێ کێش و قافیە و پڕ لە پەردە و دەرگە و دۆلابی تازەبابەتی گوتبێتەوە هۆیەکەش دەچێتەوە بۆ نەگونجانی عضوییەتی گۆرانی لەگەڵ (معاناة)ی هەردوو ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکی شیعری نوێ.. لەم تێبینییانەوە بۆ ئەوە دەچم کە گۆرانیبێژی کورد بەر لە پەیدابوونی شیعری کوردی دەمی لە شیعری بێگانە نەداوە. ئنجا کە ئەمە وەها بێ دەزانین شیعری کوردی چ کەلێنێکی گەورەی لەو بەتاڵاییە جوانکارییە هونەرییەی ڕووپێوێکی بەرینی ژیانی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ویجدانیی کوردی پڕ کردۆتەوە. تۆ بێنە دیمەنی ئێستاکەی کۆڕی بەزم و شادیی پڕ لە ئاواز و زەمزەمەی شیعری کوردی بگرە بەدیمەنی ئەو سەردەمانەی کە بەر لە پەیدابوونی شیعری کوردی وشکێن و برەنگێن و بێ تەڕاوەتی غەزەل و قەسیدەی شلك و ڕازاوەی کوردی بوون، ئنجا بیر لەوەش بکەوە کە گۆرانیبێژ و گوێگری کورد چ ناتەواوییەك و

نوقسانییەکی گەورەی هەست کردووە لە نەبوونی غەزەل و قەسیدە بەسەر لەرزە و لەرەی ئاهەنگەکانیەوە ڕەنگە تاوناوەیەك کە لە دەمی دەرویش و گەریدەی جیهانیەوە گوێگری کورد غەزەلی فارسیی بیستووە حەپەساتێك و سەرماتنەوەیەکی بێ ڕەوانەوەی تووش هاتبێ و هەستی ناڕاحەتیی لە دیارنەبوونی کالایەکی ئەوتۆی کوردی دای گرتبێ تا ئەو ڕۆژەی کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمدا پاڵپەستۆی مێژوو و لێهاتوویی عەبدوڕەحمان پاشا بلویرە سحرییەکەی هەڵبەستی کوردییان نایە سەر لێوە گەوهەرڕێژینەکەی نالی و سالم و کوردی، ئیتر لەوانەوە زۆر بەخێرایی تێکڕای شاعیری کورد کەوتنە سەر ڕێبازی چرین و هەڵبەستی کوردی.

خۆشامەدیکردنی کۆمەڵگەی کوردزمان لە شیعری کوردی گەیشتە رادەیەك کە ئەگەر پێشتر شاعیری کورد لە ئاڵقەی پیاواندا دەست نەدەکەوت دواتر ناوناوە ئافرەتی کوردیش بوو بە شیعربێژ. بەڵێ ڕاستە ژمارەی شاعیری ئافرەتی کورد تا بڵێی کەمە بەلام دیسانەوە کە ئەو کەمتاکورتە بەنەبوونی شاعیری کورد دەگرێت و بەراورد لە نێوان هەبوون و نەبووندا دەکەیت ژمارەکە بەزیادەوە گرنگ دەبێت. هەرچەند(ماه شەرەف) لەلایەن بەکارهێنانی کوردییەوە ناگاتە (ماه شەرەف)ی بێژی فارسی، ئەو حیسابەی هەر بۆ دەکرێ کە ئەویش لە پلەی پەیدابوونی هەڵبەستی کوردیدا بۆتە بێژ و شیعری کوردیشی هەن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوروبەر و پەروەردەبوون یارمەتیی ماه شەرەفی دابێت بۆ گەیشتن بەپایەی بێژی، دیسانەوە تەعەهات بەکوردی شیعر بڵێ ئەگەر شیعری کوردی لەبەر گوێیدا نەزرینگابایەوە، نالیش تەعەهات بەنشتەری زمانی کوردی گەوهەرەکانی بۆ بسمێ ئەگەر لایەنی کوردبوون و شاعیری کوردبوونی ماه شەرەفی ڕەچاو نەکردایە. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا بێژێکی هاتوونی وەك (حەزینە) لە کۆیە ماوەیەکی بەرفروانی مەیدانی مەعارەت و شارەزاییی لە شیعری کوردی بڕی تا ئەوەی لە بەشێکی شاعیرانی ئەو سەردەمەش پێش کەوتەوە. بێبەشبوونی ئافرەتی کوردی ئەو ڕۆژگارانە لە بەهرەی خوێندەواری هۆی کەمبوونی ژمارەی ئافرەتی کوردە لە بێژیدا، ئەو چەند تاکەی کە بووشن بەبێژ لەوانە بوون دەوروبەر کردبوونی بەخوێندەوار.

دیاردەی نەبوونی شیعری بێگانە بەسەر زمانی گۆرانیبێژی کوردەوە بیرمان بۆ

دیاردەیەکی دیکە دەبات کە ئەویش هەر دەچێتەوە بۆ گونجانی عەفوییەتی زمانی دایکزا لەگەڵ عەفوییەتی کرانەوەی دەروون بۆ شادی و حوزن. شیعری هەر یەکێك لە لەهجەکانی کوردی تەنها لە نێوان ئاخێوەری ئەو لەهجەیەدا دەبیسرا چ بەگوتنەوە بێ و چ بە گۆرانی، ئەوەی کە لە بابەتی لەهجەیەکەوە بۆ لەهجەکانی دیکە بڵاو دەبۆوە شتی فۆلکلۆری بوو، بەتایبەتی بابەتێك کە سەرگوزشتە و حیکایەتی دەگێڕایەوە وەك زۆربەی لاوکی لەهجەی سەروو، بەعادەت گوێگری گۆرانی هەتا بەستە و شیعری لەهجەی خۆی چەنگ بکەوێ گوێ بۆ شتی دیکە شل ناکا، بەڵام کە لە گۆرانیدا باسی بەسەرهاتی دڵداران وەیا شەڕی نێوان چاپووکسواران وەیا هەر ڕووداوێکی دیکەی ئەوتۆیی هەبێ خەڵقەکە سەرەڕای بیستنی دەنگی خۆش و ئاوازی سازگار لەو گۆرانییانەدا، بەدیار باس و خواسی ساڵحی نۆی قاوەچی و کەزێ و گەنج خەلیل و شێخ قادر و فەتاح بەگ گوێ و دڵ دەگەنەوە هەر ئەبێ بایەیی ئەوەی کە بۆ سەرگوزشتەی حەفت دەروێشە و سەلیمی جەوهەری و کۆرەی پەمەن قوتاخ دەبن. وەك بە سەرنج گرتنیش دەردەکەوێ، بابەتێ فۆلکلۆری لە نێوان ئێلەکاندا لە لەهجەیەکەوە بۆ لەهجەیەکی دیکە پتر برەو دەستێنێ نەك لە نێوان دانیشتوانی شارستان واش بزانم هۆی ئەم ڕاستییە تا ڕادەیەك دەچێتەوە بۆ هاوچوونبوونی زەوق و خەریکبوون و ڕێکاری تێگەیشتن و نرخاندن و سەنگاندن و پێوانەی (نرخ و گرنگی)ی شتان لە نێوان ئێلەکاندا کە لە سەرەتا و بنەڕەتدا باری کۆمەلایەتی و ژیاری و گوزەرانیان پتر لەگەڵ یەکتردا هاوچوونە نەك لەگەڵ هی شارستان. تۆ سەیری حەیرانە مەشوورەکەی دزەییاتی بکە دەبینی پتر لە دەشت و دەر و نێوان ئەهلی عەشرەتدا دەگوترێتەوە. بەهەمەحاڵ ئەم لایەنە لێرەدا بەتەواوی مەودای ساغکردنەوەی نییە، دیاردەیەکە لە شیعر و هەڵبەست و گۆرانییەوە، کەوا ڕەنگدەرەوەی کۆمەلایەتین، سەر هەڵدەدات. بەڵام دەبێ ئەوەندە بخەمە سەر قسەکانم کە نامەئلووفبوونی لەهجەیەکی زمان لەبەر گوێی ئاخێوەری لەهجەیەکی دیکەدا دەچێتەوە بۆ لەیەکدی دابڕانی خەڵقەکە، وا بەچاوی خۆشمان دەبینین لەوەتەی هۆی یەکدی دیتن و یەکدی بیستن و لە یەکدی شارەزابوون پەیدا بووە، بەتایبەتی ڕادیۆ، خەریکە سەرلەبەری گوێگری میللەتێك، چ کورد چ غەیری کورد، گەلێك پتر لە جاران بەدیار گۆرانیی لەهجە جوداکانیەوە دەگەشێنەوە، هەتا دەنگی گۆرانییەکەش دڵگیرتر بێ گەشانەوەکە گەشکەدارتر دەبێ.

هەڵبەستی کوردیی کوردستانی خواروو لە سەرەتای پەیدابوونیەوە شەقڵ و چەژ و

دارشتن و روخسار، تا رادەیەکیش ناوەرۆکی شیعری فارسیی بەخۆیەوە گرت. لەمەشدا بێگومان خزمایەتیی نێوان هەردوو زمان وێڕای تاو و تینی ئەدەبی فارسی بۆ ویژدانی ئەدیب و خوێندووی کورد دەوری هەرە گەورەی هەبوو. خەیاڵی شاعیری کورد لە خەیاڵی شاعیری فارس نزیک دەبۆوە نەک هی عەرەب و تورک کە دەزانین شاعیری تورکیش لە شیعردا پتر شوێنپێی شاعیری فارسی هەڵدەگرتەوە نەک هی عەرەب. هەرچی زمانی عەرەبییە لەلایەن موسڵمانی غەیری عەرەبەوە لە قەبەڵ باسەکانی ئاین و زانست گرابوو، تەنانەت مەلاکان کە هەموو عومری خوێندن و مەلایەتییان لەگەڵ (صرف ونحو)ی عەرەبیدا بەسەر دەبرد نەیاندەتوانی دوو قسەی عادەتی بەزمانی عەرەبی بڵێن مەگەر مەلاکە خۆی لەگەڵ عەرەبدا ژیابێت، لە ڕاستیشدا زمانی ئەحوی عەرەبی بەلای عەرەبیشەوە هەر سەختە چونکە دەستوورەکانی زەحمەتترن لە دەستوورەکانی ئەو عیلمەی پێی دەخوێندرێ. شاعیر هەتا دێت هەست و سۆزەکەی خۆی دەداتەوە بەحوکمی (مرفوع ومنصوب وغیر متصرف ومنتهی الجموع..) و ئەو تەرزە دەستووره ورد و پەنامەکییانە هێزی بوێژی و دارشتن و قافیە سنجی لێ دەبرێت. یەکێك دەتوانێ لەگەڵ دەستووره سەختەکانی (صرف ونحو)دا شیعربێژ بێت کە لە منداڵییەوە بەهۆی ڕاهاتن و مشتومالبوونی زەوقە ئەدەبییەکەی لەگەڵ ئەو دەستوورانەدا صرف و نحوەکەی لێ بووبێتە بەشێکی پێکهێنەری هێزی ناخاوتن و مەلەکەی شاعیرییەت ئەهۆ هەروەك مەهارەتی وەستای بەننا بەسەهرکردنی سادە پێك نایەت تا ڕاهێنانی دەستی لەگەڵدا دەبێت هەروەهاش هەڵمشتنی دەستوورەکانی (ثلاثی مجرد) لەلایەن منێشکەوە بەڕاشکاوی نابێتە زمانڕەوانی ئەگەر لە فێربوونیاندا زمان هاوبەشی مێشك نەبووبێت.

یەکێك لەو شەقڵانەی شیعری فارسی کە بۆ شیعری کوردی ڕاگوێزرا نازناوی شاعیر بوو، سەد جارانیش دەستیان خۆش بێ لەو کارەی کردیان هەر نەبێ لەبەر دوو هۆی یەکجار گرنگ:

هۆی یەکەم ئەوەیە کە ئەگەر (نازناو) هاوەنایەتیی پارچە هەڵبەستەکە بۆ دانەرەکەی نەپاراستبایە لەوانە بوو بەشێکی زۆری شیعری ئەو سەردەمانە کە جارێ چاپکردنی دیوانی شاعیری کورد فەرمانێك بوو دەیان ساڵ دوای مەرگی شاعیر جێبەجێ دەکرا، بۆ غەیری خاوەنەکەی ساغ ببێتەوە و درووشمی شاعیرەکانمان لەو ڕێگەوە تێکەڵ پێکەڵ بەڵکو کوێر ببێتەوە. ئێمە دەزانین لەگەڵ هەبوونی نازناویش

گەلێ جار هەڵبەستی شاعیرێکمان بۆ یەکێکی دیکە دەبردرێتەوە لەمەشدا شیعری کوردی گەلێك پتر لە هی عەرەب و تورك و فارس دووچاری خاوەنگۆڕی بووە. وا پێ دەچێ کورد کەمتەرخەم بووە لە رێکخستنی دیوانی شاعیرەکانی تا ئەوەی یەکێکی وەك حاجی قادر لە دەستەبژێرەوە دەست و دامانی هاوولاتییەکانی دەبێ و دەڵێ:

ئەی رەفیقانی وەتەن زۆر غەزەلم ماوە لەوێ
لە کەلێنێکەوە تەقدیرە وەکو هەڵبکەوێ
وەك سەفینە بگەرێنی بیدەیە بەر مەدی ئەزەر
حەیفە وەك من لە غەریبی بمرێت و نەتەوێ

ئنجا کە حاڵ ئەمە بێ پارچە شیعرەکانی بێ مۆری نازناو چۆناوچۆنی بۆ خاوەنەکانیان دەبرێنەوە؟

هۆی دووەم ئەوەیە کە هەبوونی نازناو یەکۆتاییی شیعرەوە وەك تەزکەرەی نفووس گەلێك باری شیعرەکە روون دەکاتەوە. دەزانین هی کام رۆژگارە. هی کام مەڵبەندە. تێ دەگەین چ جۆرە گۆڕانێك بەسەر ناخاوتنی ئەو مەڵبەندەدا هاتووە لە چاو ناخاوتنی ئێستاکەی. بەنموونە لە شیعری نالییەوە تێ دەگەین کە بەری بابان لەو سەردەمەدا وشەی وەهای تێدا بەکار هاتووە کە ئێستاکە وەك تێیدا نەمابێ وەهایە:

دوور لە تۆ نێدی مەپرسە قوربان
حاڵی نالی کە نە مرد و نە ژیا

وشەی (نێدی، نی دی – بەواتای نێتر) لە ناخاوتنی ئێستاکەی سلێمانی بەسەرچووە.

هەر نالی خۆی لە جێگەی (نە)ی نایێنە (نە) بەکار دەهێنێ:

ریشەکەی یان و دریژی بۆ ریا خزمەت دەکا
من گریە ئەتۆ خەندە بەیەکدی دەفرۆشین
لێت موعەییەن بێ کە نالی گوڵ بە دڵ پەرژین دەکا

خولاسە نازناو گەلێ سوودی هەیە، بگرە لە سوود بەولاوە تێیدا نییە.

* ئەم وتارە لە دیداری شیعری کلاسیکی کوردی لە سلێمانی خوێندرایەوە

بەیان، ژمارە ۷۲، ۱۹۸۱

خۆ دیتنەوە لە دوو ڕەخنەی دۆستانەدا!

لەو دەمەدا مۆژدەی نزیکبوونەوەی دەرچوونی گۆڤاری (کاروان)م پێ ڕاگەیەندرا چاوەچاوی هەوڵ ترووسکەی بووم وەکو ئەستێرەی بەیانییان لە ئاسۆی خۆرهەڵاتەوە تریفەکانیم بۆ بنێرێ لەگەڵ بین و بەرامەی نزار و گوڵزارێکی تازە گەشاوەی ئەدەبی کوردی، کەچی (بەختی خەواڵوو)م کردمی بەو ڕۆژووەوانەی کە لە دەمی بانگی ئێوارەدا وەنەوزی دابێت و خۆی لە تەراویحی نوێژی هەفتناندا دیتبێتەوە. منیش لە ڕۆژی دەرچوونی ژمارەی دووەمدا ژمارەی یەکەمی کاروانی خنجیلانەم پێ بوو بەئەستێرە گەشەی پاش خۆراوا و قومە شەربەتی فتاری بەدرەنگە کاتەوە. تا من چاوم هەڵێنا کاروان بەخۆی و کالای گەوهەرییەوە لە کۆش و باوەشی گەرموگوڕی مەفتەن و خوێنشاوەندی کورد و کوردستانە ئەزەلی و ئەبەدییەکەی حەسابووەوە و گەشابووەوە... بالای بەناڵو والای قەڵەمچنی ئەدیبە هێژاکانمان ئاوێنەکی پەلکەزێڕینەی دەدایەوە. چیم پێ ئەما مەگەر وەک شاباشی دوای ئاهەنگی ئەم ڕیزە داوێلکەی وشەی بەسۆز و پەرۆش لەم گوتارەدا بەرەو هەنگاوی کاروانی پێشڕەوە هەڵاوێژم و پێی بەمە بەشداریی شەوارە و گۆزەبانەی کۆڕیەکی نازدار.

ڕاستییەکەی، لە دڵی خۆمدا چاوی تەمام بڕیبووە بابەتێک لەوانەی کەمتر دێنە بەرنیگای خوێنەرانەوە بەڵکو هەر ئەبێ بەخۆی تازەییەوە شیاوی یەکەم بەخێرهێنانی چلچرایەکی نوێی ئەدەبی کوردی بێ، بەڵام ڕێکەوت وەها بوو لە ڕووبەرەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەم دواییەدا نووسینی ئەوتۆ بڵاو بوونەوە ئەگەر زووبەزوو تێبینییان تێدا نەکرێ کزیان بەسەر دەچێ. لە هەوڵەوە ویستم چەند بابەتێکیان لێرەدا ناوکێڵ بکەمەوە بەڵام خۆم لێکاند بەتێر ڕەنگکردنەوەی دوو بابەتی سەیهاتبوویەوەی ڕەخنە لێگیراو کە پێوەندیی هاوبەشابەتێم بەیەکیانەوە هەیە و هاوەنی ئەو دیکەیانم، لە هەردوو کاریشدا مەبەستی سەرەکیم ڕوونکردنەوەیە نەک لەسەرخۆکردنەوە.

أ

لە ژمارە یەکەم و دووەمی (کاروان)دا دوو بەشی گوتاری مامۆستا ڕەئووف ئالانی لە

ژێر سەرەناوی (ئەرخاندنێك) و (ئەرخاندنێك دەربارەی زاراوە زانستییەکان) بڵاو بووەتەوە لەگەڵ بەڵێنی دەرچوونی بەشی دیکەشی. هەرچەند وەها پەسەند دەکرێ کە دوای بڵاوکردنەوەی سەرلەبەری بابەت قەڵەمی تێبینیی وەڵامدانەوە بکەوێتە گەڕ بەڵام ئەو بارەی منی تێدام بەبەرییەوە نییە پشووی چاوەنۆڕیی تێدا درێژ بکەمەوە هەر نەبێ لەبەرئەوەی کە بەزەحمەت دەستم دەگاتە چاپەمەنی. ئەو دوو دانەیەش لە گۆڤاری کاروان بە ڕێکەوت تێیان هەڵئەنگووتم جا ئەگەر ژمارەی دیکەی لێ چاپ کرابێ تا ئێستا ١٥/٢/١٩٨٣ بە من نەگەیشتووە ئەمە لە لایێکەوە، لە لای دیکەشەوە بەهەویا نیم لە ئاست ڕەخنەکانی مامۆستا ئالانیدا خۆم دانووسێنم لە هەرچی دەیڵێت و جوابەجێیی لەگەڵ بکەم. هەم لەبەرئەوەی کە کاری وەها لە ڕادەبەدەر درێژخایێنە و هەم لە ڕووی ئەوەوە کە زاراوەکان لە سەرەتاوە بۆ ڕەخنە لێگرتن و عەیب برینیان بڵاو کرانەوە بەو پێیە نووسینەکەی مامۆستا ئالانی وەرگرتنەوەی خوایشتی لیژنەی ئەو زاراوانەیە و سپاسی بۆ دەچێتەوە لێرەدا من تەنها بەسەر ئەو شتانەدا دێمەوە کە ترۆسکەی زاراوسازی و زمانناسی لە هەڵگێڕ و وەرگێڕیان هەڵستێنێتەوە، ئەویش بایی دەسەڵاتێکی لە بارەدا بێت.

١- لەبارەی (شێوە - ڕواڵەت - وێنە)وە:

وەك من بۆی دەچم وشەی شێوە پتر لە (وێنە - ڕواڵەت) هۆگری (بابەت) دەبێت چونکە (ڕواڵەت) ڕووکەشێکی بێ بایەخە (وێنە)ش بەلای شکڵی ناو ئاوێنە و کامێرادا دەچێتەوە. formی ڕۆژاواییش نەڕواڵەتە و نەوێنە. ئینجا ئەگەر ئێو هێندەی (ڕواڵەت و شێوە) چاوپۆشی لە کەرتی دووەمی زاراوەکە بکەین ئەوسا (شێوەبەرەوەرایەتی) گەلێك بەولای (ڕواڵەتایەتی و ڕواڵەتی) واتای (خۆ پێوەبەستنەوە) دەگەیەنێ کە لە ئەسڵی زاراوەکەدا مەبەستێکی بنەڕەتییە.

٢- لە کوردیدا تەعبیری (پیت بەپیت) بەتایبەتی لە نێو مەلایاندا هێندەی دەقاودەق و پتریش لە باو بوو، هەردووکیان بۆ یەك واتاش بەکار دەهاتن ئینجا هەر کامێکیان پەسەند بکرێ جێی خۆیەتی بەڵام نابێ ڕێگە لەوی دیکە کوێر بکاتەوە.

٣- وشەی (ڕارەو) هەر چونکە لە واتادا بەرتەسکترە لە (ڕێگا - ڕێباز) پتر دێتە ڕەدابێ بۆ واتای (مذهب فلسفی) کە ئەویش بۆ خۆی بارێکە ڕێگەیە.

٤- لەگەڵ ڕوونکردنەوەی مامۆستا ئالانیش من هەر لایەنگیری (گومانگر) دەبم نەك

(گومـاندار). چـی لیـژنـەش لـە بـارەی تێکڕای ئـەم خـاڵـەی گوتـووە پێوانـەی زمـانـنـاسـانـەی تێدا کـراوە. (تـێـپـەڕ و تێنـەپـەڕ) لێرەدا بێ دەخـلـە. کـەرتـی دوای (گومان)یش چ (گر) بێت و چ (دار) هەردوویان تێپەڕن هەروەك دەگونرێ باجگر دەشگونرێ پارەدار و ملکدار و زەویدار و بەرھەنگدار.. ئەم پاشگرەی (دار) لە (دارشتن – داشتەن)ی فارسییەوە هاتووە کە (مضارع)ەکەی دەبێتە (دارد) و ناوی کارای لێ پێك دێت و دەبێتە (..دار). ئەو مەبەستەی کە لە واتای (متشك)دا هەیە لەگەڵ (گرتن) باشتر دەڕوا نەك لەگەڵ (ئەملك) کە دەکاتەوە (داشتەن – دارەد – دار) چونکە لە (گرتن)دا (نیاز) ئاشکراترە.

٥- لیژنە لە پەسەندکردنی ئەداتی (ەکی) بۆ نیسبەت نەیویست لە هەموو بارێکدا بۆ هـەمـوو زاراوەیـەك هـەر (ەکی) بـەکـار بـێت چـونـکـە دیـارە (ی)ی نـیسبـەت هـی بەلاوەنان نییە. تەعبیری (خۆ لێدزینەوەش) هەر لایەنی ناچاری ڕادەگەیەنێ، دیارە ئەگەر (ی)ی نیسبەت بۆ هەموو وشەیەکی دەست دابایە ئەلیژنە خۆی لێ دەدزییەوە ئەکوردەواریش زمانی لە (لاوەکی، شەوەکی..) دەگێڕا. کەس نالێ و نەیگوتووە (کوردی، بەهـاری، خۆمـاڵی..) دەبێ ڕەش بـپـنـەوە. بـەڵام بێگومـان ڕستەی (ئەم کێشەیە هۆشەکییە نەك کردەکی) هەڵکەوتووترە لە ڕستەی (ئەم کێشەیە هۆشییە نەك کردی وەیا کردنی). تا ئێرە جوداوازیی بیروڕا لەم مەیدانەی نیسبەتدا دەگەڕێتەوە بۆ قەناعەتی زماننناس و زاراوەساز چونکە هەردوو ڕێباز شوێن پێی ئاخێوەری پێوەیە. بەڵام وا دیارە مامۆستا ئالانی (ی)ی نیسبەت و (ی)ی نـاوی مـەعنـای بـەلاوە یـەك شتن. ئا لێرەدا قەنـاعەت بڕ نـاکـات چونکە هەروەك لە ڕێی قەناعەتەوە (تێپەڕ) نابێتە (تێنەپەڕ) هەروەهاش (ی)ی نیسبەت نابێتە (ی)ی ناوی مەعنا. دەبێ کاکە ئالانی بەرەودوا بگەڕێتەوە و بەنێوان دوو ڕاستـەڕێی ئـەو دوو بـابـەتـەدا سـەرەژێر بـێتـەوە بـێ ئـەوەی تێکەڵیـان بـکـات. خۆ هەرگیز موجامەلەش لەوەدا نییە کە بڵێم ئالانی یەکێکە لە تاك تاکی ئاخێوەری کوردی لە سەلیقەی هەستیاری زگماك و بێ هەوشەوە کوردانە دادەڕسێتە گوتن و نووسین، کوردانە لە بابەت هەڵدەهێنجێت و کوردانە دادەبڕێت و تێ دەکاتەوە. ئینجا ئەگەر ئالانی لەم جووت چاویلکەی بەریانی ڕێزمان بازنەی تەڕ بووبێ کێ بێ جارەها و بارەها پێلاوی لە دەقی نووسین ڕوو نەچووبێ.

لە ئاخاوتن و نووسینی ئێستاکەی فارسی و کوردیدا بۆ نیسبەت و بۆ ناوی مەعنا

هەمان (ی)ی دریژی قووچاو بەکار دێت و دەگوترێ – بۆ نیسبەت دەشگوترێ (جوانی – بۆ ناوی مەعنا) لە کۆندا بۆ نیسبەت (یك) و بۆ ناوی مەعنا (یە) بەکار هاتووە. کتێبە کۆنەکانی پەهلەوی و پێش پەهلەوی ئەم جوداپێکردنەیان شتێکی دەستوورییە. بە نموونە لە لاپەڕە (١٠)ی کتێبی کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان – نووسینی بهرام فرەوشی، چاپی تاران ١٣٥٤ – ئەم وشانەی (چاپوکیە، «سواری») لە ناوی مەعنا و وشەکانی (گەرامیك «گرامی، ڕێزدار»، ئەباریك «بە واتای دیگر، هی تر»، نامیك «نامی، ناودار» لە نیسبەتدراو دەدیترێن. لە نێوان ڕۆشنبیرانی کوردی ئێرانیش ئەم زانیارییە وەك ئەلفوبێی لێ هاتووە بەلام لای خۆمان مەسەلەکە هێندە ئاشکرا نییە. یەکەم جار لەلایەن د. فارووق عومەر سدیقەوە، کە ئەوسا جاریٔ خوێندکاریش بوو، باسی بنەچەکی ئەم دوو (ی)ە بەگوتار لە گۆڤاری کۆڕدا بلاو کرایەوە. بە نموونە وشەی (زندیق، زەندیك) نیسبەتە بۆ لای (زەند). دوور نابینم ڕێژەی (ەرەکی، ناوەکی..)ش لەو وشانەدا پاشماوەیەکی شێواوی ئەم نیسبەتە کۆنەی زمانە ئێرانییەکان بێت هەرچەند ناتوانم بڕیاری لەسەر بدەم چونکە زمانی کوردی بەنووسین شێوە ئاخاوتن کۆنی نەپارێزراوە تاکو بزانین لە کەنگێنەوە ئەو ڕێژەیە پەیدا بووە و ئایا لە بنەڕەتەوە (ەکی) بووە یاخود لە (یك)ەوە گۆڕاوە. نموونەکانی مامۆستا ئالانی کە لە لاپەڕە (٧٢،٧١)ی ژمارەی یەکەمی کارواندا بۆ نیسبەتی حیساب کردوون بەشی زۆریان هی ناوی مەعنان. وشەکانی (برایی، هاوبەشی، وشەسازی، داماوی، سەپانی، کەڵەگایی، هەرزەکاری، جودایی، لاوی، گەنجی، نازایی، نازایەتی، لاوێتی، گەنجێتی) هەموویان ناوی مەعنان و پێوەندییان بەنیسبەتەوە نییە لەبەرئەمە ڕەخنەیەکی لەسەر بنەمای ئەو وشانەوە هەڵستاین بەرەو بۆشایی دەڕۆن.

وا دەزانم بەکارهێنانی (ەکی) بۆ نیسبەت لە شوێن و باری ئاستەنگدا نووسەر و ئاخێوەر ڕەها دەکات بەنموونە.

تیر بۆ شەمان

تیری بۆ شێخ

ئینجا ئەگەر ویستمان بڵێین (شەمانی) و ئەو (ی)ەمان بۆ بەکار هێنا هەر دەبێ بڵێین (تیری) کە بۆ (شێخ)مان دانا کە ئیتر لەگەڵ (شیمانی)دا تێکەڵ دەبێ بەلام دەتوانین تا ڕادەیەك چاوپۆشی لەو لەمپەرە بکەین چونکە لە هەموو زمانێکدا وشەی واتا جودا دەگەڕێنەوە یەك فۆرم هەروەك لە عەرەبیدا وشەی (أری – فعل مضارع للمفرد

المتكلم) دەگاتەوە (أری – فعل ماضی للمفرد الغائب). لەمەڕی گەورەی لەوەدا دەبیّ کە بمانەویّ ڕیّژەی نیسبەت بۆ (تێری – بە واتای شبع) بەکار بهێنین و (ی)ی تێدا بخەینە گەڕ کە هەر دەبێتەوە (تێری). ئینجا ئەگەر هاتا بیمینە بەر (ەکی) لەمەڕ لە ئەوەاندا نامێنیّ.

تێر بۆ شبعان

تێری بۆ شبع

تێرەکی بۆ شبعانیّ

تێرەکیەتی بۆ شبعیّ

خۆ ئەگەر ویستمان (شبعانی – تێرەکی) کە ناوی مادەیە بکەینە ناوی مەعنا ئەوسا بەرانبەر (الشبعانیة – کە مصدری صناعییە و ناوی مەعنایە) دەڵێین (تێرەکیەتی) بڕواش ناکەم دەرفەتێکی دیکە لە دەستووراتی زماندا پەیدا ببیّ بۆ دەربازبوون لەم ناستەنگە. ئەو وشانەی کۆتاییەیان بە (ی)ی درێژی قووچاو دێت وەك (برسی، ترۆزی، سۆفی) ناتوانن (ی)ی نیسبەت بەخۆیانەوە بگرن، ناشبیّ هەیاڵ بۆ (برسییانە، ترۆزییانە، سۆفییانە) بروات چونکە ئەمانە ناوەڵکارن، هەرچی وشەی نیسبەتدراوە ناوەڵناوە. ئینجا ئەگەر نەڵێین (برسییەکی، ترۆزییەکی، سۆفییەکی..) ڕێگەی کورتمان لیّ درێژ دەبێتەوە وەیا هەر بە جاریّ ڕێگەکە کوێر دەبێتەوە.

لە زۆر شوێنی کوردزماندا ئەگەر ناوی جێگە و ناوایی وەك (چەلی، داری کەلی، سلێمانی) بە (ی) کۆتایی هاتبێت بۆ نیسبەت دەڵێن (چەلییەتی، داری کەلییەتی، سلێمانییەتی) واش دەبیّ کورتی دەکەنەوە و دەڵێن (چەلەتی..). ئەم بەکارهێنانە تا ئێستاکەش باوە و بۆ خۆم گوێبیستی بووم بەڵام خەریکە لە بن شاڵاوی شارستانەتی و خوێندنی ئوێدا کەوا گەلێك نادگاری میراتی تیّ دەبات، ئەمیشیان تیّ بچێت. باوەڕ دەکەم لەو گوندانەی قوتابخانەیان تێدا کراوەتەوە تەنها بەساڵداچووەکان بزانن بڵێن (سەرووکانییەتی، جیاقووڵییەتی..) هەرچی وەچەی تازەیە خەریکە (دار، دوور، زار، زیر) فێر دەبیّ و بەڵای ئەو وشانەدا ناچێتەوە کە مامۆستاکەی لێیان بەڵەد نییە.

لە کوردیدا (ی)ی ناوی مەعنا هەر بەو وشانە دەوێری بیهانکاتە ناوی مەعنا کە ناوەڵناون و وەسفی مادە دەکەن نەك خۆیان مادەن. وەك: جوان، جوانی – شیرن، شیرنی – ناسك، ناسکی – دزێو، دزێوی.. زمانی کوردی وێڕای (ی) سیّ ئەداتی

دیکەی هەیە بۆ دارشتنی ناوی مەعنا.

١- ئەداتی (ەتی) وەك: پیاو، پیاوەتی - دایك، دایکەتی - برسی، برسیەتی.

٢- ئەداتی (ایی) ئەمەیان بۆ مەبەستێکی ورد لەکار دێت. بەنموونە، وشەی (درێژی) بۆ (مطلق الطول) دێت بەلام کە ویستت (هەندێك طول) ئەك (مطلق الطول) دەربرێت دەڵێیت (درێژایی) ژوورەکە شیرنایی شەکرەکە، رووناکایی پەنجەرە، بەرزایی شاخەکە، سەوزایی گیاکە).

٣- ئەداتی (ایەتی) بە زۆری بۆ دەرخستنی پێوەندیی نێوان مرۆڤ بەکار دێت وەك (خزمایەتی، دوژمنایەتی، دۆستایەتی، کوردایەتی، قەومایەتی، مەردایەتی، کەسایەتی، رابەرایەتی، عەبدایەتی..). هەر ئەم ئەداتەیشە دەتوانێ ناوی مادی رەق و زەقی بە پۆز وەرگێری بۆ ناوی واتا وەك (بەردایەتی - التحجر، الحجریة، گەچایەتی، الجیریة، خۆلایەتی، ئاسنایەتی..)

زۆرینەی ئەو وشانەی دەنگی ئەلفیان تێدایە وەك (برا، گەدا) ئەلفی (ایەتی)یان دەسووێت و دەبنە (برایەتی - ئەك برایایەتی - گەدایەتی ئەك گەدایایەتی.) لە شوێنی دیکە دەمێکە ئەم دیاردەیەی تێچوونی ئەو ئەلفەم روون کردووەتەوە لێرەدا ناچمەوە سەری..

نووسەرانی سلێمانی بەهۆی ئاخاوتنی ناوچەیی لە جیاتی (برسیەتی، ئەمیندارێتی، ئیتالییەکان..) دەنووسن (برسێتی، ئەمینداریتی، ئیتالیکان..) هەرچی زۆربەی کوردە جۆرەکەی دیکە کە بەکارهێنانی رەسەنە پەیرەوی دەکەن، رەسەنایەتیی ئەو جۆرەیان لە دوو بەڵگەوە بەئیسپات دەگات: بەڵگەی یەکەم ئەوەیە کە زۆرینەی هەرە زۆری کورد دەڵێ (برسیەتی، وەلیەتی..) بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە ئاخێوەری سلێمانیش لە ناچاریدا بادەداتەوە بۆ رێبازە رەسەنەکە کە مەجبوورە بڵێ (ئیتالییە هونەرمەندەکان). چارت ناچارە بڵێی (برسییە هەژارەکان) ماموستا ئالانیش بە رێبازی ئاخێوەری سلێمانی بۆ (لاوێتی، گەنجێتی..) چووەتەوە هەر چۆنێك بێ ناشێ رێبازە رەسەنەکە رێی لێ بگیرێ، تەنانەت لە وشەی وەك (رۆشت، گەشت)یشدا ناشێ (رۆیشت، گەیشت) کە راسترە کوێر بکرێتەوە. بێخود دەڵێ (لەو رۆژەوە رۆیشتووە تۆراوە دڵی من). نالی دەڵێ (کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری ئەگەیشتووت) حاجی دەڵێ (کە پیر بووم تێ گەیشتم دەستی گرتم). ئەدیب لەسەریەتی لەمانە و لە هەرچی

وەك ئەمانە هەیە خۆی لە ڕێبازە ڕەسەنەکەی کوردی ڕابهێنێ. ئێمە لە سەرەتاکانی ڕەنگوڕێژکردنی شێوازی ئەدەبیی کوردیداین، چی ئێستاکە ڕەنگ دابکوتێ دەبێتە شەقامەڕێی تەعبیری کوردی. ئەو زمانەی شێوەی ئەدەبییان دەقی گرتووە لە ماوەی ٥٠ ساڵدا یەك پێتیان لێ ناسووێ و ناقرتێ. کورتکردنەوەی بێ حیساب لە شێوە ناخاوتنی ڕەمەکیدا دەبێ تا ئەوەی خەڵقی تووش لە ناخاوتنی یەمەن ناگەن، سنەییش زەفەر بەوتوویژی ناکرێ ئابات. چەندێکی بلوێ لە پاشماوەی کۆنە زمانەکەمان بپارێزرێ سوودی خۆمانە چونکە هەتا بەرەو دەق و دەستووری ڕەسەنەوە بڕۆین پتر خەڵقی تێدا کۆ دەبێتەوە و لە یەکدی حاڵی دەبن. کوردی لەو دوو هەزار ساڵەدا هێندەی لێ سوواوە لە لزووم بەدەر بێ.

بەر لەوەی لە بەشی یەکەمی گوتارەکە بڕۆم بۆ بەشی دووەمی چەند وردە تێبینی هەن پێیاندا تێپەڕ ببم:

کەرتەکاری (گر) و پاشگری (گەر – بوومتەوە «گر») لە یەکدی جودان: هەرچی (گر)ە کەرتێکی کاری (گرتن)ە و ناوی کارای لێکدراو (بەتەعبیری جاران اسم فاعلی مرکب) دروست دەکات وەکو کەرتی زۆربەنەی کارەکانی دیکە (چلشۆر، نانخۆر، باجگر، سەرتاش). بەعادەت کاری تێنەپەڕ لەگەڵ وشەی (صفە) و لەگەڵ ناوەڵکاردا لێکدراوی ئەوتۆیی دروست دەکات چونکە بەرکاری ناوێت وەك (خۆشڕۆ، سەرەڕۆ، بەسەرهات، زۆردوەڕ..) هەرچی (گەر – لە بەشی زۆری وشە لێکدراوی ئێستاکەدا بوومتەوە «گر») بارتەقای (وان) لەگەڵ ناو دێت و سیفەتی لێکدراو دەکاتە ناوی کەسایەت وەك (ئاسنگر، مزگر – دەرگەوان، پاسەوان).

لە وشەی (نێرکە پیاز)دا بەشی یەکەمی وشەکە لە (نێرەك)ەوە نەهاتووە بەڵکو لە (نێرەك)ەوە سوواوە. بە ئەسڵ (نێرتکە پیاز و دەستکە قوڕاوە) بووە. ئێستاش لە هەندێ ناوچەی عەشیرەتیدا پیرەکان، بگرە زۆر کەسیان (نێرتك و دەستك) بەکار دەهێنن، هەروەك وشەی (قەنەنە)ش دەکەنەوە (قەڵنە) کە پتر بەرەو (قەلوون و قلیان)ەوە چووەتەوە.

وشەی (ڕێژە) بۆ (صیغە) دەست دەدات وەك (ڕێژگە) هەرچی (ڕێژگە)یە وەك (ئێستگە، بنگە، شەرگە..) ناوی شوێنە (نەك ناوەڵناوی شوێن). وشەکەش لە (ڕێشتن)ەوە بەربوومتەوە کە بە هەڵە وەیا بۆ سووککردن دەکرێتە (ڕشتن) بەڵکەش

ئەوەیە کە لە ئایندە و فەرماندا ئەو (ی)ە دێتەوە.

ئاوەکەم ڕێشت

ئاوەکە دەڕێژم

ئاوەکە بڕێژە

(ڕێژە و بێژە)ش هەر بەڵگەن.

لە وشەی (کەڵەمێرد)دا ئەو (ە)یە کە فەتحەی عەرەبییە نێوبەند نییە. دەنگێك دەبێتە نێوبەند (ناوگر) کە بتۆنجێتە کڵێشەی وشەوە نەك بهێتە نێوان دوو وشەوە. بە نموونە لە وشەکانی (بزووتن، بزاوتن - بووردن، بواردن) ئەو ئەلفە نێوبەند (ناوگر)ە. بەلای منەوە دەنگی (ر)یش لە (گرنج)دا ناوگرە ترنجاوەتە کڵێشەی (گنج) هەروەها (ر)ی (قرژ) چووەتە ناو (قژ).

دەرۆم بۆ ژمارە دووی کاروان:

کاتی خۆی کە ڕەخنەکانی مامۆستا ئالانی بۆ کۆڕی زانیاریی کورد هاتن گەرماوگەرم لیژنەیەك - بەسەرپەرشتیکردنی خۆم دەستی دایە ڕێکخستن و ئامادەکردنی ئەو ڕەخنانە و هی دیکەش کە لە نووسەری دیکەوە هاتبوون و بۆ بڵاوکردنەوەیان. وێڕای ئەو ڕەخنانە ئالانی، ڕاسپاردەی بەنرخی دیکەشی بۆ کۆڕ جێبەجێ کردبوو لە بابەتی فۆلکلۆر و کەلەپوور. خەریکی ڕێکخستنی ئەوانیش بووین بەلام ڕێکەوت وەها بوو بەر لە سازدانی ئەو کارانە پێوەندیم بە کۆڕەوە نەما، زۆریشی نەبرد پاسای تازە دەرچوو، (دەستەی کوردی) خستە شوێنی کۆڕ و ئەو بووە بەرپرس. دەمەوێ زۆر بەخێرایی لە بەشی دووەمی نووسینی مامۆستا ئالانی دەرچوو، بۆ هەر مەبەستێك بێ (قسە ڕستنەوە) بەجێترە لە (قسە کاوێژکردنەوە). ڕەنگە (هاوبەندی)ش لە (هاوبەنگی) بۆ (ترابط) لەبارتر بێ ئەگەر ئارمانی (هاونیری) بۆ خۆی ئەهاتەوە.

(ژیربێژی) بۆ هونەر وەها زانستی (منطق) و (ژیربێژ) بۆ کەسێکی (منطق زان) بێ و (ژیربێژەکی) بۆ نیسبەتێ وەلای (ژیربێژ) و (ژیربێژییەکی) بۆ نیسبەت وەلای (ژیربێژی) کرە ناکەن، هەرچی (ژیربێژانە)یە ئاوەڵکارە وەك بڵێی: ژیربێژانە دەدوێ، کوردانە دەپۆشێ، مەردانە هاتە کایەوە. وشەکان لەم ڕستانەدا وەسفی کار دەکەن نەك کارا (فاعل).

ئەگەر (پۆلاندن) بۆ تەسنیف بێتە دەستووری داتاشینی (کار) لە (ناو) خزمەتێکی

گەورە بە زمانەکەمان دەگات هەرچەند لە پۆلاندنیشدا هەر واتای کۆ و کۆمەڵ و ناپۆرە وەردەگیرێ نەك واتای (جۆرجۆر و خواروژوور) کە لە (صنف)ی عەرەبی و classی ئینگلیزی وەردەگیرێ. بەلام لزووم نابینم بینی پێوە بنێین و و بڵێین (کابرا چەتری لێ دا و خۆی عەلیشیشاند..) مەگەر بە نیازی گەپ و گاڵتەکردن بێ.

وشەی (ڕەحسکان) لە ناخاوتندا باوە هەرچەند لە هەموو هەرێمێکیشدا ناشنا نەبێ. ئەم نەبیستبوونەی ئەدیبەکانمان کە دەچێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەتایی، یەکیان نەگەڕان و سەر لێنەدان. دووەمیان نەبوونی چاپەمەنی لە هەموو هەرێمەکاندا، تا ئەم نەبیستبوونە زۆر جاران دەمەتەقەی هەڵستاندووە تەنانەت جارێکیان نووسەرێکی سەر بەزمان لە ناست وشەی (چیم) بەواتای (فریز – فریزوو) وەها ئەسەلمێن بوو هەر لە بنەوە ئینکاری هەبوونی دەکرد. کەچی فریزجار بەواتای چیمجارە. ئەو پێمەڕەیەی بۆ کێڵانی زەویی چیمجار دروست دەکرێ پێی دەڵێن (پێمەڕەی چیمبڕ). نووسەرێکی دیکەش بەرانبەر وشەی (ڕاپەخ) سەری لەو (ی)ەی ناو وشەکە سوڕمابوو، بەدرێژی لە تەعلیلی پەڕینەوەی پیتیەکە بۆ ناو وشەکەی دەکۆڵییەوە چونکە هەر گوێبیستی (ڕاخستن، هەڵخستن، خستن..) بوویوو کەچی فۆرمی وشەکە (پەخستن، پێخستن، نێخستن، هێخستن)ە لە هەمووشیاندا دەنگی (ی) هەیە کە ئیتر دیارە (ڕاپەخ) لەوان کەوتووەتەوە. گۆرانیبێژی کۆیی (حوسێنی حەمەتۆز) بەر لە ٥٠ ساڵ پتر قەوانی دەرکرد دەڵێ (هات کاروانێ کەرداران، پێخستیان لە بن داران، لێدەن دەردی هەلۆکێ..). وشەی (تێ وەریخ) لە دوو پێشگری (تێ، وەر) و کەرتێکی بەرایی (پەخستی) پێك هاتووە هەر لەو جۆرەی گوێبیست نەبوونە جارێکیان دوو فەرهەنگنووسی کوردی لە وشەی (فروسمان) کە من لە نووسینمدا بەکارم هێنابوو ڕامان و نەیانبیستوو کەچی لە زۆر شوێنی بەری سۆران بە واتای (نەخسوون لێ خوێندن، تەڵەسم بەندکردن) لە گەڕدایە. یەك لەو دوو فەرهەنگنووسە (زەبیحی) دواتر پێمی گوتەوە کە توێژینەوەی لە وشەکەدا کردووە لە خەڵقی باڵەکایەتی بیستووە لە جیاتی فروسمان دەڵێن (فلیسمان). وا دیارە وشەی (ڕەحسکان)یش بۆی ڕێك نەکەوتووە بەر گوێگری بەری بابان کەوتبێ. دەنگی (ك) لە وشەسازیی کوردیدا دەورێکی چالاکی هەیە، لێرەدا کارمان بەیەك باری ئەو دەورە هەیە کە دەبێتە پاشگری کار و زێدە واتایەکی تێدا پەیدا دەکات. پاشگری (کا) لە چاو پاشگری (ا) هەستوخۆلییەك وەها شێوەگۆڕییەك لە وشەدا پەیدا دەکات. بە نموونە، لە ڕەگی

(بزر)ەوە بە هۆی پاشگری (ا) کاری (بزران) پەیدا دەبێ. کە پاشگری (کا)ی پێوە لکا دەبێتە (بزرکان) شێوەیەکی نوێ بۆ (بزرکاو) پەیدا دەکات لە چاو (بزراو). وشەی (پەشێو) دەبێتە (پەشێوان) و دەشبێتە (پەشێوکان) کە سەختترە لە پەشێوان. هەر خۆشەتی بووەتە (پەشۆکان). دوور نابینم (هەڵبڕوان) و (هەڵبڕووکان)یش دوو دڵۆپی ئەم خورگەیە بن. ئووزانەوە بنگەی وشەی (ئووسکانەوە)یە بەڵام دەنگی (ز) بەجیرانەتیی دەنگی (ك) بووەتە (س) چونکە هەردووکیان واتە (س، ك) دەنگی کپن هەرچی (ز)ە ئاوازەدارە لەبەر خاتری (ك)ەکە خۆی کپ کردووە وەك کە وشەی (نازك) کە لە (ناز)ەوە هاتووە بووەتە (ناسك) لەبەر هەمان سەبەب. (بازوو)ش بووەتە (باسك). هەرچی وشەی (ڕەمسکان)ە خزمی نزیکی (ڕەمسان)ە و هەردوویان لە واتادا بە (ڕەخسین و ڕەسین) دەگەنەوە. بەڵام لە (ڕەمسکان)دا زێد هێزێك هەیە ئەگەر (کۆگر) بە (جامع) وەربگیرێ (کۆتەگر) نابێتە (مانع)، دەبێتە ئەو شتەی هەندێکان دەگرێ و هەندێکان ناگرێ. بۆ ئەوەی ببێتە پێچەوانەی (کۆگر) دەبێ بگوترێ (هیچنەگر) ئەوساش (هەمووگر) پەسەندتر دەبێ لە (کۆگر). بەڵام (هیچنەگر) هەر لە بەرانبەر (کۆگر، هەمووگر)دا دەسازێ نەخۆ (مانع) (هیچنەگر) نییە.

لە کۆتاییی ئەم پێداچوونەوەیەدا دڵێم ماندووبوونەکەی ئالانی جێی سپاسە و دەبێ بەوپەڕی هەناسەدرێژییەوە لەگەڵ زاراوەکاندا خەریك بێ. منیش ئەگەر چاوم بە نووسینەکانی کەوت و بەچاکم زانی پێیاندا بچمەوە تا پێم بکرێ تێبینییەکانم بۆ خۆی دەنێرم بەمەرجێك ئەدرەسی بزانم. زۆریش گوشاد دەبم هەر جارەکە دەبینم نووسەران لەو زاراوانە وشە وەردەگرن و بەکاری دەهێنن، وەك بڵێ حەسانەوەی ئەو باغەوانە هەست پێ دەکەم کە دەبینێ ئەمامەکەی شین بووە و بەریشی گرتووە.

ب

لە (العراق)ی (٩)ی شوباتی ١٩٨٣، لە ژێر سەرەناوی (وێنەی هونەری لە شیعری حاجی قادری کۆیەدا) مامۆستا عەبدوڕەزاق بیمار بەدوا شیکردنەوەی چەند نموونەیەك لە نیگارکێشیی هەستیارانەی بەهارییەکەی حاجی دەنووسێ: «جا لەم ڕووەوە وتەکەی مامۆستا دانەری کتێبی (چەپکێك لە گوڵزاری نالی) بە ئاسانی ڕەت دەکرێتەوە کە لە لاپەڕە ١٩٩دا گوتوویەتی:

«یادی گوتەیێکی تری (دڵدار) دەکەمەوە کە دەیگوت حاجی قادر لە بەهارییەکەیدا

شوێنپێی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم)ی نالیی هەڵگرتوومەتەوە و ئەوسا من ئەمەم لە دڵدار نەدەسەلماند کە چی ئێستا وەک بەدیهییە ئاشکرایە لەبەرچاوم چی دڵدار دەیگوت ڕاستە».

چونکە دانەری ئەو کتێبە منم پێویست بوو لێرەدا ئەختێک ڕووناکایی بۆ لای ئەو شوێن پێ هەڵگرتنەوەیە و ڕەتکردنەوەکەی بهاوێژم.

دەبێ لە پێشەوە بڵێم شوێن پێ هەڵگرتنەوەی نالی لەلایەن حاجی قادرەوە ئەکەمایەتیی تێدایە ئەبلەماتێکیشە لە کەس بەعەیب بگیرێ. لە نێوان شاعیرانی کورددا وێڕای شوێن پێ هەڵگرتنەوە (تضمین وقتباس)یش بەرچاو دەکەوێ کە پتر لە نزیکەوە خوولیای شاعیر بە غەیری خۆیەوە دەلکێنێ. نالی کە دەڵێ:

نـاری سینـەم گـەر نـەبێ غـەرقم ئـەمـن
نـاوی چـاوم گـەر نـەبـێ سووتـاوم ئـەز

یەکسەر واتاخوازیی لەم بەیتەی (ابن الفارض) کردووە:

فلولا زفیری اغرقتنی ادمعی
ولولا دموعی احرقتنی زفرتی

بەلام نالی مەهارەتێکی تێدا بەکار هێناوە وا بزانم لەو کتێبەی (چەپکێک..)دا ڕوون کراوەتەوە. جارێکیان باسی ئەم تێهەڵکێشانەم بۆ (پلە) کرد. لە پێشەوە نەیسەلماند بەلام کە گوتم ناشێ نالی شیعری تەسەوفی وەها.. قسەکەی پێ بڕیمەوە و گوتی کە تەسەوفت ناو هێنا سەلماندم.

حاجی قادر دەڵێ:

بە (تضمین) بەیتەکی نالی دەهێنم تا ڕەفیقانم
بزانن من بە ئەو نایم حەزەف قەت وەک گەوهەر نابێ
«کەمەندی زولفی دوو لانە لەبۆ گەبر و موسڵمانە
دەکێشن بێ محابانە چ لە مەلابێ چ لە ولابێ»

پێنج خشتەکی لەلایەن کورد و غەیری کوردەوە جۆرێکە لە تێک ئالانی دەروونی و پوالەتی شاعیر و شاعیر..

(تلمیح)یش هەر لەم بابەتانەیە.

ئەمانە هەمووی لە نێوان کورددا باو بوون بەڵام ئەوەی پێی دەگوترێ (معارضە) لە کوردەواریدا بەرچاو ناکەوێ، هەر نەبێ من نەمدیتوە بەڵام وا بووە دوو شاعیر هەمان پارچە هەڵبەستیان لە شیعری بێگانەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی وەک کە بێکەس و گۆران کردیان. دەشبێ ئەم بابەتانە تێکڕایان خۆ تاقیکردنەوە و خۆ بە خەڵک گرتن و خۆ نواندنیان تێدایە هەرچەند ئەم نیازانەش ڕێ لە هەڵچوونی عاتیفە ناگرن، بگرە وەها بووە لە پێنج خشتەکیی سەرکەوتوودا سۆزی شاعیری دووەم سەر دەکات کە بەناهەنگی سەر لە سەدی شاعیری یەکەم دەدوێت:

دڵــی بــردم بــەنــاز و عــیشوە دیسان شۆخــی عــەیــیـاری
فریبی دام بە چاوی مەستی خۆی مەحبووبی سەححاری
لــە هــیـجـرانــی ئــەفــم کــرد ئــەی ڕەفـیقـان کوا مــەدەدکــاری
ئــەمــان مــردم عــەلاجــێ ســا لــە ڕێی پـێغـەمـبـەرا چــاری
وصال یا قتل یا تەسکین لە هەر سێ بۆم بکەن کاری

سەرلەبەری دیوانی شێخ ڕەزا تاکە یەک غەزەلی تێدا بۆ سۆزی دڵداری تای ئەم پێنج خشتەکییەی کردیێتەوە کە لە بڵێسەی کوردییەوە ئاگری تێ بەربووە (معارضە) بەو شیعرە دەڵێن کە لە کێش و قافیەی شیعری بەر لە خۆی هەڵبەسترابێ وەک کە ئەحمەد شەوقی موعارەزەی قەسیدەی ئیبن زەیدوون:

أضحى التنائي بديلا من تدانينا
و ناب عن طيب لقيانا تجافينا

دەکات و دەڵێت:

يا نائح الطلح اشباه عوادينا
نأسى لواديك أم تشجى لوادينا

ئەگەر بەهارییەکەی حاجی لە کێش و قافیەی قەسیدەکەی نالی بابە پێی دەگوترا (معارضە). لەلایەن کێشەوە هەردوویان لە یەکدی نزیکن تا ئەوەی هەندێ شاعیریش فەرقی پێ ناکەن، بەشێکی بەرچاوی (مصدر) وەیا (عجز)ەکانی بەهارییەکەش وەک دیزە شیعرەکانی نالی دەبنە ١٤ بڕگە بە نموونە (لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا) ١٤ بڕگەییە، صەدرەکەش ١٥ بڕگەییە.

لەم بوارەدا دەبێ ڕاستییەکی گرنگی دیکەش ڕوونکەرەوەی شوێن هەنگاومان بێ،

داسەپاندنی بڕیاری (نییە) پتر موحتاجی بەڵگەیە لە (هەیە) چونکە مەبەستی (هەیە) بە تاکە یەك بەڵگە ئیسپات دەکرێ وەك ئەوەی گوێت لە خشەیەك بوو و دەنگت دا (کێیە؟) بە تاکە وەڵامی (منم) دەزانرێ خشەی بەنیادەمە بەڵام کە وەڵامێکت وەرنەگرتەوە جەوالێك بەڵگەت دەوێ تا ئیسپاتی (بەنیادەم نەبوون)ی خشەدارەکە دەکەیت، ڕەنگە یەك بەڵگەشت چنگ نەکەوێ. لەگەڵ ئەمەشدا بڕیاردان لەسەر هەبوونی خزمایەتی لە نێوان ئەو دوو قەسیدە بەناوبانگەدا تا ئەوەی خەیاڵ لە (شوێن پێ هەڵگرتنەوە) بکەین بەهادی هەوا نابێ بەتایبەتی کە دەنگ و سەدای ئیعتیراز بڵند بوو، پێویستە لێرەشدا (منم)ێك بە هەمبەر بهێنین.

ئەوسا لە (چەمکێك..)دا کەس بەرهەڵست نەبوو تاکو بەڵگەکاریی تێدا بکەم، قسەشم لە دڵدارەوە دەگێڕایەوە کە ئێستر لزوومم نەدەدیت بە بەڵگە و نموونە هێنانەوە لە سیفەتی (شاپەد)ەوە، ببمە داواکار.

بەڵگەی ئەم شوێن پێ هەڵگرتنەوەیە لە چەند لایەکەوە تێك دەکەنەوە، نالی شاعیرێك بووە لە سەرامەدی شاعیراتی سەدەی نۆزدەم، چ سەیر لەوەدا نییە شیعری بێتە ئەو (بەردەعازەبانە)یەی گەنجی لە خوزرازی هێزی خۆی پێ تاقی بکاتەوە. ئێمە بڵێین و نەڵێین نموونەی زیندە باڵا لە هەر هونەرێکدا هەیێ دەبێتە (سەرمەشق). حاجی قادر لە چەندین جێگەدا باسی نالی و شاعیریەتیی دەکا. وەك دیتمان (تضمین)یشی لە شیعری کردبوو، لەو (تضمین)ە بەهێزتریشی هەیە کە دەڵێ:

زاهیرەن شیعرم لە کوردی و نالی زۆر کەمتر نییە
تاڵەم بەرگەشتەیە بەدبەختە بەختم نووستووە

پێم بڵێن کام شاعیری نوێخوازی کوردی لە تاووتێنی گۆران ڕەها بووە؟ ڕەهابوونی چی؟ هەرچی هەیە دەڵێ گۆران دەروازەی شیعری نوێی کوردی خستە سەر گازەرای پشت، واوەی گۆران لەم ڕۆژەدا کام شاعیر سەرەتاکە لە شیعری شێرکۆ بێکەس ناکات؟ ئینجا ئەگەر شاعیرەکانمان لە هەڵبەستدا باسی گۆران و شێرکۆ نەکەن و لە تۆژینەوەی ئەدەبیدا ناویان بهێنن خۆ حاجی قادر لە شیعردا خۆی بۆ نالی شکاندووەتەوە، ئینجا هاتووە خزیشی بەو (و بە کوردی) گرتووە. لەمە زیاتر چیمان دەوێ بیکەین بە ڕووناکی بۆ ناو دەروونی حاجی تا شەپەنگی نالیی تێدا بدۆزینەوە؟ بە خەیاڵ لە حاجی بپرسین ئایا نالی و شیعرەکانی چ ئەسەرێکیان بووە لە ویژدانی

ئەودا دەبێ چ وەڵامێکیان بداتەوە؟ ڕەنگە پرسیارەکەمان لێ بەعەیب مەگرێ چونکە خۆی بە شیعری یاتەوەیات ئەو ئەسەرەی کردووەتە بەڵگەنەویست. خۆ ئەگەر بگوترێ حاجی باسی شاعیری دیکەشی کردووە و هەڵی داوەتەوە دەڵێم.

١- باسی شاعیر و ئەدیبێکی بەقەدەر نالی نەکردووە.

٢- شیعری کەسی دیکەی بە (تضمين) نەهێناوەتەوە.

٣- لە نالی و کوردی بترازێ خۆی بەکەسی دیکە نەگرتووە.

بەدوا ئەمانەدا دەڵێم:

٤- شوێنپێی غەیری نالیی هەڵنەگرتووەتەوە.

لە فەرزی یەکێك بۆم ئیسپات بکات کە حاجی بۆ غەیری نالیش دەروون کرایەوە بوو ئەوسا کاری من ئاسانتر دەبێ چونکە بەڵگەیەکی تازەم بەدەست دەکەوێ و ژمارە (٥ -)ی دەدەمێ و دەیخەمە ڕیزی بەڵگەکانی سەروو.

وردبوونەوە لە شیعرەکانی حاجی دەری دەخات کە لە مەیدانی (نالی ئەوازی)دا حاجی بە سێ پلەدا تێ پەڕیووە. یەکەمیان ئەوە بوو گوتی (من بە ئەو نابم - وەها ناگەم). دووەمیان ئەوە بوو گوتی (بەیتم لە کوردی و نالی زۆر کەمتر نییە). سێیەمیان ئەم بەهارییەیە کە پێشبڕکێی تێدا کردووە لەگەڵ (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) هەتا شاعیریش شاعیر بووبێ نەیتوانیوە هێندەی بەهارییەکە ڕاستی نموونەی سەرمەشقی کردبێتەوە لەوەشدا حاجی سەد جاران ئەو نەرمە چرپەچرپ و منگەیە ڕیسوا دەکات کە لە بن لێوانەوە دەڵێ حاجی لە شۆڕەتی شاعیرییەتدا قەرزداری قەومایەتییەکەیەتی مایەی شانازی حاجی و ئێمەیشە. بەڵام هەزار قەومایەتی و حەقپەرستایەتی و مەلایەتی بەسەر یەکدا کەڵەکە بکەن (بەهاری) وەها پاراو و ئاوێنگدا و ئەفسووناوی نازێن ئەگەر شاعیرایەتیی لەگەڵدا نەبێ. چارویار حاجی بە زاری خۆی دەڵێ گلەیی لە کەموکوڕیی ئەم شیعرەم مەکەن چونکە دەمەوێ (.. لەم بەند و باوە دەربچن) کەچی لە بەهارییەکەیدا لە پشت پەردەیەکی تەنکی وەقاردا ئەو هەڵبەستە دەکاتە بەڵگە بۆ زمانی کوردی کە بەلاغەتێکی هەیە هیچ زمانێ نایگاتێ). حاجی ئەو لە خۆ ڕادیتنەی ناو بەیتی (زاهیرەن شیعرم لە کوردی و نالی زۆر کەمتر نییە) لەم بەهارییەدا بە ئیسپات دەگەیەنێ چونکە بەڕاستی نموونەیەکی هەرە پێشکەوتووی هونەری شیعرە بە

روخسار و ناوەرۆکەوە، لە کوردی و غەیری کورددا. خۆ هەتا خەتمی کەلام بە شیعری شیرین هاتبێ شیرنتر نابێ لەمە.

بەهەمەحاڵ دەرخستنی مەهارەت و پەنجەرەنگینی و نارایشت و سۆز و هەستی بریندار و هەنیسکی غوربەت و واقیعییەت و ئەو جۆرە دیمەنانە لەو بەهارییەدا گەلێکی بەبەرەوە هەیە کە دەبێ لەلایەن بەڵەدی زانستە ئیسلامییەکان و ئەدەبی کلاسیکییەوە توێژینەوە و شیکردنەوەی بیندرێژی تێدا بکرێ. هەتا تێ دەگەین وەیا تێ ناگەین لە بەیتی:

پیاڵەیی زەری ئەرگس لەسەر کەفی سیمین
لە بۆ نثاری مەهابە پڕ لە زێری طلا

چۆن شیا (ظرف)ی ئێرگز خۆی زێڕ بێت و (مظروف)ەکەشی (زێڕی طلا) زێڕ بێت و هەردووکیشیان (ظرف و مظروف) ئەو زەردایییەی ناو ئێرگزەکەن؟ تا تێ دەگەین شەکەت دەبین.

نالی ڕاسپاردەی بە بادی (خۆش مرور)دا بەڕێ دەکات، حاجی قادریش لە مەهارەتی خۆیەوە (بەخەتی خەواڵوو) دەدوێنێت و گرۆچکەکانی هەناوی بەرەو کوردستان بەڕێ دەکات. دیارە بەختیش پتر لە بای چالاک پێوەندیی بە مرۆڤەوە هەیە جێی خۆیەتی بە دەنگ بێت و بکەوێتە وتوویژ. لەوە بەولاوە ناوەرۆکی هەر یەکێك لە دوو قەسیدەکە دەبێتە تەرجومانی ئەو گیانەی ناوە ئاگرینەی بورکانی خۆی وەدەر دەنێ. هەروەك لە (معارضە)دا دوو قەسیدەی لە یەکدی ڕاماوی هاوکێش و هاوقافیەش دەبێ ناوەرۆکیان جودا بێ دەنا قەسیدەی (معارض) لە بایەخ دەکەوێ و دەبێتە لاساییکردنەوە، لە شوێن پێ هەڵگرتنەوەشدا دەبێ ناوەرۆك جودا بێ تەنانەت لە یەکدی نزیکبوونەوەیان لە بەیت و دوو بەیتدا قەسیدەی دووەم دانالەنگێنێ. بەنموونە حاجی قادر کە دەڵێ:

ئەگەر مەنم لە فیراقیان گڕەم لە جەرگەوە دێ
ئەگەر دڵە وەکو جەرگم دەڵێی ئەوا سووتا

قسەکانی خۆیان لەو دوو بەیتەی نالی دەخشێنن:

سووتا ڕەواقی خانەیی صەبرم دڵ و دەروون
ئەیماوە غەیری گۆشەیی ذکرێکی با صەبور

لەم شەرحی دەرد و میحنەتە لەم سۆزی غوربەتە
دڵ وەختە بێ بە ئاو و بە چاوما بکا عبور

خزمایەتیی واتای ئەم بەیتانە هەر بۆیە لەسەر حاجی قادر بەلاساییکردنەوە و واتا خواستنەوە حیساب ناکرێ چونکە مەحکەمی و (اصالة)ی سەرلەبەری بەهارییەکە لە تۆمەی وەها دەپارێزێ، ئەویش وەکو نالی لەبیرکردنەوەدا هەستی ئاگر تێبەربوون دەکات، ئیتر چۆن نالێ سووتام.

هەروەك حاجی شاكاری نییە بەرانبەر بەهارییەکەی ڕاوەستێ، سالمیش هەڵبەستێکی نییە بگاتە ئەو وەڵامەی کە بە (بادی سەحەر)دا بۆ نالیی دەنێرێتەوە

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادەکەی سەحەر
وەی پەیکی شارەزا بە هەموو ڕاهی پڕ خەتەر

نە سەیرە و نە لە سالمیش بە عەیب دەگیرێ کە لە جوابدا بەوشەکانی نالی دەست پێ بکاتەوە و هەمان بادی خۆش مرووریش بکاتەوە بە پەیکی نامەهەڵگر چونکە ئەو یەکسەر لەبەر تین و تاوی پۆلووەکانی نالی دڵی خۆی دەتاوێنێتەوە. لە سالم و حاجی بترازێ (مصباح الدیوان)یش شیعرێکی نەگوتووە هاوتای پێنج خشتەکییە بێ پەردەکەی بێ کە ڕاستەوخۆ لە (مستورە...)ی نالییەوە تیشکی داوەتەوە تەنانەت سەرنجم بۆ ئەوە دەکشێ کە (مصباح...) بە ئانقەست چوار میسرەعی هەرە پڕ هەست و خوستەکەی وسفی یاری هێناوەتە سەر قافیەی قەسیدەی (مستورە.) کە کێشیشیان لەگەڵیدا یێکەڵن

وەك تازە هەڵووژێکی لە ناو دوو لقەدا بێ
وا ڕێك گوشراپێ کە لە دوو... هەتاد..

بەش بەحاڵی خۆم هەستی سەربڵندی دەکەم لەوەدا کە سێ کەڵەشاعیری کورد بە ڕەفاقەتیی سەرامەدێکی شیعری کوردی بەسەر خۆیاندا زاڵ بووبن.

ئێستا بە ئیزنی کاکە بیمار وا پەسەند دەکەم هەڵەی ئەو بەیتانەی بە نموونە لە بەهارییەکەی هێناونەوە ڕاست بکەمەوە بەداخەوە زۆر لەدیوانی شاعیرە بەسەرچووەکانمان لە نووسینەوەدا هەڵەیان تێ کەوتووە جگە لەوەی کە لە دەمی چاپکردنیشدا هەڵەیان تێدا دەکرێ تا ئەوەی کێشی بەیتەکان تێك دەچێت، ناوناوە مەعناشیان نامێنێ.

میسرەعی (لە کێو و کەژ کە سەر لە نێوارە ماڵات) بەم شکڵە پازدە بڕگەیە کە ئەبوو لەبەر وشەی کۆتایی میسرەعەکە (ماڵات) چواردە بڕگە بێ چونکە ئەم وشەیە لەوانەیە لە دوو بڕگەوە بکرێتە سێ بڕگە و کێشی شیعرەکەش تێک ئەچێ بۆ ڕوونکردنەوە دەڵێم ئەگەر میسرەعەکە بەڕاستی وەرگێرابایە دەشیا (ماڵات)ەکەی بکرێتە (مەڕوماڵ) و کێشی تێک نەچێ کەچی ئێستا دەیکاتە شازدە بڕگە. وا بزانم دەبێ بگوترێ:

لە کێو و کەژ کە سەر نێوارە دێتەوە ماڵات

لەمەشدا پێویستە (سەرێوارە) بخوێندرێتەوە دەنا کێشی تەنبەڵ دەبێ. بەم جۆرە ئەگەر بگوترێ (.. مەڕوماڵ) کێشی ناشێوێ چونکە وەک لە پێشتر گوتوومە بەحرەکە بە پێی سازدان ١٤ بڕگە و ١٥ بڕگەش هەڵدەگرێ. تۆ بێنە (لەسەر کەفی سیمین) بکە (لەسەر کەفی گوهەرین) کێشی عەیبدار نابێ. لێرە قسە لە نەشێوانی کێشی شیعرە، دەنا دەزانم حاجی نەیگوتووە (مەڕوماڵ).

وشەی (گوهەرین)یش جێی نابێتەوە لەو میسرەعەدا چونکە زەردایی نێرگز بۆ زێڕ دەچێتەوە نەک گەوهەر.

میسرەعی (مەلانیکەی سەر تاق و ڕەواقی مینایی) بووەتە ١٣ بڕگە و هەڵەیە دەبێ بڵێین (مەلانیکەی سەری تاق و ڕەواقی مینایی).

وشەی (جومبش) دەبێ بنووسرێ (جنبش – جونبوش) چونکە لە (جنبیدن)ەوە هاتووە (منارەی جنبان – جونبان)ی ئیسفەهان ڕێژەی ناوی کارا (اسم فاعل)ی (جنبیدن)ی تێدا بەکار هاتووە.

هەردوو میسرەعی:

پیاڵەی زەڕی نێرگز لەسەر کەفی سیمین
پڕە لە شەبنەم وەک دوڕی لۆلۆی لالا

دەبێ ڕاست بکرێنەوە بێنە:

پیاڵەیی زەڕی نەرگس لەسەر کەفی سیمین
پڕە لە شەبنەمی وەک دوڕ و لۆلۆی لالا

حاجی وشەی (نرگس و سیمین)ی گوتووە کە هاتین گوتمان (نێرگز) دەبێ بنووسین (زیوین).

بەهار وا هەموو ساڵێك دێتەوە ئەمما

بوومتە ١٢ برگە ڕاستییەکەی ئەمەیە:

بەهاری وا هەموو ساڵێك دەبێتەوە ئەمما

وەیاخود:

بەهاری وا هەموو ساڵێکی دێتەوە ئەمما

دەبێ بڵێین:

مەکانە: شەوقی بەعیلاتە..

حەیاتە: زەوقی بەئەحبابە..

مەسەرەعی (گەر بێ یو بچییەوە ئێستا (کانی) دیسان بەقسەی عادەتیش قبووڵ ناکرێ وا دەزانم ڕاستییەکەی ئەمە بێ:

گەر بێ یو بچییەوە ئێستاکە بۆ وەتەن دیسان
سەفەر دەکەی لە وەتەن دەچییە شاری جابولقا

لەم دەمەدا دیوانەکەی حاجی و دەسخەتی دیوانەکەشم لا نییە بزانم لەواندا ئەم بەیتە و ئەوانی دیکەش چۆن نووسراون. بەرێنمایی کێش و واتا و ئەختێکیش یاریدەی بیرهاتنەوە قاڵبی ئەم بەیتانەم ڕاست ڕاگرتنەوە ئەوەی ڕاستیش بێ هەرچی نموونەیەکە لەم نووسینەدا هێنابێتمەوە هی یادکردنەوەیە ئینجا ئەگەر سەهوویان تێدا بێ لێم ببوورن.

لە کۆتاییدا دەڵێم مامۆستا بیمار هەقی هەیە ئەو بۆچوونە پەسەند بکات کە بەلایەوە ڕاستە بەلام منیش هەقمە بڵێم ئەو بەڵگانەی بۆ (بەناسانی ڕەتکردنەوە)ی هێنابوونەوە بایی ڕەتکردنەوە ناکەن. لەگەڵ ڕێزمدا.

کاروان، ژمارە ٧، ١٩٨٣

دەساتیر

ئاوناوە لە خوێندنەوەی بابەتی فارسیی سەر بە زمان و ئەدەب و ئاین چاو لە وشەی «دساتیر – دەساتیر» هەڵدەئەنگوێ وەك كە دەنووسرێ فڵانە وشە دەساتیرییە وەیا فڵانە باوەڕ لە دەساتیرەوە هاتووە. هەندێ جاریش دەبینیت فەرهەنگی وەك «برهان قاطع» پایەی بەرمۆزێر دەكرێتەوە بەوەدا كە وشەی دەساتیری تێ كەوتووە. ئێمەمانانی كوردی عێراق لەبەر كەم پێوەندیمان بە سەقافەتی نوێی فارسییەوە لە ئاست ئەم دیاردەیە بەدەم داهاتنەوەی نووسەرانی فارسی سەردەم لە دەساتیر تەنها هەستی كێشەیەكی بێ سەر و سۆراغمان بۆ دەمایەوە، تەنانەت بەش بەحاڵی خۆم نەمدەویست پرسیاریش لە دۆستە پاخەبەرەكانم بكەم نەكا وەكو ئەزموونی وەرسكەری بێ وەڵامی لێ بێت. ئەم پرسیارە دەرنەبڕاوە مایەوە تاكو دوای گرانەوەی كۆڕی زانیاری كورد و ئاڵوگۆڕی دیاری چاپكراو لە نێوان ئەو و بنكە ڕۆشنبیرییە دوور و نزیكەكاندا. بەشێك لەو كتێبە فارسییانەی بە دیاری بۆی هاتن پرسیاری دەساتیریان یەكالا كردەوە. ئەوساش چونكە كتێبەكان تەنها لە كتێبخانەی كۆڕ چنگ دەكەوتن، هێندێكیشیان بۆ خۆم دەهاتن [زۆربەیان بۆ كۆڕ مانەوە] و بەدەگمەن نەبێ لەلایەن ڕۆشنبیری كورد نەدەخوێندرانەوە، مەسەلەكە لە تاریكیدا مایەوە. لە یەكەم جاری سەرم بەم باسەدا گرت و بۆم ڕوون بووەوە حەزم كرد بخرێتە سەر خوانی ئەدەبی كوردی، بەڵام باری نالەبار دەرفەتی نەدام تاكو بەو دواییە عوزری پشتگوێخستنیم بەدەستەوە نەما، ئیتر ویستم لە گۆشەیەكەوە ڕووناكاییی بۆ بهاوێژم، بەڵام ئەوساش بۆ دڵنیابوون لەوەی كە بڵاوكردنەوەی باسەكە خۆ پێوە ماندووكردن دەهێنێ لە هەندێ ڕۆشنبیری هۆزاوی شارەزا بە سەقافەتی فارسیی كلاسیكیم پرسیار كرد، دیار بوو لە ناوی دەساتیر بەولاوە شتێكیان لەو بابەتە پێ نەگەیشتووە. بەم جۆرە بۆم دەركەوت ڕوونكردنەوەی پرسیاری دەساتیر هەر نەبێ سووچێكی سەقافەتی میرانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە تاریكی دەردەهێنێ جگە لەوەی كە نموونەیەكی گرنگیش لە (ساختەكاریی ئانقەست بە نیازی ڕەهێنشخستنی ئامانجی ڕەچاوكراو) بەبەر هۆش و گۆشی خوێنەرەوە دەگرێ، بەوەشدا تەلێكی خاوبوویەوەی هەست و سۆسەكردن لە مەیدانی هەڵفریواندنی فكریدا كشت دەبێتەوە. بەهەمەحاڵ ئاگاداربوون لە هەوڵی جۆراوجۆری دەستخەڵەتدانی خەڵق

بەرەو ئامانجی بەرژەوەندی دنیایی، بە تایبەتی لە ڕێی ئاینەوە پێی ئاگوتری ئەرك و کات بەفیڕۆدان چونکە وەك دەزانین ئەم پەتۆڵییەی تێکبەستنی ئاین و بەرژەوەند لە کۆنەوە باو بووە، ئێستاش بەهێی داخوازی و بۆلوان هانای دەبرێتە بەر، تەنانەت بە زۆری، ئایدیۆلۆجیی ڕامیاریش لە شێوەی ئایندا باوەش بە بەرژەوەندی دنیاییدا دەگرێ ئینجا پێڕەوەکانی خۆیانی تێدا بەخت دەکەن. هیچ ئامانجێکی دنیایی لە شێوەی مادیی ڕەق و تەق و بێ ئارایشت و ئاوڕینگدا ناتوانێ ببێتە عەسای ئەفسووناوی بەدەست ڕابەری دنیاییەوە خەڵقی بێ ڕاپێچەك بدات بەرەو لەخۆبووردن. هەر چونکە دەساتیریش لە شێوەی ئایدیۆلۆجیدا شێلەوێنەی لە مەردم بزرکاند توانی بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ شەدایان بکات، دواتریش کە بە پەڵگەی زانستی بێ دەمەتەقە پووچەڵبوونی بە ئیسپات گەیشت ڕێز و پایەی لای پارسییەکانی هیند بمێنێتەوە لەوە هەر بگەڕێ کە زەنەی سەدان وشەی دەساتیر بۆ ناو فەرهەنگ و ئەدەبی فارسی سەری گەیاند بە حاڵ و بارێك کەوا ڕەنگە سوانەوەی لە ئێمکاندا نەمابێ. چ ئێهێنییەکی سەرسووڕێنە وەها دەکات باوەڕی پووچەڵ و جنۆکاوی هێندە بە ئاسانی بتەنێتەوە و بچەسپێت؟ هەتا بیرێکی ڕاست و ڕووناك دەچێتە دڵانەوە ئێسکی خاوەنەکەی دەبێتە خۆڵ کەچی هەلەق مەلەقی دەجاڵ و گای ژێر زەوی هەست هەست دەنیشێتە ناخی دڵ و گیانی ملیۆنان خوێندەوار و ناخوێندەوار، نە حکوومەتیش بەدواوەیە و نە بەرتیلیشی لێ خەرج دەکرێ. سەیر لەوەدایە کە دەبینین بابەتی زانستیش ئەگەر هیچ لایەنی تێدا بێ سەر بە عاتیفەوە بێ ئەویان جەزبە بە هەڵق دەگرێ. ئەم دەساتیرەیش لە بابەتی هەلەق مەلەقی ڕێز لێگیراوی بێ بەرتیل و بێ دەسەڵاتە.

لە کتێبی (فرهنگ ایران باستان – فەرهەنگی ئێرانی کۆن) لە بڵاوکراوەکانی دانشگای تەهران، ساڵی ٢٥٣٥ی شاهەنشاهی، نووسینی پوور داوود ئەم باسەی دەساتیر هەر لە لاپەڕە ١٧ تا کۆتایی لاپەڕە ٥١ی لێ گرتووەتەوە. دواتریش لە پاشکۆی کتێبەکە شەش لاپەڕەی دیکە، لە ٣٢٩را تا کۆتایی ٣٣٤، بە پشکنینەوەی نوێ پڕ دەکاتەوە بۆ سەپاندنی باوەڕێکی یەکجارەکی خۆی لەبارەی سەرچاوەی لێ هەڵقووڵینی دەساتیرەوە.

لە سەرەتاکانی نووسینەکەیدا باسی تەجرەبەی خۆی لە مەیدانی عیشقی زمان و داستانی کۆنی پارس دەکات کە چۆن مەجزووبانە ڕێگوزەری سەری بە (دساتیر)ەوە

تا .... و هەوڵ جار چ پایەیەکی لە دڵ و ویژدانیدا هەبووە و دواتر مرۆی لە خۆی باخەبەرتر چاویان بادراوەتەوە سەر ساختەکانی و وردەوردە ئەویش ڕاستیی مەسەلەی دەساتیری بۆ ڕوون بووەتەوە و تێ گەیشتووە چ زەرەرێکی لە باوەڕ و لە زمانی پارسی و فارسیی داوە...

وەك کە پوور داوود خۆی لە ناوەڕاستی لاپەڕە ٢٥دا دەڵێ، منیش دەڵێم [اینك ببینیم دساتیر چیست – ئینجا داببینین دەساتیر چییە؟]. لێرە بەدواوە قسە لە پوور داوود دەگێڕمەوە.

مەلا کاووس لە پارسییەکانی هیند، بەنیازی ڕەواندنەوەی ئەسازی و ئەگونجانێکی ساڵنامەی یەزدگوردی کە تەفاوتی مانگێك تێیدا سەری ناببوو بە پێش و پاشکەوتنی جەژنەکانی ئاینی زەردەشتی، لە ساڵی ١٧٧٨ ز. بەرانبەر ١١٩٢ ك. قەمەری، لەگەڵ کوڕی خۆی (فەرۆز – فەیرووز) ناو چوو بۆ ئێران تاکو لە زەردەشتییەکانی ئێران ئاگادارییەك لەبارەی ساڵنامە پەیدا بکات و ئەو گرفتەی تەفاوتی یەك مانگی لە ساڵنامەی یەزدگوردی چارەسەر بکات. لە شاری ئیسفەهان دەسخەتێکی (دساتیر) کە تاکە نوسخە بووە بەدەستی دەکەوێت لەگەڵ خۆیدا دەیباتەوە بۆ هیند. ئەوسا مەلا فەیرۆز کوڕی مەلا کاووس گەنج بووە، دواتر پاش چەندین ساڵ لە ڕەنج و زەحمەت کە دەساتیر بە چاپ دەگەیەنێ لە دیباچەکەیدا ئەم بەیتە بە مێژووی بڵاوبوونەوەی کتێبەکە دادەنێ:

بد صد و پنجاه هشت و یکهزار
سال کین گنج نهان شد آشکار

«ساڵی هەزار و سەد و پەنجا و هەشت بوو کە ئەم گەنجە شرا پەرە ئاشکرا بوو» مەبەست لە ساڵی ١١٥٨ مێژووی یەزدگوردییە کە دەکەوێتە بەرانبەر ساڵی ١٨١٨ی زایینی.

نوسخەی ئەو دەسخەتە کە بە فارسی نووسراوە تا ئێستاش لە کتێبخانەیەکی بۆمبای کە بە ناوی مەلا فەیرۆز ناونراوە هەر ماوە. ئەو نوسخەیە بەخەتێکی جوان نووسراوە. لە ژێر ڕستەکانی دەقی کتێبەکە خەتی سوور کێشراوە و تەفسیریشی بە دوادا هاتووە. نە ناوی دانەری و نە ساڵی نووسینی ڕوون نەکراوەتەوە.

مەلا فەیرۆزی پارسی کوڕی مەلا کاووس بە زمانی فارسی شیعری دادەنا و

هەڵبەستەکانیشی لە کتێبێکی سێ جلدی بە ناوی (جۆرج نامە) کە مێژووی داگیرکرانی هیند لەلایەن ئینگلیزەوە باس دەکات چاپ کراوە و لای پارسییەکان ناسراوە

مەلا فەیروز لە ساڵی ١٨٣٠ ز. بەرانبەر ١٢٤٦ی ك. دوعاخوازیی لە دنیا کرد، تا ئێستاش لای پارسییەکان بە چاکە ناوی دێت. بەپێی نووسینی مەلا فەیروز لە دیباچەی دەساتیر، ساڵانی درێژی بەو کتێبەوە خەریك بووە. مێژوونووسی ئینگلیز سیرجۆن مالکم sinjohn malclom نووسەری کتێبی History of Persia "مێژووی فارس" لە چەند نامەیەکدا مەلا فەیروزی هان داوە بۆ بڵاوکردنەوەی دەساتیر. هەرچەند لە مێژووەکەیدا ناوی دەساتیری هێناوە، خۆی کتێبەکەی نەدیتووە بەڵکو لە زمانی خەڵقەوە قسەی لە بارەوە دەکا. دوایی مەلا فەیروز بەیارمەتیی ویلیەم ئەرسکین william Erskine دەساتیری هێناوەتە سەر ئینگلیزی و بە دوو جلد بڵاوی کردووەتەوە جلدی یەکەم بریتییە لە دەق و تەفسیر و پێرست لە زمانی دەساتیر. جلدی دووەمیشی وەرگێڕانییەتی بۆ ئینگلیزی.

بەر لە تەرجەمەی مەلا فەیروز و ئەرسکین کابرایەکی دیکەی ئینگلیز duncan ناوێك فەرمانفەرمای بۆمبای بووە دەستی داوەتە تەرجەمەی دەساتیر بەڵام بەر لە تەواوکردنی خۆی مردووە دوای مردنی نە تەرجەمە ناتەواوەکە و نە نووسینی دیکەشی نەدۆزرانەوە ڕەنگە هەندێ کەس گومان بیا کە مەلا فەیروز دەساتیری هەڵبەستبێ بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە مەلا فەیروز پیاوێکی پاك بووە و ساختەی ئەوتۆیی لێ نەوەشاوەتەوە، بەر لەویش بەسەد ساڵێ هی وەها هەبوون دەساتیریان دیتبێ. کۆنترین سەرچاوەیەکی ناوی دەساتیری هێنابێ کتێبی (شارستان چهارچمن)ە

نووسەری ئەمەیان [کە بەپێی ناوەکەی دیارە ٤ جلدە] (بهرام کوڕی فرهاد کوڕی ئەسفەندیاری پارسی) مەشوور بە (فرزانە بهرام)ە گۆیا لە دەوروبەری ١٠٣٤ی ك. بەرحەیات بووە. شارستانی چەهار چەمەنیش لە ١٢٢٣ بەزنگوردی لە بۆمبای چاپ کراوە بڵاوکەرەوەکەی (سیاوخش کوڕی اورتزدیار کوڕی سیاوخش اذری) لە دیباچەدا دەنووسێ کە ئەو فەرزانە بەهرامە لە شاگردانی (حضرت سپهر فضل اذرکیوان کوڕی اذر گشسپ) بووە کە نەسەبی دەگاتەوە (حضرت وخشور ساسان پێنجەم) لێرەدا دەبێ ساسانی پێنجەم کە بە پێغەمبەر ناسراوە لە بیر نەکەین تاکو دێینە سەر باسی ئەو لە دەساتیردا. کتێبی شارستان بە ناتەواوی کەوتووەتە دەست

ئەو سیاوەخشەی کە بڵاوی کردووەتەوە لە چەمەنی یەکەم باسی (کیومرث، سیامک، هوشنگ، تهمورس، جمشید، آبتین، فریدون، ایرج، منوچهر، نوذر) هاتووە.

لە چەمەنی دووەم قسە لەبارەی (کیان، کیقباد، سیاوخش، کیخسرو، کی پشین، کی اروند، لهراسب، گشتاسب، زرتشت)ەوە کراوە. سەرانسەری ئەو کتێبە بە ئایەتی قورئان و بە حەدیس و فەلسەفە و تەسەوف و عرفان رازاوەتەوە هەر دڵێی نووسەرەکەی ویستوویەتی لە نێوان ئیسلام و (مزد یسنا - مەزدەیەسنا)دا گونجانێك پەیدا بکات. رەنگە مەبەستی دیکەشی هەبوویێت بەڵام من [پوور داوود] بۆی ناچم، بەڵام کتێبەکەی خۆی مایەی سەرسوڕمانە. فەرزانە بەهرام لە لاپەڕە ۲۲۸دا دەڵێ «نابێ بە رواڵەتی نامەی زەرتەشت کە پێویستی بە تەئویل هەیە رەفتار بکەین بەڵکو دەبێ تەئویلی بکەین تاکو لەگەڵ دەساتیر بگونجێ». لەم رستەیە و هی دیکەشی وەها پێ دەچێ فەرزانە بەهرام دەستێکی لە سەروکاری دەساتیر هەبێ. (محسن فانی) لە کتێبەکەی (دبستان المذاهب)دا کە لە سەرەتای سەدەی دوازدەهەمی ك. نووسیویەتی لە چەند جێگەیەکدا ناوی دەساتیر لە (شارستان چهارچمن)ەوە نەقڵ دەکات. (محمد حسین کوڕی خلف التبریزی) لە فەرهەنگە ناسراوەکەی خۆی (برهان قاطع)دا سەدان وشەی دەساتیری هێناوە ئەمجا لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ناوی دەساتیر نابات بەڵکو سەرچاوەکانی وەك (فرهنگ جهانگیری، مجمع الفرس سروری، سرمە سلیمانی، صحاح الادویەی حسین الأنصاری) سەرژمار دەکا. لەمەوە گومان نامێنێ کە ئەمانە پێش مەلا فەیرۆز دەساتیریان دیتووە. تەنانەت مەلا فەیرۆز خۆی لە دیباچەی دەساتیردان دەنووسێ کە دەساتیر تا ڕۆژگاری (شاجهان کوڕی شاه اکبر) لای زانایان ناسراو و ناوداریش بووە دواتر کەوتووەتە پەنهانی. کاتێکی کە مەلا فەیرۆز بەپێی گوتەی خۆی نوسخەی دەساتیری لە ئیسفەهانەوە بۆ هیند هێنا ناوی هیچ نوسخەیەکی دیکەی دەساتیر لە هیند نەبیستراوە.

وەك دەبینین لە هەر جێگەیەك ناوی دەساتیر هاتبێ و وشەیەك لەوەوە یاد کرابێ وەیا قسەیەك لە ناوەرۆکییەوە کرابێ هەمووی هەر لە نووسینی نوێیە و هیچ یەکێکیش لەو نووسینانە بایەخ و گرنگییەکی نییە. لەوەوە دەردەکەوێ مێژووی دانانی دەساتیر لە ۳۵۰ ساڵ تێ ناپەڕێ، واتە ناچێتەوە پێش زەمانی شا عەباسی گەورەی سەفەوی۹۹۵ - ۱۰۳۸. خۆ ئەگەر دەساتیر وەکو شارستانی چەهار چەمەن و (برهان قاطع) لە هیند نووسرابێ و نوسخەیەکی لەوێوە بۆ ئێران هاتبێ دەبێ لە

ڕۆژگاری (أكبر شاه هندی) پەیدا بووبێ. پەیێ ئاوەڕۆکی دەساتیر پتر هەڵدەگرێ کە لەسەر زەمینی هیند نووسرابێ تاك لە ئێران. بووژانەوەی ئایینی لە زەمانی ئەکبەر شاهدا زەمینەیەکی هەمواری بۆ ئایینسازی پێك دەهێنا. ئەکبەر شاه خۆی لە ساڵەکانی ٩٦٣ - ١٠١٤ی ك. حوکمڕانیی کردووە و خوازیاری ئایینێکی نوێ بووە بە ناوی (توحيد الهی).

دەساتیر کە ئاوێتە باوەڕی جۆراوجۆر و بەیەکدی دژ و تێك هەڵشێراوە دەبێ بەرهەمی بیروباوەڕە تێکەڵ و پێکەڵەکانی ئەو سەردەمە بێ کەوا دەوەستێتە بەرانبەر ڕۆژگاری شا عەباسی گەورە.

کە دەڵێم نابێ سازدانی دەساتیر لە ٣٥٠ ساڵ کۆنتر بێ لەو ڕووەوەیە کە ئەو تەفسیرەی بەسەر دەقی دەساتیرەوە نووسراوە دەمودووی ئەو زەمانەی هەیە. هەرچەند لە دەساتیردا وەها ڕانوێندراوە گۆیا تەفسیرەکەی هی ساسانی پێنجەم و لە ڕۆژگاری (خسرو پرویز) بۆ دەساتیر نووسراوە بەڵام دیارە دەبێ ئەو فارسییە ساختە و نادروستە هی سەردەمی سەفەوییەکان بێ، ئەوەندەش نزم و ناڕێکە دەبێ لە دەرەوەی ئێران نووسرابێ. چەندین پێشگۆیی خراوەتە دەساتیر [وەك کە خەبەری فەتحی ئیسلام بۆ ئێرانی تێدایە] کە دەستی ساختەچییان دەکاتەوە.

لە نامەی ساسانی پێنجەم لە بەندەکانی ١٨، ١٩، ٢٤، ٢٥، ٣١ هاتووە: «دیتت بەدکاری ئێرانییان کە پەروێزیان کوشت، ئەو کەسەی من بەرزم کردەوە ئەوان هەڵیان داشت، وا لە فەرمان پاداش وەردەگرنەوە. هەڵگرنەوە کوژراوی خۆیان لە سەوزپۆش و ڕەشپۆشان. کە هەزار ساڵی عەرەب بەسەر دیندا [دینی ئێرانە] نێ پەڕی گۆڕانی وەهای بەسەر دادێت بە خاوەنێ نیشان بدەی نەیناسیتەوە».

ئەم پێشگۆییە بە چاکی ئەوە ئاشکرا دەکا کە نووسەری دەساتیر هەزار ساڵ دوای ڕەوی عەرەب ژیاوە کە دەکاتەوە زەمانی سەفەوی. هەروەها بەندی دوایین لە پێشگۆییەکەدا پاتەیاتی ئەم شیعرەیە کە دەڵێ:

دیـــن نـــزا انـــی ارایشنـــد
انـــی ارایش و پـــرایشنـــد
پکـه بهشتـند پـران بـرگ و ساز
گـرتـو بـه بهنـی نشناسیش بـاز

هەریەکێ ئارایشتی دینەکەت دەدەن
ئارایشتی دەدەن و ڕێکی دەخەن
ئەوەندەیان بەرگ و بار تێ بەستووە
گەر بینیتەوە ئاپناسیتەوە

ئەو ئەرزە پێشبینییانە بە تایبەتی لە نامەی ساسانی یەکەم زۆرە کەوا جگە لە عیسا خەبەر لەمانی و مزدەك و حەزرەتی محەمەدیش دەدات.

کەواتە دەساتیر سەرەڕای ئەو هەموو تەقڵەبازییە ڕێی نییە شانازیش بکا بە کۆنینەیی بۆ ئەوەی گوتە دریژ نەبێتەوە چاو لەو نیشانانە دەپۆشین کە بە لەگەی نوێبوونی دەساتیر بەدەستەوە دەدەن و پەخەی تەقڵەبازییەکانی دەگرین.

ناوی دەساتیر خۆی وەك ئەو زمانەی پێی نووسراوە و بابەتەکانی تێیدان، ئەویش نادروست و ساختەیە چونکە وشەی (دساتیر) ڕیژەی (منتهی الجموع)ی عەرەبییە و لە (دستور)ی فارسییەوە هاتووە فەرهەنگی (انجمن آرای ناصری) بە خۆڕایی هەوڵی داوە بۆ پەیداکردنی ڕیشەیەکی دیکە بۆ (دساتیر).

بە گوتەی دەساتیر شازدە پێغەمبەر، کە بە تەعبیری دەساتیر پێیان دەڵێ (فرجیشور) گەیشتوونەتە پلەی وەرگرتنی قسەی ئاسمانی ئەمانە پێغەمبەرەکانن ١ - مهاباد ٢- جی افرام ٣- شای کلیو ٤- یاسان ٥- گلشاه ٦- سیامك ٧- هوشنگ ٨- تهمورس ٩- جمشید ١٠- فریدون ١١- منوچهر ١٢- کیخسرو ١٣- زردتشت ١٤- سکندر ١٥- ساسانی یەکەم ١٦- ساسانی پێنجەم [بەرێنووسی ناو کتێبەکە ناوەکانم نووسی].

دەساتیر بریتییە لەو نامە ئاسمانییەی کە بۆ پێغەمبەرانی هەناردوون. نامەی (هوشنگ) ناوی (جاوبان خرد) بووە. نامەی (تهورس) ناوی (برین فرهنگ) هی (جمشید) ناوی (فرازین اروند). هی (فریدون) ناوی (هنرستان) هی (منوچهر) ناوی (دانشیار) هی (کیخسرو) ناوی (سروش کردار). خانەدانی یەکەم پێغەمبەر کە پێی گوتراوە (آبادیان) لە ماوەی یەك سەد (زاد)دا خوسرەوییان کردووە. بابزانین (زاد) دەکاتە چەند ساڵ.

لە دەساتیردا هەر (زاد)ێك هەزار (واد) ساڵە. واد سێ هەزار (جاد) ساڵە. یەك جاد هەزار (مەرد) ساڵە. یەك مەرد هەزار (وەرد) ساڵە. یەك وەرد هەزار (فەرد) ساڵە.

هەر فەرمەدێك یەك ملیۆن ساڵە، ملیارێك ساڵ پێی دەگوترێ (اسهار). دە ملیۆن ساڵ (سحار)ێكە. سەد هەزار ساڵ (سلام)ێكە. بەو پێیە یەك زاد ساڵ دەبێتە ئەم ژمارەیە ....٣ [لە نووسینی پوور داوود لە جیاتی (٣) ژمارەی (٢) نووسراوە بەلام هەڵەیە چونكە ژمارە (٣) لەو حیسابانەدا هەیە نەك (٢)] ئینجا بۆ خۆتان بزانن یەك سەد زاد كە درێژەی فەرمانڕەوایی خانەدانی ئابادیانە چەند ساڵ دەگرێتەوە [سێ سەد هەزار ملیۆن ملیۆن ملیۆن]. دوایین پادشای ئەم خانەدانە كە ناوی (ابادازاد) بووە خەستە و دلماو بووە كە ئیتر نەیتوانیوە مەردم لە كەچ ڕەفتاری بگێڕێتەوە بە ناچاری لە جیهان زوێر بووە و لەبەر چاوان بزر بووە. جیهان لەوەدا پڕ بووە لە ئاژاوە. چەندین كەسی مێرخاس داوایان لە (افرام) كوڕی ئاباد ئازاد كردووە كە لەسەر تەختی باوكی دابنیشێ، لەو دەمەدا فەرمانی ئاسمانیشی بێ گەیشت و بوو بە هەڵبژاردە بۆ سەروەری و ڕێنوێنیی خەڵقی ئەم دنیایە. كە ئۆزەی پێغەمبەرایەتی و خوسرەوایەتی بە ئەفرام گەییشت لەقەبی (جی) بۆ خۆی هەڵبژارد. لەوە بەدواوە جێنشینەكانی ئەو هەموویان بە (جی) ناو دەبران. خانەدانی (جیان) یەك (اسهار) ساڵ كە دەكاتە یەك ملهار ساڵ فەرمانڕەوا بوون. دوایین مەزنی ئەم خانەدانەش (جی الاد) وەكو (ابادازاد) لە كرداری نابەجێی مەردم وەتەنگ هات و ڕووی لە دنیا وەرگێرا. ئەوسا دیسان ئاژاوە تەنییەوە تاكو كوڕی ئەو (كلیو) بە داخوازتی مەردم و فەرمانی ئاسمان لە شوێنی باوكی دانیشت و لەقەبی (شای) بۆ خۆی هەڵبژارد. خانەدانی ئەمیان بە (شاییان) ناوبران. ئەم خانەدانە یەك خانەدانە یەك (سمار) ساڵ كە دەكاتە دە ملیۆن ساڵ فەرمانڕەوا بوو. دوایین مەزنیان (شای مهبول) لە كرداری ناڕەوای خەڵق پەككەوتە بوو ئەویش وەك (اباد ازاد وجی الاد) لە گەورەیی كنارگیر بوو و لە بەرچاوان ون بوو. دیسان ئاگری ئاژاوە زمانەی كێشا تاكو مەردم بە فەرمانی ئاسمان (یاسان) كوڕی (شای مهبول)یان بە گەورە و ڕابەر و پێغەمبەر هەڵبژارد. خانەدانی یاسان پێی دەگوترێ (یاسانیان) جودەتی ئەمانە نەوەد و نۆ (سلام) ساڵ بووە. گوتمان هەر (سلام)ێك سەد هەزار ساڵە. دوایین پادشای ئەم خانەدانە كە ناوی (یاسان اجام) بووە ئەویش لە پاشایی و لە ژیان كنارگیر بووە. ئاژاوە دنیای داگرت، مەردم وەكو دێوان كەوتنە گیانی یەكدی تا ئەوەی ناوی ئادەمیزادییان بێ ڕەوا نەدیتراوە. دنیا ڕووی لە كاولی كرد. وەهابوو تاكو خوای گەورە (گلشان)ی كوڕی (یاسان اجام)ی بە پێغەمبەری و فەرمانگوزاری خستە كار.

له مێژوو و داستان و نووسینە دینییەکانی ئێران کەسمان چەنگ ناکەوێ بە ناوی (مهاباد و جی افرام و شای کلیو و یاسان). ئەمانە فەرمانڕەوای دەسکردی ناو دەساتیرن.

بەڵام دوازدە پێغەمبەرەکەی دیکە کە لە دەقی دەساتیر بەناوێك و لە تەفسیرەکەیشی بە ناوێکی دیکە نووسراون بەم جۆرەن.

١- فرزینسار	گلشاه یاخود کیومرث
٢- سیامر	سیامك
٣- هورشار	هوشنگ
٤- تخمورد	تهمورس
٥- جرمشار	جمشید
٦- پرسیدوم	فریدون
٧- میرزاد	منوچهر
٨- لیکلاسرو کوڕی هیرتاووش	کیخسرو کوڕی سیاوش یاخۆ سیاوش یاخۆ سیاوخش
٩- هرتوش یاخۆ هرتوشاد کوڕی هرسفتمار	زرتشت اسفنتمان
١٠- سیمکندش	سکندر
١١- هرمین سرسار	یەکەم ساسان
١٢- پندم اردیناس	پێنجەم ساسان

بۆ ئەوەی بڵێین دەبارە ئەم ناوانە نووسەری دەساتیر هەڵی بەستوون. هیچ یەکێك لەوان ئەو ناوەیان نەبووە کە دەساتیر بۆی داناون. لە ئاڤێستادا کە بەکۆنترین سەنەدی نووسراوی ئێرانییان حیساب دەکرێ تا دەگاتە (زرتشت) بەم جۆرە ناویان هاتووە:

کیومرث gaya -maretan

سیامك syamaka

هوشنگ	Haoshangha
تهمورث	Takhmo - urupa
جمشید	Yima - khashaeta
فریدون	Thraetaona
منوچهر	Manush - tchithi ra
خسرو	Haosra vanyhn
سیاوش	Syavat shan
زرتشت	Zarathushtra

ناوی خانەدانی زەرتەشتیش Spitama سپیتمان.

لە ئاڤێستادا (کیومرث) لە جێی ئادەمی سامییەکان یەکەم مرۆڤە. لە دەساتیردا (مهاباد) یەکەم مرۆڤە. ئەوانی دیکە هەموویان بەجگە لە زەرتەشت لە ئاڤێستا و لە داستانەکاندا لە چاکان و گەورەپیاوان و ناودارانن. چونکە داستانی پێشدادییان مرشتەرەکە لە نێوان ئێرانییان و هیندییان هەندێك لەوانە ناویان لە نامەی دینی برەهمنان (ڤیدە Veda)دا هاتووە، بەڵام لە هیچ ڕوویەکەوە لەگەڵ ناوەکانی دەساتیر یەك ناگرنەوە.

واتای ئەو ناوانەی لە لیستەی سەرەوەدا ژماردمانن بۆ ئێمە ئاشکرایە، گومانیش لەوەدا نییە کە لە سەرچاوەی ئاڤێستا و نووسینەکانی پەهلەوییەوە بە دروستی پێمان گەیشتوون، ئەو گۆڕانەی لە فارسیشدا بەسەریاندا هاتووە بەپێی دەستوور و قاعیدە بووە.

ئەما یەکەم ساسان و پێنجەم ساسان کە لە دەساتیردا بە پازدەمین و شازدەمین پێغەمبەر ژمێرراون و گۆیا یەکێکیان لە باوەڕانی ئەردەشێری پاپەکان و ئەوی دیکەشیان لە ڕۆژگاری خوسرەوی پەرویز لە (مرو) پێغەمبەر بووە، وەك دەزانین لە مێژوودا ساسان باپیر وەیا یەکێك پێشینانی ئەردەشێری پاپەکانە کە لە ساڵی ٢٢٤ی ز. خانەدانی شاهەنشاهیی ساسانیانی بنیاد ناوە. لە گۆشە و سووچەکانی مێژوودا تووشی چەند کەسێك دەبین ناویان ساسان بووە بەڵام لە هیچ جێگەیەکدا ناونیشانی پێغەمبەر ساسانی یەکەم و پێغەمبەر ساسانی پێنجەم نییە. وەك دیتمان لە دەساتیردا

ئەسكەندەر دوای زەرتەشت چوارەمین پێغەمبەری ئێران بووە لە دەساتیردا ئەسكەندەر ناوی هاتووە بە (سیكەندش كوری نشاب واتە دارا). ئەم پێغەمبەرە هەمان مەلعوونە كە لە ٣٣٠ ساڵ پێش عیسادا ئێرانی لە خاك و خوێن كێشا. دڵڕەقی و بێدادیی ئەو لە عەرەبەكان [لە نووسینی خۆمدا گوتوومە نووسەرانی فارسی سەر بە قەومایەتی ئیسلام و جەنگیز وەكو یەكەی حیساب دەكەن. م . محەمەد] و تەیموور كەمتر نەبووە. ئەسكەندەر لە هەموو نامە ئاینییەكانی پەهلەوی بە (گجستك – گوجەستەك) واتە پیس و ناپاك و ویرانكەری ئاین ناوی هاتووە و لە كۆنەوە بەلای ئێرانییان مەعلوومە ئەو ئاڤێستای سووتاندووە. گومان نییە لەوەدا كە لە ئاكامی داگیركرانی ئێران لەلایەن ئەسكەندەر و جێنشینەكانی (سلوكییەكان) بەشێكی نامەی ئاینیی ئێرانییان لەناوچوو، ئەنانەت گاتەكان و سروودەكانی زەرتەشتیش هەر لەو رۆژگارانەدا نابوود بوون و تەنها چەند پارچەیەكیان بە ئێمە گەیشتووە.

راستە ئەسكەندەر لە داستانەكانی ئێمە وەك شانامەی فیردەوسی و ئەسكەندەرنامەی (نظامی) و مێژووی (طبری) و هی دیكەش، ناوی بە چاكە هاتووە بەڵام دەبێ بزانین نزیكی هەشت سەدە دوای ئەسكەندەر كتێبێكی كە یۆنانییەكان لەبارەی ئەسكەندەریانەوە نووسی و بە ناوی كالیستینس kallisthenes بلاو بووەوە بریتییە لە داستان و ئەفسانە بەپێی دڵخوازی خۆیان لەو كتێبەدا ئەسكەندەریان باس كردووە. ئەو كالیستینسەی كتێبەكەیان لە ناوی ئەو بەستووە یەكێك بووە لە نووسەرە ناودارەكانی یۆنان كە لە كاتی لەشكركەشیی ئەسكەندەر بۆ سەر ئێران لەگەڵ كۆمەڵێك مێژوونووسی یۆنانی بەگەڵ لەشكرەكە كەوتبوون. لەمەدا وەك كە دواتر سوڵتان مەحموودی غەزنەیی لەرەوی بۆ سەر هیند دەستەیەك نووسەری لەگەڵدا بوون تاكو بەنووسین پێیدا هەڵبڵێن، ئەسكەندەریش ژمارەیەكی لە نووسەران بەگەڵ خۆیدا بوو تاكو مەدحی بكەن و تام و شامێك بخەنە داگیركردنەكانییەوە و باسی پاڵەوانێتیی بكەن بەلام كالیستینس نەیویست خراپەكانی ئەسكەندەر بە چاكە لە قەڵەم بدات و پلەی ئەسكەندەر بگەیەنێتە پایەی خوایەكانی یۆنان. ئەمە بووە هۆی نارەزامەندیی ئەسكەندەر لە كالیستینس تا بە گوناهێكی ناوانبار كرد و خستییە زیندانەوە و تێیدا مرد. ئەوەی كالیستینس لە ژیانی خۆیدا بە ڕەوای نەزانی دوای هەشتسەد ساڵ لە مەرگی كەسانی دیكە هاتن پەسەندیان كرد و هەر بە ناوی ئەوەوە قاتڵەكەیان، كە ئەسكەندەرە وەكو پەروەردگار هەڵداوە. ئەفسانەی ئەسكەندەر لە

سەرەکانی ناوەڕاستدا بە زمانی لاتینی و ئەرمەنی و عیبری و عەرەبی تەرجەمە کرا. هەرچی لە ئەدەبیات و داستان و مێژووی فارس لەبارەی دوژمنە کۆنەکەی، ئەسکەندەرەوە، یاد کرابێ هەمووی لە سەرچاوەی یۆنانی و هەمان کتێبی ساختەوە هاتووە بێگومان کتێبی (خدای نامك)ی پەهلەوی کە کانیاوی لێوە هەڵێنجانی شانامەیە هیچ باسێکی ئەوتۆیی لەبارەی ئەسکەندەرەوە تێدا نەبووە. بە پێغەمبەر زانینی (گجستك ئەسکندر) لە دەساتیردا باشترین بەڵگەیە کە ئایینی دەساتیری هیچ سازانێکی نییە نە لەگەڵ دینی زەردەشت و نە لەگەڵ مێژوو.

دەساتیر بەچاولێکەری لە ئاڤێستا هاوەنی مەتن و تەفسیرە. مەتنەکەی بە ١٦بەش دابەش کراوە و هەر بەشێکیشی بە پێغەمبەرێکەوە بەستراوە هەر یەکێك لەو ١٦ نامانە هاوەنی چەند بەندێکە. بە نموونە، نامەی ئاباد ١٧٠ بەندە، هی (جی افرام) ٨٨، هی (شای ملیو) ٨٠، هی (یاسان) ١٢. هەروەهاش نامەکانی دیکە درێژترینیان نامەی زەرتەشتە بە ١٦٤ بەندەوە کە هیچ یەکێکیان وێچوونی نییە لەگەڵ گوتەکانی زەرتەشت لە گاتەکاندا. تەنها پێنج سروود لە گوتەکانی زەردەشت لە گەزەندی ئەهرەمەنی ڕۆژگاری ئەسکەندەر ڕزگار بووە بە ئێمە گەیشتووە. سەرەڕای ئەوەی کە هیچ شتێك لەو سروودانەدا جێی بەراوردکردن نییە لەگەڵ ناوەڕۆکە ساختەکەی دەساتیردا، سەرتاپای زمانی ئەو سروودانە و هی هەموو ئاڤێستاش لە هیچ ڕوویەکەوە خزمایەتی لەگەڵ زمانە هەڵبەستراوەکەی دەساتیردا نییە.

هەر یەکێك لەو ١٦ نامانەی دەساتیر بە مەدحی خوا دەست پێ دەکا و لە ئەنجامدا مژدەی پەیدابوونی پێغەمبەرێکی دیکە ڕادەگەیەنێ. لە کۆتایی ناوی (منوچهر) خوا پێی دەڵێ: لە دوای تۆ پێغەمبەرێك دێت ناوی (کیخسرو)ە لە ئەنجامی نامەی زەرتەشت خوا دەڵێ: «ئەی وەخشوور زەرتەشت، دوای تۆ ئەسکەندەر (چەر) دەبێ. دواتر یەکەم ساسان بە پێغەمبەری دێت. نامەی تۆ (همسیرازی) ڕۆشن دەکات.» چەمەر بە زمانی دەساتیر (ئاشکرا) و (همسیراز) تەرجەمەی تەفسیرە. خراپ نییە چەند ئایەتێك یا بە گوتەی دەساتیر چەند (چەراس)ێك لە مەتنی دەساتیر بهێنین و بزانین خوای دەساتیری بە چ زمانێك نامەکانی ئاسمانی بۆ (فرجهشوران) واتە وەخشوورانی خۆی [وەخشوور هەر بۆ زەرتەشت بەکار هاتووە] هەناردووە. لە (چەراسەکانی) ٢٨- ٨٢ نامەی فەرجیشور (جی افرام) دەفەرمووی: «گرودفرتاش - جمشان - جمساس - چمساش - همساشان خمساش - واسالاس پاسایاس - راساراس تاساتاس -

کریاس نامود - کرتاس تود - الیاس هود - الماس رود - سناساب - ستاشاب - جاماجاب - توراتوس - سارانوش - اموال فانوس - اهوالی کاروس - گستهم توش - سمرنوش - جودبروش - اورنگان پوش [دوای ٤ دێری دیکە ئەمانە دێن] هامستنی رامستنی شامستنی زامستنی - شالشتنی شالشتنی شالتنی شالشتنی مزدستنی سزدستهنی و زدستنی ازدستنی شالشتنی شالشتنی - شالشتنی سیدنستنی میدستنی جیدستنی هیدستنی شالشتنی - کابستنی کارستهنی هارستنی وارستنی شالشتنی - هیرکستنی ترکستنی سرکستنی فرکستنی شالشتنی [شەش دێری دیکەش لەم هەلەق و مەلەقە بەسەر دەچێ ئینجا بە پێنج جاران شالشتنی ئەو ئایەتانە کۆتاییان دێت. پێویستم نەدیت هەموویان بنووسمەوە. م. محەمەد].

خوێنەران ناچارن دڵیان بەوە بزانن (شالشتنی) کە هێندە جارە دەگوترێتەوە چ واتایەکی هەیە. خۆشبەختانە لە زەمانی پەروێزی ساسانی پێغەمبەر ساسانی پێنجەم لە تەفسیری خۆی ئەو وشەیەی لە چاوگی (شالستی) وەرگرتووە بە واتای (دانستن - زانین). لە تەفسیری (چەراس) ٦٨ و ٨١ دەفەرمووێ (دانستنی دانستنی دانستنی). بەڵێ دەمانزانی دنیا شتی وەهای زۆر تێدایە کە (دانستنی - هی زانین) بن، بەڵام هەرگیز نەمانئەزانی زمانێك هەبێ لە ماوەی سەدان هەزار ملیۆن ساڵ گۆڕانی بەسەردا نەهات (دوای چەند دێرێك نموونەی نەگۆڕانەکە دێت. م. محەمەد] کەچی زمانی ئێستاکەی فارسی لەگەڵ پەهلەوی و زمانی پەهلەوی لەگەڵ هەخامەنشی جوداوازییان زۆرە هەموو جوداوازییەکەش لە ماوەی یەك هەزار ساڵدا ڕووی داوە چونکە مەعلوومە لە نێوان ئەردەشێری سێهەمی هەخامەنشی (٣٥٩ - ٣٣٨ پێش عیسا شاهەتیی کردووە) کە نووسراوی بە فارسی تا ئێستاش ماوە و لە نێوان (حنظلەی بادغیسی) کە چەند شیعری فارسیی لێ بەجێ ماوە تەنها هەزار و سەد و ئەوەندە ساڵە تێ پەڕیوە و جوداوازییان دیارە. ئەما زمانی دەساتیر لە ڕۆژگاری مەهابادەوە کە زانینتان پێش چەندین هەزار ساڵ ژیاوە هەتا ڕۆژگاری ساسانی پێنجەم کە هاوچەرخی خوسرەوی پەروێز بووە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە. بە نموونە لە سەرەتای نامەی مەهاباد چەراس ٣، دەفەرمووێ (فرشیدشمتای هرشنده هرشنشگر زمریان فراهیدور). لە سەرەتای نامەی ساسانی پێنجەمیش دەنووسێ (فرشید شمتای همرشنده هرشنشگر زمریان فراهیدور).

ئەم زمانەی دەساتیر نە بەزمانی کۆنی ئێرانی وەك فورسی هەخامەنشی و

ئاڤێستایی و پەهلەوی و پازەند. نە بە لەهجەکانی کۆنی وەك تەخاری و سەکری و سوغدی و غەیری ئەوان دەچێ [بە کورتی] خزمایەتیی لەگەڵ هیچ زمانی ئادەمیزادی کۆن و نوێدا نییە. ئەم زمانە لەلایەن دروستکەرەکەیەوە پێی گوتراوە زمانی ئاسمانی. چونکە لە هیچ جێگە و هیچ کاتێك و لای هیچ یەکێك لە میللەتانی جیهان زمانی وەها نەبووە هەر دەمێنێتەوە لە چەرخی فەلەك و لە ئاهید و کەیوان کە لە نهێنییەکانیان ئاگادار نین زمانی وەها بەکار بهێندرێ یاخود دەبێ بڵێین کابرایەکی فێڵباز لەم تۆیە خاکییەی خۆمان زمانێك گۆشەگیری کردووە و ئەو زمانەی لە لای خۆیەوە هەڵبەستووە.

خواوەند بەم زمانە، چ ئاسمانی بێ چ زەمینی، لەگەڵ شازدە پێغەمبەری بژاردە گفتوگۆی کرد و بۆ ئێمەی بەندەکانی خۆی وەڵامی نارد و دەستووری دانا تاکو بتوانین [رازچاو بازشناسیم – رێگە لە زیندان جودا بکەینەوە] و لە سەرئەنجامدا رزگار بین. دەستووری ئاسمانی دەبێ لەلایەن مەردمەوە تا رۆژی ژیانەوە بەکار بێت و ئاینی مەهابادی گەورە لە بیر نەکەن. هەر چونکە رزگاریی لە هەردوو دنیادا بەند بووە بەپێڕەویکردن لە دەساتیر، خواوەند فەرمانی دایە دواین (وەخشوێر)ی خۆی کە ساسانی پێنجەمە تاکو نامەی پێغەمبەران بهێنێتە سەر زمانی دەورانی خۆی.

ساسانی پێنجەمیش وەهای کرد، هات فەرموودەکانی هەر شازدە پێغەمبەر کە نامەی خۆیشی یەکێکە لەو فەرموودانە تەفسیر کرد و بەپێی پێویست ڕوونی کردنەوە. لە دوای هەر ئایەتێك تەفسیرەکەی دێت بەو جۆرەی کە ئێمڕۆ دەزانین پێغەمبەری پێشینان چییان گوتووە. ئەگەر ئەو تەفسیرە نەبوایە ئەمانەمزانی (کایستنی کارستنی هارستنی ولرستنی شالشتنی) چ واتایەکی هەیە. بەلام لە ڕووناکیی ئەم تەفسیرەوە دەزانین (جی افرام) یەوەدا دەفەرمووێ (گوتەی خوا و نامەی خوا و هەنارەدەی خوا دەبێ بزانرێن). هەڵبەت ئایەتی کورتەلەی ئاسمانی واتای زۆری هەیە بۆیە ساسانی پێنجەم ئەو پێنج وشەیەی مەتنی دەساتیری بە ١٧٦ وشەی دیکە شەرح داوە [لێرە بەدواوە ٩ دێر لە نووسینەکەی پوور داوود جۆرێکە ئەگەر وەکو خۆی وەرگێڕدرێتە سەر کوردی لێحاڵێبوونی زەحمەتە من مەفهوومەکەی بە کورتی دەنووسمەوە: ساسانی پێنجەم کە هاوچەرخی خوسرەوی پەرویزە دەبوو ئەو تەفسیرە بە زمانی ئەو سەردەمە بنووسێ. لەو سەردەمەشەوە نموونەیەکی نووسراوی گرانبەها بە ناوی (ماتیکان هزار داتستان) بەجێ ماوە کەچی تەفسیرەکە هیچ وێچوونێکی لەگەڵ ئەو زمانەدا نییە

بەڵکو بە زمانی فارسی سەردەمی شا عەباس نووسراوە کە هەزار ساڵ لە ساسانی پێنجەم دواترە. دیارە ئەو کەسەی دەساتیری هەڵبەستووە لە سەردەمی شا عەباس بەزمانی سەردەمی شا عەباسی نووسیوە]

زمانی تەفسیری دەساتیر فارسییە ئەما پارسی نەگەمە. لە هەر جێگەیەکی بەرانبەر وشەی عەرەبی هی فارسی چنگ نەکەوتبێ یەکێکی ساختەی بۆ دروست کردووە. هەر ئەو وشە ساختانەن بە پارسیی دروست وەرگیراون و چوونەتە ناو (برهان قاطع و چمن ارای ناصری) لە نامەی (جی افرام)دا دوو بەندی ٧٠ - ٧١ ئەمە دەڵێ: «دوو جۆر نامە خودایین، یەکیان (مهین نامە - نامەی گەورە) کە لە خەلقی دوو جیهان دەدوێ. ئەوی دیکەش دەساتیر کە (کهین نامە - نامەی) بچووکیشی پێ دەگوترێ.»

ئەمەش نموونەیەک لەو (کهین نامە)یە کە دەساتیری ئاسمانییە: خوا نۆ ئاسمانی خەلق کرد. هەر یەکێکیان خاوەن هۆش و گیان و لەشە. لە ئاسماناندا فریشتەی بێ ئەژمار و ئەستێرەی زۆر هەن، هەریەک لەوانیش هۆش و گیان و لەشی هەیە. ئەستێرە گەڕۆکەکانیش خاوەن هۆش و گیان و لەشن. هۆش و گیان و لەشی مانگ ناویان (فرنوش، ورنوش، اردوش)ە هۆش و گیان و لەشی تیر (عطارد) (وارلاس. فرلاس، ورلاس)یان پێ دەگوترێ. ناوی هۆش و گیان و لەشی ناهید (زهره) (نزوان، فروان، زروان)ە. ناوی گیان و هۆش و لەشی ڕۆژ (شادارام، شادایام، تشادارسام)ە. هۆش و گیان و لەشی بەهرام (مریخ) بە (بهمن زاد، فرشاد، رزبادواد) نافرمت بوون. ناوی هۆش و گیان و لەشی هرمزد یاخۆ برجیس (مشتری) (نجم داد، نجم اراد، شیداراد)ە هۆش و گیان و لەشی کەیوان (زحل) (فرنسا، لاتهنا، ارمنا) ناویانە.

جیهان وەکو ئادەمیزادە. ئاسمان پێستی ئەوە کەیوان سپڵی، بەرجیس جگەری، بەهرام زلاوی، ڕۆژ دڵی، ناهید میعدەی، تیر مێشکی، مانگ سپەرلاکی، ئەستێرەکان و بورجەکان دەمارەکانی. ئاگر هەوا هەناسەی ئاو ئارەقەی خاک تۆزی پێی بروسکە بزەی لێوی، گرمەی هەور ئاوازی، باران فرمێسکی، کانگەکان گیاکان و گیانلەبەرەکان کرمی لەشی.

پێستی ئادەمیزاد وەکو ئاسمانە و حەوت ئەندامەکانی، سەر و سنگ و میعدە و دوو دەست و دوو قاچەکانی، لە جێی حەوت ئەستێرە گەڕۆکەکانن. خوێن و بەڵغەم و سەفرا و سەودای لە جێی چوار (عنصر)ی ئاو و ئاگر و خاک و هەوان.

ئەستێرە بێ ئەژمارەکان و حەوت چەرخ لە کاری جیهاندا دەسەڵات و تەئسیریان هەیە پێویستە بۆ ئەوان (سنجرستان) واتە جێگەی پەرستن دروست بکرێت و بە بوت برازێنتەوە.

لە دەساتیردا قسە لە بارەی (تناسخ)ەوە زۆر هاتووە. گیانی هەموو بوونەوەر، لە مرۆڤ و گیاندار و رووەك و شتی بێ گیان، لە لەشێکەوە بۆ لەشێك گوێزە دەکات. لە نامەی مەهابادا پێغەمبەر ئاباد لە خوا دەپرسێ بۆچی پاشایان و فەرمانڕەوایان و توانایانیش لە ژیاندا رەنج و غەم دەبینن؟ خوا لە وەڵامدا دەڵێ: چونکە ئەوانە لە ژیانی لەشی پێشتریان بەدکار بوون جەزایان لە ژیانی دواتریان دەبیننەوە. بە نەخۆشی و رەنجووری لەدایك دەبن وەیا بەدەردی دیکە گرفتار دەبن. گیانداری زەهراوی و درندە دەیانگەزن. ئەمانە تۆڵەی کردارەکانی ژیانی پێشینی خۆیانە. هەروەها گیانەوەری درندە و مەل و چارپێ هەریەکەیان پاداش وەیا جەزای ژیانی پێشینی خۆیان لە ژیانی دواتریان دەبیننەوە. ئەگەر سووری یەك ژیان پاپەی سزینەوەی گوناهی پێشووتری نەکرد لە دەورەی ژیانی سێیەم و چوارەم جەزا دەدرێن. ئەوەن دەچن و دەبنەوە تاکو گوناهی پێشین پاك دەبێتەوە. ئەو کەسانەی بەدکارن لە ژیانێکی دیکەیان دەچنە قاڵبی گیا و رووەك. مەردمی بێ پەروەردە و درێوکار دەچنە قاڵبی کانگە (معدن)ەوە. چارپێیەکانی کە لەم جیهانەدا وەکو ئەسپ و گا و حوشتر و کەر بارکێشن کەسانێك بوون کەوا چوونەتە قاڵبی جانەوەران و لە بارپەریدا جەزای رەفتاریان دەبیننەوە.

لە دەساتیردا زەحمەتکێشان و وەرزش و خۆشەکاندن زۆر بایەخی پێ دراوە. لە ریازەکێشان و رۆژووگرتن و دوعاکردندا دەشێ گیانی ئادەمی لە کڵێشەی دەرچێت و بۆ تەماشای جیهان بڕوات و دواتر بێتەوە لەشەکەیەوە. کەسێکی گەیشتە ئەم پایەیە چی دیکە گیانی قاڵبگۆڕی ناکات. ئەو تەرزانە دوای مەرگ لە بەهەشتدا ئەمر دەبن.

کوشتنی چارپێ و خواردنی گۆشتیان لە دەساتیردا حەرام کراوە. دەبێ مردوویان بەخاك بسپێرێ یاخۆ بسووتێندرێ. لەوجۆرە مەبەستانەوە کە پێچەوانەی ئاینی ئێرانییانە دیار دەدات دەساتیر پێوەندیی بە هیندەوە هەیە یاخۆ وەك پێشتر گوتمان، لە هیند نووسراوە. جگە لەمە زۆر لە وشەی دەساتیر هیندین کە هاتووە سەر و گوێلاکی شکاندوون و شێوەی گۆڕیون و وشەی نوێی لێ سازداون هەروەك لەگەڵ زۆر وشەی فارسیشدا ئەمەی کردووە.

نووسەری دەساتیر هەر شتێکی لە دینی برەهمەنی و زەردەشتی و ئیسلام و دینی دیکەی بیستبێ وەها خوێندبێ دینێکی نوێی لێ پێک هێناوە و بەناوی خوایەک کە پێی دەڵێ (مزدام) و بە یارمەتیی ١٦ پێغەمبەر بانگهێشتنی خەلق دەکا بۆ ئەو دینە. لە دەساتیردا دینی برەهمەنی پتر لە دینەکانی دیکە شوێنی دیارە. تەسەوفیش کە لە سەردەمی ئەکبەر شای هیندی رەونەقی هەبوو لەو دینەدا دەردەکەوێتەوە.

رەنگە تا ئێستا کەس پێڕەویی ئەو دینەی نەکردبێ هەرچەند لە دەساتیردا نامەی ساسانی یەکەم دەڵێ ئەردەشێری پاپەکان وێڕای ئاتەشکەدە بوتخانەی ئەستێرانیشی دروست کردووە ئەمڕۆکە شتێکی لە دەساتیردا گرنگ بێ زمانەکەیەتی نەک باوەڕەکەی چونکە زەرەرێکی لەوەوە پێمان گەیشتبێ لە زمانە ساختەکەیەوە هاتووە نەک لە دینە ساختەکەیەوە ئەگەر زیانێکی دیکەش هەبووبێ لە غەیری زماندا بەزەردەشتییانی گەیاندووە کە پێی نامەی وەها ناپاک بەنامەی ئاینی خۆیانی وەربگرن لێرە بە پێشەوە گوتمان نووسەری (برهان قاطع) سەدان وشەی هێناوە بێ ئەوەی بڵێ ئەو گەوهەرە گرانبەهایانەی لە کام گەنجینەی نرخدار هێناون.

بەدبەختانە ئەو فەرهەنگە سەراپا نادروستەی کە لە هیند نووسراوە و کەوتووەتە دەست ئێرانییان بێ ئەوەی وشەکانی هەڵسەنگێنن لە هەڵبەست و پەخشان بەکاریان هێنان. دوای بڵاوکردنەوەی دەساتیر ئەو وشانە وردە وردە پتر کەوتنە کایەوە هەرچەند بڵاوکەرەوەی دەساتیر مەلا فەیرۆز لە دیباچەیدا نووسیوەتی: «دەبێ بزانرێ زمانی ئەسڵی ئەو (صحایف منزله) بێڕای بێڕای خزمایەتی بە زەند و پەهلەوی و فارسیی دەرییەوە نییە بەڵکو لەگەڵ هیچ زمانێکی ناسراوی تایفە جوداکانی ئەم سەردەمە نیسبەتی نییە.» هێندە هەیە مەلا فەیرۆز نەیگوتووە دەساتیر ساختەکاری درۆزنێکی تەڵەباز بێ. لە هەموو جێگەدا بەتامەوێز ناوی دەبات بە کتێبی پیرۆز و پووپەڕەی ئاسمانی دادەنێ تاکو لە ئێران وەهایان زانی گەوا بە ڕاستی دەساتیر لە نووسینەکانی ئێرانی کۆنە و هاوتای ئاڤێستایە زمانیشی یادگارێکە لە ڕۆژگاری ئێپەڕیو. ئەمەیە دەبینین نووسەرانی سەردەمی (ناصرالدین شاه) بۆ ئەوەی شتێکی نوێ بخەنە بازاڕ دەستیان دایە ئاڵانکردنی دەساتیر بەڵام هیچ یەکێکیان لە خۆی نەپرسی ئایا ئەگەر دەساتیر ڕاست و دروستە بۆچی تاکە یەک فەرهەنگی پێش (برهان قاطع) زمانی دەساتیریان یاد نەکردووە؟ بۆچی لە شیعری شاعیرانی پێش خۆیان یەکێک لەو وشانە دەرنەکەوتووە؟ بۆچی لە هەزاران کتێبی هۆنراوە و پەخشان قسەیەک

لەبارەی (مهاباد، جی افرام، شای کلهو، پاسان) نەگوتراوە؟ بۆچی دەساتیر خۆی بەر لە چاپکردنی لە هیچ کوێیەك ناوونیشانێکی نەبووە؟

(محمد تقی خان) بەناوبانگی (حکیم) و نووسەری (گنج دانش) هیچ بەرلێیدا نەماتووە کە دەساتیر ساختەی باباپەکی تەقلەباز و ناپەکار بێ، بۆیە لە بارەیەوە دەنووسێ: «دەساتیر ناوی کتێبێکی ئاسمانییە کە بۆ (مەهاباد)ی یەکەم پێغەمبەریان (مەبەست ئابادییەکانە) هاتووەتە خوار و بە جۆرە زمانێك نووسراوە تێگەیشتنی مومکین نییە و ساسانی پێنجەم وەری گێڕاوەتە سەر پارسی کۆن و لە (توحید و تجرید و حکمت و طاعت) دەدوێ و بریتییە لە چواردە پووپەڕە (صحیفه) کە بۆ چواردە مەزنەپیاو نازڵ بووە و لە بەنەجری بۆمبای چاپ کراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر ئینگلیزی و بۆ ئێرانیان ناردووە و وشەکانیشی لەگەڵدایە [واتە تەرجەمە کراون]. خاوەنی (برهان) دیتوویەتی و هێندێك لە وشەکانی وەرگرتووە [زکر کردووە] ئێستا بەردەستە و بابەتی هۆش پەسەندی تێدا زۆرە و لای پارسییان گەلێك خۆشەویستە و ڕێزی لێ دەنێن.» من خۆم [پوور داوود] سەد وشەی دەساتیرم هەڵبژارد و تەماشای ئەو فەرهەنگانەم کرد کە لە دەستمدان، هیچ کامێکم لەو وشانە تێدا نەدیتن.

لەمانە: (لغت فرس أسدی) کە لە سەدەی پێنجەمی ك. نووسیویەتی. (فرهنگ جهانگیری) کە جمال الدین حسین بەناوی جهانگیری پاشای هیند لە ١٠١٧ بە ئەنجامی گەیاندووە. (فرهنگ مجمع الفرس سروری) کە محەمەد قاسم کوڕی حاجی محەمەد ئەلکاشی سرووری لە زەمانی شا عەباسی گەورەی سەفەوی کۆی کردووەتەوە. (فرهنگ رشیدی) کە عەبدولرەشید کوڕی عەبدولغەفوور ئەلحوسەینی مەدەنی ئەلتەتەوی لەساڵی ١٠٦٤ لە هیند نووسیویەتی کە لەوەدەمدا محەمەد حوسێن بن خەلەف ئەلتەبریزی لە ١٠٦٢ هەر لە هیند (برهان قاطع)ی نووسیوە.

هەروەها هیچ یەکێك لەو سەد وشەیەم لەو شانامەیەدا کە wolff ڕێکی خستووە نەدۆزییەوە و لە ناو ئاڤێستا و پەهلەوی و پازەندیش تووشی تاکێکی نەبووم، بەڵام هەمووم لە (برهان قاطع)دا دۆزییەوە و دیتم هەرگیز ناوی دەساتیریان لەگەڵدا نامێنێ هەرچەند گومانم نییە لەوەدا کە نووسەری برهان قاطع هەمووی لە دەساتیر هەڵگرتوونەتەوە دەربەستی دروستی و نادروستی وشە نەبووە هەرچی پەیدای کردووە خستوونییەتە فەرهەنگەکەیەوە، ئەوەندە هێزمشی نەبووە وشەکانی تورکی و عەرەبی و هیندی لە یەکدی جودا بکاتەوە وەیا ئەو وشانەی بنج و ڕەگی فارسییان هەیە لە

نووسەری دەساتیر بۆ وشەسازی چەندین شێوازی بەکار هێناوە. بۆ هەندێك وشەی مەعنای تازەی داناوە: ئامیغ کە بەواتای (اموزش - تێکەڵکردن)ە لە دەساتیردا بوومە (حقیقت - ڕاستی) (امیغی - ڕاستەکی). (بوزە) تووڵەی ڕاوە بوومە (تفتیش - پشکنین)... و هی دیکەش. بۆ هەندێ وشەی عەرەبی وشەی فارسیی ساز داوە وەك: (خانە اباد - خانەی ئاوەدان) بەرانبەر (بیت المعمور - کعبة) و (هرسویە پادشاهان - پاشایانی هەرلایە) لە جێی (ملوك الطوائف) و (کنور - کون ور) بۆ (فاعل - کارا) و (چشمیدە - چاوێنراو) بۆ (منظور) و (برش دید - بڕینی دیتن) بۆ (قطع نظر)...

یەك ڕشتەی وشەکانی لە مەفهوومی عەرەبییەوە هاتووە وەك (رویش - ئەوەتی) بۆ (هویة) و (ڕاست پوش - کافر) و (افرازستان «هەورازستان» عالم علوي) و (فسردەشهر - علم سفلي) و (نخستین انداز «یەکەم ئەندازە» بدیهیە)

هەندێك لە وشەکانی لە ڕێی پێکگرتن (قیاس)ەوە ساز داوە. لە (خورشید)ەوە وشەی (هورشید و ماەشید)ی دروست کردووە لە زۆر وشەی فارسیدا پیتی یەکەم وەیا دوایی قرتاندووە یاخۆ پیتێکی بەسەرەوە وەیا کۆتاییەوە ناوە و وشەی دیکەی لێ هەڵبەستوون. (نیوارە) کە تێرۆگی نانکردنە و (وردنە)شی پێ دەڵێن لە دەساتیردا بوومە (نیور، نیوار) بەڵام بەواتای جۆ. (باستان) بووتە (باس) بەواتای (کۆنینە) لە بەرانبەر (حادث). وشەی (چم = واتە) پیتێکی (ر)ی پێوە نووساوە و (چمر) بەواتای ئاشکرا و پەیدا. وشەی (همە - هەموو) نیشانەی نەفی (أ)ی چووەتە سەر بوومە (اهمە - نەهەمە) بەواتای ناتەواو.. هی دیکەش زۆر. بەم شێوازە نووسەری دەساتیر وڕێنەکانی خۆی خستوومەتە قاڵبی وشە و ڕستەی ئاسانەوە و بە زمانی سەردەمی ساسانیەکانی لە قەڵەم داوە. بۆ هیچ وشەیەك یەکی نەکەوتووە چەندان جار بۆ وشەیەکی عەرەبی چەندێکی داتاشیوە بە نموونە: (هرآینەبود، هرآینە هستی، ناچارباش، ناگزیرباش، ناچارهست، گروررفرتاش) هەمووی بەواتای (واجب الوجود) و (شایستەهستی، شایستە بود، ناوررفرتاش) لە جێی (ممکن الوجود)

لە دەساتیردا زۆر وشەی هیندیش دەدیترێ وەکو وشەکانی فارسی سەر و پێ و دەستی شکاوە و واتایەکی دیکەیان پێ دراوە.

[لێرە بەدواوە پوور داوود ١٦ دێر لە وشەی جۆراوجۆری ساختەکراوی دەساتیر

دەمێنێتەوە کە لە فارسی و هیندی و عەرەبی و هیچە داتاشراون.. پێویستم بەدیت لە چەند نموونەیەک بەولاوە ڕاگوێزم بۆ نێرەکانە چونکە کەس پێیان دەوڵەمەند نابێ . م . محەمەد]

ایرخیده	صریح و بێ رمز
اوچیز	حقیقت و ماهیت
پازتازی	جزئی
فراتین	گفت – اسمانی
روزستان	اهل حرفت
نمشته	عقیده
نوله	کلام
نولد	زبان
وندسار	نقطة وسط دائرة
بمینه	معده ....

گوتمان لە برهان قاطع سەدان لەو وشانە یادکراون و ناوی دەساتیریان لەگەڵدا نەهاتووە. وەک دەشزانین لەم فەرهەنگەدا بۆ هیچ وشەیەک شاهەد نەهێنراوەتەوە. لەبەرئەمە ناسینەوەی وشەی ساختە بۆ ئەو کەسانەی مایەیان نییە زۆر زەحمەتە. (رضا قلیخان هدایت) لە فەرهەنگەکەی خۆی (انجمن ارای ناصری) وەکو خاوەنی برهان قاطع سەدان وشەی دەساتیری یاد کردووە بەڵام هەرچەند لە ناست هێندێک وشەدا دەڵێ لە دەساتیر وەیا لە برهان قاطعەوە وەرگیراون، لە زۆر وشەدا نە ناوی دەساتیر نەهی برهان قاطع ناهێنێ. ئەڵبەت بۆ هیچ یەکێك لەو وشە ساختانەش شایەدێکی نییە.

رەزا قولیخان بەرانبەر وشەی (فرسنداج) دەنووسێ: «بە هەرچی پێغەمبەری پێغەمبەران هەیە دەگوترێ. لە فەرهەنگی دەساتیر وەها نووسراوە. زۆر وشەی کە لە جهانگیری و سروری و رشیدی و برهان پەیدا نین لە فەرهەنگی دەساتیر ناوە کۆنەکانی پارسییان بە دەست کەوتووە و نووسراوە.» کاتێکی رەزا قولیخان فەرهەنگی خۆی دەنووسی دەساتیر بە یارمەتیی مەلا فەیرووز بڵاو بووبووەوە. رەزا قولیخانیش وەکو سەدان لە نووسەرە هاوچەرخەکانی خۆی دەساتیری بە نامەی دینیی ئێرانی کۆن و دەناسی و لە زەمینەی یادکردنی وێنەکانی دەساتیر پتر لە

برهان کەمەری هیممەتی بەستبوو، لە هەندێ جێگەدا هەڵەی برهانی راست کردووەتەوە و هەر لە سەرچاوەی دەساتیری ئاسمانیەوە نرخ و واتای ئەوانەی چەسپ کردووە. زۆر جێی داخە کە برهان قاطع و انجمن ارا لە ئێران سەرنجڕاکێش بوون بەڵام فەرهەنگی جهانگیری و مجمع الفرس سروری کە باشترین فەرهەنگن بەلاوە نراون. ئەم گوتارە جێی ڕەخنەگرتن لە برهان قاطعی تەنها نابێتەوە. جگە لە دەساتیر وشە نادروستەکانی برهانیش پترن لەوەی لێرەدا بگونجێن.

بێگومان برهان لە مەیدانی ڕەواجدان بە وشەی دەساتیر لە پێشەوە دێت، بەڵام هۆیەکی کە ئەو زمانە و وشانەی بەرامەی قبووڵ کەیاند مەلا فەیرۆزە چونکە پێدا هەڵگوتنی ئەو لە دەساتیر وەهای کرد کەسانێکی لە زمانە کۆنەکانی ئێران ئاگادار نەبوون متمانە بکەن کە ئەم نامەیە یادگارێکن گرانمایەی ڕۆژگاری تێپەڕیو و میراتێکی پیرۆزی پێشینانە.

وەك دەزانین چەند کەس لە دۆستە زاناکانم خەریکی گردکردنەوەی فەرهەنگی فارسین. ئومێد دەکرێ لە هەر کوێیەك تووشی وشەی دەساتیری بوون بنووسن کە هی دەساتیرن و ساختەن چونکە ئەگەر ئەمە نەکەن لەداهاتوودا ئەو وشانە پەسەندگیری خەڵق دەبن. ڤوللری vullers لە فەرهەنگی فارسی و لاتینیی خۆیدا کە لە چەندین فەرهەنگەوە پێکی هێناوە لە هەموو شوێنێك کە وشەیەکی دەساتیری نیشان دابێ نووسیویەتی هی برهان قاطع و ڕاگوێستەیە لە دەساتیر بەجۆرێك کە ڕۆژهەلاتناسانی ئەورووپا لەو گەزەندە دوورن.

لە ئەنجامدا دەبێ بەسەر قسەکانمەوە بنێم: وشەکانی دەساتیر کە درەی بۆ ناو فارسی کردووە زۆریان لە تەفسیری نامەی ئاسمانی سەر بە (فرجیشور) ساسانی پێنجەمە. ئەو پێغەمبەرەی کە خوا پێی دەفەرمووێ: «ودم تبالیس ارجم فرجیشوریک هورانگ زاهد» واتە «وە لە تۆخمی تۆ هەمیشە پێغەمبەرێك دەمێنێ». نامەی ئاسمانیی ساسانی پێنجەم بە (پرتوستان - پرتەوستان) ناودەبرێ.

با ئەوەش بڵێم کە زمانی مەتنی دەساتیر بریتییە لە:

یەکەم: یەك مست لە وشەی وەرگەڕاوی فارسی و عەرەبی و هیندی وەك. چمین = چونین (وەها). نام = فام (پاشگرە وەك زردفام) زمیر = زمین. چار = چهار (چوار). پندم = پنجم. سنجم = ششم. سفدم = هفتم. دشمیر = دشمن [سێ دێری دیکەش لەو

جۆرە وشانە. م . محەمەد].

دووەم. لەو وشانەی کە بە هیچ ڕەمڵ و ئوستورلابێك نازاندرێ چین و لە کوێوە هاتوون وەك: چاگڤری = بیداری (بەهەبەری). پلپر = نخست (یەکەم). فرداب = پرتو (تیشك). جمساش = نور (ڕووناکی). کاپ = سایە.

هیرتاسیام = ئیرانیهان. نوراخ = یونان. کلبار = اندوە (غەم). شلیمە = فرزانە (زانا، زیرەك، پاك نژاد...).

نموونەیەك لە کار (فعل): هوزامیدن = پەنابردن.

شالندن = زانین. آدن = بوون. کمدن = کردن. انتامانیدن = انجامانیدن (ئەنجام پێدان). زاهدن = مان. وختن = گوتن و هی دیکەش..

جگە لەوەی کە ئەم چاوگانە بەپێی چاوگی فارسی بە دال و نون [وختن = گفتن بە تـێ ونـونـە] دروسـت بـوون، لـە گـەردانـیشدا وەکـو کـاری فـارسین. لێرەشدا دیـارە کە نووسەری دەساتیر بێئێکی لە زمانە کۆنەکان وەرنەگرتووە ئەوەندە هۆشەشی نەبووە بۆ ئەم زمانە ساختەیە ڕێزمانێکی ساختەش داینێ. وەکو دەزانین چاوگ لە زمانی ئاڤێستا و فورسی هەخامەنشی و لە سانسکریتدا کە یە خوشکی زمانە کۆنەکانی ئێران دەناسرێ وەنەبوو وەك چاوگی پەهلەوی هەر بە (تن) و وەك چاوگی فارسی هەر بە (تن، دن) کۆتایی بێت بەڵکو وەك کۆنە زمانەکانی هیندی - ئەورووپایی و وەك ئێستاکەی زمانی ئینگلیزی دەشیا بە هەر حەرفێك (دەنگێك) کۆتایی بێت.

هەروەها لە زمانی کۆنی ئاڤێستا و فارسی و سانسکریت کار (فعل) وەك کاری فارسی [نوێ] گەردان نەدەکران.

ئینجا فارسیی نوێ ئەگەر ڕیشەی بە مەتنی دەساتیریشەوە نەبەسترابێتەوە کە گۆیا بەر لە هەزاران ملیۆن ساڵ بەسەر (فرجیشوران)دا دابەزیوە، بەڵکو بە تەفسیرەکەیەوە بەسترابێتەوەکە گۆیا لە زەمانی (خسرو پرویز) بە ئەنجام گەیشتووە، خۆ ئێمە لەبارەی زەمان و زمانی ئەو دەورانە [بابیی لێککردنەوەی ڕاستی و درۆ] بەڵگەیمان هەیە.

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە زمانی دەساتیر خەتی تایبەتیشی نییە و بە ئەلفبێتکەی فارسیی ئێستاکە نووسراوە، ئەمەش عاجباتییەکی کتێبەکەیە.

نووسەری دەساتیر بێ هیچ دەستوور و قانوون وشە یەککەوتەکانی پەهلەویی هەڵبژاردووە تەفسیری پێ نووسیوە.

لە ئاواخنی دیارە دەساتیر لە هیند نووسراوە و نووسەریشی ڕەنگە بە ئەسڵی زەردەشتی بووبێ بەڵام لە ئایینی دێرین ڕووی وەرگێڕاوەتەوە و بە زەردەشت خۆی دەڵێ: «جم دساتیرکانی لەونی = جزدساتیر کاری نکنی. جگە لە دەساتیر کارێك نەکەی.» ئەمەیە دەساتیر. کتێبێکی بەر لە ١٢٠ ساڵ لە نامەکانی دینی ئێران حیساب کراوە و زمانیشی بە فارسیی پێشکەوتوو وەرگێڕاوە ئەما ڕاستییەکەی سووکیکردنێکە بە ئێران و زمانی فاسی.

بەمەدا گوتارەکە تەواو دەبێ. لە ژێرییەوە دەنووسێ:

«تەماشای ڕوویەڕە ٣٢٩ی ئەم کتێبەش بکەن»

لەو ڕوویەڕەیەدا سەرەناوی (ملحقات – پاشکۆکان) چەند کورتەنووسین و تێبینی بەدوا خۆیدا دەهێنێ. یەکەم جار لە شەش ڕوویەڕەدا بە باسی دەساتیردا دێتەوە. بەدرێژی باسی ئەو بەڵگانە دەکات کە دانەری دەساتیر دەبێ ئەو (ادزکیوان)ە بێ کە پێشتر ناوی هات و لە (دبستان المذاهب) ناوی ئەو و موعجیزاتی و ناو و ناکاری پیرەوەکانی بەزۆری هاتووە کە ئەمەش هەر بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە نووسەری (دبستان المذاهب)یش یەکێکە لەو گرووپەی بە دوا ئازەر کەیوان کەوتوون و بۆ دەساتیر خەبتاون. پوور داوود لەو پاشکۆیەدا هەڵەیەکی خۆی ڕاست دەکاتەوە کە لە گوتاری دەساتیردا بۆ ئەوە چوو بوو کە دانەری (دبستان المذاهب) موحسین فانی بێت.

دەڵێ: «لە ڕوویەڕە ٢٨ ، لە گوتاری (دساتیر) نووسەری (دبستان المذاهب)م بە موحسین فانی داناوە. ئەمەش هەڵەیەکە کە لە پیاوێکی ئینگلیز sir w. jonesەوە بە خەڵقی گەیشت و دەمێکیشە ڕاست کراوەتەوە بەڵام من بەدرەنگەوە زانیم: لە دبستان المذاهب ناوێکی موحسین هاتووە و لە زاری ئەوەوە باسێکی یەك لە شاگردانی ادزکیوان گێڕاوەتەوە ئیتر بەهەڵە لەوەوە موحسین فانی بە نووسەری دبستان زانراوە. دانەری دبستان نەناسران بەڵام لە ناوەرۆکیدا دیارە کەمێك پێش ساڵی ١٠٢٧ك. لە هیند هاتووەتە دنیا. بە گەنجی چووەتە (اکبر اباد – اگرە – agra) و لە کشمیر و لاهۆری ڕایبواردووە و سەفەری بۆ ئێران کردووە و چووەتە مشهد و... و .. لە نێوان ساڵانی ١٠٦٤ و ١٠٦٧ دبستان المذاهبی نووسیوە و لە ساڵی ١٠٨١ لە پازدەمین ساڵی حاکمایەتیی اورنگ زیب مردووە وەك خۆی دەڵێ: (هراد و فرشید و ردوبهمن و خرمند)ی لە patna و (موبذ هوشیار دوم، سروش، خودا جوی) لە کشمیر دیتووە ئەو

کتێبانەی کە نووسەری دبستان ناویان دەبات و ئەو مەیەستانەی لێیانەوە نەقڵ دەکات هەمووی لە نووسینەکانی ئازرکیوان و شاگردەکانی ئەون وەك کتێبەکانی. ئەمینستان، دساتیر، اخترستان، جشن سدە، سرودستان، جام کیخسرو، شارستان چهارچمن، زردست افشار، نوش دار و، سکنگبین، بزمگاه ارژنگ مانی و هی تریش. چولر دانە لەو نامانە کە (دساتیر و جام کیخسرو و شارستانی چهارچمن و زردست افشار)ن هەن و لە هیند چاپ کراون. ناوی نووسەری دبستان لە یاداشتێك بە (موبد شاه، یاخود، ملا موبد) هاتووە [لە بەراوێزدا دەڵێ سەیری ئینسیکلۆپیدی ئیسلام TOMI بکە]. هتد . هتد...

کاروان، ژمارە ١٢، ١٩٨٣

زرەخەون لە تەمموز بە دەوری "مەحوی" ترقەتەوە

لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر، لە سلێمانی، بانگهێشتنێکم بۆ هات وێڕای نامەیەکی دڵسۆزانە لە مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرینەوە بەبۆنەی سازدانی میهرەجانێکی بیرخەرەوەی شاعیری مەزنی کورد (مەحوی) لە ڕۆژانی ١٢/١٧ و ١٩٨٧/١٢/١٨. هەر لە سلێمانی. چەندێك بەو میهرەجانە دڵخۆش بووم هێندەم پەرۆش خوارد لە نەلوانی دەرفەت بۆ ئامادەبوونم تێیدا. باری نالەبار و تەنسازیی مەیلەو لار بوونە سەرباری چەند هۆیەکی دیکەی نەگونجانی لە شوێنی خۆمدا پێشیان پێ خواردمەوە چ ماوەیەکیش نەبوو لە نێوان شەوی ١١- ١٩٨٧/١٢/١٢ کە نامە و بانگهێشتنەکەم پێ گەیشت لەگەڵ ڕۆژی بەرپابوونی میهرەجانەکە بایی ئەوە بکات بە گوتار پایەی ئەو کەڵەشاعیرە لە هەستمدا بخەمەوە بە خامە و بیکەمە نامەی پیرۆزبایی و منەتباری بەڵکو قەرزداریم لە ئاست گیانی مەحوی و چاکەی بەڕێوەبەرانی میهرەجانەکە نەختێك کەمتر بکاتەوە نیستە لە ١٩٨٧/١٢/١٩ کەوا گاگوڵە بە خامەی ساوا دەکەم بۆ ناو باغ و ڕاغ و دەشت و بەهەشتی جیهانی مەحوی نازانم میهرەجانەکەی بە چ گەیشت. تەما و ڕاپەڕموونم بە پایەی مەحوی و هەستی نرخزانی و بایەخناسیی ئەدیب و ئەدەبدۆست و جەماوەری خوێنەری کورد بە گشتی و هی شاری سلێمانی بە تایبەتی هانم دەدا لە تاریکیی بێ هەمبەریدا گەشبینانە چاوەچاوی ئەو دەمە پیرۆزە بم کە مژدەی نە تەنها سەرکەوتن بەڵکو هی هەڵمەتبەری و بەهرەبەخشی و بەرهەمداریی میهرەجانەکە گیانم دەگەشێنێتەوە وا لە ئێستاوەش ڕێم بە خۆم داوە هنووکەی شادیی دەروونم بەو مژدەیە بگرێنێتەوە و بەوەدا تام و شامی کۆڕی مەحوی بیژێتە سەرەکەمەوە و بە خۆشاو بتکێتە ناو دێڕەکانم بۆ بەر چەژی خوێنەران:

دڵی مردم بەمشۆخی دلبەرێکی تازە سەرلەنوێ
موبارەك بێ لە دڵ سەوداییەکی کەی کەوتە سەر، لە نوێ

بەڕاستی و بێ تەئویل، موبارەك بێ لە دڵ سەودای دەریا و دەشت و دۆڵ و کەژ و چەمەن و باغی مەحوی کە بە ئەفسوونی شیعرەکانی جلوە لە خەیاڵی خوولیادار

دەبەستن، ترکە و نەعرەتە و هەرەشەی ئەم سەردەمە لەبەر گوێی دڵدا دەگۆڕن بە ئاهەنگی بلبل و ساز و عودیان هەر نەبێ وەك بەنجی برینكاری ئازاری هەستی زامدار سڕ دەكەن. كێ بێ لە ئێمەی كوردی ئاخلێوەی ساڵی بەدبوومی ١٩٨٧ و سەدەی بیستەمی خوێن لێچۆڕاو دڵێكی یان ملێكی بەر تیغی بڕندە نەكەوتبێت:

لە چاوا ئەم ئەمە بۆ گریە نۆبەی سەجدە بەر دەریە
سپاسالَم ئەبارە نوێژی ئیستیسقا ئەكەم چ بكەم

خۆم لە جیاتی قەڵەم سەد جار (سەجدە بەردەر)ی بەرسنگەی دیوانی مەحویم كە لەوێدا بێ لە چاكی و پاكی شتێك نییە سەجدەی بۆ ببردرێت.

خەیاڵی كۆن و نوێم لێ تێكەڵ دەبن و دەمگێڕنەوە بۆ ڕابردووی دە دوازدە ساڵێك لەمەوبەر و حیكایەتخوانیم بێ دەكەن تا بڵێم یەكێك لەو خولیایانەی دەمی ئەندامەتیم لە كۆڕی زانیاری كورد كە هەست و خوازمی بۆ خۆی دەكێشا ئەوە بوو، دوا بەدوای لێبوونەوە لە باسی حاجی قادر، یان بە كتێب یان بە زنجیرە گوتار لەسەر شاعیرانی ڕیزی یەكەمی خاوەن دیوانەكانمان بنووسم. بێگومان مەحوی لووتكەیەك بوو لەوان، هەر چەند شیعری مەحوی تە حەفتاكانیش هێندەی شیعری نالی و سالم و كوردی و شێخ رەزا و وەفایی و مەسباحولدیوان... بە بەرچاومدا تێ نەپەڕیبوو، بەڵام ئەو نموونانەی بیستبوومن و خوێندبوومنەوە بێ هەڵوەستكردن، شەبەنگی مەحویيان لە هەستمدا بەرەو پایە هەرە بڵندەكان دەبرد. مەعارەزەیەكی لەو نموونانەدا ڕەنگی دەدایەوە دەتگوت لە گۆمی نالی بڵق دەدات:

ئەوا لەیلا بەڕۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا «مەحوی»
هەتا ئامی قیامەت ناڵە و واوەیلا ئەكەم چ بكەم

چەند ئاشكرایە (واوەیلا) جلەوی هۆشت بەرەو (وا لەیلا)وە دەبات كە لە بەرایی ئەوە دێری یەكەمی بەیتەكە دەدرەوشێتەوە. (وا)ی سەرەتای وشەكە سێبەری ئەو (و)ەی بۆ ناو وشەی دواتر بردووە و (لەیلا)ی كردووە بە (وەیلا). سەیریش بكەی دەبینیت لە (ئەوا لەیلا)دا دەقی (وا لەیلا) بە تەواوی دروست بووە، ئینجا لە وشەی (وادە)ی دوای وشەی (حەشریش) ئەكانێك بۆ ئەو (و)ە باس كراوە دەچێت كە (لەیلا)ی كردووە بە (وەیلا) و بە تیرێك دوو نیشان پێكراوە. ئەم مەعارەزەیە، بەر لە مەحوی، تەنها لە نالیدا بەدی كراوە كە گوتوویەتی:

بۆ شەدی كلامت كە بە اشرابی لطافت
(لذة) دەگەیەنێ بە دڵ و (دەهن)ی مخاطب

بە ئانقەست و بۆ خاتری باشتر ڕوونكردنەوە بەیتەكەم بە ڕێنووسی كۆن نووسی.

داڕشتنی بەیتەكە و ئەو كەرەستەی تەعبیری تێیدا بەكار هێنراوە نوختەیەكی بێتی (ذ)ی گوشراو لە (لذة)وە دەگەیەنێ بە (دەهن) و دەیكاتە (ذهن). شەهدی كەلام لە (دەهن)دا كە بەواتای دەم و زارە جێی دەبێتەوە بەلام كە (لطافت)ی تێكەڵ بوو حەقیەتی بكاتە (ذهن)یش. شەهد و دەم هەردوویان مادین، بەلام (ذهن) مەعنەوییە بە (لطافت) كە وەك ذهن مەعنەوییە ئەو شەهدەی پێ دەگات. وشەی (دەهن)ی فارسی ئەگەر وەك خۆی (دەهەن) بخوێندرێتەوە كێشی بەیتەكە تێك دەچێت بەوەشدا دیارە تەرخان كراوە بۆ قۆستنەوەی نوختەكەی (ذ) تاكو ببێتە (ذهن) كە لەگەڵ (دهن) نەك (دەهەن)دا هاوكێشن، سەیری دوای (لذة) بكە یەكسەر (دەگەیەنێ) هاتووە كە هەر (گەیاندن) چاری ڕاگوێستنی ئەو نوختەیە دەكات بۆ سەر (دهن). دەمێنێتەوە بڵێین (دڵ) هەر شیرنایی مەعنەویی شەهدەكە هەست دەكات، نە نوختەی ڕاگوێزراو بە خۆیەوە دەگرێت و نە یەكێش لەسەری كەوتووە بۆیەیە ئەو نوختەیە لە شێوەی (حتمی) بۆ (دهن) دەچێت. وەك كە شیرنایی مەعنەوی بۆ دڵ و ذهن لەبارە، شەهدیش بۆ (دهن) كە دەمە لە شوێنی خۆیدا بە مادی دەمێنێتەوە

مەحویش كە لەیلای لە جێگەی (یارم، مەحبووبە...) دانا و ئەیگوت:

ئەوا یارم بە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی...
ئەوا مەحبووبە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی...
نیگارم وا بە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی...

مەبەستیەتی تێی بگەیەن دەیەوێ (وا لەیلا) ویردی زاری بێت تا ڕۆژی قیامەت. لە سێبەر یاخود لەبەر تیشكی وا وەیلا و وا لەیلادا (قامی قیامەت)یش قوتەقوتێك لەگەڵ هێما ناسینەوەماندا دەكات. ئەگەر ئەگونجانی كێش لێ گەڕابایە دەشیا (قامی قامەت) لە جێی (قامی قیامەت) بێ وەك كە شیا وا وەیلا لە جێی وا لەیلا بێ، چونكە لە پێشەوە باسی حەشر هاتووە لە واتادا فەرق نامێنێ لە نێوان قامی قیامەت و قامی قامەت كە دەزانین قامی قامەتی ئەو نازدارە لەیلایە هەزاران جار پتر پەسەندی مەجنوزی عاشقە، هەتا قامی قامەت دەبێ بڵێم وا لەیلا.. دەركەوتن و ڕاستبوونەوەی قامەتی لەیلاش ناواتێكە هێندەی حەشر لە تەمای عاشق دوورە، هێندەی حەشریش

مەبەستم نییە بڵێم ئەو مەهارەتە و هونەرەی مەحوی لەم بەیتەدا چاولێکەرییە لەوەوە بۆ نالی، خۆ ئەگەر وەهاش بێت چ کەمایەتیی تێدا نییە، بگرە زیندە بەهرەیەکی مەحوییە لەو بەیتەدا دیار دەدات چونکە ئەم جۆرە چاولێکەرییە ناسنەکترین ڕێگەیە شاعیر پێیدا بڕوات لە هونەری شیعری خۆیەستنەوە بە شیعری یەکێکی دیکەوە وەک: اقتباس، تضمین، معارضه... ڕاستییەکەی ئەگەر مەحوی هەستی بەو هونەرەی نالی کردبێت، کە بە ترجیحەوە دەڵێم هەستی پێ کردووە، تاکە کەسێك دەبێت لە شوعەرای کوردی دەیانناسم ئەو هونەرەی لە نالیدا دۆزیبێتەوە. من لە گوتارێکی زنجیرەی (چەپکێك لە گوڵزاری نالی)دا دەوری ئەم شێوە هونەرەی نالی هەڵاتووم، ئەوساش جارێ بەیتەکەی مەحویم نەدیتبوو بۆیە بوو پەنجەم بۆ نموونە شیعری ڕانەکێشا لە بابەتی بەیتەکەی نالی بێت، ئەو هونەرەش نەمبیستووە ناوی بۆ داندرابێت مەگەر بە تەئویلێکی دوور بدرێتەوە بە (استخدام). ئەوساش پەراوێزی نیستیخدام وەها لێك دەکێشرێتەوە زۆرینەی جۆرەکانی (محسنات)ی تێدا جێ ببێتەوە. ئێرەش جێی لێکۆڵینەوەی باسی ئەوتۆیی نییە لە مەحویمان بدرێتەوە بۆ خۆی...

دوای دابڕانم لە کۆڕ باری چالاکیم لە مەیدانی نووسیندا گۆڕا. حاجی و نالی جگە لەوەی کە خۆم بە دڵ و زمانیش پێیانەوە خەریك دەبووم، بڕیاری ئەنجوومەنی کۆڕیش ئەوە بوو لێیان بکۆڵمەوە و بۆ حیسابی کۆڕ ئەو لێکۆڵینەوانە بڵاو بکرێنەوە لە بەرەو کۆتاییی ساڵی (١٩٧٨)وە نیمکان ئەما خۆم تەرخان بکەم بۆ تاکە باسی کەسێك یان بابەتێك ساڵێکم لێ بخاێنێ مەگەر یەکێك یان لایەنێك بەرباری ئەرکی ئەو کارە بێت، ئیتر ئەشیا چی دیکە بە پلان و نەفەسی درێژەوە تەمای خۆم لە توێژینەوەی ئەدەب وەها ژیانی کەسانی دەستنیشان بنێم. لوان و ڕێکەوت چۆنی هێنا و کێی خستە تۆری فکرمەوە دیمانەی بەخێر. قەدەر، ڕێکەوت وەها بوو کە ئەم ساڵەی ١٩٨٧ لە گیانەلاوەی بەسەرچوونیدا هات دوو لێوەی مەرگی لێك بنێت بابەتی ئەم نووسینەی بەرکەت و بە میرات بۆ منی بەجێ هێشت. ئاخر منیش ٣٦٥ ڕۆژی ڕەبەقی ڕەق ڕووڵەیم کردووە و لیی بووم بە میراتگر. دەڵێن سەیرە لە کۆیێ بەڵام سەیرترە لە ڕۆژگار کە ساڵی وەها ڕەش میراتی وەها گەش بەجێ بهێڵێت. ئایەتی (یخرج الحي من الميت)م بە بیردا دەهێنێتەوە.

مەحوی و هاومەسلەکە ئەمرەکانی لەو جۆرە ئەستێرانەن ئاوابوون و بزربوونیان

بۆ نییە. لە دەمێکەوە بە دڵ و هۆش ئاشنایانم، پێ بەپێی فراژیبوونیشم لە ئاسێنەوەی بایەخ و نرخ و جوانی پتر نۆگری ئاو و شاعیریەتییان بووم. ئەو ڕاستییەش لە زێدە پیاوچاکیی خۆمەوە نییە بگرە لە زێدە پیاوەتیی ئەوانەوەیە کە لەسەر بنگەیەک دامەزراوە بە دروستترین عەیارەی نرخ پێو سفتی و پتەوییەکەی بە نیسبات دەگات، لە گەیشتن بەو نیسباتەش ڕەنجم بردووە:

من لە عەیارەی نرخ پێو هەرچی خاترانەیە تێم نەخوێندووەتەوە، مەرجەکانی پەسەندایەتیی عەیارەش لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێک دەگۆڕێن. ئەو بابەتانەی کە لایەنی (جوانی) تێیاندا بنەڕەتییە دەبێ لە پلەی جوانیدا ژوورووی (ناوەنجی) کەوتبێتنەوە دەنا بەعەیارەی من لە سەنگ دەکەوێ، ناچاریش نەبێ خۆمیان تێ ناگەیەنم. بێکەس لە موناسەبەیەکدا گوتی: هەردوو گوێم پڕ بوو. منیش دەڵێم ئەرز و ئاسمان پڕ بوو لە گۆرانیی ناوەنجی و مۆسیقای ناوەنجی و بەستەی ناوەنجی و شیعری ناوەنجی و چیرۆک و ڕەسم و پەیکەر و شلە ساواری ناوەنجیش تاکو لە دەفری تەحەمولمان کەلەپڕژییان کرد. ئەو بابەتانە – جگە لە شلە ساوار – تێکرایان بەر جەفزی مەهارەت دەکەون، بابەتیش هەن وەکو پزیشکی، بەنایی، خەیاتی، دارتاشی، شەعبەدە، چاپوک دەستی... و دەیان و سەدان کەسب و کار لە هەمووانیدا مەهارەت هەیە تا ئەوەی پزیشکی ناماهر دەبێتە مەرگی نەخۆش بەڵام دوو نوختە (ناڵێم پتر) لێکیان جودا دەکاتەوە. نوختەی یەکەم ئەوەیە کە هەرچی بەرەو هونەری تەواوەوە دەچێت لایەنی جوانی و مەهارەت تێیدا بەرچاوترە تا ئەوەی ڕەنگە هونەری هەبێ هەر مەهارەتی ڕووت بێت کەچی پزیشکی لە سەرەتاوە زانستە دواتر مەهارەتە. نوختەی دووەم ئەوەیە پزیشکی و نەجاری و لێخوڕی و بەنایی بە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما و شانۆ و نووسینی ڕۆژانە ناخرێتە بەرچاو و گوێی خەلق... گۆرانیبێژێکی نیوداشت لە هەموو زاناکانی وڵاتی خۆی مەشهوورتر دەبێت، تێشیاندا هەیە لە مەرگیدا کچان خۆیانیان بۆ کوشتووە.

شیعر بابەتێکە لە لایەن مەهارەتەوە دەکەوێتە نێوان ئەدەبی پەخشان و هونەرەوە بایی زێدە پشکی لە جوانی و مۆسیقا پەخشان بەجێ دەهێڵێتەوە بۆ لای هونەر. هەرچی بابەتێکی پشکی جوانی و مەهارەتی تێدا بەرچاو بێت لە پلەی یەکەمدا ڕوخسارە ئەوجا ناوەرۆک. تابلۆیەکی ڕەسم کە مەرجی هونەر و مەهارەتی تێدا نەهاتە دی نرخی نابێت با لە ناوەرۆکدا پێش نیسبەی ئاینشتاینیش کەوتبێتەوە ڕەنگە

مولحیدێك وێنەیەكی مەعارەتی كەعبە بەدەیان هەزار دینار بكڕێت هەروەك دیندارێش لەوانەیە رەسمێكی پشت لە دینی پڕ لە مەعارەت بەو نرخە بكڕێت بە مەرجێك خۆی مەیلی هونەری هەبێت. ئینجا كە زانیمان شیعر جۆری هونەرە هەقمانە لێی داوا بكەین جوان و ڕازاوە بێت، كە وەها نەبێت لە شیعرایەتی دەكەوێت.

ڕاستییەكی دیكەی گرنگیش هەیە داوا لە شیعر و تێكڕای هونەر دەكات ڕازاوە و بێ عەیب بن. شیعر و هونەر لە چاو قسە و پەخشان ئامێری مام سەلامەتۆكەی تەعبیرن. جارێ لە پێشەوە با بڵێم هونەری ڕووت چونكە قسە ناكات یەكجار بە درەنگەوە ڕقی خەڵق هەڵدەستێنێت لە خۆی، شیعریش بە درێژایی ڕۆژگار بە قسەی خۆش و جوان و شیرین لە قەڵەم دراوە و خاڵبەخشیش كراوە لە جۆرنەتێكی تێیدا بوو بێت. شیعری بێ پەردە و پشت لە دین كە بەرهەمایی لە ماوەی هەزار و چوار سەد ساڵدا بڵاو بووەتەوە ڕێی خۆش نەكرد بۆ بڵاوبوونەوەی یەك لاپەڕە نووسینی پەخشانی پشت لە دین و بێ پەردە.

چەند سەیرە كە دەبینین هەموو ئەو تامەزرۆییانەی خەڵق بۆ لای زایەند (جنس) كە بە قسەی نووسراو لە كتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانەدا ناشكێندرێت بە ڕەسمی ڕووت خۆی دابین دەكات هەر چونكە ڕەسم هونەرە و قسە نییە. گۆڤار و ڕۆژنامەش هەر ئەوەن كە هەن.

لەمەوە دەڵێم پەخشانێكی هەڵمەتی تێدا بێ بۆ سەر ڕوویەكی كۆمەڵایەتیی تالەبەر ئەگەر ڕواڵەت و ڕوخساری كزیش بێت جێی خۆیەتی ڕێزی لێ بندرێت چونكە ئازایی شەفاعەتی بۆ دەكات، قۆنتەراتیشی نەگرتووە جوان و شلك بێت. بەڵام هەمان هەڵمەت بە شیعری لاواز نرخی نابێت چونكە مەرجی شیعرایەتیی تێدا نوقسانە. یەكێك نەتوانێ بە شیعری جوان هەڵمەت بەرێت خۆ پەنجەی لە پەخشان ڕەق نەبووە هەڵمەتەكە بداتەوە بە پەخشان. بۆیە دەبینین نووسینی لاواز پتر لە شیعری لاواز بڵاو دەكرێتەوە، بەیتێكی لەنگ بێت لەخۆوە دەسڕێتەوە.

لزووم نابینم خۆم لە خوێنەران بكەم بە پسپۆڕی نرخی جوانی و بایەخی بابەت لە كاری ئەدەبی و هونەری و هی دیكەشدا هەرچەند دەشزانم بازاڕی ڕۆشنبیریمان تا بڵێی پێویستی بەناسینەوەی ئەو نرخانە و پایەیان لە پلەی خوار و ژووردا هەیە چونكە بەداخەوە لە گەلێك نووسینێدا دیتوومە بەرهەمی ترسنۆك وەها بردراوەتە

بەرزایی هەر دەڵێی قارەمانەتیی دوازدە سوارەی مەریوانم بۆ دەگێڕێتەوە.

شیعری شاعیرە بەسەرچووەکانی قوتابخانەی (نالی) دەبێ لەو کولانانەوە سەیری بکرێت. لەلایەن ناوەرۆکەوە ناشێ لە کۆتاییی سەدەی بیستەمەوە عەبارەی ترخاندن بە دیاری بنێرم، وەکو کۆتك و تەبعقی دەستەوایی. تاکو (ساقی لە پەردە دەرهات و مەستوورە و غەیری وەحدەت لە وجودا نییە و لە تەققەی ناڵ و شەققەی پانی بەرزی و بەهودی بەچچە...)ی بێ هەڵبسەنگێندرێن.

مەچۆی کە بدرێتەوە بە ڕۆژگاری خۆی تۆقەڵەیەکە لەو تۆقەلانەی گەردەن کێل کە لەودیوی ئاسۆی بەسەرچوونیانەوە بە پرشەنگ و تاو و تین، ڕووناکایی و گەرمایی و جوانی لە شێوەی میراتی بێ برانەوە بۆ چین لە دوا چینی زیندووان بە دیاری دەنێرن. چی گونووەتی و کردووەتی بە ڕوخسار و ناوەرۆکەوە دەبێ لە ترخاندندا ئینسافی دۆستانەی لەگەڵدا بەکار بێت. ئینسافی دۆستانەش پێویستی بە لایەنگیری نییە. دوو نوختەی سەرەکیی سادەی تێدا ڕەچاو بکرێ بەسە:

١- داوا ناکرێ لە شاعیر قارەمانی خۆبەختکردوو بێت.

٢- کەس بێ عەیب نەخولقاوە.

بەسە بۆ مرۆ عەیبی ئەوتۆی نەبێ شەرمەزاری بکات.

ئینجا ئەگەر کەسی وەها هەبوو بە ئازایی لە نێوان هەموو عالەمدا خۆی لە پێناو گەل و مەفتەن گەیاندبێتە پەتی سێدارە وەیا هێندە بێگەرد بووبێت لە عومەری عەبدولعەزیز و غاندیشی تێ پەڕاندبێت، ئەوا زێدە ئازایی و پاکییەکەی بە سافی تەواوەوە بۆی حیساب دەکرێت، بەڵام ناشێ ئەو پاڵەوانەتییە سێبەر بهاوێتە سەر خەلقوڵڵای جیهان کە خۆیان بەخت نەکردووە کاتێك گلەییەکە بەسەرشانی تێکڕای میللەتدا دووڕا ئەوسا جێی خۆیەتی عەیبداری وەکو بارانی پەڵەی ئیقلیمگیر هەموو شاعیر و ئەدیب و شێخ و مەلا بگرێتەوە.

لێرەدا ڕاستییەکی سەر بە کۆمەڵایەتی هەیە بەر پەراوێزی ئەم باسە دەکەوێ، لەو دەمانەدا کە کۆمەڵ وەکو گۆمی داوەستاو و بێ جووڵە ژیانێکی ڕۆژانەی کەمرەنگ بەسەر دەبات و وەك چوێلەکە و کەروێشك هەریکی گوزەران و خۆپاراستنی (ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە)یە، هەموو چالاکییەکی گۆم شەقێن کە باری ئارام و مەندی کووچە و بازاڕ و ڕێ و بانان لەبەر هەنگاوی کەسابەت و گوزەران دەشێوێنێ خۆی

زەق و ڕەق و ناحەق دەنوێنێ، کە گوتراوە لە قەدەر بەری خۆت بێت ڕاکێشە وەیاخود مریشك هێلکەی قاز بکات وەهای لێ بەسەر دێت تەعبیری لە دڵ و دەروونی ئەهلی بازاڕ و کاسبی عادەتی و هەژاری بێ دەسەڵات داوەتەوە ئینجا هی دەسەڵاتدار. بەدرێژایی ڕۆژگار بەرەبەهاوی سەربزێو لەلایەن ڕەشوڕووت و بێ دەسەڵاتەوە سەرشکێن کراوە (ئەگەر بە دەستم بوایە پەیکەری سەربازی نەناسراوم بۆ ئەو سەربزێوانە هەڵدەنا) دواتر قسە گەیشتووەتە توجار و شێخ و مەلا. حاجی قادر لە کۆیەی سەدەی نۆزدەمدا نموونەیەکی بێ مانەند و دەگمەنی چەندین سەد ساڵە بوو، خۆ ئەگەر مەلا نەبوایە و زمانی لە شیعری بڕند نەگەڕابایە هەرگیز نەیدەتوانی لە بەرگی فەلاحێکی نەخوێندوو بەخەی شێخ نەبی و شێخ غەفوور بگرێت، کە بەخەشی گرتن توانی لە پەنا مەلایەتی و شاعیری و شەخسیەتی خۆیەوە ڕێزی خۆی بپارێزێ دەنا کەس بەدوا دەنگییەوە تەڕۆیی. مریدەکانی شێخ ئەمیش کە بریتی بوون لە ڕەشوڕووت و کاسبی بازاڕ و بەشێکی توجارەکان و ئاغای لێکەوتە وەها چاو ئازا بوون پەلەیان کرد لە ڕۆژی ڕووناندا هەڵی بدڕن. حاجی لەگەڵ ئەو ئازایەتی و هۆشیارییەشییەوە نەیتوانی لە کۆیێ بکاتە ئەو بزێوییەی پێی دەڵێن چالاکیی کوردایەتی، دواتریش کە لە ئەستەنبوڵەوە پەندی کوردایەتیی بۆ هاونیشتمانەکانی دەهەنارد کەس بەکرێەوە گوێی بەقسەکانی نەبزووت. گۆمی داوەستاوی کۆمەڵ کە لە بنەڕەتدا بەسەر هەژارییەوە داوەستاوە و پەنگ خواردووی ژیانی کولەمەرگییە، هێندەی عەزابی گۆڕەوشار وەتەنگ دێت لە بزێویی بێ سەروبەر و داك و باب کەوا تروسکەی ئومێدێکی تزیك و بەرچاوی لێ دەرناکەوێت. کۆمەڵی دەوڵەمەند ئەگەر بە حەقیش تەپێ بە ناحەق دەستدرێژی لە جیرانی دەکات. فەلسەفە و بیری ڕووناکی بەرەو هاندان و هەڵگەڕانەوەش لە کۆمەڵی نیوەمردوو کار ناکات. لە نوخنە نیگای ئەم قسانەشەوە ئەبوونی کەمان لە هەموو هۆیەك بێ ڕەزاترە بۆ چەسپاندنی ئەو مریدایەتییەی لە هەژارییەوە دەڕسکێت. بە بیرم دێت لە بیستەکان و سییەکان، خەڵقی شار لە شایی و بەزمی شەوانەی چایەخانە و دانیشتنی دیوەخانەکان لە شیعری غەرامی بەولاوە گوێیان لە شتێکی دیکە ڕانەدەگرت. ناوناوەیەك ئەبێت کە گۆرانییەیژ بای دەدایەوە سەر شیعری ئایینی. ئینجا لەخۆوە دیارە کەوا بەر لە ٤٠ – ٥٠ ساڵیش زووتر ئەو خەڵقە هەر شیعرە دڵدارییەکانی حاجی قادریان لە کۆڕی شادیدا دەخوێندەوە قوتابیی مەکتەب هەوڵ جار بوون بە ئیستگەی بێتەلی شیعری

نیشتمانی، لەوانەوە وردە وردە خەڵقەکە ڕاهات ئاردی گۆرانی لە مزاشی شیعری دڵداری و ومتەنی بهاڕین. ڕەوای حەق نییە ئێمە مجێزی سیاسی و فەلسەفیی خۆمان لە چەژی مرۆی بەر لە سەد ساڵ بگێڕین وەیا بە عەیارەی وڵاتە هۆشیارەکانی ئەو سەردەمە کوردستان و کوردەواری هەڵسەنگێنین. ئایا ئەگەر ئێستاکەی خۆمان بە ئێستاکەی ئەڵمانیا و سوید بگرین چ دەردەچین؟ تا نووسینی ئەم دێڕانە یەك بانکی کورد لە مندالْدانی مێژوو نەڕسکاوە، نەك بانك تاکە یەك (صراف)ی کورد پەیدا نەبووە، ئێمە هەتا ئێستا لە قسە بەولاوە فێری هیچی دیکە نەبووین قسەکەشمان لە خەڵق وەرگرتووە. ئەگەر لەوانمان نەبیستبایە هەر گاڵ و بوغی ڕۆژگاری سەردەمی حاجی و بەر لەویشمان دەکوتایەوە یا ئەوەش لە بیر نەکەین کە حوکمداریی بابان و سۆران و ئەردەڵان و نازانم کوێ لە سەردەمی خۆیاندا، لەگەڵ هەموو شانازییەکی ڕەوای پێیانەوە دەکەین. بەند بوو بە دەسەڵاتی کەسانێکی وەیا بنەماڵەیەکی بەر زاراوەی (دەرەبەگ) دەکەون و لەلایەن بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی سەردەمەوە تۆمەتی برندەی دڕندەیان تێ دەگیری، تۆمەتیش لە بەیندا نەبێ دەبێ بزانین ئەو ئەمیران و حوکمدارانە بە کردەوەیان لە واقیعی دواکەوتووی کورد زماندا تێمان دەگەیەنن کە بەرژەوەندیی خۆشیان ئەیخستنە سەر باری هاریکاری و دۆستایەتیی ناوکۆیی لە ئاست هەڕەشەی هێزە بێگانە زلە داگیرکەرەکانی ئەوسای کوردستان. خەڵقەکەی ئەوساش، لە دەرەوەی چەترەی لەشکر و دەست و پاوەندی حوکمدارەکان دەورێکی بەرچاوی تایبەت بە خۆیانیان نەبوو لە هەڵسوکەوت و چەندوچۆنی ڕووداوی سەر بەحوکم و ئەوەی لە پەلاماری بێگانەوە بۆ سەر حوکمدارەکان و خاکی کوردستان بەنگبەت بۆیان دەمایەوە. چ سەیر و سەمەرەش لەو تابلۆیە ڕەشەدا هەڵنازەقێتەوە چونکە کەسانێکی لەوانە نەبووین پرسیاریان پێ کرابێ وەیا تێ خوێندرابێتەوە لە شەڕ و ئاشتی و شێوازی حوکم و چەندوچۆنی یاسای مالی و ئابووری... و هتد، جۆرێکی حەتمی و ناچاری هەر خەریکی هەتەجووت و دێراوی شیناورد و سەلەم و ڕێنەی بازاڕ و مەڕ و ئاژەڵ لەوەڕاندن و ئالێ دەڵی بابەی مزگەوت و زەرگ لە خۆدان و شەهڵتە خواردن و خەرەك ڕێسی و مازوو چنین و جموجووڵی گوزەران دەبن.

چاوەڕوان ناکرێ لە یەکێکی وەها بێ کیفایەت کە پرسی پێ نەکرابێ حەز لە چ دەکات، تا ئەو بێ کیفایەتە سەر لە قوڕ بنێت بۆ حاکمێکی لێی دەقەومێت هەرچەند لێ قەومانەکە بۆ ئەویش بەسفت و سۆ بێت. لەم سەردەمەدا من و تۆش کەمتەرخەم دەبین

کە پرسمان پێ نەکرێت، خۆ بەخۆشمان دەڵێین ڕۆشنبیر، پێشڕۆ، ڕابەر . ئینجا مام بارامی عەبابەیلێی ساڵی ١٨٨٧ و ١٧٨٧ کە نەیدەزانی کاغەزیش مۆر بکات دەبێ چەند بەخەمی ئەم دنیایەوە بووبێت؟ کابرای جاف کە گوتی. مەحموود پاشا دەمرێ نامرێ ملی وەقوتەوە، وامێ دەمرێ. ئەگەر وەهای ئەگوتبایە زۆڵە ڕۆڵەی ئەو دەمە دەربەچوو، پێت سەیر نەبێت بابایەکی ئەو سەردەمە چ مەلا بێت و چ شاعیر و چ کاسبکار بۆ تێشکانی پاشای ئیسلام لە ئاست پاشای نائیسلامدا پەرۆشی پتر بووبێت لەو پەرۆشەی بوویەتی لە تێشکانی حوکمدارێکی کورد. بەرانبەر پاشای ئیسلام چونکە باوەڕی ئیسلامەتی لە شوێیەدا نییە کە هەبووە بەڵام هەبوونی باوەڕی قەومایەتی ئەو بێ شوبهەیە نییە ئێستاکەش خەڵقەکە بەپێی باوەڕی خۆی پەرۆش دەخوات چ ڕۆشنبیر و چ نەخوێندوو تەنانەت باوەڕە سیاسییەکانی ناو کوردایەتی و هەموو جیهانی سێیەم هەمووی بووەتە جۆرە ئاینێك کە ڕەخنە هەڵناگرێ و ڕابەرەکانیان لە پایەی پێغەمبەرایەتیدان، ئیتر سەیر نییە ئەوانیش قەومایەتی بە قوربان (خەلیفە)ی شەقامەڕێی باوەڕەکەیان بکەن وەك کە ڕۆشنبیران بێ پەروا دەیکەن.

مەحوی مەلا و تەریقەتدار و شاعیر بووە. نەلێی داوا دەکرێ بە تەنها شیر و تیر لە زۆردار هەڵبگرێت کە ئەگەر هەڵی بگرتایە دەبوو بەر لە هەموو زۆردارێك بەخەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی بگرێت. ئەگەلەیشی بۆ دەچێتەوە لەوەدا کە زێدە لە هەموو میللەت ئالای کوردایەتیی هەڵنەکردووە ئەگەر لە خۆمان بسەلمێنین دروشمی سیاسەتی ساڵی ١٩٨٧ بەسەر داروەکازی مەحوییەوە بشەکێنینەوە دەبێ خەریك بین لە خەیاڵەوە دروشمە سیاسییەکانی ساڵی ٢٠٨٧ بە چەرمگە و نەغیزەکانی نمایشتی ئەم ڕۆژەماندا بدرووین دەنا بە گەز و گرێی خۆمان ئیفلاس دەکەین.

بەپێی ئەو باس و خەبەرانەی لە مەحوییەوە بە ئێمە گەیشتووە لەلایەن ڕەفتار و ئاکارەوە هەرچی هەوشێکی لەوانە بێ لە ئادەمیزاد بەداوێوە بکرێ تێیدا نەبووە مەلایەکی تەریقەتداری هوانانس، لە جفزی باوەڕی ئیسلامەتیی خۆی دەرنەچووە هەوڵی گوزەرانیشی هەر پاییی پەلەکوتکەی ژیانێکی سادە بووە کە بەحاڵ لە مەلایەکی خاوەن مەدرەسە و فەقێ دەوەشێتەوە ئەو سەفەرەی کە بەپێی قسەی مامۆستا سەجادی بۆ ئەستەمبوڵی کردووە لە ساڵی ١٨٨٣ ز گۆیا چاویشی بە سوڵتان عەبدولحەمید کەوتووە، ئەگەر ڕووی دابێ، خەبەرێکی خۆشە پایەی مەحوی لە سادە مەلا و تەریقەتدارێکی سەر بەرماڵ بەرەژووتر دەبات، زۆریش ئەك کەم، چونکە

گەیشتن بە سوڵتان لەوسەردەمەدا کارێکی ئاسان نەبووە پیاوێکی شۆرەتی مەزنایەتییەکەی بەر لە خۆی ڕێگەی چوونە لای سوڵتانی بۆ هەموار نەکردبێت تەمای سەردانی سوڵتانی نابێت. سوڵتانیش لە حیسابیدا نەبووە هەر بۆرەپیاوێکی ئارەزووی کرد خێرا دەرگای (بابی عالی)ی بۆ بکرێتەوە. خۆ ئەگەر دروستکردنی خانەقاکەی (مەحوی)ش مایەی ئەو ڕێزگرتنە بێت هێندەی دیکە بەڵگەی شەخسییەتی مەحوی دەچەسپێنێ. ئەو ڕوباعییە فارسییەش کە لە لاپەڕە (بیست و حەوت)ی پێشەکییەکەی (دیوانی مەحوی)، لە شەرحی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و کاک محەمەد، بە عەیب حیساب کراوە لەسەر مەحوی بەوەدا کە حەمە عەلی شای قاجاری پێ هەڵداوەتەوە، ئەویش دەبێ بدرێتەوە بەو سەردەمەی تێیدا هۆنراوەتەوە تا ئەگەر خەڵقی سلێمانی وەیا کوردستان بە تێکڕایی لەسەر مەحوییان بە عەیب حیساب کردبێت ئێمەش پێرەوییان لێ دەکەین. بەڵام دەبێ کە ئەمەمان کرد هەموو ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەش تاوانبار بکەین کە بە برووسکەی گەرموگوڕ پیرۆزباییان لە عەبدولکەریم قاسم کرد لەسەر بۆردمانەکەی کوردستان لە (١١)ی ئەیلوولی ١٩٦١. من دڵنیام لەوەی کە مەحوی گلەیی لێ نەکراوە چونکە ئەو خەڵقەی کە بە خەیاڵ دەیانخەینە سەر گلەییکردن لە مەحوی بۆ خۆیان بەرزەیی بۆ زابیتێکی تورک ڕاست دەبوونەوە و دەستەونەزەر بەرانبەری دەچەقین. کوردەکەی تەڕانیش لە ئاست حکوومەتەکەی قاجاری هەروەها بوون، کەسیش بەتەما نییە گلەیی بە خەمەر بهێنێ لێیان. واقیعێکی هەناسەبڕی پشتشکێنی ئەو خەڵقەی تێدا گرفتار بووە ئەوە نییە لە ترسی گلەیی دواڕۆژ (کە هەر بە وەهمیش دانەهاتووە) سەرپێچی و سینگ دەرپەڕاندنی پێ کردبێ لە ئاست داگیرکەری بێ ڕەحم. سەیری مێژووی کۆن و نوێ بکەیت دەبینیت کورد کەمتر لە میللەتانی دیکە سەودای کوڕێنی و دەماغبەرزیی شلک بردووە. قسە لەم ڕێبازەوە شریتەی هەیە من لێی دەبڕمەوە بەڵام ڕاستییەکەی حەزم دەکرد بزانم ئەو ڕوباعییە لە چ زەرفێك و بە چ نیازێك داندراوە و چۆناوچۆنی بۆ مەدح کراوە کە بەڕێ کراوە. مەحوی هێندە کۆن نییە سەروشوونی هەمیراتی بزر بووبێت. لە غەریبیش نەژیاوە تاکو سەودای دوور باسوهەواسی کپ کردبێت. لە نموونەدا دەڵێم ئەو دەفیکرانەی ئەو و چەند مەلایەکی دیکەی سلێمانی بۆ بەغدا کە لە ساڵی ١٢٩١ ك. ڕووی داوە و لە لاپەڕە (شەش)ی دیوانی مەحویی باسکراودا هۆیەکەی بە نەزانراوی هێڵراوەتەوە خستمییە سەر پرسکردن. بە کورتی دەڵێم بە تەئەفوون داوام لە برادەرم

(عەلی دەروێش) کرد لە سلێمانی، ئەویش قسەکەی بە مامۆستا عەبدوڵلا ئاگرین ڕاگەیاند، ئەویش لە هەمان دەمدا بە تەلەفۆن پێی گوتم کە لە مەلا ئەسعەدی مامی خۆی بیستووە چەند مەلایەک بە حکوومەتیان ڕاگەیاندووە کە مەحوی و مەلاکانی دیکە پەیوەندییان بە حکوومەتی ئێرانەوە هەیە بۆ سستکردنی دەسەڵاتی عوسمانلییەکان... گوتیشی ئەم باسەی لە گوتارێکی خۆی کە ساڵی، وابزانم ، ۱۹۷۷ لە گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بڵاو کراوەتەوە، شەرح داوە. دیارە حەسوودی مەلاکانی خەبەردەری هەستووەتە سەر ڕێگەی وەها درێو، پێشی ناوێ بە تەئویل عوزریان بۆ بهێنێتەوە بەوەدا کە وا ڕەنگە جوداییی مەزهەب لە سنییەوە بۆ شیعە کەمەری هیمەتی بۆ چوغلی پێ بەستبن... مەحوی کە بەعایەرەی ناکار و ڕەفتار و ئەدەبیاتی سەردەمی خۆی هەڵکێشرێت لە کار و عەقیدەدا خواناسێکی ڕاست و حەقپەرست دەردەچێت، دیارە مرۆی ئەوتۆیی ڕاست و حەقپەرست لای چاکەی خەڵق دەگرێت کە ئەگەر بە کردەوەش نەیتوانیبێت حەق بە خاوەن حەق بگەیەنێت بەدڵ و بەزار و بەقەڵەم ڕاڕەوی حەقناسی و حەقسەلمێنی و دژمستەمی دەگرێتە بەر. لێرەدا دەبێ بڵێم، بەندی (لە شاری کوێران دەبێ چاو بنووقێنیت، یان دەست لەسەر چاوت دانێیت) هەر ئەبێ بۆرەسێبەرێکی خۆی دەخاتە سەر ڕەفتاری ئادەمی، ئەو بۆرەسێبەرەش لە کەس بە عەیب ناگیرێ. حەدیسی مەشووری (من رأی منکم منکرا فلیغیره بیده فان لم یستطع فبلسانه فان لم یستطع فبقلبه وذلك اضعف الایمان) دەستووری واقیعی ئێنسافکارانەیە لەم مەیدانەدا.

چارەسەرکردنی بەدایەتی و ستەم و بێ ویژڵی و ناکاری وەها چەپەڵ بە پاڵەوانبازیی تاک تاکی مرۆی کەم دەسەڵات ورێنە و وەهمە، لە زۆر باردا خۆدزینەوەش لە بەدایەتییەکی کە زۆردار بەسەر خەڵقیدا دەسەپێنێ ئاسان نییە. بەسە بۆ شەرافەتی مەحوی و کەسانی وەک ئەو کە لە جەرگەی ئەو حەدیسە دەرنەچن. ئێمە ئەگەر لە کولانەی (نظری)یەوە سەیری کۆمەلایەتی بکەین دەبێ بەوە ڕازی بین مرۆ خراپە نەکات، کە خراپەی نەکرد خاڵەبەخش بێت لە بەرهەڵستی نەکردن لە خراپەی غەیر، کۆمەلایەتیش لێرەدا ئەوەیە کە خۆمان و مەحویی تێدا ژیاوە نەک هی سویسرە و فنلەندە. لایەنی (نظری)ش لێرەدا ئەوەیە کە (مرۆ) خراپەی نەکرد خراپە نامێنێ بەرهەڵستیی لێ بکرێت.

دوای ئەوەی لەلایەن ناکار و کردارەوە لە مەحوی بووینەوە بۆ ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتین لە شەرافەت و خاوێنی و خواناسی و دادخوازی، چ ڕێگایەک لەبەر مەنگاوی

مندا نامەوێ تێیرا بڕۆم لە باسی ژیان و بەسەربردن و ڕووداوێکی بەدەنگ و سەدا دووچاری بوو بێت چونکە هەر ئەوەی لێ دەزانم کە بە کورتی لە پێشەکییەکەی (دیوانی مەحوی)ی باسکراودا هاتووە لەمەش بترازێین، من نەهاتووم لە ژیان و بەسەرهاتی مەحوی بکۆڵمەوە چونکە موناسەبەکەی میهرەجان پەراوێزی بە دەوری ئەم نووسینەدا کێشاوە کە مەبەستی بنجی تێیدا دەبێ ئەدەب بێت نەک بەسەرهات. ئەمە لەلایێکەوە لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی تێگەیشتنی من لە هێمای ڕووداوێکی ڕەنگی دابێتەوە لە دیوانی مەحوی بەو جۆرەی ئێمە بگەیەنێ کە دەعلی تایبەتی هەبووبێت لە ئەدەبی مەحوی وەیا ڕووکاری بەرەو لایەنێکی نوێدا سووڕاندبێت هیچی ئەوتۆ نابینم لە چاو ئەقالیدی شاعیرە کۆنەکانمان زەق خۆ بنوێنێت. لە نموونەدا دەڵێم سەیرێکی قەسیدەی لاپەڕە ١٢١، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٤ لە دیوانەکەی مەحوی بکە کە لە تێشکانەکەی ڕووسان بەرانبەر ژاپۆنیای ساڵی ١٩٠٥ هۆنراوەتەوە و بە هەمووی یەک ساڵ ماوە ژیانی مەحوی لە ١٩٠٦ کۆتایی بێت، دەبینیت چ فەرقێک نییە لە نێوان ئەو قەسیدەیە و هەرچی پێش خۆی گوتراوە لەلایەن دارشتن و فەرهەنگۆک و باوەڕ و تەسەوور و هەرچی شتێکی کە ڕێی تێ دەچێ بێتە ناو شیعری شاعیر وەیا ڕەنگێکی جوداکەرەوەی تێ هەڵسوێت. باوەڕ ناکەم لەو تاکە ساڵەشدا کە تەمەنی مەحوی بەلای کەمەوە (١٣٢٦ – ١٢٥٢) ٧٣ ساڵ بووە مەودا هەبێ بۆ گۆڕانێک و ڕووسووڕانێک کار بکاتە سەر خۆی یا ئەدەبی. گەورەترین بنگەی خەیاڵ لەو قەسیدەیەدا دوو شتە: یەکیان ئەوەیە کە (زۆر) لە ئاست (کەم)دا هەڵاتووە بەوەشدا باشتر توانای کردگار بۆخەڵق ئاشکرا دەبێت، ئەمەش عەقیدە دڵخۆش دەکات. دووەمیان ئەوەیە کە (قەیسەر) لە زمانی ڕووساندا (چار)ە ئیتر دەرفەت پەیدا بووە بۆ کەڵک وەرگرتن لە ڕێکەوتێکی خۆش کە لە کوردی و فارسیدا وشە هەن (چار) بێت وەیا (چار)ی تێدا بێت بە واتای هەمەچەشنە:

چاری قەیسەر بزانە نییە، چەندە چاری وا

بێ چارە ما کە بوو بە دوو پەنجەی قەزا دووچار

تا لەم دوو نیوە دێڕەدا چوار جاران جێگە بۆ (چار) دۆزراییەوە لە بەیتی دیکەشدا (چار) هاتووە لە جیاتی (چوار) ئەمەیش شتێکە لە چەژی شیعر شیرن دێت. لەم قەسیدەیەدا دەرفەت بۆ منیش هاتووە کە دەوری بەیتی چوارەمی هەڵبێنم:

دەبرە تیریشقەیێکە کە کێوی دەدا بە باد

تەشباه – ئەوەندە زۆرە بە کەس نایەتە شومار

لەم بەیتەدا هێمایەکی بەهێز هەیە بۆ ئایەتی (فلما تجلی للجبل جعله دکا، خر دکا وخر موسی صعقا). مامۆستا مەلا کەریم و کاک محەمەد ئەم لایەنەیان تێ نەخوێندووەتەوە. سەیر ئەوەیە پاش مەرگی مەحوی بە ٣٩ ساڵ بۆمبای ئاتۆم (ذرة) بەسەر ژاپۆندا هاتە خوار و ئەو ترێشقەیەی لێ کەوتەوە کە دەزانین کێو دەدا بەباد. ئەگەر مەحوی مریدی مابانایە (ئەبرەو ترێشقە)یان بۆ بە پێشبینی و کەرامەت لە قەڵەم دەدا.

کە دەڵێم لەم نووسینەدا باسی چۆنیەتیی ژیان و ڕووداوەکانی بەرهەنگاوی مەحوی مەبەست نییە ئەهاتووم بڵێم زانینی ئەو لایەنە کەم بایەخە، هەر ئەوەیە کە جێگەی لێرەدا نابێتەوە. ئەما ئەگەر بڵێین بۆ تێگەیشتنی مانای شیعرەکانی دیراسەی ژیان و مێژووی سەردەمەکەی پێویستە، ڕاستییەکەی زۆر بەداخەوە، ناونارەیەک نەبێ شاعیرەکانمان تابلۆی دەروونی خۆیانیان بەشێعر کێشاوە نەک بوونەتە ئاوێنەی ڕۆژگاریان. بوونی شاعیر و مەلا و خوێندەوار بە ئاوێنەی واقیع بەوەندە نابێ باسێکی زوڵم وەیا خەفەتێک بۆ داد وەیا ڕەنگێکی عادەتی واقیع بکەوێتە بەرهەمیانەوە چونکە مرۆڤ هەر زار هەڵێنێت بە ناچاری شتێکی بەزماندا دێت پێوەندیی بە بازاڕ یاخود کۆڵان یاخود مزگەوت و تەکیە و خەرمان...ەوە هەبێت یا هیچ مەبەستێکی نەبێت من و تۆ لە نووسیندا بە دۆستی مێژووی هەڵمینەوە. کە مرۆڤەکە کەوتە سەر باری شیعردانان دەست دەکات بە بژاردەکردنی وێنەی شیعری. لە ڕۆژگاری مەحوی و پێش ئەمویدا (وێنەی شیعری) ئەوە بوو کە لە دیوانەکانیاندا دەیبینین: خەیاڵ، وردەکاری، ئارایشت، نوکتەئارایی، مەعارەفی داڕشتن، وێنەی هونەری تازە یاخۆ تەقلیدی بەپێی دەسەڵاتی شاعیر... و شتی ئەوتۆیی کە چارچێوەی مەفهوومی سەلمێندراو و بە عەیارەی مەقبوول پێوراو کێش و قافیەی ڕێک بن. ئەوەندەی شاعیر خەریک بوو بە زمانی شیعری ئەوسا ئیسپاتی ئەبوونی دەمی پار بکات و کەمەرەکەی لە موو باریکتر بکێشێت گوێی نەداوەتە ڕووداو، بگرە خۆی لە چاکە و خراپەی دنیا ئەگەیاندووە سەرنج بگرێت دەبینێت شاعیرەکان مەنهەجێکیان نەبووە بۆ خۆ تێ گەیاندنی کاروباری ئەم دنیایە، کەی ڕووداوێک کەوتە بەرمجێزی یاخۆ خزمەتی مەعارەتێکی ناوشیعری کرد نیگایێکی لێ خوار دەکاتەوە. سالم ئەو شێوەنەی بۆ بابانەکان کرد لەوەوە بوو کە برین کەوتبووە لەشی خۆی دەنا هەشت ساڵێک پێش تێچوونی بابان ڕەواندز لێی قەوما بوو بیری بۆی نەچوو. هەڵبەت من زۆر مەمنوونی سالمم کە

شیعری خۆی کردە لاواندنەوە بۆ شێوەتی تێچوونی بابان، خۆ دەیتوانی بەو ئەدەبە پێ دزێلکە بکات بەرەو دەسەلاتی نوێ، کە ئەیکرد لە مەردایەتی و هەستی بریندار و دەماری کەرلەمتەوە بوو. بەلام دەبێ خۆمان بە سەعوو نەبەین لە دەلالەتی رووداو: لەو دەمانەدا کەس گلەیی نەبووە لە خۆدزینەوە وەیا خامۆشبوون لە تگبەتیی یەکێکی لە نزیکەوە خزم و دۆست نەبووبێت. بە رێکەوت مەحوی و سالم و کوردی... شیعریان هەیە لێیان دەبێتە شایەدی چاکە و خراپە، ئەدی ئەو عالەمەی کە شیعری نەگوت خۆ هەموویان هەر بێباک بوون بۆچی جاهیلبوونیان ببێتە شەفاعەتکار؟ هەر ئەو جاهیلە لەسەر گیسکێکی خۆی ئامادە بوو دز بکوژێت کەچی بۆ رەواندز گوێی نابزوێت. شاعیرەکان کفریان نەکرد بەهرەیان هەبوو، ناشاعیرەکانیش چ چاکەیان نەکرد کە بەهرەیان نەبوو. با ئێمە عەیارەمان خوار نەبێت و تەرازوومان لەنگ نەکەین بەوەدا کە چاکەی شاعیرەکان لە بیر بکەین هەر چونکە وەکو ئاپۆرەی خەڵق هەستیان بە ئێش و ئازار کردبێت تەک وەکو غاندی.

من کە لەسەر شاعیر دەکەمەوە جەماوەر خەتابار ناکەم. دەمەوێ بە چاوێکی ئینسافەوە سەیری خەڵقی ئێرە بەهێنرێتەوە بکرێت. نەشاعیر و نەغەیری شاعیر لە بارێکی نەفسی و ژیاری و رامیاری و ئابووریی ئەوتۆدا نەبوون ڕێز بگرن و لە دژی زۆر و ستەم هەڵچەقن. هەزار لۆمەی بەدوا کاتی ئەم ڕۆژگارە بابیی هەژاریەکی ئەو تەگبەتە نییە کە باپایەکی بەر لە ۱۰۰ ساڵ بەشەق و شوێلاق دەخرایە زیندانەوە و ماڵ و منداڵیشی لە ترسان و لە برسان زیرەیان لێ هەڵدەستا. هەستی سری کۆمەلایەتیی ئەو سەردەمانە کە مێژووکرد بوو تەک هی ئامەردایەتیی خەڵقەکە وەها نەبوو بۆ ئازاری غەیر بەخەبەر بێت وەیا بتوانێ تیماری دەردی غەیر بکات. هەر کەسە خەریک بوو خۆی بژیت و بەرەکەی لە ناو دەرکات، ئینجا کە من گلەیت لێ ناکەم تۆش گلەییت بەسەرمەوە نامێنێ.

چ شاعیر و چ غەیری شاعیر لە هیچ سەرویەرێکی کاری دنیا بەشدار نەبوون هەتا چاوەنۆڕ بین دەنگی هەڵوەستی رەخنەگرانەیان لە کاری ناڕەوا ببیەین. هەڵوەستیش قسەی رووت نییە، کردەوەی لەگەڵە چ زاڵمێکیش بە تەما نەبووە لە قسەی رووت تووڕە بێت. لە نووسینێکی عەرەبیم، کە جارێ لە ژێر چاپدایە گوتوومە: (كل فلسفة في الارض وكل حكمة في السماء تكون معطلة اذا عدمت بشرا يؤمنون بها ايمان اداء وتنفيذ) دواتریش لەو نووسینەدا دەڵێم: ستەمکار چونکە دەیزانی ئەوانەی لە دیوانی

دادەنیشن ریاکارن هەرگیز خەیاڵی بۆ ئەوە نەچووە کە لە شیعردا دژی ستەم قسە دەکەن ئەویان مەبەست بوویێت خۆ ئەوان پاتەویان بە داد و ئینسافی ئەویان هەڵدەگوت. لە کوردەواریدا شاعیری (مداح) بە واتای مەفهوومی سەردەمە کۆنەکان پەیدا نەبووە چونکە باری وەهای بەخۆوە نەدیتووە لە دەوڵەمەندی و سیاسەتمەداری و بەرژەوەندیی زل کە بۆ دەوڵەتپارێزی پەکی لەسەر شیعر کەوتبێت. لە کوردستانی باشووردا بەر لە ناخەلیوەی حوکمی عەبدوڕەحمان پاشا شیعری عەرووزی کوردیمان نەبوو چ جایی شاعیری مەداحمان هەبێت.

شێخ ڕەزا بە هەڕەشە نەک دەست پانکردنەوە مزەی مەدحی لە کەسانێک دەستاند کە حەزیان دەکرد باسیان نەکرێت. ئەم حاڵەتەی دەستکورتی و بێ سامانی و هەژاریی سیاسیی وەهای کرد کە شیعری سەردەمی مەحوی لەو جەزەدا بمێنێتەوە کە شیعری شاعیرە گۆشەگیرەکانی سەردەمی عەباسی و دواتریش تێیدا قەتیس مابوو. لەو دەمانەدا کە شاعیری مزەخۆر دیوانی خەلیفە و ئەمیر و وەزیرەکانیان بە شیعری زرینگەدار دەڕازاندەوە شاعیری گۆشەگیر زۆر بوون شیعریان بۆ دەروونی خۆیان دەگوت. بێگومان ئەگەر لە کوردەواریشدا بازاڕی شیعری مەدح بەبرەو بایە مەحوی هەر ئەوە دەبوو کە دەیناسین. تاکە ڕوباعییەی بۆ شای ئێران بە سێ بەڵگەی مەحکەم ئیسپاتی قسەکەم دەکات: بەڵگەی یەکەم ئەوەیە کە تاقانەیە. بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە دەست پانکردنەوەی تێدا نییە. بەڵگەی سێیەم ئەوەیە کە ئەویش وەکو حاجی قادر مەدحی دەسەڵاتداری نزیکی نەکردووە خەیاڵی پاداشی لێ بکرێت.

لە نووسینێکی حەفتاکانماندا باپیی زانینی خۆم و هۆش پێشکانم دیاردەی کەنارەگیری و خۆ لە دنیانەگەیاندن و وسکتبوون لە ڕووداو و ئەو جۆرە دوورەپارێزییەی شاعیرە ناسراوەکانی لێرە بە پێشەوەمانم شی کردووەتەوە کە وەک بە بیرمدا دێتەوە و پێشی ڕازیم، دیاردەکە دەچێتەوە بۆ بێ دەسەڵاتی و بەشدارنەبوون لە هەڵسوکەوتی دنیا و ئەوەمانی کاری گرنگ و چارەسەرکردنی گرفت و کۆسپی کۆمەڵ و ئەو تەرزە بێ تەرەفییە ناچارییەی کە دەکێشێتەوە بۆ بەخۆوە خەریکبوونی شاعیر و پەنگخواردنی دەروونی، تا ئەوەی وەک ئەو حەیسانەی کە لە ماوەی ١٠ - ١٢ ساڵدا دەبنە ماهیرترین کەس لە هونەری نەخش، شاعیری بێ بەشیش لە کاری دنیا دەبێتە وەستای نەخش و ئەونی ناو شیعر. بێگومان هەندێ باوەڕی سەر بە قەزا و قەدەریش دەبێتە ڕێ خۆشکەرەوە بۆ پەیکەخواردنی شاعیر و غەیری شاعیریش لە حاڵ و بارێکدا

کە هەرگیز پرسیان پێ ناکرێت و تێ ناخوێندرێنەوە. بەڵام قەزا و قەدەر بە تەنها قەت نەبووەتە هۆی پرپوون: لە دەمی پێغەمبەرایەتیدا شاعیر هەبوون و پێویستیش سرپوون بۆ لەسەرخۆکردنەوە و وەڵامدانەوە و بردنەوەی شەڕە دەندووکێی وشەیی. من نامەوێ لێرەدا بچمە ناو درێژەی ئەو هۆیانەی وەهایان کرد کۆمەڵایەتیی کورد مردەڵەی ئەزۆك بێت. هەر ئەوەندە دەڵێم ئەمڕۆشیا کورد لەمبارەی تێیدا دەژیا مردەڵە نەبێت و شاعیر و غەیری شاعیری دووربەرێز و ڕووبەرو قەزا و قەدەر نەبن. ئێستا کە لە ساڵی ١٩٨٧ من ئەگەر دووربەرێز نابم چیم؟ حکوومەت بە خێری خۆی ڕێ دەدات نووسینم بڵاو ببێتەوە، لەوە بەولاوە چ دەکەم؟ هیچ هەر هیچ.

ئیتر مەحوی و کوردی و وەفایی چیهان کردبایە دەبوونە ڕۆڵەی سەردەمی خۆیان. بەشێکی زۆری نووسەری کورد خەریکی بڵاوکردنەوەی حەیرانە و بەستە و باڵۆرەیە کە ئەمانە لە تامی تەرازووی هیچ سەردەمێکدا نایەنە هاوسەنگی شیعری ئەو باسکراوانە نە لە ڕوخسار و نە لە ناوەرۆك و نە لە هێمادا. ئەگەر باڵۆرە بڵاو نەکەنەوە چییان پێ دەکرێت؟ سەقافەتی نوێ وەهای کردووە هەڵگەڕاتەوە هەبێت بەڵام مەرجی زۆرە. مەرجیش واز لێ هێنین بە دەگمەن نەبێ کەس لە ڕابەرە بەسەهووچووەکەی خۆی هەڵناگەڕێتەوە.

کەس بەتەما نییە بە ڕەخنە لە خۆگرتن واز لە باوەڕی پووچەڵ بهێنێت تا ئەوەی کە تەجرەبەش ئەو پووچەڵییە بە ئیسپات دەگەیەنێت وازی لێ ناهێندرێت. ئینجا کە گەنج و خوێندەواری ناخەلیوەی سەدەی بیستەم سوور بێت لەسەر بتپەرستیی مۆدێلی نوێ، بۆچی داوا بکەین لە مەولەوی و مەحوی واز لە (قدریة) بهێنن کە هەر نەبێ (قدریة) بە عەیارەی خۆی ڕاست دەردەچێت و وەك ئەوە نییە کە شێلەم چاند و شێن نەبوو بەردەوام بم لەسەر شێلەمپەرستی.

گلەییم لە مەحوی نییە کە ڕمانی حاکمایەتیی بابان دەنگی نەداوەتەوە لە دیوانی چونکە لە غەیری دیوانی سالم دەنگی لە دیوانی کەسی دیکە نەداوەتەوە، حاجی قادریش پێش ئاوارەبوونی بۆ ئەستەمبوڵ نە باسی ڕمانی ڕەواندز و نە بابانی نەکردووە.

پێم بڵێن شەشی ئەیلوول لە چەند جێگەی کوردستان دەنگی دایەوە؟ سلێمانی کە بۆ شەشی ئەیلوول دەنگی بەرز کردووەتەوە خۆی تازیەدار بوو. لە ١٩٥٧ کە لافاو

زەمەری لە سلێمانی دا چالاکانە هونەرکار و مۆسیقار و گۆرانیبێژیان کەوتنە پێتاك کۆکردنەوە، بەلام چەند ماڵە هەژارێك لە هەولێر ناوبردنی یەك سەلکە پیازیان پێ ڕەوا نەدیترا. بڕین کولاندنەوە خۆش نییە بەلام بێ سوودیش نییە.

شیعری مەحوی دەبێ بە کێش و تەرازووی سەردەمی خۆی هەڵبکێشرێت، ناشێ لە پەنا فکری (نوێ)وە تیری تانە و ڕەخنە بۆ سەد ساڵ بەر لە ئیمڕۆ بەرێ بکرێت.

هەروەك ڕەوا نییە بە خۆڕایی گلەیی ساز بدرێت هەروەهاش ڕەوا نییە لە دەرەوەی شیعری شاعیر واتای بۆ بخوازرێتەوە و لێی بار بکرێت. دۆزینەوەی واتا لە دەقی شیعر جودایە لە بەسەرەوەمنان. ناشێ پەرۆشی دەروونی خۆم وەیا باوەڕم بە چاکە و خراپەوە بۆ بە ئیسبات گەیاندنی نیازێکم بمهاوێتە سەر تەئویلی بێ بنگە لە شیعری مەحوی وەیا ئیبن ئەلفارز وەیا نەبونەواس. کە شاعیری کورد گوتی: قەزا و قەدەر حوکمی خۆی دەکات ڕێم نییە بڵێم بەوەدا مەبەستی بزاوتنی گیانی کوردایەتییە گۆیا ویستوویەتی بڵێ خۆمین بەئومێد بێ!

لە نموونەی ڕوو بەواتا گۆڕین لە ڕێی تەئویلی بێ بنگەوە ئەم بەیتەی خوارەوە لە لاپەڕە (١٧)ی دیوانی مەحوی دەهێنمەوە:

بۆ دوکانی مشتەری گر حەول ئەدا کالافرۆش

دینی وا دێنێتە قیمەت خواجە ئەعضایی بکات

لەو لاپەڕەیەدا شەرحی بەیتەکە وەها کراوە کە مەلایەکی بۆ خواستوومتەوە و ڕیشیش لە خواجە خواستوومتەوە بۆی..

ئەم تەئویلە هەرگیز لەو دەقە هەڵناستێت چونکە مومکین نییە ڕیشی خواجە لەو دەقەدا بە شێوەی کەسەوە بنووسێت چ مەلا و چ غەیری مەلا. ڕیشی خواجە هەر لەشوێنی خۆیدا دەبێت و بە ڕیشی جوولەکایەتییەوە دەبێ بهێنە ئەو ئەنجوومەنەی (ڕەنگە هی دادگا بێت) ئەعزایی تێدا دەکات. کالافرۆشیش کە ئەو دینە ناباوە دێنێتە قیمەت ئەعزایی خواجەی جوو جەربەزەیێکە فێڵبازێکە قۆڵبڕێکە بێ دینێکە نموونەی نوێنەری بەدایەتییە. ئەگەر بە مل مەلا وەیا شێخ وەیا توجار وەیا والی و قازی و سەرەك وەزیرانیشدا بپرێت لە واتای کەم دەبێتەوە و بابەخ دەدۆڕێنێت چونکە لە (مطلق) بێ دین و ساختەچی وێك دێتەوە بۆ (مقید)ی مەلا کە دەزانین زۆربەیان بڕسی و هەژار بوون و دەسەڵاتی جوولەکە دامەزراندنیان نەبووە بە ئەندامی دایەرەی

بەرزی حکوومەت. بەهەمەحاڵ دەسەڵاتیشیان هەبووبێ ئەوان بەر تەعنەی بەیتەکە ناکەون مەگەر وەکو هەر کەسێکی دیکە بێت لە هەموو ئەستافی کۆمەڵ کە توانای دەسەڵاتی ساختەی زلی هەبێت.

نموونەیەکی دیکە لە لێککێشانەوەی پەراوێزی واتا بۆ وەبەرخستنی مەبەستێک کە شاعیر نەیویستووە و شیعرەکە هەڵی ناگرێت:

لە لاپەڕە ٩٠ی کتێبی (لەبارەی مەحویی لوتکەوە) بەیتێکی دیکەی مەحوی کە ئەمە دەفەکەیەتی

قەزا بێ دەستەڵاتت کا، چییە غەیری رەزا چارە
لەبەر دەستی جەلابا رێوییکە شێری پەل بەستە

ماناکەی لە (قضاء)ەوە بۆ (رێکەوت) و لە تەسەوفەوە بۆ کۆمەڵایەتی بادراوەتەوە ئەو تەئویلە نە بەیتەکە قبووڵی دەکات نە مەحوی خۆیشی پێی رازییە چونکە ئەوەندەی لێ شارەزاین کە بەلای ئەوەوە بێ دەسەڵاتیی کۆمەڵیش هەر دەچێتەوە بۆ تەقدیر ئێمە پێشتر دیتمان تێشکانی رووسیای زل و زەبەلاح لە ئاست ژاپۆنی بچووکی کەم شۆرەت دەداتەوە بە قەزا و قەدەر. ئایا بەکێ دەکرێ ئەم قەدەرەیان هەڵداتەوە لە خواوە کۆمەڵایەتی. مەحوی بەیتی وەهای هەیە هەڵگری دڵدارییەکەی بە دڵداریی راستیەتە بدرێتەوە ئینجا دەشێ لە دەمی گەنجایەتیدا شیعری وەهای گوتبێت وەیا لە کاملّییش پێڕەوی دەستوورانی شاعیرییەتیی ئەو رۆژانەی کردبێت، هێندەی قەسیدەشی هەن مژلشە تەسەوف و غەزەلی بێ تەئویل. ئینجا هەروەک ناشێ شیعری دڵداری بە زۆر هەڵگێردرێتەوە تەسەوف هەروەهاش چاپەز نییە تەسەوف لە مەعنەوییاتی خۆی رووت بکرێتەوە و بخرێتە قاڵبی کۆمەڵایەتی. راستییەکەی لەلایەن بەخۆدا راپەڕموونیشەوە چ شەرنایی هەست ناکەین لەوەدا کە مەحوی وەها شاعیر و دەسەڵاتدار لە تەعبیر و تەبیاتخورت خۆ بدزێتەوە لە (صراحة) بۆ ناو تەمی تەسەوف وەیا راستە عەقیدە، بە پەیتی سەرپۆشکراو کۆمەڵایەتیمان فێر بکات. ئەگەر (قضا) قەزا و قەدەر نەبێ و کۆمەڵایەتی بێ دەبێ مەحوی ترسابێ وەیا نەیزانیبێ هەستی دەروون بداتەوە بە هێزی ناهاوتن. لەلایەن ترسانەوە بێ ئەوەی من بڵێم دیوانەکەی شایەدی بۆ دەدات کە چیی ویستووە ئەوەی گوتووە، خۆ نەهاتووە شەر بەم و بەو بفرۆشێت و ناوی خەڵق بهێنێت ئیتر تەقیە لە چی بکات؟ کێ تەقیەی کردووە تا ئەو

بیکات لەلایەن تەعبیر و زمانزانیشەوە هەموومان دەیناسین چ نوستادیکە لە گوتار

گەلێك بەیتی دوای ئەم بەیتەش دوور خراونەتەوە لە مەبەستی خۆیان وەك کە رەنگی سووری یاقووت و جلی شینی پیرۆزە لە بەینی.

لە کێ پرسم دڵی بۆ پڕ لە خوێنی حەسرەتە یاقووت
عەزاپۆشی چییە و کێیە؟ جلی پیرۆزە بۆ شینە

وەها لێك دراوەتەوە کە مەحوی لەم شتە جوانانە «نازار و ژان و فرمێسك و هەنسك و حەسرەت و دڵۆپی خوێناوی و قوڵپی گریانی دەرهێناوە کە گەورەترین شێوەی ئازاردانی مرۆڤی خستووەتە بەرچاو. ئازارە لەبەر سزادان، لەبەر چەوساندنەوە لەبەر دارکارییی گیان و هەست.» بڕوانە لاپەڕە ۹۱ ، ۹۲ لە (... مەحوی لوتکە).

مەبەستی مەحوی لە سەراپای قەسیدەکە دیارە و تەئویل هەڵناگرێت تەنانەت ئەگەر ڕێی تەئویلیی نامناوەنجیش بدرێت دەبێ لە بەیتی دووەمدا کە دەڵێ:

دەبینی جێیەك ئەمڕۆ بەزمی عەیش و بادەنۆشینە
سبەینێ زوو زەمانە وەضعی گۆڕیوە لە نۆ شینە

دەبێ مەبەستی مەحوی شێوەنکردن بێت بۆ ئەو خوا پێداوانەی لێیان تێك دەچێت چونکە (بەزمی عەیش و بادەنۆشین) هی چەوساپەوە و سزادراو نییە. گلەیی مەحوی لە هەموو وجوودە نەك لە بەشێکی. سەرەتای قەسیدەکەش هەر وەها دەگەیەنێت و وەها دەست پێ دەکات:

لە ڕۆژێ هەڵدرا ئەم کۆنە خەیمەی ئان و پۆشینە
لە سایەیدا شەرابی بەزمی عوشرەت گریە جۆشینە

هەروا لە نموونەی زاڵکردنی هەستی دەروونی بێزەر بەسەر دەقی شیعردا زۆربەی ئەو بۆچوونانەی نێوان لاپەڕەکانی ۱۹۷ - ۲۶۶ لە کتێبەکەی (مەحویی لوتکە)دا بە ئاشکرایی ویژدانی نووسەرەکە کە لە هەموو نووسینەکە خۆ دەنوێنێت، تێکەڵ بە دڵ و دەروونی مەحوی دەکەن. لە لاپەڕە ۳۲٦ کە ڕوباعییەکەی (ئەم پارەپەرستانە..) شی دەکرێتەوە، نووسەر پاڵ بەمەبەستە ئاشکراکەی مەحوییەوە دەنێت هەتا بەرارەوی خۆیدا دەیگەیەنێتە کۆتایی قەسیدەی:

«لە پڕ بەردی ئەجەل بۆ شیشەیی عومرم ئەوا بێ زوو»

کە ئەم بەیتەیە:

دەنی طەبعی بە جاریٚ عالەمی داگرت ئەوا مەحوی
دەرەنگە ئیلتیجابە بەر دەری عالی جەنابیٚ زوو

ئیتر بە چەند دێڕێك لە لاپەڕە ٢٢٧ کار دەکاتە دەرەبەگایەتی و نیمچە سەرمایەداری و چینایەتی...

من ناتوانم لێرەدا بەدوا ئەو تێبینییە بنچینەیانەم بکەوم کەوا لە ناغڵەبی بەروڕاکانی ئەو لاپەڕانەدا داوای شەرح و کەلێن گرتن و خستنەقاڵب و ڕاستکردنەوە و بادانەوە بۆ ڕاڕەوی مەحوی دەکەن چونکە بە نیمچە کتێبێك لێی نابمەوە، هەر ئەوەندە دەڵێم دەبوو نووسەر بۆمان ساغ بکاتەوە کە ڕوباعییەکە زووتر هۆنراوەتەوە لە قەسیدەکە بۆ ئەوە بشێ، هەر نەبێ ڕواڵەتی بسەلمێنین کە مەحوی بە پلیکانەی ڕوباعییەکەدا سەرەژوور چووە بۆ قەسیدەکە.

برە شیعری (نەلعەیاذ) کە ڕوویەڕووی تێکڕای ئەهلی (شار) گوتراوە:

بۆتە مونئیس، بۆتە مەئوا قەوم و شاریٚ نەلعەیاذ
دێوی بێتیٚ جێیەجیٚ دەروا بە باریٚ نەلعەیاذ
هەرکەسیٚ ساتیٚ لەگەڵ ئەو قەومە بوویٚ تا ئەبەد
بێتەوە فکری لە زاری دانەباریٚ نەلعەیاذ

بادراوەتە بۆ سەر (دەسەڵاتدار و دەستڕۆیی) - لاپەڕە ٢٢٨ کتێبی مەحویی لووتکە - نە مەحوی و نە بەر لە مەحوی کە گلەییان لە زەمانە و خەڵق کردبێت مەبەستیان جوداکردنەوەی چینی زۆردار بووە لە زۆر لێکراو. ناوناوە لە بەیتێکدا وەیا لە قەسیدەیەکدا ئەم هەڵاوێردنە هەبوو بێت (منهجیة)ی نەبەخشیوە. هەر لەم شێوازەی مەحویدا بەر لە هەزار ساڵیش گلەیی وەها لە زەمانە و عالەم کراوە تا ئەگەر مەحوی لە قەسیدەکانی هی وەهای هەبوو بێت (زهد)ی گرتبێتە بەر. شاعیر هەبوون لە کۆنەوە هەر (زهد)یان کردووە بەرامبەر هیچیشیان بە شۆڕشی فکری دانانەدرێن دژی چین وەیا نرچین و تیرێژ وەك پێشتریش گوتم کەس لەو تەرزە شیعرانە وەتەنگ نەهاتووە چونکە بە هاندان و خەڵق تیژکردن حیساب نەکراوە. لەو نەلعەیانەدا بەیتێك هەیە دەڵێ:

ئەهلی تەزویر و فەسادن غاصیبی ماڵی عیباد
موبتەلا بن بەم بەلایە ئەهلی شاریٚ نەلعەیاذ

نیشارەی بۆ (غصب)هەیە. ئەم غەسبە بەر زۆردار و ئەهلی بازاڕیش دەکەوێت کە پیشەیان بەسەرەوەدانی قەرزە بۆ حیسابی قەرزدارەکانیان تاکو وەها دەبێت قەرزەکە دەکرێتەوە سەلەم بۆ کۆزی دانەهاتووی بەرخ و گیسك نیتر لە ناکامدا ڕەنگە لە بری دینارێك قەرز پێنج دیناریش وەرگیرابێتەوە. هەر چۆنێك بێت زۆردار مەلعوونێکی بەرچاوی ئەهلی شارە لێی دەوەستێتەوە ئەوەندە موجامەلەی لەگەڵدا بکرێت. خوا لە ناوی ببات کە مرۆ نەتوانێ لە ناوی ببات. تێکهاویشتنی چینایەتی و بیری چینایەتی لە کوردستانی خۆماندا هەتا سیبەکانیش سەری هەڵنەدابوو، کە سەری هەڵدا لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو نەك لە نمای چینی بۆرجوازی کە تا ئیستاش پەیدا نەبووە. گوتوومە و لەم باسەشدا گوتم ئاکە (صراف)ێك لە کورد نەڕسکاوە.

مەحوی بەوەدا پەنجە نیشان ئابێت کە بەسەرووبۆتەراکی خرابە و بێ دینیدا هاتوومە خوار چونکە تەقلیدێکی کۆتی شعر و ئەهلی (وشە)یە گلەیی لە بەدایەتی بکەن. ئەبونەواس کە بە پارەی پاداش دەژیا خۆگیف دەکاتەوە و دەڵێ:

ومستعبد اخوانه بثراثه

لبست له کبرا ابر علی الکبر

مەحوی لەلایەن شیعرەوە بە مەتانەتی داڕشتن و نوکتەئارایی و سەرەژوورچوون لە دەستووری سەلمێنراوەکانی شاعیریەتیی سەردەمی خۆی و دەربڕینی هەست بەشێوازی هونەری قەشەنگ و داهێنانی وێنەی زیهنی نوێ و بەجێهێشتنەوەی شاعیرانی تر لەو مەبەستە شیعرییە ئاشنایانەی هەموو تێیاندا بەشدارن... لە مانە و لە جۆرە داڕشتنێکی لوغەویی تایبەت بە خۆی کە شەقڵێکی جوداکەرەوەی تەعبیری ئەوە لە شیعری کوردی مەحوی دەچێتە ڕیزی یەکەمی شاعیرەکانمان و لە تەنیشت نالی پاڵ لێ دەداتەوە.

لێرەدا ڕایەك دەردەبڕم دەمێ لە بیستنی و بەلارەدانی پەلە نەکرێت.

هەرچەند جارێ ڕێم نەبووە بە وردی دیوانەکەم مەحوی بخوێنمەوە، بگرە هەوڵی ئەرزانەوەم بەم گوتارە ماوەی ئەدامێ هەمووشی بخوێنمەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کە من لە خوێندنەوەی شیعری کوردی سەر بە هێروگلیفیدا ناگرم بەڵکو ئەبزی هەر بەیتێکی لە مامرەدا فڕکە دەکات، سەیر نییە بە زوویی دیاردەی بەرچاو لە دیوانێکدا بەدی

بکەم وەھا دەبینم شەبەنگی نالی لە شیعری مەحویدا بزرە و دیاریشە. نەك تەمە و بەس بەڵکو بوونەکەی لەو شوێنانەدا کە پێویست بوو دەرکەوێت بەڵگەی دیاربوونییەتی لە ویژدانی.

سەرنجێك بگرنە قەسیدەی (بەحری نوور) پاتەویات (معارضە)ی قەسیدەی (ئەلانەی بووم ئاسا ھەتا کەی حیرصی ویرانە)ی نالیی بۆ کردووە، وەك دەشزانین موعارەزی بۆنینەوەی شیعرە لە قافیە و کێش و ناوەرۆکی شیعرێکی مەتوور، لە موعارەزەدا دوشمنایەتی مەبەست نییە مەگەر هۆنەرەوە بیکا بە دوشمنایەتی. لەم قەسیدەیەدا مەحوی کە بەرێبازی نالیدا رۆیشتووە دێت لە بەرەو کۆتاییی ھەڵبەستدا دەڵێ:

کەبرەبر بوو قەصیدەی بوردە نەشئەی عالەمی پڕ کرد
فەرموو بەم قصیدەی کوردە نۆبەی نەشئە پێوانە

واتە قەصیدەی (بردە، بردیە) بوصیری کە لە نەعتی پێغەمبەرە (د) زۆر گوتراوە، فەرموو بەم قەسیدەی کوردە دەست بە نەشئە پێوی بکرێت. مەحوی بە ئانقەست معارەزەی نالی دەکات کەچی ناوی (بردە) دەھێنێت کە کێش و قافیەی جودایە لە بەیتەکەی مەحوی، خۆ مەعلوومیشە قەسیدەکەی (نالی)ی بیستووە و بە دڵیشی بووە و خۆیشی وشك کردووە لە قەسیدەکەی خۆیدا لە نالی دانەماڵێت، بەڵگەش، جگە لە دەلالەتی (معارضە) خۆی، کە بەیتی چوارەمی قەسیدەکەی دەڵێ:

تاریکی شەوی کوفرا بە یەك دەم لە مەعیێکیدا
ھەزار و سێ صەد و بیست و دووە، دنیا چراغانە

دیارە لە ١٣٢٢ك. قەسیدەی داناوە. نالی لە ١٢٩٠ك مردووە، تا دەمی قەسیدەکەی مەحوی ٣٢ ساڵ تێپەڕی کردووە، لەوەدا نییە بگوترێ دەشێ مەحوی جارێ چاوی بە دیوان وەیا قەسیدەکەی نالی نەکەوتووە.

لە ناوەرۆکی قەسیدەکەی ھەردووانیش بەراوردێك بکرێت گەلێك شوێن پەنجەی نالی لە مەحویدا دەدۆزرێتەوە بە نموونە مەحوی دەڵێ:

چ مەدحێکت بکەم لانیق بە تۆ (یا خیر خلق الله)
منی بێ خێری نالانیق کە جبریلت ثەنا خوانە

کە لە نەعتەکەی نالی دەخوێنێتەوە:

مرادم زیللەت و پاڕانەوەی حاڵە ئەوەك نەعتە
بە چەند بەیتێکی کوردانە کە قورئانت ئەنا خوانە

هەم بەیتە تازە باسکراوەکەی مەحوی و هەم بەیتی (موکەڕڕەر بوو ..)ت بە بیردا دێتەوە، وشەی کورد لەویاندا و (ئەنا خوان) لە میاندا (قاسمی مشترك)ی هەردوو قەسیدەکەیە..

لەم قەسیدەیە و لە بەیت و دوو بەیتی دیکەشدا نالی بزرێکی دیارە. سەیری بەیتی سێیەم بکە لە لاپەڕە ۱۱۰ی دیوانی مەحوی دەخوێنیتەوە:

(ڕەحە) بەو شێتییە ئەلحەق قسێکی عاقلانەی وت
منم عاقل لە بەرگی عارییە خۆمم کە عاری کرد

ئینجا تەماشای ئەم بەیتەی نالی بکە:

من لە بێ بەرگی ئەحەم پرسی کە بۆچ ڕووتی گوتی
یارەبی شێت بم ئەگەر شاد بم بە بەرگی عارییە

وا دەزانم (ڕەحە) و (ئەحە)ش یەك ناو بێت لە نووسیندا بە هەڵە گۆڕاوە یاخود مەحوی بە ئانقەست ئەحەی کردووە بە ڕەحە. لە واتادا هەردوو بەیت یەك شتن.

لەم بەیتەدا، مەحوی، کە دەڵێ:

ئەم قیزاعەت بە دووەوە حەققە کە ناپرسی چییە
تۆ یەکێ دانیم هەزارێکی وەکو من دوو بە دووت

وەك نالی شاعیرانە و ئوستادانە وشەی (هەزار)ی بە واتای دەجاران سەد و بە واتای بولبولیش لەکار هێناوە. شەرحی دیوانەکە بۆ ژمارەی هەزار نەچووە. لە ئەسڵیشدا عەرەب کە بە بولبولی گوت (هزار – هەزار) وشەی (هزار داستان)ی کورت کردەوە بە واتای (هەزار ئاهەنگ). نالیش گوتوومتی:

ڕوخی تۆ گوڵێکە سەد بەرگ و هەزاری عاشق ئەمما
لە هەموو چەمەن دیارە بە نوصولی نالە نالی

نالی ژمارەی ئاحاد و میئات و ئولووفی کۆ کردەوە، مەحویش دوو ژمارەی ئاحاد و یەکێکی ئولووفی کۆ کردەوە لە بەیتەکەدا. کورد بە تێکڕایی کە مەبەستی بولبول بوو دەڵێ (هوزار).

زۆری ئەدیبەکانیش هەروەها دەکەن بۆیە لە (هزار - هەزار) هەر بۆ ژمارەکە دەچن

لە دیوانی مەحوی بگەڕێیت نموونەی دیکە زۆر دەبینیت لە جازری و بزربی نالی هەمرویش هەر بە گیانی (تحدی)یەوە هاتوون کەوا بێ دەربڕینی پاتەوبات بەردە عازەبانەیەك هەڵدەگرێت هەر بە نالی هەڵگیراوە. حاجی قادر لە چەندین جێگەی دیوانەکەی ناوی نالی و شیعر و هەتانەتی دەهێنێت تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێ:

بە «تضمین» بەیتەکی نالی دەهێنم تا رەفیقانم
بزانن من بە ئەو ناگەم خەزەف قەت وەك گوهەر نابێ
مەحوی بێ ناوهێنان ملانێی لەگەڵدا دەکات.

ئەو رایەی لە لاپەڕە ۲۱۸ی (مەحویی لوتکە)دا کە شیعری مەحوی لە (سبکی هندی) دادەنێت پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە دەبوو نووسەر شەرحی بدات، بەڵام من وەهای بۆ دەچم کە داڕشتنی (سەبکی مەحوی)یە پتر لەوەی چاولێکەری بێت. مەحوی لە هەڵنانی بەیتەکای ئەو مامڵەتە لەگەڵ وشەدا دەکات کە وەستای بەننا دێت بۆ دوزینەوەی جێگەی لەبار بە دوا بەردی لەباردا دەگەڕێت. گەلێك لە بەیتەکانی مەحوی ئەوەندە سفتە دەڵێی وشەکانی لە پاڵ یەکتر هەڵناوەشێن لەو وەستاییەشدا ناوناوە دەگاتە تۆقەڵانی ئەوتۆ هەر دارەوان و شاخەوانی مەعلان دەیگاتێ. لەو برە شیعرەی کە بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

بەیەبێ یا نەیەبێ من داد و بێدادێ دەکەم
گوێ بداتێ یا نەداتێ ناه و فەریادێ دەکەم

چەندی دەگەمە ئەم بەیتە.

بێستوونی عیشقی شیرینێك ئەوا هاتۆتە پێش
گەر لە حەق بێم و نەیەم تەقلیدی فەرهادێ دەکەم
موچرکێك دەمگرێت (وا ئێستە چاوەکانم تەڕ بوون).

نموونەیەکی وردی و مەتانەت لەم بەیتە دەردەکەوێت وەك کە لە سەدان بەیتی ئەوتۆیدا.

زەمانت کە ببری قسەت دێ بەکار
قەڵەم دادەدەم، پەندی خۆ دادەدەم

ئەم بەیتە لە لاپەڕە (۳٦)ی دیوانی مەحوی وەها شی کراوەتەوە کە مرۆ زمانی خۆی

ببڕێت و قسەی پڕوپووچ نەکات قسەی کاریگەر دەبێت وەك قەڵەم کە ئاسدری ماشتر دەنووسێت، بەڵام شیکردنەکە نە دەڵێ کە زمانت ببڕێت چۆن قسە دەکەیت بە خۆ لە دووبارەبوونەوەی (دادە دەم) دەگەیەنێت

وەك من بۆی دەچم مەحوی ڕواڵەتی زمانبڕینی بەتەپکە داناوە تەپکەکەش وەك (بەرو دوو هۆدە) واتە دەرگەیەك بەلای دوو ژووردا دەکرێتەوە. بە شێوە نووسینی سەردەمی مەحوی (ببری) دەنووسرا دوو جۆر خوێندنەوەی هەڵدەگرت. (ببڕی) بۆ کەسی دووەمی تاك و (ببڕێ) بۆ کەسی سێیەمی تاك. ئینجا کە گوتت (زمانت کە ببڕێ) پێکوێنك قسەت دێتە کار چونکە مانای ڕستەکە ئەوە دەگەیەنێ کە (زمانت بڕندە بێ).

لە (قەڵەم دادەدەم)دا (ببڕی) بەخەیەر دێت کە موناسبی قەڵەمدادانە. دادانی دووەم (دادانی ئاو) وەیا هەر شتێکی دابدات دەگەیەنێ. کە قەڵەم دادرا پەند بە مەرەکەبدا بۆ سەر کاغەز دادەدات. ئەگەر خۆنووسیش بێت پەندەکە بێ مەرەکەب هەر بۆ سەر کاغەز دەچێت. بەڵام گومان نییە، مەحوی قەڵەمی قامیشی مەبەست بووە کە بەمەرەکەب دەبنووسی.

ئیمجە واتایەکی وەك زێدە پارووش لەوەدایە کە ئەگەر بە ڕێنووسی کۆن بنووسرێ:

(پندی خودا دەدەم) دەشێ بخوێندرێتەوە (پەندی خودا دەدەم) واتە ئەو پەندە دەدەم کەهی خودایە. لەبەر خاتری کێش واوی (خودا) ئەختێك درێژ دەکرێتەوە.

من هەر نالی و مەحویم بەبیردا دێت لە کورد ئەو جۆرە هونەرەیان خۆشجلەو کردبێت بۆ ناو هەڵبەست.

بەر لەوەی بچم بۆ شیکردنەوەی چەند نموونەیەکی دیکەی کە لە (دیوانی مەحوی)دا پێویستییان بە تەواوکردن هەیە تێبینییەکی کورتیلە لەبارەی گوزەران و دوورکەوتنەوەی نالی لە وڵات دەکەم کە لە لاپەڕە ۲۱۹، ۲۲۰ی (مەحوی لوتکە)دا بە جۆرێك هاتووە تاریکییەکی خستووەتە سەر نالی کە بە لای منەوە ڕەوا نییە. گۆیا نالی بە دوورکەوتنەوەی لە وڵات و ڕووداو و ئاژاوە و پشێوی کە سەرجەمی ناوچەکەی گرتبووەوە ئازادییەکی بەخۆی دا کە (بەکەیف و هەوەسی خۆی بدوێ).

ئەوەی من بۆی دەچم، نالی لە دەمی حوکمڕانی ئەحمەد پاشادا چوو بۆ حەج، جارێ حەجی تەواو نەکردبوو یان هەر ئەبێ لە حەج نەگەڕابووەوە حاکمایەتیی بابان بەسەر

چوو پاش چەندین ساڵ کاغەزی بۆ سالم نووسی و وەڵامی پەنسی لێ وەرگرتەوە ئیمجا ئەگەر وەها نەبێت و لە پاش تێکچوونی پاشایەتیی ئەحمەد پاشا نالی هەڵاتبێ بۆ دەرەوەی سلێمانی و حەجی ناچاریی کردبێ (کە ئەمە من بۆی ناچم) دەبێ لە ترسی کوشتن وەیا بەندبوونی ڕێی غەریبی گرتبێتە بەر. لە هەردوو حالیشدا نالی بێ ماڵ و حاڵ بووە و بە نەداری سەفەری کردووە نالی لە سلێمانی مزگەوتی نەبوو، هەر هیچی نەبوو بۆیە توانی ئاوارە بێت حاجی قادر و کەیفی جوانرۆییش بێ ماڵ و حاڵ بۆی دەرچوون. چی لە لاپەڕە ۲۲۱ گوتراوە کە نالی لە سلێمانی و لە غوربەتدا بە ناز و نیعمەتی میرەکانی بابان حەوابووەوە ئاواتێکە لە منەوە بەرەو ئەو سەردەمانە: وەی کاشکی بمانتوانیبایە بڵێین ئەحمەد پاشا و باوکی لە سلێمانی خزمەتی نالییان کردووە بە ناز و نیعمەتەوە، دواتریش ئەحمەد پاشا درێغیی بۆ نەکردووە بەڵام چ فایدە! نالییەك لە سلێمانی نوای نەبووبێت. بەر لە دەوری نواکردنیش بە درێژایی تەمەنی فەقێیەتیی وەکو گەڕیدەیەکی هەژار ئەم دێ و ئەو دێ و شار و ئەو شاری کردبێت چ دەرفەتێکی بووە بە نازەوە لە نیعمەتی پاشاکاندا ژیابێت، لەغەریبییشدا بەپێی لە شام دەرسی بە خەڵق گوتووە بۆ نان پەیداکردن. لە ئاخر و ئۆخری ژیانیشی، ساڵی ۱۲۸۸ و بەشێکی ۱۲۸۹ك حاجی مەلا عەبدوڵای جەلی نالیی لە مەکە دیتووە بێ ماڵ و حاڵ، چەند بزنێکی هەبووە پێیانەوە ژیاوە وەك دەبینین تەنها لەو دەمە کە ئەستەنبۆڵ نشیمەنی بووە و ئەحمەد پاشاش تێیدا ژیاوە جێی خۆیەتی چاوەڕوان بین ئەحمەد پاشا خزمەتێکی کردبێت. تێکڕای باری ژیانی مەحوی ئاسوودەتر بووە لە هی لە خۆ هەر نەبێ مەحوی خانەقای هەبووە، بە تەنیشت خانەقاوە ماڵێکیشی هەبووە پێحەسێتەوە، منداڵ و وەچەشی هەبووە پێیانەوە ڕوون بێتەوە، سەد جاران لێی پیرۆز بێت بە ئەوەندەشی لایەق بوو. لەلایەن ناڕاحەتیشەوە، تۆ بڵێی ژیانی ڕاستەقینە هەمووی لەگەڵ (ریوایەت) ڕێك ڕۆیشتبێت؟ زۆر جاران ناخۆشیی بێ سنوور بۆی ڕێك نەکەوت بیبەستێ بە نەبوو بووە، وەهاش بووە بە سەریەوە نراوە بە تێکڕایی ئەملی خەیاڵ وێنەکێشانی حاڵ و باری خۆیان هونەری ئەعبیر تێکەڵ بە واقیع دەکەن. هەروەك لە دڵداریدا بەمەبەست خەویان نامێنێت و فرمێسکیان دەبێتە خوێن و وەك حەڵاڵبار دەبن هەروەهاش لە تەسویری تەنگەتاوبوونیان فەلەك لەگەڵ خۆیان بەشەر دەمێنن، زۆربەی خەڵق لێیان دەبن بە ڕەقیب و دوژمن، لە جیاتی ئاو خوێنی جگەر و لە جیاتی نان گۆشتی دەخۆن.. وەها دەبێ لە ئاخەزیدا شاعیرییەت بەکار دەهێنن تا ئەو

دوژمنەکەیان لە شەیتان مەلعوونتر دەنوێنن.. لە تەبیاتی بەشەر دەومەشێتەوە دڵی ئەعاتێ باسی ئەو بێ حورمەتییە بکات کە بە ڕاستی تووشی هاتووە بەڵام لە شێعردا ڕێز و حورمەتی پێی ڕەوا دیتراوە بە شکستی خۆی لە قەڵەم بدات. شاعیرم دیتووە بە حاڵ گێنش و قافیە ڕێك دەیەخێت کەچی تف لە زەمانە دەکا کە حورمەتی بلیمەتی وەك ئەو ناگرێت. خولاسە ئەمیناغای حاجی بەکراغای کۆیێ بە ناز پەروەردە کراو بوو لە شێعردا دەڵێت

ئەوەندەم خاك بەسەردا کرد لە هیجرت
زەمین دووی بوو بە تۆز نیستیکە پەنجە

تەقالیدی شێعرمان موبالەغە و بەسەرەومنان و ئارایشتی زیاد و ئەو جۆرە نیگارکێشییەی تێدا باو بووە ئالی بێ یان مەحوی یان هەرکەس دەبێ بێ، حاڵ و باری ناو دیوانەکەی دووکەڵ و ئاگر و تەنگی و تاریکیی تێدا قەڵەمکێش کراوە. مەبەستم نییە بڵێم ئازاریان نەبووە بەڵام ئازارێکی کە هەبووە خراوەتە ژێر عەدەسەی زلکەرەوەی خەیاڵی شیعر.

لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ حورمەتی ئەو مەهارەتە بگرین کە لە سەرەنباکردنی ئێش و ئازاردا خزمەتی خەیاڵی ڕەنگین و وێنەکێشی هونەراوی و زاخاوی مێشك، وێڕای دەوڵەمەندکردنی زمان و ئەدەبیان کردووە. چەند شیرینە ئەو بەیتەی تاهیر بەگ لە شکانی پەنجەی بە گوللەی دەمانچە گوتوومتی:

فەلەك زانی کە دەشکێ ڕەونەقی بازاڕی مانگ و خۆر
شکاندی پەنجەکەم تا من نەنووسم وەسفی ڕوخساری

ئێمە ئەگەر تەنها دیوانی مەحوی بکەین بە شایەدی خۆشی و ناخۆشیی ڕۆژگار و بەسەربردنی، هەرگیز ئەو ڕووداوە خۆشکەڵەیەی لاپەرەکانی ٢٤٦، ٢٤٧، ٢٤٨ی (مەحویی لوتکە) ناخوێنینەوە کە هەموو ئاگزورییەکی گۆڕیوە بە ئیرووبی. بەڵام ئەمزانی پێوەندیی چوارینەکەی لاپەڕە ٢٤٦ کە دەرگایە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکە، بەو خەونە سەیرەی کە ئانیبی والی دیتوویەتی و لە ئاگامدا کردوویەتی بە کۆیلەی (مەحوی) چییە؟ بەداخەوە هیچ ئاکێك لەو هەشت نووسراوەی باسکراو لە لاپەڕە ٢٥٥ی (مەحویی لوتکە)دا ئەهاتووەتە بەرچاوم کەوا بێگومان گەلێك شتم لێ وەربەگرتن لەبارەی مەحوییەوە. ئێستاش مەترسیی ئەوەم هەیە لێرەدا ڕایەك بەناوی

خۆمەوە دەربېرم دواتر دەرچێ کە یەکێك یان پتر لەو سەرچاوانە بۆی چوون.

وەك گەلێ جار گوتراوە و نووسراویشە شیعری مەحوی غەرقی واتا و نوکتە و وێنە و جوانییە، لەوانەیە مرۆ پێی وابێ لە بەیتێکی قووڵ بووەتەوە بۆ تەختی بنی کەچی بەڕووچوونی قووڵتر گەوهەری نەدۆزراوەوە بەدەستەوە دەدات. بۆ بەسەرکردنەوەی چەندوچۆنی و واتای دیار و نادیاری شیعرەکانی، هەر ئەو دیوانە لەبەردەستدایە کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و کاك محەمەد شەرحیان داوە. لێرەدا هانا دەبەمە بەر ئەو دیوانە بۆ مەشقی وردبینی لە چەند نموونە شیعرێکی بابیی ئەوەی تروسکەیەکی زیاد بهاوێژێ بۆ ناو دیوانەکە و بەر نیگای ئەدەبدۆست و ئەدیبان لە فەوارەی گوتاریشدا جێی بێتەوە.

دەشێ بڵێم کارێکی من دەیکەم گەلێك ئاسانترە لەوەی مامۆستا و کاك محەمەد کردوویانە چونکە هەمیشە ڕەخنە وەها بەسەرەوەمان لە بنیاتنان سووکەڵەترە. ئەوان مەیدانیان خۆش کردووە ئینجا من دێم بە وەکازی قەڵەمەوە پیاسەی تێدا دەکەم. ئەو نموونانەش هی بەدوادا گەڕان نین، لاپەڕەم سەیر کردووە و بەیتێکم ڕەچاو کردووە ئینجا دە پەڕەم هەڵداوەتەوە تا لەسەر لاپەڕەیەکی بەند بووم، وەهاش بووە کتێبم داناوە کە بۆی گەڕاومەتەوە لەو لاپەڕانە گیر بووم کە پێشتر پێیاندا تێپەڕی بووم، تا ئێستاش نەگەیشتوومە بەشی فارسییەکەی.

لە لاپەڕە ٦٤ی دیوانەکە هاتووە:

ئەگەر نازانەگیبێ یێ لە عەدەمدا بۆمان
چی هەیە غەیری بەهێچی پەلەپەل داوی حەیات

لە شەرحدا هاتووە: ئەبوون هیچ ئەبێ سەربەستییەکی بۆ بنیادەم تێدایە لەم هەموو کۆت و زنجیرە جۆربەجۆرە مادی و ڕوحییانەی بە خۆیانەوەیان بەستووەتەوە... هتد.

من تەنها دەخلم بەسەر وشەی (بەهێچی)یەوە هەیە کە وەك بۆی دەچم (بهێچی)یە واتاکەشی دەبێتە (پەلەپەل، خێرا خێرا بێنچی داوی حەیات) وەك کە داو بە پێچانەوە هەڵدەکرێتەوە. (بەهێچی پەلەپەل) لووس و لێك نییە، بەهێچی داوی حەیات جوملەی تەواو دروست ناکات چونکە (إسناد)ی تێدا نییە وەك کە لە فیعلی (بهێچی) إسناد پەیدا دەبێ.

لە لاپەڕە ٦٦ هاتووە:

خەلاصی بوونی قەت ناوێ ئەسیری زولفی رنجیرت
لەبەر تیرت، مەلەك بێ هەڵفرینی نەبووە نەخچیرت

لە شەرحدا هاتووە: دیلی کەمەندی زولفی تۆ هەرگیز نایەوێ رزگار ببێ و نێچیری راوت ئەگەر فریشتەش بێ هەرگیز لەبەر تیری تۆ هەڵنافرێ و دەیەوێ و بەو تیرە بپێکرێ چونکە دڵدار دەیەوێ هەمیشە لە یارەکەیەوە نزیك بێ. من وەهای بۆ ناچم، شیعرەکە نەیگوت نێچیر نەیەوێ بەو تیرە بپێکرێ بە پێچەوانەوە گوتی نێچیرت مەلائیکەتیش بێ خەلاسبوونی لە داوی زولفت ناوێ چونکە هەر هەڵفرێ تیرت دەیکوژێ. مانەوەی لە داوی زولفی چاکترە بۆی.. داوەکە سەلامەتترە لە تیرەکە. وشەی (مەلەك) بەواتای (یەك مەل)یش دێ. مەبەست لە تێچیر نێچیری کوژراوە.

لە لاپەڕە (٧٠)دا هاتووە:

لە پێ حەرامە زڕەی سیلسیلەی موقەددەسی عیشق
بەبێ بەشێر و مەگەر هەڵگری لە دنیا دەست

لەشەرحدا دەڵێ:

زنجیری عیشق ناکرێتە پێی هەموو کەس و هەموو کەس شایانی خەڵاتی وا پیرۆز نییە. بۆ ئەوەی ئەم زنجیرە بکرێتە پێت و لە پێتدا زڕەی بێ، پێویستە ببێ بە شێر و ئەوەندە ئازا بێ بتوانی دەست لە دنیا هەڵبگری.

من وەهای بۆ دەچم، بە ڕێنووسی کۆن وشەکە دەنووسرا (شیر) و بەهەردوو جۆر دەشیا بخوێندرێتەوە واتە (شێر، شیر = اسد، سیف). بۆ شکڵی (شێر) هەر واتایەك لێ بدرێتەوە فەیدی نییە بەمەرجێك لەگەڵ دەقی شیعرەکە بگونجێ نەك بە زۆرەملێ بەسەریدا بسەپێ.

چەندی دەکەم بۆم نالوێ بڵێم دەست لە دنیا هەڵگرتن سزای زنجیرکردنی پێوە بێ وا دەزانم ئێوە دێری دووەمی بەیتەکە دەبێ بخوێندرێتەوە:

بێی بەشیر و مەگەر هەڵگری لە دنیا دەست

بوون بە شیر (سیف) و دەست لە دنیا هەڵگرتن (تمرد) دەگەیەنێ نەك واز لێهێنان. لە سیاقی بەیتەکە ئەو دەست هەڵگرتنە وەکو ئالا هەڵگرتن و ڕم هەڵگرتنە بۆ جەنگ. تۆ کە خۆت شیر بوویت دەست هەڵگرتنیش دەبێتە شیر هەڵگرتن چونکە شیر دەستی هەڵگرتووە. ئەم سەرکەشییەیە کە موناسبی سزای زنجیرکردنە. چونکە لە واقیعدا دنیا

ئەڵاقدانە دەبێتە هۆی حەڵاڵکردنی زرەی سیلسیلەی موقەددەسی عیشق

لە لاپەڕە ٧٨ی ئەم بەیتە:

ئیتتیفاقی، ئافتاب ئانێ موقابیل بوو بە ڕووت
ئافەتێکی دی، ئەما تابی، بوەستێ ڕووبەڕووت

لە شەرحدا هاتووە:

بەرێکەوت جارێکیان ڕۆژ ئاوێك لەگەڵ ڕووت ڕووبەڕوو بوو. دەردێکی وای بەسەر هات توانای ئەما لە بەرابەرتدا خۆی بگرێ.

وەك من بۆی دەچم. ڕۆژ خۆی لە ئاوێنەی ڕووی یاردا دیتووە. ڕۆژ بە (افتاب) نووسراوە لە بەیتەکەدا. کە دیقەت بکەی لە وشەی (افتاب) (افت) هەیە کە دەکاتەوە (افە)ی ئیوە دێری دووەمی شیعرەکە. ئینجا تابی ئەما چونکە لە وشەی (افتاب) کە (افت) لابەریت (اب) دەمێنێ ئەك تاب (اب)یش کە ئاوە ناتوانێ بووەستێ.

لە لاپەڕە ١٥٢ی ئەم بەیتە:

لە زولفیا ونە ڕوو لێوی هەر لە کارایە
ئەو ئافتابە گەر ئاوا بووە مسیحا خۆش

ئیوە دێری دووەم لەبەرکێش دەخوێندرێتەوە (ئەوا فتابە گەراوا بووە..) لە شەرحدا دەڵێ: ئافتاب: خۆر، مەبەست لە حەزرەتی عیسایە. مەسیحا: عیسا، مەبەست لێوی یارە کە هەناسەیەکی لێ دەردەچێ وەك ئەو هەناسەیەی لە دەمی حەزرەتی عیسا دەردەچوو مردووی پێ زیندوو دەبووەوە.

من وا دەزانم ئافتاب کە ئاوا بووە ڕووی یارە لە زولفدا ون بووە. ئەما لێوی لە کار نەکەوتووە چونکە نەفەسی هەر دێت و خەڵق زیندوو دەکاتەوە وەك مەسیح. نەفەسیش مووی زولفی لادەدا بایی دەرکەوتنی دەمی.

لە لاپەڕە ٢١٩ی ئەم بەیتە:

لە پاداشی قسەی سەردا هەمە ئاه و هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێ گرێ من بەرقی تێ دەگرم

لە شەرحدا دەڵێ:

لە تۆڵەی قسەی سارد و ناخۆشی وەك بەردی رەقی یارانی بێ بەرەمیدا منیش

هەڵکێشانی ئاخ و هەناسەی گەرمم هەیە وەك هەورە برووسکە و بەرقی ئاسمان کاریگەر و سووتێنەرە.

من دوو تێبینیم هەیە: یەکیان ئەوەیە کە مەحوی دەڵێ (بەردم تێ گرێ) ئەم بەردەی لە خوارەی ئەهێناوە وشەی بەرد دەنووسرا (برد) ئەم وشەیە بەعەرەبی دەکاتەوە (سەرد)ی ئیوە بەیتی یەکەم. کەواتە بەواتای (حجر)یش دەڕوات و لە موناسەبەی قسەی ساردا بە (برد، ساردی)ش دەڕوات. تێبینیی دووەم ئەوەیە کە وشەی (شێتانە) هەرچەند جێی بووەتەوە بەڵام زێتە لە هەموو وسفێك بۆ (شێتی) پەسەند کراوە؟ بۆچی گێلانە نەبێ؟ وەها دەزانم وشەکە بە ڕێنووسی کۆن (شیتانە)ی بێ چوکرە دەنووسرا. ئەم شکڵە هەڵدەگرێ (شیطانە) بێت و بە زاری کورددا ببێتە (شێتانە) لە هەمان کاتیشدا (شێتانە)ش لە کیسە دەمێنێتەوە:

کەسێ شیطانە بەردم تێ گرێ...
کەسێ شیتانە بەردم تێ گرێ...
کەسێ شێتانە بەردم تێ گرێ...

ڕەنگە مەحوی لە ئاسۆی وشەی (شیطان)ەوە بە تەمامان بووبێت خەیاڵ لە (برق) بکەینەوە کە ئەو (شهاب)ە بێ ڕاماڵی شەیاتین دەکرێت وەك لە قورئاندا هاتووە (.. فأتبعه شهاب مبين) ئینجا ئەگەر شریتە بەم خەیاڵە درێژ بکەینەوە دەگەینە ڕادەی ئەوەی کە وشەی (سەردا) ئەویش (سەر) بێت و تەواوکەری حەرف جەری (لە) کە (دا)یە بەدوایدا هاتبێت وەك کە (سەردا)ش هەر (سەردا)یە و دالێکی لێ قرتاوە. ئەوسا (سەر) بەواتای (سەروو، بەرزایی) دێت بەمەبەستی (ئاسمان) چونکە شەیاتین گوێیان لە قسەی ئاسمان ڕادەگرت و (شیهاب)، بەرقیان تێ دەگیرا. لە پاداشی قسەی ئاسماندا من بەرق دەگرمە شەیتان.. ئەختێك چاوپۆشی و یارمەتیدان پێویستە تا ئەم واتا لێدانەوەی (ئاسمان و برق) لە شەیتانەوە لەبەر تەبیاتماندا دەسازێت.

یارمەتیدان و چاوپۆشی ئەوتۆیی هەمیشە لەگەڵ لوغز و موعەمادا کراوە بۆ ئەوەی بتوانرێ هونەری وەها سەرکێش ڕام بێت، هێندێ لە شیعری مەحوی و نالیش بە وردی و قووڵییاندا خۆیان لە ڕۆخی موعەما دەخشێنن.

لەم موناسەبەی موعەمادا باسێکی کورتیلە دەگێڕمەوە.

عەبدولباقی ئەلعومەری بەشاعیری سەدەی نۆزدەمی بەغدا دادەنرێت خۆی

مووسلییە هاتوومەتە بەغدا. دەگێڕێتەوە دەڵێ ڕۆژێکیان بە عادەتی خۆم دەچووم بۆ لای مەولانا خالید. بە بیرمدا هات فیراسەتی تاقی بکەمەوە بە ڕێگاوە موعەمایەکم ڕێک خست. کە گەیشتمە خزمەتی گوتم. موعەمایەک هەیە بۆم لێک نادرێتەوە. داوای کرد و منیش خوێندمەوە:

بان لام العذار من ألف القد

فتم الوصال في عامين

دەڵێ بێ وەستان گوتی: (ئەفسەنتین) لە وڵاتی مووسڵ زۆر هەیە. لێکدانەوەکە بەم جۆرە دەبێت:

لام دوور بکەوێتەوە لە (الف) دەمێنێتەوە (اف) کە ویساڵ لە دوو ساڵدا پێک بێت. ساڵ وەک (عام)ی هاتووە (سنة)شی هاتووە. دوو ساڵ دەبێتە (سنتین) لەگەڵ (اف) بەیەکتر بگەن (اف سنتین – افسنتین) دروست دەبێت. ئەفسەنتین ڕووەکێکە. واتای بەیتەکەش بە کوردی ئەمەیە: لامی بسک لە ئەلفی قەد دوور بووەوە. لە دوو ساڵدا وصال پێک هات.

لە لاپەڕە ٢٩٨ کە شەرحی ئەم بەیتە دراوە:

ڕوخیشی کردە ئەولا دەیشی پرسی

بە شۆخی شاهی من تۆ بۆچی ماتی

دەبوو بگوترێ (ڕوخ و شا) دوو بەردی شەترەنجن هەروەها (مات)یش زاراوەیە بۆ مردنی شا کە نیتر یاری دەدۆڕێت. (ڕوخیشی کردە ئەو لا) لە ئوخشەی یاریی شەترەنجەوە دەشێ ئەوە بێ کە ڕوخێکی خۆی بەلاوە نا (وەک کە لە بەیتەکەشدا ڕووی خۆی بەلاوە ناوە) دیسانەوە یارییەکەی بردووەتەوە کە مەحویی مات کردووە. دەشێ ئەوەش بێ کە ڕوخێکی مەحویشی لاداوە و کوشتوویەتی دەشپرسێ بۆچی ماتی؟ ڕوخ لە پاش وەزیر لە هەموو ئالەتەکان بەهێزترە.

لە لاپەڕە ٣٠٠ی ئەم بەیتە:

مەگەر قەطعی نەفەس چاری بکا، وەرنا نییە هەرگیز

لە پێوەندی کەمەندی پڕ خەمی طولی ئەمەل چارێ

شەرح دراوە بەوەدا کە لە گیان دەرچوون بەولاوە هیچ چاری نەفس ناکا و لە کەمەندی ناڵۆزکاوی هیوادرێژی ڕزگاری ناکا.

ڕاستە قەتعی نەفەس، هەناسە لە خۆبڕین، دەبێتە مردن. ڕواڵەتی بەیتەکەش ئەو واتایە دەدەستەوە دەدات بەڵام وەك من دێتە بەرچاوم، مەحوی تەمەکەی داناوەتە بۆ خوێنەر، دوای ئەوەی قیلەت لێ دەکا بەوەدا کە دەڵێ هەر قەتعی نەفەس ئەو پێوەندییە چار بکات. ئینجا ئەگەر زیهنمان مووقلاشی بکات دەبینین ئەو پێوەندییە بە تولی ئەمەلەوە یەکجار بێ هێزە چونکە مەحوی پێت دەڵێ قەتعی نەفەس بە واتای ئەو قەتعەی کە نەفەس دەیکات وەك (قەطعی شەر، تیغ) پێوەندیی کەمەندی پڕ پێچی توولی ئەمەل هەڵدەبڕێتەوە، واتە ئەمەلی بەو پارە هێندە سست و بێ هێزە کە هەناسەیەك داوەکانی دەپسێنێت. ئەم قەتعی نەفەسەش وەکو (دەرو دوو هۆدە)ی پێشتر گوتمان بەلای دوو ژووردا دەکرێتەوە، جارێکیان بەلای بڕانی نەفەسەوە کە مردنە، جارێکیان بەلای بڕندەیی نەفەسەوە کە خۆی تولی ئەمەل دەپسێنێت.

وشەی (مەگەر) لێرەدا کە وەها دەگەیەنێ هیچ شتێك نییە غەیری قەتعی نەفەس تولی ئەمەل چارە بکات. لە پەنا واتای (بڕندەیی هەناسە)دا تێ دەگەین کە شتێکی دەرەوەی وجوودی شاعیر ئەو داوەی ئەمەلە نابڕێت، چ هەناسەبڕان بێت کە مردنە و چ بڕندەیی هەناسە بێت هەردوویان زمنەی عاشقن، لە دەرەوە نەهاتوون. داوە پێوەندییەکانی تولی ئەمەل بەرانبەر کاریگەری دەرەکی پسانیان بۆ نییە ئەو داوە پێوەندییانە هێندە سستن بەبای هەناسەی عاشق دەپسێن.

دەگەڕێمەوە بۆ قسەیەکی زووتر کردم کە ناشێ لەلاوە واتا ڕاگوێزین بۆ ناو شیعر، چی لە شیکردنەوەی ئەم چەند بەیتە کردوومە ڕاگوێستنی واتا نییە بۆ ناو شیعر چونکە لە بەیتەکاندا وشە و تەعبیر و هێما هەن بۆ واتاکان. تا ئەگەر بەسەرووش چووبێتم و شتێکم هەڵنابێت کە بە خەیاڵی شاعیردا نەهاتبێ هەر نابێتە بەسەرەوەنان بەڵکو وەك ئەوەی لێ دێت تۆ بڵێی ٣٥ درهەمم بزر کردووە من ٤٠ درهەمت بۆ بدۆزمەوە. ئەگەر هاتبامایە (قەطعی نەفەس)م بردبایەوە بۆ خەفەکردنی سوڵتانی عوسمانلی و شای قاجار وەیا خنکاندنی ئەمیر دەریای هێزی دەریایی بەریتانیا دەبوومە قاچاغچی. مەحوی و نالی وەها بە چەرخ و دۆلابن تا لێیان بپێچییەوە حەقتە. فەرموو بڕوانە ئەم بەیتەی مەحوی:

ئەگەییە دامەنی، دەستی دوعا، جا دەبمە خاکی ڕێی
تەریقەی گۆشەگیری بەردەدەم ئەمجارە ڕێ دەگرم

لەوانەیت هەموو لایەنێکی وشەسازی و واتاناراییی و نوکتە سنجی و. و ی ناو بەیتەکەت بەتەواوی و دروستی لێك دابیتەوە بەڵام بەسەر شتێکی وردیلەی نیگارانەکێشدا تێ پەڕی بیت وەك ئەوەی کە (جا)ی میسرەعی یەکەم وا لە ناو (ئەمجارە)ی میسرەعی دووەمدایە و لە لای خۆیەوە وەك بورغووی مەکینەیەك لەنگەری دوو میسرەعەکەی ڕاگرتبێت، جا، ئێنجا، ئەمجا، ئەمجار، ئەمجارە هەمووی یەك واتای هەیە، هێندێکیان لێیان کورت کراوەتەوە بەزۆری و بەکەمی، تا ئەمجارە بووەتە جا.

نالی دەڵێ:

وای فەرموو کە ماچت ئەدەمێ بووڕەشی (تو) بم
ئەمسالە بەجێ دێ ئەسەری وەعدەیی پاری

هەموو ئەدیب و شاعیرەکان دەیانخوێندەوە و دەخوێنەوە (تۆ) کە چی بەمەدا بەهێتەکە دەمرێ، نالی (تو - توو)ی گوتووە چونکە لەم شکڵەدا هەم بەواتای (تۆ - أنتَّ) دێت و هەم بەواتای (توو - تووك - شەعر - موو) دێت. تومەز لەم ساڵەدا (ڕووڕەشی توو - تووك، موو) بووە چونکە ڕیشی ڕواوە. ئەو واتایەی لە (توو - بەواتای تۆ - أنت) دێت ئەویش لە جێی خۆیدا بەردەوامە.

وەك دیارە مەحوی و نالی ئاوناوە بەزاری دەرەوەی یابان دواون ئێتر لە وشەیەك، لە تەعبیرەك بێت و مەبەستیان پێ دەربڕیوە.

مەحوی کە دەڵێ:

ئەم عالەمە کە مونتەظیری جیلوەی ئەو مەهەن
دەمرن بەو ئینتیظارە هەموولا (بلا خصوص)

بەیتەکەم بە ڕێنووسی دیوانەکەی مەحوی ڕاگوێست

لەم بەیتە سەرم سوڕماوە، لێم سوورە کە لە تەعبیری (هەموولا بلا، هەمولا بلا، هەمولا بەلا، هەمو - لابە...) جارێکیان لە وەرگێڕانی (هەم)ی سەرەتای (هەموولا) وشەی (مەه) پەیدایە کە لە میسرەعی یەکەمدا عالەم مونتەزیری جیلوەی ئەون بەڵام نازانم لە کوێوە ئەو وەرگێڕانە دەست دەکەوێ

جارێکی دیکە لە (هەموو لابلا) کە بخوێندرێتەوە (هـ - مو - لابە) ئەو (مو)ە لادەچێت و دەمێنێتەوە (ه - لا). (لابە - لابەرە دەگەیەنێ. وەك گوتم مەحوی زاری

دەرمووەی بابان بەکار دەهێنێت).

ئەوەی دەمێنێتەوە لە (هەموو لابلا خصوص) تەنها (لا خصوص)ە بە جۆرێکی کە باشی بۆ ناچم لە (لا خصوص) مانەوەی (لا – بە واتای حرفی لام) مەبەستە. ئینجا کە ئەم بەدوا (هـ – لا)دا هات (هلال) دروست دەبێت کە ئەویش مەمەکیە. دەکاتەوە یار.

دەزانم شیکردنەوەکە ناتەواوە بەڵام یەنجەم لێی بەر نابێت چونکە ئاین و ئۆینی مەحوی گاڵتەی لەگەڵدا ناکرێ. دەقی شیعرەکە لە ڕواڵەتدا تێمان ناگەیەنێ بۆچی عالەم لەو ئێنتیزارەدا دەمرن. بەڵام ئەگەر (مەد – هلال) لە شیعرەکەدا دۆزینەوەیان مەبەست بێ بەبەرییەوە دەبێ چین لە دوا چین بمرن و نەیدۆزنەوە.

قسە زۆرە. مەودا کورتە. ئەجەل دوورە!

خوێنەرانم! بە خەیاڵی دڵی تەڕی هەموو شاعیرە کۆچکردووەکانمان لەگەڵ مندا ئەم غەزەلەی مەحوی بخوێننەوە، لە هەمووانەوە گوڵاوڕێژێنی یادی باغ و بەهەشتی دڵە بولبولەکەی مەحوی، نامەنگگێڕی شەرەف و قودسییەتی کوردستان و کوردزمان بێ

شمشادە ئەمە یا قەدە یا سەروی ڕەوانە
یا عەرعەرە یا نەخلی مرادی دڵ و جانە
داخۆ ئەمە ئەگریجەیە پەخشاوە بەسەردا
یا سونبولە کردوویە صەبا زولفی بەشانە
ئاهووی خوتەنە جیلوە دەکاتن لە خەطادا
یا چاوی ڕەشی فیتنە گەری سورمە کەشانە
دڵ هایمە دایم کە ئەمە قەترەیە داخۆ
یا جوزئەکی بێ جوزئە موسەمما بە دەهانە
ئەم مەی صیفەتی خوێن خورە وا نازك و سوورە
یاقووتی لەبە یا گوڵە یا قووتی ڕەوانە
ئالاندم و فەرمووی کە ئەم ئاوازە حەزینە
یا مەحوییە یا بولبولەکەی فەصلی خەزانە

بەغدا، هەینی ۱۹۸۸/۱/۸

کاروان، ژمارە ٦٢، ۱۹۸۸

کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ

بەر لە ماوەیەکی چەند مانگی وە یا پتر لە ساڵێك گوتاری گۆڤارێکی کوردیم سەیر کرد، لە ناو توێژیدا وەها هاتبوو کە شیعری نالی لە چاو هی حاجی قادر هێندە بەرزە، کوردی گوتەنی، ئاسمان و ڕێسمانە کە دیارە ڕیسمان واتە پەت، بەباڵای ئاسمان ڕاناگات.

هەرچەند دەزانم قسەکە لە چەژی موبالەغەدۆستیدا خۆی لەبەر زاری نووسەری گوتارەکە شیرن نیشان داوە، دەشزانم موبالەغە ڕەوایە لە تەقالیدی شیعردا بەتایبەتی شیعری خۆرهەڵات، دیسانەوە لەبەر دوو سەبەب لێم خۆش نەهات. یەکیان ئەوەیە کە شێوازی دەربڕینی قسەکە دۆستانە نەبوو. دووەم ئەوەیە موبالەغەکە خۆی موبالەغەی تێدا بوو، لە هەموو ئەو عەیارانەی لە بەراورددا لایەنێك بەسەر لایەنێکی تردا ڕادەشکێنێت دوو عەیارە ئەوپەڕیان گرتۆتەوە یەکیان ئەم (ئاسمان و ڕیسمان)ەیە، ئەوی دیکەشیان (قەترە بەدەریا)یە کە لێیان تێپەڕ بوویت بەراورد لە نێوان بوون و نەبووندا دەکەوێت.

پێی ناوێ بڵێم، لە دەمێکەوە و بەزۆری سەلمێندراوە کە نالی لە مەیدانی شیعری کوردیدا پێشڕۆیە، حاجی قادر خۆیشی لە چەند قەسیدەدا بەنالی هەڵدەڵێت و تەنها شاعیرێکی ئەو سەردەمانەیشە بەتەوازووع و حورمەتەوە خۆی بۆ شکاندبێتەوە تا ئەوەی لە بەیتێکیدا پاتەوپات دەڵێ:

بە تەضمین فەرەدێکی نالی دەهێنم تا ڕەفیقانم
بزانن فەرقمان زۆرە خەزەف قەت وەك گەوهەر نابێ
(کە مەندی زولفی دوولانە لە بۆ گەبر و مسلمانە)
(دەکێشێ بێ محاباتە چ لەملا بێ چ لەولا بێ)

دەبینین خۆی بە خەزەف و نالیشی بەگەوهەر داناوە بەوەشدا خەریکە وەك خاوەن گوتارەکە قسە بگەیەنێتە ئاسمان و ڕێسمان.

کە پێویستیش بێ پاکانە بۆ خۆم بکەم لەوەدا کە مەبەستم ڕوونکردنەوە نەبێ هیچی تر نییە. بەبیر خوێنەردا دەهێنمەوە کە چەندین جار لە تەلەفزیۆن و لە چەندین

نووسینمدا پایەی شاعیریەتیی نالیم بێ بەروا لە تۆقەڵەی شیعری کوردی داناوە تا ئەوەی لە شیکردنەوەی بەشێك لە بەیتەکانی بۆ قووڵاییەك چووم، بەلای هەندێ کەسەوە، سنوورم بەزاندووە بۆ ئەودیوی مەبەستەکانی نالی. هەڵبەت گۆمی نالی لەوە قووڵترە کەسێك بێت بەخێرایی خۆی بیری تازە لە تەختی بنیەوە لێ بدات بەرەو قووڵترەوە بەڵام ڕەنگە من پتر لە یەکێکی دیکە بەھەناسەی درێژەوە بناوم لەو گۆمە لێ دابێت بۆ دۆزینەوەی گەوھەرەکانی، بەوەشدا مافی تەواوم ھەبێ بیروڕا دەرببڕم لە ئاست ھەڵبەستەکانی وە یا لە بەیەکدی گرتنی شاعیریەتیی ئەو بەشاعیریەتیی یەکێکی دیکە چ خۆم بیکەم چ یەکێکی دیکە کردبێتی.

خوار و ژوور نەك ھەر لە نێوان دوو کەس و دە کەسدا بگرە لە نێوان دەستی چەپ و ڕاستی تاکە کەسیشدا ھەیە... دوو چاوی خۆت و دوو گوێی خۆیشم لە ھێزی بیستن و دیتندا بەرانبەر نین. شیعری تاکە شاعیریش ھەمووی ھەر تا تەرازووی ھاوسەنگ نین. تۆقەڵانەی گردێکی سەد مەتری لە ئەوەد مەتری لای دامەنی کەژێکی دوو ھەزار مەتری بەرزترە ئینجا ئەگەر سەرووی بەرزاییی شتان و کەسان و ھونەران بەیەکدی نەگرین بۆمان ئاشکرا نابێ کام لە کام و کێ لە کێ بەرزترە.

دیوانی نالی بگرە بەشایەدیی ئەم قسەیەم: بەر لەوەی زەینی خۆت بەترخاندن و ھەڵسەنگاندنەوە خەریك بکەیت دەبێ لە پێشەوە دان بەم ڕاستییانەدا بھێنیت:

یەکەم ڕاستی ئەوەیە کە شیعری سەرەتای دەمدان لە شیعر لە چاو شیعری تەمەنی قاڵبوونەوەدا وەك پلە سەرەتاییەکانی پێپلیکانەن لە چاو پلە ژوورچووەکاندا. کەس لە بیری نابێ بەکوڕێ، لەمەوە بەدیھییەك تووش دێین لە ئاست ھەموو خاوەن مەھارەتێکدا بەڕاست دەگەڕێ. ئینجا سەیر نییە ببینین دیوانی شاعیرێك نموونەی لە یەکدی دووری تێدا بێت کە ئەوانیش لە ڕێی موبالەغەوە ھەندێکی لە چاو ھەندێکی (ئاسمان و ڕیسمان) بێت.

دووەم ڕاستی ئەوەیە کە بەرھەمی قۆناخی لێکەوتەیی و بەربووتیی دەمی پیری سەرەژێر دەبێتەوە نەك تێ ھەڵدەکشێت پاش قاڵبوونەوەی تەواو قۆناخێکی وەستان دەست پێ دەکات کە لە ئاکامدا وردە وردە دەستەوناو دەبێت و خورکەی بەرەژێری لێ پەیدا دەبێت. دەشێ مرۆ ھەبێ بەو پلەیە نەگات، بەجوانەمەرگی وەیا مەرگی دەمی قاڵبوونەوە

ئەم ڕاستییەش لەگەڵ ڕاستیی پێشووتر بەبێژنگی لە یەکتر کردوو بەرهەمی شاعیر و هونەرکار دادەبێژن لەگەڵ تێبینیی ئەوەدا کە داهێزرانی دەمی بیری پێگەیشتوویی قۆناخی قاڵبوونەوەی پێویە هەرچی پلەی سەرەتای مەهارەتە کاڵی و کرچیی ساوایی تێدا دەخوێندرێتەوە

سێیەم ڕاستی و چوارەم ڕاستی ئەوەیە کە لە دەمی قاڵبوونەوەشدا خاوەن مەهارەت بەپێی ڕێکەوت و هەڵکەوت و باری نەفسی و دەوروبەر بەرهەمی لەیەکنەچووی دەبێت وەیاخود مەهارەتی گەورە لە هەندێ مەیداندا لە ئاست مەهارەتی مامناوەنجی کە پسپۆڕی ئەو مەیدانەیە کورت دێنێت. دەبینی پاداشتی گەورە و مزەی ئەرك هەندێ کەس وەها چالاك دەکات پێش لە خۆ مامۆستاتر دەکەوێتەوە کە بۆ ئەو پاداشتە تامەزرۆ نەبووە.

کورتیی قسەی درێژ لێرەدا ئەوەیە کە ترخاندنی شیعر وەیا هونەر گەلێك گەلێك بەرەنگەوە دەگاتە ئەوەی تەعبیری قەترە بەدەریا و ئاسمان و ڕێسمانی تێدا بەکار بێت چونکە لەوانەیە تەنها کەسێش لە دوو بەرهەمی بەرز و نزمیدا بەر ئەو تەعبیرە بکەوێت وەیا بەرهەمی خاوەن هونەری مامناوەنجی لە هەندێ بەراوردا پێش بکەوێتەوە وەك کە تازە گوتمان... ترخاندن لە نێوان دوو کەسی هاوکەسبدا، چ شاعیر بێت و چ نووسەر و هونەرکار بێت، لە تێکڕای بەرهەمیان و لە تۆقەڵەکانیاندا دەکرێت دەنا، کەم و زۆر، بەشێکی بەرهەمی ئەو مەهارەتدارانە لە هێز و پێزدا دراوسێن وەك ئەوەی کە سەرمایەی ١٠٠ دینار پێکەڵپێکە لەگەڵ ١٠٠ دیناری یەکەمی سەرمایەی هەزار دیناری وەیا ملیۆن دیناری.

لەو هەڵبەستانەی کە وەباڵ نالی دراون تێیاندا هەیە کەم شاعیر پێیان ڕازی دەبێ وەباڵ خۆیان بدرێن تا ئەوەی من لە ئاست هەندێکیاندا هەرگیز نالای سەلماندنم هەڵنەکردووە و بەهی نالییان نازانم، تێشیاندا هەیە شەقڵی نالییان پێوە ئاشکرایە بەڵام لە لووس و لێکی و گەوارایپدا تۆزی هێندێکی دیکە لە شیعرەکانی ناشکێنن.

حاجی قادریش لەلای خۆیەوە ئەم هوار و زوور و نێوداشت و تۆقەڵانەی هەن لەگەڵ تێبینیی ئەوەدا کە مەراقی کوردایەتیی وەهای لێ کردووە زۆر جاران گوێ نەداتە بەلاغەت و ڕەوانی و جوانی لە هەڵبەستدا تا دەبینین، لە خۆی، پاتەوپات پێمان دەڵێ:

با بڵێین ئەم شێتە قەحبە مردووە
چەند وەڕیوە چەند وڕێنەی کردووە
حەق تەعالا واقیعی ئەحوالمە
خالیصەن لیللایە ئەرقیمی ئەمە
بەیتەکان عەیبی مەکەن خوار و کەچن
مەقصەدم لەم بەند و باوە دەربچن
وەرنیێ ئەم دونیایە نەفسی نەفسییە
گەر لەبەر ئێوە نەبێ باکم چییە
من لە تووفانا بەری خۆم دەردەکەم
وا سەزانە دامەنی خۆم تەڕ دەکەم

حاجی کە لێرەدا دان بەعەیبداریی شیعری خۆیدا دەنێت نەهاتووە لە ڕووتەنی بێ شعقڵ و دروشم و هێماکان سەرگەردان بکات. هەر لەو برە شیعرەدا کە تۆمەتی خواری و کەچییان تێ دەگرێت، ماڵم هەقە، زۆرینەی ئەو ٥٢ بەیتە وەک گەلێک قەصیدەی دیکەی، نموونەی ڕەوانی و بەلاغەتێ بەلام بەشێوازێك کە بۆ (سهل ممتنع) دەچێتەوە. حاجی لە پشت ئەستووریی خۆی بەمەتانەتی داڕشتن و ساماتی ناوەرۆکی شیعرەکانیەوە بێ باکانە لە جیاتی خەلق عەیبیان بۆ ڕەچاو دەکات، ئەم ڕاستییەش نەك هەر تەنیا بەقووڵبوونەوە لە جووت سەرواکانی، کە سهوولەتی قافیەگۆڕییان تێدایە، بەڵکو باشتر بەوەدا دەردەکەوێ کە لە چەند بەیتدا پاتەوپات خۆی هەڵداوەتەوە کە لێرەدا نموونەیەکیان لێ دەهێنمەوە:

خەزنەیێکە بەیتی من دوو میصرەعم داخستووە
کەس تەماعی تێ نەکا ڕێگەی دزم لێ بەستووە
بێکە بەر، بێبایی ئەظم، تا قیامەت نادرێ
چونکە ئەبکاری مەعانی تار و مۆیی ڕستووە
زامیرا بەیتم لە نالی و کوردی زۆر کەمتر نییە
نالەم بەرگەشتییە، بەدبەختە بەختم نوستووە

ڕێکەوتێکی لەبارە بۆ ئەم نووسینە کە حاجی قادر خۆی لە موبالەغەدا بەپێی پێویست ئەم ئاسمان و ڕێسمانەی لە هەڵبەستدا بەکار هێناوە ئەمما لەبەر کێشی شیعر وشەی ئاسماتی تێدا گۆڕیوە بەفلەك: هەروەك لەو برە شیعرەدا تەفعیلەی بەیتەکان

ـەڵێی خەریکی سەماکردنن و نوستادانەش داستانی مێژووی کۆنی ناو حیکایەتانی کردووە بەناوبارە بۆ واتاکانی، ئەم گۆڕینەی ئاسمانیش بەفەلەك هەم دەسەلاتی زمانناسی و هەم تیژکردنی ڕەنگی داستانی تەقلیدیشی پێوە دیارە:

پەرچەم و فێسی کەچی تۆ ئەی جەوان
تاجی کەیان و عەلەمی کاویان
من لە غەمت ڕەنگمەکەم کەوتە بەر
خوانی بەهەشت و سەفەری هەفت خوان
بێژەنی چاهی زەقەنی تۆیە دڵ
ڕاهی نەجاتی: فەلەك و ڕێسمان
تیری موژەت بۆ دڵی ئەسفەندیار
تیری گەزی ڕۆستەمی سازەندەران
فەرقەتی تۆ لەشکری ئێرانییە
صەبری منیش لەشکری توورانییان
بەسیەتی سا خوێنی سیاوەش نییە
جان و دڵت بردووە هەم دینەمان
حاجییە فیردەوسیی کورد سا ئەتۆش
گوێ وەکو مەحموود مەدە قەولی بەدان

دەبێ بڵێم لەم (ش)ەی دوای (ئەتۆ)ی بەیتی پاێنی غەزەلەکە دڵگرانم، باشتر ئەوەیە (ئەتۆ) بێ چونکە ئەم (ش)ە وەها ڕادەگەیەنێ کە دەشێ مەحموود گوێی نەدابێتە قەولی بەدان هەروەك دەشێ گوێی دابێتێ بەلام ئیحتیمالی گوێنەدان بەهێزترە. (ش)ی پێوەندیی وەکو (و، هەم) (معطوف و معطوف علیه) دەخەنەوە سەر یەك ئەك لە یەکدییان دادەبڕن. کە (ش)ە کە هەڵستا و گوترا (ئەتۆ وەك مەحموود گوێ مەدە)... ئەتۆ و مەحموود لێك دادەبڕێن و بەر دوو حوکمی جودا دەکەون. مەحموود گوێی داوەتێ، تۆ گوێ مەدەرێ. ناشزانم ئاخۆ بەئەسڵ حاجی چی گوتووە ئەگەر (ئەتۆش)ی گوتبێ وەك ئەوەیە، پێشەکی، لەبەر زێدە ترسی لەو گوێدانە وەهای دانابێ بار گوێی داوەتە قەولی بەدان ئیتر بەگلەییکردن لەو تۆمەتە مەوهوومە دەیەوێ ڕێی گوێدانی لێ ببڕێتەوە. لەلایەن دارشتنیشەوە (ئەتۆش) تیژترە لە (ئەتۆ) ئیتر ڕەنگە ئەم وردە زێدەتە حاجیی بردبێتەوە بۆ ئیحتیماڵە بێ هێزەکەی باسم کرد.

دیوانی حاجی قادر بەیتی واتا سەختی زۆرن کە جاریَ لە کەسم نەبیستووە بەرِەهایی و بیَ گرفت ساغی کردبێتنەوە. بەر لە بیست ساڵێك مەرحووم مەلا رەئووفی سەلەم ئاغا لیستەیەکی ٢٠- ٣٠ بەیتیی بۆم هەنارد کە مەباشی لێیان حاڵی نەبووبوو. بەداخەوە لیستەکەم نایەتەوە بەرچاو، تەنها بەیتێکیم بەبیردا دێتەوە کە دەڵێ:

لێوی وەك قەندە موکەرِەر لە دەما شیرینە
بۆیە تەکرارە وەکو ئاڵە ئەنیسی نەفەسە

لە مەجلیسی خدمە ئەندام بووم، مەلا رەئووف هاتە لام و لەو بەیتانەوە دوایین و واتای ئەمیانم تیَ گەیاند کە شەکر بە (تکریر- دووبارە سافکردن) شیرینتر دەبێت وەك کە دەگوتریَ عەرەقی دووبارە بەدووجار تکاندن پەسەندتر دەبێت. لەبەر ئەم زێدە شیرینییە وەکو ئاڵەکە هەمدەمی داتیمی هەناسەیە لێوەکەش هەمیشە بەسەر زارانەوەیە. حاجی لەم بەیتەدا لێومکە و وشەی لێوی بەمەهارەتی تەعبیر خستۆتە دەمی خۆیەوە و بەدووبارەکردنەوەی ناوهێنانیشی سات لە سات شیرنتری دەکات، یاخود هەتا دەیمژیَ شیرنتر دەبیَ. مەلا رەئووف لەم (تکریر، تکرار)ەی شەکر بەڵەد نەبوو بۆیە مەعناکەی لیَ روون نەبوو. ئێستا لە سایەی تەکریری ئەوتەوە قوتابی سەرەتاییش ئاشنای بووە.

جگە لە ئیشکالاتی واتاداهراوی و نەکراوەیی هێندێك لە بەیتەکانی، گرفتی دیکەش هەن پێوەندییان بەژیان و بەسەربردنی حاجییەوە هەیە کە لە دیوانەکەیدا دێنە بەرچاوی خوێنەر. من لەو سیَ بەرگەی (حاجی قادری کۆیی) کە لە ساڵانی ئەندامەتیم لە کۆرِی زانیاری کورددا نووسیمن نەگەیشتمە شەرحی دیوانەکەی چونکە جاریَ زۆرم مابوو لە توێژینەوەی ژیانی بیمەوە، خوا کاری خزمی چاکەخوازم راست بهێنێت ئەو ئەرکەیان لەسەر شانم لادا بەدوورکەوتنەوەم لە کۆر. ئێستا لە موناسەبەدا گرفتێکی نەوتۆیی ناو دیوانەکە بۆ بەرچاوی خوێنەر هەڵدەستێنمەوە.

ئەوە شیعرێکی پێنج بەیتی کە سەرەتاکەی بەم دێرە دەست پیَ دەکات:

مەتنی کوتوبی ئەم دەرە با شەرح کرابیَ

بەپێی نووسینی مامۆستا گیو موکریانی لە مەجووی قازییەکی سابڵاغی داناوە کە سەروکاری لەگەڵ مرووەت ناوێکدا هەبووە... هتد. لە کۆتایی شیعرەکاندا ئەم بەیتە

دەخوێنێتەوە.

حاجی دەڵێ ئەم میسرەعە تەئریخییە قازی
(انصافی نییە، عاری چییە، مروەتی گابێ)

ئەم دەقە هی دیوانی حاجی، لە لێکۆڵینەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزایە. ماموستا گیو نووسیویەتی:

هەر حاجی دەڵێ ئەم قسە تەئریخییە قازی

ئێمە ئیشمان بەمیسرەعی دووەمە کە تەئریخی ڕووداوەکەی تێدایە هەرچەند ڕێم هەیە بڵێم دەقەکەی موکریانی وشەی (دەڵێ) تێیدا بێ گرەت هاتووە... بەحیسابی ئەبجەد ئەگەر (مروت) بنووسین لە جیاتی (مروەت) هێشتان ژمارەی نرخی پیتەکانی میسرەعەکە (ئەگەر بەسەهوو نەچوو بێتم) ١٢٨٥ دەگرێتەوە. ئەم ساڵە بەهیچ لێکدانەوەیەک، لەگەڵ گەشتی ژیانی حاجی ناگونجێت من لە لێکدانەوەی دوور و درێژ و بەپەکدی گرتنی ساڵ و ڕووداو و کەین و بەینی ژیانی ئەو و باپیرم و کەیفی و شێخ ڕەزا کە لە بەرگێك لە بەرگەکانی (حاجی قادری کۆیی)دا بڵاو کراوەتەوە مانەوەی حاجی قادرم لە سابڵاغ گەیاندە ١٢٧٩. ئینجا ئەگەر لە ١٢٨٥ جارێ لە سابڵاغ بووبێت چۆن دەشێ حاجی پێش کەیفی بەچەند ساڵێك کۆیەی جێ هێشتبێت؟ دەربەدەربوونی کەیفی جێی گومان نییە کە لە ١٢٨٦ ڕووی داوە. ئەویش بەشاهیدیی باپیرم کە خۆی لەبەر خاتری شێخ ڕەزا کەیفیی سەرشکێن کردووە و تاراندوویەتی... لە دەقی شیعرەکەدا بەنگەیەک نابینم بۆ داشکاندنی ٥-٦ ساڵێك لەو مێژووە تا بەرەو هەوراز بهێنێتەوە بۆ ١٢٧٩، ١٢٨٠. ناشکرێ خۆم لە ڕاگەیاندنی میسرەعەکە نەزان بکەم و پشتگوێی بخەم. لەلایەکی دیکەشەوە بەزەحمەت بشێ بگوترێ بڕە شیعرەکە هی حاجی قادر نییە چونکە شەقڵی ئەوی پێوە دیارە هەرچەند لە نووسیندا هەڵەی تێ کەوتووە. ئینجا ئەگەر بەکێك بڵێ ئەم مێژووەی ١٢٨٥ بەرەو سەلماندنی ڕیوایەتێکمانەوە دەبات کە دەڵێ حاجی و کەیفی بەیەکەوە بەرەو ئەستەنبوڵ ڕۆیشتن، پێی دەڵێمەوە: باپیرم کە لە ساڵی ١٢٨٨ لەگەڵ باوکیدا بۆ حەج دەچێت لە حەلەب کەیفیی دیتەوە، ماموستای کورانی والی بووە. جگە لەمە، کە لە کۆیەش دەرچوو بەپێێك لە هەولێر مایەوە بایی ئەوە بکات کە ڕەشیداغای حاجی بەکراغا بەنامە لێی داوا بکات بگەڕێتەوە بۆ کۆیێ ئەویش وەڵامە ناگرینەکەی.

ئەی نوحی ئەجاتم لە دەسی چەرخی جەفاکار
وەی روح و سەر و ماڵی منت جوملە بە (ایثار)

بۆ دەنێرێتەوە و تێیدا دەڵێ:

بێ عیزەت و بێ عارم ئەگەر بێمەوە کۆیێ

ئەم کین و بەهانانە هەمووی دوای ئاوارەبوونی حاجی بووە..

خولاسە ئەم نیشکالە هەتا ئێستە بۆ من ساغ نەبۆتەوە کە لە نیشکال و گرفت بدوێین جێی خۆیەتی بڵێم چوارینەیەکی حاجی هەیە لەوانەیە خوێنەری بەپەلە تەڵەزگەی تێدا بکات و واتاکەی بەبەرەواژی بۆ روون ببێتەوە و وەها تێ بگا حاجی لەو چوارینەیەدا نالی شکاندبێتەوە لە ئاست شاعیریەتیی خۆیدا حاجی دەڵێ:

بەیتی نالی و بەیتی من گەر تێکەڵی یەکدی دەکەن
ئەحمەقی سورەت پەرست و جاهیلی مەعنا نەزان
حاجی لەکلەك لەك بەلەك فەرقی لەگەڵ تووتی هەیە
وەك هەزاری ئەو بەهار و بولبولی فەسلی خەزان

لە وشەی حاجیی لەکلەکەوە دیارە کە حاجی خۆی بەلەکلەك داناوە لە ئاست نالیدا، تووتیی بۆ دەمێنێتەوە لەو میسرەعەدا. من دەقەکەم لە دیوانی حاجی، بەڵێکدانەوەی مامۆستایان سەردار و شارەزا، بۆ ئێرە راگواستووە کە خۆشبەختانە وشەی (هزار)ی بەواتای بولبولیان بە(هەزار) نەك بە(هەزار) نووسیوە. خۆزی لە هەندێ هەڵەی بەرچاو و زەقی ناوناوەی دیوانەکە هەمان نیشانەشکێنییان بکردایە وەك کە لە لاپەڕە ۲۷۱ هاتوون (کەلبی رەقیب)یان لە جیاتی (کەلبی رەقیبم) نووسیوە و میسرەعەکەی بێ لەنگ بووە ئەمەش تاکە نموونە نییە لە کۆتاییی لاپەڕە ۲۷۰شدا میسرەعی یەکەم جگە لەوە کە هەڵە و لەنگە سەرەتاکەشی بەبەحرێك دەست پێ دەکا جودایە لە بەحری میسرەعی دووەم... چەندێکی دیکەش هەن من خەریکیان نابم و زۆریش سوپاسگوزاری ئەو ئەرکەم کە گەلێك لایەنی شیعرەکانی حاجییان بێ روون کردۆتەوە...

تا ئێرە چی نووسیم لە قاڵبی وەلامدانی تۆمەت و لەسەر کردنەوەی بەرگیرانە و روونکردنەوەی چەندوچۆنی هەندێ حاڵ و باری حاجی و بەشێك لە هەڵبەستەکانی بوو، کە بمانەوێ، پێویستیشە بمانەوێ بەر مەیدان و بێ تەقیە لە بەرزاییی شیعری

حاجی بدوێین نموونەی تۆقەڵانەیی زۆرن لە دیوانەکەیدا کە لێیان بووەشێتەوە شەڕی گەرمەنکێڵی بەحەڵق بفرۆشن. جارێ لە پێشەوە با بڵێم گومان ناکەم چ ئەدیبێك ڕێ بەخۆی بدا دوودڵ بێ لەوەی کە قەسیدەکەی (بەهار)ی حاجی لە ڕیزی هەرە پێشەوەی شیعری مرۆڤایەتییەوە دێت نەك هەر هی کورد. لەلایەن دەسەڵاتی هونەری شاعیرییەوە حاجی بەو قەسیدەیە و نموونەی دیکەی کە لە زیندە جوانی و سفتی و چڕی و پتەوییان خەریکن بقەڵشن، لەوە دەرچووە شاکارەکانی بدرێنەوە بەکاری ڕێکەوت و تەقڵەی مامە حەمە و هێکانی ڕەشهاوێژ. سەیری ئەم چوارینەیە کە لە وەسفی کابرایەکی تەقتەقیی داناوە:

شەوکەتی جووتەی سمێڵت تاکە مابەندی کەمە
تەرکەشی تیری ئەژاو و شیری دەستی ڕۆستەمە
ڕووی لە تەختی روومەتت هێناوە بۆ شانت دەڵێی
ماری سەرشانی زوحاك و دوشمنی تەختی جەمە

تەرکەش (تیردان) بەمەدا هەر داوە موویەکی سمێڵەکە وەکو تیرێکی تێراوە، تێکڕای مووەکانیش وەکو شمشێری دەستی ڕۆستەمن. ئەمەندەم گوت لە شەرحدا هەتا خوێندەواری ئەویاو بچێتە ناو چوارینەکەوە دەنا داڕشتن و مۆسیقای چوارینەکە مامۆستای شەرحدەری ناوێت.

سەیرێکی ئەم پێنج بەیتە بکە کە لە مەدحی ئەمین ئاغای حاجی بەکراغای حەویزیی داناوە:

ئەی محەمەد وەی ئەمینودەولە ئیمڕۆ کۆیێی تۆو
جەننەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دوور کەوتەوە
موحەتێکە دەربەدەر گەردی دیاری غوربەتم
بەندە یادی ئاستان بۆسی ئەتۆی کرد هاتەوە
چونکە توحفەی لازمە هەر کەس لە غوربەت بێتەوە
بەم دوو فەردە من فەزای سەد گۆنە توحفەم کردەوە
قاوەچی بەزمی ئەتۆ دنیایە سینی ئاسمان
ئافتابی زەرفە فنجانی مەمە، قاوەی شەوە
ئەو شەوە بۆ هەرکەسێ دونیا بکاتە ڕۆژی ڕوون
شەولە حەیتەی ئەو عەنقایە دەرباتی خەوە

خوێنە سەرنجێك لە بەیتی چوارەمی مەدحەكە بگرێ

دنیا قاوەگێڕی دیوەخانەیە. ئاسمان سینییەكە فنجانەكانی قاوەی لەسەر دادەندرێن. ڕۆژ ئەو ژێر پیاڵەیەیە فنجانی بەسەرەوەیە، مانگی سپی فنجانی قاوەیە. شەو خۆی قاوەیە.

چ ماوەتەوە بەبەڵگەی گەورەیی بخرێتە پاڵ شەو و ڕۆژ و مانگ و ئاسمان و هەموو جیهانەوە؟

بەیتی پێنجەم لە داخراوەكان دەژمێردرێت و ڕەنگە كەم كەس مەتڵەكەی هەڵێنابێ. من لە خۆم گومانداویم بەڵام بەڕێك دەماوێنە مزگەوت بەو هێندە مەعنایەی كە بۆی چووم.

شەوی ئەو بەیتە دوو مەعنا دەبەخشێت و لە ئاكامدا تێكیش دەكەنەوە. یەكیان ئەوەیە كە شەوی بەزمی دیوەخانەی ئەمیناغا وەك شەوی قدر (لیلة القدر) كەسێك تێیدا بێ تا سبەینە، تاریكایی لە ژیانیدا دەبێتە عەنقا كە هەر ناوی هەیە و ناوكی نییە. مەشووورە دوعای شەوی قەدر قبووڵن ئیتر ژیانی ئەو كەسە دەبێتە بەختیاری و ئاهەنگ كە خەو تێیدا دەبێتە دەرگەوان، دەرگەوانیش وەك دەزانین لە دەرەوەی خانە دادەنیشێ.

ئەوی دیكەیان قاوەكەی تێ دەخوێنێتەوە كە شەوی پێ تەشبیه كرابوو، واتە.

هەر كەسێكی قاوە لە فنجانی مەجلیسی ئەمیناغا بخواتەوە هەتا ڕەشایی قاوەكە سپایی فنجانەكە بەر دەدات وەك كە ڕەشایی شەو بەسەر چوو دنیا ڕوون دەبێت، تا ئەو كەسە شەوی ڕەش لە عومری وەكو عەنقای لێ دێت... خولاسە خۆشییەكی بۆ دەبێ وەك لە شەونخوونیی شەوی قەدر دەست دەكەوێت. تەشبیهی فنجان بەدنیا لەم مەعنایەدا لەوەوە دێت، كە قاوەمان دانا بەشەو فنجانیش دەبێتە دنیا چونكە شەوەكەی لە خۆیدا گرتووە، قاوەكەش ناو فنجانەكەی پڕ كردووە وەك كە شەو دنیا دادەگرێت.

غەزەلێكی چوار بەیتیی حاجی هەیە زۆر ناوكێشە و گەلێك شەنگە و یەكجار وەستایانەش دارێژراوە، وا بۆتی دەنووسمەوە:

لە ئەزاكەت كەمەری وەك خەتی ئەهلی حیكمە

لە ئەبووندا دەهەنی بێ قسە عەینی عەدەمە

چین یەکێکە لە کەچی زولفی کەچی عاجزە بۆ؟

دڵی سەودایی خەتای کردووە بۆیە تەمەمە

ماچی ئەو غونچە دەمە بێ (حەق)ی جان (مهر)ی دەمە

ساڵێکی راهی عەدەم بێ دەمی ئەڵشی قەدەمە

گەر ڕەمزا بێ چییە بۆ ماچی دەمی جانی عەزیز

تەجرویەم کردووە عیشرەت بەدەمە ئەك یە دەمە

شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی موسڵمان مەبەستیانە بڵێن کەمەر و دەمی یار لە باریکی و بچووکیدا دەگەنە سنووری نەبوون. ئینجا خەتێکی ئەهلی حیکمەت بیکێشێ دەبێ یەکجار باریك و ڕاستیش بێ وەك کەمەری یار.

دەمێ، واتە زاری، لە نەبووندا، بێ موناقەشە عەدەم خۆیەتی.

(بێ قسە) ئەوەش دەگەیەنێ کە ئەگەر یار قسە نەکات زارەکە وەك عەدەم دەبێ. (عەینی عەدەم) لە واتایەکیدا (عینی عمین) کە وا لە سەرەتای وشەی (عدم)دایە، زاری عەینەکە لە شکڵدا وەك دەم، زار دەنوێنێ بەڵام چونکە هی عەدەمە هەر دەبێتەوە نەبوون.

چین کە وڵاتی چینە پێچێکە لە کەچی زولفی چین چینی، کەچی یار عاجز و نارەزایە. چونکە بەدڵ سەودای خەتای کردووە. خەتا وڵاتێکە مەشوورە بەمیسکی بۆنخۆش کە مناسبی زولفەکەیە لەبەر بێن و ڕەشاییش. وشەی خەتا بەواتای (هەڵە)ش دێت، ئیتر سەودا و مامڵەتەکەی کە چینی خستۆتە کەچی زولفی هەڵەیە و یار لێی پەشیمانە. وشەی (ندم- نەدەم) جگە لە پەشیمانی (نە- دەم، بێ دەم)یش ڕادەگەیەنێ کە بریتییە لە زێدە بچووکیی دەمی یار، وە یا قسەنەکردنی. مرۆ کە عاجز بوو قسەش ناکات.

لە بەیتی سێیەمدا (حق) لە شێوە نووسینی کۆن بە(حوق، حەق)یش دەخوێندرایەوە. (حوق) بەواتای قتووی مجەوهەرات دێت. (حەق) نرخ و کرێیە.

وشەی (مهر)یش هەم بە(موهر، مۆر، خەتم) هەم بە(مەهر- مارەیی) دەخوێندرایەوە ئەگەر لە (حق)دا واتای (حوق) مەبەست بێ (مهر) دەبێتە (مۆر، خەت)، ماچی ئەو غونچە دەمە ئەگەر لە نێو قتووی جاندا نەبێ کە هیچ دەمێکی ناگاتێ، دەبێتە مۆرێکی سووری وەك خوێن بەسەر لێوی عاشقەوە چونکە غونچە خۆی وەك خوێن سوورە. وە یاخود دەبێتە مۆرێکی کە عاشق لە خوێنی خۆی هەڵکێشابێ.

ئەگەر (حق) کرێ و نرخ بێ ئەوە دەگەیەنێ کە ماچی غونچە لێوەکە جگە لە نرخی جان خوێنی عاشقیشی دەوێ بەمارەیی. خوێنەکە چونکە مناسبی ڕەنگی غونچەیە لە هەموو باراندا بەردەوامە.

بۆیە لە میسرەعی دووەمدا دەبینین شاعیر دەڵێ: کەسێکی ڕێگەی عەدەم، نەبوون (کە زاری یارە) بگرێت شوێنپێی لە خوێنی خۆی نەقش بەستوو دەبێت چونکە لە نەبوون و عەدەمدا خوێن بەناچاری دەڕژێت.

موەکیبنە بشڵێین: بێ دەمی، نەقشی قەدەمی ساڵێکی ڕاهی عەدەمە. ئەم شکڵە یەکجارەکی ماندووم دەکا هەتا لە شەرحی دەبمەوە:

بێ دەمی= بێ زاری، بێ وەختی، بێ خوێنی.

بێ دەمییەك بەهەر کامێك لەو سێ واتایەی ببەخشێت شەرحێکی سەربەخۆی دەوێت. سەرێشەکە بۆ خۆت بەجێ دەهێڵم و دوو دانە ئەسپرینیش... سەیرێکی لاپەڕە ١١١ بکە لەو کتێبە باسکراوەی دیوانی حاجی غەزەلێکی حەفت بەیتی دەبینیت نموونەی زێدە پاراوی و مەتانەتی شیعری تەقلیدیی کوردین.

قافیەکانی لەوانەن زرنگەدار ناو بنرێن، لە هیچیشیاندا کەم و کەسری نییە. لە ڕواڵەتدا هەر بەیتە سەربەخۆ خەریکی مەبەستێکی تایبەتییە بەڵام بەیتی شەشەمی غەزەلەکە تێمان دەگەیەنێ سکاڵا لەگەڵ کێیە:

ئەو ئەروەسەی ئیهجارەیی مسکینەکان ئەکا
حەجاجە گەرچی سەیدە بەم خورج و هەستەوە

دیارە لاوێکی شلکی خاوەن قەباڵەی حکومەتی و سەیدیش بووە

چەژی بەیتەکان ئام و شامی وڵاتی خۆمانیان تێدایە بەڵام بەیتی یەکەمی، لە ڕواڵەت، بۆ دەمی پیری دەچێتەوە کە دەڵێ:

دالی قەدم کە ئەلفی عەسای گرت پەیوەستەوە
تیر و کەمانە سەیدی جەوانیم نەبەستەوە

قەد بوو بەدال و وەك کەمانی لێ هات عەساشی پەیوەستەوە گرت، لە پیری بەولاوەی لێ نافامرێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا بۆرە نیحتیمالێك هەر دەمێنێ کە مەبەستی حاجی داهاتنەوەی خەفەت و کەسەر بێت نەك پیری، بەیتیش هەن لە غەزەلەکەدا بێنی

هەڵبەی لێ بێت وەك بەیتی چوارەم و پێنجەم

بۆ قەسری وەسفی ئەو مەحە میعماری فیکرەتم
وەستاوە کوللی لەحزە بەخۆی و کەرەستەوە
قوربان ڕەقیبی سەگ سەر و چاوی شکاندووم
چۆن بتگەمێ بەبێی شەل و دەستی شکستەوە

قسەی خۆمان بێ، وا دەزانم حاجی لە جیاتی (وەستاوە) گوتوویەتی (وەستایە) لەسەر لەهجەی کۆیی و بەری سۆران، دواتر نوسخەنووسان گۆڕیوەتیان چونکە (وەستایە) لەگەڵ (مەعمار)دا ڕێك دێت جگە لەوەی کە (وەستاوە)ش ڕادەگەیەنێت. قسەیەکی کورتم هەیە لەگەڵ قەسیدە مەدحەکەی (شەمسیەی شاهەنشەهی نەوز) کە لە لاپەڕە ١٠٨ و ١٠٩ی کتێبە باسکراوەکەدا نووسراوە:

لە پەراوێزی ژمارە (١)دا هاتووە کە دەقی قەسیدەکە لە بەشی دووەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی) وەرگیراوە. من لە لاپەڕە ٢٨٣ هەتا کۆتایی لاپەڕە ٢٤٨ بەو قەسیدەوە خەریك بووم. وەك لەوێشدا نووسراوە قەسیدەکەم دایە خوا لێخۆشبووی مامۆستا هێمن کە بەپێی بۆچوونی خۆی بەیتەکانی بهاوێتەوە سەریەك. من ئەوەدەمیش و ئێستاش لەو باوەڕەدام کە بەیتی کۆتایی ئەو پێزکردنە دەبوو ببێتە بەیتی هەشتەمی قەسیدەکە. قافیەی بەیتی حەفتەمی قەسیدەکەش کە (لوغز)ە من بە(لەغەز)ی دەزانم.

کوردەواری هەر گوتوویەتی (لەغەز)، لەم بەیتەدا لەبەر کێش و قافیە کراوەتە (لەغز). وەها بێ دەچێ حاجی قادریش لەو سەردەمەدا هەر بە(لەغەز)ی زانیبێ چونکە چەندی مەلای لێم بیستبێ ئەم وشەیەی گوتبێت هەر (لەغەز)ی بەکار هێناوە وشەکە خۆیشی بابەتی ناو مەلا و فەقێیانە.

پێویست نابینم گوتارەکە درێژ بکەمەوە بەهێنانەوەی نموونەی دیکە بۆ بەنیسبات گەیاندنی شاعیریەتیی حاجی، لەمبارەوە هەر ئەوەندە دەڵێم حاجی قادر یەکێکە لە سێ شاعیری کورد کە بەیتی سەرکەش و داهراوییان وەهایە هەموو مەهارەت و شارەزاییی بەتەقالەی شیعر و زانستەکانی مزگەوت و تەسەوفیان پێویست بێ، وێڕای زیهنێکی مووقلاش. دووەکەی دیکە (نالی و مەحوی)ن کە هەریەك لەوان شەقڵ و شێوازی خۆی هەیە. ئەم قسەیەم شێخی خانی و مەلای جزیری ناگرێتەوە چونکە لەبەر کەم شارەزاییم لە زاری کرمانجیی سەروو ڕێ بەخۆم نادەم بڕیاریان لەبارەوە

بەڵام هەرچەند لە خوێندوەیان لەزەتێکی زۆر وەردەگرم.

حاجی قادر دوو کاریگەر سنوورییان لە دەوری شاعیریەتیی کێشا

یەکیان لە سەرەتای ژیان و شاعیریەتیدا ئەوە بوو کە دووچاری عیشقی ناگرین نەبوو بەوەشدا مەیدانە هەرە بەرین و مەوداداراکەی شیعری رۆژهەڵات کە غەزەلە لێی تەسك بووە تا ئەوەی مەزرایەکی مەیدانەکە بوو بەهی شیعری سەر بەمایە دەرسی مزگەوت، لە غەزەلیشدا حاجی بوو بەنازم. سەیرێکی دیوانەکەی بکەیت لە زۆر بەیندا تووشی شێوەی کوڕی جوان دەبیت وەك کە دەڵێ:

تا لە مەکتەب ئەو مەهەم دی مەشقی ئەلف و بێ دەکا
چاوەکەم بۆتە دوێت و گریە سورخی تێ دەکا

وە یاخود دەڵێ:

خەتی، دەوری روخی داوە وەکو مووری سولەیمانی

خەت مووی ریشیەتی.

دیسان دەڵێ:

چونکە نرخی حاجی تۆی گۆڕی هەموو دەستە و دوعان
خەتی تەرخەزت وەکو زولفت خودا پیری نەکا

خەتی تازە دەرچووی ریشیەتی. نرخی حاجی گۆڕیوە بەلای کەمبوونەوەدا، هەروەها:

با وجوودی ئەوجەوانی، خەتی سەوزی دەرکەوێ
عەهد و پەیمانی نەبوو موو، بۆیە پشتی پێ ئەبەست

دیسان:

ئەمیش جاران نییە قوربان ئوغەیلی بێمە سەر خوانت
خەتت میهمانییە ئەمساڵ ئەمماوە لەزەتی یارم

واتە: ئەمساڵ موو بۆتە میوانی رووی یار...

دیسان:

بەرچەم و فیسی کەچی تۆ ئەی جەوان
تاجی کەیان و عەلەمی کاویان

نموونەی دیکەش زۆرن، یەك لەوان (ئەو نەورەسەی ئیجازە) بوو کە پێشتر لە نموونەدا هات.

نموونی عیشقی سووتێنەر وەهای کردووە کە شیعرێکی بۆ مێینەشی هەڵبەستێ لە پەراوێزی دەستوورانی شاعیری و نوکتەبازییەوە تەمای تێ دەکات... من ئەم لایەنەی نموونی عیشقی ئاگرین لە تەجرەبەی حاجیدا بەدرێژی لێی دواوم لە بەشێکی ئەو سێ بەرگەی (حاجی قادری کۆیی) لزووم نابینم لێرەدا چی دیکەی لەسەر برۆم.

کاریگەریی دووەم ئەوە بوو کە لە پاش ئاوارەبوونی کەوتە سەر خوولیای کوردایەتی و خەریکبوون بەهۆشیارکردنەوەی نووستووان، بەمەشدا دوو ئەنجام هاتنە دی، یەکیان ئەوە بوو، ئاگرێکی لە عیشق هەڵنەبوو لە کوردایەتی بڵێسەی سەند. دووەمیان ئەوە بوو کە پەرۆشی چارەنووسی هەڕەشە لێکراوی کورد حاجی قادری خستە جانبازییەك کە زۆر گوێ نەداتە خەریکبوون بەئارایشتی بەیتەکانی، بگرە هەر ئەم هۆیەش بوو وای کرد زۆر لەو بابەتە شیعرەی کوردپەرستی بەقاڵبی (جووت سەروا) داڕێژێت.

لێرەدا قەڵەم ڕادەگرم، چی پێشکەش کرا، لەم هەڵوەستەدا، پاپی مەبەست دەکات، زۆریشی بەداخەوەم نە لە بیرم ماوە ئەو گوتارەی خستمیە سەر نووسینی لە چ گۆڤارێك بڵاو کرایەوە، نەبەتەواویش گوتارەکەم بۆ خوێندرایەوە نەگەڕاشمەوە بۆ سەرەتاکەی تا بزانم نووسەر کێیە، گۆڤارم لێك کردەوە وەك کتێبگرەوە، ئەو شوێنە کرایەوە کە ئاسمان و ڕێسمانەکەی تێدا چەسپ بوو.

گەلێ قسەم لە دڵا بوو حیکایەتم مابوو
کەچی گرێی دڵی پەستم مەجالی پەستی نەدا

بەیان، ژمارە ١٤٢، ١٩٨٨

دەستبژاریك لە كتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبان

ڕۆژێك لە ڕۆژەكانی سەرەتای ساڵی نوێی ١٩٩٣ز. لە دیمەنییەكی دەستەی كوردی كۆڕی زانیاری عێراق چەند دانەیەكم لە چاپكراوی هەمەچەشنەی كوردی لەو بەرێزانە پێ گەیشت. بە مەنتیارییەوە چاوێكی خێرام بەچەند بابەتێكی ئەو چاپكراوانەدا گێڕا و بووش بەسەرنج بۆ هەڵسەنگاندن كە بە عادەت بەرەو ڕەخنە و ڕاستكردنەوە و لێ بەسەر گرتنەوەدا دەڕوێ. وەك لە خۆوە دیارە هەڵسەنگاندن چەندێكی جۆرنەتیشی تێدا بێت. پاكانە بۆ خۆی دەكات كە بە نیازی خزمەتی ڕۆشنبیرییەوە ئەرازووی هەڵبڕیبێت. دوودڵییەكی بێ هێز شەبەنگی دا و ڕەوییەوە لە ئاست تیشكی ئەمەكداری بۆ ڕاستی و دروستی كە بەبەرزكردنەوەی فتیلەی چرا پتر پرشنگ دەداتەوە.

لە پێشەوە دەستم بۆ (ئەنجوومەنی ئەدیبان)ی ئەمین فەیزی بەگ برد كە بەچاودێریی لیژنەی وێژە و كەلەپووری كوردی، لە ساڵی ١٩٨٢ز. بەچاپ گەیشتووە.

بەر لە هەموو شتێك چووم بۆ لیستەی هەڵە و ڕاست لە كۆتاییی كتێبەكەدا ئەوەك من شتێك بەهەڵە بزانم كەچی خلیسكی چاپ بێت. هەر چارە ئەوەی بە ڕاست داندرابوو لەو لیستەیەدا هەڵەم بێ چارە دەكرد لە شوێنی خۆیدا. كە ویستم هەڵەی دێڕی ١٦ لە لاپەڕە ١٣دا بەو جۆرە چارە بكەم كە لە لیستەی هەڵەكاندا كراوە، دیتم چی لەو لاپەڕەیە و دێڕەدا بە هەڵە داندراوە هیچ هەڵەی تێدا نییە: وشەی (بەدانش) ڕاڤە كراوە (بە زانست، بە زیری).

لە لاپەڕە ٦٣، دێڕی ٦دا وشەی (وەزنی) ڕاست كراوەتەوە بە (وەزن) كەچی (وەزنی) لە هەموو ڕوویەكەوە بێ عەیبە. دەبوو (یەك بۆ سەد) لەو دێڕەدا بە (یەك بۆ سەرو) ڕاست بكرێتەوە لەبەر خاتری كێشی بەیتەكە. بەر لەمانە دەبوو لە نیوە دێڕی دووەمی بەیتی دووەمدا وشەی (نیشتەرە) نیشارەتی لێ بدرێت كە بە چوار بڕگەیی و بەقورسكردنی دەنگی (ش) تێیدا بخوێندرێتەوە دەنا بەیتەكە لەنگ دەبێت (نی ش تە ڕە) لە پەراوێزدا بەیتی كۆتاییی قەسیدەكەی لاپەڕە ٦٣ كە نووسراوە:

وەختی خەندە و نیگاه و عیشوە و ناز

وا چاكتر بوو بنووسرێ (عیشوەوو) چونكە سەرلەبەری بەیتەكان ١١ بڕگەیین

نەبوو ئەمەیشیان هەروەها بێت بەتایبەتی لەبەر خاتری مۆسیقای ناو بەیتەکە بەهەرمکە ۱۰ برگەیی هەڵدەگرێت.

بەیتی سێهەمی پەراوێزەکە نیوە دێڕی یەکەمی نووسراوە:

وەسڵی ئەکسیرە وطیِّ زەمەمتە لەلایەکەوە کێشی لەنگە. برگەیەکی کەمە بۆتە دە برگەیی واتاشی نیوەچڵە بۆ شیعر. لە خۆمەوە ڕێم نییە وشەیەکی لەبار پەیدا بکەم نەکا ئەوە نەبێ سالم گوتوومتی، نەبوو لیژنە ئەم لاپەڕەی ساغ بکردایەتەوە یان پەنجەی بۆ ناتەواویی نیو دێرەکە ڕاکێشابایە. وشەی (ئەکسیر)یش وەک بزانم دەبێ (ئیکسیر) بنووسرێت.

لە لاپەڕە ٦٤، لیژنە ئەختێك پەراوێزی مافی مامۆستایی خۆی فرەوانتر کردووە لەوەی ڕەوایە کە لە خوێنەر دەگەیەنێ دەبێ دیوانی نالی، لە ڕاڤەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و فاتیح سەیر بکرێت بۆ چەندوچۆنی واتای بەیتەکانی نالی. بێگومان ئەو شەرحە کارێکی گرانبەهایە و یەکەم هەوڵی سەرلەبەرە بۆ تێگەیشتنی نالی، بەڵام بێگومان ئەو بێ کەلەبەرە نییە کە ڕێی (نالیناسی) حەرام بکات لە بابایەکی بیەوێت بوارێکی دیکە پەسند بکات، خۆ ئەوەی ڕاستی بێ شەرحەرانی ئەو دیوانە پڕ بە دەم دەریان بڕیوە کە کارێکی کردوویانە ناتەواوە و بگرە سەرەتایە. لە زۆر شوێنیشدا دیارە ئەو واتایەی بە بەیتەکان دراوە چاوپۆشی لە کەموکەسری و نەگونجانی کراوە. بەنیسبەت خۆمەوە ئاگام لە هەموو سەروبەرێکی بەوەطەبوونی ئەو شەرحە هەیە و بارەها و جارەهاش پرسم پێ کراوە لە واتا لێدانەوەی شیعرەکان:

هەوڵ جار شەرحێکی کەم قەوارە و سادە هات بۆ ئەنجوومەنی کۆڕی زانیاری کورد کە من ئەندامی کارا و ئەرخان و ئائیبی سەرۆکیش بووم. مەرحووم فاتیح، داخی بە جەرگم، چەند جاران بۆ لێهەرسینەوە دەهاتە کۆڕ و بەزۆریش لای من دەمایەوە. من بێ دوودڵی تێم گەیاند کە شەرحەکە سادە و بێ کیفایەتە و بەو شەرحە ناناسرێت: لە نموونەدا شەرحی چەند بەیتێکم بۆ کرد کە خۆم لە واتایان گەیشتبووم، یەك لەوان ئەمە بوو:

خاو و بێ خاوی دوو زوڵفی خاوم ئەز
چاوەچاوی یەك غەزالە چاوم ئەز

گوتم: سەیرکە لە نیوە دێری یەکەمدا (خاو) و (بێ خاو) دێنێت حاڵی خۆی بێ شەرح

دەدات بەرانبەر (دوو) زوڵفی خاو. بە لێك ڕۆتین (تناظر) هەریەك لە وشەكان ڕوو لە زوڵفێك دەكەن وە یا هەر زوڵفە وەسفێكی بۆ دەبڕێت. لە نێوە دێری دووەمدا (چاوەچاو)ی هێناوە بەواتای (ترقب) لە لەفزدا دووە لە واتادا یەكە. كەچی (یەك غەزالە چاو) بە ژمارە یەكە لە واتادا (دوو) چاو ڕادەگەیەنێ چونكە ئاسك دوو چاوی هەیە. بەو پێیە (دوو بەیەك) و (یەك بەدوو) سەرلەنوێ (تناظر) پەیدا دەكەنەوە و لەنگەری ناوەرۆكی شیعرەكە ڕادەگرن.

مەرحووم فاتیح بە تەواوی متمانەی هات كە دەبێ هەوڵێكی زلتر بدرێت بۆ تەواوكردن و قووڵتربوونەوە لە شەرحی دیوانەكە. وا بوو ئەو شەرحە كورتیلەیەی وەرگرتەوە، كەوتە سەر ئەم شەرحەی وا لە بەردەستیدایە، لەوێشدا كاكە محەمەد كە ئەوسا خۆی كاركوزارێكی كۆڕ بوو بەگەڵ باوك و برا كەوت و فەرهادانە تێدا سەرگەرم بوو. وەك لە بیرمە شەرحە كورتیلەكە لە ١٩٧٣ یان ١٩٧٤ خرایە بەر نیگای ئەنجومەنی كۆڕەوە، ئەم شەرحەیان هەتا ساڵی ١٩٧٦ی خایاند... مەرحووم فاتیحیش لە لاپەڕە (٦)ی كتێبەكەدا ئەم لایەنەی بە كورتی باس كردووە كە دەڵێ (پاش ئەوەی چەند جارێك چوومە- لای فلان و بەركوڵێكی بەردڵگرم سەبارەت بە (نالی) و هەست و چەشنی (نالی) لا كرد...) لە نموونەی بەسەرگرتنەوەی كەلەبەر لەو شەرحە بەهادارەی مامۆستا و كوڕانی بەیتێكی موناجاتەكەی ڕێی حەج لە نالی و شەرحەكەی دەخوازمەوە كە دەڵێ:

لە سەد جێ كلكی ئوشتر گەییە ئەرزی مەعلەكە، هێشتا
بەمی فەجی عەمیقی نالی هەر بێ قەعر و پایانە

لە شەرحیدا وشەی (ناڵ) نووسراوە و هەر بەواتای ڕەنگی ناڵ لێك دراوەتەوە هەرچەند خۆی لە واتای پاتەوپاتی وشەكە دزیوەتەوە و بەرستەی (هێشتا دەریای شینی ڕێگای دووری....) ڕەنگی ناڵی بە (شین) گۆڕیوە كە دەزانین لە بەیتەكەدا ئەم ڕەنگە هیچ ناوی لە ناودا نییە. ڕاستی (ئاڵ، آل) بەواتای (سەراب) دێت، سەرابیش دەشوبهێنە (یەم، بەحر) چونكە وەك ئاو دەردەكەوێت. لە كوردەواریدا كە دەڵێن كلكی وشتر گەیشتە ئەرز مەبەستیان مردنیەتی لەو ڕووەوە گۆیا هەتا ئەمرێت كلكی بە زەوی ناكەوێت چونكە كە پیر دەبێت بەسەر ئەژنۆكانیەوە هەڵدەترووشكێ و پاڵ نادەتەوە وەكو ولاغی دیكە...

له لیستەی هەڵەکاندا ئیشارەت بۆ لاپەڕە ١١٧کراوە کە سەهوێکی تێدایە و ڕاستی کردۆتەوە. بەڵام لە هەمان لاپەڕەدا و لە نیوە دێری پێش ئەو سەهوەدا سەهوێکی وەك ئەو هەیە بە زەقی ماوەتەوە. لەو لاپەڕەیەدا بەیتی چوارەمی قەسیدەکەی شێخ ڕەزا بەمەردوو هەڵەیەوە وەها نووسراوە:

طەبعی جەواد و کەریمی هەر وەکو قاٰناٰنی دەڵێ
زەرەمی بە قنطار هەمی بەخشەد و نوشتر بە قیطار

هەڵەی نیوە دێری دووەمی بەیتەکە کە لە لیستەی هەڵەکاندا ئیشارەتی بۆ کراوە ئەو وشەیەی (هەمی) یەکەمە و دەبێ بسڕێتەوە. بەڵام لە نیوە دێری یەکەمدا وشەی (هەر) زیادە و شیعرەکەی لەنگ کردووە. ئەگەر (هەر) بمێنێتەوە دەبێ لە جیاتی (کەریمی) بنووسرێت (کەریم) ئنجا (جەواد)یش دەکرێتە (جەرواد) لەبەر خاتری کێش:

طەبعی جەرواد و کەریم: هەروەکو قاٰناٰنی دەڵێ
طەبعی جەواد و کەریمی وەکو قاٰناٰنی دەڵێ

له نیوە دێری دووەمی پاش ئەم بەیتە لەتکییەکی زەق هەیە، نووسراوە:

میثلی بەحرێکە نە ساحلی بێت و نە کنار

ئەم دەقە یەك برگەی کەمە، ڕەنگە بەم جۆرە چارەسەر بکرێت:

میثلی بەحرێکە نە هیچ ساحیلی بێت و نە کنار

لە بەرانبەر ئەم دێرە شیعرانەدا، لە لاپەڕە ١١٦، ئەم نیو دێرە شیعرەی ئاهی:

دەبێ ئاهی لە جەژنی وەسڵی دلبەردا بەقوربان

یەك برگەی کەمە، پێویستە (قوربانی) بێت لە جیاتی (قوربان) هەم لەبەر کێشی شیعر و هەم لەبەر خاتری واتاکەی کە یەکی لەسەر (ی) ئیزافە کەوتووە.

دەچمەوە بۆ لاپەڕە ٧٩ کە لە لیستەی هەڵەکاندا ئیشارەت بۆ هەڵە لە نووسینی بەیتێکی (حافظ) کراوە کەوا لە جیاتی (ألا یا أیها) نووسراوە (ألا أیها). دەبوو لیژنە هەڵەیەکی گەورەتر چارەسەر بکات کە یەکۆتاییی غەزەلەکەوە نووساوە و لە جیاتی (امملها) هاتووە (أمهلها)ی پەسند کردووە کەچی لە بەراوێزدا (أمهلها)ی بە (بیخەرە لاوە) ڕاڤە کردووە کە (أمملها) دەبەخشێت. لە جلدی (٢٣، ٢٤)ی گۆڤاری دەستەی کورد ساڵی ١٩٩٢، لە ناو توێژی گوتارەکەی د. ئەمین موتابچیدا ئەم بەیتە بە

(أمملها) کۆتاییی هاتووە لە دیوانە چاپکراوەکانی حافزیشدا هەروەها نووسراوە.

لیستەکە دەمانتنێرێتەوە بۆ لاپەڕە (٨١)ی ئەنجوومەنی ئەدیبان کە وشەی (کڕ) بگۆڕێن بە (کز). سەرخواردنەوەیەک لەو لاپەڕەیە چەند هەڵەمان دێنێتە بەرچاو.

وشەی (طورەی) لە یەکەم بەیتی غەزەلەکە دەبێ (طوڕەیی) بێت دەنا کێشی تێک دەچێت، وشەکە خۆیشی (طُرّه- طوڕە)یە.

لە بەراوێزدا، دێڕی حەفتەم، وشەی (بیداء) دەکرێتە (بیدار) بەواتای (بەهەبەر، ئاگادار) ئەدیبەکانمان لەم وشەیە و چەند وشەی دیکەشدا کە فارسین هەڵە دەکەن. بەیتێکی حاجی قادر لە مەدحی کردگاردا دەڵێ:

ئەی بێ ئەزیر و هەمتا هەر تۆی کە بەرقەراری

بــێ دار و بــێ دیــاری بــیــدار و پــایــەداری

هەمیشە ئەم (بیدار)ەی دەکەنە (بێدار) وشەی (هەزار) بەواتای بولبول (هوزار) دەنووسن. بەیتی نالی کە دەڵێ:

ڕوخی تۆ گوڵێکە سەد بەرگ و هەزاری عاشق ئەما

لــە هــەمــوو چــەمــەن دیــارە بــە نوسوڵی نــاڵە نــالی

جوانییەکەی لەوەدایە کە وشەی (هەزار) هەم بەواتای بولبول و هەم ژمارەی هەزار هاتووە ئیتر لە قەتاربوونی (یەک گوڵ - گوڵێک) و (سەد بەرگ - بەواتای شەستپەڕ) و (هەزار عاشق) سێ پلەی تاک و سەد و هەزاری ژمارەی ڕیز کردووە سەرەڕای واتا گشتییە نازدارەکەی بەیتەکە. لە شەرحەکەی مامۆستای مودەڕیس ئەم بەیتە بەم شکڵە نووسراوە:

ڕوخی تۆ گوڵێکە سەد وەک هوزاری عاشق، ئەما

لە هەموو چەمەن دیارە... هتد

ئاشکرایە کە (سەد وەک) لە جیاتی (سەد بەرگ) نادروستە لە زۆر ڕووەوە، کە یەک لەوان ئەوەیە ئەم نیوە دێڕە تەنها خۆی لە هەموو قەسیدەکەدا دەبێتە ١٥ بڕگە ئەوانی دیکە سەر لە بەریان بڕگەیین و یەک ئەفعەس و گردن.

وشەیێکی دیکەش لەوانەی بە هەڵەیی لەکار دێن وشەی (نما-ئەما)یە کە کوردەکە دەیکاتە (نوما) و دەڵێن (قبیلە نوما- جیهان نوما) لە جیاتی قیبلە ئەما و جیهان ئەما.

لە موناسەدا دەڵێم لە ڕۆشنبیران ئەدومشایەوە سێ وشەی (ڕاناو، فرمان، زانکۆ) بە واتای (ضمیر، فعل، جامعە) بەکار بهێنن. لەلایەن (ڕاناو)ەوە ئەم پێشگرەی (ڕا) سەر بە فیعلە نەك ناو نیتر کە ئەمە دروست بێت دەبێ (ڕاماست، ڕاخوری...) و گەلێکی دیکەش پەیدا بن و دەڵێین (ڕاماست) بەواتای (پەنیر)ە و (ڕاخوری)ش لبادە.

فرمان هەمان وشەی (فەرمان)ە بەواتای (أمر). لە گوتەی خەڵقی نەخوێندوو دەبیەیت دەڵێن: فرمانی خۆم جێبەجێ کرد، بەواتای ئەوەی کە بڵێ: ئەوی فەرمان بوو بەسەرمەوە جێبەجێم کرد. هەڵبەت ئەمە بەکارهێنانێکی ڕەمەکی وەك ئەوەی کە بەر لە جەنگی دووەم خەڵقی دەزبیباتی و دەوروبەری کەرکووك دەیان گوت: زەویەکانم (لاپن) کرد، مەبەستیشی ئەسویە بو کە بەپێێك کۆلۆنێل (لاپن) سەرۆکایەتیی ئەسویەی بەدەستەوە بوو. ئەم فەرمانە ڕەمەکییەش لەلایەن خوێندەواری شارستانەوە فەلسەفەپییەکی کاڵ و کرچی تێدا بەکار هات لەوەدا کە (فرمان)ی بە (عمل) لێك دابەوە ئیتر توند دەستی لێ گیر کرد و لە جیاتی (فعل)ی ڕێزمانی عەرەبی بەکاری هێنا، گۆیا (عمل وفعل) یەك شتن. (زانکۆ) داڕشتنێکی تێدا بەکار هاتووە پشت لە هەموو دەستورانی کوردییە. من ئەوەی لێ بە عەیب ناگرم کە بە ڕێکەوت (زان) لەگەڵ (ولادة) یەك دەگرنەوە و دەشیا لەم بوارەوە زانکۆ بەجێگەی (منداڵ لێبوون) بڕوات. بەڵام لە دەست مندا نییە کە (زان) کورتکراوەی (زانین) بێ بەناچاری دەبێتە کەرتی ناوی کارای وەکو (زۆرزان، کەمزان، لێزان). لەمەوە هەرگیز ناشێ بچێتە بەرایی وشەوە دەنا دەبێتە (زان) بەواتای منداڵبوون مەگەر بڵێی (زانینگە) وەك کە دەڵێی ئیستگە جۆگە ئەوساش نابێتە (جامعە). ئێمە ئەگەر لە (گەلەخەرمان، گەلەکۆیی)یەوە بۆ زاراوەکە بچین وەك کە لە (کۆمەڵ...)دا بە پڕاڵەتیش بێ ئەو (کۆ)یە لە وشەکەدا هەیە، دیسانەوە بە چاوپۆشی دەبێ زاراوەکە لە چەژدا شیرن نایەت: کۆزانست، کۆزانین، کۆ؟بە هەمە حاڵ ئەم بیرگێڕییە زیانێکی تێدا شك نابەم هەرچەند پێوەندیی یەکسەری بە (بێدار)ەوە نییە. دوای (بێدار) لە نیوە دێری یەکەمی بەیتی دووەمدا وشەی (طوپە) وەك پێشتر باسی لێ دەکرا دەبێ (طوپپە) بێت ئیتر لە هەر شوێنێکی دیکەش هەبێت دەبێ ڕاست بکرێتەوە.

لە بەیتی سێیەمی بەراوێز (مەشاطە) دەکرێتە (مەششاطە) کە ئەمە ڕاستیی وشەکەیە و کێشی شیعریش وەها داوا دەکات. بەیتی چوارەم لە نیوە دێری یەکەمیدا وشەی (بەرزو) ئەواتای هەیە و ئەکێشی شیعریشی پێی هەڵدەگیرێت. ئنجا دەبێ بڵێین

بەیت دووەم و سێیەم و چوارەمی پەراوێزەکە واتایان دیار نییە دەبێ لە نووسینەوەدا هەڵەیان تێ کەوتبێت. ئەمەش دەقەکەیانە بە ڕێنووسی ناو کتێبەکە:

سازشی طـورە وە ڕوویـدا بـە فـنـون
بـاری ڕاخستـووە بـۆ دۆشەکـی یـار
بـەریـدا شانـە بـە دڵ دامـەنـی زوڵـف
شانـی مـەشاطـە جودا بـێ بـە چـنـار
گەر قیـاسەکـەم بـە قـەدت قـەدی بـەرزو
هـەر وەکـو سەرووە موقـابـل بـە چـنـار

ئەم (قیاسکەم)ەش دەبێ (قیاس کەم) بێت.

لە لیستەی هەڵەکانەوە دەچم بۆ کتێبەکە خۆی و چەند تێبینییەکی پێویست هەن دەیخەمە بەر لیژنە و خوێنەرانەوە:

لە بەڵگەی ڕاستنەبوونی (قیاسکەم) شایەدێك دەهێنمەوە لە نووسینی لیژنە خۆیەوە. دێرە شیعرێك لە ناوەڕاستی لاپەڕە (٦)دا بەم جۆرە کۆتایی دێت (مەگەر خۆم کەم بە قوربانی).

لە سەرەتای دێری سێیەمی لاپەڕە (٧) نووسراوە (سێیەم). لەوێشدا کێشەیەك هەیە بە کەس چارەسەر نەکراوە بۆچی ئەم دوو (ی)ە لە نووسیندا لێك دەترازێن. خۆ (ی) بە پیتی دوای خۆیەوە دەلکێت؟ ئاخۆ ئەگەر وشەکە (سیسەم) بووایە دەکرایە (سی سەم)؟ زۆر بەسەیری دەنووسرێ: ئەو پارەی پێمە پێمانە پێتە. پێتانە. پێ بەتی، پێ یانە! کە دەگەنە دراوسێیەتی دوو (ی) لێکیان جودا دەکەنەوە. من خۆیشم بە پێڕەوی ڕێنووسی باو گەلێك جار گوێ نادەمە مەنتیقی نووسین کە نابێ مامڵەت جودایی تێدا بێت. بە زۆربەی ئەگەر (ی) نیزافە بە دووا وشەیەکی وەك (شووتی)دا هات دەنووسن (شووتیی قلیاسان) ئەگەر بە دووا کاڵەکیشدا هات دەنووسین (کاڵەکی قلیاسان). سەیرە لە کوێی! بگەڕێوە بۆ لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکە دەبینی لە دێری سێیەمی (گەشەپێدان) کەچی لە دێری نۆیەمی نووسراوە (دەست پێ کردن). هیچ بەهانەیەك بە دەستەوە نییە (پێ کردن، پێدان) بەم شێوەیەی وەها ناجۆر بنووسرێن. بێگومان هەڵە و ناجۆری لە هەر کەسێك ر لایەنێکەوە بێت نادروستە بەڵام دەستەی کوردی خۆی خاوەن بڕیارە لەسەر ڕێنووسی کوردی دەبوو ئەو پتر لە پەرۆشی چارەدێریی دەستوورەکانیدا بێت.

لەبەرەو کۆتایی لاپەڕە (٧) وشەی (بەرامبەر) نووسراوە، ئەم وشەیە دوو هاوڕێی دیکەی هەیە (سەرانسەر، دەوراندەور) خۆیشی (بەرانبەر)ە بەڵام لە دەربڕیندا بەپێی داخوازیی فۆنەتیک ئەو نوونە وەستاوە لە بەرایی دەنگی (ب)دا دەبێتە (م) وەک لە وشەکانی (هەنبان، عەنبار، چەنبۆڵە زەنبەرەک...)دا نوونەکان دەکرێنە (م). نەک هەر لە بەرایی (ب) بەڵکو لە بەرایی (پ)ش هەمان مامەڵەت لەگەڵ (ن)دا دەکرێت بەڵام وشەی ئەوتۆیی دەگمەنن لە کوردیدا، یەکێیان وشەی (قەنپار)ە بە واتای گاز لێگرتن کە دەکرێتە (قەمپار) و کورت دەبێتەوە بۆ (قەپار). مەرحووم مامۆستا زەبیحی (سەراسۆ)یشی بە خزمی ئەمانە دانا بەڵام بەوردبوونەوە قەناعەتی هێنا کە (سەراسۆ) ڕاستە نەک سەرانسۆ، بەرانبەر و هاوڕێکانیشی یەک گەرتی دووپارە دەبێتەوە.

(سەراسۆ) ئەوە دەگەیەنێ کە لە (سەر ئاسۆ)وە تەماشای شتێک دەکرێت و بەسەح دەکرێتەوە. ئەم (بەسەح)ە ئەسڵەکەی (بەسەعد)ە لە (سەعینەن)ی پەهلەوییەوە هاتووە بەواتای (نَقد) بەڵام (ھ)کەی گۆڕاوە بە (ح) هۆیەکەشی ئەرمیە کوردی هەموو (ھ)ی کۆتایی وشە تێ دەبات، لێرەدا گۆڕیوەتی بە (ح) وەک کە (پەھ) دەکرێتە (پەح). لە نموونەی فرتانی (ھ)ی کۆتایی وشە: پەنا، شا، ئەڵڵا، کۆتا... لاپەڕە (١٠٠٩)ی کتێبەکە هەڵوەستێکی گەرمکە:

لە لاپەڕە (٩)وە هەتا لاپەڕە (١٧) نووسینێکی مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)یەوە بە دەقی خۆی بۆ ئەم کتێبە ڕاگوێزراوە، بریتییە لە ناساندنی فەیزی بەگ بە خوێنەری کوردیی سەردەم. لێژنەی وێژە و کەلەپوور زۆر بە زانایی و ناسکییەوە لە ئاست گوتەیەکی مامۆستا حیلمی کە دەڵێ فەیزی بەگ (عەسکەرێکی عالم و ئەدیبێکی عەسکەر بوو)، لە پەراوێزدا ئەم دوو دێڕە شیعرەی (فەیضی بەگ)ی بەشایەد هێناوەتەوە:

که جەیشی غەم هجومی کرد نیظامی عومری من تێکچو
ئیتر موومکین نییە ئاسایش حاڵی پەرێشانم
بیناى بورجی بەدەن ڕووخا بە گوللەی حادثان ئەمڕۆ
ئەما قووەت لە ئەژنۆما بڕا پشتم شکا شانم

سەیر دەکەیت دوو بەیتەکە چەند پڕە بە کەرەستەی لەشکر.

چوارینەکەی شێخ ڕەزا لە هەمان پەراوێزدا دەنگی قسەیەکی دیکەی مامۆستا

حیلمی دەداتەوە لەبارەی فەیزی بەگەوە کە دەڵێ: لە زەمانی حکوومەتی عوسمانی، کە هێشتا قوڵ ئاغاسی بوو، مودیری مەکتەبی عەسکەریی بەغدا بوو. ئەمە دەقی چوارینەکەیە:

ج عـجب گر بـه وجـود تـو بـنـازد بـغداد
ای وجـود تـو مـحـیط دوجـهـان استعداد
گـرو از مـهـرپـرد ذره بـدان نـاچـیـزی
اگـر از رأی مـنـیـر تـو کـنـد استـمـداد

دەنگدانەوەکە لەوەوە دێت کە (بنازد بغداد- بەغدا ناز بکات) وا ڕامەگەیەنێ لەو دەمەدا فەیزی بەگ نیشتەجێی بەغدا بووە. بەداخەوە لە ڕاڤەکردنی چوارینە فارسییەکەدا لیژنە دوچاری یەک دوو خلیسک بووە. دەبوو لە جیاتی (لێ وەشاوی) بەواتای (استعداد) بڵێ (لێوەشاوەیی) وەک کە دەڵێین (سادەیی، نامادەیی) نەک (سادی، نامادی). ئەگەر وشەکە (لێوەشاو) بووایە نەدەبوو بەڵام (لێوەشانەوە) وەک بەشێك لە فەعلی دیکەی کوردی ئەم پاشگرەی (وە)ی لێ بووەتە کەرتی بنەڕەتی. دەبینین نالی گوتوویەتی:

گەرمی و تەڕیی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە

نەیگوت (کوژاوە) چونکە (کوژانەوە) بنەڕەتە. لە شەرحی دوو میسرەعی دوایی چوارینەکە لیژنە دەڵێ: گەرو لە خۆر دەباتەوە (نەرە) بەو هیچ و پیچی وردیلەیییە ئەگەر داوای یارمەتی لە بیروڕای تۆ بکات «یاخۆ ئەگەر لە مەزنترین بە شەوق (واتا خۆر) سوود وەربگرێ». جارێ لـە پێشەوە، دەبـوو (نەرە) بـە تـەواوی خرابایـە سەر ڕێنووسی کوردی و بکرێتە (نەڕە) دەنا ئەگەر (نەرە) بخوێندرێتەوە بەبێ گوشینی دەنگی (ر) ئەوسا وشەکە واتای نامێنێت و کێشی میسرەعەکەش لەنگ دەبێت. ئنجا نەدەبوو بڵێ «یاخود لە مەزنترین بە شەوق (واتا خۆر) سوود وەربگرێ» چونکە ناشێ نەڕە لە خۆر شەوق وەربگرێت و گرەویشی لێ بباتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەگەر نەڕە بە شەوقی خۆر گرەو لە خۆر و ئەرز و ئاسمانیش بباتەوە ج مەدحێکی فەیزی بەگ لەوەدا پەیدا نابێت...

لە لاپەڕە (١٠) لیژنە دوو سەرنجی هێناوەتەوە:

سەرنجی یەکەم ئەوەیە کە لە هەندێ سەرچاوەدا لە جیاتی میسرەعی چوارەمی

چوارینەکە نووسراوە (اگر ز تیر اعظم بکند استعداد). هەر سەرچاوەیەکی ئەمەی پەسند کردبێت لە ڕاستەڕێی دەستووراتی مەدحی لاداوە چونکە لە دەقەکەدا هیچ بنگەیەکی وشەیی وەیا مەعنەوی پەیدا نییە کە مەبەست لە (تەبیری ئەعظم) فەیزی بەگ بێت. لە فەرزێ بیگوتبایە لە (از تعبیری عوظمات...) تەئویلێکی هەڵدەگرت کە مەبەس لە (تەبیری عوظمای تۆ) هۆش و گۆش و بەروڕای مەدحکراو بێت.

وابزانم لیژنە ئەم دەقەی پەراوێزی لاپەڕە ١٠ی لە ئەزمردا بووە کە لە پەراوێزی لاپەڕە(٩)دا واتاکەی بە کوردی لێ داوەتەوە بەڵام ئیشارەتی بۆ ئەم لایەنە نەکردووە.

سەرنجی دووەم ئەوەیە کە دەڵێ: وا بەناویانگە کە ئەم دوو هەڵبەستە دەربارەی (موفتی زەهاوی)یە.

وشەی (هەڵبەست) کە بەواتای (شیعر، نظم) دێت لەو سەرنجەدا دەچێتەوە بۆ دوو بەیتە کوردییەکە و چوارینە فارسییەکەی لاپەڕە (٩). دیارە مەبەسیش چوارینە فارسییەکەیە چونکە کوردییەکە خاوەنی دیاری هەیە مەعلومە بۆچی داندراوە. کە شەکوای حاڵە و مەدحی کەسی پێ نەکراوە. هەرچی چوارینەکەیە مەدحە، ڕێی تێ دەچێ بۆ مەدحی موفتی زەهاوی داندرابێت، هەم لە بەرئەوەی کە لە بەغدا ژیاوە و هەم لەبەر دەلالەتی (محیط دوجهان استعداد) کە لە شان و عیلمی زەهاوی دەوەشێتەوە بەڵێ دەزانین شێخ ڕەزا هەجووی توندوتیژی موفتیی کردووە بەڵام دەشێ ئەم مەدحەی بەر لە هەجووەکان گوتبێت وەک کە لە مەدحدا گوتوویەتی:

مومکین نییە ئیدراکی حەقیقەت بە تەواوی

مومکین نییە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی

لەگەڵ ئەمەشدا، چەژی شیعرەکە لەگەڵ ئەو مەدحانەی بێگومان بۆ فەیزی بەگی داناون هێوێنی یەک سەرچاوەی مەدحکراون. بەهەمەحاڵ دەبوو لیژنە لە جیاتی (ئەم دوو هەڵبەستە) بڵێ (ئەم چوارینەیە، ئەم ڕوباعییە...) یان (ئەم دوو بەیتە فارسییە) هەتا خوێنەر حیسابی لێ تێک نەچێت وەک کە من بۆ ماوەیەک لێم تێک چوو. واتای چوارینەکەش وەک من تێی بگەم ئەمەیە: چ سەیر لەوەدا هەیە بەغدا بەبوونی تۆ تێیدا ناز بکات، ئەی ئەو کەسەی وجوودت (محیط)ی دوو جیهانی ئامادەییە. ئەورە بەو هێچییەی خۆیەوە گرەو لە خۆر دەباتەوە لە بەروڕای ڕووناکی تۆ داوای یارمەتی بکات.

ئەم (محيط)ە وەك بزانم بەواتای دەریای (محیط)، واتە ئۆقیانووس Ocean هاتووە نەك ئابلۆوقەدەر وەك كەلیمژنە بۆی چووە. دوو جیهانەكەش بۆ دنیا و قیامەت دەچێتەوە نەك دوو جیهان وەیا دە جیهان كە ژمارەی خۆراییی پێوە لكابێت و هیچی تێ ناچێت. لەلایەن كێشی چوارینەكەوە جگە لە ژمارە دوو ژمارەی (دە، سێ)ش دەست دەدەن. ژمارە (سە، نە، سێ، نۆ)ی فارسیش دەست دەدەن بەڵا هێندەی (دوو، دە، سێ) گورج نین. لەلایەن واتای بەكێش و تەرازووەوە تەنها (دوو) دەست دەدات كە دنیا و قیامەتە.

لە لاپەڕە (١١) وشەی (مشیمە) بەمنداڵدان داندراوە. وەك بزانم منداڵدان رەحمە، هەرچی مەشیمەیە (پزدان)ی پێ دەڵێن. ئەم (پز)ە وەك لە (پسمام، پزمام، كوڕمام)دا دەردەكەوێ هەمان (پسر-پسەر)ی فارسییە لە كوردیشدا هەیە بەڵام بە زاراوە بۆ مشیمە ڕۆیشتووە.

ڕاڤەی بەیتی یەكەم و دووەمی قەسیدەكەی لاپەڕە (١١) پێیەكەوە شیرن دێن. من واتای هەردوو بەیت بەم جۆرە تێ دەگەم. ئەمەش دەقیانە بە ڕێنووسی كوردی.

ز نوطفەیی قەڵەمەت دەر مەشیمەیی قیرطاس
نەتیجە هاست بە قیمەت گرانتەر ئەز ئەلماس
صەحیفە موعجیزە پیراست بەسكی چون مەریەم
بە بەر گروفتە مەوالیدی عیسەوی ئەنفاس

شێخ ڕەزا دڵۆپی قەڵەمی مەدحكراوەكەی كە دەبێتە وشە لە (قرطاس)دا بە (نطفە) دادەنێ و قیرطاسەكەش بەپزدان. (نطفە) سەرەتای ڕسكانی منداڵە لە پزداندا. ئیتر ئەم نوطفەیەی قەڵەمی مەمدووح لە پزدانی كاغەزدا ئاكامی وەهای هەیە گرانتر بێ بە نرخ لە ئەلماس.

صەحیفە (واتە: ڕووپەڕە كە دەكاتەوە قرطاس) موعجیزە نەخشێنە چونكە وەكو مەریەم لە هەناوی خۆیدا گەلێك منداڵی عیسەوی ئەنفەسی هەڵگرتووە. وەك دەزانین هەناسەی عیسا ئیحیاكەرەوە بووە. ئنجا هەناوی مریەم یەك عیسای تێدا بووە (عیساش منداڵی ئەبووە ئەمما دڵۆپی مەرەكەبەكە ئەزۆك نییە) هەرچی پزدانی كاغەزی دەستەكەیەتی چەندان مەوالیدی وەك عیسای تێدایە كە وشەكانی نامەكەن.

لە (معجزە پیرا)دا وشەی (پیرا) كەرتی ناوی كارا -اسم فاعل-ی داڕێژراوە لە

چاوگی (پیراستن)ی فارسی هاتووە کە بریتییە لە جوانکردنێکی عەیببڕ بێت و دەبێتە تەواوکەری (آراستن ئاراستن) کە زیادکردنە لە جوانی. کورد کە (ئارایشت) بەکار دەهێنێت لە (ئاراستەن)ەوە هاتووە بەڵام کە ئاراستە بەواتای (تێگرتن-توجیە) لەکاردەهێنێت تێیدا بەسەهوو چووە. ئاراستن و پیراستن هەردوویان پێکەوە بەواتای جوانکردن دێن. بە مەجاز دەشێ ئاراستەکردن بە (تەیارکردن) بروات کە لەشکر بەچەک ئاراستە دەبێت.

لە دێرە شیعری سێیەمی قەصیدەکەدا کە شێخ رەزا لە رووی قیاسەوە، ئەی ئەمین فەیزیی بە جوبرەئیلی ئەمینت دادەنێم، پاڵپشتەکەی لەو قیاسەدا ئەوەیە کەوا هەروەک جوبرەئیل هەڵگری وەحیی خودایە و ئەمینی وەحییە، ئەمین فەیزیش هەم ناوی ئەمینە هەم کاغەزێشی پرە لە موعجیزە. من تەمام نییە بەسەر هەموو کتێبەکەدا بچمەوە و رەخنەکاری لەگەڵ ئەمین بەگ و لیژنەدا ساز بدەم چونکە پتر لە کتێبەکە دەخایێنێ. ناوناوەیێک ئەبێ دەست بۆ چقڵێك وەیا قەسەڵێك دەبەم ئەویش بە نیازی خزمەتی کتێبەکە خۆی.

لە لاپەڕە (١٣)دا ڕاڤەی دەقاودەقی (دڕیتیمی) بە (دووری نایابی) کراوە کە ئەختێك لە ڕاستە واتای وشەی (یتیم) دوورە، بەڵام لە ڕاڤەی سەرلەبەردا بە (دوڕییەکانە) لێك دراوەتەوە و جێی خۆیەتی و ڕاستە تەنها زێدە شەرحێك پێویستە بگوترێ: (دڕی یتیم) ئەو دوڕڕەیە کە لە قەپێلکێکدا تەنهایە و دانەی دیکەی لەگەڵدا نییە ئیتر گەورەتر دەبێ لەوانەی بە تەنهایی فراژی نابن. وشەی (نایاب)یش هەرچەند لە واتای زێدە پەسەند بەکار دێت لە حەقیقەتدا بەشتێك دەگوترێ هیچ هاوتای نەبێت بگرە هەر دەست ناکەوێت چونکە (یابیدن) واتە دۆزینەوە و دەستکەوتن. کە گوتت (نایاب) دەست نەکەوتن دەگەیەنێ. لە تەك نایابدا وشەی (کم یاب، کەم یاب) هەیە کە دەکاتەوە کەم مانەند. لە لاپەڕە ٢٢، ٢٣دا لیژنە بۆ ساڵی لەدایکبوون و مردنی نالی هەر ئەو ساڵانەی داناوە کە لە کۆنەوە بێ بەڵگە و لێکۆڵینەوە باوی ستاندووە بێ ئەوەی هێمایەك بکات بۆ رایەکی دیکە کە لەو ساڵەی بۆ مردنەکە دانراوە کۆڵیوەتەوە و کۆمەڵێك بەڵگەی لە دیوانەکەی نالی خۆیەوە هەڵێنجاوە کە ناشێ نالی لە تەمەنی ٥٦ساڵی مردبێت. ئەم رایەی من لە کتێبی (چەپکێك لە گوڵزاری نالی) کە لە حەفتاکاندا بڵاو کرایەوە هاتووە سەیرێکی لاپەڕە (٣١)ی شەرحی دیوانەکەش بکەیت دەبینی مرحووم فاتیح لە پەراوێزدا نووسیویەتی بەڵگەکانی سەر بە ساغکردنەوەی

ساڵی مردنی نالی لە دەستنووسێکی (مسعود محمد) وەرگرتووە. ڕایەکەی من جگە لە لێکدانەوە و شایەدی باپیرم حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەمشی لەگەڵدایە کە گوتبووی کاتێك لە ساڵی ١٢٨٩ك. مەکەی بەجێ هێشت نالی بەر حەیات و زۆر بەساڵدا چوو بوو. تەمەنی ٥٦ساڵی لە چاو ئەو بیروبیەی کە حاجی مەلا عەبدوڵڵا دیتبووی و دەلالەتی چەندان شیعری نالیش ڕای دەکەیەنێ تا ئەو تەمەنە زۆر کورت دێنێت. بەهەمەحاڵ ئەو لێکۆڵینەوانەی ساڵەکەی مەرگی نالی بەسەر دەکەنەوە و ئەو پێ داگرتنانەی لەسەر سالانی ١٨٠٠و ١٨٥٦ز. بۆ ژیان و مەرگی نالی بە دڵگەرمییەوە بەرەوامن هەمووی بێ لزووم دەبن پاش ئەوەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەداد، دوای گەڕانەوەی لە خوێندنی ئەورووپای لە تەلەفزیۆنی – وا بزانم: هی مووسڵ– باسی کتێبێکی نووسەرێکی فەرەنسەیی گێڕایەوە کە دەڵێ لە ساڵی ١٢٩٠ك. نالی لە ئەستەمبوڵ مرد و بە خاك سپێردرا. نووسەرەکە خۆیشی لەوێ بووە. ئەم ساڵەی ١٢٩٠ کە دەوەستێتە ئاست سالانی ١٨٧٣–١٨٧٤ی ز. تەمەنی دەگەیەنێتە ٧٣–٧٤ ساڵ کە لە ١٨٠٠هاتبێتە دونیا.

ڕاستییەکەی، ئەو بیروبیەی کە باپیرم لە نالیی دەگێڕایەوە و لە باوکم و مامەمەوە بە ئێمە گەیشتووە پتر لە ٧٣ ساڵ ڕادەگەیەنێت کەوا سەرەتای بوونی چەند ساڵێك دەخاتە پێش ١٨٠٠ز.ەوە بەلام بەڵگەی مادی بۆ ئەم لایەنە تا ئێستا لە دەست کەسدا نییە هەروەك بۆ ١٨٠٠یش هیچ بەڵگە پەیدا نییە. تۆ بڵێی نووسەران دەست لە ساڵە درۆزنەکەی ١٨٥٦ شل بکەنەوە؟ باوەڕ ناکەم! لە بەراویزی لاپەرە ٢٣ بە دەم باسی ژیانی نالییەوە، لیژنە بۆ ئەوە چووە کە نالی لە پاش ساڵی ١٨٤٠ز. کە دەوەستێتە بەرانبەر سالانی١٢٥٥ – ١٢٥٦ك. بە ناچاری سلێمانیی بەجێ هێشت. هەرچەند لیژنە هۆی ناچارییەکە بەدەستەوە نادات و بەڵگەش ناهێنێتەوە بۆ سەپاندنی ئەو ساڵە بەلام وا پێ دەچێت ناوارەبوونی نالی بە تێکچوونی حوکمڕانیی بابانەوە دەبەستێتەوە کە بەپێی بۆچوونی خۆی ساڵی ١٨٥٠ ز (بەرانبەر ١٢٦٦–١٢٦٧ك.) دەگرێتەوە. دەبینین١٠ ساڵێك ماوە هەیە لە نێوان ١٨٤٠و١٨٥٠دا ئیتر مرۆڤ نازانێ چۆناوچۆنی لە ئاست ئەو بیرورایەدا کەوا لە پەنهانی ماوەتەوە دڵی خۆی تەسکین بکات.

لەدیوانی عەبدولباقی عومەری تێکچوونی بابان بەپێی حیسابی (جمل) بەم میسرەعە دیار خراوە:

که ساڵی ١٢٦١ك. دەگرێتەوە. لەمەشدا شوبهە نییە هەم لەبەر دەلالەتی شیعرەکە و هەم لەبەر قسەی دەماودەمی کۆیێ کە دەزانین لەشکری ئەحمەد پاشا لە کۆیێ شکستی هێنا لە بەرانبەر نەجیب پاشا والیدا. شکستەکەش هونەری نەجیب پاشای تێدا نەبووە، بێ سەروبەریی لەشکری بابان خۆی سەبەب بووە. باپیرم گێڕابوویەوە کە عومری ١٠ ساڵی بووە شەوێ گوێی لەو تەقوهوڕەی ناو لەشکری بابان بووە کە بۆتە هۆی لێك هەڵوەشانی. باپیرم لە ١٢٥٠ك. بەوطەد بووە بۆ (١٢٦١)-١٠ ساڵێك مەودا هەیە. دەگێڕنەوە، نەجیب پاشا زۆر بێ ئومێد بووە لە سەرکەوتن، ڕجاکاران دەنێرێتە لای ئەحمەد پاشا کە ڕێزی نەشکێنێت چی ئارەزوویەتی بۆی بکات.

لە وەڵامدا دەڵێ ئەگەر والی دەغالەتم بێ بکات دەیکەم بە کوێخای قوزپیتان... ئەم قسانە جێی گومان نین هەرچەند مێژوونووسان شتێکی دیکە بڵێن.

ڕاستییەکەی ج هۆیەکی ئەوتۆ نییە وەها لە نالی بکات کە لەبەر تێکچوونی حوکمی بابان لە سلێمانی دەرچێت. ئەحمەد پاشایەکی بە سەلامەتی لە ئەستەمبوڵ بژیت و تورك هیچی لێ نەکەن، بۆ دەبێ نالی لە ترسی دەستدرێژیی ئەو تورکانە ئاوارە بێت؛ ئەحمەد پاشا گەیشت و گەڕانی ئەورووپاشی کردووە. لە ئەستەمبوڵ مەجلیسی ناوەدان و بەهاتوویاتی هەبووە. هێندەش تێروتەسەل بووە یەکێکی وەکو شێخ ڕەزا بارەها مەدحی دەست و کەرەمی کردووە. ئیتر نالییەکی شاعیر و بێ مایەی دنیایی لە چی بترسێت؟ سالم دووردەهاریزیی کردووە کە دەزانین باری ئەو بەهیچی پاپەیێکی دنیایی تێیدا ژیاوە جودایە لە هی نالی، خۆ ئەویش وەها ئاوارە نەبووە کە لە سلێمانی بە تەواوی بتەکێنێتەوە. نالیش لە چغزی دەسەڵاتی تورکاندا ژیا و پەنای بۆ ئێران و تووران نەبرد. شتێکی لە بڕیاری والییەوە دێتە لێکدانەوەی بێ لایەنەوە ئەوەیە نالی بەر لە ڕمانی بابان بە نیازی حەج سەفەری کردووە، هەر بۆیەیە موناجاتەکەی ڕێی حەجی، بە هەرسێ پارچەی یەك لە دوا یەکییەوە، باسێکی ئاوارەبوونی تێدا نییە وەك کە دواتر شکات لە دەستی بێ مەئوایی و کەرەمیی دەکات. نالی جارێ لەو سەفەرەدا بووە حوکمی بابان هەڵوەشاوە و حاڵی وڵات شێواوە ئیتر دوودڵ ماوە لە گەڕانەوە تا ئەو دەمەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) بۆ سالم دەنێرێ و پرسی بێ دەکات ئەویش وەڵامی بێ ئومێدیی بۆ بەرێ دەکات. سەیرێکی سەرەتای موناجاتەکە بکە کە دەڵێ:

ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا هەتاکەی حیرصی ویرانە
لەگەڵ ئەم عیشقبازانە بڕۆ بازانە نازانە
موسڵمان لێرە مانی خانمانت هەر نەمان دێنێ
پەشێمان بە کە دەرمانی مایەی ئیمانە

تا لەم موناجاتەدا چ ترس و لەرزێکی ڕووحانی یابان و قەمچیی تورکان دیار نییە. نالی تاتووت وەبەر خۆی دەنێ کە بەرەو حەج هەڵقەنێ. تا دەتوانین تارماییی ترس و لەرز بێنینە ناو هەڵبەستەکە دەبێ واتای وشەکانی هەڵگێڕینەوە. حەزم دەکرد لێژنە بەڵگەی سەپاندنی ساڵی ۱۸٤۰ ز. ی بەدەستەوە دابایە چونکە ساڵێکی کش و مات و بێ دەنگ و دەلالەت چ فەرقی نییە لەگەڵ ۱۸۳۹ و ۱۸٤۲ و ۱۸٤۵. دوای ئەم تێبینییانە داوا لە خوێنەر دەکەم بە خوێنی ساردەوە لەگەڵمدا سەرنجی ورد لە واتای دوو بەیتی سەرەتای موناجاتەکە ڕاگرێت، بە تایبەتی بەیتی دووەم، لە ماوەیەکی کورتیشدا دڵی خۆی بداتە بەیتی شەشەم:

فیداکاری تەن و جان بە لە ئاسانی هەراسان بە
کە داغ و دەردی ڕێگەی مەککە باغ و وەردی مەردانە

نالی لەم بەیتانەدا وەزعێکی نارامی بێ قوڕت و گرێ لەبارەی خۆیەوە باس دەکات کە دەیەوێ ئیمانی هەست و خوڵی موسڵمانەتیی لێ بەخەبەر بێنێت و باڵی عاشقانە وەکو باز بخوازێتەوە پێی بفڕێت و لەو وەزعە نارامەی هەڵقەنێت. بەخۆی دەڵێ: ئەی موسڵمان! لێرە مانەوەی خانمانت نەمان و فەوتان دێنێت. پەشیمان بە لەو نارامییەت چونکە لێرە (نەمانت و بەرەو حەج ڕۆیشتن) دەرمانێکە دەبێتە مایەی (مان-بقاء) وەها لە مایەی ئیمان. لە بەیتی شەشەمدا ئەم واتایە خەستتر دەکاتەوە کە دەڵێ (لە ئاسانی هەراسان بە) واتە باری وەها ئاسان و هەموار کە تێیدایت خۆتی لێ هەرەسان بکە تا بگەیتە ئەو داغ و دەردەی ڕێی مەککە کە باغ و گوڵی مرۆی مەردە.. ڕەنگە زێدەڕۆیی لە قسەمدا نەبێت کە دەڵێم نالی لە هەموو عومری پێش و دوای ئەم دەمەی کە بەیتەکانی تێدا هۆنیتەوە حاڵێکی هێندە نارامی بەخۆیەوە نەدیتووە ئیتر نازانم چۆن بێ بەڵگە دڵ تەسکین بکەم کە نالی لەبەر ناچاری لە سلێمانی دەرچووە.

لە شەرحی دیوانەکە (خان و مان) نووسراوە. وا دەزانم (خانمان) ڕاستە چونکە پاشگری (مان) لەم وشەیە و هی وەک ئەودا دەلالەتی جێگە شوێنی هەیە وەک کە

دەڵێن نیشتمان مەبەستت جێگەی لێ نیشتنە. وەك ئەو (دودمان، گرودمان- بەواتای عەرشی خوا-...) و هی دیکەش. بەلام دەبێ بزانین لە (قارەمان، دوشمان، ئەهریمەن) و هی دیکەشدا ئەو (مان)ە و (مەنش)ە شتێکی دیکەیە لەگەڵ لانشەی ئینگلیزی یەك ریشەن. لە کتێبی سەر بەزمانی کۆنینە خوێندوومەتەوە دەڵێ لە (ئاسمان)دا ئەم (مان)ە جودایە لەوان بەلام نالێ لە چییەوە هاتووە ئەگەر هەڵەم نەکردبێ (هەورامان) دەبێ (خۆرامان- شوێنی لێ هەلاتنی خۆر) بێت.

لە پەراوێزی لاپەڕە ٢٥ی ئەنجوومەن سەرنج بۆ مەلایەکی ئۆمەرگونبەتیی ولاتی کۆیێ ڕاکێشراوە بە زیرەك و شاعیر لە قەڵەم دراوە و ئەویش وەك (ئەحمەدی کۆر) ناوی مەلا ئەحمەدە کۆرەیە. ڕاستییەکەی ئەم مەلایە کە مەشوورە بە (مامۆستا کۆرە، یەکێك بوو لە دوو کەسی کۆیێ کە ناویان دەرکردبوو بە خاوەن کەرامەت، ئەوی دیکەیان ئافرەتێك بوو هەمیسان لە لادێوە بۆ شار هات، بوو بە بووکی یەکێك لە بنەماڵەی (خادم السجادە)ی کەرتی کۆیێ، ناوی (مامۆستا مەلاژنە عەنبەر بووە جا بە هەر تەئویلێك بێت، چ دینی چ فیزیایی، لە هەردوویان پێشبینی و کەرامەت دیتراوە و بیستراوە. کاك ئەحمەدی شێخ لە هەندێ ئەو نامانەی بۆ حاجی مەلا عەبدوڵلای ناردووە سەلام بۆ (ئاشەوان) دەنێرێ کە ئەم مامۆستا کۆرەیە دەگرێتەوە. لەو ڕووەوە کە بەینێك مدیری بریقەکانیان بووە و ئاشەوانیی بۆ کردوون. لەلایەن پایەی مامۆستا عەنبەرەوە ئەوەندە بەسە کە لە دەمی بەخاك سپاردنیدا حاجی مەلا عەبدوڵلا گوتبووی، یەکێك دەشارینەوە کە هەمووومان دەمێنێت. مامۆستا کۆرەش خواناسێك بووە باوکم مەفتوونی بوو، هەتا مەرگیشی لە ساڵی ١٩٤٣ لە زۆر مەجلیسەکانیدا بە سۆز و پەرۆشەوە باسی ئەحواڵی مامۆستا کۆرەی دەگێڕایەوە. باوکم دەیگوت مامۆستا شارەزای (نحو)ی عەرەبی نەبوو بەلام هەر عیبارەتێکی بە هەڵە بۆی خوێندرابایەوە تێی نەدەگەیشت هەتا بۆی ڕاست دەکرایەوە. گوتبووی ئەحو نازانم ئەمما دڵم بۆ مەعنای عیبارەتێك ناچێت هەڵەی تێدا بێت. یەك لە کەرامەتەکانی کە لە شێوەی خەونی ڕاست خۆی نواندبوو ئەوە بوو. بە باوکمی گوتبوو ئەگەر لە خێزانەکانی حەماغا هەر کامێکیان حامیلە بێ کوڕێکی دەبێ، ناوی بنێن (حەمە زیاد) ئاشبێ لە ماڵی باوکی بەخێو بکرێ. قسەی دیکەش زۆرن ناتوانم دەریان ببڕم. حەماغا تا ئەو دەمە وەچەی نێرینەی نەبوو تەمەنیشی پاڵی بە ٨٠ساڵ دابوو. کاکە زیادی ڕەحمەتی مزگێنەی ئەو خەونە بوو. لە ماڵی حەماغاش بەخێو نەکرا. کاکە زیاد لە

١٩١٤هاتووەتە دنیا، دیارە مامۆستا کۆرە تا ئەو ساڵە و ئەختێکیش دواتر ژیاوە. یەکێکیش لە کەرامەتەکانی مامۆستا عەنبەر ئەوە بووە کە شەوی مەرگی کاك ئەحمەدی شێخ، ئەو خەبەری مەرگەکەی بەخەڵق ڕاگەیاندبوو.

لە پەراوێزی لاپەڕە ٣٢دا وشەی (هەڵبەستەر) هاتووە گۆیا ڕێژەی ناوی کارای لێکدراو یان داڕێژراوە لە عەرەبیی (اسم فاعل)ی پێ دەڵێن لە کاری (بەستن-هەڵبەستن)ەوە هاتووە. دەبێ خوێنەر و لیژنەش ئاگادار بکەمەوە لە ڕاستییەك پێوەندیی بەم ڕێژەیەی ناوی کاراوە هەیە کە بەهۆی (ەر)ەوە دروست دەبێت. لە پێشەوە دەبێ لە گۆشەنیگای ئەم پاشگرەوە، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە یەکدی جودا بکرێنەوە. هەرچی تێنەپەڕە بەرای ببرای ئەم پاشگرە بە خۆیەوە ناگرێ چ بە سادەیی بێت و چ بە داڕێژراوی و لێکدراوی بێت. ئاشێ لە کارەکانی وەك: نووستن، ڕۆیشتن، مردن، هەڵکەوتن، دابەزین، بەدوادا گەڕان، پاشگەزبوونەوە، ڕێژەی ناوی کارایان لێ وەربگرێت وەك. نووستەر، ڕۆیشتەر، مردەر، هەڵکەوتەر، دابەزەر، بەدواگەڕەر، پاشەگەزبووەر... هەرچی کاری تێنەپەڕ هەیە لە ڕێی بەکارهێنانی پاشگری (و)ی ئیسمی فاعیلەوە ڕێژەی فاعیلی لێ دروست دەبێت و دەگوترێ نووستوو، ڕۆیشتوو، مردوو، هەڵکەوتوو، دابەزیو، بەدوادا گەڕاو، پاشگەز بوویەوە...

خوێنەر سەری لێ ئەشێوێت کە ئەم وشانە بە دوو (و) کۆتاییان دێت، ئەوەی ڕێژەی کارا دروست دەکات دەنگی (و)ی ڕێژەکە بە دوا کۆنسنانتدا بێت و (و)ی کونسنانتیشە کە بە دوا بزوێندا بێت... بەداخەوە ڕێنووسە ڕەسمییەکەمان زۆر بە پێ باکی دوو (و)ی لە بۆ یەك دەنگی (و)ی درێژ هەڵبژارد. کۆڕی زانیاری کورد بۆ واوی درێژ کە شێوەیەکی بەسەر تاکە واوەوە پەسەند کردبوو چونکە هیچ مەنتیق ناسەلمێنێ دوو پیت ببنە نیشانە بۆ تاکە دەنگ مەگەر لە حاڵەتی گوشراندا وەك: کەللە شەممە...

کاری تێنەپەڕ ڕێژەیەکی سەماعیی هەیە ناوی کارا و ناوی چاوگیشی پێ ساز دەبێت: بەرهەڵست، پێکەوت، سەرەڕۆ، خۆشگەڕ... ناوی کاران. [بەرکوڵ، دەمەتەقە هەڵدەگرێ ئایا ناوی کارایە یا ناوی بەرکارە هەرچەند (کوڵ-کوڵان) تێپەڕیش نییە (بەرکار)ی بووێت. سەلیقەش دەزانێت، چەند یەکێکی وشەی کارەکە دەهێنێتەوە ببێتە کەرتی ناوی کارای ئەوتۆیی. ئەم ڕێژەیە لەگەڵ فیعلی تێپەڕدا بە پێی داخوازیی حاڵ ناوی داڕێژراو دروست دەکات ئیتر ناوی کارایە یان ناوی بەرکارە یان ناوی ئالەتە... لە نموونەدا: زۆرخۆر، دووربین، پیاوکوژ.. ناوی کاران. دەسکوژ، هەڵبەست، ڕاپەڕ

ناوی بەرکارن. دەسگرە، چاپاڵێو، دەستەبەرە. - ناوی ئالەتن.

واش دەبێ ناوی واتا لەم ڕێژەیە دروست دەبێت وەک: هەڵسوکەوت، هەڵسووڕوداسووڕ، ئیتر کارەکە تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ فەرقێک ناکات چونکە وشەکان چالاکیی ناوی کارا و ناوی بەرکاریان تێدا پەیدا نابێت وشەکان مەندن چونکە ناوی واتان.

تێبینییەکی مەیلەو شرایەوە هەیە لەوەدا کە دروستبوونی ناوی داڕێژراوی ئەوتۆیی بەهۆی پێشگری (لێ، پێ، تێ) کە بە ئەسڵ لە پریپۆزیشن (بە لە) هاتوون زێدە هێزێک بە وشەکە دەدات لەوانەیە کاری تێنەپەڕ تامی تێپەڕی تێ بگەڕێت. بە نموونە: پێگەیشتن، تێگەیشتن، لێچوونەیش، پێداچوونەوە تێ ڕاخورین.. وەک تێپەڕ دێنە بەرگوێ. ئەم دیاردەیە لەوەوە دێت کە پریپۆزیشن بە بەرییەوە هەیە ببێتە هۆی نەقڵی تاو و تەئسیری کار کە لە عەرەبیدا (تعدية بالواسطة)ی پێ دەڵێن. ئەم سیفەتەی پریپۆزیشنە وەهای کرد کە لە کاری تێنەپەڕی (کۆشان) ناوی کارای داڕێژراوی (تێکۆشەر) پەیدا بێت کە بە خیلافی دەستوور (ەر)ی خستووتە دوا کاری تێنەپەڕەوە (لە زاری موکریان و بەشی دیکەش لە کوردستانی ئێران، پریپۆزیشنی «دە» هەیە کە لە دیوی عێراق «لە»ی بۆ بەکار دێت. ئەوان دەڵێن «دە دڵمدا» لە جیاتی «لە دڵمدا» وشەی «لە» لە زاری موکریان جێگەی بەکارهێنانی جودایە لە جێگەی «دە». هەرچی «دە»یە بۆ حاڵەتی بێ جووڵەیی بەکار دێت: دەڵێن «لە منەوە بۆ تۆ سڵاوێک دیاری بێت» «نالێن» دەمنەوە- یاخود دەمترا... ئەم باسە درێژەی هەیە...)

کاری تێپەڕ لە ئەسڵدا کەمتاکورتێکی بەهۆی (ەر)ەوە ناوی کارای لێ وەرگیراوە، ئەویش بێ گرفت نییە، بە نموونە دەڵێم (نانکەر) کە بە ڕوواڵەت ئەم (ەر)ەی پێوەیە دوو تێبینیی گەورەی بە دەورەوەیە، یەکیان ئەوەیە کە وشەکە لێکدراوە و سادە نییە کەس کەرتی (کەر)ی بە سەربەخۆیی لە واتای فاعیل بەکار نەهێناوە هەر نەبێ لە ترسی تێکەڵبوون لەگەڵ وشەی کەر بە واتای (حمار). تێبینیی دووەم ئەوەیە ئەگەر (ەر) بچێتە سەر فیعلی (کردن) دەبێ بگوترێ (کردەر) وەک کە دەگوترێ (نووسەر، بیسەر، بینەر...). کەواتە ئەم دەنگەی (ر) لە (نانکەر)دا بنەڕەتییەو هی چاوگی (کردن)ە وەک لە (نانخۆر)دا ئەو (ر)ە بنەڕەتییە. لە وشەی (ناندەر)دا دەنگی (ر) پاشگرە نەک بنەڕەتی، چونکە لە (دان) دەنگی (ر) پەیدا نییە. پاشگری (ەر) لە ئینگلیزیدا بێ گرفتە چونکە بەهاراوی لە کاردێت.

بەهەمەحاڵ نووسەران، دەستیان خۆش بێت، بەراویزی بەکارهێنانی پاشگری (ەر)یان لێك کێشایەوە تا ئەوەی بپسەر، کوژەر، بینەر. و چەندین وشەی دیکەش کەوتنە ناو نووسین و سەر زمانانیشەوە بەڵام نەمزانیوە (گوتەر) بەکار هاتبێت، هۆیەکەش ئەوەیە کە ڕێژەی ئەو جۆرە ناوی کارایە لە فیعلی ڕانەبردوو و (داهاتوو)ەوە وەردەگیرێت. (گوتن)یش لە داهاتوودا دەبێتە (دەڵێ). ئەگەر (وشی، دەوشێ) بەکار هاتبایە دەگوترا (وشەر) وەك کە دەڵێن (گوشەر) لە بری (عصّارة). سەیر ئەوەیە کە دەڵێن (وتی) بەڵام ناڵێن (دەوتێ) وەك کە دەشێ بگوترێ (دەوشێ)... وەك کە گوتەر نەبیستراوە هەروەهاش (ڕنەر، بردەر، گرتەر، پێچەر، شووشتەر...) جارێ نەپێشکووتوون. بەهەمەحاڵ ئەم ڕوونکردنەوەی وەها کورت و لێقرتاو کە زەرەرێکی تێدا شك نابەم مەبەستی بنەڕەتی نییە لەوەی گوتم و بەتەمام بیڵێم، ئەوەی مەبەستە شتێکی دیکەیە. جایەز نییە ڕێژەی ناوی کارای سادەی وەك (گوشەر، بینەر...) بەگردی بەشدار بێت لە پێکهێنانی ناوی کارای ناسادە، چ دارێژراو بێت و چ لێکدراو لە نموونەدا دەڵێم ناشێ لە جیاتی (نانخۆر، پیاوکوژ، دووربین...) بگوترێ (نانخۆرەر، پیاوکوژەر، دووربینەر...) بۆیە نابێ بگوترێ (هەڵبەستەر) ڕاستە، دەزانین (هەڵبەست) ناوی بەرکاری دروست کردووە بەڵام ڕێمان هەیە بچینەوە بۆ بەکارهێنانی (و)ی فاعیل و بڵێین شیعر هەڵبەستوو یان هەڵبەستووی تەنها. لە نووسینی مەبلەغ کۆنەدا ئەم لایەنەم ڕوون کردووەتەوە بەڵام کێ تاقەتی هەیە شتی وەها شرایەوە و ونەوو بە یادی خۆیەوە بلکێنێ لێرەدا دەڵێمەوە کە گوتت: گورگی مەڕخواردوو مەبەستت ئەوەیە گورگەکە مەڕی خواردووە ئینجا بشڵێی: مەڕی گورگ خواردوو، دیسانەوە هەمان واتات مەبەستە چونکە مەڕ گورگ ناخوات. لە دەستەواژەی (دزی مەڕ بردوو) دزەکە جێگەی کارای گرتۆتەوە لە (مەڕی دز بردوودا) مەڕەکە جێگەی بەرکاری گرتووەتەوە و دزەکەش کارا. کە گوتت (کابرای درۆ هەڵبەست) بە ناچاری وشەی (هەڵبەست) واتای فاعیل بەدەستەوە دەدات، لەمەشدا سەرپێچیی بێ جێیە چونکە کوردەکە کە خاوەن زمانەکەیە وەهای ڕەفتار کردووە. ئەگەر بۆ دەرپازبوون لە تەگەرە بڵێی (کابرای درۆهەڵبەستوو) واتاکە ئەوە نابێ کە مەبەستە چونکە لەم حاڵەتەدا دەستەواژەکە سیفەتێکی کاتەکی (وقتی) و تاکە ڕووداو ڕادەگەیەنێت هەرچی (درۆهەڵبەست، تەلاقخۆر، قۆڵبڕ..) و ئەم تەرزە ڕێژەیە سیفەتی هەمیشەیی و خوو پێوەگرتن ڕادەگەیەنن. تەلاق خواردوو و قۆڵبڕیو سیفەتی وەقتییان لێ دەخامرێنەوە که

جارێك درۆ كرابێت و قوڵ برِابێت..

ئەم باسە درێژەی بە زۆر لایاندا هەیە چی دیکەی لەسەر ناڕۆم. پەراوێزەكانی كتێبی (ئەنجوومەن...) گەلێك شتی سوودبەخش و نرخداریان تێدایە بەرەهەنەی من بایەی سەری دەرزییان لێ كەم نابێتەوە. رەخنە تەنها بەر ئەو شوێنە دەكەوێت كە رەخنەی لێ گیراوە دەخلی بەسەر شتی دیكەوە نییە بن لێوخستنیشی چ سوودی تێدا نییە بگرە زەرەربەخشە لەو ڕووەوە كە ڕووناكی دەشارێتەوە.

لە لاپەڕە ۳۹ قەسیدەكەی سالم لە هەموو بەیتێكیدا وشەی (چ) هەیە و لە (ئەنجوومەن...) بە (چە) نووسراوە. لێرەنە لە ئاست (چە)ی بەیتی یەكەمدا دەری بڕیوە كە (چ) ڕاستە. سەرلەبەری (چە)كان دەبێ بكرێنە (چ) شكڵی (چە) هی زمانی فارسییە. لەمەدا گرفت نییە. بەڵام هەندێ ڕوونكردنەوەی دیكە پێویستن لە میسرەعی دووەمی بەیتی یەكەمدا (غەنی و) دەبێ بكرێتە (غەنی وو) لەبەر كێشی شیعر. بەیتی هەرە دوای پەراوێزی ئەو لاپەڕەیە كە نووسراوە:

شاهـ خــالــتــە تــەصویــری خــەلایــق تــاری

ظاهیرە قودرەتی حەقت چە لەبەرن و چە لە بیر

سەرلەبەری بەیتەكە بەهۆی لێڵی میسرەعی یەكەمی، هیچ واتا بەدەستەوە نادات سەرەڕای ئەوەی كە میسرەعەكە خۆی وەها لەنگە كەڵكی پێوە نەماوە. وەك من بۆی دەچم، دەبێ دەقی بەیتەكە ئەمە بێت:

شاهیدی خالیقە تەصویری خەلایق تاری

ظاهیرە قودرەتی حەققت چ لە بەرنا چ لە پیر

لە پەراوێزی لاپەڕە ٤١ میسرەعی دووەمی بەیتێكی ناو (ئەنجوومەن...) بەو شكڵە هاتووە كە لە دیوانی (ئەحمەدی كۆر-چاپی مەهاباد)دا دەدیترێت:

مەجنون ئاسا غەرقی خوێنم لێم حەرام بوو خورد و خاب

ئەم وشەیەی (خوێن) دەبێ (خوون) بنووسرێت بە پێی ئاهەنگی میسرەعی یەكەم كە دەڵێ:

بوو بە بریان دەروونم چاو پڕ ئەسرین دڵ زەبوونم

لێرەوە دیارە (دەروونم، زەبوونم) داوای (خوونم) دەكات. میسرەعی دووەمی بەیتەكە

لە (ئەنجوومەن)دا وەها هاتووە:

مەحبووبا وا بۆت جنوونم لێم حەرامە خورد و خاب

ئەمەی (ئەنجوومەن) لەگەڵ نامەنگی سەرلەبەری بەیتەکە ڕێك دەڕوات. وشەی (خوون) کوردیی ڕەسەنە. لە شیعری شێخ ڕەزادا هاتووە:

«وەکو شەخسێ کە زاری کا لە دەستی دوژمنی خوونی»

پەراوێزی ژمارە (٥) هەر لەو لاپەڕەیەدا میسرەعێکی دیوانەکەی چاپی مەهابادی هێناوەتەوە ئەمەتە دەقەکەی:

«با لە بەین لاچێ حیجابە دلبەر و ئافتابە»

ئەم دەقە نە واتای هەیە و نە کێشیشی دروستە. دەبێ لە ئەسڵدا وەها بووبێ:

«با لە بەین لاچێ حیجابە دلبەری ڕوو ئافتابە»

لە لاپەڕە (٤٤)دا دێڕی نۆیەمی موستەزادەکە (هەر عەفوە خەیاڵی) تێدا هاتووە. دەبوو لێرە هێما بۆ شەرحەکەی دیوانی نالی بکات کە لەوێدا (فیربەدوسە مەثالی)یە و هەڵەکەی بێ ڕاست بکاتەوە چونکە وەك بزانم لە هەموو ئەو دیوانانەی نالی کە چاپ کراون هەروەها نووسراوە جگە لەوەی کە (هەر عەفوە خەلاتم) لە میسرەعی چوارەمدا هاتووە ئەم دووپارەکردنەوەی یەك تەعبیر لە نالی ناوەشێتەوە دیارە فەیزی بەگ لە نووسینەوەدا شەبەنگی (هەر عەفوە خەلاتم) خۆی بەسەر زیهنیدا زاڵ کردووە و بە داخوازی قافییە (خەلاتم) بووەتە (خەیالی) کە لەگەڵ (نالی) ڕێك دێت بەو جۆرەی کە لەدوا یەکتردا هاتوون. ئەمەش شتێکە زۆر جاران ڕوو دەدات بە تایبەتی لێرەدا کە (خەلات) و (خەیاڵ) بە دەنگ و بە شکڵ نووسینیش لە یەکتر نزیکن. ئەمە دەڵێم لە حاڵێکدا نوسخەی (ئەنجوومەن..)ەکەی کە لیژنە لە بەردەستیدا بووە دەسنووسی فەیزی بەگ بێت دەنا دەبێ بڵێین لە نووسینەوەی دوا کاتدا هەڵەی تێ کەوتووە. هەر لەو لاپەڕەیەدا بەیتێکی موستەزادەکە کەچوارەمین بەیتیەتی و لە شەرحی دیوانی مامۆستای بیارەییدا بەیتی دەیەمینە و ئەمەش دەقەکەیەتی لە هەردوو دیواندا:

قوربانی بلالم کە میلالانە هەلاتووم
هـــــەر عـــــەفـــوە خـــەلاتم

لە شەرحی دیوانەکەدا هاتووە کە لە دیوانی نالی چاپی (گم-گیوی موکریانی)دا لە

جیهاتی (هەلالانە) وشەی (بەلالانە) هاتووە و هەر ئەوەندەی لە بارەوە گوتووە کە (بلالانە) بە واتای (وەکو بلال) ئەوە دەبەخشێ. نالی وەک کە (بلال) لە جەور و ستەمی قورەیشییەکان هەڵاتووە، ئەویش، واتە نالیش لەبەر گوناهی زۆر وەیا لە جەور و ستەمی تورکی داگیرکەر بۆ لای پێغەمبەر ڕای کردووە.

من لە دەستنووسی دیکەشدا ئەم (بلالانە)م دیتووە. ئەگەر وشەکە ئەسڵ بێت وەیا گۆڕاو بێت مەهارەت و جوانییەکی تێدایە شەرحەکە بۆی نەچووە. (بلالانە) هەروەک دەشێ دووبارەکردنەوەی وشەی (بلال) بێت، بە بەرییەوە هەیە بخوێندرێتەوە (بلا - لانە) واتە (بەبێ لانە) لە میاندا (بلا) عەرەبییە وەک کە لە شەرحی وشەی (مەلەکول مەوت- ملك الموت)، لە لاپەڕە ١٥٤ی شەرحی دیوانەکەدا بە (ملی کەل موت) واتە (ملی وەک مو باریکت) لێک دراوەتەوە... ئەم (بەلا- لانە)یە لەگەڵ (هەڵاتووم) بە واتای فیرارکردن ڕێک دێت. ئێمە نازانین کام جۆرە نووسینی ئەم وشەیە لە دەم و قەڵەمی نالی هاتووەتە دەر ئەمما گومانم نییە هەردوو جۆر بە دڵ و دەمی نالیدا هاتوون هەرچەند نووسین هەر یەک شکڵ هەڵدەگرێت. هێندەش لەبارن و ئەوەندەش مەبەستی قەسیدەکەن دەبێ هەردوو دەق دانیان پێدا بهێندرێت.

شەرحەکەی مامۆستای بیارەیی باش بۆ ئەوە چووە کە دیتنی هیلالی سەری مانگ (بە تایبەتی مانگەکانی ڕەمەزان و شەووال و ذی الحجە و ربیع الأول کە موناسەبەی دینییان تێدایە) حەلات هەڵدەگرێ بۆیەیە نالی لە حەڵاتی دەرکەوتنی خۆی وەکو هیلال دەبێ عەفو بکرێت... ئەمە زۆر جوانە و جێی خۆیەتی، دەمهێنێتەوە من زێدە خزمەتێکی ئەم بۆچوونە بکەم بەوەدا بڵێم کە خۆ بەقوربانکردنی بۆ هیلال وەها ڕاندەگەیەنێ بەر لە هەموان دیتنی مانگی ذی الحجەی مەبەست بێت کە لە کوردیدا پێی دەڵێن (جەژنی قوربان). لێرەدا ئەوەش نابێتە بەرهەڵست کە بگوترێ جەژنی قوربان یەکسەر بە دوور دیتنی هیلالدا نایەت و دە ڕۆژی دەکەوێتە بەینەوە چونکە هەر نالی خۆی لە شوێنێکی دیکەدا گوتوویەتی:

هەر کەسێ ڕووی تۆ دەبینێ خۆی بە قوربانی دەکا
چونکە ئەبرۆی تۆ هیلالی عیدە قوربانی دەوێ

لە لاپەڕە ٦٤ی (ئەنجوومەن)دا قەسیدەکەی (ڕەفیقان من ئەوا ڕۆیم لە لاتان) چ لەلایەن چەژەوە بێت و چ لەلایەن داڕشتنەوە، ماڵی حەڵاڵی کوردییە جگە لەوە کە

رۆیشتنی نالی لە سلێمانی چ لە ترسی تورکان بێت و چ بە نیازی حەج بێت ئەم گلەیی و گازاندەیە و پاکانەکردنە هەڵناگرێت.

لە لاپەڕە ٤٧ میسرەعی یەکەمی بەیتی پێنجەمی دەقی قەسیدەکەی خوارووی لاپەڕەکە کەنووسراوە: (وەرن بنواڕن دوو چاوی پڕ لە خوێنم) هی کەسێك نییە پێی بگوترێ شاعیر وەیا بەئەدەبدۆست بناسرێت. هەرچەند ناتوانم بڵێم ئەسڵەکەی چی بووە بەڵام ئاشکرایە ئەمە نە ئەسڵە و نە فەسڵ. هەر ئەبێ لەبەر خاتری کێش ئەبوو نووسرابایە:

وەرن سەیری دوو چاوی پڕ لە خوێنم

لە واتاشدا بێ بەش نییە. داخەکەم، لیژنە هەمان میسرەعی بە دەقی ناڵەبارییەوە دووبارە کردووەتەوە وەك بەڵگە لەسەر هەندێ کە گۆیا سۆزی مستەفا بەگی کوردیی تێدایە. قوڕتی لەنگەر بەزێنی کێشی شیعرەکە هەرچی تام و شام هەیە لە شیعرەکەدا کوشتوویەتی ئیتر سۆز لە کوێوە بێت (بنواڕە بەرەو کۆتایی لاپەڕە ٤٨).

قەسیدەی لاپەڕە (٤٩)ی (ئەنجوومەن) پێنج بەیتە. لە شەرحی مامۆستای بیارەییدا هەشت بەیتە.

بەیتی دووەمی ناو (ئەنجوومەن) و شەرحی مامۆستا نووسراوە:

لە ڕووت و قووتی وەك من ڕوو مەپۆشە
کە وەصلی تۆیە قووتی عاشقی ڕووت

من لە نوسخەی دەستنووسی بڵاونەکرایەوەدا دیتوومە لە جیاتی (وەصلی تۆیە) نووسراوە (وەصلی ڕووتە). هەم لەلایەن دارشتنەوە و هەم لەلایەن واتایشەوە (وەصلی ڕووتە) پەسەندترە کە هاوئاهەنگترە لەگەڵ مۆسیقای بەیتەکە و گونجاوتریشە لەگەڵ داواکردنی دانەپۆشینی ڕوو چونکە وەسڵی (ڕوو) بەدیارکەوتنی پەیدا ئەبێ بەڵام ئەرکەوتنی ڕوو ناکێشێتەوە سەر وەسڵی یار... ئەگەر لە میسرەعی یەکەمدا داوای گەیشتن بە یاری کردبایە بەجێی خۆی بوو بڵێ (وەصڵی تۆیە قووتی عاشق) بەڵام کە داواکەی هەر ئەوەندە بێ کە (ڕوو مەپۆشە..) ئەبێ بڵێ (وەصڵی ڕووت قووتی عاشقە).

بەیتی سێیەمی (ئەنجوومەن) کە ئەڵێ:

ئەوە لێوی ئەتۆ بوو پڕ لە خەندە
کەوا شەککەر ئەریاری گوڵ ئەپشکووت

له شەرحی دیوانی نالیدا بووە بە یەیتی پێنجەم و ئەمەش دەقیەتی:

لەبەر خەندەی لەبی لەعلی ئەتۆ بوو
کەوا شەککەر دەباری گوڵ دەپشکووت

لە تەرجەمەی ئەم دەقەدا شەرحەکە دەڵێ: (... چونکە سەرەرای رەسایی دارشتنەکەشی لێوی یاری بە (لەعل) وەصف کرابوو...) لەلایەن رەسایی و رەوقی شیعرەوە چ گومان نییە لەوەدا کە دەقەکەی (ئەنجوومەن) گەلێك شیرنتر و شاعیرانەترە. ئەو (لەبەر)ەی سەرەتای دەقەکە شەرحی دیوانەکەی داوەتەوە بەر هەڵسەنگاندنی مەنتیقی و ئەو (عفویەت)ەی دەقی (ئەنجوومەن)ی تێدا نەماوە.

لەلایەکی دیکەشەوە وەك من لە شیعر بگەم کە لێو بە (لەعل) تەشبیه کرا بە عادەت تامی خوێنی لێ دەهامرێتەوە نەك شەکر: لە لاپەرە ٤٩٥ی شەرحی مەلای بیارەیدا ئەم بەیتەی نالی:

شەفیری چاڵی شۆری هەر دەڵێی لەعلی نەمەك پاشە
حەفیری چاهی وشکی هەر دەڵێی چاهی زەنەخدانە

شەرح دراوە و لەعلی (نەمەك پاش)ی بەو لەعلە داناوە (خوێنی لێ وەشێنراوێ کە کینایەیە لە خۆش و بەتام). لەعل لەوانە نییە بخورێت هەتا بەخوێ تامی خۆش بێت، خۆ کە بە (شەفیری چاڵی شۆر) تەشبیه کرابێ هەر بەجارێ لەوە دەشورێتەوە وەکو سەلاتە خوێی بوێت. ئەوەی من بزانم لە رێی خوێندنەوەی شیعری شاعیرانەوە کە لێوی یاریان بە (لەعلی نەمەکین) تەشبیه کردووە، لەعل بۆ خۆی وەك گەوهەرێکی کان خوێ بە دەورییەوە دەبێت هەر بۆیەیە بە (شەفیری چاڵی شۆر.. سوێر) لێك چوێندراوە، شەفیرەکەش خوێی پێوەیە وەك لەعلەکە. نالی کە هاتووە مەدحی شتە ناخۆشەکانی رێی حەج دەکات هەر یەکێك لەوان بەشتێکی سەربەخۆی دیاری ئیسك سووك دەشوبهێنێ وەك لەم نموونانەدا دەدیترێن:

سمالی ئەحمەر	یاقووتی رۆح و ئاگری نەفس
حەصاتی ئەبیەض	شوهبی ئەجم، رەجمی شەیتان
مەگەسدار	چەمەنزار
لالەیی حەمرا	جگەری (پرداغ)ی خورشید
سونبولی تاتا	سەری سەودای پەرێشان

شەفیری چاڵی شۆر لەعلی نەمەک پاش

لەمەوە دەردەکەوێ، لەعلی نەمەک پاش، واتە خوێ دەرکردوو، لەعلی ڕاستەقینەیە و بۆ لای لێو ناچێتەوە، لەعلە وەک شەفیری چاڵە، یان شەفیری چاڵە وەک لەعلە خوێناوین.

نالی دۆستان لەم وەسفەی ڕێی حەج دەتوانن خەبەرێکی نهێنی وەرگرن ڕەنگە بایەخێکی مێژوویی هەبێت. وەک دەبینین وەسفەکە هی بیابانی دەمی هاوینە کە هەمووی قرچەقرچی هەڵەرووکانی بەر هەتاوی سووتێنەری پێوە دیارە. ئینجا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتە تەخمینکراوەی کە نالی تێیدا ئاوارە بووە یەکێک لەو چەند ساڵەی ذوا الحجە تێیاندا کەوتووەتە هاوین دەبێتە ساڵی ئاوارەبوونی. من وەهای بۆ دەچم کە سەفەرەکەی لە تەمووزدا بووبێت نەک هەر لەبەر زێدە گەرمای چەمەندەمی ناو بەیتەکان بەڵکو لەبەر زێدە دەلالەتی ئەم بەیتەیان:

قەتاد و عەرفەج و خیطمی، عەضات و عەوسەج و ئەثلی
چ دامـــەن گــیـــر و شین و دڵ نشیــنـــی ڕێی غــەریـبـــانـــە

ئەم درەختانە لە ڕەمڵستانی بیابانی بەر هەتاوی هاوین بە شینی نامێننەوە تا دەگەنە ئاب. یا بڵێم ئەو شینە نابن کە نالی وەها بە ڕاشکاوی وەسفی شینییەکان هەست بکاتەوە. ئنجا ئەگەر لە تەمووزدا ڕێی حەجی بڕی بێت دەبێ چەند مانگێک زووتر لە سلێمانی دەرچوبێت چونکە بێگومان لە ڕێی سووریا و فەلەستینەوە بەرەو حەج ڕۆییوە. ئەوسا بۆ نالی مەیسەر نەدەبوو لە نەجەف و کەربەلاوە بیابانی بێ ئاوی گەرمای هاوین ببڕێت، خۆ مەطوومیشە بە کەشتی نەچووە دەنا وەصفی بیابانی نەدەکرد. بە پەراوێز وەها هاتووە کە داستانی ئەسکەندەر و خدری زیندە لە سوورەتی (الکهف)ی قورئان و لە تەوراتیشدا هەیە گۆیا ئەسکەندەری ذولقەرنەین بە دوا ئاوی حەیاتدا گەڕاوە و نەیدۆزیوەتەوە سورەتی (الکهف) باسی ئەسحابولکەهف و مووسا و پیاوچاکەکەی کە دەگوترێ خدری زیندەیە دەکات. باسی بەدوادا گەڕانی ئاوی حەیات لەو سوورەتەدا نییە. ئەم حیکایەتەی سەر بە ئاوی حەیات لە بەیتەکەی شێخ ڕەزا سەری هەڵداوە کە دەڵێ:

دیوانەیە شەخسێ کە بە غەیری لەبی لەعلت
وەک شاهـی سکـەنـدەر طەلەبـی ئـاوی بەقـاکـا

کۆتاییی غەزەلەکەش بە هەڵەیەکی زەقەوە کە کێشی شیعرەکەی تێک داوە هێڵراوەتەوە

سەر دانێ لە ڕێیی عەشق (ڕەضا) لازمە عاشق
بۆ یارێ سەر و ماڵی هەحەقی تێری قەضاکا

بەیتەکە لە خۆوە چارە دەکرێت کە لە جیاتی (سەر و ماڵی) بنووسرێت (سەروماڵ)، وشەی (عیشق)یش دەبێ بچێتە جێی (عەشق)ەوە لە پەراوێزدا (تاب) بە گەرما لێک دراوەتەوە دەبوو بە (تاو) لێک درێتەوە کە یەک شتە لەگەڵ (تاب)دا، تەنانەت (هەتاو) کورتکراوەی (هۆرتاو)ە، کوردی خوارووی کەرکووک هەر (خۆرەتاو) بەکار دەهێنن.

لە لاپەڕە ٥٢ میسرەعی دووەمی یەکەم بەیتی مەدحەکەی شێخ ڕەزا بۆ بابان لەنگە چونکە لە جیاتی (نالی بەبە) نووسراوە (نالی بابان). لە پەراوێزدا لیژنە نووسیوەتی، دیوانی شێخ ڕەزا، چاپی بەغدا (نالی بەبە)ی گرتووە. ناشڵێ بەیتەکە لە (ئەنجوومەن)دا لەنگە.

هەر لە پەراوێزی ئەم لاپەڕەیەدا باسی کاوەی ئاسنگەر و کوشتنی (ئەژدەها) و هێنانە سەر تەختی فرەیدوون هاتووە لیژنە هەر ئەوەندە دەڵێ کە ڕەچەڵەکێکی درۆ بۆ فرەیدوون هەڵبەستراوە کە بە لای لیژنەوە فرەیدوون بە ئەسڵ کوردە ڕاستییەکەی لیژنە دەبوو پتری لەسەر بڕوات. بەش بە حاڵی خۆم چەندێکی تۆژینەوەی نوێم لەبارەی مێژووی ئێرانەوە خوێندبێتەوە شتێکم نەدیت لەگەڵ داستانی (ضحاك، ئەژدەهاك) ڕێک بکەوێ، تەنها ئەوە نەبێ کە گۆیا (ئەزدیاک)ی دوایین شای مادەکان کوڕی وەزیرێکی خۆی بە نهێنی سەربڕی و گۆشتەکەی دەرخواردی باوکی دا، ئەمەیش لە تۆڵەی بێ ئەمری وەزیرەکە بوو کە لە دەمی پەروەردەبوونی (کۆرش) لە کچی (ئەزدیاک) ئەستێرەناسان تەئویلی خەونێکی ئەزدیاکیان بەوە کرد کە ئەم ئەوەیەی دنیا دەگرێت ئەویش لە خۆی ترسا و مناڵەکەی کۆرشی بەو وەزیرە سپارد کە لە بیاباندا بیکوژێت، وەزیریش نەیکوشت و بە شوانانی سپارد... تا گەورە دەبێت و ئەزدیاک منداڵی نێرینەی نابێ و حەفت لەوەدا دەخوات نێتر وەزیرەکە پێی دەڵێ کچەزاکەی بەر حەیاتە و بووەتە گەنجێکی لێهاتوو.. کۆرش کچەزای ئەزدیاک و کوڕی پاشای پارس بوو کە ئەوسا پارس سەر بە حاکمایەتیی ئەزدیاکی ماد بوو.. ناوی فرەیدوونیش گۆڕاوی (ثرە ئیتە ئوونە)یە کە دەکاتەوە (ماری سێ سەر کوژ) و تارمایی

مارەکانی سەر شانی زوحاکی تێرا دیارە. مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی کە ئەندامی لیژنەیە هەموو مێژووی ئێرانی بە ئەفسانە و توێژینەوەی نوێیەوە وا لە گیرفانەکانیدایە ئیتر بۆچی بەخیلیمان لەگەڵدا دەکات؟ میسرەعی دووەمینی دوایین بەیتی قەسیدەکەی شێخ ڕەزا لەو لاپەڕەیەدا کە نووسراوە:

ئابای فرەیدوون فەڕ و جەمشیدی حەشامتان

دەبوو بنووسرێ:

ئابایی فرەیدوون فەڕ و جەمشید حەشامتان

(فرەیدوون فەڕ) و (جەمشید حەشەم) تەرکیبی وەسفین. ئەو (ی)ە ئیزافە بە دوا (جەمشید)ەوە وەک لووی زەق بێ جێیە.

لە لاپەڕە ٥٣ لە میسرەعی دووەمی بەیتی یەکەمدا وشەی (کاکەیێکانی) کە ئیمکان نییە قەیزی بەگ وەهای نووسیبێت، دەبێ بچینەوە سەر ڕێژەی ڕەسەنی کوردی کە بە ئەسڵ (کاکەییەکانی) بەلام کورت دەکرێتەوە بۆ (کاکەیەکانی) ناشێ (کاکەیی) ببێتە (کاکەیێ). ئەم گۆکردنە هی ناوچەی سلێمانییە و پشت لە دەستوورە وەک کە (مەند) دەکرێتە (مەنگ) وەیا ڕۆیشت، ڕۆشت - دەڕوەست، دەڕۆست - لە شەرحەکەی مامۆستا بیارەییدا لە جیاتی (گوێدرێژ) نووسراوە (گوێرێژ) دیتوومە قەرەداغ بووەتە قەراغ... ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە نووسیندا جایەز نییە هەرچەندە زۆربەی نووسەران خەڵکی سلێمانیش بن و غەیری ئەوانیش لە ڕێی جورئەتنەکردنەوە پەیڕەویان لێ بکەن. لە نموونەی بەڵگەدا دەڵێم وشەی (سۆماڵی) لە ڕستەدا دەبێتە (ئەم بیاوە سوماڵییە- نەک سۆماڵێیە) کەواتە بە خستنەسەری ئەمرازی (ەکان)ی ناساندنی کۆ دەبێ بڵێین (سۆماڵییەکان) نەک (سۆماڵێکان) چونکە ئەمرازەکە (ەکان)ە نەک (ێکان). هێندە هەیە بەهێی دەستووری کورتکردنەوە دەشێ بنووسرێت و بگوترێت (سۆماڵیەکان) لەوەشدا یەک (ی)ت قرتاندووە نەک ئەمرازەکەت شێواندووە. لە جیاتی (ئەمینداریتی) دەبێ بنووسرێ (ئەمینداریەتی). تۆ دەڵێی (فلانە کەس برسییە -نەک برسێیە) هەر بەو پێیە دەبێ بڵێی (فلان برسییەتی-نەک برسێتی) هەروەها لە جیاتی (برسێتی) بۆ (جوع) دەبێ (برسییەتی) بەکار بێت ئیتر حەز دەکەی بە هەڵە دوو (ی)ەکان لێک جوداکەوە و بنووسە (برسی یەتی). (جودا بکەوە) ڕاستە نەک (جودا بکەرەوە) چونکە ڕێژەی فەرمان لەم کارە (بکە)یە نەک (بکەرە) هەروەک (بدەوە) نەک

(بدەرەوە)، ئێمە دەزانین (لەدان، دانەوە)دا دەنگی (ر) پەیدا نییە وەك بە ئەسڵ لە (کردن) پەیدایە. دەشێ بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکانی قیاسی زمانیدا لە وشەی (خواردنەوە)دا بۆ فەرمان بڵێین (بخۆرەوە) هەرچەند ناڵێین (دەخۆرمەوە) بەڵام کە ویستت بە یەکێك بڵێی بۆ جاری دووەم دەرمانەکە بخوات دەبێ بڵێی (دیسان دەرمانەکەت بخۆوە). لەو جۆرە لێکدانەوەیەدا زمانزان و نووسەر دەبێ زاڵ بێت بەسەر عادەتگرتنی نارەوای ناوچەیی چونکە زمان هی هەموو میللەتە و دەبێ دەستووراتی ڕەسەن و پەسەندی تێدا بەکار بێت. زاری پارس بووەتە قاڵبی ئەدەبی و ڕەسمیی زمانی فەرەنسەیی بەڵام نەهاتوون کە (ر) دەردەبڕن ئەو (ر)ە بە (غ) بنووسن چونکە خەڵقێکی زۆری فەرەنسە هەر بە (ر) لەکاری دەهێنن.

لە جۆری ئەم بەکارهێنانەی نادروستی (برسێتی، کاکەیێکان...) ئەوەیە کە وشەی وەك (سوێر، خوێن، دوێنێ...) دوو دەنگی سەربەخۆ و جودای (وێ) تێیاندا دەکەن بە دیفتۆنگ کە بریتییە لە تێکەڵبوونی هەردوو دەنگ. من لە نووسینی حەفتاکانمدا بە ئیسپاتم گەیاندووە کە (سوێر) و هەرچی وەك ئەو هەیە دیفتۆنگی تێدا نییە شایەدیش شیعری نالییە:

هەر جۆگە وو جێگایە کەوا سوور و سوێر بێ
جێی جۆشەشی گریانی منە خوێ تەرژاوە

جا ئەگەر (سوێر)ت کرد بە دیفتۆنگ بەیتەکە لەنگ دەبێت و لە شیعر دەشۆرێت. ئەمەش بەیتێکی دیکەی نالی بڕوانە لاپەڕە ٣٦٨ی شەرحی نالی:

بێزارە لە تۆ ئێستە هەماغوشی عەدوتە
دونیا کە دوێنێ حەرەمی موحتەرەمت بو

وشەی (دوێنێ) بە دیفتۆنگ شیعرەکەی پێ دەمرێت.

لە غەزەلەکەی کوردی، لاپەڕە ٥٤ی ئەنجوومەن، دوو جاران (عەشق) هاتووە دەبێ (عیشق) بێت ئیتر لە هەر شوێنێکی دیکەش بێت پێویستە ڕاست بکرێتەوە.

لە بەیتی شەشەمی غەزەلەکە (عەرصە) نووسراوە دەبێ (عەرصە) بنووسرێت و بخوێندرێتەوە دەنا بەیتەکە لەنگ دەبێ. لەم تەرزە شوێنەدا شاعیر ڕێی بەخۆی داوە هەندێ وشە بەو جۆرە بخوێنێتەوە کە کێشی شیعر دەکات وەك کە نالی دەڵێ:

بنازم بەم تەجەللایە چ خورشید و بلوورێکە

وشەی (تەجەللا) لە (تەجەللی-تجلّی)یەوە گۆڕاوە وەك كە كورد بەشاعیر و نا شاعیرییەوە دەڵێن (تەمەننا، تەوەللا، تەحەددا...) نالی (تەمەننای مردنی بێزارە)ی گوتووە.

لە پەراوێزی هەمان لاپەرە لوژنە بەیتێکی لەنگ و لۆری لە دیوانی کوردی (چاپی بەغدا ۱۹۳۱)وە هێناوە کە لە دەقەکەی ئەنجوومەندا نییە ئەمەش شکڵنووسی بەیتەکەیە:

وەکو طەیرێکم کە گوم بووبێ لە لانەی

هێلانەواز و هەردا و هەردەم ئەمرۆ

میسرەعی یەکەمی بەم دەقە کەڵکی پێوە نییە، ڕەنگە ئەمەی لێرەدا دەینووسم ڕاست بێ:

وەکو طەیرێکی گوم بووبێ لە لانە

دەمێنێتەوە میسرەعی دووەم بەخۆی و وشەی (هێلانە)یەوە کە کێشی تەنهەڵ کردووە و لەبار تەهیاتی مەندا لە کوردی تاوەشێتەوە. میسرەعی دووەم دەبێتە (خەبەر)ی میسرەعی یەکەم لە بەیتی یەکەم. بەیتی شەشەمی غەزەلی لاپەڕە ٥٥ وشەی (کۆی) تێدا دەبێ بکرێتە (کۆیی) دەنا کێشی لەنگ دەبێت و لە ڕەونەقی ئەو شیعرە نازك و پڕ سۆزە کەم دەکاتەوە.

لە لاپەڕە ٥٦ (سەرگەشتەو) دەکرێتە (سەرگەشتەوو). بەر لەوە وشەی (بوون)یش دەبێ ببێتە برگەیی و بنووسرێ (بوو وون) ئەگەر شاعیر گوتبای (بوونەتە) لە جیاتی (وا بوو وون):

گوللی عالەم بوونەتە سەرگەشتەو و حەیرانی عیشق

میسرەعەکە بێ عەیب دەبوو. لە بەیتی سێیەمدا (غەواصان) دەکرێتە (غەوواصان).

میسرەعی یەکەمی بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥٧ کە نووسراوە:

شەمس و مەولاناو مەنصوور کەی بە سێر مەهرەم دەبوون

دەبوو بنوسرێ:

شەمس مەولانا و مەنصوور کەی بە سیر مەحرەم دەبوون

(ڕێزە)ش لە میسرەعی دووەمدا (ڕێزە)یە چونکە وشەکە فارسییە.

لە پەراوێزی لاپەڕە ٥٨ باسی مەنصووری حەللاج هاتووە. لەناو تویژی سەرگوزشتەی ژیانی گوتەیەکی مەشووری لێ دەگێڕێتەوە (أنا الحق) کە بوو بە هۆی هەڵواسینی. لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێم (فریدالدینی عەططار) ئەم دوو بەیتەی لە پاکانەی حەللاج بە من گەیشتووە کە ئەمە دەقە فارسییەکەیەتی بە ڕێنووسی کوردی:

دەرنا دەروادی پی ئەیمەن کی ئانجا
درەختی گویەحمت نیتی نە نەڵلا
ڕەوا باشەد ئەنەڵلا ئەز درەختی
چرا نەبوەد ڕەوا ئەز نیك بەختی

واتە: تۆ بگە وادی ئەیمەن کە لەوێدا درەختێك پێت دەڵێ (أنا الله = أنا الحق) کە (أنا الله) لە درەختێك ڕەوا بێت بۆچی ڕەوا نەبێت لە بەختەوەرێك. وشەی (دەرئا) بە (دەرا) دەخوێندرێتەوە.

لە پەراوێزی لاپەڕە ٥٨ وشەی (غوطەوەر) بە قووت خواردوو لە گۆما واتای لێ دراوەتەوە. ئینجا ئەگەر قووت خواردوو بە واتای زاد خواردوو بێت؟ شتێکە من نەمبیستووە. وەك بزانم بە واتای مەلەکەر دێت. لە میسرەعی یەکەمی غەزەلی لاپەڕە ٥٩ وشەی (شاهی) لەنگی کردووە دەبێ (شەهی) بێت.

لە پەراوێزدا میسرەعی یەکەمی بەیتی دووەم (تەماشای) دەکرێتە (تەماشایی) لەبەر خاتری کێش لە میسرەعی دووەمیشدا (رم) دەبێ (رمُ) بێت. ئەختێك خوارتر (سەودایی عەشق) دەکرێتە (سەودایی عیشق).

میسرەعی دووەمی بەیتی پێنجەم کە دەڵێ:

سەربەستە بێ بە ویصالت سکەندەری

دوو حەرەکەی کەمە بووەتە ١٢ برگەیی لە جیاتی ١٤ ناشزانین چۆن چارەسەر دەکرێت و لێرەش بەلایدا نەچووە. بەیتەکە هەمووی تەماوییە و خۆی بە مەعنایێکی ئاشکراوە بەند ناکات. پێشتریش میسرەعی ئەو بەیتەی (رم-رەم)ی تێدایە وەها ئەماوی بووە ئنجا ئەگەر لە جیاتی (نیکۆرەم) بڵێین (نیکۆرەنگ) و بەیتەکە ئەم دەقەی بدرێتێ:

ئەزدیکە بێ بە من لە تەماشایی ئاینە
ئەز بە سکی دیدە مەست و نیکۆ رەنگ و دلبەری

واتاکەی چی بەدەستەوە دەدات؟ ئەگەر (رەم) مابەوە واتای چییە؟ ئایا مەبەستی

ئەوەیە بڵێ: وەختە ئاوێنە وەك مني لێ بێ بەتەماشاكردني تۆ [واتە هەستي بجووڵێ] چونكە یەكجار دیمەمەست و جوانرەنگ و دلبەری؟ لەم مەعنایەدا فەرق پەیدا نابێ ئەگەر یار تەماشای ئاوێنەی كردبێ یان ئاوێنە تەماشاكەر بێت. (نەزدیكە بێ) لە جیاتی (نیزیكە ببێ)یە.

وشەی (لەشكەری) لە كۆتاییی غەزەلەكەدا بووەتە (لەشكری):

تۆ شاهی حوسني بۆ (سالم)ی بێ چارە لەشكەری

كورد دەڵێ لەشكر، فارس دەڵێ لەشكەر كە هاوەمۆسیقا و هاوڕەوییەی قافییەكانی سەرلەبەری غەزەلەكەیە. دەبینین گوتی (شاهی حوسني) نەك (شای حوسني)... پێشتر گوتی (نەزدیكە) نەك (نیزیكە) خۆ كێشی شیعریشی بێ تێك نەدەچوو:

لە لاپەرە ٦٠ وشەی (طورە)ی كۆتاییی میسرەعی یەكەمی غەزەلەكە دەبێ (طوررە) بێت.

میسرەعی كۆتاییی غەزەلەكە كە دەڵێ (هەر چ خەیاڵی من هەیە دەیڵێم و وە بەرتەری) لە شیعر شۆراوە بووەتە قسەی بازاڕی، دەبێ بنووسرێت:

هەرچی خەیاڵی من هەیە دەیڵێم وەبەر تەرێ

یاخود:

هەرچی خەیاڵی من هەیە دەیڵێم و بەرتەری

لە پەراوێزی لاپەرە ٦١دا (جیهان ئارا) بە (جیهان ڕازێنەرەوە) لێك دراوەتەوە. ئەم ڕێژەیەی وەك (ڕازێنەرەوە) پێشتر قسەی لێ كرا كە گوتمان لە ناوی كارای داڕێژراو و لێكدراو نابێ سەرلەبەری كەرتی فاعیل لە فیعلەكەوە بۆ ئەو تەرزە وشانە بەشدار بێن، لە نموونەدا دەڵێم كە (گوشەر) بە واتای (عصارە) بوو ناشێ بڵێین (بان گوشەر) دەبێ (بان كوش) بەكار بهێنین. دەڵێین (نانخۆر، پیاوكوژ..) نەك (نانخۆرەر، پیاوكوژەر). لە كاری ڕازاندنەوەشدا دەڵێین (ڕازێنەر، ڕازێنەرەوە) مادەم بە سادەیی لەكار بێت بەڵام ئەویش لە شكڵی فاعیلی داڕێژراو و لێكدراودا دەبێتە (جیهان ڕازێن، جیهان ڕازێنەوە). من گوێبیستی هەردوو ڕێژەی وەك (ڕازێن، ڕازێنەوە) بووم بەڵام بە زۆری شكڵە كورتەكەی بەكار هاتووە لە نموونەدا، كابرایەك قەرز نەداتەوە پێی گوتراوە (قەرزنەدەر). دەڵێن (ڕەحمەت لە ناوخۆر) هەرچەند ڕێژەكە لەگەڵ (نانخۆر)یش تێكەڵ دەبێت. پەتێكی وڵاغی پێ ببەسترێتەوە (پەتی وڵاغ بەست)ی لێ خۆش دێت نەك (وڵاغ

بەستەوە). بەھەمەحاڵ ھەردوو ڕێژە دەستووریین ھەرچەند کورتترەکە ھاراوتریش و ئێسک سووکتریشە. ئەمما ببڕای ببڕای (جیھان ڕازێنەرەوە) و ھی وەک ئەو لە کار نایەن مەگەر لە حاڵەتی زێدە دەگمەن ئەبێ وەک ئەم حاڵەتەی ھەر ئێستا ڕوونی دەکەمەوە. دەزانین (ڕەز بڕینەوە و مەڕ بڕینەوە) لە کەسب و کاری ڕەزداری و مەڕدارێدا ساڵی جارێک لە کۆی خۆیدا دەردێت.

کەسێکی ڕەز دەبڕێتەوە پێی دەڵێن (ڕەزبڕ) ھەرچی مەڕ دەبڕێتەوە (مەڕبڕەوە)ی بۆ بەکار دێت. ئەم مامڵەت جودابیە لەوەوە ھاتووە کە لە (ڕەز بڕیندا) لکی مێوەکان لە مێوەکان دەبڕیننەوە و بەشێکی زیندڵی بەرھەمھێنی دار مێوەکەن. ھەرچی خورییە ئەو بەشە زیندڵە و بەرھەمھێنە نییە وەک گۆشت و ئێسک و دەست و قا. لکە مێوەکەی دەبڕدرێت و ئەوەی نابڕدرێت وەکو یەکن لەلایەن ئەکوینی دارەکەوە ھەر ئەوەندە فەرق ھەیە یەکیان بە قوربانی ئەوی دیکە دەکرێت. لەو تەرزە حاڵانەدا ئاخێوەری کورد بە سەلیقە ڕەفتاری زیرەکانەی کردووە ئەمما پێویستە شارەزای زمان بە دوا ئەو تەرزە وشانەدا بگەڕێت و جودایان بکاتەوە ئیتر لە ژێر ھەر بەند و بابێکی زمان بێت. وەھا دەبێ لەبەر تەنگانەی بێ دەرفەتی لە ئازادیی تەعبیر یەک ڕێژەی فیعل بۆ دوو واتای لێک جودا بەکار ھاتووە لە نموونەدا دەڵێین. ناز و دارا مارەبڕی یەکدین- دەشگوترێ مارەبڕاوی یەکدین. دەشڵێین: مەلای مارەبڕ تەشریفی ھێنا. ئنجا لێرەدا بەکارھێنانێکی زمانی ڕێزمانی ھەیە ھەتا بڵێی ورد و قووڵە. دەڵێین. ناز و دارا مارەبڕاوی یەکترن و مارەبڕی مەلا حەسەنن... ناگوترێ مارەبڕاوی مەلا حەسەنن...

بەبەخشن لەم درێژە پێدانە ھەرچەند باسەکە زۆری بە بەرەوە ماوە تەنھا ئەوەندە دەخەمە سەر قسەکانم کە بڵێم ئێمە دوای ئەوەی وشەی (بزوێن)مان ھەڵبژارد و پەسندیشمان کرد بۆچی پەرە بە دەستورەکە ئەدەین لە ھەموو ئەو کارانەی وەک ئەمبان کە بەھۆی (اندن)ەوە بوونەتە تێپەڕ؟ بۆچی ئەڵێین: لکێن، ھەژێن، سووڕێن، سووتێن، پسێن، ڕفێن...؟ چییان لە بزوێن کەمە ئەوە ئەبێ لەو کورتترن کە دەزانین بزوێن لە بزواندنەوە ھاتووە کە وەک برژاندن برگەیەکی لەو چەند فیعلە زیادترە. بزاوتن بزۆیی لێ کەوتووەتەوە وێڕای یەک ڕێژەی دەگمەنی دیکەش کە بریتییە لە (بزۆز) کە چەند ئاکێکی وەک خۆی شک دەبەم: (کولۆڵ، فسۆس، شبۆر.[نەک شڕۆڵ]) ھەرچی ڕێژەی (شڕۆڵ)ە بریتییە لە (شڕ+ۆڵ). بگەڕێنەوە بۆ لاپەڕە ٢٢٠-٢٢٢ی (زاراوەسازیی پێوانە)، دەبینی لە (شل) وشەی (شلۆڵ) و لە (کەرت) وشەی (کەرتۆڵ)م

پێشنیاز کردووە (شلۆڵ) بۆ کەسێك کە هەمیشە خاووخلیسك بێ. (کەرتۆڵ) بۆ شتێك بێت کەرت کەرت و بڕ بڕ بێ بەڵام بەیەکدییەوە نووساو بێ وەك (بڕبڕەی پشت، هەندێ زنجیری سەعات، هەندێ جۆرە بازن و گەردانە..) زنجیری دەبیابە کەرتۆڵە...

لە لاپەڕە ٦٣ی ئەنجوومەن چەند تێبینی هەیە. میسرەعی دووەمی بەیتی دووەمی غەزەلەکەی سالم دەبێ وشەی (نیشتەر) بە سێ بڕگەیی بخوێندرێتەوە (نی ش تەر) بەقورسکردنی دەنگی (ش) تێیدا دەنا لەنگ دەبێ. میسرەعی دووەمی بەیتی سێیەم (تەرازوویی) نەك (تەرازووی) دەخوێندرێتەوە هەر لەبەر کێش. لە میسرەعی یەکەمیش (بۆ سەوو) نەك (بۆسە) دەست دەدات. لە پەراوێزدا میسرەعی یەکەمی بەیتی سێیەم کە دەڵێ:

وەصڵی ئەکسیرە وەلێ زەحمەتە

دەبێ (ئیکسیر) بنووسرێت. میسرەعەکە یەك بڕگەشی کەمە. لە جیاتی ١١ بڕگە ١٠ بڕگەی هەیە. ئاشکرایە لە کۆتاییدا وشەیەکی بڕگەیی پەڕیوە وە یاخود وشەیەکی درێژتر لە (زەحمەتە) هەبووە لە نووسینەوەدا گۆڕاوە.

لە پەراوێزی لاپەڕە ٦٤ لێژنە بۆ واتای غەزەلەکەی نالی (لە دوگمەی سینە..) حەواڵەمان دەکاتەوە بۆ شەرحەکەی مامۆستای بیارەیی. دەبێ بڵێم بە ڕێکەوت یا هەر چۆنێك بێ من یەکەم کەس بووم کە لە تەلەفزیۆنی کوردی لە ساڵێکی حەفتاکاندا واتای ئەم غەزەلەم لێك داوە بەجۆرێك دەرم خست وشەی (دوێنێ) لە دەستەواژەی (دوێنێ نوێژی شێوان)دا بۆ پڕکردنەوەی میسرەعی شیعر نەهاتووە، ئەم (دوێنێ)یە هەردوو واتای (هەڵات) بە فیرارکردن و دەرکەوتنیش بەدەستەوە دەدات.

لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان
لە خەوفی طەلعەتت ڕۆژ هەر وەکو شێت
بەڕووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان

لەلایەن واتای فیرارکردنەوە دوێنێ نوێژی شێوان لە دوگمەی سینەتەوە، سفیدەی باغی سێوان بەیانی دا، لە ترسی ئەو طەلعەتە ڕۆژ بەڕووزەردی هەڵات کرد و کەوتە کێوان بەرەو ئاوابوون.

بۆ واتای دەرکەوتن. دوێنێ نوێژی شێوان ڕۆژ لە دوگمەی سینەتەوە دیتی سفیدەی

باغی سێوان بەیانی دا، ئەمڕۆ سبەینەکە دەرکەوت زەردایی ترسی دوێنێی پێوە دیار بوو کە وەکو شێت کەوتە گێژان. لەطافەتێکی شراپەوەش لەوەدایە کە باغی سێوان (بەیان) بدا واتاکەی ئەوەش هەڵدەگرێ وشەی (بەیان) بریتی بێ لە گۆزی وشەی (بەی - بەهێ). بەو پێیە مەمکەکانی یار بە سێو و بە بەهێش تەشبیه کراون. دوای ئەم واتا لێدانەوەیە چەند ڕۆژێکی پێ چوو نامەیەك لە مامۆستا مستەفا سالح کەریمەوە هات (وەك لە بیرمە) خۆشامەدیی لەو واتا لێدانەوەیە دەکرد.

لە لاپەڕە ٦٥ بەیتی پێنجەمی مەدحەکەی (تاقمی مومتازی شاه) بۆ میسرەعی دووەم دەقێکم دیتووە لە کۆنەوە لە جیاتی (ئەلطاف) وشەی (ئەنوار)ی نووسیوە:

صەحرا بە تەجەللی دەکەنە وادیی ئەیمەن
قامەت شەجەر و مەظهەری ئەنواری ئیلاهن

لە دیوانی نالی چاپی عەلی موقبیل و گیوی موکریانیش (ئەنوار) هاتووە. جوانی و لەباریی وشەی (ئەنوار) کە هەم بەواتای جەمعی (نوور - ڕووناکی) و جەمعی (نوور- نەور- غونچە) لێ دەدرێتەوە، لەوەوە دێت ئەگەر (نور) بەواتای ڕووناکی وەرگیرێن دەزانین (وادی ئەیمەن) لە طوور ڕووناکیی لێ بوو لە درەختێکەوە هەڵدەستایەوە. کەواتە ئەو تاقمە مومتازە کە تەجەللی بکەن و خۆیان دەرخەن سەحرای بێ دار و سەوزایی دەکەنە ئەو وادییە ئەیمەنە نوورانییە. کە (نوور) بەواتای (غونچە) وەرگرین ئەوسا تاقمە مومتازەکە قامەت شەجەرن هەم حەقیانە دنیا بە تەجەللی بکەنە وادیی ئەیمەنی خاوەن درەخت و هەم دەشبنە دیارگەی (غونچە)ی خودایی کە بەو قامەت شەجەرانەوەیە و بەدرەختەکەی وادی ئەیمەنیشەوە هەیە. وشەی (تەجەللی) ئیشارەتە بۆ ئایەتی (فلما تجلی للجبل...) کە لە وادی ئەیمەنی بوو.

لەو لاپەڕەیەدا بەیتی حەفتەمی مەدحەکە بەپێی دەقی (ئەنجوومەن) بەوشەی (لایق بە بەدەن) دەست پێ دەکات. لە پەراوێزی ژمارە ٤دا ئیشارەت هەیە کە دەقی شەرحەکەی مەلای بیارەیی بە (لالەن بە بەدەن) دەست پێ دەکات. بێگومان دەقی شەرحەکە پەسەندترە.

لالەن بە بەدەن ئەطلەسی ئەخضەر کە لەبەرکەن
ئەورەستە گوڵن، بەستە لەگەڵ دەستە گیاهن

ئەو ئەورەستە گوڵ ئەو لالە بەدەنانە دەگرێتەوە. ئەگەر (لایق بە بەدەن) بێت دەبێ

ئێمە لە خۆمانەوە پارمەتیی شیعرەکە بدەین و بڵێین مادەم بە نەورەستە گوڵ تەشبیھ کران لەخۆوە بەبێ دڕکاندن بەدەمیان دەبێتە گوڵ، (لایق)یش جێی خۆی دەکاتەوە بەوەدا کە ئەطلەسی سەوز بە بالاپانەوە وەک ئەو گیایە سەوزەیە لەگەڵ دەستەگوڵ بەستراون.

لە ئەنجوومەندا مەدحەکە (٨) بەیتە، لە شەرحی مامۆستادا (١١)یە. لەمیاندا نازناوی (نالی) دوو جاران ھاتووە، لە ئەنجوومەندا بەیتی تێدا نییە بە نازناوەوە لە پەراوێزی لاپەڕە (٣٤٥)ی شەرحەکەدا ئەم دیاردەیە نامەنلووفە و (ئاڵۆزییەک لە داوێنی ئەم پارچە شیعرەوە ھەیە ئێمە سەرمان لێ دەرنەکرد – بە تەعبیری شەرحەکە خۆی) بە ئینسافەوە دانی پێدا ھێنراوە لێرەدا پێویستە بڵێم دوایین بەیتی ناو شەرحەکە کە بۆ جاری دووەم نازناوی شاعیر دەھێنێتەوە ھی ئەوە نییە بە ئەزمی نالی وەیا ھەر شاعیرێکی لێوەشاوەی دیکە دابندرێ.

«نالی»! بە خودا حەیفە دەڕەنجێنی دڵی خۆت

ئەم طاقمە مەخصوصە ھەموو صاحیبی جاھن

دڵ ڕەنجاندنی چی؟ ھەر چونکە طاقمەکە صاحیبی جاھن دەبێ دڵی شاعیر لە جیاتی گەشە بکات بڕەنجێ؟ من وای بۆ دەچم، کابرایەکی نیمچە شاعیر ھاتووە وشەکانی قافیەی دە بەیتی قەسیدەکەی ڕیز کردووە کە بریتین لە: شاھ، سوپاھ، ماھ، کولاھ، نیگاھ، ئیلاھ، سیاھ، گیاھ گوناھ، ڕاھ، ئاھ و سەرجوملەیان پازدەیە بەعزی ئەوەوە کە دوو وشەی قافیەی بەیتی یەکەم ژمارەکە لە دەوە بە پازدە دەگەیەنێ. ئیتر بەدڵی داھاتووە وشەی (جاھ) لەو بەینەدا مەغدوورە و لە بیر کراوە، بە خێری خۆی ڕوو لە نالی دەکات و بە جۆرێک کە بۆی لواوە بەیتی پازدەمین قەتار دەکات و وشەی (جاھ) بەھاشەڵییەوە. ئێمە ھەر بۆیە لە نالی دەسەلمێنین کە سەرەتای بەیتی نۆیەم (بۆ سەیری) بێت و سەرەتای بەیتی دەیەم (بۆ زوڵف) بێت چونکە ھاتووە شاعیرانە لە پێشدان تەنھا (صوفی) ھێناوێن لە طەلەبدا بێ سەیری سەر و قەدان بکەن. ئەمجار بۆ (زوڵف و ڕوخ و ئەبرووی وەک زوڵفی سیاتان) پەراوێزی مەفتوونانی لێک کێشاوەتەوە تا (عالەم وەکو نالی ھەموو...) بکەونە جەزبی بەیتەکەوە نەک ھەر صۆفی... لەمە زیاتر داوا لە شاعیر ناکرێت

بەداخەوە لیژنە لە پەراوێزی لاپەراوێزی لاپەڕە ٦٦ کە لە ئاست میسرەعی یەکەمی ناو پەراوێزەکە نەمەیە:

تەنهایی سەمەن بەرگی بەنەوشە کە لەبەر کەن دەڵێ: (تەنهای) ڕاستترە گۆیا (تـەنـهـا) کۆی (تـەن)ە، بەو پێیە دەبێ بەلای لیژنەوە (تـەنـهـایی) بە (تەنهایی) لێك درابێتەوە لەوەشدا لیژنە بە سەهوو چووە چونکە لە (تەنهایی سەمەن) هەمان کۆی (تەنها) مەبەستە بەڵام لەبەر کێشی شیعر دەبێ ئەو (ی)ە کەسرەی بدرێتێ، لەوەشدا نالی پێرەوی یەك لە جەوازاتی هەڵبەستی کوردیی کردووە، چ تێرکردنی (ی) ئیزافە و وەسف بێت و چ تێرکردنی (و)ی عطف بێت بۆ کێشی شیعر مامڵەتی ڕەوا حیساب دەکرێت وەك کە لە کۆتایی مەدحەکەی ناو شەرحی مامۆستادا نووسراوە.

بۆ زوڵف و روخ و ئەبرووی چوون زوڵفی سیاتان
عـالـەم وەکـو نـالـی هـەمـوو بـا نـالـەوو شـاهـن

جارێکیان (ئەبروی) بە (ئەبرووی) هات جارێکیشیان (نالەونالە) بە (نالەوو ناە) هـات ئـەگـەر (ئـەبـرووی) بـە دوو برگەیی بخوێندرێتەوە بەیتەکە لەنگ دەبێت. هەروەهاش (نالەو) لەجیاتی (نالەوو) بەیتەکە لەنگ دەکات. نالی خۆی لە بەیتێکی غەزەلێکیدا دەڵێ:

بـەلا گـەردانـی بـاڵات بم ئـەگـەر چووم
فیدای هیندوویی خاڵت بم ئەگەر مام

دەبینی (ی)ی (هیندوویی) تێر کردووە لەبەر کێشی شیعر، ئەیگوت (هیندووی). هەڵبەت (تەنهایی)ش هەر لەو بوارەوە هاتووە و جێی ئیشکال نییە. سەیرێکی لاپەڕە (٢٥٩)ی شەرحی دیوانی نالی بکە دەبینی لە میسرەعی دووەمی بەیتی دووەمدا نووسراوە:

با بای دەدات و ماسیی پێدا دێ وەك مەکووك

نا لەم دەقەدا سێ (ی) کەوتوونەتە دوای یەکتر و دەخوێندرێنەوە (ماسیی پێدا دێ) ئەویش لەبەر کێشی شیعر کە من ئەم دەقە پەڕاست نازانم، ڕاستیی بەیتەکە ئەمەیە: با بای دەدات و ماسی پیپا دێ وەکوو مەکووك، حەز دەکەی لەبەر دەستووری ڕێنووسی تازە بنووسە (ماسیی) کە لە گۆکردندا ئەو (ی)ەی دووەم دەرناکەوێ. نالی لە زۆر شوێندا (تیا و پیبا)ی لە جێی (تێدا و پێدا) بەکار هێناوە لە لاپەڕە ٦٧دا دێڕە شیعری پێنجەم کە سەرەتای (بۆنە شاطی)یە من لە دەستخەتی مەرحووم (نهانی) کە نازناوی شێخ محیەدین شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجی کۆیەیە و خاڵی مامە دیتوومە

نووسیوەتی (گەشتگاهی) لە جیاتی (بۆتە شاطی) ناو ئەنجوومەن و (بۆنەنشینگەی) ناو شەرحی مامۆستا بیارەیی. هەرچەند بریاردان بە جۆرێکی متمانەبەخش لەسەر هەڵاواردنی یەکێك لەو سێیانە کارێکی ئەکردەنییە بەڵام بێگومان لەلایەن چەژی شیعرەوە چی (نهانی) نووسیوەتی لەبارترو سازگارتر و شاعیرانەترە نهانی ئەگەر بۆی لووابایە خەریکی شاعیرییەت بێ لە جیاتی (تشێخ) تا بڵێی جێی نومێدی (ابداع)ی لێ دەکرا، زۆریش نالی دۆست بوو، لە نموونەدا ئەم مقتەعەی تەخمیسی ئەو بەسەر شیعری نالییەوە دەهێنمەوە:

بێزار مەبە لێم من سوپەری تیری عەدووتم
بۆ شەمعی جەمالت وەك پەروانە لە دووتم
بۆ ئاگری سەر گۆنە بە صەد گۆنە دەسووتم
هەر چەندە کە ڕووتم بەخودا ماتیلی ڕووتم
بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە

جوانیی تەخمیسەکە دەچێتە ڕیزی تەخمیسەکەی شێخ ڕەزا بەسەر غەزەلی کوردی:

دڵی بردم بە ناز و عیشوە دیسان شوخی عەیاری
فریبی دام بە چاوی مەستی خۆی مەخموورێ سەحاری
لە هیجرانی تەقم کرد ئەی ڕەفیقان کوا مەدەدکاری
ئەمان مردم عەلاجێ سالە ڕێی پەنجەمیەرا چاری
ویصال یا قەتل یا تەسکین لە هەرسێ بۆم بکەن کاری

قصیدەکەی شێخ ڕەزا (ڕووم کردە بەزمی خاصی...) کە دەقەکەی لە لاپەڕە ٧٠ی ئەنجوومەن هاتووە و دوو بەیتیشی لە (دیوانەکەی شێخ ڕەزا، چاپی بەغدا ١٩٤٦)وە بە زیادەوەی خراوەتە سەر، تا لە بەیتی دووەم کە کەوتووەتە سەرەتای لاپەڕە ٧١ تێبینییەکی گرینگ هەیە، ئەم بەیتە لەو جێگەیەدا بە مێوانەتیش جێی نابێتەوە دەبێ بچێتە دوای بەیتی چوارەمی (ئەنجوومەن) کە دەڵێ:

پێم گوت منم فلانە کەسم مامە شێخ ڕەزام
بیلمەزمین میسن تەفەندی مگر بزی

دوای ئەمە ئەم خەمیس ئەفەندییە ئەمجا بە کوردی هاتە تەکەللوم وتی

بەڵێ

لەو شێخە حیلەبازەکانی قوماربازو کەردزی

هەروەڵ جار خەمیس ئەفەندی بە تورکی لێی پرسی (کیم بلیر سزی؟ کی تۆ دەناسێت؟)

لە لاپەڕە ٧٥، میسرەعی یەکەمی بەیتی چوارەم (سەرم سەمتورە و) دەبێ بکرێتە (سەرم سەمتورو) دەنا لەنگ دەبێت. وا دەزانم (کوردی) ئەم غەزەلەی (دەروون زامدار و دڵ غەمگینە بێ تۆ)ی بەسەرهێنی گوتووە چونکە قوڕتی تێدان و لە کوردی ناوەشێنەوە.

لە بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٧٦ (باو بارینە) ڕاستە ئەك (بار بارانە) چونکە لەگەڵ قافیە و ڕەوییەی بەیتەکانی دیکە ڕێك دێت: (ڕەنگینە، ئەسرینە، پەرژینە، ئامینە) هەموو بەیتەکانی دیکەی لاپەڕەی پێشووتریش وەك: غەمگینە، بێ تینە، بالینە، نالینە... هتد هەروەهان ڕێزپەڕیان تێدا نییە.

لە لاپەڕە ٧٧، پەراوێزی یەکەمدا وشەی (نەقمە) ڕاستە ئەك (نەغمە) کە لە دیوانی سالم، چاپی بەغدا ١٩٣٣ بە هەڵە وەها نووسراوە. لیژنەش ئیشارەتی بۆ ئەم لایەنە کردووە. خۆزی لە هەموو شوێنێ وەهادا ئەمەی کردبایە. بەڵام ئەدەبوو بڵێ (ڕاستترە) چونکە نەغمە هەڵەی ڕووتە، چوێ قسە لەگەڵ زوڵفە! لە کۆتایی پەراوێزدا وشەی (سێرە) هەڵەیە (سیرە) ڕاستە.

سەیر ئەوەیە، پەراوێزی ژمارە (٢) دەڵێ وشەی (من) کە لە پێش وشەی (تەشبیهی) هاتووە هەڵەیە کەچی ئەو وشەیە پەیدا نییە و میسرەعەکەی بێ عەیبە.

لە لاپەڕە ٧٨ میسرەعی یەکەم کە نووسراوە:

دەبێ ئەشکی تەرازوزی ئارەزوو ئەی دیدە بڕژێنێ

وشەی (تەراڕوز) هەم کێشی لەنگ کردووە و هەم یەکی واتاشی خستووە. لیژنەش لێی بێ دەنگە. وشەیەك هەیە (تەڕاوز) وا بزانم لەبەر پێوەندیی بە تەڕاییەوە بەو کێلگەیە دەڵێن دوای بارانی پەڵە بکێڵرێت و تۆو بدرێت. تەڕەشقۆ، تەڕەزەن، تەڕازو هەمووی هەر بەچکەی تەڕایین. ئینجا زۆر بە تەقیە و دوودڵییەوە دەڵێم تۆ بڵێی ئەم تەڕاوزە نەبێ لە بەیتەکەدا؟

دەبێ ئەشکی تەڕاوزی ئارەزوو بشکێنێ ئەی دیدە

میسرەعی یەکەمی بەیتی چوارەمی غەزەلەکە یەک بڕگەی کەمە، ئەمە دەقەکەتی

ڕەها بێ گەر لە بەندی زوڵفی یارا گەردەنی من [گەردەن و شانم: گەردەنی بەندم!]

میسرەعی دووەمیشی تێیدا (بەعدە نەزین) بڕگەیەکی لە کێشی شیعرەکە زیاد کردووە، یا دەبێ بنووسرێ (بەعدە زین) یان (بەعد نەزین) و دەنگی هەمزەی تێدا سووک دەرببڕێت.

لە لاپەڕە ٧٩ وشەی (مەحەبەت) دەبێ (مەحەببەت) بخوێندرێتەوە لەبەر کێش. هەر لەو قەسیدەیەدا. (گیسوی گێسوویی-مەحەلی: مەحەللی موعەظەمتر: موعەظظەمتر) کێشی بەیتەکان ڕاست دەکەنەوە هەر جارە بەزیادبوونی بڕگەیەک لەو وشانەدا.

لە لاپەڕە ٨٣، بەیتی حەفتەمی غەزەلەکەی نالی من لە دەستنووسی کەشکۆڵاندا دیتوومە:

هەموو ڕۆژم لە تاو هیجرانی ئەمساڵ

تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ

دەقی (ئەنجوومەن) ئەمەیە:

هەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئەمساڵ

تەمەننام مردنی پێرارە بێ تۆ

دەقی شەرحی مامۆستای بیارەیی ئەمەیە:

هەموو ڕۆژی لە تاو هیجرانی ئەمساڵ

تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ

فەرق لە نێوان دەقی کەشکۆڵەکان لەگەڵ ئەم دوو دەقە لەوەدایە کە (تەمەننای مردن) لە دەقی یەکەمدا بەدرێژایی هەموو ڕۆژێکە. بەڵام (هەموو ڕۆژێ) بەتەنها (یەک تەمەننا) لە ڕۆژێکدا دەگەیەنێت. نالی وردکارە بەرلای چاوەڕوانکردنی بینەر و خوێنەر و بیسەرەوە قووڵ دەبێتەوە نموونەیەکی زۆر سادەی ئەم قووڵی و وردییە لەم بەیتەدا دەدیترێت کە دەڵێ:

بەمەرگی تۆ قەسەم، زاهید، هەموو عومرت عوبوورێکە

مەقام و مەنزڵت ئاخر لە کن جەمعی قبوورێکە

نالی بەخۆڕایی سوێند بەمەرگی زاهید ناخوات، لە هیچیش نەهاتووە (عبوورێکە) بە (مفرد-تاک) ئەدا بکات و (قبوورێکە)ش بە (جمع-کۆ) ئەدا بکات. لەلایەن

سوێندخواردنی بەمەرگی زاهید، نالی پێمان دەڵێت و بەزاهیدیش دەڵێت: بەمەرگت عومرت دەبێتە عبوورێك. لێرەدا (بەمەرگی تو) هەم سوێندە و هەم سەبەبی عبووربوونی عومرە. ئەگەر بیگوتبایە بەخوا و پێغەمبەر و بەنازانم چی عومرت عبوورێکە قسەیەکی عادەتی دەردەچوو لە زاری هەموو کەسەوە، رۆژانە هەزاران دەردەچێت. عبوورەکەش یەك عبوورە و بێ ئەهەمییەتە. بەلام دوای مەرگ جێگەی عبوورکردو دەبێتە جەماعەتی قبوور واتە کۆمەڵەی مردووان کە زۆرن. (جمعی قبوور) ہاتەوپاتیش رێژەی کۆیە بۆ وشەی (قبر) ئنجا سەیر نییە من لە نالی چاوەروان بکەم بڵێ (هەموو رۆژم ..) نەك هەموو رۆژی.

دەقەکەی شەرحی مامۆستا (تەمەنناى) تێدا هاتووە لە جیاتی (تەمەننام) کەچی هەموو بەیتەکانی پێشووتر رووبان لە نالییە و ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکیان تێدا بەکار هاتووە.

ئەو دەقەی من پەسەندی دەکەم لە سەرەتاکەیدا وشەی (رۆژم) دراوەتە ڕاناوی کەسی یەکەم.

لەوە بەولا (تەمەنناى) دەبێتە مضاف بۆ (مردن) وەك کە دەڵێی (هەموو کاتم دوعای بەرزیتە ..)

لە لاپەڕە ٨٥دا میسرەعی یەکەمی بەیتی چوارەم بڕگەیەکی زیادە کە دەڵێ:

تیپی شکۆفە خەیمەیی هەڵداوە لە هەر طەرەف.

لە شەرحەکەی مامۆستا بهارەییدا بەیتەکە کێشی تەواوە، ئەمەش دەقەکەی:

تیپی شکۆفە خەیمەیی هەڵداوە لە هەر طەرەف

دەقەکەی ئەنجومەن بەوە چارە دەکرێ یان بگوترێ (هەڵدا) لە جیاتی (هەڵداوە) یان ئەو (لە هەر)ە بکرێتە (هەر). رەخنەیەك لەم (هەر)ە بگیرێت لەلایەن تەواوی واتای میسرەعەکەوە بەنامەی ئەوەی دەبێ بگوترێ (هەڵداوە لە هەر طەرەف) نەك (هەر طەرەف)، ئەوسا عەینی رەخنە لە دەقەکەی شەرحی مامۆستاش دەگیرێ کە دەبوو بڵێ (خەیمەیی هەڵداوە) نەك (خەیمەیی داوە). ڕاستییەکەی لەلایەن واتاوە بەپێی جەوازاتی شیعر هەردوو دەق رەوان ئەنانەت (خەیمەیی داوە) جوانییەکی شرابەوەشی تێدایە کە خیوەت و رەشماڵ هەمووی (داو)ی چنراوە من لە بەیتی دووەمی ئەم پارچە شیعرە مەعنایەکی زێدە ناسك و قووڵ دێتە بەر هەستمەوە وابزانم نالی دۆستان بۆی

نەچوون. بەیتەکە ئەمەیە:

لەم وەعدە خۆشەدا گوڵ و گوڵ چیهرە تێکەڵن
یەک ڕەنگ و موتتەحید بەدڵ ئەمما بەتەن جوێ

شوێنی سەختی بەیتەکە لەوەدایە چۆناوچۆنی (موتتەحید بەدل) لەم دەقەدا جێی خۆی دەکاتەوە. دەزانین گوڵ و گوڵ چیهرە کە تێکەڵن، لەلایەن جوانییەوە (یەک ڕەنگن) بەڵام یەکەش جودان، ئەی بەچی و لە چیدا (موتتەحیدن)؟ ئیتیحادەکەیان لە وشەی (گوڵ چیهرە) پەیدایە کە وەسفێکی تەرکیبییە بەواتای جوانێکی ڕووی وەکو گوڵ بێت، تا ئەم وەسفە تەرکیبییە کە لە (گوڵ) و (چیهرە) پەیدا بووە وەھا دەکات گوڵ خزابێتە ناو وشەکەوە بەو پێیە (گوڵ چیهرە) کیژی جوانە و (گوڵ)یش وا لە تەرکیبیدایە و پێیەکەوە (موتتەحیدن) کە موتتەحیدیش بوون یەک دڵیان دەبێت. هەر ئەم مەعنایەشە، بێ ئەوەی هەموو کەس بۆی بچێت، تێکەڵبوونی گوڵ و گوڵ چیهرە خەستتر دەکاتەوە ... ئەم (استخدام)ەی لێرەدا نالی بەکاری هێناوە یەکێکە لە شاکارە هەرە بەرزەکانی ئەم بلیمەتە بێ ڕەزایە. گوڵ و گوڵ چیهرە وا لە دەشت و دەر تێکەڵ بوون، تێکەڵبوونیش یەکجار بەولای جیرانەتییەوە نزیکی لە یەکتر دەبەخشێ، بگرە لەوە پتر لێکتر نزیکبوون هەر پەیدا نییە مەگەر لە تەفاعولی کیمیاییدا. کەچی نالی لە وشەی (گوڵ چیهرە)دا ئەو نزیکییەی گەیاندە (ایتتیحاد) کە ئیتر یەک ڕەنگا و موتتەحیدبوون بەدڵ دەبێتە تەحسیل حاسل..

لە شەرحەکەی مامۆستادا وای هێناوەتەوە کە گوڵ یاری بولبولە نازدارانیش یاری دڵدارانیانن (لەبارەی دەروونەوە هەموو لەیەک دەچن و بنیادەم ناتوانێ لەیەکیان جیا بکاتەوە) گۆیا ئەمە سیڕێی (موتتەحیدبوون بەدڵ) بەدەستەوە دەدات. ئەو واتایە بولبول و دڵدارەکان لە خەیاڵەوە دەهێنێت و دەیکاتە بەخشیش بۆ شیعرەکە هەتا واتاکە ڕابگەیەنێ کەچی بەم حاڵەتەشەوە ئەوەی دەینە (موتتەحید بەدڵ) گوڵ و نازدارەکان نین بەڵکو بولبول و دڵدارەکانن چونکە ئەوان لە هەستی عیشقدا موتتەحید بەدڵن، گوڵی بەسەرزمان لە کوێ و ئەم هەموو لێبارکردنەی هەست و سۆز لە کوێ، لە حاڵێکدا بولبول بەناسوودەیی ماوەتەوە. لە لاپەڕە ٨٦ی ئەنجوومەندا، دێڕی پێنجەم (بە ضەربە و حەملەیی) تێدا هاتووە ڕاستییەکەی (بەضەربەی حەملەیێ)یە. لە پەراوێزیشدا هاتووە کە دیوانی شێخ ڕەزا (زەربی - ضەربی) تێدا هاتووە.

لە لاپەڕە ٨٧دا (کە عەبدوڵڵا پاشا لەشکری والی سنەی شڕ کرد)

هاتووە میسرەعەکە لەنگ دەبێ:

که عەبدوڵڵاهـ پاشا لەشکری والی سنەی شڕ کرد

ئەقطیعەکەشی بەم جۆرە دەبێ

(کە عەبدوڵلا) (هـ پاشا لەش) (کری والی) (سنەی شڕ کرد). لە لاپەڕە ٨٨ دیسان تووشی (عەشق) دێینەوە کە (عیشق)ە. هەر لەو لاپەڕەیدا (خۆی بەقوربانی دەکا)ی ئەنجومەن لەبارترە تا (خۆی بەقوربانت دەکا)ی شەرحەکەی مامۆستا چونکە وشەی (قوربانی) یەکەم کە (ی)کەی هی ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە هاوتای (قوربانی) دووەمە کە (ی) تێیدا هی نیسبەتە. یەك وشە دوو واتا ببەخشێت پتر بەلای مجێزی نالیدا دەچێتەوە. وشەی (تەننوور)یش لە بەیتی سێیەمی غەزەلەکە دەبێ (تەننور) بێت دەنا کێشی تەنەل دەبێت. وابزانم وشەی (بوریان) لە بەیتی چوارەمدا دەبوو (بریان) بێ چونکە نە نالی بە (بوریان)ی نووسیوە کە ئەوسا لە جیاتی (ضمە) واو نەدەنووسرا، کوردیش گوتوویەتی (بوریان) ئنجا (بریانی) کە لە شیعرەکەدا ئەو (ی)ەی بە دوایەوە و ڕاناوی تاکە بەڕواڵەت لەگەڵ (بریانی) خواردنە مەشوورەکەی کورنەواری یەك وشەن هەر چەند لەمیاندا (ی)ەکە هی نیسبەتە.

بەیتی سێیەمی ئەو شیعرەکەی لاپەڕە ٩٠ کە (ئەمسەر و ئەمسەر) تێدا هاتووە لەنگ بووە دەبێ بنووسرێت و بخوێندرێتەوە (ئەمسەرەوسەر) بەسووراندنی هەمزەی (ئەوسەر).

وشەی (گوریزان) لە میسرەعی یەکەمی بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٩١ دەبێ (گوریزان) بێت چونکە فارسییە و وەهای دەردەبڕن. میسرەعی یەکەمی بەیتی پێنجەم لەنگە بڕگەیەکی زیادە لە پەراوێزدا نووسراوە کە لە جیاتی وشەی (وامی)ی ناو دەقەکەی ئەنجوومەن وشەی (ئەو) هاتووە لە دەقی دیوانی کوردی:

لە پەردەی طاهری گەر بێ صەدای ئەو عاشقی یارم

بەمەدا چاری لەنگینەکەی دەکرێ بەڵام لەلایەن واتاوە زۆر هەژار دەبێ، یان هەر واتای نابێ. ئەگەر بەیتەکە بەم جۆرەی خوارەوە ئەوە بێ کە کوردی گوتوویەتی:

لە پەردەی طاهری گەربێ صەدای ئاهـ و عەزای یارم

ئیتر حاجەت نییە بێنن مەلا بۆ وەعظ و تەلقیم

[(ئاهـ و ئزا)ش هەر باشە] ئەوسا دەڵێین چارەسەر کرا.

بەیتی دوایینی شیعرەکە لە میسرەعی یەکەمیدا (مەلائیك دێن و دەپرسن) واوەکە زیادە.

لە لاپەڕە ٩٢دا (ڕەحەندەی زیر) دەبێ (ڕەهەندەی زێڕ) بێ. لە میسرەعی یەکەمی بەیتی سێیەم (موستەحەقی) هەم غەڵەتە هەم شیعرەکەی لەنگ کردووە، دەبێ بکرێتە (موستەحیققی).

لە لاپەڕە ٩٦دا وشەی (چەهرە) وەك بزانم (چیهرەیە). لە لاپەڕە ٩٧ (چنگێ) هاتووە دەبێ (چەنگێ) بێت. لە ٩٨دا وشەی (بوران) دەبێ (بوورڕان) بێت لەبەر کێش. (قولابی)ش دەبێ بکرێتە (قوللابی) لەبەر هەمان سەبەب. لە ٩٩دا (دەردی کارێ) دەکرێتە (دەردی کاری)

ئەی طەبیبی دەردی کاری مەرهەمێ

لە کۆتایی شیعرەکە (بو بێ غەمێ) دەبێتە (بۆ بێ غەمێ).

یەکەم بەیتی لاپەڕە ١٠٠ لە پەراوێزدا:

صوحبەتی حوری بەهەشت، کەوثەرە
جوی یار و لالەزار و هەمدەمێ

ئەم بەیتە مەعنای نییە میسرەعی یەکەمیشی لەنگە. (جوی یار)یش (جوێبار-بەواتای جۆگا)یە.

ڕەنگە بەم جۆرەی خوارەوە چارەی بکرێت ئنجا خۆ و تالع، سالم وەهای گوتبێ:

صوحبەتی حۆری بەهەشت و کەوثەری
جوێبار و لالەزار و هەمدەمێ

ورە هەڵەی تریش لە غەزەلەکەدا هەیە وەك (ماتەمی دەگرێ-دەکرێتە: ماتەمێ دەگرێ) - (سەحەرگە-سەحەرگەهە)، (کاووس دل- کاووسی دڵ) (طەرف باغ-طەرفی باغ)..

لە لاپەڕە ١٠١ دەبوو بەیتی دووەمی قەسیدەی بولبولی طەبعم بخرێتە پێش دوایین بەیتەوە بەم شێوەیە:

هەر کەسێ ئیظهاری دانایی بکات و مەطلەبی
خود پەسەندی بێ یەقین ئیظهاری نادانی دەکا

ئەو کەسە تەحدیثی نیعمەت بێ موراد و مەطلەبی
میثلی نالی ئیمتیهانی ئەمری یەزدانێ دەکا

بەیتی دوایین ئیشارەتە بۆ ئایەتی (وأما بنعمة ربك فحدث) کەواتە نالی کە خۆی هەڵدەداتەوە لە بەیتەکاندا مرادی (خودپەسەندی) نییە بەڵکو پێڕەویکردنە لە فەرموودەی ئەو ئایەتە. لەو بڕە شیعرەدا (موحتەشەم دێوانە) نووسراوە، (موحتەشەم دیوانە) ڕاستە.

لە کۆتایی بەیتی پێنجەم (صورەت ئارایی) دەکا غەڵەتە (صورەتی مانی) ڕاستە.

لە بەیتی شەشەم (بێ غەم و جەمعەم هەیە) غەڵەتە (بێ غەم و جەمعەم هەبوو) ڕاستە.

بەیتێکی پڕ لە ئیشکالی ئەم قەسیدەیە لە دەقەکەی ئەنجوومەندا ئەهاتووە، بەیتەکە ئەمەیە:

خەرقە پۆشێ کەی دەپۆشیی جەوهەری ذاتی ئەمن
بێتە نێو جیلوەی بوزوشتی خۆی بە عوریانی دەکا

ئەمە بەیتی دەقی ناو شەرحەکەی مامۆستا کە لە ناو تونێژی قەسیدەکەدا هاتووە بەڵام لە لاپەڕەی دواتردا شکڵێکی دیکە تەرجیح دەکات بۆ ئەم بەیتە لە نێوان هەموو شکڵەکاندا.

خەرقە پۆشی کەی دەپۆشی جەوهەری ذاتی ئەمن
بێتە نێو جلوەی بڕشتی خۆی بە عوریانی دەکا

من لەگەڵ ئەم دەقەیان پتر دەسازێم بەڵام (ذاتی ئەمن) وەك چقڵە و دوورە لە چەژی سازگاری شیعر. ئەمە لە بەیتدا نەبێ واتاکە لەوانەیە قبووڵ بکرێت. وەك منیش بۆی دەچم مەبەستی نالی ئەوەیە بڵێ جەوهەری ذاتی بە خەرقە پۆشی ناشرێتەوە، ئەو جەوهەرە کە بێتە نێو جلوەی بڕشتی خەرقەکەوە بەڕوونی دەردەکەوێت. ئەگەر زۆر شارەزای بابا تاهیری هەمەدانی بوومایە کە ئازناوی عوریانە لەوانە بوو حاڵەتێك لە حاڵەتەکانی سۆفیگەریی ئەو مەزنە پیاوە ببینم بۆ ئێرە دەست بدات. دەبێ بڵێم دەستنووسم دیتووە لە جیاتی (ئەمن) وشەی (أحق - ئەحەق)ی هێناوە. لە لاپەڕە ١٠٤ وشەی (هوزار) کە لە دەقی قەسیدەکە و لە پەراوێزیشدا لیژنە هەر هوزاری نووسیوە هەڵەیە و (هەزار) ڕاستە. بەیتی قەسیدەکە لە میسرەعی یەکەمیدا کە دەڵێ

هەر دار و بەرد و هەر گوڵێ ڕەنگێ خەلاتییە

تێ ناگەم لیژنە وەیا بڵاوکەرەوە لە کوێوە ئەو نیشانانەی سەر دوو (ێ) وشەی (گوڵێ، ڕەنگێ)ی هێنان، خۆ لەو سەردەمەی فەیزی بەگ کتێبی چاپ کردووە نیشانە پەیدا نەبووبوو. ڕاستیی بەیتەکە ئەوەیە لە دەقی ناو شەرحی مامۆستادا هاتووە.

هەر دارە بەرگ و هەر گوڵە ڕەنگێ خەلاتییە

بێگومان لەسەردەمی فەیزی بەگ نیشانەی سەر (ڵ) و ژێر (ڕ)یش پەیدا نەبووبوو، ڕەنگە وەهای نووسیبێ:

هر دار و برد و گلە رنگی خلاتیە

لە لاپەڕە ١٠٥ی ئەنجوومەن و لاپەڕە ٣١٦ی شەرحی مامۆستادا ئەم میسرەعەی سەرووی شیعرەکە:

شەقی کە غەیری حوببی تۆی تێدا بێ

بەلای منەوە لە جیاتی (شەقی کە) ڕاستتر ئەوەیە کە بەپەراوێز لە شەرحدا (ئەگەر دڵ) هاتووە چونکە کە (شەق کرا) تازە دەرهێنان و دەرنەهێنان بۆ چی؟

ئەگەر دڵ غەیری حوببی تۆی تیا بێ

بەدەستی خۆت دڵم دەربێنە قوربان

لە شەرحەکەی مامۆستادا هاتووە (وشەی دڵم لە لایێکەوە مەفعولوبیهی «شەقی کەیە و، لەلایەکی کەوە موبتەدایە و «غەیری... تادە خەبەریەتی). وابزانم شەرحەکە بەسەهوو چووە چونکە (شەقی کە) ئەو (ی)ە (شەقی) کە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە مەفعول بیهییە تێیدا دەمەکێنیش نییە بەپێی دەستووری (اشتغال)ی عەرەبی (دڵم) ببێتە مەفعوول وەک کە دەگوترێ (أخاك رأیتە) چونکە (دڵم دەربێنە) بریتییە لە مەفعولبیهی (دڵ) و فاعیل (ڕاناوی کەسی دووەمی تاک) و فیعلی (بێنە، دەربێنە) ئەوەندە هەیە ڕاناوەکە لە ڕێژەی (ئەمری صریح)ی کوردیدا بۆ کەسی دووەمی تاک دەرناکەوێت و هەر جارە لە شکڵی بزوێنێکدا دەردەکەوێت، وەک : (بگرە، بخۆ، بڵێ، بژی، ....) کە ئەمرەکە بووە ناسەریح ڕاناوی دەردەکەوێت وەک : (بگرێت، بخوێت، بڵێت، بژیت، بدەیت، ...)

ڕستەی (دڵم دەربێنە) موبتەدای تێدا نییە چونکە ئەمرە و ڕستەی (انشائی)یە (دڵ)یش مەفعولوبیهی فیعلی (دەربێنە)یە نەک هی فیعلی (کە بکە)، لە ڕستەی (شەقی

...ر گوتوبا (شەقی کە دڵم) و (دەربێنە) لە بەیندا نەبایە ئاشکرایە دەبووە ...ڵی (شەق بکە). ئەوسا ئەگەر (شەقی کە دڵم) هاتبایە دەشیا لە ڕێی (اشتغال)ەوە ...ەم (ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک) و هەم (دڵ) ببنە مەفعولوبیهی بەڵام لە کوردیدا ناشێ بگوترێ (دڵم شەقی کە، ئاتم بیسووتێنە دارا حەبسی کە) وەك لە عەرەبیدا جایەزە (قلبي شُقَّهُ، خبزي أحرِقه، دارا فاحبسه...) من لە جیاتی (تێدا) هاتم (تیا)م نووسی، ئەم (تێدا)یە لە شوێنی ئەوتۆیی کێشی شیعرەکە تەنبەڵ دەکات. (نالی)ش بەپێی داخوازی سەلامەتیی کێش هەر جارە یەکێکیانی بەکار هێناوە وەك:

١- یەعنی ڕیاضی ڕەوضە کە تێدا بە چەند دەمێ.

٢- هەر دەڵێی مانگەشەوە کوڵمی تیا.

وشەی وەك (تێدا، تیا) هەن هەر جارە بە جۆرێك لەکار هاتوون. لە نموونەدا: چونکی، چونکە هەریەکە جێی خۆی هەیە. لەم بەیتەدا

چونکی ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو

وشەی (چونکە) دەست نادات تومەز بزوێنی کۆتاییەکەی (چونکە) لەبەر کێش دەبێ درێژ بکرێتەوە خۆ (فتحە)ش درێژکردنەوە تەحەممول ناکات. لە لاپەڕە ١٠٦ نموونەیەکی ئەم لەکارهێنانەی نابەجێ هەیە کە لە سەرەتای بەیتی چوارەمدا نووسراوە:

چونکە ڕەسەن ورد و شتیان هەموو جەنگین

مەی ساریەیە نەشئەی چلە دوڕدا چ لە سافا

دەبوو (چونکی) بنووسرایە. وشەی (دوڕدا) لە میسرەعی دووەم هەڵەیە و مەعناشی نییە ڕاستەکەی (دوردا)یە. (دورد) بەواتای خڵتەی شەراب دێت. گەلێك جاران کوردەکە دەڵێ (ڕێردی شەراب) تومەز (دورد)یان نەبیستووە لە بەیتی پێنجەمدا کە نووسراوە

وا بێ غەم و پەروا دەچنە عەرەصەیی مەیدان

وشەی (عەرەصەیی) لەنگی کردووە دەبێ (عەرەصەیی) بێت. لە بەیتی حەفتەم نووسراوە

عوسمان بەگیان میرە کە ئەو وەقتی بڵێ دەی

من بەستوومە و خوێندوومەتەوەش:

وشەی (ئەجنە) لە بەیتی پاییزنی قەسیدەکەدا دەبێ (ئەجیننە) بخوێندرێتەوە هەروەهاش وشەی (رفاعی) لە میسرەعی دووەمدا دەبێ (رووففاعی) بێت لەبەر کێش لاپەڕە ١٠٨.

لە میسرەعی یەکەمی لاپەڕە ١١٤دا (چ مەظلوم) بەحری غەزەلەکەی لە ١٦ برگەوە کردوومتە ١٣. دەبێ بنووسرێ (من چەندە مەظلومم). وشەی (ڕەنجەڕۆم) لە میسرەعی دووەمدا یەکجار بە نالەباری دەخوێندرێتەوە تا کێشی ساز دەبێ. من بامایە دەمنووسی:

چ ماڵ وێران و ڕەنجیدەم چ مەهمومم چ مەغمومم

وشەی (ذمرە) دەبێتە (ذمرە) لەبەر کێش (بەیتی دووەم). نیوەی یەکەمی بەیتی چوارەم دەبێ:

عەلاوەی دەردی دونیایی لە لایێکی کەوە خۆمی

بنووسرێت لە جیاتی (لەلایێکەوە)دا

ئەمما بەیتی پێنجەمی قەسیدەکە بە ڕاستی هەموو کەموکوڕییەکی تێ هێناوەتە، هەزار جار ڕەحمەت لە گۆڕی ئاهی:

هەتا مردن بلا مەشغولی ئاه و شین و زاری بم

کە دونیا وابێ، طالع وابێ، دوشمن وابێ، مەعدوومم

غەزەلەکەی دیکەی (ئاهی) لە لاپەڕە ١١٥دا کەموکوڕیی لێ پەیدا بووە بەدەست نوسخە نووسانەوە من لێرەدا لەبەر نرخی غەزەلەکە ئەو بەیتانەی هەڵەی کەوتبێتێ بەڕاستی دەیاننووسمەوە

نوکتەی دەمی مەعفی لە فلاطوونی خەیاڵە

سیرێکە بە صەد فەلسەفە ئیضاحی موحاڵە

من سەطحیی ئەم عیلمە لەو وەقتەوە قوربان

ئەوخیزی خەطت حاشیەیی فەننی جەماڵە

پەروانە صیفەت دڵ بەچرای عاریفی پاکت

سەر باختەو و سووختەیی بێ پەڕ و باڵە

کە)دا ئەگەر گوترابا (شەقی کە دڵم) و (دەربهێنە) لە بەینێدا ئەبایە ئاشکرایە دەبووە مەفعولی (شەق بکە). ئەوسا ئەگەر (شەقی کە دڵم) هاتبایە دەشیا لە ڕێی (اشتغال)ەوە هەم (ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک) و هەم (دڵ) ببنە مەفعولوبیهی بەڵام لە کوردیدا ناشێ بگوترێ (دڵم شەقی کە ئاتم بیسووتێنە، دارا حەبسی کە) وەك لە عەرەبیدا جایەزە: (قلبي شُقَّهُ، خبزي أحرقْه، دارا فاحبسه...) من لە جیاتی (تێدا) هاتم (تیا)م نووسی، ئەم (تێدا)یە لە شوێنی ئەوتۆیی کێشی شیعرەکە تەنبەڵ دەکات، (نالی)ش بەپێی داخوازی سەلامەتیی کێش هەر جارە یەکێکیانی بەکار هێناوە وەك

١- یەعنی ڕیاضی ڕەوضە کە تێدا بە چاند دەمێ.

٢- هەر دەڵێی مانگەشەوە کوڵمی تیا.

وشەی وەك (تێدا، تیا) هەن هەر جارە بە جۆرێك لەکار هاتوون. لە نموونەدا چونکی، چونکە، هەریەکە جێی خۆی هەیە. لەم بەیتەدا:

چونکی ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو

وشەی (چونکە) دەست نادات تومەز بزوێنی کۆتاییەکەی (چونکە) لەبەر کێش دەبێ درێژ بکرێتەوە خۆ (فتحە)ش درێژکردنەوە تەحەممول ناکات. لە لاپەڕە ١٠٦ نموونەیەکی ئەم لەکارهێنانەی نابەجێ هەیە کە لە سەرەتای بەیتی چوارەمدا نووسراوە

چونکە ڕەسەنن ورد و شتیان هەموو جەنگین

مەی سارییە ئەشئەی چلە دوورا چ لە سافا

دەبوو (چونکی) بنووسرایە. وشەی (دوڕدا) لە میسرەعی دووەم هەڵەیە و مەعنایشی نییە ڕاستەکەی (دوردا)یە. (دورد) بەواتای خڵتەی شەراب دێت. گەلێك جاران کوردەکە دەڵێ (وێردی شەراب) تومەز (دورد)یان نەبیستووە. لە بەیتی پێنجەمدا کە نووسراوە.

وا بێ غەم و پەروا دەچنە عەرصەیی مەیدان

وشەی (عەرصەیی) لەنگی کردووە دەبێ (عەرصەیی) بێت. لە بەیتی حەفتەم نووسراوە.

عوسمان بەگیان میرە کە ئەو وەقتی بڵێ دەی

من بیستوومە و خوێندوومەتەوەش.

عوسمان بەگیان میرە کە وەقتێکی بڵێ دەی

وشەی (ئەجنە) لە بەیتی پاپەنی قەسیدەکەدا دەبێ (ئەجینئە) بخوێندرێتەوە هەروەهاش وشەی (رفاعی) لە میسرەعی دووەمدا دەبێ (روفقاعی) بێت لەبەر کێش لاپەڕە ١٠٨.

لە میسرەعی یەکەمی لاپەڕە ١١٤دا (چ مەظلوم) بەحری غەزەلەکەی لە ١٦ برگەوە کردووەتە ١٣. دەبێ بنووسرێ (من چەندە مەظلومم). وشەی (ڕەنجەڕۆم) لە میسرەعی دووەمدا یەکجار بە ناڵەباری دەخوێندرێتەوە تا کێشی ساز دەبێ. من پاماپە دەمنووسی:

چ ماڵ وێران و ڕەنجیدەم چ مەهمومم چ مەغمومم

وشەی (دەرە) دەبێتە (دەرڕە) لەبەر کێش (بەیتی دووەم). نیوەی یەکەمی بەیتی چوارەم دەبێ:

عەلاوەی دەردی دونیایی لە لایێکی کەوە خۆمی

بنووسرێت لە جیاتی (لەلایێکەوە)دا.

ئەمما بەیتی پێنجەمی قەسیدەکە بە ڕاستی هەموو کەموکورییەکی تێ هێناوەتە، هەزار جار ڕەحمەت لە گۆڕی ئاهی:

هەتا مردن بەلا مەشغولی ئاهـ و شین و زاری بم

کە دونیا وابێ، طالع وابێ، دوشمن وابێ، مەعدوومم

غەزەلەکەی دیکەی (ئاهی) لە لاپەڕە ١١٥دا کەموکوریی لێ پەیدا بووە بەدەست نوسخە نووسانەوە من لێرەدا لەبەر نرخی غەزەلەکە ئەو بەیتانەی هەڵەی کەوتبێتێ بەڕاستی دەیاننووسمەوە

نوکتەی دەمی مەخفی لە فلاطوونی خەیاڵە

سیرێکە بە صەد فەلسەفە ئیضاحی موحاڵە

من سەطحییی ئەم علمە لەو وەقتەوە قوربان

ئەوخیزی خەطت حاشیەیی فەننی جەماڵە

پەروانە صیفەت دڵ بەچرای عاریفی پاکت

سەر پاخشتەو و سووختەیی بێ پەڕ و باڵە

سەرمەست و بریندارى مژە و چاوى خومارە
ماتەم زەدەوو شێفتەیى پەرچەم و خاڵە

لە میسرەعى یەکەمى دوایینى بەیتى لاپەڕە ١١٦ وشەى (قوربان) دەبێتە (قوربانى)، ئەم (ى)ە بۆ نیزافەیە بێ ئەو واتا نامێنێ.

(ویقار) لە بەیتى سێیەمى لاپەڕە ١١٧دا دەبێتە (وەقار). وشەى (جەواد) لە بەیتى چوارەمدا (جەوواد) دەخوێندرێتەوە دەنا کێشى لەنگە. (هەر وەکو) هەڵەیە (وەکو) جێى خۆیەتى، ئیوە دێرى دووەمى بەیتەکە کە دەڵێ: زەرەمەى بە قنطار هەمى بەخشەو... لە لیستەى هەڵەکاندا ڕاست کراوەتەوە کە دەبێ (هەلى) یەکەم لاچێت.

لە لاپەڕە ١١٨ (بێ شەمەو) دەکرێتە (بێ شەمەوو) لەبەر کێش. فەیزى بەگ واى زانیوە (بیشمە) وەك (شاور و شێتنە) ناوى دێیە، لێزنەش لێى بێدەنگ بووە. لە ڕاستیدا تووتنى بێ تەمە نەوعێکە لە هى هەرە چاك کە بێنى خۆشە (بێ شەمە = بیهـ شەمە – خۆش بۆن..) وشەى (زۆر) لە بەیتى چوارەمدا دەبێتە (زۆرە) هەم بۆ تەواوکردنى واتا و هەم لەبەر خاترى کێش.

من (بێ شەمەو)م ڕاست کردەوە لەبەر کێش، دەبێ بڵێم ئیوە بەیتەکە بەم جۆرەیە.

بۆ تووتنەکەى بێ شەمەیى شاور و شێتنە

واتە (تووتنى بێ شەماى شاور و شێتنە).

لە میسرەعى یەکەمى بەیتى دووەمى لاپەڕە ١٢٠ (لە بازاڕى غەم و عەشقى کطلەمدا) دوو هەڵە هەیە یەکیان (عەشق) کە (عیشقە)، دووەمیان (کطلەمدا) کە کێشى شیعرەکەى شێواندووە، یا دەبێ (کطلەمدا) بخوێندرێتەوە یا دەبوو شاعیر بڵێ (عیشقى سەرمدا، دڵمدا) وشەى (کورە) دەکرێتە (کوورە)، وشەى (ماهـ) دەکرێتە (ماهـ و). میسرەعى کۆتایین وەها باشە:

فەلەك دەگرى مەلائیك دێنە ناڵین

نەك (دەگرێ، مەلائك) وەك لە کتێبەکەدا نووسراوە.

لە لاپەڕە ١٢١ (لوجەجەى زەرف) بە (زریەى قووڵ) لێك دراوەتەوە، وەك بزانم (لوجە) بەواتاى (لووزەو) دێت. لەلایەن (زەرف)ەوە ناتوانم بڕیارى لەسەر بدەم قامووسى فارسیشم لا نییە بۆى بگەڕێم. دەشێ لە (ظەرف)ەوە هاتبێت. لەلایەن

ڕێنووسەوە نموونەی تێکەڵبوونی دوو ڕێنووس لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا لەلایەن لیژنەوە نووسراوە (درگەشت). لە عەینی دەقی غەزەلەکەدا سەرلەبەری دێرە شیعرە فارسییەکە بە ڕێنووسی فارسییە. لێرەدا کوردی و فارسی تێکەڵن، دەبوو بنووسرێ (دەرگەشت) یان بە هەمان شکڵی سەرووتر ڕای گوێستبایە پەراوێز.

وشەی (کنار) لە پەراوێزدا بە (بەلاڵووك) لێك دراوەتەوە. ئەمە دەقی میسرەعەکەیە:

زاشك سرخم شد کنار ازداغ هجران لالەزار

بەپێی بۆچوونی لیژنەکە (کنار) بەلاڵووك بێت ئەمە واتای بەیتەکەیە: لە فرمێسکی سوورەوە بەلاڵووك لە داغی دووری بوومتە لالەزار. هەڵبەت ئەم واتایە لە نوکتە دەکات نەك لە شیعر. (کنار) بەواتای تەنیشت و ڕۆخ دێت وەك کە دەڵێی کەناری دەریا. بەو پێیە واتاکەی دەبێتە: (لە فرمێسکی سوورەوە تەنیشت و ڕۆخم، لە داغی دووری بوومتە لالەزار). ئەم شیعرەی مەولانا خالید بەیتێکی (کەلیمان) بە بیر دەهێنێتەوە کە دەڵێ:

شود دامەنی ئەلوەند کنارم ز گولی ئەشك

کردیم دەوا داغی فیراقی هەمە دانرا

واتە: تەنیشت ڕۆخم بوومتە دامەنی کێوی ئەلوەند بە گوڵی فرمێسکم. (بەوەدا) داغی فیراقی هەمەدانم دەرمان کرد. مەولانا خالید جارێکی دیکەش کەلیمان بە بیر دێنێتەوە کە لە بەیتی پێنجەمدا دەڵێ:

(بکرمجو)یی شد زهر چشمم روان از خون دل

عـاقـبت کـردم دوا داغ فـراق سرچـنـار

واتە یەك بەکرەجۆی خوونی دڵ لە هەر چاوێکمەوە ڕەوان بوو. ئاخری داغی دووری سەرچنارم دەرمان کرد. بەیتەکە وەها دەخوێندرێتەوە:

بەکرەجۆیی شود ز هەر چەشمم ڕەوان ئەز خوونی دل

عـاقـیـبـەت کـەردەم دەوا داغـی فـیـراقی سـەرچـنـار

لە لاپەڕە ١٢٤ ئەم سەهووە بچووکانە هەن. لە میسرەعی دووەمی بەیتی یەکەمدا (دوڕو) دەکرێتە (دوپڕو). لـە مـیسرەعـی دووەمـی بـەیـتـی دووەمدا (ڕەعیەیەت – ڕەعیییەت).

لە میسرەعی سێیەمدا کە پێشتر لە میسرەعی دووەمدا نووسرابوو (موفاجات) دەبێ لەویشدا بنووسرێ (موکافات) تەك (مکافات). لە میسرەعی چوارەمدا (دونیاو) دەبێتە (دونیاوو).

لە مەقتەعی سێیەمدا (تەفسوردەی) دەکرێتە (تەفسوردەیی). لە مەقتەعی چوارەمدا وشەی (ئەوەل) دەکرێتە (ئەووەل). لە لاپەرە ١٢٥ وشەی (لاف) بە (ئیدی) لێك دراوەتەوە. من ئەم وشەیەم بەم واتایە نەبیستووە، ناشزانم (ئیدی) غەیری واتا مەشوورەکەی هەبێ.

(لاف)یش بەواتای دەعیە و کەشوفش ڕۆیشتووە. وشەی (باقل) کە بە (وا دیارە) لێك دراوەتەوە دەبوو بە (بە عەقڵ) شەرح بدرێتەوە کە هەر خۆیەتی بووەتە (باقڵ).

لە لاپەرە ١٢٦، بەیتی چوارەم نووسراوە:

هەم هەمعینانی ئاهم و هەم ڕێکابی ئەشك

دەبێ بنووسرێ:

هەم هەمعینانی ئاهم و هەم هەمڕیکابی ئەشك. دڵنیاش نیم لەوەدا وشەی (عنان) ئایا (عهنان) یان (عەنان) دەخوێندرێتەوە.

لە بەیتی شەشەمدا (تۆی طاهیرو) دەبێ (تۆی طاهیر) بێ دەنا کێش دەشێوێ.

نیوە بەیتی دووەمی پێش کۆتایی بەیتەکان لەو لاپەڕەیەدا دەبێ بەم دەقە بگۆڕێ کە لە پەراوێزدا هاتووە «ئاوێکە پڕ لە تار و چنار و گوڵ و چنوور».

وشەی (فەوەران) لە میسرەعی هەرە دواییدا دەکرێتە (فەوران) لەبەر کێش.

[لە لاپەرە ١٢٤ بەسەر سەهوێکدا کشیم، لێرە بۆی دەچمەوە، لە مەقتەعی یەکەمی تەخمیسەکە جارێکیان (عومەر) و جارێکیان (عمر) نووسراوە. (عومر) ڕاستە. لە شەرحەکەی ماموستاش هەردوو (عومر)ن. [ل. ٢٦٧ی شەرحەکە]].

لە لاپەرە ١٢٧ وشەی (ئاوێنە) وا باش بوو بە (ئاوینە) بنووسرێت و لە شەحدا بگوترێ وشەکە هەردوو شکڵی (ئاوێنە، ئاوینە) هەڵدەگرێت چونکە سەرچنار بریتییە لە (ئاو) و دەشێ وەکو (گلێنە – مەسینە..) بە (ئاوینە – لە ئاو دروستکراو) بروات. لە هەمان کاتیشدا دەبێتە (ئاوینە) یەك شکڵی ئاسمان بداتەوە. ئنجا لێرەدا تەڵەیەکی فکری هەیە هەمووی نالی دۆستان پەیوەی بوون. لە شەرحی ماموستادا دەقی

بەیتەکەدا ھاتووە:

یا عەکسی ئاسمانە لە ئاویتەدا کەوا
ئەستێرەکانی ڕابکێشن وەك شەھابی نوور

لەگەڵ بەڵی (ئەنجوومەن) تەنیا (ڕادەکێشن) فەرقە لە نێوانیاندا. شەرحی مامۆستا ھاتووە ڕاکشانی ئەستێرەکانی ئاسمانی بە وردە بەردی ناو سەرچنار شوبھاندووە کە ئاوی ڕەوان بە سەریاندا دەکشێت وا دێنە بەرچاو بجوولێنەوە و بکشێن. ڕاستیی مەسەلەکە شتێکی یەك چار دوورە لەمە (ئەستێرە - ئەستێرەکانی) لە کوردیدا کە (ئەستێرك)یش ھاتووە بە عەنباراوی ئەوتۆ دەڵێن بۆ مەبەستی پتر سوود لێ وەرگرتنی، لەو حەوزە ھەڵنراوە کۆمەڵ دەکەن تاکو کاتێك کونی مەجراکەی کرایەوە بە غورەدەم بڕوات و بگاتە شیناوورد، ئنجا نالی دەڵێ ئەو ئاوە ڕاوەستاوانەی لە سەرچنار پەیدا دەبن ھەریەکەیان (ئەستێرە)یەکە و بە شریتە وەك (شیھابی نوور) ڕادەکشێن. (ئەستێرەکانی) بە بەریەوە ھەیە بێتە دوو وشەی سەربەخۆ (ئەستێرە - کانی) واتە ئەستێرە و کانی ڕادەکشێن وکو شیھاب «ئەستێرە، کانی ڕادەکشێن وەك شیھابی نوور). وشەی (ئەستێرە، ئەستێرك) لە فارسیدا (استخر) و لە زمانە ڕۆژاواییەکاندا (Cistern سیستەرن) ھاتووە کە ھەمووری یەك ڕیشەن. مەرحووم مامۆستا سەجادیش لە شەرحی ئەم بەیتەدا ھەر بەواتای ئەستێرەی ئاسمان بۆ (ئەستێرەکانی) چووە.

لە ئاست بەیتی سێیەمی لاپەڕە ۱۲۷ کە دەڵێ:

دەموت دوو چای خۆمە ئەگەر بەکرەجۆیی ئەشك
ئەبوایە تیژ و بێ تەمەر و گەرم و سوێر و سوور

پێویستە نیگای خوێنەر بۆ شەرحی بەیتەکە لە (دیوانی نالی) مامۆستای بیارەیی بیەمەوە کە زۆر ئوستادانە گوتوویەتی وشەی بەکرەجۆ لەم بەیتەدا (متنازع فیە)یە، ھەم بۆ فرمێسکی چاو و ھەم بۆ جۆگەی بەکرەجۆ دەچێتەوە واتاکەشی بەم جۆرە دەبێ: ئەگەر بەکرەجۆی فرمێسکم تیژ و بێ ئەمەر و ئەگەر سوێر و سوور ئەبوایە دەمگوت جۆگەی بەکرەجۆیە.

ئەم (تنازع)ە خزمی ئەو لێکدانەوەیە کە من لە ئاست (گوڵ و گوڵچیھرە)دا کردم بەڵام لەوێدا (گوڵ) کە (متنازع فیە)یە دوو جاران ناوی ھاتووە، یەکیان بەشێوەی سەربەخۆ (گوڵ) دەچێتەوە بۆ (بەتەن جۆی) کە لەگەڵ کچە جوانەکانی ئەو دەشتە

تێکەڵ بوون. دووەمیان لە تەرکیبی (گوڵچیهرە)دا گوڵەکە دەچێتەوە بۆ (یەکڕەنگ و موتتەحید بە دڵ). لەفزی (گوڵچیهرە) خۆیشی تێکەڵبوونەکە تەئکید دەکاتەوە ئنجا بەوەدا (تـەنـازع)ێکی دووەم بۆ (تێکەڵ)بوونەکە پەیدا دەبێت کە جارێکیان گوڵ و کچەکان بە لەشی جوداوە تێکەڵن و جارێکیش لە وشەی (گوڵچیهرە)دا تێکەڵی لەش و لەشیش پەیدایە. بەو پێیە دووبارەبوونەوەی ناوی گوڵ واتای بە زیادەوەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

لە لاپەڕەکەدا وشەی (حەتا)ی ئەنجوومەن و (هەتا)ی شەرحی مامۆستا بیارەیی دەبێ (حەتتا، هەتتا) بخوێندرێتەوە بۆ خاتری کێش. لە دەستنووسدا دیتوومە (هەرتا) نووسراوە.

لە بەیتی دواتردا، میسرەعی دووەمی بەیتی پێنجەم، وشەی (کاکۆڵ) کێشی شیعری تەنبەڵ کردووە دەبێ (کاکۆڵ) بنووسرێت و بخوێندرێتەوە.

لە میسرەعی دووەمی بەیتی دووەمی لاپەڕە ۱۲۸ (تەفرەقەیی شۆرش و نشوور) دەبێ (تـەفـرەقـەیی شۆڕشی نشوور) واتە بڵاوەلێکردن و تێکهاوێشتنی ڕۆژی زیندووبوونەوەی قیامەت.

لـە بـەیـتـی پێش کۆتـایـیی ئەو لاپەڕەیەدا (مونەوەرە) دەکرێتە (مونەووەرە) لە میسرەعی هەرە پایین (صوفیی) دەکرێتە (صوفییی). دەشبوو بڵێم لەلایەن زمانەوە (تفرقە)ی عەرەبیی (تەفریقەیە) نەک (تەفرەقە) وەک (تزکیة، ترویة، تهویة، تنشئة..)

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ۱۲۹ (دیدەیی) دەکرێتە (دیدەی). لە پاش ئەم بەیتە وشەی (سەبزەی) دەکرێتە (سەبزەیی)، لە بەیتی چوارەمدا (یاری تێدایە) بەیتەکەی تەنبەڵ کردووە دەبێ (یاری تیایە) بنووسرێت. لە دوای ئەمە (توخوا)ی پەراوێز ڕاستە نەک (توخودا) مەگەر بخوێندرێتەوە (تو‌خدا). لە بەیتی حەفتەمدا (خیلال) بەلیفترە لە (هیلال) چونکە خیلال جەمعی (خلٌ) و بەو پووشکە و دارۆچکەیە دەڵێن ددانی پێ خاوێن دەکرێتەوە، ئەمەیش مەعنای بەیتەکەیە کە دەڵێ:

زارم وەکو خیلال و ئەحیفم [یاخود: ضەعیفم] وەکو خەیاڵ

ئـایـا دەکـەوەمـە زار و بـە دڵـدا دەکـەم خـوطـور؟

دەبینین (خلال) دەکەوێتە زار و خەیاڵیش بە دڵدا خوطور دەکات.

وشەی (ئەحیفم، نحیفم) وا بووە (سخیفم) نووسراوە، ئەویش هەر مناسبە.

بەیتی دوایینی شیعرەکە لە لاپەڕە ١٣٠دا (ئەی داری سەنگدل) هەرچەند جوانە لەلایەن جووتە واتای (درەخت و خانوو)ەوە بەڵام چونکە نامەیە و بۆ سالم چووە (ئەی یاری سەنگدل) جێی خۆیەتی. لیژنە دژی ڕایەکەی هەوڵێن خۆی (دار)ی پەسند کردووە نەك (یار) کە لە شەرحی مامۆستا بیارەییشدا (یار) هاتووە.

وشەی (شانە زەن)ی ئەنجوومەن لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٣١دا نادروستە (وەی شانەزەن)ی پەراوێز (٣) راستە. لە بەیتی سێیەمدا (غونچەی دەمی) نالەبارە (غونچە دەمی) ڕاستە.

کەی دێتە هەندە غونچە دەمی بێ وەزیدەنت

بەیتی چوارەمی ئەم لاپەڕەیە کە ئەمە دەقیەتی:

ئیحیا کونی جەمیعی ئەباتاتی عالەمی
ڕەعناکەشی لە تەربییەتی قامەتت شەجەر

نا ئەم بەیتە بەم دەقەیەوە غەڵەتە. لیژنەش هەر ئەوەندەی کردووە کە پەراوێزی ژمارە پێنجی هێناوە لە ئاست (ڕەعناکەشی) گوتوویەتی (ڕەعنا گوشا) لە شەرحی مامۆستای بیارەییدا هاتووە. دەبوو ئەوەندەی هەر تێدا بڵێ ناشێ (قامەتت) ڕاست بێ چونکە ڕووی قسە لە بای سەحەرە کە ئەوی نەبێت قامەتە. دەقی ئەم بەیتە لە کتێبی [دوو چامەکەی نالی و سالم]ی مامۆستا سەجادی بەم جۆرەیە:

ئیحیا کونی جەمیعی ئەباتاتی عالەمی
ڕەعنا گوشا لە تەربییەتت قامەتی شەجەر

بێگومان ئەمەیان بێ عەیبە هەرچەند ناتوانم بڵێم بێ گۆڕان لە سالمەوە پێمان گەیشتووە.

لە شەرحەکەی مامۆستای بیارەییشدا ئەم دەقە هاتووە. من پێی ڕازیم. بەیتی شەشەم لە کتێبەکەدا نووسراوە:

هیممەت کە کە چاپووکان، بە ئیجرایی مەطلەبم
لێرە بڕۆ وەکو، کە لەوێ هاتی وەك تەتەر

لە لیستەی هەڵەکان ئیشارەت دراوە بۆ ئەوەی (کە چاپووکان) هەڵەیە (چابووکان) ڕاستە بەڵام نازانین بۆچی چاپووکانەی گۆڕیوە بە چابووکان. ئەمە زۆر سەیر نییە

بەلام لە پەراوێزدا دەڵێ نیوەی دووەمی بەیتەکە لە [دوو چامەکەی مامۆستا عەلائەدینەدا] بەم شکڵەیە:

«لەم سەر بڕۆ وەکو بەرید و لەوێ بێ وەکو تەتەر» دەبوو هەر ئەبایە بڵێ (لەوێ بێ) هەڵەیە چونکە قسە لەگەڵ کەسی دووەمدایە نەک کەسی سێیەم. لەمانە بترازێین دەگەینە غەڵەتە زلەکەی کە هەر باسی نەهاتووە بیریشی لێ نەکراوەتەوە:

ئەم دەقەی نیوە بەیتی کە لە [دوو چامەکەی مامۆستا سەجادی] هاتووە لە جیاتی ١٤ بڕگە گەیشتووە بە ١٦ بڕگە. ڕاستیی نیوە بەیتەکە ئەمەیە:

لەم سەر وەکو بەرید و لەوێ بە وەکو تەتەر

کە دەڵێم (لەوێ بە – نەک لەوێ بێ) لەو ڕوەوە، سەرەتای بەیتەکە (هیممەت کە) بە ئەمری سەریح نەک ناسەریح هاتووە لەبەر ئەمە پێویستە ئەمری بەیتی دووەمیش هەر سەریح بێ. ئەگەر لە سەرەتاوە (هیممەت کەی) کە ئەمری ناسەریحە هاتبایە دەشیا و دەبوو لە کۆتایی بەیتەکەدا (لەوێ بێ) بێت. دیققەت بفەرموون ئێمە دەڵێین: (دەبێ لەوێ بێ) چونکە ئەمرەکە ناسەریحە. هەرگیز ناشێ بڵێین (دەبێ لەوێ بە) چونکە ئەم دەقە بڕیەی تێدایە هەڵناگرێ زەمینی بۆ ساز درێ بەعیبارەتی وەکو: (دەبێ، پێویستە، وا چاکە مەصلەحەتە... هتاد)

ئەم سیفەتەی (ناصەریح) وەهای کردووە دەقەکەی بۆ مەرجیش دەست بدات وەک کە دەڵێین:

(ئەگەر لەوێ بێ دێمە لات) ئەم سروشتەی ئەمر لێ ناگەڕێ بە ڕێژەی سەریح بۆ غەیری کەسی دووەمی تاک و کۆ بەکار بێت. باسەکە پتری بە دەمەوەیە لێی کورت دەکەمەوە.

چامەکەی نالی و سالم لە ئەنجوومەندا چەندین بەیتیان کەمترە لەو دەقەیان کە لە شەرحی مامۆستای بیارەییدا هەیە. پاش ئەم دوو چامەیە دەگەینە (شەکوا حاڵ)، (عارف). پێی ناوێ من حەریکی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی بم چونکە لە لاپەڕەکانی ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧ی کتێبی ئەنجوومەن، لێژنە دەقی هەڵبەستەکەی لە کتێبی (لە خەوما)وە ڕاگوێستووە و زۆربەی هەرە زۆری هەڵەکان لەو دەقەدا ڕاست کراوەتەوە.

لە لاپەڕە ١٤٢ وشەی (موتەتەصەف)ی سەرەتای بەیتی دووەم (موتتەصیف)ە. (موشەڕەف)یش (موشەڕیف)ە (تەجەلا)یش (تەجەڵلا)یە کە ڕاستییەکەشی

(ئەجەللی)یە بەڵام گەلێك وشەی دیكەی وەك (تەوەڵلا، تەمەننا، تەسەللا..) خۆی لە ئەدەبی كوردی جێگیر كردووە

لە لاپەرە ١٤٦ بەیتی دووەمی لاپەرەكە كە دەڵێ:

ئەحوەلی تەفرەقی نەظەر تەقویەتی سەبەب دەكا

عاریفی حیكمەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەكا

دەبێ (حیكمەت ئاشنا)ی تێدا بكرێتە (وەحدەت ئاشنا) چونكە یەك بە دوو دیتنی خێل (ئەحوەل) بەتاڵ بكرێتەوە دەبێ (وەحدەت ئاشنا)ی لێ ڕاست بكەیتەوە لە جێلی پێش خۆمم بیستووە [وابزانم لە ساڵی ١٩٣٧ ڕەفیق ئەفەندی خادم السجادە، لە باداوەی مەلا ئەفەندی، بۆی گێڕامەوە] كە موفتی زەهاوی گوتوومتی مەبەسی نالی لەم ئەحوەلی تەفرەقە نەظەرە من (واتە: موفتی) بووم.

بەیتی دووەم لە ئەنجوومەندا كە ئەمە دەقیەتی:

سەهم و ئەصیبی ئەصلییە بەختی گیاه و گوڵ نییە

تووتنە خەرجی سووتنە مۆدنە ماچی لەب دەكا

لە دیوانی نالی، شەرحی مامۆستادا، میسرەعی بەیتەكە وەها هاتووە

سەهم و نەصیبی ئەصلییە بەختی گیاه و گڵ نییە

هەڵبەت (گڵ) ڕاستە نەك (گوڵ) چونكە تووتن گیایە و مۆدنە گڵە نەك گوڵە. لە خوا لێخۆشبووی، شێخ ئەجمەدینی شێخ كەریمی بەرزنجی، كە خاڵی مامم و پیاوێكی موسڵمان و ئەدیب و خاوەن تەكیە بوو لە كۆڕێ ئەم بەیتەی دەخوێندەوە بەسۆز و كڵپەی دەروونەوە تا ڕادەی گەرمهاتن، دەیگوت:

سەهم و نەصیبی ئەصلییە بەختی گیاه و گڵ نییە

من ئەمەیان كارم تێ دەكات.

لە لاپەرە ١٤٧دا (لە شكەنجەی شكەنجی زوڵفی) هەڵەیە ڕاستەكەی (لە ئەشكەنجەی شكەنجی زوڵفی)یە.

بەلای منەوە بەیتی پێنجەمی ئەو لاپەرەیە كە دەڵێ:

فیدای ئەشریفی ڕێگەت بێ خەراجات و خەزینەی دڵ

نیثاری خاكی بەرێیت بێ لە چاوما قەطرەیێ مابێ

لە شەرحی مامۆستاشدا مصرەعی دووەمی ئەمەیە:

نیثاری تۆزی پێت بێ گەر لە چاودا قەطرەیێ مابێ

هەردوویان شێواوییان تێدایە. مصرەعی دووەمی بەیتەکە دەبێ وەها بێ:

نیثاری خاکی بەرپێت بێ لە چاوا قەطرەیێ مابێ

لە میسرەعی یەکەم گوتی (خەزێنەی دڵ) نەک (دڵم). زەوق وەها دەهێنێ (چاو)یش بەبێ نیزافە بۆ ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک بە ڕەهایی بمێنێتەوە و نەکرێتە (چاوما). لەلایەکی دیکەشەوە بێگومان نالی نووسیوەتی (خراجات و خزینەی دڵ)، لەفزی (خراجات) دەشێ (خوراجات) بخوێندرێتەوە لە (خوڕاج)ەوە دێت کە لە ناکامی برین و هەڵئێشانی دڵ پەیدا دەبێ، (خزینە)ش دەلالەتی خەزنەکردنی برینی پێوەیە. شەرحەکەی مامۆستا بۆ ئەم لایەنە عیشق و خۆشەویستی داناوە بە خەراجات و خەزێنەی دڵ حەقیقیشیەتی بەلام نەک لە پشتگوێخستنی خوراج و خەزنەکردنی شەرحەکەی مامۆستا بۆ ئەوە چووە کە (لە چاودا قەطرەیێ مابێ- بەیتی دەقی پەسندکراو لەلایەن خۆیەوە) ئەو (مابێ)یە دەکرێ بە (مابێ - ماە بێ) واتە (ناو بێ) لێک بدرێتەوە باشیشی بۆ چووە.

بەیتی کۆتایی ئەم لاپەڕەیە کە نووسراوە:

لە دووریی تۆیە ئەی خورشیدی پرتەویەخشی شەوگەردان

کە (نالی) وا لە حالاتی محاقی ماهی شەودایە

وشەی (دووریی) تێیدا هەڵەیە و واتای مەبەستی بنەڕەتیی بەیتەکەی کوشتووە، دەبێ (لە دەوری تۆیە) بێت، چونکە مانگ بەدەوری ڕۆژەوە دەکەوێتە محاق هەتا لێی دوور بێ بەرەو (بەدر) دەڕوات. من ئەم مەعنایەم لە کتێبی (چەپکێک لە گوڵزاری نالی)دا بەدرێژی شی کردووەتەوە، لە شەرحەکەی مامۆستاشدا [پەراوێزی لاپەڕە ٥٦١] نیشارەتی بۆ کراوە بەلام شەرحەکە خۆی هەر لەسەر ڕەچەی کۆنینەی واتا لێدەرەوان دەڕوات کە گۆیا نالی لە (دووری) یاردا وەک هیلالی محاقی مانگی نوێی لێ هاتووە، هەرچەند لەلایەکی دیکەوە دەشڵێ ئەم واتایەی (دەور) لەگەڵ وردەکاریی نالی پتر بەڕێدا دەچێ ئەمما.. هتد

من لە بینینی خۆمەوە و لە زەروورەتی ڕاگەیاندنی بەیتەکانی ئەم غەزەلە هەر ئەوەم لە بەردەستدایە کە بڵێم غەزەلەکە تەجرەبەیەکی عەمەلیی دەمی گەنجایەتیی نالییە کە بە شەو پارێزی بۆ سەر خەوگەی یاری بردووە تا (هەناسەم زوڵفەکەی لادا...)

بەیتەکان هاواریانە، نالی وەسفی یاریکی پەری چیهرەی خەو لێکەوتووی تەنیشت خۆی دەکات. تۆ سەیری لە سیاقی بەیتەکاندا کە جاریکیان لە واتای محاقەوە و جاریکیان لە لاچوونی زوڵف بە هەناسە و جاریکیان (لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ فەنا، فی نووری نیمانە، مطڵین ظولمەت خرابە ومصلی پەروانە لە شەودابە) چەند ئاشکرایە قسیدەکە (وحدە)ی هەیە!. لە شەرحی مامۆستادا ئەم (یەکیەتی - وحدە)ی قسیدە بەومەندە ئینکار دەکات کە کەس بە مەرجی نەگرتووە. بەڵێ بە مەرج نەگیراوە، بەڵام کەسیش نەبوونی یەکیەتیی قسیدەی بە مەرج نەگرتووە. دیوانی نالی بەشێکی بەرچاوی (وحدەی موضوع)ی تێدایە وحدەیێکی کە شیعری کلاسیکیی ئەوان سەردەمانە بە شێوازی کات و شوێن بەخۆیەوە گرتووە. هەموو موناجاتەکانی ڕێی حەج، ئەی ساکینی ریاضی مەدینە، ئەحوەلی تەفرەق نەظەر، بەهارییەکانی، ئەمردم من ئەگەر ئەم جارە، ماتەم وەکو زولفیەین سیەهـ، ئەم تاقمە مومتازە، تا فەلەك دەورەی ئەدا، قوربانی تۆزی ڕێگەتم، جەنانی وەك جینان کردم بە ماوا... و هی دیکەش یەکیەتیی بابەت و دارشتنیان تێدایە. خۆ لە مەسەلەی «مەستوورە»دا نەك وحدەیەك بگرە دە وەحدەشی تێدا کۆ بووەتەوە.

لە لاپەڕە ١٤٨ (نامی) غەدرێکی گەورەی لە خۆی کردووە دەڵێ:

ئەو بەیاضەی لای ملت شەعری سیاهی بێتە سەر

چ دەبوو بیگوتبایە: «ئەو بەیاضەی گەردەنت». بە ڕاستی (لای ملت) کۆڵەمستێکە شەویلەی بەیتەکەی خوار کردووە.

لە بەردەوامەنی لاپەڕە ١٤٩دا وشەی (زەمزەمە) لە بەیتی حەسەن کەنۆش هاتووە لە پەراوێزدا بە (مزەمزی گۆرانی) واتای لێ دراوەتەوە، شاعیرێکی کۆنی عەرەب لەبارەی ناونانی بیرە مەشوورەکەی (مەککە) بە زەمزەم ئەم بەیتەی گرتووە:

زمزمت الفرس على زمزم

و ذاك في سالفها الأقدم

گۆیا عادەتی زەردەشتییان ئەوەیە لە دەمی نانخواردندا ورده دوعا دەخوێنن وەك مزەمز دێتە بەرگوێ، ئنجا فارسەکان زەمانێك حوکم فەرمای یەمەن و ئەو ناوە بوون ڕێگەیان کەوتووەتە مەککە و زەمزەمزیان لەسەر ئەم بیرە مەشووره کردووە، لەوەوە ناوی (زەمزەم) پەیدا بووە. بێگومان قسەکە ئەفسانەیە وەك هەزاراتی دیکە.

لە جیاتی میسرەعی دووەمی بەیتی یەکەمی لاپەڕە ١٥٠ کە دەڵێ:

ئەتۆ زەمم دەکەی مەدحت دەکەم من
جەزای قەولی درۆ با هەر درۆ بێ

لە دەستخەتاندا بیتوومە نووسراوە:

موکافاتی درۆ با هەر درۆ بێ

لە سەرەتای بەیتی سێیەم (بێ زەخم) نوختەیەکی کەمە دەبێ (بێ زەخم) بنووسرێت. زەخم فارسییە بەواتای (برین)ە لە (زام)ی هەندێ لەهجەی کوردی نزیکە.

چی لە لاپەڕە (١٥١ ، ١٥٢) لەسەر (سۆنێت) نووسراوە ، دواتریش لە لیستەی هەڵەکاندا جارێکیان ڕستەیەکی دوور و درێژمان بۆ دەخاتە نێوان دێری (١٨، ١٩)ی لاپەڕە (١٥١) و جارێکیشیان دوو دێری (١٠، ١١)ی لاپەڕە (١٥٢)مان بێ دەگۆڕێ بە دوو دێری لەوان جودا، تا ئەم تێکەڵ پێکەڵییە و ڕێنموونییەکی لە شەرحدا بۆی کردووین کە بەسەر هیچ قاعیدەیەکەوە ناوەستێت ئەوە ئەبێ کە قافیەی میسرەعی ئەم سۆنێتانە لە هەر چوارینەیەکیدا قافیەی میسرەعی یەکەم و سێیەمی هاوچوونن هەروەهاش قافیەی دووەم و چوارەمی، لەوە بەولاوە چ نرخێکی تایبەت لەو جۆرە هەڵبەستەدا خۆی نانوێنێت. گۆیا (شێخ نووری و گۆران لە ئەدەبیاتی عوسمانی نوێوە هۆنراوەی کوردییان پێ تازە کردووەتەوە) کەچی نموونەی شیعری مەلای جەزیریمان بۆ دەهێنێتەوە کە لە بابەتی سۆنێتن، مەلای جەزیریش لەو لاپەڕەیەی ١٥٢دا ساڵی مەرگی هاتووە، بەر لە ١٥٢ ساڵ وەفاتی فەرمووە کە دەچێتە پێش شەکسپیر، بێگومان مەلای جەزیریش چ ئاگای لە شیعری ڕۆژاوا ئەو سەردەمە نەبووە لە شەرحدا – لاپەڕە ١٥١ – دەڵێ: (جۆری قافیەی شەکسپیر لە سۆنێتەکانیا بەم جۆرەیە: أب أب ح‌ە ح‌ە هو هو ح ح). گۆیا سۆنێتەکان (دابەش کراون بەسەر سێ چوارینەدا. کە لە هەر یەکەیانا قافیەی یەکەم و سێیەم، دووەم و چوارەم وەك یەکن، کۆتاییەکەی دوو دێری یەك قافیەییە). جارێ با بپرسم ئایا هیچ دەنگێك نەبوو دەنگی (ج) نەبێ لە نموونەی شیعری شەکسپیر ڕوونکەرەوە بێت کە دەزانین ئەم دەنگە لەو زمانانەی ناویان لەو دوو لاپەڕەیەدا هاتووە هەر پەیدا نییە؟ ئنجا بۆ بێ تاڵعی چوار جارانیش لەو نموونەیەدا دووپات بووەتەوە؟ بۆچی لەو ناوە (هو هو) دوو دەنگی وشەکەی بەیەکەوە نووساون خۆ دەکرا (ح ح)یش بەیەکەوە بنووسێن. ئنجا کە لە سەرووی شەرحەکەوە دەڵێ:

(لە ڕووی کێشەوە ئیتالی یازدە بڕگەیە، فەرەنسی دوازدە، ئینگلیزی دە ..) لەوەوە دەربەکەوێ کە تەنها جوداکەرەوەیەک هەبێ سۆنێت هەڵاوێرێ لە شیعری دیکە هەر ئەوەیە لە هەر چوارینەیەکیدا میسرەعی تاک ئەژماری وەکو یەکن و هی جووت ئەژماریشی وەکو یەکن، لەمەشدا شتێک نادیترێت هۆی دەمەبەستەکەی خوێنەر بێت چونکە چەندین جۆری ڕازاوەی قافیەداریی هەیە چ قیاسی لە سۆنێت ناگرێ. یەکیان لە قەسیدەیەکی – وابزانم – صفی الحلی زەمانی عەبباسییەکان بریتییە لە چەندین مقتەعی پێنج میسرەعی: سێی بەرایییان هاوقافیەن و دووی پاییەنیان هەریەکە قافیەکی تایبەت بە خۆی هەیە ئەمەش نموونەیەتی

ما لعيني عشيتْ بالنظر
أنكرت بعدك ضوء القمر
واذا ما شئت فاسمع خبري
عشيت عيناي من طول البكا
وبكى بعضي على بعضي معي

ئەم دوو قافیەی کۆتایی لە هەموو مقتەعەکاندا دێتەوە وەك:

جذب الزقُ اليه و اتكا
و سقاني أربعا في أربع

بڕە شیعرەکەی گۆران لە لاپەڕە ۱۵۱دا قەرزداری ئەوە نییە لەسەر دەستووری سۆنات ڕۆیشتووە ، بەڵکو وێڕای خەیاڵی بەرز و داڕشتنی هونەرەکانە سوودی زۆری لە هەڵبەزەی تەفعیلەکانی ناو بەیتەکان وەرگرتووە کە ۱۱ بڕگەیین [جگە لە نیوە دێڕی سەرەتاکەی کە ۱۲ بڕگەییە ئەم بەحرەش وەکو هێندێکی دیکە هەڵدەگرێ بەیتەکانی ژمارەیان بەپێی تەفعیلەکان کەم و زۆر بن، تەنانەت میسرەعی سێیەم لەلایەن وەزنەوە هەڵدەگرێ لە جیاتی (ناهێ) بە وشەی (نارەزۆ) کۆتاییی بێت. بەیتەکانی (النهر المتجمد)ی میخائیل نەعیمە هەڵدەگرن ۲۰ بڕگەیی و ۱٦ بڕگەییش بن. نیوە بەیتی یەکەمی بەهارییەکەی حاجی قادر ۱۵ بڕگەیی و نیوەی دووەمی ۱٤ بڕگەییە. ئەگەر (خودا)کەی کۆتاییی نیوە بەیتی یەکەم بکەیتە (خوا) دەبێتە ۱٤ بڕگەیی و کێشیشی دروستە] بەلام ۱۱ بڕگەیی بە هەڵبەزە نەك ۱۱ بڕگەیی وەك:

ئەمردم من ئەگەر ئەم جارە بۆ تۆ

هەڵبەزەی ناو بەیتەکانی گۆران بە جۆرێکی زێدە بەرچاو لە قەسیدەی (نالی)دا دەبینی کە دەڵێ:

برق البصر لەبەر بەرق و تەلەئلوئی لە نالی

ئەم میسرەعە و هەموو غەزەلەکە دەبێ بە تەقتیعەوە بخوێندرێنەوە بەم جۆرە:

بـرق الـبـصر لـە بـەرق و تـەلـەئـلـوئـی لـە نـالـی
خسف الـقـمـر لـە ئیشراقـی قـیـامـەتـی جـەمـالـی
روحی تو گوڵێکە صەد بەرگ و هەزاری عاشق ئەمما
لـە هـەمـوو چـەمـەن دیـارە بـە ئـوصـولـی نـاڵـە نـالـی

ئەم شێوازەی سۆنات کە هیچ فەزلێکی زیادی بەسەر بەحرەکان و شێوازەکانی دیکەدا نییە، دەدرێتەوە بە دەسەلاتی شاعیر، خۆ هەرچی کاری دنیا هەیە بگرە لە ناڵبەندی و حەرەکرسییەوە هەتا دەگاتە ئاسمانگەردی هەمووی بەندە بە مەهارەتی ئەوانەی تێیدا خەریکن. لەلایەن بوون و نەبوونی لە کوردیدا دیتمان مەلای جەزیری چەندین سەدەیە لەم شێوازەی هۆنیوەتەوە. نموونەکەی مەولەوی خۆی بەڵگەیە لەسەر هەبوونی چونکە بێگومان مەولەوی ئاگای لە شیعری ئیتالیا و فرەنسە و بریتانیا نییە.

لەلایەن رێزمانەوە تێبینییەکم هەیە لە سێ وشەی دێری حەفتەم و هەشتەمی لاپەرە ۱٥١ کە نووسراوە (ئیتالی، فەرەنسی، ئینگلیزی). لەلایەن (ئیتالی)یەوە: میللەتی ئیتالیا ناوێکی تایبەتییان بۆ خۆیان نییە وەك عەرەب، کورد، تورك، ئەڵمان.... هەیەتی، لە بۆیە دەبێ (ی)ی نیسبەت بخرێتە دوای ناوی وڵاتیانەوە تاکو میللەتەکە بگرێتەوە کە بڵێین (ئیتالی) وامان ڕانواندووە کە وڵاتەکە (ئیتال)ە نەك (ئیتالیا) . بە قیاسکردن دەڵێم ئەگەر (ئیتالی) ڕاست بێ، کە ڕاست نییە، پێویستە قبووڵ بکرێ بەخەڵکی (بەغدا) بگوترێ (بەغدی) نەك (بەغدایی) .

جا ئەگەر (بەغدایی) پەسند بکەین کە ڕاست و دروستە دەبێ بڵێین (ئیتالیایی). عەرەب حەقیەتی بڵێ (ایطالی) چونکە بە خەڵکی (بصرە)ش دەڵێ (بصری)... (قاهرە - قاهری). دیارە (ئیتالی) ڕاستەوخۆ لە عەرەبییەوە بۆ سەر زیهن و زمانی نووسەر و ئاخێوەری کورد بازی داوە.

لەلایەن (فەرەنسی)یەوە: میللەتی (فەرەنسە فەرەنسا) پێیان دەڵێن (فەرەنگ) ئیتر

شەخسی ولاتی فەرەنسا دەشێ پێی بگوترێ (کابرا فەرەنگە) وەك کە دەڵێی (کابرا کوردە، تورکە، ئەڵمانە..) کە نیسبەت وەلای ناوی میللەت وە یا عەشیرەت درا و گوترا (کوردی، بلباسی، عەرەبی..) وشەکان بۆ زمان و نەریت و پۆشاك و خۆراك.. هتد دەچنەوە.

دەبێ بڵێین زمانی (فەرەنگی)، کە لە فەرەنساوە بۆ دانیشتووی فەرەنسا بڕۆین دەبێ بڵێین. (فەرەنسایی) نەك (فەرەنسی)، لە فەرەنسەوە (فەرەنسەیی) دێت، (فەرەنسی) لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، بێ لزووم، هاتووە. ئینگلیزی بەواتای زمان و نەریت و داب و خۆراك... جێی خۆیەتی چونکە میللەتەکە ئینگلیزە.

لە پەراوێزی لاپەڕە ١٥٢، میسرەعی دووەمی چوارینەکەی پێش چوارینی هەرە دوایی برگەیەکی کەمە. دیارە (جاما دل) دەبێ (جاما لە دل) بێ چونکە قافیە و ڕەویەی دوو میسرەعەکەی یەکەم و سێیەم (بێ حالە دل- نالە دل) هاتوون. بەمەشدا دەردەکەوێ کە ئەم مەقتەعە لە چەشنی سۆنێت نییە. لە مەقتەعی یەکەمیشدا (نەی شەکرا گەردن ژعاج) دەبێ (نەی شەککەرا..) بنووسرێت و بخوێندرێتەوە دەنا کێشی تەنبەڵ و ناقوولا دەردەچێت.

لە لاپەڕە ١٥٥ وشەی (ناکین) بە (پەر) لێك دراوەتەوە ڕاستتر ئەوەیە بگوترێ (ناخن)ی کوردی هاوواتا و هاوڕیشەیەتی. وشەی (نیگارین)یش ناشێ (جوانانە، یارانە) بێت چونکی وشەکە ناوەڵناوە ئەم دوو وشەیەش ناوەڵکارن. دەبێ بە (نەخشین، جوان) لێك بدرێتەوە. سەرنج بگرە (نغز و دوشیزە)ش هەردوویان ناوەڵناون. لە کوردیدا دەگوترێ (پیاوانە هاتە پێش، دزانە بۆی دەرچوو، دۆستانە دوا..) لە شیعری نالیدا (... برو بازانە نازانە) هاتوون. حاجی قادر (... نازانە دەستی کردەوە)ی بەکار هێناوە. دەشێ بگوترێ (خۆراکی کوردان، شایی دزەییانە..) و هی ئەوتۆیی چونکە لە وشەکاندا واتای کار (فعل) هەیە. ناگوترێ (بەردی شێتانە، شاخی بڵندانە، ترێی ترسنۆکانە یان شەرنانە ترشانە...) چونکە واتای کار لە بەهێندا نییە.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕ ١٥٦ (تا ضرب المثل همی گویند) لەنگەر دەبێ (تا بە ضرب المثل) بگوترێت.

میسرەعی دووەمی بەیتی سێهەم لە لاپەڕە ١٥٨ کە دەخوێندرێتەوە:

چەند باشەم ژ دوریی تو غەمگین

کێشەکەی تەنبەڵ و عەیبدارە یا دەبێ بگوترێ (ز دووریی تو غەمین) یان (ز دوورییەت غەمگین).

لێرەدا دەست لە ئەنجوومەنی ئەدیبان هەڵدەگرم مەگەر تێبینی ئەبێ کە بڵێم فەیزی بەگ بەو شۆرەتی عیلم و ئەدەبیەوە چۆن ڕازی بووە لەو هەموو لەنگ و لۆرییەی کە لە دەقی نموونە بژاردەکانی شوعەرای کورد وا لە چاوان دەچەقن، بێ ئەوەی ڕاستیان بکاتەوە وەیا هەر نەبێ پەنجەیەکیان بۆ درێژ بکات یان بزرە تەنوێلەکیان بۆ بهێنێتەوە، ڕەنگبوونی لیژنەش لەو هەموو هەڵەیە و هی خۆکردیش ساکەمە عوزر بۆ فەیزی بەگ چونکە هەڵەی کەس بە هی غەیر داناپۆشرێت. ئەندامانی لیژنەش تاکێکیان لەوانە نین خۆی بۆ شیعر ئەرخان کردبێت.

من کە ئەمە دەڵێم لەبارەی فەیزی بەگەوە وەها دادەنێم ناوەرۆکی کتێبەکەی هەر ئەوەیە کە بەمنیە گەیشتووە تەك لە نووسینەوەدا هەڵەی تێ کەوتووە هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت ئەمین فەیزی بەگ.

خوێنەری بەڕێز چاوپۆشیم لە بەشێکی بەرچاوی هەڵەکان کرد لە ترسی زێدە درێژخایێنی. ئەم چەند هەڵەیە نموونەی هی دیکەن کە لێیان تێ پەڕیومە:

لە لاپەڕە ۱۱۰ ، بەیتی دووەم – لە میسرەعی دووەمدا کە نووسراوە: پڕ بە دەم ببیچڕێ هەروەك سەگی هەورامانی، دەبێ و وشەی (هەر) لە (هەروەك)دا بسڕێتەوە دەنا کێشی لەنگ دەبێ و لە شیعر دەشۆرێ.

لە لاپەڕە ۱۱۲بەیتی دوابینی غەزەلەکە کە دەڵێ:

هەر کەسێ عەبد و موریدی مورشیدێکە سا ئەمن

هەروەکو (هیجری) موریـد و جانفیدای هاوناوی تۆم

مەبەس لە (هاوناو)ی پاپینی بەیتەکە (عبدالقادری گەیلانییە) کە هاوناوە لەگەڵ ئەو (قادر – قادراغا)یەی کە (هیجری – کوردی) عاشقە جەمالی بووە

دوایین بەیتی لاپەڕە ۱۱۳ (ئەرخەشمە و گەر لوطفە بە هیجری نەظەرێ کە) بەم شکڵەیەوە لەنگە یا دەبێ (ئەرخەشمە و وگەر لوطفە) بنووسرێت و بخوێندرێتەوە یان (ئەرخەشمەوە گەر...)

لە بەیتی شەشەمی لاپەڕە ۱۱۷ وشەی (دورو..) بکرێتەوە (دووڕو..) لەبەر کێش کە

راستیی وشەکەش هەر (دوور)ە

لە لاپەڕە ۱۲۳ میسرەعی دووەمی تەخمیسەکەی سالم بەسەر شیعری مەولانا خالیدەوە کە دەڵێ:

بێ قەرار و ئیضطیرا بە ساڵ و مەهـ قانونی دڵ

ئەگەر دەقاودەقی وەرگێڕین لە عەرەبییەوە بۆ کوردی ئەوسا (بێ قەرار و ئیضطیراب) دەبێتە (بێ قەرار و بێ شێواوی) کە دژ بەیەکترن. تومەز هەندێ وشە بەکار دێن بێ وردبوونەوە لەوەی ئاخۆ وەسفە یان ناوی واتایە وەك كە دەڵێن:

(دڵم تەسکین بوو) ئیضطیرابیش لێرەدا بە (مضطرب) هاتووە. نالی دەڵێ:

خاطرێکی خۆش و شۆخ و بێ غەم و جەمعم هەبوو

لێرەدا (جەمع) بەواتای (مەجموع) هاتووە کورد بە تێکڕایی دەڵێ (خاترجەم – جەمع)

لە لاپەڕە ۱٤۹ بەیتی پێنجەم و شەشەم وەها دانراوە کە خاوەنیان نەزانراوە:

وەك من ئاگادارم بەیتی شەشەم کە ئەمە دەقیەتی:

وەکو یەك دێتە بەر گوێی پەپاوی ئەحمەق

صەفیری بولبول و ئاوازی لەقلەق!

ئا ئەم بەیتە هی سالمە.

ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ۱۳۱، ۱۹۹۳

بژار و گوڵبژێرێك لە هەندێ نووسراوی كوردی

دوای كۆتاییهێنان بە پشكنینەوە لە (ئەنجوومەنی ئەدەبیاتی ئەمین فەیزی بەگ) نیگایەكی خێرام بەبەرگی (٢٣، ٢٤)ی گۆڤاری دەستەی كوردا گێڕا: لە ئاست گوتارەكەی مامۆستا د. موتابچیدا كە لە ژێر سەرناوی (نالی شاعیری غەزەلی كوردی) بڵاو كراوەتەوە دەڵێم. هەرچەند ناو و زاراوەی لەبار بۆ هەر شتێك بێت كارێكی پەسەند و پێویستیشە مادەم تەمرموێنەوە وەیا لە خەرمان زیادكەر بێت، ڕاستییەكەی دەمێكە لە هەرای (غەزەل، قصیدە). بەپێی ژمارەی بەیت پشتڕێ بۆتم چونكە كورتی و درێژیی هەڵبەست پێناسە بۆ خودی شیعرەكە دانانێت: ئەوەی گرنگە لە ناونانی هەڵبەست بە غەزەل یان شتێكی دیكە بابەتی شیعرەكەیە ئایا حەماسەیە هەجوە، تەڤینە، وەسفە، مەدحە. ناشێ پێنج بەیت لە (صرف و نحو) غەزەل بێت و پازدە بەیت لە تەعلیماتی شێردۆشین قەسیدە بێت. من گلەییم لە مامۆستا موتابچی نییە لەوەدا كە زاراوێكی ئەدەبی ڕوون دەكاتەوە، زۆریشی لێ مەنتیارم كە تێمان دەگەیەنێ غەزەل لە پێشەكیی قەسیدەی درێژەوە هاتووە كە هەر جارە شاعیر بەدەربڕینی سۆزی دەروونی خۆی لە چەند بەیتێكدا سەرەتای هەڵبەستی داڕشتووە. من حەزم دەكرد مامۆستا موتابچی ڕەخنەی ناڕەزامەندانە لەو زاراوانە بگرتایە كە هیچ شتێك ڕوون ناكەنەوە، نە لە بابەت و نە لە دانەریان و نە لە كات و شوێنی بەوجەدبوونیان و ئەبارمەتیدەرن لە شیتەڵكردنی واتایان. ئاخۆ ئەگەر قەسیدەیەكی پەنجا بەیتی تەنها حەفت بەیتی لە بیران مابەوە و ناومان نا غەزەل یان وشەیەكی دیكەمان لێ كردە پێناسە ئاخۆ بەوەدا دەستمان لەم بنچكی لێرەواری شیعر و ئەدەب گیر دەبێ؟ دەمویست مامۆستای هێژا و نازیز بەدەنگ بێ لە غەزەلەكەی (كوردی) كە لە دامەنی لاپەڕە (٣٠)ی گۆڤارەكەدا نووسراوە و بەیت و نیوێكی پەڕیوەتەوە سەرەتای لاپەڕە ٣١، بەدەنگ بێ لەوەدا كە دوو بەیتی سەرەتای غەزەلە چوار بەیتییەكە ڕەویەیان (التزام)ی تێدایە و هاوچوونن، ڕەویەی دوو بەیتەكەی دیكەش هیچ كامێكیان لە یەكتر ناچن كە دیارە ئەوەكە جاران شاعیری پێ موفلیس دەبوو. ئەمە غەزەلەكەیە

ڕەنگی گوڵ گیانا وەكو ڕوخسارت ڕەنگین نییە

شەككەری میسری وەكو گوفتارەكەت شیرین نییە

ئەهلی چین نەققاشی چاکن خۆ بەڵان تەسویری تۆ
نەقشی خامەی کردگارە کاری وەستای چین نییە

من کە کوشتەی تیغی عیشقم ڕۆژی دیوانی خودا
بۆچی شاهید بێنم ئاخر کفنەکەم خوێناوییە

من کە ڕیسوا بووم و تەپڵی عاشقیم لێ دا ئیتر
کوردی ئەز پەروام سەر و ئیمان و گیان و دڵ نییە

دەتوانم سوێند لەسەر هەندێک بخۆم کە میسرەعی دووەمی بەیتی سێیەم ئەمەیە:

بۆچی شاهید بێنم ئاخر کفنەکەم خوێنین نییە؟

مومکینیشە وشەی (ئاخر) لە (ئاخۆ)وە گۆڕابێت کە بۆ پرسیارە.

میسرەعی دووەمی بەیتی چوارەمیش بێگومان ئەمەیە:

کوردی ئەز پەروام سەر و ئیمان و گیان و دین نییە

جا ئەگەر بەرهەڵستی لەوەدا هەبێت کە (ئیمان و دین) یەک شتن خۆ (سەر و گیان)یش یەک شتن. بەیتی دووەمی غەزەلەکەش بەناچاری و بێ خۆماندووکردن بەیتێکی نالیمان بەبیردا دێنێتەوە کە دەڵێ:

مانی ئیبەتی قوودەتی تەسویری برۆی تۆ
ئەم قەوسە بەدەستی موتەنەفیس نەکشاوە

شاعیری دیکەش زۆرن ئەم وێنەیان لە هەڵبەستدا کێشاوە ئیتر هەریەکەیان بەپێی دەسەڵاتی خۆی بەرز و نزم بووە.

حەزم دەکرد مامۆستای هێژا لە غەزەلەکەی مەلای جزیری واتای نیوەی دووەمی بەیتی پێنجەمی ڕوون کردبایەوە کە دەڵێ:

یا من رأی خلی فهلی یشبی بشیء قامتا

وشەی (یشبی) لە چییەوە هاتووە؟ لە (یُشبه)وەیە؟ یان لە (یُشبُّه)وە؟ چ دەبوو ئەگەر (یشبه) مابایەوە بێ بزواندنی حەرفی کۆتایی فیعلەکە هەروەک پێشتر لە میسرەعی دووەمی بەیتی سێیەمدا کردی؟

هل فی ید المفتون شیء ام کیف یصنع یافتی؟

مامۆستا موتابچی و هەموو نووسەرانی سلێمانی بمبەخشن کە دەڵێم بەکارهێنانی (تیادا) وەک لە دێڕی ٢٢ی لاپەڕە ٢٣دا نووسراوە دەبوو (تیا) بنووسرێت چونکە (تیا) خۆی کورتەی (تێدا)یە بەو پێیە (تیادا) بریتییە لە (تێدادا) کە شتێکە پشت لە هەموو دەستوورێکی ناخاوتنە. ئینجا ئەگەر نووسەری سلێمانی رێی ناچاریەز بۆ خۆی بەڕەوا بزانێ بابای دەشتی هەولێر و دانیشتوانی دێیەکانی نێوان هەولێر و کۆیەش دەبێ لێیان بسەلمێنندرێ بڵێن (الـحەمدولیلـلاهی رەبیی لعالەمین). دوای هەشت دێڕی بەرەوژێرتر دەبینین نووسراوە (حافز غەزەلەکانی تیابدا هەیە.) کە دەبوو بگوترێ (تێیاندا هەیە.) چونکە ڕاناوەکە دەچێتەوە بۆ (غەزەلەکان) بەلام وا دیارە زاڵبوونی (تیـادا) بـەسەر هـۆشی ونـی نـاخـێوەردا خـۆی ڕەهێش دەیـەهێت و ڕواڵـەتـێکی نەقشبەستووی نادروست دەبێتە کڵێشەی ناسازی مەبەستێکی ڕەوان. (تێیاندا، تێتاندا، تێماندا، تێیدا، تێتدا، تێمدا) کوردییەکی ڕەسەنن ناشێ ببن بە(تیایان، تیابانداـ.. تیاما. تیاتادا.. هتد) نالی هەردوو شێوەی (تیا، تێدا)ی بە لەباری بەکار هێناون.

١- بەعنی ریاضی ڕەوضەکە تێدا بەچەند دەمێ.

٢- هەر دەڵێی مانگەشەوە کوڵمی تیا.

ئێمە دەزانین، یان دەبێ بزانین، پرێپۆزیشنی (لە) کە دەبێتە پێشگری کار (فعل) بەپێی داخوازی هەڵکەوت دەبێتە (لێ، تێ). دەڵێین.

١- عەیب لە من مەگرە.

عەیبم لێ مەگرە.

٢- بەرد لە من مەگرە.

بەردم تێ مەگرە.

دەبێ بڵێم شێوە ناخاوتنی موکریانی کە بەشێک لە عەشیرەتەکانی دیوی کوردستانی عێراقیش پێڕەوییان لێ دەکەن دوو پرێپۆزیشنی جودایان هەیە: (لە دە) هەریەکەیان بەکارهێنانی تایبەت بەخۆی هەیە. مامۆستا ئەحمەدی قازی لە دەمەتەقە بەدەوری (لە، دە)دا ئەم نموونەیەی هێنابووەوە: (گوێزەکە لە دارەکە کەوتە خوارەوە و دەحەوزەکە کەوت.) لەسەر هەقیش بوو، بەلام ئێمەش ناچارین بەبەشی خۆمان ڕازی بین هەرچەند لەم مەسەلەیەدا کورت دێنین، ناچارییەکەش لەوەوە دێت کە فێرین بۆ هەردوو حاڵەت هەر (لە) بەکار بهێنین و بەزەحمەتێکی زەحمەت بەڵەدی

شوێنی (دە) دەبین. نالی کە دەڵێ

لە دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی مەسلی تەندوورە

ئەگەر بەشێوە ئاخاوتنی موکریانی دوواپایە دەیگوت (دەدڵدا). کە دەڵێین (لە منەوە بۆ تۆ – لە ڕانیەڕا تا دەربەند) موکریانیش هەروەها دەڵێن و بەدڵیاندا نایەت بڵێن (دەبنەوە بۆ تۆ – دەڕانیەڕا تا دەربەند) چونکە (دە) بۆ حاڵەتی سکون، بێ جووڵەیی بەکار دێت. ئەگەر (لە دە) بەفارسی بگرین (لە) بەواتای (ز، أز) دێت و (دە)ش بەواتای (در) دێت. کرمانجیی سەروو (ژ) لە جێی (ز، أز) بەکار دەهێنێت. کێشەی پرپەوزیشنی (لە) هەر خۆیەتی، بە جۆرێك لە جۆرەکانی، بەدەوری پرپەوزیشنی (بە)شدا قوت دەبێتەوە: ئەم (بە)یەش لە حاڵەتی پێشگریدا دەبێتە (پێ):

١- چراکە بەئاگرکە.

چراکە پێ کە.

٢- بەخەڵق ڕاگەیاندن.

پێ ڕاگەیاندن.

٣- بەشاردا تێپەڕین.

پێدا تێپەڕین.

من لێرە موناقەشەی ئەو لایەنە ناکەم ئایا لە هەموو حاڵاندا (پێ) دەبێتە پێشگر یان وەها دەبێ هەر بەپرپەوزیشنی بمێنێتەوە وەك:

١- بەدارام گوت.

پێم گوت (پێگوتن)

٢- بەدارام سەلماند

پێم سەلماند (پێسەلماندن)

مەبەست لێرەدا جیرانەتیی (پێدا، پیادا، پیا) لەگەڵ (تێدا، تیادا، تیا)یە کەوا هەمان گرفتی بەکارهێنان لە هەردوویاندا هەیە. دەبێ دان بەوەدا بهێنین کە (پێدا) دەستوورییە. هەر لەم دەستووری بوونەیەوە دەشێ بەپێی لەهجەی ناوچەیی بگوترێ (پیا). ئەمما (پیادا، پیایا) بیڕای بیڕای جایەز نییە.

لە نموونەی ڕەوابوون و نەبوونی زاری ناوچەییەوە ئەم نموونەیە دەهێنمەوە وشەی جنێو لە (دژنێو)ەوە هاتووە کە تا ئێستاکەش لە بەشێکی وڵاتی مەرگە و دەوروبەری ئەو ناوەدا دەڵێن (دژنێو). فەقێ مستەفایەکی حەبەی نامان هەبوو کە لەو ساڵانەی پاش ۱۹٦۰ بەهۆی بەخۆڕایی و بەزوڵم لە دەست بۆرەپیاوی کرمانج کوژرا هەتا مردنی هەر (دژنێو)ی بەکار هێنا. جنێو، بەلای ڕای منەوە، دەسکارییەکی ڕەوای لە (دژنێو) کردووە چونکە ڕیزی دەنگەکانی تێك نەداوە. بەڵام کە (جنێو) دەبێتە (جوێن، جوون) کارەکە دەکەوێتە سنووری هەڵەوە. (بەعەقڵ) دەکرێتە (باقڵ) هەم ڕەوایە و هەم نەیسك سووك. بێگومان دەوری ڕابەرێکی وەکو مامۆستا موتابچی هەر لەوەندەدا ناوەستێ کە داوەتی نووسەرانی کورد بکات بۆ گرتنەبەری یەك ڕێگای تەعبیری ئەدەبی بۆ پێکهێنانی زمانی یەکگرتوو: دەبێ پشتگیری بکات لە وشە و تەعبیری ڕاست و ڕەوان، لەو بوارەشدا دەسەڵاتێکی سەلمێنراوی هەیە بۆ دۆزینەوەی بابەتی ڕەسەن لە چاو کەسانی تر کە هێندەی ئەو شارەزای دەرەختی گروویە زمانێك نین کە زمانی کوردی یەکێکە لە شالکەکانی.

لە میسرەعی یەکەمی بەیتی دووەمی غەزەلەکەی نالی، لاپەڕە ٣٤، (گەمەست) هاتووە دیارە هەڵەی چاپە دەبێ (گەرمەست) بنووسرێت. لە ئاست وشەی (سلوك، سولووك) کە بە واتای مریدی تەریقەت خۆ دەنوێنێ تێبینیم لەوەدا هەیە کە وشەکە بەپێی ڕووالەت (تەریقەت) بەدەستەوە دەدات نەك (مرید). لە شەرحی دیوانی (نالی)ی مامۆستای بیارەییشدا (سولووك) بە(سالیك، مرید) لێك دراوەتەوە. ئەمە دەقی بەیتەکەی دووەمی ئەو غەزەلەیە:

کوشتەی نیگاهی دیدەتە گەر مەست ئەگەر خەراب
بەستەی کەمەندی زوڵفتە گەر شێخ ئەگەر سولووك

بەڕاهیەر وشەکە دەبێ (سەلووك) بێت وەکو (غفور، شکور، لجوج). کە هەمووی سیفەتە لە ڕیزەی (صیغة المبالغة) نەك ناوی واتا. بەداخەوە قامووسم لا نییە بۆ وشەکە و واتای بگەڕێم، چی دەبڵێم لێکدانەوەی ڕووالەتی وشەکانە.

بەیتی نۆیەمی غەزەلەکە چ ئەوەی لە شەرحی مامۆستا بیارەییدایە و چ ئەوەی لەم گوتارەی مامۆستا موتابچیدا هاتووە کە وا دەزانم ڕاگوێزراوە لەو شەرحەوە، دوو تێبینی هەڵدەگرێت، ئەمەش دەقی بەیتەکەی هەردوو سەرچاوە:

ڕاهێڵ و تـار و بـۆیـی کـولـووی بـەفـرە تـابشار
با بـای دەدات و ماسـی پێدا دێ وەك مەكووك

تێبینیی یەكەم ئەوەیە كە وشەی (پێدا) كێشی میسرەعەكە تێكدەدات دەبێ (پیا) بنووسرێت و بخوێندرێتەوە. تێبینیی دووەم ئەوەیە كە میسرەعەكە لەم دەقەدا بۆتە سێزدە بڕگەیی كەچی سەرلەبەری غەزەلەكە چواردە بڕگەییە دەبێ بەم جۆرە ڕاست بكرێتەوە:

بابای دەدات و ماسی پیا دێ وەكو مەكووك

من بۆ ئەوەش دەچم كە وشەی (پۆ) بەئەسڵ لەلایەن نالییەوە (پۆد) نووسرابێت چونكە لە چەندین شیعری نالی و سالم و شوعەرای ئەو سەردەمەدا دەقی گەلێك وشە لە فارسییەوە هاتووە. هەر لەم دەقەشدا وشەی (تار)ی فارسی هاتووە لە جیاتی (تان)ی كوردی. واش دەزانم دەبێ (ڕاییڵی تار و پۆد) بێت، چونكە مەبەست ئەوەیە كە كولووی بەفر ڕاییڵی تان و پۆی ئابشارە ناشێ ڕاییڵەكە جودا بێ لە تان و پۆ كە هەر خۆی تان و پۆكەیە ئیتر چۆن (واوی عطف) جێی لەوێدا دەبێتەوە لە نموونەدا دەڵێم كە مەبەستت بوو بڵێی (دەستی چەپ و ڕاستم) ڕێت نییە (واوی عطف) بخەیتە جێگەی (ی)ی اضافە و بڵێی (دەست و چەپ و ڕاستم) چونكە دەستەكە خۆی چەپ و ڕاستەكەیە.

لە گوتارەكەی د. عەبدوڕەحمانی حاجی مەلا مارفدا ڕوونكردنەوەی پسپۆڕانەی بەنرخ هەیە بەكەڵكی هەموو كەسێك دێت لەگەڵ زمان و ڕێزماندا هەڕیك بێت. بەڵام لە گۆشەیەكی بەرتەسكەوە ڕێم هەیە بۆچوونێكی خۆ كە ئەگەر لە زانینی ڕەسمیشەوە نەبێ هی تێوەڕامان و لێكدانەوەی بێندرێژەوە بخەمە ڕوو.

لە پێشەوە دەبێ بڵێم گوتارەكە لە ڕوانگەی زمانەوان و بیریارە ڕووسەكانەوە سەرنج لە زمان و ڕێزمان و بەشەكانی دەگرێ. سەیرێكی لیستەی سەرچاوەكانی بكەیت دەبینیت پتر لە سەدی ئەوەدیان ڕووسین كە لەمەدا چ عەیبێك پەیدا نابێ بەڵام لەوانەیە تێڕوانینی هەر بابەتێك بێت لە وڵاتێكی وەكو ڕووسیادا كە ئایدیۆلۆجیای سیاسیی فەرمانڕەوا بووە بەسەر هەرچی بەرهەمێكی مادی و مەعنەوییە، بكێشێتەوە بۆ ناكامی ناسان وەیا تەنك وەیا بڕشت كە جۆرێكی ڕەنگدانەوەی سیاسەتە لە بابەتدا. لە نموونەدا دەڵێم بەراوێزی ژمارە ٢٤ لە بەرەو كۆتاییی لاپەڕە ٨٧ی گۆڤارەكەدا

ڕووبەڕووی ئەم بیروڕایەمان دەکات: (پێویستی لێکۆڵینەوەی مێژووی پێشکەوتنی زمان ئەو هەڵوێستە بەناوبانگەی ف. ئینگلیز دیاری دەکا کە وتوویە: «کەرەستە و قاڵبی زمانی زگماك تەنیا بەئاگاداری و وردبوونەوە لە پەیدابوونی و پێشکەوتنی لەسەرەخۆی پلە بەپلەی، ڕوون و ئاشکرا دەبێ. ئەگەر گرینگی بەوە نەدرێ، ئەوە ناتوانرێ قاڵبە مردەکانی ئەو زمانە و زمانە مردوو و زیندووەکانی هاوڕەگەزی بزانرێ». ئەم قسەیەی ئینگلیز ئەگەر لە سایەی پایەی بەرزی سیاسیی خۆیەوە نەبێت بەدیهییەکی سادەیە هی ئەوە نییە بێتە ناو کتێبانەوە. ئینجا چەند چەوتی و هەڵەشی تێدایە یەکجارەکی لە زانستی زمانی دادەبڕێت، یەك لەو هەڵانە ئەوەیە کەوا هیچ زمانێکی زگماك نییە (پەیدابوونی) زانرا بێ هەتا وردبوونەوەی تێدا بکرێت. دەشیا بڵێ وردبوونەوە (لە پێشکەوتنی) بکرێ ئەویش بەمەرجێك شکڵی کۆنینەی بەنووسین پارێزرابێت، خۆ دنیا ڕاست بێتەوە ناتوانێ (ورد بێتەوە) وەیا (ئاگادار بێ) لە زمانێکی کە بەر لە ٢٠ هەزار ساڵ قسەی پێ کراوە. هەڵەی دووەمی کە بریتییە لە تانەواری، ئەوەیە کە ئینگلیز بەبیری نەهاتووە حیساب بۆ تاو و تەئسیری زمانی بێگانە لە (زمانی زگماك... و هاوڕەگەزانی) بکات. تۆ بێنە زمانی فارسی پاك بکەوە لە وشەی عەرەبی کە بەئانقەست دەکرێتە ناراهشتی زمانی ئەدەبی یەککرتووی فارسی، چی ئەوتۆی لێ نامێنێتەوە بەکەڵکی ئاخاوتن بێت. ئەوەی پێی دەگوترێ زمانی (هزڤارش) سەرلەبەری وشەی ئارامییە کە دەترنجایە کڵێشەی پەهلەوییەوە بەڵام لە خوێندنەوەدا بەدیلە پەهلەوییەکە بەکار دەهات و واش دەبوو وشەی پەهلەوی ئیرابی ئارامیی پێوە دەلکا. زمانی کوردی بکەیتە نموونە دەبینیت لە ڕێی ئایینی ئیسلامەوە زۆربەی زاراوە وشەیە سەر بەئایین و ماڵەتی شەرعی عەرەبییە، بەشێکیشی میراتی عوسمانلییانە و هێندێکی بەسترانەتی لە فارسییەوە هاتووە و گەلێك وشەی ئەورووپایشی تێ کەوتووە، هی مەغۆلیشی تێدایە. ڕاستیی مەسەلە لێرەدا ئەوەیە بەدرێژایی ڕۆژگار زمانە دراوسێکان نەك هەر وشە بگرە تەعبیریشیان لێکتر خواستووەتەوە تاکو ئەگەر گۆڕان و شێوانیان بەسەردا هاتبێت ناتوانرێ ڕاست بکرێنەوە مەگەر هانا ببرێتە بەر ئەو زمانەی لێوەی کەوتوونەتەوە: ئینجا ئەگەر بگوترێ ئەو هێندە وشە و تەعبیرانەی لە زمانێکی بێگانەوە هاتوون لە چاو وشەی ڕەسەن وشەی (هاوڕەگەز) ئەوەندە کەمن نرخی ڕایەکەی ئینگلیزی پێ ناشکێ، لە وەڵامدا دەگوترێ هەر نەبێ بایی ئەم کەمبوونە کەلەبەر لە ڕایەکەی ئینگلیزدا هەیە

سەرەڕای ئەوەی کەوا چی گوتووەتی ئەگەر لێیتی بێدەنگ بایە زانستی زمان زەرەری نەدەکرد، وەك ئەوەی کە من یان تۆ بڵێین و نەڵێین لەخۆوە ئاشکرایە کەسێکی شارەزای زانستی زمان نەبێت و سەرنجی قووڵی لە بابەتەکانی نەگرتبێت سەرکەوتوو نابێ لە بۆچوون و بیروڕاکانی سەر بەزمانەوانی، چونکە ئەم قسەیەش وەك هێنەکەی ئینگلیز لە ڕاوەی بەدیهییەدا و چ ڕێنموونییەکی تێدا نییە و بەئاسانی دەتوانین لێشی زیاد بکەین و بڵێین: زمانەوان هەتا پتر شارەزای زمانە هاوڕەگەزەکان و لێك جوداکان بێت باشتر بۆی دەلوێ بیرگێڕی لە تان و پۆی (زمان) بکات. لە پەندی فەلاحاندا قسەیەکی ئەستەق هەیە دەڵێ کابرایەك خۆی کردبووە پسپۆری هەرمان هەڵگرتن و دەغڵ داگرتن، پاڵی لێ دابووەوە و دەیگوت: گەنم لەسەر گەنم ڕۆ بکەن و جۆش لەسەر جۆ، ماڵێناوابێ بۆ ئەو ئەقڵەی کە ئەگەر لە کاریشی نەهێنابایە گەنم و جۆ جێگەی لەباری خۆی نەدۆزیبەوە.

ئەم گرنگییەی بۆ ڕایەکەی ئینگلیز ڕەوا دیتراوە لە گەلێك حاڵ و باردا بۆ غەیری ئەو و لە مەیدانی زۆر گرنگدا ڕەوا دیتراوە کەوا نەك هەروەك ئینگلیز بێ لزووم بووە بگرە هەتا بڵێی زەرەربەخش و وێرانکاریش بووە، ڕەنگە لەباری پێچەوانەدا ڕایەکی زێدە ڕووناکی بابایەکی بۆرەپیاو کەس ئاوڕی لێ نەداتەوە حەمدی دەڵێ:

بازاڕی دەهرە قیمەتی ئەشیا بەجێگەیە
مێشێ بکاتە ڕوویی نیگار هەر لە خاڵ ئەچێ

چ گومانم لەوەدا نییە لە نووسینەکانی د. ئاورەحماندا بیروڕای ئەوتۆ هەیە چەندین ئەوەندەی ڕایەکەی ئینگلز و ئەو ڕایانەی بەسەرچاوەی داناون وردبینتر و نیشانە پێکاوترن، مەبەستیشم لە تێکڕای نووسینەکانییەتی بەتایبەتی ئەوانەی زادەی فکری خۆیەتی. ئایا چەند لەو جۆرە ڕایانەی دەکرێن بەدروشم؟ کەچی شێخی تەریقەت قڕلێنە دەهێنێنێتەوە سەڵەواتی لێ دەکێشن، لێی موبارەك بێ.

ئەو گۆشە بەرتەسکەی کە گوتم ڕێم نەدا بۆچوونێکی خۆمی تێدا دەربېڕم مەنعم ناکات لەوەی بەپێی پێویست لە تاکە مەسەلەی ناو گوتارەکە بکۆڵمەوە. یەك لەوانە سەرناوی گوتارەکەیە کە لە (بنەما سەرەکییەکانی زمان) هاتووە. بەلای منەوە پەراوێزی (زمان) لێك دەکێشرێتەوە پتر لە داخوازییەکانی (ڕێزمان) هەر نەبێ لەبەر تیشکی ئەو ڕاستییە زلەی کە زمان دایکی ڕێزمانە- ڕۆژگارێك کە مرۆ دوای پشکووتنی

هۆشی دەستی کرد بەگروگاڵی ئاخاوتنی سەرەتایی لە تاکە وشە بەولاوە وجوودی نەبووە. کەس نازانێ چەندین ساڵەهای برد هەتا (کار -فعل) پەیدا بوو، ئینجا کاتەکانی کار، ئینجا گەردانی... زمان تەرجومانی هۆشە، تا بتوانێ لە ڕێی ئاخاوتنەوە (کە دەکا ڕستەی خاوەن واتا) تەعبیر لەو وێنە و نیازانە دەداتەوە کە بەهۆشدا تێ دەپەڕن. وا دەبێ (وشە)ی قامووسی ولێ لێ دەهێنێت بۆ وشەی دەرەوەی قامووس و ڕێزمان وەک کە (پشە، خته) بەکار دەهێنێت بۆ بانگهێشتن و دەرکردنی پشیلە کە هەردووکیان دەنووسرێن، واتای کاری فەرمانیشیان تێدایە بەڵام وشەی ڕێزمانی نین کە گەردان بکرێت، جا ئەگەر لە قامووساندا نووسراون بەوەدا نابنە وشەی ڕێزمانی چونکە قسەی وشەکان لەگەڵ مرۆڤ نییە، ڕووی لە زیندەوەرە. لەم بابەتە دەنگدان و بانگهێشتنی زیندەوەر دەنگی وەها هەیە نووسینیش هەڵناگرێت وەک کە مەیتەر یان شوان و گاوان لە ئاژەڵەکان ڕادەخوڕن یان بۆ ئالیك بانگهێشتنیان دەکەن. نموونەیەکی مناسبی ئەم جێگەیە لە نووسینەکەی د. ئاورەحمان دەهێنمەوە کە لە بەرەو کۆتاییی لاپەڕە ٧٨دا (ئازاد هات.) و (ازاد هات؟) دەبینین: نیشانەی پرسیاری شکڵی دووەمی ڕستەکە خۆی لە خۆیدا پێوەندیی بەڕێزمانەوە نییە ڕستەکانیش لەلایەن پێکهاتنەوە یەك شتن و ڕێزمان هیچی پێ ناکرێ لە خودی ڕستەکاندا بنەما بدۆزێتەوە بۆ لێکتر جوداکردنەوەیان کەوا (ئازاد هات) ڕستەیەکی خەبەرییەو (ئازاد هات؟)یش ئینشائییە کەچی (زمان) توانیوەتی بەجۆری گۆڕینی ئاهەنگی دەنگ بۆ سەربەری پرسیار جارێکیان ڕستەکە بکاتە خەبەری و جارێکیان بیکاتە ئینشائی. ئەو جۆرە جوداوازیی ئاهەنگیش لە خەبەرەوە بۆ پرسیار لەوانە نییە بنووسرێت چونکە مۆرفیمەکان لە هەردوو حاڵەتدا یەك شتن. لە پرسیار واز بهێنە و وەرە سەر حاڵەتی لۆمەکردن وەیا شکاندنەوە وەیا هەڕەشە وەیا گلەیی دەبینی لە تەنها وشەی ناوی (ئازاد)دا هەر جارە ئاهەنگێك پەیدایە لەگەڵ مەبەستەکە جزم بێت، تا لەمانەشدا ڕێزمان هیچی پێ ناکرێت مەگەر بەنیشانەدانان وەك نیشانەی سەر ڕێوبانان کە هەریەکە بێ ئاخاوتن واتایەك ڕادەگەیەنێ وەك: (تێ پەڕە – بووەستە – بەواش کە – بەچەپدا...). لە نموونەدا دەڵێم کە ویستت (ئازاد هات؟) بخەیتە بەر حوکمی ڕێزمانەوە وشەیەکی بچووکی سەر بەپرسیاری بخەرە پێشەوە و بڵێ (ئەری ئازاد هات؟ ئایا ئازاد هات؟) هەروەهاش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستە جودایانەی وەك لۆمە و هەڕەشە، دەشێ هێندێ لەوان بەخستنەسەری زیادییەك ببنە ڕێزمانی،

هێندێکیشیان هیچی لەگەڵدا ناکرێت مەگەر ئاهەنگی دەربڕینی، کە سەر بەزمانە نەک ڕێزمان. بەیتێکی سەرلەبەری سۆفیگەریی مەولانا جەلالی ڕۆمی لە دیوانەکەی ناودار بە(شەمسی تەبریزی) ئەمەیە:

تەنەنەنتەن تەنەنەنتەن تەنەنەنتەن تەنەنەن
تەنەنەنتەن تەنەنەنتەن تەنەناها یاهو

ئەم وشە بێ واتایانەی قامووسی، وێنەی بەنگێش نییە، بگرە قسەی سارووسڕی عادەتیش نییە کە مرۆی سادە تێکی هەڵمەشێلێت. لە ڕووی قیاسەوە وەک شیعری ڕەها و تابلۆی سووریالییە کە ژان و ژوواری ناخی دەروون بەوەسیلەیەکی تەعبیری ئەوتۆ وەدەر دەنێ ئاهاوتن و فرچەگێڕی ئاسایی دەرومستی نایەت. (تەنەنەنتەن) بەر دەستووری ڕێزمان ناکەوێت کەچی لە جغزی زماندایە و بەمۆرفیمی عادەتی ڕۆنراوە.

پاش لێبوونەوە لە (ئازاد هات..) لە سەرەتای لاپەڕە ٧٩ بیروڕایەکی ف.م. بیریزین، ب.ن گۆلۆڤین کە ژمارەی ٢ی پەراوێزی دراوەتێ بەم جۆرە هاتووە: (بەم شێوەیە ماکی ڕێزمانی، کە وەسیلەی دەربڕینە، بەتاکە تاکەی وشەوە بەند نییە، بەڵکو بەماکی وشەوە. مۆرفێم و ئەو ئامرازانەی لە ڕووی ئەرکەوە لێیەوە نزیکن و هەروەها ئاواز و شێوەی ڕیزکردنی وشەکانەوە بەندە).

ڕاستییەکەی من ناتوانم یەک هەنگاو لەگەڵ ئەم ڕایەدا بڕۆم نەک هەر لێڵی و تەماوبوونی واتای سەرلەبەری ڕایەکە کە نازانم بەسەر چییەوە کورک دەبێت. کەی (وەسیلەی دەربڕین) ڕێزمان بووە؟ ئەی (زمان) وەسیلەی چییە؟ ڕێزمان دەستووراتی ڕوونکردنەوەی ئان و بۆی زمانە، خزمەتکاری زمانە، سێبەری زمانە. ڕێزمان هەبێت و نەبێت زمان لە کاردا دەبێت خۆ لە سەدی ئەوەد و پێنجی ئاخێوەری جیهان نازانێ ڕێزمان چییە، قوتابیی قوتابخانەکانیش بەزۆری لە ئەزموونیدا دەکەون، زاناکانی زمانیش لەگەڵ یەکتریدا نەگونجانیان زۆرە. ئەم باسەش زۆری بەبەرەوە هەیە، لێی دەترازێم بۆ تێبینییەکی دیکە لەوەدا کە دەڵێ ماکی ڕێزمانی بەتاکە وشەوە بەند نییە بەڵکو بەماکی وشەوە.. کە مۆرفیم و... ئامراز و... ئاواز و... شێوەی ڕیزکردنی وشەکانەوە بەندە. چەند سەیر و سەمەرەیە کە لە سەرەتای وتاردا وشەی زمان و پێکهاتنی ڕێزمانی دوو بنەمای سەرەکیی زمان بن، لەم ڕایەی بیریزین و گۆلۆڤینیشدا وشە جێ چۆڵ دەکات بۆ مۆرفیمەکانی ئەو ئامرازانەی لێیەوە نزیکن و بۆ ئاواز و

شێوەی ڕیزکردنی وشەکان... مۆرفیم دەشێ بەسەربەخۆیی باس بکرێت کاتێک لە فۆنۆلۆجی و فۆنەتیک بدوێین بەڵام کەی بەبیری کەسدا هاتووە کاری (هات) پەیوەندیی بە (ماکی ڕێزمان)ەوە نەبێ ئەمما هەر کاتێک لەو سێ مۆرفیمە یەکسەر بەڕێزمانەوە بەند بێت. ئینجا کە باسی (ئاواز) بەقاچاغ دێنێتە ناو لێکۆڵینەوەوە بەبیریدا نەهاتووە کە قسە لە (ڕێزمان)ە نەک (زمان) یاخود باشتر ئەوەیە بڵێین فەرقی بەوە نەکردووە زمان و ڕێزمان یەک شت نین هەروەک جوغرافیای کوردستان و وڵاتی کوردستان یەک شت نین. . کە دەڵێ (شێوەی ڕیزکردنی وشەکان..) لەوەی تێهەڕ نەکردووە کە بڵێ (شێوەی ڕیزکردنی هەنجیرەکان و سەبەتەکان و نازانم چییەکان) چونکە لە زمان و ڕێزماندا تێکبەستنی وشە و ڕستە بەهەر هۆیەک بێت، بایەخدارە نەک ڕیزکردنیان. دە هەزار وشە لە قامووسدا ڕیز دەبن بەڵ ڕستەی ئاوێتی لەو ڕیزکردنەدا پەیدا نابێ.. لەمانەش بترازێین ئەمەبوو (ئامراز) بخاتە تای ئەم سێ مادە کەم بایەخەی (مۆرفیم، ئاواز، شێوەی ڕیزکردن)ەوە مادەم قسە لە زمان و ڕێزمان بێت.

سەیرێکی چەند دێڕی خوارەوەتر بکەن لەو لاپەڕەیەدا کە بیروڕای د. ئاورەحمانە دەبینن تا چ ڕادەیەک قووڵترە لەو تەنکاوەی دوو زمانەوانە ڕووسەکە. لە دێڕی نۆیەمی قسەکانی د. ئاورەحماندا کۆتایی ڕستەیەک هەیە کە ئەمە دەقی ڕستەکەیە: «ڕستەش لە وشە پێک دێت، کە بەپێی یاسای ڕێزمانی پێکەوە دەبەسترێن» چەند ئوستادانە گوتی: «پێکەوە دەبەسترێن»! هەر دوای ئەمەش دەڵێ «وشەی چەرچڕ کە خاسیەت و پەیوەندیی ڕێزمانە بەیەکەوەی نەبەستبن، ناتوانن بیرێک دەربڕن) تا ئەم ڕایەش سەرلەنوێ بەبوارێکی تازەدا بەرەو تەنکیدی (تێک بەستن)ەوە دەڕوات نەک ڕیزکردن. بەداخەوە نازانم ئەو نووسینەی لە دێڕی پێنج هەتا دێڕی بیستی لاپەڕە ٧٩ی گرتووەتەوە چەندیان بیروڕای د. ئاورەحمانە و چەندیشیان هی پ. ئا. بۆدلگۆڤە کە بەڕاوێزی ژمارە ٣ لە کۆتایی دێڕی بیستەمدا ئیشارەتی بۆ دەکات. ئەوەندە هەیە هەتا بەرەو دامەنی دێڕەکان دەبیتەوە تووشی بۆچوونی سەراوی دەبیت. دوای ئەو نموونەیە لە بیروڕای د. ئاورەحمانم خواستەوە ئاڵۆزیلۆزی دەست پێ دەکات تا دەگەینە ئەم بۆچوونە سەرەوبنە کە دەڵێ: «پێکهاتنی ڕێزمانی خاسیەتێکی هەرە گرینگی زمانە وە بەبێ ئەو زمان پێک نایەت). لەم قسەیەدا مەحکوومبوونی زمان بەڕێزمانە چووەتە پلەی بەندبوونی گەڕانی گەڕۆک بەبەنزین کە دەزانین بەنزین بەشێکی گەڕۆک نییە کەچی ڕێزمان بەشێکی زمانە وەک تایە و مەکینە بەشێکی گەڕۆکن تۆ ناتوانیت

ڕێزمان لە جوغزی مان دەرهاویژێت بەتیازی ئەوەی لێی بکەیتە حاکم و ئاغا. لە نووسینی کۆنمدا گوتوومە: چونکە زمان تەرجوومانی هۆشە هۆشیش قابیلیەتی ڕێکخستن و پێکگرتن و پاسادانانی هەیە بۆیەیە زمان توانیویەتی ببێتە خاوەن (دەستوور) کە زادەی مەنتیقی هۆشە. گوتووشمە: دوای ئەوەی زمان بوو بەخاوەن دەستووراتی تایبەت بەخۆی کەوتە بارێکەوە بتوانێ لە مەنتقی ناوەکیی خۆی، نەک هەر لە مەنتقیی هۆش، دەستووراتی ڕێزمانی هەڵێنجێت تا ئەوەی لە تێک ئاڵقانی هەزاران وێنەی زیهنی لەگەڵ چەندەها یاسای ڕێزمانی دیاردەی (شاز - ڕیزپەڕ) لە ڕێزماندا پەیدا دەبێت کە دژی خورگەی مەنتقی هۆش تێ هەڵدەچێت. لە دیاردەی (ڕیزپەڕ - شاز)دا هۆت دەردەکەوێت کە (ڕێزمان) و یاساکانی لە ئاستیدا پەککەوتەن کەچی (زمان) هەر حاکمە بەسەر شازدا وەک کە حاکمە بەسەر ڕێزمان و کەرەستە و دەستووراتی. هیچ بەرهەڵستێکی عەقڵی لەوەدا نییە کە زمان بێ یاسای ڕێزمانی بتوانێ ڕاگەیەنی بێت: گویا ئەگەر هەموو فیعلەکانی وەک (گوتم، دەڵێم - بەستم، دەبەستم). لە گەرداندا ڕیزپەڕ پاشایە چ دەقەوما. خۆ دەزانین بەشێکی زێدە زێدە بەرچاوی فیعلەکانی زمانی ئینگلیزی لە ڕابردووەوە بۆ ئایندە گەردانی بێ پاسایان هەیە؛ ئەمە دەڵێم ڕەنگە من یەکەم کەسیش بم بۆ ئەوە چووبێ کە بەشی هەرە زۆری فیعلی کوردی گەردانی دەستوورییان هەیە وەک فیعلی ڕوودان (مطاوعی عەرەبی) و کارا نادیار (مبني للمجهول) و ڕێژەی (خشین، دزین، کێلان، ژماردن، پالاوتن، پساندن - بەپاشگری «اندن»). دەبێ بڵێم نموونەی (خشین، دزین)م بۆیە بەدوو ڕێژە دانا چونکە (دزین) تێپەڕە و (خشین) تێنەپەڕە کەچی گەردانیان بۆ ئایندە وەکو یەکە: (خشیم، دەخشم- دزیم، دەدزم). لەلایەکی دیکەوە (خشین) هەرچەند تێنەپەڕە بەڵام فیعلی ئیرادەییە نەک هی داوودانەخۆ ئەگەر هی ڕوودانیش بایە وەک (خزین) گەردانی نەدەگۆڕا، مەگەر لە فیعلی زێدە دەگمەن کە هەندێ لەهجە گەردانەکەی دەباتەوە بۆ گەردانی فیعلی ڕوودان و دەڵێ (دەخزێم) وەک کە دەڵێ (سووتام، دەسووتێم).

ئەگا لە ئاست ڕێژەی (کێلان، پێوان) کە تێپەڕن، (شێوان، گێژان) بەبیری زمانەوانی شلکدا بێت و وا بزانێ لە ئایندەدا دەبنە (دەشێوێنم، دەگێژێنم). بەسەدا ڕێژەیان ڕیزپەڕ بووە، دەڵێم هەرچی فیعلی ڕوودان و کارا نادیار هەیە کە کۆتاییان بە (أ) هاتووە لە گەرداندا ئەو ئەلفەیان دەبێتە (ێ) وەک: پا، دەپسێ- ڕما، دەڕمێ - شکا، دەشکێ -کوژرا، دەکوژرێ - دیترا، دەدیترێ.. هتد. لە ڕێژەی کێلان فیعلی (وێران) لە

گوماندایە ئایا تێپەڕە یان تێنەپەڕ، لەلایەکەوە بەشێکی زۆری ناخێوەری کورد وەك تێپەڕ گەردانی دەکات و دەڵێ: (وێرام، دەوێرم) هی واش هەن، بەتایبەتی لە نێوان عەشیرەتدا دەڵێن (دەوێرێم) وەك کە فیعلی ڕوودان بێت نەك تەنها تێنەپەڕ بێت، ئەگەر فیعلی ئیرادی بڕوایە وەك (هەڵستان) دەبوو لە ئایندەدا ببێتە (دەوێرم)، هەڵستانیش دەبێتە (هەڵدەستم، نەك هەڵدەستێم). لەگەڵ ئەمەشدا کە (وێران) بەزۆری وەك تێپەڕ مامەڵەتی لەگەڵدا دەکرێت و لە گەرداندا دەکرێتە (وێرامان، وێرایان) دیسانەوە دەبێ هەست بەوە بکەین کە بەرکار (مفعول) داوا ناکات ئەو دەمە ئەبێ کە وەکو چەند فیعلێکی کوردی بۆ (مبادرە) بەکار دێن ئەویش لەو حاڵەتەدا مەفعوولی ئاسەریحی دەبێ. سەیری ئەم نموونانە بکە:

هاتم بنووم لێیان تێك دام

وێرامان بنووین

هەستام بڕۆم باران لێ ئەگەڕا

دەڵێم بڵێم و ناوێرم

ئەم کارانەی (هاتم، هەستام، دەڵێم). لەم بەکارهێنانانەدا واتای ئەسڵییان مەبەست نییە. (هاتم، هەستام) بەواتای (خەریك بووم)ە (دەڵێم)ەکەش بەواتای (دەمەوێ، نیازمە)یە. لێرەدا بەرکاری (وێرامان) فیعلی (بنووین)ە و لە هەموو ڕستەکانیشدا بەرباری (مبادرە) کە فیعلێکی ئینشائییە وەکو (بنووین). فیعلی (وێران) جگە لەم حاڵەتە کە دەگمەنە، لە حاڵەتی ئینتیقالیشدا تەنیا یەك مەفعوولی دەوێت بارتەقای فیعلی تێنەپەڕ وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

وێرامە مەحموود، دەوێرمە مەحموود، دەیوێرمێ.

چوومە بازاڕ، دەچمە بازاڕ، دەیچمێ.

کەوتمە باغەکە، دەکەومە باغەکە، دەیکەومێ.

فیعلی ئینتیقالیی تێپەڕ لە جێی مەفعوولێك دووی دەوێ، وەك:

بەردم گرتە چۆلەکە [بەرد، چۆلەکە]

دەستی خستە باخەڵم [دەست، باخەڵ]

دارام هەڵنارە ڕانییە [دارا، ڕانییە]

دەبوو بشڵێم لە ڕێژەی (بژاردن، سپاردن، هەناردن)دا کە هەموو دەستوورین تەنها

فیعلی (خواردن) ڕیزەبەرە کە لە تایبەتدا دەبێتە (دەخۆم) نەک (دەخوێرم) وەک ئەوانی سەروو دەبنە (دەبڕێرم، دەسپێرم، دەهەنێرم، دەنێرم).

ئەم لادانە ناچارییە لە ئەسڵی بابەتی موناقەشە بەتیازی کڵەبەرگرتن و سوودی خوێنەر بوو کە هەموو دەم هەڵی خوێندنەوەی بابەتی ئەوتۆیی چەنگ ناکەوێت.

ڕاستییەکەی، مەبەستی من ئەوە نەبوو لە هەموو ئەو شوێنانەی گوتارەکە بدوێم کە بەلامەوە تێبینی هەڵدەگرێت، ئێستاش مەبەستم نییە هەر ئەبێ لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

یەکەمیان ئەوەیە کە نووسینەکەم بەجۆرێکی وەرسکەر درێژ دەخایەنێ. دووەمیان ئەوەیە بەشی هەرە زۆری ئەو بیروڕایانەی لە نووسەرە ڕووسەکان وەرگیراوە ئەوەندە کەمبڕشت و سەرەتایین هی ئەوە نین جارێکی دیکەش خەڵق بەخۆیەوە خەریک بکات. شتێکی کە بەشێلحاحەوە خۆی لێ کردم بەناماڵجی یەکەمی شەرحدان و ڕوونکردنەوە لەم نووسینەمدا دوو بیروڕای ئا. ن. گڵۆزدیێڤ بوون کە لە بەرەو کۆتایی لاپەڕە ٧٩دا ژمارەی ٤، ٥ی بەراوێزەکانیان دراوەتێ. چی لێرەدا کارمان پێیدایە شەش دێری دوایی پەرەگرافەکەیە کە دابڕینیان لە زنجیرەی بابەت خەڵەلێکیان بێ ناگەیەنێت. ئەوەتا دەقی دێرەکان

[وێکچوونیش لە نێوان ئەو دەستەواژانەی «ڕێزمان»یان تێدایە وەک «یاسای ڕێزمانی»: «دەستووری ڕێزمانی»: دیاردەی ڕێزمانی» ئەوە دەگەیەنن کە: یەکەم – «ئەوەی دەکەوێتە پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانەوە، بوونێکی مەوزووعیی هەیە». دووەم – دامەزراندنی زانستی زمان بۆ ئەو ڕێژە مەوزووعییانەی لە زمانەکەوە هەڵدەهێنجرێن، ئەو ڕێژانەش دەشێ ڕاست بن و دەشێ هەڵە بن].

لە پێشەوە دەبێ بڵێم مامۆستا گۆزدیێف دەبوو خۆپارێزی بکات لەو حوکمە موتڵەقەی کە دەری بڕیوە بەسەر (مەوزووعیبوونی هەرچی دەکەوێتە پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانەوە)، ڕێزمان فەلسەفە و زانستی و بابەتی ئەوتۆیی نییە کە لە خۆوە و بەهێی دەستوورەکانی ناوەکیی خۆی مەوزووعیبوونی کەرەستەی ناهاوێن دەرک بکات: ئایا دەنگی (ی) لەخۆوە هیچ واتایەکی هەیە مەوزووعی و نامەوزووعی بێت؟ کە خرایە دوای (جوان) و (جوانی) پێک هات، ئەم واتایە تەجریدییە لە کام لەرانەوەی (ی)ەکەوە زایەوە؟ ڕەنگە بگوترێ چونکە بەئەسڵ وشەی (جوان) واتایەکی مەوزووعیی

هەیە کەرەستەیەکی کە پێشیەوە دەبەسترێت ئەو مەوزووعییەتە وەردەگرێت، تا لێرەشدا واتای مەوزووعییەت لە عەینی تێکبەستن و بەستنەکەوە چرۆ ناکات وەك خونچە لە بنە گوڵەوە یەکسەر چرۆ دەکات: ئەوەی تەجریدەکە لەو (ی)ەوە دەخوڵقێنێ نەك ڕێزمان نییە و بەس بگرە (زمان)یش نییە بەڵکو هۆش و مەنتیقی مرۆیە، خواز و ئیرادەی مرۆیە کە دەبینین لە دەریای ئەفسانانەدا مرۆ بەلای وڕێنەی وەهادا چووە یەك زەرە مەوزووعییەت و مەنتیقی تێدا نییە کەچی هەموو وڕێنەکان بەپێی یاساکانی ڕێزمان ڕێکوپێکن و عەیبیان لێ ناگیرێ. مامۆستا گلوزدیێف ویستوویەتی یارسەنگێکی قسە بێ لەنگەرەکەی بەوەدا بداتەوە کە لە کۆتایی رایەکەیدا دەڵێ: «ئەو ڕێژانەش دەشێ ڕاست بن و دەشێ هەڵە بن» بەڵام پێوەی دیارەکە بەرەو قووڵایی مەسەلەکەدا نەچووە چونکە نە چارەیەکی مەوزووعیەتەبوونی هەڵەی کردووە و نەزانیوەتی (یان بەبیریدا نەهاتووە) هەڵە پێوەندیی بەڕێزمانەوە نییە و نە بۆ شتێکی دیکەی زێدە گرینگیش چووە لەم ڕایەیدا کە (هەڵە) تاکە شێوەی بێژۆکی ناهاوتنی نادروست نییە چونکە بەلای کەمەوە بە سێ شێوە بێژۆك هەن لە ناهاوتندا کە ئەگەر بەکێشانە و پێوانەی (ڕێزمان) هەڵسەنگێندرێن ڕاست و دروست دەردەچن:

شێوە بیـژۆکـی یـەکـەم هـەڵـەیـە.

شێوەی دووەم درۆیــــــــــــــە.

شێوەی سێیەم قسەی بێ واتایە.

شێوەی چوارەم قسەی بێ واتای ڕێزمانە کە ئەمەیان جودایە لەوان.

شێوەیەکی دیکەش هەیە کە وەك وڕێنە جودایە لەو سێ شێوە بێژۆکەی باس کران ئەویش قسەی واتاداری ڕێزمان چرووك. شێوەی دوایین کە ئەویش نایەتە حیسابی ئەم نووسینەوە قسەی بێ واتای بێ ڕێزمانە.

ڕێزمان دەتوانێ لەلای خۆیەوە بەدەنگ بێت لە یەکێك بڵێ (ئێمە خواردتان) بەڵام هیچی پێ ناکرێ لەگەڵ درۆ و هەڵە و قسەی ڕێزمانیی بێ واتادا: ئەم بێ دەسەلاتییە سروشتییەی ڕێزمان وەك بێ دەسەلاتیی (باغەوانی)یە لە ئاست بارانی ناوەختدا. بابایەك بەپێی دەستووراتی ڕێزمان دەڵێ: برووسکە بلێسەی هەناسەی دێوە. یاخود گاڵتەبازێك دەڵێ: لە بازاڕ شووتی ڕاوی پۆلیسێکی نا. یەکێکی دیکە گوتی: هەتا لای بەهار سەرجەمی پەپوولە لە توێکڵی فیزیابەدەر ئەڕێوی دەسمیت و هیچ، مەگەر

لایلایە چاری مەسەلەی سۆماڵی پێوە بلکێت. تا ئەم ڕستانە هەڵەی ڕێزمانییان تێدا نییە و ڕێزمانیش ناتوانێ لێیان بەدەنگ بێت چ جایی ئەوەی کە خاوەن ڕێزمانەکە خۆی ئەزانێ ئایا قسەیەکی دەبیبیەت ڕاستە یان هەڵە یان درۆ.

مرۆڤ، لە ڕێی کاریگەری هۆشەوە کە ئالەتی تێگەیشتن و (تصور) و بیردۆزی و هەڵسەنگاندن و ڕاستگۆیی و درۆزنی و بەهەڵەداچوون و نیشانە پێکانیەتی. بەناچاری و لە شێوەی حەتمیدا مەخلوقێکی (زاتی)یە و لە هەموو جیهانی زانراو و هەست پێکراودا تاکی خۆی نییە بۆ (زاتیبوون) تەنانەت (مەوزووعیەت)یشی لە زاتەکەیەوە دەزێتەوە، لە پێش هەموانەوە (زانست)ەکانی کە لە سەرەتادا هەمووی گەلالەیەکی پڕ هەڵە بووە، بەلام مرۆڤ بەڕاستی داناوە وەک کە باوەڕی وەها بوو سروشت بریتییە لە چوار عنصر: ئاو، خاک، هەوا، ئاگر دواتر دەرچوو هیچیان (عنصر) نین.

زانستی ئاسمانناسی وەهای دەزانی ئاسمان بەدەوری زەویدا دەخولێتەوە: دەرچوو (ئاسمان) هەر لە بەینێدا نییە. خولاسە زانستی کۆن لە هەر مەیدانێک بووبێت هەر نەبێ لە چەند ڕوویەکەوە هەڵەی تێدا بووە، هەندێکیشی سەرتاپای هەڵە بوو کەچی بە(زانست) حیساب دەکرا، دەشبوو وەها بێ چونکە ڕێی دیکە نەبوو بەرەو بۆچوونێکی ڕاستتر بڕوات. ئێستاش دینداری حەق و ڕەق هەیە ئەگەر دەستی بڕوات ئاسمانگەردی بەسەر زاناکانیدا دەتەپێنێ. ئێمە کە دەڵێین (مەوزووعی و زاتی) زۆر... ، ئەوەمان لە بیر دەچێت کە مەوزووعییەت لە هەر شتێکدا بێت، بەپێی بڕیار و تێگەیشتنی مرۆیە. هەر بۆیەیە یەکێک مەوزووعیەت لە بوتپەرستیدا دەبینێت و یەکێکیش لە ئیلحاددا. ڕێزمان بگرە بە نموونە دەبینی هەر کۆمەڵێک لە زمانناسەکان باوەڕی بەرامبەرێک هەیە جودایە لە ڕاوەی دراوسێکەی. هەمووشیان خۆ بەمەوزووعی دەزانن. دە هەزار دین و هەزاران مەزهەبی هونەری و سیاسی و ئابووری و فەلسەفی و کۆمەلایەتی و هەزاران هەزار چەژنی ئەدەبی و هەستی جوانی و پێوانەی داد و ئەریت و نازانم چی ئەو میلیۆنەها مرۆیە بەشەڕ دەهێنێت و بەزۆریش خۆیان لەسەر حەق دەزانن واتە گۆیا مەوزووعین. تێیاندا هەیە پسپۆرە لە دۆشینی مەرگەلی مەڕ خۆی بەگۆل لە قەڵەم دەدات و قۆچەڕەن بەسەر دیواری لای ڕاستەی دەرگەی ماڵییەوە چەسپ دەکات، بەلام مسڵمان و هیندۆس کە لەسەر کەونە پەرستگەیەک سەدەها کەس لە یەکتر دەکوژن چۆناوچۆنی مەوزووعین. ئەوانەی ڕاناویان پەسەند کرد بەزاراوە و پێشگری کاریان

بەناوەوە لکاندە لە کوێوە مەوزووعین؟ ئینجا ئەگەر لەلاپەرە ٧٩دا قسەیەکی گڤۆزدێیڤ بخوێنینەوە کە دەڵێ: (یەکەم – ئەوەی دەکەوێتە پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانەوە بوونێکی مەوزووعیی هەیە) چارت نییە دەبێ لێی بێ دەنگ بیت و بڵێیت ئەم ڕایە دەبوو پتر بەلای (وشە)دا بچێتەوە، چونکە لەوانەیە وشەیەکی وەک (بەرد) هەر ئەو واتایەی هەبێ کە (حجر)ی عەرەبی هەیەتی، بەڵام دەشێ لە ڕووی ڕێزمانەوە (ئەحمەد ڕۆیشت) جودا بێ لە (أحمد ذهب) چونکە ڕستە عەرەبییەکە (مبتدأ وخبر)ە نەک (فاعل وفعل). دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین وشەی (حجر، بەرد)یش ج حیسابێکی بۆ ئەرکیی فیزیایی مادەکە نەکردووە کە لەوانەیە زۆر لەوانەی بەبەردی دەزانین بەپێی تەکوینیان لێکتر جودا بن. بەهەمەحاڵ ج بەردە، ج تاوێر، ج حجر، ج صخر، ج Stone. هەرچی وشەی وەک ئەوانیش هەن لە مادەکەوە دەنگی ئەداوەتەوە بۆ بەرگوێی بیسەر وەک کە گڤەگڤی با لە ناو گیا و گۆڵدا بەبێ تەدەخولی مرۆ پەیدا دەبێ هەرچەند ناوێکی هەبێ یان نەبێ. هەرچی وشەکانن مرۆ کرد زاتییە. لە نووسینی کۆنمدا گوتوومە لەوانەی پێوەندیی (خالقیة و مخلوقیة)یان بەمرۆڤەوە هەیە هیچ شتێك بەقەدەر (ئاخافتن) مەخلوقی بەشەر نییە: منداڵ کە لە دایك و باوك پەیدا دەبێ لەشەکەی مادییە. هەروەهاش هەرچی دروستکراوی مادیی بەشەر هەیە قاڵبەکەیان مەخلوقی سروشتە کەچی (وشە ڕستە) هەمووی هەر هی بەشەرە. لەوەوە پەیدا دەبن، بەخوازی ئەو دەبن، ئەو هەڵەیان تێدا دەکات. زمان پتر ماڵی مرۆیە لە بەرهەمی هونەری کە مەهارەتی مرۆ لە مادەدا دەردەخەن چونکە لەوانەیە بەدرێژایی ڕۆژ وتووێژی دەروونی لەگەڵ خۆیدا بکات کە لزوومی بە (هەوا)ش نییە دەنگەکە بگەیەنێ، وەیا بینووسێت. خولاسە: وشە، ڕستە، زمان عەبدی مرۆیە پتر لە هەموو دروستکراوەکانی. هەر لەو نووسینەدا گوتبووم، زانینی ئەو هۆیەی دەروونی کە وەهای لە کورد کرد نەدانی پێناسین پاش بیەخێت و عەرەب و ئینگلیزیشی بەوە ڕاهێنا کە پێش وشەی بیەخن پتر لە دەروونی مرۆمان شارەزا دەکات لەوەی بزانین ورگی مرۆ چۆناوچۆنی خۆراك هەزم دەکات چونکە مەڕ و بزنیش خۆراك هەزم و دەکەن بەڵام قسە ناکەن.

زمان خۆی، زانستی زمانیشی لەگەڵدا بێ، لایەنی (ذاتیە)تی لێ ناسڕێتەوە وەها بەڕەهایی و سەراوی کە لە ڕایەکەی گڤۆزدێیڤدا دەربڕدراوە: وشە کە (أسناد)ی تێدا نییە و خۆی (تجرید)ی ئەو شتەیە وشەکەی بەسەردا بڕاوە ئیتر خواوڕاستان یا نیشانەی پێکاوە یا لێی بەهەڵەدا چووە وەک کە بەشێنی یان دەڵێ (ئاسمان) و

دەپەرستێت و لێی خەرج دەکات کەچی دەشێیە و نەیانە و نەبەرزە و نەهیچە مەگەر ئەو وەهمەی لە خەیاڵی مرۆڤدا بۆ ئاسمان ساز دراوە بە(مەوزووعی) حیساب بکەین. هەرچی وشەیەکی سەر بەوەهم و ئەفسانەوە بێت ئەویش هەر ورێنەی (زات)ی مرۆڤە فرێ بەسەر مەوزووعیەتەوە نییە. کە حاڵی گەلێك وشەی بێ دەنگ و دەور ئەو نامەوزووعییە بێت دەبێ (ڕستە) کە پتر لە وشە بەلای تەجریدا دەچێتەوە و (اسناد)یشی تێدایە بەرەو هەڵە و درۆی دەباتەوە و ئامرازی وەهای تێدایە بەتەنهایی هەر واتای نییە و شێوەی دەنگ و ڕەنگی مرۆڤ کە بەشێك نین لە ئاخاوتن و دەوریان هەیە لە تەکوینیدا، ئایا کە حاڵی ڕستە ئەمە بێت چەندی مەوزووعی دەردەچێت و چەندی وەهم و فیشاڵ ورێنە و هەڵە و درۆ؟ بەڵێ دەزانین شتێك هەیە تا بڵێی گرینگە (ئاخاوتن)ی ناو لێ نراوە، بەلام بڕیاردان لەسەر مەوزووعیبوونی ئاخاوتن بەو شکڵە موتڵەقەی گفۆزدنیف خۆی لێ بێ خەم کردووە شتێکە بەپەرییەوە هەیە بەشکڵی موتڵەقی لە ڕاستی دوور بێت چونکە هەر لە وشەی سادەوە هەتا سەرلەبەری ئاخاوتنەکە بەڕلست و درۆیەوە ئەندێشەی مرۆیە. لە هۆش و گۆشی مرۆوە نەك لە (فڕین، برژان، کوشتن)ەوە ڕیژە (فڕێ، دەفڕێ، بفڕێ، دەیکوشت، فڕێ بابە.) پەیدا بووە. ئەگەر هاتبایە مرۆ بەداخوازیی (فڕین، تواندەوە، مردن) ڕیژەی بۆ حاڵەتی جوداجودایان دانابایە لەوانە بوو هەر جارە بۆ حاڵەتی هەریەك لەو سێ کارانە ڕیژەیەکی سەربەخۆی هێنابایە وەك کە بۆ سێ مادەی لێکتر جودا (بەرد، گۆشت، خەنجەر)ی ڕۆنا، لەوانە بوو بڵێ (فڕێ)، ئینجا لە ئایندەدا بڵێ: (کەشەت)، بۆ فەرمانیش (تق). هەروەها بۆ هەر کارێکی دیکەی بەخەیاڵدا بێت هەمان ڕەفتار بکات نەك ڕێزمان و دەستووری گشتی بەسەرکەوە دابهێنێت و دەقی (وشە) بکاتە دەسکەلا و هەر جارە بەپێی زەمان و حاڵ ڕیژەیەکی لەبار بدۆزێتەوە کە لە ئاخییەوە، لە هۆشییەوە هەڵدەقووڵێت نەك لە هەڵڕژانی ئاو و شەقەی باڵی کۆترەوە. ئەو کە کۆتر و ئاو و عەلیشیش و بزن و چنار و پەپوولە...ی دێت نەهات بۆ هەرچی ڕوومکە وشەی لێك نزیك دابنێت. بۆ مەلیش وەهای نەکرد.

هۆیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی دەروونیی مرۆ کە لزوومی نەدیت بەیەکیان بڵێ (کۆترە) و بەهی لەو گەورەتر بڵێ (کۆترەمە) و هی بچووکتریش (کترە). بێ لزومییەکەش لەوەوە دێت کە ئەو مەلانە وەکو (ڕووخاندی، دەڕووخێنێ، بڕووخێنە..) نین یەکیان لەوی دیکە بکەوێتەوە. دوای هەزاران ساڵ مرۆ هات (وشتر، مەڕ،

گاجووت)ی خستە بەر دەستووری (کاویژکەر). گورگ و پشیلە و کەمتاری ناونا (گۆشتخۆر) وەیا (هەمەخۆر) بەتەواوی وەك ئەوەی کە دوای هەزاران ساڵ دەستوورانی ڕەسمی لە ڕێی پسپۆڕی زمانەوە بۆ ڕێزمان هەڵێنجرا، ئاخێوەرەکە ئەگەر نەیخوێندبێ تا ئێستاش نازانێ ڕێزمان چییە. ئاخێوەر بەسەلیقە لە ماوەی چەندین هەزار ساڵدا بێ مامۆستا کەوتە سەر بارێك ڕابردوو لە داهاتوو جودا بکاتەوە و تاك لە کۆ هەڵاوێرێ، نا ئەم مامڵەتە هی زاتە نەك مەوزووع، بەڵام زاتێکی گەیشتبێتە پلەی هەستکردن بەداخوازیی حاڵەتی بابەت. ئەو لە زووێکەوە زانیویەتی دوێنێ ئەمڕۆ نییە و سبەینێ نییە بەڵام کاتێکی زۆری ویستووە، هەتا بۆ دوێنێ بڵێ ڕۆیی و بۆ ئێستا و دواتریش بڵێ دەڕوات. مامۆستا پسپۆڕەکانی لکە جوداکانی زانست لە ئاست عەلیشێش و ئاو و نەوت و خوێ...دا ئەو کارەیان کرد کە ئاخێوەر لەگەڵ (ڕۆیی، دەڕوا، بڕۆ)دا کردی تا ئەوەی لە زانستی کیمیا مادەکان بەرەمز و هێما دەناسرێنەوە، ڕەمزەکەش هی لێزانانە، هەر پیتێکی هێما بۆ تایبەتییەتێکی مادەکە دەکات... کۆمپیوتەر لە خۆوە نازانێ ئەو ڕەمزانە دابنێت و لە جیاتی لێزانیان بەسەر مادەکانیاندا بسەپێنێ. کاتێك پسپۆڕی کۆمپیوتەر بۆ ئەو کارە ئالەتێکی دروست کرد ئەوسا ئەو ئالەتەکە هەزار جار لە پسپۆڕەکە خێراتر و ڕاستر کار دەکات.

لەو نووسینە کۆنانەمدا [لەوانە دوو ئاڵقەی گوتارێك بوون لە ڕۆژنامەی (الدستور)ی عەممان، ساڵی ١٩٧٨، بڵاو کرانەوە] بۆ ڕوونکردنەوەی دەوری دڵخوازی مرۆ لە واتای وشە نموونەیەکم هێناوەتەوە بەوەدا کە تۆ گوتت (دارا بەتەمایە کیژی پاشا بخوازێت) منیش بڵێم (نەرێ) و تیازیشم بەدوور زانینی کارەکە بێت، ئا لەم (نەرێ)یەدا مەنتیقی ئاخاوتن کە بە ئەسڵ لە مەنتیقی هۆشەوە زەنەی کردووە، ڕێی بەو تەعبیرە بردووە کە لە شکڵی نیجابیدا سەلبیەت بەدەستەوە بدات بڕوا دەکەم، گەلێك وشەی بێ سەروبەری وەك (بلریاقۆ) لەخۆوە بێ سازدانی دوور ئەندێشانە بەسەر زارێکدا هاتووە کە هیچ وشەیەکی حازربەدەستی بۆ ئەو واتایە نەدۆزیوەتەوە ئیتر ئەم وشە ناقۆڵایەی بۆ کەسی شەخسێك ڕەوا دیتوە کەوا ئەهۆشی تەواوە و ئەلەشی دروستە و نەرمفتاری نادەمانەیە.

زۆر شلك بووم، گوێم لە قسەی مەلاکانی مزگەوتی نزیك ماڵی خۆمانەوە بوو دەیانگوت باباپەکی عەرەب بەر لە ١٠٠ ساڵ دەیگوت لە لەرەی وشەی زمانی بێگانەوە بۆ واتاکەی دەچم، ئیتر وشەیەکی ڕۆمییان لێ کرد بەتاقیکردنەوەی داواکەی ئەویش

گوتی هەستی ڕەقایەتیی تێدا دەکەم، دەرچوو وشەکە بەرد یان ئاسن بوو ئەم قسەیە لەگەڵمدا ژیا تا گەیشتمە تەمەنێك لەگەڵ خۆمدا گوتم. ئەگەر لەڕەی وشە ئەو واتا ڕاگەیەنە بێت ئەدی چۆن لە کوردیدا (ڕەق) سەختە و لە عەرەبیشدا (رق، برق...) ناسکی و نەرمایی دەبەخشێت.

هەرچی سەر بەمرۆڤە هەمووی هەر زاتە چەنداوەکو پشێوی لەگەڵ بابەت بڕوات. ئەگەر لە جیهانی مرۆڤ کۆمەیوتەر زمان و ئاین و عەیارەی نرخاندنی دانابایە لە هەموو و جیهانی مرۆڤدا یەك زمان و یەك ئاین و یەك جۆرە پێوانە دەبوو، چونکە کۆمپیوتەر زاتی نییە تێکەڵ بەبابەت بێت. تۆ سەیرکە لەو دەستوورانەی پێیان دەگوترێ (پێزمان) چەند ڕێزپەر هەیە ئەرکی بەزیادەوەمان لێ دەستێنێت لە چاو یاسای دەستووری. لە پێزمان ڕاگوێزە بۆ کێشەی نێوان میللەتان و بەدڵی نارامەوە تۆژینەوەی تێدا بکە دەبینی بەشی هەرە زۆری لەسەر باوەڕ و بۆچوونی جوداوازەوە نەك لەسەر بەرژەوەندیی جوداوازەوە هەڵستاوە. جوداوازیی ئایدیۆلۆجیا کە کاری دەروونە و پێوەندیی بەنان و ماستەوە نییە چ لە سیاسەت و چ لە عەقیدە، ناکۆکیی نەبەدی دەمێنێتەوە مەگەر ئایدیۆلۆجیاکە لەبەر یەك هەڵوەشێتەوە. شەڕی هاچپەرستەکان چەند سەد ساڵی دەوام کرد؟ بەهەمەحاڵ باوەش پێداگرتن بەدووری (زات) لە سەروبەری کۆمەڵایەتی بەهەموو لایەنەکانییەوە شتێکە سەرەتای هەیە نەك کۆتایی.

من لەو درێژەپێدانە کە ئەگەر پڕ بەپێستی بابەت بوایە گەلێك درێژخایەنتر دەبوو، ئەوەم مەبەستە سەرنجی هەموو مرۆیەکی (زماندۆست) بۆ لایەنی زیندەگرینگی دەوری دەروونی مرۆ لە پێزمان و غەیری پێزماندا ڕابکێشم چونکە هەرچی زانست و هونەر و داد و ستەم و... و... هەیە لە مرۆڤەوە هەڵقووڵیوە. هەتا ئەو هەڵقووڵینەش بەلای نەفسانە هەڵە و درۆدا بچێتەوە پتر ڕەنگی (زاتی) وەردەگرێت چونکە (بابەت) نازانێ درۆ و هەڵە و نەفسانە هەڵبەستێت. ئینجا کە سەیری دامەنی لاپەڕە ۷۹ بکەیت دەبینی د. مارف ڕایەکی ڕاست و دروستی لە گلۆزدیپێفەوە وەرگرتووە کە دەڵێ وشەسازی و ڕستەسازی چەندێکیش خاوەنی کەرەستە و مەبەستی خۆی بێت، پێوەندیی هەمەجۆر لە نێوانیاندا هەر دەمێنێت. ڕایەکە زۆر دروستە. هێندە هەیە حەزم دەکرد ئەم (پێوەندیی هەمەجۆر)ە لە شکڵی مەتڵدا نەمێنێتەوە و پێدراباوە بەو سەرچاوەیەی کە زەنەی لێ کردووە، وا دەزانم هەر چونکە سەرچاوەکە بەناچاری و حەتمی ویژدانی

مرۆیە نەك بڕیاری بابەت بەسەر ویژدانی مرۆڤدا [کە ئاشێ لە وەهم و خەیاڵیشدا ئەو بڕیارە هەبێت] مامۆستا گڤۆزدیێڤ نەیوویستووە کاریگەرێکی (ناڕێزمانی- نامەوزووعی) تێکەڵ بەپێکهاتن و دەوری وشە و ڕستە بکات یاخود بەلایەوە ناجۆر بووە تێوەرێخ بخاتە نووسینەوە بۆ دیارکردنی خوازی مرۆ لە کاریگەربوونی وشە و ڕستە و ئاواز و فۆنێم... و.. و...د. من ئەمە دەسەلمێنم بەمەرجێك نووسەر لە سەرەتاوە دەوری بێ بڕانەوەی مرۆ لە بەگەڕهاتنی ماکەکانی ئاخاوتن ڕوون بکاتەوە. بەداخەوە منیش لێرە بەپێشەوە نەکەوتمە سەر بارێك وەیا هەلی تەواوم دەست نەکەوتووە باسی دەوری یەکسەر و ڕاستەوخۆی مرۆ لە زمان و ڕێزمان و زانست و عەقیدە و چاکە و خراپەی کۆمەلایەتی... بکەم و بەپێی قەناعەتی خۆم ڕوونی بکەمەوە هەرچەند لە تێکڕای نووسینەکانم ئەم لایەنەم پێوە دیارە.

ڕاستییەکەی کە دێین دەڵێین فلانە وشە سادەیە دەبێ بڵێین لە قاڵبی ئێستاکەیدا بەسادە حیساب دەکرێت وەك کە دەڵێین وشەی (تەمەرپەمەن) بریتییە لە (ئەنگرە + مەینو) بەواتای (ئەندێشەی بەدی) لە فۆرمی ئێستاکەیدا بەسادە ڕۆیشتووە یاخود (قارەمان) کە لە واتای پاڵەوان بەکار دێت وشەیەکی لێکدراوە بەواتای (کارزان). هەروەها فلانە پێشگر سەربەخۆ واتا بەدەستەوە نادات لەوانەیە سەهوو بین، وەك پێشگری (وەر) لە وشەی (وەرکەوتن، وەرچەرخان...هتد)دا لە (ڤەر- ڤەریتەن) بەواتای (سوور- سووڕان)ەوە هاتووە و لە کوردیدا بووەتە (گەڕان) و لە فارسیشدا بووەتە (گەردیدەن) و پێشگرەکە هەمان سووڕی تێدایە. دەشێ بزانین دەنگی (ڤ) بە(گ) دەگۆڕێت وەك کە (ڤیشتاسپ) بووەتە (گیشتاسپ) یاخود (ڤەرکە) بۆتە گورگ. وشەی (بەهەشت) لە (ڤەهیشتە) بەواتای (چاکترین) هاتووە کە لە ئینگلیزیدا بۆتە (best) وشەکە بریتییە لە (ڤەهـ) بەواتای چاك لە فارسیدا (بە- بەهـ)ە و لە (یشتە) بەواتای (ترین)ی ئەدانی سیفەتی باڵا وا دەزانم هەر (ڤەهیشتە)یە لە کوردیدا بووەتە (باش) و دواتر لە بیران چووەتەوە کە خۆی (چاکترین)ە ئیتر سیفەتی باڵای لێ پێك هاتووە پاڵیەوە: وشەکە لە ئەسڵدا (ئافەنت) بووە خولاسە چی لە زماندا بەکار دێت و بەش بەش دەکرێت بەکار و ناو و سادە و ناسادە و ئامراز... و هتد دەبێ بڵێین لە زمانی سەردەمدا وەهایە. ئینجا ئەگەر فۆرمی ئێستاکەیان بەنووسین لە کۆنەوە پارێزرابێت دەبێ بڵێین لەوەتەی دەیانناسین ئەوەن کە باسیان دەکەین.

لە یەك دوو جێگەی لاپەڕە ٨٠، ٨١دا (وشەسازی و ڕستەسازی) هاتووە لە زەمینەی

دەرخستنی دەوریان لە دەربڕینی مەبەست و بیر ڕاستییەکەی دەبێ بگوترێ (وشە و ڕستە) چونکە مرۆڤ بەر لە پەیدابوونی ڕێزمان و مەفهوومی وشەسازی و ڕستەسازی بەهەزاران ساڵ بیری خۆی بەوشە و ڕستە دەربڕیوە، دواتر مامۆستایان هاتن بەمەنتیقی زانست وشەسازی و ڕستەسازییان هێنایە کایەوە وەك ئەوەی کە خەڵك کەڵەکی دروست کرد و لە ئاودا نوقوم نەدەبوو چ ئاگایان لەوە نەبوو لە دواڕۆژدا (ئەرخەمیدس)ێك بنەمای دەستووری سەراوبوونی شتان دەدۆزێتەوە.

بەلای بینینی منەوە ئەو بیروڕایانەی مامۆستا ڕووسەکان کە لە ژمارەی ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١ی بەراوێزەکاندا هاتوون شتی زۆر ساکارن... بێ موجامەلە د. ئاورەحمان لەوان پتر بەقووڵاییی ڕێزماندا چووە، بەلام لە چوارچێوەی بیروڕا تەنگەکانی ئەو زمانناسانەدا تووشی بابەتی وەك هی ئەوان تەنگ دێت بەنموونە، لە نیوەی دووەمی لاپەڕە ٨٣دا هاتووە «تاکە کەرستەیەکی ڕێزمانی دەتوانێ واتای حاڵاتی جیاواز بگەیەنێ» و بۆ ڕوونکردنەوە دوو ڕستەی هێناوە یەکیان (ئێوە هاتن) ئەوی تریان (ئەوان هاتن) کە تێیاندا دەنگی (ن) جارێکیان بۆ کەسی دووەمی کۆ و جارێکیان بۆ کەسی سێیەمی کۆ بەکار هاتووە، تا ئێرەدا دەبێ بزانین کە دەنگی (ن) لە خۆی و چالاکیی خۆیەوە ئەو دوو دەورەی نەبینیوە بەڵکو ئاخێوەری کوردیی ئەم لەهجەیە چ لەبەر نەفەسکورتی بێت و چ لەبەر لێ خۆش هاتن بێت ئەو (ن)ەی بۆ هەردوو حاڵەت بەکار هێنا هەم لە ڕابردووی کاری تێنەپەڕ و هەم لە ئاییندەی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕدا بەلام لە ڕابردووی کاری تێپەڕدا ماڵی ئاوابێ، لێکی جوداکردنەوە و گوتی (خواردتان، خواردیان) لە کرمانجیی سەروودا هەموو کەسەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم یەك فۆرمی بێ ڕاناوی لکاو لە ڕابردووی کاری تێپەڕدا بەکار دەهێنێت. ئینگلیزی یەك فۆرمی هەیە بۆ هەموو کەسەکان و لە هەموو کاتدا جگە لە کەسی سێیەمی کە لەگەڵ کاری ئایندەدا بێت، چ بڵێی (ن)ی (هاتن) دەوری بینیوە لە ڕاگەیاندنی کەسی دووەم و سێیەمدا و چ بڵێی دەنگی (ر) لە وشەی (گەرم، سارد)دا دوو دەوری دژبەیەکتری بینیوە شتێکت گوتووە پێوەندیی بەسروشتی ڕستەسازی و وشەسازییەوە نییە. ئیرادەی مرۆڤ و تێوەڕامانی، قاڵب بۆ وشە و ڕستە دادەنێت و بەدەم ڕۆژگارەوە گۆڕانکاریی تێدا دەکات تا ئەوەی بەهێنی ڕوواڵەتی حاڵ سەر بەهەڵەوە دەمێنێت. لە نموونەی هەڵەی زێنە ڕاگەیێن و بەلیغ ئەم ڕاستییەت دەخەمە بەرچاو. لە بڵباسانم بیستووە کە ویستوویەتی کەسێکی ناسراو و بەرچاو بشکێنێتەوە

گوتوویەتی چ ئەحمەداغا هەن؟ ئەم شکاندنەوەیە کە بەرامبەر دەبوو بەهەڵکشاندن حیساب بکرێت [چونکە «هەن»ی کۆی بۆ کەسی تاک- ئەحمەداغا- بەکار هێناوە] بەڵێ، شکاندنەوەکە بەم تەعبیرە نەبێ زەفەری پێ نابردرێ، زەفەر پێ بردنەکەش لە تەناقوزی نێوان (چ)ی کەم بایەخ و (هەن)ی بایەخدار هاتووە. ڕەنگە لە لەهجەیەکی دیکە یاخود زمانێکی دیکەدا ئاخێوەر جۆرێکی ڕەفتار بکات. زمانی عەرەبی بابێتی نیمچە فەرهەنگۆکێك وشەی هەن پێیان دەڵێن (اضداد) کە هەریەك بەوان دوو واتای دژبەیەکتر ڕادەگەیەنێ، لەوێشدا ئیرادەی ئاخێوەر ئەم کارە سەروبنەی ڕەوا دیتووە

لێرەدا دەبێ بڵێم نیشانەی کۆ (ان) بەئەسڵ (ام) بووە ئەداتی (ان) بەپێوەندیی نێوان کۆتاییی وشە و نیشانەی (ام) هاتووە. دیارە و وردە وردە خەڵقەکە وەڕس بووە لەم (ام)ە و فڕێدراوەتی. ئینجا ئەگەر ئاگاداری بنەمای ڕاستەقینەی زمان نەبین، کە مرۆڤە دەبێ بڵێین کەرەستەی تەعبیر لێرەدا بەمردوویش دەور دەبینێت.

ئەم تێبینییانە بەنیازی فراوانکردنی ئاسۆی تێ ڕوانینە کە پێویستێکی بنجییە لە هەموو مەیدانەکانی ڕۆشنبیریدا چونکە هیچ بابەتێك نییە لەخۆوە بەدەمنگ بێت د. ئاوڕەحمانیش کە بۆتە سەربازێکی ڕێزمانی کوردی پەلەپەتی بایی بۆ لوان مێشکی من و تۆ و یەکێکی دیکە بەسەر ڕوانگەکانی زماندا ڕابشکێنێت. چیمان لێ کەم نابێتەوە لە سنووری دەسەلاتدا مۆمێك بۆ بەرهەنگاوی لەخۆ بووردووەکانی زمان و کەلەپوور و ئەدەبی کوردی و مێژووی کوردی هەڵکەین، تا لەم کولانەوە دەڵێم گۆشەیەکی ڕێزمانمان بەبەرییەوە هەیە قسەی ڕچە بەستووی تێدا هەڵگەڕێتەوە یاخود هەڵوەشێتەوە چی بێ دەڵێین ڕاناو ئەو وشەیە جێگەی ناوێك دەگرێتەوە، لەو تاقمە وشانەی بەڕاناویش ڕۆیشتوون وشەی (کە)یە بە واتای (الذی) عەرەبی. دەزانین (کە) خۆی لە خۆیدا نە ڕەنگ نە سەنگ نە پێناسە و نە هیچ دیارخەرێکی پێوەیە بیخاتە ڕیزی وشەی واتادارەوە هەر بۆیەیشە دەشێ ببێتە ئاوەڵکار وەك لەم ڕستەیەدا: کە هاتیت پێم بڵێ.

هەروەها لەبەر زێدە بێ هێزیی هەبوونی دەشێ ببێتە ئەداتی پێناسە وەك. براکەم، مەزراکە.. دەشبێتە نیمچە ئامرازی مەرج وەك: کە شەکر نیت گوزاڵیش مەبە.. ئایا ئەم تەرزە حاڵەتەی بێ نۆقرەیی و ئەمەییی کە دەشگاتە سنووری تێچوون و سڕانەوە وەك دەڵێین کابرای هاتە لات دارا بوو [لە جیاتی (کە هاتە لات) - گوتیشمان «وەك دەڵێین» لە جیاتی وەك کە دەڵێین] چەندی لە جەزری ڕێزماندا دەمێنێتەوە چەندی لە

بەرھەڵاییدا؟ دەزانم ڕێ ناگیرێ لە کەسێکی بیەوێت وەڵام ساز بدات بۆ پرسیارەکە و لە هەریەک لەو حاڵەتانەدا بەپەسەندی باری بێ ئۆتۆرەیی و ئەمەییوی وشەکە ڕاست بکاتەوە، بەڵام هێندە لە پرسیارەکە دەمێنێتەوە تێوەرامانێکی وردتری تێدا بکرێت بۆ پەیداکردنی حاڵەتێکی ڕێزمانی ئەوتۆ لزووم ئەمێڵێ بۆ پاڵهێشتێکی سازدراو باڵای لەرزۆکی وشەکە ڕاست بگرێت. دەبێ ئەوەت هێندەی لێ نەتەکێنێتەوە وەک فۆنێمێکی عابەتیی لێ بێت بەتایبەتی کە یەک لە حاڵەتەکانی ئەوە بێت بەڕاناو دابندرێت. هەڵبەت من لێرەدا مەبەستم نییە ڕێزمان ناهوود بکەم: دەمەوێ، ئەگەر بلوێ، کەلەبەرەکانی بگیرێن وەیاخود بنەماکانی مەحکەمتر بن. تۆ بڵێی ڕێم نەبێ لەبەر تیشکی شلۆکی (کە)ی ڕاناو حیسابێکی ڕێزمانی [نەک وشەسازی] بۆ پریپۆزیشنی (لێ، تێ، پێ، بۆ) بکەم کە بەشدار دەبن لە گۆڕینی سروشتی فیعلی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ؟ وشەکانی (لێ بوونەوە، تێ گەیشتن، پێ گەیشتن، بۆچوون) چییان تێدایە لە فەیعل (کار)یان دەکات؟ (لێ و تێ) گۆڕاوی پریپۆزیشنی (لە)ن، (پێ)ش هی (بە)یەکە دەزانین (بە) بارتەقای (بۆ)یە لە سیفەتی پریپۆزیشنیدا کەچی پتر لە (بۆ) واتای فیعل ئەرمو تێپەڕی دەبات. هەروەهاش (لە) کە دەبێتە (لێ، تێ). ئینجا کە ئێمە دێین (کە) بەڕاناو دادەنێین لە حاڵەتێکدا چ خزمایەتیی نییە لەگەڵ (من، تۆ... ئەوان... ئێمە)دا بۆچی (لێ، تێ، پێ)ش نەخرێتە ژێر سەرناوێکەوە بابەخێکی لێیان دەوەشێتەوە بۆیان تێ بخوێنێتەوە؟ وشەی (تێ) لەگەڵ کاری (گەڕان)دا جارێکیان (تێ گەڕان) و جارێکیان (تێدا گەڕان) دروست دەکات بەدوو واتای لێکتر جوداوە. (تێ گەڕان)یش تێپەڕترە لە (تێداچوون) داوای وەڵام دەکات لەوەدا کە لەم فۆرمەیدا (پێ چوون) هەر لەگەڵ ناوەڵکاردا دەڕوات (پێداچوون)یش لەگەڵ ناو، هەرچی (پێ چوون) بەواتای (پێ مردن)ە بەتەواوی لەوان جودایە و لایەنی تێپەڕبوونی پێوە دیار نابێت:

دوو ڕۆژم پـێ چـوو هـەتـا هـاتمەوە
کـوێرەڕێ بـوو ئـێوەی پـێدا چـوون
زەهری نۆشی و پێ چوو (واتە: مرد)

دەگەڕێمە بۆ تێبینییەکی کردم لەوەدا بابەتی پەراوێزەکانی ژمارە ٧،٨،٩،١٠،١١ زۆر ساکارە. هەمان ساکاری لە بابەتی پەراوێز ١٢، ١٣شدا دەدیترێ کە بیروڕای ئا. نی. گزلانۆف و ئا. نی. سامەرنیتسکی دەڵێتەوە. بیروڕاکان درێژەکێشانی مەزموونی پەراوێز بازدەیە کە قسە لەم دۆکوولێڵ وەردەگرێت و بەتێکڕایی خەریکی ئەوەن کە

دەشێ وشەیەکی دیاریکراو لەوانە بێ لە تەک واتای سەرەکیی سەربەخۆیدا چەند واتایێکی تەواوکەری دی هەبێ، نموونەی ڕوونکردنەوەش لە کۆکردنی وشەوە دەهێنین وەك: باخان، شاران، بیاوان، دەڕۆن، دەنووسن، دەفرۆشن . کە واتایان بۆ تاکە وشە نییە بەڵکو بۆ گرووپی گەورە گەورەی وشەیە.

ئەم بیروڕایە دەست دەدات بۆ قوتابیی پۆلی چوار و پێنجی سەرەتایی بەدەرس بگوترێتەوە بەڵام لەو هێندە ڕوونکردنەوەیەی کە ئەو سێ زمانزانە ڕووسە پێمانی دەبەخشن، جگە لە کەمبایەخی، لێڵی و ناتەواویشی هەیە لایەنێکی گرینگی بابەت تەماوی دەکات ئەگەر ئەڵێم دەیشارێتەوە.

ئەگەر هاتبایە ئەم نموونانە هەرچی وشەی وەك خۆیان هەن لە زمانەکاندا یاخود لە تاکە زمانێکدا بگرێتەوە دەشیا لێی بێدەنگ بین و بڵێین دەستوورێکە هەمەگیر و خۆی سەپاندووە بەسەر ئیرادەی ئاخێوەردا. بەڵام حاڵەتەکە وەها نییە نە لە تاکە زمان و نە لە هەموو زمانەکاندا. لە ئاست تاکە زماندا کوردی دەکەینە عەیارە: دەڵێین: مێگەل هات، لەشکر ڕۆیی.

مێگەل و لەشکر (گرووپی گەورە گەورەی مەڕ و مرۆڤن) کەچی لەسەربنایی تاکبوونی وشەکەوە (گرووپ)مان تێ نەخوێندەوە و ڕێژەی تاکمان بۆ کاری (هات) بەکار هێنا لە جیاتی (هاتن). ئەگەر بمانگوتبایە (هاتن) ئەوسا کارەکە بۆ گرووپی گەورە گەورەی (مێگەل) واتە بۆ (مێگەلان) دەچووەوە هەرچەندە وشەکە خۆی لە خۆیدا تاکە. با لە مێگەل و لەشکر واز بهێنین کە هەریەکەیان (گرووپ) بەدەستەوە دەدەن و بەخەی وشەی تاکی ئاسایی بگرین. دەڵێین: کچ هاتن. کوڕ نەهاتن مەبەستیشمان ئەوەیە بڵێین گرووپی ئەوەی کچی پێ دەگوترێ و کوڕی پێ دەگوترێ هات یاخود نەهات. فۆلکلۆر دەڵێ:

هەوران کرنە گوڵە گوڵ مێکانیلا ئەتۆش دەی
تووتن و ماشان بڕشێنە دەبا تۆش بێتە سەر دەی
ڕۆمی ئەوا پەیا بوون کوتوپەخانان دەکەن تەی

ئاخێوەر هات (هەوران)ی کردەما هەیە زۆرینەی تاك و (کرد)ی بۆ بەکار هێنا نەك (کردیان). دواتر (ڕۆمی) کە وشەکەی بۆ تاکە خستییە جێی (کۆ) و (بوون، دەکەن)ی بۆ بەکار هێنا. ڕۆمی چونکە بەڕاست دەگەڕێ لە (گرووپی گەورە گەورەی کەسان)، شیا

بەکۆ حیساب بکرێت.

بەرێکەوت لە زمانی کوردیدا فۆرمی (کوڕان، کچان، هەوران...) بۆ کۆیە بەدەگمەن نەبێ کوڕینە، کچینە، براینە.. زمانی دیکە هەن ڕێژەی دەستووری و ڕێژەی ڕیزبەری هەیە بۆ (گرووپی گەورە گەورە). لەمانە عەرەبی: (عالمون، عالمین)ی هەیە کەچی (علماء)ی هەیە بەهەمان واتا. زۆربەی زۆری وشەکانی عەرەبی کە بۆ غەیری مرۆڤ بەکار بێت لە ڕێژە و فۆرمی ڕیزبەردا (کۆ) دەکرێنەوە لە نموونەدا (حمیر) کۆی (حمار، حمارین) بەخەیاڵدا بێت. فۆرمی (جمع مؤنث سالم) وەك: عالمات، ساحرات.. بۆ غەیری مرۆڤیش ڕۆیشتووە و دەگوترێ (شجرات باسقات).. لە ئینگلیزیدا بۆ کۆکردنەوەی دەستووری دەنگی (s – س) دەخرێتە کۆتایی وشەوە بەڵام ڕێژەی ڕیزبەری بۆ گەلێك وشە هەیە وەك:

Geese Goose - childrer child دەبێ بزانین ئەو واتایەی لە کۆی دەستووری بەدڵدا دێت و تاك تاکی گرووپی بابەتەکە خەست دەکاتەوە غەیری ئەو واتایەیە لە کۆی ڕیزبەردا جلوە دەبەستی. کە بڵێین: (عالمون) چ لە تەسەوردا چ وەك کاریگەرێکی ڕێزمانی بێت جودایە لە (علماء)، هەرچی (عالمون)ە وەك کاریش داوای بەرکار دەکات (نحن عالمون امورا وراء الستار) بەواتای (نحن نعلم) هاتووە و ناتوانیت بڵێیت (نحن علماء امورا).

لە ئینگلیزیدا کۆکردنەوەی بەهۆی (S س) بەڕوونی تاك تاکی شتە کۆکراوەکە لە مێشکدا جلوەبەست دەکات وەك dogs, cats, stones... بەڵام لە children دا دڵ بۆ هەموو منداڵەکان (ئێکرا و بەیەکەوە) دەچێت. ئێمە نازانین بۆچی هێندە وشە بەڕیزبەری نەبێ کۆ ناکرێتەوە وەك man کە ناکرێت و هەر menی هەیە بۆ کۆ بەڵام ئەم ڕاستییە کار ناکاتە سەر بابەتی لێ دووانمان تەنانەت زمانی کوردی لە زۆر باردا پێی کۆکردنی وشەی ئێمەچە کوێر کردووەتەوە، لە نموونەدا دەڵێم ناگوترێ: بەردان ڕەقن. لەم باردا هەر دەبێ بڵێین: بەرد ڕەقە. تومەز مجێزی کورد بۆ ئەوە چووە گەوا مانەم مەبەست دەربڕینی حەقیقەتێکە پێویست بەڕێژەی کۆ ناکا، ئەما ئەگەر مەبەست چەند بەردێکی دیاریکراو بوو ئەوسا (بەردەکان ڕەقن، دریژن، زلن) دەست دەدات و (بەرد ڕەقە و بەردان ڕەقن) هەر چێ نابێتەوە لە ئینگلیزیدا stones are hard (بەردان ڕەقن) بەهاوتای ڕۆیشتووە وەك ئەوەیە گوتبێتت the stone is hard. بەڵام کە گوتت the stones are hard ئەوسا مەبەستت کۆمەڵە بەردێکی دیاریکراو دەبێت

مەگەر بارێکی تایبەتی حەقیقەتی مەبەست بوو بێت نەک ژمارە لە عەرەبی الحجر صلب، الاحجار صلبة، الاحجار صلبات. بەهەموو لایەکدا و بۆ هەموو مەبەستێك دەست دەدەن. لە نموونەدا (وقودها الناس والحجارة) فەرقی نییە لەگەڵ (وقودها ناس وحجارە).. هتد. خولاسە هەر ڕێزمانە تەعبیر لە خواستی ناخیوەری زمانێك دەداتەوە نەك لە داخوازی بابەت، یاخود بڵێین چۆنیەتیی تەفاعولی خواز و هۆشی ناخیوەر لەگەڵ بابەتدا بڕیار لە چۆنیەتیی ڕێزمان دەدات. کە ئەم ڕاستییە بەبێهەیەمان زانی و لێمان بوو بە زانیارێکی سەرەتایی لزووم نامێنێ هەموو دەم دووپاتی بکەینەوە مەگەر لەباری پێویستدا، وەك کە دەزانین ئەرز لە سووڕانەوەی بەدەوری خۆیدا شەو و ڕۆژ پەیدا دەکات پێویست نامێنێ کۆمە بکەین لەوەدا بڵێین: ڕۆژهەڵات. بەر لەوەی خەڵقەکە سووڕانەوەی زەوی بیستبێت وای دەزانی بەڕاستی ڕۆژ لەخۆوە هەڵدێت.. بەڕاست. زمان هەیە زۆربەی ناوی مرۆ بەڕسته دەهێنێتەوە نەك بەتاکه وشە- له وێدا پێویسته تەعریفی ناو لە ناست مرۆڤدا جوداێ لەچاو هی تێکڕای شتان زۆر بەسەیری، زمانی کوردی کە دیتمان لە هەندێ باردا کۆکردنەوە بێ لزووم دادەنێت، حەز بەوە دەکات (ان)ی کۆکردن بکاتە هۆی بەرچاوبوونی کەسانێك دەوری بەرچاویان بردبێت وەك کە لە نێوان گەلێك عەشیرەتدا دەڵێن: فاتم و شێلانان ناگرەکەیان کوژاندەوە. یاخود لە چیرۆکدا دەگوترێ: برایمی مەلا زێندینان. وا بزانم ئەو (ان)ە تەنها بەدوا ناودا دێت کە بوونە سێ و چوار بەکار نایەت، وەك بڵێی زۆربوونی ژمارەی کەسان لە کارێکدا خۆی دەهێنێتە ئەنجامدەری کارەکە نەك بەرچاوبوونی چالاکیی دوو کەس. دەهێنێتەوە بڵێین ئەم نیازەی دەرخستنی گرنگی، ئەمەت بۆ تاکە کەسیش ئەداتی کۆ بەکار بهێنێت چونکە بەرامبەر پاراستنی لایەنی ڕێزمان کە ناپەڵێ بە (ئەحمەد) بگوترێ (ئەحمەدان) ڕێی نەداوە گرنگیی کارەکە لە ڕێژەی (کۆ)دا دەربهەخێت. لەم بارەدا جۆری دەربڕینی ناوی کەسەکە نیازی گرنگی، بەگەورەگرتن، گلەیی، بێ ئەهمیەتی، تووڕەیی، ڕادەگەیەنێت کە هیچی بەند نییە بەڕێزمانەوە.

دوای بەجێهێشتنی چەندین شوێنی شیاوی لێکۆڵینەوە، لە لاپەڕە ۸۳ هەر لە دێری سێیەمەوە هەتا بەرەو کۆتاییی دێری بازدەمینییەوە کە بەژمارەی پەراوێز ۱٦ تەواو دەبێ بۆ ئێرە ڕادەگوێزم چونکە ناتوانم بێ ئەو ڕاگوێستنە مەبەستی ئۆ دێری ماسکراو بەئاسانی بیەخەمە بەر زەینی خوێنەر.

«لە لێکۆڵینەوەی حاڵاتی ڕێزمانیدا، هەندێ لە نووسەران ڕووی واتا ڕەچاو دەکەن. لەم بارەدا حاڵاتی ڕێزمانی دەشێ وا دیاری بکرێ، کە وەك تایبەتێتیی زمان، دەربڕینی مانای ڕێزمانی لە کەرەستەی ڕێزمانیی زمانەوە وەردەگیرێ. نووسەرانی دی لە کەرەستەی ڕێزمانییەوە دەڕوانن. لەم بارەدا دەکرێ حاڵاتی ڕێزمانی وەك یەکگرتنی کەرەستەی ڕێزمانی بۆ یارمەتی دەربڕینی واتایێکی ڕێزمانیی ناسراو تەماشا بکرێ. بەو پێیە کە کەرەستەی ڕێزمانی بۆ مەبەستی گەیاندنی واتایە، خاسیەتی حاڵاتی ڕێزمانی لە واتاکانیەوە دەست پێ دەکات. بێ ڕەچاوکردنی واتا تەنانەت ناتوانرێ ئەوە بچەسپێنرێ، کە خاوەنی کەرەستەیێکی ڕێزمانیی ناسراوە». لە بەراوێز ژمارە ١٦ بەرووراکان بۆ ئی. ئۆ کۆستینسکایا و ف. ئی کارداشێڤسکی بردراوەتەوە. بەدوا ناوەکانیشدا نووسراوە، ڕێزمانی فرەنسی، چاپی حەوتەم، مۆسکۆ ١٩٧٣.

دەبێ بڵێم دەقەکە تێم ناگەیەنێ دەستەواژەی (خاوەنی کەرەستەیێکی ڕێزمانیی ناسراو) لە کۆتاییی قسەکاندا چ دەگرێتەوە. لە خۆمەوە دەڵێم ڕەنگە مەبەست (زمان) خۆی بێت کە بێ ڕەچاوکردنی واتا نابێتە خاوەن کەرەستەی ڕێزمانی. ئەم گرفتە بچووك بوو، بەڵام گرفتی گەورەتر لەبەرچاو و بۆچوونی مندا ئەوەیە کە ئەو نووسەرانەی دەڵێن (دەربڕینی مانای ڕێزمانی لە کەرەستەی ڕێزمانیی زمانەوە وەردەگیرێ) ئەوان بێ (لە کەرەستەی ڕێزمانییەوە دەڕوانن) نەك ڕووی واتا ڕەچاو دەکەن، بەپێچەوانەوە دەبوو بەشی دووەمی نووسەران کە دەڵێن (حاڵاتی ڕێزمانی لە واتاکانیەوە دەست پێ دەکات، بێ ڕەچاوکردنی واتا.. هتد) خۆیان بێ ڕووی واتا ڕەچاو دەکەن. من ناتوانم گومان لە دروستیی تەرجەمەی د. ئاورەحمان بکەم، لەگەڵ ئەمەشدا کە مەسەلەکە بەئاڵۆزی دێتە بەرچاوم سەرلەبەری قسەکان، بەهەر لایەکدا بکەوێت، (بەپێی تەسەورم لە سروشتی زمان) ڕێنوونیەتی هەڵە و دوور لە حەقیقەت بەمەنتق ڕادەگەیەنن. کە دەڵێ (دەربڕینی مانای ڕێزمانی لە کەرەستەی ڕێزمانیی ڕێزمانی) کە مەبەست لێی دروستبوونی پێکهێنانی ڕستەکەیە بەپێی دەستووراتی ڕێزمانی زمان، ئەما (مانای ڕێزمانی) وەك (ناوی دەستووری) هیچ کامێکیان واتای دروست نابەخشن چونکە نە مانا ڕێزمانییە نە ناویش دەستوورییە. کە دەڵێین (چۆلەکە تووتن دەهێنێ) ڕستەیەکی ڕێزمانیی دروستمان بەکار هێناوە، بەتەواوی

وەك جاران دەیانگوت (جنۆكە هۆی مانگگیران و ڕۆژگیرانن) ڕستەی ڕێزمانییان بەكار دەهێنا واشیان دەزانی قسەكە ڕاستە. خۆ ئەگەر بابایەك تووتنی نەدیبێت، ئەویش وەك مەسەلەی جنۆكە و مانگگیرانەكە پێی گوترا (تووتن شایی دەكات) باوەڕی بەقسەكە دەكرد.

چەندێكی لەو قسانەی سەرەوە ڕادەمێنم ناتوانم بچمە سەر ئەو ڕێبازەی كە دەیەوێ كەرەستەی ڕێزمانی و واتاكەی لێك بترازێنێ و بەدوو شتی جودایان حیساب بكات چونكە بەراستەن وشە و واتاكەی یەك شتن. كە دەڵێم (من) بێ ئەوەی لزووم بەگوتن بكات لەخۆوە ئاشكرایە تاكێكە كە لە ڕێزماندا زاراوەی (كەسی یەكەمی تاك)ی بۆ دانراوە: لەم زاراوەیەدا نەتاكایەتی نە یەكەمی لەلاوە بەزەكات و سەدەقە بۆ وشەكە نەهاتووە، خۆ ئەگەر قسەكەر (كچ) بێ لەوێشدا (مێیینەیی) بۆ نەخوازراپەوە.. ئەگەر منداڵ بێ دیارە چارێ باڵغ نەبووە، نەباڵغی بەدیاری بۆ وشەكە نەهاتووە ئەگەر جایەز بێ (من) جارێكیان قسەكەر بێت و جارێكیشیان تاك بێت، خۆ هەرچی وشە هەیە لە زماندا جارێكیان وشەیە و جارێكیشیان ئەو شتەیە بۆی دانراوە. ئینجا دەبێ بەپێی داخوازیی حاڵ جارێكیان مێ بێت یان تاك بێت یان كۆ بێت.. هتد. دەبێ بڵێین وشەی (من) كە ڕاناوی پێ دەڵێن (قسەكەری تاكە) نەك (قسەكەریتە و تاكیشە) چونكە لە ناچارییەوە نەبێ، كە تەعبیر كورت دەهێنێ، (من) هەر ئەو كەسە سەرلەبەرەیە كە ئادەمیزاد بەر لە هەزاران ساڵ بێ تێخوێندنەوەی ژمارە و یەكەمی و دووەمی بۆ دەلالەتكردن لە خودی خۆی بەكاری هێناوە، ئیتر پاش هەزاران ساڵ پسپۆڕی زمان پەیدا بوون و كەوتنە سەر شیتەڵكردنی (ئاخاوتن) و تاك و كۆیان لێك جودا كردەوە كە بە ئەسڵیش هەر جودا بوون بەڵام ئادەمیزادی كۆن ئەهات وشە و واتاكەی لێك بترازێنێ. هەروەك كە گوتی (ئاو) مەبەستی ئەو شتە شلە بوو دەیناسین، بێ ئەوەی شیتەڵ بكرێ بۆ ئۆكسجین و هایدرۆجین كە كیمیادان بەڕەهایی دەیكات، هەروەهاش چی پێی دەڵێین كەرەستەی ڕێزمانی وەیا وشەی فەرهەنگی (بوونەوەری سەرلەبەر)ن كە جەسەر لە نێوان خۆیان و واتا و ژمارە و زایەند و ئایندە و ڕابردوو... و... و یان نییە زمانزان بۆ تێگەیاندن ئاخاوتن پەل پەل دەكات بەڵام ئاشێ هەرگیز لە كارەكەی خۆی بەسەهو بچێت و بیهێنێتە ئەو قەسابەی بەرخ پەل پەل دەكات و گیانی لەبەر دەبڕێت. گۆشتەی پەلپەلكراو نە بەرخە ئەبزێتە نە مریشك، كۆنە گیاندارێكی لێك هەڵوەشاوی بێ گیانە نەدەخوات و نەزیاد دەكات و نەدەزێت... گوتەیەكی (لینین)م خوێندووەتەوە [وا

بزانم لە چلەکاندا] زۆر زانایانە عوزر دەهێنێتەوە بۆ خوێنەر لەوەدا کە ناچارە لەبەر خاتری تێگەیاندن بابەتی قسە لێکردن بڕبڕ دەکات کە لە زاتی خۆیدا بێ برگە و چەمسەرە. هەروەها بەباشی لە بیرمە ئەو هەڵبڕینەوە و کەرتکردنە بە(فصل میتافیزیکی) دادەنێ، لەو نۆ دێڕانەی سەرەوەدا دێر و نیوێکی دوایینی کە دەڵێ: بێ ڕەچاوکردنی واتا تەنانەت ناتوانرێ.. هتد لێك ترازاندنی وشە و واتا دەگاتە پلەی گەپ بەهۆکردن. کە واتا لە نێواندا تەنها مرۆ خۆی لە مرۆیەتی دەکەوێت چ جایی کەرستەی ڕێزمانی. دوای ژمارە ١٦ی کۆتایی ئەو نۆ دێرە د. ناورەحمان بەتەنیدی ئەو دوو نووسەرە دەڵێ: (بێ تێگەیشتن لە مانای وشە ناتوانرێ بڕیار بدرێ کە ئەو دەنگە ناسراوە [مەبەست (ێ)ی کچێیە) کەرەستەی ڕێزمانییە یان نا) ڕاستییەکەی ئەمە ئەنکاوێکە لە پاشاوی ئەو نۆ دێرە ئەگینا نەك دەنگی (ێ) بەدوا (کچێ)وە، خۆ سەرلەبەری زمانێك کە نەیزانیت هەمووی لە مەتەڵ داخراوترە. ئەدەبوو لە بواری ڕێزمانەوە بگەینە قۆناغێك کە (واتا)ش بەبەشێکی کەرەستەی ڕێزمان حیساب بکرێت واتا خۆی کە بەرهەمی هۆشە بنەمای زمانە نەك هەر ڕێزمان، چ جایی کەرەستەی ڕێزمان، پێشتریش گوتم ڕێزمان ناتوانێ هەڵەی واتایی بدۆزێتەوە وەك کە هەڵەی ڕێزمانیی بێ دەدۆزرێتەوە زۆربەی مەتەڵ لەلایەن واتاوە شێواویی تێدایە، هەر بۆیەش مەتەڵە، کەچی دەستووراتی ڕێزمانیی تەواوە وەك کە دەڵێ: داری شەکراوێ پێنج لکان ڕاداوێ سێ لەبەر سێبەرێ دوو لەبەر هەتاوێ. مەبەستیشی نوێژە، خۆ دەزانین شەکراو درەختی نییە بەڵام لەبەر چەژی دیندار شیا نوێژ بەداری شەکراو بچوێندرێت. لێرەدا فەندی مەتەڵ لەسەر ڕێزمان حیساب ناکرێت بەڵام دەقی مەتەڵ دێتە چەغزی ڕێزمانەوە

لە پاش ٩ دێرەکە د. ناورەحمان بەدەم نموونەی (کچێ)وە دەگاتە وشەی (هەرمێ، بێ، جێ).. کە لەواندا دەنگی (ێ) هەیە جودایە لە هی (کچێ) لە هەڵەی چاپدا لە جیاتی ئەوەی بنووسرێ ئەو (ێ)ی هەرمێ و هەڤاڵەکانی (کۆتایی وشەن).. نووسراوە (کۆتایی وشە نین).. دوای ئەمە یەکسەر دەگەینە نموونەی تێپەڕکردنی کار. تا لێرەدا یەك دوو تێبینی و بەسەرگرتنەوە هەیە. لە (مردن، مراندن)دا تێبینییەك ئەوەیە کە کاری (مردن) تەنها کارێکە هاتبێتە بەرچاو و زەینم کە تێنەپەڕ بێت و بەدەنگی (د) کۆتایی هاتبێت، هەرچی تێنەپەڕی دیکە هەیە (د)ەکەی نەماوە ڕاستییەکەی دەبێ بڵێم هەموو ئەو کارە کوردییانەی کە کۆتاییەکەی (د) بوو بێت و بەر لەو (د)ەش

دەنگێکی بزوێنی درێژ هەبوویێت ئەو (د)ەی قرتاوە، ئیتر کارەکە تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ، قرتانەکەت بەبەراوردکردن لەگەڵ کاری بەهەمان واتا لە فارسیدا دەردەکەوێ وەك لەم نموونانەدا دەدیترێ:

دان	دادن
فەرموون	فرمودن
بڕین	بریدن
گەڕان	گردیدن
چوون	شُدن
دزین	دزدیدن

کاری (مان) خۆی لە ئەسڵدا (ماندن) بووە بەبەڵگەی ئەوەی کە لە ئایندەدا دەبێتە (دەمێنێ) نەك (دەمێ). وشەی (ماندوو)ش لەو (ماندن)ەوە ماوەتەوە. ئەوەی یارمەتیی پەیدابوونی (مان)ی داوە بریتییە لەو (ن)ە کە جێگەی (ن)ی چاوگی گرتووەتەوە. دەنگی (ت) لە بەرایی (ن)ی چاوگدا نەقرتاوە وەك: کەوتن، پشکووتن، نووستن، بیستن، سرەوتن، هاتن... هەرچی کاری تێپەڕە لە غەیری ئەو جۆرە باسکراوەدا دەنگی (د، ت)یان ماوە وەك: گرتن، بەستن، پاڵاوتن، داشتن، سپاردن، ناردن، کردن، بردن...

تێبینیی دووەم لە کاری (مردن) ئەوەیە کە تێپەڕەکەی (مراندن) دەبوو(مرداندن) بێت: دیارە لەبەر قورسی داڵی یەکەمی سواوە.

لە ئاست (بران، بردن) کە گوایا یەکەمیان تێنەپەڕ و دووەمیان تێپەڕەکەیەتی، ڕاستییەکەی (بران) ڕێژەی کارا نادیاری (بردن)ە و تا ئێستاش (بردرا) بەسەر زارانەوە زیندووە. (برا) بەزۆری لە سلێمانی و لە دەوروبەری بەکار دێت. هەرچی (کرا)یە کە کارا نادیارە هەمەگیرە مەگەر چۆناوچۆنی دەنا ناگوترێ (کردرا). هەرچەند خۆم گوێبیستی بووم بەڵام بێگومان لە ڕێی سەرنجی خۆیشمەوە دەزانم هەمیشە لە کزبووندا بووە. دەگوترێ (کردم و کراندم) بۆ موبالەغە، لێرەدا (کرداندم)ە لێی سواوە نەك ڕێژەی کارا نادیارە چونکە هەرگیز نەبیستراوە گوترابێ: کوژراندم، بیستراندم، دیتراندم.

دواتر کە لە کێشەی (هاتن – نیوە هاتن) و (هاتن –تەواو هاتن) بووینەوە دەگەینە

(ان)ی نیشانەی کۆ و (ان)ی کۆتاییی هەندێ وشەی وەك (زستان، ڕان). کە گۆیا ئەو (ان)ە هەر جارە دەورێك دەبینێت ڕاستییەکەی (ان)ی کۆکردن و (ان)ی نیشانەی جێگە، کە لە فارسی بەتەواتی نیسبەتی دادەنێ لە وشەی وەك (سپاهان - ئیسفەهان - کرمان)... لە کوردیشدا (خوران، حاجی ئۆمەران، کڵەکان)... تا ئەم دوو (ان)ە چ خزمایەتییان لە نێواندا نییە. خۆ دەتوانین (ان) لە ناو توێژی وشەشدا بدۆزینەوە نەك هەر لە کۆتاییدا وەك: بەهانە، شانە، مانگ... لە نموونەی ڕوونکردنەوەدا دەڵێم لە وشەکانی: مردن، کردن، بردن...دا ئەو (رد)ە ناچنە ژێر سایەبانێکەوە وەك کە (ن)ەکە لە هەمووانیدا دەچێتە ژێر زاراوەی (نوونی چاوگ). ئەگەر (ر) بێت و ئەگەر (گ) و ئەگەر هەر دەنگێکی دیکەی ناهاوتن بێت بێ ئەوەی وشە بکات بەخزمی یەکتر بەشدار دەبێت لە پێکهێنانی هەزاران وشە هەروەهاش جووتە دەنگی وەك (ان) یاخود (شت) یا (ست). لە وشەی وەك، گەشت، شت، بست، مەست، ماست، گاوان، زیندان، خرچان... ئەو (ان)ەی کۆتاییی سێ وشەی دوایین هیچ پێناسەی نییە وەك (ان)ی کۆ و (ان)ی ڕاگەیەنی جێگە هەیبوو... لە (نیشتمان)دا (مان) دەلالەتی جێگەی هەیە کە وشەکە دەکاتە (جێگەی لێ دانیشتن یاخود نیشتن). لە ئاست وشەی (سەیران)دا دەبێ بڵێین خۆی کۆی (سەیرە)ە وەك کە بڵێی: دەچینە گەمان... لە زۆر دێی دەشتی کۆیە دەڵێن، گەمانان دەکەن، دووانان، سیپانان باوە بەڵام چی دی تێ هەڵناکشێن، ناگوترێ چواران.

وشەی (مانگ) لە ئاڤێستادا (ماونگهە) بووە وا بزانم کوڕێکی زەردەشت پیان خزمێکی ناوی (مەدیو ماونگهە) بووە بەواتای (ناوەندی مانگ) بەبۆنەی ئەوەی لە ١٥ی مانگی کە ئێستا پێی دەڵێن مانگی عەرەبی هاتووەتە دنیاوە ئەم (مەدیو)یە لە ئینگلیزی سەردەم middle mid ماوە وەك کە دەڵێن mid summer ناوەندی هاوین.

چی دی لەسەر تێبینی و ڕوونکردنەوە ناڕۆم، تەنها لە ئاست ئەو هەڵدانەوە زیاد لە لزووم و خۆراییەی کە لە کۆتاییی گوتارەکەدا بەخشراوە بە ئا. مایییە بەرانبەر بەدبەییەکی کە بایی سنیەکی بگرە دەیەکی ڕوونکردنەوەی مەبەست ناکات لەوەدا کە گوتوویەتی «بەراورد تاکە وەسیلەی ڕێخۆشکەری ئۆژمرە بۆ بیناکردنی مێژووی زمان»، دەڵێم دەبوو لەو مەیدانە بەرینەی گوتارەکەدا د. ئاوڕەحمان بەپێی هەڵکەوت ناوی نووسەرێکی غەیری ڕووسی هێنابایە [جگە لە شەخسی خۆی کە لە بەراوێزەکانی ژمارە ١٨، ١٩، ٢٠دا ناوی هاتووە]. ویستم بزانم چی وەرگرتووە لە ذوالنوری فارسی

کە لە فەقەرە (د)ی پەراوێزی ژمارە ٢٦دا پەنجەی بۆ ڕاکێشراوە: ئەم پەراوێزە: لە لاپەڕە ٨٩ی گۆڤاردا بەهەڵە ٢٧ نووسراوە. هەر بۆیەشیە دوایین پەراوێزە کە لە جەدوەلی سەرچاوەکاندا ژمارە ٢٧ی پێ دراوە. لە بەرەو کۆتاییی لاپەڕە ٨٩دا ژمارەی ٢٨ی وەرگرتووە بەهەمەحاڵ نووسینەکەی (ذوالنور) و هی سێ نووسەرەکەی دیکەی ڕووس کە لەو پەراوێزەدا ناویان نووسراوە مەهلەو کۆنن، ڕەنگە هی نوێتر هەبێ لەوان تێ پەڕیبێت بەلام قسەکەمان هەر لە سنووری نیهتیمالدا دەمێنێت تا بەڕوونی بەزانین ئەو ڕێز لێگیراوانە چییان گوتووە.

د. ئاورەحمان کە لە بەرەو کۆتاییی گوتارەکەیدا دەڵێ «منیش لەبەر ڕووناکیی ئەم بیرە وردەدا... بەپێی توانا هەندێ بەراوردی مێژوویم کردووە و ئەگەر کەڵکێکی ببێ، خۆ بەبەختەوەر دەزانم» خۆ نووسەرانی کورد هەبوون بەر لەم ڕۆژگارەی ساڵی ١٩٩٢ کنەیەکیان کردبێت لەو بوارەدا کەوا ڕەنگە بۆچوونی قووڵتری تێدا بێت. لەو چەند نموونەی بێ خەوشی کۆتاییی وتارەکە. مامۆستا وەهبی نووسینی بایەخداری هەیە ڕێنموونیی توێژەرەوە دەکەن، چاوێکیش بە (لسان الکرد و بەشی سێیەمی زاراوەسازیی پێوانە)دا بگەڕێت، کە یەکەمیان لە ١٩٨٧ و دووەمیان لە ١٩٨٨دا بڵاو کراوەتەوە. نموونەی وردبێوی و وردبینیی مناسیبیان تێدا دەدیترێت. نووسەرانی دیکەش هەن لە کورد هەوڵێکی بەراوردکارییان لە مەیدانی زمان دابێت. دەبارە، کوردی گوتەنی، تالع و بەخت بۆی هەیە کە تەنها ئا. مایییە بەو چەند وشەی نیوەڕاستییەوە بوو بەهاندەری زمانناسێکی لێهاتووی وەکو د. ئاورەحمان کە بایەخ بە بەراوردکردن بدات، کە دەڵێم (نیوەڕاست) لەوەوەیە تاکە وەسیلەی ڕێخۆشکەری هەڵنانی مێژوویی زمان نییە تەنها نموونەیەکیش کە لێرەدا بەکافی بزانم ئەوەیە کە زۆرجاران (هۆشی ون دەروون – عقل باطن) بێ ئاگا لەخۆبوونی خاوەنەکەی گرێکوێرەی ئەوتۆ دەکاتەوە، چ لە زمان و چ لە مەیدانێکی دیکەی زانست بێت، لە حاڵەتی ئاگا لەخۆبووندا زەفەری پێ ناوبردرێت، بەپێی ئەوەی نووسینەکەی ئا. مایییە لە ساڵی ١٩٥٤ دەرچووە کە ئەوسا جارێ ڕووسیا لە سایەی ستالینیزمدا دەژیا، هەرچەند مردووش بوو، گرتنەبەری ڕێی هۆشی ون کارێکی بۆرجوازییانە بوو... لەمەش بترازێ، من بەش بەحاڵی خۆم (بەراوردکردن، هەڵێنجان، بەسەرداکەوتن و هەرچی شێواز و ڕێبازی زانین و دۆزینەوە هەیە) هەمووی لە یەک سەرچاوە هەڵدەقووڵێن ئەویش هۆشی مرۆیە. لێکدانەوەی ڕووت و بەراوردکاریی پێچەڵپێچ کە بەسەرمای زەقەوە خۆ دەگرێ

تەواوکەری یەکترن. زۆرجارانیش (بەراورد) لە تاریکایی هەندێ کێشەی زمان تێ مر ناکات. لە نموونەدا بەڵێم وشەی ئاوێتەی (ترمنیتە نوونە) کە بووەتە (فەرەیدوون) و بە واتای ماری سێ سەر کوژ هاتووە وشەی (نیتە) تێدا (سەر)ی کوردی و فارسییەکە لە هیچ کامێکیان نزیك نییە کەچی لەگەڵ headی ئینگلیزی و tetی فرەنسەیی خزمە. تا ئێرەدا بەراوردکردن ئامانگەیەنێتە ئەو لێك دابڕانەی (سەر)ی کورد لە (نیتە)ی کۆنی ئاڤێستا و خزمبوونی tet, head لەگەڵیدا... توژینەوەی بەرفرەوان رێگایەکی بەرینە، بەراوردکردن بەهەکێك لە رێچە و باریکە رێگەکانی حیساب دەکرێت.

گوتارەکەی د. نەسرین فەخری لە ژێر سەرناوی (وەستانێك لە عاستی هەردوو فرمانی (بوون) و (هەبوون) و (هە) و (هی)دا – لێکۆڵینەوە و بەراوردی] هەر لە لاپەرە ١٥٩ تا لاپەرە ١٨١ی گۆڤارەکەی پڕ کردووەتەوە. بێ ئەوەی بچمە ناو پانایی و درێژایی ئەو ریزەوهۆنی جەدوەلی بێ کۆتاییی نموونەکانی گوتارەکە کە زۆر بەدڵخەوە چ قووڵاییەکیان نەداوەتە رووپێوی باسەکە، هەرئەوەندەیان لەبارەوە دەڵێم کەوا لە بری شیتەڵکردن و پەردە هەڵگرتن لەسەر نهێنییەکی رێزمانی تەنهاندا بێت دێن بەناوی شەرحدان خۆیان دووپات دەکەنەوە وەك لەم نموونەیەدا دەدیترێت کە لە لاپەرە ١٦٦ی گۆڤارەکەدا هاتووە:

بوون

کان – اصبح

بۆ – کاتی رابردوو

١ – رابردووی نزیك

ئەرێ – مثبت – نەرێ – نفي

من بووم – من + بوو + م – من + نە + بوو + م.

تۆ بوویت – تۆ + بوو + یت – تۆ + نە + بوو + یت.

نیتر تا کۆتاییی هەر شەش کەسی تاك و کۆ بەئەرێ و نەرێیەوە.

سەرلەبەری نموونەکانی دیکەی ناو گوتارەکەش لەو بابەتەن یەك ترووسکەی رووناکی ناهاوێژێ بۆ ناو بابەت تا ئەگەر نهێنییەکی رێزمانی و وردی ئەوتۆ هەبێت چاوی قوتابیی پلەی ناوەندی ئەیدیتبێت بۆی روون بێتەوە. ئەگەر ئەمە رێبازی

تێبهەڵکردنی گرێکوێرەی ڕێزمان بێت خۆ هەر چ کەسێکی پەنجەکانی فەلەمیان گرتبێت دەتوانێ کام شیعری سەخت و داخراوتی نای هەیە بەناسانی لێیان دەرباز بێت و بڵێ واتام لێ داتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

جام + ی تاق + ی مەی + کە دەمبشکات + ی قندیل + ی دڵ + ە

شیشەبڕ + قەرقەف لە + ڕەفرەف شاه +ی عالی ڕەفرەف +ە

چەند شیرن دەبوو ئەگەر لە جیاتی ئەو ئەرکە بێ لزوومە وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی ژێرەوە بدرابایەوە کە لە هەڵنانی نموونەکانەوە دێنە بەر زەینی مرۆڤ

بۆچی لەهجەی کوردستانی ژێروو لە نەفیی کاری ڕابردوودا (نە) بەکار دەهێنێت و لە نەفیی ئایندەدا (نا) بەکار دەهێنێت؟

بۆچی ئەداتی نەفی لەگەڵ نیشانەی (دە)ی ئایندەدا کۆ نابنەوە و ناگوترێ: نادەروم، نادەڵێم؟ ئەداتی نەهی لەگەڵ (ب)ی ئەمردا کۆ نابێتەوە و نالێین مەبکە نەبکەیت، نەبکەین؟ تەنضیا (نە)ی نەهی لەگەڵ ئەو (ب)ەدا دێت کە بەواتای nor neither هاتبێت وەك دەڵێین: نەبکەی نەبخۆی تەماشای ئەم دیمەنە جوانانە بکەیت؟ بەهەمەحاڵ من بەتەما نیم لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەو هەموو نموونانە خەریك بم کەوا هەرچی لەگەڵیاندا بکەم سوودێکی تێدا نابینم هێندەی ئەو سوودە بێت کە لە وەڵامی ئەو پرسیارە وەردەگیرێت کە لەم نموونەی خوارەوە دەردەست دەبێت. دەڵێین:

دەتبینم. لێرەدا ڕاناوی کەسی دووەم بەرکار (مفعول) و هی کەسی یەکەم کار (فاعل)ە

دەتدیتم: لەمیاندا ڕاناوی کەسی دووەم کارایە و هی کەسی یەکەم بەرکارە هەرچەند لە جێگەی خۆیاندا ماونەتەوە تەنانەت نیشانەی (دە)ی ئایندەش بەسەر کارەکەوەیە. ئەم مامڵەت گۆڕییە لە چییەوە هاتووە؟ پرسیارەکە بۆ خوێنەر و نووسەر بەجێ دەهێڵم چەند حاڵێك هەیە لە گوتارەکەدا پشتگوێ خراوە بەکورتی، لێیانەوە دەدوێم. لە ئاست نموونەیەکی بەکارهێنانی (بوون) کە لە دێڕی ۲۱ی لاپەڕە ۱٦۸دا بەم شکڵە هاتووە:

نەدەبا بچم = نەبوو بچم (نە + نە) = ئەرێ.

پرسیارەکە هەڵدەستێت و لە گوتارەکەدا ئەسەری نییە. ئێمە دەتوانین بڵێین نە دارا نە براکەی هاتن، ناشتوانین بڵێین. نە دارا نە براکەی نەهاتن.

دەزانین (هیچ کەس) بۆ نەفییە کەچی دەڵێین هیچ کەس نەهات

دەڵێین فلان هیچە. دەشڵێین: فلان هیچ نییە هەردوو ڕستەش یەك واتایان هەیە لە (هیچ کەس)دا هەر ڕێت نییە بڵێیت (هیچ کەس هات).

ئەم (نە + نە)یە بەو شكڵی (مطلق) گەلێك ڕووی زمانی و ڕێزمانیی شاردووەتەوە.

من ئەم نموونانە دەخەمە بەرچاوی خوێنەر و هەموو كەسێكی مەراقی زمانەوانیی هەبێت، بۆ تێوە ڕامان و قووڵ داگرتن و وردبوونەوە...

ڕاستییەكەی، لە سویدەوە كاك حەكیم كاكە وەیس نامەیەكی نووسراوی ڕۆژی ١٦/٢/١٩٩٣ی بۆ ناردووم لەبارەی ئەم (نە + نە)ی بەواتای Nor, Neither وە دەپرسێت كە چۆن دەشێ جارێكیان ئەرێنی ببەخشێن و جارێكیشیان بێ تەئسیر بن؟ لە وەڵامدا بابەتی پێویستیی پرسیارەكە لە كێشەی پرسیارەكە دواوم. بەڵام سەرلەبەری پرسیاری (نە + نە) پتری بەبەرەوە هەیە لەو هێندەی بۆم نووسیوە. ڕەنگە لە دەرفەتدا بۆی بچمەوە. دەبوو د. نەسرین چاوێكیش بەو (نە + نە)یانەدا بگێڕێت كە نابنە (نەرێ) و هۆیەكەشی بدۆزێتەوە. لەبارەی (هەبوون) بەواتای (وجود) و (هەبوون) بەواتای (تملك) كە لە گوتارەكەدا بەیەك ڕیشە داندراون كە بۆ دوو مەبەست بەكار هاتبن. دەڵێم ئەو دوو (هە)یە لە دوو سەرچاوەی جوداوە هاتوون:

بەواتای (موجوود بوون)ە بریتییە لە دوو فیعلی (هە) و (بوون). كەرتی (هە) بەئەسڵی درێژتر بووە لێی سوواوە. لە كوردیدا چونكە نووسین نەبووە دەقی كۆنی بپارێزێت دەستمان لە شتێكی ئەوتۆیی گیر نابێت بیكەینە نموونە بەڵام دەقی كۆنی پەهلەوی هەیە [ئاڤێستا و هەخامەنشیش تێیاندایە] تێمان دەگەیەنێ كە ئەم (هە)یەی هەمان (هست)ی ئێستاكەی فارسییە كە لە وتووێژ و نووسینیشدا دەشێ دەربكەوێت و بشقرتێت، دەڵێین: من آزادم، واتە من ئازادم، دەشڵێین: من آزاد هستم، واتە من ئازادم. لەهجەی كوردیش هەیە لەباری وەهادا لە جیاتی بڵێ: فلان كوردە دەڵێ: فلان كوردەس. لە ئینگلیزی is و لە فرەنسەیی est هەمان (هست)ی باسكراون كە ڕابردووشیان هەیە... لە پەهلەوی بەش ١دا چەند نموونەیەك دەهێنمەوە بابیی ئەوە بكات دەسەلماندن ڕەت بكاتەوە:

لە كارنامەی ئەردەشیری پاپەكان انتشارات دانشگاه تهران ١٤٩٩ شرح و تۆژینەوەی بهرام فرەوشی، لاپەڕە ٢ – ٣دا ئەم ڕستەیەی خوارەوە هەیە، نیهێشت

نیستات بەواتای نووسیبووی.

لەم ڕستەیەدا نیستات estat ڕابردووی فعل الکینونەیە بۆ کەسی سێیەمی تاک. لە لاپەڕە ٦ -٧دا دەخوێنینەوە:

پیرامونی ساسان نیستیند بەواتای. لە نزیک و ڕۆخی ساسانن

لەم ڕستەیەدا فعل الکینونەی حاڵی ئێستاکەیە وەک areی ئینگلیزی بۆ کۆ لە لاپەڕە ١١٢ -١١٣دا دەخوێنینەوە:

نی بریهینیت نیستیت بەواتای. قەزا و قەدەر نییە.

نیستیت فعل الکینونەی حاڵی ئێستاکەیە وەک isی ئینگلیزی بۆ تاکی سێیەم کەس. وەک دەبینیت (نیستات، نیستست). فیعلی یاریدەری (کینونە)یە لەوانەیە لەگەڵ (بوون) و لەگەڵ هەر فیعلێکی دیکەشدا بێت. گوتارەکە (بوون)ی کردووە بەفیعلی یاریدەر کە لەگەڵ (هە)...دا دێت. لە نموونەی کاتی ئێستا (حاضر) ئەم دوو ڕستەیە لە لاپەڕە ٥٥-٥٦ و ٦٨-٦٩ی کارنامە دەخوێنینەوە

نامەت نیستات امدەاست هاتووە
نـامـەت نـیستـەم آمـدە أم هـاتـوە

دەبێ بڵێم وشەی (نیستات) کە تەرجەمە دەکرێت بۆ کوردی، چونکە وشەکەی تێدا فەوتاوە لەگەڵ (است)ی زەمانی حازر تێکەڵ دەبێت. بەتایبەتی کە وشەکە لەگەڵ فیعلدا بێت، فیعلیش خۆی زەمانی تێدا بێ ئیتر دوو زەمان لەگەڵ یەکتردا کۆ دەبنەوە: کە بڵێی (مەرداست) بەتەواوی ئێستا دەگەیەنێ.

بەر لەوەی بچم بۆ (هەبوون - تملك) سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم تێبینییە زۆر گرنگە ڕادەکێشم، لە لاپەڕە ١٧٧ی گۆڤارەکەدا نووسەر ٩ حاڵی سەرەکیی ڕەچاو کردووە بۆ گرینگیی دەوری (بوون) لە پێکهێنانی وشە و ڕاگەیاندنی واتا و مەبەست لە زمانی کوردیدا.

ڕاستییەکەی، ئەو دەورە، لە لایەکەوە تا ڕادەیەک، ئاغڵەب فیعلی کوردی دەبینن، بە نموونە: دەزبوون، ڕزگاربوون، بەربوون کە لە گوتارەکەدا بەبەڵگەی گرنگییەکە هاتووە دەشێ بەم نموونانەی خوارەوە بهووچێنەوە:

دەرکردن، دەردان، دەرهاویشتن، دەرچوون.

دەرخستن، دەربەرین... ڕزگارکردن، ڕزگار پاراستن، ڕزگار کوشتن، ڕزگار هێشتنەوە..

بەردان، بەر هەڵداکردن، بەرماوە، لەبەرچوون، بەرموکەوتن...

دەزانم (ڕزگار) کە سیفەتە پتر لەگەڵ (کردن، بوون)دا دەڕوات، بەڵام لەمەدا خەلەل بە قسەکەم ناگات چونکە سیفەت (مادی)یە. هەروەك ناوی مەعنا لەگەڵ (بوون)دا ناڕوات بەڵکو فیعلی تێپەڕی دەوێت هەروەهاش ئەو فیعلانەی داوای (ناوی واتا) دەکەن بەپێی سروشتیان بۆ (ناوی مادی) بووز ناخۆن.

لەلایەکی دیکەشەوە هانابردنە بەر فیعلی یاریدەر بۆ دروستکردنی واتای نوێ پتر هەژاریی زمان نیشان دەدات لەوەی بەهێزی گەردانکردنەوە وەیا لە ڕێی وشەی سەربەخۆوە مەبەست دەربخرێت.

من کە لە (ترس)ەوە (ترسان - ترسام، ترساندم) پەیدا بکەم گەلێك بەخۆڕایەرموتر دەبم لەوەی بڵێم (ترسم بوو، ترسنۆك بووم، ترسنۆکم کرد)... ئەگەر زمانەکەم وەها ڕەهایێت کە بەئاسایی بڵێم: (ڕەوەندەکانم لە دەشتی بهتوێن نیشتە جێیاند - دەنیشتە جێبینم)، دەچێتە ڕیزی زمانە پێشکەوتووەکانی دنیاکە دەڵێن orienaliztion وشەکە لە (٥) کەرت جۆشی خواردووە کە دەڵێن transubstantion مەیەستیانە بڵێن گەڕانی شەراب و نان لە شەوی (عشاء ربانی)دا بەخوێن لە لەشی مەسیح. بێگومان بێ بەپێی پەرەسەندنی سەقافەت و قووڵبوونەوە و تێ هەڵکشان لە نووسینی ئەدەبی و زانستی، زمانی کوردیش، ماوە دەبڕێت و ماوەشی بڕیوە بەڵام نابێ نەخۆشیی زمان بەئەنسازی دابنێین.

بەهەمەحاڵ (بوون) و (است) دوو فیعلی جودان، لە کوردیدا پەینێکە لەبەر بێ نووسینی، فیعلی (است) کوڵەوار بووە و لە زۆر حاڵدا سوواوە ئەم (هە)یە پاشماوەی (است، هست)ی کۆنینەی زمانەکەمانە کە لە ئاڤێستا و زمانی پەهلەوی و هەخامەنشیدا پاراستراوە، لە فارسیی سەردەمیشدا پاشماوەی بەرچاوی پەیدایە.

لە نموونەکانی لاپەڕە ١٦٥ و ١٦٦دا (بووم بە - دەبم بە - نابم بە) و لە نموونەکانی لاپەڕە ١٧٧یشدا (بوومە - نەبوومە) بەسەریا هاوپشتوون و هەرچی هێزوپێزی تێیاندا هەیە ئەهووی کردوون. ئەم دەربوونەیەی (بردم بە -کردم بە، بوومێ - کردمێ) بەسەرباسێکی سەرەکی و بنجیی ڕێزمانی کوردیدا دەکرێتەوە می

ئەوە ببێە چاو نەبینێت بەڵام وا دیارە عادەتگرتن بەموتڵاکردنی ڕێزمانی کوردی لە کولانەی ڕێزمانی بێگانەوە باسەکەی لێ شاردوونەتەوە هەر چونکە لەو ڕێزمانانەدا باسێکی ئەوتۆیی پەیدا نییە.

ئەم بەکارهێنانەی (بووم بە – بوومە)... لە کتێبۆلکەی (چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی) کە لە ساڵی ١٩٧٦دا بڵاوم کردەوە بەدرێژی قسەی لێ کراوە. لەو تۆژینەوەدا ئەو فیعلانەی وەکو (بوون، کردن) پتر لە جۆرێك بەکارهێنانیان هەیە دابەش دەبن بە ١- فیعلی ئینتیقالی. ٢- ئینتیقالیی پێچەوانە

فیعلی بوون جگە لە شێوەی عادەتی دوو جۆری ئاناسایبیشی هەیە.

دەبم: جۆری ئاسایی

دەبمێ: جۆری ئینتقالی

دەمبێ: جۆری ئینتقالیی پێچەوانە.

ئەم شێوەیەی دواییین کە (دەمبێ)یە ئەگەر بۆ منداڵبوون بێ تێنەپەڕە، ئەگەر بۆ پارە بێت تێپەڕە

چەند فیعلێك لەمانە هەڵدەگرن لەگەڵ (بە) و بێ ئەویش بەکار بێن وەك، کردم بە – گوتم بە – گەیشتم بە – دام بە، کردمە عەمەلە، کردمێ – گوتمە دارا، گوتمێ –گەیشتمە ئاوات، گەیشتمێ – دامە عەلی، دامێ... بەشی هەرە زۆریی فیعلەکان (بە) قبووڵ ناکەن وەك:

نۆڕیمە خانووەکە – چوومە شار – کەوتمە حەوزەکە – بردمە سەربان – خستمە بەستی – هەڵم دایە کۆلان – ڕۆیوومە دزەکە [لێرەدا (بوون) ئەو (بە)یە قبووڵ ناکات] ترنجامە ڕیزیانەوە – خونجامە نوێنەکەم – پەسوامە کەلەبەرەکە – ڕژایە ناو ئاو – خزیمە گۆمەکەوە – هاتیتەماڵەوە – سووڕایە بارێکی دیکەوە – هێنامە ژووری – هەڵمداشتە ناوی زەلم– داتانە پێکەنین – ڕۆیشتمە باخەکە – دڵۆپەکە تکایە قاپەکەوە – هەڵکشامە سەری – پەڕیمە ئەوبەر. ئەمانە ٢١ فیعلن، هەمووشی لە شێوەی ئینتیقالی بەکار هاتوون.

یەك لە سیفەتە سەیرەکانی ئەم شێوەیە لەوەدایە کە ئەگەر فیعلەکە تێنەپەڕ بێت یەك مەفعول داوا دەکات. ئەگەر تێپەڕ بێت دوو مەفعوول:

چوومە هەولێر – گەیشتمە ئامانج – دارام کردە پاڵە – بەردم گرتە چوێلەکە – چاوم بریبە ناوەکە [ئەم فیعلە دەگمەنە] کە مەفعول شرایەوە فیعلەکان (ی) بەخۆیانەوە دەگرن:

دارام کردیٖ نەک ئاراز – درەنگ گەیشتمیٖ..

نالی دەڵێ:

وای فەرموو کە ماچت (نەدەمیٖ) رووڕەشی توو بم
ئەمساڵە بەجێ دێ ئەمەری وەعدەیی یاری

حاجی قادر دەڵێ:

خانەقاکەی کەنەفی ئەمنە ئەدەبخانەیی عام
جێی قەزای حاجەتە عالەم بەزەرووری (دەچنێ)

لە حاڵەتی پێچەوانەییدا فاعیل دەکەوێتە جێگەی مەفعول وەک.

دەمبیٖ، دەمچێ، دەمنێشێ، دەمخوری، دەمهەرژێ (لەهجەی سلێمانی) فیعلی (دزان) لە (دزێو)ەوە هاتووە بەواتای حەز لێنەکردن و پێناخۆشبوون هەر شێوەی پێچەوانەی هەیە، دەڵێی: قسەکەتم زۆر دزا – دارام دەدزێ، دەمدزێ... ئاگوتری: دارا دەدزێم، وەک کە دەڵێی: دارا دەبینم.

فیعلی (ویستن) لە ئاینەدا دەبێتە ئینتیقالیی پێچەوانە. فاعیل تێیدا دەکەوێتە جێگەی مەفعول وەک: دەمەوێ، دەتانەوێ. لێرەدا ڕاناوەکان جێی مەفعولیان پڕ کردووەتەوە بەڵام چونکە فاعیلی ڕاناوی (تان) بەکار هات هەرچەند فیعلەکەش ئاینەدییە. ئەوانەی تازە ڕاهاتووی کوردی دەبن بەزۆری دەڵێن: دەوێم.

وا دەزانم (دەمەوێ – دەتانەوێ) لە (ویستن)ەوە نەهاتووە بەڵکو لە (ئەڤین)ەوە بۆیەیشە بزوێنی (ە) بەدوا ڕاناوەکەدا دێت کە پاشماوەی (ئە)ی (ئەڤین)ە و هەمزەکەی قرتاوە هەرچی (ویستم، ویستت... هتد) لە ویستنەوە هاتووە نەک لە (ئەوێ – ئەڤین) وەک کە (دەڵێم) لە (گوتن)ەوە نەهاتووە. لە فیعلێکی کۆنی کوردیی مردووەوە هاتووە کە ئێستاکە لە زمانی هیندی (سان سکریتی)دا زیندووە.

مامۆستا وەهبی لە کۆنەوە بەکورتی بەسەر ئەم (بووم بە. گەیشتم بە..)یەدا ڕۆیشتووە و هەر بەپێی زاهیری حاڵیش (بە) کەی بە(حرف جر) داناوە [کە لەم شێوەیە

راسته حەرف جره]، هیچ بەلای (انتقالی)... و داخوازیکردنی مفعول ...و...و ئەو لایەنانەدا نەچووم.

(هەبوون) بەواتای (تملك) لە بنەڕەتدا هەرچی بووبێت، جودایە لەو هەبوونەی تازە باس کرا کە دیتمان لە چییەوە هاتووە. بەلای باوەڕی خۆمەوە ئەسڵەکەی (هەڤبوون)ەوە خزمی haveی ئینگلیزی و avoirی فرەنسییە. بەداخەوە شێوە نووسینی کۆنی کوردیمان نییە بۆی بچینەوە کە دەڵێین: هەمە، وەك ئەوەیە بڵێین: کردوومە، کە بڵێین: هەیەتم - هەیتم، ڕێژەی (کردوومتم، خواردووەتم)مان بەکار هێناوە. لە ڕووی ڕێزمانەوە (هەیەتم) پەسەندترە لە (هەیتم) چونکە بزوێنی (ە) لە وشەی (هە)دا کە ئەم (ی)ە داخوازی کرد بۆیە بوو بزوێنی دوای (ی)ەکە بپارێزێت و وشەکە ببێتە (هەیەتم) ئەگینا دەگوترا (هەتم) واتە دەنگی (ت) بەس بوو بۆ ئەوەی (هە) نەبێتە (هەم) و بەفعل الکینونە حیساب بکرێت.

ئەگەر (هەڤ) مابایە ئەوسا لزووم بەو (ی)ە نەدەما و دەگوترا (هەڤەتم) وەك کە گوترا (کردووەتم، خواردووەتم). لەهجە هەیە لەمانەشدا دەڵێ: (کردۆتم، خواردۆتم، چۆتم و هاتۆتمەوە)... بەلام بێگومان (هەیەتم، کردوومتم)... ڕەسەنتر و پەسەندترە، ئەمانەت لە کاری تێنەپەڕدا کە دەڵێین (ئێمە نووستووین) ئەگەر کارەکە تێپەڕ بایە دەمانگوت (ئێمە کردوومانە).

من لێرە بەهێشەوە ئەم بیروڕایەی خۆمم دەربارەی (هەڤ)... بەنووسین بڵاو کردووەتەوە بێ ئەوەی هیچ نموونەیەکی کۆنم لە هیچ سەرچاوەیەك دەست کەوتبێت، هەتا لەو ڕۆژانەی دواییدا کە بۆم ڕێك کەوت کتێبی (فقه اللغه ایرانی) نووسینی ای. م. ارانسکی، وەرگێڕانی بۆ فارسی لەلایەن کەریم کشاورزەوە بخوێنمەوە و خۆشبەختانە لە لاپەڕە ٨٦دا ڕستەی (خشایو ثی ت هڤات وو) بەواتای (پادشاهی هەبوو) [پادشاهی داشت - ی فارسی] هاتووە و بەتەواوی (هڤا) بەواتای (هەڤ) خۆی نیشان داوە، دەقەکەش لە ئاڤێستاوە وەردەگرێت: (هڤات وو) ڕاستەوڕاست دەبێتە (هەیبوو) بەلام لە دەقی ئاڤێستادا ئەم (ی)ی کەسی سێیەمی تاك کە لە (هەیبوو)دا دەردەکەوێت پێشتر دەرکەوتووە وەك کە لە سەرەوە گوتمان (پادشاهی هەبوو)دا ڕاناوەکە لە شوێنی ڕەوای خۆیدا، دوای بەرکار دەرکەوتووە و (هەبوو) بێ ڕاناو ماوەتەوە.

لەلایەن (هی) کە گوتارەکە بە (ضمیر التملك)ی دادەنێت [ل. ١٧٦] دوای لێکدانەوە و وردبوونەوە لە دوو ڕستەی (ئەم فلسە هی منە) و (ئەمە فلسی منە) دەردەکەوێت کە (هی) خۆیەتی لە ڕستەی دووەمدا (ە)ەکەی سوواوە و ماوەتەوە (ی) کەوا ئاشکرایە دوورە لە (ضمیر) و ئامرازێکی عادەتی (اضافەیە) و زۆر کەس هەر لەم بارەوە دێن دەڵێن: (هی منە) و (ئەم قەڵەمە هینەکەی منە.) لەمەشدا ئەخنێك سەرپەری دەکەن کەوا لەبەر لێکترچوونی (هی – هین – هینەکە) دوو وشەی لێکتر جودا تێك دەکەنەوە، چونکە (هین، هەرامە، فیسار)... زەمناوێن لە بری ناوێکی لەبیرکراو یاخود ژێرپەردە خراو بەکار دێن.

دیسانەوە خۆشبەختانە لە هەمان کتێبی فقه اللغەی باسکراودا جارێکیان لە دەقی ئاڤێستایی و جارێکیشیان لە دەقی زمانی هەخامەنشی (فارسیی کۆن)دا ئەم (هی)یە وەك ئەداتی (اضافە) بەکار هاتوون.

لە لاپەڕە ٨٦ لە دەقی ئاڤێستاییدا هاتووە:

بیماهی خشەتر نورڤەهی بەواتای: لە پادشاهیی جەمشیدی بەرز بیما جەمشید (هی) ئەداتی اضافەیە بەواتای (هی جەمشید) هەروەها هەمان (هی) ئەداتی اضافەیە لە (نورڤەهی) بەواتای (هی نورڤە) لە لاپەڕە ١٠٢ لە دەقی هەخامەنشیدا هاتووە:

ڤیشتاسپەهیا بەواتای هی ڤیشتاسپ

ئەرشامە هیا بەواتای هی ئەرشامە

ئەمە و کۆمەڵێك عوزرخوازی دەکەم لە شێوەی نووسینەکەم کە حەزم دەکرد شیرنتر بوایە... بەهەمەحاڵ نیازمکە شیرینە کە خزمەتی سەقافەت و زمانەکەمانە وێڕای ڕێز و ئاواتی سەرکەوتوویی بەردەوامیی د. نەسرین فەخری.

ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٣٤، ١٩٩٤

"کۆڕی زانیاری کورد" چۆن ئەم ناوەی وەرگرت؟

کۆمەڵێك لە نووسەران و خاوەن بیروڕایانی کوردەواری، یا بە هەڵسەنگاندنی ئەم ناوەی "کۆڕی زانیاری کورد" بوون، پێش نووسین، یاخود هەر بە قسە، هەریکی ڕەخنە لێگرتن و ئەوانیش ئەندامانی کۆڕ بە تێکڕایی، چەند دانیشتنێکی درێژە پێدراویان تەرخان کرد بۆ دۆزینەوەی ناوێکی ئەوتۆ بەپێی توانایی و لوان لەگەڵ مەبەستی دامەزراندنی ئەم ساختمانە بگونجێ. بێگومان خۆ ماندووکردن بە کارێکی وا گرنگ و پیرۆزەوە، سەرەڕای ئەوە کە نموونەی پێویستییەکی نیشتمانی و کۆمەلایەتی و ئەدەبییە، بە سەرشانی هەموو خاوەن دەسەلاتێکی فیکری و خامەیی کوردەوە، هەر لە خۆیشیدا بەڵگەیە بۆ بوونی گیانێکی بزۆز و پڕ جموجووڵ لە نێوان ئەو کەسانەی پەیوەندیان هەیە لەگەڵ بزووتنەوەی فیکری و ئەدەبی و مژدەدەری ئەوەیە کەوا لە هەموو هەڵویستێکی لەم چەشنەی ئێستاکە و دواڕۆژیشدا هەمان گیانی دامێنەر و دروستکەر خۆی نیشان ئەدا و بەرهەمی پاکی خۆی پێشکەش بە کوردایەتی ئەکا گوتمان "بەرهەمی پاك" چونکە گومان لەوەدا نییە کەوا هەر زمان و خامەی پاکە بتوانێ لە باغی فیکر و خوێندەواریدا، میوەی پاك و پیرۆزی زادەی مێشك و گیان بچنێ و بە هونەری ئینسانانە ئارایشتی بدا و بیخاتە کۆڕی ڕۆشنبیران لە مرۆڤی هاوچەرخ و ئەوەکانی داهاتوو.

ئەندامانی کۆڕ، بەرلەوەی بگەڕێن بەدوای ناوێکدا، چەند دروشمی بنچینەییان ڕەچاو کرد تا هەر ناوێك پێشنیهاد بکرێ وە یا بژاره بکرێ، لە چوارچێوەی مەبەس و مانای ئەو دروشمانە دەرنەچێ و لە هەمان کاتیشدا ئەمەیان کرد بە بەرگری دەمەتەقێیەکی بێ پایان و بێ سوود، چونکە دووانی بێ دروشم و سنوور کەم ولیه دوایی بێ. دروشمەکانیش ئەمانەن:

(١) وشەی بێگانە بەکارنەهێنرێ لە داڕشتن و دروستکردنی ناوەکەدا.

(٢) ناوەکە جێگەش ڕابگەیەنێ، نەك هەر کۆبوونەوە.

(٣) ئەو وشانەی ناوەکە پێك دێنن لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بیسراو و ناسراو بن.

(٤) وەرگێڕانی پیت بە پیت لە (المجمع العلمي الكردي)ەوە بۆ ناوێکی کوردی، مەرج

نییە و ناشێ بە کۆسپ لە پێش ناوێکی ڕێکوپێکدا.

(٥) مۆسیقای ناوەکە لە بیستندا خۆش بێ.

ئیتر لەبەر تیشکی ئەم دروشمانە، ئەو پێشنیهادانەی کەوا خرابوونە باس لێکردنەوە وەك (کۆڕ، هۆز، ئەکادیمی، مەکۆ، زانست، زانکۆ) هەڵسەنگێنران و ئەم دیو و ئەودیویان پێ کرا و لە ئەنجامدا:

(١) وشەی (ئەکادیمی) پەسەند نەکرا چونکە کوردی نییە.

(٢) وشەی (زانست) دوور خرایەوە، چونکە لە هەندێ شوێنەکانی کوردستاندا نەبیستراوە (پاشان لە ڕوویەکی دیکەشەوە بەراوردی زانست دەکەین لەگەڵ زانیار).

(٣) وشەی (هۆز) و (مەکۆ) دوور خرانەوە، چونکە یەکەمیان جگە ناگەیەنێ و دووەمیان لەبەر ئەوە کە بۆ شتێك ناوبانگی پەیدا کردووە دوورە لە زانین و خوێندەوارییەوە. بۆیە هەردووکیان خەتیان بەسەردا کێشرا. جگە لەمانەش وشەی دیکە هەبوون و پێشنیهاد کران، بەڵام بەرلەوەی بخرێنە لیستەی لێکۆڵینەوە، سڕانەوە، لەبەر هۆی ئاشکرای ئەوتۆ کە پێویستی نەهێشت بەلێکۆڵینەوە[١].

---

(١) بەك لەو وشانە وشەی (ئەنجومەن) بوو کەوا لە نامەکەی مامۆستا وەهبیدا (ئەنجەمەن) نووسراوە و لە فەرهەنگەکەیدا (ئەنجومەن). دوو هۆی گرنگ خرایەپیان کرد لە دوورخستنەوەی ئەم وشەیەدا. یەکەمیان ئەوەیە کە وشەی (ئەنجومەن) فارسییە و لای هەموو کەس بەفارسی ناسراوە لێکۆڵینەوەی دوور و درێژی مێژوویی تا سووری دەکاتەوە داخوا ئەسڵی وشکە کوردییە یا فارسی لەگەڵ فرمانی کۆڕ یەکتر ناگرنەوە، چونکە ئەوا بەزوویی ناوێك بۆ (کۆڕ) دابنرێ. هۆی دووەم ئەوەیە کەوا وشەی (ئەنجومەن) لە باری ماناوە (مجمع) ناگەیەنێ، بەڵکو (لجنة) و (کۆمەڵە)ی سەرپەرشتیکەری ئیشێك دەگەیەنێ. فەرهەنگی مامۆستا وەهبی بۆ مانای کۆڕ council ی داناوە کە هەر دەکاتەوە (لجنة) و کۆمەڵەی سەرپەرشتیکەر. ئێستاش لە زمانی عەرەبیدا (مجلس)ی بۆ بەکاردێنن. (کۆڕ - مجمع) زۆر فراوانترە لە (ئەنجومەن) چونکە کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆڕ دەبێ بەئەنجومەن. وا بزانم ئێستا لە تورکیدا (ئەنجومەن) ڕاستەوخۆ بەمانای (لجنة) بەکاردێ.

دوای ئەم دەستەواژەیە، لە پێشنیارەکان دوو ناوی (زانکۆی[٢] کورد) و (کۆڕی زانیاری کورد) مایەوە. هەردووکیان خرانە دەنگ وەرگرتنەوە. زۆربەی زۆری ئەندامان (کۆڕی زانیاری کورد)یان پەسەند کرد. ئیتر بڕیاری تێکڕایی درا کە ئەمەیان بێ بەناوی ساختمانەکە.

تا ئەمەی لێرەدا بەچەند دێڕێک نووسین لێی بوومەوە، کاتێکی دوور و درێژی خایاند لە زنجیرەیەک دانیشتنی پڕ لە جۆش و هەندێ جار پڕ لە دڵگەرمی، لەلایەن هەموو ئەندامانی کۆڕەوە، وە بەدەم دووان و دەمەتەقەوە دەربارەی ناوی کۆڕ بەوردی لەوە کۆڵینەوە ئاخۆ دوو وشەی (کۆڕ) و (زانیار) چین و مانایان چییە؟ من لێرەدا ماوەی ئەوەم نییە هەموو ئەو را و باوەڕانەی دەربڕاون لەلایەن نووسەران و خاوەنبیرانی کوردەوە بەرامبەر بەمانای ئەم دوو وشەیە، تۆمار بکەم. رەنگ بێ پێویستیش نەبێ چونکە هەرچی لەلایەن نووسەرانەوە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە لەمبارەیەوە، زۆربەی خوێنەران دیویانە و تێی گەیشتوون. ئەوەندە هەیە نامەی مامۆستا تۆفیق وەهبی کە لە پیرۆزبایەیدا بۆ سەرۆکی کۆڕی نووسیوە و تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە، وا لێرەدا دەیخەینە پێش چاوان، تا خوێنەرانی کورد لە هەموو ڕوویەکەوە ئاگاداربن لەو ڕەخنە و دەمەتەقەی کە لەم دوو وشە و تەواوی ناوی کۆڕەوە سەری هەڵداوە و بەدوای ئەم ئاگاداربوونەوەدا رایەکی پوختەی لێ بەرهەم بێنن. بەشێکی ئەوەی لێرە بەدواوە لە بارەی دوو وشەی (کۆڕ) و (زانیار)ەوە دەینووسم، لە دانیشتنەکانی کۆڕدا باسی لێ کراوە و هەندێکیشی بەپێی جێگە و پێویست لە کاتی نووسیندا خۆی سەپاندووە. لەوانەیشە بەراوردکردنەوەی هەندێ وشە لێرەدا درێژە بکێشێت، گەلێ زیاتر لەوەی کە لەلایەن کۆڕەوە بەراوردی لێ کراوە، چونکە ئەو کاتە زووتر لە ئێستە دەگەیشتینە ئەنجام و بڕیاردان. وەک لێرە من خەریک دەبم ئەوسا خەریکی وەرامدانەوەی ڕەخنەگران نەدەبووین.

---

(٢) زانکۆ: وشەیەکی تێک هەڵکێشە لە دوو وشەی (زان) و (کۆ) پێک هاتووە لە کاتی دەمەتەقەی ئەندامانی کۆڕدا مەیلێکی ئاشکرا هەبوو بۆ ئەوەی تا بکرێ وشەی ئاک بەکاربهێنرێ نەک تێک هەڵکێش. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ خاوەن رای (زانکۆ)یان بەلاوە پەسەندتر بوو لێرە بەپێشەوەش ئەم زاراوەیە بەکارهێنراوە و تا ڕادەیەک پەرەسەندوو بوو. بۆیە تەنها ئەمیان لە نێوان هەموو پێش نیازەکانی دیکەدا بۆ لێدوان و هەڵسەنگاندن خۆی گرت تا کاتی دەنگ وەرگرتنی دوایی کە (کۆڕی زانیاری) تێیدا زاڵ بوو بەسەریدا.

جا با بێینە سەر مانای دوو وشەی (کۆڕ) و (ڕانبار).

(کۆڕ) وەك بەلای کورد زمانەوە ئاشکرایە، کۆبوونەوەیە بۆ مەبەستێکی تایبەتی لە جێگایەکدا. خۆ هەر ئەم مانایەشە لە فەرهەنگەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبیدا بۆ کۆڕ نووسراوە(٣). لەهاڵ ئەمەدا با بڵێین وەك مامەکەی مامۆستا وەهبی دەڵێ دەبێ مەبەسەکە کاتی (وقتی) بێ و بەدوایپهاتنی ئەو مەبەسە کۆڕەکەش نەمێنێ. من لێرەدا شتێکی دیکەش دەخەمە پاڵ (جێگە و کۆبوونەوە و مەبەسی تایبەتی و کاتی) تا هەموو مانای کۆڕمان خستبێتە سەر کاغەز، ئەویش ئەوەیە کەوا لە وشەی (کۆڕ)دا خرۆش و جۆشێك هەیە لە هیچ جۆرە جێگە و کۆبوونەوەیەکی تردا هەستی پێ ناکرێ. کەواتە وشەی (کۆڕ) جێگە و کۆبوونەوە و مەبەستی تایبەتی و کاتی و خرۆش دەگەیەنێ.

گومان نابەم هیچ خوێنەر و رایەك رەخنەیەکی هەبێ لە (جێگە و کۆبوونەوە و مەبەستی تایبەتی و خرۆش)، دەمێنێتەوە ئەوە کە کۆبوونەوەکە کاتی بێ کەچی مەبەستەکە هەمیشەیی بێ، چونکە (مجمع) هەمیشەییە. بۆ ئەم رەخنەیە دوو وەرام هەیە.

(١) کورتی و درێژیی کاتی ئەو مەبەستەی کە کۆڕی بۆ دەگێڕێ ئەوە دەگەیەنێ کەوا کۆڕی هەندێ شت لە هەندێکی تر درێژتر بێ. با بڵێین کۆڕی شەڕ لە کۆڕی زیکر و هەڵپەرکێ درێژترە. شەڕ بۆ خۆی هەندێ جار سەعاتێك و هەندێ جار دە ساڵ دەخایەنێ. خۆ جەنگی سەلیبی ٢٠٠ ساڵی خایاند. جا کە بلوێ بەپێی داخوازیی مەبەست درێژە بدرێ بەکاتی کۆڕبەستن، هیچ بەرهەڵستێك بۆ ئەوە نامێنێ کە کۆڕی زانیاری ئەو ماوەیە بخایەنێ کە فەرمانی ساختمانەکە داخوازیی دەکا. جا ئەو ماوەیە هەرچەند درێژبێ. ئەگەر ئەمەش بەس نەبێ، بۆ سەلماندن و دڵنیابوون، وا بزانم وەرامی دووەم رێگای ئەسەلماندن دەبەستێ.

(٢) کەم وایە و رەنگە هەر نەبێ، زاراوەی تازە داهاتوو لە خودی خۆیەوە پڕ بەپێستی ئەو مەبەستەبێ کە بۆی داتاشراوە و ئەگەر ئەم پڕ بەپێست بوونە مەرجێکی

---

(٣) بێ ئەوە وشەی جێگای بەکارهێنابێ، بەلام کۆبوونەوەیەك کە لە (کۆڕ)دا دەبێ بێ جێگە نابێ. بۆیە دەڵێم ئەم مانایە لە فەرهەنگی مامۆستا وەهبیدا بەکارهاتووە سەرەڕای ئەمە لە ناوچەی بادینان گوندێك هەیە بەناوی (کۆڕی گاڤان) کەوا راستەوخۆ (جێگە) دەگەیەنێ نەك جێگە بەهۆی کۆبوونەوەوە.

بنچینەیی بۆ لە دارشتنی زاراوەدا. لە زۆر شوێنندا یەك دەكەوێ و زمان ناتەواو و وەستاو دەمێنێتەوە

لێرەدا چەند میساڵێك دەهێنمەوە كە هەزاران هەزاری وەك ئەوان فەرهەنگەكانی جیهانیان پڕ كردووەتەوە

عەرەب كە گوتی (مربع) هەر ئەوەندەی كرد بەم وشەیە شێوەیەكی چوارگۆشەیی هێنایە بەرچاو. نە (زاویەی قائمە) و نە چونییەكی (ضلع)ەكانی بۆ دەرنەبڕا خۆ لە هەمان كاتدا (مستطیل) و (متوازی الاضلاع) و (معین) و (شبە منحرف) هەموویان چوارگۆشەین و هیچ كامێكیان بەو وشەی كە بووە بەناو بۆی. مانای مەبەس لە زاراوەكە راناگەیەنێ. (مستطیل) خۆ هەر درێژكار نییە و بەس. ئەوانی دیكەش هەر ئەوە نین كە لە وشەكە دەفامرێتەوە.

یاخود كە بەكتێبی ئاین و ئاسمانیی خۆی گوت (قرآن). لەم وشە رووتەدا تەنها (خوێندنەوە) راگەیەنرا. دیاریشە نە (قرآن) تەنها خوێندنەوەیە و نە هەر كتێبێ (قرآن) دەخوێندرێتەوە. كورد كە بە (رباعی)ی گوت (چوارینە) و بە (مخمس)ی گوت (پێنج خشتەكی)، لە هیچ كامێكیانا كێش و قافیەی دیاری نەكرد. (هایدرۆجین) كە (ئاو پەیداكەر) دەگەیەنێ، بەتەنها لە خۆیەوە ئاو پەیدا ناكا و جگە لە ئاو تێكەڵی قەوارەی زۆر ماددەی دیكەش دەبێ كە لە وشەكەدا بەهیچ جۆرێك خۆی دەرناخات. كەواتە دەبێ ئەو وشانە و هەر وشەیەكی تری وەك ئەمانە لە هەموو زمانەكانی جیهاندا بسڕێنەوە. جا هەر كاتێك لەگەڵ ئەو تەرزە زاراوانەدا كارێكی وا كرا، با كۆڕی زانیاری ئێمەیش وەك ئەوان ببێتە قوربانی پوختەیی زمان و لە ناو بچێ.

لێرەدا دەمەوێ ئەمە روون كەمەوە كەوا ئەمەندە بەسە بۆ زاراوە شیاوبێ بۆ مەبەسەكەی و لەگەڵ رێزمانی زمانەكەی بگونجێ، كەم و زیادییەك لە دارشتنیدا وەیا ناتەواوییەك لە مانایدا هەبێ دەبێ چاوی لێ بپۆشرێ وەك لە زاراوەی تر پۆشراوە. نیت دوای بەكارهێنانێكی كەم لە خۆیەوە دەنیشێتە دڵ و مێشكی خەڵقەوە و دەبێتە سامانێكی تازە بۆ زمان و ئەدەب. باوەڕم هەیە زۆربەی زاراوەی هونەری و زمانی و زانستی و ئەدەبی لەو چەشنەن و بەوجۆرە دارێژراون و خراونەتە بەكارهێنانەوە. كەواتە سەیر و جێگەی ئارەزایی نییە وشەی (كۆڕ)یش وەك زاراوەیەكی تازە

بەراویزەکەی ئەختێك بکێشرێتەوە تا کەمێك لە مانای خۆی زیاتر رابگەیەنێ تا ئێرە بەلای منەوە لە شیکردنەوەی ناوی (کۆڕ)دا زەحمەتێکی زۆر نایەتە پێش نووسەر، بەلام وشەی (زانیار) وە یا (زانیاری) لێکۆڵینەوە و هەڵسووڕ و داسووڕێکی گەلێ زیاتری پێ دەوێ، تاکو بنچینە و مانای بەتەواوی روون بکرێتەوە بۆ خوێنەری بەرێز.

(زانیار) وشەیەکە لە رواڵەتدا هاوکێشێکی رێزمانییە لەگەڵ کۆمەڵێك وشەی دیکەی کوردیدا کە دواییان دێ بەسێ پیتی (ی.ا.ر) وەك: فرۆشیار، کڕیار، دزیار، پرسیار، بڕیار، جووتیار، هۆشیار، بەختیار، بەلام هەر لە یەکەم نیگادا بۆ زمانزان دیار دەکەوێ هاوکێشی ئەمانە هەر وشەیی و رواڵەتییە و لەلایەن جۆر و ماناوە دابەش دەبن بەدوو لەتی تا بڵێی لە یەك جیاواز.

لەم وشانەی کەوا دواییان دێ بەسێ پیتی (ی.ا.ر) و بەدیمەن وەك یەك جۆر دێنە پێش چاو، دوو وشەی (کڕیار) و (فرۆشیار) بێگومان هەردووکیان (اسمی فاعل)ن، ماناکەیان لە عەرەبیدا (مشتری) و (بایع)ە کە ئەوانیش هەر (اسمی فاعل)ن چەند وشەیەکی دیکەش وەك(جووتیار، هۆشیار، بەختیار) هەرچەند (اسمی فاعل)ی راستەقینە نین، چونکە لە (فعل) وەرنەگیراون، بەلام دەشێ بخرێنە ریزی (اسمی فاعل)ەوە لەبەرئەوە کە هەرسێکیان مانای (خاوەن - صاحب)یان تێدایە کە لە ناوەرۆکدا (فاعیلایەتی) دەگەیەنێ. (بڕیار) و (پرسیار) و (دزیار) و گەلێ وشەی دیکەش کەوا وەك ئەمان بە (یار) دواییان دێ هیچ کامێکیان (اسمی فاعل) نین، بەڵکو شتێکی دیکەی زۆر جیاوازن کەوا لە کاتی خۆیدا روونی دەکەینەوە و ناوی لێ دەنێین. ئاخۆ ئەوەی هەندێکیان دەکا بە (اسمی فاعل) و هەندێکی دیکەیان دەکا بە (شتێکی دیکە) دەبێ چی بێ؟ وردبوونەوەیەك لە وشەی (فرۆشیار) و پەدوا ئەودا لە (کڕیار) و ئەوجا (فرۆشیار) و (هۆشیار) و (بەختیار) هۆی ئەم جیاوازییەمان بۆ دەردەخا، وشەی (فرۆشیار) کە لە بنچینەدا لە (فرۆشتن) وەرگیراوە پیتی (ی)ی تێدا نییە، کەواتە وشەکە دەبێ هەر سێ پیتی (ی.ا.ر)ی لێ زیاد کرابێ و پێوەی لکابێ، کردبێتی بە (اسم فاعل). بەپێی ئەمە کە وشەی (کڕیار)یش وەك (فرۆشیار) (اسمی فاعل)ە دەبێ ئەمیش وەك ئەو سێ پیتی (ی.ا.ر)ی پێوە لکابێ و کردبێتیان بە (اسمی فاعل).

بەلێ لە وشەی (کڕین)دا کە بنچینەی (کڕیار)ە پیتی (ی) هەیە، ئیتر رەنگە بگوترێ

دەبوا دوو (ی) لە وشەی (کڕیار)دا هەبا یەکیان بنچینەیی و ئەوی دیکەیان هی (ی.ا.ر). بەڵام بەپێی ڕێزمانی زمانی کوردی لە جێگایەک کە دوو (ی)[4] لە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە هاتن و لەگەڵ یەکدا کۆبوونەوە، یەکیان دەمرێ و دەمێنێتەوە یەک (ی). وەک دەبینین لە حاڵی (اضافە)دا ئەگەر وشە (مضاف)ەکە پیتی (ی)ی بەدواوە بوو (ی)ی (اضافە)ی ناخەینە سەر و نایکەین بەدوو (ی) و وای دەدرکێنین (تلفظ)کە هەر تاکە (ی)یەکی پێوەبێ[5].

بۆ نموونە هەرچەند لە وشەی (زەوی)دا (ی) یەک هەیە و لە کاتی (اضافە)دا دەبوا (ی)یەکی تریشی لەگەڵدا بگوترێ. بەڵام یەک لە دوو (ی)کە دەمرێ و تەنها یەکێکیان دەمێنێتەوە. ئیتر گومان لەوەدا نییە ئەوەی (کڕیار) و (فرۆشیار)ی کردووە بە (اسمی فاعل) لێ زیادکردنی سێ پیتی (ی.ا.ر)ە و ئەم ڕاستییە بەهۆی وشەکانی دیکەی وەک (جووتیار) و (هۆشیار) و (بەختیار)ەوە، بەتەواوی سوور دەبێتەوە. چونکە لەم وشانەدا گومانێک نییە کە سێ پیتی (ی.ا.ر) زیادن، بۆیە بوون بەشتێکی نزیک لە (اسمی فاعل). بەمەدا ڕوون دەبێتەوە کەوا هەر وشەیەک (ی.ا.ر)ی لێ زیادکرا دەبێ بە (اسمی فاعل).

کەواتە ئەگەر وشەیەک لە ئەسڵدا پیتی (ی)ی تێدا بوو وەک (ناسیار، پرسیار، بڕیار) کە بنچینەیان (ناسین) و (پرسین) و (بڕین)ە و بەسێ پیتی (ی.ا.ر) دوایی هات لەگەڵ ئەمەشدا مانای (اسمی فاعل) نەیەبەخشێ دەبێ بەحوکمی (منطق و قیاس) بڵێین ئەم (ی)ەی کەوا تێیدا هەیە بنچینەییە، نەک پێوەی لکاوە، وە ئەوەی لێی زیادکراوە دوو پیتی (ا.ر)ە و بەس. بەم جۆرە ئەم وشانە هەرچەند لە ڕواڵەتدا دواییان (یار)ە، بەڵام لە ڕاستیدا دەچنە ڕیزی کۆمەڵێک لە وشەی دی کە دواییان بە (ار) دێ و هیچیان مانای (اسمی فاعل) یان تێدا نییە وەک (کردار، گوتار، کوشتار) و هەموشیان لە (فعل) وەرگیراون.

کەواتە وشەی (پرسیار) و (بڕیار) و هاوڕێکانیان هاوکێشی ڕێزمانین لەگەڵ (کردار) و (کوشتار) نەک (فرۆشیار) و (جووتیار)، چونکە وەک بۆمان دەرکەوت جیاوازییەکی بنچینەیی هەیە لە میانی هەردوو جۆرە وشەکاندا.

---

(٤) مەبەس (ی)ی تەزە کە تا ئێستا بەدوو (ی) دەنووسرێ.

(٥) لێرەدا مەبەس درکاندنی پیتەکەیە نەک چۆنیەتیی نووسینی. کەوا ڕەنگە نووسەرێک (ی)ی (اضافە)کە دابنێ و یەکێکی تر دابنێ.

تا ئێستا بەپێی باوەڕی خۆم، سوورمان کردەوە کەوا وشەکانی وەك (فرۆشیار) و (جووتیار) لە جۆری (اسم فاعل)ن. ئەی ئەو وشانەی هاوکێشی (گوتار) و (کوشتار) و (بڕیار) و (پرسیار) کە هەر (ار) یان پێوە لکاوە، دەبێ چی بن؟

ئەمانە، بەپێی ئەوەی من بۆی دەچم، لە زمانی کوردی و فارسیدا جۆرێکن لە (مصدر) کە مانایەکی (مطلق) رادەگەیەنن، بێ ئەوەی روودان (حدوث) وەیا (کات) (زمان) یان لێ بفامرێتەوە.

بۆیە لە کوردیدا دەگوترێ (دار بڕین) و (شیعر گوتن) و (نیش کردن) بەلام ناگوترێ (دار بڕیار) و (شیعر گوتار) و (نیش کردار) چونکە لەم (صیغە)یەدا روودان نییە، بەپێچەوانەی (صیغە)کەی دی کە هەر خۆی سەرچاوەی رووداندە و (فعل) لەو وەردەگیرێ. لە عەرەبیدا بۆ (مصدر)ی بێ روودان (صیغە)یەکی تایبەتی نییە، بەلام کە ویستیان (مصدر)ێك مانای (مطلق) رابگەیەنێ، دەڵێن (مصدر لا یقصد به الحدوث). هەندێ لە زمانزانانی کورد بەلایانەوە وایە ئەمانە جۆرێکن لە (اسمی مفعول)، بێ ئەوەی جیاوازیی میانی ئەمانە و جۆرەکەی تر کە (اسم فاعل) بوو روون بکەنەوە، وەیا مۆیەك بۆ قسەکەیان بدۆزنەوە بەگوێرەی تێگەیشتنی من ئەم رایە هەر ئەوەندەی پێکاوە کە وشەکانی دەرکردووە لە (اسمی فاعل)، دەنا بەسەرنجێکی کەم دیاری دەدا وشەی (پرسیار) کەم و زۆر (مسؤول) و (پرسراو) راناگەیەنێ، بەڵکو ئەو مانایە رادەگەیەنێ کەوا لە وشەی (مسألة) دەفامرێتەوە و بەمەرجێك (حدوث) و (زمان)ی تێدا نەبێ.

هەروەها (بڕیار)یش (مقطوع) و (بڕاو) نییە بەڵکو مانای ئەو (بڕین)ە (مطلق)ەیە کە باسمان کرد. لێکۆڵینەوەی ئەوتۆیی کە لێرەدا خوێنەر دەیبینێ وا بەکورتی و بەرادەی پێویست لەسەری دەڕۆم، بەلای زمانزانانەوە شتی سەرەتایین بۆ وردبوونەوەی قووڵی (فیلۆلۆجی) کەوا بەناخ و درێژایی و پانایی بابەتدا دەچێ و دێ.

هەرچەند من (فیلۆلۆجست)یش نیم، دەیسانەوە تا کۆتایی و ناخی ئەو وشانە ماوەیەکی تەواوم ماوە وا لێرەدا پەلە لە بڕینی دەکەم، تا بگەم بەوشەی (زانیار) و (زانیاری) کە هۆی ئەم دەمەتەقێیەن.

وا بزانم زۆربەی خاوەن رایان لە کوردزمان وشەی (زانیار) لە جۆری (اسمی فاعل)

داسانین و سەلایانەوە (عالم) و (زانا) راناگەیەنێ هەروەك (فرۆشیار) (بایع) رادەگەیەنی. مامۆستا تۆفیق وەهبی لە نامەیەکدا دەفەرمووێ خوی وشەی (زانیار)ی دروست کردووە و بۆ مانای (معلومات) نەك شتێکی دیکە. کەواتە مامۆستا وەهبیش لەو باوەڕەدایە (زانیار) لە چەشنی (اسمی فاعل) نییە. من وەك شاگردێکی ئەو مامۆستایانەی لە زمان و ڕێزمانی کوردی دواون و هەوڵ و زانینی وان هۆیەك بووە بۆ نەختە شارەزاییەکی کە لەم مەیدانەدا بۆم بەرهەم هاتبێ، ئا منیش لەو باوەڕەدام کەوا (زانیار) لە چەشنی (اسمی فاعل) نەبێ. بەلام دوای ئەوە بڕیاربدرا کە (اسمی فاعل) نییە، ئیتر ڕێزمانی زمانەکەمان بەدەمنگ دێ و خۆی بڕیار بدا ئاخۆ کە (اسمی فاعل) نەبوو ئیتر دەبێ چی بێ. مەودای موناقەشە تا ئەو رادەیە کراوەتەوە کە گوترا ئەو وشەیە لە تیپی (اسمی فاعل) نییە چونکە دەرکردنی لەم تیپە راستەوخۆ دەمخاتە تیپەکەی ترەوە و دەیکا بەهاوکێشی ڕێزمانیی ئەو وشانەی دوو پیتی (ار)یان لێ زیاد کرابێ وەك (پرسیار) و (کردار) و (گوتار) و (بڕیار) و دەچێتە پەك لەو (مصدر)انە کە رووداویان تێدا نییە. ئیتر ئەویش ئالکێ بەوشەیەکی دیکەوە و بیکا بە (مفعول) و ناگوترێ (شت زانیار) هەروەك دەگوترێ (شت زانین). کەواتە (زانیار) ئەو مانا (مطلق)ە رادەگەیەنێ کەوا لە عەرەبیدا ئێستاکە وشەی (المعرفة) رای دەگەیەنێ نەك وشەی (علم) چونکە بەهۆی بەکارهێنانەوە وشەی (علم) بووە بەزاراوە بۆ تاقمێکی تایبەتی لە زانین پەراوێزەکەی تەسکترە لە (معرفة). ئێستاکە دەگوترێ (الاعدادیة العلمیة) جیاوازە لە (الاعدادیة الادبیة) یا (التجاریة) یا (الزراعیة) .. تاد. هەروەها (هونەر) بەر (علم) ناکەوێ، بەلام (هونەر) و (کشتوکاڵ) و (ئەدەب) و (بازرگانی) و هەموو جۆرە زانیارەکانی دیکە لە پەراوێزی (معرفة) دەرناچن. لە کوردیشدا بەپێی بەکارهێنانی سی چل ساڵی دوایی، وشەی (زانیار) ماناکەی فراوانترە لە مانای وشەی (زانست)، چونکە هەروەك لە عەرەبیدا (علم) جۆرە زانینێکی تایبەتییە و خۆی لە (فن) و (ادب) و (صنعة) .. تاد جیا کردووەتەوە زانستیش لە کوردیدا بەهۆی بەکارهێنان وەك وشەی (علم)ی عەرەبی وەیا Scienceی ڕۆژاوایی لێ هاتووە و بووە بەزاراوە بۆ تاقمێکی تایبەتی لە زانین کە هونەر و ئەدەب و پیشەسازی ناگرێتەوە بەلام وشەی (زانیار) چونکە زانین (مطلق) رادەگەیەنێ سنوور و پەراوێزی نییە و هەموو جۆرە زانینێك دەگرێتەوە، زانست بێ یا ئەدەب یا هونەر یا پیشەسازی یا کشتوکاڵ .. لەم ڕووەوە وشەی (زانیار) بۆ ناوەکەی (کۆڕ) گەلێ لەبارتر و پەسەندترە لە وشەی (زانست)

هەندێ لە ئەدیبەکانی کورد (زانیار) بە (اسمی فاعل) دادەنێن. هەرچەند ماوەرم هەیە ئەم رایە لە رووی ئەوەوە هاتووە کە خاوەنەکەی تەبەرژاوەتەسەر لێکۆڵینەوەی تەواوی وشەکە و شیکردنەوەی هەموو ئەو وشانە کە لە رواڵەتدا هاوکێشی ئەمن و لە راستیدا لە یەك جیاوازن وەك لێرە بەپێشەوە باسمان لێ کرد. لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین بڵێین کە هەر چار نەما و (زانیار)مان کرد بە (زانا – عالم). دیسانەوە لە ناوی (کۆڕی زانیاریی کورد) بەپێی رێزمانی زمانی کوردی وشەی (زانیاری) مانای (علم) و (زانین) هەر دەگەیەنێ، چونکە ئەوساکە لە ناوی کۆڕدا وشەی (زانیاری) نەك (زانیار) بەکارهاتووە و ئەم (ی)یەی کە لێرەدا لکاوە بە (زانیار)ەوە هەمان (ی)ی نیسبەتە کە دەلکێ بە (اسم فاعل) ەوە و دەیکا بە (مصدری صناعی) وەك لە عەرەبیدا دەگوترێ (العالمیة) و (الخالقیة)، ئەوسا (ی)ی (اضافە) کە دەبێ هەبووبێ لە میانی دوو وشەی (زانیاری) و (کورد) دا و بەپێی رێزمانی کوردی پەرێبێ و مابێتەوە (ی)کەی نیسبەت

دوای شیکردنەوەی (زانیار) و هاورێکانی و روونکردنەوەی ئەو بنچینەیەی لەسەری دامەزراون، دەردەکەوێ وشەی (دانیار) کە لە نامەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبیدا ناوی هاتووە و دەفەرموێ بۆ مانای (موضوع)ی داناوە، دەبێ ماناکەی هەڵگێڕینەوە لە (اسمی مفعول) و بیکەین بە (اسمی فاعل) و بڵێین (واضع)ە نەك (موضوع) چونکە لە وشەی (دانیار) هەر سێ پیتی (ی،ا،ر) زیادن کە ئەم سیانە وەك لە زمانەکەماندا رەچاو دەکرێ وشە دەکەن بە (فاعل) نەك (مفعول). (دانیار) کە لە (دانان)ەوە هەڵستاوە پیتی (ی)ی تێدا نییە و تا بڵێین تەنها (ار)ی پێوە لکاوە و بووە بەهاوکێشی (گوتار) و (بریار) و تەئویلێك لێرەدا پەیدابێ بۆ ئەوە بڵێین (اسمی مفعول)ە یا هەر نەبێ (اسمی فاعل) نییە. جا ئەگەر بمانەوێ لە وشەی (دانان) هاوکێشی (گوتار) و (بریار) و (زانیار) و (پرسیار) وشەیەك داتاشین، دەبێ بڵێین (دانار)، ئەگینا هەر کە گوتمان (دانیار) کارەکە لە دەست ئێمە دەترازێ و دەچێتە بەر حوکمی رێزمانی زمانەوە و دەبێتە (اسمی فاعل). لێرەدا جورئەتێکی شاگردانە و نازێکی بچووکانە هانی دام خۆ هەڵقوتێنم لە نەجتیهادی بلیمەتێکی وەك مامۆستا وەهبی.

ساپەوە وشەی (کورد) کەوا لە ناوەکەی (کۆڕی زانیاری کورد)دا بەرامبەر وشەی (الکردي) دەوەستێ لە (المجمع العلمي الکردي)دا. مەبەسی ئەندامانی کۆڕ لە وشەی (کورد) و هەڵاویردنی بەسەر وشەی (کوردی)دا ئەوە بوو کە کۆڕ بۆ هەموو کوردێکە

نەك هەر كوردی زمانە. ئێمە یا لێرەدا هەر لەو ڕادەی مەبەسەدا ئەوەستین و لێكۆڵینەوەیەكی قووڵتر بەكاربێنین لە دوو وشەی (كورد) و (كوردی)، تا بزانین كامیان زیاتر و باشتر و ڕاستتر مانای (الكردی) ڕادەگەیەنێ كەوا لە ڕستەی عەرەبیی (المجمع العلمي الكردي) دەفامرێتەوە.

لە عەرەبیدا كە دەڵێن (الكردي، العربي، التركي) ئەم (ی)ی نیسبەتە نەك تەنها بۆ زمان دەگەڕێتەوە، بەڵكو بۆ گەلەكەش. دەگوترێ (انسان كردي) هەروەك دەگوترێ (لسان كردي). ئیتر لە عەرەبیدا كە گوترا (المجمع العلمي الكردي) هەم ئەوە دەگەیەنێ كە زمانەكەی كوردییە و هەم خەڵكەكەی كە پەیوەندییان پێوەی هەیە كوردن. بەڵام لە كوردیدا كە (ی)ی نیسبەت لكا بەمانای گەل یا هۆزەوە، ئەو وشەی لەوەوە دروست دەبێ تەنها زمانی گەلەكە و هۆزەكە ڕادەگەیەنێ و بەس (ڕەوشت و داب و دەستووریشیان ڕادەگەیەنێ كە لێرەدا پەیوەندییەكی بەبابەتەوە نییە بۆیە لێی نادوێین) وە بەهیچ جۆرێك مانای (گەل، مرۆڤ) ڕاناگەیەنێ. ئیتر كە گوتت (كوردی) مەبەست هەر زمانی كوردییە، بەڵام كە ویستت مرۆڤێك بكەی بەكورد دەڵێی فلانەكەس كوردە بێ ئەوەی (ی)ی نیسبەتی پێوە بلكێنی. هەروەها كە ویستت نیسبەتی مرۆڤێك بدەی بۆ هۆزێك دەڵێی (فلان جافە) یا (بلباسە) یا (خۆشناوە) .. تاد. ئەوەندەی من هاتبێتە پێش چاو و زەینم، لكانی (ی)ی نیسبەت بەناوی گەل و هۆزەوە ماناكەی ناگێڕێتەوە بۆ مرۆڤ، مەگەر ناوەكە خۆی دوایی هاتبێ بە (ی)ی نیسبەت وەك (میراودەلی، سمایل عوزێری، دزەیی). لەم حاڵانەدا دەگوترێ (فلانەكەس دزەییە) یا (میراودەلییە). جا ئەگەر (گەل)یش (ی)ی نیسبەتی لە دواییەوە هەبێ دیارە بۆ تاكە مرۆڤێكیشی (ی)یەكە هەر دەمێنێ. با ئەوەندەش لێرەدا بڵێم (ی)ی نیسبەت كە لكا بەناوی نیشتمان وەیا شار وەیا جێگایەكەوە، ئەوسا مرۆڤی ئەو نیشتمان یا ئەو شارە یا ئەو جێگایە دەگەیەنێ. كە گوتت (كوردستانی) یا (هەولێری) یا (ئاسیایی) مەبەستت خەڵكی كوردستان و هەولێر و ئاسیایە.

كەواتە (كۆڕی زانیاری كوردی) لە باری كوردایەتییەوە هەر زمانی كوردی بۆ كۆڕەكە دەسەپێنێ، بۆیە دەلوێ لە ژاپۆن وەیا بەرازیل وەیا جاوەش كۆڕ هەبێ بەناوی (كۆڕی زانیاری كوردی)یەوە و مانا و مەبەسەكە ئەوەبێ كۆڕەكە خەریكی زمانی كوردییە و بەس. ئیتر لە تەك ئەودا كۆڕ هەبێ بەناوی (كۆڕی زانیاری عەرەبی) یا (توركی) یا هەر زمانێكی دیكەوە. ئەم وردبوونەوەیە بۆمان دەردەخا (كۆڕی زانیاری

کوردی) هەم ناتەواوە لە ڕووی مەعناوە کە بیوەستێنێ بەرامبەر بەرسنەی (المجمع العلمي الكردي)، وە هەم لە پەیوەندی یەکوردەوە کەم دەکاتەوە تا رادەی نەهێشتن. بەپێی ڕێزمانی زمانەکەمان چارمان ناچارە دەبێ بڵێین (کۆڕی زانیاری کورد)، ئەگینا کەلەبەرێکی زل دەکەوێتە مانا و مەبەستی ناوەکە.

خوێنەری بەڕێز!

ئەوەی لەو نووسینەمدا خستمە پێش چاوت، بەپێی تێگەیشتنی خۆم هەمووم لە ڕێزمانی زمانی کوردییەوە دەرهێناوە، نەك لە گیرفانم. جا کە شتێکت لێرەدا خوێندەوە و لەگەڵ بیروباوەڕی تۆ ڕێك نەکەوت، گورج بڕیاری لەناوبردنی مەدە و لێی هەڵمەقرچێنە، هەلێکی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بدەیێ و بەچاوێکی وردی ڕەخنەکارانە و دڵسۆزییەوە سەیری بکە و، ئەگەر لە هەندێ شوێنی نووسینەکەمدا ناناشکراییت هەست پێ کرد مەودای ئەوەم بدە لە دەرفەتێکی ئایندەدا بەپێی پێویستی باسەکە و دەسەڵاتی خۆم مانا و مەبەسەکەت بۆ ڕوون کەمەوە ئیتر ئەوسا چی ڕاست و بەرژەوەند دەزانی ئەوە دەربڕە بۆ خزمەتی زمانەکە و ئەدەبیاتی. ئێوە و منیش لەگەڵ ئێوە، هەموو دەزانین تا چ ڕادەیەك باسی فیلۆلۆجی لە کوردیدا تازە و سادە و ساویلکەیە. هەڵبەت بەوپێیە نووسەر تووشی قۆرت و هەڵە دێ. جا ئەگەر هەڵە لە نووسینی یەکێکمان نەدیترا، دەبێ ئەم بێ هەڵەییە کاری (معجزه) و (سحر) بێ! بۆیە تۆ و من و هەموومان لە کاتی ڕەخنەگرتندا دەبێ لە گۆشەیەکی دڵمانەوە تارماییەکی بەیتە خۆشەکەی (نالی)مان بەبیر بێتەوە کەوا هەر وشەیەکی وەك دڵۆپێکی ئاوی کەوسەر دەتکێتە ناو دڵی مرۆڤی هەستیار و بەسۆز:

له جگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراب
کەس نییە ڕازی بێ خەتا کە لە ئەولادی درێ.

گۆواری زانیاری، ژمارە ٤، ساڵی ١٩٧١

گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی

بەر لە هەمو شتێك دەبێ بڵێم پێویست نابینم وشەی (گیروگرفت) کەوا لەبەر گوێ و زمان، دەنگ و تامی ناسازە، دڵشکستمان بکا و زیاد لە مافی خۆی نرخی پێ سەغڵەتبوونمان لێ وەرگرێ، چونکە گیروگرفت بەشێکی پێکهێنەری هەمو کارێکی ئەم جیهانەیە کە بزووتنەوە و پێشکەوتن و گۆڕانی تێدایێ: با بڵێم ژیان بەتێکرایی و ژیانی ئادەمیزاد بە تایبەتی زنجیرەیەکی بێ پچڕانەوەی گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەیە و مرۆڤ لە سەرەتای مێژوی مرۆڤایەتییەوە هەر خەریکە گرێ و ئاڵقەکانیان بکاتەوە و زۆر جارانیش بۆی ناکرێتەوە بە نیسبەت گەلی کوردیشەوە رەنگە تەگەرەکانی ڕێنووس لە چاو تەگەرەی مەیدانەکانی تری ژیانی کوردەواری، لە هەردوو لانی ماف و ئەرکەوە، لە جۆری تەگەرە خۆشکەڵە روح سووکە ژێکەڵەکانی بێ، نەك جۆرێکی تر، لەو رووەوە کە هیچ میللەتێك نییە خاوەن نووسین بێ و تەگەرەی ڕێنووسی نەبێ. کەواتە لە نێوان جفزی ئەم موشکیلەیەدا، ئێمەی کورد، دەتوانین خۆمان بە خزم و هاوڕێی میللەتانی تر حیساب بکەین و بێ پەروا بچینە ریزیانەوە

شاعیری خۆمان، تاهیر بەگ، پێشبینییەکی باشی بۆ کردووین لە دۆزینەوەی مەیدانی خۆ بەخزم زانین لەگەڵ جیهاندا بەم بەیتە ژیر و ناسکەی کە دەڵێ:

صەد شوکری خودا مەرکەزی صەد میحنەت و دەردەم

واتێ مەگە لەم دائیرەیی چەرخە بەدەروونم

بەراست ئەگەر لە ڕێی تەنگ و چەڵەمەوە ئەچینە ناو کۆڕی میللەتان کە تێدا حازربوونی بیتاقە و بانگهێشتنی ناوێ، لە چ مەیدانێکی تردا دەمانتوانی بێ ترس و شەرم و بیتاقە و بانگهێشتن خۆیان تێ هەڵقوتێنین و داوای خزمایەتییان لەگەڵدا بکەین؟

سەرەڕای ئەم دەسکەوتە زلەی هاودەردیمان لەگەڵ میللەتان. لایەنێکی تری زۆر خۆش و دڵدەرەوە لە گیروگرفتی ڕێنووسمان ئەوەیە کە فەرمانی رەواندنەوە و چارەسارکردنی، زیاتر لە گرفتەکانی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری رۆشنبیری، لە بەردەست و خواهشتی کوردایە و کەمتر غەیری کورد تێیدا خاوەن پشکە.

ڕێم هەیە بڵێم ئیشکالی ڕێنووس ئەوەندە ملکەچە بۆمان دەتوانین تۆڵەی ئەو ئیشکالانەی دەستیشمان ناگاتە ڕەواندنەوەیان لەوی بسێنینەوە. وەك کابرای نان و ماستی لە ماڵی خۆیدا شك دەبرد، هەر جارە لە دەرەوە خواردنێکی خۆشی دەدیت و دەستی نەیدەگەیشتێ، ڕای دەکردەوە بۆ ماڵێ و بەردەبووە نان و ماست هواردن.

هەر ئەو هۆماڵهەتییەی ڕێنووسەکەمانە هۆی زۆربوونی چارەسەرکردن و پێشنیاری هەمە چەشنەی نووسەران و زمانەوانانی کورد تاکو حاڵ گەیشتووەتە ئەو ڕادەیە کە پێشنیارەکان بۆ خۆیان بوونەتە ئیشکالێکی نوێ و سەختتر لە گرفتی ڕێنووسەکە خۆی. هەرپێشنیارێکی کە تا ئێستا پەیدابووە و لە دوا ڕۆژدا پەیدادەبێ لەگەڵ چەندین پێشنیاری حارز بەدەستدا پێك دەکەوێتەوە کە هیچ کامێکیان خۆ بە کەمتر ناگرێ لەدراوسێکەی و بایی تۆسقاڵێك ئامادە نییە بەخۆشی هودنەی لەگەڵدا بکا

بە نموونەی سووربوونمان لەسەر بیروباوەری تایبەتیمان هیکایەتێکی کورتیلەی تەجرەبەی خۆم دەگێڕمەوە لەم مەیدانەی ڕێنووسەدا:

لە هەڵکەوتێکی وتوویژ لەسەر دەنگەکانی زمانی کوردی هەندێك لەو بەشدارانەی وتوویژەکە ئەو ڕایەیان هێنایە پێش کە ئەو دەنگەی لەناو وشەکانی وەك (نوێژ، شوێن، دوێنێ)دا هەیە و لە سلێمانی و هەندێ ناوچەی تری کوردستاندا بە دەنگی (ئەواو ئەبێ) دەبیدرکێنن ئەمە دەنگێکی ڕەسەنە و دەبێ پیتی سەربەخۆی بۆ دانرێ لە نووسیندا. من یەکێك بوم لەوانەی دژی ئەم ڕایەبوون و ئێستاش بۆ خۆم وا تێ دەگەم ڕاستییەکەی ئەمەیە کە دوو دەنگی بێگومانی (واو و یێ) لەو وشانەدا هەیە و چ فەرقێك نییە لە ڕوی (چەند و چۆن)ەوە لە میانی (سرێژ و نوێژ)دا. هێندە هەیە خەڵقی ناوچەیێکی کوردستان بە جۆرێك کە زمانیان پێ ڕاهاتووە دوو دەنگی (واو و یێ)یەکە تێکەڵ دەکەن و دەیکەن بە دەنگێکی تایبەتی ناوچەیی نەك دەنگێکی ڕەسەن. بەوپێیە، بەلای قەناعەتی منەوە، دەبێ لە نووسیندا وشەکانی (نوێژ، توێ، نوێ، نوێن... هیی تر) بە دوو پیتی (واو و یێ) بنووسرێن. لەوە بەولاوە هەرکەس ئازاد بێ لە چۆنەتیی خوێندنەوەیان. بۆ سەپاندنی ڕایەکەی خۆم و هاوباوەڕانم چەند بەڵگەیێکم هێنایەوە وەك:

یەکەم. بەشی زۆری کورد وشەکان بە دو پیتی (واو و یێ) دەخوێننەوە. لەمەڕا دیارە

دەبێ راستیی وشەکانیش هەر وابێ، دەنا چۆن زۆرینەی کورد بەو هەڵەیەدا دەڕوا و بێ لزووم پیتێك بە زیادەوە دێنێتە ناو وشەوە؟

ئەم بەڵگەیە ڕەد کراپەوە بە وەرامێك لەو بابەتانەی کە خۆیان لە خۆیاندا بەڵگەنین بەڵام لەبەر نەبوونی چ مانەنێك لە گوتنەوەیان دەگوترێنەوە و دەوامیشیان لەسەر دەگرێ.

دووەم. ئەگەر ئەم دەنگە (واو و یێی تێکەڵ) لە لەهجەی سلێمانیدا ڕەسەن با بۆ دەبێ هەر لەو وشانەدا بەدی بکرێ کە لە لە هجەکانی تردا دەبینەوە (واو و یێ)؟ دەزانین لە لەهجەی بادینی و زمانی فرمنسیدا ئەم دەنگە ڕەسەنە، بەوەدا لەوشەی بێ گومان و بێ تەئویل خۆ بەدەر دەخا وەك ئەوەی کە وشەی (دور، بعید)ی سۆرانی لە بادینیدا بە دەنگی (واو و یێی) تێکەڵ تەلەفوز دەکرێ.

لە بیرم نەماوە وەرامی ئەم بەڵگەیە چی بوو.

سێیەم: لە نووسینیدا ئێستاش و لەمەوپێشیش خەڵقی سلێمانی ئەم و شانەیان بە دوو پیت دەنووسی وەك خەڵقی ئەو جێگایانەی بە دوو دەنگ دەیخوێننەوە، دەوجا ئەگەر خەلقەکە بە دوو دەنگیان دانەنابا بۆ بە دوو پیتیان دەنووسی؟

لە وەرامدا گوترا نووسین نابێتە بەڵگە چونکە لەسەر دەستوور و زانستی فۆنێتیك نەهاتووە.

چوارەم. شاعیرە زلەکانی سەدەی نۆزدەمی بابان ئەم وشانەیان بە هەر دوو دەنگەوە لەکارهێناوە و نەیانکردووە بە (دیفتۆنگ) خۆ ئەگەر وایان کردبا شیعرەکانیان لەنگ دەبوو. نالی دەڵێ:

هەر جۆگەو و جێگایە کەوا سوور و سویر بێ
جێی جۆششی گریانی منە خوێنە رژاوە

وشەی (سویر) بکەی بەو وشەیە کە (واو و یێی) تێدا تێکەڵ دەبێ وەزنی شیعرەکە تێك دەچێ. هەروەها نالی دەڵێ:

بولبول کە گەرمی نەغمەیە ناور دەکاتەوە
غونچە حەزینە جەرگ و دڵی بۆ دەکا تویێ

لێرەشدا وشەی تویێ قافیەی وشەکانی (هوردوێ و نادوێ و ناروێ)یە دەبێ

هەردوو دەنگی تێدا بخوێنرێتەوە دەنا نابێ بەقافیەیان و کێشی شیعرەکەش تێک دەچێ. وەک ئەمانەش شیعری تر زۆرن لە شیعری بوێژەکانی سلێمانی کە ئەمە بەڵگەی قەتعییە بۆ سەپاندنی رایەکەی من و هاوبیرەکانم.

لە وەرامدا گوترا، وا دەزانم وەرامەکەش زادەی ئەو لە حزەیە بوو پێشتر فکری لێ نەکرابۆوە، چونکە ئەم دەنگەی (واو و یێی تێکەڵ) لە بنەڕەتدا لە دوو دەنگ پێک هاتووە شاعیر رێی داوە بە خۆی بۆ زەروورەتی شیعر هەڵیان وەشێنێ و دەنگەکان بە پێی داخوازی قافیە بکاتەوە بە دوو دەنگ.

گوتم کە ئەمە وابێ ئەدی بۆ دەبێ جارێک لە جاران هیچ شاعیرێک لەو هەڵوەشاندنەیەدا ئەمات دەنگی (بێ) پێش خات و بڵێ (خێون، تێو، سێوز، نێوژ)؟ کە ئەسڵی وشەکان (خوێن و سوێر و نوێژ) ئەبێ دەبوا هەر دوو رێگە لە پێش زمانی شاعیر بکرێنەوە و بە شیعر بگوترێنەوە.

لێرەدا چ وەرام پەیدا نەبوو لەوە زیاتر کە بێ وەرامیی خاوەن رایەکانی سوورتر کرد لەسەر هەڵوەستی خۆیان.

ئەمە نموونەیێکی بێ داگرتنمانە لەسەر بیروباوەڕ. لە فەرزی ئەگەر خاوەنەکانی ئەو رایە نیشانیان پێکابێ و من و هاوباوەڕەکانم بە هەڵەدا چووبین ئەوا بێ داگرتنەکە هەر هەیە و چ فەرقێک نییە لەوەدا من لەسەر غەڵەتی خۆم سوور بم یا ئەوان. بێگومان لە دڵی خۆیدا ئەوانیش دەڵێن سەیری فڵانەکەس چەند ئەسەلمێنە، هەرچی بەڵگەیێکی بۆ رەد کرایەوە کەچی هەر پێی چەقاند لەسەر چەقی هەڵە.

بەمەدا دەمەوێ بڵێم تەگەرەیێکی سەرەتایی و گرنگ لە رێنووسی کوردیدا خۆمانین، واتە زەحمەتی رێککەوتنمان لەسەر یەک باوەڕ و تەعەسوبی هەریەکەمان بۆ بیروڕای خۆی رێمان پێ دەگرێ و لێمان دەبێتە لەمپەر بەر لەوە هەنگاومان هەڵێنابێ بۆ نەهێشتنی تەشکالەکە خۆی. ئەوەی راستی بێ نەک هەر لە بارەی رێنووسەوە بەڵکو لە بارەی هەمو کارێکەوە پێویستی هەبێ بە هاریکاری و یارمەتیدانی یەکتری ئیمەی کورد گیانی لاسارییمان، یاخود با بڵێم مەیلی تاک رەفتارییمان رێی هەموو هاریکارییێکمان لێ دەبەستێتەوە، ئەمەش ئەنجامێکی عادەتی و چاوەروانکراوە لە میللەتێکی وەک کورد کەوا لەبەر نەبوونی کیان و حکومەتی خۆی لە مێژوویێکی کۆنەوە، رانەهاتووە بەکاری گەلەکۆیی. هەزاران ساڵە ئەم میللەتە هێزێکی ناوەندی و دەسەڵاتێکی رێکخەری لە ناو

خۆیدا نەبووە تاکەکانی باوێتە سەر ڕێبازی کاری تێکڕایی و فێری یارمەتیدانی یەکتریان بکا.

هەموومان لە کۆنێکی کۆنەوە فرچکمان گرتوە بە شێوازی (کردەوەی تاکەکەس)و را نەهاتووین لەگەڵ یەکدیدا هاوبەشی کردەوەیەك بین.

لەگەڵ ئەمەشدا، بەرە و تاقمی خوێندەوار دەبێ بەخۆی بوێرێ و مل بنێتە کاری گەلەکۆیی، کە بەرژەوەندی گشتی لێی داواکرد ولز لەو مەیلە میراتییەی (تەنهاکاری) بێنێ، کە ئەمە نەکەین هیچ کۆبوونەوەیێکمان سوودی نابێ ئەو سوودە نەبێ بەگژیەکدیماندا بێنێ. هەر یەکێ بیەوێ لە کاری کۆمەڵدا بەشدار بێ دەبێ خۆ لە بیربکا و سوودی گەل لەو کارەدا بکا بە تاکە ئامانج، کە ئەمە نەکا و بیەوێ خەریکی نمایشاتی خۆی بێ ئۆباڵی میللەتەکەی دەکەوێتە ئەستۆی. هەزار بەڵگان بێنێتەوە بۆ سۆز و پەرۆش و چاکەخوازیی خۆی یەکێکی ڕاستی تێدا نییە و هەمووی چەشمبەندییە و پەردەی عەیب پۆشییە.

قسەکانم خۆی دەگرێتەوە بەر لە هەمووکەس: بابیی ئەوەی کە گیانی کۆمەڵدۆستی بمبزوێنێ کەڵکی کاری گەلەکۆییم پێوە دەبێ، کە ئەو گیانەم نەبێ بە تەنها کاربکەم، نەك هەر باشترە، بەڵکو تاکە ڕێگەیێکی پەسندە بۆ من لە کارکردندا، خۆ هەر نەبێ نیش لە خەلق تێك نادەم.

لەبەر تیشکی ئەم ڕاستییەی خۆ لەبیرکردنەوە و لکان بە مەوزووعەوە، هێندەی کە من تێی بگەم، گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی چەند جۆرێکن.

یەکەمیان ئەو ئیشکالانەی کە لە خودی ئەو ئەلفبێیانەدا هەیە کوردییان پێ دەنووسرێ:

ئەلفبێی عەرەبی دوو ئەرکی زۆر گەورە داوێتە سەر ئەستۆی کەسانێك لە نووسیندا بەکاری دێنن،

ئەرکی یەکەم لەوە وە دێ پیتەکانی (ا، د، ذ، ر، ز، و)بە پیتی دواخۆیانەوە نالکێن و نووسەر ناچار دەبێ چەندین جار لە نووسینی یەك وشەدا دەست هەڵگرێ و خامە هەڵنگێرێ. بەڕاستی نووسەر بەئەلفبێی عەرەبی هێندە قەڵەمەکەی هەڵدەگرێ و بۆ پێشەوە و سەرەوە و ژێرەوە و دواوەی دێنێ و دەبا هەر دەڵێی ڕەسامە و فرچەکاری دەکا لە تابلوی ڕەسم. ئەم کەرتکردنەی وشە کە بۆ خۆی لە ئەسڵدا یەك پارچەی سەرانسەرە

کارێکە دژی داخوازی (سروشت) و خۆ ڕاهێنانە بە پیشەیێکی درۆزن. لەوەش زیاتر، ئەو هەموو دەست هەڵگرتنە و خامە هەڵەنگاوتنە یەکجار یەکی نووسەر دەخەن لە خێراکردن و ڕەوانی لە نووسیندا و نرخێکی گەورەش لە فکر و زیهنی وەردەگرن بەوەدا کە هەموو دەم، وەك سواری وڵاغ، دەبێ لە جڵەوی خامەکەی بداتەوە و لە ساتمەی بگێڕێتەوە.

لە کوردیدا هەرچەند پیتی (ذ) نییە ئەگەر لەهجەی هەورامانی لێ دەرکەین بەڵام چەندین ئەلاکەت هەیە دە جاران زیاتر تۆڵەی ئەبوونی (ذ) دەکەنەوە.

جارێ لە جیاتی (ذ) پیتی (ژ) هەیە بەخۆی و سێ نوقتەوە لە جیاتی نوقتەیێکی (ذ).

ئینجا دو جۆرە (ر) هەیە قەڵەو و لاواز.

ئینجا سێ جۆرە (و) هەیە واوی لە جێگەی (ضمة) و واوی قوچاوی (موو) و واوی کرایەوەی (بۆر).

دوای ئەمانە ئەو پیتە مەعلوومەی (ە) کە لە جێگەی (فتحة) بەکاردێ و وەك موی لووت وایە لەویش زیاتر و ناقۆڵاترە. ئەمانەمان با لەبیر بێ تا باسی ئیشکالی دووەم دەکەین لە ئەلفبێی عەرەبیدا.

ئیشکالی دووەم پیتی نوقتەدارە. لە عەرەبیدا ١٥ پیت لە ٢٨ پیتان نوقتەیان هەیە.. دەك ماڵت شێوێ دانەری ئەلفی بۆ ئەو هەموو حەزکردنەت لە گرێ و گاڵ.

چ موبالەغە نییە لەوەدا کە بڵێم نوسەری عەرەبی چەند خەریك دەبێ لە باری دەستووری (قواعد)ی زمان هەڵە نەکا هێندەش لەباری ڕێنووسەوە خۆ بە دانانی نوقتانەوە دێنێ و دەبا. لە ڕێنووسی عەرەبیدا جارێکی دیکەش بوون و نەبوونی نوقتە خۆ دەکاتە ئیشکال کە زۆرینەی پیتەکانی شکڵیان بەیەکدی دەچێ بە نوقتە و بێ نوقتە: ف ق – ر ز – س ش – ص ض – ط ظ – ع غ – ب ت ث – ج ح – د ذ – ئیتر وا دەبێ هەڵەکردن لە دانان و دانەنانی نوقتە وەیا زیاد و کەم کردنی یەکجاری واتا و مەبەس دەگۆڕێ یا تێکی دەدا یا نایەهێڵێ.

ئەم ئیشکالە لە کوردیدا هێندەی عەرەبیی بەملەوەیە:

پیتی نوقتەداری کوردی بەقەدەر هی عەرەبی دەبێ پ، ژ، چ، ڤ، دەچنە بەرابەر ث، ذ، ظ، ض و کەلێنیان پڕ دەکەنەوە خۆ ئەگەر (ذ) لەهجەی هەورەمان بێنینەوە ریزی پیتەکانی کوردی ئەوا ژماری پیتی نوقتەدار لە کوردیدا پتر دەبێ لە هی عەرەبی. بەڵام

نیشکالەکە بەوەندە کۆتایی نابێ

نیشکالی دانانی نیشانە لەسەر پیتان لە کوردیدا دوو جاران لەهی عەرەبی زیاترە، لە عەرەبیدا ۳ نیشانە هەیە (ضمە، فتحە، کسرە)، لە کوردیدا (ێ، ێ، ۆ، ۆ، ڕ، ڵ) نیشانەدارن.

تۆ سەیرکە ئەو چوکڵەی پیتی (ت)ی ناو وشەیێکی وەک (دیتن) بۆ ٦ ئیحتمال دەست دەدا (ب، پ، یٚ، یێ، ت، ن) لەوانەیە هەڵە لە نوقتەکان یا نیشانەکاندا ببێتە هۆی گۆڕینی واتا یا نەمێلانی واتا هەر بەجاری.

وشەی (تەلەفۆن) کە خۆی سێ بڕگەیە ۸ جاران خامەی تێدا هەڵدەنگێوێ.

وشەی (وەرە) کە تاکە وشەیێك و دوو بڕگەیە چوار جاران دەستی تێدا هەڵدەگرێ، خۆ ئەگەر نوقتە و نیشانە هەبێ لەسەر پیتەکانی وەک وشەی (زەرە) دەبێ شەش جاران دەست هەڵگرێ.. وشەی (زۆر) خۆی بڕگەیێك و سێ پیتە بەڵام ٥ جاران خامەی تێدا هەڵدەقورتێتەوە. ئەم وشەی (دەقوڕێتەوە) ۱۲ جاران خامە تێیدا جێگۆڕکێ دەکا (د، ە، قو، ڕ، یتە، و، ە، دوو خاڵی قافەکە، نیشانەی سەر واوەکە، خاڵی زێیەکە، دو خاڵی بێیەکە، نیشانەی سەر بێیەکە، دووخاڵی تێیەکە).

وەك گوتم دانانی نیشانەییکی ئەلکاو بە دوا خۆیدا لەجێگەی (فتحە) ئەم ئیشکالەی دەست هەڵگرتن و قەڵەم بڵندکردنەوەی بە جارێ بێ سنوور کردوە لە کوردیدا. دەتوانی رستەی وەها پەیدا کەیت نیوەی پیتەکانی ئەم (ە)یە بێ وەك (وەرە دەرەوە) یاخود (زەرەرەکە کەمە) یاخود (گەمە مەکە - کەوەکە بەڵەکە - رەشە لە دەرەوەیە..) دەوجا تا بکەوێتە میانی پیتانەوە لەپاڵ یەکیان هەڵدەوەشێنێ و نووسین پچڕ پچڕ دەکا.

ئەم هەموو پیتی ئەلکاو و خاڵ و نیشانەیە نووسین و خوێندنەوەی شێواندوە و ڕێگەی داوە بەهەڵەکردن تێیاندا، شتێکی خراپتریشی کردووە بەوەدا کە هەڵوەشاندن و کەرتکردنی تاکە وشە، نووسەر ناچار دەکا بۆ ناگاداربوونی هەمیشەیی لە جیاکردنەوەی مەودای بەینی کەرتەکانی یەك وشە لە مەودای بەینی دوو وشەی سەربەخۆ. تۆ کە دەنووسیت (وەرە لام) ئەگەر ئاگاداری خۆت نەبیت مەودای میانی چوار کەرتی وشەی (وەرە) لەگەڵ مەودای میانی وشەی (وەرە)و وشەی (لام) لەیەکتر جیا ناکرێتەوە و تێکڕای رستەکە وەك یەك وشە خۆ دەنوێنێ لەوانەیشە هەندێکی وشەی یەکەم لە نوسیندا خۆ نزیك کاتەوە لە وشەی دووەم و بنووسیت (وە رەلام)

یاخود (وەر- ەلام) یاخود (و مرەلام- و مر ەلام . هتاد) خولاسە ئیحتمالی هەڵە لە نووسینی کەرتەکانی وشە سەروبنی نییە تا بڵێی فراوانە.

نووسینی کوردی بە ڕێنووسی لاتینی بایی ئەوە کە هەموو پیتەکانی دەلکێن بەدوا خۆیانەوە و تێکڕایان خاڵ و نیشانیان لە ڕێنووسی عەرەبی کەمترە، بێ گرفتترە کە دەکا فەرقێکی تا بڵێی زۆر، هەم لە رووی ئەوەوە کە هەڵە تێداکردنی کەمتر دەبێ و هەم لە رووی ئەوەوە زیهن هێندە هەریك نابێ بە نەقش و نیگاری خاڵ و نیشانەکان و جیاکردنەوەی مەودای میانی کەرت و برگەکانەوە سەرەرای ئەمانەش، کە دەست هەڵگرتن لە نووسینی رستە کەم بۆوە مێشکیش کەمتر رچەی فکرەکانی لەیەکدی دەپچرێنەوە.

لەو پیتانەی لاتینی کە ئێمە شارەزایان هەین دو پیتی (I-İ) خاڵداران و پیتی (Ï)ش خیتەکەی سەرەوەی قەڵەم بەرز دەکاتەوە. بەلای منەوە پیتی (X) وەك (لا)ی عەرەبی وایە، بریتییە لە دوو پیتی سەربەخۆ نابێ بخرێتە ئەلفباوە.

بەراحەوە خاوەنەکانی ئەم ئەلفبایە کە ئەوروپاییین، تا بڵێی غەدریان لێ کردووە چونکە لە نووسیندا وای بەکاردێنن هەندێ جار هەر دەڵێی نوسینی هیرۆگلیفییە، پیتەکان دەنگی خۆیان نادەنەوە لە وشەدا بەڵکو وێنەیێکی سەرلەبەر دەبێتە نیشانە بۆ وشەیێکی سەرلەبەر، یار رستەیێك. لە وشەی Leigh Thigh, maugham و گەلێکی تری وەك ئەمانە پیتەکان کەمێك نەبێ ئەو فەرمانە نابینن کە لە بنەرەتدا بۆیان دانراوە.. فرەنسیش وەك ئینگلیزی ئەم بێ ئینسافییەی کردووە لەگەڵ پیتەکان و ناغلەب وا نەبێ بەپێی جێگە دەنگیان دەگۆڕێ.

وەنییە ئەم کارەی ئینگلیز و فرنسە لەگەڵ پیتی لاتینیدا نرخی ڕێنووسەکە کەم کاتەوە بەلام بەهۆی ئەوەوە نووسەرانی کورد چاویان ڕاهاتووە لەو نووسینانە، ئەوانیش لە هەندێ جێگە و هەڵوەستدا شوێنیان کەوتوون و هەڵەی وان دووبارە دەکەنەوە وا بووە لەگەڵ خاوەن شەهادەی بەرز لە زماندا دووچاری موناقەشەی ئەو بەدبەختییە بووم ناخۆ (نۆ، نا، نێ)کە لە لاتینیدا هەریەکەیان بەپیتێك دەنووسرێن لە حەقیقەتدا یەك دەنگیان هەیە یا زیاتر؟ هەڵبەت (ئا- هەمزە و ئەلفە، ئۆ- هەمزە و واوە)، (ئێ- هەمزە و یێیە) کەچی خاوەن شەهادەکە سوور بووە لەسەر هەندێ کە ئەمانە یەك پیتن و یەك دەنگیش: بێ گومان سەهووەکەی لەوەوە هاتووە کە چاو و

مینتکی راهاتووه به جۆری لەکارهێنانیان لە زمانەکانی ئەورووپادا.

ئەم هەمزەی سەرەتای وشەکان کە لە نووسینی ئێستاکەی لاتینیدا تێ دەچێ و لەگەڵ بزوێنی دواخۆیدا دەکرێ بەیەك پیت پەکێکە لە گیروگرفتی ئیملای کوردی بەلاتینی، لەوەشدا سووچی پیتەکان نییە ئێمە خۆمان رەفتارمان نادروستە لەگەڵیاندا. تۆ کە بڵێی (ئا) و لە لاتینیدا بە یەك پیتی Aوە یا شکڵێکی تر بینووسی ئەوسا مەنتیق لێت داوا دەکا وشەی (با)ش بە یەك پیت بنووسی هەروەهاش.. دا، را، تا، پا، ما... هتد چونکە هەموویان وەك (ئا) دوو دەنگن ئیتر کە (ئا) بەیەك پیت بنووسرێ ئەوان تاوانیان چییە بکرێن بە دوو پیت یاخود ئەگەر ئەوان بە دوو پیت نووسران (ئا)ی بەستەزمان بۆ کورت بکرێتەوە.

ئەگەر یەکێك بڵێ تازە ئەم نووسینەی هەمزە و بزوێن بە یەك پیت بۆتە دەستوور لە رێنووسی لاتینیدا و پێی تاوێ ئیشکالێکی نوێ دروست بکەین بە تێکدانی دەستوورەکە من لەلای خۆمەوە بە تەنها ناپەمە بەرەڵست کە بڕیاری گشتی یا زۆرینەی نووسەران و خاوەن رایان دەستوورەکەی پەسند کرد، هێندە هەیە وەك بەدیهییە ئاشکرایە بە یەك پتیش بنووسرێ لە حەقیقەتدا دوو دەنگی سەربەخۆی بێ فێڵی تێدایە وەك (لا)ی عەرەبی کە بریتییە لە (لام و ئەلف) یا لە ئەلفبێی کۆنی عەرەبیشدا بە یەك پیت حیساب کرابێ. ئێمە راستییەکە دەبێ بزانین بە دوا زانینی راستیدا چی دەکەین. ئەگەر غەڵەتیش بێ، بە چاوی کراوەوە دەیکەین و دەڵێین بەرژەوەند وای داواکرد.

وەك مەسەلەی ئەم (هەمزە و بزوێن)ە مەسەلەیەکی تریش هەیە دەبێ مرۆڤی شارەزای رێنووس لێی بە سەهوو نەچێ. ئەو سێ بزوێنی (سەر و بەر و ژێر) کە لە لاتینیدا بە پیتی سەربەخۆ دەنووسرێن لە حەقیقەتدا ئەمانە پیتی سەربەخۆ نین.. بەڵێ مەعلوومە دەنگن و دەنگی کورتیش بەلام وەك پیتەکانی رەسەن ئیمکان نییە بە تەنها تەلەفوزیان پێ کرێ، تا بەدوا پیتی تردا نەیێن دەربڕینیان مومکین نییە. تۆ دەتوانی هەمو پیتەکانی هیجا (غەیری بزوێنی ئەلف کە هیکایەتێکی فۆنۆتێکی درێژی بەدوادا دێ) بەتەنها بڵێیتەوە و دەنگەکانیان لە مەخرەجی خۆیان بهێنیتە دەرەوە بەلام بزوێنە کورتەکان (سەر و بەر و ژێر) وجوودی سەر بەخۆیان نییە و بە تەنها ناگوترێن واتە خزمەتکاری پیتە رەسەنەکانن. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم پیتی (ی، و) هەرچەند دەبن بە بزوێنی درێژ (ۆ، وـیٖ، ێ) بەلام بە ئەسڵ هەریەکە یان بە هەمرو

جۆرەکانیەوە چ بزوێن چ دەنگدار هەر یەک پیتن. وای وەستاو (ساکن) و یێی وەستاو کە درێژت کردەوە دەبێتە واو و یێی بزوێن. واوی وشەی (راو) و یێی وشەی (دایک) درێژ کەوە دەبنە واو و یێی بزوێنی قوچاو. ئەم درێژکردنەوەیە نەک هەر بۆ واو و یێ دەبێ بەڵکو پیتی تریش هەن وەک (س، ز، ر، ل، م، ن..) ئیمکانی درێژکردنەوەیان هەیە.. ئەمە بۆیە دەڵێم تا سەیرت بەو قسەیەم نەیێ کە گوتم واو و یێ درێژکەوە. بۆیەیشمە کە مەعلووم بکرێ هەروەک درێژکردنەوەی س، ز، ر، ل ناپانکا بە پیتێکی تر هەروەهاش درێژکردنەوەی و، ی کە دەیانکا بە بزوێن نەیگۆڕیون بەوەشدا مەعلووم دەکرێ واو و یێی بزوێن و دەنگدار یەک شتن.

قسەکردن لەبارەی ئیشکالات و چاکە و خراپەی پیتی عەرەبی و لاتینی کە کوردییان پێ بنووسرێ گەلێک لەمە زیاتری بە بەرەوەیە بەڵام لزووم نابینم لە باسێکی وا کورتدا رووپیوێکی پانی پێ بگرمەوە ئیمە کە هەموو چاکە و خراپەکانمان زانی و هەموو راستییەکمان ئاشکرا کرد ئایا رێمان هەیە بەپێی سوودی زمانی کوردی چیی چاکە ئەوە هەڵبژێرین؟ تۆ بڵێی ئیمکان هەبێ پیتی لاتینی بێنینە کایەوە و واز لە پیتی عەرەبی بێنین لە وەزعی ئێستاکەماندا؟ لە فەرزی بۆشمان بلوێ وا بکەین ئایا ئەمە کارێکی پەسندە لە حاڵێکدا هەموو کوردێکی عێراق بەپێی داخوازی بەرژەوەندی بە یەکەوە ژیان لەگەڵ عەرەبدا ناچارە دەبێ ئیملای عەرەبی فێربێ ئەوساش ئەرکەکەی لێ دەبێتە دوو ئەرک؟

وا بزانم قسەکردن لە بەکارهێنانی ئیملای لاتینی لە زەرفی ئێستاکەماندا زەحمەتی بێهوودەی پێ دەڵێن. ئەوەندەی کە لەسەر مەوزووعیشم نووسی لەوەوە هات کە نووسینی کوردی بە ڕێنووسی لاتینی کارێکە لەبەرچاوان و لە ناو دڵان، زۆریش نووسینی کوردی هەیە بە پیتی لاتینی، هەڵبەت بێبەشبوون لە روانگەیێکی فراوانی ئیملای کوردی کاری کردن نییە.

تو بڵێی دوای زانینی عەیب و عاری ئیملای عەرەبی، بە تایبەتی دوای ئەوە کە لە چەرخ بدرێ بۆ نووسینی کوردی، هیچ رێگە و توانا و ئیمکانێک هەیە بۆ لێهاتوتار بوونی؟ کەس دەتوانێ یا دەوێرێ پیتی ئەلکاو لەناو ببا یاخود پیتی حاڵدار بگۆڕی بە پیتی بێ حاڵ یاخود نیشانان دەهێڵێ؟ کەس حەدی ئەوەی هەیە پێشنیار بکا بۆ گۆڕینی پیتە بزوێنی (سەر) بە شکڵێکی ئەوتۆ بلکێ بە پیتی دوا خۆیدا؟

تا ئێستا، بەقەدەر ئەوەی من بزانم و ئاگاداربم، تاکە یەک ئێشك لە چ لایێکەوە دیارنییە ڕێبازی چارەسەرکردنی ئەو تەگەرە زلانەمان بۆ ڕوون کاتەوە، هەروەك ئاگرێ نوێژی عەسر بیێتە سێ ڕکعەت هەروەهاش ئاگرێ خاڵەکانی (ت، ن، ژ، چ) بفۆتێن یان بگۆڕێن، یە کەسیش ئاگرێ بێتە بزوێنی سەر (ـە) دەست لێ بدا و (حجر الاسود)ی ئیسلای کوردی بلەرزێنێ.. کەواتە ئێمە کە بمانەوێ چارەسەری گیروگرفتەکانی ڕێنووسمان بکەین هەر دەبێ هەریەکی ڕێکخستنی ئەو کۆت و زنجیرانە بین کە لە بەندیخانەی ڕێنووسی کۆن بە ناپێکی لە خامەمان ئالاون.

بەلام بەرلەوە یەخەی نەلفوبێ و برگە و نیشانە بگرین ئیشکالێکی گەورەتر لەخودی (ڕێنووس)ەکە دێتە پێشمان لەوەدا کە زۆر لەعەجیبی زمانی کوردی ڕێ نادەن بۆ قەراردادەکردنی یەك (ڕێنووس). قسەکردن لەمەك ڕێنووس بۆ کۆمەڵێك لەعەجە خۆتەقرەدانە هەر نەبێ بەنیسبەت تاکێکی وەکو منەوە کە بەهیچ جۆر دەسەلاتی ئەوەم نییە ڕێنووسێکی گونجاو لەگەل یەك لە لەعەجەکانی کوردیدا بکەم بەدەستوور، دەسەلاتی ئەوتۆیی، وەك بزانم، بەخشراوە بە کۆڕی زانیاری کورد. کۆڕیش مەیدانێکی باشی بڕیوە لە قەراردادەکردنی جۆری نووسینی بەشێکی تەواوی ئەو شوێنانەی تەگەرەیان تێدایە بەشکڵی پێشنیار بڕیارەکانی کۆڕ لە یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەیدا بڵاوکراوەتەوە و تکای دەربڕینی بیروباوەڕیشی کردووە لە نووسەرانی کورد بەرامبەر ئەو پێشنیارانەی. کەواتە شتێك من لێرەدا بێڵێم دەبێتەوە پێشنیارێکی شەخسیی خۆم لە عاست ئەو بڕیارانەدا کە خۆم یەکێك بووم لەوانەیە تێیدا بەشداربوون، بەلام مەرج نییە بەشداربوونی من یا غەیری من بکرێتە بەڵگەی لێ ڕازی بوون، هێندە هەیە بەش بەحاڵی خۆم شتێك کە بووە بڕیاری نیهائی لەلایەن کۆڕەوە من پەیڕەوی دەکەم.. بۆ دەربڕینی بیروباوەڕیش ماوەی ٦مانگ دانراوە من و نووسەرانی تری کورد ڕێمان هەیە چیی بەچاك دەزانین بیخەینە ڕوو.

ڕێنەی دەنگەکانی کوردی وەك ا، ز، هـ، م، د.. هتاد لەلایەن کۆڕەوە بۆتە بڕیارێکی نیهائی، ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەش هەر بەو ڕێنانە نووسراوە تەنانەت ئەو گوتارانەی بۆی هاتن لەلایەن نووسەرانەوە چ لەدەرەوە چ لە ناوەوەی ولات هەموویان خرانە سەر ئەو نەلفوبێیە. بەلای منەوە نەهێشتنی دوو (واو) و دوو (یێ) و دوو (ڕێ) لە نووسیندا کارێکی هێندەی بڵێی پەسند بوو چونکە سەیرێکی گەلێك سەیرە یەك دەنگ بە دوو پیت بنووسرێ. تۆ کە دەڵێی دەڕۆم یەك دال و یەك ڕێ و یەك واو و یەك میمت

گوتروه بۆ دەبێ لەنێو هەمواندا (ڕی)یەکە لە نووسیندا دووبارە بکرێتەوە، هەر بۆ خاتری ئەوە لە (ر)ی لەری جیاکەیتەوە؟ جیاکردنەوە ڕێبازی تری هەیە کە عەقڵیش نییە وەک ئەوەی وێنەیێکی تایبەتی بۆ دانێی یاخود نیشانە بخەیتە سەر یەکێکیان. لزووم نییە لەسەر ئەم باسە قسە درێژ کەینەوە. لێرە بەهێشەوە هەلق زۆری لەسەر ڕۆیشتووە، بەنیسبەت منیشەوە بڕیاری نیهائیی کۆڕ ڕێگەی موناقەشەی بەستووە هەر ئەوەندە دەڵێم ئیعتیرازکردن لە دانانی نیشانەی (٧) لەسەر ڕێی قەڵەو (ڕ) لەو ڕووەوە کە شکڵەکەی نزیک دەکاتەوە لە پیتی (ژ) ئەم ئیعتیرازە کە هەرایە بەرتیشکی لەیەک چوونی (پ، ی، ن، ت، پ)ی ناوەڕاست هێزی کەم دەبێتەوە چونکە لەوانەیە بێ بە بێ بخوێنرێتەوە یا بێ بە بێ یا نوون بەتێ بخوێنرێتەوە هەر پیتی (ژ) لەوانەیە ببێتە (ز) جیمیش براجەرانەی (چیم)ە کەواتە موبالەغە کردن لەو نیشانەیەی سەر (ڕ)، بە ئانقەست یا بە سافیلکەیی، کۆمەڵێک موشکیلەی وەک ئەو لەبیر خۆی دەباتەوە و بێ دادەگری لەسەر تاکە شتێک کە برابەری زۆرن.

پێشنیارەکانی کۆڕ هی وایان تێدایە بەتێکڕای دەنگی ئەندامەکانی پەسندکراوە، هەندێ جاریش وا بووە زۆرینەی دەنگی ئەندامان پەسندی کردووە. من لەو باوەڕەدا بووم ئیسمی فاعیلی (مرکب) سەرلەبەری هەردوو کەرتی بەیەکەوە بنووسرێن یا واتایێکی تایبەتیش ڕانەگەیەنن وەک ئەوەی بنووسرێ (نانخۆر) هەرچەند نەشبووبێ بە ناوی (حرفە)ی وەک (جلدروو یاخود سەرتاش). هەم لەبەرئەوەی کەرتی دووەمی وشەکە سەربەخۆ واتا ڕاناگەیەنێ هەم لەبەر هێندێ کە ئەم کەرتەی دووەمە بۆتە (عامل)ی کارتێکەری وشەی پێشەوە (لە ڕاستیدا وشەی پێشەوە مەفعوولە) و وای پێوە نووساوە لێی ناپچڕێتەوە. بەڵام کۆڕ بڕیاری وا بوو تا بەهەردوو کەرت وشەیێکی فەرهەنگی پێک نەهێنن و واتایێکی تازە دانەهێنن بەیەکەوە نەنووسرێن.

من مەیلم بۆ ئەوە دەچوو ڕاناوی لکاو کە هاتە ناو وشەوە بێتە دلبەشکەری وشەکە واتە ڕاناوەکە بە کەرتی پێش خۆیەوە بلکێ و لە کەرتی دوا خۆی جیابێتەوە وەک (سم بینە، دەت بینم، ئەمان دیتی) بەڵام کۆڕ ئەم بڕیارەی هەر بۆ ئەو حاڵانە بوو کە ڕاناوە کە دەکەوێتە دوای پێشگرەوە وەک (هەڵم گرت، داسان گرت، پێمان کرد...)

وا بزانم ئەوسا کە لیژنەی ئیملا خەریک بوو گیروگرفتەکان یەکلا بکا لە بیری چوو باس لەوە بکا کە حەرفی (نە) نەفی بە واتای rehtien و nor بەکار دێ دەکەوێتە پێش فیعلەوە چۆن بنووسرێ؟ بلکێ یا نەلکێ؟ تۆ دەڵێی نەدەخوا نەدەخواتەوە. دەبینی ئەم

(نە)یە لێرەدا وەك (نە)ی نەفیی عادەتی حەرفی (دە) مضارعی لەناو نەبردووە، نەفی عادەتی (دە)یەکە تێ دەما و دەڵێ (ناخوا و ناڕوا و ناچێ.. هتد). بڕیاری کۆڕ ئەوەیە ئەمرازەکانی (نەفی و نەهی و ئەمر و مضارعە) لە هەموو حاڵدا بلکێن بە فیعلەوە، تەنانەت کە دوو ئەمرازیش بەیەکەوە هاتن، راناوی لکاویشیان لەگەڵ دا بوو هەر بلکێن وەك: (نەیاندەگرتین- مەیبینە- بتانگرم..). بەڵام وا دەزانم (نە)ی بە واتای neither و nor هەڵناگیرێ بلکێ چونکە وەك ئەمرازەکانی تر نییە حیساب بکرێ بەکەرتی ئەسڵیی فیعل. ئەم راستییە جارێکی دیکەش بەوەدا دەردەکەوێ کە (نە) بە واتای rehtien و nor لەگەڵ (ب)ی ئەمریش کۆ دەبێتەوە و دەگوترێ (نە بکەی نە بخۆی..) ئەگەر نەهی عادەتی با دەگوترا (نەکەی نەخۆی). لەبەر ئەمە مەعقوول نابینم مامڵەتی ئەمرازەکانی تری لەگەڵدا بکرێ، بەو پێیە نەلکانی لەگەڵ سروشتیدا زیاتر رێك دەکەوێ و دەبێ بنووسرێ (نە دەچێ و نە دێ).

بەڵام دەبێ تێبینیی ئەوە بکرێ لە صیغەی (ماضی استمراری) ئەمرازی (نە)ی نەفی عادەتیش (دە)ی نیشانەی (مضارع) تێ نابا: دەڵێی (نەدەڕۆیشت). لەبەر ئەمە لە ڕواڵەتدا وەك (نە)یneither خۆ دەنوێنێ، بەڵام لە لایەن واتاوە وەك دەزانین زۆر لەیەکدی جودان[1] بەلای منەوە لەم حاڵەشدا دەستوورەکە نەگۆڕێ باشە، واتە کە ویستت (نــە)ی وشەی (نــەدەڕۆشت) بــە واتــای neither بێ ئەوسا مەیلکێنە کە ویستیشت (نە)ی نەفی بێ بیلکێنە. ئەم لکان و نەلکانە لە تەلفیزی ئێستاکەمان زۆر باش دەرناکەوێ چونکە پێتە بزوێنی وشەی (نە) کە نیشانەکەی (ە)یە بەدوا خۆیەوە

---

(۱) تەنانەت لەم صیغەیەشدا کە (کار- فعل)ەکە تێپەڕ (متعدی) بوو (نە)ی بە واتای nor سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ. بە نموونە دەڵێم کاری تێپەڕی (خواردم) با بکەینە رابردووی استمراری کە دەبێتە (دەمخوارد)، ئینجا با بیکەینە (نەفی)ی عادەتی: دیارە دەبێتــە (نــەمدەخوارد). کەچی (نە)ی بە واتــای nor کــارەکە وەك خۆی دەهێڵێتەوە و تەرکیبی ناگۆڕێ و دەگوترێ (نە دەمخوارد نە دەمخواردەوە). هەمان شکڵ ئەم (نە)یەی nor لەگەڵ صیغە (انشائی)یەکانی کاری تێپەڕیش خۆی جیا دەکاتەوە لە (نە)ی نەفی. دەگوترێ (نەمخواردبا، نەمخواردبێ، نەمخواردبوویا) ئەمە لە حاڵی نەفیی عادەتی بەڵام لــەگــەڵ (نــەی) nor دەگــوترێ (نــەمخواردبــام نــەکردبام، نەمخواردبێتم نەکردبێتم، نــەخــواردبــووبــام نــەکــردبــووبــام- لــە سلێمانی بــۆ ئــەم صیغــەیــەی دوایــی دەڵێن نەخواردبوومایە نەکردبوومایە).

سالکێ. بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەمان مەبەستە کە بێتە کەرتێکی وشە ئەوسا لە نووسیندا مەودا ناکەوێتە مەبانی ئەو و برگەکانی تری وشەوە. بە نموونە دەڵێم کە ویستت neither بەکاربهێنی دەنووسی (نە دەڕۆیشت و نە دەهات) کە مەبەستت نەفیی عادەتی بێ دەنووسی (نەدەڕۆیشت، نەدەهات).

یەکێك لە گرفتەکانی نووسینمان هاتنی (کسرەی مختلسە)یە بۆ ناو وشەی کوردی. من ئەو بزوێنە یەکجار بێ هێزە ناو دەنێم بزوێنی بێ تەرەف (محاید) چونکە دەیهێنییە ناو وشەوە مەبەستت نییە بەرەو هیچ یەکێك لە بزوێنە کورتەکان بیدرکێنی، وەك ئێستاکە باسی لێ دەکەم ناغڵەب وا دەبێ زەروورەت دەیهێنێ و کە زەروورەت نەما لە خۆوە لادەچێ. با میسال بێنمەوە: تۆ دەڵێی (گەنمەکەم کڕی) لێرەدا پیتی (ن) وەستاوێکی تەواوە، بەڵام کە وشەی (گەنم) بە تەنها بڵێی ناچاری قورسایی بخەیتە سەر پیتی (ن)ەکە و بەدوا ئەودا (م)ەکە بووەستێنی. ناچارییەکە لەوەوە دێ بە جارێ بۆت ناکرێ هەردوو پیتی (ن، م) لە وشەی (گەنم)دا بووەستێنی واتە لێرەدا وەستاو بەدوا وەستاودا نایێ مەگەر خۆتی تێدا سەغڵەت کەی بۆیە (ن)ە کە قورس دەکەیت و بزوێنێکی سووکی بێ هێزی بێ تەرەفی دەدەیتێ تا بتوانی (م)ە وەستاوەکە بدرکێنی.

ئیشکال لە دۆزینەوەی زاراوە نییە بۆ ناونانی ئەو بزوێنە با پێی بگوترێ بێ تەرەف، کسرەی مختلسە Stress یا هەرچی بێ. ئیشکال لەوەدایە ئاخۆ ئەم بزوێنە پشتگوێ بخرێ، یەکجارەکی، یاخود نیشانەی بۆ دانرێ؟ کە پشتگوێی خەیت ئینکاری بوونی شتێکی مەوجوودیت کردووە. خۆ لە شیعردا وا دەبێ ئەگەر ئەم بزوێنە مافی تەواوی خۆی نەدرێتێ شیعرەکە لەنگ دەبێ. واش دەبێ کە تێی نەبەی و نەیکەی بە وەستاوی تەواو ئەوسا لەنگی پەیدا دەبێ. من مەبەستم ئەو شوێنانە نییە کە بزوێنە بێ تەرەفەکە هەمیشە تیایاندا دەردەکەوێ وەك کاف و دال لە وشەی (کردن)دا یاخود پیتی تێ لە وشەی (بەستن)دا، بڕیارێك کە بۆ ئەو تەرزە شوێنانە بدرێ تەگەرەی تێدا نییە بەڵام لە زۆر وشەدا ئیمکان هەیە ئەم بزوێنە بێ تەرەفە هەبێ و نەبێ. ئاخۆ پەسەند دەکرێ هەمان وشە جارێکیان ئەم بزوێنەی تێدابێ بنووسرێ و جارێکیان نا؟ مەعقوولە دوو جۆرە ڕێنووس بۆ یەك وشە؟ دەزانم ئێستاکە بڕیاری گشتی، بە کردەوە نەك بە (تصویت)، لەسەر هێندێیە ئەم بزوێنە لە ڕێنووسی کوردی بە پیتی عەرەبی نیشانەی بۆ دانەنرێ و دەرخستن و دەرنەخستنی بدرێتە بەر زەوقی خوێنەر و پێویستیی جێگە. بەڵام لەو باوەڕەدام ئەم خۆ بێدەنگکردنە لە عاست ڕێنووسی لاتینی بە زەحمەت

بچێتەسەر هەم لەبەر ئەمە کە لاتینی پیتی حازر و بزری هەیە بۆ هەموو دەنگێك، تا وا دەبێ لە هەندێ ڕێنووس چەند پیت بە زیادەوە دەنووسرێن لە بریتی یەك دوو دەنگ لە وشەدا، هەم لەبەر ئەمەش ڕێنووسە لاتینییەکانی تا ئێستا بۆ کوردی دانراون غاڵیبان نیشانەیان بۆ ئەم بزوێنە داناوە ئەوەی ڕاستی بێ دۆزینەوەی ئەو پیتانە کە دەگونجێن بەدوایەکیدا بێن بە سکوونی تەواو، کارێکە تا ئێستا نەکراوە لە کوردیدا، ئەگەر کەسیش کردبێتی من نەمدیوە. بۆ نموونە دەڵێم نوونی وەستاو دێتەپێش گافی وەستاوەوە وەك لە وشەی (دەنگ، ڕەنگ، شەنگ، پونگ، دونگ... هتاد)دا دیاری دەکرێ هەرگیزیش زەوقی کوردی قەبووڵ ناکا نوونەکە ئەم بزوێنە بێ تەرەفەی بدرێتێ لەو وشانەدا، کەچی هەمان پیتی (نون)ی وەستاو کە هاتە پێش کافی وەستاوەوە هەر دو جۆرە تەلەفوز قەبووڵ دەکا، دەتوانی بڵێی (دەنك - بە وەستاندنی نوونەکە دەشتوانی بڵێی دەنك - بە قورسکردنی نوونەکە، من نیشانەی زەمەی لەسەر دادەنێم) نموونەیێکی تر پیتی (س)ە، ئەم پیتە زۆر ئامادەیە بە وەستاوی بێتە پێش ئاغڵەب پیتەکانەوە هەرچەند لەگەڵ هەندێکیان خزمایەتیی خۆشترە وەك پیتی (ت)، تۆ دەڵێی (دەست) بە وەستاندنی سینەکە و هەرگیز ناڵێی (دەست- بەقورسکردنی) بەلام کە دەڵێی (دەسك) هەردوو جۆر تەلەفوز دەگونجێ، کەچی لەگەڵ پیتی ز، ش هەر کۆ نابێتەوە نە بەسکونی تەواو نە لەگەڵ بزوێنی بێ تەرەفدا. حەز ناکەم کاتێکی زۆر بخایێنم لەگەڵ ئەم تەگەرەیەدا کە تەگەرەی stress کسرەی مختلسە، بزوێنی بێ تەرەفە، نەك لەبەر کەم بایەخیی تەگەرەکە لە ڕووی لێکدانەوەی فۆنێتیکییەوە بەڵکو لەڕووی ئەوەوە تەگەرەکە لە ڕێنووسی پیتی عەرەبیدا کەمتر هەستی پێ دەکرێ، خەڵقیش چاوی ڕاهاتووە لە تێ نەخوێندنەوەی ئەم بزوێنە. بەلام پێویستە زمانەوانانی کورد لە ماوەی درێژدا دیراسەیێکی تەواوی هەمو دەنگەکانی ئاخافتنی کوردی بکەن و لەو دیراسەیەدا قابلییەتی وەستاندنی هەر دەنگێك لەپێش دەنگێکی تری وەستاویدا دەربخەن. یەکێك لەو پرسیارانەی داخوازی وەرامدانەوە دەکا چۆنەتیی نووسینی وشەی (مرکب، لێکدراو)ە. پرسیارەکانی گۆڤار هەندێ جۆری ئەو تەرزە وشانەی گرتۆتەوە وەك ئەوەی لە (فعل)دا پێشگر تەرکیبەکە پێك بێنێ (هەڵگرتن، ڕاکردن، تێ دامان) یاخود جووتە وشەیێك بەیەکەوە واتایێکی تازە ببەخشن (سەرتاش، جلدروو..) بۆ ئاگاداربوون لە بارەی پرسیارەکانی گۆڤارەوە تەماشاکردنێکی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەی لزووم بە گوتانەوەیان ناهێڵێ لێرەدا. من ڕێ بە خۆم دەدەم ڕایەکی گشتی

لەو مەوزووعە دەربڕم: من دەڵێم هەر وشەیێکی لێکدراو کە لەوانە بێ ببێتە وشەی فەرهەنگی و واتایێکی تازەی ئاشکرا بە دەستەوە بدا کە لە کەرتەکانی ترکیبەکە نەفامرێتەوە بەڵکو لە کۆبوونەوەی هەموان پێک هاتبێ، ئەو وشەیە هەمو کەرتەکانی بەیەکە بنووسرێن جا بە هۆی پێشگر و پاشگرەوە یا لە دوو وشەی سەربەخۆوە یا لە نیمە جملە phrase ەوە پەیدا بووبێ فەرقێک نەکا. هەڵبەت ئەم پێشنیارە ناو و کار و ناوەڵناو و ناوەڵکار و هیچ بەشێکی ئاخاوتن جودا ناکاتەوە و هەموان دەگرێتەوە و یەک بڕیاریان بۆ دەدا. بە نموونە دەڵێم کە قەناعەتمان کرد (سەر لێ دان) بخرێتە قاموسەوە لە بەرامبەر وشەی (زیارة، visit)یا بەیەکەوە بنووسرێن (سەرلێدان).

لەمەدا، دەبێ بڵێم، جیاوازیێک دێتەپێش لەگەڵ یەکێک لە بڕیارەکانی کۆڕ، چونکە ئەو وای پەسندکردوە کە دوو پێشگر، یا زیاتر، هاتنەپێش وشەوە تەنها ئەوەی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێش وشەکەوە هەر ئەویان پێوەی بلکێ، واتە لە نووسینی وشەی (تێ هەڵ ئەنگوتن) یەکەم پێشگر (تێ) دەبێ بەجودا بنووسرێ، تەنها پێشگری (هەڵ) بەفعلەکەوە بلکێ: (تێ هەڵئەنگوتن). دەوجا کە پێشنیاری کۆڕ ئەمەبێ و بەهیچ یەکەم (پێشگر) بلکێ دیارە ڕێ نادا وشەیێکی سەربەخۆی وەک (سەر) بە نیمچە جوملەی (سەر لێ دان)دا بە دوا خۆیەوە بلکێ، هەر (لێدان)ەکە بە یەکەوە دەلکێنێ.

دەبێ ئەوەش بڵێم کەوا لە فەرزی پێشنیارەکەی من پەسەندیش بکرێ، کەهات و وشەی وەها لێکدراو چووە ناو ڕستە و داخوازی جێگە لەبەر یەک هەڵوەشا و تێک چرمسانەکەی (التحام) نەما دەبێ کەرتەکانی بە جودا بنووسرێن بە پێی ئەو دەستوورانەی کە بڕیار دەدرێن بو لەیەکتر جوداکردنەوە، واتە کە (سەرلێدان) خرایە جوملەوە و بوو بە (سەرم لێیان دا– سەرم لێ دان) ئەوسا وەک جملە مامەڵەتی لەگەڵدا بکرێ نەک تاکە وشە، چونکە دەبێتە جوملەیێکی عادەتی وەک (گۆشتم پێ فرۆشتن، دەستم بۆ هەڵبرین، نامەم بۆ خوێندنەوە..).

بەپێی بڕیاری کۆڕ ئەمرازی (لە) نالکێ بە دوا خۆیەوە و دەنووسرێ (لە شار بووم) هەر ئەمەیشە ڕەچەی نووسینی هەموو نوسەرانی کوردی. نووسینی ئەمرازی (لە) بە تەنهایی ئیشکال دروست ناکا ئەگەر تەواوکەری (ەوە، ڕا، دا)ی لەگەڵدا نەبێ. بەڵام کە ئەم تەواوکەرانە هاتن ئیشکال دێتە ناوەوە. فەرمو قەڵەم بگرە و بنووسە.

ل کەرکووکەوە – لە کەرکووک ەوە؟

لە کەکووکرا – لە کەرکووك را

لە کەرکووکدا – لە کەرکووك دا

بڕیاری کۆڕ ئەوەیە تەواوکەرەکان بلکێن

بەشی زۆری نوسەران (لە کەرکووکەوە و لە کەرکوکڕا) بەیەکەوە دەنووسن بەلام (لە کەرکووك دا) جیا دەکەونەوە.

هەر بڕیارێك بدرێ دوای لێکۆڵینەوە و سرنجدانی قووڵ تا ئەو رادەیە بەلای کەمەوە قەناعەت بەخاوەنەکانیان بێنێ باشترە لە بڕیاری سەرپێیی.. هەرچەند خۆم ئەندامی ئەو کۆڕەم پێشنیاری کردووە (لە) نەلکێ و تەواوکەرەکانی بلکێن، خۆم پێ ناگیرێ لەوەدا کە بڵێم دو جۆرە رەفتار لەگەڵ دو کەرتی یەك شت کارێکە پرسەك (علامە استفهام)ی بەسەرەوەیە

ئەمرازی (بە) ئەویش لە هەندێ ڕووەوە وەك (لە) وایە، وا دەبێ تەواوکەری بە دوادا دێت، دەڵێی (بە پێوە. بە ماڵ و منداڵەوە)

بە نیسبەت (لە) و (بە) قسە درێژەی پتری هەیە هەندێکی نیزاقەی سەر ئەوەندەی دەکەین تا ئێستا گوترا:

(لە) وا دەبێ دەکرێ بە (لێ) واش دەبێ دەکرێتە (تێ) و دەبێتە پێشگری (کار– فعل) و بە پێی پێشنیاری کۆڕ بە کارەوە دەلکێنرێ، دەڵێی (بەردێکم تێ گرت، رەخنەم لێ گرت– کە بە ئەسڵ بەردێکم لە نیشانە گرت، رەخنەم لە مامۆستا گرت) بووە و (لە)یەکە کراوەتە (تێ، لێ)، بەنیسبەت (بە) دەگوترێ (قسەم بە دارا گوت– قسەم پێ گوت).

دەبینی دو ئەمرازی (بە لە) کە دەچنە سەر کار یا راناوی لکاو یاخود کە دەبنە کەرتی چاوگ وەك (تێگرتن، لێگرتن، پێکردن، پێکردن) دەگوترێن و دەلکێن بەدوا خۆیانەوە لە نووسیندا. دەوجا کە ئێمە بڕیار بدەین (لە بە) بۆ خۆیان نەلکێن دەبێ ئەوەمان لە بیربێ کاتێك کە دەبنە (لێ، تێ، پێ) دەلکێن، سەرەڕای ئەوە کە هەموو تەواوکەرەکانیشیان هەر دەلکێن (هەمو تەواوکەرەکان بەپێی پێشنیاری کۆڕ دەلکێن، هەمو نووسەرانیش تەواوکەری (وە) دەلکێنن لەغەیرزی تەواوکەری «دا، را»ش نەلکێنن). من ناسەوێ لە خۆمەوە لکان و نەلکانیان تەرجیح بکەم، خۆم ئەگەر تەرجیحیش بکەم چ کارێکی بەدەم نەکردووە، هەر ئەسەم مەبەستە ئیشکالەکە بە روونی و بە تەواوی بخرێتە بەرچاوان.

گرفتی نووسین و تەتووسینی (ی)ێکی زیاد لە حاڵی وەصف و ئیزافەی ئەو وشانەی کۆتاییان (ی)ی درێژ و تیژە (وەك ترۆزی، سپی، پیاوەتی) یا بەدوا کاری رابردوودا کە بە ئەسڵ کۆتاییەکەی (ی)ی تیژی درێژبێ و بخرێتە پاڵ کەسی سێیەمی تاکەوە (وەك نووسی، مزی) بە درێژی لە گوتارەکەی خۆمدا لێی دواوم. ئەو گوتارەی لە ژێر ناونیشانی (بەکارهێنانی-ی لە ڕێزمانی کوردی) لە یەکەم گۆڤاری کۆڕدا بڵاو کرایەوە لزووم نابینم لێرەدا تێ هەڵبچمەوە. ئاخۆ بنووسرێ (ترۆزیی ناسك یاخود ترۆزی ی ناسك- ئەخۆل نووسی یاخود ئەخۆڵ نووسیی)- وەك ئەم باسە هەموو باسەکانی تریش کە لە گۆڤاری کۆڕدا بڵاوکراوەتەوە لە باری (ڕێنووس)ەوە پێویست نییە لێرەدا دووبارە بکرێتەوە بە نووسین، ئیمکان هەیە وتوویژیان لەسەر بکرێ و لایەنی پەسند و نا پەسندیان بخرێتە بەر سرنج لێگرتن و لێکدانەوە. هەموو ئەو گرفتانەش کە لە گۆڤارەکە یا لێرەدا باسیان نەکراوە دەشێ باس بکرێن و بەپێی بیروباوەڕی خاوەن ڕایان پێشنیاری مناسبیان بۆ دانرێ.

گۆواری پەروەردە و زانست، ژمارە ٦ ساڵی ۳، ۱۹۷۲

ڕەواندنەوەی دوو ڕەخنە

لە ژمارەی (٧٦)ی (ڕۆشنبیری نوێ)ی ئەیلوولی ١٩٧٩ گوتارەکەی د. ئاورەحمانی حاجی مارف بەناونیشانی (با ڕێزی لێکۆڵینەوەی زانستی بگرین) گەلێک بیروڕای ئەوتۆی تێدا هەن کە نووسەران و خاوەن ڕایان بخەنە سەر لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە و ئەندێشەش. لێرەدا من بەپێی بۆچوونی خۆم و لە ڕوانگەی ڕووناککردنەوەوە دوو خاڵی ئەو گوتارە سوودبەخشە دەدەمە بەر لێدوان، ئەوەندەی بشتوانم پەیڕەوی ئامۆژگارییەکەی نووسەر دەکەم لەوەدا کە دەبێ لێکۆڵینەوە بەڕێبازی ڕاست و ڕەوانی زانستکارانەدا بڕوات. هەر نەبێ بایی ئەوەندەی کە دڵگەرمی و عاتیفەی تێدا بەکار نەیەت.

خاڵی یەکەم ئەوەیە کە لە لاپەڕە (١١)ی گۆڤارەکە لەبارەی وشەی (انعدام)ی عەرەبییەوە هاتووە کە گۆیا کاتی خۆی کۆنە ئەنجوومەنی کۆنە کۆڕی زانیاری کورد بەهەڵە وشەی (نەمان)ی بۆ پێشنیار کردووە.

وشەی (انعدام) ئەوە دەگەیەنێ کە نەبوون بەسەر بوونەوەرێکدا بێت ئیتر مادی بێ ئەو بوونەوەرە یا مەعنەوی، وەک کە دەگوترێ (انعدام الوزن) دیارە (وزن) لەسەر زەوی هەیە و هەبووە بەڵام لە دوورایی هێندە کیلۆمەترە (انعدام) دەکات کە ئەمە پاتەوپات (نەمان) دەگەیەنێ.

ئەوەی ئاشکرایە لە (فقة اللغة) ئەوەیە کە فیعل لێی زیاد کرا پتر بەرەو تەنگیدی (ڕوودان) دەڕوات و لە ئیحتیمالی واتای (مطلق) دوورتر دەکەوێتەوە فیعلی (انعدام)یش کە (مطاوع)ی فیعلی (عدم)ە دەرەنگتر خۆ بەدەست ئەو واتا موتڵەقەوە دەدات کە لە وشەی (عدم) وەردەگیرێت، دیارە لە کوردیشدا (نەمان) پتر خزمە لەگەڵ ڕوودان هەرچەند فیعلەکەش لێی زیاد نەکراوە، بۆیە نەمان ڕێکتر دێت بۆ (انعدام) وەک کە (نەبوون) بۆ (عدم) دەست دەدات. وشەی (نەبوونی)ش هەر ئەو واتایەی (فقر، عوز)ی هەیە کە د. ئاورەحمان بۆی چووە، وشەکەش لە ڕێی ڕاستە دەستووراتی وشەسازییەوە پەیدا نەبووە بەڵکو داڕشتنێکی ڕەمەکییە کە هاتووە (ی)ی ئامرازی ئەبستراکتی خستۆتە پاڵ (نەبوون)ەوە کە ئەویش هەر ئەبستراکتە. ئەم داڕشتنە ڕێزبەڕە (شاذ)

ناشێ ببێتە بنەمای دەستووری زاراوەسازی. ئەگینا سەد وشەی وەکو (نەخوێندنی، نەچوونی، نەبیستنی ..) دەهاتە ناو ئاخاوتن و نووسینی کوردی و رمانەکەی دەشێواند. وشەی ڕیزبەڕ لە کوردی و غەیری کوردیدا زاوزێ ناکات. ئەگەر بکات زۆڵ دەهێنێت.

لەبارەی (نەبوونی)یەوە ئەك ئەوەندە و بەس، بگرە جارێ هۆی هەرە گەورەی دەستتەدانی لە بری (انعدام) ماوە ڕوون بکرێتەوە.

وشەی (نەبوونی) لە فیعلی (بوون) بەواتای (وجود)ەوە نەهاتووە بەڵکو لە (هەبوون)ی بەواتای (تملك)ەوە وەرگیراوە (هەبوون) بەواتای (تملك) چونکە تێهەڕە لەگەرداندا خۆی لە (هەبوون)ی بەواتای (وجود) جودا دەکاتەوە ڕاناوی تێپەڕیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. لە پێشەوە لیستەی گەردانی (هەبوونی)ی بەواتای (وجود) دەنووسم

من هەم	من هەبووم
تۆ هەیت	تۆ هەبوویت
ئەو هەیە	ئەو هەبوو
ئێمە هەین	ئێمە هەبووین
ئێوە هەن	ئێوە هەبوون
ئەوان هەن	ئەوان هەبوون

ئنجا لیستەی (هەبوون)ەکەی (تملك):

من هەمە، هەمەتم	من هەمبوو
تۆ هەتە، هەیەتت	تۆ هەتبوو
ئەو – هەیەتی	ئەو هەیبوو

ئێمە هەمانە هەیەتمان ئێمە هەمانبوو

ئێوە هەتانە هەیەتتان ئێوە هەتانبوو

ئەم ڕێژەیەی (هەمە، هەیەتم ..)ی (تملك) کێشەی زۆر بەدوادا دێت بەنموونە کە دەڵێت (هەیەتم) مەبەستت کاتی ئێستاکەیە کەچی ڕێژەکەی وەك (خواردوومە، کردوومە)ە کە جۆرێکە لە ڕابردوو. دیسان (هەمبوو، هەتانبوو ..) کە لە ڕێژەی

ڕابردووە جودا بۆ ئەوە لە ڕێژەی ڕابردووی تێپەری عادەتی کە دەڵێ (خواردبوومان. کردبوومان ..) هەر بۆیەیە ئەوەی تازە کوردی فێر دەبێ دەڵێ (هەبوومان ..). ئنجا موزاریعی (هەبوون)یش بەهەردوو واتا کێشە هەڵدەگرێ کە دێت ڕێژەی موزاریعی (بوون)ی سادە وەردەگرێ: من هەم، من دەبم) لە موزاریعی (هەیە هەیەتم)دا کێشەکە گەورەتر دەبێ کە دێت و ڕێژەی (انتقالی پێچەوانە) وەردەگرێ. (من هەمە هەیەتم، من دەمبێ) ئەم (ئینتیقالی پێچەوانە)یە لە کتێبۆڵکەی (چەند حەشارگە ..)دا بۆ یەکەم جار باس کراوە، بەڵام زۆر پێویستی بەشەرح و ڕوونکردنەوە هەیە، ئێرەش جێگەی نییە.

وا دەزانم کەرتی (هە) لە وشەی (هەبوون)ی بەواتای (تملك) خزمی (avoir)ی فەرەنسی و (have)ی ئینگلیزییە بەو پێیە ڕەنگە لە کۆندا (هەڤ بوون) بووبێت. بەواتای (وجود)یش لە (هست)ی فارسی و (est)ی فرەنسی و (is)ی ئینگلیزییەوە نزیکە. لەمجە هەیە لە کوردیدا لە جیاتی (هەیە) دەڵێ (هەسە).

بەهەمەحاڵ (نەبوونی) لە بنەڕەتدا (نەهەبوونی) بووە و لێی سواوە، ئێستاش دەگوترێ (هەبوونی و نەبوونی – کابرا باباپەکی هەبووە ..).

لەمەوە دەردەکەوێ کە بەهیچ کلۆجێك ناشێ (هەبوونی) بۆ لای (وجود) ببرێتەوە، ئەم ڕواڵەتە چاوغەڵەتێنەی لەیەکچوونی دوو وشەکەش ناشێ تەڵەزگە بەبیرمان بکات و لاترێزەمان پێ ببەستێ بۆ دەرەوەی ڕاستە ڕێگەی زمانناسی و زاراوەسازی.

هاڵی دووەم ئەوەیە کە لە لاپەڕە (١٤)ی گۆڤارەکەدا وا ڕانوێنراوە کە (ن)ی چاوگ بەکۆتایی فیعلی وەك (کردن، ڕستن)ەوە نانووسێت، گۆیا کورتە بزوێنێکی ورد دێتە نێوان کۆتایی فیعلەکان و نیشانەی چاوگەکەیانەوە بەڵام لە ڕێنووسی کوردی کە بەپیتی عەرەبی دەنووسرێ بزوێنەکە وێنەی بۆ دانەندراوە ئیتر زمانناسان هەڵەی تێدا دەکەن، یانی ئەگەر کوردی بەپیتی لاتینی بنووسرێ نیشانە بۆ بزوێنەکە بەکار دێت و هەڵەی تێدا ناکرێ.

با لە پێشەوە ئەوە بڵێم، نووسینی لاتینیش وا دەبێ سەر لە نووسەر و لێکۆڵەرەوەی کورد دەشێوێنێت وەك کە دێت و لە بری (نا، نۆ، نی ..) تەنها یەك پیت دەنووسێت کەچی هەریەکەیان بریتییە لە دوو دەنگی سەربەخۆی تەواو و ج فەرقێك نییە لە نێوان (دا، دۆ، دی) و (نا، نۆ، نی) لە ڕووی ژمارەی دەنگەکانیانەوە، نووسینی لاتینی کە

بایەخی بەدەنگی (هەمزە) نەداوە و لەوەشدا سەهوویکی زلی کردووە. کێشەی بۆ ئێمەش ناوەتەوە کە بەشێکی بەرچاوی لێکۆڵەرەوەی کورد بەشوێن هەنگاوی ئەم سەهووەدا دەرۆن و دەمەتەقە لەسەر بایەخی دەنگی (هەمزە) هەڵدەستێنن و دانەنانی نیشانە بۆ هەمزە لە نووسینی کوردیدا بە ڕاست دەزانن کەچی دەنگێکی زیندە ڕەسەن و کۆنی زمانەکەمانە، هەر ئەوەندە هەیە لە ئاخاوتنی ئێستاکەماندا هەمزە لە ناو توێژی وشەدا نەماوە و بەزۆری لە بەرایی وشەوە دێت، تەنها لە ڕێژەی موزاریع و ئەمر نەبێ وەك: دەئاخێوێ، دەئەنجنێ – بئاخێوە، بئەنگێوە، دەئەنەزمووم .. لە کوردیدا دەنگی لامی قەڵەویش لە بەرایی وشەوە نایەت کەسیش نالێ با نیشانەی بۆ دانەندرێت. دەنگی (ه)ش بەدەگمەن لە ناو توێژی وشەدا (دەبیستری) [ئێهۆم، ئێهۆ ..].

ڕەنگە لە ئاخاوتنی ئێستاماندا هەرگیز نەچێتە کۆتایی وشەوە. مەشوورترین وشەی کۆنمان (دئاك) هەمزەی لە هەناودا هەیە ـ نووسینی لاتینی کە نیشانەی بۆ ئەو دەنگە کز و بێ هێزەی نێوان فیعل و (ن)ی چاوگ داناوە سەرلەنوێ وای کردووە بایەخەکی لە ڕادەبەدەر بەو دەنگە بدرێ، ڕەنگ بوو ئەگەر نووسینی لاتینی لێی بێدەنگ بایە ئەویش وەك (هەمزە) پشتگوێ خرابایە. هەر چۆنێك بێ ئەم دەمەتەقەیە لەسەر (تاوانی ڕێنووس) مەبەستی ئێرەکانە نییە، ئەوەی من بەچاوی خۆمەوە گرتووە لێرەدا شتێکی دیکەیە: ئایا ئەو دەنگە کزەی کە لە نێوان (ت-ن) و (د-ن)ی دوو فیعلی (بەستن، کردن)دایە ئەویش وەك دەنگەکانی دیکەی فیعلەکان (ب، ە، س، ت، ك، ر، د) بەشێکی بنچی و پێکهێنەری وشەیە یاخود شتێکی دیکەیە؟ هەڵبەت هەموو کەس هەست بەو دەنگە کزە دەکات لەو شوێنە و لە گەلێك شوێنی تریشدا، کەواتە بابەتی لێکۆڵینەوە لە بوون و نەبوونی دیاردەکە نییە بەڵکو (ماهیة)ی دیاردەکەیە: پرسیارمان لێرەدا (ئایا هەیە؟) نییە بەڵکو (ئایا چییە؟)یە.

بەنیازی خۆ ڕوونکردنەوە و گوتار کورتکردنەوە وشەی نموونان کە بەپیتی لاتینی بنووسم لە بری ئەو بزوێنە بێ هێزە (ا)ی بێ نوختە دادەنێم، بۆ کورتە بزوێنی (ی – کەسرەی عەرەبی)ش پیتی (أ)ی نوختەدار دادەنێم، لە جیاتی کورتە بزوێنی فەتحەش (ə) دەنووسم بۆ (ی)ی درێژیش، لە هەر کوێیەك بێت (y) دەنووسم، لە جیاتی (کورتە بزوێنی بێ هێز)یش تەنها وشەی (بێ هێز) بەکار دەهێنم، هەر جارەش بەپێی پێویست برگەی وشان لە یەکدی جودا دەکەمەوە تاکو دەوری ئەو بێ هێزە لە پێکهێنانی برگە و کەرتکردنی وشە ئاشکراتر بێت.

له چاوگی (ڕستن، کردن)دا ئەگەر بڵێین ئەو بێ هێزەی پێش (ن)ی چاوگەکان بەشێکی پێکهێنەری وشەکانە ئایا دەبێ بە (ن)ی چاوگی بدەین یا بەقەدی فیعلەکە؟ دیارە ئەو بێ هێزە هی قەدی فیعل نییە چونکە لە چاوگی تێنەپەڕدا بەلادانی (ن)ی چاوگ قەدی فیعلەکە دەمێنێتەوە بێ ئەوەی هیچی بێ هێز و بەهێزی بەدواوە بێت وەک:

mir-din mird مردن

ro-yisht ro-yish-tin ڕۆیشتن

نموونەی تێپەڕم نەهێنا چونکە بەلادانی نوونی چاوگ ڕاناوی فاعیل دێت و مەسەلەکە ڕوون نابێتەوە.

کەواتە دەمێنێتەوە (ن)ی چاوگ بێ هێزەکەی لە قەبڵ بکەین. ساغکردنەوەی ئەم لایەنە ئەختێك پشووی درێژی دەوێ.

(ن)ی چاوگ هەر لە دوای (د، ت)وە نایەت، بەدوای (ا، و، ی)شدا دێت وەک (فەرموون، زانین، کێلان).

لێرەشدا ئاشکرایە هاتنی ئەو بێ هێزە لە دوای بزوێنەکانی (و، ی، ا) موستەحیلە چونکە بزوێن هەر کۆنسنانتی بەدوادا دێت، بێ هێزەکەش کۆنسنانت نییە. کەواتە دەرکەوتنی ئەو بێ هێزە لە چاوگاندا هەر لە چاوگی دالی و تێ بی دەوەکینە. ئێستا قەدی فیعل دەدەینەوە ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ دەڵێین: (کردمان، kir-di-man) دەبینین هەمان بێ هێز لە بەرابەی ڕاناوەکەشدا هات، وەک کە لە پێش (ن)ی چاوگدا هات، ئیتر هەمان پرسیار هەڵدەستێ لەوەدا ئایا ئەو بێ هێزە بەشێکی ڕاناوەکەیە؟ خۆ زانیمان ناشێ بەشێکی فیعلەکە بێت؟ یەکلاکردنی پرسیارە لە ئاست ڕاناودا کارێکی ئاسانە چونکە دەتوانین جێگۆڕکێ بە ڕاناو بکەین و بزانین بێ هێزەکە چی لێ بەسەر دێت.

با بێنین پێشگری (هەڵ) بخەینە سەر فیعلەکە بۆ ئەوەی ڕاناوەکەی لێ بستێنێ: دەڵێین (هەڵمان کرد، hel-man kird لێرەدا هیچ بەهێز و بێ هێز لە بەرابەی ڕاناوەکە دەرنەوت، کەواتە بێ هێزەکە بەشێکی ئەویش نییە ئەدی چییە؟

ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم بێ هێزە پێداویستێکی فۆنەتیکیی ناچارییە کە لە هەندێ وشەدا دێتە دوای یەك لە دەنگەکانی وشەکە بۆ ئەوەی بتوانرێ تەلەفوزی بێ

بکرێ، کە پێویستیش نەما بێ هێزەکە لە خۆوە دەردەوێتەوە. ئێمە دیتمان لە فیعلی (kir-di-man)دا بێ هێزەکە هاتە دوای فیعلی و بوو بەبەشی یەک لە برگەکانی، بەڵام لەگەڵ پێشگری (هەڵ) ئەوە ناچاری و پێویستییە نەما چونکە بەپێی داخوازیی دەنگسازیی کوردی وشەی وەک (هەڵ) لە بەرابیی وشاندا پێویستی بەو بێ هێزە لکێنەرە نییە بەڵام کە تاکە یەک دەنگی بەدوادا هات پێویستەکە پەیدا دەبێ. تۆ سەیری وشەی (بەد) هەرچەند وەک فیعلی (کرد) بە (د) کۆتایی دێت [چونکە لە کێشی (هەڵ)ە پێویستی بەو بێ هێزە نییە لە بەرابیی ڕاناوەکەدا وەک کە دەڵێی (بەدمان کرد bed-man kird) بەڵام کە هاتی یەک تاکە دەنگت بەدوا (هەڵ، بەد)دا هێنا ناچاریت بەو بێ هێزە لکێنەرە لە یەکیان ئاشنا بکەیت وەک:

هەڵم گرت he-lim girt

بەدم کرد be-dim kird

تەنانەت حوکمی ئەو دەستوورەی دەنگسازییە وای کردووە بەشێکی وشەی (هەڵ، بەد) لەگەڵ ڕاناوەکەدا بینە برگە و لە بەشی سەرەتای وشەکان جودا ببنەوە.

یەک لە دەستووره هەرە بەرچاوەکانی فۆنەتیکی کوردی ئەوەیە کە ئەگەر بزوێن بەدوا ئەو دەنگەدا هات کە بێ هێزەکەی لە پێشدایە بێ هێزەکە تێ دەچێت وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

وشەی (گەنم، ge-nim) بەناچاری ئەو بێ هێزەی تێدا هاتووە تا مومکین بێ (م)ەکە بەدوا (ن)ەکەدا بێت، بەڵام کە هاتی بزوێنت خستە دوای (م)ەکە ئەو بێ هێزە دەڕەوێتەوە وەک کە دەڵێی:

گەنمەکە gen-meke

هەروەها وشەی (کرم)یش کە بوو بە (کرمان) بێ هێزەکەی پاش (ر)ەکە تێ دەچێت.

ki-rim

kir-man

هەرچەند ئێمە ناتوانین جیگۆڕکێ بە (ن)ی چاوگ بکەین بەڵام دەتوانین وەک کارێکی بەدیهی چی لە ڕاناوەکان و وشەکانی دیکە بەدیاری دا، بۆ (ن)ی چاوگی بکەین بەدەستوور چونکە ئەویش دەنگێکە وەک ئەوان.

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کە جێگۆڕکێ بۆ (ن)ی چاوگ مومکین نییە دەتوانین بیخەینە بەر دەستووری هاتنی بزوێن بۆ دوایەوە چونکە، خوا و تالع، پاشگر هەیە ئەم کارەمان بۆ بکات:

دوو فیعلی (بەستن، کردن) کە پاشگری (ەوە)یان بەدوا داهات باری ئەو بێ هێزەیان شلۆق دەبێ چونکە ئەوسا دەتوانی تێی بپەیت و بڵێیت:

best-newe

kird-newe

وەك هەست دەکەیت تێپەڕدنی بێ هێزەکە لە (بەستنەوە)دا خۆشترە، کە ئەمەش هەر بڕیاری هزمایەتی نێوان دەنگەکانی کوردییە، خۆ ئەگەر (ن)ەکە بەدوا (و)ی کۆنسنانتدا هاتبایە تێپەڕدنی ئەو بێ هێزە دەبوو بەکارێکی ناچاری وەك لەم نموونەیەدا دەیبینی:

وشەی (کەون، ke-win) کە بێ هێزەکەی تێدا لە تەرکیبی خوارەوەدا پەتەواوی دەیدۆڕێنێت:

kew-ne zam فیعلی (فرۆشتن) لە هەندێ بەکارهێنانێدا دەبێتە (فرۆتن) هەروەك کرۆشتن دەبێتە (کرۆتن– لە شیعری مستەفا بەگی کوردیدا هاتووە) جا ئەگەر بزوێنیان بخەینە کۆتاییەوە تێپەڕدنی بێ هێزەکە لە (فرۆتن، کرۆتن)دا لەبارترە تا (فرۆشتن، کرۆتن) دیارە هەستکردنیش بەم ڕاستییە کاری سەلیقەیە fi-rot-ne-ke

ki-rot-ne-ke وشەی (تووتن) کە ئەویش وەك (ڕستن) دەنگی (ت)ەکەی کەوتۆتە پێش (ن)ەکەیەوە و ئەو بێ هێزەشیان لە نێواندایە بێنە بزوێنی بدەیێ و سەیری بکە چۆن بێ هێزەکەی دەڕەوێتەوە:

too-tin

toot-ne-kem من لە نووسینی لێرە بەپێشەوەی خۆمدا ناوی ئەو بێ هێزەم ناوە (قورسکردن– قورسایی) چونکە نە بزوێنی درێژە و نە کورتە [واتە نە ئەلف و ئەواو نە یێ و نە کەسرە و نە فەتحە و نە بۆر] ئەمەشتەوێ بزوێن لەو شوێنەدا بەکار بهێنێت. ناچارییەکی دەربڕینی دەنگی بێ بزوێنە لە حاڵەتی تایبەتیدا ئەم قورسکردنە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ و هەرکە ناچارییەکەش ئەما قورساییەکە تێ دەچێ، وەك ئەوەی پاسەوانی شەوانەی خانوو لەگەڵ گزنگی خۆر بزی دەردەچێت و هەرگیز بە بەشێکی

خاتوومکه حیساب ناکرێ، یاخود ساردی و گەرمیی ئاو و هەوا بەشێکی پێکهێنەریان نین وەك کە ئۆکسجین بەشێکیانە.

ئەم دیاردەیەی قورسکردنی دەنگ و تێپەردنی لە زمانی کوردیدا تا بڵێی بەکێشەیە بەلام کورد هەستی پێ ناکات چونکە بەسەلیقەی زگماك دەزانێ لە کوێ دەنگەکان قورس بکات و چۆنیان رەها بکات کەچی بێگومان غەیری کورد زەحمەتی تێدا دەکێشێت و رەنگە هەر تێی پێ نەکات. لە گوتارێکی خۆمدا (فۆنەتیك چیمان بۆ بکا؟) کە لە بەشی یەکەمی بەرگی سێیەمی (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد-١٩٧٥)دا بڵاو کرایەوە مایەو بەدرێژی ئەم دیاردەیەم باس کردووە لەو نووسینەدا روونم کردۆتەوە کە دەنگەکانی زمای کوردی لە رووی گونجان و حەز لە یەکدی کردنەوە چوار پلەیان هەیە وا لێرەدا بەکورتی باسیان دەکەمەوە:

پلەی یەکەم: گونجانی تەواو. لەم پلەیەدا دەنگەکان کە بەدوا یەکدیدا دێن قورسکردن هەڵناگرن وەك کە (د) بەدوا (ر)دا دێت وەیا (ت) دەکەوێتە پاش (س) و هی تریش:

gu-ling, deng, shest, mast, merd, kurd, rend, mend, khurt, kert, khu--risht, gesht

پلەی دووەم: گونجان. لێرەدا دەشێ قورسکردن هەبێت و دەشێ نەبێت وەك دەنگەکانی (ر، گ) (ن، ك):

be-rig, berg

de-nik, denk

بەرگ

دەنك

پلەی سێیەم: نەگونجان. بریتییە لەوەی کە پێویستە قورسایی بخرێتە سەر دەنگی پێشەوە وەك:

he-le-din

che-shin

پلەی چوارەم: دژایەتی ئەویش نەهاتنی دەنگێکە بەدوا دەنگێکی دیکە مەگەر بزوێنی ناشکرایان لە نێواندا بێت وەك (ر، ل) و (ل، ر) بەهەردوو شێوەی لاواز و قەڵەویانەوە

و (ق، ك– ك، ق) و (س، ز– ز، س– ش، ژ –) [تەنها وشەی «مسژ»م بەبیردا دێت کە «س» تێیدا هاتۆتە پێش «ژ»ی خزمی «ش»]

زمانەوان و دەنگناسی کوردی لەسەریەتی ئەم بەدیهییانە بەمەند هەڵبگرێ وەك کە دێت دەستووورە ناسراوەکانی ڕێزمان و فۆنەتیك ئەزبەر دەکات و دەیانڵێتەوە، هیچ لە بایەخی ئەم دیاردە گرنگەش کەم نابێتەوە بەوەدا کە چارێ بیری لێکۆڵەرەوەی کوردی بۆ نەچووە ئینجا کە ئێمە بێین ئەم دەستوورانە و دەستوورەکانی دیکەی (دەنگ)ی کوردی بەسەر پێکهاتنی چاوگی وەك (ڕستن، کردن)دا بهێنین و یەکێك لە دەستوورەکانی وشەسازیش بەمەند پاڵ دەهێنین لەبەر سێ هۆی زۆربنجی ڕێگە نییە بۆ تێپەڕدنی ئەو قورساییەی سەر (ت، د)ی پێش (ن)ی چاوگ:

یەکەم: (ن)ی چاوگ لە لاوە دێتە کۆتایی وشەکان، بەپێی ئەوەی کە لە کوردیشدا دەنگی لاوەکی بەعادەت داخوازی قورسکردن لە دەنگی پێش خۆیەوە دەکات، ناچارین دەبێ ئەو (ت، د)ە قورس بکەین. ئەم دەستوورەش هێندە بەهێزە خۆی زاڵ دەکات بەسەر دەستووری (پلەی گونجانی تەواو)دا. بەنموونە وشەی کەس بدە بەکەسی دووەمی تاك، کە (ت)ە، دەبینی پێویستە قورسایی بخەیتە سەر (س)ەکە هەرچەند دەنگی (س) لە پێش (ت)دا قورسایی قبووڵ ناکات: ke-sit وەك کە لە ڕستەی (من کەسم نەدیتوە، تۆ کەست دیتوە؟)دا هەست بەقورسکردن دەکەیت لەو (س)ەی پێش (ت)دا بەلام کە هاتی (ت)ەکەت بزاوت خێرا قورساییەکە هەڵدەستێ وەك: kes-lan (کەستان چۆتە شار؟)

ئەم دەستوورە بۆ خۆی بەسە بۆ ئەوەی (ن)ی چاوگ بەهۆی ئەو قورسکردنە لە دەنگی پێش خۆی دابڕێت، بەلام دوو دەستووری دیکەش پاڵپشتی لێ دەکەن کە دەبنە هۆی دووەم و سێیەم:

دووەم: (ن)ی چاوگ بۆ خۆی لە پلەی نەگونجاندایە لەگەڵ هەردوو دەنگی (ت، د). گونجانی (ن، د) لەو حاڵەتەدا دەبێ کە (ن)ەکە لە پێشەوە بێت لێرەدا (د)ەکە لە پێشەوەیە هەروەها بەنیسبەت (ت، ن)یشەوە. گونجانی (س، ت) و (ن، گ) و (ر، ت)یش هەمووی هەر وەهایە، کە جێگەی دەنگەکانت گۆڕی گونجانیان نامێنێ. بەو پێیە ئەگەر (ن)ی چاوگ لە لاوەش نەهاتبایە و بەشێکی پێکهێنەری ئەسڵی وشەکە بایە هەر داخوازی ئەو بێ هێزەی دەکرد بۆ دەنگی پێش خۆی.

سێیەم. ئەو دەنگانەی لە فیعلی کوردیدا دەکەونە پێش (ت، د)ی کۆتایی فیعلەکانەوە هەموویان لە پلەی گونجانی تەواودان لەگەڵ (ت، د)دا. دەنگی (د)ی چاوگی تەنها دوو دەنگی (ر، ن) لە پێشیەوە دێن وەک:

کردن، بردن، خواردن – ستاندن، کەندن، خوێندن . هتد. دەنگی (ت)ی چاوگیش دەنگەکانی (ر، س، ش، ف، و) لە پێشیەوە دێن وەک (گرتن، بەستن، مشتن، گۆفتن، کەوتن – مەبەست «و»ی کۆنسنانتە). دەنگەکانی (س، ش، ر) گونجانیان لەگەڵیدا تەواوە. دوو دەنگی (و، ف)یش وەک تەواو وەهان [شەرحی ئەمە لێرەدا جێی نابێتەوە بەهەمەحاڵ گونجانیان لەگەڵ «ت»دا زۆر بەهێزترە لە گونجانی (ن) لەگەڵیدا]. ئنجا کە حاڵ وەها بێ، ئەو (ن)ە چاوگییە کە لە لاوە بۆ وشە بێت و لەگەڵ کۆتایی وشەکەش نەگونجێت چۆن دەتوانێ گونجانی تەواوی پێش خۆی هەڵوەشێنێت؟ بەسەرنج گرتن لە (وشەی کوردی) دەردەکەوێ ئەم دیاردەیەی گونجان و نەگونجانی (دەنگەکانی کوردی) لەگەڵ یەکدیدا هەروەک کاری کردۆتە سەر ئەیوونی وشەی وەک (کارل، مێلرۆز.) دەخلی زۆریشی بووە بەسەر شێوە و شکڵی گەلێک لە وشەکانی کوردی، بەنموونە وشەی (پڵنگ، pi-ling بڵند bi-lind هەرگیز نەدەشیا (pil-nig, bil-nig) بن چونکە خزمایەتی و گونجانی نێوان (ن، گ) و (ن، د) رێ نادات قورساییەکە بچێتە سەر (ن)ەکە. کەچی وشەی (فرمێک، fir-tik) ئەو شێوەیەی وەرگرتووە کە (پڵنگ، بڵند) وەریان نەگرت چونکە دەنگی (ر) لە پێش (ت)دا قورسایی هەڵناگرێ لەبەر ئەمە پێت ناکرێ بڵێی (fi-ritk) وشەکانی (فرشتە (fi-rish-te) کەرستە، ke-ris-te)ش ناشێ بکرێتە (fir-shi-te ..... ker-si-te) چونکە گونجانی نێوان دەنگەکانی (ش، ت – س، ت) نامێڵێ لەو شوێنەدا قورسایی بچێتە سەر (ش، س). لە وشەی (برشت، bi-risht)دا سەرەرای ئەوەی کە (ش، ت) لە لاوە هاتووە بۆ وشەکە، گونجانیشیان لەگەڵ یەکدیدا تەواوە کە نامێڵێ بەقورسکردن لە یەکدی دابڕێن، ئنجا (ر، ش)یش لە پلەی نەگونجانداندان .. کەواتە ئەم وشەیە هەر دەبێ ئەم شکڵەی هەبێ.

بەراستی ئەم دیاردەیە لە کوردیدا کارێکی وەهای کردووە کە لە هەندێ زمانی دیکەدا نەیکردووە. لە عەرەبیدا هەر بەجارێ هیچ بایەخێک بەو قورسکردنە نەدراوە ناشکرێ پێی بدرێ، چونکە سەرلەبەری داڕشتن و (صرف) و دەنگسازیی عەرەبی لەسەر تێ نەخوێندوەی ئەو قورسکردنە هەڵستاوە. تەنانەت لە عەرەبیدا کورتە بزوێنی (فتحة، ضمة، کسرة)ش بایەخی دەنگەکانی دیکەیان نییە چونکە بەتایبەتی لە فیعلدا،

ئەو کورتە بزوێنانە لە (تصریف و اشتقاق)دا دێن و دەڕۆن و تێ دەچن و دەگۆڕێن وەك (قتل، قتل، قاتل، استقتل، یقتل، مقاتلة) ئەوەی تاگۆڕێ و تێ ناچێ هەر دەنگە کۆنسنانتەکانی (ق، ت، ل)ە بزوێنە درێژەکانیش بەقەدەر کۆنسنانت هەمیشەیی و نەگۆڕاو نین بۆیە پێیان گوتوون (حروف العلە) لە وشەی وەك (علم) کە چاوگە ئەو قورساییەی سەر (ل)ەکە نرخی نییە چونکە وشەکە دەبێ حەرەکەی بدرێتێ یا بەفەتحە یا بەکەسرە یا بە (ضمە) هەرکە حەرەکەشی دراێ قورساییەکە نامێنێ.

ناخێوەری عەرەب لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێك، مامەڵەتگۆڕی لەگەڵ ئەو قورسکردنەدا دەکەن. میسرییەکان، بەپێچەوانەی عێراقییەکان، لە حەدبەدەر دژی قورسکردنن، بەنموونە لە وشەی (قلب «نەلب»، شمس)دا هیچ قورسایی ناخەنە سەر (ل، م) وەیاخود دێن ناوی (جیمس بۆند) دەکەن (جیمسی بۆند) تاکو (م)ی (جێمس) لەم قورسکردنە ڕەها بکەن. کەچی عێراقی دەڵێن (دەرووب، گەلووب) لە جیاتی (قلب، درب) تەنانەت لە قسەکردندا (ر)ی پێش (د)یش قورس دەکەن، بەپێچەوانەی کورد، وەك کە دەڵێن (لێلیت الفرد «لیلة الفرد» fe-rid) (فرید الاطرش) چونکە بەئەسڵ میسری نییە لە گۆرانی (اهلی همسە)دا دەنگی (ش) لە وشەی (الشجان) وەها قورس دەکات بەدرێژایی ئەلفێکی تەواو لە (ج)ەکەی دادەبڕێ. هەر خۆی ئەوتۆیش بوو وای کرد جارێکیان عەبدولوەهاب بڵێ (فەرید ناتوانێ خۆی لە شامیەتی ڕزگار بکات). لە کوردەواریشدا مامڵەت گۆڕی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە لەگەڵ دەنگەکاندا دەکرێ. لە بەری بادینان هەندێ وشە هەن بەسکوونی تەواو دەست پێ دەکەن، واتە بێ قورسکردن، کە ئەمە لە سۆران و باباندا مومکین نییە. ئەورویەری هەولێر پتر حەز لە قورسکردن دەکەن تا وڵاتی کۆیە و پشدەری و ڕانیە و سابڵاغ، تەنانەت ئەسڵە هەولێری وشەیێکی وەك (چی) دەکەن بە (ڃ)ی قورسکراو.

لە ئینگلیزیدا ئەم قورسکردنە بایەخی پێ نەدراوە لە نووسینیشیایدا دەرناکەوێ هەرچەند بەهیچی لاتینیش دەنووسن، بەنموونە وشەی (film) ئەگەر بەهۆی ئەو داخوازییە بنووسرێت کە بۆ (ڕستن، کردن) کراوە دەبێ (fi-lim) بنووسرێت، بەڵام دیارە لزووم نییە بەو قورسکردنە چونکە کە گوتت (filming) قورساییەکە هەڵدەستێ، خۆ ناشکرێ یەك وشە بەدوو جۆر بنووسرێت ئەخۆ هەرچی ڕێنووسی هەیە دەشێوێت. سەیرێکی ڕێنووسی ئینگلیزی بکەیت دەبینی لەوێدا ئەو بێ هێزە لە وشەی وەك (rspar row, drill, try, snow, clean)یشدا دەرناکەوێ هەرچەند هەموو دەنگەکانی

پێشەوەشیان کەوتوونەتە پێش کۆنسنانت، خۆ دیاریشە دەنگی سەرەتای وشە، کە بزوێنی ناشکرای بەدوادا نەهات، بەناچاری قورس دەکرێ. هیچ وشەیەکی ئینگلیزی نییە لەم جۆرە بێت و نیشانەی قورسکردنی تێدا بنووسرێت.

لە فارسیدا کێشەی قورسکردنی دەنگی پێش (ن)یش چاوگ بەوەدا هەڵستاوە کە فەتحەی خراوەتە سەری وەك: رەفتەن، کەردەن، ئاموختەن . تەنانەت ئەم فەتحەیە لە وشەی ئیزافەکراو بۆ هەندێ راناویش هەر بەکار دێت وەك: دەستەت، نامەش، پدەرەم .. جا ئەگەر بڵێین لە کوردیدا قورساییەکە پاشماوەیەکی ئەم بزوێنەیە هەر دادمان نادات چونکە هەرکە بزوێن ئەما دەستوورەکانی دەنگسازی و وشەسازی خۆیان دەسەپێنن چ لەم کێشەیەدا بێت و چ لە شتێکی دیکەی سەر بە ئاخاوتندا بێ.

ئەم باسە گەلێکی بەبەرەومیە، هەم لە تەرکیبی ناوەکیی وشە و رستە کوردی و هەم لەرووی لێکۆڵینەوەی بەراوردی نێوان زمانانەوە، بەتایبەتی چونکە هەر دەنگێك لە دەنگەکانی کوردی وەك ئەوەی لە زاری کوردەوە دێتە دەرێ، نەك لە زاری یەکێکی دیکە، خاسیەتی خۆی هەیە و بەپێی ئەو خاسیەتەش حوکمی تایبەتی لە وشەسازی و دەنگسازی کوردی دەکات.

لە کۆتاییی ئەم گۆتارە ناتەواوەدا دەڵێم: قورسکردنی کۆنسنانتی پێش (ن)ی چاوگ بەشێکی بنجیی وشە نییە، ئەمی فیعل و ئەمی (ن)ەکە ناچارییەکی فۆنەتیکی دەیخاتە کۆتاییی فیعلەکانەوە وەك کە دەیخاتە شوێنی دیکە لە هەزاران وشەی کوردیدا، هەرکە ناچارییەکەش ئەما قورساییەکە یا دەشێ هەڵستێ لەبەر ئەمە پێویست نییە لە جێگەی وەك (رستن، کردن)دا نیشانەی بۆ دابندرێ چونکە نە لە واندا و نە لە شوێنی دیکەدا بەردەوام نییە و ئەمانی بەسەردا دێت، خۆ چاپەمەنیش نییە نیشانە بۆ دەنگی ئەبوویی دابندرێ، هەر چۆنێك بێ دەبێ لە ئەمانیدا نیشانەکەی لابدرێ ئەخۆ ئاخاوتنی کوردی دوای بەهێنێك گۆرانێکی گەورەی نارەوای بەسەردا دێت چونکە لەم سەردەمەدا (زمان) بە دانیشی دەخوێندرێتەوە نیتر چۆنی بنووسیت وەهای لێ دێت بەتایبەتی چونکە لە سەدی ئەوەد و پێنجی منداڵان دەچنە مەکتەب و (نووسین) دەخوێنن و دەڵێنەوە، مامۆستاکانیشیان هەر ١٠-١٥ساڵێك دەتوانن لە گوتنەوەدا هەڵەی ناو نووسینەکە راست بکەنەوە، وردەوردە مامۆستا و قوتابی دەنووسن و دەڵێن se-ri-man, si-pi-lim.

bes-ti-ne-we

بەستنەوە، سیلم، سەرمان .. تکا و ئامۆژگاری: ئەگەر خوێنەرێك بەبیریدا هات رەخنە بگرێ لەوانەی گوتوومن، وەك ئەوەی لە وشەی (بریندار، بەدکار، بەرچنە، سەرگر ..)دا دوا پیتی (برین، بەد، بەر ..) قورس ئەکران هەرچەند لە لاوەش (.. دار، کار، چنە، گر ..) پێیانەوە نووساون بەخێرایی ئەکا لە بڕیاردان لەسەر هەڵەبوونی ئەو دەستوورانەی دەنگسازی و وشەسازی کە لەم گوتارەدا باسیان کراوە چونکە باوەڕم هەیە بەشی زۆری رەخنەکان وەرامی ڕێکوپێکیان هەیێت، بەداخەوە ئەم گوتارە بەشی ئەوەی نەکرد کە بەشی زۆری تێبینی و بیروڕاکانی خۆشم بگرێتەوە.

ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٨٠ ، ١٩٨٠

لەگەڵ دەنگسازیی کوردیدا

لە ژمارەی ٩١ی ساڵی ١٩٨٢ی (ڕۆشنبیری نوێ)دا برای لێهاتوو و دڵسۆزی زمانی کوردی د. ئاوڕەحمانی حاجی مارف بەگوتار لە ژێر سەرەناوی (پێداچوونەوە .)دا چەند ڕەخنەیەکی لە هەندێ بیروڕای من دەربارەی یەک دوو بارێکەڕێی سەر بەفۆنەتێک و ڕێنووس کە لە شەقامەڕێی زمانی کوردی دەکەنەوە گرتبوو، هێندێکی دیکەشی بەبێی بەڵێنی خۆی هێشتبۆوە بۆ گوتارێکی دیکەی. بەر لەوەی چاوەچاوی گوتارەکەی دیکەی بم وام بەپەسەند زانی هەر لە ئێستاوە دەست بەرم بۆ شیکردنەوە و گرفت ڕەواندنەوەی ئەو حاڵانەی کە نووسەری بەڕێز بەلای قەناعەتی خۆیدا شکاندبوونیەوە چونکە دەشێ ئەو سەرسووکییە و دەست و قەڵەم ڕەهاییەی ئێستا کە لە خۆمیدا شک دەبەم لە ماوەدا ونی بکەم و لایەنی خۆ ڕوونکردنەوە و بیروڕا دەربڕینم لێ وەتەنگ بێت. ئەوەی ڕاستیش بێ چەندێکی بڵێی بەدەست ئەم نووسینەمەوە ناڕاحەتم چونکە مخابنە دوو کەسی هێندەی د. ئاوڕەحمان و من لە یەکدی نزیک ڕووبەڕووی یەکدی بن لەو باسانەدا کە دەبوو بەگفتوگۆ و لە یەکدی حاڵیبوون تێیاندا بگەنە ڕایەک کە هەردوولا لێی ڕازی بن وەیا هەر نەبێ بەراوێزی جوداییی بیروڕا لە نێوانیاندا تا ڕادەی لوان و ئیمکان وێک بێتەوە. ڕەنگە هۆی ئەو لێک ترازانەمان ئەوە بێ کە د. ئاوڕەحمان خوێندنی زمانی لەسەر دەستی پرۆفیسۆر و بەپێی بەرنامە و هەلومەرجی سەلمێندراوەوە تەواو کردبێ منیش لە ڕێگەی لێکدانەوەیەکی خود بەسەرەوە بێ ڕابەر بەرەو ناو تووێژەکانی زمانێکەوە چووبێتم کە هەر بەقەدەر دەنگدانەوەی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی لە هۆش و دەروونمدا سەرەدەری لە دەستوورەکانی بکەم، کە لەوێدا د. ئاوڕەحمانیش وەک من خاوەن پشکە هەرچەند دەشێ دەستووری دەنگرتووی ناو بەرنامە ڕووپێوێکی ئەو پشکە لە مرۆڤ گل دەنەوە بۆ بڕیارە یەکجارەکیانی خۆی وەیا، لە بارێکی دیکەدا، بەشێکی ئەو هەلانەی کە گەشتی بێ ڕابەر بەمرۆڤی وەکو منی دەکات بەڕۆشنایی ئەو دەستوورانە ساغ بکرێنەوە.

لە پێشەکییەکانی گوتارەکەدا یەک دوو حاڵی سەرەتایی فۆنەتیکی سەر بەڕێنووس لەوەوە نەختێک بەهەڵە بەر حیساب دەکرێن کە هاتوون بێنێنی من وەیا غەیری منیان

لە بەڵگەکانی دابڕیوە و بەسەهووی ڕووتیان لە قەڵەم داوە وەك کە لە ستوونی یەکەمی لاپەڕە (١٢) دەخوێنینەوە (.... چونکە ئاشکرایە (ن)ی چاوگی هیچ کاتێك دەنگی کۆنسۆنانتی ناکەوێتە پێشەوە و ڕواڵەتی نووسینی کوردی بەئەلفوبێی عەرەبی و نەبوونی وێنەی (أ) تێیدا، بووەتە هۆی ئەوەی هەندێ لە نووسەران هەڵەی تێدا بکەن). ئەم نیشاندانە وەها ڕادەنوێنێ کە ئەوانەی قورسکردنی دەنگی پێش نوونی چاوگ بەبزوێن دانانێن هەستی پێ ناکەن هەر لەبەرئەوەی کە لە ڕێنووسی کوردیدا نیگار بۆ ئەم قورسکردنە دانەندراوە. بەڵام خوا و ڕاستان، لە دواتردا بۆ منی تێ دەهێنێتەوە کە دەڵێ (.. هەرچی مامۆستا مەسعوودە بەقورسکردنی دادەنێ).

من لە نوسینی لێرە بەپێشەوەمدا بەولای نوونی چاوگەوە بۆ ڕاستییەکی گەلێك وتتر لە نوونی چاوگ، کە زۆر بەرچاوە، ڕۆیشتووم کە لە لێکدانەوە و سەرنج ڕاگرتندا دیاردەیەکی دیکەی (چاوگی)م دۆزییەوە لەوەدا کە دیتم ئەو دوو کۆنسۆنانتەی (د، ت) دەکەونە بەرابیی نوونی چاوگ، ئەوانیش بەفەرمانی فۆنەتیکی زمانی کوردی چەند کۆنسۆنانتێکی دیارکراو دەهێننە پێش خۆیان. هەرچی (د)ە یا دەنگی (ن) یا دەنگی (ر) پێش خۆی دەیەخێت وەك (بڕژاندن، چاندن، کردن، مردن...) لەوە بەولاوە هیچ کۆنسۆنانتێکی دیکە قەبووڵ ناکات. دەنگی (ت)ش هەر بەحوکمی سروشتی دەنگەکان (س، ش، ر، ف، -، و) لە پێشەوەی دێن.. هۆی دیاردەکەش دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی ئەو گونجان و نەگونجانەی دەنگەکانی کوردی کە چەند جارێك باسم کردووە و ساغم کردۆتەوە کە گونجانی (ن، د-ر، د) لەوانەیە ڕێ نادات قورسکردن بخرێتە سەر دوو دەنگی (ن، ر) لە بەرابیی (د)، ڕێش نادا قورسایی بخرێتە سەر (س، ش، ر) لە بەرابیی (ت)دا هەرچی دەنگی (ف) کەمتر لەوان گونجاوە بەڵام ئەویش لە دەنگەکانی دیکە پتر حەز بە(ت) دەکات، واش دەزانم کە بەشێکی کورد ئەم دەنگەی لە بەرابیی (ت)ی چاوگدا گۆڕیوە بە(د) هەر لەبەر پتر گونجانی (د)ەکەیە لەگەڵ (ت)دا. نموونەکانی خوارەوە قسەکان ڕوون دەکەنەوە:

بەستن، ڕستن

کوشتن، مشتن

گرتن،

کەفتن، هەفتن (کەوتن، هەوتن)...

بەلام دەبێ بڵێین دەنگی (ن)یش لەگەڵ (ت)دا گونجاوە کەچی لەپێش (ت)ی چاوگەوە نایەت. کاتێ خۆی بۆ ئەوە چوو بووم کەوا ڕەنگە زیدە گونجانی (ن) لەگەڵ (د)دا وەهای کردبێ بەتەواوی بۆ خۆی بدزێتەوە.

ئەم ڕایەش لە دوو ڕووەوە پتر خۆی لە قەناعەت نزیک دەکاتەوە.

یەکیان ئەوەیە کە گونجانی (ن) و (د) وەهای کردووە لە سلێمانی منگە و (غنە)یەک لە نێوانیاندا پەیدا بێ کە (د)ە کە بکات بە(گ) و بگوترێ (دەربەنگ، مەنگ، ئەنەنگی..)

دووەمیان ئەوەیە بەشێکی ناحیەی دەوروبەری مەرگە و باشووری ڕانیە هەموو (د)ەکانی پێش نوونی چاوگ دەکەن بە (ت) و دەڵێن (کرتن، مرتن، برتن - لە بری کردن، مردن، بردن) کەچی (د)ی پاش (ن) وەك خۆی دەهێڵنەوە و دەڵێن (چاندن، ستاندن...)

تا ساڵی ١٩٧٥یش ئەم دیاردەیە هی ئەدیتن نەبوو. لەوە بەولاوە بە هۆی پەیدابوونی گۆمی بناوانی (دوکان) و ژێر ئاوبوونی بەشێکی زۆری ئاوایی ئەو ناوچەیە خەڵقەکە بڵاوەیان لێ کردو لە نیشتەجێبوونی دواتردا تێکەڵ بە ناحیەی جۆرجۆری زارەکانی کوردی بوون، منیش لەو ساڵەوە پێوەندیی هاتوچۆم بەو ناوەوە کەم بۆوە کە ئیتر نەتوانم گوێبیستی ئاخاوتنیان بیم. بابێی ئەوەی بەرورای لێ هەڵێنجرێ.

دواتریش گوتارەکە لە بەرەو کۆتایی ستوونی سێیەمی لاپەڕە (١٣) و ستوونی یەکەم و دووەمی لاپەڕە (١٤)دا کە ئەختێك دەوری (دەنگ، پیت، فۆنیم) هەڵدێت یارمەتیی ئەو خوێندەوارانە دەدات کە بەتەواوی لە باسی فۆنۆلۆجی و ڕێنووس نابەڵەدن بەلام کە دەڵێ (فۆنیم... بە تەنیا خۆی خاوەنی مانا و واتا نییە) لێرەدا ڕوونکردنەوەیەك هەڵدەگرێ:

فۆنیم، دەنگی لغوی - ئەلفوبێ، لە ناو تویێژی وشەدا بە تەنها واتا نابەخشێت وەك ئەوەی سێ دەنگی (د، ا، ر) لە وشەی (دار) دا هیچیان خۆی لە خۆیدا واتای نییە بەلام کە برپارمان دا دەنگی (م) وەیا (ت) وەیا (ی) فۆنیمە چارمان ناچارە دەبێ بڵێین لە (برات)دا ئەم (ت)ە واتای هەیە چونکە ڕاناوە و دەلالەتی (تۆ) دەبەخشێت. لە (برام)دا دەنگی (م)یش کە فۆنیمە واتای (من) دەبەخشێت ... (برای)...

ئەختێکی دیکەش ماوە لەبارەی واتاداری و ئەداریی فۆنیمەوە بدوێین. زمانزانانی

عەرەبی بەر لە ١٠٠٠ ساڵ بەر. لە (فقه اللغة) بۆ ئەوە چوون کە هەر فۆنیمە (لە تەعبیری ئەواندا «حرف») لە وشەدا دەلالەتێکی هەیە. ئەم باسەش لە ژێر سەرناوی (الأشتقاق الکبار) لێی کۆڵراوەتەوە. یا هەر نەبێ من لە ژێر ئەم سەرەناوەدا خوێندوومەتەوە. لەم مەیدانەدا (أبن جنی و أبوعلی الفارسی) بەتایبەتی یەکەمیان، کە وابزانم قوتابیی دووەمیشیان بووە، دەستی باڵای هەبووە.. بەهەمە حاڵ ئەوانیش ناڵێن هەر حەرفە مەعنای مەفهوومی هەیە. تەنها ئەوەندە دەڵێن کە هێمای بەرەو راگەیاندنی واتا هەیە.. لێرەدا ئەگەر سەربەوی و درشتییەك لە نووسینەکەمدا هەبێت بە بەخشینی خوێنەری دەدەمەوە چونکە دەمێکە ئەو باسانەم بەسەردا تێپەڕیوە ڕێشم نییە بگەڕێمەوە بۆ سەرچاوەکانیان. گوتنیشیان بێ زەرەرە. مەگەر کەم و کەسرییەکی تێیاندا بێت لەسەر من حیساب بکرێ و بەزەرەری خۆم تەواو بێت.

بەر لەوەی بێمە سەر خۆ ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەو نوختە تێگایانەی تێیاندا یەکدی ناگرینەوە، تێبینییەکی گشتی هەیە چاکە بگوترێ.

ئێمە، نووسەرانی کورد، بە زۆری (Phonology – فۆنۆلۆجی) و (Phonetic – فۆنەتیك) تێکەڵ دەکەین و باسی ناو یەکێکیان بۆ ئەوی دیکەیان ڕادەگوێزین. بەلای منەوە هەرچەند وا باشە باسەکانی یەك بابەت لەو بابەتەدا لێی بکۆڵرێتەوە، وەها هەر نەبێ کە بەرییەوە بۆ ناو بابەتێکی دیکە ئەنگوستێکی بۆ ڕابکێشرێ، دیسانەوە بەمەرجێکی هەڵە و بەهەڵەبردن لە بەیندا نەبێ کەس لەو ڕاگوێستنە و تێکەڵکردنە زەرەر ناکات.

من هیچ ڕەخنەیەکم نییە لەوەدا لە ناو توێژی (جیۆگرافی)دا ڕاستییەکی گرنگی (دیمۆگرافی) بخوێنمەوە. بە نموونە لێکۆڵینەوە لە سروشتی دەنگی هەمزە خۆی لە خۆیدا سەر بە فۆنۆلۆجییە بەڵام دۆزینەوەی دەوری هەمزە لە ئاخاوتنی کوردیدا سەر بە فۆنەتیکی کوردییە. کەچی هیچ بەرهەڵستیم نییە لەوەدا کە نووسەرێك بێت و لە دەمی دەرخستنی سروشتی دەنگەکەدا بابداتەوە سەر هەمزەی کوردی و ڕابەکی ڕابەری تێدا دەربڕێت. ئێمە هەرچەند کە دەبێ ڕێکوپێکیی بەرنامەی زانستی لە توێژینەوەدا ڕەچاو بکەین، نابێ وەتەنگ بێین لەوەی کە سەرەتاییمان لەو ئەرزە باسانەدا سنووری دوو دراوسێی هێندە بێ سنووری وەك فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکمان بێ بەزێنێ. ئەوەی ڕاستیش بێ فۆنۆلۆجی لەوەدا بایەخ پەیدا دەکات کە ببێتە چرای

مەلبەندی فۆنەتیك. دەنا بۆ خۆی بە تەنها و دوور لە فۆنەتیکی زمان و ناخاوتنی سەرزاران لەوە تێبەر ناکات کە نارایشتی نەزۆکی رۆشنبیری بێت بە تایبەتی لە ئاست زمانی کوردیدا کە پێویستی بەناوکێڵکردنی ریزی وشەکانی و لەراندنەوەی داوی تەعبیرەکانی هەیە نەك بە تێوەرامانی لەسەر بەرزایی زمانناسییەوە بە دووربینی فۆنۆلۆجی. لەگەڵ هەموو رێزێکم بۆ ئەو بەرزایی و ئەو دووربینەدا.

بەتەما نیم لەم گوتارەدا وردوورد شوێن هەنگاوی نووسینەکەی د. ئاورەحمان هەڵگرمەوە و پێبەپێ رەخنە و بیروڕاکانی جوابەجێیی لەگەڵدا بکەم چونکە ئەم کارە لە رادەبەدەر درێژەهایێنە. لە تێکڕای نووسینەکەیەوە چەند خاڵێکی بنجی دەکەمە روانگەی سەرەتاکە بەملا و ئەولای باسەکاندا. لەوەشدا بەناچاری لێکدانەوەی ئەرتۆ دەخەمەوە بەر سەرنجی خوێنەر کە لە نووسینی دیکەمدا پێیاندا تێ پەڕیومەتم، بەڵام بەدەم گوتانەوەی کۆنە خەرمانی وشەکارییەوە گوڵ و دانەی نەکوتراو و دیتراویش رەگەڵ پێ گێرەی ئەمجارەیان دەکەوێت.

خاڵی یەکەم ئەوەیە لەبارەی (کسرة مختلسة)وە بگوترێ. ئەو کەسرەیەی فۆنۆلۆجیستەکان بە بزوێنی دادەنێن و منیش بەقورسکردن:

ئەم دیاردەیە لە ئاخاوتندا شتێك نییە هەستی سەرنجدەری بەسەردا بکشێنێت و تێی هەڵنەنەگوێت. تەنانەت هێند زەق و بەهێزە زمانزانانی عەرەب بەر لە ۱۰۰۰ ساڵ پتر ناوی (کسرة مختلسة)یان لێ ناوە بە پێتۆڵیش لە بارەیەوە دواون هەر بەپێ سروشتی زمانەکەشیان لە نووسیندا نیگاریان بۆ دانەناوە وەك کە بۆ کورتە بزوێنەکانیان داناوە چونکە ئەم (کسرە)یە لە عەرەبیدا تەنها لە دەنگی پێش دەنگی کۆتایی وشەدا دەردەکەوێ کە هاتبێت و بێ (اعراب) وەستاندت. وشەی عەرەبیش لە رستەدا بێ (اعراب) نابێ. بە نموونە رستەی (هذا بكر) دەبێ (ر)ەکەی کۆتایی (بکر) تەنوینی بدرێتێ کە دەکاتە (ضمە و نون) و دەگوترێ (هذا بكر‌- بەکرون) کە هاتیت تەنوینەکەت بۆ مەبەستی ئاسانی، تێ برد ئەوسا قورسایی وەیا (كسرة مختلسة) دەکەوێتە سەر دەنگەکەی (ك) - لەگەڵ ئەمەشدا رەخنەیەکم هەیە لەو ناوەی (كسرة مختلسة) بە تایبەتی کە وەهاڵ دەنگی واو بدرێت چونکە ئەم دەنگە خۆی (ضمە)ی درێژە، کە بە کۆنسنانتیش دەربدرێ تامی (ضمە)ی هەر تێدا دەمێنێ کە ئیتر دەنگی (کسرە) قبووڵ ناکات. لە وشەی (دور - دەور)دا قورسایی سەر (و)ەکە دەنگی (ضمە)یە نەك (کسرە) هەر ئەم خەسڵەتەی بوونی دەنگی (ضمە) لە (و)دا وای لە

نووسەری کورد کردووە کە وشەی (وورچ، ووزە ..) بە دوو (و) بنووسێت کە یەکێکیان واوی کونسنانت و ئەوی دیکەشیان کورتە بزوێنی (ضمە)یە.

ڕێکەوت وا بوو مامۆستا تۆفیق وەهبی لە ١٩٢٩ بە نووسین باسی ئەم دیاردەیەی کردووە. نیگاری بۆ داناوە دەنا مەلاکانی کورد لەوەتەی دەخوێنن و دەرس دەڵێنەوە ئەم (کسرة مختلسة)یان بەسەر زمانەوەیە. مامۆستا وەهبیش لەوانەوە سروشتی کورتە بزوێنی (ی)ی بۆ قەراردادە کرد بەچکەی (ی)ە بەڵام لە خوێندنەوەی نوێیەوە بۆ ئەوە چوو کە نیگاری بۆ دابنێت. ڕۆژئاواییەکان لە نووسینی ئێستاکەیاندا لە زۆر حاڵ و باردا گوێ نادەنە ئەم (کسرە ..)یە تا هەموو جارێك نیگاری بۆ دابنێن. بە نموونە کە دەنووسن (burn,turn,Worn) نیگار بەدوا پیتی (r)دا نانووسن هەروەهاش نیگار نایەخەنە دوای ئەو پیتەی کە لە سەرەتای وشەوە بێ بزوێنی ئاشکرا دێت وەك (Crow.Screen,please,bring) و هی تریش... وەك د. ئاورەحمان نووسیویەتی، ئەم دەنگە پارتەقای بزوێن برگە لە وشەدا دروست دەکات. بەڵام شتێك ماوە لێرەدا د ئاورەحمان نەیگوتووە دەبوو بشڵێ وێڕای برگە دروستکردن ئاوازەش پەیدا دەکات لەو دەنگە کپانەدا کە لەگەڵیاندا دێت، لەویشدا هەر پارتەقای بزوێن کار دەکات بەڵام دوو تێبینیی گرنگ و گرنگتر هەن نابێ پشتگوێ بخرێن چونکە ڕووناکی دەخەنە سەر سروشتی دیاردەکە:

یەکەم: ئەوەیە گەر ئەم دیاردەیە بزوێن بایە و بەرەو کەسرەش بایە دەبوو لە دەربڕینی کاف و گافی سەرەتای وشەی کوردیدا ئەو کلۆرییە پەیدا بکات کە بزوێنی کورت و درێژی (ی) پەیدای دەکات. دەبوو کافی (کردن) و گافی (گرتن) کلۆر کرابایانە. جا ئەگەر بگوترێ بزوێنەکە هێندە بەهێز نییە ئەو کارە بکات دەڵێم منیش لەوە پتر داوا ناکەم کە دیاردەکە بایی بزوێنی کورت کاریگەر نەبێ. کاف و گافی ئەوتۆیی ناوەندی وشەش هەروەهایە (شەکر، سەگرمە).

تێبینییە گرنگترەکە ئەوەیە کە سەرنجی ورد دەری دەخات ئەم قورسکرنە لە هەموو حاڵدا ئاوازە پەیدا ناکات، هەرچی بزوێنە، کورت و درێژی، هەمیشە ئاوازەدارە. لەگەڵ خۆتدا بێ تەرەفانە وشەی (ستاندن) بڵێرەوە دەبینیت ئاوازە بەدوا دەنگی کپی (س)دا نایەت هەرچەند قورسکردنی بەسەرەوەیە . بەڵێ دەزانم کە بتەوێ دەتوانیت ئاوازە پەیدا بکەیت بەڵام کاری ئانقەست جودایە لەگەڵ فەرمانی فۆنەتیك. لە وشەی (شت)دا ئاوازە بەدوا (ش)دا دێت بەڵام کە گوتت (شتەکان) ئاوازەکە لە دەنگی (ش)ەوە نایەت.

وشەی (فت) ئاوازەی هەیە بەلام کە گوتت (فتار) ئاوازەکە لە (ف)ەوە دەڕوات بۆ (تا). دیارە دەنگی (ر)ش هەر ئاوازەی هەیە هەرچەند وەستاویشە چونکە دەنگێکی ئاوازەدارە.

فۆنەتیکناس کە بۆی ئاشکرا بوو ئەم دیاردەیە لەو بارانەدا ئاوازە پەیدا ناکات دەبێ بسەلمێنێ بزوێن نییە و شتێکی دیکەیە بە نیسبەت دەنگناسی کوردەوە تێبینییەکی تاقیکەرەوە هەیە کە بۆ غەیری کورد دەست نادات.

دەزانین لە زۆر شێوە ئاخاوتنی کوردیدا کە (ل)ی وەستاو کەوتە بەرایی (ت)، دەنگەکەی (ل) بۆ خۆی دەبێتە (ڵ)، لامی قەڵەو، دەنگەکەی (ت)ش وەك (ط)ی عەرەبی لێ دێت، بەلام کە بزوێن کەوتە بەینیانەوە وەکو خۆیان لاواز دەمێننەوە دەگوترێ (قەلتارە - قەڵطارە ، پالتۆ - پاڵطۆ، پالتە- پاڵطە .. هتد).

جا ئەگەر ئەم دیاردەیە لە تاقیکردنەوەدا بدەینە بەر سەلیقەی دەنگناسمانەوە ئاخۆ بەچ ئاکامێك دەگەین؟

با بێنین وشەی (خلت، خلط) کە (ڵ)ەکە تێیدا بەوەستاوی دەکەوێتە پێش (ت، ط)ەکەوە و بە هەموویان یەك بڕگەن، بیکەین بە دوو بڕگە و بڵێین (خ-ل-ت) ئایا لامە قەڵەوەکە لاواز دەبێتەوە یا هەر بە قەڵەوی دەمێنێتەوە؟ ئەوەی من وەك بەدیهییەی دەزانم ئەوەیە کە لامەکە بە قەڵەوی دەمێنێتەوە و بە دوا خۆیدا (ت)ەکەش قەڵەو دەکات.

ئایا ئەگەر (کسرە مختلسە)ی سەر (ل)ەکە بزوێن بێت ڕێ دەمێنێ لامەکە قەڵەو بکرێ؟ دەزانم لە کوردیدا لامی پێش تێ هەمیشە بەوەستاوی و بێ قورسکردن دێت بەلام بۆ مەبەستی تاقیکردنەوە مانیع نییە قورسایی بخەینە سەر (ل)ەکە هەروەك مانیعیش نییە بە نیازی تاقیکردنەوە بڵێین (کڨ) کە دەزانین هەرگیز دەنگی (ك) لە کوردیدا پێش (ق)یش نایەت. بەهەمە حاڵ ئەم تاقیکردنەوەیە دەدرێتەوە بە بڕیاری سەلیقەی دەنگناسی، یەکێکیش بەوێ ئەنجامەکەی نەسەلمێنێ دەتوانێ پێ لەسەر ئەو شتە داگرێ کە خۆی ئارەزوویەتی. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بڵێم ئەگەر تاقیکردنەوەکە لامە قەڵەوەکەی پاراست، نسباتی بزوێن نەبوونی (کسرة مختلسة)کە دەکات. ئەما ئەگەر قەڵەوییەکە هەڵستا ئیسباتی بزوێنبوونی کەسرەکە ناکات چونکە ئەوسا ڕێ هەیە بڵێین ئەو قورسکردنە هەروەك ئاوازەی پەیدا کرد، بووە لەمپەریش لەنێوان (ل) و (ت)دا. جگە لەوە بەڵگەیەکی دیکە هەیە لە نووسینەکەی د. ئاورەحمان حزیەوە

هەڵمەستێ هیچ کەلەبەر لە باسەکەدا ناهێڵێتەوە و بزوێنەبوونی ئەو دیاردەیە بە نیسبات دەگەیەنێ بە مەرجێك بەڵگە سەلمێن بێن.

ئەم بەڵگەیە لە دراوسێیەتیی باسی بزوێنەکە لەگەڵ باسی فۆنیمدا خۆی دەسەپێنێ. وا بەباش دەزانم لێرەدا بەدەم ساغکردنەوەی حاڵ و باری (کەسرە)وە چەند شیکردنەوەیەکی ڕوونترکەرەوەش لەبارەی فۆنیمەوە بهێنمە ناو نووسینەوە، کە ئەویش لەلای خۆیەوە بە تێکڕایی هەم پارێزەی ئەسڵە باسەکە دەدات و هەم پتریش نیگای خوێنەر بۆ بینینی کێشەی فۆنیم فرموان دەکات.

فۆنۆلۆجیستەکان، کە د. ئاوڕەحمان لەوانەوە باسی فۆنیممان بۆ دەگێڕێتەوە ئەوە دەڵێن کە لە گوتارەکەدا بە کورتی نووسراوە، واتە (فۆنیم بەو دەنگانە دەگوترێ کە لە زماندا وشە پێك دەهێنن و بە گۆڕان و نەمانیان واتا دەگۆڕێن)

لێرەدا دەق تەعریفەکەی د. ئاورەحمانم نووسییەوە تاکو ئەگەر ڕەخنەیەکم هەبوو خۆی بکەم بەشایەدی جوداوازیی بیروڕای هەردوومان.

کە تەعریفەکەی سەرەوە بکەینە کێشانەی لێکدانەوەمان دوو ناکامی لێ پەیدا دەبێ لەگەڵ هەندێ لە رایەکانی د. ئاورەحماندا ڕێك ناکەون:

یەکەم: نابێ فۆنیم لە دەنگ گرنگتر بێ چونکە فۆنیم خۆی دەنگە و هەرچی بایەخ و گرنگییەکی هەبێت بەر دەنگیش دەکەوێت. بەڵام بایەخی ئەو دەنگە پارێزەرانەی کە فۆنیم نین هەر بۆ دەنگ دەمێنێتەوە وەك کە دەڵێن هەموو ئادەمیزادێك گیانلەبەرە چی لە نرخی مرۆڤایەتیدا هەیە لە جنزی (گیانلەبەر) دەرناچێ. بەڵێ، ڕاستە بگوترێ ئەو دەنگانەی فۆنیمن گرنگترن لەو دەنگانەی فۆنیم نین.

دووەم: بەدوا ئەو تەعریفەدا باوەڕ بەو بەدیهییە دەکەین کە هەر دەنگێکی (لغوي) لە پێکهێنانی وشەدا بەشدار بێت و بە نەمان و گۆڕانی واتا بگۆڕێت وەیا نەمێنێت فۆنیم بێ، بەو پێیە دەبێ دەنگی هەمزەش فۆنیم بێت چونکە هەموو مەرجەکانی تێدا هاتۆتە جێ کەچی گورج لە فۆنیمی دەخرێت... بەڵام با جارێ واز لە هەمزە بهێنین و لەگەڵ فۆنیم خەریك بین.

تەعریفەکە هەموو ئەو دەنگانەی لە پێکهێنانی وشە بەشدار نین لە جنزی (فۆنیم)یان دەردارێت وەك لرفە و فیکە و کۆکە. و هتاد ... هەروەهاش ئەو هێز و سستی و بەرزی و نزمی و توندی و شلکییەی کە بە پێی داخوازی دەربڕینی تووڕەیی

و ڕەزامەندی ... و.. ئەو جۆرە هەستانە تێکەڵ بە دەنگی وشە و ڕستە دەبن ئەوانیش فۆنیم نین. ئەوەندەی بزانم دەنگناسان لەبارەی فۆنیمنەبوونی دەنگ دوابن هەر ئەوەندەیە کە د. ئاورەحمان لە گوتارەکەیدا باسی کردووە منیش ڕام گوێستە نێرەکانە بەلام لە هەرێکبوونی خۆمەوە بەو تەرزە باسانەی هۆش و دڵ دادەگرن بۆ فۆنیمنەبوونی هەندێ دەنگی دیکە چووم کە وەک دەنگی (لغوي) دەبیسرێن بەلام لەبەر جۆری دەربڕینیان و تێکەڵنەبوونیان لە پێکهێنانی وشە ناشێ فۆنیم بن

زۆربەی دەنگە کپەکان بەبەریانەوە هەیە لە ڕێی بردنە ژوورەوەی هەناسە بۆ ناو دەم و سی، نەک هەر بە هێنانەدەری، پەیدا ببن. هێندێک لەو دەنگانەش وەک (ف، ث، هـ) بە ئاسانی لەو بەرەوازییەوە پەیدا دەبن، تۆ بینە زمان و لێوت بۆ دەربڕینی دەنگی (ف) وەیا (ث) ئامادە بکە و لە دەرەوەی زارتەوە بەرەو ناوەوەی هەوا هەڵمژە دەبیەیت دەنگی (ف، ث) پەیدا دەبێت، دەنگی (هـ) لەوانیش لەبارترە: هەر ئەختێک خۆت هەناسەسوار بکە و زارت بکەرەوە بۆ هاتوچۆی هەناسەت، دەبیەیت بە درێژایی هەناسەسواریت دەنگی (هـ) بەرەو دەرەوە و بەرەو ناوەوە پەیدایە. دوور نابینم لە کوردیدا وشەی (هەناسە) بە ئەسڵ لەو دیاردەوە ساز درابێ کە لە پێشەوە بە(هە) دەست پێ دەکات، ئینجا ناشزانم کەرتەکەی دیکەی (.. ناسە) لە چییەوە هاتووە وەیا وشەکە بەدرێژبوونەوەی ڕۆژگار چەند دەنگی لێ سواوە. بەلام لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تەرزە دەنگانە کە برای دەنگی سروشتین هیچ کاتێکیان نابنە فۆنیم چونکە ناتوانێ دەنگی دیکە بەدوا خۆیدا بهێنێت و وشە دروست بکات، جگە لەوەی کە هەرگیز ناتوانێ ئاوازە پەیدا بکات چونکە ئاوازە لەهیکی قورگەوە بەرەو دەرەوە دەردەچێت هەر بۆیەشە دەنگی ئاوازەدار بەرەو ناوەوە پەیدا نابێت.

جگە لەم دەنگانە دەنگی (كسرة مختلسة)ش هەر بەپێ تەعریفەکەی د. ئاورەحمان بۆ (فۆنیم) ناشێ فۆنیم بێت. ئەمەش بەڵگەی قسەکەم:

وشەکان (shetil, bizin, bezim, golim, genim, kirim, merij) لەم جێگەیەدا تاقی دەکەینەوە دەبینین هەموویان (كسرة مختلسة)یان لە دەنگی پێش کۆتاییاندا هەیە، ئنجا با بڵێین:

bezmurezim - golme sawar - genmit bird - kirmeke - merjit girt - shetle gul - bizne merez

له هەموو وشەکاندا دەنگەکەی کەسرە موختەلەسەی برگەی دووەمی وشەکان نەما. ئەگەر فۆنیم بووایە دەبوو واتای وشەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت وەیا واتاکەیان تێ بچێت کەچی وەکو خۆیان ماونەتەوە (genim) بوو بە (genm) هەروەهاش وشەکانی دیکە لە هەمان شوێندا (کسرة..)کەیان دۆڕاند و واتایان نەدۆڕاند. تۆ بڵێی بەرانبەر ئەم ڕاستییە پرۆفیسۆرە زلەکانی فۆنۆلۆجی چیمان جواب بدەنەوە؟ هەرچی بیڵێن بایی فلسێك ناکات چونکە بەو تەعریفەی ئەوان بۆ فۆنیمیان داناوە دەنگەکە فۆنیم نییە. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ بەر لەوەی ئەم تاقیکردنەوەش فۆنیمنەبوونی دەنگەکە بەئیسپات بگەیەنێ، هەر چونکە دەنگەکە پێداویستێکی فۆنەتیکییە و لە دروستکردنی وشەدا دەوری نییە نابێ بەفۆنیم دابندرێ.

ڕەنگە بگوترێ لەو تاقیکردنەوەیەدا هەرچەند دەنگەکەی بەرەو کۆتایی وشەکان تێ چوو بەڵام لە برگەی دواتردا بەدەرکەوتەوە. لە وەرامدا دەڵێم

١- ئێمە قسەمان لەمان و نەمانی فۆنیمە پێکهێنەرەکانی ئەو وشانەیە. چ هەقێکمان بەسەر ئەو دەنگانەوە نییە کە لە وشەکانی پێشووتر هەبووبێتن وەیا لە برگەی دواتر پەیدا بێن.

٢- ئەو (کسرة مختلسة)یەی دواتر لە برگەیەکی دیکەدا پەیدا دەبێ پەکی لەسەر تێچوونی (کسرة..)ی پێشووتر نەکەوتووە چونکە خۆی دەبێتەوە پێداویستێکی فۆنەتیکی بۆ ئەوەی بتوانرێ وشە وەیا کەرتی وشە دەربڕدرێ.

گوتارەکەی د. ناوەهمەمان لە مامۆستاکانی فۆنۆلۆجییەوە بڕیارێکی یەکجارەکیمان پێ ڕادەگەیەنێ کە دەڵێن برگە بێ بزوێن نابێ، بەمەشدا (کسرة مختلسة) لە خۆوە و لە پەنا ئەو بڕیارەدا دەبێتە بزوێن، کە بوو بەبزوێن یەکسەر دەشبێتە فۆنیم. ئەم بڕیارە لە مامۆستاکانەوە پێی دەڵێن (مصادرة على المطلوب - دزینەوەی مەبەست) چونکە بەر لەوەی بزاندرێ ئایا ئەو (کسرە.)یە هێز و قورسکردنە وەیا بزوێنە لە ڕێی ئەو بڕیارەوە دەبێ بەبزوێن. ئێمە دەزانین بزوێن برگە دروست دەکات بەڵام هەر چونکە قورسکردنیش برگە دروست دەکات مەرج نییە بزوێن بێت، بەتایبەتی پاش ئەوەی دیتمان ئەو قورسکردنە لە هەندێ حاڵدا ناوازە پەیدا ناکات، ئینجا زانیشمان بەتێچوونی واتای وشە ناگۆڕێت. هەرچۆنێك بێ بامزانین برگە لە ناخاوتندا چەند پلەی هەیە:

١- برگەی هەرە کورت لە کۆنسنانتێك و قورسکردن پەیدا دەبێ وەك وشەی (چ)

تۆ کە حۆری وەرە نێو جەننەتی دیدەم چ دەکەی
لـەم دڵـەی پـڕ شەرەر و سینـەیـی سووزانەدا

٢- برگە هەیە لە کۆنسنانتێك و کورتە بزوێنێك پێك دێت وەك (دە، تە، مە..)

٣- برگە هەیە لە کۆنسنانتێك و بزوێنێکی درێژ پێك دێت وەك (با، دۆ، سێ)...

٤- برگەی دوو کۆنسنانت و قورسکردن وەك (مز، دڕ، گل...)

٥- برگەی دوو کۆنستانت و بزوێنێك وەك (مەر، کەس، کوڕ)...

٦- برگەی دوو کۆنستانت و بزوێنێکی درێژ وەك (مار، تیژ، خۆش..)

٧- برگەی سێ کۆنسنانت و قورسکردنێك وەك (بست، مشت، مرد، بنج)

٨- برگەی سێ کۆنسنانت و کورتە بزوێنێك وەك (بەست، کورد، بەیست .)

٩- برگەی سێ کۆنسنانت و بزوێنێکی درێژ وەك (کارد، ماست، دانگ.)

ئەم برگانە پێیەیێ درێژ دەبنەوە لە پلەی یەکەمەوە تا پلەی نۆیەم، نە لە یەکەم بەولاوە و نە لە نۆیەم بەملاوەشەی یەك برگەیی پەیدا نییە. دەمەتەقەیەك هەڵدەستێ لەسەر ئەوەی ئایا لە دەربڕینی دەنگی وەکو (س، ش، ژ، ز..)دا بێ ئەوەی هیچی دیکەیان بەدوادا بێت برگە پەیدا دەبێ؟ ئەگەر برگە نییە ئەدی چییە؟ دەنگی وەکو (د، ك، ت، ب..) دەرتـابڕدرێن ئـەگـەر قورسکردنیـان لـەگـەڵدا نـەبێ چونکە درێژکردنـەوە هەڵناگرن هەرچی ئەوانی دیکەن درێژکردنەوە هەڵدەگرن.

بەهەمەە حاڵ ئەم وردەبێژییە لێرەدا لزوومی نییە و دیاردەکە بۆ بینینی خوێنەر بـەجـێ دەهـێڵم و دەچـمـەوە سەر ڕچـەی بـاسـەکـە. بـەلای بـاوەڕی خـۆمـەوە، کـە لـە تـاقیکردنـەوەشدا بـاوەڕەکەم پتەوتر دەبێ، برگەی یەکەم (دەنگێك و قورسکردن) بزوێنی حەقیقیی تێدا نییە بەڵکو جۆرێك لە هێز پێدان وەیا قورسکردنی تێدایە کە پێداویستیی ناچاری بۆ ناو وشە وەیا ناو ئۆنۆژی ڕستەی دێنێت. هەر ئەم هۆیەشە وا دەکات (کسرة مختلسة) بەئۆتیم حیساب ئەکرێ چونکە بەشێکی بنجی و سەربەخۆ و بەردەوامی وشە نییە و بەتێچوونی واتا ناگۆڕێ و نادۆرێ، هەرچی بزوێنە بەشێکی بنجییە لە وشەدا. هەرچەند کورتە بزوێنەکانی (ضمة، کسرة، فتحة) لە ڕووی نرخی دەنگەوە ناچنە ڕیزی کۆنسنانت و بزوێنە درێژەکان چونکە وجوودی سەربەخۆیان نییە و لە دوا

کۆنسنانت نەبیٚ دەرناکەون، بەلاّم ڕەوریان لە پێکهێنانی وشە و ڕستەدا وەك ڕەوری دەنگە تەواوەکانە بەنجی و بەردەوامە. تەنانەت کەمتر لە کۆنسنانتەکان سوانیان بەسەردا دێت. بەنموونە لە وشەی (بەستریٚنیری)دا دەنگی (س) دەسوێت و وشەکە دەبێتە (بەتریٚنیری) وەیا (ت)ەکە دەسوێت و دەبێتە (بەسرینیری) بەلاّم کورتە بزوێنی (فتحة) بەدوا (ب)ەکەدا هەر دەمێنێ. کاتێك کە وشەکە تەرکیبی گۆڕا و بوو بە(پتریٚنیری) دەنگەکەی (فتحە) تیٚ دەچیٚ لەگەل تێچوونی هێزیدا (ب)ەکەشی کرد بە(پ) و (س)ەکەشی تیٚ برد.

کورتە بزوێنی ڕاستینە پێداویستی دەنگ دەربڕین نییە کە بەپیٚ داخوازی جێگە بێت و بڕوات چونکە لە شیرازەھۆنی وشەدا بەشدارە و بەردەوامە. ڕەوریشی لە ڕستەسازی و تێکبەستنی دەستەواژە و وشەی نامێتەدا وەك ڕەوری هەموو دەنگەکانی زمانە چ بزوێنی درێژ بیٚ و چ کۆنسنانت. بەنموونە لە وشەسازیدا.

دەست: دەستە

ئە(دەست) واتای هەیە ئە(دەست)یش جێی (دەستە) دەگرێتەوە. هەرچی (کسرة مختلسة)یە پێداویستی دەربڕینی دەنگەکانە بەپێی مان و نەمانی پێداویستەکە. ئەو (کسرة..)یە لە ئاخاوتندا دەمێنێتەوە وەیا جێگۆڕکیٚ دەکات وەیا تیٚ دەچێت، لەوە هەرگەریٚ کە پتریش لە کورتە بزوێن بیٚ وجوودی سەربەخۆیە. بانەختێك سەرنج لەم نموونانە بگرین:

وشەی (سەر) یەك بڕگەیە بەلاّم کە دانە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك وەیا دووەمی تاك دەبێتە دوو بڕگە (سەرم سەرت). لە خۆوە دیارە بڕگەی دووەم ئەم (کسرة مختلسة)یە پەیدای کرد کە هاتە سەر (ر)ەکە. تۆ بڵیٚ ئەمە لە کوێوە هات؟

وەك بەدیهییە ئاشکرایە هی کۆتایی (سەر) نییە هەروەها وەك بەدیهییە دیارە هی ڕاناوەکانیش نییە. کەواتە دیسانەوە وەك بەدیهییە دیارە کە پێداویستێکی ئاخاوتنە. لەم حاڵەتەدا کە تاکە دەنگێك لە دەرەوە بۆ کۆتایی وشە دێت دەبیٚ بەهۆی قورسکردنەوە لە یەکەی جودا بێتەوە هەرچەند بەپێی داخوازی دەنگسازی لەوانەش بیٚ دەنگەکەی کۆتایی وشەکە بەسکوونی تەواوەوە بکەوێتە بەرایی ئەو فۆنیمەی لە دەرەوە دێت و پێوەی دەلکێت. لەم نموونەیەی (سەرت)دا دەنگی (ر) لەلایەن فۆنەتێکەوە بەسکوونی تەواوەوە دەکەوێتە بەرایی (ت) وەك کە دەڵیٚ (کەرت، مارت) بەلاّم (ر)ەکە

قورس کرا لەبەر ئەو دەستوورەی تازە باسم کرد. هەروەهاش کە راناوی (ت) هاتە دوای (کەس) لەوێشدا قورسایی دەخرێتە سەر (س)ەکە هەرچەند(س) لە ڕووی فۆنەتیکی کوردییەوە دەبێ لە بەرایی (س)دا بەتەواوی بوەستێ بۆ قورسکردن (کەس، کەست).

بەڵام کە گوتمان (ئەمە سەرمە لەسەر سەرتە، عەشرەتێك حزم و کەستە..) لە هەموو حاڵدا قورسایی، سەر (ر، س) هەڵدەستێ هەر چونکە بەهۆی هاتنی بزوێنێك بۆ سەر (م، ت)ەکە قورساییەکەی بەرایی، شوێنی ئەما. کورد ناڵێ (سە – رمە Se - rime کە – ستە Ke - site، سە – رتــە Se - rite) لەمەشدا دەستووری فۆنەتیك بەسەر ڕەدەستووری ڕستەسازیدا زاڵ بوو. من و تۆش بەرپرسی ئەو جێگۆڕکێیە و لەناوچوونە نین لێشمان داوا ناکرێ بۆ قووڵبوونەوە بزانین بۆچی حوکمی (دەنگ) بەسەر حوکمی (ڕستەسازی)دا زاڵ دەبێ بەڵام لێمان داوا دەکرێ دیمەنەکە ببینین و نرخی راستینەی ئەو قورسکردنە بزانین تاکو لە پێویستبەدەر بایەخی پێ نەدەین. زاڵبوونی دەستوورەکەی فۆنەتیك بەوەدا باشتر روون دەبێتەوە لە جیاتی (کەست) بڵێین (کەستان) چونکە یەکسەر قورساییەکە هەڵدەستێ بۆ ئەوەی هیچ بزوێنێکی دەرەکی بەدوا راناوەکەدا بهێنین، هۆیەکەش ئەوەیە کە راناوی (تان) خۆی بزوێندارە.

لەو نموونە مەشوورەی (نووستن، مردن)دا کە نوونی چاوگ بەدوا کاردا دێت و کەسرە موختەلەسە بە مل دەنگی کۆتایی کارەکەدا دەبڕێ، ئایا قورساییەکە هی چییە؟ دەزانین هی کارەکە نییە چونکە کە (ن)ی چاوگت لادا کارێکی رێکوپێکی بێ قورسایی دەمێنێتەوە (نوست، مرد). دیارە هی (ن)ی چاوگیش نییە چونکە تاکە دەنگ لە خۆوە قورسایی بە پێش خۆیەوە ناگرێ، جگە لەوەی کە لەو کارانەی کۆتاییان (ا، و، ی) بێت قورساییەکە وجوودی نییە هەر چونکە لە بنەڕەتدا وجوودی نییە و بە دوا بزوێنیشدا هەبوونی نامومکینە. (سووڕان، بەزین، ئەزموون...).

بێگومان زمانی حاڵی ئەو پرۆفیسۆرە زمانناسانەی نرخ بەو قورسکردنە دەدەن دەڵێ هەقمان بەسەر ئەو لێکدانەوەیە نییە بەرانبەر شتێك کە هەست بە هەبوونی دەکەین، چونکە مادەم ئەو شتە هەیە دەبێ لە نووسیندا تێ بخوێندرێتەوە بەڵام ئەوان پرۆفیسۆرانە بایی سەری دەرزی مافی قسەی ئەرتۆییان نییە ئەویش لەبەر دوو هۆی گرنگ و گرنگتر.

هۆی گرنگ ئەوەیە کە هات و لێکدانەوە بەڵگەی بەدەستەوەدا نابێ پشتگوێ بخرێ دەنا دەبێ لە ئاست سەرابیش بەڵگەی هەڵوەشاندنەوەی بپێچینەوە و بە ئاوی دابنێین. دەزانین سەراب دیاردەیە و چاو دەیبینێت، بەڵام دەشزانین ئاو نییە لە کەسیش ئاسەلمێندرێ بڵێ دەبێ نرخی ئاوی پێ بدرێت.

هۆی گرنگتر لە هەڵوەستی پرۆفیسۆرەکان خۆیانەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە: ئەوان هەر لە ڕێی لێکدانەوەوە دەیانەوێ بسەلمێنن دەنگی هەمزە بەخۆی و ئاوازە و زەق و زۆپییەوە فۆنیم نییە و یاریدەدەرە و نابێ نیگاری هەبێ. ئنجا بۆ دەبێ لە ئاست ئەو دیاردە زیندە کز و بێهێز و بێ دەوامەدا کە (کسرة مختلسة وەیا قورسکردنە) نابێ بایەخ بە لێکدانەوە بدرێ. خۆ ئێمە هەرای ئێوان زۆردار و زۆر لێکراو نابڕینەوە تاکو بەزەیی بە بەڵگە و بێ بەڵگە بەلای زۆرلێ کراوماندا بشکێنینەوە لە ڕێنووس و ڕێزمان و فۆنەتیک و ئەوان کارانەدا شکانەوەی توێژەرەوە بەلای خاوەن هێزدا دەبێت.

ڕاستییەکەی، هەڵوەستی ئەو پرۆفیسۆرانە لە ئاست هەمزە و (کسرة مختلسة)دا تەشقەڵەکردنە بە ڕێنووس و بە سەرجومڵەی لایەنی دەنگ لە باسەکانی زماندا و چ مانای شیرنتری تێدا نییە، ئۆبالی من و تۆ و قوتابییەکانیشیان دەچێتەوە ئەستۆی ئەوانەوە کە ساڵەها بە گوێماندا دەچرپێنن و چی دەڵێن بە بەدیهییمان لەسەر دەسەپێنن، قوتابیش بێت و بەرهەڵستی لە بیروڕایاندا بکات نەوەی عومری لە دەست دەچێت.

ڕەنگە بەلای خوێنەرەوە منیش لە ئاست دەنگی هەمزەدا دەستبەتاڵی بەڵگە و بنۆس بم وەک کە پرۆفیسۆرەکان لە قسەکانی مندا دەستبەتاڵ نیشان دران. کاتێک گەیشتینە باسی دەنگی هەمزە ئەم لایەنەی دەستپڕی و دەستبەتاڵی خۆ بەدەر دەیەخەبت. دانانی نیگار بۆ ئەو قورسکردنە لە ڕێنووسدا بەرەنگاری کێشەیەکمان دەکات بەقەدەر فەلافەتی زمانی کوردی، ئەمەش نموونەی کێشەکە:

کە وشەی (ڕانک)مان لە فەرهەنگدا بە (ranik) نووسی ئەوسایا دەبێ لە هەموو حاڵ و بارێدا ئەو نیگارەی (کسرة مختلسة) لە دوا (ن)ەکەوە بێت، یا دەبێ لە حاڵی تێچوونیدا نیگارەکەی ڕەش بکەینەوە:

(١) ئەگەر نیگارەکەمان لە هەموو حاڵدا نووسی شێوەی ناخاوتنمان دەبێتە ئەسیری ڕێنووسەکە و لە کوردیی ڕەسەن دەشۆرێت چونکە لە ڕێنووسدا قورسکردنێک

بەسەر وشەدا دێنین کە لە ناخاوتندا تیٚ چووە وەك ئەوەی کە گوتت (رانکەکە) نالێیت (ranikeke) بەڵکو دەڵێیت (rankeke) هەروەهاش لە زۆربەی هەرە زۆری کوردیدا قورسکردنەکەیان بە پیٚ جێگە و مەبەست دێتە ناو ناخاوتن وەیا تیٚ دەچێت ئیتر دەبیٚ رستەی وەك (کرمەکە گرژە) بخوێندرێتەوە (kirimeke girizhe) چونکە لە وشەی (کرم، گرژ)دا قورسکردن هەیە). هەر ئەمەش دەبێتە ناکامی ناچاری بەملدا بریني (کسرة مختلسة) چونکە قوتابخانەکان سەرلەبەریان وەهای دەنووسن، هەرچی منداڵیش هەیە بە قوتابخانەدا تیٚ دەپەرێت و زمانی کوردی لەو رێنووسەوە فێر دەبێت، مادەم نیگاریش بۆ (کسرة مختلسة) دانەنرا دەبیٚ بخوێندرێتەوە وەك کە هەموو نیگارێکی دیکە دەخوێندرێتەوە، دەبیٚ (فکرم پەرشە) بخوێندرێتەوە (fikirim perishe)... ئنجا ئەگەر لە وەرامدا پێم بڵێیتەوە ئەم کێشەیە دەدرێتەوە بە سەلیقەی خوێنەر کە خۆی دەزانیٚ قورساییەکە ماوەتەوە یا هەڵستاوە، منیش پێت دەڵێمەوە کە سەلیقە بەرەوان بیٚ بۆچی لیٚ ناگەرێی لە سەرەتاوە بریاری مان و نەمانی قورساییەکە بدات؟ بۆچی دوو جاران ئیمتحانی سەلیقە دەکەیت، جارێکیان بەوەدا کە دەبیٚ بزانیٚ قورسایی هەیە یا نییە، جارێکیشیان بزانیٚ گویٚ نەداتە ئەو نیگارەی لە نووسیندا بۆ قورسکردنەکە هەیە و لە ناخاوتندا تیٚ چووە، چەند سەیرە تۆ رازی نەبیت بنووسریٚ (کرمەکە) و بخوێندرێتەوە (کرمەکە) و پیٚ لەسەر ئەوە داگریت کە بنووسریٚ (kirimeke) و بخوێندرێتەوە (kirmeke)....

لە زمانی کوردیدا بگەرێیت دەبینیت ئەم هاتن و چوونەی (کسرة.....) بەقەدەر دەمارەکانی لەش تێکەڵ بە شیرازەڕۆنی زمانەکەیە و هێندەی کە جیووش لەبەر پەنجەکانت هەڵدێت ئەویش لە ناخاوتندا خۆیت لیٚ دەشارێتەوە.

(٢) ئەگەر نیگارەکەمان لە کاتی هەبوونی قورسکردنەکەدا نووسی و لە کاتی نەمانیدا رەشمان کردەوە ئەوسا پەشێکی بەرچاوی وشەی کوردیی دوو برگەیی دوو شێوە نووسینی دەبیٚ، لە فەرهەنگیشدا پێویست دەبیٚ بەوەی خوێنەر ئاگادار بکریٚ کە (کسرة)ی فلانە شوێنی وشەکە هەمیشەیی نییە، ئەم ئاگادارکردنەوە و دوو جۆر نووسینەش بۆ وشەی فەرهەنگی لە ئیمکاندا دەبیٚ بەلام (کسرة...)ی کە لە تێکبەستن و دارشتنی وشە و رستە دیٚن و دەچن بیٚ چارەسەرکردن دەمێنێتەوە، بە نموونە وشەی (گرتن) دەنووسریٚ (girtin) بەلام لە ریزەی فەرمان و نەهی و

نایندەدا قورسایییەکەی سەر دەنگی (گ) تێ دەچێت و وشەکە دەبێتە (bigre,megre, bigrim)، وشەی (دیتمت) دەنووسرێ (deetimit). کە بوو بە (دیتمتەوە) دەبێتە (deetimtewe). ئیتر بەو پێیە هەزاران تێکبەستن و تێك هەڵکێشان و لێکترازاندن کە ئیمکان نییە لە پێشەوە فەرهەنگی بۆ دابندرێ وەیا پێشبینیی تێدا بکرێ، هەرجارە لە نووسینێدا نیگاری ئەو قورسکردنە تێیاندا دەربەکەوێت و ون دەبێت، کە ئەمە خۆی عەیبێکی گەورەترە لەوەی پێشەکی بڕیاری نەنووسینی نیگاری ئەو قورسکردنە بدرێ. ئەوەندەی زمانی بێگانەم خوێندبێتەوە نەمدیتوە وشە و دەستەوشە و رستەکانی جار لە جارێ چۆنیەتیی نووسینیان بگۆڕێ. ئێمە لەو نموونانەی شکل بەدیهێدا دیتمان قورسکردن لە وشەدا تێ چوو و واتاشی نەگۆڕا، بەمەشدا هەر بەپێی تەعریفی پرۆفیسۆرەکان نرخی فۆنیمی نەما، ئیتر ئەگەر هەر، پێ داگرین لەسەر پێویستبوونی نووسینی، دەبێ نیگار بۆ دەنگی تووڕە بوون و لاواندنەوە ... و ...ش دابنێین چونکی ئەوانیش جۆرێکن لە دەنگ و بۆ مەبەسی تایبەتیش دێتە ناو ئاخاوتنەوە. وا دەبێ نارەزامەندی دەنگێکی وشە دەگرێت و برگەی تێدا پەیدا دەکات وەك کە دەگوترێ (فلانە شت؟ دەسا فللسێك ناهێنێ!) لە جیاتی (فلسێك..) یاخود لە نەعیکردندا دەگوترێ (نەککەی بچیت بۆ لای...).

دەبێ بزانین مومکین نییە ڕێنووس هەموو دەنگێکی ئاخاوتن شکڵنووس بکات. هیچ ڕێنووسێکی ئەم جیهانەش نییە هێندەی ئێمە مەراقی خوردکردنەوەی ئاخاوتنی هەڵگرتبێ. من لە گۆشەنیگای خۆمەوە چ دوشمنایەتیم نییە لەگەڵ ئەو قورسکردنەدا هەروەکو دۆستایەتیشم لەگەڵیدا نییە. تەنانەت ئەگەر بە کۆمپیوتەر زانرا کە جۆرێکیشە لە جۆرەکانی بزوێن لێی وەتەنگ نایەم، هەر ئەوەندە حیسابەی بۆ دەکەم کە بزوێنی یەکجار کورت و بێهێز کاری بزوێنی عادەتی ناکات و تێ دەچێت و واتا ناگۆڕێت و فۆنیم نییە. خۆ ئەگەر بە بڕیاری کوتەکم حەقی چن نیگاریشی بۆ دابندرێ سەغڵەتم ناکات. ئەویش لەبەر دوو سەبەب (١) یەکێکم لەوانەی دەزانن کەی دێت و کەی دەچێت (٢) بەشی هەرە زۆری عومرم رابوارد بێ ئەوەی ناچار بم نازی خۆڕایی بکێشم.. من پەرۆشی دوو شتمە:

یەکەمیان ئەوەیە کە بەخۆڕایی نرخێکی لە پێویست زیادی گرنگی و بایەخ بۆ خۆی دابڕیوە و گەلێك بەولای بەرژەوەندەوە زیندی نووسەرانی کوردی بەخۆیەوە خەریك

کردووه له حاڵێکدا ئەو قورسکردنە بریتییە لە پێداویستی تایبەرەوامی رستەسازی و وشەسازی، هەر بە نەمانی پێداویستەکەش قورسکردنەکە دەڕەوێتەوە. جا ئەگەر پێم بڵێیت ئەم مەبەسانەی قورسکردنەکە پێکیان دێنێت چشتی بێ بایەخ نین لە وەرامدا دەڵێم پێکهاتنی ئەو مەبەسانە بێ ئەوەی نیگار بۆ قورسکردنەکە دابندرێ دێنە جێ، چونکە وەك بزوێن و کۆنسنانت نییە بە نووسینی کەلەبەر بکەوێتە وشە و رستەوە وەیا واتایان بگۆڕێ وەیا بێ واتا بن. هەر چۆن بە سەلیقە دەزانین بەپێی پێویست دەنگی پاراوەوە لە حاڵی پاراوەیدا بخەینە ناخاوتنەوە بێ ئەوەی نیگاری بۆ دابنێین هەروەهاش بە سەلیقە دەزانین قورسکردن لە کوێ دەبێت و کەی هەڵدەستێت.

دووەمیان ئەوەیە کە تێخوێندنەوەی قورسکردن ئەرکێکی بێ سەروبن دەخاتە بەر ڕێنووس و نووسەر و خوێنەرەوەی کوردی چونکە نووسەر دەبێ هەمیشە بەپێی هاتن و نەمانی قورساییەکە خەریکی گۆڕینی ڕێنووسەکەی بێت. ئێمە وەتەنگ دێین لەو ڕێنووسەی ئێستاکەمان لەبەر زۆریی حاڵ و نیشانەی سەرووژێری پیتەکانی، ئەم جارەیان سەرباریکی قورستر لە بن بارەکە سواری دەست و قەڵەممان دەبێ کەچی کەسیش هەستی بە نوقسانیی ڕێنووس نەکردووە لەبەر نەبوونی نیگاری قورسکردنەکە ناچاریش نەبووە بپرسێ ئایا قورساییەکە بۆ کوێ بهێنێت و کەی تێی بهات.

د. ناوڕەحمان لە ستوونی یەکەمی لاپەڕە (١٢)ی گۆڤاردا بەسەر (گەنم گەنمەکە)دا دەچێتەوە خۆی لەوە ناگەیەنێ کە نووسینی (genmeke) لە چاو (genim)دا شکڵێ کۆنی دۆڕاند و نیگارێکی (أ)ی سەرلەبەری لێ کەم بۆوە خۆ هەردووکیشیان هەر (قمح)ن و هەمان وشەن، هەر ئەوەندە دەڵێ لە بری بڕگەیەك بڕگەیەکی دیکە پەیدا بوو، لەمەشدا هیچ دڵدانەوەیەك شك نابەین چونکە سەرەرای ئەوەی کە بڕگەی دووەم لە دەرەوەی وشەی (گەنم) پەیدا بوو بەهاتنی بزوێن وەیا قورسکردن بۆ کۆتاییی وشەکە، کێشەمان کێشەی تێپەڕوونی دەنگ و نەمانی نیگارەکەیەتی نەك (بڕگەسازی) چونکە وشە و رستە هەر دەبێ بڕگە و کەرتیان هەبێ، ئەوەی نەخوێندەوشە دەنگ و وشە و کەرت و رستە دەردەهەڕێنێ بەڵام کە بوو بە نووسەر چاوەکانی دەبینن جارێکیان نووسرا (Genim) و جارێکیشیان نووسرا (Genm) کە بوو بە فۆنیمناسیش دەبینێ ئەو دەنگ و نیگارەی بە فۆنیم داندرابوو هەڵستا و واتاشی تێك نەدا.

راستییەکەی ئەم تەرزە رێنووسە رێ دەدات داوا بکرێ، وەک کراوە، فەرق لە نێوان نووسینی (کا) و (کێ)ش بکرێ، دالە کلۆرەکەی سلێمانیش نیگاری بۆ دابندرێ – وەک کە مامۆستا وەهبی بە (ذ)ی دەنووسی – دەنگەی نێوان (ن، گ)ی دەربەنگ)یش لە نووسیندا تێ بخوێندرێتەوە. بەڵێ دەزانم کێشەی ئەمانە هاوچوونی تەواوی کێشەی (کسرة...) نییە بەلام خۆ کێشەن؛ (کسرة مختلسة)ش هاوتای بزوێنی کورتی ئاشکرا نییە کەچی دەڵێن دەبێ وەک ئەو بایەخی پێ بدرێ، بەهەمە حاڵ کێشەی (کا، کێ) و دەنگی دالی کلۆر و (ن، گ) پتر لە کێشەی (کسرة...)نرخ پەیدا دەکات لەوەدا کە هەمیشەیی و بەردەوامن و نارەوێنەوە وەک کە قورسکردن کاتی و نابەردەوامە و تێ دەچێت.

د. ئاورەحمان چەند رستە و دەستەواژەیەکی هێنابۆوە بە نموونەی ناقۆلایی نیگار دانەنان بۆ ئەو قورسکردنە، وەک (جلم برد شتم – من کرمم گرت– من پرشنگم گرت.) لە روالەتدا نموونەکان رەخنە هەڵدەگرن بەلام بە لێوردبوونەوە مەسەلەکە دەگۆڕێ:

ئێمە دەزانین هەردەنگێکی لە بەرایی وشەوە بێت و بزوێنی ئاشکرای لە دواوە نەیەت بەناچاری قورس دەکرێ ئیتر نیگار دابندرێ وەیا دانەندرێ قورسکردنەکە لە خۆوە بەسەر زاری مرۆڤدا دێت. جا ئەگەر لە پێشەوە بڕیارمان دا، وەک کە رێنووسی ئینگلیزی بڕیاری داوە، ئەم شتە ناچارییە بدەینەوە بە فەرمانی واقیع و رەنجی نیگارکێشانی تێدا نەهەین شتێکمان کردووە لە بڕیاری هۆش پێشکان و ژیرێتی بومشێنێتەوە هەروەک لە جوداتەکردنەوەی کاف و گافی کلۆریش هۆشمان بەکار هێناوە و عەزابێکی بێ لزوومان لە کۆڵ نووسەری کورد و کوردی کردۆتەوە، هەرچەند لە ئاست ئەو کاف و گافەدا هەموو کورد لە هەموو حاڵ و باردا یەک مامەڵە ناکات چونکە کوردی بەری سۆران لە وشەی وەک (دەپشکوێ، دەنەنگوێ...)دا کلۆریان ناکەن چونکە لە ئەسڵدا کاف و گافی (پشکووتن، ئەنگووتن..) کلۆر نین، هەروەها (مەرەکەبی کوینك و دەولەتی کوێت و کوین ئەلیزابێت...) کاف و گافیان وەک خۆیان دەمێننەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئاسانکردنی رێنووس و یەکچوونکردنی لە زمانێکدا ئەوە دەهێنێت ئیهیمیی وەها بەرتەسك لە بیر بکرێ. تائێستاش رێنووسی لاتینی کە من دیبێتم قورسکردنی بەرایی وشە تێ دەبات و نیگاری بۆ دانانێت و کەسیش تێیدا نەشێواوە. ئێمە لە رێنووسی ئێستاکەماندا کە بە پیتی عەرەبی دەنووسرێ گرفتێکمان نەهاتۆتە بەر لەو تەرزە رستە و دەستەواژانەدا کە د. ئاورەحمان نموونەی لێ

هێناوەتەوە، بڕواش دەکەم (فرچکم گرت) گەلێك خۆشخوێن و ئاسانترە لە وشەی وەك (تێ هەڵ چوومەوە - تێهەڵچوومەوە - تێ هەڵچوومەوە).

د. ئاوڕەحمان دەیتوانی ئەو نموونانە بهێنێتەوە بۆ بەئیسپات گەیاندنی کەم بایەخیی ئەو قورسکردنە لە نووسیندا بەوەدا بڵێ ئەرێ خوێنەری کورد کامتان هەڵە دەکەن لە خوێندنەوەی (لنگم بلند کرد)؟ بەڕاستی کەسیش هەڵەی تێدا ناکات هەرچەند وشەی (لنگ) بزوێنێکیشی لێ قرتاوە چونکە ڕاستییەکەی (لینگ)ە.

لەو ڕستەیەی (لنگم بلند کرد)دا بەڕێکەوت وشەکانی (لنگ، بلند، کرد) بەفەرمانی دەنگسازیی کوردی لە خۆوە گرفتیان ڕەویوەتەوە چونکە دەنگەکانی (نگ، ند، رد) لەو دەنگانەن کە بەدوا یەکدیدا قورسکردن هەڵناگرن ئنجا ئەگەر قورسایی سەر (ڵ)ەکەت هەڵگرت دەبێ (ن)ەکە قورس کەیت و لە (د)ەکەی دابڕێت، ئەمەش دژی دەنگسازیی کوردییە چونکە (ن)ی وەستاو لە بەرایی دەنگەکانی (گ، د، ت)دا قورسکردن هەڵناگرێ. ڕاستییەکەی ئەو دەنگەی (ن) لە وشەی کوردیدا لە بەرایی (ج)شدا قورس ناکرێ وەك (پنج، ڕەنج، کونج..) بەڵام گوێم لێ بووە هەندێ کورد لە وشەی (بەنج)دا قورسایی دەخەنە سەر (ن)ەکە. دەبێ ئەوەش بڵێم لە دەنگسازیی کوردیدا هاتنی بزوێن لە بەرایی دەنگەکانەوە داخوازی قورسکردنیان دەکات بەپێچەوانەی ئەوەی بەدوایاندا بێت، بەنموونە وشەی (دنك) ئاسانتر نوونەکەی دەوەستێندرێ لە (دەنك) کە بزوێنەکەش بوو بەبزوێنی درێژ وەستانەکە مومکین نابێ وەك لە وشەی (رانك)دا دەبێ نوونەکە قورس بکرێ. بەڵام کە بزوێن بەدوا وشەکەدا هات قورساییەکە دەڕوات وەك کە دەڵێی (ڕانکەکەم) نوونەکە دەوەستێنرێ. هەر لەبەر فەرمانی ئەم جۆرە دەستووراتەی دەنگسازییە کە گوتت (پڵنگ، پێزنگ، ڕەوشت) چارت ناچارە دەبێ دەنگەکانی (ڵ، ژ، و) قورس بکەیت چونکە (نگ، شت) لە کوردیدا بێ قورسکردن بەدوایەکدیدا دێت. کەسێك وەهایان دەرنەبڕێ کورد نییە و کوردی فێر نەبووە.

ماینەوە لەگەڵ ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك بەدوای وشەی (لنگ)دا (لنگم): تۆ کە بەخەڵقت ڕاگەیاند هەر تاکە دەنگێکی کۆنسنانتت لە دەرەوەی وشەوە هێنا و بەوشەکەوەت لکاند قورسایی دەخاتە سەر دوایین دەنگی وشەکە عوزری هەڵەکردنت بەدەست کەسەوە نەهێشتووە، ئەوساش نەك هەر لە ئاست ڕاناودا، بگرە لە ئاست هەموو پاشگرێکیش چاوی خوێنەرانت کردۆتەوە وەك (کوڵك، کوڵکن - دەست، دەستك: Destik, Kulkin)، دەستووراتی دەنگسازی کە خەڵق لە خۆوە بێ ئاگاداری و

لێوردبوونەوە بەکاریان دێنن گەلێك باری ئەو قورسکردنەی نەرم کردووە، بەنموونە دوو وشەی (فرچك، گرفت) دەدەینە بەر دەستووراتی دەنگسازی

دوو دەنگی (ف، گ) لە بەرایی وشەکانەوە بەفەرمانی ناچاری قورس دەکرێن کە دەکاتەوە فەرمانی دەنگسازی. لە وشەی (فرچك)دا دیسانەوە بەناچاری دەبێ دەنگی (ر) لەگەڵ دەنگی (ف) ببێتە برگەی یەکەم چونکە هاتنی (ر)ەکە بەدوا دەنگێکی قورسکراودا دەبێ برگە دروست بکات مەگەر داخوازییەکی بەهێز وەها بکات سەرلەنوێ (ر)ەکە قورس بکرێت، وەك ئەوەی لە جیاتی (فرچك) وشەی (فرشتە) بایە دەبوو (ر)ەکە قورس بکرێ بۆ ئەوەی (ش)ەکە بەبێ قورسایی بکەوێتە بەرایی (ت)ەکەوە. هەر هۆیەکی ئەوتۆییشە وەها دەکات لە وشەی (گرفت)دا (ر)ەکە قورس بکرێت چونکە ئەگەر قورس نەکرێت دەبێ (ف)ەکە قورس بکرێت دەشزانین (ف) حەز لە (ت) دەکات.

ئێمە کە ئەم دەستوورە فۆنەتیکییە سروشتییانەمان لە دەنگسازیی کوردیدا هەست پێ کرد سەیرمان نایەتەوە لەوەی کوردەواری لە خۆوە بڵێ:

بێ - ژنگ

ب - ڕشت

گ - رفت

پ - ڵنگ

پر - شنگ

کە - نشت

د - روست

ب - نێشت

شاهی (سگرمە - (س - گر - مە) ئەگەر بزوێنی بەدوادا نەهاتبایە دەبوو بگوترێ (سگ - رم) بەڵام ئەگەر (سگرت) بایە دەبوو بگوترێ (س - گرت) وشەی (باڵندە)، ئەگەر پێداویستی فۆنەتیکی نەبووایە دەبوو وشەی (باڵ) کە بنجیە برگەیەك بێت و (ندە)ش کە پاشگرە برگەی دووەم بێت بەڵام چونکە (ن)ی پێش (د) دەبێ وەستاوی تەواو بێ (ڵ)ەکەی بەقورسکراوی بۆ خۆی ڕاکێشا و لە ئەسڵی وشەکەی ستاندەوە.

کەچی (بالگرە) دەبێ (باڵ – گ – رە) بخوێندرێتەوە چونکە وشەی باڵ کە بنچینەیە هیچ ناچارییەکی دەنگسازی (ڵ)ەکەی لێ ناستێنێ بۆ سەرەتای (گرە) کە لە وشە لێکدراوەکەدا پاشگرە، ئینجا ئەگەر بێم بڵێیت ئەم دەستوورانە کەی بەبیری خوێنەردا دێت تا لە خوێندنەوەدا بەپێی دەنگسازی بەبێ نیشانە و نیگار پەیڕەویان بکات، لە وەرامدا دەڵێم:

١– نووسەر کە بیەوێ نیگار بۆ قورسکردن دابنێت دەبێ بەسەلیقە یا بەفێربوون شوێنی ئەو قورسکردنانە بزانێ دەنا لە ئاخاوتندا هەڵە دەکات و قورسکردنەکە لە شوێنی نالەباردا دادەنێت. ئنجا کە حاڵ وەها بێ نووسەر و خوێنەر هەروەك لە ئاخاوتندا بەرەهایی و بێ نیگار وشە دەردەهەبڕێنێ لە خوێندنەوەشدا هەروەها دەکات چونکە شتێك دەخوێنێتەوە کە پێشتر لە گەرووی خۆی دەرهاتووە و دواتر بەسەر نووکی قەڵەمەکەیدا تێپەڕیوە، نووسەر و خوێنەریش لە یەك جۆگەدان چونکە خوێنەریش وەك نووسەر ئاخێوەر و سەلیقەدارە. بێگومان سەلیقەی ڕاست و ڕەوان بێ تەدەخولی ڕێنووس و نووسەر لە ئاست ئەو قورسکردنەدا ئازادتر و ڕەهاتر دەبێ لەوەی بێین دەستووری مامۆستا وەهبیی بەسەردا بسەپێنین بۆی بنووسین (فیرچیکم گیرت، دەستیم بیلێند کیرد..)

٢– ئەگەر ڕەوا بێ ڕەخنەی ئەوتۆیی لەو قسانەی من بگیرێ دەبێ سەرلەبەری زانستەکانی زمان یاساغ بکرێن چونکە هەموویان شیکردنەوە و وردەکاری و دەستوورسازی و کێشانە و پێوانەی پەنامەکی لە شتی ئەوتۆدا دەکەن کە زۆربەی بابەتیان لەوانەن کاری سەلیقە بن. کام ئاخێوەری ڕەوانە بێنە لە ڕێزمان و سینتاکسی تاقی بکەوە متعق ناکا. قسەی من وەها هی د. ئاورەحمان بۆ ئەو کەسانەیە کە لەبەر تێشکی لێکدانەوەدا سەیری دیاردەی ئاخاوتن و نووسین دەکەن. ئاخێوەری عادەتی ئەبابەتی ئەوتۆیی دەخوێنێتەوە و ئەتێی دەگات و ئەبەتەماشە ڕۆژەك لە ڕۆژان پەنگ بەقسەکانی دەروونی بخواتەوە تا دەهانخاتە بەرانبەر ئاوێنەی ڕێنووس و ڕێزمان و زمانناسی و وشەسازی و دەنگسازییەوە.

بەڕاستی ئەم کێشەیەی (کسرة مختلسة) لە ڕێنووسی ئێستاکەی کوردی عێراقدا هیچ گرفتی دروست نەکردووە و خەڵقەکە بەهۆی نەبوونی نیشانە ئەو (کسرة.)یە دەتوانن لووستر و ڕێکتر نووسینی کوردی بخوێننەوە تەنانەت نموونەکانی د ئاورەحمان بۆ خۆیان شایەدی ئەم ڕاستییەن چونکە هیچ خوێنەرێك هەڵەیان تێدا

ناكات. كاتێك كەوتینە سەر نووسین بەلاتینی، گرفتەكە سەر بەرز دەكاتەوە چونكە لە لاتینیدا چاومان بەجۆرە نووسینێكی دیكە فێر بووە، هەرچەند دەزانم زمانناسی كورد پتر لە هی ئینگلیز و فەرەنسە بایەخ بەو قورسكردنە دەدات، تەنانەت ئەگەر ڕێی هەبێ نووسەری ئینگلیزیش ناچار دەكا لە جیاتی (Bring, Turn) بنووسێت (Biring, Turin)

ڕامانی و ئۆگرگرتن لە سەرجوملەی چالاكیی مرۆڤی عادەتیدا كاریگەرێكە بارتەقای ڕۆشنبیری و زانست و خوێندن جڵەوكێش و پاڵ پێوەنەرە تۆ بێنە ئینگلیزێك ناچار بكە وشەی (neighbour – دەخوێندرێتەوە «نێیبەر») وەها بنووسێ وەك لە زارەوە دەردێت (nyber) دەبینێت دەست و قەڵەمی دەشێوێن، وشەی (archive) بەفەرەنسەییەك نیشان بدە دەخوێنێتەوە (ئەرشیڤ) كەچی ئینگلیزێك دەخوێنێتەوە (ئاركیڤ). ئینگلیزێك كە بنووسێت (ئای) ئەگەر بەواتای (چاو) بێت دەنووسێت (eye) بەواتای (من)یش دەنووسێت (I). چ سەیریشی بەو كارەی نایەت.

دەبێ بزانین ڕێنووسی لاتینی بەتێكڕایی، پاشماوەی بەرەوپێشچووی و بەعەیب و عاری ڕێنووسێكی چەند هەزار ساڵەییە كە لە بنەڕەتدا هیرۆگلیفی بووە و دواتر گۆڕانەوە بۆتە ڕێنووسی نەتەوە سامییەكان و لە ٧٠٠ ی پێش زاینیدا پەڕیوەتەوە بۆ یۆنانییەكان (بنۆڕە: فرهنگ ایران باستان، پورداود – العلاقة بین النطق والكتابة فی تعلیم العربیة – محاضرة مجید الماشطة، نیسان ١٩٨٢) لەوێشەوە ورده ورده وڵاتانی ئەورووپادا بڵاو بۆتەوە. یۆنانییەكانیش بەشێك لە كۆنسنانتەكانیان كردووە بزوێن كە لە نووسینی ئارامیدا كۆنسنانت بووە بەڵام بەشێوەیەكی لێڵ بەبزوێنیش بەكارهاتووە (مجید الماشطة – العلاقة بین النطق والكتابة..) ڕێكەوتێكی سادەی سەرەتایی بوو كە لە نووسینی لاتینیدا دەنگی هەمزە نیگاری بۆ نەكێشرا و لەگەڵ نیگاری دەنگی دیكەدا تێكەڵ كرا، ئەوساش پەر لە ٢٧٠٠ ساڵ تەفۆنۆلۆجی هەبوو فیلۆلۆجی تەسینتاكس و ئەمیج، هەرچی دەسكارییەكی لە ڕێنووسدا كرابێ وچكەی نابەڵەدی و سەریەنی و پەلە بووە بێ مامۆستا و بێ ڕابەر. گەلێك باری نووسینی ئینگلیزی و فەرەنسەیی ناوی (هیرۆ گلیفی) دەدات كە لەوێدا وشە نیگاری بووە نەك دەنگ ئەگەر ڕێنووسی ئێستاكەی كوردی ئەو هەموو دەست هەڵبڕینەی تێدا نەبوولیە لەبەر زۆریی خاڵ و نیشانە و ئەلكانی بەشێكی پیتەكانی بەهێتی دوا زیانەوە، سەد جاران لەلایەن كێشانە و پێوانەوە لە هی لاتینی (وەك فەرەنسەیی و

ئینگلیزی) زانستیتر دەبوو چونکە چی دەنووسری خزمە لەگەڵ ئەوەی دەگوتری، تەنانەت ئاوناوە وردەپێویی وەهای تێدا کراوە زۆر ژیرانە رێنووس و رێزمانی لە یەکدی گری داوە وەك کە فەرق کراوە لە نێوان ئاکە پێتگر و دوو پێشگردا لە رووی لکاندنیان بەکارەوە وەیا پێشنیار هەبووە بەفەرقکردن لە نێوان نیشانەکانی فەرمان و نەهی و نایندە و نەفی لەگەڵ پێشگر وەیا راناوێکی کە دەکەوێتە پێش کارەوە لەو رووەوە کە ئەو نیشانانە پتر تێکەڵ بەتەکوینی ئاکە (کار) دەبن بێ ئەوەی بیانکەن بەلێکدراو. جوداوازیی نێوان (نە)ی بەواتای (no) و (نە)ی بەواتای (neither, nor) لە رێنووسدا ئەویش هەر وردەکارییەکە کوردیناسەکان لە ئاکامی تێکڕای پێشکەوتنی زانستەکانەوە بۆی چوون دەنا بەر لە ٥٠ ساڵێك کە کوردی دەنووسرا کێشانە و پێوانەی تێدا بەکار نەدەهات.

بروا دەکەم هەر جۆرە رێنووسێکی بۆ کوردی بەپیتی لاتینی قەرارداده بکری بەهۆی راهاتنەوە لە ئاکامدا بەلووسی دەخوێندرێتەوە، بەتایبەتی چونکە پیتەکانی دوو جۆر نین کە بلکێن و نەلکێن، خاڵ و نیشانەشیان وەك ئەبێ وەهایە ئینجا ئەگەر رێنووسەکە تا ئەو رادەیەی ناقۆڵایی تێدا پەیدا نابێ، لەو قورسکردنە رەها بکری بەقازانجی زمان و رێنووسی کوردی تەواو دەبێ. بەلای منەوە ناشێ قورسکردنێکی بەردەوام نەبێ نیگاری بۆ دابندرێ. قورسکردنی دەنگی سەرەتای وشە نیگاری ناوێ. کورتی رای من ئەوەیە هەتا بکرێ پێویستە لەو نیگارە خۆمان بدزینەوە چونکە فۆنیم نییە بەردەوام نییە و داخوازی دەنگسازییە. لەوەشدا زۆرم بۆ ئەو قورسکردنە بەجێ هێشتووە چونکە بەپێ تەعریفی فۆنۆلۆجیستەکان فۆنیم نەبێ مافی نیگار بۆ دانانی نابێ.

دەنگی هەمزە:

گوتارەکەی د. ئاورەحمان کە بیروڕای فۆنۆلۆجیستەکان لەبارەی هەمزەوە پەسەند دەکات و لەوانەوە بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ فۆنیم نەبوونی ئەو دەنگە، بەرەو لێکدانەوەیەکەوە دەڕوات کە لە پێشەوە بڕیاری خۆی داوە بەئیعدامکردنی هەمزە تەنانەت هەبوونی لە بەرایی وشانەوە بەبەڵگەی نەبوون دادەنێت. ئەو مامۆستایانە دەیانەوێ بسەلمێنین کە هاتنی هەمزە لە بەرایی وشە تەنها بۆ دەربڕینی ئەو ڤاولانەیە کە بەدوایدا دێن.

د. ئاورەحمان دەنووسێت: (هەمزە... دەنگێکی یاریدەدەرە لە سەرەتای ئەو وشانەوە وەیا ئەو بڕگانەوە پەیدا دەبێ کە بەبزوێن دەست پێ دەکەن).

جارێ دەبێ وەکو بەدیهییە بزانین کە دەست پێکردنی وشە وەیا بڕگە بە(بزوێن) لە بنەڕەتدا موستەحیلە. بزوێن هەمیشە بەدوا کۆنسنانتدا دێت. تەنها لێرەدا تێبینییەك هەیە دەبێ بیڵێو ئەخرێ. دوو دەنگی بزوێنی (و،ی)ی درێژ شێوەی کۆنسنانتیشیان هەیە، ڕاستییەکەشی دەبێ بڵێین (و، ی) بە بەریانەوە هەیە بینە بزوێنی درێژ.

لە وشەی (یار، پایز، وەشت، دەروازە)دا هەردوو دەنگی (ی، و) کۆنسنانتن هەرچی دەنگی ئەلفە هەر بزوێنە و نابێتە کۆنسنانت. هەندێك لە زمانزانانی کۆنی عەرەبی کە هەمزەیان بەئەلفی کۆنسنانت داناوە زۆر لە سەعوودان تەنانەت یەکێکی وەکو (ابن درستویە) لە کتێبی (تصحیح الفصیح)دا هەمزە بەدەنگێکی سەربەخۆ دادەنێت. بزوێنی کورت لە دەنگی ئەلفیش پتر پابەندی کۆنسنانتە چونکە هێندەی ئەو وجوودی سەربەخۆی نییە: تۆ بێنە وشەی (گە گا) لە ڕیکۆردەردا تۆمار بکە و دواتر دەنگەکەی (گ) لە هەردوویاندا بسڕەوە و گوێ بگرە لەوەی بەبزوێنی دەمێنێتەوە دەبیەیت دەنگەکەی ئەلف دەناسرێتەوە باشتر لەوەی کورتە بزوێنی (فتحة) بناسرێتەوە بەهەمەحاڵ ئەم لایەنە سەرێشەی کێشەی هەمزە نییە.

ئاخێوەر کورد بێت و عەرەب بێت و ڕووس بێت ناتوانێ دەنگی بزوێن لە بەرایی وشە بدرکێنێت. ئنجا کە هاتنی بزوێن لە بەراییدا موستەحیل بێت چۆن بسەلمێنین مام (بارام)ێکی بەر لەوەندە هەزار ساڵە بیری بۆ ئەوە ڕۆیشتووە هەمزە بخولقێنێ هەر بۆ ئەوەی موستەحیلەکە بکات بەمومکین. بۆچی ئەمەت دەنگی کۆنسنانتی دیکەی حازربەدەست بخاتە پێش ئەو بزوێنانەی هەمزەی خستنەپێش، خۆ لە هەزاران هەزار شوێنی دیکەدا وەهای کردووە کە هەمزە فۆنیم نەبێت و مەوجوود نەبێت بۆچی لەجیاتی (ئێرە ئاو..) نەگوترا (فێرە، ژاو). ئنجا ئەگەر بڵێ چ قەیدی هەیە هەمزەیان تێدا بەکار بهێنێت منیش دەڵێم چ قەیدی هەیە دان بەوەدا بهێنێت کە هەمزەش وەك (ف، ژ) فۆنیمە و دەنگە و پێکهێنەری وشەیە و بەلادان و گۆڕانی واتا یا نامێنێ یا دەگۆڕێ؟ ئەم ڕاستییانە بۆچی بکوژرێن؟ هەر هەتا هەمزە بکوژرێ؟

چەندێکی فکرم دێنم و دەبەم بۆ ئەوەی هۆیەك بدۆزمەوە فۆنۆلۆجیی ڕۆژئاوای ئیقناع کردبێت بەوەی هەمزە فۆنیم نییە هەر ئەوەندەم بەبیردادێت کە لە کۆنەوە

نیگاری بۆ دانەندراوە نیتر چاوی بەنەبوونی ڕاهاتووە، دواتریش دەرکی کرد کە بەزۆری وەیا هەمیشە بزوێنی بەدوادا دێت لەوەڕا یەکەندەردوو دڵی ئەسکین بوو بەوەی کەوا هەمزە هەروەك نیگاری نییە فۆنیمی ڕەسەنیش نییە... جا ئەگەر ئەمەش سەیەب نەبێ هیچ سەبەبێك نامێنێتەوە لە ڕوویەڕەی زمانناسی و دەنگسازیدا بەبۆزە ئەنویلیش پشتگیری لەو ڕایە بکات چونکە دەنگی هەمزە نەك هەر هەیە و بەس، بەڵکو لە دوو ڕووەوە پێش دەنگەکانی دیکە دەکەوێتەوە:

١- دەنگی هەمزە یەکەم فۆنیمی ئاوازەدارە (دواتر لەسەر ئەم حاڵە دەڕۆین).

٢- لە هەموو زمانەکاندا هەیە کە دەزانین فۆنیمی دیکەی وەك (چ، ژ، ط، ص، ڤ، ث، غ، پ، گ، د، گە، ذ، ڵ، ح، خ، ض، ظ، ع) هێندەی هەمزە پەرەسەندوو نین.

لە دیاردەی پێشکەوتنەوەی هەمزە لە بزوێن ڕاستییەکی فۆنۆلۆجی هەیە زۆر بەسەیری سەردوین کراوە: هەمزە بزوێن بەدوا خۆیدا دەهێنێت نەك بزوێن لە هیچەوە هەمزە خەلق دەکات و دەیخاتە پێش خۆیەوە. لەو دێرانەی دواتردا ڕاستیی مەسەلەکە ڕوون دەکەمەوە بەداخەوەش کەس لەسەری نەنووسیوە وەیا بۆی نەچووە تا سەرچاوەیەك یارمەتیی نووسینەکەم بدات چی لێرەدا دەیڵێم شتێکە یەکەم جارە دەگوترێ یاخود هەر نەبێ بەلای خۆمەوە یەکەم جارە، چونکە نە لە کەسم بیستووە و نە لە کەسیشم خوێندۆتەوە:

ڕۆشنبیری کورد، دەنگناسان بەتێکڕایی!

نەك تەنها هەمزە بەڵکو سێ دەنگی دیکەش لەوانەی پێیان دەڵێن (حروف الحلق) لە کوردیدا بەدەگمەن نەبێ بێ بزوێن نایەن. دەنگەکانی (ء، هـ، ح، ع) هەمیشە لە سەرەتای وشەدا بزوێنی ئاشکرا لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن.

دەنگی هەمزە بەرەژوورترین دەنگی ئاوازەدارە، هێندێش بەرەژوورە لە عەینی ژێ دەنگەکانەوە، کە ئاوازە پەیدا دەکەن، دەردەچێت.

دەنگی (هـ) بەرەژوورترین دەنگی کپە کە ئەگەر هاتبایە بەژێ دەنگان بکەوتبایەوە دەبوو بەهەمزە، هەر ئەم نزیکاییی شوێنی لێوە هاتنیانیشە دوو ئەنجامی بەخشیوە.

ئەنجامی یەکەم ئەوەیە کە دەنگی (هـ)ش بەزۆری وەك هەمزە لە نێو توێژی وشەدا تێ دەچێت بەنموونە کاری (هات) لە ئایندەدا دەبێتە (دێت) و بەدەگمەن نەبێ ناگوترێ (دەهێت)، لە سلێمانیش بۆتە بەت. لە ڕێژەی فەرماندا دەبێتە بێ

گێل ئەگەر تورکی تعال ئەر عەرەبی

بێ ئەگەر کوردی وەگەر فارسی بیا

کاری هێنام دەبێتە دێنم. هەرچەند دەشگونرێ (دەهێنم)، بەڵام لە فەرماندا بەزۆری (بێنە) لەباوە چونکە نیشانەی (ب) بزوێنی نییە وەك کە نیشانەی ئایندە (دە) بزوێنی هەیە. (هارین) لە وشەی لێکدراودا دەبێتە (دەستار) نەك (دەستهار). (هاویشتن) لە لێکدراودا دەبێتە (ڕەشاوێژ) نەك (ڕەشهاوێژ).

ڕاهەژاندن بۆتە ڕاژاندن

ڕاهێڵ بۆتە ڕایەڵ

هەڵهاتن بۆتە هەڵاتن

هەڵهێنان، هەڵێنان

لەمەوە دەردەکەوێ، تێچوونی دەنگی هەمزە لە ناو توێژی وشەدا وەك تێچوونی دەنگی (هـ) هیچ پێوەندیی بەهۆنەوە نەبوونەوە نییە: دیاردەیەکە دەچێتەوە بۆ سروشتی هەردوو دەنگ کە لە ژووررووی هەموو دەنگانەوە دێن. هەر بەهێی داخوازی فۆنەتیکیش وا چاوەڕوان دەکرێ دەنگی هەمزە کە ئاوازەدارە ئامادەتر بێ لە دەنگی (هـ) بۆ ئەوەی لە ناو توێژی وشەدا خۆی بەدەنگی ئاوازەداری بزوێن ببەخشێت.

ئەنجامی دووەم ئەوەیە کە لە زۆر وشەدا هەمزە و هێ بەیەکدی دەگۆڕدرێنەوە:

لە فارسی: أنار، أنجير، أنگبين، أنبان، أبر، آوردن

لە کوردی: هەنار، هەنجیر، هەنگوین، هەنبان، هەور، هاوردن

ئۆدە بۆتە هۆدە

ئەیوان بۆتە هەیوان

ئەڵووژە بۆتە هەڵووژە

ئاسان، هاسان

ئێسك، هێسك

چونکە دەنگی هەمزە و (ع) ئاواز هەدارن بەیەکدی دەگۆڕدرێنەوە

(ئاسمان – عاسمان)، (ئەرز – عارد)، (ئەزیەت – عەزیەت)، (ئەژیەھا – عەزیا)، (ئەبابەیلێ – عەبابەیلێ)، (ئەستەم – عاستەم)، (علیق – ئالیك)، (عومەر – ئۆمەر – ھۆمەر)، (ئەنتیکە – عەنتیکە)، (ئەلەتریك – عەنەتریك)، (ئەنەدۆڵ – عەنەدۆڵ) ھەر چوار دەنگی (ھەمزە، ھـ، ح، ع) کە لە قورگەوە دێن بزوێن بەدوا خۆیاندا دەھێنن. دوو دەنگی (ح، ع) کە کوردی ڕەسەنیش نین دوای ئەمەی پەرینەوە بۆ ئاخاوتنی کوردی ھەمان دەستووری (ھەمزە، ھـ)یان بەسەردا دێت. لە عەرەبی ھەردوو دەنگ دەشێ بۆمسێندرێن وەك (رعب، نبع، سعی – رحب، نحو، رمح – بەڵام لە کوردیدا وشە نییە ئەو (ح، ع)ە تێدا بێ بزوێن بێت وەك عیو، عەزیا، حوشتر، حەفت..) ناوناوەیەك نەبێ کە بەدوا بزوێندا دەوەستن وەك (پەح، تەح – دەعبا «لە دابەوە ھاتووە – مەعیەن «لە معینەوە ھاتووە..)

ناشزانم وشەی (بڵح) لە کوێوە ھاتووە یەخۆی و (ح)ی بێ بزوێنییەوە.

قسە لێرەدا لەگەڵ ئەو وشانەیە کە شکڵی کوردییان وەرگرتووە نەك وشەی عەرەبی کە وەك خۆی ماوەتەوە وەك (بەحر – بحر) لە ئینگلیزیشدا دەنگی (ھـ) وەك دەنگی (ھەمزە) ھەم لە بەرایی وشەوە دێت ھەم بزوێن بەدوا خۆیدا دەھێنێت. وشە ھەیە وەك (Re - hearsal) بەھۆی پێشگرەوە دەنگەکەی (ھـ) تێیدا ناو توێژ بکا لەوانە بەولاوە زۆربەی ھەرە زۆری دەنگی (ھـ) لە فەرھەنگی ئینگلیزیدا دەکەوێتە بەرایی وشەوە

وشە ھەیە شکڵی (ھـ)ی تێدایە بەڵام ناخوێندرێتەوە وەیا دەنگەکەی (ھـ) پێش دەیەخرێ وەك (When, Where) وشەی (Who) بە (ھوو) دەخوێندرێتەوە. سەرەتای ئەو وشانەی بە (ھـ) دەست پێ دەکەن وەھان:

(hy, hu, ho, hi, he, ha) واتە بزوێن دەکەوێتە پاشیەوە وەك ھەمزە.

مامەڵەی فارس لەگەڵ (ھـ)دا جودایە چونکە لە ناو توێژ و کۆتایی وشەدا دەردەکەوێ وەك (ئەھرەمەن، نھادن، بەھرە، شاە، ماە، کوتاە، ستوە)..

بەھەمەحاڵ لەوێشدا دەکەوێتە دوای بزوێنەوە، لە سەرەتای وشەوەش ھەر دەبێ بزوێنی بەدوادا بێت وەك دەزانین زمانەکان ھەموویان یەك دەستووری دەنگسازییان نییە بۆیە ناشێ دەستووری ئەمیان بەبەڵگە دابندرێ بۆ ئەویان وەیا حوکمی دەنگسازیی غەیری خۆی ھەڵوەشێنێتەوە

ناوناوەیەك لە کوردیدا (ھـ، ح) بەیەکدی دەگۆڕدرێتەوە وەك (ھەفت، حەفت – ھەوا

حەوا هونەر، حونەر..).

لە کوردیدا ئەوەندەی سەرنجم گرتبی تەنها لە دوو وشەی (ئنجا ئەم)دا دەنگی هەمزە لە بەرایی وشەدا بێ بزوێن ئاشکرا هاتووە دیارە (ئنجا)ش بەئەصل (ئەم جارە)یە لە کۆتایی وشەی کوردیشدا دەنگی هەمزە لە (نەء، بەء)دا هاتووە کە گۆڕاوی (نا، با)یە.

دەنگی (ھ) لەبەری سۆران و تێکڕای کوردستانی خوارووودا بەدەگمەن نەبێ لە ناو تۆێژی وشەدا نەهاتووە وەک (ئهوم، سەرپهوردی -) هەرچەند بەئەواوی لە زاری کرمانجیی سەروودا دەنگی (ھ)م بەتاقی تەکردۆتەوە بەڵام وایزانم لەوێدا پتر دەنگی (ھ) هەم بەوەستاوی و هەم لە ناو تۆێژی وشەدا دێت لە کرمانجیی سەروودا مەیلێک هەیە بۆ وەستاندنی دەنگی بەرایی وشە ئەنانەت (لە) دەکرێ بە (ل). ئەمەش تا رادەیەک لەو دەستوورانەی دەنگسازیدا بەدەر دەداتەوە.

بەهەمەحاڵ ئێمە خەریکی دۆزینەوەی سەرجوملەی دەنگسازیی کوردی نین، خەریکین بزانین ئایا دەنگی (هەمزە) لە کوردیدا فۆنیمە یان نا؟ لەو نموونانەی کە دەشهێنە ناو نووسینەوە ئەم مەبەستە روون دەبێتەوە. نموونەکانی زمانێکی وەک ئینگلیزی باشتر لە هی کوردیش ومرامی مامۆستا زلەکانی فۆنۆلۆجی دەدەنەوە چونکە بەلای ئەوانەوە بەرچاوترن، ئنجا لە زمانێکیشدا هەڵدەهێنجرێن کە گوایا دەنگی (هەمزە) تێیدا فۆنیم نییە. یەکچوونی دەنگی (ھ) و هەمزە لە ڕووی هاتن و نەهاتنیان لە ناو تۆێژی وشەی ئینگلیزیدا و هاتنی بزوێن بەدوایاندا پتر یارمەتیمان دەدەن بۆ نزیکخستنەوەی دیاردەی (حروف الحلق) لە بەرچاوی ئەواندا چونکی لە زمانی ئینگلیزیدا تەنیا ئەم دوو دەنگە هەنە لە گەروووەوە دەربچن پێنجەکەی دیکە لەوێدا پەیدا نین، هەر شتێکی لەبارەی (ح، ع)ەوە بیڵێم ناگاتە بەر چەژی دەنگناسیی ئەوان. بەهەمەحاڵ ئەو مامۆستایانە دەنگیشمان ئەبیەن خۆ دەنگی ئەوان دەبیەین و زمانەکانیان تا رادەیەک دەبنە کێڵگەی تاقیکردنەوەی بیروڕاکانیان لەبەر ڕووناکیی ئەو توێژینەوەی کە ئێمە بەبەڵگە تێیدا دەیکەن بەو پێیە لە نێوان خۆماندا ڕێمان هەیە دەنگی یەکدی ببیەین و ئەگەر شتێکی قەناعەتپەخشمان لەو مەسەلانەدا گوت لە یەکدی بسەلمێنین. من کە لەبارەی هاوچوونی هەمزە و (ھ)ەوە دەستوورێکی دەنگسازیی کوردیم ڕەچاو کرد دواتر زانرا بەڵگەی ئەو دەستوورە لە زمانی ئینگلیزیدا پتر دەست دەکەوێ ڕێم هەیە داوا لە دەنگناسی کورد بکەم چاو بەبڕیارەکانیدا بگێڕێتەوە کەوا بەئەصڵ لە دەنگناسی و دەنگسازیی ڕۆژئاوای وەرگرتوون.

سەیری فەرهەنگی (المورد) بکە دەبینیت لە ئینگلیزیدا دەنگی هەمزە فۆنیمێکی وەهایە کە ئەژماری ئەو وشانەی بەهەمزە دەست پێ دەکەن پترە لە وشەی هەریەکێك لە دەنگەکانی دیکە. هەموو ئەو وشانەی بە (a, i, o) و ئەوانی بە (e) دەست پێ دەکەن (جگە لە ٥٠ وشەیەکی eu کە دەبێتە «یو») سەرلەبەریان هەمزەیین، بەشێکی زۆری ئەو وشانەی بە (u) دەست پێ دەکەن ئەوانیش هەمزەیین. بەحیسابێکی سەرپێیی پتر لە (٤٠٠٠ چوار هەزار) وشەی (المورد) هەمزەییە ئنجا چەند موعجیزەیەکی گەورەیە کە بسەلمێنێن ئەو میللەتە لە کۆنەوە حەزی دەکرد وشەکانی بە بزوێن دەست پێ بکەن، کە دیتی هاتنی بزوێن لە بەرایی وشەدا موستەحیلە هات و ئەم هەمزەیەی بەچوار هەزار وشەوە ناو بزوێنی بەدوادا راکێشا و موستەحیلەکەی پێ سەرنەرم کرد. عاجباتیی هەرە عاجباتیش لەوەدا ئەوەیە کە جارێ ئەهدەزانی دەنگسازی و بزوێن و کۆنسنانت چین چونکە ئەوسا نەخوێندەوار و کەرەوار بوو. دەبێ جارێکی دیکەش جۆرە موعجیزەکارییەکی کردبێ کە هەمان ڕەفتاری لەگەڵ دەنگی (هـ)شدا کرد خۆ نەشیدەزانی هەمزە و (هـ) لە (حروف الحلق)ن!

دوو دەنگی (غ، خ) کە ئەوانیش بە هی گەروو دانراون، چونکە لە ڕۆخی بەرەو دەرەوەی گەرووەوە دەردێن و لە بیکی قورگەوە دوورن مامڵەتی کۆنسنانتی (ك، گ)یان لەگەڵدا دەکرێت و لە بەرایی وشەوە بەوەستاوی (بێ بزوێنی ئاشکرا) دێن وەك (خزین، خزم، خز، غریوە، غژە، غلۆربوونەوە..) بەلای باوەڕی منەوە دەنگی (خ) بەحاڵ هی گەرووە چونکە خۆی لە دەنگی (ك) دەچێنێت، تەنانەت بەهەوڵدان دەشێ دەنگی (ك) پشت (خ) بخرێتەوە وەیا (خ) بهێندرێتە وارەی (ك).

هەردوو دەنگیش بەیەکدی دەگۆڕدرێنەوە لەناو توێژ و کۆتایی وشەوەش دێن وەك (ئاخ، ئاغ، ڕۆخ، پوخت، سیخوڕ – داغ، باغ، راغ، جغز شەغڵ..).

د. ئاورەحمان کە دەڵێ هەمزە فۆنیم نییە دەبوو ئەو زمانانەی بەلای خۆیەوە هەمزە تێیاندا فۆنیم نییە دەستنیشانیان بکات چونکە دەشێ دەنگێك لە زمانێکدا فۆنیم بێت و لە یەکێکی دیکە هەر پەیدا نەبێ. بەنموونە دەنگی (ض) هەر لە عەرەبیدا فۆنیمە. وەك دەزانم لەلای مامۆستاکانی ڕۆژئاواش هەمزە لە عەرەبیدا فۆنیمە. لێرەدا جیاوازییەکی بنجی هەیە لە نێوان فۆنیمبوونی (ض، هەمزە) لە عەرەبیدا: هەرچی دەنگی (ض)ە تایبەتی عەرەبییە، بەڵام کە هەمزە لە عەرەبیدا فۆنیم بێ و هەمان دەنگیش لە کوردی و غەیری کوردیدا هەبێ بۆچی لەوانیشدا فۆنیم نەبێ؟

د. ئاورەحمان لەو بەڵگانەی بۆ قۆنیم نەبوونی هەمزە هێناوینەوە گۆڕانی دەنگی هەمزەیە بەبزوێن وەیا تێچووینەتی.

ئەم بەڵگەیە لەجیاتی من وەرامی خاوەنەکەی دەداتەوە نەك پەخەی من و هەمزە دەگرێت چونکە لە کوردیدا کە دەماودەم بەڵێژگەی مێژوودا بێ تۆمارکردن هاتۆتە خوارێ سوانی دەنگ و گۆڕانی بەدەنگێکی دیکە دیاردەیەکە زەق زەق لە چاوان دەچەقێ. ئەو زمانانەی نووسینی کۆنیان هەیە دەقی وشە و ڕستە و ئامێر و ئامرازەکانیان پارێزراوێن و دەبنە پێوانەی گۆڕان و سوانێکی لە ئاخاوتندا بەسەریاندا هاتووە. ئاخاوتنی ئێستاکەی فارسی کە بەسەر زاری فارسەکانەوەیە زۆر دوورە لە شێوە ئەدەبی فارسی (دەری) کە لە هەزار ساڵەوە پێی دەنووسرێت و پێشتریش لە سەردەمی ساسانییەکاندا پێ دەنووسرا زۆریش لە دەقەکانی ئەوسای ماون. جا ئەگەر بەراوردێك لە نێوان فارسیی ڕەمەکی و ئەدەبی وەیا عەرەبیی ڕەمەکی و ئەدەبی بکەیت دەزانیت چۆن تا ڕادەی سەرەوێن بوون لە یەکدی دوورن هەرچی کوردییە تەنها شێوە ئاخاوتنی بەمیرات ماوەتەوە. لە شێوەی کۆنی کەمتاکورتێکی بێ بایەخ نەبێ بەدەست ناکەوێت. ئاوناوە لە ئاڤێستا و پەهلەوی وشەی ئەوتۆ دێت لە کوردی ئێستاکەدا هەیە و لە فارسیدا نەماوە یا هەر نەبووە وەك وشەی (گوشن نەسپ) بەواتای (نێرە ئەسپ) کە لەوێدا وشەی (گوشن) بەواتای نێر لە شکڵی (گون) لە کوردیدا بەردەوامە و لە فارسیدا نییە. لە فرێزی (ئەنووشە ڕەوان) بەواتای (بێ مردن گیان - ئەمر-) وشەی (نووشە) کە بەواتای (مردن)ە لە کوردیدا بۆتە (نووستن) کە برای مردنە و لە فارسیدا وێنەی نییە. لەو تەرزە کەمتاکورتە بەولاوە کوردیی کۆن وەجاغی کوێر بۆتەوە ئنجا کە بێینە سەر باسی قرتان و گۆڕانی دەنگ لە کوردیدا هەمزەی بەستەزمان تێدا ون دەبێ چونکە هەتا بڵێی دیاردەیەکی بەرفراوانە:

یەکێك لەو دەنگانەی بۆ سوان و تێچوون خۆش جڵەون دەنگی (ت) و دەنگی (د)ە. لە کرمانجیی سەروودا هەموو (د)ی دوای (ر) تێ دەچێت وەك (مرن - مردن، کرن - کردن..) لە سلێمانی ئەو دەنگە بەزۆری گلۆر دەکرێت واش دەبێ بەدوا (ن)دا دەبێتە (گ) هەندێ جاریش پێستووەیە دەیکەنە (و) وەك کە دەگوترێ (کاك ئەحمەو - لە جیاتی ئەحمەد-). وشەی (مرۆ) و (مەرد) لە بنەڕەتدا یەك شتن.. دەنگی (ت) لە (د)یش خۆش جڵەوترە بەتایبەتی لە دوا دەنگی (س)دا وەك: (دەستگا - دەزگا، دەستك - دەسك، دەستێنێ - دەسێنێ (دەسەنێ)، دەست - دەس، ڕاست - ڕاس..).

وشەی (هەڵ یستە) بۆتە (هەستە) بەتێچوونی (ڵ، ب) وەیا (هەڵسە) بەتێچوونی (ب، ت).

وشەی (ئێسقان)ی سلێمانی کە لە (استخوان)ی فارسییەوە نزیکە لەبەری سۆران بۆتە (ئێسك). (هشەترە پاونە)ی سەردەمی هەخامەنشی بۆتە (شارەوان). لە زۆر باردا (فرۆشتن، کرۆشتن) دەبێتە (فرۆتن، کرۆتن). لە نموونەکانی پێشووتردا دیتمان چۆن دەنگێك بەدەنگی نزیکی خۆی دەگۆڕێت، یەکێك لەوانەش دەنگی هەمزە بوو.

بێگومان مەیلی مرۆڤ بۆ ئاسانکردنی ئاخاوتن، بەرەو سواندنی دەنگ و سووکتر دەربڕینەوە دەبات هەر ئەم هۆیەیشە وەها دەکات ڕێژەی ناوی کارای تێنەپەڕ لە زۆر شوێنی کوردەواریدا لەجیاتی (و) کە دەنگێکی قورسە (ی) بۆ بەکار بهێنن کە لەو سووکترە نیتر لە جیاتی (نووستوو، ڕۆیشتوو، هەڵستاو) دەڵێن (نووستی، ڕۆیشتی، هەڵستای-). بەری سۆران کە لامی قەڵەو دەکەن بە (ر)ی لاواز لەبەر ئەم هۆیەی سووککردنی دەربڕینە. هەڵبەت دیارە (داخێوێ) لە (دەناخێوێ) سووکترە هەروەهاش (بەرداش) لە (بەردەئاش) و (سەراو) لە (سەرئاو) هەروەك (هەستە) لە (هەڵیستە) سووکترە.

ئەم تەرزە بەڵگەیە کە لە ئاست هیچ دەنگێکدا نەکراوەتە هۆی بڕیاردان لەسەر فۆنیمنەبوونی هەر بۆیە دێتە حیسابەوە کە لە سەرەتاوە بڕیار دراوە هەمزە فۆنیم نییە، سەرەڕای ئەوەی کە بەدەنگی وەك خۆی (ە) نەگیراوە تا یەکچوونیان ئێگا ڕابکێشێت و هەنگاوی دوایین بۆ بڕیاری ئیعدامکردنی ئەختێك بوەهرێ.

بەڵگەی گۆڕانی دەنگ وەیا تێچوونی بۆ ئیسباتکردنی فۆنیمنەبوونی ئەو دەنگە بەتایبەتی لە کوردیدا کە زۆر لە دەنگەکانی دەسوێن و تێ دەچن، دەبێتە هۆی ئیعدامکردنی زۆربەی فۆنیمەکانی چونکە نابێ (قیامەت هەر لە بەرخی مەلا ڕابێ) و تەنها هەمزەی پێ ئیعدام بکرێ. بەشێك لە زمانەوانی کورد لە زاراوەی هەمزەش وەتەنگ دێن هەروەك لە زاراوەی (کسرة، ضمة، فتحة)ش قەڵسن، گۆیا ئەمانە پاشماوەی سەردەمی دواکەوتنن، کەچی هەر چوار زاراوە وێڕای ئەوەی کە مەبەست دەهێنن قسەش کورت دەکەنەوە. لە زمانەکانی ڕۆژاوادا وشەیەك نییە (هەمزە)ی پێ بناسرێ، لە هیچ زمانێکی غەیری عەرەبیشدا زاراوەی هێندە کورت و سووك نییە کە کورتە بزوێنەکانی پێ بناسرێتەوە. ئێمە دەڵێین (کورتە بزوێنێ واو یێ) بۆ فەتحەش

هیچ زاراوەمان نییە چونکە فەتحە کورتکراوەی ئەلف نییە ئەمانە دەڵێم بۆ راگەیاندنی دەوری لایەنی نەفسیی مرۆڤ لە باسەکانی زانستی رووتدا.

ئەو بەڵگەیەی گۆڕانی دەنگی هەمزە لەو وشە عەرەبییانەدا کە دێنە ناو ئاخاوتنی کوردییەوە کە گۆیا ئەویش فۆنیمنەبوونی هەمزە نیشان دەدات تەنها لەو حاڵەدا قبووڵ دەکرێ کە دەنگی هەمزە لە کوردیدا نەبێت چونکە ئێمە کە لە ئاخاوتنی خۆماندا دەنگێکمان هەبوو و لە وشەسازیدا بەکار هات و بووە پێکهێنەری وشە و دەستەواژە و بەنەمانی واتا نەما، چ پایەی کەم نابێتەوە بەوەدا کە لەبەر قورسایی دەنگەکە وەیا لەبەر شوێنی لە وشەدا بسوێت و بگۆڕێت چ لە وشەی کوردی بێت و چ لە وشەی بێگانە بێت. نموونەکانی کە د. عەبدوڕەحمان لە عەرەبییەوە وەری گرتوون (دائم - دایم، دائرة - دایەرە، مسئلة - مەسەلە، بئر - بیر) هەموویان هەمزەکەیان لەناو وشەدایە کە ئەمە هۆیەکی کافییە بۆ گۆڕینی دەنگەکەی هەمزە وەیا سواندنی چونکە لە کوردی خۆیدا هەمزە لە ناو وشەدا دەرناکەوێ. ئنجا دەشزانین دەنگی (ی) سووکترە لە هەمزە، بەڵام چونکە لە وشەی (مسؤول)دا دەنگی (و) بۆ خۆی قورسە رۆشنبیری کورد هەمزەکە دەهێڵێتەوە و نایکا بە (و) هەرچی نەخوێندەوەش بەزۆری دەڵێن (مەسئوول). لە وشەی (مەئیووس)دا هەمزە تێ ناچێ لە (رەئیس و مەرئووس)یشدا هەروەها..

راستییەکەی هەموو کوردێکیش ناڵێ (دایەرە، دایم) بەڵام بەتێکڕایی دەڵێن (قایمەکاری..). ئەمانە هەموو واز لێ بێنە و سەیرێکی ئەو وشە عەرەبییانە بکە کە بەهەمزە دەست پێ دەکەن وەک (ئەمیر، ئەسیر، ئیسهات، ئیستراحەت، ئەحەی ئاسر، ئوستاز، ئومەت..) لە هیچیاندا دەنگی هەمزە ناسوێت و ناگۆڕێت چونکە لە بەرایی وشەوە دێت کەچی چونکی دانیشتووی سلێمانی حەز لە (یۆ..) ناکەن بەزۆری دەڵێن (وێسف، وێنان، وێنە ناوی گۆڕاوی - یۆنە -) دوور نییە وشەی (وێڵ و تەرتیب)یش لە (یۆڵ و تەرتیب)ەوە هاتبێت کە وشەکە تورکییە بەواتای (رێگە). ئەو وشە عەرەبییانەی هەمزەیان لە کۆتاییەوە دێت، بەسەر زاری کوردەوە هەمزەکەیان لێ دەسوێت وەک (رجاء، وفاء، بریء، ناشیء) کە دەبنە (رەجا، وەفا، بەری، ناشی) چونکە ئەگەر کوردیش بانایە بێ هەمزە دەبوون.

سەیر لەوەدایە ئاخێوەری رەمەکیی عەرەب لە هەندێ ناودا (هەمزەکاری) دەکات و دەڵێت (ئەحمەد، ئەحسین، ئستیڤن) کە لەمانەدا هەمزەکە زیادییەکە دەوری فۆنیم نابینێت وەک کە لە کوردیشدا دەگوترێ (عەولای عومەران) ئەو (ب)ە لە ناوی (عمر)دا

فۆنیم نییە چونکی واتا ناگۆڕێ یاخود کە (کسارە) دەکرێتە (کەستارە) دەنگی (ت) لەویندا فۆنیم نییە.

ئنجا ئێمە لەبەر ڕۆشنایی واقیع و بیروڕای ئەو پرۆفیسۆرانەی هەمزە بەفۆنیم دانانێن و قورسکردن بەفۆنیم دادەنێن دەتوانین پرسیار و وەڵامی ئەوتۆیی تەرتیب بدەین:

ئایا لە کوردیدا هەمزە دەنگە؟

بەڵێ دەنگە.

ئایا کە تێ چوو واتای تێ دەچێت؟

بەڵێ تێ دەچێت.

ئایا کە بەدەنگێکی دیکە گۆڕدرایەوە واتا دەگۆڕێت؟

بەڵێ دەگۆڕێت.

ئایا بەسڕانەوەی ئەو دەنگە کوردی ناتەواو نابێ؟

بەڵێ ناتەواو دەبێ.

کەواتە ئەویش فۆنیمە وەک پ.ف.ل!

نەخێر فۆنیم نییە

با بێینە سەر قورسکردن:

ئایا ئەو قورسکردنە بوونی سەربەخۆی هەیە؟

نەخێر.

ئایا مومکینە تێ بچێت؟

بەڵێ تێ دەچێت

کە تێ چوو واتا تێ دەچێت؟ دەگۆڕێت؟

نەخێر نە تێ دەچێت نە دەگۆڕێت.

ئایا کە زەروورەتی مانەوەی بەسەر چوو تێ دەچێت؟

بەڵێ لە زۆر باردا بەناچاری تێ دەچێت.

کەواتە فۆنیم نییە؟

بەڵێ فۆنیمە و دەبێ نیگاریشی هەبێ؟

تێبینی:

لەبارەی وشەی (هەناسە):

دوای لێبوونەوە لە نووسینی ئەم گوتارە ڕێکەوت گێڕامیەوە بۆ کتێبەکەی (فرهنگ ایران باستان) و لەوێدا بەسەر وشەی (أن – ئەن)دا کەوتم کە لە ئاڤێستادا بەواتای ئەنفەس هەڵێنان هاتووە، لەمەوە زانیم کەرتی (هەن) لە وشەی (هەناسە)دا ئەو (ئەن)ەیە و هەمزەکەی گۆڕاوە بە (هـ) ئەک وەک من بەهەڵە بۆ شیکردنەوەی چووم... دەمێنێتەوە کەرتی (اسە) لە وشەکەدا کە نازانم لە چییەوە هاتووە.

ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٩٥، ١٩٨٢

تیر و پشکێ لە دەنگسازی

ڕۆژی دووەمی جەژنی قوربانی ڕابوردوو، دۆستە بەڕێزەکانم د. کەمال مەزهەر و د. ئاورەحمانی حاجی مارف سەریان لێ دام. لە لاڕێیەکی ناخاوتنەوە تاسەیەکی دەروونم سەرکەل کرد و گوتم، لەو جوداییی بیروڕای نێوان د. ئاورەحمان و مندا هەیە لەبارەی هێندێ لایاسی سەر بە فۆنەتیک، کە دەکێشێتەوە بۆ لای ڕێنووسیش زۆر دڵ ناڕاحەتم. هەردوویان گوتیان دەربڕینی بیروڕای جودا کە بنیاتنەر و ڕوونکەرەوە بێ چالاکیی پیرۆز و سوودبەخشە. هەڵبەت منیش لەو باوەڕەدام کە پێویستە بیروڕا سەر وەدەر بنێ بۆ بەربەستن و دیتن، بە هەموو عومریشم پشتگیریم کردووە لە ئازادیی بیروباوەڕ هەر نەبێ لەبەرئەوەی بەزۆری خۆم لە بارێکدا دیتووە یەکێ لەسەر ئازادیی بیروباوەڕ کەوتبێ بەڵام ئەگەر بلوێ و بشێ خاوەن ڕایەکان لەسەر یەک باوەڕ کۆ ببنەوە دەتوانن سوودی ڕوونکردنەوە و بنیاتنان پێکەوە بگەیەننە خەڵق، چەند سوودی دیکەش بخەنە پاڵ ئەو دووەوە یەکیان کەمکردنەوەی ئەرک و کاتە. دووەمیان سوود وەرگرتنە لە ئەرک کاتی پاشکەوتکراو لە مەیدانی دیکەدا. سێیەمیان چەپارەدانی ئاپۆرەی خوێنەرانە لە سەرسووڕکێی نێوان بیروڕای جودادا. چوارەمیان سەرنج ڕاگرتنێکی خۆمە لە کێشەی جوداییی بیروڕا بەولای هەنگاوی تێ خوێندنەوەی سوود و زیانەوە دەڕوات دەچێتە ڕادەی ئەوەی بڵێم تەنساغی و خۆ بەدەست نەخۆشییەوە نەدان ڕاستییەکی وەها بنەڕەتییە پێی ناوێ بەراوردی بکەم لەگەڵ دۆزینەوەی دەرمان بۆ نەخۆش. گەڕان بەدوا دەرماندا ناچارییەکی ڕەزاگرانە لە نەخۆشییەوە بە ملماندا دێت: هەرگیز ناشێ حەز بەنەخۆشی بکەین هەر چونکە دواتر بۆ دەرمان دەگەڕێین. من لە گولانەیەکی هاراوتر لە زمان و باسەکانیانەوە نیگام بۆ کێشەی جوداییی بیروڕا دەکشێ وەک لە ڕووداوی ڕۆژانە و دەنگوباسی مێژووش دەدیتری لێک تۆران و ترازانی خەڵق خۆش جڵەوترە لە تەبایی و ڕەبابییان چەندین هۆی بایەخداری یەکبوون دەپێچرێنەوە بەرانبەر یەک هۆی کەم بایەخی لێکترازان. بەدەوری هۆندا بنۆڕە و بپرسە بۆچی ئەو خەڵقولایە وەها دەستەویەخەی یەکدی دەبن کە دەبوو لە ئاست هەڕەشەی ترسناکدا وەکو دەستەبرا بن.

ئەم تێبینییە پێشەکییانەم بۆیە بوو کە بزانرێ من لە مەسەلەی جوداییی بیروڕادا

بەسەر بابەتێکی تازەدا ناکەوم: پێشتر تێوەی ڕاماوم و بە ڕوو لادا هەڵم گێڕاوەتەوە. ڕەنگە بەرەو دۆزینەوەی بنەمای خۆشجڵەویی لێکترازانیشەوە مارەم بڕیبێ و پتر لەو کەسەی سەرنجی نەداوەتێ خۆمم زاڵ کردبێ بەسەر بڕیارە ناقەرەجایەکانیدا.

دوو ڕۆژ دوای ئەو سەردانە ژمارە (٩)ی گۆڤاری بەیانم چەنگ کەوت و دیتم گوتارێکی د. ئاورەحمانی تێدایە لە ژێر سەرەتاوی (چەند وشەیەک دەربارەی وتاری «لەگەڵ دەنگسازی کوردیدا») بەسەر بیروڕاکانی مندا دێتەوە کە پێشتر لە ژمارەی (٩٥)ی ساڵی (١٩٨٣)ی ڕۆشنبیری نوێدا بڵاو کرابوونەوە بەدەوری نووسینێکی د. ئاورەحماندا دەخولانەوە. لەوانیشدا گوتبووم ناڕاحەتم بەدەست جوداییی بیروڕا لە نێوانماندا. کە سەرەتاکانی گوتارە تازەکەی د. ئاورەحمانم خوێندەوە یەکسەر قسەکەی یەک دوو ڕۆژ پێشتری خۆمم بەبیردا هاتەوە و دەرلەحزە بڕیارم دا کۆنە قەناعەتەکەم لە پووچاندنەوەی کاری سەلبیی جوداییی بیروڕا بەگەڕ بێنم و بەنیازی مشتومالدانی ڕووبەڕەی بێگەردی برایەتیمان پاکانەیەک بۆ نووسینەکەی خۆم بکەم. لەبەر تیشکی ئەم نیازەدا خەریکی ڕوونکردنەوەی ئەو شوێنانەی کۆنە گوتارەکەم دەبم کە بەخت پارێدەی نەدان بەشێوەیەکی وەها ڕاگوێزرێنە ناو گوتارەکەی د. ئاورەحمان کە ئیتر لە منەوە ڕوونکردنەوەیان بێ ئەوێ لەگەڵ ئەوە و بەدەوری ئەویشدا تێبینییەکی خزمەتی بابەت بکات بە کاغەزی دەسپێرم.

لە کۆتاییی ستوونی یەکەم و سەرەتای ستوونی دووەمی گوتارەکەی د. ئاورەحمان، لاپەڕە (٦٢) ڕەخنەیەکی من لە دەستووری دەقگرتووی بەمەلومەرجی ناو کتێبان و بڕیاری یەکجارەکیی بەرنامان نیواونیو ڕاگوێزراوە و لەسەری نووسراوە. بۆ ئەوەی تەواوی هەڵوەستم ڕوون بێ ئەم یەک دوو دێڕەش دەخەرێنەوە سەر قسەکانی ئەو شوێنەم. «وەیا لە بارێکی دیکەدا بەشێکی ئەو هەڵانەی گەشتی بێ ڕابەر بە مرۆڤی وەکو منی دەکات بە ڕۆشناییی ئەو دەستوورانە ساغ بکرێنەوە». من مەترسیی دەستووری قەراردانە و گەشتی بێ ڕابەر، وێکڕا لە حیسابمدا بوون، پاڕانەوەشم بۆ گەشتی بێ ڕابەر لەوەوە دێت کە بیروڕای ئەو تەرزە گەشتە، بەعادەت، دەبڕێتەوە بۆ بەر ڕووناکیی دەستووری ناو کتێبان.

لە ئاست ئەو وەرام و بەسەرداچوونەوانەی کە د. ئاورەحمان لە ستوونی سێیەمی گوتارەکەیدا دەیانخاتە ڕوو دەبێ بزانرێ هەرچی ڕایەکی من لەوێدا وەرامی دراپێتەوە بە ئەسڵ لە نووسینەکەمدا ڕووی لە ڕابەرە فۆنۆلۆجیستەکانی ئەورووپا بووە. لەو

باسانەدا کە شێوەی عومومیيان هەیە موناقەشەی سەرچاوەکانیان دەکرێ. بە نموونە کە داروین بیروڕای خۆی لەبارەی گیانلەبەران دەردەبڕێ یەخەگیری باوەڕی ناو کتێبە ئاسمانییەکان دەبێ نەک تاک تاکی ئیماندارانی. من کە دەڵێم هەمزە فۆنیمە و کەسرە موختەلەسە پێداویستی دەنگسازییە ئەگەر بەهەڵدانۆزینیشم لەسەر حیساب بکرێ هەر ڕووبەڕووی ڕابەرەکانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی دەبم. لە کوردەوارێدا کەس پێشدەستیی لەو بابەتەدا نەکردووە تا ببێتە ڕابەری مامۆستاکانی ئەورووپا ، کە دەنگیشمان نابیستن. بە هەموو باوەڕمەوە وەهام زانیوە د. ئاوڕەحمان لە خوێندن وەیا گوێبیستبوونی تۆژینەوەی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجیی ئەورووپا هاتۆتە سەر ئەو ڕابەی کە لەبارەی هەمزە و کەسرە موختەلەسەوەی دەنووسێ پتریش بیرم بۆ ئەوە دەچوو کە بەخوێندن پێی گەیشتووە قەت بەدڵمدا نەدەهات کەسی وڵاتی خۆمان کە هێشتا ئەقەی فۆنیم و فۆنەتیکی تێدا زۆر بەرز نەبۆتەوە لە پلەی خوێندن وەیا دوای خوێندنیش، بێ سۆسەکردنی سرکە و کورکەی ئەورووپا، گەیشتبێتە بیروڕایەك کە هەر نەبێ بەڕواڵەت عەکسی هەست و پێزانینە بەتایبەتی لە کێشەی هەمزەدا، پرسیارەکانی سەر بەزمان و دەنگیش وەکو باسی کیمیا و فیزیا نین بەبەڵگەی مادی بۆ ئەو ڕابەرانە ساغ ببووبێنەوە دەنگناسی، فەلسەفە، ڕێزمان، مێژوو، کۆمەلایەتی بەتێکڕایی میتافیزیك... بەند نین بە تەزموگە (مختبر) تەنانەت کۆمپیوتەریشیان تێدا بەکار بێت بڕیارەکان لە هەست و هۆشەوە دەردەچن لە مەیدانی دەنگی زمانی کوردیشدا ڕایەری غەیری کورد ناتوانێ وەکو کوردێکی سەرنجدەر بچێتە ناو شێرازە و ڕایەڵی زمانەکەوە. ئەو نموونانەی لە گوتاری ئێمەماناندا دێنەوە دەرەنگ بەخەیاڵی بێگانەدا دێت یان هەر نایەت.

لە ستوونی دووەمی لاپەڕە (٦٣) ئەم قسەیەم خراوەتە نێوان دوو کەوانەوە «ئەوەندەی بزانم دەنگناسان لەبارەی فۆنیم ئەبوونی دەنگ دواین هەر ئەوەندەیە کە د. ئاوڕەحمان لە گوتارەکەیدا باسی کردووە» بەدوا ئەوەدا دەنووسێ «ئەو چەند دێرە کەمەی من تنۆکێکە لە دەریایەك».

هەڵبەت من ناشێ مەبەستم ئەوە بووبێ کە لە قسەکەی د. ئاوڕەحمان دەفامرێتەوە چونکە هیچیشم نەخوێندبێ و لێك نەدابێتەوە عومرەکەم لێی ئاوەشێتەوە شتی وەها سەراویلکەی هەزارم مەبەست بووبێ. منێکی ئەلفوبێ فێر بووبم چۆن وەهام لێ ڕەچاو دەکرێ! مەبەستم، لە زەمینەی داسەپاندنی ئاساندن و سنووردانان بۆ واتای

یم شتێکم نەبیستووە و نەخوێندووەتەوە دژی ئەو ڕاگەیاندنە بێ کە نووسینەکەی د. ڕەحمان بەدەستییەوە دەدا قامووسیش دوو دێڕی کورتی بە تەعریف هێناوە بۆ نیم. کە دەگوترێ یان کە من دەڵێم زەوی ئەستێرەیەکی بچووکە بەدەوری ڕۆژدا ولێتەوە نەهاتووم بڵێم زانستی جیۆلۆجی و فەلەک و بایۆلۆجی هەزار کتێبیان سەر دانەندراوە. د. ئاورەحمان خۆیشی نەینووسیوە چی دیکە لەو دەریایەوە ڵێنجێ لەبەر بێ لزوومی.

هەر لەو ستوونەدا بەسەر قسەیەکمدا دێتەوە کە گوتوومە بەشێکی کۆنسنانتی کپ ڕانەن بەبەردەنەژوورەوەی هەواش پەیدا ببن ئینجا دەڵێ «بەڕاستی ئەم تاقیکردنەوە یەی مامۆستا مەسعوود بە هیچ جەشنێک لەگەڵ فەرمانی فۆنەتیکدا ناگونجێ.» من دوا ئەوەی تاقیکردنەوەکەم باس کردووە گوتوومە. « لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تەرزە نگانە کە برای دەنگی سروشتیشن هیچ کامێکیان نابنە فۆنیم چونکە ناتوانێ دەنگی کە بەدوا خۆیدا بهێنێ و وشە دروست بکات، جگە لەوەی کە هەرگیز ناتوانێ ئاوازە پدا بکات چونکە ئاوازە لە پێکی قوڕگەوە بەرەو دەرەوە دەردەچێت، هەر بۆیەشە وازەدار بەرەو ئاوەوە پەیدا نابێ». خوێنەر دەبینێ من نرخی ئەو دەنگانەم زانیوە عەکسی هێنمای قسەکانی د. ئاورەحمان و ئەو هێندە قسەیەم کە ڕای گوێستووە بۆ و گوتارەکەی. ئینجا ئەگەر لزووم نەبێ بگوترێ دەنگی (ه) کە بەرەو ئاوەوە پەیدا بێ فۆنیم نییە دەبێتە عەیب لەو ڕابەرە زلانەی فۆنۆلۆجی پێمان بڵێن فیکە و لرخە نیم نین. لە کدوولەی تەریشدا کەس بەتەما نەبووە بڵێ ئەمانە فۆنیمن، نەک هەر نیم نین، بەڵکو کەس بەخەیاڵیدا نایێ دەنگی زمانین. تەعریفی فۆنیم و دەنگی انی بەسن بۆ ئاساندنیان یاخود هەر نەبێ لرخە و فیکە و کۆکە لە خەیاڵان مکێنێتەوە.

کە باسی لرخە و فیکە هاتە ئاوەوە تەجرەبەکەی من دەبێتە هەنگاوێکی ونکەرەوەتر چونکە هەر نەبێ دەنگی (ه، ت، ف)ی بەرەو ئاوەوە لە دەنگی ئاخاوتن کەن، سەرنجدانیشم لەو ڕاستییە کە ئاوازە لەو دەنگانە پەیدا نابێ وردبینییەکە سوودی دەنگسازی تەواو دەبێ. وا ئێستا دەڵێم ڕستەی (بەبڕای خۆم بڵێم) تاقی مرە لەگەڵ خۆتدا لە ڕێی بردنە ژووری هەواوە گوێت لە شتێکی مەفهووم دەبێ، بەڵام بەئاخاوتن حیساب دەکرێ و نە دەنگەکانیشی فۆنیم وەیا دەنگی زمانین. تێبینیی کە زۆرن وەکو (قسەی تووتی، ئەو دەنگەی لە میارەی پشیلەدا بە «میاوە» دەچێ،

دەنگێکی حیلەی ماین کە بانگهێشتی جانووەکەی دەکاتەوە لەو شوێنەی قورگییەوە دەردەچێ کە دەنگی «ح» لە قورگی بنیادەمەوە دەردەچێ) هەموویان لە فیکە و لرخە شیاوتری قسە لێوە کردنن. بەهۆی زۆر شارەزای مۆنتاژی دەنگ دەتوانێ لەو دەنگانە وشە پێکەوە بنێ. لە تەواتێکی کۆنی (سامی شوا) کە بەکەمانچە، لە ژێر عینوانی (العاصفة - غرق المسافرین - آلام واحزان موسیقی) بڕی کردبۆوە گوێت لە یەك دوو وشەی مەفهووم دەبوو کە بە کەمانچەکەی دەرکاندبوونی. هەڵبەت ئەمانە هیچیان نە ناهاوتنن و نە فۆنیم و نە دەنگی زمانی، مەگەر تەعریفێکی تازە لەو بابەتانە دەرچێت و بیانگرێتەوە. لەوەوە ڕێم دەبێ وەرامی پرسیاری د.ناورەحمان بدەمەوە کە دەڵێ: «مرۆڤ بۆ عەکسی واقیع بوەستێ سەرەڕای ئەوەش خۆی بۆ هەناسە سوار بکات. ئەگەر فۆنۆلۆجیستەکان ئەو جۆرە قسانەیان بکردایە دەبوو هەڵوێستی مامۆستا مەسعوود چی بوایە؟».

لە وەرامی ئەو پرسیارانەدا دەڵێم من بۆ سەپاندنی واقیع هاتم عەکسی واقیع وەستام نەك بۆ لەقاندنی. زاناکان هەناسە ڕاگرتنیان تاقی کردەوە تاکو بزانن گیانلەبەر چەند دەقیقە بێ هەناسە هەڵێنان دەژیت خۆ ئەوانیش عەکسی واقیع ڕۆیشتن. دێن حاڵەتی بێ کێشی پەیدا دەکەن عەکسی هەموو یاسا و دەستووری مادە ئینجا ئەگەر بگوترێ ئەم تاقیکردنەوانە بۆ پاراستنی ژیان و گەشتی نێو ئەستێرانە منیش دەڵێم تاقیکردنەوەی من زۆرە دەنگەکان دەخاتە پاڵ فیکە و لرخە و ملچەی زمانەوە هەتا کەلەبەرێکی تەوان بگرێ لە مەیدانی دەنگناسی و دەنگسازیدا. ئەمما ئەگەر فۆنۆلۆجیستەکان قسەی وەهایان بکردایە [ڕەنگە کردبێتیشیان و ئێمە ئەمانبیستبێ] دەمگوت: دەك زارخۆش فۆنۆلۆجیست کە زمانت لە لرخە و فیکە هەڵئەنگاوت بۆ بەرەژووروتر، چ ڕێگەی دیکەش شك نابەم پێیدا بڕۆم.

لەبارەی بیروڕام بەرانبەر مامۆستا ڕاپەرەکان کە لەو گوتارەدا وەها لێك دراوەتەوە گۆیا من قەدریان نازانم، لێرەدا دەڵێمەوە من دژی ڕابەرێکم ڕێ بە قوتابی نەدات بیروڕای خۆی هەبێ. مامۆستا هەقیەتی و واجیبیەتی ڕای خۆی بە قوتابییەکانی بڵێتەوە، پێویستیشە لەسەر قوتابی ڕای مامۆستا بزانێ. لەوە بەولاوە بێ ئینسافییە لە مامۆستاوە دەنگی قوتابیی چاوساغ و بیرتیژ خەفە بکات. گریمان من مامۆستای دەرسی فۆنۆلۆجیم و لە سوختەکانم ئەسەلماند بڵێن هەمزە فۆنیم نییە و ساڵەوساڵ لە ئەزموون خستمن هەتا لە فێرگە دەرکران ناخۆ لێم ڕازین؟ چ ئینسافێکم بەکار هێناوە؟

ماموستایەك بە هەڕەشەی نومرە شكاندن سەر بەقوتابی دابنوێنێ بۆ ئارەزووی خۆی، كە دەسەلاتی دنیایی هەبوو بەپێی سنووری ئەو دەسەلاتە لە خراپە زیاد دەكات. د. ئاوڕەحمان كە لە ستوونی دووەمی گوتارەكەیدا دەڵێ «بەلام وەنەبێ بەو چراهانە و راستەشەقامەدا كوێرانە مل بنێم، بەڵكو باش سەرنجی لێ دەدەم و ڕای خۆمم زۆرە. ئەگەر وا نەبوایە هەڵبەت چەند جار ڕەخنەم لە ڕابەران و ماموستایانم قەناتی كورد و چەركەزی بەكۆ و كەریمی ئەیوویی ونی. تا سەرنۆڤا ئەدەگرت». ئەم قسانە ڕاستن، بەلام سەرنجێكی لێرە هەڵدەستێ.

١- من ئەمگوتووە د. ئاوڕەحمان لە ئاست ڕابەرەكانیدا چاونووقاو بووە ناشزانم چۆنی قوتابییەتیی بەسەر برد لە زەمینەی ڕەتكردنەوەی ڕای ماموستاكانی.

٢- هەموو قوتابییەك ئەو لەخۆبوردووە نییە بەگژ ڕای ماموستاكەیدا بچێتەوە

٣- د. ئاوڕەحمان لە دوای دەرچوونی ئەو بیروڕایانەی دەربڕی كتێبەكەی كە ئەوان ڕاپانەی تێدان لە ١٩٧٦ لە بەغدا چاپ كرا.

٤- ئەگەر قوتابی ناچار بوو لە نوتروورحەدا بیروڕای ماموستا بچەسپێنێ دواتر زەحمەتە لێی پاشگەز بێتەوە، چونكە شەهادەكەی بێ سووك دەبێ.

٥- ڕاهاتنی قوتابی بۆ ماوەی (١٥- ٢٠) ساڵ بە گوتنەوەی بێ ڕەخنەی بیروڕای سەلمێندراو گەلێك مۆم لە مێشكیدا دەكوژێنێتەوە. هاوڕێی منداڵ لەگەڵ هاوزای خۆیدا بە تەنسیرە چ جایی لە سایەی دەسەلاتی ماموستایدا.

٦- بەستراندنەوەی گوزەران و چارەنووسی خوێندكار بە بەرنامەی سەلمێندراوی ئینجیلی، بەرەو نەزۆكیی فكرییەوەی دەبات بەتایبەتی لەو مەیدانە هەستیارانەدا كە پێوەندییان بە فەلسەفەی ژیانەوە هەیە.

٧- كە ڕێگە لە بیری سەربەخۆ بەسترا چاپخانەی ئەوتۆش نامێنێ بتوانێ بیری سەربەخۆ لە چاپ بدات و بلاوی بكاتەوە.

٨- نەك قوتابی بەڵكو ماموستای زانكۆ لەسەر بیری ئازاد دووچاری وەستاندنی (ترقیەی علمی) بووە د. ئاوڕەحمان خۆی لەمە ئاگادارە.

مەسەلەی پاشگەزكردنەوەی گالیلیۆ لە بیر ڕووناكەكانی بەهەڕەشەی دادگای كەنیشتە هی لەبیركردن نییە، سووتاندن و حەپسكردنی فلان و فلانیش لە بیرئازادانی كۆن و نوێ هەر وەها. ماموستایەكی بەهەڕەشەی نومرە شكاندن

قوتابییەکانی بتۆقێنێ دادگایەکی بچووکی کەنیشتەی بەر لە (٥٠٠) ساڵە. لە خۆزایی نەبوو برناردشۆ ئامۆژگاریی قوتابیی زانکۆکانی بریتانیای کرد کە هۆشی خۆیان تەسلیم بە ماموستاکانیان نەکەن. وابزانم لەمەوبەر قوتابیی ئینگلیز فێر دەکرا بڵێنەوە ئیمپراتۆریەتی بریتانیا خەریکی خزمەتی مرۆڤایەتییە. ئازادیی بیروباوەڕ بەر لە هەموو شتێك پێدانە بەلایەنی بێ هێز بۆ خۆ ڕوونکردنەوە هەرچی لایەنی بەهێزە خۆی ڕێ بەخۆی دەدات پێشم مەڵێنەوە ماموستا قەناتی و ئەو بەڕێزانەی ناویان بردرا لەوانەن ڕێی بیری ئازاد بە قوتابی دەدەن. دەشێ ئەوان باغەڵ فەراح بن بەڵام کێ بەرباری ئەو متمانەیە دەبێ لای ماموستایەکی دیکە ئەگەر لە سەرەتاوە ئازادیی بیروڕا نەهووبێتە دەستوور. دەشێ. چونکە تەجرەبەی من لەو هەرێمەی ئازادیی تەعبیر و سەپاندنی بیندریژتر و هەمەچەشنەتر بێ لەو جولەی بەدرا مندا هات من دڵگەرمانەتر لێوەی دەدوێم تاکو تەپوتۆزیم گەیاندە مەیدانی فۆنەتیك، بەبەخشن.

لە ستوونی یەکەمی لاپەڕە (٦٧)دا د. ئاورەحمان چەندین نموونەی هێناوەتەوە لەو وشانەی دەنگی (هـ) کەوتۆتە ناو تۆێژیانەوە ئەو وشانە هەندێکیان نموونەی دروستن وەك: بەهرە، بەهار، نهێنی.. بەڵام لێرەدا مەسەلەکە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی نەفەسدرێژی زۆر لایەن هەیە.

أ- لە ستوونی یەکەمی لاپەڕە (٣٠) ژمارە (٩٥) ڕۆشنبیری نوێ گوتوومە «دەنگی (هـ) لە بەری سۆران و تێکڕای کوردستانی خوارووا بەدەگمەن نەبێ لە ناو تۆێژی وشەدا نەهاتووە وەك (تەوەم، سەربەوردی..) هەرچەند بە تەواوی لە زاری کرمانجیی سەروودا دەنگی (هـ)م بەتاقی نەکردۆتەوە بەڵام وا بزانم لەوێدا دەنگی (هـ) هەم بەوەستاوی و هەم لە ناو تۆێژی وشەدا دێت. لە کرمانجیی سەروودا مەیلێك هەیە بۆ وەستاندنی دەنگی بەرایی وشە تەنانەت (لە) دەکرێ بە (ل) ئەمەش تا ڕادەیەك لەو دەستوورانەی دەنگسازیدا بەدەر دەداتەوە».

دیارە من چیم گوتووە. (١) دەنگی (هـ) لە کرمانجیی خوارودا بەدەگمەن دەکەوێتە ناو تۆێژی وشەوە. (٢) لە کرمانجیی سەروودا هەم بە وەستاوی لە بەرایی وشەوە و هەم لە ناو تۆێژی وشەدا دێت. لە نموونەکانی د. ئاورەحمان ئەو بەشەیان لە بنەڕەتر لزوومی نییە کە دەیەوێ ئیسپاتی هاتنی دەنگی (هـ) بەوەستاوی لە بەرایی وشەد بکات چونکە هەموویان بەکارهێنانی کرمانجیی سەروون منیش دانم بەوەدا هێناوە

دواتریش بۆیان دەگەڕێمەوە.

وەك بە لێکۆڵینەوە دەردەکەوێ، کەمبوونی دەنگی (هـ) لە ناو توێژ و بڕبڕبوونی لە کۆتایی وشەی کوردیدا دیارترە تا زمانی فارسی... هەموو وشەی وەکو (ئاگاه، پناه، راه، دهه، دیه...! لە زمانی کوردیدا (ئاگا، پەنا، ڕێ، دە...). دەتوانین بڵێین لە کوردیدا دەنگی (هـ) بارتەقای هەمزە بە کۆتایی وشەوە نەماوە فارسیش لە چاو پەهلەوی و هەخامەنشی و ئاڤێستا (هـ)ی کەم بۆتەوە بە نموونە لە پەهلەوی پاشگری ناوی مەعنا (یە) بووە لە فارسی و لە کوردیدا بۆتە (ی)، وشە هەبووە لە پەهلەویدا بە (هـ) دەستی پێ کردووە لە فارسیدا دۆڕاندوویەتی وەك.

هـان	آن
هرم	خرم
همانان	مانند
هوسکارت	سکالید
هچ	از
هنگار	انگار
هندیشیت	اندیشهد
هندوه	اندوه
هندرز	اندرز
هنداخت	انداخت

بڕوانە واژەنامەی کۆتایی کتێبی "کارنامە اردشیر بابکان، بهرام فرموشی".

دیراسەیەکی تەواوی دەنگی (هـ) لە کوردیدا بکرێ چاکتر بۆمان دەردەکەوێت کە تێپەڕدنی لە ناو توێژی وشەدا دیاردەیەکی مێژوویی و بنچینەیە لە کۆتایی وشەشدا وەك نەبووبێ وەهای لێ بەسەر هاتووە بەشێك لەو نموونانەی د. ئاوڕەحمان هێنابوونیەوە وەك (پانگهێشتن، ئەهات، نەهێشتن، ئاهەموار، پێهووده، پێهۆش..) بەهۆی خێراپیکردن کەوتوونەتە نووسینەکەوە دەنا د. ئاوڕەحمان وەك بەدیهییە دەزانێ نموونەکان بایەخیان نییە چونکە کەرتی پێشەوەیان لەلاوە هاتووە بۆ سەر ئەو وشانەی دەنگی (هـ)یان لە بەراییدایە. لە ئەسڵدا (هێشتن، هات، هەموار، هوودە،

هۆش.) بوون و کرانە وشەی لێکدراو [وەك بانگ هێشتن] یان داڕێژراو. ئەم نموونانە سەرلەبەری قسەی د. ئاورەحمان دەربارەی نەماتنی دەنگی هەمزە لە ناو تویژی وشەدا هەڵدەوەشێنن چونکە چەندێکی بنەوێ وشەی وەکو (دەست نەستوور، نانەمین، بێ ئەمەك، بەنێش، تێناڵان، خۆنەنگێوە، چاوئازا، بێ ئۆقرە.) دروست دەکرێت. بەهیچ کلۆجێکیش ئەو نموونە نادروستانە لەسەری حیساب ناکرێ. هەر خوا سەهو ناکا. د. ئاورەحمان کتێبی لەسەر (وشە ڕۆنان) داناوە، ئیتر نموونەکان لە بەرانبەر باخەبەریی ئەودا لەخۆوە دەسڕێنەوە.

نموونەکانی. (هژمار، هلفڕین، هلگرتن، هلهاتن، هنار، هرچ، هشیار، حزحزکەر) هەموویان دەچنەوە بۆ ئەو مەیلەی کرمانجیی سەروو بۆ وەستاندنی دەنگی بەرایی وشە. ئەسڵی وشەکان (ئەژمار، هەڵفڕین، هەڵهاتن، هەڵگرتن، هەنار، هەرچ، [یان هورچ]، هوشیار، حەزحەزکەر) بووە. کەس بەخەمیاڵیدا نایەت (هش) لە (هۆش)ەوە نەهاتبێ. وشەکانی (هنەك، حسلمت، حشت، عجران، عنکر، عرین) لێیان بەڵەد نیم و نایانزانم تاکو بۆ بنەڕەتیان بچمەوە، ئەوانیش لەسەر لایەنی هەڵە و سەمووی گوتارەکەی من حیساب ناکرێن چونکە قسەم لە زاری کرمانجیی خواروو بوو کرمانجیی سەروو دەنگی بەرایی پریبوزێشنی (بە، لە) و نیشانەی موزارعەتیش دەوەستێنن.

ب- دەنگی (هـ) ناگاتە دەنگی هەمزە بۆ ئیمتیازی تایبەتی کە لە دەنگەکانی دیکەی جودا دەکاتەوە هیچ دەنگێك نییە وەك هەمزە بەژێ دەنگەکانەوە نووسابێ ئاوازەدارەکان تەنها ئاوازیان لە ژێ دەنگەکانەوە دێت. دەنگی (د) زمانی - ددانییە (ن) زمانی - لووتییە، (م) لێوی - لووتییە. هتد. چونکە (أ)یش وەکو هەمزە حزماتیی هەر بە ژێ دەنگەکانەوە هەیە بۆیەیە وەها هەمزە خۆی پێ دەگۆڕێتەوە. هەر ئەم نزیکییەیشە لە نێوانیاندا کە تەلفوینی عەرەبی (٢٨) بیتە تومەز هەردووکیان بەیەك بێت بەخشوە لەوەیشەوەیە نرخی دەنگی هەرە دوای (ئەبجەد) تێپەڕی نەکردووە لە (١٠٠٠).

ئیمتیازی هەمزە لە (هـ) ئەوەیە هەمزە بە ژێ دەنگەکان دەکەوێتەوە هەرچی (هـ)، وەك بای هەناسە بە هیچ شتێك ناکەوێتەوە دەنگی (ع) - وەك هەست دەکەم - جیرانی (هـ)ە بەلام تامی هەمزەی پێوەیە بۆیەیە زۆر جاران وەکو هەمزە دەبێتە جێگری ئەلف یان دەبێتە هەمزە یان هەمزە دەبێتە (ع). بە نموونە:

ماهین	مەعبەین
رابە	دەعبا
ئەرز	عارد
عەسکەر	ئەسکەر
وعدە	وادە
سادە	سەعدە
مزرعە	مەزرا
کعبە	کابە
بەعەقل	باقل
ئەلەمی ئەسا	عەلەمی ئەسا
بەعەجەلە	بەئەجەلە
ئەژدەها	عەژیا
رابعە - رەعبە	رابی
دەعوا	داوا
دەعوەت	داوەت
مەعقووڵ	ماقووڵ
معاملە	مامڵەت، مامەڵە
معروف	مارف
مەعلوومە	مالوومە
معلم	مالم
عاشق و معشوق	ئاشق و ماشووق
ئەنبار	عەنبار

هەروەها دەنگی (ع) لەگەڵ (ح) بەیەکدی دەگۆڕدرێنەوە چونکە جیرانی یەکدین و بە ژێ دەنگیش دەکەونەوە. دزەییاتی و بەشێکی خەڵقی ناوچەی کۆیێ سەرلەبەری (ح، ع) بەیەکدی دەگۆڕنەوە. (عەمەد، حەلی) لە بەغدا دەمخوێند گوێم لێ بوو پیرێک سەموونی دەفرۆشت دەیگوت (سەموون عار - لە جیاتی حار) دەرکەوت بەخەسەی خۆی

پێویە بۆیە ناوناوە بەیەکدی دەگۆڕێن وەك.

احوال	هەواڵ
حرکە	هەرەکە
هفت	حەفت
حرام	هەرام
هەموو	حەموو
حیزە مەڕز	هیزە مەڕز
حەقیەتی	هەقیەتی
حقە	هزقە
حەڵوا	هەڵوا
چۆڵ و هۆڵ	چۆڵ و حۆڵ
حەتا (حتی)	هەتا
حەولدان	هەوڵدان
حمزە	هەمزە
بەحەواوە	بەهەواوە

زۆر زەحمەتە دەنگی (هەمزە، ە، ع، ح) بە (ق، ز، ر، ش، ن...) بگۆڕێن، بشگۆڕێن لە ڕێی نادروستەوە دەبێ.

فۆنەتیك، کە من نەمخوێندووە و هەر بە لێکدانەوە و کەمتاکورتێکی خوێندنەوە -نەك خوێندن- تێی دەگەم، دەبێ ڕێ بۆ ئەم دیاردانە دەربکات و ئەوەی لێی شارەزایە دەستوورەکانی بدۆزێتەوە وەیا بیانسەلمێنێ. بەهەمەحاڵ چونکە دەنگی هەمزە پتر لە هەمووان لە پەکی قوڕگ و ژێ دەنگەکانەوە نزیکە [تەنها دەنگی نەفی لێ بترازێ] ئیمتیازی وەرگرتووە و وەهای کردووە مامڵەتکردن لەگەڵیدا جودا بێ لەگەڵ ئەمەشدا میللەتان بەپێی باری ئاخاوتن و گوێزەگوێز و گۆڕانی دەورووبەر و پێداویستیی هەمەجۆرەی ژیان و گوزەران و دەیان کاریگەریی دیکە دەنگی کۆن دەسوێنن وەیا دەیپارێزن، دەنگی تازە پەیدا دەکەن و بەیەکدییان دەگۆڕنەوە. را دەبێ

میللەتێك نازانێ دەنگی ناخاوتنی میللەتەكەی دراوسێی بلێتەوە. تۆ سەیری ولاتی نێوان زێی گەورە و گچكە بكە كە پێی دەڵێن سۆران.. لە هەر زێیەكیان بپەڕیتەوە باری ناخاوتن دەگۆڕێ.. لە دەربەندی ڕەمكان ناوا بیت بۆ دیوی پژدەر فەرقێكی گەورە پەیدا دەبێ.. لە سلێمانی بەرەو هەڵەبجە بڕۆ لەهجە دەگۆڕێ، یێی ناوێ هەزار میل دوور بكەویتەوە یان هەزار ساڵ چاوەنۆڕی بكەیت بۆ گۆڕانی چۆنایەتیی ناخاوتن. ئنجا هیچ سەیر نییە زمانی كوردی لە ماوەی پتر لە دوو هەزار ساڵدا گۆڕان بەسەر دەنگەكانیدا هاتبێ و هێندێكی لێ سوابێ، وەكو ث، ذ، ص دیكەش تێ كەوتبێ وەكو ح، ع، وەیا جێگەی دەنگ لە وشەدا لەق بووبێ وەكو هەمزە و (هـ) كە لە كۆتایی وشەدا نەماون و لە ناو تووێژیش یا هەر نین یا دەگەڕێن. زمانی كوردی نووسینی نەبووە لە كۆنەوە شایەدی بدا بۆ ئەو گۆڕانە مەگەر لە دوو ڕێگەوە بەڵگە بدۆزینەوە. یەكیان، لە بەراوردكردنی نێوان لەهجەكانی ئێستاكەی كە دیارە چەند لە یەكدی دوور كەوتوونەتەوە وەك كە لەهجەی بەغدا و توونس وەیا ئیسفەهان و تاران لە یەكدی دوور كەوتوونەتەوە. ڕێگەی دووەم ئەوەیە كە بچینەوە بۆ ئەو نووسینانەی شێوەی كۆنی وشەی زمانە ئێرانییەكانی پاراستووە. بە نموونە لە دوو كتێبی فرهنك ایران باستان و مزدیسنا و ادب پارسی، ئەم وشانە و هی دیكەش دەدیترێن كە لە ئاڤێستا و لە هەخامەنشیدا دەنگی هەمزە لە ناو تووێژی وشەدا هەبووە.

لە لیستەی وشەی ئاڤێستایی و هەخامەنشی و پەهلەوی، كۆتاییی فرهنگ ایران باستان، نووسیەنی پوور داود. لە لاپەڕە (٢٥٨) تاكو ئەوەی لاپەڕە (٢٦٥) ئەم وشانە دەبینێت:

ئەئیریەنە – ئەئیچە	مەئیتەنە
ئەئورڤەنت	مەئیفە
ئەئورووشە	مەئیشە
ئەپەئوشە	مەئوریە
پەئیتی	مەئوئیری
پەئیس	مەرەغو سەئینە
پرئورووش ئەسپ	مەئورو
تەئوروونە	ئەئیرە مەنە

ئرمێتەنونە	ڤەنیریە
خشەترە ڤەنیریە	ڤیش هەنورڤە
خرەنوس	ڤونوروکەشە
دەنێس	هەنوشەنگە
رەنێتیە	هەنوسرە ئەنگە
زەنیرینە	هەنیچ
زەنوررونە	هەنیهەت ئەسپە
زەنورڤا	هەنورلە
سپێنتو مەنێنیو	هەرونیلە
ستەنورە	هوتەنوسا
فرەزەنێنتی	هڤرە خشەنیتە
گەنو	گەنوش

لە لیستەی وشەی پەهلەوی کە هەشتا وشەیەکی تێدایە تەنها یەکێکیان هەمزەی لە ناو تویژیدایە ئەویش (پشوش هنوروستان)ە دوای ئەمانە لیستەی فارسی دێت، ئەو وشانەی تێدایە کە ڕیشەی دەچێتەوە بۆ کۆنینە، هەر لە نیوەی لاپەڕە (٣٦٥)ەوە دەگرێتەوە تا چواریەکی لاپەڕە (٣٧٠) تاکە یەك وشەی نییە هەمزەی تێدا مابێتەوە

لە کتێبی مزدیسنا و ادب پارسی، نووسینی فرەوشی، چەند وشەیەك هاتووە هەمزەیان کەوتۆتە ناو تویژەوە وەك..

دیانوە «سانسکریتییە»	ل ٣٧
خشئەنیڤە پەراویزی	ل ٤٨
هەنومە	ل ٤٩

هی دیکەش هەن بەلام لە لیستەی پێشووتردا هاتن. لە لاپەڕە (٩٠) هەمان سەرچاوە ئەم ڕستەیە هاتووە: مانازارمیونیش زەرەشوشترە ما پونوروشەسپەهی ما دوگدوڤام نەئەمترە پەئیتیش. واتە «مەئازارێنە زەردەشت، نە پورووشەسپ نە دوغدو، نە مامۆستایان».

دوغدو دایکی زەردەشتە.

لەم وشانەدا ڕێنووسەکەیانم هێناوە سەر ڕێنووسی کوردی بۆ ئەوەی دەست لە شکڵی ئەو پیتە بدەم کە نرخی هەمزەی هەیە. هەرچەندە ڕێنووسی فارسی پشتی پێ نابەستریٚ بەڵام چونکە لە زۆر وشاندا حەرفی ئەوتۆیان لە لاتینییەوە بە (ی) هێناوە کە ئەگەر وشەکە بۆ فارسی نووسرابایە ئەو حەرفەیان دەکرد بە هەمزە بۆیە باوەڕ دەکەم نووسینەکە ڕاست بێ بە تایبەتی چونکە زۆر ئەو پیتانەی بە هەمزە حیساب کراون چوکڵەیان بەسەرەوەیە بە نیازی نیشانەی جوداکەرەوە. فارسیش هێندەی کوردی دوژمنی هەمزەی ناو وشە نییە لەم ڕۆژانەدا گوێمان لە وشەی (ځەمەنیێ) دەبێ هەمزەی سەرلەبەری ئەو نموونانە دواتر سواون دەنگی دیکەشیان لەگەڵدا سوواوە (زەرەتوشترە) بۆتە زەردەشت. (قەمیشتە مەندە) بۆتە بەهمەن وشەی (گانوسپێنتە) بۆتە گوسفند لە فارسیدا. لەم موناسەبەیەدا دەڵێم د. ئاورەحمان لە ستوونی دووەمی لاپەڕە (٦٦). لەبارەی تێچوونی دەنگی (هـ) لە وشەی (دەستهار - دەستار)دا نووسیویەتی «یەیەکەوەهاتنی سێ دەنگی کۆنسنانتی بێ ئاوازەی (س) و (ت) و (هـ) گرانە بۆیە یەکێکیان تێدا چووە». ڕاستە ئەم سێ دەنگە بێ ئاوازەن، سەرەڕای بێ ئاوازیی یەکەم و دووەمیان وەستاویشن، بەڵام دیسانەوە ئەم ڕاستییانە هۆی تێداچوونی دەنگەکەی (هـ) نین د. ئاورەحمان چەند حاڵێکی سەرەکیی لەو دیاردەیەدا فەرامۆش کردووە.

١- وشەی پشت، خشت، چشت، تـفت، فستـق، فستـوق.. هـەمـوو مـەرجـەکـانـی (دەستـهـار)یـان تـێدایـە و هـیـچ دەنگێکیش لەو سێ دەنگە بێ ئاوازەی لە هەر وشەیەکدا هەیە تێ نەچووە وشەی (ڕاستهاوێژ) سێ دەنگی (س، ت، هـ)ی تێدایە بارتەقای (دەستهار) لە وشەی (دەستکورت)دا دەشێ دەنگەکەی (ت) لە وشەی (دەست)دا بمێنێ و دەشێ تێش بچێ و وشەکە ببێتە (دەسکورت - وەکو دەسخور، دەسکرژ، دەسکرد...).

٢- لە وشەی (دەستدرێژ)دا دەنگی دوای (س، ت) دەنگی (د) کۆنسنانت و ئاوازدارە نەک کپ کەچی بەزۆری دەگوترێ (دەستدرێژ - وەکوو دەسڕەنگین، دەسماڵ، دەسنوێژ- دەزنوێژ، حەفڕەنگ - حەفڕەنگ).

٣- لە وشەی (ڕەشهاوێژ)دا دوو کۆنسنانت (ش، هـ) بەدوا یەکدیدا هاتوون کە چی وشەکە دەکرێتە (ڕەشاوێژ) و (هـ)کە تێ دەچێ.

٤ - لە (شێربەھایی)دا تەنھا یەک (ھ) لە نێوان دوو ڤاوڵدایە کە ناوازەداریشن. ئنجا تێ چووە و سڕاوەتەوە و وشەکە بۆتە (شێرپایی) وشەکانی (دەھاوێ، دەھێنێ)ش یەک (ھ)یان تێدایە لە نێو دوو ڤاوڵدا کەچی بەزۆری (داوێ، دێنێ) بەکار دێت. دەتوانم بڵێم موزاریعی (ھات) بێتە (دەھێ) بەڵام ئەگا ئیعتیراز بگیرێ بەوەدا کە سڕانەوەی لە موزاریعدا یەکجاری ڕێ نادا بە نموونە قبووڵ بکرێ لزووم نابینم (دێ، بێت) بەشایەد بگرم. وشەی دیکەش زۆرن لەم بابەتە.

٥ - لەو ڕایەی د. ناوڕەحمان تەعلیل نییە بۆ ھەڵبژاردنی دەنگی (ھ) بۆ تێدا چوون.. بۆچی نەگوترا (دەسھار دەتھار)؟ بۆچی دەبێ قیامەت ھەر لە بەرخی مەلا ڕابێ؟

کەواتە ھاتنی سێ کۆنسنانت دەخلی نییە بەسەر تێداچوونی (ھ) لە دەستھاڕدا بەپێی سەرنجێکی لە دەنگەکانی کوردیم گرتبێ و دیاردەی دەنگی گەروویم تێدا ڕەچاو کردبێ تێچوونی (ھ) لەو نموونانەدا دەچێتەوە بۆ سروشتی دەنگی (ھ) کە دەرووی لە دەرووی دوو دەنگی ڤاوڵی (ا، ی)وە نزیکە بۆیە لە زۆر باردا خۆی بە ئەوان دەبەخشێ لە ئاست بزوێنی (و)دا وەھا خۆبەختکەر نییە چونکە دەنگی واو لێویییە و لە دەرووی (ھ)وە دوورە بۆیە کاری (ھۆندییەوە) لە موزاریعدا نابێتە (دۆنێتەوە) وشەی (دەھۆڵ، سەھۆڵ) کە بۆتە (دۆڵ، سۆڵ) بە سووانی عادەتیی (ھ)ەکەیان تێ چووە ئەک بە قۆناغی (ماضی و مضارع)دا وەک (ھات، دێ..) بە سەرنج دەردەکەوێ (ھ) پتر بۆ بزوێنی درێژ خۆبەر دەدات: ھەرچی کاری (ھەناردی)یە چونکە بەزۆری لە سەرەتاوە کراوەتە (ناردی) بۆیە لە موزاریعدا دەبێتە (دەنێرێ) ئەک لەبەر ھاتنی بزوێنە کورتیلەی دوای (ھ)ی (ھەناردی) کە فتحەیە. جارێ ھەر وشەی (بەرەڵا)م بە بیردا دێت کە لە (بەر ھەڵدراو)ەوە ھاتووە و دەنگی (ھ) تێیدا خۆی بۆ فتحە بەخت کردووە بەڵام چونکە وشەکە وەھا شێواوە ھیچی بەسەر ھیچی نەماوە دەستووری لێ وەربگیرێ بۆیە ھیچ دەلالەتێکی سەر بە (ھ) نابەخشێ. وشەی (ھەنووم) ھەر دەمێنێتەوە بە (دەھەنووم) ئەک (دەنووم). لەگەڵ ئەمەشدا مەرج نییە دەستوورە باسکراوەکە بچێتە پلەی حەتمییەتی یاسای کیمیا و فەلەک چونکە ناخاوتن بەلای (تجرید)دا بۆتەوە پتر لەوەی مادی بێ. بە نموونە کاری (ھاڕی) کە (دەستاڕ)ی لێ وەرگیرا لە موزاریعدا نابێتە (داڕێ). ئەگەر (ھیھاندی)م لێ بسەلمێنن بەکاری ڕابردوو وەک کە لە نووسینمدا بەکارم ھێناوە لە موزاریعدا نابێتە (دیچێنێ) بەڵکو دەمێنێتەوە بە (دەھەچێنێ). وشەکانی (بەرھەڵست، بەرھەم، بەرھەتاو، بەرھەڵبێنە، سەر ھەڵقەنە..)

وەکو خۆیان بێ سووانی دەنگی (هـ) دەمێننەوە کەچی (هەریری هەڵهاتە، دەغڵی هەڵهاویتە) دەبنە (هەلاتە، دەراویتە) بەلام (دەرێنان، دەرهێنان) و (هەلاتن، هەلهاتن) و (هەلاویشتن، هەڵهاویشتن) هەموویان باون بەهەمەحاڵ سروشتی دەنگی (هـ) و جیرانەتیی لەگەڵ ڤاولدا هۆی ئەم ئاڵوگۆڕەیە.

ئەم ڕوونکردنەوەیەمش لە منەوە بۆ جولەجێیی نییە.. دەنگناسانی کورد با سەرنجی لێ بگرن، ئەگەر بەرەو دروستییەوە بوو لە هەمووان پیرۆز بێ دەنا خەزنە نییە بەرۆشێ بۆ بخورێ چ تەعلیلەکەی د. ئاورەحمان ڕاست دەرچووبایە و چ ئەمەیان ڕاست دەرچێ وەیا دەرنەچێ هەردووکیان پێشتوویانە لە ڕێی فۆنەتیکەوە دیاردەیەکی سووانی دەنگ ڕاڤە بکەن. بەوردبوونەوە لە تاقیکردنەوەی دەنگی دیکە بۆ تێچوون و تێنەچوون لەو تەرزە شوێنەدا کە دەنگی (هـ) تێ دەچێ پتر قەناعەت دەهێنین بەوەی کە سروشتی (هـ) دەوری هەیە لە تێچوونی بەنموونە هەرچی کاری هەیە وەکو (کێشای یاری، پاراستنی، پێوای، ئالاندی، ئاشتی، وێرای، زانی، ڕازاندییەوە، پاچاندییەوە، تاسا، قاڕاندی..) لە موزاریعدا تاقییان بکەوە دەبینی دەنگەکەی پێشەوەیان تێ ناچێ وەک کە (هـ) تێ چووە زەحمەتیی دەربڕین کە بێتە هۆی تێچوونی دەنگ لە وشەی وەکو (دەستکەوت، دەستگیران، دەستدرێژ، دەستڕەنگین، حەفتڕەنگ...) دەدێترێ کە وشەکان دەبنە (دەسکەوت، دەزگیران – دەزگرە – دەسدرێژ، دەسڕەنگین، حەفڕەنگ..) لە هەمووشیاندا دەنگی (ت). کە لە ناوەندایە تێ دەچێ هێندێکیان، بگرە بەشی زۆری وشەکانیش دەنگی ئاوازەداریان تێدایە.

ج– من کە لە گوتارەکەمدا باسی دەگمەنبوونی دەنگی (هـ)ی ناو وشەم کرد وەیا گوتم ئەویش و (ع – ح)یش لە بەرایی وشەوە دێن و ڤاوڵ بەدوا خۆیاندا دێنن مەبەستم ڕوونکرنەوەی باری دەنگی هەمزە بوو کە چۆن وەک دەنگێکی گەروویی دراوسێی ژێ دەنگەکان لە بەرایی وشەوە دێت لەوە بەلاوە ئەو دەنگانە چۆناوچۆنی بێن هەر فۆنیمن و وشە دروست دەکەن و بە گۆڕان و نەمانیان واتا دەگۆڕێ وەیا نامێنێ.. سوانیان بەسەردا دێت و بەیەکەی دەگۆڕدرێنەوە و هەرچی بۆ فۆنیم ڕەچاو کرابێ لەواندا دێتە جێ چ کەمایەتیش بۆ فۆنیم پەیدا نابێ کە لە بەرایی وشەوە بێت وەیا ڤاوڵ بەدوا خۆیدا بهێنێت. (دەنگی گەروویی) دیاردەیەکە هی ئەدێتێ نییە بەهێی دراوسێیەتی دەنگەکەش لەگەڵ ژێ دەنگەکان تایبەتیەتیی جوداکەرەوە پەیدا دەکات. لەو بوارەشدا لە یەکەم پلەدا هەمزە دێت دووەم (هـ) پاش ئەوان (ع) ئنجا (ح) هەرچی

(غ – خ)ە پشکیان لە دراوسێیەتی ژێ دەنگەکان نەماوە و بوونەتە دراوسێی بەینی (ح) و (ك)، سەرەی ئەو دەنگانەش بەمجۆرەیە. هەمزە، (هـ)، (ع)، (ح) ئنجا (غ)، (خ)، (ك).. من بەپێی هەستی خۆم وەهایان دەناسمەوە دەشێ پێش و پاشێك هەبێ بەڵام باوەڕ ناکەم گرنگ بێ و دەستوور بگۆڕێ دوو دەنگی (غ)، (خ) بوونەتە برای دەنگە عادەتییەکان و لە هەموو شوێنێکی وشەدا بێ بزوێنی ئاشکرا دێن.

ئەگەر بسەلمێنین هاتنی دەنگ لە بەرایی وشەدا بە ڤاوڵەوە و نەهاتنی لە ناو توێژ و کۆتایی وشەدا دەبێتە ئیسپات بۆ فۆنیمنەبوونی دەنگەکە دەبێ دان بە شتێکدا بهێنین کە لەو مەیدانەدا قسەی ڕابەرە دەنگناسەکانی ئەوروپا بەجارێ هەڵدەتەکێنێ.. سەیری فەرهەنگێکی فرەنسەیی بکە و سەر بەو وشانەی داپگرە کە بەپیتی (هـ) دەست پێ دەکەن دوو دەبارەی زەق دەبینیت یەکیان ئەوەیە سەرلەبەری ئەو (هـ)انە بزوێن بەدوایاندا دێت بەتەواوی وەکو هەمزەی کوردی و ئینگلیزی و فرەنسەیی و... تەنانەت (ئنجا، ئەم)یشیان تێدا نییە. دووەمیان ئەوەیە تاکێك لەو (هـ)انە ناخوێندرێتەوە و دەکوژرێن و بەشی هەرە هەرە هەرە زۆریشیان جێگە بۆ دەنگی هەمزە چۆڵ دەکەن هەر بۆیەش بوو گوتم (پیتی هـ) نەك (دەنگی هـ). ناوناوەیەکی یەکجار دەگمەن (هـ) لە ناو توێژی وشەی فرەنسەییدا دەدیترێ بەڵام لەوێشدا هەر دەکوژرێ و جێ بۆ ڤاوڵی دوایەوە چۆڵ دەکات تەنانەت وشەی بێگانەی وەکو (مەهەراجا، ماهومەت – محەمەد)یش ئەو دەنگەیان تێدا دەسوێت بەکورتی هەر دەڵێی دەنگی (هـ) لە فرەنسەییدا پەیدا نەبووە و بە خۆڕایی لە فەرهەنگاندا نیگاری دەکێشن ئنجا ئەگەر هاتنی دەنگ لە بەرایی وشە بە ڤاوڵەوە ئیسپاتی فۆنیمنەبوونی دەنگەکە بکات دەنگی (هـ) لە فرەنسەییدا سێ جاران لە فۆنیمبوون دەکەوێ جارێکیان کە لە پێشەوەی وشەوە لە ناوتوێژدا بەڤاوڵەوە دەنووسرێ جاری دووەمیان بەوەدا ناخوێندرێتەوە جاری سێیەمیشیان کە خۆی بەقوربانی هەمزە دەکات، هەمزەیەکی پێی ڕەوا نادیترێ فۆنیم بێ. لە ئینگلیزیشدا وەك بارەها گوتم (هـ) لە بەرایی وشە بەڤاوڵەوە دێت لە ناو توێژیشیدا دەگمەنە و هەمیشە ڤاوڵێشی بەدواوەیە لە کۆتایی وشەیشەوە نایەت مەگەر لە وشەیەکی وەکو her(hur) کە (هـ)ەکەی دوایێ ناخوێندرێتەوە ئیتر چۆن هەقم نییە بڵێم ئەو ڕابەرانە چی بیڵێن لەبارەی هەمزەوە بایی فلسێکە. دەبوو تەعبیرێکی ناسکتر بهێنمەوە بەڵام نووسەری زۆر گەورە تەعبیری یەکجار ڕەقتریان بۆ غەیری خۆیان بەکار هێناوە نەزاکەتی تەعبیریش حەقیقەتی باسەکە ناگۆڕێ بەرانبەر دەبارەی وەها

ئاشکرا ئەنویلی باهەڵدراوی ئەو ڕابەرانە بێ بایەخ دەزانم.

لێیان ناسەلمێنم ئەو (هـ)ەی کە وجوودی لەو وشانەدا نییە فۆنیمە هەمزەکەی کە بووە جێگرێشی فۆنیم نییە. ئەو ڕابەرانە یان دەبێ بڵێن هەمزە و (هـ) بەجووتە فۆنیم نین و هیچن یان هەردووکیان فۆنیمن خۆ ئەگەر بڵێن بەجووتە هیچن من هەر لێیان ناسەلمێنم. بۆ خۆیان قسەیەك دەڵێن لەبارەی ئەو دوو دەنگەوە تەنها هێزێکی تێدا بێت هەر ئەوەندەیە کە خۆی خۆی هەڵناوەشێنێتەوە لە چاو ئەوەی بڵێن (هـ) فۆنیمە و هەمزەش نا. ڕاستە بێ فێڵە بێ عەیبەکە ئەوەیە هەردوویان فۆنیمن لە ئینگلیزیدا هەردوویان هەن لە فەرەنسەییشدا هەمزە هەیە بەئەسڵ (هـ)ش هەبووە ئێستا لەسەر زمانیان سووك بووە لە لەهجەی پەرتەسکیش ماوە زمانی دیکەی دنیاش پڕن لە هەمزە و (هـ) زمانی وەهاشیان تێدایە هەردوو دەنگی هەمزە و هێ لە بەرایی و ناو تویژ و کۆتایی وشانیانەوە دێن بەوەستاوی و بەجووڵەوە ئیتر چیمان دەوێ لەوە زیاتر؟ هەر ماوە داوا لە هەمزە بکەین بەدەنگ بێت و بڵێ کوڕینە فۆنیمم. خۆ هاواریش دەکا بەڵام گوێی تادرێتێ کەچی قورسکردنەکە دەنگیش ناکا دەڵێن فۆنیمە.

ڕوونکردنەوە پێویستە لەبارەی مەبەست لە (سوان)ی دەنگ. مانای چی دەنگ دەسوێ؟ ئایا فۆتانی دەنگ مەبەستە یان سووکبوونی یان بزربوون و دەرکەوتنەوەی یان شرانەوەی لە پەنا دەنگی دیکەدا...؟

سوانی فۆنیمە ئاشکرا سەربەخۆکانی وەکو (ب، ق) هەمزە (د، ر، غ، م، ن، و، س، ی...) دیاردەیەکە هەمووان دەگرێتەوە کورتە بزوێنەکان هەرچەندە سەربەخۆش نین بارتەقای دەنگی ئەلف کە ئەویش بێ کۆنسنانت دەرنابڕدرێ سەرلەبەریان سوانیان بەسەردا دێت، بەسەرنج ڕاگرتن لەم دیاردەیە دەردەکەوێ کە ئەم پلە خوارووژوورانە لە سواندا هەن.

١- نەمانی فۆنیم لە زماندا وەك نەمانی (ذ، ث) لە کوردیدا.

٢- نەمانی فۆنیم لای بەشێکی ئاخێوەری یەك زمان وەك کە لامی قەڵەو لە بەشێکی کرمانجیی خوارووو بەکار نایەت ئەم فۆنیمە لە کرمانجیی سەروودا دەرنەکەوتووە. ڕەنگە بشێ بڵێین (پەیدابوونی فۆنیم لای بەشێکی ئاخێوەری زمانی کورد) چونکە لە سەردەمی مادەکان و هەخامەنشیشدا دەنگی لامی لاواز و قەڵەو جارێ پەیدا نەبووبوو بەتموونە ئەلبورز ئەلوەند یەلخ لەو سەردەمانەدا

(هەرە بەرزەنیتی. ئەنورقەمت. باختەری)یان پێ گوتراوە (فرهنگ إیران باستان ل، ٢٩٨)

٣- گۆڕینەوەی دەنگ بەیەکێکی دیکە وەك کە دالی (ممند) لە سلێمانی بەگاف دەگۆڕێ (دەربەنگ).

٤- سوان و مانەوەی فۆنیم لە وشەدا وەك کە دەگوترێ (دەستد) و (دەستك) وەها (قەننە) و (قەڵنە).

٥- مانەوەی فۆنیم لە نووسیندا بێ ئەوەی بخوێندرێتەوە ئینگلیزی و فەرەنسەیی پڕن لەو نموونانە.

٦- گۆڕانی دەنگی فۆنیم لە دراوسێیەتیی دەنگێکی دیکەدا وەك کلۆرکردنی (ك، گ)ی بەرابیەی (ی) لە کوردیدا وەیا گۆڕانی (س) بە(ز) لە تەك دەنگی ئاوازەداردا (دەستگا= دەسگا= دەزگا، دەستگرە= دەسگرە= دەزگرە). لە نێوان زمانەوانانی کورد وەها ڕۆیشتووە کە هاتنی دەنگی (ل)ی وەستاو لە پێش (ت)دا دەبێتە هۆی گۆڕانیان بە (ڵ، ط) وەك (خڵط، پاڵطۆ، قەڵطارە..) ڕاستییەکەی دەنگی (ل) و (د)یش ئەو کارە دەکەن و دالەکە قەڵەو دەکرێ بەرەو (ض) دەبێتەوە وەك غڵدە، داڵدە، گۆڕی حەمە خاڵدان [شوێنێکە لە شاخی باواجی کۆیێ] پاڵدە جەڵد..

سەرلەبەری ئەو حاڵەتانە دەطلیان بەسەر فۆنیمبوون و فۆنیمنەبوونی دەنگەوە نییە نابنە بنەمای تاقیکردنەوەی دەنگ لە وشەی وەکو (دەسکرد، دەسکوژ..)دا نابێ بچینەوە بۆ (دەستکرد، دەستکوژ) و لەوێوە بڕیار بدەین کە ئەو (ت)ە فۆنیم نییە هەر چونکە بەتێچوونی وانا نەگۆڕا نیمە لە ئاکامی گۆڕان و هەڵسوکەوتی زمانەکەماندا گەیشتووینە بارێك لە هەردوو جۆری (دەستکرد، دەسکرد)ی تێدا باوە ئەگەر بمانەوێ لە (دەسکرد)دا فۆنیم تاقی بکەینەوە دەبێ خەریکی فۆنیمەکانی (د، ە، س، ك، ر) بین فۆنیمی (ت) لە هەزاران وشەدا زیندووە لێرەشدا لزووم بەوردبوونەوی و درێژ دابڕین نابینم زمانناس و دەنگناسەکان ئەم حاڵەتانە دەزانن دواتریش وێنەی دیکە لە جۆری گۆڕان و تێچوونی فۆنیم دەبینین..

سوان و گۆڕانێکی دیکە هەیە لە دەنگدا جودایە لەوەی باسمان کرد ئەویش بەدوو بەشی سەرەکی دابەش دەکرێ..

یەکەمیان هاتن و چوونی ئەو نەبرە و توندی و نەرمیی ئاخاوتنە کە حاڵەتی

ئاخێوەر داخوازیی دەكات وەك.. تووڕەیی ڕەزامەندی هەڕەشە پاڕانەوە تێ ڕاخوڕین، پرسیار تعجب. ئەبرە و ئاوازی ئەم حاڵەتانە پەیدا دەبن و هەموو ڕستە دادەگرن نەك تاكە فۆنیم كە حاڵەتەكەش بەسەرچوو ئەوانیش تێ دەچن هەڵبەت ئەمانە فۆنیم دروست ناكەن هەرچەند بۆ هەندێكیان نیشانەش دانراوە وەكو (؟!!)

بەشی دووەم هاتن و نەمانی كەسرە موختەلەسەیە كە من پێی دەڵێم قورسكردن قورسایی، ئەم ناوەیشم بۆیە بەسەردا بڕیوە چونكە ئاخێوەر نایەوێ فۆنیم ببزێوێ بەڵكو تاكە مەبەستی ئەوەیە بتوانێ بێ بزوێن كونسنانتێك بەیەكێكی دیكەوە ببەستێتەوە بەنموونە كورد دەڵێ (كردم) هەڵبەت دەبێ دوو دەنگی (ك، د) قورس بكات دەنا ناتوانێ فۆنیمی دیكەیان بەدوادا بهێنێ. لە فارسیدا دەگوترێ (كردم – كەردەم) و بەبزوێنی ئاشكرا تێكی بەستوون كە بزوێنەكان هەڵستان مایەوە قورسایی وەیا كەسرە موختەلەسە فەرمانی تێك بەستن جێبەجێ بكا ئەم قورساییەش كورتكراوەی كورتە بزوێنەكەی فەتحە نییە چونكە كە بەتەجرەبە درێژە دەدەیت بەو ئاوازەیەی كە لە دەربڕینی (ك)ی (كردن)دا پەیدا دەبێ فەتحە پەیدا نابێ ئاوازەیەكی بێ (هویة) كە لە هیچ دەنگێكی بزوێن و نابزوێن ناكات دێتە كایەوە ئەمەش یەكێكە لەو هۆیانەی كە ناوی (كسرة مختلسة) بەهەڵە دەزانم چونكە ئەگەر (كەسرە..) بایە دەبوو لە درێژكردنەوەیدا كەسرە پەیدا ببێ. ڕەنگە تەجرەبەكەشم وەكو تەجرەبەی (بردنەوە ژووری هەوا) لێ بەعەیب بگیرێ بەلام داخوازیی مەنتیقی لێكۆڵینەوەم زاڵترە لە ترسی عەیبداری هەروەك هاتنی دەنگی (كسرة مختلسة، قورسایی) بۆ ناو وشە وەكو هاتنی (د، هـ، و، ج...) نییە كە بریتی بێ لە ڕاگوێستنی دەنگێكی حازربەدەستی بەهێز و زەق هەروەهاش سوانی دەنگەكە وەكو سوانی (د، هـ، و، ج..) نییە كە لە ئاكامی ئاڵوگۆڕی زمان وەیا داخوازیی واتا وەیا خۆگونجاندنەوە بەدەنگێكی دیكە وەیا جیرانەتیی دەنگ و دەنگ وەیا جیرانەتیی میللەت و میللەت گۆڕان و تێچوونی بەسەردا بێت. ئەم دەنگە بێ هێزەش هەروەكو هەیەجانی تووڕەیی ئاوازەیەكی تایبەتی بۆ ناو ڕستە دەهێنێ ئەویش بەپێداویستی دەربڕینی دەنگ پەیدا دەبێت. دیسان هەروەكو ئاوازەی تووڕەیی، نەمانی تووڕەیی هەڵدەستێ ئەمیش بەنەمانی پێداویستی دەربڕینی دەنگ تێ دەچێ.

ئەم لێكچواندنەی قورسایی و ئاوازەی تووڕەیی تەنها لە ڕووی (پێداویست)بوونە وەك بڵێم لە یەك پلەدان چونكە لە سەرەتاوە لێكم جودا كردوونەوە. لەگەڵ ئەمەشدا

ئاوازەی تووڕەیی کەم و زۆر واتایەکی تازە بۆ ناو ئاخاوتن دەهێنێ کەچی قورسایی دەخلی بەسەر واتاوە نییە. ئەم لایەنەش دواتر ڕوونتر دەبێتەوە.

کە قسە لە زمانی کوردی بکەین ئەم چەند دەستوورە لە هاتن و بزربوونی قورسکردنەکە هەڵدێنجرێ..

١- دەنگی سەرەتای وشە کە بزوێنی ئاشکرای بەدوادا نەهات بەناچاری دەنگە بێ هێزەکە پەیدا دەبێ بۆ خاتری دەنگی کۆنسنانتی دووەم بەدوا یەکەمدا بێت وەک ئەوەی هەتا تووڕە بێت ئاوازەی تووڕەیی لە قسەتدا دەربەکەوێ. لە کرمانجیی سەروودا بەستوومە وشە هەیە بەدەنگی بێ بزوێن و بێ قورساییش دەست پێ دەکات ڕەنگە قسەکە ڕاست بێ چونکە لە وشەی وەکو (فتار، ستاندن، شتومەک..)دا هیچ ئاوازە بەدوا فۆنیمی سەرەتای وشەکاندا نایەت. بەعادەت قورسایی ئاوازە پەیدا دەکات.

٢- لە نێوان ئەو دەنگە کۆنسنانتانەدا کە گونجانی تەواو هەیە (وەکو. ش ت، رد، رت، ن گ، ن د، ل ت، ن ج، س ت) قورسایی پەیدا نابێ چونکە دەربڕینی کۆنسنانتی دووەم یەکی لەسەر قورسکردنی دەنگی یەکەم نەکەوتووە تەک چونکە قورسایی لەو شوێنەدا نەهاتووە وشەکانی (دەنگ، ماست، پشت، گەنج، بەرد، خڵت، کەرت، پەند) قورسایی تەحەمول ناکەن بۆیەیشە هەموویان یەک بڕگەن لەگەڵ ئەمەشدا کە هاتنی قورسایییت خستە نێوان ئەو جۆرە دەنگانەوە واتای وشە ناگۆڕێ. بەنموونە نالی هاتووە لەبەرکێشی شیعر قورسایی خستووەتە سەر دەنگی (س) لەم بەیتەدا، واتای وشەکەش نەگۆڕاوە.

ڕاستی سەیقەڵیەیە تیغی زمانی نالی
نەرم و توند ئاوی گڵۆرگیرە قسەی بێ دەبڕێ

وشەی (ڕاستی) بەقورسکردنەکە بووەتە سێ بڕگە لە جیاتی دوو بڕگە. لزووم نابینم درێژە بدەم بەنموونە هێنانەوە. مەسەلەکە زۆر ڕوونە.

٣- لە نێوان ئەو دەنگانەی گونجانیان لەگەڵ یەکدیدا لە پلەی دووەمدایە وەکو دەنگەکانی (نک، رگ، خ ت، ر ج..) دەشێ قورسایی لە بەینیاندا هەبێت وەنەبێت. وشەکانی (دەنک، مەرگ، بەخت، ورج..) لەوانەن بەیەک بڕگە دەربهێردرێن هەروەک وەمکینیشە بینە دوو بڕگە و بگوترێ (دە- نک، مە- رگ، بە- خت، و- رج) لە

هەردوو شێوەدا واتای وشەکان ناگۆڕێن.

٤- لە نێوان ئەو دەنگانەدا کە گونجانیان لە پلەی سێیەمدایە وەك. (ن م، ل م، ت ن، س ر، ز ر، ڕ ز، م ل، ت ر) دەبێ قورسکردن دەرکەوێ تاکو بشێ گونسانێنی دووەم لە دەمەوە دەربێ وەك کە لە وشەکانی (گەنم، زەڵم، کەتن، کەسر، بزر، وەڕز، هوومل، چەتر..)دا دەبێ قورسایی هەبێ و وشەکان ببنە دوو بڕگە (گە- نم، زە- ڵم، چە- تر) هەتا فۆرمی وشەکان لەو بارەدا بێ قورساییەکە بەردەوام دەبێ و دەمگێن نییە هەڵستێ بەلام کە گوتت (گەنمەکە، لە زەڵمەوە بۆ هەڵەبجە کەتنی وەها نەکراوە کەموکەسریی زۆرە، چاکەی دارا بزرە، وەڕزی مەکە ئەو هووملانە لە زێوە هاتوون [هوومل ماسیی زۆر گەورە] چەترەکەم کڕی) دەشێ قورساییەکە هەڵستێ لە هێندێکیشیاندا هەڵستانی قورساییەکە دەبێتە حەتمی وەکو (کەموکەسری، لە زەڵمەوە، چەترەکە کەتنی گەورە). هەر چۆنێکیش وشەکان دەربڕێت واتایان کەم و زیاد ناکا. ئەوەندە هەیە کە قورساییت خستە سەر دەنگێکی وەکو (ڵ)ی (زەڵمەوە) دەزاندرێ کورد نیت وەیا بەشۆخی وەها دەڵێیت یان لەهجەی ناوچەییە.

٥- دەشێ لە دراوسێیەتیی دوو وشەدا وەها ڕێك بکەوێ دوو دەنگی وەکو (س ت- ش ت) کە لەگەڵ یەکدیدا دەگونجێن، بکەونە تەنیشت یەکتر و بەحوکمی ڕێزمان نەك دەنگسازی قورسایی بخرێتە بەینیانەوە وەك کە وشەی (گەش) بخەیتە پستەوە و بڵێیت (گوڵی گەشت چنی). لێرەشدا کە گوتت (نیمرۆ ڕۆژی هەرە گەشتە) قورساییەکە هەڵدەستێ و ناشێ دەرکەوێتەوە لێرەدا سەرلەنوێ حوکمی دەنگسازی بەسەر ڕێزماندا زاڵ بوو. ئەم زاڵبوونە لەم شوێنەدا وەها فەرمانڕەوایە لەگەڵ سەرلەبەری دەنگەکاندا ڕۆیشتووە نەك هەر دەنگی گونجاو، بەنموونە دەڵێی (قسەکەت چووە دڵم) و قورسایی دەخەیتە سەر (ڵ)ەکە بەلام کە گوتت (قسەکەت بەدڵمە) قورسایی نەما و جێشی نابێتەوە لە هەموو حاڵانێشدا واتا ناگۆڕێ.. نەگۆڕانی واتاش بەهاتن و چوونی ئەم دەنگە بێ هێزە لەوەوە دێت کە بەئەسڵ دەنگەکە بەشداریی نەکردووە لە واتای وشە بەعنی بەشێکی بنجی و دروستکەر نییە لە ناخاوتندا. تاکە هێزی پێکەوە بەستنەوەی دوو دەنگ بەبێی داهوڵزیی باری ناخاوتن پەیدای دەکات و هیچ واتاش لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ کە فۆتاش چ واتای لەگەڵدا نەبووە تاکو لەگەڵیدا بفۆتێ. مەرجی یەکەمی بەشداریکردن لە واتای

وشەکە فۆنیمی بێ دەناسرێتەوە لەم قورسکردنەدا وجوودی نییە. د. ئاورەحمان بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی هاتن و چوونی ئەم دەنگە بێ هێزە بەپێی دەستووری دەنگسازی لە ستوونی دووەمی ل. ٦٤دا دوو نموونەی هێناوەتەوە. نموونەی یەکەمی لە (نووسین، پێنووس) و لە (نووسرا) هێناوەتەوە گۆیا واوی (نووسین، پێنووس) درێژترە لە هی (نووسرا) بەپێی رای د. ئاورەحمان هۆیەکە دەچێتەوە بۆ ئەوەی کە لە (نووسین، پێنووس)دا هێز [هێز= Stress م. م] لەسەر دەنگی (وو)ە بەڵام لە (نووسرا)دا هێزەکە دەبڕێتەوە بۆ سەر ئەلفی کۆتایی وشەکە. ئینجا دەڵێ: «جا بزوێنێکی درێژی وەك (وو) لە باری بێ هێزیدا وەك (و)ی لێ بێت بزوێنێکی ئێجگار کورتی وەك (ا) ئەگەر هێزی لەسەر نەبێ بەدیار ئەکەوێ شتێکی دوور لە یاسا و دەستوور نییە».

نموونەی (نووسین، پێنووس) و (نووسرا) پتر بەلای ڕێزماندا دەچنەوە بەڵام چونکە ناوی هێز و تێچوون و سووك و قورسیی لێ هات قبووڵ دەکرێ و دەشێ ڕوون بکرێتەوە.

١- کاری (نووسی) لەبارترە ببێتە هاوتەرازووی (نووسرا).

٢- واوی (نووسرا) ئەوەندە کورت نییە ببێتە (و- ضمە).

٣- مەسەلەی هێز دەخلی نییە بەسەر کورت و درێژیی واوەکان:

ئەحمەد نووسی

نامە نووسرا

لەم ڕستانەدا هۆیەك نییە دەنگی واوی (نووسی) بخاتە ژێر هێزەوە و واوی (نووسرا)ش لە هێز بکەوێ.

٤- هۆیەك دەچێتەوە بۆ ئەوەی لە (نووسرا)دا دوو کۆنسنانتی (س، ر) کەمێك واوەکە ئەنبەڵ دەکەن ئەگەر (نووسا) بایە فەرقی نەدەبوو لەگەڵ (نووسی). وشەی (نووسین، پێنووس) بەوەدا واوەکەی هەناسەسوار نابێ کە کۆنسنانتێك لە کۆتاییاندایە چونکە داخوازی هیچ ئەرکێکی نەکردووە.

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی خاڵی سێیەم و چوارەم نموونەیەکی زیندووی پڕ بەپێستی بابەت هەیە. لە پێزمەر دەگوترێ (کوشتن، کوشتی..) بەڵام لە کاری کارا بزردا ناڵێن (کوژرا، دەکوژرێ) بەڵکو ئەو (ر)ە دەسوێنن و دەڵێن (کووژا) بەواوێکی درێژی وەکو

واوی (نووسا، مووسا)، بێگومان ئەگەر لەوێشدا ئەو (ر)ە مابایەوە ئەدەکرا واوەکە درێژ بکرێتەوە چونکە هەم لە ئەسڵدا کورتە هەم هاتنی دوو کۆنسنانت لە (کوژرا)دا کاری خۆی دەکرد. ئەگەر مەسەلە هێز بوایە خۆ (کووژا)ش وەکو (نووسرا) کارا بزرە؟ لە کاری (هەڵترووشکا)دا کە وەکو (نووسا) کارا دیارە هەرچەند مەسەلەی هێز لە بەیندا نییە، چونکە دوو کۆنسنانتی (ش، ك) هەن وارەکە نەختێك لێی کورت دەکرێتەوە بەهەمەحاڵ ئەم موناقەشەیە لە بنەڕەتەوە دەخلی بەسەر تێچوونی کەسرە موختەلەسەوە نییە.

وەك پێشتر باسم کرد، هاتوچۆی ئەم دەنگە بێ هێزە تاکە هۆی داخوازیی دەربڕینی دەنگ لە باری خۆیدا پێکی دێنێ هەرچی (Stress) وەیا هێزە دێتە سەر کەسرە موختەلەسەیەکی لە وشەدا مەوجوودە نەك دەبێتە هۆی پەیدابوونی.. تۆ بێنە وشەی (کردم) تاقی بکەوە. لە دوای (ك) و (د)دا ئەو قورساییە هەیە، ئینجا دەتوانی هێز بخەیتە سەر قورسایی دوای (ك)ەکەوە وەیا دوای (د)ەکەوە وەیا هەردووکیانەوە بەپێی داخوازیی مەبەست، ئەنجا چونکە قورسایی لە دوا (ر)ەکەوە نییە ناتوانی هێزی بەدوادا بێنیت، ئەگەر ویستت هێز بێنیت پێویستە لە پێشەوە قورسایی بخەیتە سەر ئەو (ر)ە و کارەکە لە دوو بڕگەوە بکەیتە سێ بڕگە ئینجا هێز بدەیتە ئەو قورساییە ئەوساش وشەکە لە کوردی دەشۆرێ. کە قورسایی هەبوو پەکی لەسەر هێز ناکەوێ کە نەشبوو هێز ناچێتە سەر هیچ، لەلایەن واتایشەوە ئەو هێزە چ لەسەر (د، و، ر، م...) بێ و چ لەسەر قورسایی بێ واتایەکی تەجریدی بەوشە وەیا ڕستە دەبەخشێ، هەرچی قورساییە واتای پێوە نییە چونکە وەك تەقەڵی دروومانە بۆ شوێنی پێویست بەڵام نەك تەقەڵی مادی وەك دەزوو. لە فەرزی من بەسەعوو نرخی تەقەڵم داپێنێ ئەو هەر دەمێنێتەوە وەك هەیە چ دەخلی بەسەر واتاوە نییە. هێشتان لایەنی گونجان و نەگونجانی دەنگ پتر پێوەندیی هەیە بەتێکوێنی وشەی کوردی لەو قورسکردنە چونکە بەشێکی زۆری وشەکان بەحوکمی ئەو گونجانە شکڵ وەردەگرن بەنموونە وشەی (بڵند) کە دوو بڕگەیە و بریتییە لە (ب- ڵند) بەحوکمی گونجانی (ن- د) ئەو شکڵەی وەرگرتووە چونکە ئەگەر بگوترێ (بڵ- ند) دەبێ قورسایی بخرێتە سەر (ن)ەکە ئەمەش دژی یاسای فۆنەتیکی کوردییە. وشەکانی دەرد، دۆست، سارد، گۆشت، پێت، تەڵت، چەند، ڕەند، مەند، ئەنگ، شەنگ، جانگ، هەشت، بیست، گەشت... و سەدانی وەك ئەوان ژمارەی بڕگەیان بەندە بەگونجان و نەگونجانی فۆنیمەکانیان، ئەمانە هەموویان

چوار فۆنیم و یەك بڕگەن چونكە لە هەموویاندا دوو فۆنیمی كۆتاییيان لەگەڵ یەكدیدا دەسازێن. وشەی (مزر) سێ فۆنیم و دوو بڕگەیە چونكە (ز، ر) پێەیەكەوە ناسازێن دەنا وەكو (مشت، مرد، مست) دەبووە یەك بڕگە. هاتنی قورسایی بۆ سەر (ز)ی (مزر) و نەهاتنی بۆ سەر (ش، ر، س)ی وشەكانی دیكە پەیوەندی خۆی بە یا نارەزووی من و تۆ نییە بەڵكو پەیوەندی بە باری گونجان و نەگونجانی دوو فۆنیمی دوایینی وشەكانەوەیە. كە گوتت (ماستەكە مزرە) قورساییەكە دەچێتە دڵخواز، كە گوتت (مزرە سەو) قورساییەكە تێ دەپەڕێ، لە هیچ بارێكیشدا تەفسیری سەلبی و ئیجابیی لە واتای وشە نەكردووە. قورسایی لە خۆوەوە وەكو فۆنیمە ڕاستەقینەكان بۆ ناو وشە نایەت، بەئارەزووش نایەت: دەبێ ناچاریی فۆنەتیكی بیهێنێ و نەمانی ناچارییەكە بیسڕێتەوە. هەر چونكە قورسكردن پێداویستی دەربڕینی كۆنسنانتی وەستاوە بۆ لكاندنی بەكۆنسنانتی دوایەوە لە باری تایبەتیدا چ دەخڵێكی بەسەر واتاوە نییە، هەندێ جار قورساییەكە لە بارێكدا دەبێ هەڵستانی مومكین نەبێ وەك لە وشەی (فرچك)دا قورسایی سەر (ف)ەكە هەڵستانی بۆ نییە. ئەم ناچارییە دائیمییە هونەری قورساییەكە نییە بەڵكو دڵخوازی لكانی (ف)ەكەیە بە (ر)ەكەوە ئێمە پێمان دەكرێ بڵێین (فچك، فك، فرك) و فۆنیمی زەقورزۆپ بەلاوە بنێین بەڵام لە هەموو حاڵاندا قورسایی سەر (ف)ەكە دەمێنێتەوە. خۆ مەعقوول نییە بڵێین ئەو دەنگە بێ هێزە گرنگترە لەوانی دیكە، چونكە قسەی وەها لە كەس ناوەشێتەوە هەر نەبێ لەبەر ئەوەی كە لە هەزاران باردا وەكو سێبەری هەور دێت و دەچێت و هەستیشی پێ ناكرێ جگە لەوەی كە وجوودی خۆی بەندە بەو فۆنیمانەوە بگرە وجوودی بەندە بەجیرانەتیی فۆنیم و فۆنیم. بزوێنەكان بەكورت و درێژیانەوە هەم دەشێ بەئارەزوو بیانهێنین و بیانسڕینەوە، هەم بەهاتن و سڕانەوەیان واتا دەگۆڕێ وەیا نامێنێ. هیچ مەرجێكی (فۆنیم) لەو قورساییەدا نییە پێداویستی دەربڕینی دەنگە لە باری تایبەتیدا چەندێكی تێش بچێ واتا ناگۆڕێ. لەبەر ئەم تێبینی و ڕاستییە بەدیهییانەیە خۆگیری دەكەم لەوەی پێی بڵێم بزوێن، تۆ بڵێی ئەگەر بزوێنە بۆچی لە كوردی و ئینگلیزیدا نەهات وەكو بزوێنەكانی دیكە هەمزە بخاتە پێش خۆیەوە؟ بۆچی هەمزەی دەنگدار و زەقورزۆپی بێ نیگار نەچێتە پێش قورسایی بەنیگار؟ هەڵبەت دەزانم چی بەڵگەی دنیا هەیە ناتوانێ ڕابەرەكانی فۆنۆلۆجی ئیقناع بكا دژی ئەو قورساییە. وا من لە جیاتی ئەوان وەڵام بۆ ئەم تەرزە پرسیارە پێشكەش دەكەم و دەڵێم بەر لە هەزاران ساڵ بنیادەم زانی ئەم

بزوێنە یەکجار کز و بێ هێزە بەبەریەوە نییە هەمزە بخاتە پێش خۆیەوە، ئینجا کە گوترا ئەدی چۆن بنیادەم زانی دال و سین و گاف بە بەریانەوە هەیە؟ ڕابەرەکان دەڵێن ئا ئەمە بەڵگەیە کە هەمزە فۆنیم نییە وەک کە دال و سین و گاف فۆنیمن. دیسان ئەگەر گوترا ئەدی چۆناوچۆنی لە زمانە سامییەکاندا قورسایی بەبەریەوە هەبوو هەمزە بخاتە پێش خۆیەوە؟ لێرەدا بەڕاستی نازانم جواب چی دەبێ، پێشتریش و لە هەموو حاڵانیشدا جواب نەبوو بۆ ئەو پرسیارەی بڵێ: بۆچی تێچوونی قورسایی هەرگیزا و هەرگیز لە واتا.. تەئسیر ناکا؟ ئەدی فۆنیم نییە؟

بەر لە (٢٧٠٠) ساڵ کە ئەلفوبێ پەڕییەوە بۆ ئەورووپا و نیگار بۆ دەنگی هەمزە دانەندرا بڕیاری ئیعدامکردنی دەرچوو.

بەوردبوونەوە لەو دیفاعەی د. ئاورەحمان لە کەسرە موختەلەسەی دەکا بەهێنانەوەی نموونەکانی (نووسین، نووسرا) دەبینین لە حەقیقەتدا بێ ئەوەی ویستبێتی، ئەو خۆی کەسرە موختەلەسە پتر بێ بایەخ دەکات لەوەی من کردوومە چونکە کە دەڵێ دەنگەکە هێند کورتە هێزی لەسەر نەبێ دەرناکەوێ بڕیار دەدا کەوا ئەو دەنگە بەچکەی هێزەکەیە واتە لەبنەڕەتەوە بەندە بەهەبوونی هێز. ئەم قسەیە یەکسەر و بێ تەئویل وەها ڕادەگەیەنێ کە کەسرە موختەلەسە؛ بریتی بێ لە هێز چونکە مەعلوومە هێز ناچێتە سەر (عدم، هیچ) قسەکە وەک ئەوەیە بڵێی کابرا هێند موفلیسە ئەگەر پارە نەخەیتە گیرفانی فلسێک لە گیرفانیدا نادۆزیتەوە دەنگێک وەها بێ وجوودی بەند بێ بە هێزەوە و واتاش نەگۆڕێ چۆن فۆنیمێکە؟ ئینجا چۆن بسەلمێنین دەنگی وەها سەراوی ئەوەندە بایەخی بدرێتێ نیگاری هەبێ [لە حاڵێکدا هەمزەیەکە زەلوزۆپ بێ نیگار بێ] کە نیگاریشی بوو ببێتە برای هیچ یان هەر هیچی بێ تەئویل کە بووش بەهیچ بایەی زەرەیەک کاری سەلبی و ئیجابی لە واتای وشە نەکردبێ؟ هەر فۆنیمیش بێ؟

نموونەی دووەم لە زمانی ڕووسییەوە هاتووە کە وشە لە حاڵی جەڕدا بزوێنە ئاشکراکانی دەگۆڕێن وەیا تێدا دەچن.. کە گۆش دەکرێ هەروەها .گۆیا ئەمەش نابێتە بەڵگە لەسەر فۆنیمنەبوونی ئەو دەنگانە. هەرچەند د. ئاورەحمان هەر هێندە دەڵێ و دیفاعەکەی لە فۆنیمی (ۆ، ێ)ی ڕووسییە بەڵام شوێنی قسەکەی دیاری دەکات کە مەبەستی ئەوەیە لە ڕێی قیاسەوە بسەلمێنین کە تێداچوونی کەسرە موختەلەسەش نابێتە بەڵگەی عەکسی بۆی.

من ڕووسی نازانم ئیعتیرازیشم له نموونەکان نییه بەڵام له کوردیدا نموونه زۆرن تێی بنالێنین.

له تۆ دەپرسم   لێت دەپرسم.

بەتۆ دەڵێم   پێت دەڵێم.

له تۆ دەکەم   تێت دەکەم.

سووتا   دەسووتێ.

ئەخوازێ ئەڵڵا   ئەخوازەڵا، ئەخەسەڵا.

گوتی   دەڵێ.

ئەم نموونانه و دوو نموونه ڕووسییەکه و هەرچی دیکەی ئەوتۆیی کەڵەکه بکات باری قورسایی ڕاست ناکەنەوه چونکه پێوەندییان پێیەوه نییه ئەمانه سەر بەڕێزمانن و دەچنەوه بۆ لای سینتاکس نەك فۆنەتیك. نموونەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، وەکو هی ڕووسی حاڵەتی جەری ڕاناوی کەسی دووەمی تاك له ڕستەکاندا نیشان دەدەن دیاره چۆن بەگۆڕانی ڕاناوەکه له حاڵەتی نەلکاوییەوه بۆ حاڵەتی لکان شکڵی (جار و مجرور) ویکڕا گۆڕان، هیچ داخوازییەکی فۆنەتیکیش حوکمی نەکردووه (له تۆ دەپرسم) ببێته (لێت دەپرسم) کەچی (له تۆ دەکەم) ببێته (تێت/ دەکەم). واتای (تێگەیشتن) جودایه له (لێپرسین) و پتر بەرەو ناوەوەی (مجرور) دەڕوات بۆیەیه شکڵەکەی گۆڕا. له هەندێ لەهجەی ئاخاوتنی کوردی دەگوترێ (دەتۆ ڕادەمێنم- نەك له تۆ ڕادەمێنم) دیاره (دە)ش نزیکتره له (تێ). بەو پێیه ئەو لەهجەیه نزیکتره له مەنتیقی گۆڕانی دەنگ تا ئەوەی (له) ببێته (تێ) بەڵام بۆی ڕێك نەکەوتووه بەره بستێنێ. له کرمانجیی سەروودا بەرانبەر ئەو (دە)یه (ژ) بەکار دێت. (سووتا) دەبێته (دەسووتێ) بەهۆی دەستوورێکی ڕێزمان هەرچی کاری ڕوودان و کارا نادیار هەیه بەری دەکەوێت و له هەمووواندا ئەم ئەلفه له موزاریعدا دەبێته (ێ) وەکو:

سووتا   دەسووتێ.

ڕما   دەڕمێ.

بڕژا   دەبڕژێ.

دیترا   دەدیترێ.

خورا   دەخورێ.. هتد.

هەر عەینی ئەو کارانە لە ڕابردووی بەردەوامدا وەکو خۆیان دەمێننەوە هەرچەند (دە)ی موزاریعیشیان بەسەرەوەیە.

سووتا	دەسووتا.
برژا	دەبرژا.
دیترا	دەدیترا.

فۆنەتیک چ دەخلی بەسەر ئەم ڕێژانەوە نییە ئاشکرێ یەخەی کورد بگرین بلێین بۆچی وەهات کردووە؟ (ئەخوازێ ئەڵلا) دەماودەم لە ماوەی سەدان ساڵدا بووەتە (ئەخوازەلا، ئەخەسەلا) و چووەتە ئیدیەمەوە، بەڵام دەکرێ بگوترێ (قەبووڵ ئەکا ئەڵلا) بێ گۆڕان و بێ دەردی سەر. بەهیچ تەئویلێک ئەم گۆڕانە وەها (گوتی، دەڵێ) باناد ڕێنەتەوە بۆ داخوازیی فۆنەتیک. زمانە و دەگەڕێ و دەگۆڕێ و یاسا دادەنێت و ئێی دەبات و ئێی ناپات و لەهجە تا لەهجە فەرق دەکات و دەیان ڕێچکۆڵە پەیدا دەبێ و دەبنە شەقامەڕێ و ئەوەی دەقەومێ یاسای ڕێزمان تێیدا دیار دەبێ و هی فۆنەتیکیش هەروەها، پەند و ئیدیەم و مەتەڵ و فنوونی بەلاغەت و نازانم چی دەزێننەوە، جاڕ و مەجروور و کارا و بەرکار و سەدان کەرتی دیکەی ڕێزمان دەوری خۆیان دەبینن و یەکێک دەڵێ (بەتاق و تەنیا) و ئەوی دیکە (تەک و تەنها) سێیەمیان (بەتەنی تەقێ) بەپێی ڕاهاتن.. خولاسە دیاردەی زمان بەزەمان و مەکان و ئینسانەوە شەپۆل دەدات و فۆنەتیک یەکێکە لە شەپۆلەکانی و ناتوانێ حوکمی شەپۆلی لەخۆ گەورەتری وەکو (ڕێزمان) بۆ خۆی ڕاکێشێ و ڕێی تەعبیری جودا و دەربڕینی هەمەچەشنە لەو هەڵقە هەمەچەشنەیە ببەستێ. ئێمە.. دەزانین (دەستگرە) دوای سوانی دەنگی (ت) بووە (دەزگرە) چونکە بەپێی دەستوورێکی فۆنەتیکی کوردی دەنگی کپ ئاغڵەب لە جیرانەتیی دەنگی ئاوازەداردا دەبێتە ئاوازەدار بۆیە سینەکەی (دەسگرە) بووە (ز) بەڵام دەستووری دروستکردنی وشەی لێکدراو وەیا داڕێژراو بەجۆرێکی سەربەخۆ لە زماندا هەزاران وشە پێک دێنێ وەک کە (دەستگرە- دەزگرە)ی پێک هێنا ئیتر فۆنەتیک چۆنێکی کار دەکا پایبکا. سەدان وشەی وەکو: کلک تەقێنە بەردەنوێژ، دەستەبەرە، کێلەقەبر، بزمارکوت شیرەخۆرە، گورگ نەخۆرە، مەلا خۆرە، گورگ نەخۆرەی دز نەبەرە، سەر هەڵقەنە گێرەشێوێن، سەرپاڵە.. بێ ئەوەی فۆنەتیک کاری تێ کردبێ لە گەردان، لە کوردیدا فۆنەتیک وەهای کردووە وشەی لێکدراوی (گاناسن) ببێتە (گاسن) کەچی لە

فارسیدا هەردوو بەشی وشە لێکدراوەکە بەدروستی دەمێننەوە و دەڵێن (گا وآهن) کورد دەڵێ (حەماغا- لە جیاتی حەمەد ئاغا) هەرچی فارسە دەڵێ (حمد ئاقا) کورد دەڵێ (دە ئەنگێوم، دەنگێوم) بەلام دەڵێ (نەئەنگاوتن) و ناڵێ (نەنگاوتن) فۆنیمی حەقیقی لە سەرەتاوە وشە دروست دەکات دواتر پێداویستی فۆنەتیك تاوتووی تێدا دەکات. دەبینی وشەی بێگانە کە ع دەخلی ئیمەی تێدا نییە و لە پشت حەفت بەحران تروورکاوە کە دێتە نێو کوردەواری هەر ناوچەیە جۆرە مامڵەتێکی لەگەڵدا دەکات بەنموونە وشەی مەرەکەبی (کوپنك) لە سلێمانی کافی پێشەوەی کلۆر دەکرێ لە بەری سۆران کلۆر ناکرێ تەنانەت لە بەری سۆران هەر چونکە کاری (پشکووت، گوا، ئەنگووت) لە سەرەتاوە کاف و گافەکەیان کلۆر نەبووە. لە موزارەعدا کە دەڵێن (دەپشکوێ، دەگوێ، دەئەنگوێ) کاف و گافەکە کلۆر ناکەن کەچی لە بەری بابان کلۆری دەکەن خولاسە فۆنەتیك بەدوا وشە و ڕستەدا دێت و خزمەتکاری فۆنیمەکانە هەرچی کەسرە موختەلەسەیە هۆی زادەی فۆنەتیکە چونکە بەپێی داخوازیی دەربڕینی فۆنیم پەیدا دێت یان نایەت، یان کە هات دەسوێت و دەخلی بەسەر واتاوە نییە واتە دەخلی بەسەر تەکوینی وشەوە نییە دەنا دەبوو بەسوانی واتا نەمێنێ. تەکوینی وشە و واتای وشە دوو ڕووی یەك سکەن ئەم قسەیەم لێی هەڵناستی بگوترێ: بڕگە لە وشەدا یان بزوێن یان قورسکردنی تێدا نەبێ پەیدا نابێ چونکە قسەکەی من خۆی لە بنەڕەتدا وەلامی ئەم ئیعتیرازە دەداتەوە کە دەیەوێ لە پەنا بەهانەی تەکوینی بڕگەوە بایەخ بەو قورسکردنە بدات. سەرنج بگرە دەبینی ئەو بڕگەیەی بەهۆی بزوێنی ڕاستەقینە پەیدا دەبێ واتاکەی بەندە بەو بزوێنەوە مەگەر جوداییی لەهجە و سوانی عادەتی بەسەر وشەدا هاتبێ فۆنیمی گۆڕی بێ وەك کە (مر) بووەتە (مل) وەیا وشەی (شطه) لە هەندێ لەهجەدا دەبێتە (شلە) کە ئەمە دیاردەیەکە دەخلی بەسەر فۆنیمبوونی دەنگەکانەوە نییە پێشتریش باسمان کردووە لە هەموو دنیاش باس کراوە. تێچوونی بزوێنی حەقیقی دەبێتە هۆی نەمانی واتا وەك کە (سەر) بوو بە (سر) واتا نامێنێ هەرچەند ئەو قورساییەش لەسەر (س)ە کە هەر ماوە وشەی (پەنیر) بیێتە (پنر، پنیر) لە هەردوو باردا واتای نامێنێ. بەلام قورسایی لەسەر (گەنم) لادە و بڵێ (گەنمەکە) واتا تێك ناچێ.. ئەمەش بەدیهییەیە.

لە هیچ ڕوویەکەوە قیاسی تێداچوونی قورسایی لە وشەدا لەگەڵ تێداچوون وەیا گۆڕانی فۆنیم ناکرێ ج لە وشەدا بێ ج لە ڕستە و باری ڕێزمانیدا بێ، چونکە ئەگەر

ئەو قیاسە بکەین دەبێ بڵێین ئەمانی دەنگی ئەلفی (ژماردی، سپاردی، ڕژا) لە (دەژمێری، دەسپێری، دەڕژێ)دا وەکو ئەمانی قورسایی لامی (دڵ)ە لە (بەدڵمە). ئەوساش سەرەڕای بەعەقڵداچوونێکی ئەوعیی سەرەتایی سەرسووڕێن، دەکەوینە تەناقوزێکی لە حیساب بەدەر چونکە لەلایەکەوە گوتمان ئەمانی قورسایی و ئەمانی ئەو ئەلفانە وەکو یەکدێن، لەلایەکی دیکەشەوە زەق زەق دوو دیاردەی ڕێزمان و سینتاکس دەبینین ئەو لە یەکدی جیاوازنە ناسەلمێنن: دیاردەی یەکەم ئەوەیە ئەلفەکان لە موزاریعدا نەفەوتاون بەڵکو بەپێی یاسایەکی ڕێزمان بوونەتە (ێ) یاساکەش وەها پەرەسەندووە هەموو کاری موزاریعەی وەکو (سووتا، ڕما، برژا) و هەموو کاری (مبني للمجهول) و هەموو کاری ڕێژەی (نواندی، بواردی، ستاندی) دەگرێتەوە تەنها (خواردی) ناگرێتەوە کە پێزیەرە: دەسووتێ، دەڕمێ، دەبرژێ، دەنوێنێ، دەبوێرێ، دەستێنێ، دەچێنێ، دەسپێرێ ... هتد. وەک دیارە گۆڕانەکە بەدەستووری ڕێزمان پەیدا بووە نەک فۆنەتیک.

دیاردەی دووەم ئەوەیە گۆڕانی دەنگەکە لە ئەلفەوە بۆ (ێ) شانبەشانی گۆڕانی زەمانی کارەکە لە ڕابردووەوە بۆ موزاریع هاتووە بێگومان لەو کارانەدا گۆڕانی ئەلفەکە پتر لە (دە)ی موزاریع بەشداریی گۆڕینی زەمان بووە چونکە لە ڕابردووی بەردەوامدا (دە)ی موزاریع هەیە و ئەلفەکەش ناگۆڕێ: دەگوترێ (دەسووتا، دەڕما ... دەسپارد، دەتچاند، دەمانستاند، دەیانسپارد ...هتد).

لە ستوونی دووەمی لاپەڕە ٦٧دا وەها هاتووە کە (نە)ی کاری موزاریع، لە ناخاوتنی سلێمانیدا بەهۆی سوانی (د)ی (دە)ی موزاریع پەیدا بووە گۆیا کە دالەکە سوا دەنگەکەی فەتحەی پاشیەوە «بەناسانی ناتوانرێ تەلەفوز بکرێ» [سەرەتای لاپەڕە ٦٨ی بەیان].

لە پێشەوە دەڵێم کە دالەکە سوا ئەو فەتحەیە نە بەناسانی ونە بەزەحمەت تەلەفوز ناکرێ. ئەگەر بشسەلمێنین دوای سوانی دالەکە هەمزە هاتووە بەجێگر هەر ئەوەندە مەعلووم دەکرێ کە هەمزە دەنگێکی چالاکە، پتر خزمەتی زمان دەکا لە (ف، ش، چ) دەنا چ قەیدی دەکرد بگوترێ (فەبزم، تەخۆم، چەنووسم) ئەمە با لێرە بێت. ڕایەکەی د. ئاوڕەحمان ئێبیهێی گرنگی دیکە هەڵدەگرێ لە ئاخاوتنی سلێمانیدا بەدەگمەن نەبێ دەنگی دال لە بەرایی وشەدا ناسوێ، دەگوترێ دار، دەزوو، دێن... بەو پێیە دەشیا بگوترێ (دەڕوا) بەڵام هەڵقەکە پێڕەوی ئەو شێیانەی نەکرد. ئاوناوەیەکی زێدە کەم

دەنگی (د) لە پێشەوەی وشەدا دەسڕێ وەك كە (دای، دێت) دەبێتە (یای، یەت). بەبیرمدا نایەت لە ئاخاوتنی سلێمانیدا دالی بەرابیی وتە لە غەیری (ئە)ی موزاریعدا كرابێتە هەمزە وشەی (داخۆ، داخوا) دەتێ ببێتە (ئاخۆ، یاخۆ) بۆیە نالێم دالەكەی بووەتە هەمزە، دیارە شەریكی هەیە. بچین بۆ بەرەو كۆتاییی وشە دەبینین قەسیدەیەكی نالی سەرلەبەری دەنگی دالی پاراستووە لەو شوێنەدا.

جۆشەش و تاوە لەناو دیدەیی گریانمدا
چ تەنوورێكە لە تەندوورەیی توفانمدا

بەعادەت ئاخێوەری سلێمانی دەڵێ (گریانمدا، گریانما). ئاخێوەری سلێمانی وشەی (تێدا) دەكاتە (تیا) و هەمزەی تێ ناترنجێنێ. دەشێ بڵێین دوای سوانی دالەكە بزوێنی (ی) هەیە و دەكرێتە كۆنسنانت و بەئەلفەكەی دوایەوە دەلكێ. ئەما لە (تیایا)دا كە گۆڕاوی (تێدادا)یە دیارە دالی (دا)ی دووەم كراوە بە (ی). وشەی (لێرەدا) دەكرێ بە (لێرەیا)، ئەویش دالی بە (ی) گۆڕاوە (مەیدان) لە (مەیدانەوە) هاتووە و دالەكەی بووەتە (ی). (عەودالْ) دەكرێتە (عەووالْ) و دالەكەی بە (و) گۆڕاوە بەپێی ڕایەكەی د ئاورەحمان لە گۆڕینی (ئە) بە (ئە) دەبوو لە بری (یام، گریانما، یاخۆ، تیایا، لێرەیا، مەیهان، عەووالْ) بێنە (ئام، گرینمنا، ئاخۆ، تیانا، لێرەنا، مەینان، عەونالْ...) وشەی (یەت) چونكە لە (دەیەت، دەهێت)ەوە پەیدا بووە بەر دەستوورەكە ناكەوێ.. من پێم هەیە بڵێم ئەو وشانەی كە هەمزەكەیان دەكەوێتە ناوەوە ناجایەزن چونكە دەنگی هەمزە لە ناو تویژی وشەی ئێستاكەی كوردیدا نەماوە. بەلام د. ئاورەحمان دەڵێ هەمزە لە سەرەتای بڕگەشەوە بەهاریدەدەر دێت ئیتر بۆ نەیەتە بەرابیی ئەو بڕگانەوە؟

لە سلێمانی دەبیەیت وشەی (بەعل، مەعد، ئەحمەداوا) و هی تریش بەجۆرێك دالەكەیان گلۆر دەكرێ لە دەنگی زمانی دەشۆرێ و قابیلییەتی نووسینی پێوە نامێنێ. ئنجا ئەگەر (ئە)ی موزاریع بەو ئەندازەی كە د. ئاورەحمان دەڵێ بووبێتە (ئە) دەبوو وشەكان بێنە (بەنەل، مەنەد، ئەحمەناوا).

ڕاستییەكەی گۆڕانی (ئە) بە (ئە) هیچ پێوەندیی بەهاریدەربوونی هەمزەوە نییە، هەر ئەوەندە بەئیسپات دەگەیەنێ كە دەنگی هەمزە پتر بەهانامان دێت لە (ق) هەروەك (ی)ش پتر بەهانامان هات لە (غ). (مەییان، حەققەیەت) و ئەحمەداوا و بەدەل، هەموویان دوای سواندنی دالەكەیان بەو جۆرەی دەبییەین لە زاری حەلقەكە خۆش

هات، نە هەمزە لە تۆهمە دەهەڕێننەوە نە پشتگیریش لە ڕایەکەی د. ئاوڕەحمان دەکەن منیش پێم دانەگرت لەسەر بەهانە پێوە گرتنیان چونکە مەبەست ڕوونکردنەوەی مەوزووعە نەك یەکدی سەغڵەتکردن. هەرچی بەڵگەیەکی لێرە و لێرە مەبێنەوەش نووسیبێتم لەبارەی هەمزە و قورسکردنەوە یەخەگیری سەرچاوەی باوەڕە جوداکە دەبێت کە مامۆستاکانی زانستی فۆنۆلۆجییە. د. ئاوڕەحمان کە لە سەرەتاکانی ستوونی یەکەمی لاپەڕە ٦٦ دەنووسێ: «... بۆ دانەنانی هەمزە بەفۆنیم لە کوردیدا ئەوەی نووسیومە ڕا و بۆچوونی خۆمە و مامۆستا مەسعوود بەخۆڕایی وای داناوە، کە بەهێی پەسەندکردنی (بیروڕای فۆنۆلۆجیستەکان لەبارەی هەمزەوە) لە پێشەوە (بڕیاری ئیعدامکردنی هەمزەم داوە) قسەیەك بەزاری مندا دەهێنێ. هەرگیز بەو شێوەیە لە زارم دەرنەچووە

لە ستوونی دووەمی لاپەڕە(٢٠)ی ڕۆشنبیری نوێ، گوتوومە: «فۆنۆلۆجیستەکان کە د. ئاورەحمان لەوانەوە باسی فۆنیمان بۆ دەگێڕێتەوە ئەوە دەڵێن کە لە گوتارەکەدا بەکورتی نووسراوە واتە: فۆنیم ئەو دەنگانە دەگوترێ کە لە زماندا وتە پێك دەهێنن و بەگۆڕان و نەمانیان واتا دەگۆڕێن». چی لە قاموسیش نووسراوە هەر ئەمەیە ئیعدامکردنی هەمزەش بەهیچ جۆرێك وەپاڵ د. ئاورەحمان نەدراوە چونکە بەر لە د. ئاوڕەحمان بەساڵەها قسەکە نووسراوە و بەستراوە.

ئەگەر ڕابەرەکانی ئەورووپا گوتبایان هەمزە فۆنیمە زەحمەت مەودا مابایەوە لە پێش کوردێکی عێراق کە خۆی خوێندنی لە ئەورووپا تەواو کردووە ڕایەکی دیکە دەربڕێ. ئاسانترە بگونجێ هەمزە فۆنیمە چونکە وەکو دال و میم و شین بەرهەستە و لە وتە و ڕستەدا کار دەکات، بەڵام دنیا بڵێ فۆنیمە و من بڵێم فۆنیم نییە بەو هەموو زەقییەی تێیدایە کارێکی ئاسان نییە. ڕێکەوت وەها بوو لە ئۆتۆمۆبێلێکدا کە د. کەمال مەزهەر لێی دەخوڕی بۆ یەکەم جار لە د. ئاورەحمانم بیست کە بیروڕای لەبارەی هەمزەوە هی خۆیەتی، پێشم گوت کە من ئەمەم بەخەیاڵدا نەهاتووە، ئەوساش گوتارەکەم دەرچوویوو یان لە چاپکردندا بوو [دەرچوونەکەشی لە گرینترە]. من هەر چونکە د. ئاورەحمان بەئینسانێکی ڕاستگۆ دەزانم باوەڕ بەو قسەیەی دەکەم، ئەگەر پێشتر لێم بیستبایە لە گوتارەکەمدا باسێکی ئەو لایەنەم دەکرد. بەهەمەحاڵ من هەر چارە باری قسە هاتبێ گوتوومە لەومەتەی ئەلفوبێی ڕۆژهەڵات بەر لە ٢٧٠٠ ساڵ پەڕیوە بۆ ڕۆژاوا ئیعدامی هەمزە دەرچووە. لەبەرئەوە جێی خۆی نەبوو دوای قسەکانی

سەرووی بڵێ: «بەپێچەوانەوە بۆم هەیە لە مەسەلەی هەمزەدا من ڕەخنە لە مامۆستا مەسعوود بگرم، چونکە لە نووسینەکەیدا ئاشکرا دیارە، کە ئەو هەوڵی داوە زمانی کوردی بخاتە قاڵبی عەرەبییەوە و فۆنیمی عەرەبی بەسەر کوردیدا ساغ بکاتەوە و بەمە گیان بەبەری هەمزەدا بکات». تێ ناگەم من چۆن و چۆنی گیان بەبەر دەنگێکدا دەهێنمەوە کە کورد لەوەتەی هەیە بەکاری دەهێنێ؟ چما هەمزە (ض، ط، ظ)ە ڕام گواستبێتە ناو کوردی؟ کە بەڵگەش لە زمانی ئێرانیی کۆن وەیا عەرەبی وەیا ئینگلیزی و فەرەنسەیی بهێنمەوە کتوپڕی و کراوکوویی و چۆناوچۆنی زمانی کوردی دەخەمە قاڵبی عەرەبییەوە؟ سەرلەبەری کۆڕی زانیاری کورد پێی نەکرا واوی کەشیدەدار بەسەر ڕێنووسدا بهێنێ چونکە دەسەڵاتی نەبوو، گۆیا من تەنها پێم دەکرێ هەموو زمانەکە لە قاڵبی خۆی دەربهێنم! بێگومان لە زەمینەی جوابە جێییدا بەنوکتە ئەو قسەیە هاتووە دەنا هەروەک د. ئاورەحمان بەو ڕایانەی پشتگیرییان لێ دەکات نایەوێ کافرستانی دابهێنێ، منیش ئەمویستووە لە ڕێی بیرویاوەرەوە هەڵق بۆ حەج ڕاپێچەک دەم. بەهەمەحاڵ هەرچی بڕیارێکی بۆ هەمزە بدرێ کار ناکاتە سەر لایەنی دیکەی زمانی کوردی، بۆیە ئەگەر (تیرویشکێ ....) لە چارەنووسی هەمزە بهاوێین زەرەر ناکەین. هەر ئەم هۆیەش بوو تاوی ئەم گوتارەمی دیاری کرد بە (تیرویشکێ ..) هەرچی بڕیارێکیش بۆ کەسرە موختەلەسە بدرێ باری زمان ناگۆڕێ بەمەرجێک مانەوەی لەو شوێنانەی تێ دەچێ دانەسەپێ: (گەن – مە – کە) نەبێتە (گ – ن – مە – کە)، (بە – دڵ – مە) نەکرێتە (بە – د – ڵ – مە) (هەڵ – تان – گرت) نەبێتە (هە – ڵ – تان – گرت) (مەز – نە – بهاو) نەبێتە (مە – زنە – بهاو) نەبێتە (مە – ز – نەبهاو). ئەگەر قورسکردن بەئیگارەوە داسەپا و چاری مان و نەمانی تێدا نەکرا زمانەکە وەها دەشێوێ عەیبدار بێت. ئەم زەرەرە چ قیاسی ناکرێ لەوەی کە د. ئاورەحمان دەیەوێ (ی) وەسف و ئیزافە بەدوا ئەو وشانەشدا بنووسرێن کە کۆتاییان بەراوی تیژی درێژ دێت. ئەم پێیە هەرچەند لە کۆتندا مومکین نییە دەرکەوێ، هێندەی پێی ئەسڵی وشە و ئیسمی مەعناش درێژ نییە تەنانەت بەدوا ئەلف و واو و فەتحەدا دەشبێتەوە کۆنسنانت، دیسانەوە خزمەتێکی ڕوونکردنەوەی ڕستە دەکات. بەڵام مەسەلەکە هەر بڕیتیی نییە لە (ی) وەسف وئیزافە کە لە دوا (ی) تیژی درێژدا بزر دەبێ، خۆشم لەم گوتارەدا بەزۆری ئەو (ی)انەم نووسیوە چونکە نووسینیان بێ زەرەرە و بۆزە دەستوورێکیش پشتگیریی لێ دەکات. کە ئەم (ی)ە لە نووسیندا ژیایەوە دەبێ

زمانناسان بیر لە هەموو (ی)ەکی وەک ئەویش بکەنەوە کە بەپێی دەستووری زمان دەبێ هەبێت و لە ئاخاوتندا بەدوا (ی) ڤاولدا تێ دەچێت. ئەمەش چەند نموونەیەک

لە کاری (دزی)دا دەبێ ئەو (ی)ە دەرکەوێتەوە

من نووسیم

ئەو دزیی

لە کاری (خشی)دا نابێ دەرکەوێ چونکە لە ڕابردووی تێنەپەڕدا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک وجوودی نییە.

من خشیم

ئەو خشی

لە کاری (نووسی، دزی ...)دا دەبێ بۆ کەسی دووەمی تاک تەنها (ت) بەدوا کارەکەدا بهێنین چونکە لەو کارانەدا تەنها (ت) ڕاناوە:

من نووسیم، دزیم

تۆ نووسیت، دزیت

لە کاری (خشی، چمی، ڕزی ..)دا دەبێ (یت) بۆ کەسی دووەمی تاک بهێنەوە چونکە تێنەپەڕن:

من چمیم، ڕزیم، خشیم.

تۆ چمییت، ڕزییت، خشییت.

لە کاری (نووسی، دزی)دا بۆ کەسی یەکەمی کۆ ڕاناوی (مان) دێت، دەبێ بنووسرێ:

من دزیم، نووسیم

ئێمە نووسیمان، دزیمان

لە کاری (خشی، ڕزی ..)دا چونکە تێنەپەڕن دەبێ (ین) بێت:

من خشیم، ڕزیم

ئێمە خشیین، ڕزیین

لە کاری (دەنووسم، دەدزم ...)دا دەبێ ڕاناوی کەسی دووەمی تاک و یەکەمی کۆ بەم

جۆرە بلکێن

من دەنووسم، دەدرێم

تۆ دەنووسیت، دەدرێیت

ئێمە دەنووسین، دەدرێین

لە کاری (دەژیم)دا دەبێ ئەو راناوانە بەدوا (ی) (دەژی)دا بێن:

من دەژیم

تۆ دەژییت

ئێمە دەژیین

ئەمانە بەدیهییەی ڕێزمانن و خۆ لێدزینەوەیان مومکین نییە: بەڵام دەشێ بگوترێ ئەم سەرشێواندنە مەتەڵاوییەی بێ ناوێ، یا هەر یەخەی (ی) ئیزافە و وەسف بگرین، منیش بەرهەڵستیی لێ ناکەم دوای ئەوەی بەچاوی کراوەوە بڕیار درا. بەڵام ئەوساش گرفتی (ی) کەسی سێیەمی تاک لە حاڵەتی ئیزافەدا هەر دەمێنێ:

دەستم، چاوم، ترۆزێم

دەستی، چاوی، ترۆزێی

لەمەیاندا چ بکەین؟ هەر بڕیارێکی بۆی بدرێ خراپ نییە بەمەرجێ مەنتیقی ڕێزمانی تێدا بەکار هاتبێ. بڕیاری بێ لێکدانەوە نابێتە جێی قەناعەت. کە بڕیار درا بنووسرێ (تەرۆزێی) ئەوساش بێ دوودڵی نووسینی ڕاناوی کەسی سێیەمی کۆ لەو بارانەدا لەخۆوە ڕوون دەبێتەوە:

دەستی، ترۆزێی

دەستیان، ترۆزێیان

لەگەڵ (چی)دا بەقیاس دەنووسین:

پیاوی دیت

چیی دیت

پیاویان دیت

چییان دیت

من له نووسینێکی کۆنمدا ئەم لایەنەم ڕوون کردبووەوە، وابزانم گوتبووم
ژیاندنەوەی (ی) وەصف و ئیزافە یەك (جدول لۆغاریتم) لە ڕێزماندا قوت دەبێتەوە.
ئێستاش دەڵێم، چاری ئەو جەدوەلە دەبێ بکرێ دەنا نووسەری ئەشارەزا، بگرە
ەزاش، لە ئەفورەکە بڕ ناکات. خۆ تێنەگەیاندنیش لە کێشەکە مەنتیقی تێدا نامێنێ
ێکە لە سەرەتاوە ژیاندنەوەی ئەو (ی)ەلە ڕێی ڕێزمانزانییەوە هاتە ناوەوە، چ ڕەوای
ەقە زانینەکە هەر هەتا پێنجیەك و شەشیەکی ڕێگاکە تێشك بهاوێ؟ لەم
ناسەیەدا دەڵێم، جارێکیان گوترابوو (یازدەم، دوازدەم ...) کە من پێڕەوی لێ
کەم هەڵەیە، دەبێ بنووسرێ: یازدەیەم، دوازدەیەم ئەم ڕەخنەیەش پێنجیەکی ڕێگەی
بوە چونکە کێشەکە هەر بەدوا یازدە و پازدە و نۆزدەدا نایەت:

وشەی (سەر، دووسەر) بزوێنی فەتحەی بەدوا نایەت.

کە (لە)ی جەڕی کەوتە پێش دەگوترێ: (لە دووسەرەوە) واتە (ەوە)ی بەدوادا هات.

کەواتە بۆ (پەنجەرە) دەبێ (یەوە) زیاد بکرێ وەك (یەم) بۆ (یازدە) زیاد کرا:

یازدەیەم

لە دوو پەنجەرەیەوە

وشەی (کوڕ) کە ئەداتی تەعریفی بەدوادا هات دەبێتە (کوڕەکە) واتە (ەکە)ی بۆ
ت. ئەویش بەقیاس لە (یازدەیەم) داوا دەکات ئەو فەتحەیەی بۆ بپارێزرێ و
وترێ:

یازدەیەم

برایەکەم

زۆربەی کوردیش وەها دەڵێ تەنها ئەو لەهجەیەی دەڵێ (یازدەیەم) پێڕەوی لە
ستووری خۆی ناکات و دەڵێ (براکەم).

کورد دەڵێ: دەشتاودەشت، دزاودز، دەستاودەست. بەپێی دەستووری پاراستنی
تەی کۆتایی (یازدە) دەبێ ئەم ئەلفەی (او)یش بپارێزرێ و بگوترێ:

جیاباوجیا نەك جیاوجیا

دەریاباو دەریا نەك دەریا و دەریا

من کە دێم دەنووسم (یازدەم، دوازدەم ..) ئاگاداری ئەو دەستوورانەم بۆیە ڕێ

بەخۆم بدەم تا ئەو رۆژەی بڕیارێکی چاوساغانەی شارەزایانە لە هەموو رووی کێشەکە بدەن رێگایەك بگرمە بەر کە لە سەرجەمی دەستوورەکانی ئەو کێشەیەی لا نەدابێ. بەراست، کە دەنووسرێ: دووهەم، سێهەم، نۆهەم، دەهەم .. نۆزدەهەم دەستوورێکی فارسی بەکار دەهێنرێ. بەهەمەحاڵ دووەم، نۆیەم، یازدەیەم ... نۆزدەیەم کوردیترە یانی لەبارترە.

لەو ناوچانەی کە وەکو من دەڵێن (یازدەم) تەنها لەو وشانەدا کە بریتین لە یەك کۆنسنانت و یەك بزوێن، لەو حاڵەتانەدا (ی)ەك دەهێنن بۆ پاراستنی بزوێنەکە و دەڵێن: دەیەم

شەیەکە

گایەکە

لە ئاست (دوو)دا پێویست نابینن بەو (ی)ە واوەکە خورد دەکەنەوە دەڵێن (دووەم).

لەعجمش هەیە دەڵێ:

(دوویەم، لە زوویەکەوە بەم رووپەردا هات...). لە (سێ)شدا ئەو (ی)ە نایەت بەزیادەوە بەڵکو (ی)ی وشەکەی (سێ) خورد دەکرێتەوە بە (کسرة + ی کۆنسنانت)و دەگوترێ (سیيەم).

قسەیەکی دوایێم ماوە:

فۆنەتیکناسی و فۆنۆلۆجی لەوەدا بایەخ وەرناگرن فێرمان بکەن فلانە دەنگ لە لووتەوە و ئەوی دیکەیان لە گوێوە دەردێ چونکە دەنگەکان بێ خوێندن و فۆنەتیك دەردێن و لەوەشەی مرۆڤیش هەیە بەدروستی دەری بڕیون. چ قازانج بەکەس ناگات بگوترێ لە بەرامبەری نوونی چاوگدا قورسایی هەیە چونکە ئەم قورساییە لە (نووستن، نووستم، گردت، دڵت، دڵم، کوڵکن، جلك ...) و بەکۆتایی سەدان و هەزاران وشەوە هەیە نەك هەر نوونی چاوگ. ئێمە بەدۆزینەوەی قورسایی سەر نوونی چاوگ و پاشگری (ن) و (ك) لە (کوڵکن، جلك)دا نابێ وەها دانێین شیری مووساسان دۆزیوەتەوە چونکە ئەم کەسرە موختەلەسەیە لە کۆنی هەرە کۆنەوە دۆزراوەتەوە.

فۆنەتیکزان و فۆنۆلۆجیستی کورد لەسەریەتی ئەو هەڵانە ئاشکرا بکات کە زەق زەق لە چاو دەچەقن. کەسرە موختەلەسە لە رێنووسی ئێستاکەماندا بەرچاو نییە. دەمەتەقە لەو بابەتە دەبێتە بابەتی ئەکادیمی تا ئەو رۆژەی پیتی لاتینی لە نووسینی کوردیدا

بەکار دێت. گریمان هەموو دنیا سەلماندی، قورسایی بەرایی نوونی چرگ و ڕاناوی کەسەکان ... دەبێ نیگاری بۆ دابندرێ، خۆ هەر مومکین نییە ئەو نیگارە هەروا بکرێ ئەوپەڕی ئیمکان لەو ڕێگەیەدا ئەوەیە بچینەوە بۆ پێشنیازەکەی مامۆستا وەهبی، باوەڕیش ناکەم کەس بەدوا پێشنیازی ئەوتۆیی بکەوێ، ئێمە با جارێ پەنەی ئەو هەڵە ئاشکرایانە بگرین کە زەق زەق لە چاو دەچەقن. فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی ئەگەر هەر فێری زانیارییە سەرەوییەکانی وەکو: ئاوازەدار، لێوی، پووکی، ئینفیجاری...مان بکات وەك ئەو کەسەمان لێ دێ بزانێ بەردی سەر تەختەدامە بجوڵێنێ بەڵام چزغەدار و ئالتی داش و مەهموون ئۆیینی فێر نەبێ و نەتوانێ بەردێك بگەیەنێتە خانەی دامە، وەیا کەسێك فێری ئەلفوبێ ببێت و نەزانێ نامە بنووسێ، وەیا کەسێك دەم لە کێش و قافیە بدات و نەتوانێ شیعر هەڵبەستێ. ئەو تەرزە زانیارە سەرەتاییانە لە فۆنەتیکدا ئەرزاك دەمێننەوە ئەگەر گەشتی بەرەو شاوەوەی زمان نەکەن. دەبێ دەستووری وەهایان تێدا بدۆزینەوە بشێ هەڵەی وتە وەیا تەعبیرمان بۆ ساغ بکاتەوە. ئێمە ئەگەر پێ داگرین لەسەر (پانزە، دوانزە، سیانزە، شانزە، حەڤدە) چ دادمان نادا چەند سەرنجەدرێك لە ڕێی فۆنەتیکەوە وەیا لەخۆوە زانیبێتی، سوانی دەنگی (د) لەو وشانەدا نوونی بۆ چواریان هێناوە و (ڤ)ەشی بۆ یەکیان هێناوە زانینەکە پێویستە، بەڵام پێڕەوی لێکردنی فەرمانی سەرشانە بەتایبەتی چونکە بەشی زۆری کورد وتە ڕاستەکان دەبێژن: یازدە، دوازدە، سێزدە، حەڤدە دەبێ بزانین شکاندنەوەی (ی) تیژی درێژ لە ئیشارەتکردن و کۆکردن و باری ئەوتۆییدا دەیکاتە (کورتە بزوێنی کەسرە + «ی» کۆنسنانت) ئیتر وەك کە دەڵێین (دارا برسییە ئەم کورسییە شکاوە) دەبێ بڵێم (کورسییەکان، ئیتالییەکان) نەك (برسێکان، ئیتالێکان).

لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەم هەڵەیە بەسەر دەرگەی هەموو دائیرەکانیدا لە چاوان دەچەقێ کە لێیان نووسراوە (ئەمینداریێتی) لە جیاتی (ئەمینداریەتی). بەعادەتی دەستووری کورتەبێژی زۆربەی کورد لەو تەرزە وشانەدا دەڵێن (ئیتالییەکان، ئەمینداریەتی) بەڵام دەڵێن (برسییەتی) نەك (برسیەتی). چ بڵێی (برسییەتی کافرە) و چ بڵێی (من برسیمە، دارا برسییەتی) فەرق ناکا لە ڕووی شکاندنەوەی (ی) درێژی تیژ. بەنموونە، دەگوترێ (هەر ئەم پیاوە خزم و کەسیەتی) و ناگوترێ (کەسییەتی) بەڵام دەگوترێ (خزمییەتی) و دەشگوترێ (خزمیەتی). بەهەمەحاڵ (کەسیەتی، خزمیەتی) بەر یاسای دەنگسازی و کورتبێژی دەکەون بەڵام (ئەمینداریێتی، برسێتی، ئیتالێکان).

پێوەندییان تەنها بەزاری ناوچەییەوە هەیە نەك بەدەستووراتی ڕەسەنی هەمەکیی کوردییەوە. هەر ئەو زارەی دەڵێ (ئیتالیێکان) ناچارە لە بنای وەسفدا بڵێ (ئیتالییە زیرەکەکان، برسییە ڕووتەکان). دەبێ فۆنەتیکناس بەخەڵق ڕابگەیەنێ (تێدا، جودا) ڕاستن و بەسەر زاری زۆربەی کوردەوەشن چ ئینساف لەوەدا نییە ئاخێوەری ڕانیە ناچار بێ لە نووسیندا ڕاستەشەقامی کوردی لەو وشانەدا بەجێ بهێڵێ بۆ (تیا، تیایا، جیا). ئەگەر بسەوزێنی باسی فۆنۆلۆجی بەدەنگ ئەیەت نووسەری ئاسایی نەك هەر ناوێری بەدەنگ بێت، بگرە جۆرێك بابیرووتیش لە خۆیدا هەست دەکات کە دەبینێ قەڵەمەکەی لەو جۆرە هەڵەی پەرەسەندوودا دەگێڕێ و خەریکە بەخۆی بڵێ: ئەوە ئەزم لە باتان دەبەزم. لە وشەی وەکو (نوێژ، توێ، کوێر، سوێر)دا نووسەران بەپێی لەهجەی شاری سلێمانی و بەشێکی دیکەی کوردستانی خواروو دەیاننەوێ (دیفتۆنگ)ی نێوان (وێ) بەسەر نووسینی ئەدەبیماندا بسەپێنن. بەڵگەی بێ کەڵەبەر نیسهات بووە و دەبێ کە دیفتۆنگەکە ناوچەییە نەك کوردیی ڕەسەن، وا بزانم د. ناوڕەحمانیش پشتگیریی لەو بەڵگانە کرد. نالی لە شیعردا شێوە ڕەسەنەکەی بەکار هێناوە:

هەر جۆگە و جێگایە کەوا سوور و سوێر بێ
جێی جۆشەشی گریانی منە خوێ نەڕژاوە •

وشەی (سوێر) ئەگەر دیفتۆنگی تێدا بێ کێشی میسرەعەکە لەنگ دەبێ:

بولبول کە گەرمی نەغمەیە ئاگر دەکاتەوە
غونچە حەزینە جەرگ و دڵی بۆ دەکا توێ

وشەی (توێ) ئەگەر دیفتۆنگدار بێ هەم شیعرەکە لەنگ دەکات و هەم ناشێتە قافیەی (هووردوێ، گوڵی بوێ ... هتد) لە قەسیدەکەدا.

ئەمانە نموونەن بۆ دەستنیشانکردنی ڕێبازی فۆنەتیك و ئەرکی سەرشانی فۆنەتیکزان، کەچی بەداخەوە دەبینم خاوەن شەهادەی بەرزی زمان کە خۆیشی شیرمژی ئەو زارە ناوچەییە نییە لە جیاتی (دەڕۆم) دەنووسێ (ئەڕۆم). من دژی (ئەڕۆم) نیم، بەڵام نابێ خۆی بەسەر (دەڕۆم)دا زاڵ بکات کە ڕێبازی ڕەسەن و زۆربەی کوردە. د. ناوڕەحمان لە بنی دڵیەوە بەپەرۆشە بۆ زمانی کوردی، هەموو هێزی لەش و هۆشیشی بەو بەخشیوە تا ئەوەی لە هیچ بابەتێکی دیکە قەڵەم ناگێڕێ بەڕۆژ خەریکەتی بەشەویش خەونی پێوە دەبینێ. لەو شەنگ و تاقەتەیدا، بەباوەڕم

لێی دەوەشێتەوە دەست بۆ هەر لایەنێکی (زمان) ببات بەرهەمی لێ پەیدا بکات. بەولای خەبەرداركردنی نووسەران لە هەڵەی ساو، رێبازێکی دیکە هەیە چاپووك سوارێکی خۆتەرخانکردووی بەپەرۆشی وەکو ئەو دڵسۆزەی گەرەکە هاتوچۆی تێدا بکات ئەویش بەستنەوەی کوردیی ئێستاکەمانە بەهی کۆنەوە. زمانی کوردی لە دوای سەدەکانەوە و لە زەمانی هادیش نووسینی نەبوو وەیا لێی بەجێ نەماوە بێ بەهێی رۆژگار و گۆڕانی باری ئاخاوتن و نووسین دەقی رەسەن و سەرچاوەی روونی لەهجەکانی لێ بناسرێتەوە. هەر ئەم فەلاکەتەیشە بووە هۆی نەبوونی زمانێکی ئەدەبیی کوردی کە هەموو ئاخێوەری کورد تێی بگات. ئێمە کە ئەتوانین مێژوو هەڵگێڕینەوە بۆ ئەوەی لە نووکەوە قاڵبی ئەدەبی بۆ هەموو کوردزمان رەنگڕێژ بکەین، رەنگە بتوانین رایەڵە پساوەکانی پێوەندیی ئێستاکەی زمانەکەمان بەئاڤێستاوە گرێ بدەین وەیا هەر نەبێ بەشێوەی پسپسۆکیش بێ ئەوەندەی دەوەکینە لەو رێشاڵە کەرتبووانە بەیەکدی بگەیەنینەوە. دەزانم موشکیلە زۆرە لەو کارەدا، گەورەتریشیان ئەوەیە کە دوای سووتاندنی نامە زەردەشتییەکان لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنیدا زارەوزار ئاڤێستا و گاتەکان... گەیشتنە پەهلەوی، شێوە نووسینی هزڤارشیش دەستی گیرا لە شێواندنی ئەوەی پارێزرابوو، هەڵسوکەوتی زەمانی ساسانییەکانیش لە نووسینەوەی دووبارەی ئەو نامانە کاری سلبیی کرد (هەرچەند لایەنی ئیجابیشی هەبووە، لێرەدا جێی لێدوانی نابێتەوە).

لەگەڵ ئەمانە هەموویدا کارەکە خۆ بۆ تەرخانکردن دەهێنێ، رێبازێشی کوێر نەبووەتەوە:

وەختی خۆی لە ساڵی ٩٧١ – ٩٧٢ کۆڕی زانیاری کورد ئەم فەرمانەی لە قەبەڵ ئەندامێکی تەرخانی کۆڕ کرد بەڵام داخم ناچێ هیچی لێ شین نەبووەوە لە تاکە گوتارێکی کورت بەولاوە گوتارەکەش، راستییەکەی بایەخدارە بەڵام دوورە لە گەیشتن بەئامانج. حاجی قادر و نالی بەمن سپێردران: ئێستاکە لەگەڵ خۆمدا دەڵێمەوە سەد جاران خۆزی بەوەی تەکلیفەکە پێچەوانە بوایە و لایەنە زمانییەکە بۆ من مابایەوە. هەل لەدەست نەچووە، من نا، د. ئاورەحمان لە بارێکدایە بتوانێ خەست خەست هۆشی خۆی بەدەستە چرای زانستی تازەوە بەناو تاریکاییی رابردووی زمانی کوردی پەرژزدا بخولێنێتەوە .. سەرچاوە چەنگ دەکەون.. لە لەهجەکانی کوردیدا زۆر خڵتەی راگەیێن و روونکەرەوە هەن... قوڵ و باسکی لێ هەڵماڵە کۆڕی زانیاری عێراق و

دەستەی کوردیش، بێگومان، پاڵپشتیت دەکەن، کوردێکی بشتوانێ ئەوت بخاتە چراتەوە نابێ درێغی بکات . ئەوسا حەز دەکەی کارێك بەهەمزە بکە ناوی خۆی لە بیر بچێتەوە.

پوختەیەکی زۆرە کورتی هەندێ خاڵی سەرەکیی ئەم گوتارە لەم چەند بەندەدا دەبێتە پاڵاوتە:

١- هەبوونی کەسرە موختەلەسە لە وشەدا بەندە بەداخوازیی بەستنەوەی؛ فۆنیمی وەستاو بەفۆنیمی دوایەوە لە باری تایبەتیدا. بەنەمانی داخوازییەکە، کەسرە موختەلەسە دەشێ نەمێنێ و زۆر جارانیش دەبێ نەمێنێ.

٢- هێز (stress) دێتە سەر کەسرە موختەلەسەی مەوجوود لە وشەدا، ئەگەر وجوودی بەند بێ بە هێزەوە بایەخی (دەنگ)یش نامێنێ چونکە بریتی دەبێ لە هێزەکە خۆی.

٣- هەبوونی کەسرە موختەلەسەر هاتن و چوونی لە هیچ بارێکدا دەخلی بەسەر واتاوە نییە. هەرگیزا و هەرگیز تێداچوونی ئەو دەنگە تەئسیر لە واتا ناکا بەو پێیە، موستەحیلە نرخی فۆنیمی هەبێ، دانانی نیگار بۆی دەبێتە هۆی خۆشخوێنیی نووسراو نەك دانهێنان بەفۆنیمبوونی ئەو دەنگە.

٤- فۆنیمبوونی دەنگ و فۆنیمنەبوونی لە حاڵاتی ڕێزمانیدا تاقی ناکرێتەوە، لە عەینی وشەدا تاقی دەکرێتەوە چونکە سوان و گۆڕانی دەنگ لە بارە جوداکانی ڕێزماندا دەستوورەکانی ڕێزمان ساغ دەکاتەوە نەك (هۆیە)ی دەنگ.

٥- هەمزە و دەنگی (ە) لە چاو هەموو دەنگەکانی دیکە تایبەتی و چۆنایەتیی دەگمەنیان هەیە، هۆیەکەش دەچێتەوە بۆ نزیکایەی دەروویان لە پێکی قوڕگ و ژێ دەنگەکانەوە. هاتنیان لە بەرایی وشەوە بەشاوڵەوە و تێچوونیان بۆ ئاوڵی ئەلف و یێ و بەیەکدی گۆڕانەوەیان بەڵگەیە بۆ چالاکییان و خزمایەتیی نێوانیان.

٦- وا دیارە فۆنیمی هەمزە یەکێکە لەوانەی لە گشت زمانەکاندا هەبێت، فۆنیمبوونیشی لە ڕادەی بەدیهییەدایە: هەر زمانێکی هەمزەی لێ بسڕێتەوە کاول دەبێ، کەچی بەسڕینەوەی (ث، ن، ض، ط، ظ، پ، چ، ژ، گ، ڤ، ص، ڵ، ق، ح، ع، ء، غ) کە بریتین لە ١٧ فۆنیم هەموو زمانێك کاول نابێ.

٧- تایبەتیەتیی دەنگی هەمزە و هێ وەها دەکات لە زۆر زماناندا ئاوڵ بەدوایاندا بێت

نەك ڤاوڵ لە هیچە نەو دەنگانە بەساختە دەخاتە پێش خۆیەوە. موستەحیلە میللەتان بەر لە هەزاران هەزار ساڵ بیریان لەوە کردبێتەوە کەوا بۆ خاتری ڤاوڵ لە بەرایی وشەوە بێت دەنگێکی ساختە هەڵبەستن و بیخەنە پێشیەوە. هەزاران هەزار وشە هەن فۆنیمی پێشەوەیان ڤاوڵی بەدوادا دێت، چ قەیدی دەکرد لە جیاتی (ئەز، ئێمە، ئەنگوست...)یش بیانگوتبایە (شەز، شێمە، شەنگوست...)؟ خۆ هەمزە ناعوور نییە یەکی ناو بەرزکردنەوەی پێ بکەوێ، چونکە کەسرە موختەلەسە بەچکەی ناچارییە بەهەڵستانی ناچارییەکە تێ دەچێت.

رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٠١، ١٩٨٤

لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەک

بەشی یەکەم

هەندێ جار نووسین لە بارێکدا دەبێ بشێ پێی بگوترێ (فەرمانی ناچاریی ئێسک قورس) لایەنی ناچارییەکەی لەوەوە دێت کە پێویستی سەرشانی نووسەرە، تا ئەو ڕۆژەی پەنجەکانی لە نووسین دەکەون، خۆی نەدزێتەوە لە دەربڕینی ڕاستیی شرابەوە و ڕاستکردنەوەی شتی هەڵەدار و سازداندنی شتی ناتەواو. لایەنی ئێسک قورسییەکەشی ئەوەیە، چەندێکی نووسین خۆی شیرین بکات دیسانەوە کە ڕووی لە ڕەخنەگرتن و هەڵە دەرخستن و کەموکوڕی بڕین بوو، هەر دەبێتەوە بە وێنەی ناو ئەو ئاوێنە عەیبدارەی کە جوانترین ڕووخسار تێیدا وەک پەتیارە خۆی دەنوێنێ. من بەش بەحاڵی خۆم کە بەسەر نووسینی یەکێکی دیکەدا دەچمەوە هەستی ناڕاحەتی دام دەگرێ، ئینجا کوردی گوتەنی دەبێ هەستی خاوەن تەعام چۆن بێ؟ لە نێوان هاندان و بەرتەکدانەوەی ئەم دوو ماکەی فەرمان و ئێسک قورسییەدا چەند شەفاعەتکارێک ڕووی خامە سپی دەکەنەوە: دەست خاوێنی، نیازی پاک، ئەدەبی شێواز. نووسەرێک ئەم مەرجانەی پێوە نەبێ خوێندنەوەی لێ خەسارە، چ جایی نرخی وەڵامدانەوەی هەبێ.

لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵە سەرەتاییانەدا بەرەو بابەتی گوتارەکەمەوە دەڕۆم کە دەسکێ گوڵی چەند گوڵزارێکی نووسینی ئەم دواییەی ڕۆشنبیریی کوردیم هەڵبژاردووە بۆ خامە تاقیکردنەوە و لە ئارایشتدانیان و خستنەوە بەر نیگای خاوەنە بەڕێزەکانیان و تێکڕای خوێنەرانی خۆشەویستی کوردزمان.

مرۆڤ کە لە نووسیناندا شتێکی ئەوتۆی دیت ئێبینی هەڵبگرێ (کێچ دەکەوێتە کەوڵی) تا تامەزرۆی خۆی لێ دەشکێنێ بە نموونە کە (بەرگی دووهەمی یادی مەردان)ی مامۆستا مەلا شێخ کەریمم خوێندەوە بە دەست خۆم نەبوو لە ئاست ئەو بەیتەی کە لە پەراوێزی لاپەڕە ٣١٥دا مێژووی وەفاتی شێخ عەلائوددینی تێدا دیاری کردووە دڵم هەڵنەچوو بۆ ئەوەی دەنگی خۆمی بگەیەنمێ و بڵێم مامۆستای بەڕێزم' نیوە بەیتی (گم شد از باغ محبت گل باغ عمری) کە بەدوایدا دەفەرموویت (بەحیسابی

حورووفی ئەبجەد نیوە یەیتی دوایی ئەکاتە ۱۳۷۳ و ئەوەش ساڵی کوچی دوایی شێخە) ڕاستییەکەی (۳۱۹۸) دەگرێتەوە کەوا چاری نزیکی ۱۸۰۰ ساڵی ماوە بیگەینێ.

تەئریخەکە لە (گل باغ عمری) دەردەچێ کە دەکاتە ۱۳۷۳. بەداخەوە دەنگم نەیگەیشتێ تاکو وا لەسەر ڕووی ئەم لاپەڕەیە دەڵێم، بەشەدەبەوە، ماموّستا دەرهێنانی مێژووە کە ڕاست و شیرینە بەلام لەو یادی مەردانەدا ئەوەی سەرپەرشتیی کتێبەکەی کردووە بە وردی پەنجەی لە جەرگەی نیشانە نەکێشاوە.

هەر لەو کتێبەی (بەشی دووهەمی یادی مەردان)دا ماموّستای بەڕێزمان کە باسی شێخ نەبی ماویلی دەگێڕێتەوە بە چاکە و دینداری و مەلایەتی ناوی دەبات دیارە ماموّستا قسەی لە جیلی پێش خۆیەوە وەرگرتووە چونکە سەردەمی شێخی ماویلی نەبیری نەو نییە [بەپێی نووسینی ماموّستا لەو کتێبەدا شێخ نەبی لە (۱۳۰۱ی ك) مردووە کە ۱۰۰ ساڵ پتری بەسەردا تێ پەڕیوە].

لێرەدا ناچارم بە دڵی ناتارامەوە بڵێم، بەڵگەی بێ کەلەبەر هەیە لەسەر ئەوەی کە شێخی ماویلی بۆ ماوەیەك لە سەرەتای تێرشادیدا بەڕاستە شەقامی ڕێنموونی و خواپەرستیدا ڕۆیشتووە، لەوە بەولاوە ڕوو لە دنیا بووە.

چونکە بەینێکی تەواویشی لە دەوری دنیا دۆستییەکەی لە کۆیی ڕابواردووە، لەو بەینەدا ڕایەڵەی ڕەفتاریشی کەوتووتەتە ڕێ گوزەر حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی و حاجی مەلا عەبدولای جەلی، گەلێ خەبەراتی ئەو سەردەمەی شێخی ماویلی پشتاوپشت بۆ ڕۆژگاری ئێمە هاتووەتە خوارێ، هەمووشی باسی لە دین دەرچوونی ئەوسای دەگێڕێتەوە تاکو باری گەیشتە ڕادەیەك بوێژێکی ئەو ڕۆژگارە بڵێ:

(ستٌ عشر) ژنیەتی بە مەزهەبی حیماری

(ابن آدم) نەماوە سەری پان کا وەك ماری

لەمانەش چاوپۆشی بکەین هۆ ناشێ شادیەیی حاجی قادر و کارەساتی بەینی ئەو و شێخی ماویلی بەلاوە بنێین؛ حاجی قادر هەر وا لە هۆزرایی و بەرپەیار نەیگوتووە

شێخ دەڵێ باری ڕیا شانم جەمو تاکا ئەگەر

کێوی کاروّخ بێ گوتم سەد (بارك الله) کەر (نەبی)

وەیا لە ئەستەمبوڵەوە بە کۆییبیان ڕادەگەیەنێ:

لە دەوری (کەرنەبی) تا دەوری (گای کویَر)
لە گوێی گا نووستو وون زۆر حەیفە بۆ شێر

شێعرە بڕنەکانی حاجی قادریش بوو وەهای لە شێخ نەبی کرد فەرمانی کوشتنی حاجی قادر بەمریدەکانی بسپێرێ، ئەوانیش ڕابسێنە کوشتنی، دەشیانکوشت ئەگەر فەقێ و موستەعید و هەڵقێکی لەو دەمەدا حازر بوون چەپارەی حاجییان نەدابایە، ئەم ڕاستییانە هی ئەسەلماندن نین، کە بڵێین ڕازی بین بەدەنگوباسی دینداریی شێخی ماوێلی دەبێ هەم مێژوو بەدرۆ بخەینەوە، هەم حاجی قادریش ئەوەندە نزم بکەینەوە کە ڕەوای کوشتن بێ، ئەوساش نازانین شێعرەکانی چ لێ بکەین بەخۆیان و پرشنگی بەهێزی دڵسۆزی و ڕابەرایەتییان لە مەیدانی نیشتمانپەروەریدا. مامۆستامان بە دڵی سافەوە لە (سياق التصديق)دا قسەی ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە کە شایەدیی چاکەی شێخی ماوێلییان ساز داوە، لەمەشدا مەیلی (فطری) بۆ زۆربوونی نموونەی پاکی و چاکی لە مرۆڤدا ڕێ خۆشکەرەوەی باوەڕهێنان بەو شایەدییانە بووە.

لە چەند جێگەیەکی کتێبەکەدا هەڵەی چاپ وای کردووە واتای وشە بگۆڕێ وەیا فۆرمی شێعر بشێوێ. هەندێك لەو هەڵانە لیستەی کۆتاییی کتێبەکە لێیان بێ دەنگە، وەك کە نیوە بەیتێکی حاجی مەلا عەبدوڵلا لە لاپەڕە ١٧٥دا ، نووسراوە:

«لە جێی من بەر شەقی دەم ئەو بەر لەقی دام»

وشەی «ئەوە» لەم نیوە بەیتەدا زیادە و لەنگی کردووە و بڕگەکانی لە یازدەوە کردووە بە دوازدە. لە دەستنووسەکانی لای خۆمان کە من دیتوومن دێرە شێعری ئەم نیوە بەیتە پەیدا نییە. بەهەمەحاڵ سەرلەبەری ئەو هەڵانەی ڕاست نەکراونەوە لە ناو کانی کتێبەکەدا وەکو گۆلمە زیخی بنی حەوز نموونەی نییە و بەنەبوو حیساب دەکرێ.

لە کتێبە سوودبەخشەکەی د. کامل بەسیر (ڕەخنەسازی..)دا کە مەیدانێکی بەرفرەوانی ئەو باسەی گرتووەتە بەر، دەشێ خاوەن ڕایان ڕەخنەی تێدا دەربڕن هەریەکە بەپێی بۆچوونی خۆی، من لێرەدا لەسەر خاڵ و نیوێکی دەنووسم ئەویش نەك بەگیانی ڕەخنە لێگرتن بەڵکو بەنیازی خزمەتی کتێبەکە خۆی و فکری ناو کتێبەکەش.

خاڵەکە خزمەتی کتێبەکە دەکات چونکە هەڵەیەکی چاپ و سەهوێکی پەلەکردنی تێدا چارەسەر دەکات. لە پەراوێزی ژمارە (٣٢)ی لاپەڕە (٣٩) هێنا بۆ ئایەتی (٢٢)ی سوورەتی (الشعراء) کراوە. ڕاستییەکەی ئەو هێنەی بەناوی ئایەتی (٢٢) نووسراوە

بریتییه له ئایەتی (٤) ئایەت. هەر له (٢٢٤) هەتا (٢٢٧)ی کۆتایی ئەو سوورەتە:

ئایەتی (٢٢٤) «الشعراء يتبعهم الغاوون».

ئایەتی (٢٢٥) «ألم تر أنهم في كل واد يهيمون».

ئایەتی (٢٢٦) «وأنهم يقولون ما لا يفعلون».

ئایەتی (٢٢٧) «إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وذكروا الله كثيرا وانتصروا من بعد ما ظلموا وسيعلم الذين ظلموا اي منقلب ينقلبون».

دیاره ژماره (٢٢)ی پەراوێزەکە هەڵەی چاپە، بەڵام وا پێ دەچێ هێماکردن بۆ ئاکە ژماره سەهوو بێ. ئەو خاڵەکەش تێبینیکردنە لەوەی د. کامل له لاپەڕە (٤٠)دا لەبارەی ئەو پێوانانەی قورئان لەو ئایەتانەدا بۆ هەڵسەنگاندنی هەستیارەکانی داناوەو دەڵێ:

پێوانەی یەکەم: له جەماوەری شاعیرە خراپەکانەوە هەڵهێنجراوە کە قورئانی پیرۆز بەناوی (الغاوون) وەسفیان دەکات. واتە ئەوانەی پێشەیان ڕابواردن و له خشتەبردنی خەڵقە.

لەم قسەیە وا دەردەکەوێ کە مەبەس له (غاوون) ئەو کەسانەن کە شوێن شاعیرە خراپەکان دەکەون و هەر ئەو دواکەوتووانەشن و ڕادەبوێرن و خەڵقی له خشتە دەبەن. وەك دەزانین (غاوی) خۆی له خشتە بردراوە چونکە بەواتای (ضال) دێت. له (مختار الصحاح)دا دەڵێ: (غوى: ألغى الضلال والخيبة. غوى فهو غاو، وأغواة غيرة فهو غوى). هەرچی شاعیرەکانن پەکسەر باسی له خشتەبردنی خەڵقیان نەکراوە بەڵام له ڕێی ئەو (غاوون)ەو بە تەئویل دەبنە (له خشتەبەر).

لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبیشەوە قسەیەکی کورتم هەیە دواتر بۆی دێمەوە.

چاوێك بە کتێبەکەی (ئەنجوومەنی ئەدیبان)ی ئەمین فەیزی بەگدا بخشێنین: بێگومان لیژنەی وێژە و کەلەپووری سەر بەدەستەی کوردی له کۆڕی زانیاری عێراق کارێکی مەردانەی کردووە بەزیاندنەوەی بیرەوەریی ئەمین فەیزی و ئەو شوێنەوارە تریسکەدارە و مەیلەو لەبیرکراوەی. کاشکی لەو کارەیدا لیژنە بەنەفەسێکی درێژترەوە ئەمین فەیزیی بەکوردەواری ناساندبایە و پتر ئینووەتی و ئامەزرۆیی ئەدەبدۆستانی بشکاندایە، ئەویش بەهەرخستنی لایەنی نەزانراو له ژیان و سەرجەمی چالاکییە زانستییە ئەدەبییەکانی ئەم بەهرەوەرە گەورەیەی کورد. پێتەکییە کورتیلەکەی لیژنە مێوانی نووسینی مامۆستا ڕەفیق حیلمییە، چی مامۆستا حیلمیش نووسیویەتی بە

حاڵ لە میوانەتیی ئەمین فەیزی بەگی دەرداوی، تەنانەت نازانین (ئەکادەمی فرانسە) کەی و چۆن و بە چ موناسەبەیەک (تەقریری کەمالاتی ئەمین فەیزیی کردبوو بەپێی تەعبیری مامۆستا حیلمی). ئێمە باوەڕمان هەیە بەشایەدییەکەی مامۆستا حیلمی بەڵام ئینووشین بۆ ئەوەی شارەزاتر بین بە بناوان و بنەمای ئەو خەبەرەی وەری دەگرین بەش بە حاڵی خۆم شارەزاییم بە ئەمین فەیزی چی ئەوتۆ فەرقی نەکرد، بگرە لە پەراوێزی بەرفرەوانی کە من بە دەوری ناوی ئەمین فەیزیمدا کێشا بوو، هەر لەبەر تەنگەبەریی پێشەکی و ناوەرۆکی کتێبەکە تا لەو پەراوێزە کەمێک وێک هاتنەوە ڕووی دا.. بێگومان ئەمین فەیزی گەلێک زلترە لە ڕانواندنی ئەم کتێبەکە هەر نەبێ لەبەر دوو سەبەب. یەکەمیان هەژاریی کتێبەکە. دووەمیان لەو ڕووەوە کە بەرهەمی نووسراو چەندێکی ببێ بەشێکە لە ئەنباری زەخیرەی نووسەرەکەی، تەنانەت سەرلەبەری بەرهەمی نووسەر و زانا و هونەرکار بەراقەکردن و بەسەرەوەنانیش هەر ناتوانێ (هەموو) بەهرەی خاوەنەکەی بەدەستەوە بدات. ئنجا کە من بێم ئەمین فەیزی بناسم لە ڕێی ئەو کتێبەوە کە چەند پارچە هەڵبەستێکی زانراو و بیستراوی شاعیرانی سەر بە بابانی تێدا کۆ کراوەتەوە، پێشەکییەکانیشی تروسکەیەک ناهاوێژن بۆ هیچ لایەنێکی مەزنایەتیی ئەم مەزنە زانایە، بە دەست خۆم نییە ئەختێک پەرگارم وێک دەهێنمەوە.. بەڵێ دەزانین بیرکردنەوە لە دەرکردنی کتێبێکی ئەوتۆیی لەو ساڵەدا (١٩٢٠) بەڵگەی سۆز و پەرۆشی خاوەنیەتی بەڵام دەبێ ئەم خاڵانەش بە چاوەوە بگرین:

١- ئەو ساڵەی دەرچوونی کتێبەکە بەنیسبەت ئەوسا زۆر زوو نییە بەنیسبەت ئێستاش زۆر کۆن نییە. دەرکەوتنی گیانی کوردایەتی بەنووسینی پتر لە چواریەکی سەدەیەک بەر لەو کتێبە خۆی نواندبوو. ئەوسا (٢٣) ساڵ تێپەڕی بوو بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە ئەستەمبوڵ بە ناوەرۆکی شیعر و پەخشانەوە.

٢- ئەو باری چاپەمەنی کە لە ئەستەنبوڵدا هەبوو لە شوێنی بێ چاپی وەک کوردستان پەیدا نەبوو. یەکێک ویستبای لە قەڵادزەی ١٩٢٠ کتێب چاپ بکات دەبوو خۆی هەڵکوتێ بۆ هەندەران. نموونەی هەرە جانفیدای کورد لە مەیدانی چاپەمەنیدا سەید حوسێن حوزنی موکریانییە. دوور لە ڕووی ئەو وەک کە جانەوەر لە ترسی دڕندەی گۆشتخۆر بێچووی دەگوێزێتەوە، ئەویش بە ئاوارەیی مەکینەی چاپەکەی بە وڵاتاندا دەگێڕا. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی.

٣- زیاندنەوەی ناوی ئەدیبەکانی کورد دەمێك بوو سەرمەشقی دادرابوو. بە تایبەتی لە شیعری حاجی قادردا کە نیگای بە هەموو کوردستاندا گێڕا بوو، تەنانەت لە قەسیدەی (شەمسەواری بەلاغەتی کوردان)دا شاعیرەکانی کۆیەی پشتگوێ خستبوون.

٤- گەلێك سەربازی نەناسراوی بێ ناوونیشان بەدەستووس کەشکۆڵی وەهایان تۆمار کردبوو کە دواتر ئەمین فەیزی بەگ و تەزکیرای کوردیش لەبەریان بنووسنەوە. مەراقی ئەو خەتخۆش و خەت ناخۆشانەی بێ ناوونیشان بۆ نووسینەوەی شیعر و خەیراتی تەفرەقەی سەر بە کورد گەلێك گەنجینەی ئەدەبی و هەواڵی مێژوویی بۆ ئێمە کرد بەزەخیرە. لەو مەراقەشدا نە بەتەمای ماڵ بوون و نە بەتەمای ناو وەك کە نووسەر و بڵاوکەرەوەی ئەم ڕۆژگارە بەهۆی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەوە لە ماڵ و ناویش خاوەن بەشکن، هەزار جار لێیان پیرۆز بێ.

ئەم تێبینییانە نرخی کتێبەکە دانالەنگێنێ بەڵکو وەك کە من هۆشم بەنرخی شتان بشکێ نرخی ڕەوای بۆ دادەنێ. دوای ئەوەی کە تیشکی واقیع ڕۆشنایی خستە دەوروبەری کتێبەکە و هەر هۆیەك لەوانەی ڕێیان بۆ دەرچوونی خۆش کردووە دەرخسترا ئەوسا بە دڵی ئارامەوە دەڵێین ئەمین فەیزی بەگ دەستهێشخەرییەکی گیانپاکانەی لەو مەیدانەدا کردووە.

ئەگەر هەڵەی چاپ بەرپرس نەبێ بڵێین هەندێك لەو نموونانەی فەیزی بەگ کردوونی بە ناوەڕۆکی ئەنجوومەن بە ئەسڵ لەنگ و تالەبار نووسراونەوە ناشزانم چۆن بەسەر زیهنی فەیزی بەگدا کشیوەتن. وەك دیارە لیژنەش خۆی بەڕاستکردنەوەی ئەو نموونە عەیبدارانەوە خەریك نەکردووە بەنجەشی بۆ ڕانەکێشاون. خۆ و تالع وا بووە هەڵەیەك لەخۆوە چارەسەر کراوە وەك کە سەرەتا ناتەواوەکەی (شەکوای حاڵ)ی (عارف) کە لە لاپەڕە (١٣٤)دا نووسراوە، لە لاپەڕە (١٣٥)دا بەهۆی دەقی قەسیدەکە کە لە کتێبی (لە خەوما)وە ڕاگوێزراوە ناتەواوییەکەی چار کراوە. هەندێ جاریش هەڵە وەیا ناتەواوی شیعری نالی لە ڕێی شەرحەکەی مەلا شێخ کەریم و کاك فاتیحەوە بەسەر گیراوەتەوە بەڵام لە زۆر شیعری دیکەدا هەڵەکان وەکو خۆیان ماونەتەوە هێماشیان بۆ نەکراوە وەك کە لە لاپەڕە (٩٠)دا میسرەعی یەکەمی بەیتی سێیەم لەنگە و بەلەنگی ماوەتەوە

«گەر بەناوزەنگی پەراسووی ئەمسەر و ئەوسەر هەڵدڕی»

دەبوو بنووسری:

«گەر بە ناوزەنگی پەراسووی ئەمسەرە و سەر هەڵدڕی»

ڕاستییەکەی هەر لەو لاپەڕەیەدا دەبوو بنووسری:

«ساڵ دوانزەی مانگ سواری نابم و...»

چونکە کە نووسراوە (ساڵ دوانزە مانگ..) بەیتەکە کێشی تەنبەڵ بووە

بگەڕێوە بۆ لاپەڕە (٨٥) دەبینی بەیتەکەی نالی نووسراوە:

«تیپی شکۆفە خەیمەیی هەڵداوە لە هەر طەرەف»

ڕاستەکەی ئەمەیە:

«تیپی شکۆفە خەیمەیی هەڵدا لە هەر طەرەف»

پێشتریش لە لاپەڕە (٧٨)دا لیژنە چەند بەیتێکی خستووەتە سەر بەیتەکانی ناو ئەنجومەن و یەک دوو هەڵەی تێدا کردوون.

نووسیوەتی:

«دەبێ ئەشکی تەراپووزی نارەزوو ئەی دیدە بشکێنی»

میسرەعەکە لەنگە نە دەزانم چۆن چار دەکرێ نە لە واتاشی دەگەم. دواتریش نووسیوەتی:

«ڕەها بێ گەر لە بەندی زوڵفی یارا گەردنی من»

ئەمەشیان لەنگە ئەگەر نووسرابایە:

«ڕەها بێ گەر لە بەندی زوڵفی یارا گەردن و شانم»

لەنگییەکەی ئەنەما. بەڵام سەیر لەوەدایە لیژنە نیوەی دووەمی ئەم بەیتەی لە لیستەی (ڕاستکردنەوەی هەڵەی چاپ)دا چار کردووە کە نووسیوەتی (بەعدە) هەڵەیە و (بەعد) ڕاستە ئەمەش نیوە بەیتەکە بەهەڵەیەوە:

«بە سەهلی بەعدە ئەزین بازی بەحەلقەی ئەژدەها ناکەم»

هەڵەی دیکەش لەو بابەتە دەکەونە بەرچاو مەبەستمان نییە سەرژماریان بکەین. بەڵام دەبێ بڵێم فەیزی بەگ لە ژێرووی لاپەڕە (١١٨)دا بەدوا قەسیدەکەی شێخ ڕەزادا

نووسیوەتی: (بیشمە) (شاوڕ) (شیتنە) ئەمانە ئیسمی دێهاتن، وەك دەزانین (بێشمە) ناوی دێ نییە بەڵکو (بێ شەمە) بەواتای بۆنخۆشە و خەڵق دەڵێن (تووتنی بێ شەما). وشەی (بێ) لێرەدا لە (بە)ی فارسییەوە گۆڕاوە بەنووسینی کوردی (بێهـ) دەنووسرێ. وا بێ دەچێ فەیزی بەگ وشەی (بێ شەمە - بێ شەما)ی نەبیستبێ. لیژنەش بێ لزووم خۆی لێ بێ دەنگ کردووە.

لە لاپەڕە (٣٨)دا فەیزی بەگ ڕای خۆی لەبارەی شاعیریەتیی نالی دەربڕیوە دەڵێ «زەکای نالی ئینکار ناکرێ. لاکین ئەوەندەی سەنایعی لەفزییەی ئیستیعمال کردووە بهار ڕەنگە بڵێ: شیعری ئەو نەتیجەی عیلم و ئیشتیغالە».

لێرەدا مەودای موناقەشە بەربەرەڵایە و هەویرەکە ئاوهەوازە بەڵام من بەکورتی دەڵێم: گلەییەکی گەورە ناچێتەوە سەر فەیزی بەگ لەوەدا کە قووڵ نەبووەتەوە لە سەرجەمی شیعری نالی چونکە ئەو لە بنەڕەتدا شاسواری زانست و عەسکەرییە نەك ئەدەب. لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانم بڵێم سامانی هونەری و ئەدەبیی لە ڕادەبەدەری نالی وەهای کردووە لە چاو هەزاری و نەداریی لە ڕادەبەدەری کورد خۆی زەق بنوێنێ وەك کە هەزار جلکی پۆشتە لەبەر بکات پێوەی دیار دەبێ دەنا ئەگەر هاتبایە هەمان کەرستەی (صنایعی لفظیە) بەبەر شیعری حافز و سلێمان نەظیفەوە بایە کەس لێی بەسەر نەدەگرتنەوە سەیرێکی ئەو نموونانەش بکەیت کە (ئەنجوومەن..) لە شیعری نالیی هەڵبژاردوون وەکو (قوربانی تۆزی ڕێگەتم - لە دوگمەی سینە - تاقمی مومتازی شاهـ - تا فەلەك دەورەی ئەدا - ئەمردم من - تەشریفی ئەوبەهارە..) ئینجا نموونە یەك لە دوا یەکەکانی لاپەڕە (١٤٥ - ١٤٦ - ١٤٧) هەموویان شیعری نازکی پاراوی دەوڵەمەندی هونەرکاری شاکارن. هەندێ قەسیدەی نالی کە ناخنراون بە وشەی سەخت و واتای تێکئاڵاوی ورد و قووڵ لە ڕاستیدا بۆ ئەو سەردەمە و بۆ هەموو سەردەمێك سەرمەشقی هونەر و ئەدەبن، بەدەست و قەڵەمی ڕەنگین و هێزای ئەو نەبێ ئەخشەکێش ناکرێن . لە نووسینی دیکەمدا گوتوومە یەك لە هونەرە بەرزەکانی نالی ئەوەیە کە توانیوەتی وشەی سەخت و سەرکێش ڕام بکات بۆ ناو ترنجۆکی شیعر وەك کە دەڵێ:

برق البصر لەبەر بەرق و تەلەئلوئی لە نالی
خسف القمر لە ئیشراقی قیامەتی جەمالی

وەیا کە دەڵێ:

طەبعی نالی تونده نیمرۆ یا بە نەشئەی ئەم نیگاهـ
مەستی ڕەحراح و مەی و ڕاح و قوراح قەرقەفە

(کوردی)ش لەلای خۆیەوە وەهای کردووە کە گوتوویەتی:

«لەوشیش ثبوتی دەعوییە یا ڕاستە یا درۆ»
بەڵام (کوردی) کە دەڵێ «باعیثی عومیانی بەسەر»

عەرەبییەکەی کورتی هێناوە چونکە وشەی (عمیان) بەواتای (عمی، کوێری) نەهاتووە. هەرچەند سەیری هەموو قاموسێکم نەکردووە بەڵام وابزانم ئاشکرایە (عمیان) ڕێژەی کۆی (أعمی)یە.

نالی شاعیری بەهرەیە نەك ڕاهاتن، بەڵکەش زۆرن یەکێکیان ئەوەیە کە نالی لە شیعردا ئارایشتی وەها بەکار هێناوە گرفت و لەقی و هەناسەسواریی تێدا نەبێ، لە زۆر شوێنیشدا خەیاڵی وەها تەنگی ڕاو کردووە هەر دەڵێی خەریکە بەتاو داوە شیعرەکانیدا دەرباز بێ:

بەنەشئەی سستی و مەستی وەها مەستوور و مەخمورە
نەزانم خەو لە چاوتدایە یا چاوت لە خەودایە

لێرەدا چاوی مادی و خەوی مەوهووم تێکەڵ بەیەکدی بوون، لە خۆڕاییش ئەو تێکەڵبوونە پەیدا نەبووە. وشەکانی (سستی، مەستی، مەستوور، مەخموور) ڕێگەیان بۆ خۆش کردووە. دوو وشەی (مەستوور، مەخموور)یش تێکەڵ بەیەکدی بوونەتەوە چونکە هەرچەند یەکیان کوردییە و ئەوی دیکەیان عەرەبییە، هەردووکیان لە مەینی دوو واتا بەشدارن:

مەستوور: سەرخۆش، داپۆشراو

مەخموور: سەرخۆشی داپۆشراو – لە «خمار»ەوە

ئیتر حەز دەکەیت (مەستوور)ەکە (سەرخۆش) بێ و (مەخموور)ەکەش (داپۆشراو) بێ، حەزیش دەکەی بارپان بگۆڕە یان هەردوویان بەهەردوو واتاوە بۆ تەئکید بێ بارمەتیی تێکەڵبوونی مادە و وەهمەکە دەدات..

هەر لەم غەزەلەی کە ئەم بەیتەی تێدایە فەیزی بەگ بەیتی دوایینی وەها نووسیوە:

لە دووریی تۆیە ئەی خورشیدی پرتە و بەخشی شەوگەردان
کە نالی وا لە حالاتی محاقی ماهی نەودایە

ئەم وشەیەی (دووری) سەرەتای بەیتەکە بووەتە تەمکەی ئەدیبان و بەمدیت
ەکێکی پێوەی ئەبوبێت. وشەکە (دوور)ە نەك (دوور) بەڕێنووسی کۆن هەردووکیان
(دوور) دەنووسران.

ئەگەر نالی لەو خورشیدە پرتە و بەخشە دوور بایە ئەدەکەوتە حاڵەتی (محاق)
ڵکو دەبوو بە (بدر) بەلام چونکە لە شەودا وەها لێی نزیك بووەتەوە کە پێشتر
وتبووی:

«هەناسەم زولفەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی»

حەقیقەتی بڵێ لە حالاتی محاقی ماهی نەودام. وشەی (نەو - نوێ) لێرەدا بە تەنها
نوێ نرخی قەسیدەیەکی سەرکەوتووی هەیە. ئەم وشەیە یەکێکە لەوانەی کاری
فسووناوی دەکەن: وەك دەزانین حاڵەتی (محاق) لە نێوان کۆتایی مانگ و سەری
مانگدا دەبێ. ئەگەر محاقەکە بەر لە کۆتایی مانگ بخرێ هی پتربوون و
سەرچوونی مانگە. ئەگەر هی (ماهی نەو - مانگی نوێ) بێ هی فراژیبوون و
ەشەی مانگەکەیە، دیارە لێرەدا نالی کە بەیارەکەی گەیشتووە دەبێ لە محاقی
مانگی نوێ)ی بەرەو گەشەکردن بێ. سەیری ئەم نوکتە ئەفسووناوییە چەند بە لووس
لیکی و بێ گرفت و گرێ، هێندەی هەناسەی ئارام، دێت و دەچێت تا ئەوەی چاو و
ۆشی ئەدیبانی بەسەردا دەکشێت و هەستی پێ ناکەن. ئایا ئەمە (صنایعی
فظیه)یە یان هونەری ئەژاوی زگماکی سروشت زادە؟

لە ڕیزە گوتاری (چەپکێك لە گوڵزاری نالی)دا ئەم غەزەلەم شی کردووەتەوە و
وتوومە سەرلەبەری بەیتەکان باسی ئەجرەبەیەکی سەردەمی گەنجایەتیی نالی
گێڕنەوە کە بەشەو چووەتە پارێزی دۆستەکەی. ئینجا ئەگەر فەیزی بەگ بەچاکی
ە واتای بەیتەکان ورد بووبایەوە هەڵبەت ڕایەکی بەرلەدا دەدات لەبارەی
اوەتەکەیەوە جودا بێ لەو (صنایعی لفظیە) ئەوسا دەشینووسی (لە دەوری تۆ..)

لیژنە ناوناوە لە چەندوچۆنی نموونە شیعری ناو کتێبەکە ڕایەکی خۆی دەردەبڕێ
لك کە لە پەراوێزی لاپەڕە (١٣٠)دا (داری سەنگدل) بەسەر (یاری سەنگدل) تەرجیح
ەدات. بەمەشدا کارێکی باشی کردووە، بەلام دڵەکەم لە زۆربەی ئەو شوێنانەی لێ

بەرەنگهاتنی دەوێ لیژنە بێ دەنگە. لێرەدا من ڕێنووسی ناو کتێبەکە و شێوەی چاپکراوی وشەکانی دەکەم بەشایەدی بیروڕای خۆم. ناشزانم ئەو هەڵانەی لە کتێبەکەدان چەندیان هی چاپن و چەندیان ئەسڵین. ناشزانم ڕادەی دەسکاریی لیژنە لە ڕێنووسی کتێبەکە چەندە چونکە ئاشکرایە فەیزی بەگ ڕێنووسی ووەکو هی ناو کتێبەکەی بەکار نەهێناوە.

نوسخەی کتێبەکەی ١٩٢٠م لا نییە بەراوردی بکەم لەگەڵ هی ١٩٨٣. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ وتووێژ لەگەڵ ئەو شێوە ڕێنووسە بێ کە کتێبەکەی پێ چاپ کراوەتەوە.

لە ئاست بیروڕای لیژنەدا تێبینی دەردەبڕم لەگەڵ ڕێز و سپاسیشم بۆی:

لە لاپەڕە (٢٢، ٢٣)ی کتێبەکەدا لیژنە چەند ڕایەکی دەربڕیوە جێی هەڵسەنگاندنن. لە پێشەوە دەڵێ نالی لە (١٢١٥ک – ١٨٠٠ز) هاتووەتە دنیا. ڕەنگە ئەم قسەیە ڕاست بێ بەلام هیچ بەڵگەی لەگەڵدا نییە. لە کەسیش مەعلووم نەکراوە چۆناوچۆنی ئەو ساڵە بووە زادساڵی نالی. وەختی خۆی من لە (چەپکێك...) لەبارەی ساڵی بوون و مردنی نالییەوە دواوم. دواتر کاك فاتحیش بەدرێژی لە مەسەلەکەی نووسیوە. عەلی موقبیل و بەدوا ئەویشدا هی دیکە دەڵێن نالی لە ١٧٩٧ هاتووەتە دنیا. وەك کاك فاتیح دەڵێ ئەم ساڵەیان لە بەراوردە هەڵەیەکەی عەلی موقبیلەوە هاتووە کە (١٢١٥ی ك)ی بەرانبەر (١٧٩٧ز) داناوە. بەهەمەحاڵ ساڵی لە دایکبوونی نالی وەها بەڕاشکاوی نە ١٨٠٠ و نە ١٧٩٧ و نە هیچی دیکەشی بە متانەوە بۆ دەست نیشان ناکرێ. هەر نەبێ پێویستە سەیرەکێك وەیا پرسەکێك (علامة تعجب، علامة استفهام) بخرێتە سەر ئەو ساڵەی بۆ لەدایکبوونی دادەنرێ. بەلای منەوە چەندێکی لە سنووری لوانداوبوونی نالی پێش ١٨٠٠ بکەوێتەوە چاکتر دەگونجێ لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە نالی لە حوکمڕانی (عەبدوڕەحمان) پاشادا دەستی کرد بەهەڵبەستی کوردی.

عەبدوڕەحمان پاشا یەکەم ئەمیری کورد بوو بیری لە کوردایەتی کردەوە و گیانی کوردایەتیی لە دەوری ئەودا شیعری عەرووزی کوردیی لە بابان و سەرلەبەری کوردستانی عێراق و ئێراندا داهێنا. من لە نووسینی دیکەمدا بەدرێژی ئەم ڕاستییەم باس کردووە، لیژنەش لە بەراوێزی لاپەڕە (٢٣)ی (ئەنجوومەن...)دا بێ ئەوەی هێما بۆ لێکدانەوەی کەس بکات دەڵێ «بنیاتنانی شاری سلێمانی (لە ١٧٨٤ز) و بوونی میرنشینی بابان پاڵهێوەنەرێکی بەهێز بوون بۆ تەقینەوەی بەهرەی شاعیرێتیی

[شاعیریەتیی] (نالی) ڕاستی ئەم بارە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتییە نوێیە بووە کە نەیهێشتووە ئەم بەهرەیە وشك بێتەوە. دوا بەدوای خۆیشیا دەستەیێ شاعیری مەزن و گەورەی پێ گەیاندووە وەکو (سالم) و (کوردی) و (مەحوی) و (حاجی قادری کۆیی).. هتد.

ئەم قسانەی لیژنە بایەخدارن بەڵام کەلەبەریان هەیە و هەڵسەنگاندن هەڵدەگرن:

أ- لە ساڵی (١٧٨٤)ەوە تا ئەو ساڵەی نالی گەیشتە تەمەنی شاعیریەتی بەلای کەمەوە ٣٠ ساڵێکی بردووە. ئینجا ئەگەر پەیدابوونی سلێمانی خۆی لە خۆیدا کاریگەر بوویێ دەبوو بەر لە نالی شاعیری دیکە پەیدا بووبن شیعری عەرووزی کوردی بهۆننەوە.

ب- باری کۆمەڵایەتی و ئابووریی بابان لەو ساڵانەدا کە نالی تێیاندا بوو بەشاعیر وەها لەبار و ئارام و تێر و تەژی نەبوو لە چاو ساڵانی دیکەدا کە تازە بەتازە سلێمانیی تێدا بنیات نرابوو.

ج- لە کوردستانی عێراق و ئێراندا بەر لە بنیاتنانی سلێمانی شاری دیکە هەبوون، تەنانەت (سنە) میرنشین و گەورەتریش بوو لە سلێمانی. باری ئابووریشیان لە هی سلێمانیی ئەوسا بەرەژێرتر نەبوو کەچی شیعری عەرووزییان پەیدا نەکرد.

هۆی هەرە گرنگی لە پەیدابوونی شیعری عەرووزی کوردی لە کوردستانی عێراق و ئێراندا ئەوە بوو کە عەبدوڕەحمان پاشا دەستی دایە کوردایەتی. ئەویش لەوەدا قەرزداری شۆڕشی فەرەنسە بوو. سەرنج بگرن لە بەیتەکەی عەلی بەردەشانی کە پێی دەگوترێ (بەیتی عەبدوڕەحمان پاشا) چ ئاگرێکی گیانی کوردایەتیی تێدایە. عەلی لەو دەمەدا لە بارەگای عەبدوڕەحمان پاشادا شاعیر بووە بۆیە وەها هەستی بزووتووە دەنا بەیتی دیکەی زۆرن کەچی کوردایەتییان تێدا دیار نییە. کە بپرسین ئەدی بۆچی نالی یەکسەر دەستی نەدایە کوردایەتیی وەك کە عەلی بەردەشانی کردی؟ دەڵێین نالی لە بارەگای عەبدوڕەحمان پاشادا نەژیاوە وەکو کە عەلی تێیدا دەژیا. بۆ نالی و برادەرانی ئەوەندە مومکین بوو کە لە ئیلهامی کوردپەروەریی عەبدوڕەحمان پاشاوە بەرەو هەڵبەستی کوردی ڕۆیشتن. تەنانەت نالی کە بۆی ڕێك کەوت دۆستی سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشا بێ (تا فەلەك دەورەی نەدا) و (ئەم تاقمە موەننازە)ی هۆنییەوە لە دەوری عەبدوڕەحمان پاشادا نالی و سالم تازە مێردمنداڵ بوون و لە ساڵی مردنی

عەبدورەحمان پاشا (١٢٢٨ك) تەمەنیان (١٣) ساڵەیی بووە [بەپێی ئەوەی لە ١٢١٥ لەدایک بووبێ]. هاوڕێیەتی و یەیەکەوەژیان هۆیەکی زیندە زیندە کاریگەرە لە ملیۆنی یەکێك نییە بێ ڕابەر خودبەسەر بەرەو بیرێکی نوێوە بڕوا دەبینی میللەتێك بۆ ماوەی هەزار ساڵ لەسەر باوەڕێك دەژیت ئینجا یەکێکی بەهرەمەند و دڵگەرم و قسە پاراو لە بارێکی پەپرشتدا دەم لە بیرێکی نوێ دەبزێوێ و هەزاران هەزاری بۆ بەدەنگ دێت و دوای دەکەون وەها دەبێ خەڵق شەیدای شەخسییەتی ڕابەرەکەیان دەبن هەرچەند ناپەسەند و خوێپەرستیش بێ وەك کە مریدەکانی (حسن الصباح) بەبرو هەڵنەکاندنی ڕابەرەکەیان خۆیان لە شاخی هەڵدەداشت.. ئێستاکەش شەیدای ئەوتۆیی پڕی دنیایەن.

ئەم باسە زۆری بەبەرەوەیە پێویست نییە پتری بە دوو بکەوین:

لیژنە دەڵێ سالم و کوردی بەدوا نالی و بەپێڕەویکردن لەوەوە بوونە شاعیری کوردیەژن. بەپێی ئەو تەرجەمە حاڵەی لیژنە خۆی بۆ سالم و نالیی پەسەند کردووە سالم و نالی لە هەمان ساڵی (١٨٠٠ز) بەوطەد بوون. لەوەوە بەسەرنجدان و ئاکام لە واقیعەوە وەرگرتن دەرفەت نامێنێ، وەیا یەکجار تەسك دەبێتەوە، بگوترێ سالم بەدوا نالیدا شیعری کوردیی گوتووە.

ئەم ڕاستییە لە ڕوویەکی دیکەی واقیعەوە مەحکەمتر دەبێ کە نالی زادەی (خاك و خۆڵ)ی شارەزووره، ئینجا چ بڵێین باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی سلێمانی هاندەر بووبێ بۆ پشکووتنی غونچەی شیعری کوردی [وەك کە لیژنە بۆی چووە]، چ بڵێین ڕابەرایەتیی عەبدورەحمان پاشا لە گیانی کوردایەتی بەدوا بەرپابوونی شۆڕشی فرەنسە ئەو هاندەرە بووبێ [وەك من بۆی دەچم] نالی پێی ناکرێ بووبێتە ڕابەری شاعیرێکی وەك سالم کە خۆی خەڵقی سلێمانی و لە بابانەکان نزیکتر بووە. بەپێی تەمەن نالی و سالم ڕێکڕا دەگەنە پایەی شاعیرییەت، ئیتر بۆ دەبێ سالم بەدەپار نالییەوە بووەستێ تا لە دەشت و دەر پێ دەگات و دەچێتە عومرێکەوە دەست بدا بۆ (موستەعیدی) لە خوێندنی شارستان و بە ئیلهامی شارستانەتیی سلێمانی وەیا ڕابەرایەتیی پاشماوەی گیانی کوردایەتیی عەبدورەحمان پاشا بەهرەی شاعیریەتیی گەشە بکات ئینجا سالم لێیەوە فێری شیعری کوردی بێ؟ چ شارستانەتی هاندەر بێت و چ ڕابەرایەتییەکەی عەبدورەحمان پاشا، سالم لێوەی نزیکترە و زووتر چەشەخۆری دەبێ.

راستیی مەسەلە ئەوەیە سالم و نالی پێش و پاش ناخرێن و بەکەس ناکرێ نیسپاتی مامۆستایەتی و سوختەیەتیی بۆ ئەم و ئەو بکات. مستەفا بەگی کوردی بەپێی ئەرجەمەنامەکەی ناو (ئەنجوومەن..) کە لیژنە دایناوە، وەبا پەسەندی کردووە، بە (١٢) ساڵ لەوان گچکەتر بووە. دوازدە ساڵ جوداوازیی تەمەن لە سەرەتاکانی ژیاندا بایبی پێویست دەکات بۆ هەڵنانی پلیکانەی سەرەی یەکەم و دووەم. کە مستەفا بەگ دە ساڵی بووە ئەوان لە بیست و ساڵ تێپەڕیان کردووە. بەم پێیە دەشێ مستەفا بەگ بەشوێن ئەواندا هاتبێ. حاجی قادریش کە کوردی پێش نالی دەخاتەوە و دەڵێ:

ئەو کە نۆشی شەرابەکەی نالی
نالی لەم عەسرەدا بووە تالی

مەبەستی ئەوە نییە بڵێ نالی بەدوا کوردیدا بووەتە شاعیر بەڵکو مەبەستی پایەی شاعیرییەتە. بەڵام وەها دەزانم ئەمیش هەر رایەکە لە سیاقی شیعردا هاتووە نەک بەرهەمی توژینەوەیە. حاجی قادر لە گەلێک بەیتدا بە نالیی هەڵگوتووە و پێیەوە دیارە چ پایەیەکی لێ دەنێ.

لیژنە ساڵی مەرگی نالیشی بێ لێکۆڵینەوە و دوودڵی دەستنیشان کردووە، لەوەشدا قسەی لە خۆی بە پێشەوە، کە بێ بەڵگە (١٨٥٦)ی بۆ مەرگی نالی دیاری کردووە، دووبارە دەکاتەوە.

ساڵی مەرگی نالی وەک هی لەدایکبوونی سوڕگوم نییە:

دەبوو لیژنە سەرێک لە پێشەکییەکەی شەرحی مامۆستا مەلا کەریم و (چەپکێک..) خوار بکاتەوە، هەر نەبێ لەواندا لێکدانەوەیەک کراوە.. بەو دواییەش مامۆستا (حەمەبۆر – بەپێی تەعبیری خۆی) دەستنووسێکی دۆزییەوە و گوتارێکی لەسەر بڵاو کردەوە گومان ناهێڵێ لەوەدا نالی دوای ١٢٨٨ مردووە کە دوای (١٨٧٢ز) دەگرێتەوە. (چەپک...) و شەرحەکەی مامۆستا مەلا کەریم و گوتارەکەی مامۆستا حەمە هەڵیان دەگرت دوو قسەیان لە بارەوە بکرێ هەر نەبێ بۆ پووچاندنەوەیان. بەپێی ئەم سەرچاوانە نالی بەر لە (١٨٧٢ز) نەمردووە، شیعرەکانیشی شایەدن کە زۆر پیر بووە و تەمەنی ٥٦ ساڵە جێگەی بۆ ناکاتەوە.

لیژنە لە لاپەڕە (٢٣)دا دەڵێ «ئەم شاعیرە گەورەیە لە پاش ساڵی ١٨٤٠ز بە ناچاری شاری سلێمانیی بەجێ هێشتووە». لیژنە پێمان نالێ بۆچی دەبێ ئاوارەبوونی دوای

١٨٤٠ ز بێ، تێنەگەیشتن تێگەیشتنی (ناچاری)یەکە چییە. وا من لە وەکالەتی ئەو وەڵامی ئەو دوو پرسیارە دەدەمەوە:

ساڵی (١٨٤٠ز) لەوەوە دێتە پێش لێکدانەوەی لیژنە چونکە مەعلومە لە ساڵی (١٢٥٤ك) کە دەکەوێتە بەرانبەر (١٨٣٨ - ١٨٣٩ز) لە سلێمانی بووە: بەپێی ئەوەی لەو ساڵەدا (تا فەلەك دەورەی ئەدا)ی لە لاواندنەوەی سلێمان پاشا و پیرۆزبایی ئەحمەد پاشای باباندا گوتووە، دیارە لە سلێمانی بووە. چونکە دواتریش لە قەسیدەی (ئەم تائفە مومتازە)دا مەدحی سپای ئەحمەد پاشا دەکات دەبێ لە (١٨٤٠ز)یش جارێ لە سلێمانی مابێ.

ناچارییەکەش لەوەوە دێت کە نالی لە پاش تێکچوونی میرنشینی بابان، لە ترسی ستەمی تورکە عوسمانلییەکان بۆی دەرچووە. بەڕاستی ئەم (ناچاری)یە لزووم بەناوهێنانی ساڵی (١٨٤٠ز) ناهێڵێ چونکە وەك (تحصیل حاصل)ە کە ڕمانی حاکمایەتیی بابان دەکەوێتە دوای سەرەتای حوکمی ئەحمەد پاشا. تێ ناگەم لیژنە، یان ئەو ئەندامەی لە بری لیژنە پێشەکییەکەی نووسیوە، بۆچی وەهای پەسەند کرد کە بەوشەی (ناچاری) ساڵەکەی (١٨٤٠ز) هەڵوەشێنێتەوە؟ ج دەبوو بیگوتبایە دوای ڕمانی حاکمایەتیی بابان نالی بەناچاری ئاوارە بوو، بێ ئەوەی پێویست بەناوبردنی (١٨٤٠ز) بکات؟

ساڵەکەی ڕمانی بابان لە هەندێ نووسیندا کە یەك لەوان پێشەکییەکەی شەرحی مامۆستا مەلا کەریم و کاك فاتیحە (١٢٦٤ ك)ی بۆ دەستنیشان کراوە کە دەوەستێتە بەرانبەر بە (١٨٤٧ - ١٨٤٨ز). بەڵام بەپێی ئەوەی کە عەبدولباقی عومەری لە پیرۆزبایی نەجیب پاشای والیی بەغدا بەبۆنەی زاڵبوونی بەسەر باباندا نیوە بەیتی (بسدید رأیك فتحت بابانها)ی کردووەتە مێژووی ئەو زاڵبوونە دەبێ لە (١٨٤٥ ز) بابان تێك چووبێ.

بەلای باوەڕی منەوە نالی لە کۆە حەجی ساڵی١٢٦١ وەیا ١٢٦٠ بە ئاسایی بۆ حەج چووە بەڵگەش بۆ ئەم ساڵە لە لێکدانەوە و پێداویستیی حاڵ و واتای هەندێ شیعری نالییەوە دەردەست دەکرێ.

أ- هیچ بەڵگەی سەلمێنندراو نییە ئەم ساڵە بەدرۆ بخاتەوە

ب- ئەگەر نالی لە کاتی داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن تورکەوە جارێ لە سلێمانی

بوویێ و لە ترسان هەرای کردبێ، زەحمەت دواتر بوێری پرسی گەڕانەوە لە سالم بکات. بەڵام ئەگەر لەو دەمەدا چووبێ بۆ حەج جێی خۆیەتی ئەو پرسە بکات چونکە پێشتر تەجرەبەی حوکمی تورکی لە سلێمانی نەبووە تا بزانێ ئایا لەوانەیە تێیدا بحەوێتەوە یان نا؟

ج- سەرنج لە موناجاتەکانی ڕێی حەج و قەسیدەی (ئەی ساکینی ڕیازی مەدینەی مونەوەرە) و قەسیدەی (وەی کە ڕووزەردی مەدینە..) بگرە هەست بەوە ناکەیت نالی ئاوارە و لێقەوماوە بە تایبەتی قەسیدەکەی دوایی (وەی کە ڕووزەرد...) پێوەی دیارە کە نالی عوزری بەجێهێشتنی مەکە و مەدینە بەوەدا دەهێنێتەوە کە دەڵێ (من کە بازی دیدەبازم تەك شەوارەی دەستەمۆم). بازی دیدەباز [بازی چاوبڕکێکەر] هی لێقەوماوی نییە.

ئەم چەند بڕە شیعرە توند و بەرزەی لە یەکەم سەفەری حەجیدا گوتوون کە جارێ تەنگانەی نەگەیشتووەتێ. دوای جێهێشتنی حیجاز بەرەو ماڵ، هەبەری تێشکانی بابانی وەرگرتووە و ماوەتەوە. بەینێکی زۆری پێ دەچێ دەگەڕێتەوە بۆ حەج. ئەمجارەیان لە قەسیدەی (ئەی تازە جەوان)دا ئاوارەیی پێوە دیارە کە دەڵێ:

«مودێکە کە هەم گەردشی دەورانی سوپەهرم»

هەموو بەیتەکانی دیکەشی داد و بڕۆیە لە دەست پیری و بێ وەزعی و لێقەوماوی.

ئەم بۆچوونە ڕێك دێت لەگەڵ ئەحواڵی مەعلوومی نالی:

ئەگەر نالی لە ١٢٦٠ بۆ حەج چووبێت و دوای سەفەری ئەو میرنشینی بابان تێك درابێت جێی خۆیەتی پاش چەند ساڵان پرس بە سالم بکات بۆ گەڕانەوە چونکە لە خۆی بە گومانە ئایا دووچاری چی دەبێ لە سلێمانی. شایەدییەکەی (خۆدزکۆ) کە دەڵێ لە ساڵی (١٨٥٣ز) ئەحمەد خان لە پارس پێی گوتم بچمە شام نالی ببینم، بەچاکی جێی خۆی دەکاتەوە لەم لێکدانەوەیەدا.

لە ١٨٤٥ تا ١٨٥٣ (٨) ساڵان دەگرێتەوە ئەمەش ماوەیەکی ئەوتۆیە هەم نالی تێیدا سەغڵەت بووبێ هەم پرسیش بکا بۆ گەڕانەوە. سالم لە خۆڕایی جەوابی نامەی نالی بۆ شام ڕەوان ناکات، دیارە لەو دەمەی کە نالی کاغەزی بۆ سالم نووسیوە لە شام بووە، ئینجا لە کەیەوە هاتووە بۆ شام دەخلی بەسەر سەرەتای ئاوارەبوونیەوە نییە.

لە پەراویزی لاپەرە (٣٢) لیژنە وشەی (هەڵبەستەر)ی بەواتای (ناظم) بەکار هێناوە هەرچەند جۆرە قیاسێك لە دارشتنی بەکار هاتووە، دیسان لەبەر زەقیی وشەکە چاو لێی هەڵدەبەزێتەوە. جگە لەمە هۆی دیکەی ڕێزمانی هەیە دارشتنەکە دەخاتە خانەی ڕیزپەڕ (شاذ)ەوە.

بەزۆری کاری کوردی دوو جۆرە ناوی کارا (اسم فاعل)ی لێ هەڵدەستێ. بە نموونە: خواردن، کردن، بردن، کوشتن، نانی دەکەینەوە دەگوترێ:

نانخۆر نانخواردوو

هەڵەکەر هەڵەکردوو

باربەر باربردوو

کوردکوژ کوردکوشتوو

هەرچی کاری (بەستن، پەستن، پەرستن) و یەك دووانێکی دیکەش ڕێژەی بەرانبەر (نانخۆر، باربەر)یان نییە چونکە لە موزاریعدا هەموو کارەکە دێتەوە و دەگوترێ (دەبەستم، دەپەستم، دەپەرستم). کەچی لە فیعلەکانی دیکەدا دەگوترێ (دەخۆم، دەکەم، دەبەم، دەکوژم). ئەم شێوە کورتکراوەیە دەبێتە هۆی پەیدابوونی دوو جۆرە ناوی کارا لەو فیعلانەدا.

ئینجا کە گوتمان (هەڵبەستەر) وەك ئەوەیە گوتبێتمان (تێ کردەر) لە جیاتی (تێ کەر) وەیا (نان خواردەر) لە جیاتی (نان خۆر).. هتد. لەبەر ئەمە وەها بەڕاست دەزانم لەو کارانەی کە موزاریعیان کورت نابێتەوە ڕێژەی (خواردوو، کردوو، گوتوو..) بەکار بێت و بگوترێ (هەڵبەستوو – نەك هەڵبەستەر). کە ویستمان ڕێژەی کارای لێکدراویان لێ وەرگرین بڵێین:

خواپەرست

بەرپەست

قتووپەست

دەنا نووشی (خوا پەرستەر، بەرپەستەر، هەڵبەستەر...) دێین.

لیژنە لە لاپەرە (٦٤)دا بەشێوەیەکی گشتی (بۆ سەیرکردنی ڕاڤەی هەڵبەستەکانی نالی) خوێنەر حەواڵەی لێکدانەوەی ماموستا مەلا عەبدولکەریم و کاك قانیع دەکات.

لەوەشدا کاغەزی سپی بۆ ئەو لێکدانەوەیە ئیمزا دەکا.

دەزانین کەس نەهاتووە سەرلەبەری دیوانی نالی شەرح بکات وەک ئەو دوو بەڕێزە کردوویانە. خۆیشم چەندی گرفتم بووبێ لە ڕاڤەکردنی بەیتێکی نالی پەنا دەبەمەوە بەر ئەو کتێبە. خزمەتەکەشیان بە ئەدەبی کوردی لەلای هەموو قەدرزانێکەوە جێگەی سپاس و منەتباری و بە گەورە گرتنە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، تەواوی هەر بۆ خوایە. وا لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنمەوە لەو بەیتانەی کە ڕاڤەیان لەو کتێبەدا پێویستی بە مشتومالّ هەیە. لە لاپەڕە (٣٥٢)دا ئەم بەیتە سەیر بکە:

وەرە تا عالەمی قەلبت نیشان دەم
کەوا فەقری غینایە مردنی ژین

لە شەرحدا (عالەمی قەلب) بە عالەمی دڵ و خۆشەویستی لێک دراوەتەوە و هیچی تر. کەچی ئەم عالەمەی قەلب هەرای تاوەتەوە لەبەر زۆر واتایی:

عـــالـــــەمـــــی قـــەلب – عـــالـــــەمـــــی دڵ
عـالـەمـی قـەلب – عـالـەمـی چرووک (قـەلّب)
عالەمی قەلب – عالەمی وەرگەڕاو (وەرگەڕان)

هەرسێ جۆریش لەگەڵ (فەقری غینایە مردنی ژین) ڕێکن.

لە بەیتی دوای ئەمیاندا کتێبەکە وشەی (تێدا)ی هەڵبژاردووە لە پەراوێزدا دەڵێ چەند نوسخەیەک (تیا)یان نووسیوە. ئەمەشیان ڕاستە چونکە (تێدا) بەیتەکە وەها تەنبەڵ دەکا بەلای لەنگییەوەی دەبات:

تێدا ئوممید و بیم و گریەو و سۆز
تیا ئوممید و بیم و گریەو و سۆز

ئاشکرایە (تیا) شیرەخۆرەی بەیتەکەیە. نالی بەپێی داخوازیی کێش و مۆسیقا (تیا) و (تێدا)ی بەکارهێناوە وەک لەو دوو نموونەیەی خوارەوەدا دیارە:

بـەچـەمـی پـەرچـەمـی یـوو پـرچـی سـیـا
هـەر دەڵـێی مـانـگـەشەوە کـولّـمـی تـیـا
یەعنی ڕیاضی ڕەوضە کە تێدا بەچەند دەمێ
مشکین دەبێ با کاکوڵی غیلمان و زوڵفی حوور

لە لاپەڕە (٣٤٠)دا سەرەتای (مەدحی تاقمی مومتازی شاهـ) کە دەڵێ

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاصەیی شاهن
ئاشوبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

لە راڤەدا نووسراوە (تێکڕای پارچە شیعرەکە وا ئەگەیەنێ هەڵەیە..) لە ڕاستیدا بەیتەکە شارێکە بۆ خۆی.

١- ئەم تاقمە مومتازە ئاشوبی دڵی مەملەکەتن. ئینجا ئەگەر مەملەکەتەکە سلێمانی بێ ئاشووبەکە هی خۆشویستن و پێوە شەیدابوونە. ئەگەر مەملەکەتی دوژمن بێ دیارە ئاشووب چ دەگەیەنێ.

٢ - ئەم تاقمە مومتازە قەلبی سوپاهن. جاران لە سپادا مەیمەنە و مەیسەرە و قەلب هەبوو. ئەم تاقمە قەلبەکەن کە جەرگە و کۆڵەکەی سپان و بەدەوری سەرکردەوە دەوەستن.

٣- ئەم تاقمە مومتازە ئاشووبی قەلبی سوپاهن. لێرەدا قەلبی سوپاه هی لەشکری دوژمنە.

نالی بەمەهارەتە لە حەد بەدەرەکەیەوە هاتووە بۆ (مەملەکەت) وشەی (دڵ)ی ئیزافە کردووە بۆ (سپاه)یش وشەی (قەلب)ی ئیزافە کردووە چونکە لە زاراوەی عەسکەریدا (قەلب) بەکار هاتووە هەرچەند لە واتادا هەر دەکاتەوە (دڵ)، بەم دوو وشەیەی (دڵ، قەلب) عەسکەری و مەدەنی گرتووەتەوە کە ئەوانیش لە دوو وشەی (مەملەکەت، سوپاه)دا دەردەکەون.

لە لاپەرە (٣٤٢) بەیتی ژێرەوە هەیە:

صەحرا بەتەجەللی دەکەنە وادیی ئەیمەن
قامەت شەجەر و مەتلەعەری ئەلطافی ئیلاهن

لە ئاستی وشەی (ئەلطاف)دا هەر ئەوەندە نووسراوە کە لە هەندێ نوسخەدا وشەی (انوار) هاتووە. ئێمە ئەگەر مەهارەتی نالی بکەینە سەنگێك لەو دوو وشەیەدا بێگومان (انوار) ئەسڵییە ئەویش لەبەر هۆیەکی زێدە بەنجی، (انوار) ڕێژەکۆی دوو وشەیە: (نور - بەواتای ڕووناکی) و (نور «نەور» بە واتای غونچە). ئینجا کە واتای (نور - ڕووناکی)ی لێ وەربگرین، بۆ (تەجەللی) دەچێتەوە کە دەزانین لە قورئاندا باس کراوە نوری خوا لە درەختێکەوە تەجەللی کردبوو. ئەگەر واتای (نەور - غونچە)ی لێ وەربگرین، بۆ درەخت دەچێتەوە.

وشەی (ئەلطاف) بەیتەکە ڕووت دەکاتەوە لەو سامان و ئارایشتەی وشەی (ئەنوار) پێکی دەهێنێ چونکە ئەو (استخدام)ەی لێ دەستێنێتەوە. وەك بزانم ئیستیخدامەکانی نالی بێ مانەندن و قیاسی ناکرێ لە جیناس و تەورییە و ئەو جۆرە هونەرانە.

بگەڕێینەوە بۆ لاپەڕە (٢٥٧) سەیرێکی ڕاڤەی بەیتی خوارەوە بکەین:

دەس بەندیبانە دێن و دەچن سەروو ئارەوەن
صاحیب کولاه و سایە و بەرگن وەکو ملووك

لە واتای (دەس بەندیبانە)دا شەرحەکە (دەست گرتنی هەڵپەڕکێ)ی پەسەند کردووە. بەڵام واتایەکی دیکەی هەیە (دەس بەستراوانە)یە کە وەسفی ئینسانی بەستراو دەکات.

نالی بەم وشەیە وەسفی درەختەکان لە دوو ڕووەوە دەکات. یەکیان ئەوەیە کە دێن و دەچن بە شنەی با و دەستی یەکدییان گرتووە وەکو ڕیزی شایی. بەڵام ئەو درەختانە (دەست بەستراوانە) دێن و دەچن چونکە درەخت بەزەوییەوە داکوتراوە و بەستراوەتەوە. جان پۆل سارتر لە وەسفی پەرژینی باغدا شتێکی وەك ئەمەی نالیی گوتووە لە عەرەبیدا خوێندوومەتەوە دەڵێ: كانت اشجار السياج حركة خضراء كبير مسمّرة. واتە (درەختەکانی پەرژین جووڵەیەکی سەوزی گەورەی داکوتراو بوون).

لە لاپەڕە (٤٤٠) بەیتێك نووسراوە:

دنیا بووە بەتاوە و صەحرا بە زێلەمۆ
دنیا دەڵێن کە ئاگرە ماری سەمەندەرە

لە پەراوێزدا ئیشارەت هەیە بۆ ئەوەی کە لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی (دنیا)کەی سەرەتای نیوە بەیتی دووەم وشەی (دەریا) نووسراوە. ئەمەشیان جێی خۆیەتی چونکە دووبارەکردنەوەی دنیا لەو شوێنەدا بێ لزوومە. دەریاش دەبێتە تەواوکەری دنیا بە سەحرا و دەریایەوە. ئەوەندەش گەرمە لەو ڕۆژەدا وەکو ئاگری لێ هاتووە (دەریا دەڕوونی ئاگرە ماری سەمەندەرە).

لە ئاست وشەی (سەمەندەر)دا نیشانەیەکی پرسەك (؟) دانراوە یانی واتای نادیارە. ئەم وشەیە (سمندر، سمندل)ی هاتووە وشەیەکی ئەفسانەییە بەو مارە دەڵێن گۆیا لە ناو ئاگردا دەژیت. لە ئافەتەکشی بەوەدا هەست دەبێ کە ماری سەمەندەر لە ئاوی بەحردا بژیت دیارە بەحرەکە هێند گەرمە لە گەرمای وشکاییی تێپەڕ کردووە وەك دەشبینین لە بەیتەکەدا سەحرا زێلەمۆیە و دەریا ئاگرە. ئاگریش لە زێلەمۆ گەرمترە.

لە لاپەڕە (٤٨٩)دا بەیتی ژێرەوە هەیە:

لە سەر چێ کلکی ئوشتر گەیییە ئەرزی مەملەکە هێشتا
بەمی فەججی عەمیقی ئالی هەر بێ قەعر و پایانە

وشەی (ئاڵ) لە شەرحی بەیتەکەدا هەر ئەوەندە جێگەیەی بۆ کراوەتەوە کە دەڵێ (کەچی هێشتا دەریای شینی ڕێگای دووری...) بەو پێیە واتاکەی بەرەنگی (شین) لێك دراوەتەوە.

ئەم وشەیە (ئاڵ) نییە (آل - ئال)ی عەرەبییەکە بەواتای (سەراب) دێت. هەر ئەم واتەیەشە مناسبی سەحرا و بەحر بێ چونکە سەراب دیاردەی سەحرایە و وەکو ئاویش خۆی دەنوێنێ.

گەیشتنی کلکی وشتریش بەزەوی، وەك بزانم، کینایەیە لە مردن چونکە وەها زانراوە کلکی وشتر لەمیحبوونیشدا ناگاتە زەوی. ئینجا دەمێنێتەوە وشتر بمرێ و بکەوێتە سەر تەنیشت چونکە بە زیندوویەتیش پاڵ نادات‌ەوە.

بێی ناوێ چی دیکە نموونەی ئەوتۆیی بهێنمەوە مرازیشم لەو سەرنجڕاکێشانە ئەوەیە بڵێم حەواڵەکردنی خوێنەر لەلایەن لیژنەوە بۆ ئەم شەرحە ناهێتە بەڵگەی تەواوی و بێ کەلەبەریی شەرحەکە. دیارە ڕێزی لیژنە بۆ شەخسی مامۆستا مەلا کەریم کە مامۆستای هەموو ئێمەمانانە سەنەدی سەیی بێ ئیمزا کردوون. ڕێشی تێ دەچێ کە ئەوەندەی شەرحەکە بەدەستییەوە داوە، بەلای نووسەری پێشەکییەکەوە، ئەوپەڕی واتای شیعرەکانی نالی بێ: ئینجا من دەمەوێ بڵێم جارێ بە کەس نەکراوە بگاتە بنی دەریا و ئەوپەڕی ناسۆی واتاکانی نالی. توێژینەوەیەکی بەراوردی بکرێ لە نێوان شیعری نالی و هی شاعیری زەمانەکانی دیکە لە تاکە مەیدانی (استخدام)دا مەعلووم دەبێ نالی جۆرێکی (استخدام) بەکار هێناوە گەلێك بەولای مەبەستی وشەکەوەیە و بەخەیاڵی زاناکانی بەیان و بەدیعدا نەهاتووە. وشە و تەعبیری وەهای هەیە لە چەقی دانیرەوە چەند تیر بەرێ دەکا بۆ ئامانجی جودا جودا. هەر بەو بۆنەوە کینایە و تەورییە و جیناس دەبێکی و سەرلەنوێ (استخدام) لەو فنوونەوە هەڵدەستێنێتەوە. هەمووشی بە لووسی و بێ گرفت.. بەلام لەگەڵ ئەمەشدا کە شەرحەکە پێویستی بەتەواوکردن هەیە و زۆر خۆی لە قەرەی ئەو (استخدامانە) نەداوە، هەر دەڵێم کەس نییە لەوانەی شیعری نالی دەخوێننەوە قەرزداری شەرحەکە وەیا موحتاجی نەبن بەڵگەشم لەوەدا بەر لە هەموو

کەس خۆمم کەرا گەلێك پەنوەی سوودمەند بووم. ماوەتەوە بڵێم پێویستە لە رووی وەفاکاری بۆ حەقیقەت و بەنیازی حورمەتگرتنی مێژوو ئاشکرا بێ کە بەشێکی گرنگی شەرحی دیوانەکە مالی حەلالی سەربازی نەناسراو، کاك محەمەدی مەلا کەریمە. لەو ساڵەی ۱۹۷٦دا من لە کۆڕی زانیاری کورد وەکیلی سەرۆك بووم و ئاگادارم کاکە حەمە چۆن هەفتەها و مانگەها هەریکی توێژینەوە و پرسین و گردوکۆیی بوو بۆ ئەم کتێبە. هەر لە بیرمە رۆژێکیان دوای دەرچوونی کتێبەکە کە هەر خۆی سەرپەرشتیی لە چاپدانی کرد، بە پەرۆشەوە گوتی، بەدەرەنگەوە زانیومە (بوریا) واتای حەسیری هەیە، ئەگەر زووتر ئەمەی زانیبایە لە شەرحی (پیشەکەی پان و درێژی بۆ ریا خزمەت دەکات)دا، ئیشارەتی دەکرد کە (بۆریا) بە رێنووسی کۆن دەشبووە (بوریا – بووریا) بە واتای حەسیر. شاڵڵا بەم قسەیەشم کەسم نەڕەنجاندبێ چونکە کوڕ و برا و باوك هەمیشە بە شێری یەك بێشە دانراون.

دوایین قسەم ماوە لەبارەی ئەنجوومەنەوە: خوا خێری بنووسێ. هەڵەیەکی خۆمی بۆ راست کردمەوە. من وام دەزانی شێخ رەزا گوتوویەتی.

«خۆی کرد بەنێرە تورك و لێمی خوری کیم بلیر سزی»

کەچی لە ئەنجوومەندا دەرکەوت کە راستیی بەیتەکە ئەمەیە:

«خۆی کرد بە نێرە تورك و گوتی کیم بلیر سزی»

من لە هیچە دوو برگەم بۆ بەیتەکە زیاد کردبوو. ئەمما دەبێ بشڵێم من دیتوومە نووسراوە (خۆی کرد بە تورك و لێمی خوری کیم بیلیر سزی) بەمەرەکەشی تەواوە. دیارە من هەردوو شێوەم لێ تێکەڵ بوون.

لە زەمینەی هەڵەی خۆمدا، مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی بە تەلەفۆن پێی گوتم لە نووسینێکمدا گوتوومە وشەی (ئاش) لە (ئاشیهانە)دا بەواتای هێلکەیە کەچی فەرهەنگەکانی فارسی هەمووی دەڵێن (ئاش) بەواتای تەیرە. زۆرم سپاس کرد بۆ ئەم پەرۆشەی، بەڵام قسەیەکیش بۆ دز بکەم: لەو باوەڕەدام کە دیتوومە لە کتێبێکی فارسیی نوێ، لەوانەی توێژینەوەی زاناکانی ئەوروپا لەبارەی زمانە کۆنەکانی ئێرانەوە باس دەکەن، (ئاش) لە کۆندا بە هێلکە گوتراوە. تەنانەت کە ئەمەم خوێندەوە بەبیرمدا هات وشەی (ئاش) نزیکە لە (هێك)ی کوردی (egg)ی ئینگلیزی. گەڕامەوە بۆ ئەو کتێبە فارسییانەی لە بەردەستمدان. تەنها سێیانم لێ چەنگ کەوتن

١- كارنامك اردشيربابكان

٢- فرهنگ ايران باستان

٣- مزديسنا و ادب پارسی..

چەند کتێبێکی دیکەی وەك ئەمانەم هەن. لە گوێزەگوێزی کەلوپەلی ناو ماڵ و ڕاخستن و هەڵگرتنەوەی ڕایەخ کەوتوونەتە قوژبنی ئەوتۆوە بە ئاسانی ناپاندوزمەوە. لە نێوان ئەو سێ کتێبەشدا تەنها فرهنگ ايران باستان لەبارەی وشەی (اش)ەوە ئەدوێت و ئەڵێ بە واتای خواردنە و لە بنەڕەتدا لە (ad)ی سانسکریتی وەرگیراوە و خۆی سەرچاوەی (eat)ی ئینگلیزی و(essen)ی ئەڵمانییە. لەو ڕیشەیەوە چەند وشەیەك ماوەتەوە وەك: کرگس کە بریتییە لە دوو کەرت. یەکەمیان (کە هرکە) بە واتای تەیر، دووەمیان (ناسە) بە واتای خواردن و دەبێتە (تەیرخۆر). وشەی (ناشتا – بەواتای خورێن. کوردیش ئەڵێ (لە ناشتا) ئەویش لە (نا)ی نەفی و (اس)ی خواردنەوە هاتووە دەبێتە (نەخۆر، بێ خواردن). هەروەها وشەی (ئەسپەست) بە واتای (خۆراکی ئەسپ) کە ئێستا یۆنجەی پێ ئەڵێن و لە سوریانی بووەتە (پەسپەستا) و عەرەب کردوویەتییە (فصافص). فەرهەنگەکانی فارسی وەکو (برهان قاطع) و هی نوێتریش ئاگایان لەو تەرزە توێژینەوانە نییە چونکە کاتێك ئەوان دەردەچوون جارێ زاناکانی ئەورووپا نەکەوتبوونە سەر لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵات، بەدرەنگەوەش نووسینەکانیان بەناو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاو بوونەوە. بەهەمەحاڵ ئەو سێ کتێبە بەلای ئەوەدا ناچن کە ئاش بە واتای تەیر بێ. ئینجا دەشێ من وشەکەم لە کتێبێکی ئەوتۆیەدا دیتبێت دەنا دەبێ بەسەهوو لە جیاتی (مرغ) چاوم (تخم مرغ)ی خوێندبێتەوە چونکە وەك (فروید) ئەڵێ زۆر جاران مرۆڤ شتێك دەبینێ وەها دەبیستێ بەو جۆرە لە دڵدا پێی خۆشە.

مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی هەر لەو ئەلەفۆنەدا ئیمجە هەڵەیەکی دیکەشی بۆم باس کرد کە من لە گوتاری (دساتیر)دا ڕستەی (راهرا از چاه بدانیم)م بە (ڕێگە لە زیندان بناسینەوە) تەرجەمە کردووە لە جیاتی (ڕێگە لە چاڵ بناسینەوە). هەرچەند (چاه) بەواتای زیندانیش دێت بەڵام لێرەدا بەجیرانەتی (راه – ڕێگە) دیارە مەبەست لە (چاه) قوڕت و چاڵە. سپاسم بۆ مامۆستا.

کاروان، ژمارە ١٩، ١٩٨٤

له ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەك

بەشی دووەم

لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق «دەستەی کوردی» بەرگی دەهەم ۱۹۸۳ چەند بابەتێك هەن لە هەندێ جێگەیاندا تێبینی هەڵدەگرن.

لە پێشەوە گوتاری د. کامل بەسیر لە ژێر سەردێڕی (ڕەخنەسازێك و بیردۆزی هۆنراوە)دا هاتووە. ئەو ڕەخنەسازە چل ساڵێك لەمەوپێش لە (یادگاری لاوان)دا بۆ ئەوەی خۆی بناسێنێ شتێکی بڵاو کردووەتەوە بە ناونیشانی (شاعیرەکانمان). هەرچەند دەقی گوتارەکەمان لا نییە بەڵام چی لێی نەقل کراوە لە گۆڤاری کۆڕدا ڕێم دەدا بەسەر بابەتەکەدا بڕۆم. ئەگەر خوێنەریش وەکو من نموونەی بیروڕای ڕەخنەسازەکە لە ناو گۆڤارەکەدا بخوێنێتەوە، ڕەنگە ئەویش وەکو من باوەڕ بهێنێ کە ڕەخنەسازەکە گەنجێکی دڵگەرمی بەپەرۆش بووە بۆ سوودی کورد، سەرکێڵیی بەرقەننەیەکی لە سەقافەتی ئەدەبیی ئەورووپا خوێندووەتەوە پاییی ئەوەی بیکا بە دوژمنی شیعری کوردیی ئەوسا و لەمەوبەرتریش، واتە هاتووە لە تاکە کولانەی شیعرەوە بەراوردی شاعیری کوردی لەگەڵ هی ئەورووپادا کردووە و بڕیاری بێ بایەخی و بێ نرخیی شیعری شاعیری کوردی داوە، ئەوەندەش شلك بووە نەیتوانیوە سەرنجی ورد لە واتا و ڕاگەیاندنەکانی شیعری کوردی بگرێت و بە ڕوونی تێیان بگات، بە پەلەش شیعری سەدەی نۆزدەم و بیستەمی وێکڕا پێکاوون بێ ئەوەی هەست بە خۆی بکا.

هەر لە بیرمە، لە سییەکاندا، ڕۆشنبیری ئەوسای کورد وای دەزانی بەهەڵاڕبوونەوەی خوێندن و نووسین، تەنگ و چەڵەمەی ژیانی کوردەواری دەڕەوێتەوە و میللەت ئاسوودە دەبێ. دواتریش وای دەزانی دەمدان لە بیری سەر بەچینایەتی دەرگەی کامەرانی بەڕووی میللەتدا دەکاتەوە. بە دڵی ئەو گەنجانەدا نەدەهات، بۆ ماوەی چل ساڵ و پەنجا ساڵی دیکەش کورد لە شوێنی خۆیدا پێکوتە دەکات. کە ڕاپەڕینی ۹٤۸ (وثبە) بەرپا بوو وا زاندرا کلیل خرایە قفڵی خەزێنەی قاڕووتەوە.

ئەو ڕەخنەسازە، کە بە خاترانە پێی دەڵێین ڕەخنەساز دەنا گەنجێکی عاتیفیی

درشتبینی سافیلکەی سەرابیی بە پەرۆش و دڵسۆزە، چاوی خۆی بڕییە شیعری کوردی و بەراوردی کرد لەگەڵ شیعری شێللی و نازانم کێ و بڕیاری خۆی دەرچواند بە هیچ و پووچیی شیعری کوردی. ئەگەر نەختێك ڕەگی سەقافەتەکەی بەناخی واقیعدا چووبایە، چاوێکی دەگێڕا بەو دەوروبەرەی شیعری کورد و شیعری ئەورووپای لێ هەڵقوڵیوە، ئینجا لیستەی دەگرتەوە بۆ ژمارەی فابریقەکانی هەڵەبجە و بەرمەنگهام.. درێژایی ڕێگە ئاسنەکانی کوردستان و ئینگلتەرەی بەیەکدی دەگرتن.. سەرژماری کتێبخانە و چاپخانەکانی ڕانیە و ئۆکسفۆردی دەکرد.. بەری لە ئۆتێلەکانی لەندەن و دەوك دەکردەوە. زانکۆ و کۆلێجەکانی بەیەکدی دەگرتن.. پابۆڕ و تەیارەکانی کورد و ئینگلیزی دەنرخاندن .. بانکەکانی لە هەردوو وڵاتدا دەژماردن.. بنگەی پیشەسازی و لەشسازی و زەویسازی و هونەرسازی و.. سازی .. سازی (لانکە شایەر) و (بیتوین شایەری) هەڵدەکێشان و ئینجا کە بۆی ڕوون بووەوە لە هەموو سازوبار و نازێکدا کورد هاوشانی ئینگلیزە دوو پەنجەی شادەی هەردوو دەستەکانی لە بیبیلەی چاوی گۆران و نالی و حاجی قادر دەچەقاند و کوێرایی دادەهێنان، ئێمەش چەپڵەڕێزانمان بۆ دەگێڕا و ئافەرینمان لێ دەکێشا. مەلا حەسەن چەند حەقی بوو گوتی:

«ئەی مهللەتی بێ چارە عەجەب جاهیل و خامی»

بێگومان کاکی ڕەخنەساز ئەگەر باری مادیی کورد و ئینگلیزی بەیەکدی گرتبایە و هەر لەسەر سافیلکەیی خۆی ڕۆیشتبایە بێ ئەوەی بچێتەوە بۆ ئەو هۆیە مادییە مێژووییە کۆمەڵایەتییە ناوچەییەی کوردی لە ئینگلیز و لە ئەورووپا دابڕی، دەهات بڕیاری وێرانکردنی شار و دەشتی کوردستانی دەدا چونکە نە تەیارەخانەیان هەبوو نە هۆڵی دانس و نە لۆقنتەی شیك و نە سینەمای دڵگیر و نە شوێنی مەلە لێکردنی هاوینە و نە هونەر و نەچاپەمەنی و نە هیچ... دەهۆڵ و زوڕنا حەیای کوردی دەبرد لە تەك تیپی سیمفۆنی.

هەتا ئێرە لە ڕاستە حیسابی سرینەوەی شیعری کوردی ڕواڵەتێکی سەرکێڵی و بێ سەقافەتی و کەم ئینسافیی ئەم ڕەخنەسازە دڵسۆزەمان باس کردووە کە بێین بەوردی و قووڵی لە هەڵوەستی بکۆڵینەوە حیسابەکەی گەلێك بەرمۆزتر دەڕوا:

شیعری کوردی و ڕۆشنبیرییە هۆشەکییەکەی کوردی گەلێك بەرمۆزووتر بووە لە

باری مادیی کورد. ئەگەر چاوەنۆڕ بایبایە تا شیعری کوردی وەکو بەیت و بالۆرە لە بەرەوپێشچوونی باری مادی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و سنعەتیی کورد هەڵقوولابایە نەبوو شاعیر لە کورد پەیدا ئەبێ بەرانبەر شاعیری وڵاتی پێشکەوتوو ڕابگیرێ. ئەم دیاردەیەی بەرەزوورتربوونی لایەنی ئەدەبی و (هۆشەکی – عقلی) کورد لەلایەنە مادییەکەی کورد مەتەڵێك نییە بەکەس هەڵنەیێ، کورد کە ناتوانێ لەبەر هەزار و یەك هۆ فابریقەی تەیارە و ڕادیۆ و دووربینی هەبێ ئەتوانێ نووسراوی لەندەن و پارس و قاهیرە بخوێنێتەوە، لە کۆنیشەوە توانیویەتی لە دێیە وێرانەکانی کوردستاندا فەلسەفەی ئەفلاتوون و مەنتیقی ئەرەستۆ و فەلەکیاتی بەتلەمیۆس بە ئەرز بڵێتەوە.. پارتەقای مەلای ئەستەنبووڵ و مامۆستای لاهۆر لەسەر پرسیارەکانی زانستە ئیسلامییەکان بدوێت و بنووسێت. خوێندنەوەی شیعری موتەنەبی و حافز و جەلالەدین ڕوومی وەك دروستکردنی کارگەی ئۆتۆمۆبیل نییە پەکی لەسەر فابریقە و پسپۆڕ و هەندەسەی میکانیکی و ئەو ئەرد و بەڵایانە کەوتبێ. کە بڵێین مەلا و شاعیری کورد بە مەلا و شاعیری تورك بگرین ئەبینین ئەوان لە یەکتر نزیکتر بوون تا خەرمکی شەقڵاوە و تەرسانەی نوسکودار... ئیبنو ئادەم لە مەلای ئەزهەر دانەماوە بەڵام ڕوست و (تولزە – کە خۆی بەدەستی خۆی ناوەکەی نووسیوە) چوار هەزار ساڵ لە قاهیرە دواکەوتوو بوون.. ئینجا کە یەکێك لەسەری زەمانەوە ئەڵێ شاعیری کورد چاولێکەریی شاعیری بێگانەی کردووە ئەبێ شەرم لە خۆی بکاتەوە چونکە لەو سەرشکێنکردنی شاعیری کورددا بە لای کەمەوە دووجاران بە کارکارەی هەڵەدا چووە: جارێکیان لەوەدا کە سەرەمەشقی شاعیری کورد موتەنەبی و سەعدی بێ چاکترە ئەك گووفەکی فرناقە و مەلاریای شارەزوور، هەروەك لە زانستدا فەلەکیاتی یۆنان ڕابەری بێ ئەك دێوی پشت چیای قاف و عەزیای واقلواق. جاری دووەمیان لەوەدا کە بەبیری کوێرەوەبوویدا نایەت بۆچی ئەشیرێنسی کورد پێی ناکرێ چاولێکەری لە کارگەی فەتاح پاشا) بکات وەك کە زیوەر بەسەر ڕێی ئیزامیدا ڕۆیشت. خۆ ئەگەر ئەشیرێنس ەو چاولێکەرییەی کردبایە کەس عەیبی لێ نەئەگرت، ئافەرینیشی لێ ئەکرا! هەڵبەت ەزانم ئەم چاولێکەرییە ئەك بەهەرەکرێنس ناکرێ، بەڵکو لە بەرەو دوای سەدەی بیستەمدا بە پارەدارەکانیشمان ناکرێ لە هەڵەبجە کارگەی قوماش دابنێن.. قسەکە بۆ ڕوونکردنەوەی داهێزانی ئەو جۆرە بیرکردنەوەی ڕەخنەساز و ئەمسالی ئەوە لە ەڵکەوتی زەق و زۆپ ..

چیی گوتم بۆیە بوو لە سفرەوە بەرەو موناقەشە بڕۆم، دەنا شاعیری کورد ئەو بێ بایەخە و لاسایکەرەوەیە نییە بۆی بهارێمەوە وەیا عەیبدار بوویێ.. فەرموو شێخ ڕەزا بگرە بەهەر شاعیرێکی ڕۆژهەلاتی ئیسلام بێ و پێم بڵێ لە کامیان دادەمێنێ؟

با ئەم قسە گشتی و هەمەکییانەم لێرە بێ و سەرێك لە ئارداوێژی ڕەخنەسازەکە خولر بکەینەوە و بزانین چ ڕێ نموونەییەکمان دەکا بۆ ناسینەوەی شیعری ساغ لە هی چرووك.

دەڵێ: [بەو شێوەیەی لە گۆڤارەکەدا هاتووە قسەکانم ڕاگوێست]. «شیعر: تەرجمانی دڵە، چی بەدلا بێ، ئیش و ئازار، دەرد و خەفەت ... شین و شادی .. خۆشویستن و ڕق ... خراپی و چاکیمان بە واتەی ڕێکوپێك بەشێوەیەکی دڵگیرا بۆ دەردەخات کە هەموو کەسێ لە دەمی خوێندنەوەیدا شێوەیەکی دڵی خۆی تیا دەبینێ» [لاپەڕە ۱۲ی گۆڤار - شوێنی خاڵەکان بەمەبەستی کورتکردنەوە هەڵبوێردران].

بەم پێوەدانە کام شاعیری کورد لە شاعیرایەتی دەشۆری؟ ئەمە کوردی و سالم و نالی و حەریق و حاجی، گوێیان لێ بگرە: چییان گوتووە لەوە بەولاوە کە پێرپاندا هاتووە؟ هیچ کامێکیان بە پارە شیعریان نەگوتووە. تەرجەمەی شیعری غەیریشیان نەکردووە. تۆ بڵێیی شتێکیان گوتبێ غەیری (ئیش و ئازار... دەرد و خەفەت .. شین شادی.. خۆشویستن و ڕق لێبوونەوە؟ هێندە هەیە دەشێ ئەوان دەرد و خەفەتیان ئەوە نەبووبێ کە ڕەخنەسازەکە بە هەندی هەڵگرتبێ. وەیا ئاپێتێکیان خۆش ویستبێ کە مولعیدێکی سەردەم قیێی لێبێتی. لەلایەن (چاکی و خراپی)یەوە، عەیارەی خەڵق لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك و لە ڕۆژگارێکەوە بۆ ڕۆژگارێك دەگۆڕێ، بگرە ئێستاکە لە تاقمێکەوە بۆ تاقمێك نرخی چاك و خراپ جودایە، ئەو خەڵقانەی لە سەرتانسەری دنیای خۆماندا پەخەگیری یەکدی بوون لەبەر جوداوازیی کێشانەی (چاك و خراپ) وەها دلێرانە دەست لە جەرگی یەکدی گیر دەکەن شاعیر و نووسەر و هونەرکار و بیرپار هەر هێندەی لێ داوا دەکرێ لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بێ، دووڕوو نەبێ، نەقڵ نەکا، بەکرەوە دروشمەکانی خۆی بەتاڵ نەکاتەوە. کابرای نەخوێندوو گوتی (خاس بکە خراو مەکە) ڕەخنەسازەکەش هەر وەها دەڵێ، بەلام پێمان ناڵێن چاکە چییە و خراپە چییە خۆ ئەگەر ناویشی لێ بنێن کەسی ئەوتۆ گوێیان ناداتێ چونکە هەر کۆمەڵە و تاقمە و بەرژەوەندە و ئایدیۆلۆجیایە عەیارەی تایبەتی خۆی هەیە لەو بازارەدا.

هەر لە هەمان لاپەڕەدا دوازدە دێڕی دیکە لەو جۆرە قسانە دەنووسێ وەکو (شیعر چرایەکە تاریکی .. ڕۆشن ئەکاتەوە – شیعر جوانیی هەموو شتێکمان بۆ دەرئەخات – شیعر لە ئاوازی دڵگیری بلبل .. لە .. لە .. لە دەنگی موزیقە مەعنایەکمان بۆ دەربەچوێنێ – شیعر ژیانە ..). ئەم قسە لووس و لێکانە سەرەڕای ئەوەی چی لێ خەرج ناکرێ، بەسەر هیچ بنگەیەکەوە ناوەستن و خۆیان بە هیچ لایەکدا ساغ ناکەنەوە. هەزار ساڵیش پترە ئەو جۆرە قسانە دەگوترێن بەڵام لەو ماوەیەدا بەخەیاڵی کەسدا نەهات قسەی ئەوتۆیی بۆ پووچاندنەوەی ئەبوونەواس و موتەنەبی و ئەنوەری و ئیبنولفارز بێ هەتا ڕەخنەسازەکەی خۆمان هات و بەخێری خۆی چاوی کردینەوە.

لە کۆتایی لاپەڕە (١٤) و بەشی زۆری لاپەڕە (١٥) بیروڕا و وەسفی (شێللی) دەنووسێتەوە لەبارەی شیعرەوە، ئەوانیش گوتەی بێ سنوور و بێ (هویە)ن هەرگیز دەست نادەن بینە پێناسەی شیعر و عەیارەی ڕەخنەسازی، وەکو کە دەڵێ (شیعر وێنەیەکی ژیانە لە ڕاستیی ئەزەلییەوە وەرگیراوە – لە شەوانی لێکبڕاندا فوو لە کوورەی دڵ ئەکا – تەرجەمەی نیگای ئاسکێکی سڵ ئەکا – بەخوێنی دڵ و فرمێسکی چاو ئەنووسرێ ...). وەک دیارە ڕەخنەسازەکەش وەکو شێللی یەک ئایدیالیستی مۆدێلی چەند سەدەیەک لەمەوپێرە. ناشزانم لە فەلسەفەوە بۆ ئایدیالیزم چووە یاخود لە خوێندنەوەی قسەکانی شێللی بەئایدیالیست دەشوبهێ..

دواتر لە کۆتایی لاپەڕە (٢٧) و بەشی زۆری لاپەڕە (٢٨) قسەی دیکەی ڕەخنەسازەکە تۆمار کراونەتەوە، سەرەتایان ئەمەیە:

«لە پاش ئەمەی کە زانیتان شیعر چییە ڕەنگە هەمووتان بفیژێنن بە سەرما بڵێن: کەوا بوو وەکو تۆ ئەڵێیت کورد شیعری نییە؟». پاش چەند دێڕێک دەڵێ: «خۆزتان شیعری کوردی بخوێننەوە و ئەگەر لە: (وتنێکی وەزنداری قافیەدار) زیاترتان دی: بڵێن هەیەتی...». دواتر دەڵێ «کە وتم شیعرمان نییە یەعنی شاعیرمان نییە: مەحوی، سالم، کوردی، نالی، ناری، زیوەر، حەمدی، موختار کێن؟». ڕەخنەساز بەڵێن دەدا لە کوتارێکی دیکەیدا یەکە یەکە باسیان بکات و هەڵیان سەنگێنێت، بەڵام نەیکرد.

لە لاپەڕە (٣٠)دا دوای سەرشکێنکردن و بە هیچ دەرچوواندنی شیعر و شاعیری کورد [لە دەمی دەرنەچووە هیچ شاعیرێکی کورد لەو حیسابە دەربهاوێ] ئەمانە دەڵێ:

«توخوا پێم بڵێ کێ هەیە؟ لە نیوەی شەوێکی کوردستاندا، لە زەردەپەڕێکدا، لە

بەرەبەیانێکدا، لە ڕۆژئاوایەکیدا، سەیری کێو و کەژ بکا، لە هاوینێکدا سەیری گوڵشەن بکا، بڕوانێتە تارای سەوز و سووری دەرودەشت، لە پاییزێکدا گوێ لە ورشەی ڕەشەبا و خوڕەی گەڵا ڕێزان، لە زستانێکدا .... چاوی پێ بکەوێ شاعیریش نەبێ نابێ بە شاعیر؟ وەرە شیعرێکی دڵداریی شاعیرەکانمان بخوێنەرەوە کە ئەمە بەشی هەرە زۆری فەرمانی شیعریانە ... هتد»

کاکی ڕەخنەساز ئەگەر ماویت، لە خۆت، دەنا لە تارماییت دەپرسم: کام شاعیری کورد هەیە ئەوەی تۆ دەیڵێیت بە شیعر نەیداپێتەوە؟ تۆ خۆت نەناس دەکەیت یان بەهارییەکەی حاجی قادر و پارچە هەڵبەستەکانی نالیی سەر بەهەمار و شارەزوور و قەرەداغت نەبیستووە؟ چۆن پیرەمێردت لەبیر چوو؟

بەخۆی و چەند پارچە شیعری سەر بە کوردستان کە ئاگر لە دڵی هەستیار بەردەدەن؟ دەسکێ لە گوڵەکەی باغچەکەی سەرا هۆنراوەی سەرەتای سییەکانە، لە گوێچکەت نەبزرێکاند؟ بێنی بە لووتتدا نەچوو؟

ئەی ڕەخنەساز! ئەی خوێنەر! گوێت لەم حیکایەتە بێ!

ساڵی ١٩٥٧ بەدوا ئێشاوکەکەی سلێمانیدا تیپی مەولەوی سەری لە کۆیە دا. یەکەم شەوی ئاهەنگ مامۆستا ساڵح دیلان لە نۆرەی خۆیدا پارچە هەڵبەستێکی پیرەمێردی بە ئاواز خوێندەوە خەڵقەکەی پێ سەرشێت بوو... سبەینێ موعاونی شورتەی کۆیێ تکای لێ کردم کە لە شەوی دووەمدا کاک ساڵح هەڵبەستێکی دیکە بخوێنێتەوە... ئێنجا ئەی خوێنەر کە میللەتێك تا ئەم ڕادەیە بە ئاگری شاعیرەکەی هەڵچێ چ پێویست دەمێنێ بەهانا هێرنە بەر عەیارەی فەنی بۆ ئیسپاتکردنی هێزمەندیی شاعیر بە میللەت و هاکیەوە؟ بۆ ڕوبەرووچ نەبوونی شیعرەکەی؟ شێللی کاری وەهای لە ئینگلیز کردووە؟

لەوەتەی پتر لە ١٥٠ ساڵێك شیعری عەرووزی لە کوردستانی عێراق و ئێران پەیدا بووە مەجلیسی شادی و ڕابواردنی شەوانە و بەزم و ئاهەنگی کوردەواریی ئەو مەڵبەندانەی بە لە هیجەی باشووری دەناخێون، بە شیعری شاعیرەکانمان گەرم بووەتەوە، وێڕای بەیت و بەستە و لاوك و حەیران .. تا ئەو ساڵانەش لە کۆیێ، کاتێك بووك دەگەیشتە بەردەرگەی ماڵی زاوا، تاقمێك گەنجی دەنگخۆش لەسەر قەنتەرەی دەرگا غەزەلی (ساقی لە پەردە دەرهات)ی سالمیان بەئاهەنگ دەخوێند و تێکەڵ بەهەلهەلە و قاژ و قووژ و تێکهاوێشتنی قەوغا و ڕمبەی پێی شاییکەران و ئیقەی زوڕنا و تەپەی دەهۆڵ دەبوو، کەسیش لەو حەشر و حەلایە هەستی بەکەلێنی (شێللی

و بایرۆن) نەدەکرد. شیعری عەرووزی کوردی تا ئێستاش لەبەر چەژی کوردەواری ناشناترە لە شیعری ڕەهای نوێبابەت بەخۆی و بەتەکانە بەرەوپێشچووەکانی ڕووەو سەقافەتی ئەورووپایەوە: بە قەدەر نزیکبوونەوەی شیعرمان لە فۆرم و شێوازی ئەورووپا دەبێتە بابەتی دەستەی خوێندەوارە هێژاکان و لە چەماوەری ناو کووچە و بازاڕ و دەروودەشت دەتارێ.. ڕەخنەسازەکەمان لە سەرەتای لاپەڕە (٣١)دا دەڵێ: «شیعرێکی بڵداریی شاعیرەکانمان بخوێنەرەوە. ئەگەر شێوەی ژنێکت هاتە یادەوە پێم بڵێ چە ژنێکە، چینی؟ هندی؟ ... هەرچی بێ ژنێکی کورد نییە، یەڵێ ناهەقیان نییە ژنی کوردیان نەدیوە، نەیاندیوە (یەمێ) مەڕ بدۆشێ، (شیرین) مەشکە بژەنێ (گوڵناز) بەشەدەی لاریەوە گۆزە لەسەر شانی لە کانی بێتەوە ...». لە ئاست (مەڕ بدۆشێ)دا، زۆر بەسەیری، ڕاستییەکی بێگومان هەیە لە شیعری تەمەنی ٢٠ – ٢٢ ساڵەی باپیرم باسی کچێك دەکات مەڕی دۆشیوە، دواتریش شەیدای بووە:

کە بیری هاتە ناو مێگەل سەراپا قرمزی پۆشی
مەلا نەیدراکی چوو شێخش تەریق زاهید نەما هۆشی

ئەگەر ناوی تەشیرێسی هێنابایە دەمگوت (شیرن تەشیێ دەڕێسی)یەکەی وەفایی بخوێنەوە نالی نەك هەر وەسفی ئافرەت، بەڵکو ئافرەتێکی خێل دەکا و خێلییەکەی بۆ بەئارایشت دادەنێ:

پێم دەڵێن مەحبووبە خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکا
خێل و قیچە یا تەرازووی نازی ئەختێ سەر دەکا

حاجی قادر لە (شەمسییەی شاهەنشەهی ئەرز)دا کە وەسفی گوڵێ دەکا، دیمەنی کچێکی نازداری لاجان ئەهێنەکێش دەکا.. شیعرەکانی گۆران، بەشێکیان وەکو کامێرا وێنەی چەشمەندازی گرتووە لە ناویدا ئافرەت: وەسفی شانۆ و ژنە دانەرەکە و تیپی مۆسیقاکەی هەر بەو گراوە باوەڕ دەکەم لە قەسیدە مەشوورەکەی (ابن الرومی) تێ پەڕاندووە کە وەسفی جارییەیەکی گۆرانیبێژی تێدا دەکات. مەبەستم حوڵدیوان لە قەسیدەی شەوە مەشوورەکەیدا، هەر چەند دەشێ کاری خەیاڵە پەیکەری ئافرەتی داتاشیوە: بەئیزنی خوێنەر ئەم پارچەیەی لێ دەنووسم:

وەك تازە هەڵووژێکی لەناو دوو لقەدا بێ
وا ڕێك گوشرا بێ کە لە دوولاوە قوپا بێ

هەندێکی قووبا بێت و ئەوی دی قڵەشا بێ

قڵشانی ئەوا بێ کە بە چاو فەرقی کرا بێ

هەروەك كە لەسێوێکی درابێ لەبی ئەشتەر

وەك بۆ سیحر و ئەفسوونت کەڵەشاعیر!؟ تۆخوا کە لەو قەسیدەیەدا لە وەسفی بەیەکدی گشتنی لەگەڵ یارەکەی و ئەندازەی بێوە گەشانەوەی، دەخوێنیتەوە:

دەبزانە چ شیرینە کە ڕوح بێتەوە بەر بەر!؟

هەست ناکەیت فەرەحناییەك دەتگرێتەوە؟ مەسباحولدیوان لەو شیعرەدا چی ئەهێنێتەوەتەوە لە لەزەتی چێژی ئافرەت ئەیگوتبێ. پێشتریش نالی لە وەسفی مەستوورە وێنەکێشی و پەیکەرتراشیی ئافرەتی کردبوو و سەرمەشقی دادا بوو بۆ مەسباحولدیوان. ئەم دوو وەسفە بگرن بە قەسیدە مەشوورەکەی (نابغة الذبیانی) کە پێی دەگوترێ (المتجردة) و بزانن ئەمانە لە کوێ و ئەو لە کوێ. بەهەرحاڵ هەستکردن بە تامی مێیینە ئیمتیازێك نییە بەر ئەورووپا کەوتبێ. کوردیش تێیدا خاوەن پشکە. لەگەڵ ئەمەشدا نابێ لەبیر بکەین کە هەر واقیعە داخوازی و بڕیاری خۆی هەیە لە باسی هەستداری وەك وەسفی لەشی ئافرەت. خۆ ئەگەر بسەلمێنین شاعیری کورد ئافرەتی نەدیتووە تا بتوانێ وەسفی بکات عوزری خۆی لەگەڵ خۆیدا دەبێت و بۆشی دەهێنێتەوە لە جیاتی ئەوەی قەرزدار بێ ـ هیچ کەسێك لە هیچ مەیدانێکدا بەولای توانایەوەی لێ داوا ناکرێ.

ڕەخنەسازەکەمان لە لاپەڕە (٦) وشەیەکی لە دەم دەرهات بۆ عەیبدارکردنی شاعیری کورد کە گوتی: «شاعیرەکانمان هەتا ئێستا بڕوا ناکەم لە وانەی سیاسی و ستایش زیاتریان بیستبێ ...». مەبەستم لەو وشەیە (وانەی سیاسی)یە کە دیارە بەلای ڕەخنەسازەکەوە نرخێکی ئەوتۆی نییە.

هەرچەند ئاشکرایە لە بابەتی ناو دیوانەکان کە سیاسەت و ستایش ناوەڕۆکی شیعری کوردی بەر لە ١٩٣٠ پڕ ناکەنەوە هەر خۆیشی دواتر گوتی دڵداری بەشی هەرە زۆری شیعری شاعیرەکانی کورد دەگرێتەوە بەڵام لێرەدا مەبەستم نییە ئەو هەڵەیەی ڕاست بکەمەوە بەڵکو دەمەوێ بڵێم ڕەخنەسازەکە لەو بێ بایەخکردنی بیستنی شتی (سیاسی) ئەوەندە لە واقیعی کورد و میللەتی وەك ئەویش پشتڕێ بووە کە نیتر هەرچی شێللی و بایرۆن و ڤیکتۆر هیگۆی دنیا هەیە بخرێتە دەستە تەرازوویەوە

ناتوانن قوورسی بکەن. لە ساڵانی ۱۹۳۰، کە تازە بەتازە کارەساتی شەشی ئەیلوول ڕووی دابوو، پێش ئەویش و دوای ئەویش شۆڕشەکانی شێخ مەحموود تەقی بوونەوە، ئەگەر شاعیری کورد و شیعری کوردی گوێگر و گوێبیستی بابەتی سیاسی نەبووبن و شیعریان بەرەو سیاسەت و بیری قەومایەتی نەچووبێ چ حورمەتێکیان پێوە دەمێنێ، میللەتیش هێندە ئەزۆک بێ نەتوانێ بەزمانی شاعیرەکانییەوە دەم لە ئێش و ئازاری باری سیاسیی خۆیەوە بدا هەقی ئەوەی نابێ ڕەخنەسازەکە پەرۆشی لایەنی بێ کەڵکیی شیعری بۆ بخوا چونکە میللەت بەو ئەزۆکییەی لە مافە بنەڕەتییەکەی ژیان و بەخۆنازینی ترازاوە .. ئێمە کە نووسینەکانی ڕۆژنامەی دەوری شێخ مەحموود لە سەرەتاکانی بیستەکان دەخوێنینەوە و سروودەکانی ئەو سەردەمانە بەبیر خۆماندا دەهێنینەوە و کوردستان و چارەنووسی کوردەوارییان تێدا دەبینین، دەزانین خەڵقی ئەو دەمە بەنووسەر و شاعیر و جەماهیرەوە پتر ڕۆڵەی سەردەمی خۆیان بوون لەو ڕەخنەسازەی کە ۱۰ – ۱۲ ساڵ بەدوا تەجرەبەی ئەواندا تەزووی (تەی وەتەن مەفتوونی تۆم)ی پێدا نایەت. سەیریش لەوەدا نییە چونکە بە نموونەکانی نووسینیدا دیارە گەنجێکی ڕۆمانتیکیی خەیاڵاویی دوور لە واقیعی کوردە. تەنانەت کە دێت و تەرجیحی بەستەبێژ و بەیتبێژن دەدا بەسەر شاعیری عەرووزی کورددا هەڵەیەک دەکا زۆر ناوخواز بێ: من لە نووسینی دیکەمدا گوتوومە ئەوانەی عەیب لە شاعیرەکانی سەدەی بیستەم دەگرن و بەرهەمەکانیان بێ کەڵک دەکەن سەرەوبن لە دنیا ڕادەمێنن چونکە گوناهی ئەو شاعیرانە بریتی بوو لەوەی کە فێری سەقافەتی سەردەمی خۆیان بوون و لە نەخوێندەواری ڕزگار بوون و گەیشتنە پایەی مەلایەتی و شاعیری و میرزایی، ئینجا کەوتنە بەر تیر و شیری توانجی خوێندەواری شلکی ئەم سەردەمە وەک مێرووی باڵی لێ بڕسکێ بەر غەزەبی خوا دەکەوێ، ئەمما ئەگەر بەنەخوێندەواری مابانایەوە بەر ئەو ڕەحمەتە گشتییە دەکەوتن کە بۆ گیانی مردووان بەڕێ دەکرێ .. ئەوساش ڕووبەڕەی مێژووی ئەدەبمان سپی و هاوێن و لووس، وەکو دەشتی کاکی بە کاکی، دەمایەوە هەر پێی دەویست شاسواری وەکو ئەم ڕەخنەسازە تەڵەمی سەقافەتی نوێی لەسەر بگێڕێ ..

ماوەتەوە لە مەیدانی ڕەخنەسازیدا شتێک بڵێم جارێ نەگوتراوە:

ڕەخنەی ئەدەبی ئەگەر لایەنی هونەریی بابەتی ڕەخنە لێگەڕاو نەگرێتەوە لە مەفهوومی (ڕەخنەی ئەدەبی) دەشۆرێ و دەبێتە وەعز و ئامۆژگاری و بەلای ئەخلاقدا

دەچێتەوە من کە گوتم: هۆ کابرای بەقاڵ سێوەکانت مەدە بەر سەرماوسۆڵ دەنا ڤیتامینیان دەمرێ [ئەگەر ڕاست بێ دەمرێ] نەبوومە (ڕەخنەگری هونەری) بەڵکو بوومە دکتۆر. بەڵام کە هاتم عەیبم لە ڕیزکردن و تەرتیبدان و جۆری دیارخستنی میوەکانی گرت بەرەو لایەنی (جەمالی و هونەری) دەبمەوە. ئەدەب، هونەر، یاری، تەمسیل [ئەویش هونەرە]، دامە و شەترەنج، باغەوانی، نەخش و نیگار ... و چەندان لایەنی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی و یاری گورزەران هەن دەچنە ژێر سەرمناوی (مەهارەت) لە پاشدان تایبەتییەکانیان لێکیان جودا دەکەنەوە. حیکایەتبێژی هێژا هونەرکار و ماهیرە بەڵام جودایە لە گۆرانیبێژ، هەروەهاش هەموو مەهارەتێکی دیکە. ئینجا ئەگەر ڕەخنەگر فەرامۆشی کرد کە لە شیعر و هونەردا لایەنی مەهارەت هەیە و خۆی بەلایەنی فەلسەفەی بابەتەکەوە خەریک کرد هەقیەتی لەسەر کەوڵی شێخایەتی دانیشێ. بە نموونە (بردیَّة)ی بوسیری بەدارشتنە ڕەنگینەکەی هونەر و مەهارەتە، بەناوەرۆکەکەی سۆفیەتییە. ئینجا ئەگەر لە ڕوخسار و لە ناوەرۆکیمان کۆڵییەوە یان تەنها لە ڕوخساریمان کۆڵییەوە دەبینە ڕەخنەگری ئەدەبی. بەمەرجێك قسەکانمان نرخی ئەو وەسفەی پێوە بێ چونکە هەموو عەیبگرتن وەیا ترخاندنێك ناچێتە پلەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە. ئەمما ئەگەر بەناوەرۆکییەوە خەریك بووین و شێوازمان بەلاوە نا ئەوسا ڕەنگە (أصولی، نحوی، کلامی ...) بین. ئەو ئایەتانەی سووڕەتی (الشعراء) کە باسی شاعیران دەکەن تەنها بەلای ناکاردا چوون و خۆیان لە هونەری شیعر نەگەیاندووە، باسی شێواز ناکەن، مۆسیقای ناوەکی هەڵناسەنگێنن، ڕەخنە لە دارشتن ناگرن.. بەڵکو لە کولانەی خوانناسین و ڕوانگەی بەهەشت و جەهەننەم (اعملوا الصالحات)ەوە شاعیران سەرشکێن دەکەن. ئەگەر لە جیاتی (ویقولون مالا یفعلون) بیانفەرمووبایە واتا بەقوربانی ئارایشت دەکەن وەیا لە پێناوی کێش و سەروادا کەسرە دەکەن بەپێ وەیا لە تەشبیهی حوشتر بە حوشترمرغ ناشارەزان ... دەشیا خەیاڵ لە ڕەخنەی ئەدەبی بکەینەوە.

ئەو ئایەتانە هەر دەچنەوە ڕیزی (ویمنعون الماعون – ویل للمطففین) با ناوی شاعیریشان هێنابێ. بێینەوە سەر حیسابی کابرای ڕەخنەساز، ڕاستە خەریکی ڕەخنەیە بەڵام قسەکانی بەهیچەوە بەند نابن .. شتێك ناڵێ پێرەوی لێ بکرێ. باشترینی گوتەکانی بەر لە هەزار ساڵ گوتراون. ئەمانەت ناگای لە خۆی دەبرێ ڕەخنە لە کێ دەگرێ: لە لاپەرە ٣٣دا دەڵێ: « ... بەڵام ئەمانەی ئێمە [شاعیرانی ئێمە]

ئاوێنکی لێڵن ... له عەسری (٢٠)ھەمی شارستانییەتیدا لاساییی شاعیرانی حەوت و هەشت عەسر لەمەوبەر دەکەنەوە ...» ئەمە دەڵێت کەچی گاڵتە بەشیعری سالم و نالی دەکات کە هی سەدەیەک لە پێشترن و داهێنەری شیعری عەرووزیین لە هەموو کوردستانی لەهجەی جنووبی.

ڕاستییەکەی ڕەخنەی وەک ئەوانەی ڕەخنەسازەکە دەیانگرێ، ئرخ بەوەدا پەیدا دەکەن کە دواتر لەسەریان دەنووسرێ: کابرایەک کە دەستی دایە شمشێر و چووە ڕاوی پڵنگ و کە گوێی لە دەنگی پڵنگیش بوو هەڵات هی ئەوە نییە بەنووسین خەریکی بێت چونکە ڕاوکەر نییە و ڕێویشی نەگرتووە.

تەنها لەوەدا هەقە باسی بکرێ کە بگوترێ پڵنگ ئەو دەعبایە خوێنڕووە نییە تۆ بچینە ڕاوی . د. کامل خۆی ماندوو کردووە بە بەراوردکردن و بەهەڵگە هەندێ لە ڕەخنەکانی بەرپەرچ بداتەوە وا منیش بەدوا ئەودا خۆم ماندوو کرد، تەنانەت لە لاپەرە ٣١دا دوو بەیتی ساڵەکانی ١٩٢٠ لە شیعری (ئەحمەد موختار جاف) دەهێنێتەوە بەنموونە بۆ هەبوونی شیعری کوردی کە لایدابێ لە بابەتی دڵداریی لاساییکەرەوە:

«شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زولف و چاو بکەن»

بەلام سەرەڕای ئەوە کە ڕەخنەسازەکە خۆی لە لاپەرەی پێشووتردا گوتی (لەگەل ئەسیری نیم لەوەدا کە دەڵێ «ترکی اشعاری عشق بازی کە گەر زەوقت هەیە») پێشتریش لە زەمەندا عەیبی لە فکری سیاسیی شاعیرەکان گرتبوو، ئێمە ئەگەر بەدوا شیعری ئەوتۆییدا بگەڕێین حاجی قادر هەیە بەر لە ئەحمەد موختار بە ٣٠ ساڵ وەیا زیاتر گوتبووی:

حەیفە بۆ پیاوی ساحیبی تەمیز
هێندە باسی مەکانی پیس و میز

سالانی بیستیش هەنگامەی شیعری پڕ خرۆشی گیانی کوردایەتی بوو. پیرەمێرد گوتبووی:

کچانمان لە ژێر بەیداغی ڕەشدا
چاو هەڵئەهێنن بە خوێنی گەشدا
کوڕانمان هەموو بەورد و درشت
لە ڕێی ئازادی خۆ ئەدەن بەکوشت

ئازادی نابیٚ سەربەستی نابیٚ
ئازادی دەبیٚ هەر خویٚن بەها بیٚ

مەلا حەسەن بورکانی «ئەی کوردی ستەمدیدەی» تەقاندبووەوە. زیوەر و بیٚکەس ئاگرۆچکەکانیان خستبووە ناو هەڵبەستەوە لە کۆییٚ مەدرەسەی حاجی قادر لەلایەن باوکەوە بەبەری نویٚترەوە ژیا بووەوە. لەو ساڵانەدا شیعری سەر بەکوردایەتی و ڕوو لە کۆمەلایەتی و دژی ئەفسانە و لایەنگیری زانست و حورمەت کار بۆ ئافرەت و ئەو تەرزە بابەتانە تەنگی بە شیعری دڵداری هەڵچنیبوو. حوکمداریەتیی شیٚخ مەحموود و شۆڕشی شیٚخ سەعیدی پیران و بزووتنەوەی سمکۆ وپەیدانی شاعیرانی بەگیانیٚکی تیژ و تەژیی نویٚخوازی ڕووەو سەدەی بیستەم زاخاو دابوو. هەر لەو ساڵانەدا دەست کرا بە لە چاپدانی دیوانی شاعیرەکانی ئەوساو سەدەی پیٚشووتر.

باری شیعری ئەو دەمەی کورد گەلیٚک پیٚش پلەی گۆڕانی مادی کورد کەوتبووەوە کە لە ڕیٚکاری نەفلاسدا بوو. ئەمانە هەموو بەلای ڕەخنەسازەکەوە بایی پوولیٚکن. ڕەنگە بەپریٚشی لیٚ نەکردبیٚتەوە چونکە بەکیٚشانەی شیعری شیٚللی شاعیرەکانمان هەڵدەکیٚشیٚ. ئەو ئەگەر هیچی زانیبایە لە بڕیاری باری مادی و دەوروبەر و پلەی شارستانەتی دەبوو کڕنوو بپا بۆ نالی کە ٨٠ ساڵیٚک بەر لە گوتارەکەی ڕەخنەگرانەی گوتبووی:

«کەس بە ئەشعارم نەڵیٚ خۆ کوردییە خۆ کردییە»

بەداخەوە هەمان خۆ لەبیرکردن بۆ ماوەیەک لە پاش شەڕی دووەمدا سەری لە بەشیٚکی ئەدیبی کورد شیٚواند. ئیٚستاش لە شیرازەی گەلیٚک گوتار و هۆنراوەی ئەم ڕۆژانەماندا هەست بە جۆرە لێڵییەکی بیٚنین دەکریٚ، بەلام بە تیٚکرایی سەقافەتمان ماوەی بەرچاوی بڕیوە، دەست و قەلەمی ڕەنگین و زمانی تەڕ و پاراو ئابڕووی کوردایەتی دەپاریٚزن و بۆی دەجەنگین و تا ڕادەیەکی دڵ خۆش بکا (هەست بەخۆکردن و ڕیٚگا دۆزینەوە) پیٚیانەوە دیارە.

لە گوتارەکەی (د. وریا عومەر ئەمین) پەک ڕوونکردنەوە و یەک تیٚبینی بە پیٚویست دەزانم، ڕوونکردنەوەکە ئەوەیە کە ڕاناوی لکاو لە زاری کرمانجیی خواروودا لە ڕووی هیٚزەوە دوو بەشن: بەشی بەهیٚزیان ئەوەیە لە ڕابردووی تیٚپەڕدا بەکار دیٚن وەک:

گوتم   گوتمان

گوتت گوتتان

گوتی گوتیان

بەشی بێ هێزیان ئەوەیە کە لە ڕابردووی تێنەپەڕدا دەردەکەوێ و بەدوا مۆرفیمی تێپەڕ و تێنەپەڕدا دێت:

نووستم نووستین

نووستیت نووستن ڕابردووی تێنەپەڕ

نووست نووستن

دەنووم دەخۆم

دەنووین دەخۆین

دەنوویت دەخۆیت

دەنوون دەخۆن

دەنوێت دەخوات

دەنوون دەخۆن

وەک دیارە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک لە هەموو باراندا هەر (م)ە

دەرنەکەوتنی ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک لە ڕابردووی تێنەپەڕدا دواتر بەتێبینی بۆی دەگەڕێینەوە

بەهێزی و بێ هێزیی ڕاناوەکان جگە لەوەی کە تێپەڕ و تێنەپەڕبوونی کارەکانیان لە ڕابردوودا هێمای بۆ دەکات دیاردەیەکی ڕێزمانیشی لێ دەکەوێتەوە ئەویش بریتییە لەوەی کاتێک کە ڕاناوی لکاو و نەلکاوی بەهێز و بێ هێز لە ڕابردووی تێپەڕدا وێکڕا هاتن هەمیشە بێ هێزەکە دەبێتە بەرکار هەرچەند شوێنی کارایشی گرتبێتەوە دەزانین بەپێی دەستووری گشتی لە ڕێزماندا کارا (فاعل) بەدوا بەرکار (مفعول)دا دێت وەک:

کولم چنی.

تۆم دیت.

ئێمەیان گرت.

بەلام ڕاناوی بێ هێز لە هەموو باراندا دەبێتە بەرکار:

دیتمن   من تۆوەم دیت

دیتنم   من ئێوەم دیت

دیتیانیت   تۆیان دیت

دیتیتیان   تۆیان دیت

لە هەردوو فۆرمدا راناوەکانی (ن، یت) بەرکارە.

راناوی کەسی یەکەمی تاک چونکە هەر شێوەی (م)ی هەیە، بەلای باوەڕمەوە پێویستە لە جێگەی کارادا بەکارا بروات:

دیتمت

دیتتم

دیارە لە ڕستەی یەکەمدا (م) بەرکارە. بەڵام لە ڕستەی دووەمدا گومان هەیە لەوەدا ئایا کام راناو کارایە و کامیان بەرکارە.

هەرچەند هەق وایە بگوترێ (دیتمیت یان دیتیتم) بەڵام کە گوترا (دیتتم) پێویستە راناوی (ت) بەرکار بێ.

دەمەتەقە لەسەر (دیتمانیان، دیتتانمان، دیتیانمان ..) و لەسەر (دەتانبینین، دەمانبینن ...) لێرەدا جێی نابێتەوە.

تێبینییەکە ئەمەیە:

راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لە (مضارع)دا دەرناکەوێ. کۆتایی کاری کەسی سێیەمی تاک سێ جۆری هەیە:

دەکات

دەچێت

دەڕێت

لێرەدا چاوپۆشی لە شێوەی (دەکا، دەچێتن ..) دەکەین.

لە نووسینی دیکەمدا لەسەر ئەم باسەم نووسیوە و دوو بەڵگەم بۆ ئیسپاتی رایەکەم دەربڕیوە:

بەڵگەی یەکەم: ئەگەر ئەو کۆتاییانە (ا، ات، اتن – ێ، ێت، ێتن – ی، یت، یتن)

ڕاناوی لکاو باناپە دەبوو ئەوانیش وەکو ڕاناوە لکاوەکانی دیکە لە ڕستەدا ببنە بەرکار.

ئێمە دەڵێین:

دیتمیت   تۆم دیت

دیتمن   ئێوە، ئەوانم دیت

دیتیانین   ئەوان ئێمەیان دیت.. هتد

بەڵام نەگوتراوە و ناگوترێ: دیتمێت، دیتمێتن، دیتما، دیتمات ..

بەکەس ناکرێ لە سنووری ڕێزگرتن لە ڕێزماندا بڵێ ئەو کۆتاییهانە (ێت، ێتن، ا، اتن..) ڕاناون و ناشبنە بەرکار.

تاکە بەهانەیەکی شکی بیەم بۆ ئەوەی بەڕاناو دابندرێن هەر ئەوەیە کە لە فارسیدا کۆتایی کاری کەسی سێیەمی تاک، تێهەڕ و تێنەهەڕ، لە موزاریعدا کە (د، اد)ە بەلای هەندێ لە زمانناسەکانیانەوە ڕاناون، بەڵام لە فارسیشدا کەس جەوابی نییە کە لێی بپرسێ بۆچی نابنە بەرکار؟ خۆ ئەگەر دەرچوو لە فارسیدا دەبنەوە بەرکار دیارە هەقیانە بەڕاناویان دابنێن. من بەگومانەوە قسە دەکەم لەبەرئەوەی بەڵەدی فارسی نیم بابیی بڕیاردان لە باسی وەهادا. وەك بزانم ئەوەی لە فارسیدا دەبێتە بەرکار بۆ کەسی سێیەمی تاك (ش)ە وەك (گفتمش، می گویمش) .. لە پەهلەویش هەر ئەوە ڕاناو بووە لە کوردیدا ئەم کۆتاییانە زیادییەکی گەردانن وەك ناوناوە لێرە و لەوێ زیادەی وەها دێتە قسانەوە بە نموونە لە سلێمانی دەڵێن: بۆم بێنەرەوە [لە جیاتی بێنەوە]، هاتمەوەوانێ [لە جیاتی هاتمەوە]. لە زۆر جێگەدا دەگوترێ ئێستەکێنێ لە جیاتی [ئێستا]، ڕاوەستەکێ، لە جیاتی [ڕاوەستە]. ناوچە هەیە دەڵێ: گرتبام هەیشە دەڵێ گرتبامایە بمگرتبایە، بمگرتایە بمگرتبا .. ئەوەندە هەیە ئەو (ت) و (تن)ە هەمەکیترە لەوان.

هەرچی (ا، ێ، ی) جێی بابەخ نین بۆ لایەنی ڕاناوبوون چونکە ناشێ ڕاناوێك سێ جاران بگۆڕێ.

بەڵگەی دووەم: وا دەزانم ئەمەیان بەهێزتریشە.

بەپێی ڕاناوبوونی ئەو کۆتاییهانە دەبێ لە کاری (چوویێت، چوویێتن)دا ئەم (ێت،

یتن) وەیا (ت، تن)ە ڕاناو بێ چونکە (دەبێت) هەر خۆیەتی هاتووەتە دوابیی (چوو)ەوە تەنها نیشانەی (دە)ی لێ قرتاوە. ئینجا ئەگەر ئەمە وەها بێ چ بڵێین لە ئاست (چووبێتین، چووبێتیت، چووبێتم) چونکە لەم ڕێژەیەدا دوو ڕاناو بەدوا یەکدیدا دێن هەردوویان کارا (فاعل) و یەکیان بۆ کەسی سێیەمی تاک ئەوی دیکەشیان بۆ کەسی یەکەم وەیا دووەم؟ قسەی ئەوتۆیی هی کردن نییە.

(چووبێت) کاری تێنەپەڕە کە بڵێین (کردبێتی) ئەوسا دوو ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک بەدوا یەکدیدا دێن هەردووشیان کارا، یەکیان بەهێز و ئەوی دیکەشیان بێ هێز.

وا دەزانم بەر لەوەی ئەم هەڵەیەش وەکو وشەکانی (فرمان، ڕاناو) چنگ لە هەناوی ڕێزمانی کوردی گیر بکات پێویستە لەسەر مامۆستا دڵسۆزەکانی زمانی کوردی نەفەسی بەبڕن. وشەی (فرمان) بەکارهێنانێکی بازاڕیی وشەی فەرمانە بەواتای (أمر)ی عەرەبی. ئێستا نەخوێندوو گوتی (فرمانی خۆم بەجێ هێنا) مەبەستیشی (ئەو فەرمانەی بەسەر مەوەیە بەجێم هێنا)یە تاقمی خوێندەواریش گوتی دیارە (فرمان) بەواتای (عمل، فعل) دێت و کردی بە (فرمان)ی ڕێزمانی لە جێگەی (فعل)ی عەرەبی ... هەرچی وشەی (ڕاناو)ە بە دژایەتیی زمان و ڕێزمانی کوردی پێشگری (ڕا)ی لە فیعلەوە هێناوە بۆ سەر وشەی (ناو) کە لە بەرەی (ناو – noun)ە. ئەم ڕەفتارە وەک ئەوەیە بگوترێ (هەلمەترەق – وەرگۆزە – دایاینجان). ئەگەر بڵێین لە (ئەڕا)وە کورت کراوەتەوە دەبوو بگوترێ (ئەڕای ناو) وەک کە گوترا (بۆناو).

والێشەزانم وشەی (کار) بۆ (فعل) لە هەموو زاراوەکانی دیکە باشترە هەرچەند ئەویش verb ناگرێتەوە بەڵام چونکە لە هەمووان پتر بەلای (تجرید)دا بووەتەوە پەسەندترە لە (کردن، کردار). وشەی (کارا) بۆ فاعیل و (بەرکار)یش بۆ مفعول وشەی جوانن، هەر لەو بوارەیشەوە وشەی (کارگێڕ) لە (بەڕێوەبەر، سەرپەرشتیکەر خۆشترە. زێدە واتای تجرید لە وشەی کاردا بەوە ڕوون دەبێتەوە کە دەگوترێ (کاری تێ کرد) نەک کردار یان کردن.

لە ئاست لێکۆڵینەوەکانی لیژنەی زمانی کوردی تەنها دوو تێبینی دەردەبڕم:

یەکیان ئەوەیە لە کوردیدا سێ ڕێژە پەیدا نییە بۆ زەمانی ڕانەبردوو. لە زاری کوردی ناوەندی (هەولێروو، باشوور)دا تەنها یەک ڕێژە هەیە ئەویش بۆ ئێستا و دواتر وەک (دەڕۆم، دەخۆم ..). لە زاری کرمانجیی سەرووا دوو ڕێژە هەیە (دچم، دێچم).

لیژنە زۆر بە ڕووناکی بۆ سێ زاراوەی (حاضر، مضارع، مستقبل) نەچووە چونکە (مضارع) دەخلی بەسەر زەمانەوە نییە بەڵکو بە واتای (مشابە، مماثل)ە لەو ڕووە کە (یضارع الاسم فی قبول الحرکات). لە ڕووی زەمانەوە یا (حاضر) هەیە یا (مستقبل) ئەویش لە عەرەبیدا بە (سیفعل، سوف یفعل) دەردەبڕدرێ و ڕێژەی تایبەتیی بۆ دانەندراوە.

تێبینییەکەی دووەم ئەوەیە کە گۆڕانی دەنگی (نە) بە (م) لەو شوێنانەدا کە لیژنە نموونەی بۆ هێناونەتەوە ناچێتە ڕیزی ئەو گۆڕانەی کە باسەکە لێی دەدوێ: گۆڕانی دەنگی (ن)ی وەستاو بە دەنگی (م) لە بەرابەری دەنگی (ب)دا بە فەرمانی دەنگسازی (فۆنەتیك) دەبێ و ناچارییە. ئەگەر هاتبایە جارێك گۆڕابایە و جارێکیشیان نەگۆڕابایە دەشیا نموونەی لێ بهێندرێ. لە وشەی (نەهێنگیر)دا کە بەشێکی کوردەواری بەمەڵە دەیکاتە (نێمگیر) دەنگی (ن) بە (م) گۆڕاوە بەڵام کە دەگوترێ (شەمبە، بەرامبەر، چەمبۆڵە، سەمبەر، تەمبەڵ ...) لە جیاتی (شەنبە، بەرانبەر، چەنبۆڵە، سەنبەر، تەنبەڵ ...) پێی ناگوترێ گۆڕان چونکە زۆریەی وشەکان تا ئێستاش هەر بە (ن) دەنووسرێن. ئەوەی لە نووسیندا دەیانکاتە (م) هەڵە دەکات. لە عەرەبی هەمان دەستوور هەیە بەڵام لە نووسیندا هەڵە ناکرێ .. گۆڕانی (ن) لەو شوێنەدا، لە زمانی کوردی، وەك گۆڕانی دەنگی (ل، ت)ە کە لامەکە بەوەستاوی دەکەوێتە بەرابەری (ت)ەکەوە:

شەپڵتە، قەڵتارە، پاڵتۆ، ئاڵتوون .. لە گوتندا دەبێتە: شەپڵطە، قەڵطارە، پاڵطۆ، ئاڵطوون .. دەنگی (ك، گ)یش لە بەرابەری (ی) وەیا (وی) گلۆر دەکرێن: لە سلێمانی کە (د) بەدوای (ن)ی وەستاودا هات دەکرێتە (گ). ئەم تەرزە گۆڕانە جودایە لە گۆڕانی (کشهل، قشهل – سەقەت، سەکەت، کەوت، کەفت ...). بۆ دۆزینەوەی باری ڕاستی لە گۆڕانی دەنگەکانی وشەی کوردی پێویستە ئاوڕ لە کتێبەکانی زەردەشتی و نووسینەکانی پەهلەوی و سانسکریتی و ئەو جۆرە سەرچاوانە بدرێتەوە. بە نموونە (سوور، سۆر)ی کوردی و (سرخ)ی فارسی لە ئاڤێستادا (سوخرە) بووە. وشەی (پەز)ی کوردی لە ئاڤێستادا (پەسوور، پەشوو) بووە. بەلای منەوە وشەی (کەڵە) لە (کەڵەشێر، کەڵەباب)دا هەمان (کەرکە)ی ئاڤێستایە بە واتای (تەیر). بەو پێیە ڕەنگە (کەرکە شێر، کەرکە باب) بووبێ. زۆر دەنگی (ر)ی ئاڤێستادا دواتر گۆڕاوە بە (ل) وەك دەشزانین دەنگی (ل) لە ئاڤێستادا نایەتە بەرچاو.

لە لاپەڕە (٨٣)ی (فرهنگ ایران باستان) لە نووسینی پووررداود هاتووە: وشەی taro - mati بەواتای (خیرە سری، ناسازگاری) کە لە دوو وشە پێك هاتووە. بە باوەڕی من کەرتی یەکەمیان (taro) هەر ئەو (تڕۆ)یەیە کە ئێستا لە کوردیدا بەکار دێت. لێرەدا هەر ئەوەندە ماوەیە هەیە کە هێما بۆ ئەم لایەنە بکەم، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی سەرلەبەر جێگە و کات و باری لەبارتری دەوێ.

کاروان، ژمارە ٢٠، ١٩٨٤

ڕۆشنبیری پێویستی بەکوردەغیرەتی نییە

بەردەوامبوون لەسەر ڕەوشتی چاك پێبلكەی بەرەژووڕچوونە، بگرە لە بنەڕەتدا ئەم خووەی نۆكگرگرتن بەداوونەستوور بەلای چاكە و بەرژەوەندیی مرۆڤدا دەچێتەوە هەرچەند هەموو داوونەستوور چاكیش نین. بەبەرژەوەندەكە لەوەدایە كە گەلێك لە شیرازە پەروەزەكانی كۆمەلایەتیمان قەرزداری ئەو خوومیە، بەنموونە: نۆكگرگرتن بەخاك و تێكڕای پێكهێنەرەكانی سروشتی و مرۆیی لەو دەوروبەری تێیدا دەژین بنەمای هەستی نیشتمانپەروەرییە. لە باری پێچەوانەدا كە هات مرۆ لە دەوروبەری منداڵیی خۆی دوور كەوتەوە و ماوەیەكی درێژ لێی دابڕا هەستی بزە و سۆزی بۆی دەبوێتەوە. بەكورتی، گیانی ئاشنا دۆستی و دەماری كۆنەپەستی (نەك كۆنەپەرستی) لە سەرجەمدا خزمەتگوزارن نەك بەدكار.

جاران، بەر لە سەدان ساڵ و هەتا سەردەمێك كە بەبیری زۆر كەس لە زیندوواندا دێتەوە، چەنگاڵ گەركردن لە داوونەستوور و نەریت و بەرویاوەڕ تا ڕادەی دەروێشایەتی هاندەری بەردەوامبوون و پەككەری نوێكردنەوە بوو بەناسایی و بێ هەناسەسواربوونی كەس، چەرخی بەرەوپێشبوون و نوێخوازی تەنیا تەنبەڵ دەكات هەر بەو پێیەش قرچككرتن بەنەگۆڕاوی و یەكنەوایی شەقڵی خۆی لە ڕەفتار و ئاكار دەدات. ٤٥٠ ساڵ تێپەڕی بوو بەسەر دۆزینەوەی گەڕانی زەوی بەدەوری ڕۆژدا مێشتان تەقەی نوستورلابی كۆن لە سەری قەڵەكناسەكانمان دەهات، جا ئەو كۆنە نەلەكناسانەش گەلێك بەرەوپێشبوون لە چاو زۆربەی هەرە هەرە زۆری میللەت كە پێتر حەزی دەكرد زەوی تەخت بێت و شەیتان و جنۆكە ڕۆژ و مانگ تاریك بكەن. پارەداری زەمانی عوسمانلی دوای شەڕی یەكەم تێیاندا بوو پارەی كۆنی بەنوێ نەگۆڕییەوە هەتا ئیفلاسی كرد... بەهێنێكی درێژ سواربوونی گەڕۆك و بەستنی ڕادیۆ بەحەرام لە قەڵەم درا... ئەگەر ئەو زانین و دروستكردنانە لە هەناوی خۆمان ڕسكابانایە هەڵبەت پێنەمیان بەرپەرەكانی لەگەڵدا نەدەكرا.

نوێخوازەكانمان بەر لەوەی قوولیش بچنەوە لە زانست و سەقافەتی سەردەم، ئەورووپی، پشت لە كۆنینە ڕاوەستان و چاكیشیان كرد هەرچەند لە هەندێ ڕووەوە پەلە

و لە هەندێ بۆچووندا هەڵەیان کرد بەلام وا بێ دەچێ پەلە و هەڵە باجێکە. نوێبوونەوە لە مرۆی دەستێنێ.

دژوەستان لە ئاست گیانی داوەستاوی کۆنەخوازی کارێکی رەوایە، لە رەواش بەولاوە پێویستە: ئێمە کە هێندە بەئینساف بین لەگەڵ کۆنینە مافی لەسەرخۆکردنەوە و بەردەوامبوونی عادەتی لێ بسەلمێنین دەبێ هەر نەبێ هەمان ئینساف لەگەڵ نوێخوازیش بەکار بهێنین و چاو بپۆشین لە وردە تێزڕۆیی و کەم سەبرییەکی کە لە هەوڵی نوێکردنەوەدا پێوەی دیار دەبێ چونکە هەروەك کۆنەخواز بەسروشتی مەیلەکەی بۆ وەستان و وەستاندن تێ دەنووسێ بەرەو پێشەوە.

بەرەوپێشچوونی راست و دروست بەزیادەوە مافی چاو لێپۆشینی بەسەرمانەوەیە لەم قسانەدا شتێکم گوتووە رەنگە دەمەتەقە لە نوێخوازەوە هەڵنەگرێت بەلام هەر ئێستە دەگەمە خۆ و خلیسکی ئەوتۆ دووچاری وێککەوتنەوەم دەکات لەگەڵ نوێخوازدا.

رۆشنبیری نوێخواز ناشێ لە شەقامەرێی خۆیدا بپێتەوە بەکۆنەخواز. ناشێ دەق بەشتێکی تازەبابەتەوە بگرێت و چنگاڵی لێ گیر بکات وەك کە قەلەکناس چەنگاڵی لە خولانەوەی رۆژ گیر دەکرد. سووربوون لەسەر بیروباوەرێك و قەناعەتێك کە گومانی تێکەڵ دەبێت بەلای کۆنەخوازیدا دەچێتەوە چونکە گومان پەیدابوون بەسە بۆ ئەوەی رۆشنبیر بهاوێتە سەر کنەکردن لە بنەمای ئەو گومانە. ئاخۆ چی لێ پەیدا دەبێ. کە هات و گومانەکە بەلای چەسپانەوە بۆوە ئەوسا سووربوون لەسەر هەڵەی کۆن سنووری کۆنەخوازی تێ دەپەڕێنێت و دەبێتە کوردەغیرەتی و هۆی وەستاندن. بگرە پاشەکشەش.

چی لەم گوتارەدا بە بەرچاوی خۆمەوەم گرتووە چەند هاڵێکە لە هەچیاندا هەستیاری (حساسیة) شازێتەوە چونکە بابەتی ئەوتۆن بەهەر لایەکدا بکەون ج حیسابێکی بنەڕەتی لە کەس هەڵناوەشێننەوە بەلام دەشێ سەلماندنیان لەلایەن نوێخوازەوە ببێتە رێباز بۆ سەلماندنی شتی ئەوتۆیی لە داوڕۆژدا. بەهەمەحاڵ کوردەغیرەتی لە نوێخواز ناوەشێتەوە.

لە پێشەوە کێشەی ساڵی بوون و مردنی نالی دەخەمە روو کە دەنووسرا لە ١٨٠٠ز بووە و لە ١٨٥٦ مردووە. مامۆستا سەجادیش دەیگوت لە ١٧٩٧ بووە.

ئەم دوو ساڵەی هاتن و چوونی بێ بەڵگە و بێ لێکدانەوە و بێ سەرچاوە و بێ

بەراوردکردن لەگەڵ داخوازیی حاڵ، وەکو ئیرای عاسمان نەقشی لە دڵاندا بەست، هەرچی هات لەو کانیاوەی خواردەوە و پێی مەست بوو.

عەجەب و سەد عەجەب لە پێدەنگیی نووسەرانی نەوپاوی نوێخواز لە خەبەرێکی بێ نەسەری بێ سەروشوێنی بێ بەڵگە کە دەزانین نوێخوازانی دوای شەڕی گەورەی دووەم گومانیان خستە بەدیهییەکانی کۆنیشەوە بەرێکەوت من حیکایەتی نوێم لا بوو لەم مەسەلەیەدا، وا بوو لە هەفتەکاندا کە لە کۆڕی زانیاری کوردا ئەندام بووم بەخوێنەری کوردم ڕاگەیاند کە حاجی مەلا عەبدوڵای باپیرم لە ساڵی (١٢٨٨ک) کە دەوەستێتە بەرانبەر (١٨٧١ و ١٨٧٢ز) لە سەفەری حەجی بۆ مەکە (نالی)ی دیتووە. ئەما بەپیری و زۆریش بەپیری. بەدوا شایەدیی باپیرمدا لێکۆڵینەوەشم لە هێمای شیعرەکانی نالی کرد کە تەمەنێکی هەڵکشاوتر لە ٥٦ ساڵ ڕادەگەیەنن. ئەم حیکایەتانەی من هەر ئەوەندەی لێ کەوتەوە کە کاکە فاتیحی مەلای مودەڕیس لە پێشەکیی کتێبە بەنرخەکەی (دیوانی نالی– لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦) بەگەرمی لایەنی ڕایەکە و خەبەردانەکەمی گرت. خەڵقی دیکە هەر لەسەر ڕچەی بێ سەر و سۆراغی کۆنینە بەردەوام بوون. خوا و ڕاستان مامۆستا حەمەبۆر لەژمارەکانی ٦٩٥، ٦٩٦، ٦٩٧ ی مانگی حەفت و هەشتی ساڵی ١٩٨٣دا گوتارێکی بابەخداری ڕوونکەرەوەی لەم بابەتەوە نووسی کە لە کەشکۆڵی عەلی ئاغای ئەفتچیی هەڵێنجا بوو، مەرگی نالیی دەبردەوە بۆ ساڵی (١٢٨٩ک) کە دەوەستێتە بەرانبەر (١٨٧٢ و ١٨٧٣ز)

لێرەدا پێویستە بڵێم عەلی ئاغا لە نێوان ساڵانی (١٢٩٦ و ١٣١٣ک) ئەم کەشکۆڵەی لە گەشتی نێوان کەرکووک و کۆیە و سلێمانی کۆکردۆتەوە کە گرینگییەکەی لەوەدایە بۆچوونەکەی لە وەختێکدا کردووە چەند ساڵێک بەسەر مردنی نالیدا تێپەڕی کردووە واتە بەلای ئەوەوە ساڵی ١٢٨٩ زۆر لەبار بووە چونکە لەو دەمانەدا ئەو ساڵە ڕێک هاتووە لەگەڵ ئاگەداریی خۆی دەربارەی مەرگی نالی. ئەگەر نالی لە ١٢٧٣ک مردبایە عەلی ئاغا بیری لەوە نەدەکردەوە لە ڕێی حیسابی ئەبجەدەوە ساڵی ١٢٨٩ نامزەد بکا بۆ مەرگی نالی، ئەوساش جارێ ئەعلی موقبیل و ئەکەسی دیکەش پەیدا نەبووبوون بەهەڵە مەرگی نالی بەساڵی ١٢٧٣ ببەخشن و عەلی ئاغای ئەفتچی بیەخنە گومانەوە، کە دەزانم لە جیاتی ئەوەی بکەوێتە گومانەوە دەستەوبەخەیان دەبوو. مامۆستا حەمەبۆریش بەم بەڵگەیەی لێکدانەوەکانی ئاغای ئەفتچی پشتگیریی لە

ڕابەکەی من کردبوو.

ماڵی ئاوا بێ دەبێ ئەمەش بڵێم کە من گوتوومە باپیرم لە (١٢٨٨ک) نالی لە مەکە دیتووە قسەکەم لەوە دێت کە ئەو لەگەڵ باوکی، حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی زادە، سەفەری حەجی کردووە بۆ مەکە لە ساڵی ١٢٨٨. دیارە حەجەکە لە (ذوالحجە)ی ئەو ساڵەدا بووە. بەڵام باپیرم لە خزمەت باوکی داماوەتەوە هەتا ئەو ساڵە بەسەرچووە و دوای مەحەڕەمی ١٢٨٩ش نالیی بەزیندوویەتی دیتووە و لە مەکە بەجێی هێشتووە.

ئەمانە بەجێی خۆیان. لە بەرەو کۆتاییی ساڵی ١٩٨٦ مامۆستا عەبدوڵا حەداد کە لە پاریس خەریکی تەواوکردنی خوێندنی بەرزە و سەردانێکی نیشتمانی کرد و بەخەڵقی ڕاگەیاند کە لە کتێبێکی تورکیدا خوێندوویەتیەوە، نووسەری کتێب دەڵێ لە ساڵی ١٢٩٠ک نالی لە ئەستەمبوڵ مردووە و خۆی بەشداریی کردووە لە مەراسیمی ناشتن. من دیدەنیم بوو لەگەڵ مامۆستا حەدادا؛ تومەز گوتارێکیشی لەم بابەتەوە بۆ دەزگەی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ناردووە بەڵام لە پۆستە تێ چووە. خەبەریشم پێ درا کە مامۆستا حەداد لە تەلەفزیۆنی کەرکووک دووانێکی بووە ئەم ڕاستیەی تێدا دەربڕیوە.

ئەم دۆزینەوەیە لێکدانەوەکەی عەلی ئاغای ئەفەنچی گەلێک لە ڕاستی نزیک دەکاتەوە، بۆ ئەویش کە لە دوورەوە خەبەری مەرگی نالی وەرگرتووە، کۆتاییی ١٢٨٩ و سەرەتای ١٢٩٠ تێک دەکەنەوە.

وابزانم تازە کەس ماقی ئەوەی نەما بەکوردەغیرەتی و کوتەکم حەقی چن و سووربوون لەسەر زۆرەملێ بیەنەقاقەی ساڵی ١٨٥٦ی زایینی و ١٢٧٣ی کۆچی بگرێت بەئامرەدی مێژووی مەرگی نالی، خۆ لە نیەکاندا نییە نالی خۆی یان کەسێکی هاوکاتی خۆی بژێتەوە و شایەدیمان بۆ بدات. ئەوەی ڕاستی بێ کەسێکی بەهۆی بێ داگری لەسەر هەڵە، بەتایبەتی لە نێوان ئێمەماناندا، کە بڕشتی سەقافیمان لەمبەر نابەخێتە بەر هەنگاوی هەڵەکردوو، دەتوانێ بڵێت و بنووسێت هەر دەبێ نالی لە ١٨٥٦دا مردبێت. نووسینەکەشی بۆ بڵاو دەکرێتەوە چونکە چاپکراو و چاپکەر پێی عەیبدار نابێت.

بگەڕێمەوە بۆ لێکدانەوەکەی عەلی ئاغای ئەفەنچی و هێمایەکی لێ وەربگرم کە بەکەڵکی ئەم نووسینە دێت.

من ئەو ژمارانەی ٦٩٥ و ٦٩٦ و ٦٩٧ی هاوکاریم لە بەردەستدا نییە. بەتەلەفۆن لە بەهانییەکەی ڕۆژی ١٠/ ١/ ١٩٨٧ لە مامۆستا حەمەبۆرم زانی کە عەلی ئاغا بۆ ئەوە چووە کە حاجی قادری کۆیی لەو پەڕە شیعرەی کە بە(شەهسواری بەلاغەتی کوردان...) دەست پێ دەکات مەبەستی لە نیوە دێری (اسیمی صاحبقران خاص اوە) دەرهێنانی مێژووی مەرگی موستەفا بەگی کوردییە و ١٢٧٦ دەگرێتەوە دواتر کە دەڵێ: (ئەو کە نۆشی شەرابەکی تاڵی- نالی لەو عەسرەدا بووە تالی) وشەی (بووە) کە (١٣) دەگرێتەوە بەحیسابی ئەبجەد دەخرێتە سەر ١٢٧٦ و مێژووی مەرگی نالی پێ دەردێت. دیارە بەم حیسابە ساڵی ١٢٨٩ دەست دەکەوێ.

من وەهای بۆ دەچم عەلی ئاغا نەهاتووە لە سەرەتاوە بەوردبوونەوە لە واتا و هێمای شیعرەکان ژمارەی (١٢٧٦ و ١٣)ی دۆزیبێتەوە و مێژووی مەرگی ئەو دوو شاعیرەی لێوە وەرگرتبن. عەلی ئاغا لە سەرەتاوە زانیوەتی نالی لە دەورووبەری ١٢٨٩ مردووە چونکە خۆی لەو ساڵەدا بەحەیات و شیعردۆست بووە تا ئەوەی دوای حەوت ساڵ کەوتووەتە سەر کۆکردنەوەی کەشکۆڵ ئیتر خەریک بووە بەوردبوونەوەی دوا کاتەوە دوو ژمارەکەی هەڵناوە تەنانەت بۆ ئەوەی لە نیوە دێرەکەی (اسمی صاحب قران خاص اوە) ساڵی ١٢٧٦ هەڵستێ ئەو (ی)ی ئیزافەی بەوشەی (اسم)ەوە ناوە کەچی لە وشەی (خاص)ی ستاندۆتەوە کە ئەویش دەبوو بەپێی دەستووری اضافە (ی) بەدوادا هاتبایە، ئەوساش ژمارەکە دەبوو ١٢٩٩ و کەڵکی پێوە نەدەما. خۆ ئەگەر بگوترێ چ زوو لە بیری چوو نالی لە ١٢٩٠ مردووە نەک ١٢٨٩: دەڵێم من و تۆش لە ماوەی ٤ ساڵ و ٦ ساڵدا تووشی لەبیرچوونەوە دەبین.

دەسا بەر لەوەی مامۆستا حەمەبۆر پێم بڵێ گوتارەکەی هاوکاری لە ١٩٨٣ دەرچووە لە بیرم نەما بوو کەی دەرچووە هەرچەند خۆی نوسخەی دابووم.

ئەم هەڵسەنگاندنەی بۆچوونی عەلی ئاغا جارێکی دیکەش بارمەتیی دەدا لەوەدا کە نالی لە دەورووبەری ١٢٩٠ مردووە هەرچەند دوای دۆزینەوەی ئەو کتێبە تورکییە پێویست بەلێکدانەوە و دەلالەت وەرگرتن نەماوە

کێشەی (بەروار) کەوا گەلێک لە نووسەران بەهاوواتای (date)ی ئینگلیزیی دەزانن وەک کە دەنووسن: ڕۆژی پێنجشەمۆ بەرواری ١٨ی مانگ... ئا ئەم کێشەیەش هەتا ئێستا بەتوندی هەناسە هەڵدێنێ، تا ئەوەی بەر لە یەک دوو حەفتە نامەی ناسیاوێکم

پێ گەیشت زۆر بەراشکاوی (بەروار)ی تێدا نەخشبەست کردبوو.

بەش بەحاڵی خۆم دەمێکە بەخەڵقم ڕاگەیاندووە ئەم وشەیە چ پەیوەندیی بەو واتایەوە نییە وا لێرەشدا حیکایەتەکەی دووبارە دەکەمەوە:

برادەرانی مەهابادی کە بەشداریی شۆڕشەکەی قازی بوون گێڕایانەوە کە لە دەمی جمهوریەتی مەهاباددا نامەیەکیان لە عێراقەوە بۆ هات لە کۆتاییدا نووسرا بوو (بەرواری ٧/ ٤/ ١٩٤٠٠٠٠) ئەوسا لە (بەرواری بالا)وە نووسرا بوو برادەرانی مەهابادی وەیانزانیبوو کە (بەروار) بەواتای مێژووی نووسینی نامەکەیە ئەو (ی)ەی کۆتاییشی هی اضافەیە وەك کە بڵێی ڕۆژی ١٥/ ٧/ .. لەو ڕۆژەوە ئەم وشەیە وەکو دانە گەوهەرێکی بەنرخ چووە فەرهەنگەکانەوە. تۆ سەیری، ڕێکەوت چۆن وەهای کرد نووسەری ئەو نامەیە ئەهات ئەواوی ناوی (بەرواری بالا) بنووسێت و ئەو کێشەیەمان بۆ دەنێتەوە. لە موناسەبەدا دەڵێم، منداڵێك دەگریا خوشکی گەورەشی بۆ ژێرکردنەوەی بانگی کرد، وەرە کتم شتەکت بدەمێ منداڵەکەش گریانەکەی بڕییەوە پرسی چم دەدەمێ ئەویش هەر بەزمانی کۆیێ گوتی (چی کووت دەویٚ واتە چی چۆنت دەوێ) منداڵەکە وەها بزانی (چی کوو) شتێکە و ئەو نەیبیستووە دایەوە گریان و گوتی (چی کووم دەوێ، چی کووم دەوێ...) ئێمە کە منداڵ نین نابێ (بەروار)مان بوێت، چونکە خەت و سەوادیشمان هەیە دەبێ واز لە نووسینی بهێنین.

لە باسی ڕاناو درێژە هەیە ئێرە جێی نییە من تەنها لە یەك دوو خاڵەوە بۆی دەچم لە حەفتاکاندا بەدرێژی لەسەر ڕاناوم نووسی و چەند جارێکیش بۆی گەڕامەوە تا ئەوەی مەتەڵی ئەم دوو جۆرە جێگۆڕکێی سیفەتی ڕاناوی کارا و بەرکار کە لەم دوو ڕستەیەدا دەردەکەوێت بابەتی بەشێکی یەك لە نووسینەکانم بوو. ڕستەکان ئەمانەن:

دەتدیتم

دەتبینم

لە ڕستەی سەرەوەدا ڕاناوی کەسی دووەمی تاك (ت) کارایە و ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك (م) بەرکارە. لە ڕستەی دووەمدا بێ ئەوەی ڕاناوەکان ڕابگوێزرێن ئەوەی کارایە بووەتە بەرکار ئەوەی بەرکارە بووەتە کارا... زمانزانەکان ئەگەر هەمووشیان نەبن بەشێکی زۆریان وەها دادەنێن کە ئەو (ت)ەی کۆتاییی فیعلی وەك (دەچێت، دەکات، دەڕێت) ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە. لە ڕوونکردنەوەدا نووسیم، ئەگەر ڕاناو

بایە دەبوو ئەویش وەکو ڕاناوەکانی دیکە بووبایە مفعوول. لەوەش زیاتر: ئەگەر ڕاناو بێ لە ڕێی قیاسەوە دیارە مادەم لە (دەچێت، دەڵێت، دەبێت)دا ئەو (ت)ەی کۆتایی فیعلەکان ڕاناو بێ لە فیعلی (چوویەت، هاتیەت، نووستیەت)یشدا هەر ڕاناوە. ئینجا کە ئەمە وەها بێت ئەدی چی بڵێین لە (چوویەتم، چوویەتین، نووستیەتین، هاتیەتن...)؟ تۆ بڵێیت ژیربێژی (گوتەن = منطق) لێمان بسەلمێنێت یەک فیعل ڕاناوێکی کەسی سێیەمی تاک و یەکێکی کەسی یەکەم و دووەمی هەبێت؟ لەم نموونانەدا فیعلەکان هەموویان تێ ئەپەڕن. نموونەی فیعلی تێپەڕی وەکو (کردن، بردن...) دەشێ بکرێتە (کردیەتی– بردیەتی...) کە لەواندا دوو ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک لە یەک فیعلدا بەدوا یەکیدا دێن جگە لەوەی کە گوترا (کردیەتم، بردیەتیان، خواردیەتمان، دیەتیان، بوواردیەتت) لە هەمووواندا دوو فاعیلی (ڕاناوی) کۆ دەبنەوە کە شتی ئەوتۆیی لە کەوولەی ئەرێشدا نەبیستراوە و نەبیتراوە و بەخەون و خەیاڵدا نەهاتووە لەمەوە هێندەی تێشکی ڕۆژ ئاشکرایە ئەم (ت)ی کۆتایی فیعلەکان زیادەیەکی گەردانی (تصریفی)یە بێ زیاد و کەم، لە زۆر لەهجەشدا تێ دەبردرێ و کۆ ناکرێت وەک کە دەڵێی (دەخوا، دەڕوا، دەچێ... هتد) هەر خۆم تازە نووسیم (دەڵێی) لە جیاتی (دەڵێیت): ئەشمنووسی (تێ دەبردرێت).

وا بزانم بەڵگە لەم بەڵگەیە بەهێزتر بۆ هیچ شتێک پێویست نییە جا ئەگەر ئەسەلمێندرێ هەر دەبێ کوردەغەرەتی هۆی ئەسەلماندن بێت. لەلای هەندێ نووسەرەوە لە فیعلی وەکو (بدە بکە، ببە)دا ئەم دەنگی کۆتایی فیعلەکان کە شکڵی (ە)ی بۆ دادەنێین ڕاناوی کەسی دووەمی تاکە. ئەگەر وەها بێ ئەدی لە (بکەم، بدەم، بدەیت، بکەیت، بکەین، بدەن...)دا چۆناوچۆنی ڕاناوێک دەربدەچێ؟ لێرەشدا دوو ڕاناوی لە یەکتر جودا بۆ دوو کەس لە یەکتر جودا کۆ دەبنەوە وەیا دوو ڕاناوی یەک تاکە کەس لە فیعلێکدا دەردەکەون.

ئەگەر کوردەغەرەتی لە بەینیدا نەبێ چ ڕێگەی پێگیری لە پێش کەس نامێنێتەوە دەبینین لە (ببە)دا ئەشێ بڵێین (ببەم، ببەین، ببەیت) تومەز گەردانی فیعل چارێکیان ئەم بزوێنەی (ە)ی هێڵاوەوە و چارێکیشیان تێی برد. مەسەلەکە دەچێتەوە بۆ قاڵبی (گەردان) کە هەر جارە بەپێی هەڵکەوت دەگۆڕێ و هیچ دەخلێکی بەسەر ڕاناوبوونی ئەم بزوێنەوە نییە.

کەسی سێیەمی تاک لە ڕابردووی فیعلی تێنەپەڕدا دەرناکەوێت. لە ئایندەدا هەر

بەجارێ ڕێی دەرکەوتنی نامێنێ چونکە ڕاناوی کەسەکانی یەکەم و دووەمی تاك و کۆ، و کەسی سێیەمی کۆ کە لە ڕابردووی تێپەڕدا (م، مان، ت، تان، ی، یان)ە لە ئایندەدا وەکو ڕاناوی فعلی تێنەپەڕی لێ بەسەر دێت کە لە ڕابردوو و ئایندەدا (ین، یت، ن)ە.

ئینجا کە ڕاناوی بەهێز لە ئایندەدا بێ هێز بێت چۆن فیعلی وەکو (ڕۆیی - هات) کە ڕاناوی نییە لە ئایندەدا لێی دەرسکێت. ڕێژەی ئەمری کەسی یەکەمی تاکیش چونکە کەسەکە لە ڕوودایە لزووم بەڕاناو نەماوە هەتا لەلایەن ژمارەی تاك و کۆی کەسی دووەمەوە پێویست بە ڕاناو پەیدا دەبێ ئەوساش ڕاناوی بێ هێزی بۆ بەکار دێت. کە فیعلەکە بوو بەئیلیزامی و گوترا (بکەیت) و لە ئەمری سەریح دەرچوو ئەوسا ڕاناو پەیدا دەبێت، کە (یت)ە.

لزووم نەبوون بۆ دەرکەوتنی ڕاناو باری دیکەشی هەیە، کە دەڵێی: خواردم، دیتم، بیستم، کردتان، بردمان، گوتت. لە خۆوە دیارە بەرکاری ئەم فیعلانە تاکی سێیەمە چونکە ئەگەر بەرکار شتێکی دیکە بووایە دەبوو دەرکەوێت.

ئەم ڕاستییە زۆر بەسەیری وەها دەکات هێندێ زمانزان بۆ ئەوە بچن کە لە فیعلی (خواردی، کردی، بردی...)دا ئەم (ی)ە مەفعوول بێت چونکە هەبوونی مەفعوول لە شکڵی کەسی تاکی سێیەم یەکسەر بەبیردا دێت، ئینجا کە ئەم (ی)ە دەرکەوت خێرا بیر بۆ ئەوە دەچێت کە مەفعوول بێت. بۆ پتر ڕوونکردنەوە سەیری نموونەیەکی دیکە بکە. کە دەڵێی: دەی دیت، ئەگەر ئاگاداری خۆت نەبیت یەکسەر ئەو (ی)ەی دوای (دە) بەمەفعولی بێ دەمەتەقە دادەنێیت بەلام لەگەڵ نموونەی وەکو: دەی دیتم خێرا بۆچوونەکەی هەوڵ جار دەبووژێتەوە هەروەها کە دەڵێی: دەم دیت، لێت مەعلووم دەبێ کەسی سێیەمی تاك لە شکڵی ڕاناودا کە دەرنەکەوتووە مەفعوولە ئەگەر ڕاناوێکی دیکە بایە دەردەکەوت وەك: دەم دیتن، دەم دیتیت.

دیتوومە نووسراوە کە ڕاناوی لکاو لە کوردیدا نییە گۆیا ئەوەی بەڕاناوی ئەلکاو دادەنرێت شتێکە وەکو verb tobe لە ئینگلیزیدا، لەم گوتەیەشدا پتر ڕاناوی لکاوی بێ هێز مەبەستە وەك: نووستن، چوون، هاتیت، ئێمە کوردین، دەبینین، دەچۆن.

لەبارەی ڕاناوبوونی ئەوانەی کە لەم فیعلانە دەردەکەون. دیتمان، خواردتان، بردیان، کردت، بیستم، هێنای، ئەوە بەسە کە دەبنە (مضاف الیه) وەك: براتان،

دەستمان، خزمم، ماڵیان، هاوتات، باوکی. دەشبنە بەرکار (مفعول) وەك. دیتمانی (دیتینی)، دەتانناسم، دەمگرن، دەتتاخیووم، دەیگێڕین، دەیانکێشین. کەواتە گومان نییە لەوەدا کە ڕاناوی لکاوی بەهێز هەیە و جێی دەمەتەقە نییە. دەمێنێتەوە لکاوی بێ هێز.

بۆ بەتاقیکردنەوەیان نایەین لەگەڵ فیعلی ڕابردوودا بیانهێنین چونکە لەگەڵ ئەو فیعلەدا گومانی ڕاناوتەبوونیان لێ دەکرێت، لەبەرهەمان سەبەبیش نەهاتم لکاوی بەهێز لەگەڵ فیعلی ڕابردوودا بهێنم تەنها لە نموونەی یەکەم نەبێ. ڕاناوی لکاوی بێ هێز ناتوانێ ببێتە (مضاف الیه). بەڵام دەبێتە بەرکار (مەفعول) وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت: دیتینی ئەو ئێمەی دیت (ین مەفعوولە)

ئەم ویستن من ئێوە وەیا ئەوانم دەویست (ن مەفعوولە)

هەڵیان بژاردیت. ئەوان تۆیان هەڵبژارد (یت مەفعوولە)

پێشتر گوتم کەسی سێیەمی تاك بەمەفعول لەم شوێنانەدا دەرناکەوێ هەرچی کەسی یەکەمی تاکە لە هەردوو حاڵی بەهێزی و بێ هێزیدا هەریەك فۆرمی (م)ی هەیە وەك

ئەم بینیێ، دەیدیتم (دەیدیتین، دەیدیتیت...)

ئەم ڕاناوانە لە ڕستەی بێ فیعلی ئاشکراش دێن. دیارە ڕستەی ئەوتۆیی بەناچاری داوای ڕاناوی بێ هێز دەکات چونکە ڕاناوی بەهێز هەر لەگەڵ تێپەڕدا دێت، ئەویش لە ڕابردوودا. ئەمانە نموونەی ڕستەی بێ فیعلن:

من ئازام، تۆ ڕاستگۆیت، ئێمە کوردین، ئەوان- ئێوە کوردن.

کە دەگوترێ (ئەو کوردە) ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك دەرنەکەوتووە. ئەوەی لە کۆتایی ڕستەکەدایە پاشماوەی (verb tobe) کۆنە. لە هەندێ لەهجەدا دەگوترێ: کوردەس. بگەڕێینەوە بۆ پتر لە دوو هەزار ساڵ ئەم فیعلی هەبوونە ڕابردووشی هەبوو. ئێستە لە فارسیدا (است) بەکار دێت لەگەڵ ڕاناوەکان وەك: مرداستم، بالاستی، خوب استیم... هتد. هەروەها بێ ئەو (است)ەش ڕستە دروست دەبێ وەك: خوبم، خوبی، خوبیم، خوبند، خوبید. تەنها لەگەڵ کەسی سێیەمی تاکدا دەبێ است- هست بەکار بێت.

من لە نووسینی کۆندا ئەم بزوێنەی (بالات ڕاستە)ی کۆتایی ستەکەم بەڕاناو

دادەنــا، لــەمــەدا سەھــوو بــووم تــوەــمز لــێرەشدا ڕانــاوی کــەســی سێیــەمــی تــاك جــێی دەرکەوتنی نییە هەروەك لە فیعلی تێنەپەڕدا نەبوو. فیعلی بوون لەم ڕستانەدا سەرەوە چی ماوەتەوە ڕاناوە جگە لە کەسی سێیەمی تاك.

ڕاستییەکەی دەبوو بۆ مەفهوومی (فعل- کار) وشەیەك دابندرێ نەك تەنها کردن و ڕوودان بگرێتەوە بەڵکو ئەوەی ڕوودان و کردنیشی تێدا نییە وەك (دارا مەرد) ئەویشی بەر بکەوێت... لەم تەرزە ڕستانەدا گەلێك جار (کات)یش مەبەست نییە: تۆ کە دەڵێی (بەفر سارده) ئاتەوێ بڵێی نێستە ساردە یان دوێنێ ساردبوو، سبەی سارد دەبێ. تۆ دەتەوێ ڕاستییەکی (مطلق) دەربڕیت کەوا نەڕوودان نەکات، هیچیانی تێدا نییە. لە ئاست زاراوەی verb تێبینیم چونکە لە قامووسەکانی من دیتوومن نەنووسراوە واتای وشەکە لە دەرەوەی ڕێزمان چی دەگەیەنێ.

کە وردتر بڕوانین تاقمی (افعال المطاوعة)ی کە من لە کوردی (کاری ڕوودان)یان پێ دەڵێم لەوانەیشدا (کردن) پەیدا نییە. بەنموونە کە دەڵێی (دیوارەکە ڕما) دیواری بــەستــەزمــان هــیــچی نــەکردووە بێ ئــەوەی ویــستیــێتی ڕووداني (ڕمان)ی بــەســەردا هاتووە. ئەم تاقمە وەکو تاقمی کاری کارا نادیار (= مبني للمجهول) خۆ دەنوێنن لە ڕووی دەوری کارا (فاعل) تێیاندا کە هیچ لایەنی ئیجابییەتی تێدا نییە: لە ڕستەی (دارا دیترا)دا دارا چەند ماندوو بووە کە گوترا (دارا کەوت، پووش سووتا) لەوێشدا دارا و پووش هەر هەندە ماندوو بوون کە دەکا هیچ. هەر بۆیەیشە ڕێژەی کاری ڕوودان بەزۆری وەك ڕێژەی کارا نادیارە، گەردانیشیان یەك جۆرە وەك:

سووتا	دەسووتێ	دەسووتێم.
ڕما	دەڕمێ	دەڕمێم.
پسا	دەپسێ	دەپسێم.
دیترا	دەدیترێ	دەدیترێم.
خورا	دەخورێ	دەخورێم.
کێڵرا	دەکێڵرێ	دەکێڵرێین... هتد

بێینە سەروکاری ئەم زاراوەیەی مامە (ڕاناو) کە لەسەرێشم نووسیوە و لێرەشدا بۆ ئەو و زاراوەیەکی دیکەش دەگەڕێمەوە.

وەك دەزانیت و دەزانم مەبەس لە وشەی ڕاناو ئەوەیە واتای وشەی pronoun بەدەستەوە بدات، واتە وشەیەك بێت لە تاقمی (ناو) حیساب بکرێت... هەر بەم مەبەستە بوو، هێندێ زانای زمانی (بۆناو، جێناو)یان لە بری (ضمیر– pronoun) دانا.

ئەم داڕشتنەی (ڕاناو) کە بریتی بێ لە (ڕا + ناو) بەهیچ مەزەنەیەکی ڕێزمانی کوردی ڕەوا نییە چونکە وەك چەند جارێك لێرە بەپێشەوە گوتوومە، ئەگەر ئەم (ڕا)یەی بەرایی وشەکە پێشگرەکەی (ڕاهێنان، ڕاپەڕین، ڕاکێشان...) بێت دیارە هەر دەچێتە پێش کار (فعل) و ناشێ بەهیچ جۆرێك بخرێتە بەرایی ناو و غەیری ناویش. ئەگەر کورتکراوەی (ئەڕا) بێ بەواتای (بۆ، لەبۆ) دەبوو هەرنەبێ بگوترێ (ڕای ناو). بەهەمەحاڵ (ئەڕای ناو، ڕای ناو) هەردوویان ناقۆڵان بەڵام هێندەی پێشگری (ڕ) بێ جێ نین. بەکورتی ئەم زاراوەیە نالەبارترین دروشمە بۆ زمانناسی کە بیکا بەعینوانی زانستەکەی مەگەر هەر زاراوەی (فرمان) لەو نالەبارتر بێت کە ئەختێکی دیکە لێی دەدوێم.

لەم (ڕاناو)ەدا سەیرێکی دیکە هەیە لێپێدەنگبوونی دەبێتە بێئاگایی: ئەو زمانناسانەی لە بری (ضمیر – Pronoun) هاتن (ڕاناو، بۆناو، جێناو)یان ڕەچاو کرد، ویستیان خۆیان لە (ضمیر) بدزنەوە بۆ زاراوەی Pronoun گۆیا ئەمیان لەگەڵ کوردی ڕێك دێت. کە ئەمەیان کرد و چۆن و چۆنی هاتن بایانداوە سەر عەرەبی و دەقاودەق (متصل و غیرمتصل «منفصل»)یان لێ خواستەوە بۆ ڕاناوی (لکاو و نەلکاو)؟ ڕاستییەکەی ئەم لکاو و نەلکاوە هەرچی دەوری ڕاناوەکە هەیە لە زمانی کوردیدا پێشێل دەکات چونکە ڕاناوی لکاو شیرازەی ڕستەی کوردییە تا ئەوەی لە ڕابردووی کەسی سێیەمی تاکی کاری تێنەپەڕ و لە ئەمری کەسی دووەمی تاك بترازێت ڕستەی تەواو لە کوردی پەیدا نابێ بێ ڕاناوی لکاو، قسەش لێرەدا لەگەڵ لەهجەی کرمانجیی سەروو نییە کە لە بابەتی ڕاناودا ئەو لەهجەیە تۆژینەوەی خۆی هەیە.

هەرچی لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ (جملة اسمیة) لە کوردیدا ڕاناوی لکاو جێی کاری هەبوونی تێدا گرتۆتەوە واتە (Verb tobe) لە ڕستەی کوردیدا سڕاوە و ماوەتەوە ڕاناوەکە (جگە لە کەسی سێیەمی تاك کە گوتم پاشماوەی ئەو کاری هەبوونی پاراستووە) خۆ دەزانین کە هەرچی فیعل هەیە بێ لەو دوو ڕێژەیەی باس کراوە بێ ڕاناوی لکاو نایەن. من ئەم لایەنەم لە دەمێکەوە ڕەچاو کردووە تا ئەوەی لە

حەفتاکاندا زاراوەی (ڕاناوی مەند) بۆ (تەلکاو) و (ڕاناوی چالاک)م بۆ (لکاو) پێشنیاز کرد ئێستەش هەر وەها دەکەم هەرچەند دەزانم کەس بەدوا قسەمدا نایەت. چ بڵێیت (نامەی گیانلەبەرێکە دوو چاوی هەیە) و چ بڵێیت (ڕاناوی لکاو و نەلکاو) هاتوویت وەسفێکت بەکار هێناوە هەرچی سروشتی بنەڕەتیی وەسفکراو هەیە تێی بردووە ڕاناوی لکاو و زاراوەی ناوانبارن.

بێینە سەر باسی (فرمان): ئەم فرمانە هیچ پێوەندییەکی بەمەفهوومی (فعل، وقوع، ڕووداو)ەوە نییە. هەروەك پێوەندییەکی بەوانەوە نییە زۆریش ئاشکرایە چ واتایەك بەدەستەوە نەدات.

فرمان بێ زیاد و کەم ئەو (فەرمان)ەیە کە هاتەوپاتە لەگەڵ (امر) فەرمان لە (فەرموون)ەوە بەشێوەی (ناوی چاووگ) هاتووە وەك کە (ترس) ناوی چاووگە (پرس، لەرز...)یش هەروەها. جاران دەگوترا (فەرمانی سوڵتان) ئێستە وا دەڵێین (فرمانی ڕێزمان) بەڵام دوور لە واتای خۆی.

ئەم (فرمان)ە لە زاری بازاڕ و ناخاوتنی عادەتییەوە وەرگیرا کە خەڵقی نەخوێندوو دەیانگوت و دەڵێن (فرمانی خۆم بەجێ هێنا) مەبەستیشیان ئەوەیە بڵێن (ئەو کارەی بەسەر شانمەوەیە) واتە (ئەو واجبەی بەسەرمەوەیە). لەم بەکارهێنانەوە خوێندەواری نوێ بۆ ئەوەی چوو کە (فرمان) بەرانبەر (کار، عمل، فعل) دەوەستێت ئیتر گورج بەنجەی لێ گیر کرد و لە بری (فعل)ی عەرەبی کەلێنێکی لە ڕێزمانی کوردی پێ گرت. چ فەرقێك نییە لە نێوان (واجبم بەجێ هێنا) و (فعلم بەجێ هێنا) لە نەزەر ئەو کەسەی کاری خۆی بەواجب دەزانێ هەروەهاش چ فەرق نییە لە نێوان (فرمانم بەجێ هێنا) و (کارم بەجێ هێنا) لە نەزەر ئەو کوڕە نەخوێندووەی کە ئاگای لە ڕێزمان نییە، ناشزانێ چۆناوچۆنی وشە جێگۆڕکێ و واتاگۆڕکێ دەکات.

لەو زاراوانەی تا ئێستە بۆ (فعل) دانراون هیچیان ناگەنە زاراوەی (کار) چونکە وشەی (کار) لە هەموو وشەیەك دەلالەتی (فعل)ی هەبێ پتر بەرەو (تجرید) چووە ئەو لە (کردار، کردن) گەلێك (مطلق)ترە. ئێمەش زۆرمان پێویست بە(مطلق و تجرید) هەیە بۆ ئەوەی نێزیك ببینەوە لە سروشتی ئەو فیعلانەی هەر ڕووداویان تێدایە بێ کردەوەی ڕاستەقینە. ئەمەت لەلایێکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێتە (کارا، بەرکار) بۆ (فاعل، مفعول).

کارگێڕیی لێ وەردەگیرێ بۆ (مدیر). هێندێك لە بری (فاعل) دەنووسن (بکەر).

چەندێکی بەوەیّ خۆمی پێ ئیقناع بکەم بێ سوودە. بەڵام دەتوانم بەرچەلیی بڵێم ئەم ڕێژەیەی (بڵێ، بخۆ... بکەر) بواری خۆی هەیە لە بارێکی تایبەتی ئاخاوتندا ڕاگەیێنە. جگە لەمەش، هەر دەمێنێتەوە بڵێم ئەو کەسەی لە هەوەڵەوە (بکەر)ی بەکار هێنا دوور دەستووری (اسم الفاعل)ی کوردی تێك بەست چونکە قاڵبی (بڵێ، بوێر...) پێویستی بە (ر)ی فاعیلیەت نییە بۆ هەڵگرتنی فاعیل وەك کە دەڵێین (ناخێوەر، کوژەر، بیسەر...) لەبەر ئەم هۆیە دەبوو (بکە) بەفاعیل دابنێت ئیتر خۆشە ئیمەی تێدا بەرپرس نین. ئینجا ئەگەر بگوترێ. لە (کردن)دا دەنگی (ر) هەیە خۆ لە (خواردن)یشدا هەیە کەچی کەس ناڵێ (بخۆر، بخوەر) ناشبێ بڵێین (بدەر) بەقافیەی (بکەر). لە قاڵبی (بڵێ، بخۆ)دا کە فیعلێك ڕێژەی ئایندە (مضارع)ی دەنگی (ر)ی تێدا مایەوە لە فاعیلیەتیشدا دێتەوە، بۆیە دەڵێی (بوێر) چونکە دەنگی (ر) لە (وێرای، دەوێرێ) بەردەوامە کەچی لە (خواردی، دەخوا)دا بەردەوام نییە. وشەی (ببڕ) کەوا پێ دەچێ بووبێتە (ببوڕ) لە موزاریعدا (ڕ)ەکەی دەمێنێت: (بڕی، دەبڕێ) جێی خۆیەتی لەو قاڵبەشدا دەرکەوێتەوە. کورد لە ڕێژەی موزاریعەوە ناوی کارا (اسم فاعل) هەڵدەهێنێ. لە (کردی، دەکا)دا ئەم (ر)ە بەردەوام نییە کەواتە ناشێ بگوترێ (بکەر).

لە نووسینی ئەم گوتارەم نەبوویبوومەوە ژمارە پازدەمەی گۆڤاری دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عیراقم پێ گەیشت، دیتم مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە گوتاری (بەرێگای ڕاستکردنەوەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆییدا، ئەمەش هەنگاوێکی تر) دەنووسێ کەوا لە چاپکردنی دیوانەکەی حاجی قادر کە مامۆستا سەردار خۆشناو و مامۆستا کەریم شارەزا گردوکۆیەیان کردبوو، منیش (مەسعوود محەمەد) پێیدا چوویبوومەوە دەستکاریی لە زۆر شوێنیدا کردووە. پێشتر ئەمەم نەدەزانی لەبەر ئەمە پێداچوونەوەی من ئەو بەرپرسییەی تێدا نەماوە کە ئەگەر وەکو خۆی مابایەوە ڕووی لە من دەکرد. دەشبوو کاکە محەمەد پرسم پێ بکا لە گۆڕینی ئەو دەقانەی کە بەگۆڕاوی لەسەر من حیساب دەکرێ. ڕاستییەکەی من هیچ سەرچاوەیەکم لا نەبوو پشتی پێ ببەستم، خۆ هەرچی هەبێ لەو سەرچاوانە هەر هێندەی من پێیان بەشێعری حاجی بردووە ئەم کارەی کاکە محەمەد کە بێگومان لە پەرۆشەوە کردوویەتی، ئەویش کوردەغیرەتی پێ ناوێ کە ئەختێك سنووری (ئازادی لە کردەوە)ی بەزاندووە. بەهەمەحاڵ لەلای منەوە گەردنی ئازاد بێ، بەتێبینیی ئەوە کە لە دوارۆژدا پرسم پێ بکرێ.

هاوکاری، ژمارە ٨٤٤، ١٩٨٧

ڕەمزی نافیع

قوربانییە زلەکەی هەولێر

دەمێکی لەمێژەوەیە خولیای (ڕەمزی نەوازی) لەگەڵمدا دەژیت و خەتووکەی هەستی ڕوح بەرەییم بۆ گیانی کوردایەتی لێ دەبزێوێ. خولیا ساڵە و ساڵ لە دڵمدا ترنجۆکی شەبەنگی خۆی تەنییەوە و باڵە و باڵ بە پێپلکەی نرخە بەرزەکاندا بەرەو تۆقەڵەی سەنگاندنەوە تێ هەڵکشی. خولیای نرخاندن و سەنگاندن، بەرەبەرە، لێم بوو بە هەستی فەرمانی قەومایەتی بەسەر شانمەوە: بۆچی شەبەنگی وەها گەش و پرشنگدار لە زیندانی فەرامۆشیدا ژەنگ هەڵبهێنێ؟ خۆ پەنجەچیلکە نین قەڵەم و گۆڤاریش کلچووک و کفنی بەڵەک نین بە هەموویان نەتوانن وێنەی ئەم قارەمانە لە گۆڕخانەی نەبەردییەوە بۆ بەرچاو و دڵ و مێشکی میللەتەکەی نەخش بەستوو بکەن؛ دوو ساڵ دەبێ بڕیاری پیرۆزم بە دڵی خۆمدا هێنا کە تۆز لە وێنەی ئەم خۆبەختکردووە بتەکێنم و ڕەسی جاڵجاڵۆکەی فەرامۆشی لێ داڕنم و بەسەرهاتەکەی بکەم بە دیاری دووەم لە خۆیەوە بۆ زیندووان.

شاباشی یەکەمی لە نامەنگی میللەتپەرستندا گیانی بوو، شاباشی دووبارەی لە زەماوەندی بیرەوەرییەکەیدا ئەم دراوێلکانەن و وا لە وشەخانەی زەینی منەوە دڵۆپ دڵۆپ بەنووکی خامە بەرەو تۆمارخانەی مێژوو بەبەرچاوی خوێنەردا گلۆر دەبنەوە. قۆڵ و باسکی بەرۆشم لێ هەڵماڵی و خامەم بەمەرەکەب داشت و لە مەزرای کاغەزم گەرساند. وەك حەفتەجووتی جووتیاری کورد کە بەسەر خاکی پاکی زەوییەکانی کوردستانەوە وەردی ڕەش دەچەنەوە بە پەیت و بەرەکەتی دانەوێڵەی هەژاران منیش بە نووکی خامە کاغەزم دایە بەر خەت، لە دوا خەتی هاتوچۆی مێشك بە ناو تانوپۆی ڕاپەڵەی کارەساتی قوربانیدانی ڕەمزی نافیع پۆڵەی نازدار و شەرەفداری شاری هەولێر لە پێناو تێکڕای میللەتی کوردا کە هەمووی لە تەرازووی بەراورد و هەڵسەنگاندندا هەر هەزاری دانەوێڵە و ترووسکەی ئاگری سەرمای ڕێبەندان بووە لە وەتەی زەقەی چاوی لە پێڵووی شلەقاوی مێژوودا هاتووە.

دەست و قەڵەم کە گەرم ڕاهاتن لە نووسین دەکەونە برشت، (خومخانەی خەیاڵی

ئەنجومەندی - حاجی قادر) لە کۆبەندی یادکردنەوەی رەمزیدا، پەیتاپەیتا، لە جیاتی مەرەکەب برژوێی شەرابی بە خامەم دەبەخشی و منیش پێوە سەرگەرم دەبووم و (هەی بێ)م لە نووسین دەکرد: چرای گەشی چیهرەی رەمزی (شەمعی موتالا - نالی)م بوو.

جارێ، وەکو ئێستاکە، لە سەرەتاکانی پێشەکیدا هاتۆچۆی ئەمسەر و سەری کاغەزم بە قەڵەم دەکرد، لە وتووێژدا، دۆستی ڕێز لێگیراووم د. کەمال مەزهەر پێی ڕاگەیاندم کە کتێبێک بە ئەڵمانی لەلایەن سەرپەرشتیکەری ئەو ڕووداوەی کە ڕەمزی تێیدا بوو بە قوربانی دەرچووە. نوسخەیەکیشی لای خۆی هەیە کە بۆ نیازێکی سەر بە باسی مێژووی کوردەوە دەردەستی کردبوو. هەرکە ئەمەم زانی لە نووسین وەستام. ناشێ سەرچاوەیەکی وەها گرنگی مێژوویی پشتگوێ بخرێ کە پڕ بێ لە باسی ڕەمزی. د. کەمال کتێبەکەی بۆ هێنام لەگەڵ چەند لاپەڕەیەک لە پاڵاوتەی کورتەی کتێبەکە، لەلایەن مامۆستا سەردار میرانەوە هێنرابووە سەر عەرەبی.

ویستم پتر لەم کتێبە سوودمەند بم بە تەرجەمەیەکی بیندرێژتر. بۆ ئەم مەبەستە کتێبەکەم دایە د. فەوزی ڕەشید. ئەویش دوای خوێندنەوەی هەر ئەوەندەی بێ کرا بە قسە باسی ناوەڕۆکەکەیم بۆ بکات چونکە دەرفەتی تەرجەمەی بەنووسینەوە نەبوو. لە نێوان ڕاگەیاندنەکانی نووسینی مامۆستا سەردار و گێڕانەوەکەی د. فەوزی نەختێک جوداوازی هەبوو کە بەمن نەدەکرا تێیدا بەریوان بم، ئەم تەگەرەیەش وەستاندمی. ڕەنگە ساڵێک، زۆرتر کەمتر بەسەر وازهێنانم لە نووسیندا تێ پەڕی بێ بە دیار پەیدابوونی خێرومەندێکی ئەڵمانیزان و دۆست و خاوەن دەرفەت تەگەرە بچووکەکەم بۆ بڕەوێنێتەوە، بە داخەوە چەندێکی هەوڵم دا و برادەری نزیکیشم هەوڵی بۆ دام بە هیچ ئامانجێک نەگەیشتم، تا ئەوەی هەستم کرد کە شەرم و بەخۆداشکانەوە لە ئاست گیانی ڕەمزی چی دیکەم هاڵەبەخش ناکات. بۆیە بوو وا بەم شێوەیەی لێرەدا دێتە بەر نیگای خوێنەرەوە هاتمە سەر باسی نووسین هەمیشەش ئاگاداری ئەوە دەبم شتێک نەیەتە ناو نووسینەوە لەگەڵ ڕاستییەکی شراوەدا نەگونجێ. چی باسی دەکەم جێی دڵنیایی خوێنەرە، شتێکی لەوانە بێ لەگەڵ ناوەرۆکی نەزانراوی ئەو کتێبەدا ڕێک نەیەت، تا پێم بکرێ، خۆمی لێ لادەدەم، ئەوەی کاریشمان پێیەوە هەبێ لەو بەسەرهاتەی پێوەندیدار بێ بە ڕەمزییەوە، وەکو هەتێکی ڕۆشن ڕێگە بۆ سەر مەبەست دەر دەکات. بەڵام دەبێ بڵێم ئەو کتێبە سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ و فەرامۆشکراوە

لەوانەی بەکوردەوە خەریک بوون، سەرگوزشتەیەکی خۆشیشە لە گۆشەیەکی کەینوبەینی شەڕی گەورەی دووەم، لێی دێت نەختێک تەڕایی ببەخشێ بە دەماغی خوێنەر کە وشک بۆتەوە بە زۆربەی ئەو نووسینە وشکێن و بڕینگێنەی خۆ بە مل حاڵوباری ڕۆشنبیریماندا دەدەن. بەر لە ١٣٠٠ ساڵ پتر پێغەمبەر (د.) فەرموویەتی (روحوا القلوب ساعة بعد ساعة..) ناوناوە دڵتان بحەسێننەوە. ڕاستییەکەی، لە دەستم هاتبایە سەرلەبەری کتێبەکەم بە کوردی یان بە زمانێکی ئاشنا لەبەر گوێی کورد بڵاو دەکردەوە هەر دەشبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان بکرێ.

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٥٩ لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانیدا، لە ژێر سەرناوی (Im brennenden rient) لەلایەن گۆتفرید یۆهانس مولەرەوە نووسراوە و بڵاو کراوەتەوە واتای عنوانەکە بەعەرەبی (في الشرق الملتهب)ی لێ دراوەتەوە لەلایەن مامۆستا سەردارەوە. ئینجا خوێنەر با دەقێکی کوردی بۆ پەسەند بکات وەک: لە ڕۆژ هەڵاتی هەڵایساو – بڵێسەدار – ئاگر تێ بەربووی – بڵێساوی.. یان هەرچی دیکەی لەبارتر بێ.

مولەر لە کتێبەکەیدا دەنووسێ کە وەکو ئەڵمانێکی بە پەرۆش بۆ میللەتەکەی لە جەنگی دووەمدا بیر لە پلانێک دەکاتەوە یارمەتیی وڵاتەکەی بدات بەرەو سەرکەوتن. لە کولانەی پێویستی ئەڵمانیا بە نەوت یادی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچێتەوە کە پێشتر گەشتێکی تێدا کردبوو. لە بەشێکی گەشتەکەیدا بە یارمەتیی شێخ مەحموود گەڕانێکیشی لە کوردستاندا کردبوو. لە ساڵی ١٩٤٢ نەخشەی پلانێک بۆ سەرکردایەتیی جەنگی رایخی سێیەم دەنێرێ لەبارەی چۆنیەتیی سوودبینین لە نەوتی عێراق بەهۆی کوردی عێراق نشینەوە وەک خۆی دەڵێ، دوای حەفتەیەک فەرمان لە سەرکردایەتیی سپا دەردەچێ بۆ ڕێکخستنی پێداویستیی بزووتنەوەیەکی ئەوتۆیی. زوویەزوو تاقمێک لە دۆستانی پێک دەهێنێ بۆ تێ هەڵچوون لەو پلانە بەڵام دەمێننەوە تەگەرەی هەرە گەورە بڕەوێتەوە: دەبێ کوردێکی وریای تازا و دڵسۆزی عێراقی پەیدا بکەن لەگەڵیاندا چاوساغ و هاومەبەست بێ. بە بیری دێتەوە پێشتر لە ١٩٤٢، بەرێکەوت و لابەلایی لە شاری ئەستەنبووڵ شناسایی لەگەڵ (ڕەمزی نافیع)دا پەیدا دەکات کە کوردێکی هەولێری و لە بنەماڵەیەکی بە دەسەڵاتە. گورج دێتەوە بۆ ئەستەنبووڵ و بە هۆی عێراقییەکی سەر بە (مخابرات)ی ئەڵمانیاوە بە دوا (ڕەمزی نافیع)دا دەنێرێ. ڕەمزی بێ وەخران مل دەنێ بۆ ئەوێ و لەگەڵ مولەردا دیدەنی

دەکات و بە پێشنیازی مولەر رازی دەبێ کە هەوڵ بدرێ بۆ بەرپاکردنی بزووتنەوەیەکی کورد بە یارمەتیی ئەڵمانیا. لە ئەنجامدا کورد بە مافی نەتەوایەتی بگات و ئەڵمانیاش لە نەوتی عێراق بەرخوردار بێ. [ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٤١ بەرەو نیازی گەیشتن بە نەوت ڕۆیی کە ڕەشید عالی گەیلانی سەرپێچیی لە ئینگلیز کرد و ئەڵمانەکانیش بۆ یارمەتیدانی کەوتنە خۆیان بەڵام ئەو ماوەیەیان چنگ نەکەوت هێزی پێویست بگەیەننە سپای عێراق . م.م .] مولەر دەگێڕێتەوە ڕەمزی لەگەڵیدا دەچێ بۆ ئەڵمانیا. لەوێ لەگەڵ ئەو تاقمەی کە بەشداری دەکەن لەو پلانەدا خەریکی ڕاهاتن بەچەتربازی و خستنە ئیشی لاسلکی و ئەو جۆرە فەرمانانە دەبێ و بەزوویی تێیاندا ماهیر دەبێ.

پلانەکە بریتی دەبێ لەوەی کە مولەر و دوو پسپۆڕی دیکەی ئەڵمان لەگەڵ ڕەمزی بە فڕۆکە بەرەو کوردستان بچن و لە شەودا بە پەرەشووت دابەزن و پێوەندی بە شێخ مەحموودەوە ببەستن. بەپێی گێڕانەوەی د. فەوزی ژووان ئەوە بووە لە دوورایی ١٢٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژاوای شاری (ورمێ – رضائیة) بەسەر سنووری عێراقەوە لە شوێنێکدا دابەزن. نووسینەکەی مامۆستا سەرداریش دەڵێ دەبوو لە دوورایی ٢٠٠ کیلۆمەتر لە مووسڵەوە دابەزن، دیارە مەبەست ڕۆژهەلاتی مووسڵە.

فڕۆکەیەک لە ئەڵمانیاوە دەیانهێنێ بۆ (قرم)، لەوێوە بەڕێگەی ئاسماندا بەرەو ئامانج دێن. هەر لەو دەمەدا کە بە زامیر نزیکی جێ ژووان دەبنەوە و فڕۆکەوانەکە چەند سووڕێک بە دەوری شارێکی کارەباگەشدا دەدات، مولەر دەگەڕێتەوە گومانەوە فڕۆکەوان لە جیاتی جێ ژووان لە ڕۆژاوای مووسڵ هەڵیان دەدات. ڕەمزی بەپرسێن دەزانێ جێی دابەزینیان کوێیە و چ خزمایەتیی لەگەڵ ئامانجی ئەواندا نییە.

مولەر ڕوونی دەکاتەوە کە هەموو کارەکە لە ئەڵمانیاوە بە ئینگلیزەکان فرۆشرابوو، بۆی دەردەکەوێ کە ئاحەزەکانی لە ئەڵمانیادا هەروەکو لە سەرەتاوە ویستیان تەگەرە بیەخنە پلانەکەیەوە دواتریش کە نەیانتوانی بیوەستێنن بەدوژمنیان فرۆشت.

بەهەمەحاڵ بەرەو کوردستان مل دەنێن و بە مووسڵدا تێ دەپەڕن و لە زێی بادینان دەپەڕنەوە بەرەو هەرێمی هەولێر کە لەوێوە بگەنە شاخەکان لەو ڕەتبوونەیان بەرەو کوردستان جلکی کوردی لەبەر دەکەن کە لە ئەڵمانیاوە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان.. سەرئەنجام لە دێیەکی بنەماڵەی ڕەمزی خۆیان هەشار دەدەن بۆ دەرفەتێک.. پۆلیسیش بە دوایاندا دەگەڕێ. ڕەمزی بۆ سۆراغی دۆزینەوەی ڕێگایەکی ڕزگاربوون لە

نەڵمانەکان دوور دەکەوێتەوە، لەو ماوەیەدا خەبەری حاڵ و شوێنیان بە حکوومەت دەگات و دەردەست دەکرێن. ڕەمزیش دواتر لە ڕێی خزمی خۆیەوە تەسلیم بە حکوومەت دەبێ. لە سەرەتاوە بۆ حەبسخانەی مووسڵ لەوێوەش بۆ بەغدا بەڕێ دەکرێن. سەرەنجامیان دەگاتە حەبسخانەی (مزە) لە قاهیرەی میسر. دوای لێدان و ئەشکەنجە ڕەمزی لە بەغدا موحاکەمە دەکرێت و بە ٢٠ ساڵ حوکم دەدرێت، بەڵام بە هۆی ئازاردانەوە تێک دەچێت. دوای بەسەربردنی دوو ساڵ لە بەندیخانە بە نامەی (نەخۆشییەکی کە لێ دەرباز بوونی بۆ نییە) عەفوو دەکرێت و هەر بەو دەردەی کە لە ئازاردانەوە دووچاری بووبوو دوای دوو ساڵی دیکە لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا گیان دەسپێرێت.

لە ماوەی حەبسبوونیدا، بە دوا ئەویشەوە کە بەرەڵا دەکرێ خزم و کەس و دۆستەکانی هەمیشە بە دەورییەوە دەبن و بەدەم دڵ ڕاگرتن و خزمەتکردنییەوە لە بارەی چەند و چۆنی بەسەرهاتەکەی پرسیاری لێ دەکەن. ئەویش لەو بارە نالەبارەی نەفسیدا کەموکورتێکی لێ دەگێڕێتەوە بۆیان. پێشیان دەڵێ بە خێر کە چاک بوومەوە هەموو شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە.

حیکایەتی ئەو هێندە بەسەرهاتەی دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا و حەبسبوون و بەرەڵاکردن و مردنی لە سەرچاوەیەکی جودا لە کتێبەکەوە دێت چونکە کابرای نەڵمان لە وردیاتی ئەم لایەنە بێ ئاگایە. بۆ وەدەستهێنانی خەبەراتی ئەو قۆناغە پڕ سفتوسۆیەی سەرگوزشتەی ڕەمزی پرسم لە خزمەکانی کرد لەوانیشەوە چەند لایەرەیەکم باسوخواس لەو بارەوە بۆ هات و بەوەدا سەرچاوەکان بوون بە سێ. هەرچەند جوداوازی لە نێوان وردیاتی ئەو سەرچاوانەدا هەشبێ، هەموویان لە شایەتیدان و بۆ مەردایەتیی ڕەمزی یەک دەگرنەوە. هەر ئەمیشە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕووداوەکە و لەگەڵ چارەنووس و سەرەنجامی ڕەمزیشدا ڕێک دێت. ئەو لایەڕانە، دوای ئەختێک لێ کورتکردنەوە بەم جۆرە دەدوێن.

ڕەمزی لە ساڵی ١٩١٧ [لە هەولێر] بێ دەنێتە دونیاوە لە ساڵی ١٩٤٧ [هەر لە هەولێر] کۆچی دوایی دەکات. لە ساڵی ١٩٣٩ بۆ خوێندن دەچێتە زانکۆی ئەمەریکایی لە بەیروت و لەوێ پلەی (فرێشمان) تێ دەپەڕێنێ. بەدوا ئەوەدا لە ساڵی ١٩٤٢ دەچێتە (ڕۆبەرت کۆلێج) لە ئەستەنبووڵ. لەوێ پێوەندی بە د. کامران بەدرخانەوە پەیدا دەکات. ڕەمزی ئەندامێکی پارتی (هیوا) بووە و لە کوردایەتیدا دەستی هەبووە. لەم

کولانەوە بەڕێنموونیی کامران بەگ لەگەڵی ئازادیخوازانی کوردی تورکیادا تێکەڵی پەیدا دەکات بۆ بەرهەمهێنانی بزووتنەوەیەکی گشتیی کورد. ساڵێك لەو مەیدانەدا چالاك بووە و یەکێکی لەوانەی پێوەندیی پێیانەوە دەبەستێ (نووری مستەفا بابۆلی) بووە. کاربەدەستانی تورك هەست بە چالاکیی ڕەمزی دەکەن و نیازیان بووە بیگرن و بیگێڕنەوە بۆ عێراق. ئەویش بە یارمەتیی کامران بەگ پەنا دەبەرێتە بەر باڵیوزخانەی ئەڵمانیا و پاسپۆرتێکی ئەڵمانیی بۆ ڕێك دەیەخەن و لەگەڵ موستەشاری ئەڵمانەکان لە نەمسا بەناوەی ئەوەی کە سکرتێریەتی دەینێرن بۆ سۆفیای پایتەختی بولغاریا [من بەرپرسیار نیم لە چۆنیەتیی لوانی ئەو تەرزە تەگبیرە و پەیدابوونی موستەشاری ئەڵمانەکانی نەمسا لە تورکیا و غافڵبوونی تورکەکان لەوەدا کە بە دوا گاڵەوە سکرتێرێکی تازە بۆ موستەشار پەیدا دەبێ ئەمانە لە نووسینی خزمەکانی ڕەمزییەوە بە من گەیشتووە دەرفەتیشم نەبووە تۆژینەوەی تێدا بکەم . م . م]. لە سۆفیا کوڕی شەریف شەرەف - ئەو شەریف شەرەفەی لە بزووتنەوەی ڕەشید عالی بوو بە وەصی لە بەغدا - کە دەبینێ ئەڵمانەکان وەها بەرزدی لەگەڵ ڕەمزی خەریکن لێی داوا دەکا یارمەتییەکی بدات بۆ ڕەبێشخستنی حاڵوباری لای ئەڵمانەکان. [ئەم هەبەرە لابەلاییە روونکەرەوەیەکە بۆ پلەی بایەخی ڕەمزی لای ئەڵمانەکان و دەخلی بەسەر شتێکی دیکەوە نییە.م.م] دوای ئەوەی ئەڵمانەکان دڵنیادەبن لەوەدا کە ڕەمزی کەسێکی خاوەن جێ و ڕێیە لە وڵاتی خۆی و کوردێکی پاکە ئەجاسووس و نەمفتەخۆرە، لە کۆتاییی ساڵی ١٩٤٢دا دەینێرن بۆ بەرلین، ئەوسا حکوومەتی ئەڵمانیا دوو تاقمی ڕێك هستبوو لە گەنجانی ئەڵمان، یەکێکیان بۆ پێوەندی بەستن بەئازادیخوازانی خەلیجی عەرەبی، ئەوی دیکەشیان لەگەڵ ئازادیخوازی کورد. [دیارە ئەم هەبەرە لە ڕەمزییەوە بە خزمەکانی گەیشتووە. م. م .] ئیتر ڕەمزی پێوەندی بە (مێجەر مولەر)ەوە دەبەستێ و بۆ ماوەی ٣ مانگ خۆی و تاقمەکەی خەریکی گردوکۆیی دەبن. لەو دەمانەدا کابرایەك لە تورکیا بە وەکالەتی ڕەمزی ئەو پارەوپوولێکی لە عێراقەوە بۆی دەهێت وەری دەگرێت و بەناوی کوردستانەوە بە سەلیی سووری دەبەخشێت. ڕەمزی لەو ماوەیەدا دەزانێ ئەڵمانەکان بە نهێنی دۆستایەتییان لەگەڵ سوارئاغای سەرەك عەشیرەتی بڵباس لە بیتوێنی سەر بەقەزای ڕانیە هەیە.

ڕەمزی مەشقی بەکارهێنانی چەکی نوێی ئەوسا و ڕاهاتن بە ڕۆیشتن لە چۆڵی و

شاردنەوەی ئەو شتانەی لە فڕۆکەوە هەڵدەدرێن و ئەو جۆرە فەرمانانە دەکات. لە مارشال کاپتل بەڵێن وەردەگرێ بەجێهێنانەدیی ئاماتجەکانی ئازادیخوازانی کورد بەرانبەر بە نەوت، هەر لە پێنگەی سەرکردایەتیی ئەویشدا خۆی و هاوڕێیە ئەڵمانەکانی کە بریتی بوون لە مولەر و هۆفمان و کۆنیچین - بە ئەسڵ پۆڵۆنی - سوێند دەخۆن:

ڕەمزی بە ئاڵای کوردستان ئەوانیش بە سوێندی ڕەسمیی خۆیان، کە خیانەت لەگەڵ یەکدیدا نەکەن و هەردوو لا بەڵێن بگەیەننەجێ ئەم کارەش بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی کورد و هاتنی یارمەتیی پێویست لە ئەڵمانیاوە مەیسەر دەبێ. لە هەمان کاتدا ڕێگەی یارمەتیی هێزەکان وەیا چەك و ئازووقەی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان کە لە ڕۆژاواوە بۆ رووسەکان دەچێت دەبەسترێ.

لە سەرەتاکانی هاوینی ١٩٤٣ ئەم کۆمەڵەی چوار کەسی بەفڕۆکە لە ئەڵمانیاوە دێن بۆ قرم لەوێوەش فڕینێکی شەوانە لە دەوروبەری ٢٢ی تەمووز دەکەن بۆ عێراق بە نیازی ئەوەی لە بیتوێن بە چەتر دابەزن کەچی فڕۆکەوان لە نێوان مووسڵ و دهۆك دایان دەبەزێنێ بۆ سەر زەوی [بیتوێن لەگەڵ ئەو قسەیەی کە پێی دەبوو لە دوورایی ٢٠٠ کیلۆمەتر دوور لە مووسڵ دابەزن ڕێك دێت چونکە لە مووسڵەوە بۆ بیتوێن نزیکی ٢٠٠ کیلۆمەتر مەودا هەیە. جێگاکەش مەڵبەندی دەسەلاتی سواراغا بوو. م . م] لەو شوێنەدا چی کەرەستە و پارەی زیاد و چەکێکی لەگەڵیاندا بوو بەجێ دەمێنێ. خۆیان دێن تا لە قەیاغی گوێر بەرەو قەزای مەخموور، لیوای هەولێر، دەپەڕنەوە [پەڕینەوەیان لە گوێرەوە بۆ بەری مەخموور پتر بەلای ئەو قسەیەدا دەچێ کە پێی لە ڕۆژاوای مووسڵ دابەزیون نەك لە نێوان دهۆك و مووسڵ چونکە دهۆك خۆی لە بەری ڕۆژهەلاتی دجلەیە. زۆریش دوورە لە گوێر، بێ لەزوومیش لە شاخەکانیان دوور دەبەخێنێتەوە. م .م] شەو لە دێی (تەرجان - بەری مەخموور) دەبن، لەوێوە بە سواریی ولاغ دێن تاکو لە دەوروبەریاندا دەگەنە هەولێر. لە باغەکەی پشت ماڵی (عطاء الله ئاغا)ی مامی ڕەمزی خۆیان پەنهان دەکەن بۆ جلك گۆڕین. لەوێوە بە ڕەفاقەتیی ئامۆزایەکی خۆی (خورشید) دەچنە دێی (بنەسڵاوە) کە لە دوورایی ٣ سەعات ڕێ بە سواری لە ڕۆژهەلاتی هەولێر کەوتووە. ڕۆژی دیکە دەچن بۆ دێی (پیرزکە) بە نیازی ئەوەی بچن بۆ تورکیا و بەوێدا بگەڕێنەوە بۆ ئەڵمانیا چونکە ئاشکرابوونیان هەموو ڕێگەیەکی سەرکەوتنی پلانەکەیان لێ دەبەستێ. بە تایبەتی کە هەرچی کەرەستە و

پاره و چەکێکی بۆ شۆڕش پێویست بوو لە کیسیان چووبوو ڕێکەوت وەها دەبێ قاچاغچییەکی ئەو دەوروبەرەی (بیۆکە) دەیانبینێ کە خۆی کۆنەفلووسەیی بووە، حکوومەتیش ١٠٠٠ دیناری پاداش دانابوو بۆ کەسێك خەبەر لەو کۆمەڵە بدات، کابرای کۆنە فلووسەییش خەبەرەکەی لە ڕێی جوولەکەیەکەوە بە حکوومەت ڕاگەیاند. لە پێشەوە ٣ ئەڵمانەکە دەگیرێن. ڕەمزی لەوبەدەدا لەگەڵیان نابێ. حکوومەت باوك و مامەکانی ڕەمزی دەگرێت. مامێکی، نورالدین ئاغا، بە ئیزنی حکوومەت دەچێ بە سۆراغییەوە و لێی داوا دەکا خۆی تەسلیم بکات و خزمەکانی پێوە ڕزگار بن. ڕەمزی ویستبووی خۆی بکوژێت بەڵام مامی تەمای ژیانی لەبەر دەنێت و دەیهێنێتە سەر تەسلیمبوون [هزمانی هیچ هەوڵێك ئەما ئەیەمن بۆ ڕزگاربوونی ڕەمزی، ڕەنگە هەر ئەو هەوڵەش بووبێ لە ئیعدامی ڕزگار کردبێ] لەوە بەولاوە دەیانننێرن بۆ مووسڵ و بەغدا و قاهیرە، لە قاهیرەوە ڕەمزی دەنێردرێتەوە بۆ بەغدا و بە دوا موحاکەمەدا ٢٠ ساڵ حوکم دەدرێ... ئینجا نەساغی و تەنگچوون و مەرگ..

من چەند جاران لە ڕێکەوتدا ڕەمزیم دیتووە: ئەم دیمەنەی ڕەمزی کە لە یادکردنەوە دێتەوەوە بەرچاوم، لە قژی زەرد و چاوی کاڵ و ڕووی سوور و بزەی سەرلێوانی کە وەکو شکۆفەی گوڵ هەمیشە لێی چەسپ بوو، لە وێنەشدا خەیاڵی ئەمبردمەوە بۆ چەتربازی و گیانبازی، بە پێوانەی ئەو ڕۆژگارە ڕەمزی گەنجێکی خوا پێداوی حەسابەوەی شەنگی بەرچاوی دەسکە گوڵی هیوا لە دەستدا بوو. لەلایەن پێداویستی ژیانی کامەرانەوە ئەگەر تەماعیشی تێدا بەکار بێت، ڕەمزی بەولای تێری و تەسەلییەوە بوو. نیازێك نەبوو لەوانەی دڵی گەنجێکی خوڕتی کوردی ئەوسای بۆ بچێ ڕەمزی پێی نەگات. هەتا خەیاڵی چرووك بە دڵی کرمێدا هاتوچۆی پلانگێڕی بکات بۆ هەڵبەستنی نیازێکی فرێوك لە ویژدانی ڕەمزیدا لەوە پتر بەدەستەوە نادات کە پیاوەتیی وەها مەزن لە ڕەمزییەوە وەك زەهر بێ وەهایە بۆ ناو زار و گەرووی بێگەن، ڕێککەوتنی بێ دەسەڵاتانەی لەگەڵ ئەڵمانەکان بۆ ئامانجی وەها گەش و پاك و گەورە پاکتر بوو لە ڕێککەوتنی نێوان ستالین و هیتلەر چونکە ڕەمزی بۆ تاکە مەبەستی وەدەستهێنانی مافی میللەتەکەی دەکۆشا، لەوەشدا ڕێی هەموارتر نەدەکرد بۆ داگیرکردنی شوێنی بێ لایەنی وەکو هۆڵەندە و بەلجیکا و دانیمارك.. بەر لە ڕەمزیش خەڵقی دیکە هەبوون بە ئومێدی ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ئینگلیز و فەرەنسای ئیمپریالیست مەیلیان چووبێ بۆ هاریکاری لەگەڵ ئەڵمانیادا. بەهەمەحاڵ میللەتان

که له مەیدانی ماتی نەتەوایەتیی خۆیاندا دەکۆشن دەبێ تاکە پێوانەی بەرژەوەندیی بێگەردیی خۆیان بکەنە عەیارەی نرخاندنی هەڵوەستیان، ئینجا ئەگەر میللەتێك هەبێ عەیارەیەکی دیکە لە نرخاندندا بەکار بهێنێ هەڵەی کوشندە دەکات، خۆ ئەگەر میللەتێکی دیکە وەتەنگ هات لە عەیارەی بەرژەوەندیی ڕاستینە و پاکی ئەو میللەتە دیارە هۆی وەتەنگهاتنی دەچێتەوە بۆ چەوتی و نادروستیی عەیارەی خۆی. کوردێکی دەستی کۆتا بێ لە دراوسێکانی، بزەیی دلگیرکەریشی بۆ نەبزوێ چۆن گلەیی لێ دەکرێ مانا بیاتە بە هەرچییەك بێ کە بۆی تومەندێکی پێ ببەخشێ بۆ ڕزگاربوون لە زیللەت و کوێرەوەری. ئەو حکوومەتانەی ئەوسا لە خەباتی یەکێکی وەکو ڕەمزی دەترسان لە نێوان خۆیاندا (میثاق سعداباد)یان بەستبوو کە یەکێك لە ئامانج و بەرهەمەکانی سەرکوتکردنی خەباتی میللەتی کورد بوو. حاجی قادر بە خۆڕایی بەر لە صەد ساڵ پتر، نەیگوت:

«گەر هیچ نەبێ بە نۆبەن تابیع بە دەوڵەتێ بن»

لەو ساڵەی ١٩٤٣دا ئەگەر کورد ئاوێکی ڕوونی شك بردبایە بۆ نەتوانەوە و حەسانەوە ئەمەشیا ڕۆڵەی وەها بەتاز پەروەردەکراوی خۆی لە باوەشی گەرموگوڕی باوك و دایکییەوە هەڵدات بۆ گاڵتە پەکیان کردن، بۆ ڕێی هاتێك و دە جاران ئەهات ئەومەندەی بیستبێتم و زانیبێتم، ڕەمزی یەکەم کورد بووە بۆ کوردایەتی، یان بۆ هەر نیاز و تەما و مەبەستێك بێ، بە پێلیزەی هەوادا، لە شەوی تاریکە، سەرەژێر بووبێتەوە بۆ مەجهوولێکی پڕ لە ترسی سەکەتبوون و ملشکان و مەرگە.

بنەماڵەی ڕەمزی کە ئێستا لە هەولێر بە (حاجی ڕەشید ئاغا) هەڵدەدرێتەوە لە سەرەتاوە تا دوایی ئاحەزی ئینگلیزەکان بوون. جگە لەم هەستە کۆنەی دژایەتیی ئەو بنەماڵە لەگەڵ ئینگلیز، ئەجرەبەی خۆیان و ئێکڕای کوردیش لەگەڵ سیاسەتی عێراقی ئەوسادا بەرانبەر کورد کە پێوەندیی بە ئارەزوو و بە بەرژەوەندیی ئینگلیزەوە هەبوو، بە ناچاری گەنجی وەکو (ڕەمزی)ی دەبردەوە بۆ لای نزیکێکی لەو سیاسەتە. لەم ڕووەوە چ سەیر و سەمەرە لەوەدا نییە گەنجێکی ئەوسای کورد ڕێگایەکی خەبات بگرێتە بەر پشت لە ئینگلیز بێت، تەنانەت پیاوێکی مەلای سەر بەرماڵی وەکو باوکم پاتەیەت گوتبووی:

«سووری مووزەردی چاوشین ئەکەی بە تومەندی بی»

بەڵێ لەوەدا سەیرماتنەوە پەیدا نییە بەلام سەیر لەوەدایە یەکێکی وەکو ڕەمزی زیاد

لەو هەموو خەلق و هوایە خۆ بە مل شەپۆلێکدا بدات ئەوەندەی لە مەرگ نزیك بکاتەوە ئەگەر ئاگری کوردایەتی مێشکۆڵەی ناو ئێسکەکانی ئەسووتاندبایە ئەو گوڕەی پێ نەدەبەست کە یەکەم هەنگاوی بە (مل لە چەقۆ) خشاندن دەست پێ بکات، چونکە بە ڕاستی خۆهەڵدان بە چەتر لە تاریکاییی شەودا مل لە چەقۆخشاندنە. تۆ لەوە بگەڕێ ئایا هیچ جۆرە سەلامەتی لە بەرەنگاربوونی ئامانجی وەها سەخت و دووردەست بەدڵاندا دێت یان نا، هەر لەوە تێ بفکرە ئایا چەند کەسی تێر و تەسەڵ ئامادە بوو لە جیاتی ڕەمزی بەو فڕۆکە لە فڕیمەوە بە شەو ڕوو لە بێتوێن وەیا هەرێمی (وەرمێ) بکات و لەوێ بە پەرەشووت خۆ فڕێ بدات بۆ ئەوەی کە بە سەلامەتی گەیشتە سەر زەوی بیکەن و بە وەزیر؟ لەوەدا مل شکان و کوژران و تیاداچوونم کردە خاترلانەی ئەو کەسانەی فکر دەگێڕن بەدوا بەهانایەکی لە ڕەمزی بەداوێوە بکرێ.

لەلایەن درەختی خانەوادەییەوە، ڕەمزی کوڕی ئاقیماغای حاجی ڕەشید ئاغای یەحیا غای عەبدولوەهاباغای ئەحمەد ئاغای حارساغایە لە عەشیرەتی مەموندی، ناوچەی مەموندیی بناری چیای سپیلك نزیکی دێی سیماوا، بەسەر ڕێی نێوان شەقلاوە و ڕەواندزەوە لە سەردەمی حارساغا، یان باوکی ئەو کە ناوی بۆم ڕوون نەکرایەوە، بنەماڵەکە دەگوێزێتەوە بۆ هەولێر و دەبن بە خاوەن مڵك و ماڵ و دیوەخانە هەروەك لە شوێنی خۆیاندا خاوەن مڵك و دیوەخانە بوون.

ڕەمزی لە لای دایکەوە دەچێتەوە بۆ میرەکانی شەقلاوە، کە وەك بزانم، خوارزای میراتی قادر بەگ و نەوەی میرانی موستەفا بەگ بووە. بەمەدا دیارە ڕەمزی بە ڕیشە و دەمار لە جەرگەی کوردەوارییەوە سەری هەڵداوە، وەك بشزانم ڕەمزی هەرچەند، بە اصطلاح، لە ناز و نیعمەتدا پەروەردەی هەولێر بوو، لەلایەن ڕەوشت و ئەدەبیات و ڕەفتارەوە دەماری گیانی عەشرەت و دەشت و دەری بەهێزتر بووە.

خوێنەری کوردی بەڕێز!

چی لەم ڕووبەڕانەدا هاتە بەر نیگات بایی ئەوە بوو قەرزی ئەدەبیی سەر شانمی پێ بدەمەوە بە کورد و مێژوو.

نەخشەکێشانی ئەو ژیانە کورتە ناکامە جوانەمەرگانەی ڕەمزی و دۆزینەوەی دەستە توولەکانی و باسی سەرجوملەی کۆشان و لەخۆبووردن و ڕەفتار و کرداری کارێکە دەبێ لە دەمی وەرگێڕانی کتێبەکەی مولەر بۆ سەر زمانی کوردی ئەنجام دریێت. لەم هەڵوەستەمدا هەر ئەوەندەم بۆ دەمێنێتەوە بڵێم:

ڕەمزی! ڕۆڵەی بە شەرەفی کورد و هەولێر! ئامەوێ لە بیرەوەریتدا چەتری فیز و ناز بە قەڵەمەکەم لێ بدەم و بڵێم، پێی ئاوێ بۆ شەهیدان شیوەن و گریین.. بە هەموو ماناوە شاگوڵێک بوویت لە باغی کوردایەتیدا، بەر لە پشکووتن هەڵوەریت.. ئاواتێک بە ناکامی لە کیس نیشتمانت چوویت.. بزەیەک بوویت، لە شەبەقی بەیانیدا، بەر لە خۆرهەڵات بەسەر لێوانەوە وشک بوویتەوە. وای لە ڕەنجی بەفیڕۆ ڕۆیشتووت..

وای لە زیانی بێ ئامان و سامانی میللەتەکەت بە کوژانەوەت..

وای لە بێ ڕەحمیی ڕۆژگار بە تەنینەوەی فەرامۆشی لە دەوری پرشنگی ناو و هەبانت!

بڵێم حەسامەوە بە ڕزگاربوون لە شەرمەزاری بەرانبەر یادت؟ چارێ ماوەمە بۆ خۆم و لە جیاتی میللەتیشت بەریاری قەرزت بم. هەزاران هەزار فرمێسکی بە کوڵ بۆ سەر خاکی قەبرە پیرۆزەکەت، ئازداری کورد و هەولێر ڕەمزی گیان!

ڕوونکردنەوەیەک:

لە ساڵێک زیاترە بە هەوڵیابووم بۆ یادکردنەوەی ڕەمزی دووانێک لەگەڵ مامۆستا د. ئاوڕەحمان عەبدوڵادا بکەم بۆ تۆمارکردنی ئەو هێندە ئاگادارییەی کە لە بارەی چەندوچۆنی بەسەرهاتەکەی ڕەمزییەوە پێی گەیشتووە. لەو ساڵەی ١٩٤٣، د. ئاوڕەحمان (ضابط احتياط) بووە لە (حامية)ی هەولێر. ڕووداوی دەستگیربوون و حەپسکردنی ڕەمزی و ئەڵمانەکانی لە بەرپرسیاری پۆلیسی هەولێر بەرێزی بیستبوو، زۆر شایەدیی بایەخداریشی دەماودەم پێ گەیشتبوو لە ئەڵمانەکانەوە دەربارەی پلەی کوردایەتی و مەردایەتیی ڕەمزی. داخم ناچێ، لە ماوەی ساڵێکدا ڕێک نەکەوت ئەو دووانە لەگەڵ شایەدی وەها چاوساغ و ڕاستگۆدا بکەم، سەبەبیش دەچێتەوە بۆ گەڕانی بێ سوودم بە دوا ئەڵمانیزانێکی ئەوتۆ ڕوونکردنەوەی تەواوی کتێبەکەی مولەری لێ دەبێتە بارگرانی، یان فەرمانێکی ڕەزلگران. تکای کوردانەم لە دۆستی بەرێزم د. ئاوڕەحمان ئەوەیە چی دەیزانێت، یان چیی بە بیردا دێتەوە لە بەسەرهاتی ڕەمزی بە نووسین بیپارێزێت، ئاخر بەساڵداچوونیش دەماری فەرامۆشکردن لە مرۆڤدا ئەستووتر دەکات. وا لێرەشدا بە ئیزنی هاندان و ئەو شایەدییەی لێ دەدەم ئاکو ئەمانەتەکە پشتگوێ نەخات و لە فۆتانی چەپارە بدات.

کاروان، ژمارە ٣٣، ١٩٨٥

میرزا حاجی کەریمی ئاسنگر

سەربازێکی بێ ناو

بەدڵنیکی ئاسارامەوە دەڵێم، لەوانەیە گوتەی «بەخت و تاڵع بۆی هەیە» بنچینەکی ڕاستبوونی پێوە بێ. لەوە بگەڕێ کە زۆر کەسی کەمزان بێ ماندووبوون و دەردی سەر، چ لە ڕێی میراتەوە بێ و چ لە ڕێی ڕێکەوتی ناسەیب و پارە دۆزینەوە بێ، تەروتەسەل و حەسایەوە، بەسەر دەبات ژیانێکی مزرۆکە رادەبوێرێ. لە دەرەوەی مەیدانی پووڵ و پارەش کەسانی وەها هەن ناو لە خەسڵەتی چاکەی وەکو سەخاوەت و ئازایی و دڵسۆزی دەرنەکەن چەند جاران لێیان زیادە. بەرەو ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەرەوە بێیت دەبینیت شاباشی (ئافەرین، ئافەرین زارخۆش..) بۆ بەرێێی مرۆی ئەوتۆوە هەڵدەدرێ مەگەر هەر خۆی بزانێ بەرگێکی چەند پان و درێژ لەبەر لەشی کورت و باریکی دەکەن. ڕاستییەکەی، قسە قسە دەهێنێ، مەسەلەی ڕۆشنبیری و پلە و پایەی لێهاتوویی بووەتە خزم خزمێنە وەکو کابرای عەرەبی سەر بە (مسیلمة الكذاب) کە گوتی: خۆ دەزانم پێغەمبەرەکەمان درۆزنە بەلام هی خۆمانە.

ئەم لایەنانە لە ژیانماندا وەك لە ژیانی گەلانی دیکەی پاشکەوتووی جیهاندا، تا بڵێی بە تاڵی لە گەرووا دەچێتە خوارێ بەلام لە چاو تامە زەهراوییەکەی بەخت و تاڵع و خزم خزمێنە و لایەنگیری لە مەیدانی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا تاڵایی ئەو لایەنانە بەرەو شیرینی دەچێتەوە چونکە خۆ نەناسکردنی گشتی لە پاکترین هەستی دەروون کە کوردایەتییە تا ئەوەی خاوەن ماف ئیفلاس بکات و بێ مافیش ئازوقەز لێ بدات، ئێسکە ماسییە و بە گەرووا ناچێت، هەزاران خۆبەختکردووی ڕێی ئازادی ناویان لە ڕووپەڕەی بوونەوەردا دەسڕێتەوە. هەزاران لەو هەزارانە هەر لە سەرەتاوە بێ ناو بوون و بەبێ ناویش چوونە ژێر خاك، ئەکەس ناسێنی و ئەکەس فرمێسکێکی بۆ هەڵڕشتن و ئەکەس فاتیحەیەکی نابەدڵیشی بەدوادا هەناردن، کەچی دایکی جەمال و مریەم خان لەوانەن سەی ڕۆژ پەیکەریان بۆ داتاشرێ یان فێرگە و هۆڵی مۆسیقایان بەناوەوە بکرێ. قوربەسەریان ئەگەر نیشتمانپەروەر دەبوون، دەیوورتانەوە چونکە بەر لە هەموو شتێك دەبوو واز لەو کەسبە بهێنن کەوا هەرچەند لەگەڵ نیشتمانپەروەریدا

ڕێك ناكەوێ هەر خۆیەتی ناویان بۆ نزیك ئەستێرەكان بەرز دەكاتەوە..

لێیان پیرۆز بێ.

تاڵع و بەخت بۆی هەبێ و نەبێ، ئەگەر ئێمە باری سازگار نەڕەخسێنین زۆر بەختی ڕێ و جێ ناگەشێنینەوە. دەبینیت نووسەرێك دێت و مۆژدەی دۆزینەوەی شاعیرییەتێكی بێ ناومان دەداتێ. ماڵت ئاوا كاكی نووسەر، دیوەخانەی ئەدەبی كوردیت بە تازە مێوانێكی سەر سفرەی ئەدەب گەرمتر كرد.

كەچی شەرم بڕەمێك لە شیعرەكان دەخوێنینەوە ئاگا بە خڵت و خاشی شیعری شاعیرێكی پلەی سێیەم و بەرەژێرتریش.

حەماسەتی دوای ڕاپەڕینەكەی ١٩٤٨ كە (وثبە)ی پێ گوترا زمانەی دەكێشا. شاعیر كووچە و مەیدانەكانیان پڕ كردبوو. نركەی سینگ و گەرووی هوتاف كێشان بوو. شەڕە چەپەڵۆك بوو. بینیركێی چوونە پێشەوە بوو، هەرایەك بوو خوا بەخۆی بزانێ، چ پشكی كوردیش لەو بەرژەوەندەدا نەبوو كە هەرای بۆ دەكرا، بەرژەوەندەكەش نەهاتە دی. تازە برین و گەرماوگەرم پارچە هەڵبەستێكی ئەو ڕۆژەیان بۆ خوێندمەوە هەتا بڵێی قەڵپ و بێ نرخ.. گوتم منیش دەزانم شیعری وەها چرووك و بێ ئارایشت هەڵبەستم، فەرموون گوێ بگرن:

دەڕۆم نازانم دنیا زۆر سەیرە
كۆترە باریكە و پەنیری مەیرە

دڵشاد ڕەسووڵی لێم بەدەنگ هات و گوتی. فڵان غەدر لە شیعرەكەی خۆت چونكە هەر نەبێ بە (تصوف) واتای بۆ پەیدا دەكرێ. كۆترە باریكەی باڵندەی هێلكەكەر گۆشتیشی ناخورێ. ئاژەڵی بێچوولەبەر شیرەكەشی دەبێتە خۆراك بە ماست و پەنیر و ژاژی و كەشك. تا دەمەتە گەورەیی و شكۆی پەروەردگار حەقتە سەرت لێی سوڕ بمێنێ و دنیات بەلاوە سەیر بێ. دڵشاد، خوا لێی خۆش بێ لێم نەگەڕا دەنا منیش دەبوومە شاعیر.. دووكەڵی شەمەقەی سەر خڕی گەرم..

زەق زەق دەبێكی گاسنی نەرم.
ئەم سەد ئەم ئاقار بە ئاقار.

ئەژماری داری بەهەشتی سەر تەختی ئەنكی ئیستیعمار..

بمرێ مار و هار.

ئینجا ئەگەر خوێنەر لێم بپرسێ ئەم قسە تێک هەڵشێلانە چ پێوەندیی بە میرزای حاجی کەریمەوە هەیە پێی دەڵێمەوە میرزاش لە فەراموشبوونیدا بەر هەڵشێلانێکی ئەوتۆیی کەوتووە لە دابەشکردنی ناو و شۆرەتی مێژووخاسیدا بە تێکهەڵدایی و بێ سەروبەری و ناڵەباریی سەرخەرمان و بنخەرمان چووە هەگبەی کەسانێکەوە کە زۆریان ئەوەندە پاداشتیان بەسە لێیان بێدەنگ بێت.

میرزای حاجی کەریم یەکێکە لەوانەی پشکی لە بەرەکەتی خزمخزمێنە نەبوو. زۆر عەجایبم هات کە بیستم خزمانی پێیان خۆش بوو بڵێنم داوە لەسەری بنووسم، دەرکەوت هەقیشم بوو چونکە کەسیان وەڵامی هیچ یەکێک لەو پرسیارانەیان نەداوە کە بەعادەت ڕوو لە نووسەر دەکەن. لە چ بنەماڵەیێکە؟ هی لای باوکی و لای دایکی؟ کەی هاتە دنیا؟ منداڵییەکەی؟ خوێندنی؟ ژیانی وەزیفەی؟ کەی بوو بەئەندامی پارتی؟ لەو ڕۆژەوە کە داوام لێ کردن ئەو هەواڵانەم بۆ ڕابگەیەنن تا ئەمڕۆکە (١٩٨٦/٥/٢٧) دوو سێ مانگ تێ پەڕیوە، لەو ڕۆژەی بەڵێنەکەشم تێدا بڵاو کردەوە تا ئەو ڕۆژەی تەکلیفم لێ کردن نزیکی دوو مانگێک تێپەڕی بوو، ڕەنگە هێندەی دیکەش تێ بپەڕێت و هیچ شتێکم لەبارەی میرزاوە بۆ نەگەیەنن. ناچارم پشت بە ئاگادارییی خۆم دەبەستم و چی دەزانم ئەوە دەنووسم. ئەوی دەیشزانم لە جیرانەتی و هاوڕێیی و هاومەشرەبی و بەردەوامبوونی برادەرایەتی و ئەو جۆرە پێوەندییانەوە دێت. مەگەر بەسەهوو دەنا ڕێی بەهەڵەداچوونم زۆر فرەوان نییە، سەهووش بکەم لە بابەتی بنەمایی و پایەداردا نایکەم.

وەک بزانم بنەماڵەی ئەو مرۆیە چەند پشتێک لەمەوبەر لە لادێوە هاتوونەتە کۆیێ. بەپێی دەماری دۆستایەتی و هاتوچۆ ڕەنگە لە دێی (الا اللە ئیللەللا)وە ڕایان گوێستبێ. نازناوێکی (چێلێ)یان لەگەڵدا هاتووە بۆ دەچێ لە پاش ماوەی لادێیی بۆیان مابێتەوە کە ماوەیەک لە شار چێڵیان بەخێو کردبێ.

ئەم نازناوە دەمێکە لە بیران چووەتەوە چونکە چینی تازە و چینە مزاشەکەی پێشتریش لە بارێکەوە ئەمان بە گەرموگوڕی ناوڕ لە ڕەچەڵەک و بنەچەک و کەی و کوێی خۆیان بدەنەوە بە زۆری خەریک بوون بەرەنگەکانی پەلکەزێڕینەی سیاسەت و تەنگ و چەڵەمەی ژیان و هەڵسوکەوتی ڕۆژگار. ئێستا کە گەنجێکی کورد پشتاوپشتی لێنین و ماو باشتر دەزانێ لە هی خۆی.

حاجی کەریم، باوکی میرزا، جیرانێکی نزیکمان بوو، لە گۆشەیەکی سەربانێکمانەوە بۆ بانی ماڵی ئەو دەمەترێك دوورایی هەبوو، لە دەرگەشمانەوە بۆ دەرگەی ماڵەکەی لە ٤٠ مەتری تێ نەدەپەڕاند. حاجی کەریم و سۆفی دەشنەتی برای و تاهیری حەمەلاڵی برای لە دایکڕا، بەدرێژایی ژیانی باوکم لە هەموو دانیشتنێکی ماڵەوەی یان لە مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد بەشدارییان دەکرد هەتا مەجلیسەکە بڵاوەی لێ دەکرد. حاجی کەریم ئاسنگر بوو. لەلایەن ئاکارەوە پیاوی وەها شەرم بەخۆ و دیندار و ڕاست بەدەگمەن پەیدا دەبێ. لە هیچ کەس نەبیستراوە ئەم خواناسە پێی بەهواری دانابێ. دەنگێکی بە سۆزی هەبوو، لە قامەتی پێشنوێژ و لە تەنزیلەی موناسەبەی دینیدا ئەو سۆزەی سەرنجی خەڵقی ڕادەکێشا. چەند ساڵێك دوای باوکم ژیا بەلام ساڵی مردنیم لە بیر نییە. بنەماڵەی حاجی کەریم هیچ پێوەندیی بە ئاغا و پیاوی دنیاییەوە نەبوو.

دایکی میرزا کچی حاجی حەمە ڕۆمی بوو. من منداڵ بووم ئەم مام حاجییە کۆچی دوایی کرد. ماڵەکەی لە مزگەوتی کۆنە جومعە و ماڵی جەمیلاغاوە نزیك بوو، لە ماڵی ئێمەش دوور نەبوو بەلام نوێژی لەو مزگەوتە دەکرد، وەك بزانم دیواریان بەین بوو. کوڕە گەورەکەی فەقێ تەها، خاڵی میرزا، جلدرووییەکی بەرچاوی کۆیێ بوو، وەکیل خەرجی باوکیشم بوو لەو کەمتاکورتە داهاتەی ئاوشار کە بە میرات مابوو‌ەوە بۆی.

فەقێ تەها بێ پرس و دەرگە لێدان دەهاتە ژوورەوەی ماڵمان، هەموو جارێکیش باوکم بۆ سەفەری هەولێر لەگەڵ خۆیدا دەیبرد. هەموو هاوینێکیش دەهاتە چنارۆك چەند هەفتە لای باوکم دەمایەوە. فەقێ تەهاش دەنگخۆش و شارەزای گوتنی کوردی بوو. جارێکیان لە بن سوولی پاشای چنارۆك تەخمیسێکی ئەدیبی بەسەر غەزەلێکی تاهیر بەگەوە خوێندەوە سەرەتاکەی دەڵێ:

«سەرفی عومرم کرد چوو ڕەممالان بە زەوج و فەردەوە»

بەلام وشەی (ڕەممالان - رمالان)ی بەمەڵە وەرگرتبوو بووبووەوە (زەمماران یاخود زەممالان)، من شلك بووم تێی نەگەیشتم و بۆم ڕاست نەکرایەوە، خۆیشی هەروەها بۆی نەچوو. ڕام کردە لای باوکم، ئەو بۆی ڕاست کردەوە بە (ڕەممالان) و واتاکەی تێ گەیاندین: تەمەنی خۆم وەك ڕەملگرەوە بە تاك و جووت سەرف کرد. وەستا تەها تا دوو ساڵێکیش دوای شۆڕشی ٩٥٨ ژیا.

سۆزی دەنگی حاجی کەریم و سازگاریی دەنگی وەستا تەها بە جووتە لە دەنگی میرزادا دیاریان دابۆوە. بەڵام جاریٚ زووە بۆ باسی ئەم لایەنە.

میرزا بە دوو سێ ساڵ لە من گەورەتر بوو هەرچەند ناتوانم ساڵی لەدایکبوونی بپێکم. لە لایەن بەشداریکردنی گەمەی منداڵانی گەڕەک، میرزا بەهۆی دوکانی باوکییەوە بە زۆری پاش بەسەرچوونی خوێندنی ڕۆژانەی سەراسۆیی کەسبی باوکی دەکرد بێ ئەوەی شاگردی بێت، بۆیەکا کەم دەیتوانی عەسران لەگەڵماندا خەریکی گەمی هەمەچەشنەی منداڵان بێت، لەشیشی بەهەرییەوە نەبوو تەقڵ و شەقڵی یارییە قورسەکان هەڵگرێت. زۆر جاران دوای ڕۆژاوا یان لە ماڵی ئەوان یان ماڵی ئێمە تۆڵەی عەسرانمان دەکردەوە بەیاریی ناو خانە نەک هی گۆڕەپانان.. هەروەک عەسران ئەدەمەاتە یاریی منداڵان شەوانیش ئەدەمەاتە یاریی ئەوانەی وەکو هواجەڕۆیێ (خوازەڵێ) و زرینگ زرینگ تاوە و بەردەگەرمۆکێ کە لە کووچەی بەردەمی ماڵەکەیان بەرپامان دەکرد، لە سەیرانی بەهارانیش بەشدار نەدەبوو، ئەشدەبێت لەگەڵ کەس بەشەڕ بێت، تەبیاتی بەرەو هێمنی و ئارامییەوە بوو لەگەڵ لاوازییەکەی ڕێک دەهات.

دەڵێن مانگەشەو سەر لە ئێوارانەوە دیارە. ئەم گوتەیە ئەگەر لە ئاست مانگی حەقدە و هەژدە شەوی ڕاستیش نەبێ، منداڵییەکەی میرزا لە هێمای بەرەو داواڕۆژی ڕاستگۆ بوو. لەلایەن دەنگخۆشییەوە کە گەیشتە تەمەنی ١٥ - ١٦ ساڵی بە بەر دەنگییەوە هەبوو بیکاتە گۆرانیبێژێکی پەنجەنیشان. دەنگێکی پڕی مەخمەڵیی بیندرێژی سەرەژوور چووی بە لەرەولەرزەی سازگاری هەبوو لە تایبی دەنگی تاهیر تۆفیق، فەرید ئەطلەترەش، عەبدولوەهاب بەڵام هی میرزا ئەگەر لەلایەن پسپۆڕانەوە مشتوماڵ درابایە و ڕاهێنرابایە بەرەو نۆبەراڵییەوە دەچوو. هەتا بەرزی دەکردەوە لە پانایی و ئەستوورایی کورتی نەدەهێنا و باریک نەدەبووەوە لە تەمەنی ١٧ - ١٨ ساڵی بوو، سبەینەیەک پێش بەرچایی بەیەکەوە لە بن داروبارەکانی کانی هاتوونی چنارۆک بووین: دنیایەکی گەش و فێنکایەتییەکی بەهەشتی و کزەبایەکی عاشقانە و دڵ و دەروونێکی ئاسوودە لەو دەمەدا دەنگی بە میرزا هەڵبڕی و گۆرانییە مەشوورەکەی ئاوسای (یا لوعتی)ی عەبدولوەهابی بە ئاگرۆچکە لە دەروونییەوە دەرهێنا و بەسەر ئەو باغ و مەزرایەدا شەپۆلی پێ دا. کە گەیشت (ومن قلبی طاوعنه ورحت بایس ایدیه) سۆزێکی ئەوەندە هەست لە دەنگی گەڕا ئاوی لە چاوی من و خۆیشی هێنا. پشوویەکی کورتی دا ئەمجا گۆرانییەکەی بۆ تەواو کرا. دوای چەند ساڵێک لێی پرسیم: تۆخوا ئەو

سیەینەیەی کانی هاتوونی چنارۆك یا لەوەعتییەکەم لە عەبدولوەهاب باشتر نەگوت؟ دەسا ئەشەدوبیلا باشتری گوت. لە دانیشتنی برابەرانەدا ئەگەر دەنگی هەڵێنابایە گۆرانیی کوردیی دەگوت. لە چ دەنگخۆشێکم نەبیست (وەك قومری سەرباڵم شینە)ی بەکوڵ دەربڕیبێ وەك کە لە دەنگی میرزادا ئاوڕێنگی گەرمایی و سۆزی دەراپەوە بەڵام بەو هەموو دەنگە خۆشییەوە حەزی نەدەکرد ناو بەگۆرانیبێژییەوە دەر بکات، هێندەش خۆی لێ دەپاراست کە کەس بەراشکاوی داوای گۆرانی گوتنی لێ نەکات. وەك کە بەسەرنجی دوا کاتەوە لێی ورد دەبینەوە، ئەم تەبیاتەشی دەچووەوە بۆ مەیلە بنەڕەتییەکەی دژی خوێنیشاندان و دەرکەوتن و ناووشۆرەت. حەزی لە ڕابواردنی بێ هەرای خاڵی لە ئەرکی ناووشۆرەت بوو. دواتر بۆ ئەم خاڵە دێمەوە.

لە هێماکانی منداڵییەوەی ئەوە بوو کە لاشەڕ بوو. نە بە منداڵی و نە لە گەورەییدا، نەمدیت بەدەمەقاڵ بێت یان لە موناقەشەدا سوور هەڵگەڕێ. ئەم لاشەڕییەی و مەیلی سەلامەتی وێڕای خەسڵەتێکی دیکەی کە هەر ئێستا دەیگەمێ، لە سەرەتاوە ڕارەوی ژیان و گوزەران و بەسەربردنی دواڕۆژی بۆ ڕەنگڕێژ کرد. لە هیچ پلەیەکی تەمەن و قۆناغێکی دواتریدا نەکەوتە سەر زۆرەملێ لەگەڵ ئەم و ئەودا بۆ تەمای بەرەوپێش چوون و فرەکردنی ڕزق و ڕۆژی و دەسەڵات گرتنەدەست. هەر چونکە ڕازی بوو بەو قسمەتەی بۆی هەڵکەوتووە بێ ئەوەی کەسی تێدا مەغدوور کرابێ بۆیەش بوو بە توندی، بەڵکو بە پەرۆشەوە لەسەر مافی ڕەوای خۆی دەکردەوە ئەگەر لەوەدا سەریش نەکەوتایە پەشیمان نەدەبووەوە و خەفەتی نوێی لە سەرنەکەوتن نەدەخوارد، لەتێش لە سەرنەکەوتندا ئەو پەندەی بەکار نەدەهێنا کە دەڵێ: دەستێکی نەتوانم بیبڕم ماچی دەکەم. دەستەکەشی بێ نەدەبڕدرا و ماچیشی نەدەکرد. لە نموونەی مافپارێزیی ئەو مرۆیە ڕووداوێکی کورتیلەی لێ دەگێڕمەوە لە سییەکاندا کە من بە مێوانەتی لە ماڵی مەلا ئەفەندی قوتابیی فێرگەی ناوەندیی هەولێر بووم، میرزا کاتبی دادگەی کۆیە بوو. ڕۆژێك، سەر لە سبەینە کۆیییەکی دیکە کە لە دووری وڵاتان کاتبی دادگە بوو فەرمانی ڕاگوێزرانی خۆی بۆ کۆیێ و هی میرزا بۆ شوێنەکەی ئەو دەخاتە سەر مێز و بە فیزێکەوە پێی دەڵێ: هەڵسە لەسەر کورسییەکەت، بووەتە هی من. میرزا هەر ئەو ڕۆژە هاتە هەولێر.. بردمە خزمەت مەلا ئەفەندی، نامەیەکی سفارشی لێ وەرگرت بۆ کاربەدەستێکی گەورەی بەغدایێ (وا بزانم وەزیری عەدل)، لە سێ ڕۆژاندا بە خۆی و ئیلغای فەرمانی پێشووی گەڕایەوە کۆیە و هەر لە دەوامی ڕۆژی سێیەمدا (یان

چوارەمدا) فەرمانی نوێی خستەوە سەر هەمان مێزی کە (ماڵی باوکی کەس نییە) بە ناردایزی ناخافتنەکەی بەر لە چوار ڕۆژان پێی گوتەوە: هەڵستە لەسەر کورسییەکەت ... هەر لە بەرەمە کە مەلا ئەفەندی گوێی لە ناوەکەی میرزا بوو بەزەردەییەکەوە فەرمووی: کوڕم چما ئەتوو عەجەمی؟ میرزا گوتی: جەنابی ئەفەندی هەریکم بکەومە شك دەنا ئەگەر عەجەم ئەبم لۆ ئەقلم دەکەن.

خەسڵەتەکەی دیکەی کە تەواوکەری لاشەرییەکەی بوو بریتی بوو لەوەی کە لە زوونکەوە خۆی ناسی (چەند دەخوا و چەند دەبەزی): پلەی زەکای خوێندنی فێرگەی ناونجی بوو، هێزی ماسوولکەکانی لە مامناوەنجیش بەرەوژێر بوو. لە دەسەلاتی دنیایی ئەوەندەی هەبوو کە خانەوادەیەکی شارستان بەناموسهارێزی و ڕێزی خۆراگرتن و سنووری نەبەزاندن بەرژێنی سەلامەتی بە دەوری خۆیەوە دەتەنی. بە کورتی، موعامەلەی کۆمەلایەتی و باری کەسایەتیی سروشتکرد لە میرزادا سازابوون و لەنگەرێکی بەستیبوویان لەق نەبوو. ئەمەیش کە من دەیزانم و لەگەڵ خۆمدا وردبوونەوەم تێدا کردووە یەکجار بارەدەی میرزایان دا کە هەنگاوەکانی لە هەڵسوکەوتی ژیاندا مەحکەم بن و بەملا و بەولایدا نەبەن. بەدرێژایی وەزیفە بینینی شتێکی نەکرد ناچار بێ بەشاردنەوەی. هەرگیز بەرتیلی وەرنەگرت و پارەی لە کەس قەبووڵ نەکرد لە جارێك بەولاوە کە ئەویش ناوی بەرتیل هەڵناگرێ. کە کاتب بوو لە دادگەی کۆیێ توجارێك دەعوای هەبوون لێیان بەهەلە بوو. میرزا بەخۆمی گوت کە دوای دەوام، عەسران، دەچوومەوە بۆ دایەرە بەتەنیای ڕاپەڕاندنی شکلیاتی دەعواکان و بەس. گوتی خۆ خزمەتکاری بابی مام حاجی نیم، لە دەوامدا دریغ ناکەم لە فەرمانم، دوای دەوام ئەرکی بێ مزە هەڵناگرم ئەو نیشەم بە پارەی ئۆفەرتایم بۆ مام حاجی کرد. دەستیشی خۆش بێ.

گوتم دواتر دەگەڕێمەوە بۆ خەسڵەتی حەزنەکردنی لە ناووشۆرەت.

چی تازە نووسیم لە هێماکانی سەرەتای ژیانی تێمان دەگەیەنێ کە مرۆی ئەوتۆیی لە کۆڕی سیاسەت و هەباتیشدا تێزیۆ نەبێ:

میرزا نموونەی واقیعبینی و بایەخناسی ناو بزووتنەوەی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی بوو. هەروەك شارەزای خۆی بوو (چەند دەخوا و...) هێندەش بە ڕوونی دەیدیت و دەیزانی، خۆ ماندووکردن بە شتی ناموەکین لە هەر مەیدانێك بێ کارێکی

ئەزۆکە. دەیزانی، چاکیشی دەزانی خەیاڵبازی و منداڵبازاڕی و قوتەقوتی سینگ دەربەڕینان و ئەرمەنەری ژێر دروشمی وریئەکرد هەمووی هەر تەلەزگەبەستنە بۆ ناو هیچە. کە ئەمە باوەری بوو لێشی ڕوون بوو نیشتمانپەر و کوردپەروەر و تێکڕای سیاسییان ڕێی واقیعییەتیان لە خۆیان کوێر کردووەتەوە تا ئەوەی یەکێکی بە مومکین رازی بێ ڕووت دەبێتەوە لەمەوە میرزا یەکجارەکی دەماری چوونەڕێزی پێشەوەی سیاسەتی لە دڵی خۆی دەرکێشابوو. بەزۆرەملێش نەیدەسەلماند پکرێ بەچاوساغی بچووکترین تاقمی خەباتکەران. ئەم باوەڕە و تەبیاتی لەسەرەخۆیی هەمیشە لە ڕیزی هەرە پشتەوەی حیزبایەتیدا میرزای شاردەوە.

میرزا دوو ساڵێك بەر لە من قوتابخانەی سەرەتایی کۆیەی تێ پەڕاند. تا من دەرچووم و دوو ساڵانیش دوای دەرچوونم ئینجا چووم بۆ ناوەندیی هەولێر، ئەو خوێندنی ناتەواوی هەولێری جێ هێشتبوو بۆ قوتابخانەیەکی کەم مەسرەفی کەم ماوە لە بەغدا.

بەردەوامنەبوونیشی لە هەولێر هەر دەچێتەوە بۆ بنەمای خۆناسین و توانای بێدەرێژی و کورتی لە پلە دوا پلەی ناوەندی و سانەوی و.. شەری بە خۆی نەفرۆشت و خێرا سەلماندنی ئەم سەفەرە درێژەی خوێندنی سەرلەبەر و سەرتاسەر قاچ و قولێکی درشتتری دەوێ لە هی ئەو کە بە منداڵیش سێ بازی پێ نەکردبوو. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خوێندنی کۆیەی بوو بە قوتابیی (دار العلوم)ی ئەعزەمییەی بەغدا. نە خۆی و نە هاوڕێکانی کوڕی ئەو مەیدانە نەبوون بەلام تەمای ژیانی داخلی و مەسرەف گێڕانەوە، کە ئەوسا بە زەحمەت پەیدا دەکرا، بۆ ئەو شوێنە ناجۆرە دڕیاەتەی بردن. ساڵەهای دواتر گاڵتەی بە سەر و مێزەر و جبەی بەر خۆی و قوتابییەکانی دیکە دەکرد و نوکتەی لەسەر دەهێنایەوە کە خۆیشی دەگرتەوە.

هاوینی ١٩٣٥ لە کەرکووکم دیتەوە بە کاتبی (وا بزانم دادگە). ئەو یەکدی دیتنەوەمان لە حەدبەدەر خۆش بوو. لەگەڵ ئەودا بۆ یەکەم جار چوومە سینەما کە پێشتر هەر ناویم بیستبوو. هەر شەوە بۆ فیلمێکی دەیبردم، یەکیان میسری ئەوی دیکە ئەمەریکایی. لە پاش دەوامەوە هەتا کاتی نووستن لەگەڵمدا دەبوو. زۆری پێ نەچوو خۆی نەقل کرد بۆ دادگەی کۆیێ بە کاتبی بەردەستی حاکم. بەمێنێك گوێزرایەوە بۆ ڕانیە و قەڵادزە. ئەو ماوەیە کە لە قەڵادزە و پژدەر بوو دوو یادگاری لەبیرنەکراوی پێ بەخشی. یەکیان نوکتە و قسە خۆشەکانی حاجی ساڵحاغای پێماڵك، ئەوی دیکەشیان

ڕووداوێکی سەیر و سەمەرەی کەسنەبیستوو کە بۆ کچێکی هێرزیی ڕەحساپوو، چ تەفسیری عیلمی و تەنیچە عیلمیش ڕێی پێ نابات. من ئەم ڕووداوەم لە زۆر کەسی دیکەش بیست نەبوو لێشی بکۆڵرێتەوە بەڵام لێرەدا مەودا نییە تەنانەت ناویشی بهێنم چونکە بە ئەفسانەی باوکی ئەفسانان دەژمێردرێ..

وەهام لە بیرە کە جەنگی دووەم بەرپابوو جاری لە ڕانیە بوو. ئەو ساڵانەی چلەکان و پاش چلەکان زۆر جێگەی بە میرزا کرد هەمووش بە کاتبایەتیی دادگە. لە دەمی جەنگدا کە هیتلەر بەشێوەیەکی پەرسەندوو لەلایەن ئاپۆرەی گوێگرانی ڕادیۆی بەرلین و یونس بەحرییەوە بۆ ئاسمان بەرز دەکرایەوە، میرزا بە تایبەت دژی دیکتاتۆرایەتی بوو تا بشڵێی هیتلەری دەدزا، زۆریشی پێ ناخۆش بوو کە وەستا تەهای خالی بە دڵ شەیدای هیتلەر بوو. بە بۆنە تەنوێلان خەتایەکەی دەبردەوە بۆ تەجرەبەیەکی تاڵی خاڵی لە ئەزیەتێکی کە لە دەست ئینگلیزەکانی چێشتبوو. میرزا خزمی خۆی بە زیادەوە دەویست.

دەنگ و سەدای جەنگ و شکۆفەکردنی بیری نوێ لە سیاسەت و خەستبوونی بزووتنەوەی کوردستانی ئێران بەهێکهاتنی کۆماری مەهاباد بوون بە هاندەری میرزا بەرەو ساغبوونەوە بۆ کوردایەتی و تێدا قاڵبوونەوە، ئەویش بەو جۆرە هێمنە واقیعبینەی کە دەمێك بوو لە میرزادا دەژیا.

هاتنەوەی بەلای کوردایەتیدا چ پێوەندیی بە دەماری چینایەتییەوەی نەبوو نەگەرنا نەبوو چینپەروەر بێ نەك قەومپەروەر، هەزاران هەزاری لەو تێروتەسەڵتر (کە کاتێکی ـادگە بوو) لە کوردستانەکە و عیراقەکە و دەرەوەی عیراقەکەشمان، پاش جەنگی ـووەم و سەرکەوتنی یەکێتیی سۆڤیەت بەسەر ئەڵمانیادا، بە گورجی و گەرمی و چالاکی چوونە باوەشی فەلسەفەی سەر بە چینەوە زۆربەی کوردپەروەریش لە کولانەی ئەو فەلسەفەیەوە لە چارەنووسی کورد ڕامەما. هەرچی میرزا بوو، بێ ئەوەی ـیروتیر لە کەس هەڵگرێ و هەناسەساردیی پێوە دیاربێ کوردێکی بێ تەنوێل بوو، ـەشیا بە باوەڕی دوای شەڕی دووەمییەوە لە سەدەی ئۆزدەیەمدا کوردایەتیی کردبایە. ـەرگیزا و هەرگیز لێم نەدیت و لێم نەبیست تاکە یەك داوی کڵافەی کوردایەتیی بە ـیچ فەلسەفەیەکی غەیری کوردایەتی ببەستێتەوە بەرژەوەندیی گەلی کوردی بەلاوە ـەند بوو بە گەلی کورد خۆیەوە نەك بە پیوریتانیزمی تەشیلەی ناو تەزمریانەوە کەوا ـی چاوەڕوان نەدەکرن تاشقی چاوی ڕەشی کوردی بێ دەسەلات بن. هەموو خاوەن

ئەزمرییەیەک قسەی لووس و لێک و شیرنی بێ ئەرک و مەسرەف دەبەخشێتەوە کە دەکا چێش. گەلێک جار و سەدان بار لە ماوەی پتر لە سی ساڵ هاوڕێیی دوای تەمەن و تەجرەبەی هۆش بە دنیا شکانمان، بە تایبەتی لە پاش ڕاپەڕینەکەی ١٩٤٨، لەگەڵ میرزادا بەیەکەوە بزووتنەوەی کوردایەتی و چینایەتی و سیاسەتی دەوڵەتە (چەپی و ڕاستی)یەکانمان داوەتە بەر هەڵسەنگاندن و لێتوێژینەوە و بە تاقیکردنەوەوە. میرزا لەو باوەڕەدا بوو، منیش هەروەها، کە کوردایەتییەکی نیگا فراوان و دوور لە وێنەی ڕەگەزپەرستی، سەرەڕای ئەوەی کە شەقامەڕێگایەکە کوردی هەست بە دنیا و بەهۆگردووی بەرەو چارەنووس و مافی قەومایەتی تێرا دەڕوات. هەموو ئەو داد و چاکە و بەرژەوەندەشی تێدایە کە دەشێ لە هەر فەلسەفەیەکی مرۆڤدۆستدا هەبێت، ئینجا بە زیادیشەوە ئەو چاکەیە دەخاتەوە سەر چاکەی فەلسەفەکان کە هەر بەدواداچوونی ڕێچکۆڵەی کوردایەتی بە دەست کورد دەکەوێت. کوردێکی خاوێن لە ڕێی هۆشی فراوانییەوە دنیای خۆش دەوێت بەڵام ئەوەندە خۆشویستنە گشتییە هەر بایی ئەوەی لێقەوماوێکی ژاکاوی سوودی لێ دەبینێت کوردیش سوومەند دەکات. دەبێ کوردی خاوێن بە کردەوە لە وێنەی تایبەتیدا کوردی خۆش بوێت، پەرۆشیشی بۆ تێکڕای ئادەمیزاد وەک پەرۆشی تێکڕای ئادەمیزاد بێ بۆ کورد. ئینجا ئەگەر گوترا کورد هیچی بەبەرەوە نییە لە دوورەوە میللەتان بۆی بە پەرۆش بن یان لەسەری بە دەنگ بێن ئەوسا هەر بە چاری کورد ڕزگار دەبێ لە پەرۆشخواردن بۆ غەیر چونکە لێی ئەوەشێتەوە چاکەی لەگەڵدا بکرێ دیارە لێشی هەڵناستێ لە کولەمەرگی و کوێرەوەریی خۆیدا بە غەیرەوە هەریک بێت. من کە ناساغ بووم و پێت گوتم: تۆ ئەوە ناهێنێت خزمەت بکرێیت، تازە بە هیچ مەزهەبان ڕێت نامێنێ داوای خزمەتم لێ بکەیت. میرزا لە ڕوانگەی ئەوتۆییەوە سەیری بزووتنەوەی کوردایەتیی دەکرد و بزووتنەوەی دیکەشی پێ تاقی دەکردەوە. ڕای ئەوە بوو دەیگوت، من کە کوردایەتی بکەم دەبێ من هەژاری کوردم بەلاوە مەبەستتر و خۆشەویستتر بێ نەک یەکێکی دیکە. لە ڕێی فەلسەفەی پەرۆشی خۆی بە هەژاری هەموو دنیا دەبەخشێ بەو پێیەش پشکی هەژاری کورد لە پەرۆش و هەوڵی ئەو تەرزە کەسە کەم دەبێتەوە وەک ئەوەی کە دایکێک هەموو منداڵی دنیای بە قەدەر یەک خۆشویستن ناتوانێ شەونخوونی بۆ منداڵی خۆی بکات چونکە دیارە پێی ناکرێ شەونخوونی بۆ منداڵی هەموو دنیا بکات.

میرزا چەندێکی لە دەرسی قوتابخانە مامناوەنجی بوو لەوەی پێی دەڵێن

Common Sense هەستیار و زیرەك و نیگا بەرین بوو. هۆشی بە ڕامیاریی ناوەوە و دەرەوە و نێو میللەتان دەشکا. زۆر بە ئاسایی و ڕاشکاوی و ئاسانی دەیزانی فەرقی نێوان سیاسەتی ڕووکەشەی دەوڵەتێك لەگەڵ سیاسەتی ڕاستەقینەیدا چەند گەورەیە. هەروەك بڕوای نەبوو بەو شتانەی لە شێوەی پڕوپاگەندەدا بە دنیادا بڵاو دەکرێنەوە هەروەهاش لە شێوەی بەدیهییەدا دەیزانی هیچ دەوڵەتێك ناتوانێ لە قسە خۆشە سەرزارەکییەکانیدا ڕاست بکات. دەوڵەت نییە بتوانێ بەیەك لایی بەخشندە بێ، کە بەخشندە بوو زۆر ئاوا ئیفلاس دەکات. ئەوپەڕی ئینساف لە سیاسەتدا ئەوەیە لە مامڵەتدا فێڵ نەکرێت و پەیمانی درۆزن ئیمزا نەکرێ.

لە دەوڵەت وا زیرەکە: برایەتی کە پێوەندییەکی نێوان دوو مرۆڤە و هیچ مافی میللەتانی تێدا زەدە نابێ ئەگەر برایەك لە براکەی بسەلمێنێ ئینجا دەبینین ئەم سەلماندنە وەزحەمەت دەکەوێ، خۆ ئەگەر وەزحەمەت بکەوێ و نەکەوێ هەر دەمێنێتەوە بڵێن ناشێ ئەرك بەلای یەکێکیاندا بکەوێ و ئەوی دیکەیان لە پەنا برایەتیدا لوقمەی چەورتر بخوات، برایەتیش بەخشندەیی دوولایی گەرەکە. کە ئەمە وەها بێ ئایا دەبێ برایەتیی کورد و ئوستورالیا چۆن بێ؟ تا لەم بابەتە لێکدانەوە و بۆچوونانەدا کەوا بێگومان ئەویش لە وتوویژی دوولایی پەیدا بووە. میرزا گەیشتبوو بەو قەناعەتە ناشێ چ میللەتێك بەرپەرچ و بێ سەنەد و سووت و پەیمان و قەول و بڕیە گلەیی لە میللەتێکی دیکە بکات لەسەر کەمتەرخەمییەکی بەرانبەر خۆی لێی ببینێت. گلەیی لە پەیمانشکێنی دەکرێ نەك لە نەبوونی سەخاوەت. لە بیرمە دەیگوت، سولەیمانی کەیفی هات کە قەزای ڕانیەی خرایە سەرێ هەولێریش پێی ناخۆش بوو لێی بچڕایەوە. خۆ نە سولەیمانی قازانجێکی گەورەی دەست کەوت نە هەولێریش زەرەرێکی لێ کەوت ڕانیەش بە هەر لایەکدا بکەوێ دەچێتە باوەشی دایکی خۆی. ئیتر بۆچی سەیرم بێتەوە لەوەی ڕووسیا و چین لەسەر سنووری لە یەکدی سوور هەڵگەڕێن خۆ هێندەی هەولێر و سولەیمانی خزم نین؟ سەیر لەوەدایە خەڵق لە ڕێی ئەزمەرییەوە بەتەما بێت دوو وڵات هێندەی دوو هەرێمی یەك وڵات لەگەڵ یەکدیدا بێ فەرق یان بێ فەرقتر بن. هاووڵاتییەتیی سولەیمانی و هەولێر و هاوباوەڕیی ڕووسیا و چینیش لە جەغزی واقیعی مرۆڤایەتیدا، کەوا نە فریشتە و پەرییە و نە کۆمپیوتەر و تەرمۆمەتریشە خۆ دەرنەبەخشێت. لە کەس داوا ناکرێ پتر لە خەڵق خۆی لە بیر بکات.

لە میرزام بەدی دەکرد قسە و بیروڕای ژیرانەی هەڵدەگرتەوە تەنانەت لە نیزاعە و

چاپەمەنیشدا گوڵبژێری دەکردن. بە نموونە جارێکیان بۆ ئەوەی بزانم لەم سەیادە لەبارەی عەبدولکەریم قاسمەوە شتێکم دەربڕی. عەبدولکەریم دوای کردنەوەی دەروازەی ئازادی بۆ هەموو لایەنێك، پاش بەینێك کەوتە سەر سیاسەتی لێ کەمکردنەوە و فلان بگرە و فلان بەرمەدە. بە نیازی لە قاڵبدانی خەڵقەکە بەو جۆرەی کە عەبدولکەریم خۆی بە چاکی دەزانێ. من گوتم، هەروەك کە بەرخت گروو جارێکی دیکە لەشکەت بۆ ناچێتەوە ناو پێستەکەی هەروەهاش میللەتی عێراق، تازە بە کەس ناگرێ بیخاتەوە قەپێلکێکی وەکو پێش چوارەدەی تەمووز. دوو سێ حەفتە تێ پەڕی لە ڕووداوێکی ئەو ڕۆژگارەدا میرزا گوتی:

قسەکەی تۆیە خەڵك ناچێتەوە ناو پێستی جارانی.

ناوناوە کە بیاوە دەسەڵاتدارەکانی ۹۵۹، ۹٦۰ لە وتووێژیاندا ورێنەی منداڵانەیان دەکرد و لە زۆر لاوە چەپڵەی ئافەرینتیان بۆ لێ دەدرا میرزا لەبەر خۆیەوە ئێی دەسریواند و قسەیەکی مزری ڕاماڵ دەکردنێ بەڵام نەیدەهێشت خوێنگەرمەکانی شۆڕش تێی بگەن. سیاسەت بە لای میرزاوە نەبوویوو بە دین، دروشمەکانیشی لێ نەبوونە پەرۆی سەر چاك و پیران. بڕوای بە کوردایەتیی بێ کەلەبەر و کەموکورتی بوو بەڵام ئەو هەنگاوەی بە ناوی کوردایەتی بۆ کوردایەتی لە واقیع و ئیمکان دەرنەچوو بە خراپی دادەنا.

میرزا بوو بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کورد بەڵام نازانم لە کەیەوە. هەم بە پێی تەبیاتە هێمنەکەی خۆی و هەم لەبەر وەزیفەکەی، جگە لە لەمپەری تەمەن، نەیدەتوانی ئەندامەتیی هوتاف کێشان و دروشم هەڵگرتن و نەشرە بڵاوکردنەوە بەڕێوە ببات. ئەو (وا بزانم) لە ساڵی (۱۹۳۷)ەوە بوو بە خاوەن خێزان و هەڵگری ئەرکی ماڵ و منداڵ. ژنێکی دوای بەرهەمهێنانی کوڕ و کچێك جوانەمەرگ بوو، ژنی دووەمی هێنا پەیتا پەیتا ساواڵەی بۆ دەخستنە ناو بێشکەوە. گرانبوونی نرخی کەرەستەی گوزەرانیش دوای جەنگ قورسایی زیاتری خستە سەر بودجەی مانگانەکەی کە بە حاڵ لە چەند ساڵێکدا نیوە هەنگاوێکی کورتی بەرەوپێش هەڵدێنا. لە باری وەهادا میرزا دەیتوانی لە سنووری ماڵی خۆی و دایەرەکەی خزمەتی ئامانجەکانی پارتی بکات. تا لەم مەیدانەدا، بێ تەقە و هەرا، هەر جانفیداییەکی لە دەست مرۆیەکی وەکو ئەو هاتبێ کردوویەتی. ساڵانی ساڵ نەشرەی نهێنیی پارتی لە ماڵی ئەو دەردەچوو. بەمێنێکی بەمەودا ماڵی لە کەرکووك بوو، کەرکووکیش لە چاو شارەکانی دیکە پتر جێی

مەترسی بوو بۆ چالاکی دژ بە حکوومەت. لە دەمی دەسەلاتی شەریکەی نەوتی ئینگلیز چاوساغ و خەبەردەر و هەست راگر و ئیخبارییە ساز لەو شارە تێکیان دەهاویشت زۆربەی مونەمەمی سیاسیی کوردەواری لە عورفیی کەرکووک موحاکەمە دەکران. دوای راپەڕینی (وثبە) و ئاشکرابوونی خەباتگێڕەکان خەتەری ئاشکرابوون و تێوەگلان خەستتر بوو لە جاران. میرزاش لە نزیکەوە برادەری هەموو ئەندامە ناسراوەکانی قیادەی پارتی بوو، لە زۆر هەلکەوتدا بۆ سەر داوەت و دانیشتنی شەوانەی نادی لەگەڵیاندا کۆدەبووەوە و ترسی گیران و ئیخبارییەی پەوەدا لە خۆی دەتەکاندەوە کە لە ڕواڵەتی وەزیفە بەجێهێنان و ژیان بردنەسەردا بابایەکی بێلایەنی قسەخۆشی نێسکسووکی بێ هەڵپە بوو. ئەوەندە لە وەزیفەکەی شارەزا بوو حاکمەکان موحتاجی بوون.

ئەم وەزیفەیەی کە هەمیشە لەگەڵ کاربەدەستاندا کۆی دەکردەوە و لە ڕێی دەعوای سیاسییەوە شارەزای مەئموورەکانی تەحقیقاتی جینائی و خزمەتی نهێنیی دەکرد و زۆر خەبەری شرایەوەی پێوە دەزانی، تا ئەم وەزیفەیە هەروەک بۆی بووبووە قەڵغانی سەلامەتی، دەربوونەیەکیش بوو سرکە و کورکەی حکوومەتی لێوە دەزانی و حیزبی پێ خەبەردار دەکردەوە تۆ بڵێ چەند جاران ئەمری گرتنی خەباتگێڕێك لە ڕێی مەحکەمەوە بە میرزا گەیشتووە و لەویشەوە بە حیزب و لە حیزبیشەوە بەو خەباتگێڕە بەر لەوەی پۆلیس کەوتبێتە خۆی بۆ گرتنی کابرا؟

لەم مەیدانەی ئاگادارکردنەوەی حیزب بە خەبەراتی دەوڵەت خۆم ئاگاداری گەلێك چالاکیی میرزام، یەك لەوان ئەوە بوو کە لە هەڵبژاردنەکانی ۹۵۳ و ۹٥٤ میرزا کاتبی دادگەی کۆیە بوو. بە ڕێکەوت هەتی تەلەفۆنی کاربەدەستانی کۆیێ لە ڕۆژهاوڕۆژی شوورەی بانی ئەو خانووەوە تێ دەپەڕی کە میرزا تێیدا کرێگرتە بوو. شەوانە، بە ئەسپایی تەلی دەهاویشتە سەر ئەو هێڵانە و گوێی لە قسە و موخابەرەی ناوەوە و دەرەوەی حکوومەتی کۆیێ دەبوو هەتا هەر لە حکوومەت دەکەوت. چی لەو گوێگرتنانەدا بیزانیبایە بە دەور و تەسلیم دەیگەیاندە پارتی. کە خۆم نوێنەری پارتی بووم لەو هەڵبژاردنانەدا میرزا ڕۆژانە دەیدیتم و ڕوونی دەکردەوە وەی کاشکی ئەو دەمە جیهازی تۆمارکردن هەبایە و ئەو موخابەرانەی بۆ دواڕۆژ بە نموونەی جۆری بیرکردنەوەی حکوومەتی ئەو ڕۆژگارە بەجێ هێشتبایە.

میرزا بەدرێژایی سالانی ئەندامەتیی لە پارتی سەربازێکی نەناسراوی زیندە چالاك

و ژیر و دڵسۆزی کوردایەتی بوو، بە بەهەشتنەبی نەك بەمزە.

لە نوکتەبازی و سوحبەتچییەتیدا میرزا گرموی لێ نەدەبردرایەوە کە ئەشرەی پارتی لە ماڵی ئەو دەربەچوو خێزانەکەی دووەمی (نافرەتێکی دڵ لەخۆبووردووی هەولێری بوو) هەستی دەکرد ئەم کارە گەپ و گاڵتە نییە. میرزا دەیگێڕایەوە کە خێزانەکەی دڵخۆش دەکرد بەوەدا بەهێز لە سایەی ئەو مەکینۆکەی چاپ خەڵی زەڕ و جلکی ئاوریشم و ئاقمی ناو ماڵی هەرە نایابی بۆ دەکڕێ. هەر سەبرێکم لێ بگرە؛ خێزانەکەی هەرچەند بێ ئەو بەرتیلە مەوهوومەش ڕازی بووە بە چارەنووس ئەمما بێگومان خەیاڵی خۆشکەڵەی بەدڵدا تێپەڕاندووە.

میرزا لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی و شەخسییاتە بەرچاوەکانی پارتیدا نەك هەر بە پێوەندیی حیزبایەتییەوە بگرە بە ڕۆحی گەش و قسەی خۆش و مەجلیس ئارایی و تەبیات لەباری هەمیشە دڵخوازی ئەو کەسانە بوو. خواخوایان بوو هەلی دانیشتن رێك بکەوێت و میرزا تێیدا بەرێتە قسە شیرین و خۆشەکانی. ئەگەر ڕێ هەبایە بۆ گێڕانەوەی ئەو نوکتە سیاسییانەی لەو دانیشتنانەدا بە زمانی میرزادا دەهات دەتزانی چ جۆرە مەجلیسی شەنگ و دڵکێش و خۆشی بەخش بوو، مەجلیسێکی میرزا تێیدا دەکرایەوە هیچ پەنا و پەسیوێکی مەفهوومە سیاسییەکانی بەر لە شۆڕشی تەمووز و دواتر کە لە کردەوەدا خەباتگێڕەکانی بەگژ یەکدیدا دەهێنا لە میرزاوە نوکتەی تێ نەگیرا بێ.

بە درێژایی ساڵانی ئەندامەتیی لە پارتی، میرزا ڕای خۆی دەبڕیەوە و چی بە هەڵەی زانیبێت گوتوومەتی هەڵەیە بەڵام هەرگیز جوداوازیی بیروڕای نەکردووەتە هۆی کزبوونەوەی پێوەندیی خۆی بەحیزب یان بە ئەندامەکانی. چونکە شوێنیشی لە حیزب ئەوە نەبوو لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانیدا ناچاری هاتوچۆ و جموجووڵ بێت ڕەخنەکانی لە سنووری (بیروڕا)دا دەبوونە موحالەفە نەك لە شێوەی سەرپێچیدا. ئەندامەکانی حیزبیش لە ڕەخنەکانی زیز نەدەبوون ڕەفتاریشیان لەگەڵیدا هەرگیز لە جەزی خۆشەویستی و ڕێز دەرنەدەچوو. لەلایەن پاداشیشەوە میرزا نەك هەر ئەرك هەڵگرێکی بێ مزە بوو بەڵکو تا ئەوەندەی بشێ لە ئاسۆیشەوە موژدەی مزە بۆ کوردپەروەرێکی وەکو ئەو تارمایی بداتەوە یەك پەنۆکی تارمایی لە کەسەوە دیار نەبوو. پاداشی میرزا لە کوردایەتیدا بەهێنی ئەو بارەی کوردی تێدا بوو وەکو بەهەشتی دوای مەرگ بوو کە لە ژیاندا هەر داوای نوێژ و تاعەت لە ئیمانداران دەکات. تۆ واز لە

پاداشتی مادی بهێنێته لەلایەن ئەو نازەی کە ناو دەرکردن بە کوردایەتییەوە هەباتگێڕی بێ دەناسرایەوە لەوێشدا میرزا پشکی نەبوو چونکە خزمەتەکانی نە بەبڵاوی دەزانتران نە لەوانەش بوون بەچاو بدیترێن. کە دیترابایە یان بیسترابایە نەشرەی پارتی لە ماڵی ئەو چاپ دەکرێ بەندیخانە و پرسیبوون دەبوون بە پاداشی..

ئەم ڕاستییە زێدە گرنگە بێ فێڵە پڕ مەترسییە لە هەباتی میرزادا گەوا دوای مردنیشی نەبوو بە فاتیحەی سیاسی لە موناسەبەیەکدا بۆ گیانی بەڕێ بکرێ، بە قەرز مایەوە لە زیمەتی شوێنەواری کوردایەتی هەرچەند لە ناست چارەنووسدا قەرزێکی بچووکیش بێ مرۆی دیکە هەن لە غەیری مەیدانی کوردایەتیدا گیانبازییان کرد و بەسەر چوون. لەوانیشدا هی وەها هەیە بێ سەروشوێن مایەوە بەڵام قەرزەکەی بەسەر شانی کوردایەتییەوە نییە. تۆ نایەیت شەهیدەکانی غەزای قارس و بایەزیدی بەر لە سەدەیەك کە بە ناوی ئاینەوە خزمەتی پێچکەی تەختی سوڵتانی عوسمانلییان دەکرد بە شەهیدی کوردایەتی لە قەڵەم بدەیت، تەنانەت لە ڕشتەی ژیانی شۆرشگێڕێکی وەکو شێخ مەحموودا بەشداریکردنەکەی لە شەڕی عوسمانلییەکان دژی ئینگلیز بە درێژایی ساڵانی جەنگی یەکەم ناخەیتەوە سەر هەباتەکەی بۆ کورد. ئەگەر لەو بەشداریکردنەدا مەرجێکی مافی کوردانی بەسەر عوسمانلییاندا سەپاندبایە حیسابەکە بەلای کوردایەتیدا دەهاتەوە ڕەنگە دیندارێکی ئیمان مەحکەم بە عیبارەی خۆی شەڕی دژ بە ئینگلیز لە ژێر ئاڵای عوسمانلییاندا بەولای کوردایەتیشەوە ببات بەڵام دیسان ڕاستییەکە لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە کە کوردایەتیی تێدا نییە. مەسەلەکە پتر ڕوون دەبێتەوە بەوەدا کە دەزانین دینداری ئەوتۆیی هەباتی کوردایەتیشی دژی پاشای ئیسلام بە ناڕەوا دادەنا. ئەدی نالێن مەلای خەتێ فەتوای ئەوتۆیی دژی پاشای ڕەواندز دەرکرد؟

ئەمە بۆ ڕوونکردنەوە دەڵێم دەنا من لەو باوەڕەدام فەتوای مەلای خەتێ بەنیازی چەپارەدانی بەرەی کورد لە تەفروتوونەبوون بە ڕەزامەندیی پاشا بوو (لە بەرگێکی کتێبی حاجی قادری کۆیی ئەم مەسەلەیەم بەپێی قەناعەتی خۆم ڕوون کردووەتەوە).

هەموو بیروباوەڕێکی ڕاست و چەوتی ئەم جیهانە هەتێکی بە دەوری خۆیدا کێشاوە لێیەرچوونی بەسەرچوون لە باوەڕەکە حیساب دەکات. کوردایەتیش دەبێ هەر وەها بێ و هەتێ دەوری خۆی توخ ڕابکێشێ دەنا لە هەموو تێك هەڵقڕانێکی لەگەڵ باوەڕی دیکەدا بە عیبارەی ئەو باوەڕە کوردایەتییە کە تاوانبار دەردەچێت. مەسەلەکەش

هێندە ڕوونە نەبوو لە خۆوە بەلای کورد و ناکوردەوە دیار بێ. میرزای حاجی کەریمی ئاسنگەر وەکو مێروولەیەکی بێ ناوونیشانی مێرووستانی کوردایەتی دانەکێشیی لە ناو ئەو خەتە ڕانەکێشراوەدا دەکرد. ساڵم هەقە یەك کەرتە گەنم یان جۆ یان پووشکەی نەکێشا بۆ غەیری کوردایەتی. ئەشھەدوبیللا لەو کەرتە دانەوێڵانەش یەك تۆسقاڵ نارد نەچووە هەناویەوە.

من سەیرم لەوە نایەتەوە کە میرزا هەرگیز ڕێبازی خۆی نەگۆڕی. سەیرم لەوەش نایەتەوە کە بێ ئومێدی سوود کوردایەتیی دەکرد. سەیرم لەوەش نایەتەوە کە مزەی ئەرکی خۆی بەلاوە نابوو. سەیرم لەوەش نایەتەوە کەوا بێ مزە و بێ ئومێد خەباتی پڕ خەتەری دەکرد، سەیرم لە ئاکە یەك خەسڵەتی دێتەوە کەوا ڕەنگە سەرنجی کەس ڕانەکێشێ. سەیرم لەوە دێتەوە، چۆن توانی بێ وچان و بێ لێ کەمکردنەوە – بێ ئومێد، بێ سوود، بێ ناو – لە شەقامە ڕێگەکەی خۆی بەردەوام بێت و هەناسەسواریی پێوە دیار نەبێت و خۆ بەرەنجەڕۆ دانەنێت و یەلپ و بەهانان نەهێنێتەوە خۆی بێ بدزێتەوە لە ئەرك و ڕەفتار و کرداری نەگۆڕێت چ لە کوردایەتی بێ چ لە وەزیفە چ لە بواری کۆمەلایەتی. لە هەستیارترینی هەنگامەی دڵگەرمی و تەزرۆیی و گەشبینی و (قەرسیل لە چۆکان) ئەو مرۆیە هەمان واقیعناسە بێ هەڵپە بێ تەکلیفە خزمەتگوزارە بێ ناوەکە بوو کە لە کەرکووك و شوێنی دیکەدا ساڵەکەی کردبوو بەچاپخانەی حیزب.. چەندین جار گوتوومە بەردەوامی لەسەر فەرمان و پێداویستی ئەدەبی کە بەرژەوەند و گوزەرانی پێوە بەند نییە ئەستەمترین کارێکە مرۆڤ بە خۆیەوە بگرێ. ئایەتی (فاستقم کما أمرت) بە ڕواڵەت بێ تەکلیفە کەچی هیچ تەکلیفێکی گەورە و گچکە و کوشندەش نییە بەر مەفهوومی نەکەوێ. ئافەرین بۆ بابایەك بەناوی دیوەخانە کۆنە بۆقرێك دەکاتەوە و هەتا مردن خۆی پێوە دەلکێنێ بامەسرەفەکەشی ئەوە بێ کە یەك جگەرە بە مێوان بدات. بەردەوامبوون لەسەر ڕاڕەوێکی قەرلردانەی بێ پێچ و پەنا زەحمەتترە لەو ئەرکەی تێیدایە. تۆ وەرە ئەرکی ساڵێك لە خزمەتی دیوەخانەم بە دوو حەفتە لە کۆڵ بکەوە و ساڵت سەد جار ناوابێ. میرزا ئەو بەردەوامە بوو کە من سەیرم پێی دێت: بەردەوامبوون لە شتێکدا چ سوودێکت بێ نەگەیەنێ.

لە وەزیفە نەختێك هەڵکشا تا بوو بە معاون تەسوییە ئەمما ئەگەر لەوانەیەبایە خۆرە پێش دەیەخن ئەوەندە لێزان و مەعلانی کاری وەزیفە بوو هەموو ماوەیەکی مومکینی دەبڕی. کە خۆرپێشکەر نەبوو یارمەتیشی لە کەس داوانە کرد پلەیەکی بەرمۆوور

بیات. ئەم دوورییەی لە هەڵمەتەکاسمی بەلایەکدا، تەواوکەری ئەم خەسڵەتەی بە نەرکتر بوو لە پشتگوێخستنی بەرەوپێشچوونی بە منەت. هەتا منداڵی هەراش نەبوون و گوزەرانی زەحمەتتر نەبوو لە بودجەی مەسرەفی کەم دەکردەوە تاکو داهاتی کەم بەری مەسرەفی فراژیبووی بکات. بەر لە هەموو شتێک خەرجی خۆی داشکاند، وازی لە جگەرە هێنا. چوونە نادیی کەم کردەوە هەتا وازی لەویش هێنا. سەرت نەیەشێنم وەهای لێ هات ئەو جاروبارەی داوەتی یەک دوو برادەری تێدا دەکرد ئەویشی پێچایەوە کە منداڵەکانی بە دامەزران و شووکردن لێی دەبوونەوە بەرەژوورچوونی رێکاری گوزەران و نرخی کەرەستەی خۆراک و پۆشاک فەرقەکەی تێ دەبرد. دڵنی چەپ کردنەوە لە نەخواردن و مەسرەف کەمکردنەوە هەتا ناچاری بەرتیل و قەرز و دەست پانکردنەوە نەبێ.

میرزا دەیتوانی بە بەرتیل دەوڵەمەند بێ. برادەری ئەوتۆشی هەبوون حەزیان دەکرد یارمەتییان لێ قبووڵ بکات یەکێک لەوان نازداری هەموو لایەک، زەعەی مەرگی ناکات ئەحمەدی حەمەدەمینئاغای دزەیی، بەڵام میرزا لە منداڵییەوە هەتا مردن ئەو دەزنوێژەی (لە کەس وەرنەگرتن)ی ڕاگرت لەگەڵ منداکە مێننە برادەر و لە یەکدی نزیک بووین هەمان خۆگرتوو بوو کە هەبوو. ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووی تەکلیفی لێ نەنام. نەک هی پارە کە منیش نەمبوو، بگرە لە هیچ تەگەرەیەکی کە لە وەزیفەدا هاتبێتە پێشی (لەو جارە بەولاوە کە سفارشنامەم لە مەلا ئەفەندی بۆ وەرگرت، ئەویش هی بەرەوپێشچوون نەبوو، لەسەر خۆکردنەوە بوو). لەم مەیدانەدا سێ هەڵکەوتی لێ دەگێڕمەوە کە خۆم تێیاندا شایەدم و بەر تەجرەبەی خۆم دەکەوێ:

یەکیان ئەوە بوو کە لە هاوینی ١٩٦١ میرزا لەگەڵ خۆپارێزیشی گیرا و دوور خرایەوە بۆ (رمادی). خواوڕاستان دوورخرانەوەی لەو ماوەیەدا بوو کە عەبدولکەریم قاسم لەلای خۆیەوە بنیاتی دۆستایەتیی لەگەڵمدا دانا. میرزا کەم و زۆر داوای یارمەتیی لێ نەکردم، لە خۆمەوە خواهیشتم لە حاکم عەسکەریی عام کرد کە میرزا بۆ ماڵ و وەزیفەکەی بگێڕێتەوە.

ئەودەست میرزای بەردا.. لە نۆتێل هاتە لام بۆمی گێڕایەوە کە چەندی پێ خۆش بوو لە وتووێژدا حاکم عەسکەری پێی گوتبوو فلان پاکانەی بۆ کردی، تومەز کابرایەکی سەر بە عەبدولکەریم وەهای ڕانواندبوو خۆی یارمەتیی داوە لە بەربوونی. میرزا گوتی: ڕازی بووم بەدوورخرانەوەم هەر هێندە قەرزداری ئەو کابرایە نەبم.

پاکانەکەی من بۆ میرزا ئەوە بوو کە لە وەڵامی تەکلیفدا لیوا عەبدی گوتی (میرزا ئەندامی پارتییە) منیش بێ کۆمەکردن پێیم گوتەوە لە پارتی بێت و نەبێت یەکێکی وەکو میرزای واقیعناسی لەسەرمخۆ هی ئەوەیە حکوومەت ئاواتەخواز بێ ئەندامی هەموو حیزبەکان وێنەیەکی ئەو بن. ئەم قسەیەم یەکسەر چووە دڵییەوە. کە لە ڕمادییەوە گێرایەوە بۆ بەغدا، زۆری ڕێز لێ نابوو کۆڵێکیش عوزرخوازیی لێ کردبوو. دواتر لای منیش مەدحی هۆش و زیرەکی و هێمنیی میرزای کرد.

تەجرەبەی دووەم ئەوە بوو کە لە دەمی وەزیریەدا میرزا بە هیچ جۆرێك تکا و خوایشتی بۆ خۆی نەکرد بەڵام بۆ گەنجێکی کە لە ساڵانی ٩٥٩ و ٩٦٠دا بزوێز و بێ عار بوو هاتە لام و ڕووی تەکلیفی لێ نام و گوتی: فڵانە کەس فەسڵ کراوە لە دایەرەی ئەمنی مەعامەلەی گێڕانەوەی بۆ وەزیفەکەی ناڕوێنن زۆریش دەستکورتە چەندێکی بشڵێی شەرم دەکا بێتە لات منی بە وەکالەت ناردووە بۆ عوزرخوازیش. ئەو گەنجە بەزوویی گەڕایەوە سەر وەزیفەکە. بەر لە دوو ساڵێك مەرگ گلاندی.

تەجرەبەی سێیەم ئەوە بوو کە لە (مجلس الخدمة) ئەندام بووم میرزا بۆ تەرفیع لە ٧٠ - ١٠٠ هاتە دیعمەیی مەجلیس. نە پێشتر داوای کرد یارمەتیی بدەم بۆ تەرشیحکردنی لەلایەن دایەرەکەیە و نە لە دیعمەیشدا هاتای هێنامە بەر. بە لێهاتوویی خۆی مەجلیسی منەتبار کرد کە مەئمووری ئەوتۆیی بەرێزەوە وەرگرێ. من لەم تەجرەبانەدا چ نیازێکی خۆهەڵدانەوەم نییە کە دەزانم نازوفیزی خۆهەڵدانەوە و بەرویاڵ فشکردن لە مرۆڤێك ناوەشێتەوە خۆ بە مرۆ بزانێ. من کە شایەد بۆ بیاوەتیی کەسێك پەیدا بکەم خۆم بەشایەد پتر جێی متمانەی خۆمم، ئەوەی بەشایەدیشی دەهێنمەوە بنیادەمێکە وەکو خۆم دەبێ پاکانەش بۆ قسەکانی بکەم.

گوتار بەبەرییەوە نییە هەموو لایەنێکی کەسایەتیی مرۆی باسکراو بگرێتەوە دەنا وەهام لێ خۆش دێت چ بە نووسینی خۆم و چ بە هی کەسێکی دیکە بێ سەرلەبەری بابەتی نووسین بەسەرخ بکاتەوە تا ئەگەر باسی شاعیرێکم خوێندەوە شارەزام بکات بەو کەسە وەك نادەمییە نەك تەنها وەك شاعیر، خۆ ئەو کابرایە ساڵی دوازدە مانگ، شەو و ڕۆژ ٢٤ سەعات، هەر شیعر ناڵێ، کێ دەڵێ شیعرەکانی تەرجومانی ویژدانییەتی؟ هەڵسوکەوتی ژیانی تێم دەگەیەنێ چەند لە ڕەنگی شیعرەکانی ساختە و چەندی دروستە. دەزانم دەبێ بایەخی زۆر بە شیعرەکانی بدرێت بەڵام ڕۆبۆت و کۆتەڵی بێلایەن شیعر ناڵێن بۆیەیە دەبێ (شاعیر - مرۆ) بناسم نەك مەکینەی

کۆڤکراوی ئەدەب و سیاسەت. میرزا و غەیری میرزاش دەبێ لە سنووری دەسەڵاتدا بەو شێوەیە بناسرێت تا هەر نەبێ پرسەکی گەورەی لەسەر هەڵستێ (پرسەك: علامة استفهام). تۆ کە فیلمت دەرهێنا لەسەر شاعیر و نووسەر و هونەرکار و سیاسی وەیا بۆرمیهاوی کورد خۆ نایەیت کامێرا بەسەر تاکە داوی ئەو سیفەتەی ڕاگریت، بەڵام هەتا ئێستا ئەو نووسینانەی نووسەرەکانی کورد کە مرۆی کوردیان بە خەڵق ناساندبێ لێیان هەڵناستێ بابی فیلمێکی دە دەقیقەیی چەندوچۆنی مرۆیەتییان ڕەنگرێژ بکەن. ئەمانە ڕاستیی ئەوتۆن دەستەقە هەڵناگرن بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتی بەسەر ڕاگەیشتنی سەرلەبەری بابەت لەبەر نووسەری کورددا ئەو فروانە نییە بتوانێ زات بکات قەڵەم و کاغەز و چاپەمەنی و مەسرەف و کات و ڕەنج خەرج بکات لە نەخشەکێشانی ئەو لایەنە شەخسییانەی کە بە ڕواڵەت پێوەندیی بەتێنیان لەگەڵ چارەنووس و دەردە کوشندەکانی کۆمەڵدا نییە. ئەمە ڕاستە و زۆریش تاڵە بەڵام خۆ ئەگەر ناو ئەبوو دەبێ (تیمم) بکەین. لەسەرێکی دیکەشەوە ئەوەی پێی دەڵێین شیکردنەوەی مادی فەرمانێکی ناچاریی بەملدا بڕیوین کە دەبێ ڕەفتاری (کەس) لەگەڵ داخوازیی دەوروبەریدا بگونجێنین، دەوروبەریش تەنها کاریگەرە گشتییەکان ناگرێتەوە دەنا دەبوو زۆربەی خەڵق وەکو یەکدی ڕەفتار بکەن. لە دەوروبەردا کاریگەریی تایبەت بە (کەس) شەقڵی دیارتر دەبێ پێوەی چونکە مرۆ بەخۆی و بەسەرلەبەری پێکهێنەرەکانی مادی و مەعنەویی خۆیەوە تەفاعول لەگەڵ دەوروبەری فرەواندا دەکات ئیتر یا سەر دەنێ بەملکەچی یان یاغیگەری یان یەکێك لە پلە بێ ئەژمارەکانی نێوان ئەو دوو سەرپەرە لە حاڵەتی میرزادا بابی ئیمچە پێویست دەوروبەری، لەویش پێویستتر، تەبیات و ڕەفتاری سروشتکردی باس کراوە لە ناچاریشەوە بەوەندە ڕازیم چونکە ڕێگام نییە هەموو شتێك دەربێرم، دەرفەتیش لە گۆڤاردا چەنگ ناکەوێ بۆ ئەوەی هەموو مومکینیش بگرێتەوە. ئێستا ماوە بڵێم لە میرزادا خەسڵەتی دیکەی بەرچاو دووان بوون:

یەکیان ئەوە بوو تا ڕادەی بێزبوونەوە ڕقی لە تاکپەرستی بوو. ئەگەر قسە سیاسییەکانی گرد بکرێنەوە بەشێکی بەهێزی ڕەخنەگرتن و عەیب دۆزینەوە و درۆ بەسەر گرتنەوە بوو لەو کەڵەمێردانەی ناویان بەتەقدیسەوە دەهات.

لە زۆر جاردا ئەوانەی بە دوژمنی میللەتەکەیان دادەنا. نابێ لە بیر بکەین خەڵق تێکڕا نازان لە عەیبدارکردنی سەرۆکی باوەڕ پێکراوی غەیری خۆیان کەچی کوڕنوو

دەیەن بۆ ئەوەی خۆیان کە بەلای غەیرەوە عەیبدارە. هەرچی میرزا بوو لە ناست هەموو باوەڕێك و باوەڕ پێكراوێك بیروڕای خۆی هەبوو. كورتەی قسە ئەوەیە میرزا تاكتەپەرستێك بوو تاكی نەبێ.

خەسڵەتی دیكەی كە ئەویش سێیەرێكی یەكەمیانە ئەوە بوو خۆی بە گچكەی كەس نەدەزانی. هەرچەند ڕازی بوو بە پایەی خۆی لە كۆمەلایەتی، بەڵكو ڕەنگە بەهۆی ئەو ڕازیبوونەیەوە بووبێ كە ژوورچوونی بە مایەی شانازی نەدەزانی، بەرەویژ وەستانی خۆی و هی وەك خۆیشی بە مایەی كەسایەتی نەدەزانی. هەتا بڵێی لەنگەربەستنی واقیع لەسەر ئەو بارەی كە ئەوی تێدا بەرەژێرە بێ تەزاندن و داڕووشاندن بەسەر هەستیدا دەهات. ناەوێ بڵێم میرزا بەتەما بوو یان دەیەویست ئەو لەنگەرە هەر وەها بەردەوام بێ و نەگۆڕێ، نەخێر بەلەنگەرێكی بەدی دادەنا بەلام ئەوپەستنی ئەو لەنگەرە نەیدەخستە سەر هەڵپەی بێ جێ و پەلەی بێ سەروبەر. تا ئەو ڕۆژەی باری كۆمەلایەتی بە چاكتردا دەگۆڕێ میرزا لە پایەی خۆیدا چەسپاو بوو. كە یەكێكی لە خۆی بەرەژوورتری پێدا رابووردبایە بەرزەیێ بۆی بڵند نەدەبوو مەگەر لە دڵدا بەموحتەرەمی زانیبێ. لێرەشدا ناەوێ بڵێم میرزا شەڕی بەدنیا دەفرۆشت. حورمەتی ئەو حاكمە دادپرسەی دەگرت كە خۆی كاتب بوو لای بەلام بێ قانوونیی بۆ نەدەكرد و مەڵەی بێ دەگوتەوە و لە حاڵەتی چوونە كەشفی لادێ داب و دەستووری خەڵقەكەی تێ دەگەیاند جا ئەگەر قسەی نەبیستبایە لێی بێباك دەبوو.

كوردپەروەری بێ فێڵ بەلای میرزاوە چەندی بڵێی ڕێز لێگیراو بوو بەلام كوێرانە و دەروێشانە ڕێزی نەدەبەشییەوە.

هەرچەند لە سنووری قانووندا پێی بە خواری دانەدەنا ئەما ئەگەر بۆرەپیاوی هەژاری بەدەست فەرزەوە سەغڵەت دیتبایە وەیا لە شكاتی تێوەگلاندن و پێوەكردندا هەتەری گیران و مەسئوولیبوونی بۆ كابرا چاوەڕوان كردبایە تێی دەگەیاند چ بڵێت و بكات باشە بۆی. بیزانیبایە هەڵق قسەكانی دەبەن لە بن لێوانەوە وەك یەكێكی قسە لەگەڵ خۆیدا بكات چی پێویست بوو بۆی دەدركاند. كە لە یەكێكی وەكو منی تەقیە نەدەكرد بەڕوونی هەژارەكەی تێ دەگەیاند، لە زۆر باردا ئەرزوحاڵی گەلاڵە دەكرد كە مافی هەژارەكە بپارێزێت بەلام نەك بەدەستی خۆی. میرزاش و سەمەدی حاجی محەمەدی بەننا كە بە سەمەدی حاجی مەتجەل بێ قانوونی ڕۆیشتبایە. حسێن بازیانیش، خوا لەو و لەوانی دیكەش خۆش بێ، ئەو جورئەتەی لێ چاوەڕوان دەكرا.

چەند کاتێك هەبوون لە ناکامی پاکی و زانین و بێ ترسییانەوە حاکمەکان کۆمەیان لێ دەکردن.

میرزا هەروەك دەنگە خۆشەکەی بەکار نەهێنا دەسەڵاتی نووسینیشی لە بیر خۆی بردەوە لەلایەکەوە وەزیفەی میری بۆ تەبیاتی ئەو شتێك نەبوو لەگەڵ نووسینی سەر بە سیاسەتی بەرەو کوردایەتی بگونجێت. لەلایەکی دیکەشەوە کە بوو بە مەرەزەف جارێ شلك بوو مابووی لە ڕۆشنبیری و بەهرەی نووسەری دابمەزرێنێت، دواتریش کە وردەوردە هێزی قەڵەمی لە مەیدانی نووسینی ڕەسمی گەشەی کرد، چاپەمەنیی کوردی گەشەی نەکردبوو، لە پارێکیشدا نەبوو وەکو ئەوانەی لە چلەکاندا بە نووسەری کورد ناسران پێوەندیی بە جیهانی نووسین و بڵاوکردنەوەی کوردییەوە هەبێت. کە لە کەرکووکیش هەڵقەندا بەرەو کۆیێ و ڕانیە و قەڵادزە هەر بە کاتبی، بەجارێ لە هەرێمی دەخسووناوی (وشەنووسی) دوور کەوتەوە ئەگەر لە چلەکاندا بۆی ڕێك بکەوتایە ساوەیەك لە بەندیخانە بمێنێتەوە باییی ئەوە بکات گەڕانەوەی بۆ وەزیفە وەزەحمەت بکەوێ دەشیا ڕێگەی نووسین بگرێتە بەر و تێشی بناسرێت هەر نەبێ لە دوو بابەت، هونەری (مۆسیقا و دەنگ) و سیاسەتی کوردایەتی. لە مۆسیقا چەند ڕۆژێکان پەنجەی لە عوود (یان کەمان) ڕاهێنا و (ڕێ، می، فا...)یشی لەگەڵ مامۆستایەکیدا گوتەوە، هەر لەویشم ئەو زاراوە مۆسیقییانە بیست بەڵام خێرا پشتی تێ کرد و بۆی نەچووەوە بەهەمەحاڵ وزەی هونەری و ئەدەبی لای میرزا، تا ڕادەیەك، بوونە قوربانیی تەبیاتی دوورەپارێزی و مەشرەبی هاکی و خۆهەڵتەکاندنەوە و ئەو جۆرە هەڵسەتانەی.

کە بە وردی سەرنج لە میرزا ڕادەگرم نموونەی مرۆیەکم بە بەر زەیندا تێ دەپەڕێت کە بە کەڵکی ژیانی نارام و کۆمەڵایەتیی بێ هەرای وەکو سوید و نەرویج دێت کە بەرهەم و تێری و ڕێکوپێکی بەخەڵق دەبەخشێت و تاکە یەك پاڵەوانی سیاسەت و قارەمانی بگرە بەرمەمەی بۆ نارسکێنێت. لە شوێنی وەها هێمندا پاڵەوان سەر بەرز بکاتەوە حەبسی دەکەن.

مەرگی میرزا

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨ ماوەی چەند مانگێکی حەسانەوەم لە (عمان) پایتەختی ئوردون ڕابوارد. شەوێك بە عادەتی هەمیشەیی، لە ساڵۆنی ئۆتێل، مێوانانی بە دەموودوو کۆمەڵ بووبووین قسەی بابەتمان دەکرد، لە سۆنگەی شتێکەوە گوتم، حەز لە

زۆرەی زیلی تەلەفۆن ناکەم، ئەم حەزنەکردنەشم شەرح دا... دوای ئەم قسەیەم تا کۆبوونەوەی سبەی شەومان، لە بەغداوە تەلەفۆنێك و لە لەندەنەوە دوو تەلەفۆنم بۆ کرا مەرگی پێنج خزم و دۆستمیان پێ ڕاگەیاندم، یەکێك لەوان مەرگی میرزا بوو لە لەندەنەوە پێم گەیشت. تەلەفۆنەکەی بەغدا جارێ خەبەری کۆیە و هەولێری نەبیستبوو. پێی ناوێ بڵێم لەخۆوە دیارە خەبەری ئەوتۆیی لە غەریبدا چ کارێك دەکاتە سەر کانیاوی هەست و سۆز لە دەروونداـ لەو دەمەوە کە ئاشکرا بوو مەرگ شوێنەواری خەباتە مێمنە پڕ خەتەرە بێ ناو و شۆرەتەکەی میرزا کوێر دەکاتەوە بە دڵ بەڕیاری قەرزێکی ئەدەبی قورس بووم بەوەدا کەوا لە دەرفەت و بەهێی توانین تۆز و پێی فەرامۆشی لە وێنە ونەکەی بتەکێنم، بەم گوتارەش بەشێکی قەرزەکەم لەسەر لادەچێ چونکە کەسایەتی میرزا مایەتی بەمافی خۆی بگات لە جلوەبەستن و تێرڕەنگی.

کاروان، ژمارە ٤٩، ١٩٨٦

مەرگی تاڵ و ژار! ئاوناوە شیرینیت..

بەدەم ڕۆژگارەوە، لە ژێر ئاسمانی شینا.. بەتەک گوڵ و بولبولی گوڵ و وێڵدا، هەنگاوی شەکەتبووی هەزاران هەزار ساڵەی ئایەمی ئەخشی کەنەفتی و پەژارەی خۆی لە ڕێبازی سەخت و دڕکاویی ئەم «ئەرزە کۆنە هەوارە» وەك مۆرکی باپای گومان لێکراوی دەفتەری پۆلیسخانە چەسپ کردووە. هەموو نیگایەکی سەرنجدەری بەرەو ڕابووردوو و لیستەی بێ بڕانەوەی ئاڵقە لە دوا ئاڵقەی شێوە زنجیرەی هەڵکەوتی درندە و ڕووداوی بڕندە و دیمەنی تاریك و مۆنی تابلۆی ئەیار و ئەساز دەخوێنێتەوە.. چەندێکی خەیاڵم گێژابێت لە دۆزینەوەی موعادەلەیەکی ساختە کە تێیدا (س – نوێنەری خۆشی) زاڵ بێت بەسەر (د – نوێنەری ناخۆشی)دا هەمیشە کشاوەتەوە بەرەو ئەنجامی ناقۆڵای ئاحەزی ئەوپەستراوی خەفەبوونی (نا) لە ژێر سەنگی (نا)دا هەر لەو وەختەوە کە بەر لە هەزاران ساڵ دیمەنێکی لێ بەدی دەکەین تا ئەم ڕۆژانەی بەدوا جەنگ لەسەر جەنگی بێ ناوەرۆکدا خەریکین بەرامبەر پلووسکەی خوێنی دەیان هەزار مرۆی بێ تاوان بە پانتایی ڕووی ئەم زەوییەی پەمەییدا چاو بزرکاو و حەپەساو دەبین.. من باپاییکم لەوانەی بەئاسانی و زوو بەزوو بڕژەبڕژی برینیان داناکەوێت.. لەوانەم بەتەنیشت و ڕۆخی ماڵی خەفەتبارەوە مەطلەبی و لوقمەقازییان بۆ ئاوا ناکرێت..

نەك چونکە ڕەشبینی لە مندا بەزیایەوە هەستی نایەتی (سلبی)ی خولقاندووە بە پێچەوانە، ئەوەندە بۆ نایەتی (ایجابیة) هەستیارم و وەها شەیدای کامەرانی و خۆشی و بێ ئازاری و تەبایی و ڕەهایم هەموو هۆیەکی ناپەسەندی ئاژاوە و دەم تێکنان و بەکتر ئازاردان وەها دەبوغزێنێم سەد ئەوەندەی خۆی پێی نائارام دەبم. بۆ جووجەڵەیەکی لە خۆڕایی بەساوایی بمرێت خەفەتی خۆی و ئەو هێلکە و مریشك و کەڵەشێرانەش دەخۆم کە ئەگەر جووجەڵەکە بووبایە مریشك لێی دەکەوتنەوە.

هەر ئەم تێنووەتییەم بۆ تروسکەی خۆشی وەهای کرد ڕێکەوتی تێ هەڵئەنگووتنم لە یادنامەی دوو دۆستی کۆچکردووم شیرنایی لەو مەرگە تاڵە بگێڕێت کە دێت ئازیزێك لە گڵنی ئەبوون و بەسەرچووندا دەپێچێتەوە. سۆزێك لە دەروونتدا دەگرێنێت گەلێك زامدارتر لەو سۆزەی بۆ ئازیزێکی ئاوارە و سەفەرکردوو دەگیرسێتەوە.

ناگەهان و بێ مەبەست، چەند کاغەزێکی لێ نووسراوی بەرەو ژوورەوە قەدکراو، لە پڕ کەوتە بەرچاو و ناودەستمەوە. دیمەنی زەرد هەڵگەڕاو و تۆزێکی لێی نیشتبوو پتر لە دە ساڵی گۆشەگیری و سەرنانەوەی ڕادەگەیاند..

هەڵم گێڕایەوە بەرەو ڕوو! لە سەرووی هەوەڵ لاپەڕەی دەستنووسم خوێندەوە:

دەسکەوتی خەبات

لە ئەنیشتی دەستە چەپەوەی (هێمن)ی بێ نوختەی (ی)ەکەی نووسراوە و هەتێکی بەژێردا کێشراوە.

گورج هێمن و ڕۆژەکەی ئاهەنگی پەردە لادان لە ڕووی پەیکەری حاجی قادرم هاتەوە بیر کە هێمنیش شاکارێکی خۆی تێدا خوێندەوە. ئەو ڕۆژە ڕێکەوتی ۱۹۷۳/۱۱/۲۹ بوو. لە پەراوێزی لای دەستە چەپی پەڕی هەرە دوایندا هێمن ۱۹۷۳/۱۱/۲۶ی داناوە بە ڕۆژی لێبوونەوە لە نووسینی شاکارەکە. چاکم لە بیرە، چەند ڕۆژێکی بەر لە ئاهەنگەکە بەشێکی بەرچاو لە بەشدارەکانی ئاهەنگ گەیشتنە کۆیێ... گرووپی هێمن و مەلا ڕەسووڵ و هەڤاڵە کوردە ئێرانییەکان لەوانە بوون.

لەو چەند ڕۆژانەدا، فرەکات یەکترمان دەدیت و زۆر جار لە ماڵی کاک مەجیدی ئامۆزام کە ئەوسا لە ناو شار بوو منیشی لێ دابەزی بووم، پەیەکەوە کۆ دەبووینەوە. لەو ۱۹۷۳/۱۱/۲۶ەوە دیارە هێمن بڕە شیعرەکەی لەو ڕۆژەدا هۆنیبێتەوە. ئەگەر بیرکوڵی فێڵم لێ نەکات لە هەوەڵەوە وەهام دەزانی کەوا لە شەوی پێش ڕۆژی ئاهەنگەکە هێمن هەڵیڕژا و دەروونی خۆی لەو ئاگرە شلە بورکانییە بەتاڵ کرد. ئەوەی ڕاستی بێت من خۆم بۆم نەلوا تا شەوی پێش ئاهەنگەکە هیچ بنووسم.

هەواوڕاستان لە شەوە درێژەکانی کۆتایی ساڵ بوو، بەبەرییەوە هەبوو خۆی لێک بکێشێتەوە. وا بێ دەچێ بەهەمیالی ئەوەی کە خۆم لەو شەوەدا دەروونم گووڕا بە نووسینەکەم وەها لە مجێزم خۆش هاتبێ کە هێمنیش وەکو من تا ئەو شەوە هەر پەنگاوی داهێناوە سەرەڕای ئەوەی کە نایەتە بیرم هێمن لەو ڕۆژانەدا گوتبێتی جارێ هیچی نووسیوە بەهەمەحاڵ وەک لە لاپەڕە ۲۱۷ی دیوانی (تاریک و ڕوون)دا دەردەکەوێت هێمن هەتا بەرەبەیانی ۱۹۷۳/۱۱/۲۶ خەریک بووە ڕەنگە ڕۆژی پێش ئەو بەرەبەیانەش گەیشتبێتە کۆیێ..

نوسخەی لای من کە بەخەتی هێمن نووسراوەتەوە لەوانەیە ئەوە بێ کە لە ئاهەنگدا

بەمەستییەوە بوو دەیخوێندەوە. ئەگەر ڕاستی بۆ چووبێتم، چ هۆی گومانیش لەوەدا هەڵناستێت، پێوەندیی زیندە دۆستایەتی و برایەتی وەهای لێ خۆش هێناوە نوسخەکە بە من ببەخشێت کە ئاگاداری نووسینی هەوەڵ جاری دیارە وەیا هەر نەبێ نووسینەوەی هەوەڵ جار، چونکە لە چەندین جێگە ڕاستکردنەوە و گۆڕینی داڕشتن و وشە تێتڕنجاندن بەرچاو دەکەوێت. لە نیوەی دووەمی دێڕە شیعری یەکەمی قەسیدەکە وشەیەك پەڕیوە کە گەڕامەوە بۆ ئەو دەقەی لە دیوانی (تاریك و ڕوون)دا بڵاو بووەتەوە میسرەعەکە بێ کەم و کەسر ئەمە بوو:

نە شۆڕەتێ ورینگەی دێ لەبەر بێر

لە دەستنووسی لای مندا وشەی (بەر) پەڕیوە لەمەدا بیر بۆ ئەوە دەچێت کە نوسخەکەی لای من لەسەر یەکێکی دیکە نووسرابێتەوە بەڵام شوێنی دیکە هەن بە پێچەوانەوە ڕادەگەیەنێ. لە دێڕی دووەمی شیعرەکە وشەی (کیژ)ی لە بیر چووە، هاتووە خەتێکی بۆ هەڵکێشاوە و لە سەرووی دێڕەکەی نووسیوە. لە دێڕی چوارەمیندا هەوەڵ جار نووسیویەتی، پەڕیوە سونبول و پێخوستە سوورگوڵ. ئینجا هاتووە وشەکانی بەقەڵەم سڕیوەتەوە لە سەرووی سونبول سوورگوڵی نووسیوە خەتێکیشی لە سوورگوڵەوە بۆ پەراوێزی کاغەزەکە ڕاکێشاوە و سونبولی نووسیوە. ئەمەشیان دەشێ می نووسینەوەی دواتر بێت بەڵام لە دێڕی ٢٩دا [کە لە دیوانەکەدا کەوتووەتە لاپەڕە ٢١٢] هەوەڵ جار نووسیویەتی:

قریوە و چۆپی و گورمندە و سەمایە

ئینجا هاتووە خەتی بەسەر هێندێکی داهێناوە و نیوە دێڕەکەی وەها گۆڕیوە:

قریوە و داوەت و چۆپی و سەمایە

خەتی دووەم جاری بە قەڵەمێکی جودا نووسیوە هەر ئەم دەقەیشە لە دیوانەکەدا چاپ کراوە لە چەند جێگەی دیکەش وشەی ڕەش کردوونەوە و گۆڕینێکی تێدا کردوون لە سەرەوەی نووسیونەتەوە:

لەدەستنووسەکەدا نووسیویەتی:

بوتی صاحب دلانی دڵ بەسۆیە

کەچی لە دیوانەکە (صاحب دلانی) بووەتە (ساحەب دلانی).

دیاره دواتر ئەم گۆڕانە کراوە کە ئەویستراوە پیتی (ص) بێتە ناو ڕێنووسی تازەوە لەدەستنووسەکەدا نووسراوە:

بەگژ خۆمانە و بێگانەدا چووی

لە دیوانەکەدا بووەتە:

بەگژ بێگانە و خۆمانەدا چووی

لەمانە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە دێڕە شیعرێکی سەرلەبەری ناو دەستنووسەکە لە دیوانەکەدا دەرنەکەوتووە. دەقی دێڕە شیعرەکە ئەمەیە:

کە شیعری تۆ ئەبایە هاندەری کورد
ئەوێستا جۆڵ و هۆڵ بوو سەنگەری کورد

ئەم دێڕە دەکەوێتە دوای دێڕی پێنجەمی لاپەڕە ٢١٥ی دیوانەکە. هەر چۆنێک بووبێت برایەتی و دۆستایەتیی هێمن و من بەوەندە زیاد و کەم ناکات ئایا کام نوسخە لە کامیان گیراوەتەوە.

ئەم دە لاپەڕەیەی ئەمەن ١٢- ١٣ ساڵی کە ڕۆژی کۆتایی مانگی مایسی ١٩٨٩ بەناکاو ئەمانەتەکەی هێمنی خستە دەستمەوە زۆر یادی لەبیرنەکراوی هێمن و برا پەناپەرەکانی کوردی کوردستانی ئێرانی لە پەردەی بیرکردنەوەمدا تێرەنگتر کردەوە، ئەختێکیش بە کراندنی زەنگی فەرامۆشی، هەستی ئەوە هەواڵووم داڕووشایەوە بەتایبەت بۆ ئەوانەی بەر زەبری قەدەر کەوتن و بوونە قوربانیی سەربڕاوی دوای ساڵانی ساڵی ئاوارەیی و بێ ئۆقرەیی و ناکامی و تەنگەتاوی. لە نموونەدا دەڵێم چ هێزێکی عادەتیی لە بیرییەرەوە زەبیحی و قزڵجیم لێ دەشارێتەوە؟ لەتێکی دڵم لایانە؛ هەندێ جار هەیالی بڵاو شەرم بێ دەفرۆشێت و لەم دەبزرکێنێت و دەڵێت: ئەو شێت و شەیدایانەی وەتەنپەرست و باوەڕ قایم لە کوێوە زیاد لە ملیۆنان هەڵقی ئەسڵ و ئەوە ئەسڵ نێدای غەیبیان بیست کە هەر دەبێ «کۆتە لە دەس و دەس لە مل و مل لە تەنافا» بێ؟ چ وەکالەتیان لەو حەشاماتە وەرگرتبوو؟ کەس هاتبوو دەست و پێیان ماچ بکات هەتا خۆ بهاوێنە باوەشی بەندیخانە و شکەنجە و مەرگەوە؟ چ عەیب و شوورەیی پەخەی دەگرتن ئەگەر وەکو ملیۆنان مەردمی گۆشەگیری بەرژەوەند بین ژیانێکی بێ بەندی و ئازار و خنکاندیان ڕابواردایە؟ چ دەبوو هەر هێندەی «جەماهیر» بۆ مافە ئەوە خوراوەکان گیانبازییان کردبایە؟ مەتەڵە و هەڵنەهاتووە یان من هۆشم تێ بڕ ناکات

لەودا کە دەبینین لەخۆبووردووەکان و گیانبازەکان سەریان دەسوورێت و بادەدەنەوە بۆ لای یەکتر لەناوبردن هەر دەڵێی بەسازی دوژمن هەڵدەپەڕن؟ بەو ئاگر و نوورەی فریشتان هیچیان مەتەڵ نین. مەتەڵ مەبێ مرۆڤەکە خۆیەتی کە خوتخوتە چووە دڵییەوە ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێت، هەتا کرمی دڵی دانەمرێنێ ئاسرەوێت.. سەیری مەراقی بۆکەرچی و دامەچی و ڕاوکەر و کۆترەباز و تاوڵەباز و ڕێسزباز و مێباز و هەمەبازێك بکەیت، هەریەکە لە مەیدانی خۆیدا وەکو نیشتمانپەروەر و چینپەروەر و شێخپەروەر خەو و خۆراکی لێ حەرام دەبێت هەتا مەراقەکەی دادەمرکێنێ، ئەویش بۆ ماوەیەك. هێندە هەیە مەراقی تاوڵە و دۆمینە و جگێنە حکوومەتی لێ بەخەبەر نایەت وەك کە لە بابای سیاسی بەدەنگ دێت، وەهاش دەبێ لزووم بەحکوومەت نەبینێ کە دۆمینەبازەکان خۆیان لەسەر هەبی بەبازێك یەکدی دادەپڵۆسن. ئینجا هەروەك پێویستە پێتۆڵێکی کەیفچی بیری لە تاوڵە و دۆمینە و دامە کردبێت و دای هێنابێ و خەڵق پێیانەوە مەراقگرتیوو بێ هەروەهاش دەبێ بزووتنەوەی چینپەروەری و دینپەروەری و نیشتمانپەروەری لە بزدانی مێژوو گووراپێت ئینجا خەڵقی بۆ شەیدا بێت، ئەوساش لە پێشەوە ئازاندرێت کێ لە ڕاست و کێ لە چەپ و کێ لە ناوەندا دەبوات و چەندی لێ بەدەوام دەبێت و چەندی بۆ شەیدا دەبێت.

سەرێکی تێوە ڕامان لە هێمن خوار بکەینەوە دەبینین بەچارەنووسێکەوە گیرسابەوە دوور لە هەموو حیسابیان بوو. لە جیاتی ئەوەی لابلێی مێژەدەزمەی ئیستیعمار، حەمە ڕەزا پەهلەوی، دەرگەی بەهەشتی بۆ بکاتەوە کەچی بەخۆی و چارەنووس و ڕابووردوویەوە بوو بەهەنوکێکی شەوەزەنگی بێ تالعێری و بەدبەختێری و قوڕبەسەرێری لە چاو ڕۆژانی غەریبی و ئاوارەیی... هەزار ڕەحمەت لە کفنەزی پێشوو، بەڵام چ فایدە دوای مردنی حەمە ڕەزا ئومێد بەو کفنەزەش نەما! ناچارین چاوەنۆڕی مێژەدەزمەیەکی دیکەی کۆنە جەهەننەمەکە بکەین. هەتا فریشتەیەکی عەرشی بەرین لە پەردەی غەیبەوە سەر وەدەربەنێت.. بێ و قەمەمی بەخێر، چەند ئێنکە بای باڵە ڕەنگارەکانت.

لەو ساڵانەدا کە هێمن پەنابەری عێراق بوو منیش وەکو هەزاران هەزار کوردی گەنج و پیر، کوڕ و کچ، چەپ و ڕاست، دۆستێکی قەدرزانی ڕێزلێنەری دڵ لە دەستداوی بووم. پاش ئەوەی نشیمەنم بووە بەغدا هێمنیش هەر بووە بەغدایی، یەکتر دیتن و پێکەوە ژیانمان وەها بوو دەروون بۆ یەکتر بکەینەوە. لەو حەفت ساڵ و نیوەی سەرەتاکانی ۱۹۷۱ و حوزەیرانی ۱۹۷۸ کە لە کۆڕی زانیاری کورد ئەندام بووم و سێ

ساڵی دواییشم بەجێگری سەرۆکی کۆڕ بردە سەر حەفتەی چەند جارێك یەکترمان ئەدیت هەر ئەبێ کە من ئەمراستی سێ لێژنەی زمان و ئەدەب و فەرهەنگ بووم هێمنیش تێیاندا ئەندام بوو. هەفتەی دوو جاران بۆ ڕێزمان کۆ ئەبووینەوە بۆ ئەدەبیش بەلای کەمەوە جارێك. ناوناوەیش بۆ فەرهەنگ جگە لەوەی کە خۆی و هاوڕێکانیشی بێ حیساب و بێ ژووان سەردانی کۆڕیان ئەکرد و هەر ئەبا بەشێکی ئەو سەردانەیان لای من ڕابەبووارد و کۆڕی نوکتە و قسەی شیرن و باسی هەمەبابەتیان ئەگێڕا. پێی ناوێ بڵێم، لە هەموو دانیشتنەکاندا هێمن ئاخێوەرێکی بەرچاو و سەرنجڕاکێشی بیسەران بوو. بابایەك بوو قسە بەتامی نوکتە ئارای کەشکۆڵ ئاوەدان کە بەهێی بابەتێ قسە لێوەکردن بتوانێ کوتاڵ و کالای گوتە سنجی. چ لە شیعر و ئەدەب بێت و چ لە خەبەر و گێڕانەوەی ڕووداو بێت و چ لە بیرورای پێوەند بە ناوەوە و دەرەوەی وڵات وەیا سەر بەفکر و سیاسەتەوە بێت. نا ئەو تەرزە کوتاڵ و کالایە بخاتە بازاڕی کڕیار و نرخێنەر و ڕەخنەسازانەوە. هێمن لە وتوویژی هیچ مەجلیسێك دانەدەما، لە منداڵییەوە ڕاهاتووی ئاڵقەی قسەڕەوان و ئەدەبدۆست و خوێنەواران و کارگوزاران بوو. بۆ خۆیشی بەهرەی ڕاوێژی سازگار و ئارداوێژی لەباری هەبوو کە لە شیعر و پەخشانیشدا بەرەو ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەدیب و نووسەرانی کوردییەوە برد.

هێمن خۆی و هەڤاڵەکانی و تێکڕای برا کوردە ئێرانییە پەنابەرەکان دۆست و خۆشەویست و جێی متمانەم بوون. وا بزانم هەمان هەستیش لەوانەوە بۆ من پەندی «بڵ ناوێنەی دڵەی بەڕاست ئەگێڕا. لە پەراوێزی تەسکی دەسەڵاتدا کە وەها ئەبوو بەعەیارەی حاڵ و باری ئەوان بەتەسك حیساب ئەکرێت، پایەی ئەو برا کوردانە لای من ڕەنگی تەقدیسی پێوە بوو، ئێستاشی لەگەڵدا بێت.. هەرگیز ئەمانتوانی هێندەی کە من خۆشم ویستن خۆیانیان خۆش بوێت ئەمنا ئەمشیا ناوناوە ساردییان بکەوێتە نێوانەوە.

پێوەندیی توندوتۆڵی ئەو برایانە بەکۆڕ و منیشەوە بەشێکی بەرچاوی لە کەسانی دڵ کرمێ و دەروون کەرواوی و هەناسە بێگەنی بێ شەرم و شکۆ بەرەو پیسکە ڕێگەیەکەوە برد هەرگیزاوهەرگیز چ مرۆیەکی پێدا ناڕوات بابیی تۆزقاڵێك هەستی مەردایەتیی تێدا هەبێت. شکاتیان گەیاندە بەرزترین پایەی دەوڵەتی کە ئەو کوردە پەنابەرانە هەمووی جاسووسی ساڤاکی ئێرانن ئینجا کۆڕی زانیاری کوردیش

بەهۆیانەوە بوومە دایەرەیەکی ساڤاک. دوو جاران لە حکوومەتەوە لێ پرس هاتنە لام لە کۆڕ و پرسیارم لێ کرا لەبارەی ئەو تۆمەتەوە. حکوومەت لە من و لەو کەسانەش باشتر دەزانی کە تۆمەتەکە لە زرە بوختانێکی شەرمهێنەوە زیاتر نییە بەڵام دەبوو بەڕواڵەت لەبارەیەوە پرسێك بکات چونکە دەستەیەکی هورپرهۆب بە ئاگاداری هەندێ کاربەدەستی کوردەوە بوختانەکەیان هەڵبەستبوو.

وەڵامی پێویستم دایەوە کە لە حوکمی بەندەکانی یاسای کۆڕی زانیاری کوردەوە هەڵدەستا. لە یاساکەدا هاتبوو کە دەبێ ئەندامی کارا لە کوردی غەیری عێراق هەڵبژێردرێن و ساڵی مانگێك ئەو ئەندامە کارایانە داوەت بکرێن بۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی کۆڕ و پاداشیان بدرێتێ و مەسرەفی هاتوچۆ و میوانەتیشیان لەسەر ئەرکی کۆڕ بێت. ئەو برا کوردە ئێرانییانە تێیاندا هەیە ئەندامی کارا و ئەندامی یاریدەری کۆڕن کە بەپێی فەرمانی یاسایەکی حکوومەتی (بعث) دایناوە ئەو سیفەتەیان وەرگرتووە. کۆڕ هەتا ئێستاش [واتە هەتا دەمی شکاتەکە] قوسووری کردووە لەوەدا کە هیچ کامێك لەو ئەندامانەی کوردی ئێران و هی یەکێتیی سۆڤیەت و شوێنی دیکەشی بانگهێشتن نەکردووە. ئەوەندە نەبێ کە د. عەبدورەحمان قاسملو وەختێکی لە خۆوە میوانی عێراق بوویێت بۆ کۆبوونەوەکانمان داوەت کراوە چونکە یەکێکە لەو کوردانەی غەیری عێراق کە بەئەندامی کارا هەڵبژێردراون. ئەویش و هەموو پەنابەرە بەرێزەکانی دیکەش لە کوردی کوردستانی ئێران میوانی حکوومەتی عێراقن ئێستر (ساڤاکایەتی) لە کوێوە هەڵقووڵیوە. شکاتەکە فشایەوە هەرچەند وەها دەزانم فتیل خۆشکەری ئەو کارە بەعەنیا لەلا پەنێکەوە بەخۆی ڕەوا دیت لە چەقی درۆ و بوختانی وەها ڕەجاڵدا هەڵوەستێت. دواتر ناوی ئەو حەبەربەرانەم لە بەرپرسێکی زۆر گەورە بیست کە بەقێزەوە باسی دەرکردن.

من هەرگیز لە هێمن و هەڤاڵەکانیم نەپرسی ئایا هەڵوەستیان بەرانبەر ئەو تەرزە کەسانە چ دەبێت چونکە پرسی ئەوتۆیی لەوبارەی ئەوانی تێدا بوون بە ئاوارەیی و پەنابەری، دەبوو بەرێگە لێپەنەوە لەو ڕووەوە کە لە تەنگەتاوی و بێ دەرەتانیدا مرۆ ناچار دەبێ سەر بە ماڵی دوژمندا بگرێت.

لە وتووێژدا کە باسی پێوەندیی باپیرم، حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیم بە ماڵی قازی و ئەمین ئەلئیسلامی سابڵاغەوە کرد هێمن کوتی خۆی نەوەی ئەمین ئەلئیسلامە.

لەمەوە دەرکەوت. تازە دەزووی تەنینەوەی دۆستایەتیی نێوانمان لە ڕیشاڵی بنەیەکی سەد ساڵیی ئاشنایی و ئەمەگداری کۆچ کردووانمان دەناڵێت. لەو کۆنە نامانەی بەر لە سووتانی بروبزگور و کەلوپەل و کتێب و متێبی زوورەکانی نهۆمی خوارەوەی ماڵەکەمان، ساڵی ١٩٦٣، ئەکەوت وەلامنامەیەکە لە حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادەی باپیرمەوە بۆ (امین الاسلام)ی سابلاغ، سەرەتاکەی بەم دوو بەیتە دەست پێ دەکات:

انــکــه امــروز اکــرام است
نور ایمان أمین الاسلام است
مــلك صاوجــبلاغ أزیمنش
مرجع خاص ملجا عام است

بەدوا ئەمەدا سپاسنامەی کاغەز و دیاریی ئەمین ئەلئیسلام دێت کە (هەزار پیشە)یەکی تاقمی چایەی بۆ باپیرم هەناردووە. سەیر لەوەدایە کە ئەم تەرزە پێوەندییەی بەر لە سەد ساڵ بەو هەموو زەحمەتی بەیەکتر گەیشتن. لە خۆوە و بێ هۆی دەستنیشانی وەك ئاوارەبوون و لێقەومان بەردەوام بووە کەچی لە سەردەمی سەیارە و ڕادیۆ و فڕۆکە و پۆستەی چالاك، لە کۆتاییی سەدەی بیستەمدا هێمن و من لە یەکدیمان نەدەبیست، چ جایی برادەر بین. ئەگەر حەمە ڕەزای پەهلەوی لە پیاوچاکیی خۆیەوە هێمنی بەدیاری نەناردبایە بۆمان. بەلام دەبێ لە بیر نەکەین کەوا بەر لە سەد ساڵ و دووسەد ساڵ حکوومەتەکان وەکو ئێستا هاتوچۆی خەڵقیان مەنع نەدەکرد، بگرە ئەوسا جاریێ بۆ حەشاماتی خەڵق پاسپۆرت و ڤیزەش جێی لێتۆژینەوە نەبوو.

بگەڕێمەوە بۆ قەسیدەکەی هێمن، کارم بەبەشێکی دوو لاپەڕەی دوایینی شیعرەکەوە هەیە:

لەو دێڕە شیعرانەدا هێمن سۆز و مەهارەتی تێکەڵ کردوون، پێیانەوە بەرەژوور تێ هەڵکشیوە هەتا سنووری سەرسووڕکێنی خەیاڵی بیسەر لەگەڵیدا باڵ دەگرێت.

لەسەر سەکۆی مەدحێکی زێدە خەستوخۆڵی حاجییەوە کە بەم چوار بەیتە دەیگەیەنێتە تۆقەڵە:

بەری دیوانەکەت گەنج و خەزێنە
وشەی شیرینی تۆ دوژمن تەزێنە

هەموو پەندن قسەی سووك و درێوت

وەكو باڵی پەری پاكە چنێوت

بەنرخە، تازەیە، بەرزە، بەهێزە

ئەوی فەرمووت لەبارەی پیاوی دێزە

ئەگەر كوردێك قسەی بابی نەزانی

مـــــحـــــقــــــق ... ... زانــــی

بەدوا ئەمەدا، پاش سێ دێر لە هەڵدانەوەی دەوری شیعری حاجی بۆ بزاوتنی گیانی شۆڕشگێڕانە لە دەمار و مێشكی « كورە كورد»دا دەستەملانێی واقیعی بێ فێڵ دەبێت و كەسەری تازە هەڵدەڕێژێت:

ئەوێستاش دەردەكورد نەكرا عیلاجی

ئەوێستاش كوردی كۆیلە ماوە حاجی

ئەم بەیتە و چەند بەیتێكی دیكەی وەك:

ئەوێستاش هەر دەمانكەن تیرباران

دەتەنەخشێنن بە خوێن كۆڵانی شاران

دڵی بۆ كوردستانی دیوی ئێران و غەیری ئەویش لێ دەدات بەهێنی واقیعی ئەو دەمەی شیعرەكەی تێدا دەخوێندنەوە، لەبەرەو كۆتایی ساڵی ١٩٧٣.. تا لەم دوو بەیتەی خوارەوەدا خۆی دەكا بە كۆتەڵێكی زیندووی حاجی قادرێكی پەر لە ٧٦ ساڵ كۆچكردوو:

ئەوێستاش گۆڕغەریب زۆرن وەكو تۆ

ئەوێستاش بێ نەسیب زۆرن وەكو تۆ

ئەوێستاش بێ كەس و دوورەوەتەن هەن

ئەوێستاش شاعیری پیر و ڕەبەن هەن

شاعیری دوورەوەتەن و پیر و ڕەبەن هێمن خۆیەتی كە لە ئوسخەیەكی حاجی قادری سەردەم بوو لەو دەمەدا.. هەقم بوو بڵێم مەرگ ناوناوە شیرینە. ئەگەر مەرگ لە بەیندا نەبوایە ئەو هەموو تام و شام و هێز و پێزە لە دەماری بەیتەكاندا نەدەگەڕا و نەبوو بەچێشتێكی كەمخوێ.. بەڵێ ڕاستە مەرگ و هەموو هۆیەكی ئازار و پەژارە نرخی ئەو زیندە تاو و تینەی بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی بریندار لە مرۆ وەردەگرنەوە

و دنیاش بە تێکڕایی و لە هەموو ڕوووێکیشەوە گەش و خۆشتر دەبوو ئەگەر ئازار و کەسەر و سەفتوسۆ فەرهان بزریایە بەڵام مادەم دنیا بەکەسەر و خۆشییەوە ئێمان ئالاوە وەیا ئێمە تێی ئالاوین با لە ڕووی ڕاستییەوە، وەك کوردی دەڵێ: قسەیەکی باشیشی بۆ بکەین بەوەدا کە لەوەتەی مرۆڤ تەعبیر لە خۆی دەداتەوە بەهەڵڕشتنی خەفەت و کەسەر فتیلەی چرای مەعنەویاتی هەڵگیرساوە ئەو دڵدارانەی بە ئاگری عیشقەوە سووتان لە یادی پشتاوپشتی زیندووانا دەژین.. زوڵمی بێ ئامان و سامانی داستانی زوحاك نەورۆزی گەشاندووەتەوە. بەدەگمەنێکی زێدە دەگمەن ئەبێ گەلان بیریشیان لەوە نەکردووەتەوە ئاهەنگی بیرکردنەوەی خۆشییەك بگێڕن کە هەر خۆشیی ڕووت بووبێت و هەوێنی بەڵایەکی گەورەی تێدا نەبووبێت.

بەهەمەهەمەحاڵ لە ساڵی ١٩٧٩باری سیاسیی ئێران گۆڕا و برا پەنابەرەکان دوعاخوازییان لێ کردین بەرەو وڵات و کەسوکاریان، من لە ڕووی نوکتەوە گوتم بەم گۆڕانەی وەزعی ئێران لە دوو کەس قەوما، یەکیان حەمە ڕەزا شا و ئەوی دیکەش هێمن. قسەکەم نوکتە بوو بەڵام دەمزانی هێمن بەزەحمەت بتوانێ لە هیچ شوێنێکی کوردستاندا بگاتە ئەو پایەی خۆشەویستی کە لە کوردستانی عێراقی هەبوو.. خۆی زۆر جاران باس و هەواڵی وەهای بۆ دەگێڕاینەوە لە نموونەی ڕوحبەرەییی گەنجەکان بۆی، بەتایبەت کیژەکان، کە هەر لە خەیاڵدا شتی وەها بۆ مرۆی ئاسایی دەسازێت کەچی بۆ هێمن بەرەهایی دەسازا.. ئەوەی من لە دەرووی نوکتەوە بۆ هێمنم کرد بەپێشگۆیی، زۆر بەداخەوە، ڕۆژگار قۆستییەوە و کردی بەنوکتەیەکی دەسکردی خۆی کە هات (گۆڕغەریبی)یەکەی کە هێمن لە ساڵی ١٩٧٣ بەرانبەر پەیکەری حاجی قادر داد و بڕۆی لە دەستاندا دەکرد، زۆر بەسەفتوسۆ و برژەبرژەوە جێگورگێی بێ کرد بۆ جەرگەی زێد و مەفتەن و نشیمەنی لە دیوی کوردستانی ئێران کە زانیمان هێمن دوای گەڕانەوەی بۆ ئەوێ هەناسەی ڕاحەتی تێدا هەڵنەمێنا هەتا بەدڵ شکستەیی و ئۆمێدی کوژاوەوە چاوەکانی بەسەر مەرگی تاریکدا لێك نان ..!

خوێنەر لێم بسەلمێنێ کەمەڵێم هەرگیز دڵم نەیهێنا بپرسمەوە لە چەندوچۆنی ئەو بارە بەرەوازەی بۆ هێمن خێچا چونکە هۆی ئەو ڕووداوە لە خەتای هەرلایەکەوە سەری هەڵدابێت وەهای بێ سەغڵەت دەبم کە تەسکینی تێدا نەبێت، با هەر لە پشت پەردەی گوماندا بێت کە دەتوانم بەمل باری ئالەباری دابیرم..

مەرگ دڕندەیەکی بێ بەزەییە بەڵام ژیان خۆیشی لێی دێت بەجۆرێك بژێتەوە

ئالایبی مەرگ بەلای شەرنایبدا بیات.. کە بڵێم هێمن لە بیر ناکەم شایەدیی بیاوچاکیی خۆمم داوە چونکە هێمن لەگەڵ ئەبزی مێژووی خەبات و ئەدەبی کورد فرکە دەکات..

هەروا بەدەم نووسینی ڕووپەڕەکانی سەر بەبابەتی پێشوومەوە، دیسان بەرێکەوتی بێ نیاز، لە کاتی کاغەز دەرهێنان و سەر بەم و بەودا گرتن و سەرەتاتکەی بێ لزووم لێرە و لەوێکردندا ڕۆخی کاغەزێکی ناو کتێبێکی بەرگ سپی، بارست مامناوەنجیی بێ نەخش و نیگار بەسەرنجمەوە نووسا و لێی نەبوومەوە. ئەو هێندە نووسینەی کە بەسەر کۆتاییی دێرەکانی کاغەزەکەوە دیار بوو، ڕای دەگەیاند خۆڕایی نییە کتێبێك پەڕە کاغەزێکی لاوەکیی بەمەمناوی خۆیەوە گرتبێ.. سەیری بەرگی کتێبەکەم کرد دیتم لێی نووسراوە:

عیززەددین فەیزی

یەکێتیی نووسەرانی کورد و دوو کۆڕ

بێ ئەوەی زەکای مووقلاش پێویست بێت یەکسەر بیرم بۆ سەراو و دەراوی ئەو کتێب و کاغەزە ڕۆیی. نامەکە هی کاکە سۆزانی مامۆستا عیزەدین فەیزییە لە ڕۆژی ٨ / ٢/ ١٩٨٨ بۆمی نووسیوە و لەگەڵ کتێبەکەدا بۆمی هەناردووە .. پێشتر بە تەلەفۆن لەگەڵمدا دووا و لەسەر خوایشتی خۆم کتێبە باسکراوەکەی بۆم هەنارد تا لە دەرفەتێکدا بۆ بەشێکی ناوەڕۆکی کتێبەکە بچمەوە کە پێوەندیی هەیە بە ئاڵقەیەك لە ئاڵقەکانی زنجیرەی «گەشتی ژیانم»دا .. یا لە نووکەوە حیکایەتی ئەو پێوەندییەت بۆ بکەم!

لە ئاڵقەیەکی «گەشتی ژیانم»دا کە دەگەمە باسی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٥٣ بۆ خوێنەرم گێڕاومەتەوە کە خاتوون مامۆستایەکی قوتابخانەکی کچانی کۆیێ بەبۆنەی سەرکەوتنی بەرەی نیشتمانپەروەرەکانی ئەوسا شەکر و چوکلاتی بەشیبووەوە. ئەم خاتوون مامۆستایە (نەزیرە محەمەد)، شەوێکیان تەقەی لێ کرا و هەروا بەحاڵ گوللەی دەمانچەکە دوو ئینچێکی لە شوێنی سەری بەسەر بالیفەوەی لادابوو.. حکوومەت لە جیاتی دڵدانەوە و لاواندنەوەو بەدوا گوناهباردا گەڕان خوشکە نەزیرەی بۆ ڕەواندز هەڵداشت .. کارەکە سەرلەبەری، بەتاوانبار و حکوومەتییەوە، نامەردانە بوو چونکە بێگومان ئەگەر مەرەشەحی حکوومەت لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتووبایە و

خوشکە نەزیرە شەکر و قەیماغی بەشیبایەوە ڕەنگ بوو تەرفیعی پێ بکەن، خۆ ئەگەر تەقەی لێ کرابایە دڵنیام کە بەرەی ئێمەی هەڵبژاردنەکە تەهلی تۆیانی پێ دەکرا.. بەهەمە حاڵ هەڵوەستی خوشکە نەزیرە هەرچەند لەوەمەدا دەردی سەری بۆ نایەوە و لە مردنی نزیک خستەوە، دیسانەوە لاپەڕەیەکی گەشی ژیانی پڕ دەکاتەوە و مایەی شانازیشە بۆ خۆی و منداڵەکانیشی.. تومەز ماموستا عیزەدین فەیزی لە ژمارە (۱۰۹)ی ڕۆژنامەی هەولێر، ڕێکەوتی ۳/ ۳/۱۹۵۳، گوتارێکی ڕق هەڵستاوی نەترساوی بوێر لەبارەی ئەم ڕەفتارە دڕندەیەی بێ بەزەیی و شەرم بڵاو دەکاتەوە کەوا ڕەنگە کاتی خۆی هەر پێم نەگەیشتبێت، دواتر ئەگەر زانیبێتیشم تا دەمی دەرچوونی ئالقەکانی گەشتی ژیانم هیچم لەبارییەوە لەیاد نەمابوو دەنا منێکی بەچرای گەنەگەرچەک بەدوا هەڵوەستی شەرافەتکارانەی خەڵقدا دەگەڕێم چۆناوچۆنی مەردایەتیی وەها زل لە برا و دۆستێکی زیندە بەڕێز و خۆشەویستی وەک عیزەدین فەیزییەوە کە هەتا سەرەمەرگ و گیانەلاوە بەکوردی و مەردی و پاکی ژیانی بردە سەر، چۆن نایکەم بەپرشنگێکی گەشی تریفەداری ڕاگوزەری گەشتەکەم بەتایبەت کە گەشتەکە خۆی داوای دەکات، بگرە لێ وسکتبوونی نوقسانییە... دیارە پاش دەرچوونی ئەو ژمارەیەی گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ» کە لە ناو توێژی ئاڵقەی گەشتی ژیانمدا باسی ئەو ڕووداوەی تێدا هاتووە کاکە سۆران تەلەفۆنی بۆ کردم باسی کتێبەکەی باوکی کرد ئیتر لەسەر تەکلیفی خۆم کتێبەکەی هەنارد بۆم بەڵکو لە دەرفەتێکدا هەڵی دەرخستنی ئەو هەڵوەستە شیرینەی ماموستا فەیزی دەڕەخسێت، دەرفەتیش نەمابوو کەلێنێکی بۆ بکەمەوە لە ئاڵقەکانی گەشتی ژیانمدا چونکە چی هەبوو لە یاداشتەکانم تا دەگەنە ناوەڕاستی حەفتاکان بەسەرپەرشتیکەرانی ڕۆشنبیری نوێ گەیشتبوو، زۆریشم لێ گران دێت هەڵی ساختە هەڵبەستم .. ئەم ڕێکەوتەی دەرکەوتنەوەی لاپەڕە باسکراوەکانی قەسیدەکەی هێمن و بەدوا ئەودا سەرکەلبوونەوەی کتێب و کاغەزەکەی باوک و کوڕان لە خۆوە و بێ ئەرک و هەناسەسواریی من سۆزێکی لە دەروونم گێڕا بۆ ئەو دوو کۆچکردووەی نازیز، بەجۆرێک، دەرگای کردەوە بۆ ئارامایی گیانی چەندین نازیزی دیکەی کاروانی ڕووەو مەرگستان .. لە یادکردنەوەدا گەلێک دیمەنی گەشی ئەو کۆچکردووانەم هێنایەوە بەرچاوی خەیاڵ و لەگەڵیاندا سەرلەنوێ بەهەمەنێک لە سەفەری ژیانیاندا دەهاتمەوە و تێیدا ڕۆدەچووم تا ئەوەی بەدەزە بۆ بەراوردکردنی یادی ئەوان لەگەڵ یادی زیندووان دەچووم دەمدیت دەستە تەرازووی ئەوان قورسترە

لە هی زیندووان. لە ژێر نوا و سایەبانی مەرگدا تۆزە غەریبەی سالانی لە یەکتر دابڕانمان بەگەشاییی بەرەوەریبەیان وەکو خەرمانەی شەوان کە تەنانەت وردە ئەستێرەش بزر دەکات، ئەویش هەموو کەم و کەسریی مرۆڤایەتیی عاتیفیبانی لە خۆیدا دەشارێتەوە و هەر تریفەی گیانیان دەدمایەوە بۆ بەرنیگای فرمێسک تێدا قەتیسماوم.. مەرگی تاڵ و ژار تاوتاوە شیرینیت.. لە یادی ئەو مردووە نازیزانەدا و بە نافەرینێک لە گیانی پاکی عەزەدین فەیزی، بە بڵاوکردنەوەی ئەو دێڕە شەرافەتمەندانەی کە لەو ژمارەیەی گۆڤاری هەولێریدا بڵاو کردبوویەوە وا من لێرەدا بە دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەرکێکی قەرزداری خۆم بەرانبەر فەیزی بەجێ دەهێنم و کەلێنێکی گرنگی ئاڵقەیەک لە ئاڵقەکانی گەشتی ژیانم پڕ دەکەمەوە ئەمەیە دەقی ئەو دێڕانە.

شەرمە و ناشیرینە

«لە شەوی شازدەی مانگی شوبات هەندێک لە چەتە بێ دەسەلاتەکان لە کۆیە بەشەو بەتفەنگ پەلاماری ماڵی نانیسە نەزیرە.. مودیرەی قوتابخانەی کچانی کۆیەیان داوە، چەند تەقەیەکیان لە پەنجەرەوە بۆ کردووە کە بیکوژن، ئەم خێزانە بەڕێزەش ژنن هیچ پیاویان تێدا نییە. زۆر خۆشی کە خوای مەزن ڕزگاری کردوون لە دەستی بەدکاران و هیچ گوللەیەکیان پێ نەکەوتووە جا برانەران وەرن سەیرێکی ئەم سەیرانە بکەن لە هیچ شوێنێک ئەمە نەکراوە و نەبیستراوە چەند شەرمە و ناشیرینە کە کۆمەڵێک پیاو دوژمنداریی کچێک بکەن کە چەکەکەی قەڵەم و نووسینە. هیوایەکی زۆرمان هەیە لە دانیشتوانی کۆیە کە هەموو خوێندەوارێکی تێگەیشتوو نیفتخاریان پێوە دەکات ئەم نەوعە کەسانە نەیەڵن لە ناویاندا بژین، ئاشکرایان بکەن، تەشهیر بکرێن لە ناو کۆمەڵ و حکوومەتدا. بەڕاستی مامۆستایان لە هەموو لایەک بەتایبەتی مامۆستایانی کۆیە بەم بزووتنەوەیە زۆر دڵگیرن، هەموو خوشک و برایانی نانیسە نەزیرە لە لیوای هەولێر ئیحتیجاجیان پێشکەش دەکەن و تکایەکی زۆریش لە کاربەدەستان دەکەن کە بنج و بناوانی ئەم ئیشە بێ جێیە دەربخەن و بەقانوون جەزای خۆیان ببینن».

خوێنەر چاوپۆشی بکات لەوەی کە من خوشکە نەزیرەم بە خاتوو مامۆستا دانا و تەقەکەیشم بۆ دەمانچە بردەوە هەرچی مامۆستا فەیزییە بە (مدیرە)ی ناو دەبات و باسی تفەنگیش دەکات.. بێ دوودڵی دەڵێم شایەدییەکەی مامۆستا فەیزی بۆ مودیرایەتی نیشانەپێکاوترە، خۆ کارەکە لە بنەڕەتدا نە بەمودیرایەتی و نە

بەتفەنگبوون و دەمانچەبوونیش ناگۆڕێ. پڕووشکێکی بزووتنەوەی نیشتمانی بوو بەرەواژ گەڕایەوە بۆ کچێکی کوردی خاوەن هەست. کوردێکی عەرەبیش دەنگی تاوانبارکردنی لێ بەرز کردەوە، مەسعوود محەمەدێکیش کە قەرزداری هەڵوەستی ئەو کچە و ئەو عەرەبەیە دەیەوێ بەم یادکردنەوەیە قەرزەکە کەم بکاتەوە، با بڵێین قیستی یەکەمی لێ دەداتەوە. زەمانێکی مێژووی لەبیرکراویش لە هەندێ دێری تۆمارخانەی دەفتەری شەرافەت دەگێڕێ. دەقی ئەو دێڕانەم بێ دەسکاری و بەشێواز و ڕێنووسی خۆی بۆ ئێرە ڕاگوێست..

ئەم گوتارەم، هەر دەڵێی ئەزری کردووە و لە خۆی گرتووە سەرەتا و ئەنجامی بەمەرگ بگەنەوە یەکتر، چونکە وەک لێرەدا دوعاخوازی پاش مەرگ لە یادی مامۆستا فەیزی دەکەم، کە جارێ بەرحەیاتیش بوو دوایین جار لە خەستەخانە نەخۆش بوو چوومە هەواڵپرسیی.. دوای چەند ڕۆژێک لە هەولێرەوە خەبەری مەرگی هات. کەلێنێکی گەورەی لە شارەکەی خۆی و لە دڵی هەموو قەدرزانێک بەجێ هێشت..

کاروان، ژمارە ۸۰، ۱۹۸۹

قەرز دانەوەیە؟ یان خۆهەڵدانەوەیە؟

لە یادکردنەوەی ئەمرانەدا جووتە هەستێك بەیەکەوە سەر دەکەن: هەستێکی بێگەردی زامدارانەی پاك و پیرۆز لە کاتی نرخە زلەکانی ئەمرییەوە خۆی لە دەروون و زمان و قەڵەمی بیرکەرەوە دەگێڕێ و بەرەو باوەشی نەرم و نۆڵی وێنە خۆشکەڵەکانی دەمی وەنەوزییەوە دەبات، خۆی لە بیر دەکات.

هەستی دووەم هێندە سادە نییە، تێکەڵ پێکەڵییەکی لەگەڵدایە: هەتا یادکراو لە تەمی نەناسراویدا بێت مەیلی بچۆکی خۆویستی وەها لە یادکەرەوە دەکات کە خۆی بە خاوەن چاکە و منەت بزانێ. هەر وەك دەڵێی کابرایەکە خێر و سەدەقە دارەبەش دەکات، کەچی لەناخی ناخییەوە خەجاڵەتییەك بە گژی دەبلاچێنێ و ورەدەختووی پێدا دەهێنێ کە بە ساختە هەستی منەتباریی خۆی بەرانبەر ئەو پایە گۆڕیوە بە منەتداری. هەتا مرز دەگاتە ئەو پلەیەی لە سەرەتاوە لایەنی منەتداری لە دڵی خۆیدا هەڵدەکێشێ و شوێنەکەی پڕدەکاتەوە بەهەستی قەرزداری، خۆڕاهێنانێکی دەروونشانەی گەرمکە

کە یادکراو ناو و شۆرەتی هەبوو هەستی یادکەرەوە بارێکی دیکەی دەبێت، مەگەر هەستەکە دەمکوت بکرێ، یادکەرەوە هەستی منەتداری ناکات چونکە خێر بە دەوڵەمەند ناکرێ، ڕەنگە کەم و زۆر، بە پێی کەڵەگەتیی خۆی لەتێك هی یادکراودا مزاشێکی شانازی و لە خۆڕازیبوون حەندرحۆبێ لە هەناویدا بکات.

من کە دێم لە یادی حاجی میرزا عەبدوڵڵا (خادم)دا مەشقی قەڵەمگێڕی دەکەم نەمنەتداری و نەمنەتباری لە خۆمدا نادۆزمەوە چونکە ئەوەندە دۆست و ئاشنام بوو (دق الباب) لە بەینیدا هەڵستابوو. منەتی کیسەجودایی مەعنەوی هیچابووەوە.

هەرچەند (خادم) لە تەمەندا بەلای جیلی پێش منەوە دەبووەوە بەڵام تەبیاتی ڕەندانە و دڵتەڕانەی لەگەڵ هەموو تەمەنێکی دەگونجاند. بە بیرمدا نایەت لە ئاخاوتن و وتوێژ لەگەڵیا تێر بوویم. خادیم ناچاری کردبووم کەوا بابیی هێز پێشکانم، لە میراتی حورمەتی ئەو بۆ باوکم و بنەماڵەی جەلی زادە، ڕازی بیم بە پشکێکی زیاد لە مافی خۆم. من لە دڵدا جێگەی مامێکم بۆ دانابوو، بەتایبەتی لە دوا کۆچی مامم شێخ نووری کە لە ڕۆژانی ناوەندی تەمووزی ١٩٥٢ ماڵاوایی لێ کردین، خادیمیش بە

ڕەفتار و گوفتاریش تۆڵەی دەنەوەندەی بۆ دەکردەوە تا ئەم هەڵوەستەی لە ئاستەدا، بەتەمەنی هەڵکشاوییەوە لە چاو تەمەنی من. نایەڵێ قەڵەمم لە یادی ئەودا بە لووسی و ڕەوانی لە سەر کاغەز بخشێت و زمانگیریم پێ دەکات و(١) هەستێکی خەجاڵەتیم وەبەر دەنێ کە دێم بە تەمای قەرزدانەوە هەریەک بەم چەند دەمانەتێکی لام هەیە بپانەمەوە بە تۆمارخانەی مێژووی ئەمران، کەچی تەرازووی حاجی میرزا لەو دەمانەتانەدا دەمهاوێتە سەر بای پاکانەکردن بۆ خۆم کە جگە لە حورمەتی یادی ئەم دۆستە و دەرهێنانی یەک دوو گەوهەری ئەو لە قدووی داهراودا ناشێ گومانی چ نیازێکی دیکەم لێ بکرێ.

حاجی میرزا لە ساڵی ١٩٥٢ەوە هەتا ڕۆژانی پێش مەرگی دۆست و ئاشنا و برا و کەس بوو. ڕەنگە بە هەمووی دوو سێ حەفتە کەوتبێتە نێوان دوایین نامەی بۆ یەکدیمان هەناردووە لەگەڵ ڕۆژی مەرگی. بەر لە ١٩٥٢ ئاوناوەیەکی زۆر دوور لە یەکدیمان دەبیست و دەزانی، چونکە هاتوچۆ لە نێوان کۆیە و سولەیمانی لەو سەردەمەدا ئاسان نەبوو. لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٢ سێ چوار مانگ بە وەزیفەی حاکمی لە سلێمانی بووم کە تێتر دیدەنی بووە کاری ڕۆژانە یان حەفتانەمان. بەدەم زیادبوونی پێوەندیمانەوە هاتوچۆی نامە لە نێوانماندا زیادی کرد. بەمونا سەبەی جێگە دەڵێم هەتا حاجی میرزا مابوو دەمگوت بەدەست نامەی دوو کەسەوە تێ دەمێنم، یەکیان کاک حسێنی خانەقا و ئەوی دیکەیان حاجی میرزا عەبدوڵڵایە چونکە هەردووکیان هەتا بڵێی خەتیان خۆشە و چەندێکی بشتەوێ ئینشایان جوانە. خۆ ئەگەر لە وەڵامدا چاری ئینشاکەش بکەم هەر دەمێنێتەوە دەستە تەرازووی خەتم لەنگ بێ. جارێکیان لەم ڕووەوە نامەم بۆ برادەرێک (شێخ ئاوڕەحمانی شێخ ساڵح) لە کەرکووک نووسی و گوتم خەتەکەم لەگەڵ خەتەکەی خۆت سایەنەیان بێ بکە.

لە ساڵی ١٩٦٥ بەدواوە کە نشیمەنم بوو بە بەغدا، بەتایبەتی لەو دەمەوە کە کەوتمە (مجلس الخدمة) حاجی میرزا، بەهۆی ناسانبوونی گەیشتنی نامە پێم لەبەر ئاشکرایی ئەدرەسم خۆراییی دەکرد لە نامەنووسین، منیش بێ وەخران وەڵامم دەدایەوە جارێکیان نەبێ پتر لە عادەت نامەم دواکەوت ئەویش لەبەر هۆیەکی لاوەکی کە هیچ درێغیی منی تێدا نەبوو بەڵام تۆڵەم کردەوە بۆی بە نامەیەکی درێژی نوکتە ئامێز و هۆی وەخرانم بۆ شەرح دا کە چۆن ڕاستیان گوتووە (یەک لەسەر کشتەکی مەزراح کەوتووە)، منیش لە دایەرە کاغەزم هەیە زەرفم نییە لە ماڵەوە زەرفم هەیە

کاغەزی لەبارم نییە. لە هەردوو حاڵدا پوولم نییە لە زەرفی چەسپ بکەم، پوولیش چەند نەوعە هی بەرید و هی دیفاع مەعنی و نازانم چی. ئەوەی کاغەزی تەسلیم دەکەم کەی دەگاتە بەرید، کە ئەوسا دەبوو سەفەری بۆ بکەی، پوولان چۆن تەدبیر دەکات و تێیان دەکات. لە وەڵامدا حاجی میرزا لە ڕۆژی ۱۹٦۹/۳/۲۷ کاغەزێکی بۆ ناردم بە عادەتی هەموو جارانی پڕ لە ئەوازشت و تەوازوع، لێرەدا چەند گوڵێکی مناسبی ئەم گوتارەی لێ ڕادەگوێزم. دوای پێشەکی دەڵێ: «لەم ڕۆژانە زۆر بیرم ئەکردن ئەم شیعرەم هاتە سەر زمان کە بۆتان بنووسم:

وەهــا مــات و پــەرێشانم لــە مـیـحـنـەت دەردی بـێ تۆیی

وەکوو کوردێکی مەرمەردوو لە حەسرەت دەردی بێ دۆیی

بـەردەوام دەبـێ لـە نـامـەکـەی و دەڵـێ: لەم ڕۆژانە بـەهـەزمـەت نـامـەتـان گـەیشتم، فەرموتانە زۆرتان قەرزدارم قوربان بە دەرجەیەک قەرزارت کردوومەوە بەم عیبارانە جوانـە و بـەم نـکـاتـە شیرینـانـە وەکو سـلـعـی تـوجـارەکـانـی خـۆمـان کە لەگەڵ تـووتـنـەوانـەکـان ئـەیـکـەن قـەت لـە ژێری دەرنـایـەن، بـەخـوا منیش ئەم قەرزەم پێ نـادرێتـەوە جـا بـزانین خـوا بـەرەکـەتـی بـخـاتـە زەراعـەتـەکـەمـان و لـە خۆشیی قسە خۆشەکانت ئەوا چەند شیعرێکم بۆ نووسی و نامەکەشت بەشی مودەتێکی زۆرم دەکا پێی ڕابوێرم هەموو ڕۆژ جارێکی ئەیخوێنمەوە:

نــامــەی شیـریـنـت گـەیشتـە دەسـتـم

بـە یـادەی یــادت تـا ئیستـا مـەسـتـم

شەمـاڵ چرپـانـدی مژدەی تۆ بـەگوێم

لـە خـۆشی ئـەوە نـەمـزانـی لـە کـوێم

فــەرمـەحـیـی دایــە دڵــی غـەمـنــاکـم

ڕوونــاکــیــی دایــە چـاوی نـەخـاکـم

نـامـەت ئـەنیسی مـەحـفـلـی شادی

قسەت جـەلـیسی لـە غـەم ئـازادی

جا قوربان با سەرت ئەیەشێنم...». کۆتاییی نامەکەی بە سفارش بۆ (سەلام حاجی سوور – کە ئێستا نایەتەوە بیرم) دەهێنێت لەگەڵ سڵاوی چەند برادەرێکی ئەوسام کە لە سولەیمانی مووەزەف بوون.

ئەم نامەیەی حاجی میرزا یەکێکە لەو پێنج نامەیەی کە فۆتان ڕێی پێ نەبردوون.

هەرە کۆنیان ئەوەیە لە ١٤ /٥/١٩٦٨ بۆمی نووسیوە دوای پێشەکیی سڵاو و ئەحواڵپرسی دەڵێ: «ئەحواڵی ئەم موخلیسە پرسیار ئەفەرموون ئەوراقم لە موعامەلەیە (مەبەستی نزیکبوونەوەی مەرگە) دوعا بۆ عاقیبەتم بفەرموون..» لە دوا ئەمەدا بە شیعر دەمدوێنێ. (٩) بەیتی لێ نووسیون لەمانە شەش پێشەوەیانی بە نامەی هۆنراوە بۆ مەلا محەممەدی قەڵادزەیی ناردووە نیتر نازانم زووتر بووە یان دواتر بۆی ناردووە. بەیتەکان لە نامەی کە بۆ مەلا محەممەدی ناردوون یەکەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم و حەفتەم و هەشتەمی بەیتەکان دەگرنەوە. پاش ئەم شەش بەیتە دوو دێری دیکەی بۆ من نووسیوە کە لە نامەکەی بۆ قەڵادزەیی هەناردووە دەرناکەون:

تەمەننا جلوەی رازی ئێوەیە
تەماشا نەغمەی سازی ئێوەیە
لەکام خلوەتە رێ بۆ ویصالتان
لە چ ئاوێنەیەک دیارە جەمالتان

یەکسەر دوای ئەمە دەڵێ: «جا لێرەوە ئەمتوانی هیچی تر خۆم ماندوو بکەم وە سەری ئێوەش بێەشێنم. دوعای بەرزی و موەفەقیەتتان بۆ دەکەم. بیستوومە ئەڵێن دوعای ئینسانی فاسق قبوول ئەبێ جا بزانین والسلام علیکم.

جلوەی هەر وەکو بەرقی سینەما
بوو بە ئاگرێ لە ناو سینەما

ئەوەی لە بیرمە کە نامەم بۆهات تاکە بەیتێکم نووسی لە بەرانبەر هێنای بۆ نزیکبوونەوەی مەرگ لێی. بەیتەکە ئەمەیە:

ئەگەر مەولانا دوعای فاسق ئەدا کا
دوعای من عومری تۆ بێ ئینتیها کا

بەرمەبەست نامەکەمی وەگراند، بەڵام تاکە بەیتەکەی پێ گەیشتبوو، لە ٢٨ /١٠/١٩٦٨ نامەی بۆ ناردم، لە پاش دوعا و سەلام دەڵێ: هەتا لەم ڕۆژانە وەرەقەیەکیان بۆ هێنام شیعرێکتان بۆ ئەمەندرێژیی من نووسیبوو زۆر مەسروور بووم. منیش ئەم چەند شیعرەم بۆ نووسی. هەرچەند جەسارەتە ئەمما گوتوویانە (الجاهل جاسر) و لە دوای چەند شیعرێ دوعام بۆ کردوویی دوعای فاسق قبووڵ بێ

می (أفسقیش - ئەفسەقیش) هەر قبووڵە. (پاش چەند بەیتێکی کە لە موناسەبەی دیکەدا بۆمی ناردبوو ئەمانە دێن):

خەیاڵم پەرت بوو بۆ تۆ سوو بە سوو
دڵـیش پـێم ئـەڵـێ (ولاتـیـأسوا)
پیر و بێ تـاقـەت قـامەت چەمـاوە
جوز یـادت موونیس لەلام نـەمـاوە

بێ پچڕانەوە ئەم ڕستەیە و شیعرەکانی دوایەوە دەنووسێ و دەڵێ: «ئەمەش چەند شیعرێکی ترە دوعای ئەفسەقە ئینشائەڵلا قبووڵ دەبێ.

(قل أعوذ) هەر دوو پارێزگارت بێ
بـەرگـری بـەلا و چـاوەزارت بـێ
(قـل هـو الـلّـه أحـد) یـارت بـێ
(الـلّـه الـصـمـد) مـەدەدکـارت بـێ
(انـا فـتـحـنـا) بـۆت بـێ ئـامـادە
دەرگـای ڕەحـمـەتت بۆ بکا گوشادە
مـەسـتـی شەرابـی (ألـم نـشرح) بـی
دڵ پـڕ زانین و سیـنـە قـەرەح بـی
قـەڵـعـە و حـەسارت (آیةُ الكرسی)
قووەتی ڕۆحت بێ لەت نەبێ پرسی
لـە تـینی تیشکی حادیسەی زەمـان
شاپەڕی جیبریل بۆت بێ سایەبان
هاوڕێت لە ڕێگا ئیسمی ئەعزەم بێ
دڵـی بێ کینـەت دایم بێ غەم بێ

ئینجا دەڵێ: قوربان هەرچەند زۆرم مابوو ئیهانەتی پێ ببینم، وەک چاوەشی چاک، تازە سەرپەکم بۆ خۆش بووبوو ئەمما لەبەر ئەوەکە تۆ سەرت دەئێشا، ئینشائەڵلا عومرم مێندە مابێ هەتا ئەمجارەش چاوم بەدەست خەتی ئێوە ئەکەوێ......»

بەسەر ئیمزاکەیەوە ئەمەی نووسیوە:

ویستم بنووسم بۆ ئیمزا موخلیس
خامە ڕاستی کرد کە نووسیی موفلیس

ئەم برە شیعرە لە لاپەڕە ۲۵۷ی بەرگی دووەمی دیوانەکەی نووسراوە بێ ئەوەی بڵێ بۆکێی بەرێ کردووە. هەر دەڵێ: "دوعاو پاڕانەوەی خادیم بۆ هاوڕێیەکی". بەهێی دیکەش هەمن خادیم لە موناسەبەدا یادی دۆستی دیکەی پێ کردوونەوە وەك کە لە لاپەڕە ۲۵۲ی بەرگی دووەمی دیوانەکەیدا بۆ ئەحمەد شوکری دەنووسێ.

نامەیەکی دیکەی لە ۱۹٦۹/۷/۱۱ بۆ ناردووم لە سەرەتاوە دوای سەلام و پێشەستی دەنووسێ: «بەعزێ شەو لەگەڵ کاك بەکر حاکم و کاك حاجی قائمقام باستان ئەکەین..» ئنجا دەڵێ: «لەم چەند ڕۆژانە جەنابی شێخ محەمەدی خاڵ قازیی پێشوو سونالی لە بەندە کرد گوتی: ئەزانم مەلا محەمەدی کۆیی کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵلایە. ئەمەوێ بە تەحقیق بزانم هەتا سەر مەلا عومەر کە ئاخری هەمووانە بزانم کامیان کوڕی کامیانە. منیش عەرزم کرد منیش هەر ئەوەندە ئەزانم حاجی مەلا عەبدوڵلا کوڕی حاجی مەلا ئەسعەدە و ئەویش کوڕی مەلا عەبدوڕەحمانە لەوەش هەر موتەئەکید نیم جا لام وایە ئەیەوێ بیکا بە ریسالەی جەلی زادەکان. زۆر حەز دەکەم ئەگەر تەفسیراتم بۆ بنووسی وەعدم پێ داوە و ئەم شیعرەشم بۆ نووسی ئینشائەڵڵا هەر وایە:

دڵت ئاوێنەی ئەسراری نوور بێ
لە ژەنگ و تۆزی حادیسە دوور بێ

باقی باقی ئەمێ هەرچی بەقای تۆی ئەوێ....»

ئێستە لە بیرم نەماوە لە ئاست داخوازییەکەی چیم نووسیوە یان هەر هیچم نەنووسیوە لێرەدا دەڵێم، بنەچەکەی جەلی زادان ناچێتەوە سەر مەلا عومەر، ڕەنگە عومەر ناو لەو سیلسیلەیەدا هەر چنگ نەکەوێ. حاجی مەلا ئەسعەدیش کوڕی (والق باللە مەلا عەبدوڵلای جەلی زادەیە کە دەکاتە عەبدوڵلای دووەم. عەبدوڵلای سێیەم باپیرم کوڕی حاجی مەلا ئەسعەدە). مەلا عەبدوڕەحمانی کاکی جەلی باپیری حاجی مەلا ئەسعەدە و کوڕی مەلا عەبدوڵلای کاکی جەلییە کە عەبدوڵلای یەکەمە. بەمپان ناگوترێ جەلی زادە وەك کە بە ئادەم ناگوترێ بنیادەم چونکە مەلا عەبدوڵلای یەکەم زادەی جەلی نییە. خۆی یەکەم کەسە لەو بنەماڵەیە هاتووەتە جەلی. ئادەمیش کوڕی

ئاگام نییە. جەنابی شێخی خاڵ ئەو ڕیسالەیەی نەنووسیوە چونکە لە مانگی یازدەمینی ساڵی ١٩٨٦ سەردانێکیم کرد لەگەڵ هاوڕێ موستەفا ساڵح کەریم، یەکێک لە داخوازییەکانی شێخی خاڵ ئەوەبوو کە مێژووی جەلی زادان بنووسم، دیارە ئەگەر خۆی کردبایتی داواکەی نەدەکرد.

نامەی پێنجەمی خادیم لە ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/٨ نووسراوە:

ئەمەیان بریتی وەڵامێکە لە پرسە نامەیەکی من کە بۆ مەرگی خوشکەزای خۆی سەرەخۆشیم پێ کردبوو لە عەبولحەمیدی حاجی تۆفیق، کە خوارزایەتی و برای ئەم خاتوونەیە. خاڵ بەزاری خوارزاوە دەنووسێ تا لە کاغەزەکە دەبێتەوە. ئنجا لە دامەنی کاغەزەکە بە مانیلی سێ دێری خۆی بۆ نووسیوم دەڵێ: سەروەرم زۆر عەرزی ئیحتیرام و سەلامم هەیە. موددەتێ بوو بە خزمەت نامەتان نەگەیشتبووم هەر وەتەماشا کردن و یادتان باری ناساغییەکەمی سووک کرد ئیتر هەر بژی بەخۆشی.

دیارە مەبەستی ئەوەیە کە چاوی بە پرسەنامەکەی من بۆ عەبدولحەمیدی حاجی تۆفیق کەوتووە. خادیم هیچ هۆیەکی موجامەلەی نەدەهێشتەوە بێ ئەوەی ئەوازشتی دۆستی خۆی پێوە بکات.

بەداخەوە لەو نامانەی بۆی ناردمن تەنها ئەم پێنجەیان لەدەستی تەفروتوون بوون ڕزگار بوون. لەوانەی منیش بۆ ئەوم ناردوون تەنها نوسخەی یەکێکیان هەڵگیراوە ئەویش نازانم چ ڕێکەوتێك وەهای کردووە نوسخەی لێ وەربگیرێ.

لایەنی شاعیریەتی حاجی میرزا سێ شەقڵی پێوە دیارە: یەکیان بەهرەی زەوقی ئەدەبی. دووەمیان نەفەسدرێژی. سێیەمیان سۆزی عیشقێکی سووتێنەری نائومێدانە کە لە سەرەتای ژیانیدا مێشکۆڵەی تێسکەکانی وە ہرژەبرژ هێناوە. ئەم سۆزە لە زۆر هەڵبەستەکانیدا بەلای نموونە شیعری هەرە سۆزناکەکانی شاعیرە مەشوورەکانی پێش خۆیدا دەباتەوە تا ئەوەی هەندێ جار بە (تضمین و اقتباس) ڕستەی تەواو، هەندێ جاریش مصرەعی تەواویان لێ ڕادەگوێزێ بۆ ناو هەڵبەست. ئەمەیش دیاردەیەکە لە ناکارەکانی مرۆڤ کە لە غەمی غەمباردا لە دوو غەمدا دەژیت، یەکیان هی خۆی.

سەقافەتێکی حاجی میرزا هەیبوو وەك هەنگوینی هەنگ خۆی لە شەربەتی کتێبە ئەدەبییە کلاسیکییەکانی هەڵمشتبوو. کەمێك نەبێ لە چەژی دەرسی مزگەوت کە ناوناوە لە شیعرە دنیاییەکانیدا تام دەداتەوە. هەرچی شیعری ئاینیی حاجی میرزایە

یەکسەر لە عەقیدەوە هەڵنەقوڵێ و بۆ چەژی دەرس و دەور ناچێتەوە بەلای منەوە سوودی شاعیریەتیی لەوەدا بوو کە زۆر قووڵ تەبووبووەوە لە زانستەکانی سەردەم چونکە لە بارێکدا نەبوو بەم زانستانە ببێتە مامۆستای زانکۆ و بەرهەمی کارەبایی و فەلەکی پێشکەش بە جیهان بکات، هەر ئەوەندەی سوود لێ وەرگرتن کە سەکۆیەکی پەند و وەعزی تازە مۆدێل لەو زانستانەدا سازدات و خۆیانی پێ بکاتە پەندیار کە ئیتر ئەتام لە شیعریدا دەما ئەکەسێش بە دوو وەعزەکانیدا دەچوو. بۆ ئەو بەس بوو کە مرۆیەکی ڕۆشنبیر و بەرژەوەندناسی میللەت و وڵاتی خۆی و تێکڕای جیهانیش بوو، ناکاریشی لە خۆوە بەرەو مێژەخاسیدا چووبوو، من و تۆیش سەدجاران بە پەرۆشتر شیعرە عاتیفییەکانی دەخوێنینەوە لەوەی خۆی لێ کردبایەنایە ئەفەندی و بە مەنتیق لە خشتەی بردبایەن. مامۆستا لەم مەیدانەدا زۆرن چ لزووم نەبوو بەوەی کە خادیم ژمارەیەکی لێ زیاد بکردایە ئەوساش ژمارەیەکی بەنرخ لە مریدەکانی جەزبەی سۆز و فرمێسک کەم دەبوورەوە ئێمەی تێدا خەسارە کردوو دەبووین.

لە گیانی خادیم داوای لێبووردن دەکەم کە هاتم ئەم چەند دێرانەی دوایەم وەبال یاداشتەکانی دا. ئینساف دلوای دەکرد من تەراتێنە لەو مەیدانەدا نەکەم، بەڵان نییەتم پاکە و لەبەر تیشکی ئەودا چەند هەنگاوم بەم لایەدا هەڵێنا.

کاک جەمال محەمەد، کە نازانم ئێستا لە کوێ و لە چ بارێکدایە خزمەتی هەرەگەورەی بەگیانی خادیم و خادیم دۆستان ئەوەیە سەرگوزشتەی تەواوی ئەومان بۆ بگێڕێتەوە بەهەموو لایەکانییەوە. دەبێ بزانین ئەو عیشقەی میرزا چ کارێکی لە ڕەفتاری کرد، لەو دەمانەدا چەندی شیعر پێ هەڵبەست، کوا نموونەی؟ مەعشووقە چیی لێ بەسەر هات؟ و چەندانی دیکە لە پرسیاری ئەوتۆیی بەجۆری تاکە ڕووداوی عیشق لوت دەبێنەوە. ژیانی قەڵادزەی، پاشتر لە سلێمانی بەهەڵسوکەوتییەوە بە جۆرێک کە ئەگەر تەفسیرێکی تێ کردبێ بتوانین لە هەڵبەستەکانیدا بیدۆزینەوە. خولاسە وەها خۆشە تامەزرۆییمان بشکێنێ، هەتا یادیشی کۆن نەبووە کارەکە ئاسانترە کە دەورانی بەسەردا تێ پەڕی دەبێتە تەیری هەڵفڕیو:

نیستەکەش فرستە گەلی یاران
کەهەنەک بۆچییە لە پاش باران

(١) لە شەوی نێوان ١٩٨٧/١/١ و ١٩٨٧/١/٢ نزیکی سەعات دوو کەوتمە سەر نووسینی ئەم گوتارە کە گەیشتمە ئەو وشەیەی (دەکات) کە ژمارەی یەکم لەسەر

داناوە بەنیشانە بۆ پەراوێز، وازم لەنووسین هێنا، ڕۆژی دیکە تا دوای نیوەڕۆ دەرفەتم نەبوو بۆی بگەڕێمەوە کاتێك بۆی چوومەوە خەیاڵێکم بەدڵدا هات، بۆچی نەزانم فەرقی تەمەنمان چەند بوو؟ بەرگی دووەمی دیوانەکەی لامە، بەڵکو لەوێدا ساڵی لەدایکبوونی نووسرابێ. داخەکەم تێیدا نەبوو، دەبێ لە بەرگی یەکەمی دیوانەکەیدا ساڵەکە نووسرابێ. لەگەڵ ئەم دەست بەتاڵییەشدا، گەڕانم بەدوا ساڵەکەدا نیگامی بۆ لای ئەو چەند وشەیەی (پێشکەش) کەوت کە لە لاپەڕە (٣)ی دیوانەکەدا سێ نیازی دەربڕیوە، هی سێیەمیان دەڵێ (بەوانەی لە ئاستی ناڕاستی بێدەنگ نابن).

چەندم لێ خۆش هات کە یەکەم هەنگاوم لە نووسینی گوتارەکە بە ڕێکەوت جووت هات لەگەڵ نیازەکەدا بەر لەوەی هاندەری ئەو نیازە بدۆزێتەوە چونکە شاردنەوەی ئەو ئەمانەتە کارێکی ناڕاستە بەو پێیە لە خۆ دەبووە (بێدەنگبوون لە ئاست ناڕاستیدا). ئەم ڕێکەوتە خستمییە سەر چاوخشاندن بە پێشەکییەکەی دیوانەکەدا

منیش ئافەرین دەکەم لە کۆششی کاك جەمال کە شیعرەکانی میرزای خستە بەر ڕۆشنایی و تۆزی ڕۆژگار و پەسی جاڵجاڵۆکەی لێ تەکاندن بەڵام کە هاتم لەسەر ڕاگەیاندنی ڕووپەڕەی یەکەمی پێشەکییەکە (دەکەوێتە لاپەڕە پێنج لە دیوانەکە) کە گۆیا بە هۆی واتا لێدانەوەی بەیتەکان پێویست بە فەرهەنگۆك نەما، هاتم ئەو واتا لێدانەوانەم بە تاقیکردنەوە دیتم زۆر شوێنی ئاستەنگ بەجێ هێشتراوە، زۆر وشەی ناناشنا لەبەر گوێی ئەویاوەکانمان ڕوون نەکراوەتەوە لە نموونەی وشەی ئەوتۆیی بنواڕە لاپەڕە ٢١ی دیوانەکە دەبینی لە دێڕی سێیەمدا (پیرەزاڵ) هەیە. کێ دەزانێ چ مەبەستە لێی؟ لە دێڕی (٥)دا (ڕەزم، مەساف – مصاف) چین؟ دەڵێین بەزم و ڕەزم بێ ئەوەی بەتەواوی لێکیان بدەینەوە لە دێڕی (٧)دا وشەی (نەبەرد) واتاکەی چییە؟ بە نەبەردی کە (پاڵەوان) دەگەیەنێ لێی بەسەعوو مەچوو، لێرەدا شتێکی دیکەیە شەڕ و جەنگە.. (نهاڵ – نیهاڵ) لەو لاپەڕەیەدا دەبوو ڕوون بکرێتەوە بە تایبەتی (نهالی کەشت) کە هەردوویان ناناشنان و شێوازی کلاسیکی هێناویەتە ناو هەڵبەست.

لەو لاپەڕەدا تەنها پەروانە و مێ پەروانە لە پەراوێزدا واتای دەقەکانیان لێ دراوەتەوە بە (پەپوولە و پێناك) بەڵام تێمان ناگەیەنێ بۆچی پەپوولە (پێناك) حیساب دەکرێ؟ دوایین وشەی ئەم ڕووپەڕەیە وشەی (سەندەبۆر) کە ڕوون نەکراوەتەوە و ڕاستییەکەشی (سەندەبوور)ە

لە نموونەی شوێنی ئاستەنگ بڕوانە کۆتاییی لاپەڕە ٢٤٨ و سەرەتای ٢٤٩ کە ئەم دوو دێڕە دەخوێنێتەوە:

لە ناکاو سەبا هێنای بۆ دەماغ
بۆنی پەیراهەن بۆ دڵی پڕ داغ
کولبەی ئەحزانی بۆ کردە گوڵزار
ڕووناکیی دایە چاوی ئینتیزار

تەنیا وشەی (پەیراهەن) واتای لێ دراوەتەوە بە کراس، لەوەشدا حیرەتی خوێندەواری ئەوباو پتر دەبێ چونکە نازانێ مەبەستی حاجی میرزا کراسی یوسفە کە بۆ یەعقووبی باوکی چوو گوتی (إني اجد ريح يوسف). کە هەستییانە سەر چاوە کوێربووەکانی (ارتد بصيرا – بۆوە چاوساغ). کولبەی ئەحزان ماڵەکەی یەعقووبە کە لە وەختەی یووسفی لێ بە مردوو حیساب کرابوو بووبووە (بيت الحزن – ماڵی تازیەدار). من لێرەدا مەبەستم ئەبوو واتای هیچ شتێك ڕوون بکەمەوە بەڵام ناپابیی بەیتەکان زۆری بۆ هێنام.

بەنیازی خزمەتی دیوانەکە و شیعری حاجی میرزا و لەگۆشەی بایەخدان بە هەوڵی کاك جەمال محەممەدەوە ماوەیەك لەگەڵ ڕوویەڕەکانی ئەو دیوانە دەڕۆم و شوێنێکی کەم و کوڕیی تێدا بێ هەڵوەستی تێدا دەکەم. ڕاستییەکەی دەبوو پرس بە شارەزایانی عەرووز و واتاناراییی شێوازی کلاسیکی بکرێ ئنجا فەرهەنگۆك دابنرێت و دەقی بەیتەکان لەسەر کێشی ڕاستیان بنووسرێنەوە بەیتێکیش کە بە فەرهەنگۆك ڕووون نەبێتەوە ئەو شارەزایانە شەرحی بدەن.

لە لاپەڕە ١٤ دێڕی پێنجەم وشەی (بووەتە) لەنگی کردووە ئەگەر (وابۆتە) بێ لەنگییەکە هەڵدەستێ:

«گوڵشەنی شادی بە وەیشوومەی خەزان وا بۆتە پووش»

لە دێڕی ١٥ وشەی (داخێ) دەبێ (داخی) بنووسرێ (داخی بەجەرگم).

لە لاپەڕە ١٥ دێڕی سێیەمی لەنگە بە پەراوێز هێنا کراوە کە لە هەموو نوسخەکان هەروەها بە لەنگی هاتووە ئەگەر وشەی (بگرن) ئەو (ب)ەی لێ بقرتێ لەنگاییی هەڵدەستێ:

«گوێ لە قرچەی جەرگی سووتاوی گرن بۆتە کەباب»

قرتانی ئەم (ب)ەی کە پێی دەڵێن ئیلتیزامی زۆر باوە. حاجی میرزا خۆی لە چەندین جێگەدا قرتاندوویەتی.

لە لاپەڕە ١٦ دێڕی دەیەم لەنگە وشەی (گولاڕو) بەم شێوەیە جێگەی لەقە لە بەیتەکەدا. بەیتەکە بەم شێوەیە چاک دەکرێ:

هەم بریقەی گوڵەنار، بەرق و تریشقەی هەورەکان

دێڕی پازدەمینیش لەنگە. سەرەتاکەی (مەل ملی درەخت بە خوێندن) واتاشی دیار نییە و لەنگیشە. وەها بزانم ڕاستییەکەی ئەمەیە:

مەل ملی دەرخست بەخوێندن بلبلیش پەرواز ئەکا

لە دێڕی ١٣، وشەی (سەروو) لە کۆتاییدا دەبێ (سەرو) بنووسرێ. لەدێڕی ١٤شدا (سەرووی ڕەوان) دەکرێتە (سەروی ڕەوان).

لە دێڕی ١٦ وشەی (بڕ) دەکرێتە (پڕ).

لە دێڕی ١٧ (خورەمی دڵگوشای) دەکرێتە (خورەمی وو دڵگوشای).

لە دێڕی٢٢ (خان و مان) وەها بزانم (خانمان)ە وەك (نیشتمان). ئەم (مان)ە پاشگرە دەلالەتی جێگەی هەیە. لە ئاڤێستا بە عەرش گوتراوە (گەروودەمان).

لە لاپەڕە ١٧ دێڕی یەکەم، وشەی (تۆ) تەنیعلی دەکات دەبێ (تو) بخوێندرێتەوە لە دێڕی دووەم وشەی (زستان) دەکرێتە (زەستان) دەنا لەنگە.

لە لاپەڕە ١٨ دێڕی دووەم، وشەی (چییە) ئەگەر بە (چییە) نەخوێندرێتەوە لەنگ دەبێ ئەوساش ناقۆلا دەردەچێت، ئەگەر (کوانێ) بێ عەیبی نامێنێ.

لە دێڕی ٣ (خۆیی وەەی) دەکرێتە (خۆی وەەی).

لە دێڕی ٥ (پەژموردەو) دەکرێتە (پەژمورده وو) دەنا دێڕەکە لەنگە.

لە دێڕی ٩ (بۆ گەداوو) دەکرێتە (بۆ گەداو) هەتا لەنگ نەبێ.

دێڕی ١٣ زۆر لەنگە واتاشی نایەت (کەیفەکەت نازێ مردووە ماتەمی داگرتووە). دەستخەتی نەبینم خەریکی ڕاستکردنەوەی نابم.

دێڕی ١٥ (بووەتە) دەکرێتە (بۆتە) (کەندووشیو) دەکرێتە (کەندوشیو).

دێڕی ١٩ (ولاتەکەی تۆی تێك ڕووخاند) دەکرێتە (ماڵەکەی تۆی تێك ڕوخاند).

لە لاپەڕە ١٩ دێڕی شەش، وشەی (کوچەیی) دەکرێتە (کووچەیی).

لەلاپەڕە ٢٠ دێڕی چوار (بۆ) دەکرێتە (بوو).

دێڕی ٥ (سەوزەیی) دەکرێتە (سەوزەی). (کردووم) دەبێ بخوێندرێتەوە (کردوو – ووم). دێڕی ١٥ وشەی (ئومێدم) دەخوێندرێتەوە (ئومەێدم). لەلاپەڕە ٢١ قەسیدەکە وەها دەست پێ دەکات:

خاوەنی عەزم و سەبات و سەفدری مەیدانە کورد
مەنشەئی سیدق و وەفاو و ڕوستەمی مەیدانە کورد
بۆ شەجاعەت ڕۆستەمی زاڵی لەلا وەك پیرەزاڵ

وەها دەزانم لە دێڕی دووەمدا (حەیدەری مەیدان...) گۆڕاوە بە (ڕوستەمی مەیدان..) چونکە لەگەڵ (سەفدەر) باشتر دەڕوات و لە دێری سێیەمیشدا ڕۆستەم دەشکێنێتەوە ئینجا چۆن دەشێ جارێ بەمەدح جارێ بەشکانەوە ناوی ڕۆستەم بێ؟

لەدێڕی ٤ (بازیی) دەخوێندرێتەوە (بازییی).

لەدێڕی ١١ (ئومێد) دەخوێنرێتەوە (ئومەید). لە دێری ١٥ (بە) دەخوێندرێتەوە (با). وەك پێشتر گوتم (مەندەبوو) لە کۆتایی لاپەڕەکەدا دەکرێتە (مەندەبوور).

لە لاپەڕە ٢٣ دێڕی ٩ (خەیاتی) دەکرێتە (خەییاتی).

لە لاپەڕە ٢٤ دێڕی ٣ (بەدەورا بێ) دەکرێتە (بەدەورایی).

لە لاپەڕە ٢٦ دێڕی ٢ (بۆیێ) دەکرێتە (بۆیە).

واتای (چەشمەیی حەیوان) لە دێڕی دەیەمدا (ناوی حەیات)ە کە هەرچی لێی بخواتەوە نامرێت، نەك (سەرچاوەی ژیان) کە واتای بێ سنوورە.

لەدێڕی ١٤ (ئاشنامەو) واتاکەی دەباتەوە بۆ بێگانە دەبێ بگوترێ (ئاشنامە).

لەلاپەڕە ٢٧ دێڕی ٣ (پەرگار)ی ناو قەسیدەکە ڕاستە نەك (پەرگاڵ)ی شەرحەکە.

لەدێڕی ٤ (پەرباژی) و (سەرباژی) کە لە پەراوێز کراوە جێی لێ تۆژینەوەیە. لێرەدا مەودام نییە، چونکە دەچێتەوە بۆ (باختن و می بازد) و دارشتنی ئیسمی فاعیلی لێکدراو بە (سەرباز) و پێوەلکانی (ی)ی ئیسمی مەعنا و.. و.. کورتەکە لە جیاتی (باخت) دەڵێ (بەخت – خۆی بەخت کرد) کە جۆرێکە لە بەکارهێنانی قرتاو.. لە دێری٥ وشەی (ئیپەتی) دەخوێندرێتەوە (ئی پیەتی) دەمنا دەبێتە (لایەك).

له لاپەڕە ۲۸ دێری ۱۰ (کردییە) دەکرێتە (کردیە).

لەدێری ۱۹ (بووم) دەبێ بخوێندرێتەوە (بوو – ووم).

لەدێری ۲۱ (ڕەحمەتیتان) دەکرێتە (رەحمەتی تان) واتە ڕەحمەتی خۆی تان.

له لاپەڕە ۲۹ (مەلە جوانەکەی سەر شاخ و کێوان) مەلە لە دەریای بێ پایانی ئاسمان دەکات نەک لە دەریای قووڵ و بێ بن وەک کەلە پەراوێزدا شەرح دراوە. بەمەر لە سەرکێوان چی دەکات؟

لە دێری سێهەمی بەرە شیعرەکە (پەروزی) لە جیاتی (پەروزەی) دەگوترێ. ئەشمبیستووە (پیروزە) بە هوما گوترابێ وەک لە شەرحدا هاتووە.

لێرە بە دواوە تەنیا هێما بۆ ژمارەی لاپەڕە دێرەکان دەکەم کە هەڵە وەیا کەموکوورییان هەبێ بێ ئەوەی ساغیان بکەمەوە مەگەر شوێنی زێدە گرنگ:

لاپەڕە۳۳ دێری ۱۰ لاپەڕە ۳۵ دێری ۹، ۱۷

لاپەڕە ۳۷ دێری ۳، ۹، لاپەڕە ۳۸ دێری ۱۷ وشەی عیجز هەڵەیە راستییەکەی (عەجز)ە دێری ۱۹ میشلد نەک (مێشك). لە لاپەڕە ۳۹ دێری ٤ سەرلەبەری تەماوییە، (سەنجیە) چییە؟ نازانم. سەرەناوی قەسیدەکە نابێ (ڕۆژ) بێ چونکە نەعتی پێغەمبەرە.

لاپەڕە ٤٠ دێری یەك (عومریّ) نەك (عومری).

لاپەڕە ٤٢ دێری ۷ (نالّەیی) نەك (نالّەی).

لاپەڕە ٤٣ دێری ٦ (جیلوەیی) نەك (جیلوەی). دێری ۷ (ڕێگەیێکە) نەك (ڕێگەیەکە).

دێری ۸ (پەردەیی) نەك (پەردەی).

لاپەڕە ٤٤ دێری ٥ (تیهیا) نەك (تێیا). نالی دەڵێ:

پەچەیی پەرچەمی بوو زولفی سیهیا
هەر دەڵێی مانگەشەوە کوڵمی تیهیا

دێری ۷ (بێدار) هەڵەیە (بیدار) ڕاستە. دێری ۱۰ (دەریایی) نەك (دەریای).

لاپەڕە ٤٧ دێری ۳ (بەقەد سەروی جۆییبار) نەك (سەرووی جۆیبار).

لاپەڕە ٤٨ (بیدار) ڕاستە. دێری ۳ (بووی) نەك (بوویی).

لاپەڕە ٥٢ دێڕی یەکەم (تو) نەک (تۆ). دێڕی ٢ (تەماشایی ئەوا) نەک (تەماشای ئەوان). دێڕی ٣ (ئەمەردی دڵی) نەک (دڵی ئەمەردی).

لاپەڕە ٥٤ دێڕی یەکەم (قسێکت) نەک (قسەیەکت). دێڕی ٨ (جیاکەر).

دێڕی ٩ (بۆتە) نەک (بووەتە).

لێرەدا کۆتایی بەو تەتەڵەکردنە دەهێنم چونکە لەسنووربەدەر درێژەی هەیە هەر ئەوەندە دەکەم کە چاوێکی خێرا بە دیوانەکەدا بگێڕم تا ئەگەر توانیم چەند زەق و زۆپییەک بە قازانجی دیوانەکە و خوێنەرانی چارەسەر بکەم بەدڵێکی ئارامەوە مالاوایی لە یادی خادیم بکەم بۆ هەلێکی لە بارتر.

لاپەڕە ٦٢ بەیتی حەفتەم:

وەکو ئەم دای دەپۆشی رووپی خەزرا
بە ئەشکی خوێنی چاوان سوور بوو غەبرا

لە پەراوێزدا هەر ئەوەندە هاتووە کە (خەزرا) سەوزاییە. مەبەس لە خەزرا (خضراء) ئاسمانە کە هەناسەی دووکەڵاویی بێ چاران دەبوو بەتەم و رووی ئاسمانی دادەپۆشی. غەبرا (غبراء)یش زەوییە کە بە فرمێسکی خوێنین سوور هەڵدەگەڕا. ئەم خەزرا و غەبرایە زۆر هاتووەتە ناو شیعری شاعیرانەوە.

لە لاپەڕە ٦٧ بە پەراوێز هێما بۆ ئەوە کراوە کە ئەوە بەیتی خوارەوە لەنگە

کەسێ نەیدیوە وابێ هیچ قەومێ

ئەم مصرەعە لەنگ نییە. دەبێ بەپێی دەستووری کێشی کوردی وشەی (هیچ) ببێتە دوو برگە (هی – چ) نەک یەک برگە. وەها دابنێ کە ئەم (چ)ە لە بەرابیی ڕستەوە دێت وەک کە نالی دەڵێ:

تۆ کە حووری وەرە نێو جەننەتی دیدەم (چ) دەکەی
لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەیی سووزانمدا

یان هەر نالی لە بەیتێکی دیکەدا بۆ کێشی شیعر دەنگی (س) قورس دەکات:

«ڕاستیی سەیقەلییە تیغی زمانی نالی»

لێرەدا (ڕاستی) سێ برگەیە: (ڕا – س – تی). لە ئەسڵیشدا دووە: (ڕاس – تی). دەبوو لە لاپەڕە ٦٤ بەم مصرەعە بڵێ لەنگە:

عەشایری لە کوردان زۆر لەگەڵ بوو

ئەم مصرعە ئەگەر (عەشایر)ی ئەکرێتە (عەشایەر) لەنگە. بەو شێوەیەش هەر عەیبدارە. لە لاپەرە ٦٠ مصرعی: (نەیانهێشت مریشك و گۆشتی کاور) دوو برگەی نوقسانە دەبێ وەها بنووسرێ:

(نەیانهێشت هیچ مریشك و گۆشتی کاوڕ) جێگەی دیکەش زۆرە لەم بابەتە.

ئەو (سەفەرنامەی سەفەربەرلگ) کە لە لاپەرە ٥٤ هەتا ٧٤ی دیوانەکەی گرتووەتەوە، لە بەرەو کۆتاییەکەیدا ئەختێك بە ناناشکرایی دەدوێت. بە پێی سەرگوزشتەکە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٢٠ یان لەهەوروبەری ئەو ساڵەدا بە یارمەتیی برادەرێکی چووەتە قەڵادزە (ئەو برادەرە حاجی تاهیری کۆیی بووە) لەوێ سێ ساڵ ماونەتەوە چوونەتە سلێمانی.

هەتا نێزیکی سێ ساڵێ لەوێ بووین
لە ئاخر بۆ سلێمانی بە ڕێ بووین

بەدوا ئەمەدا دەڵێ:

فەلەك بۆ قیسمەتی ئێمە لە هەر لا
بەجەهێدا مۆرەیی ئەردی فڕێ دا
سلێمانی هێنا قیسمەت وەها بوو
موعین و ناسری ئێمە خودا بوو

لەمەدا دوو پرسیار هەڵدەستێ: یەکیان ئەوەیە کە حاجی میرزا عەبدوڵڵا و حاجی تاهیر، وەك بزانم، پتر لە سێ ساڵان لە قەڵادزە مانەوە پرسیاری دووەم ئەوەیە کە ئەم مۆرە ئەحسەی فەلەك بە جەهێدا فڕێ دا بۆ ئەوان چی بوو؟ (سلێمانی هێنا) مانای چی؟ سلێمان کێیە؟ پێغەمبەر سلێمانی مۆبارەکە دیارە ئەو مەبەست نییە. یاخود شاری (سلێمانی)یە؟

لێرەدا بە تەلەفۆن لە کاك محەممەدی حاجی تاهیرم پرسیار کرد، نومرەی تەلەفۆنەکەشیم لە مامۆستا بەکر ئیسماعیل سەرۆکی دادگای حوکمی زاتی وەرگرت، کاك محەممەد تێی گەیاندم کە ماڵی ئەوان و ماڵی حاجی میرزا عەبدوڵڵا پتر لە ٢٥ ساڵ دانیشتووی قەڵادزە بوون. دەوری ١٩٤٦ هاتوون بۆ سلێمانی. ئەو ئەردی فەلەکی چەپ گەردیش هی ئەو ساڵانەی قەڵادزەیە کە دوو جاران لە دوو ڕووداوی

ناخۆشی گشتیدا ناچاربوون بە ڕاگوێستن لە قەڵادزە تا بە زەرەر و زەحمەتی زۆرەوە سەرلەنوێ هەر جارە کەوتوونەتەوە سەر باری ئاسایی. بەمەدا دەرکەوت کە من ژمارەی (سێ)م بە (سێ) خوێندووەتەوە لە دیوانەکەمدا هەر (سێ) نووسراوە تومەز بە تەما نەبووم ئەو دوو بنەماڵەیە سێ ساڵ لە قەڵادزە بووبن (ئەم دیاردەیە لە نووسینەکانی فرۆیدی دەروونناس شی کراوەتەوە).

دەمتوانی لەم کێشەیەدا نووسینەکەم بگۆڕم و حیکایەتی تەلەفۆنکارییی تێدا ڕەش بکەمەوە بەڵام چ زەرەر لەو ڕاستییە سادەیە ناکەین. خۆشتریش دێت لەگەڵ تەبیاتی ژیانمان کە هێندە توند نەپێچراوینەوە بە سەهوو نەچین. وەها بزانم حاجی میرزاش سەهووی کردووە کە لە لاپەڕە ٧٦دا دەڵێ ساڵی ١٩٣٩ تەشکیلاتی حکومەت لە قەڵادزە کرا، وەک لە بیرمە ئەو تەشکیلاتە لە ١٩٣٧ بوو. بە هەمە حاڵ ئەم لایەنە لە منیش ڕوون نەبێ مێژووی هەیە. دوای ئەو تەلەفۆنەش دیتم حاجی میرزا دەڵێ لە ١٩٤٦ چووین بۆ سلێمانی.

لە لاپەڕە ٨٨ شەرحی (ئافەرین گۆیان) هاتووە بە (ئافەرینیان کرد). ئەم وشە لێکدراوە لێدوانی دەوێت.

لێکدانەکە فارسییە، لەوێشدا (گوویان) دەخوێندرێتەوە. وشە لێکدراوەکە فاعیلەت و وەسف دەبەخشێ، لەلایەن ڕێزمانیشەوە کە کەوتە ڕستە بەلای (ئاوەڵکار adverb)دا دەچێتەوە چونکە وەسفی (کردیان بەجەژنە) دەکات. ئەم (ان)ە هی فاعیلییەتە لە فارسیدا، بەزۆریش لە کاردێت وەک: لەرزان، دەوان، خەندان... هتد. لە کوردیدا باوی نەماوە مەگەر چۆناوچۆنی دەنا بۆ فاعیل بەکاری ناهێنین ئەمانەت کە دەڵێین (لەرزان، ڕێبەندان، هەرزان...) لە بیرمان چووەتەوە کە ئەم وشانە ناوی کاران (اسم فاعل). وشەی ئافەرین تورکی نییە (وەک لە شەرحەکەدا دەڵێ کوردی و فارسی و تورکییە). بە ئەسڵ وشەیەکی ئاڤێستایە لە قاڵبی ئافرینە ئافریتی، ئافریڤەنە هاتووە بە واتای ئافەرین کە لە ڕیشەی (فری) وەرگیراوێ بە واتای خۆشویستن و پەرستن و دڵخۆشکردن و هوێندن و خەلقکردن. کە دەگوترێ جیهان ئافەرین بە واتای (خالق الکون). ئەم (ئافەرین)ە لێرەدا خەلقکردنە. لە کوردیدا زۆر جاران بە شۆخی یەک بەیەکێک دەڵێ (ئافرەوان) و بەخەیاڵی خۆی واتای (ئافرەت)ی لێ داڕشتووە، لە ڕاستیدا ئەم (ئافریڤەنە)یە دێتەوە سەر زمانان. دوور نابینم ووشەی (ئافرەت)یش هەر لە (ئافرینی) وەرگیرابێ کە نازپێدانێکی تێدایە. نەک لە (اروادی)ی تورکی. لەم

مەیدانەی (نافەرین)دا تەماشای لاپەڕە ٢٠٦ و ٢٠٧ بکە لە کتێبی (مزد پسنا و ادب پارسی، جلد اول، د. محمد معین - هەرچی لەبارەی نافرمت و نافرەوانەوە گوترابێ هی خۆمە - م. م -). نەفرین کە لەعنەتە بەرانبەر نافەرین هاتووە.

لەلاپەڕە ٥٩ وشەی (تەل) شەرح دراوە گۆیا فارسییە بە واتای تەلەفۆن ئەم وشەیە telephone نەفارسییە و نەڕۆژهەڵاتی. کەرتی یەکەمی بەواتای (دوور)ە نەك تەل، وەك تەلەپاتی، تەلەگراف، تەلیکس. کەرتی دووەمی (فۆن) بە واتای (دەنگ) بە هەردووکیان دەکەن دووردەدەنگ، دەنگی دوور. وشەکان لاتینین. (فۆن) لە تەلەفۆن، گرامۆفۆن، دیکتافۆن..دا مانای (دەنگ) دەبەخشێ.

هەر لەو لاپەڕەیەدا (موهاجیر) بە (کۆچکەر) لێ دراوەتەوە. باشترە (مشەخت) بە واتای موهاجیر لە کاربێت. لە زاری کرمانجی سەرووودا بیستوومە ئەو واتایەی هەیە.

بازێك دەهاوێژم بۆ لاپەڕە ١٤٢ کە سەرەتای مەرسییەکەی بۆ باوکم لەوێوە دەست پێ دەکات. لە کۆتایی دێڕی یەکەم وشەی (گریان) لە صیغەی فاعلییەتی فارسییەوە هاتووە بە واتای (باکی) نەك لە (گریان)ی کوردی بە واتای (بکاء) چونکە سیفەتە بۆ چاو. پێشتر باسی ئەم ڕێژەیەم کرد لێرەدا شایەدم بۆ هێنایەوە.

لە دێڕی نۆیەم (فاختە) کۆترەباریکەیە. دوای ئەمە (ناڵەی تەزرە) نووسراوە و واوی عەطفی پێوەیە بووەتە (تەزرەوو). ئەم وشەیە (تەزەروو)وە کە ناوی تەیرێکە وەك کۆترەباریکە. نالی مەدحی تاقمە مومتازەکەی (خاصەی شاه) دەکات و جارێکیان دەڵێ (سینە تەزەرووین).

لە لاپەڕە ١٤٥ دێڕی ٣ (دوو دەماغ) هاتووە هەڵەیە. (دوودمان) ڕاستە بە واتای نەسەب و ڕەچەڵەك. لەم وشەیەشدا (مان) پاشگرە بە واتای جێگە وەك لە نیشتماندا دەبینرێ. پێشتریش لەمە دوابووین. لە لاپەڕە ١٤٧ نیوەدێڕی دووەم (زانۆ)ی دەکرێ بە (زانوو). لە نیوەدێڕی چوارەمی شیعرەکە هەڵە زۆرە کە نووسراوە:

موتالای سەفحەی دیوانی مەعنایی کامەرانیم بوو

ئەمە ڕاستەکەیتی:

موتاڵای سەفحەیی دیوانی مەعنای کامرانیم بوو

کامران لە (کام) و (ران) پێك هاتووە. (کام) بە واتای ئارەزۆ، هەوەس دێت. (ران) کەرتی ناوی فاعیلی لێکدراوە لە (راندن)ی فارسییەوە هاتووە بە واتای (لێخوڕین،

رواندن – له ڕۆیینەوە نەك ڕوان هاتووە–) تێکرای دەبێتە (ئارەزۆ لێخوڕ – چەی بیەوێت دەیکات).

له لاپەڕە ١٤٩ نووسراوە:

له نەسلی ئەو (ڕەزا) بوو گەر ڕەزا نەبوو قەزا بوو
له شیعر و قافیەی جوانی ڕەزا بوو بی ڕەزا بوو

هەردوو مصرعەکە لەتکە ئەمە ڕاستەکەیانە:

له نەسلی ئەو (ڕەزا) بوو گەر ڕەزا نەبوا قەزایێ بوو
له شیعر و قافیەی جوانی ڕەزابوو بێ ڕەزایێ بوو

دیسان له مصرعەی شەشەم دەبێ (بۆ) بکرێتە (بوو) ئنجا (بوو) بکرێتە (بۆ).

له سەرەتای لاپەڕە ١٥٠ مصرعەی دووەم دەنگی (ح) له وشەی (فەتح) سووك بخوێندرێتەوە (خالید) دەبێ (ی) وەسفی بە دوادا بێت بکرێتە (خالیدی) ئەنجا (ئەووەل) دەبێتە سیفەتی.

دەچم بۆ لاپەڕە ٢٩٩ دوو مصرعەی بەیتی شەشەم نووسراوە:

خاکساری مەقامی بالایە
نیستی حازری مقامی بالایە

مصرعەی دووەم هەم لەتکە هەم واتای ئالعبارە ڕاستی ئەوە بەیتەکە ئەمەیە.

نیستی حازری مقامی حزوور

که دەبێتە هاوقافیە لەگەڵ ظهور، لجور، طور، غەفور.. که قافیەی بەیتەکانن. نیستی بە واتای (نەبوون) له فارسییەوە هاتووە مەعنای بەیتەکە ئەمەیە: وەکو خاکبوون مەقام بەرزییە. نەبوون بریتییە له حازربوونی مەقامی (حضور)ی لیقای خوا.

له لاپەڕە ٣٠٠ مصرعەی یەکەمی بەیتی سێیەم نووسراوە:

گاه تەسبیحی زوهده ئەیگرێ

که سەیری مصرعەی دووەم بکەیت نووسراوە:

دەستی ساعیز گرم که ئەیزانم

مصرەعی یەکەم جگە لە لەنگی واتاشی ڕوون نییە مصرەعەکە بە یەکێك لەم دوو شێوەیە چارە دەکرێ:

گاه تەسبیحی زوهده ئەهگێڕی
گاه تەسبیحی زوهده ئەگرێ مەی

چونکە (دەستی ساعیزگر) کە دەستێکە جامی شەرابی گرتووە جێگەی هەردوو شێوە هەموار دەکات.

چەند بەیتێك دواتر (زەننار) نووسراوە لە جیاتی (زیننار). پاشتر (ڕێگەیەکە) لەنگە (ڕێگەیێکە) دەست دەدات. پاشتر.

ئەشری ئەم شیعرە یە بوو لە دیوانم

یان دەبێ بکرێتە: ئەشری شیعرییە لە دیوانم یان بنووسرێت:

ئەشری ئەم شیعرە بوو لە دیوانم

لە لاپەڕە ۳۰۱ مصرەعی سێیەم (هەروەك ئەلفی جانە ستوونی) لە قەسیدە مەدحەکەی حاجی قادر بۆ بارەگای قەرەنی ئاغای پیران وەرگێڕاوە کە سەرەتای دەڵێ: ئەم خەیمە کە شەمسییەیی شاهەنشەی ئەرزە (شەمسییە - چەتر). دەبێ دەنگی لام لە وشەی (ئەلفی) قورس بکرێ و وشەکە بەسێ بڕگە گۆ بکرێ: (ئە - لە - فی).

لە لاپەڕە ۳۰٤ مصرەعی یەکەم بەخۆڕایی لەنگ کراوە ئەگەر وشەی (ئەمجدا) بکرابایە (ئەمجا) لەنگییەکە هەڵدەستا.

لە مصرەعی یەکەمی بەیتی دووەم دەبێ (کە) بخرێتە دوای وشەی (ئەووەل). لە دێڕی ۱۱ «ئەم قانیەی ئەعلایە لەپاش موڕسەل» سێ بڕگەی کەمە دەبێ بگوترێ: «ئەم قانیەی ئەعلایە لە پاش ڕیحلەتی موڕسەل.

لە دێڕی ۱۷ (سایەی) دەبێتە (سایەیی). ئنجا دوای (عەرشایە) وشەی (لە) زیاد دەکرێ. پێشتریش لە دێڕی ١٤ (هەرقەی) دەکرێتە (هەرقەیی).

لە لاپەڕە ۳۰٦ (سەحاب) بەواتای (جیوە)یە. لە کوردیدا (زیواو) بووەتە (جیوە). واتاکەی ئەوە دەبەخشێ کە زیوێکە شلە وەك ئاو. لە عەرەبیدا کراوە بە (زئبق).

لە دێڕی ١٤ (ئەیقان) دەکرێتە (ئیقان).

لە لاپەڕە ۳۰۷ دێڕی ٦ (شوجاعەت) هەڵەیە (شەجاعەت) ڕاستە.

لەلاپەڕە ٣١١ دێڕی یەکەم مصرەعەکە «غوبارێکی ئالوودەدایاتی تۆم» واتای نییە ڕاستییەکەی «غوبارێکی ئالوودەداماتی تۆم».

لێرەدا ئەم ڕچەیەی ئەشطەکردن دەبڕمەوە، هەر ئەوەندە دەڵێم گەلێ جێگەی دیوانەکە دەبێ ڕاست بکرێتەوە بە نموونە: لە لاپەڕە ٢٨٤ ئەو پارچە نازکەی شەش بەیتی دێڕی ٤، ٧، ٩، ١٠، ١١ تێیدا زەدەیە هەر یەکە بە جۆرێك. (دەهان)ی فارسیش خزمی (ددان)ی کوردی نییە. لە فارسی (دندان) ددانە.

لە کۆتایی ئەم گوتارەدا ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی گرنگی ناو دیوانەکە دەکەم بە (مسك الختام)ی ئەم ناهەنگەی بیرەوەریی خادیمی ئەمری ئەدیبی جگەر سۆزی وەفادار. هەزاران هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی.

لە لاپەڕە ١١٩ بەیتی کۆتایی مەرسییەکەی بۆ مەرگی (بێخود) نووسراوە:

لە تەئریخی وەفاتی پیری مەعنی بێ وتم ئیمشەو

دڵێ (مەغفوورە) ئەم پیرە لە ڕەنگی ئەوجەوان ڕوویی

لە پەراوێزدا نووسراوە کە وشەی (مەغفوورە) بە حیسابی ئەبجەد ساڵی ١٩٥٥ دەگرێتەوە. بە لێکدانەوە (مەغفوورە) ژمارەی (١٣٤٢)مان بەدەستەوە دەدات. کەواتە ساڵی ١٩٥٥ مەبەست نییە لەو مصرەعەی کۆتایی مەرسییەکە. بە پێی جۆگەلەی ساڵانی هیجری و زاینی ١٩٥٥ بەرانبەر ١٣٧٤ – ١٣٧٥ی هیجری دەوەستێ. بە ئەختێك زەینکاری دەرچوو کە ئەوەی تەئریخەکەی لێ وەردەگیرێ (دلی مغفورە)یە کە (١٣٧٥)ی لێ پێك دێت و سڵاو لە خوێنەران.

بەیان، ١٢٧ کانوونی دووەم ١٩٨٧

شەوی دووەم ڕاوە تارمایی

وەك مەلێکی بەسەر هێلانەوە بنیشێتەوە ئەویش لەسەر کورسییەکەی شەوی پێشوو دانیشتەوە. قاچەکانی لە یەکدی تێ پەڕاندن و پشتی دایە پشتی کورسییەکە و خۆی شل کردەوە. دەستێك بەبەر شەویلەی چەپە و دەستێك بەسەر باسکی کورسییەوە. وردە وردە چۆوە خەیاڵخانەی چیرۆکسازی.

قەڵەم و کاغەز ئامادەی خزمەت. پاکەت و کفریت.. سوراحی و پەرداخ. گڵۆپی بەرەوڕوو، بێ دەنگی و دیمەنە تێك بزرکاوەکانی هەوەڵ هەوڵی ئەزۆك.. وەنەوز و کەڵەشێری سێیەم بانگ و خەوی بووڕانەوە.

«نەمزانی دوێنێ شەو چۆناوچۆنی چووبوومەوە سەر قەرێوڵەکەم. ئیمشەو بە تۆبزی چاو دانابچڕم، هەر خەوم هات دەتووم. نووسینی خەواڵوو چ دەهێنێ؟ ناخوێندرێتەوە. کەنگر و ماست بە وەعدی خۆیە. خەیاڵێکی کردەوە.

هەڵستا سێ پایەکی بچووکی هێنا بۆ ڕادیۆ. «دوێنێ شەو ژوورەکەم دەتگوت فەنەی بێدەنگە. ناوناوە مۆسیقا بێ یان گۆرانی بێ گوتار و چیرۆك بێ.. دەنگوباسێك بێ دەماغ تەڕ دەکاتەوە. دز باماپە لە چیرۆکەکانی ڕادیۆ یەکێکیانم وێنە گۆڕ دەکرد بە ناوی خۆم بەڵام دەبوومە کابرای فتاری بە نارەق کردەوە تا ئێرە بە خاوێنی هێناومە. دەستپاکی بە چیرۆکی دزراو نادەم. بە هیچی نادەم».

دەستێکی برد میلی ئیستگەکانی بە خێرایی بادا. وەکو گرەی ماتۆڕ ترقەترقی ئیستگەی شەپۆل کورت بیری بردەوە بۆ لای پزیشکەی سەر ئاگر. پەنجەم خەیاڵی ڕێشکەی لادێ و تامەزۆیی منداڵییەوە میلەکەی لەسەر شەپۆلی ناوەندی گێڕا و لەشتێکی ئەم سەرەوسەری پێ کرد و ڕادیۆکەی کوژاندەوە. «جاری زووە بۆ بەرنامەی خۆش، ئەخباریش چی نوێی تێدا نییە».

سەعاتی مەچەکی بۆ تۆ دەچوو. جگەرەیەکی داگیرساند. چاوی بڕیە قەتاری مەقەڵی دووکەڵ لە وشکەمەڵەی ناچاری کە بە هەواوەی دەکرد. مەترێك ئەولێی ووکەڵ پێچی کردەوە و تەفەکانی تێکەڵ بوون و بڵاوەیان لێ کرد. داوی کشتەکە مزیەح پسا و دانەکانی هەڵوەرین

خەڵقی بازاڕی شەهناوردی ئەم پاش عەسرەش وەکو ئەم دووکەڵە دەچمین و لەوسەری بازاڕەوە بڵاوەیان لێ دەکرد. نەتدەزانی بۆ کوێ دەچن. بە دڵمدا هات، هەریەکێك لەو زەنبیل بەدەستانە چیرۆکێکی بەدواوەیە. خۆراپی نییە هی وەهایان تێدایە حیسابی نرخی بامیە و باینجانی بۆ ناچێتەوە سەریەك، دیارە بە دڵ لە شوێنێکی دیکە دەژیت.

کێ دەیزانی کە من خۆم دەستم بۆ ترێ برد. بیرم لە قارەمانێك دەکردەوە کە حەز لە هەنجیر بکا. هەر ئەوە بوو بە بەقاڵەکەم گوت کیلۆی هەنجیر بە چەند. گوتی هەنجیری چی؟

بەهەشە ترێم مەبەستە، زەردەی هاتێ و چۆوە

«دووکیلۆ بە دوو دینارە».

سەیرێکی ڕەفتەی ناو پەنجەرەی بەردەمیەوەی کرد، هێشتووە ترێیەکەی بۆ شەوی هەڵگرتبوو ترێیەڵە ڕەنگێك بوو لە مەیلەوڕەش هەتا ئاڵ هەتا پەمەیی هەتا زەردی نەباتی.. قاپی ترێ بایبی قەوارەی خۆی جێی بە دوولای پەردەکە چۆڵ کردبوو، کەلێنێکی شکڵ سێ سووچەی تێ خستبوون لە شێوەی بورجی ئێفل.

ئەمەتە کۆتایی سەفەری ژیان، مێو ڕشایەوە و بوو بە پەرسیلە و بەڵەکە تا پێ گەیشت. دەستاودەستی کرد لە باغەوانەوە بۆ بازاڕ. لە فرۆشیارەوە بۆ کڕیار و بۆ ناو دەست و دەم.

سێ چوار بۆڵووی لێ خوارد: «بە لەزەتە بۆ ئەم کژە دەرەنگەی ساڵ. ترێخۆریش هەر لەم سووڕەوە پێچ دەکاتەوە بۆ ناو خاك. دەبێتەوە بە خۆراکی گیا. ئاژەڵ گیا دەخوا. بۆ خۆی دەبێتەوە خۆراك. دەچێتەوە ناو خاك...». هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەینی بە خەیاڵەوە ناوە. «بازاڕی شینایی دنیایەکی بچووکی قەوغای سەیرە. ئێمڕۆکە بە چاوی ماملەت سەیری ئەم خەڵقەم کرد دەتگوت لەمەوبەر نەمدیتوون. سەد چیرۆك لەبەر ئەو دوکانانەدا پێکەوە تێ دەپەڕین. لە یەکدی دەخشان و تێك ئەدەنااڵقان. کێ دەڵێ من سەرنجی باشم لێ گرتوون. وردترم سەیر کردبانایە لێیان حاڵیتر دەبووم.

تۆ بڵێی بە ڕێکەوت باینجانەکانی کابرای پەستەك لەبەر و پیازەکانی ئافرەتی عەبا بەسەر پێکەوە ڕژاتە سەر زەوی؟ بۆچی وەها لە یەکدی نزیك بوون؟ گۆیا ئەمەشیان ڕێکەوت بوو؟ پێکەوە داهاتنەوەیان بۆ کۆکردنەوەی پیاز و باینجان دەبێتە سێ

ڕێکەوت. کابرا ناچار بوو یان دەیگوت ناچارە بۆ خۆی و بۆ ئافرەتەکەشیان کۆ بکاتەوە. هیچی بە گوێدا چرپاند؟ کاغەزێک، ڕاسپاردەیەکی ئەخستە زەنبیلەکەیەوە؟ دەبوو ئەوسا چاویان تێ بڕم ئەک ئێستا بەدوا خەیاڵی یابردوو بکەوم. دەڵێن وێنەی شتان لە دەروونا نەقشبەستوو دەبێ، لەوانەن دواتر بێنەوە بەرچاو.

بڵێی بە قووڵبوونەوە هیچم لێ بەبیر بێتەوە! کە زیرەیێ تایەی ئۆتۆمۆبیلەکە لە جادەوە خەڵقی وشت کرد و کابرایەکی گۆیاڵ بەدەست ڕای کرد. بەڕاست ئەم گۆیاڵ بەدەستە بەناو خەڵقەکەدا دەگەڕا و هیچی نەدەکڕی. زەنبیلەشی پێ نەبوو. چاکەت و پانتۆڵ و پۆشاکی عادەتیی مەیلە و کۆن بوون.. تێی چەی دیکە. دەبوو سەرنجی لێ بگرم لای خۆی بەچاوی مامڵەت سەیری دنیام دەکرد. سەرنجم ورد نەبوو. دەتگوت بە پەلە چیرۆک دەخوێنمەوە. قارەمانێکم دەستنیشان نەکردبوو، تومەز هەموو بازاڕەکە بەگردی قارەمان بوو. جاران بازاڕەکەش لە مێشکمدا چەسپ نەدەبوو. پێیەدا تێ دەپەڕیم و تەدەدەیت. لێرە بەدواوە وەها ناکەم. کەروێشکانی چاو زەق ناکەمەوە و هیچیش نەبینم. خەیاڵ دەڕوات و قاچ لە خۆوە ڕێگا دەبڕێت و چاو ج نابینێ. عادەت پێومگرتنە دەمانبات و دەمانهێنێت. ئەو ئۆتۆمۆبیلە بڕێکی توندی نەگرتبایە کابرای خاوەن گۆیاڵم نەدەکەوتە بەرهەست. یوەستە یوەستە وا دێتەوە بیرم، لەگەڵ دەربەڕینی گۆیاڵ بەدەستەکە بایەنجان و پیاز ڕژانە سەر زەوی و کۆکرانەوە. ئەمەشیان ڕێکەوتی چوارەم بێ؟ دواتر چی بوو؟

نا.. نا.. ئەخێر ئاتای ئاوێ هیچ نەبوو، گۆیاڵ بەدەست گەڕایەوە سەیرێکی بازاڕی کرد و گورج تێی قووچاند. دەتگوت ئەوەی دەیویست بیبینێ نەیدیت. منیش خۆ عەبابەسەر و پەستەک لەبەرم نەدەیتەوە. دیارە لەو دەمەی چاوم بڕیبوە گۆیاڵ بەدەست ئەوان بزر بوون. لاشانێکی بە پەستەک لە زارکی بازاڕی لای شەقامەوە پێچی کردەوە و لە قەڵەباڵغیدا تێ چوو. پۆزێکی شان و پەستەک دیترا و نەدیترا ئنجا چی؟ عەبا بەسەری لەگەڵدا بوو؟ من هەستم پێ نەکرد. دەبێ لە زارکی دیکەی بازاڕەوە بۆی دەرچووبێ.. ئایا شوێنبزرییان لە گۆیاڵدار کرد؟

لەوانەیە پەستەک لەبەر بە ئانقەست ڕووە و لای جادە چووبێ هەتا گۆیاڵدار بە لای خۆیدا بکێشێ. دیارە کاغەز و ڕاسپاردە خراوەتە زەنبیلی عەبابەسەرەوە. گۆیاڵ بە دەستم نەدیتەوە. ئایا بەدوا کابرا کەوت یان ئافرەتەکە؟ تێرە شێرلۆک هۆڵمزی دەوێ. بەڕاست تەمەنیان چۆن بوو؟ وەک بۆی دەچم گۆیاڵ بەدەست ٣٥ ساڵی. کەمتر زیاتر،

بوو، ئەو بە عومرتر بوو لە پەستەکدار.

دەساڵێکیان بەین بوو. عەبا بەسەر سەرەژن بوو. بە عومر بێ ٣٥ ساڵی بۆ هەموو کارێك دەست دەدا هەر لە سیخوڕی هەتا دڵداری هەتا هەرچی بێ، ٢٥ ساڵی بۆ دڵداری و بۆ خۆخستنە مەترسییەوە لە بارترە. ئافرەتی پەنجا ساڵی زرە بۆ دڵداری، هەر دەتوانێ قاسیدی دڵداران بێ.. ڕاسپاردەش ڕادەگەیەنێ. ئەگەر مەسەلە دڵداری بێ ناشێ عەبابەسەر و پەستەك لەبەر لە گۆڕباڵدار بێ ئاگا بن چونکە دڵدار غەریمی خۆی دەناسێ.

ئەگەر مەسەلە سەر بە سیاسەتەوە بێ بڕیاری لێوە نادرێ، لەوانەیە هەردووکیان مەستیان بە گۆڕباڵدار کردبێ، لەوانەیشە خۆپارێزییان تەقیەی عادەتی بێ.. چوونی پەستەك لەبەریش بۆ لای جادە بێ مەبەست بێ. خۆ دەبێ ڕوو لەلایەك بکا. باشە ئەم پەستەکە زەق و زۆپە لە شاری وەها پەسرکە و کورکەدا وەك مادەی (عەسەمەی مارا بگیر)ی لێ دێ. چاکەت و پانتۆڵ قات بوو بۆ شوێنبزری؟ یان کابرا لە دەشتەوە هاتووە بۆی نەکراوە جلك بگۆڕێ؟ بەڵکو دەرفەتی نەبووە یان جلکی چنگ نەکەوتووە. شکڵی شارستانی بوو. دەشتەکیش بووبێ خوێندنی تەواو کردووە تنجا چۆن ئەو بڕیارە بدەم بەدیتنێکی سەرپێیی بەپەلە. ئەمکرد لە خۆی بپرسم! خەیاڵی پێچەڵپێچ سەریش گێژ دەکا.. گلاسێکی ئاو خواردەوە و جگەرەیەکیشی داگیرساند. دەستی برد میلی ڕادیۆکەی گێڕا. چندووکەکان قسەی پچڕپچڕیان کرد بە سەر زمان، یەك ئیستگەی بەدڵ بوو گزمکزی تەشویش تامی بڕیبوو..

گێڕای. گێڕای و پێداهاتەوە في الاقتصاد الـ قرت قرت بإذن الباري عز و قرت قرت ساعة لكل ذوق «ئەمەیان مۆنت کارلۆیە.. گوێم لە کوردی نابێ، دەستم ڕۆیشتبایە گوێی سەرۆك دەولەتە زلەکانم دەکێشا مەترێکم درێژ دەکردنەوە و لێم دەچرپکاندن: هەی درۆزنە زلەکان بۆچی فیشاڵە چەور و لووسەکەتان بە کوردیش بڵاو ناکەنەوە، شەرتی پیاوان بێ هەر ئیستگەیەکی کوردی بکرێتەوە قوربانییەکی لە قەمەر حاڵی بۆ سەربڕم. پازدە بیست ملیۆن کورد لێی هەسار بێ باپیی شەترنجی بۆ خەرج بکرێ. دەك بەزیادم نەکردی دیموکراسی و دیکتاتۆریەتی درۆزنن.. چەند سەیرە ئەو درۆزنانە لە ئاست کورد ڕاستگۆن کە تێی ناخوێننەوە، بە درۆش بۆی ناپزرکێنن...»

میلی گێڕا: "ومن هنا یستمد قرت قرت. صدق الله الـ. قرت قرت چەگونە

مستضعفین..˝ میلەکەی ڕاگرت: «بەڵێ کوردەکە بۆ کوشتن و برین لە گۆشەی مەهاباد و سنە مستضعفین نین، چەنگیز و هیتلەرن.. بەنەیووبیت».

میلی بە توندی بادا.. ˝قرت قرت قرت في فلسطين المغتصب. قرت قرت گژقژ. تق˝ ڕادیۆکەی وەها بە توندی کوژاندەوە چی دیکەی نین دابابێ جارێکی دیکە هەڵنەدەبووەوە.

تەقەزی سنگی پڕبوو لە حەفەت.. کونەلووتی لێ فش بوون. بەقوونکی جگەرەکە دانووسا تەفەسێکی قووڵ قووڵی لێ داگرت دووکەڵ خەریک بوو لە کونەگوێیانی دەرچێ.. ڕێی نەبوو دەرچێ. لە لووت و زارییەوە بە لوولە و بەبڵاوی تێکیان کردەوە هەردوو لوولە سەرەژێر هەوروکەی زاریان سمی.. تەوژمیان ڕەوییەوە و تۆژاڵ تۆژاڵ بە هەموو لایەکدا بڵاوبوونەوە.

«ڕادیۆی هەموو دنیا بابی دووکەڵی جگەرەیەک شەوڵی کوردی نادەنەوە دەشڵێن (أمم متحدة) درۆیەکی زل و زەبەندە، نە ئومەمە و نە موتتەحیدە دەبوو بڵێن کۆمەڵەی دەوڵەتە نارێکەکان، هێی مامە ڕادیۆ بەڕاستی لەزەتم لێ کردی، چەندی دەکەم لەو پشتگوێ خستنەی زمانی کوردی ڕانایەم، چشم پێ ناکرێ. کەس چیی پێ ناکرێ. دەبێ بە تەمات بن ئنجا بە زمانت دەدوێن. تا دنیا وەهابێ مەسەلەی ئێمە وەکو قاوێت و ڕەشەباکەیە».

ڕاست بۆوە بەرەو هۆڵ ڕۆیی، خێزان بەرانبەر تەلەفزیۆن کەوانەیان بەستبوو، سەرنجیان بۆی نەکێشا. بە ئەسپایی کشایەوە لە مەتبەخ ساندویچێکی بەسەرپێیانەوە خوارد. چایە هەڵمی لێ هەڵدەستا، کووپێکی لێ تێ کرد و گەڕایەوە ژوورەکەی. ڕقی ناو دڵی لە ڕادیۆ نیشتبۆوە گوێی لە ترپەی دڵۆپە باران بوو.

هەرمتی پەڵەیە. خوایە ئەمیشمان لێ نەکەیتە زمانی کوردی. ئەوەی دەغڵی چاندووە و ئەوەی بەتەمایە بچێنێ چاوی بڕیوەتە ئاسمان. هەوای لە ڕۆژان ساردترە، لە پاش نوێژی عەسرێشەوە هەوری مەیلەو تەر کردووە هەستی ڕاگرت، دەتگوت بوونەوەر جێی بۆ دڵۆپە باران چۆڵ کردووە تا بەدڵی خۆی دابەزێ. چرتەچرتی سەرەتای پلووسکی سەربانی کەوتە بەرگوێیان. دانیشت و گوێی ڕاگرت، کووپە چایەی دەستی ڕاستی و جگەرەی دەستی چەپی و بارانی بەپلووسک لەو دەمەدا دەوریان لە هەست و هۆشی دابوو، لە ناویان دەخولایەوە بۆ چەند دەقیقەیەک لە سێ سووچی ستێبەی پلووسک و

هەڵمی چایە و دووکەڵی جگەرەدا پێچەپێچەدەوورەی دەکرد. پێیانەوە نارام بوو هەڵم و دووکەڵی دەدیت. پلووسکی دەبیست. بە جۆرێك کە نەیدەزانی چۆنی وەسف بکا، هەستی تێکەڵ بەتام و شامی ئەو هەڵم و دووکەڵە دەبوو، وێکڕا لەگەڵ ناوی باران بەپلووسکدا نەرم نەرم پارچە مۆسیقای سێ ئالەتییان دەڕشتەوە ناو دڵی. لە خۆی ڕازی بوو. گەمیی سوابۆوە لە پڕ بڵاچەی برووسکە پەردەی پەنجەرەکەی گەشاندەوە و بۆ یەك تروکەی چاو رایەڵەکانی ئاشکراکردن. گرمە گەیشتە بەرگوێی، میناکانی لەرلندنەوە، سێ سووچەکەی لێ بۆوە بە هەشت سووچی ژوورەکەی، خۆی و قەڵەم و کاغەزیش ناکتەری چیرۆکی نەنووسراو. «گرمەت خۆش بێ.. دەڵێن بۆ دونبەلان باشە. نە کاکە گرمەی بەهارانە وەهای پێوە دەڵێن. کوڕە هەر کامێکیان بێ کیلۆی لە دە دینار نایەتە خوار. بۆ ئێمەمانان مەلاخۆرە نابێ». باران تێنی دابێ. پلووسك بینی پێوەنا. «قدومت بەخێربێ. یاخوا پەڵەی تەواوت پێوە بێ. با بهارێ سەیەێنێ پاڵی لێ دەدەمەوە هاتوچۆی ناوجادەی قوراوی بایبی فلسێکە. پێش نیوەڕۆی ئیمڕۆ بارێیاپە نەدەچوومە بازاڕی مەیوە». گورج شێوەی عەبابەسەر و پەستەك لەبەر و گۆپاڵ بەدەستی هاتەوە بەرچاوان. پێیاندا هاتەوە هەر لەو کاتەوە کە سەرنجیان ڕاکێشا تا ئەو دەمەی لێی ون بوون. شتێکی تازەی بەبیردا نەهات. چەندە هەر هەندە دەبوو هەر هەڵبێکی لێیان بکەم یەك یەك بە لیستە ڕیزکی بهەخم. چیرۆك وردە وردە کەرستەی تەواو دەبێ خۆ نەقشی بەرد نییە نەچێتەوە. زەرەی بریکی ئۆتۆمۆبیل. ڕاکردنی گۆپاڵ بەدەست. تێکەڵبوونی باینجان و پیاز. پێچکردنەوەی شان و پەستەك. چیی دیکە؟

ئەرێ چیی دیکەی بۆچییە؟ جارێ با لەوە بگەین پەستەك شتێك نییە بۆ شوێن بزری لەبەربکرێ. پەستەك بۆ ئەوەی لێی ڕابێی وەك پێستی لەشی لێ دێ. کوڕی چاك! پەستەك لەبەر خەڵقی شوێنێکە پەستەکی تێدا باو بێ. گەنجی ئەم کەرکووکە حەیاڵ لە پەستەك ناکاتەوە. کابرا لە دوورەوە هاتووە. بەڵام کێ دەڵێ ئەویش وەك من نەهاتووە بۆ کەرکووك بەخۆی و پەستەکەوە نیشتەجێ بێ! ئەگەر تا کەراج شوێنی کەوتبامایە و بمدیتبایە بەرەو سلێمانی و کۆیی سەفەر دەکا دەمگوت مەکەمەکەی تێدا نییە ڕاسپاردەی پێ بووە ئەدی عەبابەسەر چووزانێ پەستەك لەبەر لە بازاڕی مێوە بۆی ڕاوەستاوە؟ گۆپاڵدار چۆن سۆسەی کرد؟ دەشێ گۆپاڵدار بەدوا عەبابەسەردا هاتبێتە بازاڕ، ئەمما بەبێ خەبەر نە عەبابەسەر دەزانێ پەستەك لەبەر لە کوێیە نە ئەمیشیان ئاگای لە عەبابەسەرە. لەو پەینە دەبێ ژوانێك بەسترابێ. لێرەدا ئاڵقەیەکی زنجیرە

دیار نییه. چۆنی چاره بکەم؟ خەیاڵ بۆ کوێ بەرم کەڵێنم بۆ بگرێ».

دەستێکی برد پاشەسەری بێ ماڵییەوە و خرووپەکی مەوموومی دامرکاندەوە بەجارێ ڕەبەی باران و شڵەپەی پلووسک هوورۆژومی هێنا و ژوورەکەی پڕ کرد لە دەنگ و ڕەنگ. هەر دەتگوت دنیای نووستووی ناوەنێشکی لە پەنی پەنجە و پاشەسەری بەوتۆزە خوراندنە خەبەری بۆوە. لرەی ڕەپەی ولاغە بەرزەی هاتەوە بیر. کەدوای گەوزین تۆز لە خۆی دەتەکێنێ، هەر دەڵێی پێستی بە گۆشتەوە نەنووساوە وەهای دەمەژێنێ و دەلەرزێنێ. کەر وەهای بۆ ناکرێ. گوێیان دەلەقێنێ و هیچی تر. گوێی بۆ لای هۆڵ شل کرد. هیچی نەبیست. زانیی خێزان نووستووە. سەیری سەعاتی کرد بۆ یەك دەچوو: «عەجایب شەو وەها بە تیژی تێ دەپەڕێ و هەستی پێ ناکەم. سەیرە خەویشم نایەت. مەراقی عەبا و پەستەك و گۆپاڵ بۆتە گرێکوێرە. هەردەبێ بتکەمەوە حیکایەتێکت بۆ هەڵبەبەستم ڕاست و درۆ تێك بەستێ. درۆی ناچاری حاڵەبەخش کراوە. کەسیش ئاگادار نییە چیم دیتووە لە بازاڕی شەنایی. هەرچی چیرۆکم بخوێنێتەوە وا دەزانێ هەمووی خەیاڵکردە. دام تا منیش دکتۆرم درۆی خۆشکەڵە دەکەمە پاڵپشتی دەرمان. دەمانەوێ نەخۆش ڕاهی بێ. چیرۆك بگونجێ».

دەستی برد تیلماسکێکی لە ترێیەکە قرتاند. یەك یەك و دوو دوو بۆڵووی دەخستنە زاریەوە. جگەرمیەکیشی بۆ داگیرساند. تامی ترێ و قەفی دووکەڵ دنیایەکی بچووکی ئارامی بۆ هەڵچنا. بیری بەسەر نەرمان و مەزرادا دەکشی: «کاشکێ کێشەی ژیانیش وەك ئەم تامە خۆشە لە دەمارانا دەگەڕا. گرێ و گاڵیش هەر هێندەی دووکەڵی قشەڵۆك خۆی دەگرت. لە هیچە موشکیلە بۆ یەکدی دەنێینەوە. قۆنتەراتی موشکیلەمان بەملەوەیە. گۆپاڵ و عەبا و پەستەك بۆچی تێك بهاوێن! چاوشێرکێ لە یەکدی بکەن. هێمنی چەند بێ ئەرکە کەچی ناژاوە ئاسانترە. شاهی نەقشبەند و گەیلانی بێنە کاکەحەمەدیشیان لەگەڵدا بێ بە ڕێچاکار ناتوانن ئەم گۆپاڵە لە هەڕەشە بپەخن. یەك قەڵەم بە گۆپاڵی لێ ڕاست دەبێتەوە. قەڵەم هەیە خۆی دەکاتە گۆپاڵی تۆقاندن. دەبوو گۆپاڵ بە خۆیدا بشکێتەوە کەچی وەك عەلیشیش چتر لێ دەدا. کەڵەشێرە و خۆی فش هەڵدێنێ». گورج بیری بۆ کەڵەشێرەکانی شەوی ڕابووردەوو ڕۆیی چۆن دوو جاران بانگیان دا بەر لەوەی خەو بەلایدا بیاتەوە. بیری کردەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی: «دوو جار بوو یان سێ جار؟ چەندێکی نیمشەو گوێم لە جارێکیشی نەبووە».

یەکسەر دوای ئەم خەیاڵە گوێی لە شڵەپەی پلووسك و ڕەبەی باران بوو:

«کەی دەنگی کەڵەشێری ناو کۆڵیت لەم هەرایە بڕ دەکا. ماڵەکەشمان کەڵەشێری نییە لەبەر نێرێکی بیبیسین. هەر کۆترمان هەیە».

سەیرێکی سەعاتی کرد. درەنگ بووبوو. دەتگوت هەستکردن بە درەنگیی شەو دەمارەکانی خاوکردنەوە. باوەشکێکی بەش هەردوو شەویلەی وەک دەرابەی دوکان داپچڕی. ڕاست بۆوە بۆ لای دەستشۆر ڕۆیی. بە دەموچاوی تەڕەوە گەڕایەوە. ڕادیۆی دەگەڕ هێنا، قاهیرە و بەغدا بەدەنگ بوون. یەکیان لە باسی قادسییەدا بوو ئەوی دیکەش گەشتێکی بەرەو ژاپۆنی دەگێڕایەوە «ماڵیان ئاوا بێ شەونخوونی دەکەن بۆ ئەوانەی کەم خەون، نەخۆش یان لە مەراقدان». مەلی گێڕا. شەپۆلگۆڕیی کرد بەسەر هیچ ئیستگەیەکەوە نەوەستا و ڕادیۆی کوژاندەوە. باران لەبەر گوێی بەدەنگ هاتەوە.

هەقە بەڵێیە. قەندیل سێ کراسەی بەفری لەبەر کردووە. چەند دەگەشایەوە کە هەوەڵ جار ترۆپکی سەرەکانی بۆز دەبوون. لێرەوە دیارە بەڵام هەتا بە تەواوی سپی نەبێ دەرناکەوێ. لەبەر دووری چاو تێی بڕناکا. خۆ تۆزیش نارەوێتەوە مەگەر باران بیمرێنێ. هێی هێی چەرخی زەمانە چ سەروبەنێک بەو خەڵقە دەکەی. خۆڕایی نەبوو پێشینان پێیان دەگوتی چەرخی چەپگەرد. تۆباڵی خۆیانیان لە ئەستۆی تۆ دەبەست. کورە بێ دەسەلاتیی خۆمانە دەیکەینەوە بە دەسەلاتی فەلەک. دەنا فەلەک چیی بەسەر چییەوە. خۆی هەیە هەتا دەسەلاتی هەبێ؟ گزیاڵ بەدەست فەلەک ناردوویەتی؟ فەلەک عەبا و پەستەک و گزیاڵی کۆکردووەتەوە؟ تێکی پەستوون؟ بڕیکی بە نۆتۆمۆبیل گرت؟ ئێستا دەڵێین هۆی مادی دەمانبزێوێ. فەلەک بێ و مادە بێ ئێمە جارێ هەر بێ دەسەلاتین. خۆزی دەمزانی هێزی چەرخ و فەلەک بوو یان بڕیاری مادە بوو لەو بازاڕەدا سێ ڕسکانەی نابۆوە ئەدی چی بوو منی کرد بە شایەدی چاوبەستراو؟ من بە ڕێکەوت گەیشتمە دیار تەختەی سێ ڕسکانە، ترێ و شینایی دەغڵێکیان نەبوو. لەوانە بوو زووتر یا درەنگتر بۆ ترێ و شینایی چووبامایە و هیچی بە عەبا و گزیاڵم نەدیتانە. ڕێکەوت لە دەسەلاتی فەلەک و بڕیاری مادە بەدەرە مەگەر هەر خۆمان هەڵسووڕ و داسووڕێکی تێدا بکەین. تۆ بڵێی وەهابێ؟ هێزێکی دیکەی نهێنی نەبێ بەولای چەرخ و مادەوە دەست لەم جیهانە بوەشێنێ؟

منیش بەو حیسابە دەچمەوە ڕیزی عەبا و پەستەک و گزیاڵ. هێزی نهێنی دەبێ لەو دەمەدا منی گەیاندبێتە بازاڕ. هەرماوە چیرۆکیشم بۆ بنووسێ. هێزی نهێنی بمباتە بازاڕ و بمکاتە شایەدی سێ ڕسکانە و چاویشم ببەستێتەوە؟ دواتر بە نووکە سووژن

ئاگادارم بکاتەوە؟ ئەمەیە دەتبەمە سەر ئاو و ئاوپشت نادەم. بەخوا بەم حیسابە رازی نیم. بەم دوعایە نالّێم ئامین. فەرموو هێزی تەهێنی جەرۆکم بۆ تەواو بکە یان چاوم تیژتر بکە تا بتوانم سێ ڕسکانەی ژێر پەردە بخوێنمەوە. پەردەی چی و چاوی تیژی چی، بەو عەزیمە چریسکەی سەعات و زنجیری مەچەکی پەستەکدار نەبوایە هەر نەشمەماتە بەرچاوم. کە دەستی درێژ کرد بۆ باهنجانەکان قۆڵی سەعاتەکەی کەوتە بەر ڕوناکایی. زنجیرەکەشی گەشایەوە. سەعاتی وەها چریسکەدارم نەدیتبوو بۆیە زەینی ڕاکێشام. دەتگوت پشکۆی ئاگرە.

ئێستا بە چاکی دێتەوە یادم، سەعاتەکەی لە دەستی ڕاستی کردبوو. وەها ئەبایە ڕەنگ بوو نەیبینم چونکە لای ڕاستەی لە من بوو. کێ سەعات لە دەستی ڕاستی دەبەستێ؟ ئەم عادەتگۆڕییە بۆچی؟ بەڵکو کابرا چەپەوانە بێ؟ خەلق سەعات لە دەستی چەپە دەکەن چونکە ئەرکی لەسەر نییە. دەستی ڕاستە هەی ئیشە سەعاتی پێوە خۆش نییە سەعاتەکەشی لە شکان نزیک دەبێ. ئەم کابرایە چەپەوانە ئەبێ بێ زەوقە. بەڵام چ دادی من دەدا پەستەک لەبەرێک چەپەوانە بێ! دنیا پڕە لە هەموو شت ئنجا چ فایدە؟ تەمووز شەل بوو، رەزاشا کەچەڵ بوو. خەلیفەیەکی کۆن زاڕیگەتی بوو. پەستەک لەبەر چەپەوانە بوو. چش تەنکە ردێنێکی ڕەشیشی بە لاشەویلانەوە بوو. شاڵڵا نەمیشیان بۆ سمێڵ و برۆیەکانی بڵێین چی؟ سمێڵ ڕەنگە ساختەبێ ئەمما برۆ هەر بۆیاغ هەڵیەگرێ. بەزۆری برۆ ڕەشن مەگەر سوورکاڵێک برۆی زەرد بێ. ئەمیان گەنم ڕەنگ بوو. ئەگەر پێستی ڕووی ڕەنگ کردبێ دەبێ دەست و ملیشی هەروەها. برژانگەکانی، مووی سەری ئەخێر ئەم هەموو ماکیاجە کاری کردن نییە. کابرا چەپەوانەی گەنم ڕەنگ بوو.

دەستی بۆ قەڵەمەکەی برد و بیسمیللای لێ کرد و وەک سفتاحی خاوەن دووکان لە شێوەی تێبینی ئەمەی نووسی: کابرایەکی ۳۵ ساڵەی پەستەک لەبەر، چەپەوانەی گەنم ڕەنگە سمێڵ ڕەشی بە تەنکە ڕدینەوە. سەعاتی مەچەکی ڕاستەی وەکوو پشکۆی ئاگر چریسکایەوە بەسەعاتەکەیدا دیار بوو چەپەوانەیە لە داهاتنەوە.

لە پڕ قەڵەمەکەی وەها هەڵبەزییەوە دەتگوت لە ترسان سڵەمییەوە. بە بزرکانی ڕوویدا دیاربوو فکرێکی تازە هەستی گەست. چاوی لە چووق نا و دەستی چەپەی بۆ نێو چەوانی برد. پشتی گەیاندە پاڵپشتی کورسییەکە. قەڵەم لەناو پەنجەکانی بە هەواوە حەپەسا:

خوێتی سوێندی لەسەر دەخۆم خوێتی. هەش بە سەرت حەمەی حاجی مراد ئەگەر ئەوەی بۆی دەچم ڕاست بێ. چۆن ڕاست نییە. لە بن چەرخی فەلەک یەک چەپەوانە هەیە لەو عومرە و لەو شێوەیە. گۆپاڵدار پاسەوانی بوو. بەنایەت سەر و دەمانچەیان لەبن چلکان شاردبۆوە ئەمە زۆراب و ڕاستان، چەپەوانە چەپەوانەی ڕاستان، کوڕە مەرگەمووش . بۆ حەمەی فەقیر ڕاستە و چەپە فەرقی چییە. ئێستە چی بکەم چاکە. حەمە تەلەفۆنی نییە. بەم دەرەنگە و لێزمەیە سەیارە چەنگ ناکەوێ. بەپێیان بچم؟ لە خۆم ئەمین نیم. پۆلیس؟ چیی پێ بڵێم. نەخێر پۆلیس یەکجاری دەست نادا حەپای ئەو ماڵە دەچێ. ئەمەیە کونەمشک دەبێتە قەیسەری کەرکووکیش دەبێتە کونی دەرزی. باوکم هەڵستێنم پرسی پێ بکەم؟ بێ فایدەیە ئەو بێ چارەیە چیی پێ دەکرێ. هەر هێندەی منی لێ دەزانێ وەک منیشی پێ ناکرێ. بەو شەوەی تۆف و بەرەبەیان، تەنها چارە ئەوەیە حەمە ئاگادار بکەمەوە. ئەگەر کار لە کار نەترازابێ. حەمەی بەدبەخت ژن لە دنیا قات بوو؟ کەس ئەما چاوی تێ بڕیت گێلاس ئەبێ؟ پارەی باوکت هەر بۆ ئەوە بوو دەردی سەری بێ بکڕیت؟ تف لە هەرچی پارەی دنیا هەیە ئێستە لەگەڵ ئەژدەهای چەپەوانە چۆناوچۆنی دەردەبەیت؟

بنگەوە هەبێ ئەم زۆرابەیە. خۆ من قەتم نەدیتبوو هەر بە بیستن ناسیبومتم بەڵام دیتنی بۆچی بوو، دنیا دەزانێ چۆن نفووراتیکە. کەس نییە نەیناسێ. منداڵی بێ ژێر دەکەنەوە. دەبوو لە دوازدە سوارەی مەریوان بێ. ئەو بەینە لە نزیک ئومەرمەندان دەورەی لێ درا. کەسی لەگەڵدا نەبوو خۆیشی دەرباز کرد و دووردەمانچەشی بەتاڵان برد، دوو کەسیشی لە ناحەزانی بەردانەوە لێی فروسماوە ئانەنگۆری کەللەی بەتاڵی خۆم! چۆن لەو دەمەی ناو بازاڕ کوێراییم دامات تازە سەد جاران دەست شکاندنەوە سووتووە جگەرییەک نامێنێ. حەمەی بەدبەخت، هەر دەڵێی بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا حەمە بەریەلابێ ئەژدەهای چەپەوانە حەزی لە گێلاس کرد. دەڵێن گێلاسیش دڵی بۆی دەچوو. کوێخا تۆفیقی باوکی بە مەسەلەکە ڕازی نەبوو. گۆیا گێژاوی زۆرابی لە کچەکەی دوور دەکردەوە. پەلێ دەوڵەتیارێزیی کرد هات بۆ کەرکووک. دەک هاتنت بەخێر نەبێ. هێزی چی و ترخێنەی چی. زۆراب تاعوون و سیلە لێ دەرباز بوونی نییە.

کوێخای نگبەتی! زۆراب کفری نەکرد کچەکەتی خۆش ویست. ئەدی خزمی خۆت نییە؟ دام نا تۆی بە خزمایەتی بەخشی، خاتری گێلاسیشی بۆ خستبە پاڵ خزمایەتی، حەمە بۆ کوێ دەبەیت؟ گێلاست بەشوودا یان مەرگ؟ حەزت لێ بوو بێوەژن بێ؟ یان

عشقی یارەی مام مراد بووی؟ پیرەپۆزەکان واز لە قۆرە خەیاڵی خۆیان ناهێنن، دەیکەنە تۆق و دەیخەنە ئەستۆی ئەولادیانەوە هەتا کەلەشیان نەبێتی پاشگەز نابنەوە.

لە کورسییەکەی ڕاست بۆوە ڕێی بۆ لای هۆڵ. دڵی مێروولەی دەکرد بۆ حەمە. برادەری بوو، لەوەتەی هاتووەتە شار یەکدییان ناسیوە. حەمە کوڕێکی مەردە و لەسەرەخۆیە، تاڵانەی باوکیەتی. لە منداڵییەوە نۆکری فەرمانی بووە و قسەی نەشکاندووە. هەر باوکیشی گێلاسی بۆ دۆزییەوە کە خوازبێنی کرا جاری کەس نەیدەزانی زۆرابی بەدواوە بووە. گێلاسی وەها گەش و ژیر و بەرچاو، حەمەش هەرێتی ژن هێنانیەتی، مەکتەبی تەواو کردووە و پارێزەی باوکی دەدا. باوکیشی کیسەی بۆ کردووەتەوە ئیتر چۆنی لێ ڕاوەستێ؟ کێ بووکی وەها نازداری چنگ دەکەوێ؟ دە ڕۆژێک دەبێ لە باوەخوند گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی حەمە. مستەفا ئەمانەی بەخەیاڵدا دەهات و تێیان دەگەیی و پێشیان ڕازی بوو بەڵام دڵی بەشتێک ناوی ئەدەخواردەوە. ئەم گێلاسە زیرە بەوێڵ و تەرتیبە چۆن مەسەلەی زۆرابی لە حەمە نەکەیاند؟ زۆراب لەوانە نییە حیسابی بسڕێتەوە. گێلاسیش ئەمە دەزانێ، ئەگەر نەزانێ گێلاس نییە. لە ڕووم ئەهات بڵێم حەمەکیان ئەمەم بۆ ڕوون بکەوە. خێزانت پێی ئەگوتی پێشتر فلانەکەس بەتەمای بووە؟

مەسەلەکە هی لە ڕوودان نییە. ئەگوتراوە و ناگوترێ. مانەی وەها ئاسک هەتا سەر بە فەلاکەتەوە ئەکەیەنێ قسەی لێوە ناکرێ. شەرم و شکۆ زاڵە بەسەر هۆش و بەرژەوەند. سەد مەسڵەحەتی گەورە لەبەر شەرم باسی ناکرێ و دەمرێ. ئەمەش هەروەها لاحەولەوەلا.

بەملا و بەولادا هاموشۆیەکی بێ ئامانجی کرد و لە پەنجەرەی هۆڵەوە چاوێکی بڕییە تاریکایی دەرەوە. لە ڕەهەیرا دهار بوو باران بە لێزمە دەباری. دانیشت، پەنجەی دەستەکانی تێك ترنجاندن و وەك کڵاو خستینە سەر ئەژنۆی. بێ ئۆقرەیی لێ دەتکایەوە. لە کەمەری بەهەشتەوە دەتگوت کێلەشەبرە قیت وەستابوو.

هەردوو قاچی وەکو دوو لوولەی ستوونی بەسەر زەوییەوە چەقی بوون. دوو قامکی بەدەوری یەکدیدا سووڕیان دەخوارد. چاوەکانیشی پەردەی ناو مێشکیان دەخوێندەوە تارمایی خوێن و دەماتچە. بەخۆی ئەبوو دەستی لەو تارماییە وەشاند و بەلاوەی نا.

سەعاتی مەچەکی ترویسکایەوە. خێرا سەیری کرد: «مەلا بانگی داوە لەبەر هاژەی باران گوێم لێی نەبووە. تۆخەی هەر نەبێ بەهانە، شەو شریت پێچی کردبووم. سەعاتێکی دیکە نابا ڕووناک دادێت. تاکسیش پەیدا دەبن. سەرخەوێکی گورگانەی بۆ دەشکێنم هەرنەبێ نیو سەعاتێک بنووم کفتوکۆی لەشم دادەکەوێ. ناچمە نوێنەوە نەکا خەوم تێربێ، کەسیش نازانێ بە تالووکەم».

پەتوێکی بەخۆی دادا و لەسەر تەختێکی هۆڵ درێژ بوو. هەستی ئەوتۆی بە شەکەتی کرد نەتوانێ چیی دی خەست بیر بکاتەوە لە موشکیلەی حەمە. بێ ئارامی سواندبووی. هەر گەلاڵەیەکی بەرلەدا تێ دەپەڕی لە هۆوە دەرما. دوو باوەشکی لەسەر یەکدی هاتنێ و هەستی تێکەڵ بە لێزمەی باران بوو. پێووشکەکان پنۆک پنۆک بەسەر شەبەنگی سەرمتای خەویدا دەنیشتنەوە تاکو «کاکە! کاکە»ی ئافتاو هێنایەوە دنیای پڕ هەستوخوست. لە پێشەوە زڕە دەنگ و ڕەنگێکی بەدی کرد هیچ مەعنایان نەبوو. پەردەی خەو لەسەر هۆشی نیوەنووستووی هەڵستا ئنجا چوار دیوار بوونەوە بە هۆڵ، پلووسکیش پێوەندیی بە بارانەوە پەیدا کرد. ئافتاو، جارێ، لە چارچێوەی گەورەتر بوو، نەترنجابووە ناو سیناریۆی پاش هەڵدانەوەی پەردەی خەو.

«ها ئافتاو گیان چیتەوە؟».

«کاکە لە هۆڵی وا سارد و سڕ بە پەتوو سەرمات دەبێ. سەرلێفێکت بووبینم یان دەچیتەوە ژووری خۆت؟».

«سەرلێفی بێ ناوی وا تازە هەڵستام.»

سەعات حەفت بوو نەیدەزانی ڕۆژهەڵاتووە یان ماویەتی. هەور و باران تەمی خۆیانیان بەسەر ڕووناکاییدا هێنابوو.

«چایەت حازر کردووە؟».

«چایە حازرە، هێلکەت بۆ نەکوڵێنم؟».

تا هێلکە دەکوڵێ حەمە چیی بەسەردێ.

«هێلکە ناخۆم، خێرا ئیستیکانێکم چایە بکەیەنێ.» دوای سێ دەقیقە چایەی گەیشتێ. بە پەلە خۆی تەیار کرد و مشەممای بەسەر جلکاندا هێنا و ملی نا بۆ دەرەوە بەرێوە ئافتاوی تێ گەیاند ئیشێکی هەیە وەخراندن هەڵناگرێ.

«زووش دێمەوە دڵت هیچ نەکا.»

جادە چۆڵ و هۆڵ بوو. بەرەو ماڵی حەمە ڕۆیی "بەپێیان بیست دەقیقەیەکی دەوێ". ملەچەرخێنی لە جادە دەکرد بۆ تاکسی. زۆری نەبرد تاکسی پەیدا بوو.

«لێ خوڕە بۆ ئەو بەر. کاکە گورج کە.»

هەندێ چەند قومێک لە جگەرە بدەی گەیشتە گەڕەکەی ماڵی حەمە. لە نزیک ماڵیانەوە دڵی پتری لێ دا. لەبەر دەرگایان تاکسیی وەستاند. چەند هەنگاوێک ڕۆیی و گەڕایەوە، پارەی دایە شوفێر و بەڕێی کرد. هەمان دەرگە و دیوار و ڕیزە خانووی بەر لە چەند ڕۆژێک بوون کە لە سەردانی حەمە دیتبوونی. هەر بارانەکە ڕەنگێکی لێڵی لەو دیمەنە هەڵسووبوو. هەموو شتێک وەکو خۆی بوو.

"سا خودایە من بە سەهوو چووبێتم".

چووە ناو دەرگاکە. دوودڵ بوو. ئەو ناوە حەمەڕێکی ڕانەدەگەیاند سەربەبنیادەمەوە بنێ و حەمە و گێلاسی تێدا بەدەنگ بێن. سروشت لە وتوویژدا بوو بەزمانێک کە هەر خۆی تێی دەگا یان تێی ناگا. تەڕە زەماوەندی بۆ خۆی دەگێڕا. گیانلەبەر دەوری لەو زەماوەندەدا نەبوو. گە دەرگە بدەم یان ڕێ و ڕێ بگەڕێمەوە؟ چ بەو خەڵقە بڵێم؟ بۆچی وەها بەو شەستبارانە خۆم خانەبەدەر کردووە؟ جارێ کەس لە نوێژێ دەرنەچووە، جومعەیشە دایەرەی حکومەت و قوتابخانەکان کەسیان بۆ ناڕوا. جادە دەڵێی چۆڵی تلفەیە. بگەڕێمەوە؟ ئۆقرە ناگرم تا تێ دەگەم چ باسە".

ڕیزە خانووی سەر ئەو جادەیە بێ باغچە بوون، ژوورەوەیان وەک سندووقی داخراو بوون چاو نەیدەدیتن. دەبوو دەرگە بکرێتەوە ئنجا پەردەی ئەو دیوی دەرگە وەکوو زمانی نێوان دوو لێوی بەش دەرکەوێ. دەستی بۆ زەنگ برد بە خۆی گوت دەڵێم ئیشم بە حەمە هەیە و لێی بەپەلەم. پەنجەی پێوە نا و گوێی لە زڕەی بوو. تاوێک دوای دووەم جار دەنگێک لە ژوورەوە گوتی کێیە؟ دەنگی حەمە بوو، هەرگیز ئەوەندە خۆش نەهاتبووە بەرگوێی.. خۆی پێ ناساند و چووە ژوورێ.. حەمە هەواڵوو بوو. پێوەی دیاربوو شەوێکی نارامی ڕابواردووە.

«فەرموو دانیشە با بچم سۆبەیەک بهێنم هەوای ساردە».

«سۆبەی بێ ناوێ کاکە حەمە، سەرمام نییە».

دانیشتن. حەمە بەدەنگ هات. بەدەنگ هات.

«بەو سبەینەی وەها تۆف خێرە ئینشاڵڵا، خۆ هیچ نەقەوماوە؟» وەزعی حەمە عادەتی بوو.

«شوکری هیچ نەقەوماوە هەر وێستم بتبینم بۆ قسەیەکی هاکەزایی».

«ڕاوەستە کاکە مستەفا، با بەماڵەوە بڵێم بەرچایی حازرکەن. مەعیەن هێشت نەخواردووە».

«پێی ناوێ کاکە حەمە».

«چۆن پێی ناوێ، سەرت لە قەبرستان نەداوە»

پاکەتە جگەرە و کفریتی بۆ دانا و بەرەو لای ماڵێ ڕۆیی.

مستەفا تەنیا مایەوە بەژوورەکەیدا ئۆبڕی، بزەیەکی هاتێ "ئەگەر چیرۆکنووسێن هێناباما یە ئێرە دەبوو شێوەی ژوورەکە هەڵگرمەوە و ورد ورد وەسفی بکەم. ڕەنگی شیلمانەکان و درزی دیوارەکانیش وێنەکێش بکەم. خانووی شەعبی، دەوڵەمەندێکی کەونە لادێیی وەکو حاجی مرادی تێدا بێ دەبێ هەر ئاوا بێ وەک هەیە. کۆنە تاقمێک و مافووری نیوداشت و تەپڵەکە جگەرەی هەرزان. پەردە پەنجەرەی تەنک و تەسک. دەڵێین دەبێ چیرۆک وەکو فیلمی سینەما و وێنەی سەر کاغەز هەموو وردەکاتی تێدا دیار بێ. گۆیا چیرۆکێش هونەرێکە بە پێوانە و کێشانە. بوعدی دەروون و بوعدی کۆمەلایەتی و نازانم چی و چی هەبێ. چیرۆکیان کردووە بە نوێژ، دەستوور و هەلومەرج و روکن و ناوەڕۆک و سەد مسیبەتی خوای لێ دەوێ. ئەدی ئەو هەموو چیرۆکەی لە خۆوە بێ نووسەر و بێ هەلومەرج وەکو دونبەلان و عارد دەقڵێشێنەوە و پەنجا زۆراب و حەفتا گێلاس و حەمە تێک دەناڵێنن لە جیهان کەمە؟ مانگێک خەریک باماپە گۆپاڵ و عەبا و پەستەکم بۆ خەلق نەدەکرا. کورە گوێ مەدە قسەی هەڵپاچراوی لەمەڤدراو، ئازا بە بۆ خۆت شتێکی بەتام بنووسە و" ڕەپەی پێی حاجی مراد و حەمە شریتەی فکری پچڕی و هاتنە ژوورەوە. حاجی بەخێرهاتنی کرد و کەمێک دانیشت و بە بەمانایەک ژوورەکەی بۆ بەجێ هێشتن. دەیزانی ئیشیان بەیەکدی هەیە. هێشتان سەرپێکی وتووێژیان خۆش نەکردبوو گێلاس بە سینیی بەرچاییەوە هاتەژوورێ. بزەیەکی لەسەر لێوان بوو. لە نێو دەرگاوە «کاکە مستەفا بەخێربێ»ی بەرەو مێوان شلاندەوە و سینییەکەی لەسەر سێپایەک دانا. «بژیت گێلاس خان». دەرفەتی نەدا بگەڕێتەوە، بەقسە ڕای گرت:

«وا بەم سبەینە بێ وەختە خەوم زڕاندی و ماندووشم کردی، شاڵڵا دوێنێ میوانی عەسرانە و شەوانە مەشغوولیان نەکردبێت. تازە بووک سەریەمیوانن».

«ئەوەی ڕاستی بێ، کاک مستەفا، دوێنێ عەسر هەر پوور ئایشێی حاجی برایم سەری لێ دابین. لە بازاڕ دەگەڕایەوە ڕێی کەوتە بەر ماڵی ئێمە سیلەی ڕوحمی بەجێ هێنا». "ها ها (مستەفا لەگەڵ خۆیدا گوتی) یەکسەر لە بازاڕەوە بۆ ئێرە"، ئنجا بەدەنگی بڵند: «دەسا خۆ من ئەم پوورە، پوورە کێ؟ پوورە ئایش ناناسم ئەمما ئەگەر پیازی بەزەنبیلەوە بێ بووبێ ئەوا ناسیم».

گێلاس نەختێك خەنیەی لێ کرد: «ئنجا کەی خەڵق بەپیازی چی و زەنبیلە ناسراوەتەوە؟».

حەمە بەدەنگ هات: «ئێوە چ دەڵێن پیازی چی و زەنبیلەی چی؟ من پوور ئایشم نەدیت کەنگێ هات؟» گێلاس توند خۆی گرتبۆوە بە دەنگێکی ئاسایی گوتی: «دوێنێ ئێوەڕۆ هاتە ماڵمان، تۆ چووبوویتە دەرەوە هەر منیش دیتم مامۆژنم نووستبوو. ڕاستییەکەی ئەمانەتەکی منی لابوو هێنایەوە» تیلاکی چاوی بڕیە مستەفا.

حەمە ویستی زیرەکی بنوێنێ گوتی:

«بازنە مارپێچییەکەی لێ وەرنەگرتبێت نموونەی لەسەردروست بکا بۆ کچەکەی؟»

«شتێکە هەروا. خۆت دەزانی ئێشی ژنان چۆنە ئەوە نییە بۆ پیاوان باس بکرێ».

حەمە ڕووی لە مستەفا کرد: «تۆ ئەم پوور ئایشەت نەدیتووە حاجی برایمیش هەر لەگەڵ ماڵی گێلاسدا هاتن بۆ کەرکووک، جارێ تازەن. پوورە ئایش شەریشی داوەتە گێلاس بە چاوی کچەکەی خۆی سەیری دەکا..».

مستەفا سەرێکی لەقاند و ڕووی لە گێلاس کردەوە و گوتی: «دوێنێ لە بازاڕ دیتم ئافرەتێکی عەبابەسەر زەنبیلەی لێ کەوت پیازەکانی بڵاوبوونەوە کابرایەکی پەستەك لەبەر بۆی کۆکردنەوە خۆیشی زەنبیلەی لێ کەوت و بایەنجانەکانی تێکەڵ بەو پیازانە بوون. ئەمما هەمەگیان کابرا سەعاتێکی لە دەستی ڕاستی بەستبوو ئاورینگی دەدا دەتگوت ئاڵتوونی بیست و چوارە».

گێلاس هەر ئەوەندە بەزێکا کە چاوی سەرنجەدەر ئێی بکات. لێی ڕوون بوو دەمودووی مستەفا دۆستانەیە. دەستی بۆ بەر زاری برد گۆیا باوەشکی پێ دەشارێتەوە ئنجا گوتی: «پوورئایش نەختێکی گێڕایەوە بۆم. باش بوو تەڕوتووشی

نەبوو دەنا قوڕاوی دەبوون خۆی و بپارێزیشی. دەچم چایەتان بۆ دێنم.»

مستەفا دەستی بەخۆراکەوە خەریک بوو، لە دڵیشدا مەسەلەکەی ئەم دیو ئەو دیو دەکرد. پێ دەچوو ئەو ترسەی تێدا نەبوو کە لێی ئۆقرەیبوو. زۆرابی تێدایە بەڵام هەڕەشەکەر نییە. پوور ئایش خەریکی ماڵ کاولیی گێلاس نابێ. گێلاسیش پێوەی دیارە ئاگاداری هەموو شتێکە.

"چی لە گێلاسم بیست هی ناوبژی و چارەسەرکردنە، ڕووە و هێزە. چ بە حەمە بڵێم؟ بۆچی هاتووم؟" لەگەڵ ئەم خەیاڵانەدا وەها رادەسابە خواردن و قسەی تێوەرێنەی بەدوا یەکدیدا ڕێی بە حەمە نەدا بیر لە پرسیار بکاتەوە. جارێ هیچ وەڵامێکی بۆ ساز نەدرابوو.

«دەستت خۆش بێ گێلاس بۆ هێلکەڕۆنی وەها بەتام "ئاشکرات ناکەم". ماستەکەتان هی کوێیە حەمەگیان؟ "دەڵێم بۆ قەرز هاتووم" لە پاروێی بەهەشتەوە ماستی چاکی لێ چنگ دەکەوێ! چۆن چۆن کاکە حەمە؟ گۆیا چیم لە دڵدا بێ؟ نە سەغڵەتم و نە هیچ.»

گێلاس شیر و چایەی هێنا بە شەکری زیادەوە:

«بە ئارەزووی خۆتان شیر لە چایە بکەن.»

مستەفا ڕووی تێ کرد، پاروو لە دەستدا: «بژیت گێلاس خان. بەخوا هێلکەڕۆنەکەت فرتەنەیەکە بۆ خۆی. من خەریکی ئەم تامە خۆشەم حەمە وا دەزانێ بەمەڵهەم.»

حەمە زمانی لە زاری گێڕا، ڕێی قسەی خۆش کرد و گوتی: مستەفاگیان دڵت گرێیەکی تێدایە.

«کاکە حەمە ئەگرێیە و نە موشکیلە "درۆی بۆ ساز درابوو". ئێستا بۆت باس دەکەم چی هێناومی، گێلاسیش هەر خۆتی بۆ متمانە.»

گێلاس خەریک بوو جێیان بهێڵێ بەڵام ئیازەکەی بەتاڵ کردەوە و چەقی. پشتی لە پەنجەرەکرد، ڕووی بەرەو ژوورەوە. مستەفا ئانەکەی بەزیادکرد و فرێکی گەرم و گوڕی لە شیر و چایەی هەڵماوی دا و گوتی: «ڕاستییەکەی هاتبووم بێگارێکت پێ بکەم "لە تیلاکی چاوەوە دەیدیت گێلاس راوەستاوە" بەڵام هەر بەرێوە بووم ژێوان بوومەوە.»

حەمە چاوی تێ بڕی، «بۆ ژنوان دەبێتەوە؟ ئەکەی بێما ڕانەهەڕمووی؟ بڵێ بزانم بێگارەکە چییە.»

«خۆت دەزانی، حەمە گیان پیاو چەندێکی لەگەڵ دۆست یەك ماڵ بێ کە هاتە سەر تەکلیفی پارە ترسی لێ دەنیشێ. بڕوات بێ بە شەرمەوە و لە ناچاری تەکلیف لە باوکم دەکەم بۆ پارە "مەستی دەکرد گێلاس خاو دەبێتەوە". بەمێنێکە ئەم خرتە خرتەم لە دڵدایە، شەرم دای دەگرتم هەتا ئێمشە و هەزار خەیاڵم کردەوە و هەزار جەوابی خۆمم دایەوە ئنجا بەتەواوی ترسم لە تەکلیفەکە شکا و وا.»

«هەی بێ قەزابی مستەفا، بەمێنی ئێمە کەی شەرم و کۆمەکردن هەڵدەگری خۆتی تێدا وەک هەناسەسوار بکەیت. دەسا بەم زووانە پێویستم هەبێ شەرم ناکەم چاکەتەکەت لەبەرداکەنم.»

«حەمەگیان منیش هەروەهام لەگەڵ تۆدا، بەڵام ئێشەکە هی بەینی من و تۆ نییە، هی بەینی باوکم و باوکتە. ئەمما گێلاس خان بڕوات بێ من لەو کێشەیەدا شەو لەگەڵ خۆم فکرم دەکردەوە، هەر ناوناوە یەك بایەنجان و پیازم دەهاتنەوە بەر، تا دوای مەلا بانگدان نەنووستم. سەعات حەوت کە ئافتاو لە هۆڵەکە بەخەبەری هێنام یەکسەر بۆی دەرچووم نەکا دوودڵی دام گرێتەوە.»

حەمە قسەی لێ وەرگرتەوە: «دە بڵێ مەسەلە چییە؟ تۆ هەر کوتەکوت بەدەوری نیازەکەتەوە دەکەی نوختەیەکت نەدرکاند؟»

«کاکە حەمە مەسەلە ئەمەیە: باوکم بەتەمای شەراکەتێکە لەگەڵ حاجی سەلیمی بریندارئاغا، پارەی تەواوی نییە بە ڕیباش قەرز وەرناگرێ. گوتم بەڵکو باوکت حسقەرزێکی بداتێ.»

حەمە قسەی پێ بڕیەوە:

«باوەڕ ناکەم باوکم نکووڵی لەو قەرزە بکات هەر ئەوەندەیە لە پارەکەی ئەمین بێ. تۆت دەزانی دەستەی پێش ئێمە ئەهەتێك وەسواسن.»

مستەفا چاوێکی لە گێلاس کرد و بە ڕاوێژی "بووکی گوێت لێ بێ" گوتی: «قسەم ماوە جارێ بەرێگاوە بووم ساردبوومەوە لەبەر دەرگە دابەزیم خەریك بووم ڕێ و ڕێ گەڕێمەوە. دەزانی کاکە حەمە، پیاو لەگەڵ خۆیدا لێك دەداتەوە و باوەڕێك دەهێنێ، واتر کە ڕووبەڕووی خەلق و خوا بوو شتێکی دیکە دەبینێ و قەناعەتی دەگۆڕێ.»

«مستەفا گیان بۆ قەناعەت دەگۆڕێت خۆ.»

«بووەستە کاکە حەمە جارێ ماوەمە.»

«هەرکە لە ناو دەرگەتان ڕاوەستام و دەستم برد زیل لێ بدەم بەدڵمدا هات هەرچی لەگەڵ خۆمدا گوتبووم ڕەنگە بێ بناوان بێ. کێ دەڵێ شەراکەت سەرموخێرە. گێلاس خان! بنەمایەم زۆر سەیرە بە موویەك دڵی دەگۆڕێ. تەنیا دیتنی ئەو دەرگە و دیوارانەی وەها ئارام بێ دەنگ و بێ نیاز بەندیوای شەراکەت و خوولیاکانی شەوێنی تێك پێچایەوە. دەتگوت کوڕەکەی بەر لە چارەگە سەعاتێك نیم. سەرێشت دێشێنم گێلاس خان.»

«بێ قەزا بی کاکە مستەفا چۆن دڵت دێ، تۆ ئاکە برامی.»

«ئاخر گێلاس دەمەوێ فەلسەفە لێ بدەم. خۆت دەزانی بەدبەختی وەکوو من لە خوێندنەوەوە سەدخەیاڵ ڕووم لێ دەنێ. زۆریشیان سەر بە ئاکامی ناخۆشەوە دەنێن. ئەمما واش دەبێ لاپەڕەی کتێبێك پیاو ئامادە دەکا بۆ ڕووداوی بە سفتۆسۆ کەچی بەر هەڵمداتەوە لەنکاو بەسەر خۆشیدا دەچێ. منیش ئەم سبەینەیە وەها بووم، بە دابەزینم لە بەردەرگەتان چی بە شەو هەڵم نابوو لە خەیاڵات و شەراکەتی نێوان باوکم حاجی سەلیم هەڵومشایەوە چوومە بارێکی دیکە.»

گێلاس ڕووی مەیلە و سوور هەڵگەڕا، پشتەو ڕووناکی، ئنجا گوتی:

«کاکە مستەفا سەدجار بەخێربێیت. مادەم دڵیشت حەسایەوە قبرسیا لەو زەحمەتیەی بەرباران و بێ خەوییە دیمەنی حەمەش بۆ تۆ ئەوەندە دەهێنێ. هی حەمە و تۆ و مامەمراد.»

«ئامۆژنیشت نابینم بەداخەوە بڕوات بێ بە باوکم نەگوتووە هەریکی شتێکی ئەوتۆییم. ئەرێ دەزانن حەزدەکەم ئەم پیرۆزنایشە ببینم؟ من چوزانم خزمی گێلاسە..»

گێلاس بەدەنگ هاتەوە: «هەر خزم! بڵێ دایکمە. ئەوەندەی شیر داوەتمێ ئاوناوە فڵان و فڵانیش دەبنە خوشك و برام چونکە ئەوانیش شیریان خواردووە. هەندێك پێشی باوەڕ ناکەن وا دەزانن دەیەوێ خەڵق لەیەکدی حەرام بکا بەناوەی خوشك و برایەتی.»

ئەرمە پێکەنینێکی هاتێ و دیسان ڕووی سوور هەڵگەڕا. مستەفا گوتی: «لە ئێستاوە بەرلیکی خۆمم قبووڵە. حەمەگیان بە باوکت بڵێ مستەفا سەفەری بەغدای هەبوو، لە ترسی چنگ نەکەوتنی سەیارەش وا بە زوویی لە ماڵەوە دەرچووم. هاتبوو بزانێ

نیشتیکمان له بەغدا هەیە نییە.»

«تۆ یەکجاری وازت له شەراکەتەکە هێنا؟»

«نەکەی کاکه حەمه لای باوکت باسی بکەیت. به تەبووی دانیّ. ئیتر بمبەخشن من دەڕۆم. دواتریش ئەگەر پێویست بوو دەڵێم سپارەم چنگ نەکەوت چونکه فکری سەفەرم نییە.»

مستەفا هەڵستا، حەمه و گێلاس تەکلیفی مانەوەیان کرد بۆ نیوەڕۆ. پێی گوتن ئافتاو دڵی له خرتوپرتدایه نازانیّ بۆچی وەها بیّ وەخت دەرچووم.

«خوا بەزیادی کا نانی وەها بەتام. بەیانیتان باش.»

هەردوویان لەگەڵی چوون بۆ بەردەرگه تا عەرەبانەیەك پەیدا بوو. کاتێك گەیشتەوە ماڵیّ سەعات ۹ بوو. باران له ڕێژنه کەوتبوو بەڵام تاڵگەی پلووسکەکان و شەقە جۆگەی شەقام و کۆڵانەکان هێشتان مۆزیەی پەڵەیەکی تێر و پڕیان دەدا. دینارێکی دایه عەرەبانەچی.

ئافتاو بەدیتنی کاکی گەشایەوە پێی گوت جاریّ کەس هەڵنەستاوە دەسا ئافتاو گیان باسی چوونه دەرەوەم مەکه لزوومی نییه.

«کاکه چایەم لیّ خەلیس بوو، هێلکەی کولاویشم لیّ کۆن بوو تەمما هەمووی.»

«ئافتاوگیان لەو چایه خەلیسه تیستیکانێکم بۆ بێنه.»

دواتر چۆوە ژوورەکەی خۆی، بیّ خەوی و بیّ ئۆقرەیی شەوی ڕابوردوو لەگەڵ گەشانەوەی ئەم بەیانییە وەها تێکەڵ بوون وەکوو ئاوەی شەکرلی پێی جودا نەدەکرانەوە. هەر بەو خەیاڵە دەستەملانی خەوێکی خەست بوو. کاتێك دەمەو عەسر خەبەری بۆوە دوا چۆڕاوکەی پلووسکی پاش باران بۆ چەند پەڵه هەورێکی بەرماوەی ڕەعێڵ کز کز دەگریا.

پاشکۆی عێراق، ژمارە ٥٣، کانوونی دووەم ١٩٨٤